



PDF4Kurd

نیکۆس کازانتزاکیس

# مەسیح لە خاچ دەدەنەوە

وەرگێڕانی
دلاوەر قەرەداغی

چاپی یەکەم
2007

ناوی کتێب: مەسیح لەخاچ دەدەنەوە
بابەت: ڕۆمان
نووسەر: نیکۆس کازانزاکیس
وەرگێڕانی بۆ فارسی: د. محمود سوڵتانیە
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی
چاپی یەکەم: 2007

# 1

ئاغای گوندی لیکوڤریسی له بانیژەی ماڵەکەیدا کە بەسەر گۆڕەپانی ئاواییدا دەنۆڕێ، سەبیل دەکێشێ و مەی دەنۆشێت. نمە نمە باران دەبارێ و چەند تنۆکێ بە سمێڵە فش و بابڕەکەیەوە، کە تازەکیی بۆیاخی کردووە، دەبریقێنەوە. ئاغا زوبانە بە بادە گڕگرتووەکەی بە سمێڵیدا دێنێ تا فێنکی بێتەوە. میراخوڕی مل قەویی بە ڕوخسارێکی چرچولۆچ و چاوانێکی خێلەوە، شەیپوور بە دەست، لە لای ڕاستییەوە ڕاوەستاوە و لای چەپیشیەوە، منداڵە تورکێکی لووسکە و خرپن لەسەر باڵشتێکی مەخمەڵیین کروشکەی کردووە، جار ناجار سەبیلەکەی ئاغا دادەگیرسێنێ و پەیتا پەیتاش پەرداخەکەی بۆ پڕ لە مەی دەکاتەوە. چاوانی ئاغا نیوە کراوە و نیوە قوچاون. وی تەواوێك لەزەت لەم قۆناخەی ژیانی دەبا و بەخۆی دەڵێ کە خودێ هەموو شتێکی

باش خولْقاندووە، دونیا تەواوە و چ خەوشێکی نییە. گەر برسیت بێت ئەوا نان و گۆشت و دۆشاوی تەماتە و پلاوی ئەستەموڵیی بە دارچینەوە هەن و خۆ ئەگەر تینوویشت بێ ئەوا بادەی بەهەشتیی واتە عارەقی ڕازیانە هەس. بۆ ئەوانەی حەزیان لەوەیە بنوون، خودێ خەوی ئافەراندووە و بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەییش قامچی و گورچەوێڵەی ڕەعییەت. بۆ کاتێك دڵت تەنگ دەبێ گۆرانی ئەمان ئەمانی داناوە و بۆ ئەو کەسەیش گەرەکی بێ، قەهر و بێدەرەتانیی خۆی لەیادکا، ژنی جوان.

ئاغا بە دردۆنگیی، لەبەرخۆوە دەڵێ:" خودێ ئوستادێکی دەسڕەنگین و هونەرمەندە و گوڕی ئەندێشەی بێ سنوور و بێ کۆتایە. بنۆڕە چۆناوچۆنیی ئاوی زەمزەم و ژنی جوانی خولْقاندوون!"

دواجار بادەنۆشینی یەك لەسەر یەك، ئاغا بەرەو وەنەوزێکی زاهیدانە ڕۆ دەبات. چاوانی پڕ لە فرمێسك دەبن. لە بانیژەکەوە سەرێك بۆ گۆڕەپانی گوند دەکێشێ و بە خۆشحاڵییەوە لە ڕەعیەتەکەی دەنۆڕێ کە تازەکیی

ڕیش تەراشکراو، بە شاڵی پانی سوور، هێلەکی شین و پانتۆڵی سپیی و پاکوتەمیزەوە دێن و دەچن. تاقمێك تەڕبوش، پیرێك مێزەر و ئەوانی تریش ئەرەقچنی دروستکراو لە پێستەی مەڕیان لەسەر ناوە و بۆنخۆشترینیان چڵێك ڕێحان یاخۆ سیگارێکیان بە لا گوێیاندا کردووە.

سێ شەممەی جێژنی زیندووبوونەوەیە. ڕێوڕەسمی مەزەبی کۆتایی هاتووە. ڕۆژێکی خۆشە. هەوا هەم هەتاوییە و هەم نمەنمەیش باران دەبارێت. هەوا لێوڕێژە لە بۆنی غونچەی لیمۆ. درەختەکان لە چرۆکردنان، دووبارە گژوگیا دەڕوێت و مەسیح لەهەر دەنکە گڵێکی سەر ئەرزەوە دێتە دەرێ. مەسیحییەکان بە گۆڕەپانی گونددا دێن و دەچن. هاوڕێکان چاکوچۆنیی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن و بە یەکدی دەڵێن:" مەسیح هەمدیس زیندووبۆتەوە." پاشان دەچنە قاوەخانەکەی کۆستانتیس یاخۆ لەژێر دارچناری گەورەی ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا دادەنیشن. قاوە و نێرگەلە بانگ دەکەن و

ئیدی وەکی باران لێزمەی قسان دادەکا و وتی وتیی دەستپێدەکا.

چارالامبۆسی زێوانی کڵێسا دەڵێت:( دەبێت هەوای بەهەشت شتێکی وەکی ئەمە بێت، بە هەتاوێکی خۆش و بارانێکی هێور و ئارامەوە، بە درەختانی لیمۆی چرۆکردووەوە، بە نێرگەلە و سەدەگەلێك لە قسەی خۆش گوتن و قسەی خۆش ژنەفتنەوە."

لەوسەری گۆڕەپان و لەودیو دارچنارەکەوە، ئاغا چاوی بەمنارە سەرنجڕاکێشەکەی ناقوسی کڵێسای لەخاچدان، کە تازەکیی سپییکاریی کراوە، دەکەوێت. دەرگای کڵێسا بەبۆنەی ڕێوڕەسمی جێژنی زیندووبوونەوەوە، بەگەڵای دارخورما و داردێمشت ڕازێنراوەتەوە. مەغازە و کارخانە گچکەکانی دەوراندەوری گۆڕەپانەکە شانیان بەیەکەوە داداوە. یەکێك لەو دوکانانە دوکانی کورتاندروونە و خاوەنە کەتە و زلەکەی ناوی پانایۆتیسی ناسراو بە گەچخۆرە. بۆیە پێیدەڵێن گەچخۆر چونکە ئەو ڕۆژەی پەیکەرە گەچییە گچکەکەی ناپلیۆنیان بۆ گوند هێنا، ئەم کەوتە خواردنی.

جارێکیش پەیکەری کەمال پاشای خواردبوو، کەرەتێکی تریش پەیکەری ڤێنیزیلۆسی سەرەك وەزیرانی گرێکلاند. دوکانی پاڵ دوکانی کورتاندرووەکە، دوکانی ئانتۆنیسی سەرتاشە کە بەسەر دەرگاکەیەوە و بە پیتی درشت و سوور، تابلۆیەك بەرچاو دەکەوێت کە لێی نووسراوە: "ددانیش دەکێشین!". کەمێك دوورتر دوکانی قەسابیی دیمیترۆسی شەلە کە تابلۆی ( وەرنەوە بۆ سەروپێی تازە ) هەڵواسراوە. دیمیترۆس هەموو ڕۆژێکی شەمموان گوێرەکەیەك سەردەبڕێت، بەڵام بەر لە سەربڕینی، قۆچی گوێرەکەکە بە ڕەنگێکی زەرد بۆیە دەکا، نێوچەوانی ڕەنگ دەکا، پەتێکی سوور بە ملییەوە گرێ دەدا، ئەوسا شەلە شەل ئاژەڵەکە بە کۆڵانەکانی گونددا دەگەڕێنێ و پێیدا هەڵدەدا. دواجار لە هەمان سووچی گۆڕەپانەکەدا، قاوەخانەکەی کۆستانتیس هەیە. قاوەخانەکە درێژ و باریك و فێنك، بۆنی قاوە و توتن و زستانانیش هەمیشە بۆنی گوڵمەریەم تێیدا پۆنگی خواردۆتەوە. بە دیواری قاوەخانەکەوە سێ نیگاری بەردین کە جێ شانازی گوندن، هەڵواسراون.

لەلایەك نیگاری ( ژینیڤێڤێ )، نیوەڕووت لە دارستانێكی ئیستیواییدا، لەلاكەی ترەوە نیگاری شكۆمەندی شاژنە ڤیكتۆریا بەچاوانی شین و مەمكی خڕ و بەرجەستەیەوە، لەنێوان ئەو دوو نیگارەیشدا، كەمال پاشا تەپلە بەسەر، بە چاوانی خۆڵەمێشیی، قلافەتی مۆن و تووڕەیەوە، هەڵواسراوە.

پیاوانی ئەم گوندە دەوڵەمەندە، هەمووان دلۆڤان و قۆچاخن و بۆ مندالانی خۆیان باوكانێكی میهرەبانن. ئاغای گوندیش هەر پیاوێكی دلۆڤانە و ئارەقی ڕازیانە و بۆنی كەسكونی وەك بۆنی میسك و نەعنای حەز لێیە و هەروەها ئەو منداڵە توركەشی خۆش گەرەكە كە لەلای چەپییەوە لەسەر باڵشتە مەخمەلییەكە دانیشتووە. هەروەك چۆن شوانێك لە مەڕە دابەستەكانی خۆی لەزەت دەبا، دەی ئەمیش هەر ئاوها لە مەسیحییانی گوندەكەی دەنۆڕێ و بەخۆی دەڵێ:" خەڵكانێكی باشن، ئەمساڵیش ئەمبارەكانمیان پڕ لە دیاری جێژنی زیندووبوونەوە كردوون، پەنیریان هێناوە، نانكونجی و كولێرە بەڕۆنیان هێناوە. هێلكەی ڕەنگكردووی سووریان هێناوە ....

یەکێکیشیان خودا بیپارێزێ یەك گۆزە بنێشتی بۆ یوسفۆك هێناوە تا بیجوێ و بۆنی دەمی خۆش بێت ..."

ئاغا نیوە سەرنجێکی دلۆڤانانەی لە یوسفۆکی لووسکەدا کە ئاسوودەخەیاڵ بنێشتی دەجوو. بەڵام هەر لەوکاتەدا کە لە خایلەی ئەمبارە پڕ لە دیارییە دڵگیرەکانیدا و باران هەروا نمەنمە دەباری و بەردەکانی دەدرەوشانەوە و کەڵەشێرەکان دەیانقوقاند و یوسفۆك دانیشتوو لەسەر ئەژنۆ و ملچەملچ بنێشتی دەجووی، ئاغا یەکەندەردوو دڵی گیرا و بەجۆرێك سەری هەڵبڕیی وەك ئەوەی بیەوێت گۆرانی ئەمان ئەمان بێژێت. بەڵام خولقی چڕینی گۆرانی نەبوو، بۆیە ڕووی کردە میرئاخوڕ و بە ئیشارەت داوای لێکرد تا فوو بە شەیپوورەکەیدا بکا و گوندنشینان بێدەنگ بکات. ئەوسا ڕووی لە یوسفۆکەکەی کرد و گوتی:

– یوسفۆك، بەقوربانت بم گۆرانییەکم بۆ بێژە تا دۆعای خێرت بۆ بکەم. گۆرانی ( دونیا خەوە و خەیاڵە ...

ئەمان ئەمان ) م بۆ بێژە، ئاخر وا خەریکە دڵم شەق دەبات.

کوڕەی خڕتۆڵ، بەکاوەخۆ بنێشتەکەی لە دەمی دەرهێنا و بە ئەژنۆ ڕووتەکەیەوە نووساند، پاشان گۆنای نایە سەر لەپی دەستی ڕاستی و کەوتە چڕینی گۆرانییە لەبەردڵانەکەی ئاغا. ( دونیا چ نییە جگە لە خەو و خەیاڵ ... ئەمان ئەمان ... ) دەنگەکە پڕ خرۆش و ناسك وەکی گمەگمی کۆتر تاوی دەسەند و هێور دەبۆوە. ئاغا چاوانی لێکدەنان و هێند لە وەنەوزدا ڕۆ دەچوو کە لە تەواوی گۆرانییەکەدا بیری دەچوو لێو بۆ بادەکەی بەرێت.

کۆستانتیس هەروا کە قاوەی بۆ مشتەرییەکانی تێدەکرد، لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەمڕۆ ئاغا سەرحاڵە. خودا ئەم ئاوی زەمزەمەمان لێنەبڕێت.

یاناکۆسی دێوەرە و پۆستەچی گوند بە ڕیشی کورتی تۆپز و ڕووانینییەوە کە لە نیگای باڵندەیەکی شکارچیی

دەچوو، قسەکەی کۆستانتیسی بەزەردەخەنەیەکی شەیتانانەوە ڕاست کردەوە و گوتی:

– خودا ئەم یوسفۆکەیەشمان لێنەسێنێ!

هاجینیکۆلیسی برای قەشەی گوندیش لەژێر لێوەوە گوتی:

– باشترە شوکری ئەم قەدەرە کوێرە بکەین کە ئاغای کردۆتە ئاغا و ئێمەیشی کردۆتە ڕەعییەت.

هاجینیکۆلیسی مامۆستای گوند، پیاوێك بوو وشك و عەینەك لەچاو و کاتێ قسانی دەکرد کەڵەبابە تیژ و زلەکەی گەردنی هەڵبەز و دابەزی دەکرد. ئەو کە لە حەیوەت یادەوەریی باووباپیرانی، خوێن هورووژمی بۆ ڕوخساری بردبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و درێژەی بە قسەکانیدا:

– ڕۆژگارێك ئەم ئەرزانە هی ئێمەی گرێکییان بوون. زەمانە وەرچەخا و سەروکەللەی بێزەنتییەکان پەیدابوون، ئەوانیش هەر گرێکیی و مەسیحیی بوون. بەڵام هەمدیس زەمانە وەرچەرخا و ئەمجارە موسوڵمانەکان هاتن.... بەڵام لەبەرئەوەی مەسیح

زیندووبۆوه، بۆیه نیشتیمانیش هەمدیس زیندووبۆوه! هێی کۆستانتیس خێراکه جامی ئەم قارەمانانه لێوانلێوکه!

له هەمان کاتدا گۆرانیی ئامان ئامان کۆتایی هات و یوسفۆك جارێکی تر بنێشتەکەی نایەوه زاری و وەك ئەوەی کاوێژ بکا، لەجێگەی خۆیدا تلیسا و هەمدیس شەیپور فووی پێدا کرا. ئەمەیش مانای ئەوه بوو که ڕەعییەت هەمدیس دەتوانن پێبکەنن و هاوار بکەن.

کاپتن تۆفان که یەکێك بوو له پێنج ئەندامی ئەنجومەنی ڕیش سپییان، لەبەر دەرگای قاوەخانەکه وەدیارکەوت. ئەم گورگه پیرەی زەریا به قڵافەتی پتەو و چوارشانەیەوه، ساڵەهای ساڵ سەرانسەری زەریای ڕەشی لەپێوەدابوو، هەم گەنمی ڕوسیای بارکردبوو و هەم خەریکی کاری قاچاخچێتییش ببوو. تەنانەت یەك موویش به ڕوخساره مۆن و چرچ و زەردەکەیەوه، که دوو چاوی ورد و ڕەش تیایدا بزەیان دەهات، نەبوو. ئاخر ئەو ئیدی پیر ببوو. کەشتییه پەڕپووتەکەی شەوێکیان دوای ئەوەی خۆی له گابەردەکانی تەرابۆزۆن

دەدات، تێکوپێکدەشکێ و ئیدی کاپتن تۆفان شەکەت و بێزار لە هەموو شتێك، بەبێ کەشتی بۆ گوند دەگەڕێتەوە و دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بۆ خۆی دانیشێ و هێند عارەق بخواتەوە تا ساتی مەرگی دێت و گیانی دەردەچێت. دەیگوت: چاو و دڵی لە دونیا تێر بوون و دڵی بەهیچ شتێك خۆش نییە. لەو ڕۆژەدا وی چەکمەی بەرزی زەریاوانییەکەی لەپێدا و شەپقەی لە سەردا و گۆچانی درێژی تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی ڕیش سپییانییشی بەدەستەوە. دوو سێ لادێیی بۆ ڕێزگرتنی، لەجێگای خۆیان هەستانە سەرپێ و بانگێشتیان کرد تا لەگەڵیاندا بخواتەوە. بەڵام ئەو لە وەڵامدا پێی گوتن:

– نا ئازیزان، هیچ کاتم نییە. تەنانەت کاتی خواردنەوەی جامێکیشم نییە. مەسیح زیندووبۆتەوە و دەبێ بۆ ماڵی قەشە بڕۆم، چونکە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ڕیشسپییانمان هەیە. هەر کامێکیش لە ئێوە کە بانگێشتکراون، خاچ بکێشن و تا سەعاتێکی تر خۆتان بگەیەننە ئەوێ. دەزانن ئەمڕۆ کارمان زۆرە.

یەکێکیشتان بچێت بەدوای پانایۆتیسی کورتاندرووی ڕیش شەیتانیدا. ئەمڕۆ پێویستمان پێیەتی...

بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو، ئەوسا بە نیگایەکی شەیتانانە درێژەی بە قسەکانیدا:

– ... گەر لەماڵی خۆیان نەبوو، ئەوا بێگومان لە ماڵی بێوەژنە.

هەمووان پێکەنین، بەڵام کریستۆفیس، چێواری پیری گوند کە لە جاحێڵییدا عەشقبازیی زۆری کردبوو، بە ناڕەزایەتییەوە هاواریکرد:

– ئەریٚ ئەوە بۆ وەکی خەڵکانی هەرزە پێدەکەنن؟ پانایۆتیس بە ڕێگای خۆتا بڕۆ و گویٚ لەم قسانە مەگرە! ژیان کورتە و مردن درێژ!

دیمیترۆس، قەسابی قەڵەو، سەرە تازەکیی تاشراوەکەی تەکاندا و گوتی:

– خودا ئاگای لەو بێوەژنە بێت. تەنیٚ شەیتان خۆی دەزانیٚ ئەم بێوەژنە تا چ ئەندازەیەك بۆ دەردی کێشەکانی ئێمە بۆتە دەوا.

کاپتن تۆفان بە پێکەنینەوە گوتی:

– بەسە. ئیتر دەنكە نیسكێك مەكەرە كێوێك! هەر ئاواییەك گەرەكی بە یەكێك لەم بێوەژنانە هەیە تا ژنانی نەجیبزادە لە ئاسایشتا بن. ڕێك وەك كانییەك كە لەنێوەڕاستی گونددایە و ئەگەر ئەو كانییە نەبێت تا ڕێبواران تینوێتیی خۆیانی لێ بشكێنن، ئەوا ئەوكات ئەو ڕێبوارانە بۆ ئاو خواردنەوە، لە دەرگای ماڵەكانی ئێمە دەدەن.

پاشان لای كردەوە و بە بینینی مامۆستا، ڕووی تێكرد و درێژەی بە قسەكانیدا:

– هاجینیكۆلیس ئەوە خۆ تۆ لێرەیت؟ تۆیش كە خۆت یەكێك لە ڕیش سپییانیت و دەزانیت كە ئەمڕۆ كۆبوونەوەی ئەنجومەنە. وا دەزانیت قاوەخانە كلاسی دەرس خۆندنە؟ هەی چەنەبازی نالەبار! وەرە با پێكەوە بڕۆین.

كریستۆفیسی پیر چاوێكی بە خەڵكەكەدا گێڕا و پرسی:

– منیش دەتوانم بێم؟ دەورەكەی یەهوزا بدەنە من!

بەڵام ئیدی کاپتن تۆفان کەوتبووە ڕێ و بە گۆچانەکەیەوە ڕێگە بەرەو ژوورکە بەردەڵانەکەی گرتبووە بەر. ئەو لەو ڕۆژەدا زۆر کەیفخۆش نەبوو. ئاخر هەمدیس ئازاری ڕۆمانتیزمەکەی لێیهەڵدابۆوە و شەوی پێشوو خەو نەچووبووە چاوی. سپێدەی بە دوو سێ پێك دەستپێکردبوو تا بەشکم ئازارەکەی سڕکا، بەڵام بێهودە ببوو، ئازارەکەی هەروا تاوی دەسەند و بە بادە هێور نەدەبۆوە. لەبەرخۆیەوە گوتی:" نەفرەت لە شەیتان. گەر شەرمم نەکردبا هاوارم دەکرد تا بەڵکو ئازارەکەم هێور بایەتەوە! بەڵام غیرەت ناهێڵێ هاوارکەم. دەبێ بەزۆر پێبکەنم و توندوتۆڵ هەنگاو هەڵێنم و ئەگەر گۆچانەکەم کەوت، دانەومەوە و هەڵیگرمەوە. ئای کاپتن تۆفانی لەعنەتی! لێو بکرۆژە و چارۆکەکان لەپاڵ شەپۆلەکاندا وەرچەرخێنە! خۆت عەیبار مەکە! ژیان لە تاوە تەرزەیەکی تێپەڕ زیاتر، چ شتێکی تر نییە!" پێی هەڵدەنگاوت، دەیبۆڵاند و جنێوی دەدا. دواجار بۆ ساتێك لە شوێنی خۆیدا ڕاوەستا و نیوە نیگایەکی لە چواردەوری خۆیدا، هیچ کەس ئەوی نەدەبینی.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و کەمێك هەستی بە ئارامیی کرد. سەری هەڵبڕی و لەنێو گەڵای درەختەکانەوە و بەسەر بەرزترین جێگەی گوندەوە، خانووە سپییەکەی قەشەی بینی کە پەنجەرەکانی بە ڕەنگی شین بۆیە کرابوون. لەکاتێکدا کە هەمدیس ڕێگە سەربەرەو ژوورکەکەی دەگرتەوە بەر، بە خۆی گوت:" ئاخر هیچ کەسێکی ئاقڵ، وەك ئەم قەشە لەعنەتییە دەچێت خانووی خۆی لەو سەری سەرەوە ڕۆنێت!"

دوو کەس لە ڕیش سپییان زووتر گەیشتبوونە ماڵی قەشە و بە دابی تورکان لەسەر قەنەپە ڕاحەتییەکان پاڵیاندابۆوە و بێدەنگ چاوەڕێ بوون تا بە نەریتی باو، بە قاوە و ئاوی سارد و مرەبا پێشوازیی بکرێن. قەشە بۆ موبەق چووبوو تا ڕاوێژی پێویست بداتە ماریۆری کیژە تاقانەی. کیژەی جاحێڵیش خەریکی ڕیزکردنی فنجان و پەرداخ و گۆزەی مرەبا بوو لەسەر سینی.

ڕیش سپیترین پیاوی گوند و سەرگەورەی ئەنجومەن لەلای پەنجەرەکەوە پاڵیدابۆوە. ئەو لەخانەوادە دێرین و نەجیبزادە و دەوڵەمەندەکان بوو. جلکێکی ماهوتیی و

هێلەکێکی بە مەلیلەگەلی ئاڵتوونیی لەبەردابوو. ئەنگوستیلەیەکی درشت و زێڕینی لە قامکی شادەدا و بەسەر نگینەکەیەوە هەر دوو پیتی " ژ " و " پ " بە ئاماژەی ژۆرژ پاتریارکاس، لەسەری هەڵکۆڵدراو و وەك مۆر بەکاری دەهێنا. دەستی وەك دەستی ئەسقەفەکان خڕتۆڵ و نەرم بوو. وی هەرگیز لە ژیانیدا کاری نەکردبوو بەڵکو هەمیشە پێڕێك خزمەتکار و ڕەعییەت کارەکانیان بۆ ئەنجام دەدا. قڵافەتی قەڵەو و ڕانی هەردەتگوت ڕانی ماییینە. ورگی پڕ چرچ و لۆچ و غەبغەبە سێ لایەکەی تا ئاستی سینگە تووکن و گۆشتنەکەی گەیشتبوو. دوو سێ ددانی پێشەوەی نەماو و ئەوەش تەنها کەماسیی ڕوخسار و هەیبەتی وی بوو. زوبانی دەیگرت و توند و پچڕ پچڕ قسانی دەکرد، بەڵام ئەم خەوشە لە هەیبەتیان زیاد دەکرد، چونکە گوێگران ناچار دەبوون بەرەو لای دانەونەوە تا لە قسەکانی حاڵیی بن.

لەلای ڕاستییەوە پیاوێکی لەڕولاواز، ڕوخسار چرچولۆچ و ئێسکن، بە چاوانێکی پەنماو و دەستانێکی

زل و زبر له قوژبنێكدا كروشكەی كردبوو. ئەوە لاداسی پیرەمێرد، خۆشگوزەرانترین جوتیاری گوند بوو. هەفتا ساڵی تەواو بوو زەوی دەكێڵا، تۆوی دەكرد و درەوی دەكرد، زەیتوون و مێوی دەناشت و شیلەی ئەرزی تا دوا دڵۆپ دەگوشی. لە هەمان تاق منداڵییەوە گرێدراوی ئەرز بووە و بۆ ساتێك لێی جویێ نەببۆوە. تێرنەخۆر و هەمیشە سەد بەرامبەری ئەوەی داوادەكرد كە ئەرز دەیدا و هەرگیزیش شوكری خودای بە زاردا نەدەهات. بەردەوام گلەوگازندەی دەكرد و هیچ كاتێك ڕازی بە ڕەزای پەروەردگار نەبوو. ئەلعانیش كە پیر ببوو ئیدی عەرد بە تەنها قاییلی نەدەكرد،ئاخر هەستیدەكرد مەرگی نزیكە، بە پەلە دەیویست تا كاتی ماوە بە یەكجار هەموو دونیا هەڵلوشێت. پارەی بە سووی زۆر بە قەرز بە گوندنیشنان دەدا و ڕەز و كێڵگە و خانووی ئەو بەستەزمانانەی بە بارمتە وەردەگرت، ئیدی كاتێ وادەی دانەوەی قەرزەكان دەهات و لەبەرئەوەی قەرزارەكان نەیانبوو بیدەنەوە، بۆیە لاداس ماڵومولكیانی دەخستە هەڕاجەوە و هەموو شتێكی لێدەماشینەوە. هەمیشە

گلەوگازندەی بوو. هەرگیز تێری نەدەخوارد و ژنەکەی بە پێی پەتی دەڕۆیشت. بە هەر شێوەیەك ببوو کیژێکی لێی ببوو، بەڵام چونکە ئامادە نەببوو پزیشك بێنێتە سەری، بۆیە ئەو بەستەزمانە مردبوو. بیانووەکەی ئەوەبوو گوایە "شار زۆر دوورە و خەرجیی هێنانی پزیشکیش زۆر زۆرە! وێڕای ئەوەش پزیشکانی لەعنەتی سەریان لە زۆر شت دەرناچێت. قەشەکەی خۆمان داوودەرمانی نایابی خۆماڵیی هەیە. پارەی دەدەمێ جگە لە دەرمان، دوعاشی بۆ بکات تا وەزعی باش بێت و خەرجیشی کەمتر تێبچێت." بەڵام کیژەکەی دەمرێ. دوعای قەشە بێ ئاکام دەبێ و کیژە لە تەمەنی حەڤدەساڵییدا کۆچی دوایی دەکا و ئیدی لە شەڕی باوکە پیسکەکەی ڕزگاری دەبێ. باوکەیش لە خەرجیی زۆری شووکردنی کیژەکەی ڕزگاری دەبێ. چەند مانگێك دوای مردنی کیژەکەی، ڕۆژێکیان لاداسی پیر، لای خۆی حیسابی دەکا:" شەکێرت* نزیکەی ئەوەندەی دەکرد،

* شەکێرت: جیازێ کە بووك لەگەڵ خۆیدا دەیبا بۆ ماڵی زاوا. فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە: هەژار موکریانی.

کالاّ و جلك و مێز و کورسی ئەوەندە، خەرجیی بووکێنیی و داوەتی ناچاریی لە خزمانی بووکێ و زاوا و دەملەوەڕان و نان و گۆشت و شەراب ئەوەندە." کە هەمووی کۆکردبۆوە بینیبووی ئەوە پارەیەکی زۆر دەکا و خەرجی عەرووسیی کیژەکەی نابووتی دەکا، ئیدی بەخۆی گوتبوو: "جا مرد چش. هەمووومان دەمرین ... باشتر کە بەخت چوو بە هانایەوە و لە شەڕی ئەم دونیایە و مێرددارِیی، منالّداریی، نەخۆشیی و جلك شۆریی ڕزگاری بوو... خودا خۆی لە گوناهەکانی خۆش بێت!"

ماریۆری بە سینییەکەوە هاتە ژوورەوە، سلاّوێکی لە ئامادەبووان کرد و بە سەری نەوییەوە لەبەردەم خوداندا ڕاوەستا. ڕەنگ پەڕیو، چاو درشت، برۆ باریك، پرچە هۆنراو و ڕەنگ گوێزییەکەی بە دەوری سەریدا گرێدابوو. خودانی پیر کەوچکێك مرەبای گێلاسی هەڵگرت، پەرداخەکەی هەڵبڕی و لەکاتێکدا کە تەماشای کیژە جاحێڵەکەی دەکرد، گوتی:

- ئینشاڵڵا لە نوخشەی بووکێنیت ماریۆری چکۆڵە. کوڕەکەم بێ ئارامانە چاوەڕێت دەکات ...

کیژەکەی قەشە، دەسگیرانی میکیلیسی کوڕە ناقانەکەی خودان و قەشە بەوەی کە هەستی دەکرد بەم زووانە دەبێتە خاوەن نەوە، هەستی بە شانازی دەکرد و بەخۆیدا دەنازی. خودانی پیر لەکاتێکدا کە پێدەکەنی، چاوێکی لە کیژەی جاحێڵ داگرت و گوتی:

- .... تێناگەم بۆچی ئەم کوڕە نارەسەنە ئەم هەموو پەلە پەلە دەکا و دەڵێ ئیتر جامی حەوسەڵەی لێوڕێژ بووە!

کیژەکە گەرچی لە تووڕەییدا تا بناگوێ سوورهەڵگەڕابوو، بەڵام نەیوێرا وەڵام بداتەوە.

باوە گریگۆریس هاتەوە ژووری و سوراحییەك بادەی نایابی پێبوو، گوتی:

- بە سلامەتی هاوسەرگیرییان لەژێر سایەی مەسیح و مەریەمی پاقیژەدا.

قەشە پیاوێکی توندوتیژ و بەهێز و خورد و خۆراکی هەمیشە باش بوو. ڕیشێکی سپیی دوو پەلکیی هەبوو

که هەمیشە بۆنی بخوور و مەستەکیی لێدەهات. کاتێ سەرنجیی سووریی گۆنای کیژەکەیدا، بە مەبەستی گۆڕینی بابەتەکە، پرسی:

– بەڕاست تۆ بە ئومێدی خودا، کەنگێ لێنێوی زڕکچت بەشوو دەدەیت؟

لێنێو ئەو کیژە بوو کە خودان لە یەکێك لە کارەکەرەکانی ببووی. پاشان ئەوی لە شوانە بەوەفاکەی خۆی، مانۆلیۆسی میهرەبان مارە کردبوو، سەخی تەبعانە ڕانەمەڕێك کە لە چیاکەی بەرامبەری گوند، واتا لە کێوی مەریەمی پاقیژە دەیلەوەڕان، وەك شەکێرت پێبەخشیبوون. خودان لە وەڵامی قەشەدا گوتی:

– بە پشتیوانیی خودا لەم ڕۆژانەدا. لێنێو خۆی دەڵێ هەرچی زووتر باشتر. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر پێیگوتم:" خودان وا خەریکە سەری مانگ دێت. دەبێت پەلە بکەین. "

وایگوت و قاقایەکی وای لێدا کە غەبغەبەکەی کەوتە لەرە و ئینجا تێهەڵچۆوە:

– ... له مانگی مایسدا گوێدرێژان لەیەك دەپەڕن. کەواتە لێنێو ڕاست دەکات دەبێت پەلە بکرێت. ڕاستە ئەوان کارەکەر و خزمەتکارن بەڵام بەهەرحاڵ خۆ ئینسانن.

قەشە گوتی:

– مانۆلیۆس کوڕێکی باشە و پێکەوە بەختەوەر دەبن.

خودان گوتی:

– من ئەوم وەك کوڕی خۆم خۆش دەوێت. یەکەمین جار کاتێ بەلای دەیری سانت پانتێلیمۆندا تێپەڕیم، بینیم. تەمەنی نزیکەی پازدە ساڵ و کاری بۆ سەرپەرشتیاری ئەو دەیرە دەکرد کە میوانی بووم. لەڕاستیدا دەتگوت فریشتەیە و تەنها لە دوو باڵی کەم بوو. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. حەیفم لێدەهات کوڕێکی ئاوها قۆز وەکی خەڵکانی خەسیو لەوێ دابڕزێت. هەربۆیە چووم بۆ لای ماناسیس، هەمان ئەو قەشە پیرەی کە ساڵەها گۆشەگیری یەکێك لە هۆدەکانی دەیر و مانۆلیۆس کاری بۆ دەکرد. پێمگوت:" باوە داوایەکم لێت هەیە گەر قەبوڵی بکەیت ئەوا یەك چرای زیو نەزری

ئەم دەیرە دەکەم." قەشە لە وەڵامدا گوتی:" جگە لەداواکردنی مانۆلیۆس، هەر داوایەکی تر بکەیت قەبوڵمە." گوتم:" باوکە ڕێك هەمان ئەم کوڕەم دەوێت تا بیهێنمە خزمەت خۆم." وەڵامیدامەوە:" من ئەوم وەکی کوڕی خۆم خۆش دەوێ و هیچ گلەییەکم لێی نییە. من ئیدی ناتەوان و پەکمە و ئەو تەنها هاودەممە. هەموو شەوێك لەبارەی زاهید و قەدیسانەوە قسانی بۆ دەکەم و بەمەش هەم ئەو فێر دەبێ و هەم خۆیشم ڕۆژگارم دەگوزەرێنم." ناقاییلانە گوتم:" باوە ڕێگای پێبدە بێتە نێو دونیای دەرەوە، ببێتە خاوەن منداڵ و ماڵ و ژیان و کاتێ لە ژیان ماندوو بوو ئەوسا دەتوانێ بێت و ببێتە قەشە." بە کورتیی هێند چەنەمدا تا توانیم ڕوخسەتی لێوەربگرم و لەگەڵ خۆمدا بیهێنم. ئێستایش کە لێنێوم داوەتێ هیوادارم بەختەوەر بێت!

لاداسی پیر پێکەنینێکی ناپاکانەی کرد و گوتی:

– ئەویش نەوەت بۆ دێنێ ...

وایگوت و به نووکی کەوچکەکە دەنکە گێلاسێکی لە مرەباکە هەڵگرت و خستییە زاری. ئەوسا پێکێکی خواردەوە و گوتی:

– ... ئومێدەوارم خودا بەرەکەت بەکاروبارمان بدا تا لە برسا دانەڕزێین! ڕەز و کشتوکاڵمان وەزعێکی باشیان نییە و وای بە ڕۆژگارمان!

قەشە بە دەنگێکی گرمەئاسا نەڕاندی:

– خودا گەورەیە پیرەمێرد، خودا گەورەیە. شەهامەتت هەبێت! پشتوێنەکەت توندکە و لە زۆرخۆریی دوورکەوە. زۆرخۆریی چتێکی باش نییە. کەمتر زیادە مەسرەفیی بکە و موڵك و ماڵت ئاوها بەسەر هەژاراندا دابەش مەکە!

خودان قاقایەکی وای لێدا کە خانووەکە لەرییەوە و لەکاتێکدا وایدەنواند دەگری و دەستەزلەکانی بە پێودانگی سواڵکەران پان کردبوونەوە، گوتی:

– ئەی مەسیحییان، خێرێك بکەن چونکە لاداسی پیر وا خەریکە لە برسانا دەمرێت!

دەنگی هەنگاوگەلێکی قورس پێپلیکانەکانی هێنایە لەرە و قەشە کە بۆ کردنەوەی دەرگاکە هەستابوو، گوتی:

– ئەمەیش کاپتن تۆفان! ماریۆری ئارام بگرن، مەڕۆ، تا پێشوازیی لەویش دەکەین. من دەڕۆم خواردنەوەیەکی ساردی بۆ دێنم چونکە حەزی لە شەراب نییە.

کاپتن تۆفان بۆ ساتێك لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستا تا نەفەسێك تازە بکاتەوە. بەڵام کاتێك بە زەردەخەنەوە هاتە ژووریێ، هەروا ئارەقە لە نێوچەوانییەوە دەتکایە خوار. لە دوایەوە مامۆستای گوندیش بە هانکەهانك هاتە ژوورەوە. بۆ ئەوەی بە کاپتن بگاتەوە لە تەواوی ڕێگەدا هەر ڕایکردبوو، هەنووکەش بە کڵاوەکەی کەوتبووە باوەشێنکردنی خۆی. هەر لەو ساتەدا قەشە بە بوتڵێك ساردییەوە هاتە ژوورەوە. کاپتن ڕووی کردە سێ ڕیش سپییەکەی گوند و گوتی:

– دۆستانی ئازیز، ئەمڕۆ زیندووبوونەوەی مەسیحە!

ئەوسا ددانی لەسەر یەك جیڕکردەوە و بەوپەڕی ئارامییەوە لەسەر قەنەپەکە دانیشت. ئینجا ڕووی کردە کیژە جاحێڵەکە و گوتی:

– ماریۆری، من نە مرەبا دەخۆم و نە قاوە. ئەم شتانە هەر بۆ ژن و پیرەمێردان خاسە. تەنها ئەو پەرداخەی کە ئێوە پەرداخی ئاوخواردنەوەی پێدەڵێن بۆ من بەسە...

ئەوسا پێکەکەی بە یەك بین خواردەوە و تێهەڵچۆوە:

– ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەورەیە. تا چەند لەحزەی تر خەڵکی دەگەن و دەبێ هەرچی زووتر بڕیار بدرێت.

ماریۆری سینییەکەی هەڵگرت، ژوورەکەی جێهێشت و قەشە دەرگاکەی لەمدیوەوە داخست. کوتوپڕ ڕوخسارە بە هەتاو سووتاوەکەی شکۆیەکی پێخەمبەرانەی بەخۆوە گرت و چاوانی لەژێر برۆ چڕەکەیەوە بروسکەیەکیدا. وی پیاوێکی زۆرخۆر و زۆریش دەیخواردەوە. کاتێ سەرخۆش دەبوو زۆر نوکتەچی و زوبان شیرین و لەکاتی تووڕەییشدا دەیترشاند. بەو تەمەنە زۆرەیەوە کاتێ چاوی بەژنان دەکەوت خوێنی دەکەوتە کوڵ و سەروگیانی فیدای هەواوهەوەسە شەهوانییەکانی

دەکرد. بەڵام لەکاتی نوێژ یان ڕێوڕەسمی مەزەبیی یاخۆ لەوکاتانەدا کە دەستی بۆ بەرەکەتدان یاخۆ تەکفیر بڵند دەکرد، ئیدی ئەو باوە گریگۆریسە ورگنە مەیخۆرە، یەکەندەردوو دەبووە قەدیس.

دوای داخستنی دەرگاکە، ڕووی کردە ئامادەبووان و بەدەنگێکی تیژ کەوتە قسان:

– برایان، ڕیش سپییان، ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە، خودا ئێمە دەبینێ و دەنگی ئێمە دەژنەوێ و هەرچی بڵێین لە جەریدەی عالەمدا تۆمار دەبێت. بۆیە ئاگادار بن! ئەمڕۆ گەرچی زیندووبوونەوەی مەسیحە، بەڵام بەوەشەوە هێشتا مەسیح هەروا لە ناخ و لە جەستەی ئێمەدا لەخاچدراوە. برایان وەرن تا ئەو لەخۆماندا زیندوو بکەینەوە! تۆ ئەی خودان وەرە و بۆ لەحزەیێ نیعمەتەکانی ئەم دونیایە فەرامۆشکە! تۆ کەڵکێکی زۆرت لە زەوییەکانت بۆ خۆت و دەوروبەرەکەت وەرگرتووە. تۆ بە ئەندازەی پێویست خواردووتە و زیاتر لە ڕادەی پێویست بەهرەت لە ژیان وەرگرتووە. هەنووکە بۆ لەحزەیێك ڕۆحی خۆت بۆ ئەودیو چێژە مادییەکان

ببه و له وەرگرتنی بڕیارەکانماندا یارمەتیمان بدە. تۆیش ئەی لاداسی پیر، لەم ڕۆژە بەشکۆیەدا، ڕۆن، جلیکانە شەراب و دراوی زێڕی نێو قاسەکانت لەبیرکە! تۆیش ئەی براکەم کە هەرگیز چ گرینگیت بە خەو و خۆراك و دراوی زێڕ و ژنان نەداوە، من چ شتێکم نییە بەتۆی بێژم، بە تۆیەك کە هەمیشە خەیاڵت لای خودا و سەرزەمینی گرێکلاند بووە. بەڵام تۆ ئەی کاپتنی گوناهبار بە فیترەت! تۆیەك کە هەمیشە تۆوی گوناهبارییت لە تەواوی سەر ڕووی زەریای ڕەشدا وەشاندووە، تەنها ئەمڕۆ بڕیار بدە تەنیا بیر لە خودا بکەیتەوە و تۆیش یارمەتیمان بدە لەو بڕیارانەدا کە دەمانەوێت بیاندەین.

کاپتن بە تووڕەیی هاواری کرد:

– باوە، ڕابردوو بنێرە لاوە. خودا خۆی قەزاوەت دەکات. ئەگەر ئێمەیش بمانتوانیبا وەکی تۆ ئازادانە بدوێین ئەوا وابزانم ئەوکات دەمانتوانی زۆر چت لەبارەی قەداسەتی تۆیشەوە بێژین!

خودانیش بە نۆرەی خۆی برۆی گرژ کرد و گوتی:

– باوه بدویٚ، بەڵام ئاگات لە قسەکانی خۆت بێ! ئاخر تۆ ئێستا لەگەڵ ڕیش سپییانی گونددا دەدوێیت.

قەشە بە توورەیی هاواری کرد:

– ڕوی من لە کرمی خاکییە و خۆیشم لە کرمێکی خاکیی زیاتر، چ شتێکی تر نیم. قسەکام پێمەبڕن. تا چەند ساتێکی تر گوندنشینان دەگەن و ئێمە بەرلەوەی ئەوان بێن دەبێ بڕیاری خۆمان دابێت. کەواتە باش گوێ ڕادێرن. لە کۆنەوە و نەسل دوای نەسل وا نەریت بووە کە هەر حەوت ساڵ جارێك لەنێو خەڵکانی ناوچەکەدا شەش پیاو و ژن لە هەفتەی پیرۆزدا هەڵدەبژێردرێن تا ئازارەکانی مەسیح لەجەستەی خۆیاندا زیندوو بکەنەوە. ئەمساڵ شەش ساڵ لە دوایین ڕێوڕەسم تێپەڕیوە و وا خەریکین پێ دەنێینە ساڵی حەوتەم. ئەمڕۆ ئێمەی ڕیش سپییان دەبێت لەنێو گوندنشیناندا کەسانێك کە شایستەی بینینی ڕۆڵی سێ حەوارییە گەورەکەی مەسیحن، واتە پەترۆس، ژاك و ژان و هەروا کەسانێك کە ڕۆڵی یەهوزای ئەسخریۆتی و مادلینی گوناهبار دەبینن هەڵبژێرین و لە هەموویشی گرینگتر ئەوەیە کەسێك

هەڵبژێرین کە بتوانێت لەتەواوی ساڵدا ناخی خۆی بە پاقژیی ڕابگرێ و ببێتە مەسیحی لەخاچدراو.

کاتێك بێدەنگ بوو تا هەناسە تازە بکاتەوە، مامۆستا ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و لەکاتێکدا کە کەڵەبابەکەی قورتمی هەڵبەزو دابەزی دەکرد، قسەکانی بۆ تەواو کرد:

– پێشینانی ئێمە بەم کارەیان دەگوت تەمسیل. یەکشەممەی پیرۆز لە بەردەم خانی سەرپۆشراوی کڵێساوە دەستی پێدەکرد و شەممەی پیرۆز نیوە شەو لە گۆڕەپانی کڵێسا بە زیندووبوونەوەی مەسیح کۆتایی دەهات. بتپەرستان شانۆ و سێرکی خۆیان هەبووە و مەسیحییانیش تەمسیل.....

بەڵام باوە گریگۆریس قسەکانی پێبڕی و گوتی:

– بەسە ئاغای موعەلیم. ئێمە هەمووان خۆمان ئەم شتانە دەزانین. بهێڵە با قسەکانم تەواوکەم. لە ئێستا بەدواوە ئێمە هەموومان عەزابەکانی مەسیح بەچاوی خۆمان دەبینین و بە دەستەکانی خۆمان دەستی تێوە دەدەین. لە تەواوی ئاواییەکانی دەوروبەرەوە زیارەتکاران بۆ تەوواف کڵێساکانی ئێمە دێن و شەو لێرە

دەمێننەوە. ئەوانە لەتەواوی هەفتەی پیرۆزدا دەگرین و سینگ دەکوتن و پاشان لەگەڵ زیندووبوونەوەی مەسیحدا ئاهەنگ و شادومانیی و سەما دەست پێدەکات. برایان، ئێوە باش دەزانن کە لەم ڕۆژە پیرۆزانەدا چ موجیزەگەلێك ڕوودەدەن و چ گوناهبارانێکی بێشومار فرمێسکی تۆبە دەڕێژن و زۆرێك لە موڵکدارانی دەوڵەمەند، ددان بە گوناهەکانی خۆیان لە کەسپی حەرامدا، دەنێن و بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆیان ڕەز یاخۆ کێڵگەیەك وەقفی کڵێسا دەکەن. لاداسی پیر گوێت لێیە؟

لاداس ناڕازیی و تووڕە وەڵامیدایەوە:

– بەردەوامبە باوە! بەڵام تانەم لێمەدە و ئەوە بزانە کە هیچکام لەو شتانە پێوەندی بە منەوە نییە.

قەشە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– بەهەرحاڵ ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە تا بە یارمەتی پەروەردگار گوندنشینانێك کە دەبێت تەمسیلەکە بکەن هەڵبژێرین. هەنووکە هەریەکەتان

ئازادانە ڕای خۆی بڵێ. خودان تۆ لە هەمووان ڕیش سپیی تریت، یەکەمجار تۆ بدوێ. گوێمان لێتە.

بەڵام کاپتن بە توندی نۆرەبڕیی کرد و گوتی:

- ئێمە بۆ ڕۆڵی یەهوزا، پاناپۆتیسی گەچخۆرمان هەیە و لەو گونجاوترمان بۆ نادۆزرێتەوە! هەم ڕوخساری کێوی و ئاوڵاوییە و هەم مشتی ئاسنینیشی هەن. ڕێک وەك ئۆران ئۆتانی واقیعیی. من نەفەرێکی وەك ئەوم لە ئۆدیسا بینیوە. گرینگتریش لە هەموو ئەوانە ئەوەیە کە قژ و ڕیشی ڕێك وەك قژ و ڕیشی شەیتان سوورە.

قەشە بە نەوایەکی جیددی گوتی:

- ئارام بگرە کاپتن، هێشتا نۆرەی تۆ نەهاتووە. باشە خودان تۆ قسان بکە:

- باوە چ بڵێم؟ من تەنها یەك چت دەزانم و ئەویش ئەوەیە کە ڕۆڵی مەسیح بدەنە میکلیسی کوڕم.

قەشە بە نابەدڵیی وەڵامی دایەوە:

- چتی وا نابێت. کوڕەکەی تۆ ئەشرافزادە و قەڵەوە و لە ناز و نیعمەتدا گەورە بووە. ئەوە لەکاتێکدا مەسیح هەژار بووە و لەڕولاواز. هەڵبەت دەبەخشیت، ئەو دووانە

بەیەکەوە جۆر نایەنەوە! بێ لەوەش مەگەر میکیلیس بە ئاستێك گەییشتووە تا بتوانێت دەرەقەتی ڕۆڵێکی ئاوها تاقەتپڕووکێن بێت! ئاخر ئەو دەبێ بەر قامچی بدرێ، تاجی دڕك لەسەرنێ و پاشانیش لەخاچ بدرێت. دەی میکلیس دەرەقەتی ئەوە نایەت. حەزدەکەیت نەخۆش کەوێت؟

کاپتن ئەمجارەیش هاتە نێو قسەکانی ئەو دووانەوە:

- لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر ئەوەیە قژی مەسیح زەرد بووە و قژ و سمێڵی میکلیس وەکی شەبەق ڕەشە.

لاداسی پیر بە گاڵتەجاڕیی هاتە نێو وتووێژەکەوە و گوتی:

- بۆ ڕۆڵی مادلینی گوناهباریش کاترینای بێوەژنمان هەیە. ئەم ژنە شەیتانییە بەدکردارە، هەموو مەرجێکی پێویستی ئەو ڕۆڵەی تێدایە، هەم لە ڕووی جوانیی و هەم لە نەزەری قژی درێژ و زەردییەوە کە تا سەر ئەژنۆکانی گەییوە. ڕۆژێکیان لە حەوشەی ماڵەکەیان بینیم قژی دادەهێنا. وەیش خوایە چ لەعنەتێکە ئەم ژنە! تەنانەت قەشەکانیش بە لاڕێدا دەبات!

کاپتن دەمی کردەوە تا هەمدیس بکەوێتە زۆر بلێیی، بەڵام قەشە بە نیگایەکی توند دەمی بەست و ئیدی پیاوەی کۆسە لیکی دەمی قووتدایەوە. ئەوسا قەشە رستی قسەکانی بەدەستەوە گرتەوە:

– پەیداکردنی یەهوزای خایین و مادلینا هاسانە، بەڵام ئەدی بۆ شوانەکە چۆن؟ من چاوەڕێی ناساندنی کەسانێکم بۆ بینینی ئەو دەورانە. پێموایە دەبێ ئاستی چاوەڕوانییەکانی خۆمان بهێنینە خوارەوە، زوبانم لاڵ بێت لەکوێ دەتوانین پیاوێك بدۆزینەوە شایستەی بەرجەستەکردنی ڕۆڵی مەسیح بێت؟ بەڵام باشە، لانی کەم دەبێ لێکچوونێکی هەرچەند کەمیش بێت لەڕووکاری دەرەوەیاندا هەبێت. چەندین ڕۆژ و هەفتەیە ئەم خایلەیە منی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و شەوانێکی زۆرە خەوی لەچاوان ڕفاندووم، تا ئەوەی کە دواجار خودا ڕوحمی پێکردم و مەزەندە دەکەم توانیبێتم کەسی شیاو بدۆزمەوە.

خودانی پیر بە تووڕەییەوە پرسی:

– بڵێ با بزانین کێیە؟

– به مۆڵەتی ئێوە خودان، ئەو یەکێکە لە ئەندامانی خانەوادەی خۆتان کە ئێوەیش نەزەرێکی باشتان بۆی هەیە. مەبەستم لە مانۆلیۆسە. ئەو کوڕێکی ئارام و سەربەژێرە و خوێندنەوە و نووسینیش بەڵەدە. لەوەش گرینگتر لە دەیردا ژیاوە. چاوانی هەم شینن و سمێڵە کورتەکەشی زەرد و هەنگوینییە. مەسیحیش هەروا وەسف کراوە. بێ لەوانەش ئەو کەسێکی خۆپارێزە. هەموو یەکشەمموانێك لە کێوەوە دادەبەزێ تا نوێژ بکات. تا ئێستا بۆ ڕێوڕەسمی خوانی ڕەببانی هاتووە و ئیعتیراف بۆ کردووین، هەرگیز گوێم لێنەبووە چ گوناهێکی کردبێت.

لاداسی پیر بە دەنگە زیقن و موزییەکەی، ناقاییلانە گوتی:

– بەڵام ئەو کەسێکی گێلۆکەیە و هەمیشە سەروکاری لەگەڵ تارماییدا هەیە.

قەشە وەڵامی دایەوە:

– ئەوە بۆ خۆی چتێکی باشە. بیرتان نەچێت ئێمە گەرەکمان بە ڕۆحێکی پاك هەیە.

ماموٚستا بوٚ پشتگیریی کردنی قسەکانی قەشە، گوتی:

– قەد و بالاّ و قلاّفەتیشی جوٚرێکە کە دەتوانێت بەرگەی لێدانی قامچی و تیخی تاج و قورسایی خاچ بگرێت. جگە لەوەش ئەو شوانە و ئەمەش بوٚ خوٚی مەزیەتە. ئەدی مەگەر مەسیح خوٚیشی شوانی ڕەوە مروٚڤ نەبوو؟

خودان دوای چەند ساتێك بیرکردنەوە، گوتی:

– باشە. من موٚڵەتی دەدەمێ. بەلاّم ئەی کوڕەکەم چوٚن؟

قەشە بەخروٚش و گەرموگوڕ وەلاّمی دایەوە:

– هیچکەس لەو گونجاوتر نییە بوٚ بینینی ڕوٚڵی ژان، حەوارییە ئازیزەکەی مەسیح. چونکە هەم کوڕێکە لە خێزانێکی دەوڵەمەند، هەم قەڵەوە و هەم قژی ڕەشە و چاوانیشی بایامیی.

ماموٚستا لەکاتێکدا شەرمنانە تەماشای براکەی دەکرد، گوتی:

– بە ڕای من هیچ کەسێك لە کوستانتیسی چایچی گونجاوتر نییە بوٚ بینینی ڕوٚڵی ژاك. هەم قلاّفەتی

دڵڕەقانەیە و هەم قسەکردنی توندوتیژە و هەمیشە مرۆڤێکە چیکڵدانە گچکە، ڕێك هەروەك قەدیس ژاك!

کاپتن جارێکی تر هاتەوە ناو وتوویژەکە:

– ژنێکیشی هەیە کردوویەتی بە پەنگ. بڵێ حەزرەتی خاوەن شکۆ بزانین قەدیس ژاك ژنی هێنابوو؟

قەشە بە تووڕەیی هاواری کرد:

– هەی کافر! مرۆڤ گاڵتە بە موقەدەساتی مەزەبی ناکات! پێتوایە ئێرەیش سەر کەشتییە کە هەر قسەیەکی قۆڕت بوێت بە کەشتییەوانەکانتی بڵێیت؟ ئێمە لێرە قسان لەبارەی تەمسیلەوە دەکەین.

مامۆستا بە جورئەتێکی زیاترەوە گوتی:

– بە بڕوای من یاناکۆسی چەرچی بۆ بینینی ڕۆڵی پەترۆسی حەواریی، باشە. نێوچەوانی باریکە، قژی لوول و جۆگەنمییە و چەناگەی کورتە، هەروەك پەترۆسی قەدیس زوو هەڵدەچێ و بە هەمان خێراییش هێور دەبێتەوە. ڕێك هەروەك دەمەقاچان کە بەخێرایی دەتەقێ و دادەمرکێتەوە. هەڵبەتە میهرەبانیشە و لەم گوندەدا هیچ کەس لەو گونجاوتر نادۆزرێتەوە.

خودان سەرێکی لەقاند و گوتی:

– کەمێك گرانجانە، بەڵام باشە بەهەرحاڵ کاسپە و ئەمە شتێکی ئاساییە و لەچاو ئەوەدا گرینگییەکی ئەوتۆی نییە.

لاداسی پیر فیکەیەکی کێشا و گوتی:

– دەڵێن ژنەکەی خۆی کوشتووە. واتە خنکاندوویەتی!

قەشە هاواری کرد:

– درۆیە! ئەوەیان من دەیزانم. ئەو ژنە چڵێسەی یەك کاسە نۆکی کاڵی خواردبوو. پاشانیش لەتینوێتیدا یەك گۆزە ئاوی خواردبۆوە و بای کردبوو و تەقیبوو. کەواتە بەخۆڕایی ئاگری دۆزەخ بۆ خۆت مەکرە، ئەی لاداسی پیر.

کاپتن گوتی:

– هەرچی بەسەرهات حەقی بوو. ئینسان تەنها هەر ئاو بخواتەوە ئاکامەکەی هەر وا دەبێت. ئەو دەبوو عارەقی خواردبایەتەوە تا ئەو بەڵایەی بەسەر نەهاتبا.

مامۆستا ڕستی قسەکانی بەدەستەوە گرتەوە:

- ئێمە پێویستمان بە کەسێکە ڕۆڵی پیلات ببینێ و یەکێکی تریش بۆ ڕۆڵی کاییف کە پێدەچێ پەیداکردنیان زەحمەت بێت.

قەشە نەوای قسەکانی هەموار کرد و بە خودانی گوت:

- هیچ کەسێك گونجاوتر لە تۆ نییە بۆ بینینی ڕۆڵی پیلات. خودان لەخۆڕا بڕۆت گرژ مەکە. پیلات هەروەکی تۆ هەم خودانێکی گەورە و هەم شکۆی تۆیشی هەبوو. ئەویش وەك تۆ خودانێکی تەواو و حیسابیی بوو. ئەویش قەڵەو و ڕێك هەروەکو تۆ گۆنای شۆڕ بوو. بەهەرحاڵ کەسێکی زۆر باش بوو. ئەو بۆ ڕزگارکردنی مەسیح هەرچی لەدەست هات کردی و دواجار بۆ ئەوەی شەریکە تاوانی خەڵکانی تر نەبێت، گوتی:"من دەخاڵەت لەم کارەدا ناکەم." خودان داواکەم ڕەت مەکەوە. چونکە بەم کارە بەهای تەمسیەلەکەمان بەرز دەکەیتەوە. بیر لەو شانازییە بکەوە کە بە گوندەکەمان دەبڕدرێ، بیر لە خەڵکانێك بکەرەوە کە کاتێك تێدەگەن خودان ڕۆڵی پیلات دەبینێ، چۆن دەڕژێنە گوندەکەمان.

خودان بێئەوەی قسەیەك بكات، بە فیزەوە سەبیلەكەی داگیرساند. كاپتن گوتی:

– لاداسی پیر گونجاوترین كەسە بۆ بینینی ڕۆڵی كاییف. لەو باشترمان چنگ ناكەوێت. باوە بڵێ بزانین چۆناوچۆنی كاییف لە ڕێوڕەسمی تەمسیلەكەدا بەرجەستە دەكرێت؟

قەشە بە منجەمنجەوە گوتی:

– باشە، كەم و زۆر لەگەڵ هەیبەتی لاداسی پیردا دێتەوە. واتە مشتێك پێست و ئێسك، گۆنای شلوشۆڕ و كەپووی باریك و ...

كاپتن هەروا بەگاڵتەجارییەوە قسەكانی قەشەی درێژە پێدا:

– سمێڵیشی وەك ئەم گەڕ بوو! ئەویش وەك ئەم ئامادە نەبوو تەنانەت یەك پەرداخ ئاو بە هەژارێك بدات! پێڵاوەكانی هەمیشە لەبنهەنگڵیدا بوو تا نەبا بنەكەی بسوێت!

لاداس لە جێگاكەی ڕاپەڕی و هاواری كرد:

– من دەڕۆم. دوای من نۆرەی تۆیە ئەی کاپتنی پیری کۆسە! هەربەڕاست بڵێن بزانین، مەگەر بۆ تەمسیلەکە گەرەکمان بە کەسێکی خەسیو نییە؟

کاپتن بە پێکەنین و لەکاتێکدا کە وایدەنواند سمێڵ هەڵدەکێشێت، وەڵامی دایەوە:

– من وەک یەدەک کەڵکم لێوەردەگیرێت. کێ چوزانێت؟ ئێمە هەمووومان پیرین و لەوەداین بمرین. ڕەنگە یەکێک لە ئێوە لە توڵیساڵدا بمرێت! بۆ نموونە تۆ لاداسی سمێڵ یان خودان پیلات! ئەوکات من دەبێ جێگای یەکێک لەئێوە بگرمەوە تا تەمسیلەکە پەکی نەکەوێت.

پیرەمێردی پیسکە قروسکاندی:

– دوا قسەم ئەوەیە بڕۆن کەسێکی تر بۆ ڕۆڵی کاییف بدۆزنەوە. من دەبێ بڕۆم باغەکەم ئاو بدەم!

وایگوت و بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت. بەڵام قەشە بە یەک قەڵەمباز بەری پێگرت و دەستی لەسەر دەرگاکە دانا:

- گەرەکتە بۆ کوێ بڕۆیت؟ هەر ئێستا خەڵکەکە دەگەنە جێ. تۆ دەبێ لێرە بمێنیتەوە ئەگینا هەموومان دەبینە گاڵتەچی مناڵ و مەزن!

ئەوسا ئارامتر درێژەی بە قسەکانیدا:

- .... تۆیش دەبێ بەنۆرەی خۆت خێرێك بکەیت! لەبیری ئاخیرەتیشدا بە! ئەگەر لەم کارە خێرەدا کۆمەك بکەیت ئەوا لە زۆر لە گوناهەکانت دەبەخشرێیت. ئێمە لەتۆ گونجاوترمان بۆ بینینی ڕۆڵی کاییف دەستناکەوێت. قاییلبە تا خودا ئەم چاکەیە لە نامەی ئەعمالتا تۆمارکات!

لاداسی پیر بەبێزارییەوە هاواری کرد:

- من نابمە کاییف. کەسێکی تر بۆ ئەو دەورە پەیدا بکەن. سەبارەت بە نامەی ئەعمالەکەشم ...

بەڵام دەرفەتی نەبوو قسەکەی تەواوکا، چونکە لەهەمان لەحزەدا گوندنشینان بە پێپلیکانەکاندا دەهاتنە سەرەوە و قەشە دەرگاکەی لێ کردنەوە. نزیکەی دە گوندنشینێك لەکاتێکدا کە بەردەوام دەستیان لەسەر سینگ و لێو و

نێوچەوانیان دادەنا، هاتنە ژوورەوە و بەر لەوەی لە قەراغ دیوارەکەدا ڕاوەستن، بەیەك دەنگ گوتیان:

– ڕیش سپییان! مژدە ... کاتی هەستانەوەی مەسیح هاتووە!

ڕیش سپییان لەکاتێکدا چوار مشقی لەسەر کورسییەکانیان دانیشتن، وەڵامیان دانەوە:

– بەڵێ، لە ڕاستیدا ئەمڕۆ زیندووبوونەوەی مەسیحە!

خودان کیسە توووتنەکەی دەرهێنا و بەرەو لای گوندنشینەکان ڕایەڵی کرد و ئەوانیش هەریەکەیان سیگارێکیان پێچایەوە. پاشان قەشە ڕووی تێکردن و گوتی:

– ڕۆڵەکانم، ڕێك لەکاتی خۆیدا هاتن، بەخێربێن، ئێمە لێرە چەند بڕیارێکمان داون.

ئەوسا دەستی بە یەکتردا دا و ماریۆری هاتە ژوورەوە.

– ماریۆری، بۆ ئەم ئینسانە شەریفانە شەربەت بێنە و بەشکۆی زیندووبوونەوەی مەسیحەوە، هێلکەیەکی سوور پێشکەشی هەریەکەیان بکە!

گوندنشینان شەربەتەکانیان خواردەوە و هەریەکێکیان هێلکەیەکی سووری هەڵگرت و چاوەڕوان ڕاوەستا. پاشان قەشە دەستێکی بە ڕیشە دوو پەلکییەکەیدا هێنا و کەوتە قسان:

– ڕۆڵەکانم، دوێنێ دوای نوێژ پێم گوتن کە ئێمە ئومێدی چیمان پێتانە. ساڵی ئایندە لە ڕۆژانی جێژنی زیندووبوونەوەدا دەبێ ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی تەمسیل لە گوندەکەمان سازدەین و هەمووان بە منداڵ و گەورەوە هیمەت بۆ سازدانی ئەو ڕێوڕەسمە بکەین. هەمووتان لەبیرتانە شەش ساڵ لەمەوبەر چ هەفتەیەکی شکۆدارمان ڕێکخست، چ گریانێك لەبەردەم خانی کلێسادا گریاین و چ ناڵەیەك لە سینەمان بەرزبۆوە! پاشان یەکشەممەی زیندووبوونەوە هات و ئیدی تەقینەوەی شادومانیی هەمووان! لە هەموو جێگایەك مۆم داگیرسێنرابوو. هەمووان ئامێزمان بەیەکدیدا دەکرد، هەمووان سەمامان دەکرد و دەمانچڕی:" مەسیح لەنێو مردووانەوە زیندووبۆتەوە!" هەمووان ببووینە برای یەکدی! برایانم، ئایا قایلن ساڵی ئایندە ڕێوڕەسمی

زیندووبوونەوەیەکی بەشکۆتر و جوانتر لەجاران سازدەین؟

گوندنشینان بەیەك دەنگ گوتیان:

– باوە قایلیین و بە دوعای خێرت نیازمەندین!

قەشە لە جێگاکەی هەستا و گوتی:

– ڕەحمەتی خوداتان لێبێت! ئێمەی ڕیش سپییان، ژمارەیەك کەسمان کە دەبێ پیشاندەری ئازارەکانی عیسا و حەوارییەکانی وەك پیلات، کاییف و خودی عیسا بن، هەڵبژاردوون. بەناوی خودا! کوستانتیس تۆ وەرە پێشەوە!

قاوەچیی چمکی بەرکۆشەکەی بەرزکردەوە و لەبن پشتوێنە پان و سوورەکەی ئاخنی و هاتە پێشەوە.

– .... کوستانتیس ئێمە تۆمان بۆ بینینی ڕۆڵی ژاکی حەواری، هاوڕێ خوشەویستەکەی مەسیح هەڵبژاردووە و ئەمەش ئەرکێکی دژوار و خوداییە. دەبێ هێند لە قەرەی ئەو ڕۆڵە بێیت کە نەبیتە مایەی شەرمەزاری قەدیس ژاك. کوستانتیس تۆ لەمڕۆوە دەبێ هەوڵ بدەیت ببیتە ئینسانێکی نوێ. هەڵبەت تۆ پیاوێکی باشیت،

بەڵام دەبێ هەوڵ بدەیت باشتر و سەر ڕاستتر و میهرەبانتر بیت. ڕێکوپێکتر بۆ کڵێسا بێیت و لەمەولا کەمتر جۆ بکەیتە قاوەکانتەوە. ئیدی بەرماوەی فنجانەکانت تێکەڵی یەکدی نەکەیت و بە خەڵکیان نەفرۆشیتەوە! ئیتر شیرینییەکانت نەکەیتە دوو کەرتەوە و هەر کەرتێکیان بە نرخی یەك شیرینی ساخ نەفرۆشیت! ئاگاداربە لەمەولا لە ژنەکەت نەدەیت. چونکم تۆ لەمڕۆ بەدواوە تەنها کوستانتیسی چایچی نیت، بەڵکو ژاکی حەواریت! تێگەیشتیت؟ ئەگەر تێگەیشتوویت بڵێ تێگەیشتم.

- تێگەیشتم.

ویستی بڵێ:" ئەوە من نیم لە ژنەکەم دەدەم، بەڵکو ئەوە ژنەکەمە لە من دەدات." بەڵام شەرمی کرد. قەشە پرسی:

- ئەدی میکیلیس لەکوێیە؟ گەرەکمان بەویشە.

یاناکۆس وەڵامی دایەوە:

- چووەتە موبەق تا قسان لەگەڵ کچەکەتا بکات.

باوە گریگۆریس فەرماندەرانە گوتی:

– بچن بەدوایدا. یاناکۆس خۆیشت وەرە پێشێ!

دێوەرە هاتە نزیك قەشە و دەستی قەشەی ماچ کرد.

– .... یاناکۆس ئەرکی تۆیش قورسە. تۆ دەبێ ڕۆڵی پەترۆسی حەواری ببینیت. ئاگاداربە! تۆ دەبێت زۆر زیندوو ڕۆڵی ئەو پیرەمێردە بەرجەستە بکەیت. ئەم غوسڵە، غوسڵێکی نهێنییە و تۆ یاناکۆس، ئەی خزمەتکاری خودا، بەم غوسڵە دەبیتە پەترۆسی حەواری. ئینجیل بخوێنەوە، خۆ کەمێك خۆنەواریت هەیە؟ بخوێنەوە تا بزانیت پەترۆسی حەواری کێ بووە؟ من خۆیشم بۆت باس دەکەم. یاناکۆس، گەرچی کەللەت وەك کەللەی بەراز پووتە، بەڵام دڵێکی میهرەبانت هەیە. پێوەندیی لەگەڵ ڕابردووتا ببڕە و خاچی ڕێگایەکی نوێ بگرە بەر. ڕێگەیەك کە بە خودا کۆتایی دێت. گرانجانیی مەکە، گۆشتی پشیلە لەبری گۆشتی کەروێشك مەفرۆشە و نامەی خەڵکی بۆ پەی بردن بە نهێنییەکانیان مەکەرەوە. گوێت لێیە چ دەڵێم؟ کەواتە بڵێ گوێم گرتووە و گوێ ڕایەڵ دەبم.

یاناکۆس لە ترسی ئەوەی قەشەی لەعنەتی هەموو نهێنییەکانی لەبەردەم خەڵکیدا ئاوەڵا نەکا، دەستەپاچە بۆ لای دیوارەکە کشایەوە و وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ باوە گوێم گرتووە و گوێ ڕایەڵ دەبم.

بەوجۆرە باوە گریگۆریس بەزەیی پێیدا هاتەوە و چ شتێکی تری نەگوت. بەڵام ئەوە بووە هۆی ئەوەی یاناکۆس غیرەت بیگرێ و بڵێ:

– باوە، داوای لێبوردنت لێدەکەم .... وابزانم لە ئینجیلدا باسی کەرێك کراوە، گەر هەڵە نەبم کاتێ مەسیح هاتە ئۆرشەلیم، بە سواری ئەو کەرەوە هات. کەواتە ئێمەیش پێویستمان بە کەرێك هەیە، حەز دەکەم کەرەکەی من ڕۆڵی ئەو کەرە ببینێت.

قەشە لەنێو پێکەنینی بەرزی ئامادەبووانەوە وەڵامی دایەوە:

– پەترۆس خواستەکەت هێنرایە دی.

لەهەمانکاتا میکیلیس هاتە ژوورەوە. ئەو گەنجێك بوو قەڵەو و بە گەشاوەیی گوڵی سوور!پەلکە گوڵێکی نابووە لا گوێی و ئەنگوستیلەی زێڕینی دەسگیرانیی لە

پەنجەدا و ئاوریشمێکی ئاودامان، تەواوی جەستەی پۆشیبوو. ساتێك لەوەوبەر دەستی ماریۆری نابووە نێو دەستی خۆی، هەر بۆیە هێشتا ڕوخساری سوورهەڵگەڕا بوو. قەشە بە شانازییەوە تەماشای زاواکەی کرد و گوتی:

– ئەمەش کوڕە نازدارەکەمان! میکلیس ئێمە هەمووان بەکۆی دەنگ تۆمان بۆ بینینی ڕۆڵی یەحیا، ئەو حەوارییە دلۆڤانەی مەسیح هەڵبژاردووە و ئەمەیش بۆ تۆ شانازییەکی گەورەیە. میکلیسی ئازیز، تۆ تا دوا لەحزە، وات تا بەردەم خاچ لەگەڵ مەسیحدایت. ئەوە لەکاتێکدا کە حەوارییەکانی تر هەموویان دەسبەرداری دەبن. مەسیحیش دایکی خۆی تەنها بەتۆ دەسپێرێت.

میکلیس کە لە شادومانییدا خوێن زابووە ڕوخساری، گوتی:

– دۆعای خێری تۆم لەگەڵ بێت باوە. دەزانیت من هەر لە منداڵیمەوە شەیدای ئەیکۆنی ئەم قەدیسە بووم، ئەو جاحێڵ و جوان و میهرەبان و منیش خۆشم دەویست.

باوکە سوپاست دەکەم. ئاخۆ داواکارییەکت هەیە کە پێویست بێت بە منی ڕابگەیەنیت؟

– نا میکلیس. ڕۆحی تۆ بە پاقژیی ڕۆحی کۆترە و دڵت لێوانلێو لە عیشقە. تۆ نابیتە مایەی سەرشۆڕیی ئەو حەوارییە. دوعای خێری منت لەگەڵ بێت!

دوای بێدەنگییەکی کورت، قەشە هەڵۆئاسا لە ڕوخساری گوندنشینان وردبۆوە و گوتی:

– پانایۆتیس نزیك بەرەوە. گەرەکمە ئەرکێکیش بە تۆ بسپێرم.

پانایۆتیس، زل وەکی گایەك کە بیەوێت لە کۆتی گاسن قوتاری بێت، شان و ملە ئەستوورەکەی ڕاوەشاند و یەکەمجار بۆ ساتێك ویستی هاوار بکات:" نا، نایەم"، بەڵام شەرمی لە ڕیش سپییان کرد و بە قورسیی ورچێك پێی هێنایە پێشەوە:

– باوە گوێم لە فەرمانی ئێوەیە!

– خزمەتێك لە تۆمان چاوەڕێیە هەڵبەت خۆش نییە. بەڵام نامەوێ بڵێیت نا، چونکە گەرچی ڕوخسارت توندوتیژ و نەفرەتاوییە، بەڵام دڵێکی هەستیارت هەیە.

تۆ وەکی بادام وایت کە توێکڵێکی سەخت بەڵام ناوکێکی شیرینت هەیە .... پانایۆتیس لە مەبەستەکەم تێدەگەیت؟

– بەڵێ گوێم لێتە. خۆ کەڕ نیم.

وای گوت و ڕوخساری لە ڕقدا سوور هەڵگەڕا. ئاخر سەرنجیدابوو کە ئیشێکیان پێیەتی و ئەمیش ڕقی لە فێڵ و تەڵەکەبازیی بوو. قەشە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– بەبێ یەهوزا لەخاچدان چ مانایەکی نییە. بۆیە دەبێ یەکێك گیانیفیدایی بنوێنێ و ڕۆڵی یەهوزا ببینێ. ئێمە قورعەمان بۆ ئەم کارە ڕاکێشاوە و پانایۆتیس قورعەکە بەناوی تۆوە دەرچووە!

گەچخۆر مشتی هێنایەوە یەك و یەکلاکەرەوانە گوتی:

– من نابمە یەهوزا!

– بڕۆ بە دۆزەخ! لێرە هەر کەسێك ناتوانێ دڵی هەر هەڵەیەکی بوێ بیکات. ئێرە ئەنجومەنی ڕیش سپییانە، خۆ کەربازاڕ نییە! بڕیارێك ڕیش سپییان داویانە بێنەوبەردە هەڵناگرێ و جگە لە گوێڕایەڵیی چ

ڕێگەچارەیەکی ترت نییە. گوێت لێیە ئەی پیاوی گەچخۆر؟

– ڕێزم بۆ ئەنجومەنی ڕیش سپییان هەیە، بەڵام ئامادە نیم خیانەت لە مەسیح بکەم. من ئەوە قەبوڵ ناکەم.

خودان لە تووڕەییدا قوڕگی نووسابوو، نەیدەتوانی قسان بکا و ئیدی ناخودا بە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە، هەمدیس جامەکەی پڕکردەوە. قەشە بەزەحمەت، نەوای قسەکانی نەرم کرد و گوتی:

– پانایۆتیس، پێدەچێ تۆ لە قوماشێکی تر بیت بۆیە ئاوها هەموو شتێك لنگەوقووچ دەبینیت. خۆ شەخسی تۆ خیانەت لە مەسیح ناکەیت. تۆ دەبێ بە ڕووکەش خیانەت لە مەسیح بکەیت تا ئێمەیش بتوانین لە خاچی بدەین. بۆ ئەمەش دەبێت خیانەتی لێبکرێت ... کەواتە دەبینیت کە بۆ ڕزگارکردنی دونیا، بوونی یەهوزا لە تەواوی حەوارییەکان پێویست ترە. دەبێت بزانیت کە ئەگەر هەریەك لە یازدە حەوارییەکەی تری مەسیح نەبێت، چ زەبرێك بەر ڕوداوەکان ناکەوێت، بەڵام ئەگەر یەهوزا نەبێت ئیدی هیچ شتێك بەرەو پێشەوە ناڕوات...

هەر بۆیە دوای خودی مەسیح، گرینگترین کەسێتیی یەهوزایە و جگە لەو کەسیتر نییە! ئێستا تێگەیشتیت؟

پانایۆتیس لەکاتێکدا هێلکە شکاوەکەی لەنێو دەستانیدا دەگوشی، وەلامیدایەوە:

– من نابمە یەهوزا! ئێوە دەڵێن ببەرە یەهوزا، منیش دەڵێم نابم. تەواو و بڕایەوە!

مامۆستایش بەنۆرەی خۆی هاتە نێو شەڕەکەوە و گوتی:

– ئەرێ باوکم پانایۆتیس تۆ پیاوێکی باش بوویت. وەرە و لوتفێکمان بەرامبەر بنوێنە و ڕۆڵی یەهوزا ببینە و ناوی خۆت نەمرکە.

کاپتن لەکاتێکدا کە لێوی دەسڕی، درێژەی بە قسەکانی مامۆستادا:

– لاداسی پیر تکات لێدەکا و بەڵێنت پێدەدا بۆ ئەو قەرزەی کە لاتە زۆرت بۆ نەهێنێ. بێ لەوە سووەکەیشیت لێوەرناگرێت ...

بەلام پیرەمێردی پیسکە بە تووڕەیی هاواری کرد:

– کاپتن خۆت وەرمەدە کارێك کە چ پێوەندی بەتۆوە نییە. من قسەی وام نەکردووە. پانایۆتیس تۆیش ڕێگایەك هەڵبژێرە کە خودا پێی خۆش بێ. من چاو لە سووی قەرزەکە ناپۆشم.

بێدەنگیی باڵی کێشا. جگە لە هەناسەی توندی پانایۆتیس کە دەتگوت بە چیادا هەڵدەگژێت، چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا. کاپتن جارێکی تر هاتەوە قسە:

– نابێ کات بەفیڕۆ بدەین. ڕێگە بدەن جوان بیری لێبکاتەوە و مەسەلەکە لای خۆی تاووتوێ بکات. کارەکە بەم سانایییەش نییە. یەهوزا بوون کارێکی هەوانتە نییە و پێویستی بە بیرلێکردنەوە و بە جورئەتەوە بڵێم گەرەکی بە نەختێك مەی نۆشیش هەیە. مانۆلیۆس لەکوێیە؟ هەر بەڕاست با لەکورتی ئەم مەسەلەیە ببڕینەوە تا پاشان ببینین چ دەبێت.

یاناکۆس وەڵامی دایەوە:

– خەریك بوو دڵی بە لێنێو دەدا و گورچیلەی وەردەگرت. ئەو ناتوانێ لە دەسگیرانەکەی جوێ بکرێتەوە!

بەڵام مانۆلیۆس کە بەرلەوە بە بێدەنگیی هاتبووە ژوورەوە و لەکاتێکدا ڕەنگی پێنەمابوو، گوتی:

– باوکی ڕۆحانیی، ڕیش سپییانی بەڕێز، من لێرەدا گوێ بە فەرمانی ئێوە ڕاوەستاوم.

باوە گریگۆریس بە ئاوازێك کە هەنگوینی لێدەتکا، گوتی:

– وەرە مانۆلیۆسی میهرەبان! وەرە با بەرەکەتت بدەم.

مانۆلیۆس نزیکی قەشە بۆوە و دەستی ماچ کرد. ئەو گەنجێك بوو ڕەشداگەڕاو، شەرمن و جلکی شڕشوپڕی لەبەردا. بۆنی پونگە و شیری لێدەهات و چاوە شینەکانی پڕ بوون لە پاکیی و سەفا. قەشە بە نەوایەکی شکۆدار گوتی:

– مانۆلیۆس. قورسترین ئەرك لەسەر شانی تۆ نراوە. خودا تۆی هەڵبژاردووە تا بە جەستە و دەنگ و فرمێسکەکانت هەمدیس کتێبی پیرۆز زیندوو بکەیتەوە... ئەمە تۆیت کە دەبێ تاجی دڕك بنێیتە سەرت و قامچی لە جەستەت بدرێ. تۆ خاچی پیرۆز لەکۆڵ دەنێیت و لەپێناویدا لەدار دەدرێیت. لەمڕۆوە تا

ساڵێکی تر، تا هەفتەی پیرۆز تەنها بیر لە یەك شت بکەوە، ئەویش ئەوەیە چۆناوچۆنی شایستەی بەرگەگرتنی باری قورسی خاچ دەبیت.

مانۆلیۆس بە چرپە گوتی:

– من شایستەی نیم ...

– هیچ کەس شایستەی نییە. بەڵام بەهەرحاڵ ئیدی خودا تۆی هەڵبژاردووە.

مانۆلیۆس جارێکی دی بە چرپە گوتی:

– من لەقەرەی ئەوە نایەم. من دەسگیراندارم. دەستم بە ژن ئاڵوودەیە و گوناهەکەی لە فیکر و هەستمدا جێی خۆی گرتووە. وێڕای ئەمەش من تا چەند ڕۆژێکی تر ژن دێنم... ئیدی چۆن دەتوانم باری سەرسوڕهێنەری مەسیح لەکۆڵ بنێم؟

قەشە بە نەوایەکی وشك وەڵامی دایەوە:

– سەرپێچی لە ئیرادەی خودادا مەکە! هەڵبەتە تۆ لیاقەتی ئەو کارەت نییە. بەڵام خودا بەخشندەیە و دەبەخشێت. میهرەبانە و هەڵدەبژێرێت. ئەوە کە ئەرکی تۆیشی هەڵبژاردووە. کەواتە بێ ئەملاولا گوێڕایەڵیی بە!

مانۆلیۆس بێدەنگ مایەوە، بەڵام دڵی هێند لە شادومانیی و لەهەمان کات ترسدا، وەتەپە کەوتبوو کە ئیدی لەوەدابوو لە سینگی بێتە دەرەوە. لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد. باران خۆشی کردبۆوە. دەشت تا دوورایییەکان، ئارام و تەمومژاویی خۆی دەنواند و ڕەنگە سەوزەکەی بەهۆی بارانەوە درەوشاوەتر ببوو. کەمێ تەماشای ژوورتری کرد و بە بینینی پەلکەزێڕینەیەکی گەورە، کە خشڵ ئاسا وەك پردێك هەورەکانی ئاسمانی بە ئەرزەوە دووری بوو، سەری سوڕما. پاشان دەستی نایە سەر سینگی و لە دڵی خۆیدا گوتی:" هەرچی خودا بیەوێت."

باوە گریگۆریس فەرمانیدا:

- ئێستا هەر سێ حەوارییەکە بێنە پێشێ! مەترسە! ناتانخۆم. هەمووتان وەرنە پێشێ تا بەرەکەتتان بدەم!

هەر چواریان چوونە پێشێ و لە هەردوو ئاراستەی مانۆلیۆسدا ڕاوەستان. قەشە دەستی نایە سەر سەریان و گوتی:

- بەناوی خودا بەرەکەتتان دەدەم و ئومێدەوارم بای ڕوحلقودس بەسەرتانا هەڵبکات. هەروەك چۆن لەبەهاردا خونچە توێکڵی درەخت دەدڕێنێ و سەر دێنێتە دەرێ، دڵی ئێوەیش ئاوها، تەنانەت گەر بە ڕەقوتەقیی قەدی درەختێکیش بێت، غونچەی لێ بێتە دەرێ! ئایا دەکرێت ئومێد هەبێت ئەم موجیزەیە ببێتە ڕاست کاتێ ئیمانداران لە هەفتەی پیرۆزدا دەتانبینن، بڵێن:" ئاخۆ ئەمە یاناکۆسە؟ ئەمەش کوستانتیسە؟ ئەمەشیان میکیلیسە؟ نا، نا، ئەمە پەترۆسە، ئەوەشیان ژاك و ئەوەی تریش یەحیای غوسڵدەرە!" ئومێدەوارم ئەو ساتەی مانۆلیۆس بە تاجی دڕك بە سەر سەرەوە دەبینن کە بە یاڵی جەلجەتادا هەڵدەگژێ، نوقوم بن لە ترسدا و جارێکی تر ئەرز بکەوێتە لەرە، خۆر بیگرێ و پەردەی عیبادەتگای دڵ لاچێ و فرمێسك، چاوانی خەڵکیی تەڕ بکا. ئیدی هەمووان بە یەکجار بۆیان دەردەکەوێت کە هەموو مرۆڤەکان برای یەکدیین. لەو ساتەدایە کە مەسیح نەك لە بانیژەی بەردەم کڵێسا، بەڵکو لە دڵی ئێمەدا دووبارە زیندوو دەبێتەوە. ئامین!

سێ حەوارییەکە و مانۆلیۆس هەستیان دەکرد جەستەیان نیشتۆتە سەر ئارەقەیەکی سارد و ئەژنۆیان سست بووە. ئەوان ترسێکی قووڵ باڵی بەسەردا کێشابوون. پێدەچوو بازێك بێ جووڵە، سێبەری باڵە گەورەکانی بەڕۆحیانا دابێت. دەستیان بێ ئیرادە بەشوێن یەکدیدا دەگەڕان و لێکدەئالاًن و بەرامبەر مەترسیی ببوونە زنجیرێك. تەنیا پانایۆتیس مشتی هێنابۆوە یەك و و ئامادە نەبوو دەستی کەسەکەی لایەوە بگرێت. چاو لە دەرگا و چاوەڕێی دەرفەت بوو تا هەرچی زووە مەسەلەکە کۆتایی بێت. قەشە درێژەی بە قسەکانیدا:

– ئێستا بڕۆن بەلای کاری خۆتانەوە و ڕەحمەتی عیسا یار و یاوەرتان بێ! هەنووکە ڕێگایەکی تازە لەبەردەم ئێوەدا کراوەتەوە. ڕێگایەکی زۆر دژوار. دەی خاچ بکێشن و خودا پشتیوانتان بێت!

هەمووان بۆ قەشە چەمینەوە، سلاّویان لە ڕیش سپییان کرد و لە دەرگاوە ئاودیو بوون. ڕیش سپییانیش بەنۆرەی خۆیان لە جێگانیان هەستان و بە تەقاندنی

جومگەکانیان، ماندووییان لە جەستە دەردەکرد. خودان گوتی:

– باشە. سوپاس بۆ خودا هەموو شتێك بەباشی تێپەڕی. باوە، باش دەرەقەتی هەمو شتێك هاتیت! ئێمەیش سەربەرز دەبین. دوعاش بۆ ئێمە بکە!

بەڵام ڕێك لەو ساتەدا کە ڕیش سپییان دەیانویست بچنە دەرەوە، کاپتن تۆفان دەستی کێشا بەپێی خۆیدا و بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– هەی داد هەی بێداد! بیرمان چوو یەکێکیش بۆ ڕۆڵی مادلین هەڵبژێرین.

خودانی پیر لەکاتێکدا کە لەسەریەك ئاوی دەمی قووت دەدایەوە، گوتی:

– خەمت نەبێ کاپتن. من خۆم بەدوای ئەو ژنەدا دەنێرم و قسانی لەگەڵ دەکەم ...

ئەوسا زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

– ... گرەویش دەکەم قاییلی دەکەم.

قەشە گوتی:

– گەر خەیاڵی ئەوەت هەیە گوناه بکەیت و لە خوداش ناترسیت، ئەوا لانی کەم بەرلەوەی ئەم مەسەلەیەی لا باس بکەیت، گوناهەکەت بکە. چونکە هەر کە قاییل بوو، ئەوا ئیتر نزیکبوونەوە لێی بە گوناهێکی گەورە دەژمێردرێت. تێدەگەیت؟

خودان کە دەتگوت لە خەتەرێکی گەورە ڕزگاری بووە، نەفەسی تازە کردەوە و گوتی:

– باش بوو قسەت کرد باوە!

*

کاپتن تۆفان لەهەمان کاتدا کە بە تەنێ و بەگۆچانەکەی دەستییەوە، قورس بەسەر و خوارکەکەدا بەرەو ماڵی ئاغا کە بۆ فراوین داوەتی کردبوو، دادەبەزی، لەبەرخۆیەوە گوتی: نەفرەتی خودا لە هەمووومان بێ! ئەم کارانە دڵی پاکی گەرەکە و ئێرەیش سودوم و گمۆرەیەکە بۆ خۆی! قەشەکەمان خۆی سووخۆرێکی گەورەیە. کڵێسای کردۆتە دوکان و مەسیحی تێدا هەڕاج

دەکا. ئەم کابرا بیژییە لاڤ ئەوە لێدەدات کە هەموو نەخۆشییەك هەتوان دەکا. لەویان دەپرسێت:" نەخۆشیەکەت چییە؟" ، کاتیٰ دەڵیٰ :" درۆم کردووە "، گرامێك مەسیحی دەداتیٰ و هێند بڕە پارە وەردەگرێت. لەویتریش دەپرسێت:" تۆ چ نەخۆشییەکت هەیە؟" کاتیٰ وەلامەکە دەبیستیٰ کە:" دزیم کردووە." ئیدی دە گرام مەسیحی دەداتیٰ و هێند بڕە پارە وەردەگرێت. کاتیٰ یەکێك دەڵیٰ پیاوم کوشتووە، قەشە دەڵیٰ:" ئای نەگبەت تۆ دووچاری نەخۆشییەکی سەخت بوویت و دەبیٰ هەموو شەوێك بەر لەنووستن دووسەد و پەنجا گرام مەسیح بخۆیت، هەڵبەت نرخەکەی گرانە و پارەکەی ئەوەندە دەکات." کاتیٰ مشتەری دەپرسیٰ:" باوە بۆم کەم ناکەیتەوە؟ وەلامدەداتەوە:" پارەکەی هەر ئەوەندەیە کە گوتم. پارەکە بدە تا لە دۆزەخدا نەبرژێنرێیت." لەوکاتەدا وێنەگەلێك کە لە دوکانەکەیدا بە دار و دیوارەوە هەڵیواسیون و نیشاندەری مالیکانی دۆزەخن، چەنگاڵ بەدەست لەنێو ئاگردا ڕاوەستاون، پیشانی

مشتەرییەکەی دەدات و ئیدی مشتەری داماو کە لەترسا زەندەقی چووە، پەلەپەل پارەکە دەدات.

پاتریارکاسی پیر کە ڕێك لە بەرازێکی ڕاستەقینە دەچێ. تەواوی قلافەت و تەنانەت کەللەشی بووەتە یەك ورگی زل. ئەگەر تەواوی هەموو ئەوەی کە بەدرێژایی ژیانی خواردوویەتی لەلایەکدا دانرێت و ئەوەی کە کردوویەتییە گەنوگوو لەلایەکی تر دانرێت، دەبێتە دوو تەپۆڵکەی گەورەی پیسایی. دواجار دەبێت ڕۆژێك لەنێوان ئەم دوو تەپۆڵکە پیسییەدا، لە حزوری دادی ئیلاییدا ئامادەبێت.

هاجینیکۆلیس مامۆستای داماوی گوندیش نیوە ئینسانە! لەگەڵ ئەوەدا هەژار، ناشیرین، ترسنۆك و عەینەك لەچاوییشە، کەچی خۆی بە ئەسکەندەری گەورە دەزانێت. بەو تەپلە مقەباییەوە کە دەینێتە سەری، مێشکی منداڵانی پڕ لە شتی پڕوپووچ کردووە. هەڵبەت زۆر گرینگ نییە چونکە دواجار مامۆستایە.

لاداسی پیری پارە پەرستیش کە نە غیرەتی هەیە، نە موقەدەسات و هەمیشەیش برسیی، کەچی لەسەر

کوپەڵە شەراب و گۆزەی پڕ لە زەیتی زەیتوون و فەردە پڕ لە ئاردەکانی دادەنیشێت. ئەمە ئەو کەسەیە کە شەوێکیان کاتێ میوانیان ببوو، بە ژنەکەی گوتبوو:" ژنەکە لەبەرئەوەی پێنج کەسین، هێلکەیەکمان بۆ بکوڵێنە." خۆی قەت هیچ ناخوات، هیچ ناخواتەوە، پێ پەتی و شڕپۆش دەگەڕێ. بۆچی؟ لەبەرئەوەی گەرەکییەتی بەدەوڵەمەندیی بمرێت. بەخودا جوانە! ئەدی سەبارەت بەخۆم چی؟ مەخلۆقێك کە تەنها بۆ مردن باشم. دەبێ بە مەقاش تەوقەم لەگەڵدا بکرێت تا دەستیان پیس نەبێت. ئای لەو هەموو ڕەزالەت و مەیخۆریی و دزی و پیاوکوشتن و فسق و فجورەی لە ژیانمدا کردوومن! نازانم ئەو هەموو کاتەم بۆ کردنی ئەو کارانە لە کوێ هێناوە. دەبێ بەدەست، پێ، دەم، ڕان و هەموو ئەو ئەندامانەی کە بەو باشییە ئەرکی خۆیان ئەنجام داوە، ئافەرین بگوترێت و بەرەکەتیان بدرێت!

کاپتن تۆفان هەروا لەگەڵ خۆیدا لەژێر لێوەوە دەدوا و گۆچانەکەی بە بەردەکاندا دەکێشا و دەچووە پێش تا گەیشتە بناری یاڵەکە. کڵاوە ئارەقەکردووەکەی

داگرتبوو، گرتبووی بە دەستییەوە و دەڕۆیشت تاگەیشتە ماڵی ئاغا. لەجێگای خۆیدا ڕاوەستا و تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی. ئاخر ئەو هەمیشە بۆ هەڵمژینی تووڕەیی خۆی، تفی دەکرد. بیری دکردەوە کە بەم کارە تفی لە تەواوی خاکی تورکیا کردووە و چمکێك لە ئاڵای ئازادی بەرزکردۆتەوە و بۆ تاوێك لە قەیدی کۆیلایەتی ڕزگاری بووە. هەر بۆیە تفی ڕۆکردە سەر ئەرزەکە، توڕەیی خۆی خواردەوە و لە دەرگاکەیدا. دەمی بەجۆرێکی بەتام ئاوی کردبوو، ئاخر دەڕۆیشت تا باش بخوا و باش بخواتەوە. ئاغا پیاوێکی باش و بە باشیی پێشوازی لە میوانەکانی دەکرد. هەردووکیان مێزەری تەڕیان لە سەری خۆیان دەپێچا تا سەریان نەئێشێ و بتوانن جامە پەرداخ ئاساکانیان هەڵبڕن.

دەنگی پێی ورد و پێڵاوی تەختەیی لە حەوشەوە هاتە گوێ و دوای ساتێك دەرگا کرایەوە. مارتا، پیرێژنی پشتکۆم و کارەکەری ئاغا پێشوازیی لێکرد و گوتی:

– کاپتن، ئەگەر بڕوات بە مەسیح هەیە، ئەوا هەمدیس مەکەوە مەینۆشیی! ئیدی بەدەستی ئێوەوە خەریکە ڕۆحم دەردەچێ!

کاپتن بە پێکەنینەوە پشتە کۆمەکەی مارتای نەوازش کرد و وەڵامی دایەوە:

– مارتا گیان خەیاڵت ئاسوودە بێت. ئێمە ناخۆینەوە، خۆ ئەگەر بیشخۆینەوە ئەوا نارشێینەوە! بەڵێن دەدەم ژوورەکە پیس ناکەم ....

وایگوت و ئیدی دوای گوتنی ئەم قسانە، لەخۆباییانە خۆی بە ماڵدا کرد.

# 2

دەوروبەری عەسر، مانۆلیۆس و سێ حەوارییە هەڵبژێردراوەکە بە پیاسە بەرەو چۆمی ڤۆیدۆمانا کە لەنزیك ئاواییەوە بوو، ڕۆیشتن تا لەگەڵ یەکدیدا بدوێن. بەدوای کونجێکی چۆڵدا دەگەڕان تا بتوانن بە خەیاڵێکی ئاسوودە دەردی دڵێك بۆ یەکدی بکەن. هەرکامیان هەستی دەکرد کە دڵی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گیراوە و وەك لەحزەکانی دوای ڕێوڕەسمی خوانی خودایی سووکە لەرزێك بە قوڵایی بوونیدا ڕۆچووە. باران خۆشی کردبۆوە. درەخت و بەردەکان دەدرەوشانەوە. فەزا سیخناخ بوو بە بۆنی ئەرزی تەڕ. قومرییەکی مەست دەیچریکاند. خۆر لە گەرمای خۆی کەم کردبۆوە و دڵسۆزانە ئەرزی نەوازشت دەکرد. هەموو شتێك دڵگیر و میهرەبان خۆی دەنواند. هەنووکە تنۆکێ

باران لەسەر گەڵای درەختەکان دەلەری و دونیای شێداری دوای باران، هەم پێدەکەنی و هەم دەشگریا.

چوار هاوڕێکە ماوەیەك بە بێدەنگیی هەنگاویان نا و بەسەر گژوگیای تەڕی کوێرە ڕێ و باغەکاندا ڕۆیشتن. درەختەکان گوڵیان کردبوو. گوڵی سپی لەنێوان گەڵای سەوزی تۆخی دارلیمۆکاندا دەدرەوشایەوە. دەتگوت شەوی پێش ڕۆژی زیندووبوونەوەیە و سەرانسەری ئەرز پڕ لە فرمێسك و ئەو گوڵە بۆنخۆشانەیە کە ڕۆژی هەینی پیرۆز لەسەر جەنازەی حەزرەت دادەنرێن. شنەیەکی فێنك نەونەمامە جحێڵەکانی گەشە پێدەکردن و تەنانەت گچکەترین پەلکەکانیانی سەرمەستی شکۆفە دەکرد.

دواجار کوستانتیس بێدەنگییەکەی شکاند و بە ئازارێکی تاساوەوە گوتی:

– قەشە بارێکی قورسی ناوەتە کۆڵمان. خودا بکا بتوانین لە قەرەی بێین! بیرتان دێ کاتێ دوایین جار مامۆستا کارالامیس ڕۆڵی مەسیحی بینی؟ وی پیاوێکی بە دیسپلین و باوکێکی باش بۆ خێزانەکەی بوو. بەڵام بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە لیاقەتی هەڵگرتنی خاچی هەیە و

دەتوانێت وەکی مەسیح بژی، بۆیە هێند فشاری بۆ خۆی هێنا کە دواجار ئەقڵی لەدەستدا. لە هەمان ڕۆژی هەینی پیرۆز کە تاجی دڕکی نایە سەر و خاچەکەی نایە کوڵ، هەموو کەسێك و هەموو شتێکی جێهێشتن و بۆ دەیری قەدیس ژۆرژ دی ساومێلا لە نزیك ترێبۆزۆندێ ڕۆیشت و لەوێ بووە ڕاهیب. ئیدی خێزانەکەی لێکبەرهەڵوەشا. ژنەکەی مرد و منداڵەکانیشی کەوتنە کۆڵان. مانۆلیۆس تۆ مامۆستا کارالامیست لەیادە؟

بەڵام مانۆلیۆس بێدەنگ و گەرچی قسەکانی کوستانتیسی دەژنەفت بەڵام خەیاڵی لە شوێنێکی تر و لە ئەندێشەیەکی قووڵدا ڕۆچوو بوو. شوانەی جاحێڵ تاقەتی نەبوو قسان بکا و ڕێی گەرووی بەسترابوو. ئاخر ئەوەی لە تاڤ منداڵییەوە ئاواتی بۆ خواستبوو، کاتێك لەبارەی ژیان و موجیزەی قەدیسانەوە گوێی بۆ قسەکانی باوە ماناسیس ڕادێراو و ئەوەی لەو قەشە پیرەی ژنەفتبوو، چەندین جار ئاواتی خواستبوو کە ئەم خۆی لە جێگای ئەوان با، کەچی وا ئێستا خودا ئەو ئاواتەی بۆ هێنابووە دی، ئاواتی ئەوەی پێ بنێتە سەر

ڕێگای قەدیسانی شەهید و لە وەسوەسەگەلی دەروونی خۆی بەدوور بگرێ و ژیانی بە ساقەی ئیمانی مەسیح بکا و پێکەوە لەگەڵ شمەکەکانی شەهادەتدا، واتە تاجی دڕك و خاچ و پێنج بزماردا، بچێتە بەهەشتەوە.

میکیلیس بۆ حەشاردانی نیگەرانیی شاراوە و بێهودەییەك کە باڵی بەسەر بوونیدا کێشابوو، زەردەخەیەکی بە نیشانەی گاڵتەجاڕی هاتێ و پرسی:

– پێتوایە ئێمەیش شێت دەبین؟ واتە بڵێیت ئێمەیش خەیاڵی ئەوە لە کەللەمان بدا کە هەر بەڕاستیی لە حەوارییەکانین؟ خودایە پەنامان بە تۆ!

یاناکۆس بەدەم سەرلەقاندنەوە، لە وەڵامدا گوتی:

– لە کوێوە بزانم؟ ئینسانیش هەروەك مەکینە ناسکە و سیستمەکەی بە ئاسانی تێکدەچێت. هەر برووغوویەکی شل بێتەوە ....

دواجار گەیشتنە گوێ چۆمی ڤۆیدۆمانا و ڕاوەستان.

نەورەسگەلی کێویی بەسەر ئاوی سەوزی تۆخی چۆمەکەوە کە چواردەوری بە قامیشەلانێکی چڕ گیرابوو، دەفڕین و دەنیشتنەوە. دوو لەقلەق هێور و قورس

هەڵدەفڕین و بەژوور سەریاندا تێدەپەڕین. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو. هەر چوار هاوڕێکە بێدەنگ بوون. لەبەرامبەر چاوانیاندا خۆرئاوابوون سێبەری بەسەر چۆمێکی دابڕاو لەدونیادا دەکرد، بەبێ ئەوەی ئەمان سەرنجی لێبدەن. خەیاڵیان دوور بوو لەوەی دەگوزەرا و سەخت ببوونە نێچیری دردۆنگییەکی نائاسایی. تا ئیدی دواجار یاناکۆس هاتە قسە:

– کۆستانتیس، لە ڕاستیدا ئەرکێکی قورس و دژوارمان خراوەتە ئەستۆ. نازانم چۆن واز لەو خووە خەراپەم بێنم؟ خودا بۆ خۆی چاو لە گوناهەکانم بپۆشێت. باوە گریگۆریس دەڵێ لە مامڵەدا گرانجانیی نەکەم، زەرفی نامەی خەڵکی نەکەمەوە و پێی وایە ئەوە کارێکی ئاسانە ... بەڵام ئاخر ئەگەر لە مامەڵەدا دەست داگرم ئیدی چۆن پارە کۆکەمەوە و ڕۆژێکیش هەروەك خەڵکی تر شتێك بەشتێك بکەم؟ یان ئەگەر نامەکان نەخوێنمەوە ئاخر ئیدی کات بەچییەوە بکوژم؟ من کاتێ ژنە داماوەکەم مرد ئەو خووە دزێوەم گرت، خودا بۆ خۆیشی شاهیدە کە هیچ مەبەستێکی خەراپم نییە.

تەنها لەبەر تەمبەڵییە و هیچی تر ... ئەمە تەنها شتێکە کە خۆمی پێ سەرگەرم دەکەم و هەروا سەرگەرمیی کەرە نازدارەکەیشمە کە ئومێدەوارم ئیقبالی بەرز بێت! کاتێ لە دێوەرەریی لە گوندەکان دەگەڕێمەوە و دەرگای ژوورەکەم دادەخەم، ئاو گەرم دەکەم و بە هەڵمەکەی سەری زەرفی نامەکان دەکەمەوە و هەر هەموویان دەخوێنمەوە تا بزانم ئەو خەڵکە چ دەکەن و خەریکی چیین، پاشان هەمدیس سەری زەرفەکان دادەخەمەوە و بەیانی هەمان ڕۆژ دەیانگەیەنمە دەستی خاوەنەکانیان. وا ئێستایس قەشە هاتووە و دەڵێ .... پەنا بەخودا! وەك ئەوەی لە گورگ داوا بکەیت ببێتە مەڕ. خودایا بۆ خۆت لە گوناهەکانم خۆشبە!

میکیلیس کە لە وەزعی خۆی دڵخۆش بوو، زەردەخەنەیەکی هاتێ و دەستێکی بە سمێڵە ڕەشە کورتەکەیدا هێنا. ئاخر ئەو دزیی نەدەکرد، نامەی خەڵکی نەدەخوێندنەوە و باوە گریگۆریس چ ڕەخنەیەکی لە کارەکانی نەبوو، هەر بۆیە هەناسەیەکی هەڵکێشا و کیسە تووتەکەی لەگیرفانی دەرهێنا و بۆ

هاوڕێکانی ڕایەڵ کرد. هەریەکەیان سیگارێکی ئەستووری پێچایەوە، دایانگیرساند و کەوتنە کێشانی. جارێکی دی بێدەنگیی باڵی کێشایەوە. بەڵام میکیلیس نەیتوانی خۆشحاڵیی خۆی وەدیارنەخا و دواجار خۆنەویستانە گوتی:

– خۆشبەخاتە قەشە گوتی کە من هیچ خوویەکی خەراپم نییە تا ناچار بم دەسبەرداری بم. من بەو جۆرەی کە هەم نابمە مایەی نەنگی ئەو حەوارییەی ڕۆڵەکەی دەبینم.

بەڵام زۆر زوو بەخۆیدا هاتەوە و لە حەژمەت شەرم ڕوخساری سوورهەڵگەڕا. ئاخر ئیتر زۆر درەنگ بوو، چونکە ئەوەی نەدەبوو بیڵێ گوتبووی. مانۆلیۆس سەری بەرەو لای وەرگێڕا و سەرنجێکی توندی لێدا. یەکەمجار هەوڵیدا ئەندێشەی خۆی نەخاتە ڕوو، چونکە میکیلیس کوڕی خودانەکەی بوو. بەڵام زۆر زوو بیری کەوتەوە کە لەو ڕۆژە بەدواوە ئیدی ئەو تەنها مانۆلیۆسی شوان نییە بەڵکو کەسێکی گەورەتر و شایستەترە. بۆیە غیرەتی دایە بەر خۆ و گوتی:

– لەگەڵ ئەوەشدا خودان، کێ چوزانێت، ڕەنگە باشتر بێ تۆیش زۆر لە خووەکانی خۆت بگۆڕیت! بۆ نموونە کەمتر بخۆیت و زیاتر لە خەمی گوندنشینە برسییەکانا بیت. کەمتر لە خەیاڵی خۆ ڕازاندنەوەدا بیت. کەمتر جلکی ئاوریشم لەبەرکەیت و کەمتر پێڵاوی تازە لەپێ کەیت. بیر لە خەڵکانێکیش بکەیتەوە کە زستانان لە سەرمادا هەڵدەلەرزن. جارناجار ئەمبارەکانی ماڵەوە بکەیتەوە و کۆمەکی هەژاران بکەیت ... خودا بۆ خۆیشی بەرەکەتتان دەدا!

میکیلیس کە لەو ئەندێشەیە زەندەقی چوو، گوتی:

– ئەگەر بابم سووسەی ئەوە بکا کە خێر بە هەژاران دەکەم، چ ڕوودەدا؟

مانۆلیۆس وەڵامی دایەوە:

– تۆ بۆ خۆت ئیدی بوویتەتە پیاو! بیست و پێنج ساڵەیت و منداڵ نیت. مەسیح لە باوکت گەورەترە. ڕاستییەکەی ئەو بابی تۆیە و قسەی وی دەخوات.

میکیلیس حەپەساو تەماشای خزمەتکارەکەی کرد، لەبەرئەوەی ئەوە یەکەمینجار بوو هێند چاوقاییمانە

لەگەڵیدا دەپەیڤی، بۆیە لەفیکرەوە چوو:" لەو ساتەوەی بۆ ڕۆڵی مەسیح هەڵبژێردراوە لە خۆی گۆڕاوە. دەبێ بە بابم بڵێم تەمبێی بکا ..."

ئەوسا بە تووڕەیی سیگارەکەی تووڕدایە سەر ئەرزەکە و وەڵامی نەدایەوە. کۆستانتیس گوتی:

– وابزانم یەکەمین ئیشێك بیکەین ئەوەیە ئینجیلێك بکڕین تا بتوانین ڕۆڵەکانی خۆمان ئەزبەرکەین.

میکیلیس گوتی:

– ئێمە لە ماڵەوە ئینجیلێکی گەورەمان هەیە کە لە باپیرەگەورەمەوە بە یادگار بۆمان ماوەتەوە. بەرگەکەی لە پێستی بەراز دروستکراوە و بە تەختە تەجلید کراوە، ڕێك هەروەك قەڵا قوفڵ و کلیلی هەیە. کاتێ دەرگاکەی دەکەیتەوە وەك ئەوە وایە بچیتە شارێکی دێرینەوە. دەتوانین یەکشەمووان بچینە ماڵی خۆمان و پێکەوە بیخوێنینەوە.

مانۆلیۆس گوتی:

– بەڵام من پێویستە دانەیەکم هەبێت بۆ ئەوەی کاتێ بۆ چیا دەچم بیخوێنمەوە. تا ئەمڕۆ لەچیا دەرەقەتی

تەنیایی نەدەهاتم، ئیشم ببووە دروستکردنی کەوچك و قووتووی سیگار و دارعەسا و پەیکەری قەدیس و پەز و بزن و ئەم جۆرە تشتانە لە دار. هەر بۆیە هەمیشە کاتم بەهەدەر دەچوو. بەڵام ئێستا ئیتر ...

بەڵام بەرلەوەی قسەکەی تەواوکات دووبارە لەفیکرەوە چوو. ئەمجارە یاناکۆس کەوتە قسە:

– کاتێ من بە گوێدرێژەکەم بە گوندەکانی دەوروبەردا دەگەڕێم، خەراپ نییە گەر جار ناجار بۆ حەوانەوە لەژێر سپیدارێکدا دانیشم و ئینجیل بخوێنمەوە ... دەشێ سەرم لە ئینجیل دەرنەچێت، بەڵام بەهەرحاڵ هەرچەندێك کەمیش تێبگەم، بەڵام هەمدیس خوێندنەوەی دەهێنێ!

کۆستانتیس گوتی:

– من لە هەمووتان زیاتر گەرەکم بە ئینجیل هەیە. چونکە هەر کاتێ ژنەکەم دەیکاتە ئاخۆران باخۆران و ئیتر لەوزەمدا نامێنێ، دەتوانم ئینجیل بکەمەوە و ئارامیم وەدەست بێنمەوە. چونکە بەخۆم دەڵێم ئەو ڕەنج و عەزاب و بەرخۆدانەی من، لەچاو ئەوەی بەسەر

مەسیحدا هاتووە هەر هیچ نییە. بەدەر لەمە... یاناکۆس بمبەخشە. ئەگەرچی ژنەکەم خوشکی تۆیە بەڵام زۆر دەم درێژە ... جارێکیان خەریك بوو بە چنگاڵ چاوم لە کەللەسەرم هەڵکۆڵێ. جارێکی تریش ویستی یەك قابلەمە ئاوی لە کوڵی پڕ لە پاقلە بەسەرمدا بکات. تا ئەمڕۆ بە خۆم دەگوت یان ئەو زوبان درێژە من دەکوژێت یاخۆ من ئەو. بەڵام ئیدی هەنووکە دەتوانم ئینجیل بخوێنمەوە و ئەویش چەندێك پێی خۆشە با بیکاتە هاتوبات.

یاناکۆس دوای پێکەنینێکی درێژ، بە نەوایەکی میهرەبانانە گوتی:

- کوستانتیسی داماو! خودا دەزانێ چەندێك بەزەییم پێتدا دێتەوە! بەڵام باشە، چ ڕێگەچارەیەك نییە جگە لە ملدان. ئەوە چارەنووسی هەموو پیاوێکە کە ژنێکی هەبێ، کەواتە تۆیش ئاگات لە بەشەکەی خۆت بێ و گلەیی مەکە.

کۆستانتیس گوتی:

– کۆڵەواریی من لەوەدایە کە دەبێ هەموو وشەیەك حونجەکەم، تا وشەیەك دەخوێنمەوە دیقی مەرگ دەکەم.

بەڵام مانۆلیۆس دڵنیایکردەوە:

– ئەوە گرینگ نییە. کاتێك توانیت بەشێك لە دێڕێك بخوێنیتەوە ئەوسا لە مانای وشەکە تێدەگەیت. حەوارییەکانیش خەڵکی ئاسایی بوون و نەخوێنەوار. زوربەیان ماسیگر بوون.

یاناکۆس بە نیگەرانی پرسی:

– ئەدی پەترۆسی حەواری خوێنەواری هەبوو؟

مانۆلیۆس وەڵامی دایەوە:

– نازانم. یاناکۆس نازانم. لە باوە گریگۆریس دەپرسین.

یاناکۆس بە ورتە ورتەوە گوتی:

– لێی دەپرسم ئاخۆ پەترۆسی حەواری ئەو ماسییانەی ڕاوی دەکردن بەسەر هەژاراندا دابەشی دەکردن یاخۆ دەیفرۆشتن. هەڵبەت دڵنیام کە گرانجانیی نەدەکرد. بەڵام گەرەکمە بزانم ئەوانەی دەفرۆشتن یان نا؟

مەسەلەکە ئەمەیە، ئەوانەی دەفرۆشت یاخۆ بە خۆڕایی دەیبەخشین؟

میکیلیس گوتی:

– ئێمە دەبێ ژیاننامەی قەدیسانیش بخوێنینەوە.

بەڵام مانۆلیۆس بە ناڕەزایەتییەوە گوتی:

– نا ... نا! ئێمە خەڵکانێکی ساکارین و بە خوێندنەوەی ژیاننامەی قەدیسان سەرمان لێدەشوێت. من بۆ خۆم کاتێ لە دەیر بووم ژیاننامەی هەندێکیانم خوێندۆتەوە و هێندەی نەمابوو شێت بم. هەمووی هەر باسی بیابان و شێر و نەخۆشی کوشندە، بەتایبەتی گەڕیی. یان جەستەیان پڕ لە تووك و دومەڵ و کرم یاخۆ وەکی کیسەڵ ڕەقوتەق ... یاخۆ وەسوەسەگەلی شەیتانیی کە لەشێوەی ژنێکی جواندا بۆ لایان دەهات... نا ... نا! تەنها دەبێ ئینجیل بخوێنرێتەوە و بەس!

ئەوان بە ئارامیی لەگوێ چۆمەکەدا هەنگاویان دەنا و شەویش هێور هێور دادەهات. بەدرێژایی ژیانیان ئەوە یەکەمین جاریان بوو وتووێژێکی ئاوها سەیر لەنێوانیاندا دادەمەزرا. وەك بڵێی چاوگەیەك لەناوی

سازگار لە ناوەوەیانڕا تەقی بێ و گەرەکی بێ لەودیو پێستی ئەستووری جەستەیانەوە ڕێگەیەك بۆ دەرەوە بکاتەوە... هەریەکەیان پەیتا پەیتا ئەم قسەیەی باوە گریگۆریسی لەزەینی خۆیدا دەهێنا و دەبرد:" ئومێدەوارم شنەی ڕوحلقودس بەسەرتانا هەڵبکا." ئاخۆ شنەی ڕوحلقودس لە ڕاستیدا هەر هەمان ئەو بایە نەبوو کە هەڵیکردبوو. هەمان بای فێنك کە ئەو شەوە پەلکی درەختەکانی هێنابووە لەرە. بایەکی نیوە گەرم و شێدار کە تەنانەت هەمدیس ژیانی بە پەلکە هیشکەکانیش دەبەخشی؟ ئەدی ئەو بایە هەمان ئەم بایە نەبوو کە بەسەر ڕۆحی ئەواندا هەڵیکردبوو؟

هەریەك لە چوار هاوڕێکە لەگەڵ خۆیدا بیری دەکردەوە و هەوڵیدەدا پەی بە قووڵایی ئەو نهێنییە بەرێت. بەڵام چتاقیان بە هیچ نرخێك ئامادە نەبوو لەوبارەیەوە چ شتێك لەویتریان بپرسێت. هەموویان لە قووڵترین پنتی بوونی خۆیاندا هەستیان بە شادومانییەکی سەیر دەکرد لەوەی کە دووچاری گومانێکی ئاوها عەزاب ورووژێن ببوون.

بێدەنگیی هەروا باڵی کێشابوو. هەمووان لە تاریکایی شەویان دەنۆڕی. یەکەمین ئەستێرەی شەو سەری لە ئاسۆ هێنابووە دەرێ. دەنگی بۆقگەلی مەست باڵی بەسەر گوێ چۆمەکەدا کێشابوو. شەو نەرم و سووکەڵە نزمایی و بەرزایی دڵگیر و سەرسەوزی کێوی پاقیژە، کە کوختەکەی مانۆلیۆس لەوێ و گەلەکەی خودانی لێ دەلەوەڕاند، تەی دەکرد و لەبەرامبەریشەوە، چیای سەرکەشی ساراکینا، لە سوورێکی تۆخەوە دەبووە شینێکی ڕەشباو و ئەشکەوتە بێشومارەکانی ئەمبەر و ئەوبەری وەکی چاڵی ڕەش و دەم کراوە دەهاتنە بەرچاو. بەڵام کڵێسای گچکەی ئەلیاس پێخەمبەر کە تازەکیی گەچکاریی کراو و وەك چۆڕی شیر سپیی، بەگەوەی کێوەکەوە هەروا دەدرەوشایەوە و لەپاڵ گابەردەکانی لوتکەکەدا ناچیزە وەدیار دەکەوت. لەداوێنی چیاکەوە، بەسەر ئەرزێکی تەڕ و لەنێوان قامیشەڵانەکاندا، جارناجار ڕۆشناییەك لە زگی کرمە مێیەکی بەشەو درەوشەوە، کە چاوەڕێی تاکەکەی خۆی بوو، دەدرەوشایەوە.

میکیلیس گوتی:

– خەریکە تاریك دادێت. با بگەڕێینەوە.

یاناکۆس لەپێش ئەوانی ترەوە هەنگاوی دەنا، کوتوپڕ لە شوێنی خۆیدا ڕاوەستا و دەستی هەروەك شەیپوور نایە پەناگوێی و گوێی ڕادێرا. دەنگی تەپەی بەرزی پێی مرۆڤ دەبیسترا. دەتگوت ڕەوێکی گەورە بەڕێوەن. دەنگەکە کپ و شاراوە و لە ویزەویزی پوورەی هەنگ و نەوای تەپڵێکی دوور دەچوو ... جارناجار دەنگێکی گڕتر، وەك دەنگی کەسێك کە ئەوانی تر هانبدات یاخۆ فەرمانیان پێبکات، دەگەییە گوێ.

یاناکۆس هاواری کرد:

– منالێنە بنۆڕن! ئەرێ ئەو حەشاماتەی کە وەك مێرووله بەو دەشتەدا دەجوولێن کێن؟ وەك بڵێی ڕەوێك بێ.

هەرچواریان تەواوێك چاویان کردبۆوە تا بتوانن لەودیو تاریکاییەوە لەو شتە حاڵی بن کە دەیانبینی. حەشاماتێك ژن و پیاو لە دوورەوە و لەنێو کێڵگە و ڕەزەکانەوە دەهاتنە پێش. هەمووان ڕایان دەکرد و وەك

بڵێی ئاواییان بینیبێ و پەلەیان بێ تا هەرچی زووترە خۆیانی بگەیەننێ.

میکیلیس گوتی:

– گوێتان لێیە. وەك بڵێی دۆعا بخوێنن.

مانۆلیۆس وەڵامی دایەوە:

– نا، وەك بڵێی بگرین. بەڵێ، من دەنگی گریانیان دەبیییەم.

– نا، نا. دۆعا دەخوێنن. بێدەنگ بن و گوێ ڕادێرن!

هەمووان بێ جووڵە گوێیان ڕادێرا. هەنووکە ئیدی لە دڵی بێدەنگی شەوەوە سروودی جەنگیی و دێرینی: " ئەی پەروەردگار، خۆت مەخلوقاتەکانت ڕزگارکە!" ئاشکرا دەگەییە گوێ.

مانۆلیۆس هاواری کرد:

– ئەوانە برایانی مەسیحیی ئێمەن. با بڕۆین بۆ پێشوازییان.

هەر چوار هاوڕێکە بە ڕاکردن ڕۆیشتن. پێشەنگانی حەشاماتەکە گەیشتبوونە لای یەکەمین خانووەکانی گوند. سەگەکانی ئاوایی دڕندانە و تووڕە دەوەڕین.

دەرگای ماڵەکان یەك دوای ئەویتر دەکرانەوە. ژنان لەبەردەرگا وەدیاردەکەوتن و پیاوان بە دەمی کراوە و بە پەلە لە ماڵەکان دەهاتنە دەرێ. کاتی شێو بوو. گوندنشینانی لیکوڤریسی سەرگەرمی خواردنی شێو بوون کە بە ژنەفتنی کوتوپڕی دەنگی گریان و دۆعا و دەنگدانەوەی هەنگاوی حەشاماتەکە ڕاچڵەکیبوون.

مانۆلیۆس و سێ حەوارییەکەی هاوڕێی گەیشتنە خەڵکەکە و لەودیو تاریکایی شەوەوە دیمەنەکەیان دەبینی. لەپێشەوەی حەشاماتەکە، قەشەیەکی ڕەش داگەڕاو و باریك و بنێس هەنگاوی دەنا. چاوانی درشت و ڕەشی لەژێر برۆ ئەستوورەکەیدا دەبریسکایەوە. ڕیشێکی نیوە بەنیوەی جۆگەنمیی هەبوو، ئینجیلێکی قورسی بەرگ زیوینی لە بن هەنگڵ نابوو، شاڵە قەشەییەکەی بەدەستەوە گرتبوو. لەلای ڕاستییەوە پیاوێکی بەخۆ بە سمێڵێکی ڕەشی شۆڕ و بالایەك بە بەرزیی ڕۆژانی برسێتیی، ئالای کڵێسای بەدەستەوە، پەیکەری داوێن ئاڵتوونیی قەدیس ژۆرژ بەسەر ئالاکەوە بوو. لەدوایەوە ژمارەیەك پیرەمێردی لەڕولاوان، پەیکەری

قەدیسانیان هەڵگرتبوو، لەدوای ئەمانیشەوە تاقمێك ژن و پیاو و منداڵی سەرگەردان بە شیوەن و ناڵەناڵەوە دەبزووان. پیاوان کۆڵەپشتیان بەکۆڵەوە و بێڵ و داس و قوڵنگیان بە دەستەوە و ژنانیش بێشکە، چوارپایە و تەشتی جلك شتنیان بە کۆڵەوە.

بەرلەوەی حەشاماتەکە لە گۆڕەپانی ئاواییدا ستار بگرێ و بحەوێتەوە، یاناکۆس نزیکی قەشە بۆوە و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– ئەی مەسیحییەکان، ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون؟

قەشە بە دەنگێکی تاساو گوتی:

– باوە گریگۆریس لەکوێیە؟ ڕیش سپییانی ئاوایی لەکوێن؟

ئەوسا ڕووی کردە گوندنشینان کە لە هەموو لایەکەوە و بە پەلە دەگەیشتن و بە نیگەرانییەوە تەماشایان دەکردن، گوتی:

– ... برایان مەترسن! ئێمە مەسیحیین. مەسیحیگەلێك کە لە ماڵ و لانەی خۆمان ڕاونراوین. ئێمە گرێکلاندیشین. بە ڕیش سپییەکانتان بڵێن بۆ ئێرە بێن.

دەمەوێ قسانیان لەگەڵ بکەم. ناقوسەکان بهێننە زرینگە!

ژنانی پێوپل شەکەتی ڕێگە، لەسەر ئەرزەکە دانیشتن و پیاوان بێ ئەوەی لێو هەڵێننەوە بارەکانیان لەکۆڵ داگرت و ئارەقەی نێوچەوانیان سڕی و هاوکاتیش چاویان لە دەمی قەشەکەیان بڕی بوو.

مانۆلیۆس لە پیرەمێردێکی قژ چەرموو کە هێشتا کۆڵەبارە قورسەکەی دانەگرتبووە سەر زەوی، پرسی:

– باوەگەورە، لە کوێوە دێن؟

پیرەمێرد وەڵامیدایەوە:

– کوڕەکەم پەلە مەکە. باوە فۆتیس خۆی هەموو تشتێکتان بۆ باس دەکا.

– باوە چی لە کۆڵەپشتەکەتایە؟

پیرەمێرد بە پارێزێکی تەواوەوە کۆڵەپشتەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا و گوتی:

– کوڕەکەم چتێکی ئەوتۆ نییە. ئەشیای خۆمە ...

قەشە بە بالایەکی ڕێکەوە ڕاوەستاو و ئینجیلەکەی هەروا لە بن هەنگڵدا بوو. پیاوێك بەرەو لای ناقوسی

کڵێسا ڕایکرد، پڕی بە گوریسەکەدا کرد و بە هەموو تواناى، زەنگەکەى هێنایە زرینگە. دوو پەپووى نیشتوو لەسەر دارچنارەکە، ترساو دەرپەڕین و لەنێو تاریکایی شەودا بزر بوون.

ئاغا مەست و وێران، لەبانیژەی ماڵ وەدیارکەوت و گۆڕەپانی پۆشراو بە پیاوانێك بینی کە لە ڕەعییەتەکەی خۆی نەبوون. دەنگی شیوەن و گریان و هاوار لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە. بەڵام نەیدەتوانی دەنگەکان جیاوەکات. ئاخۆ ئەوە دەنگی ناقوسی کڵێسا نەبوو کە هێند تووڕەی کردبوو؟ ئەوسا سەری بەرەو لای کاپتن وەرگێڕا و گوتی:

– هێی ناڕەسەن. وەرە تەماشاکە! من تێناگەم. وەرە تەماشا بزانە لە گۆڕەپانەکە چ باسە؟ ئەم هەموو هاتوباتە بۆچییە. بۆچی دەنگی ناقوس بەرزبۆتەوە؟ دەشێ خەو ببینم؟

کاپتنیش بەو خاولییەوە کە بەسەرییەوە پێچابوو، لە بانیژەکەدا وەدیارکەوت. ئاخر ئەو هەرکاتێ لەگەڵ ئاغادا دەیخواردەوە خاولییەکی لە سەرییەوە دەپێچا تا

به قەولی خۆی مەستیی کەللەی نەتەقێنێ و نەیکاتە هەزار پارچەوە. بۆ فێنککردنەوەی کەللەی، هەموو جارێك خاولییەکەی لە سەری دەکردەوە و دەیکرد بەنێو تەشتێك ئاودا تا دووبارە لە سەرە وەك ئاگر گەرمەکەی، بپێچێنێتەوە.

کاپتنیش سەری دانەواند و چاوی بڕییە خوارەوە و ژێر دارچنارەکە. کۆمەڵێك ژن و پیاوی ئالاّ و ئەیکۆن بەدەست ڕاوەستابوون. ئاغا جارێکی تر پرسی:

– ها نارەسەن چ باسە؟ هیچت لێ مەعلوم بوو؟

– وەك بڵێی بونیادەم بن. ئاغا خۆت چۆن بۆی دەچیت؟

– منیش وابزانم بونیادەمن .. بەڵام نازانم لەکوێوە هاتوون و چییان گەرەکە؟ ڕەنگبێ خەراپ نەبێ قامچییەکەم ببەم و بچمە خزمەتیان؟ پێت چۆنە؟

– نا ئاغا ئەزییەت مەکێشە! قامچی و هاوار چ کەڵکێکی هەیە؟ لەخۆڕا خوڵقی خۆت تێك مەدە. وا باشترە وازیان لێبێنین و بێینەوە هەوای خۆمان... ئەرێ ناتەوێ بوتڵێکی تر فت کەین؟

ئاغا، مناڵە توركەكەی بانگ كرد و گوتی:

– هێی یوسفۆك، باڵشت و جامەكان بێنە بۆ ئێرە. خۆیشت وەرە لای ئێمە دانیشە. ئەوانە ڕۆمیین و دەیانەوێ بەرببنە گیانی یەكتر.

باوە فوتیس جارێكی دی هاواری كرد و گوتی:

– ئەدی باوە گریگۆریس لەكوێیە؟ ڕیش سپییەكانتان لەكوێن؟ یەكێك نییە بچێت خەبەریان بكاتەوە؟

مانۆلیۆس وەڵامی دایەوە:

– باوە ئارام بگرە. من خۆم ئێستا دەچم بەدوایاندا.

ئەوسا ڕووی كردە میكیلیس و گوتی:

– بێزەحمەت بڕۆ بە باوكت بێژە كە ژمارەیك مەسیحیی ڕاونراو لە ماڵ و ژیانی خۆیان هاتوون بۆ ئێرە و گەرەكیانە خۆیان بەسەر پێیدا بدەن و داوای یارمەتی لێ بكەن. ئاخر ئەو سەرگەورە و لێپرسراوی ئاواییە. منیش بە ڕاكردن بەدوای باوە گریگۆریسدا دەچم. كۆستانتیس، تۆیش بۆ ماڵی لاداسی پیر بڕۆ و پێی بڵێ كە ژمارەیەك غەریبە بۆ ئێرە هاتوون و ئامادەن كەلوپەلەكانی خۆیان بەهەر نرخێك بێ بفرۆشن چونكە

پێویستیان بە پارەیە. بیرت بێ ئەوە بڵێی ئەگینا لەجێی خۆی ناجووڵێت. یاناکۆس تۆیش بڕۆ کاپتن تۆفان خەبەرکەوە و پێی بڵێ جەماعەتێك کەشتییەکەیان لە زەریای ڕەشدا غەرق بووە و توانیویانە خۆیان ڕزگاربکەن و لەبەرئەوەی خەبەریان لە ناو و ناوبانگی ئەو هەیە، دەیانەوێ بیبینن. لەڕێگەی خۆتەوە سەرێکیش لە ماڵی مامۆستا بدە و بەویش بڵێ با بێت. بیرت بێ بەویش بڵێ ئەمانە گرێکین و زۆر لێقەوماو!

کوڕێك هاواری کرد:

- کاپتن لەو سەرەوە لەگەڵ ئاغادا خەریکی عارەق خواردنەوەیە! تەماشای ئەوێوە بکەن! سەر بانیژەکە دەڵێم .. خاولی لە سەریەوە پێچاوە و دیارە کە مەست و وێرانە و تا قوڕقوڕاچکە خواردویەتییەوە!

دەنگی پێکەنینێك بەرزبۆوە:

- ئاغایش هەر نوستووە و لە پرخەی خۆیدایە. بە تۆپیش خەبەری نابێتەوە.

بەڵام لەناکاوێکڕا هەر هەموو سەرەکان بەرەو لایەك ئاوڕیان دایەوە و هەمووان کاترینای بێوەژنیان بینی کە

شەکەت و بە هەناسە بڕکێوە گەیشت. گۆشتن و خەنیی و شاڵێکی سەوزی بەگوڵی سووری درشتەوە بە شانەوە بوو. گۆنای سوورهەڵگەڕابوو. ددانە بە درەوشەکانی کە بەگەڵای گوێز سپیی کردبوون، لەنێو لێوە گۆشتنەکەیدا خۆیان دەنواند. ئەو لەکاتێکدا کە پێدەکەنی و بە تیلەی چاو تەماشای مانۆلیۆسی دەکرد، گوتی:

– بەڵێ، ئاغا نوستووە و بە پرخەپرخەکەیدا دیارە لە تەبەقەی حەوتەمی ئاسمان پیاسە دەکا. مانۆلیۆسی ئازیز، کەواتە دەبینی ناردن بەدوایدا بێ کەڵکە!

مانۆلیۆس سەری وەرگەڕاند، بەڵام لە ڕوانین لەو ژنە سڵەمییەوە. سەری لەژێرەوە نا و گوتی:" ئەم ژنە خودی شەیتانە. شەیتانێك کە دەتوانێت پیاوان هەنجن هەنجن بکات. دوورکەوە ئەی ئیبلیسی مەلعون!"

بێوەژن بە عیشوەوە هاتە پێش. لە ئاژەڵێك دەچوو بۆنێکی گیرای وەسوەسەوروژێنی هەبێت. بەڵام بە بیستنی نەڕەیەکی سەیر ئاوڕیدایەوە. ئەوە پانایۆتیسی کەتە بوو کە بە ڕوخسارێکی گرژ و دڕندانەوە تەماشای وی دەکرد. ئەویش هەر بەڕاکردن هاتبوو، هەناسەبڕکێی

پێکەوتبوو، ڕوخسارە ئاوڵاوییەکەی سوورهەڵگەڕا بوو.
مانۆلیۆس بە پەلە هاواری کرد:

– منداڵینە بجووڵێن!

هەر چوار هاوڕێکە بە ڕاکردن لە پێچی کۆڵانەکانی ئاواییدا دیارنەمان. پانایۆتیس لەکاتێکدا کە تەواوی بوونی لە تووڕەییدا هەڵدەلەرزی و ددانە جیڕەی پێکەوتبوو، خۆی گەیاندە کاترینا و بەسەریدا چەمایەوە و بە قروسکەقروسکەوە گوتی:

– لە ماڵی ئەو پیرەمێردە عەییاشە چیت دەکرد؟ هەی بەدبەختی ناچیزە چ کارێکت پێی هەبوو؟ هەر ئێستا هەڵتدەلوشم.

بێوەژن گاڵتەجاڕییانە وەڵامی دایەوە:

– خۆ گەچ نیم بمخۆیت؟

وایگوت و زووبە زوو چووە نێو خەڵکەکە و لەلای پیاوەکەتە و ئاڵا بەدەستەکەوە ڕاوەستا. هەر لەو کاتەدا قەشەکە بەنێو ڕەعییەتەکەیدا هامشۆی دەکرد، بە عەزمەوە گوتی:

– ئازابن ... ڕۆڵەکانم ئازابن! هەر ئێستا ڕیش سپییان و باوە گریگۆریس پەیدا دەبن و کۆتایی بە بەدبەختییەکانمان دێت. ئێمە بە لوتفی خودا لە چەنگاڵی مەرگ قوتارمان بووە و ئیدی هەمدیس لە خاکی هەمان ئەم سەرزەمینەدا ڕەگ دادەکوتینەوە. براکانم نەژادی ئێمە قڕی تێناکەوێت. ئێمە قڕمان تێناکەوێ چونکە نەژادمان نەمرە!

دەنگەدەنگێك بە نیشانەی شادومانیی، هەنگئاسا بەرزبۆوە. ژنان یەخەی کراسەکانی خۆیان کردەوە تا شیر بدەنە منداڵەکانیان کە دەگریان. پیاوە کەتەکە ئاڵاکەی لەسەر ئەرزەکە دانا، پیرەمێردێکی تەمەن سەد ساڵە لەکاتێکدا دەستێکی بە کۆڵەپشتەکەیەوە بوو، خاچی لەسەر سینگ کێشا و بە زەردەخەنەوە گوتی:

– خودا شوکور کە هەمدیس ڕەگ دادەکوتینەوە!

هاوکات گوندنشینان لە تەواوی کۆڵانەکانی ئاواییەوە دەگەیشتن. چەند پیرێژنێکیش لەنێو خەڵکەکەدا دەبینران. سەگەکان کە ئیدی لە وەڕین وەڕس ببوون، نزیکی خەڵکە تازە هاتووەکان ببوونەوە و بۆنیان پێوە

دەكردن. ناقوسلێدەر هەروا بە گوریسی ناقوسەكەوە چەسپیو و بەتەواوی هێزی لێیدەدا و دڵی لەشادومانیدا وەتەپە كەوتبوو. ئەو شەوە، شەوێكی ڕووناك بوو. موسافیرانی لە ڕێگەوە گەیشتوو، تەماشای ئەستێرە درەوشاوەكانی ئاسمانیان دەكرد و بە دڵنیاییەوە چاوەڕێی هاتنی ڕیش سپییانێك بوون كە دەبوو چارەنووسیان دیاری بكەن. كاتێك بۆ چەند لەحزەیەك بێدەنگیی باڵی كێشا، دەنگی خوڕەخوڕی چالاكانەی ئاوێك كە بەنێو بەردەكانا دەڕۆیشت، هاتە گوێ. ئاغا بە بیستنی دەنگی ئاوەكە گوتی:

- هێی كاپتنی ناڕەسەن! جامەكان پڕبكەوە كە ئاو پێوقەیەمی خێرە. وەرە بخۆینەوە تا بێدار نەبینەوە! كاتێ ئەم ڕۆمییانە بەربوونە یەكتری، خەبەرمكەوە تا بە قامچییەوە بچمە وێزەیان.

- ئارامبە ئاغا گیان! باشە خەبەرت دەكەمەوە. من خۆم چاودێری دەكەم.

- به میراخورپیش بلێ به شەیپورەکەیەوە ئامادەبێت. دەشێ پێویستمان پێی بێت. هێی هەتیو! سەبیلەکەم بۆ داگیرسێنە.

مناڵە تورکەکە سەبیلە درێژە سەر کارەباییەکەی بۆ داگیرساند. ئاغا لە کاتێکدا کە چاوانی خۆی لێکنابوو، مژێکی لێدا و لە هەمان حاڵی تلیسانەوەیەدا، سەبیل بەدەست و سوراحی لە بەیندا و مناڵەی تورك لە لایەوە، هێور هێور خۆی بە نێو بەهەشتەکەی خۆیدا کرد.

مانۆلیۆس بە هەناسەبڕکێوە گەڕایەوە و لەهەمان ئەو کاتەدا کە باسکی دەکردەوە، هاواری کرد:

- بچنە ئەولاوە، قەشە هات!

پیاوان بە یەك گوڕم لەجێگای خۆیان هەستان و ژنانیش بە هەناسە هەڵکێشانەوە سەریان هەڵبڕی. جارێکی تر ئالاّ لەپاڵ قەشەدا بەرزکرایەوە و پیرەمێردانی ئەیکۆنی قەدیسان بەدەست لە یەکەم ڕیزدا ڕاوەستان. باوە فوتیس خاچی کێشا، بێجووڵە چاوەڕێ و لەدڵەوە گوتی:" خودایا شوکور!"

میکیلیسیش کە گەڕابۆوە، چووە نزیك مانۆلیۆس و گوتی:

- باوکم نوستووە و پرخەپرخێتی. نەمتوانی بێداری بکەمەوە. هێندەی خواردووە هەرچی هەوڵمدا خەبەری نەبۆوە. هەر گوێی لە دەنگیشم نەبوو. ئیدی منیش گەڕامەوە.

کۆستانتیسیش دڵتەنگ و خەمبار هاتەوە:

- ئەم پیرە نارەسەنە ڕێوییەکی فێڵبازە! بۆنی کردبوو کە ڕەنگە ئەمە فێڵێك بێ بۆیە وای پیشاندا کاری هەیە و ناتوانێت بێت. پاشانیش گوتی: ئەگەر دەمانەوێ خێر بەو برسییانە بکەین ئەوا ئامادە نییە یەك فلس بدا و لەخۆڕا بۆ ماڵەکەی نەچین چونکە دەرگامان لێناکاتەوە.

یاناکۆس دووایین کەس بوو کە گەڕایەوە:

- مامۆستا خەریك بوو وەرەقەی تاقیکردنەوەی منالانی تەسیح دەکرد و وەلامیدامەوە: هەرکاتێ کارەکەی تەواو بوو دێت. هەروەها گوتی: بە هەر بڕیارێك کە باوە گریگۆریس دەیدات، قاییلە.

مانۆلیۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە چرپە گوتی:

– ئەمەش پیاوە قورمساخەکانی ئاوایی! یەکێك نوستووە، یەکێك سەرخۆشە. یەکێك وەرەقە تەسیح دەکا و ئەو پیرەمێردە پیسکەیەش لە ماڵەکەی نایەتە دەرێ و لەسەر پارەکانی تلیساوە. بەڵام بەهەرحاڵ هەر ئێستا باوە گریگۆریس سەروکەللەی پەیدا دەبێت. من متمانەم بەو هەیە. ئەو زوبانی خودایە و بە کەلامی خودا دەپەیڤێ!

لەم ساتەدا هاواری تاساوی ژنێکی لاواز، ئێسکن و شینهەڵگەڕاو لەنێو خەڵکەکەدا بەرزبۆوە و زوو بەزوو سەری بەسەر سینگیدا کەوت. ئاخر ئەو سێ ڕۆژ بوو هیچی نەخواردبوو، لەبەرئەوەی لەخێزانێکی خواپێداو بووە، بڕست و توانای لەدەستداوە و ئیدی وا گیانی دەدا. ژنان چواردەوریان داو و لێکدا لێکدا باوەشێنیان دەکرد، دڵیان دەدایەوە و دەیانگوت:

– ئازابە دیسپینیۆ ئازابە ... ئێمە گەیشتووینەتە گوندێکی پڕ بەرەکەت و ڕۆیشتوون خواردنمان بۆ بێنن تا گیانمان وەبەردا بێتەوە. ئارامت هەبێ!

بەڵام ژنەکە سەری لەقاند و چاوە بێ تینەکانی داخران.
هەر لەوکاتەدا هاواری شادومانیی لەنێو خەڵکە لێقەوماوەکەوە بەرزبۆوە:

– وا هات! واهات!

ئاغا بە هاواری خەڵکەکە، پێڵووە قورسەکانی هەڵبڕی، پرسی:

– کاپتن، کێ هات!

– ئاغا گیان، من پێم گوتی لەخۆڕا خۆتان ناڕەحەت مەکەن. بۆچ دەتەوێ لە بەهەشتەکەی خۆت بێیتە دەرێ؟ من چاودێریی دەکەم، هەرکاتێ پێویست بوو ئەوا خۆم خەبەرت دەکەمەوە. وابزانم ئەوە باوە گریگۆریسە هات.

ئاغا پێکەنی:

– بۆ لەنێو ئەم جەماعەتە لە پەلوپۆ کەوتووەدا، قەشەیش هەیە؟

کاپتن لەکاتێکدا کە هەمدیس جامەکەی پڕدەکردەوە، وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، قەشەیەك هەیە.

– کەواتە با بەتەواوی زەماوەند بگێڕین. ئێستا بەچاوی خۆت دەبینیت کە هەر دوو قەشە چۆن بەردەبنە یەك. باوەڕ بکە قەشەکان ڕێك هەر دەڵێی ژنن. ئەوانیش قژی خۆیان درێژ دەکەن و کاتێ بەردەبنە یەك، قژ بە سەری یەکدییەوە ناهێڵن. ئەدی میراخوڕ لەکوێیە؟ بڕۆ پێی بڵێ بچێتە خوارەوە و پێیان بڵێ بەرزتر هاوار بکەن تا منیش گوێم لە قسەکانیان بێت.

لەم کاتەدا، پانایۆتیس جارێکی تر چووە نزیك بێوەژن، بەسەریدا چەمایەوە و تێیخوڕی:

– مەگەر پێم نەگوتیت دەتکەمە یەك پاروو هەی شەیتان؟ بۆچی چوویتەتە نێو ئەو هەموو پیاوەوە؟ زووکە، بۆماڵەوە بگەڕێوە! گۆڕت ونکە. منیش هەر ئێستا دێم!

بێوەژن سەرێکی بەلایدا وەرگێڕا و شێلگیرانە هاواریکرد:

– مەگەر دڵت نییە؟ بەدبەختیی مەسیحییان دەبینیت و ناڕەحەت نابیت؟ بەزەییت بەم خەڵکە بێ داڵدە و برسییەدا نایەتەوە؟

وای گوت و ڕووی وەرگەڕاند. بەڵام چونکە بەرگەگرتنی جنێوی بەلاوە دژوار بوو، بۆیە جارێکی تر ڕووی تێکردەوە و هاواری کرد:

- هەی یەهوزا!

وایگوت و زوو بەزوو خزایەوە نێو پەنابەرەکان. پانایۆتیس هەستی کرد ئەرز لەژێر پێیدا دەلەرزێ و وەك کەسێك کە خەنجەر ڕۆبەرنە دڵییەوە، سەری کەوتە سەرەسووڕێ. دەسکی ئالاکەی گرت و بە دەمی کراوە و پشتی چەماوەوە ئارامی گرت تا بەڵکو ئەرز لە لەرزین بکەوێ و بتوانێت ڕێبکات.

دەنگێکی هاوارئاسا، لە هەموو لایەکەوە بەرزبۆوە:

- هات! هات! باوە گریگۆریس هات!

ئیدی دواجار پەنابەران چاویان بە قەشە کەوت. قەشە بالابەرز و ڕەفتار و جووڵەی ئەشرافییانە وەدیار دەکەوت، ئاخر ئەو نوێنەری خودا بوو لە گوندی لیکۆڤریسی، دەڕۆیشت تا بەو جبە ئاوریشمیینە سوورە و پتشوێنە ڕەش و خاچە گەورە زیوینەوە کە بەسەر

ورگە هەڵئاوساوەکەیەوە دەدرەوشایەوە، لەگەڵ خەڵکە برسییە لێقەوماوەکەدا بئاخڤێ.

پیاوان و ژنان کەوتنە سەر ئەژنۆ و قەشەی لەڕولاوازیشیان باسکی کردەوە و چووە پێشێ تا هاوپیشە خڕتۆڵەکەی لە ئامێز بگرێت. بەڵام ئەم بە برۆ هەڵبڕینێك و بە ئاماژەی دەستە گۆشتنەکانی لەجێگەی خۆیدا ڕایوەستاند. ئەوسا سەرنجێکی توندی لەچواردەوری خۆیدا و هەمدیس چاوێکی بە حەشاماتی برسییانی بێ داڵدەدا گێڕا و لەبەرئەوەی تامی ئەوە لە زاریدا ناخۆش بوو، بۆیە بە نەغمەیەکی سارد و بێ ڕۆح پرسی:

– ئێوە کێن؟ بۆچی ماڵ و ژیانی خۆتان جێهێشتووە. بۆچی بۆ ئێرە هاتوون؟

بە بیستنی ئەو قسانە، ژنان بێدەنگ بوون. منالان خۆیان بە داوێنی دایکانیاندا هەڵواسی و سەگەکان هەمدیس کەوتنەوە وەڕین. کاپتنیش لە بانیژەکەوە چاودێری دەکرد و گوێی ڕادەدێرا. قەشەی پەنابەران بە نەوایەکی ئارام بەڵام پڕ لە ورە وەڵامیدایەوە:

- باوە، من باوە فۆتیس، قەشەی گوندی دوورە دەستی ( قەدیس ژۆرژ ) م. ئەمانەی دەیانبینیت خودا بە منی سپاردوون. تورك ئاگری لە گوندەکەی ئێمە بەردا، ئێمەیان لە ئەرزی خۆمان ڕاونا و هەر کەسێکمانیان بەردەست کەوت، کوشتیان. ئێمە تەنها توانیمان بەنرخترین کەلوپەلمان هەڵگرین و ڕاکەین. مەسیح خۆی هەنگاو بەهەنگاو ڕێنوێنیی کردین و هەنووکەیش بەدوای سەرزەمینێکی نوێوەین تا بتواین تیایدا ستار بگرین ....

گەرووی وشك ببوو، وشەکان بەدژواریی لێیەوە دەهاتنە دەرێ. بۆ چەند ساتێك بە بێدەنگیی مایەوە، ئەوسا قسەکانی درێژە پێدا:

- .... ئێمەیش وەك ئێوە مەسیحیین. ئێمەیش گرێکیین. واتە لەو نەژادە بالآیەین کە نابێت قڕی تێکەوێ!

کاپتن کە لە بانیژەکەوە دانەویبۆوە، بە بیستنی نەوای وشك و باوەڕبەخۆبووانەی قەشە کە تا دەهات پڕ خرۆشتر دەبوو، سەرخۆشیی لە سەرییدا دەپەڕی و

زەینی بێدار و بێدارتر دەبۆوە. بەخۆی گوت:" بەڵی، ئەویش چ نەژادێکی جەنگاوەر! چ نەژادێکی دلێر! ڕێك هەروەکی مارێکی حەوت سەر کە لە هەر سەرێکی بدەیت، سەرەکەی تری دەردەهێنێ!" ئەوسا مێزەرە هەڵماوییەکەی لەسەری کردەوە، لە تەشتی ئاوە ساردەکەدا خوساندی، هەمدیس لە سەرییەوە پێچایەوە و ئیدی سوکنایی بەدڵیدا هات.

باوە فوتیس فەرماندەرانە درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

- ئێمە قڕمان تێناکەوێت! هەزاران ساڵە دەژین و هەزاران ساڵی تر بە زیندوویی دەمێنینەوە.

کاپتن تۆفان هەروا لەگەڵ خۆیدا ورتەورتی بوو:" سڵاو لە تۆ باوە! بە ڕاستی ڕابەرێکی گەورەیت! چ شۆڕێك، چ گەرموگوڕییەك، چ شەهامەت و ئازایەتییەك! بە ڕاستی قسەکەی تۆیە ... بەڵێ ئێمەی گریکیی خاوەن نەژادێکی نەمرین. ڕیشەکێشمان دەکەن، دەمانسووتێنن، سەرمان دەبڕن، بەڵام هەمدیس سەر دەردێنینەوە! لەبەرئەوەی یەکسەر پەیکەر و کۆڵەگە و دار و کاسە و گۆزەکانمان کۆدەکەینەوە و ئینجیل بەدەست دەکەوینەوە ڕێ تا لە

جێگایەکی تردا ڕەگ داکوتین." چاوانی پڕ لە فرمێسك بوون، لەناکاوێکڕا بە تەواوی جەستەیەوە، بۆخوارەوە دانەوییەوە و هاواری کرد:

- سلاوت لێبێت باوە فوتیس!

سەرگەلێك لێرە و لەوێی گۆڕەپانی ئاواییدا بەرەو لای بانیژەکە وەرگەڕان، بەلام هاوارەکەی کاپتن لەنێو ئەو گریانەدا ڕەوییەوە کە کاریگەریی قسەکانی قەشە وروژاندبووی. ژنان بە وەبیرهاتنەوەی ماڵە سووتێنراوەکانیان کەوتنە شیوەن و منالان بەیادی نانێك کە بەر لەوە خواردبوویان، دایانە قوڵپی گریان.

بەلام کاتێك باوە گریگۆریس دەستە قەڵەوەکەی هەڵبڕی، ئیدی گریان و ژاوەژاوەکە نیشتەوە:

- ئەوەی لە جیهاندا ڕوودەدات نیشانەی ئیرادەی پەروەردگارە. ئەو خۆی چاوی لە ئەرزە و تەرازوویەکی پێیە کە خێر و شەڕمان کێشانە دەکات. ئەوە خودایە کە بەرەکەتی بەخشیوەتە لیکۆڤریسی و گوندەکەی ئێوەیشی تازیەبار کردووە. ئەو خۆی دەزانێ ئێوە چ گوناهگەلێکتان کردوون!

کەمێك بێدەنگ بوو تا پەنابەران پەی بە قووڵایی وشە قورسەکانی ببەن. ئەوسا جارێکی تر دەستی هەڵبڕی و بە نەوایەکی توند و گرژ درێژەی بە قسەکانیدا:

- .... لەگەڵ تۆمە باوە. ڕاستییەکەی بڵێ! ددانی پێدانێ! چ گوناهێکتان کردووە کە دووچاری سزایەکی ئاوا بوون؟

باوە فوتیس بەددان بەخۆداگرتن، تووڕەیی خۆی خواردەوە و وەڵامی دایەوە:

- باوە گریگۆریس منیش نوێنەری پەروەردگارم. منیش کتێبی پیرۆز دەخوێنمەوە. منیش جامی خوێن و گۆشتی عیسا بەدەستەوە دەگرم. بتەوێت و نەتەوێت منیش ڕێك هەروەك تۆم. هەڵبەتە تۆ دەوڵەمەندی و من هەژار. تۆ بۆ لەوەڕاندنی ڕەوەکەت چەمەنزاری سەوزت هەیە و منیش وەك ئەوەی دەبینیت یەك بست ئەرزم نییە تا لەسەری بسرەوم. بەڵام بەوەشەوە ئێمە هەردووکمان لەبەر بارەگای خودادا یەکسانین و چ باشتر کە من لەبەرئەوەی برسیم، لە پەروەردگارمەوە نێزیکترم. کەواتە ئەگەر دەتەوێت وەڵامت بدەمەوە ئەوا دەنگت نزم بکەوە!

باوه گریگۆریس تیاما. ئەویش هەستیدەکرد تووڕەیی گوشار بۆ قەفەسەی سینگی دێنێ، بەڵام ددانی بە خۆیدا گرت. چونکە حاڵی بوو لەوەی کە بەلاڕێدا ڕۆیشتووە و تەواوی گوندنشینانی شاهیدی دیمەنەکە، لایەنی قەشەی بێگانە و خوڵق ئاگرین و کۆستکەوتوو دەگرن. بۆیە ئارام و میهرەبان گوتی:

– باوە بدوێ. بڵێ چیتان بەسەر هاتووە. خودا گوێی لێمانە. خەڵکیش گوێیان لێمانە. ئێمەیش وەك ئەنگۆ مەسیحیین و گرێکستانیی. ئێمە بۆ ڕزگاریی ئەم خەڵکە کە تەواوی ئومێدیان تۆیت، ئەوەی لە تواناماندا بێ و تەنانەت زیاتر لەتوانای خۆمان، درێخیی ناکەین.

قەشەی بێگانە زووبەزوو وەڵامی دایەوە:

– باوە گریگۆریس، ئێمە لە ئاواییەکانی خۆمان زۆر شتمان لەبارەی تۆوە ژنەفتووە و ئەوا ئێستایش تۆ لە نزیکەوە دەبینین و ستایشت دەکەین. گوێ لە قسەکانت ڕادەدێرین و بە قسەکانت هێزمان تێدێ. پرسیت چیمان بەسەر هاتووە! گوێ بگرە تا پێت بڵێم. ئێوەیش ئەی

ڕیش سپییان که ئاماده نەبوون بۆ دیدارمان بێن و ئەی مەسیحییانی لیکۆڤریسی، ئێوەیش گوێم بۆ ڕادێرن!

مانۆلیۆس که دڵی به توندی وەتەپه کەوتبوو، ڕووی له سێ هاوڕێکەی کرد و به ورته ورتەوه گوتی:

– با بچینه نزیکتر تا باشتر بژنەفین و باشتر ببینین.

کوستانتیس گوتی:

– مانۆلیۆس، منیش دەبێ بەو جۆره بم تا بتوانم ڕۆڵی ژاکی حەواری بەرجەسته بکەم.

یاناکۆس گوتی:

– منیش بەرجەستەکەری پەترۆسی حەواری ..

قەشه چیرۆکەکەی خۆی بێ پێشەکی و به پەله دەستپێکرد. وەك بڵێی غەمی ئەوەی بێ نەبا یادەوەرییه تاڵەکانی ڕابردوو، زامەکانی دڵی بهێننەوه سۆ. کاتێك له یادەوەرییەکەوه دەچووه سەر یادەوەرییەکی تر نەوای دەنگی دەلەرزی. وەك بڵێی وشەکان لەمیانەی ڕووبەڕووبوونەوه لەگەڵ ڕووداوەکاندا، هەڵبێن:

– ڕۆژێکیان هاوارێك لەسەر سەربانەکانی ئاوایی بەرزبۆوه:" وا سوپای گرێکستان هات! له دوورەوه

سەربازەکان دەبینین!" من زوو بەزوو هاوارم کرد:" ناقوسی تایبەت بە جێژنی زیندووبوونەوە بهێننە زرینگە و هەمووتان وەرن بۆ کڵێسا تا قسانتان بۆ بکەم. بەڵام بەرلەوە خەڵکی بە هەڵەداوان بۆ گۆڕستان دەچوون و بە پاچ و خاکەناز، خۆڵی قەبرەکانیان هەڵدەدایەوە و هەر کامیان لەسەر گۆڕی باوکی هاواری دەکرد:" باوکە، هەستە ئەوا گریکییەکان هاتوون و خەریکن دەگەنە ئاوایی!" هەمووان چرایان لەسەر خاچەکانیان داگیرساند و شەرابیان بەسەر گۆڕی مردووەکانی خۆیاندا دەکرد تا زیندوو ببنەوە. ئیدی دواجار هەمووان بۆ کڵێسا هاتن و من لەسەر مینبەرەوە هاوارم کرد:" برایان، جگەرگۆشەکان، ئەوا گریکییەکان هاتوون و کات و شوێن بوونەتە یەك. هەمووان لە ژن و پیاو چەك هەڵگرن تا تورك بەرەو بنی دۆزەخ ڕەوانەکەین!"

مانۆلیۆس بە گوێی قەشەدا چرپاندی:

– باوکە هێواشتر بدوێ، هێواشتر! ئاغا لە بانیژەکەوە گوێی لێیە.

ڕێك لە هەمان لەحزەدا ئاغا لەجێگاکەی ڕاچڵەکی و گەرچی گێژ و خەواڵوو بوو، بەڵام لە قسە خرۆشێنەرەکەی قەشە بەخۆیدا هاتەوە و نەڕاندی:

– هێی کاپتنی ناپاك، ئەم قسە سەیرانە چ بوو گوێم لێبوو؟

– ئاغا، گوتم لەخۆڕا خوڵقی خۆت شلوێ مەکە. بنوو. خۆم بە چوار چاو چاوەڕێم!

– ئەی پیری خەڵەفاو! گەرچی خەوم دێت ..... بەڵام ئەگەر کاری ئەم دوو قەشەیە بە جنێو و لێکەبەربوون گەییشت ئەوا خەبەرمکەوە تا بە قامچی بچمە خزمەتیان و ئارامیان بکەمەوە ...

پاشان ڕووی کردە یوسفۆکەکەی و گوتی:

– ... یوسفۆکەکەم وەرە. وەرە هێور هێور بنی پێم بشێلە تا خەوم لێبکەوێت.

ئەمجارەیش پێڵوە قورسەکانی بەسەر یەکدا کەوتن. باوە فۆتیس دەنگی نزمتر کردەوە:

– ئێمە ئەو چەکانەمان دەرهێنان کە لەژێر ساپیتەی ماڵەکانمان حەشارمان دابوون. تەنانەت خۆیشم یەك ڕیز

فیشەکم لەسەر خاچەکەم بەست و پاشان هەمووانم لە گۆڕەپانێکدا کۆکردنەوە و گوتم:" ڕۆڵەکانم، بەر لە حەرەکەت با پێکەوە سروودی میللی گریکلاند بڵێین..."

کە قسەکانی باوە فۆتیس بێرە گەییشت، ڤیروسیای لە هەموو شتێك کرد و جارێکی دی دەنگی لێهەڵبڕی:

– ... ئێسکی پیرۆزی نەژادی گریکییان ...

ئەمجارە یاناکۆس بە هێواشی گوتی:

– هێواشتر باوە، هێواشتر...

بەڵام ڕێك لەو کاتەدا دەنگە گڕەکەی کاپتن لە بانیژەکەوە دەنگی دایەوە:

– .... وەك هەمیشە جڵەو نەکراو، سڵاو، سڵاو ئەی ئازادیی!

ئاغا وەك بڵێی مێشوولەیەك بە گوێچکەیەوە بدات، موچوڕکەیەکی پێداهات، بەڵام هەمدیس خەوی لێکەوتەوە. گوندنشینانی ئامادە لە گۆڕەپانەکەدا بە سەرسوڕماوی سەریان هەڵبڕی و تەماشای بانیژەکەیان کرد. بەڵام کاپتن گەڕابۆوە شوێنەکەی و بەسەر

باڵشتەکەدا تلیسا و لەکاتێکدا جامەکەی پڕ دەکردەوە، بە ورتە ورت گوتی:

– لە چاوی تۆ ئەی گرێکلاندی پیرۆز! دواجار ئەوە تۆیت کە دونیا هەڵدەلوشیت!

کوستانتیس گوتی: کاپتن تۆفان مەستە و با خۆی بە چارۆکەکانییدا کردووە. ناشێ بچێ حەوت تیرەکە لەبەر پشتوێنی ئاغا دەربێنێ و مێشکی بپژێنێ! ئەوکات وای بەحاڵمان!

میکیلیس وروژاو گوتی:

– بە دۆزەخ! قسەکانی ئەم قەشەیە خەریکە بە مۆخی ئێسکمدا ڕۆدەچێت.

مانۆلیۆس کە قسەکانی باوە فۆتیس کاریان تێکردبوو، گوتی:

– بێدەنگ بن! لێگەڕێن گوێم لێبێ چ دەڵێت.

باوە گریگۆریس لە حەژمەت تووڕەیی، لێکدا لێکدا پیشی دەخواردەوە، بەخۆی دەگوت:" ئەم قەشە شڕپۆشە خەریکە لە تاری دڵەکان دەدا و ئاشووب

دەنێتەوە. دەبێ بەهەر تەرزێك بووە لە قەڵەمڕۆی خۆم وەدەرینێم ..."

هەربۆیە و هەڵبەت بە نەوایەك لە نیشانەی هاوخەمیی، گوتی:

– بەردەوامبە باوە، بیگێڕەوە. بۆچی بێدەنگ بوویت؟ ئێمە هەمووومان گوێمان لێتە.

باوە فۆتیس هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە گلەوگازندەوە گوتی:

– بیگێڕمەوە؟ باوە داوام لێمەکە ئەودوای ڕووداوەکە بگێڕمەوە. ئەوەی لە قەفەسەی سینگمدایە بەرد نییە، بەڵکو دڵە و دەشکێت ...

چاوانی فرمێسکیان تێزا و قەهر گەرووی گرت. کاپتن تۆفان هەمدیس بەسەر بانیژەکەدا نەویبۆوە، فرمێسکی چاوانی بە خاولییە تەڕەکەی سڕی و بە چرپە گوتی:

– نەفرەت لە شەیتان! تاڤ جحێڵی خۆمم دێتەوە بیر.

باوە گریگۆریس گوتی:

- ئەوەی ڕوویداوە ئیرادەی پەروەردگار بووە و نابێ ناشکور بیت باوە! ئاخر ناشکوریی گوناهێکی گەورەیە...

باوە فۆتیس ئارامیی خۆی بەدەستهێنابۆوە، هاواری کرد:

- ناشکوریی ناکەم و هیچ ترسێکیشم نییە. ئاخر ئێمە نەمرین. هەنووکە دڵم دووبارە هاتۆتە کوڵ و ئامادەم گێڕانەوەی چیرۆکەکەمان درێژە پێبدەم. دەستەیەك لە سەربازەکانی ئێمە بەدەستی تورکان هەتك کران و دەستەیەکی تر ڕایانکرد. ئێمە ماینەوە و تورك. بەڵێ، تورك دووبارە گەڕانەوە و بە عادەتی خۆیان کوشتینیان و سوتاندیانین و لاقەیان کردین. ئەوەی مایەوە ئەمانەن کە ئێستا لە بەردەم ئێوەدا کەوتوونەتە سەرچۆك. ئەی مەسیحییەکان، برایان، زۆرترینی ئەم کەسانە ژن و منالن و پیاویان زۆر کەم تێدایە. ئێمە پەیکەری قەدیسان و ئالای قەدیس ژۆرژ و ئەوەی کە لەتوانامان‌دا بوو هەڵمانگرت و کۆچمان دەستپێکرد و من لەپێشی هەمووانەوە کەوتمە ڕێ. هەنووکە سێ مانگە ئاوارەی

شاخ و داخ بووین و لەگەڵ برسێتیی و نەخۆشیدا دەجەنگین. زوربەمان لەپێکەوتن و بەخاکمان سپاردن، بەڵام هەروا ڕێی خۆمان گرتەوەبەر. ئێمە شەوانە ماندوو و مردوو ڕۆژ دەکەینەوە و منیش کە هەمیشە ورە دەدەمە خۆم، سەرەتا ئینجیلم بۆ دەخوێندنەوە و لەبارەی خودا و گرێکلاندەوە بۆیان دەدوام و پاشان دوای ئەوەی کە هەموومان سەبووریمان دەهاتەوە، هەمدیس دەکەوتینەوە ڕێ. بە ئێمەیان گوتبوو لە جێگایەکی دوورەدەست و لەبناری کێوی ساراکینادا، گوندێکی بە بەرەکەت بە خەڵکێکی میهرەبان و خێرەومەندەوە هەیە کە ناوی لیکوڤریسییە. ئێمەیش بیرمان کردەوە کە لەبەرئەوەی ئێوە مەسیحیی و گرێکیستانیین و ئەمبارەکانتان پڕ لە خۆراك و دانەوێڵەیە و ئەرزێکی زۆری قاقڕتان هەیە، لێناگەڕێن لە برسانا بمرین. هەربۆیە ڕوومان لە ئێوە ناوە. کەواتە سڵاوی من لە ئێوە بێت ئەی برا مەسیحییەکانی لیکوڤریسی!

پاشان ئارەقەی تەوێڵی سڕی، خاچی کێشا، دانەوێوە و ماچی ئەو ئینجیلە قورسە بەرگ زیوینەی کرد کە بەسینگی خۆیەوە نووساندبوو، لەکاتێکدا کە ئینجیلەکەی بۆ ژوور سەری هەڵدەبڕی، گوتی:

– ئێمە جگە لەم ئینجیلە، چ ئومێد و سەبوورییەکمان نییە!

فرمێسك چاوانی پۆشیبوو. ئامادەبووان لە گۆڕەپانەکە لەرز دایگرتبوون. مانۆلیۆس گێژ و مەنگ پاڵی بە یاناکۆسەوە دابوو. میکیلیس بە تووڕەیی تەڵە مووی سمێڵە ڕەشەکەی هەڵدەکێشا و هەوڵیدەدا بەر بە فرمێسکەکانی بگرێت. تەنانەت پانایۆتیس کەوتبووە گریان و میهرەبانانە لە پەنابەرەکانی دەنۆڕین. بێوەژنەکەیش لە حاڵی مەسیحییەت و گرێکلاند، لە حاڵی پیاوان و ژنانێك کە دەوریاندەوریان دابوون، دەنۆڕی و فرمێسکی بۆ گوناه و کاروکردەوەی ناشایستەی خۆی هەڵدەڕشت. کاپتن تۆفان لە ترسی ئەوەی نەبا ئاغا بێدار بێتەوە، دەستی گرتبوو بە دەمییەوە تا هەنسکی گریان لە گەروویدا بتاسێنێ.

تەنها دوو قەشەکە نەدەگریان. یەکێکیان بەو هۆیەی کە چیدی ئەو هەموو ڕەنج و بەدبەختییە چ فرمێسکێکی بۆ نەهێشتبۆوە و ئەویتریشیان بەو هۆیەی کە قووڵ لە غایلەی ئەوەدا بوو تا ڕێگەیەك بدۆزێتەوە خۆی لە شەڕی ئەو هەموو برسییە و پێشەواکەیان، کە بە قسە ئاگرینەکانی هێزی دەدایە دڵ، ڕزگاربکات.

باوە فۆتیس کەمێك ئارامتر گوتی:

– ... هەندێك کەس لەئێمە نەیانتوانی ئێسکوپروسکی باووباپیرانی خۆیان لە گۆڕەکان بهێننە دەرێ و لەگەڵ خۆیاندا بیهێنن تا لەژێر خاکی گوندە نوێکەماندا بینێژین. لەم پیرەمێردە تەمەن سەد ساڵەیە بنۆڕن! سێ مانگی تەواوە ئێسکوپروسکی باپیرەی بە کۆڵەوەیە.

بەڵام باوە گریگۆریس بڕستی لێبڕا و دڵپاکانە گوتی:

– زۆر باشە باوە. هەرچیت گوت ڕاستە! باشە ئێستا ئێمە چ بکەین؟

باوە فۆتیس وەڵامیدایەوە:

– ئێمە ئەرزمان گەرەکە. ئەرزێك کە بتوانین تێیدا جێگیر ببین. ئێمە بیستوومانە ئێوە ئەرزی قاقڕتان هەیە.

ئەوانە بدەنە ئێمە تا بیانکێڵین. ئێمە تیایاندا کشتوکاڵ دەکەین و کار دەکەین و نانیان لێ بۆ خێزانەکانمان دابین دەکەین. بەڵێ باوە، ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە لە ئێوەی داوا دەکەین.

باوە گریگۆریس لەژێر لێوەوە قروسکەیەکی وەك قروسکەی سەگی پاسەمەڕی کرد و بەخۆی گوت:" ئەم سواڵکەرە برسییانە بە چ جورئەتێك دەیانەوێ بێنە نێو پشتیری مەڕەکانی منەوە؟" ئەوسا ئارام دەستی بە ڕیشە سپییەکەیدا هێنا و لەفیکرەوە چوو. بێدەنگییەکی قورس باڵی کێشا. ژن و پیاو چاویان لە دەمی وی بوو.

ئاغا بە تووڕەیی هەستا و پرسی:

– ئەدی بۆچی بێدەنگ بوون؟ مەگەر فەرمانم نەدابوو بەدەنگی بەرز بدوێن؟

کاپتن وەڵامی دایەوە:

– ئاغا گیان بنوو. هێشتا شەڕەکە دەستی پێنەکردوە.

– هەی ناپاك بۆچی دەنگت دەلەرزێ؟ ناشێ سەرخۆش بوویبیت؟

کاپتن چاوانی سڕی و لەژێر لێوەوە مڕاندی:

- ئەدی پێتوایە چییە؟ عارەقە عارەق. خۆ ئاو نییە. هەڵبەت دیارە کە گرتوومی.

مانۆلیۆسی هەژار بڕستی لێبڕا و ئازایانە سەری بەرامبەر ئامادەبووان لە گۆڕەپانەکەدا هەڵبڕی و هاواری کرد:

- باوە گریگۆریس گوێ بۆ بانگی خەڵك ڕادێرە! ئەوە مەسیحە کە لەژێر گوشاری برسێتییدا داوای خێر دەکات.

باوە گریگۆریس کە لەتووڕەییدا شێت ببوو، ڕووی تێکرد و وەڵامی دایەوە:

- تۆ دەمت داخە!

ئەمجارەیش بێدەنگیەکی قورس باڵی کێشا. کۆستانتیس و یاناکۆس بۆ پشتگیریی کردن لە مانۆلیۆس خۆیان گەیاندێ و لەلایەوە ڕاوەستان. میکیلیس نارەحەت و شپرزە لێیان نزیکبۆوە. مانۆلیۆس ڕووی تێکرد و گوتی:

- بڕۆ باوكت خەبەركەوە! خۆ ئەویش دڵی هەیە و ڕەنگبێ بەزەیی بەم داماوانەدا بێتەوە. خودان تۆ خۆت بەزەییت پێیاندا نایەتەوە؟

- چۆن! بەزەییم پێیاندا دێتەوە .. بەزەییم پیایاندا دێتەوە .... بەڵام دەترسم باوكم خەبەركەمەوە ...

مانۆلیۆس وەڵامی دایەوە:

- میكیلس دەبێ تەنها لە خودا بترسیت. لە خودا، لە خەڵكیی نا!

میكیلیس سوور هەڵگەڕا. ئاخر خزمەتكارەكەی بە چ جورئەتێك ئاوها چاوقاییمانە قسان دەكا؟ ڕووی دەمی لەكێ بوو؟ ئەمری بەسەر كێدا دەكرد؟ بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، برۆی گرژ كرد و نەچووە ژێر باری ئەوەی كە بڕوات و باوكی خەبەركاتەوە.

باوكە گریگۆریس بێدەنگ و بێجووڵە لەجێگای خۆیدا وشك ببوو. زۆری بۆ خۆی دەهێنا و لە دووی پەیداكردنی وشەگەلێك بوو تا بتوانێت ئەو گورگە برسییانەی لە پشتیری مەڕەكانی خۆی پێ دوورخاتەوە. هەستی دەكرد لەنێو ڕەوەكەیدا هاتوباتێك بەرپا بووە و

خەریکن لە دەستی قەلفڕ دەکەن ... ئاخر دەیتوانی چ بکات؟ ئاغا بانگ بکات؟ ئەگەر چارەنووسی مەسیحیگەلێك کە بۆ بەرخۆدان دژی تورك چەکیان کردۆتە شان و بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەرگ و مەنفا چووبوون، بە دەستی تورکێك بسپێرێت، ئاخۆ ئیتر گوندنشینان دەربارەی وی چ دەڵێن؟ ئایا دەبێ ڕیش سپییان خەبەر بکاتەوە؟ بەڵام لەنێوانیاندا تەنها لاداسی پیر جێی متمانە بوو و بەس! ئەوانی تر .... یەکێك خودانی دڵ نەرم بوو کە هەمیشە گریانەکەی ئامادە و دواجار قاییل دەبوو. یەکێکیشیان کاپتنی سواڵکەر تەبع بوو کە ئەویش بێ ئەملاولا قاییل دەبوو، چونکە هیچی لەدەست نەدەدا. دوایەمینیان مامۆستا بوو کە جگە لە قسەی زل و خایلەی پووچ چ شتێکی تر لە توێشەبەرەکەیدا نەبوو، وی ناشایشتەتر بوو لەوەی کە تەنانەت بتوانێت یەك دەسك یۆنجە بەسەر دوو کەردا دابەشکات.

باوە فۆتیس جامی حەوسەڵەی لێوڕێژ ببوو، گوتی:

- باوە چ بووە؟ ئاخۆ پەروەردگار هێشتا خەریکی ڕۆشن کردنەوەی خایلەکانی تۆیە؟

باوە گریگۆریس مڕاندی:

- بەڵێ، هێشتا لە بیرکردنەوەدام. من هەم بەرپرسیارێتی خەڵکی خۆم لە ئەستۆیە و هەم دەشبێ وەڵامگۆی پەروەردگارم بم.

- هەموومان بەرامبەر یەکدی بەرپرسیارین. تۆیش نابێ بەرپرسیارێتیی بەرامبەر خەڵکی خۆت لە بەرپرسیارێتیت بەرامبەر خەڵکەکەی من جیابکەیتەوە!

ئەگەر بە تەنیا بان، ئەوا بێ شك باوە گریگۆریس هەڵی دەکوتایە سەر نەیارەکەی و دەیخنکاند. بەڵام لەو هەلومەرجەدا چی کردبا؟ بۆیە هەروا ددانی بەخۆیدا گرت. بێدەنگیی زیاد لە ئەندازە درێژببۆوە و هەموو چاوەکان لێیان دەنۆڕی. دواجار ناچار لێوی بۆ قسان هەڵێنایەوە:

- باوە گوێ ڕادێرە ...

باوە فۆتیس بەشێوەیەك ئینجیلەکەی لە دەستی خۆیدا وەجووڵە خست کە گوایە دەیەوێت بیگرێتە نەیارەکەی.

- گویم لێته.

بەڵام باوه گریگۆریس هێشتا ئەوەی که دەیویست بیڵێ بە ڕەوانی له مێشکیدا ڕێکی نەخستبوو. ڕێك هەر لەو کاتەدا ئەو موجیزەیەی که چاوەڕوانی بوو، ڕوویدا و دەنگی هاوارێکی وشك له فەزادا پێچی خوارد و (دسپینۆ) ی جاحێڵ کەوته سەر ئەرزەکه و یەکسەر گیانی سپارد. چەند کەسێك بەرەو پێشەوه ڕایانکرد تا لەسەر ئەرزەکه بەرزی بکەنەوه، بەڵام ترساو کشانەوه دوا. ڕەنگی ڕوخساری ژنەی بەستەزمان سەوز، لێوی شین و پێ و زگی هەڵاوساو. باوه گریگۆریس دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و لەکاتێکدا که بەزەحمەت هەوڵیدەدا شادومانی خۆی وەشارێت، هاواری کرد:

- ڕۆڵەکانم، خودا لەم ساته پڕ شکۆیەدا وەڵامی گونجاوی خۆی دایەوه. هەمووتان باش لەم ژنه بنۆڕن. زگی پەنماوه، پێوپلی ئاوساوه و ڕوخساری یەك پارچه سەوز بووه. ئەمه نیشانەی پەتایه!

خەڵکەکه زەندەقچوو کشانه دواوه و باوه گریگۆریس درێژەی به قسەکانیدا:

- .... بەڵێ، ئەمە نیشانەی پەتایە! ئەم بیانییانە ترسناکترین بەڵای دونیایان بەدیاری بۆ گوندەکەی ئێمە هێناوە. ئێمە ئیدی وا تیادەچین! ئێوە دەبێ دڵی خۆتان وەك بەرد ڕەقکەن و بیر لە ژن و منداڵەکانتان بکەنەوە. ئەوە من نیم کە بڕیارێکی ئاوها دەدەم، بەڵکو ئیرادەی خودا ئاوهایە. باوە فۆتیس وەڵامی دەویست؟ فەرموون ئەوە وەڵام!

ئەوسا ئاماژەی بۆ لاشەی نێو گۆڕەپانەکە کرد و بێدەنگ بوو.

باوە فۆتیس لە تووڕەییدا ئینجیلەکەی بە سینگییەوە دەگوشی و دەستەکانی دەلەرزین، هەنگاوێکی بەرەو لای باوە گریگۆریس ناو ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام بوغز گەرووی گرتبوو.

کاپتن تۆفان بە هەڵنوتانەوە لە بانیژەکە هەستا و هەمدیس خاولییەکەی سەری تەڕ کرد. نێوچەوانی لە حەژمەت مەستیی دەسووتا. خاولییەکەی توند بەدەوری لاجانگەکانیدا پێچا و ئاو لە گۆنای چرچ و چەناگە و

سینگی ڕووت و هەتاوبردووی ڕژایە خوار و دوای ئەوەی کەمێك بەخۆیدا هاتەوە، لەژێر لێوەوە مڕاندی:

– ئاه! هەی پیرە کەمتیاری ڕیشن! ئەی قەشەی نەفرەتی! دواجار ئیشی خۆت کرد و قەشەی داماوی غەریبەت بەدەمدا خست! هەی ناڕەسەن، شەرم ناکەیت بەوانە دەڵێیت پەتایان گرتووە؟ ... بەڵام من لێناگەڕێم هەرچی دڵت دەخوازێت بیکەیت. نا، ناهێڵم! هەر ئێستا دێمە خوارەوە و لەنێوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا هاوار دەکەم درۆ دەکەیت. ئەی درۆزنی بێ شەرم! منیش یەکێکم لە ڕیش سپییانی ئەم ئاوایییە و قسەم دەخوات.

پاشان هەستایە سەر پێ، بە هەڵانگاوتنەوە بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و بە پێلەقەیەك کردییەوە. تاوێك لەسەر پێپلیکانەکان ڕاوەستا. خانوو و هەرچییەك لەناویدا بوو دەسووڕایەوە. وەك بڵێی تۆفانێکی گەورە هەستابێ. چرای پێپلیکانەکان، تفەنگی هەڵواسراو بەدیوارەوە، قەمەی گەورە و میراخورێك کە لەبەردەرگاکە دەستەوئەژنۆ خەوی لێکەوتبوو، هەر هەمووی دەسووڕانەوە. دەستی بە شیشی پێپلیکانەکەوە گرت و

هەنگاوی هەڵێنا. وەك بڵێی بە حەواوە بێت، پێپلیکانەکان وەك شەپۆل بەرز و نزم دەبوونەوە. ژێر پێی بەتاڵ و بەسەردا کەوتە خوارەوە و دەنگی کەوتنەکەی، گرمەئاسا ماڵەکەی لەراندەوە.

ئاغا ناکاو لەخەو ڕاپەڕی، هاواری کرد:

– هێی کاپتن، چ بووە، ئەوە کێ بوو کەوت؟

ئەوسا لە تاریکایی شەودا دەستی بەهەردوو لادا گێڕا و چواردەوری خۆی گەڕا. کەسی نەبینی. ویستی هەستێ بەڵام بەسەر باڵشتەکانی پاڵ مناڵە تورکەکەدا کە بنێشت لەدەمدا خەوی لێکەوتبوو، کەوت. کە دەستی بەر جەستەی گەرم و بۆنخۆشی یوسفۆك کەوت، زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

– یوسفۆك، ئەوە نوستوویت؟

وایگوت و سەری نایە سەر سینگە نەرم و گۆشتنەکەی یوسفۆك و چاوی لێکنا و ئیدی بۆ دونیای وەنەوز ڕۆچوو.

لە گۆڕەپانی گوند، باوە گریگۆریس ئەمجارەیش نەوای قسەکانی ئارام کرد و گوتی:

- باوکە، دڵی هەمووومان بە بیستنی ڕەنجی ئێوە هاتە ژان و خۆت بینیت کە چۆن هۆن هۆن گریاین. ئێمە هەمووومان ئامێزمان کردبۆوە تا پێشوازیتان لێبکەین، بەڵام پەروەردگار خۆی ڕوحمی پێکردین و زەنگی خەتەری بۆ لێداین. برایان، ئێوە نەخۆشیتان پێوەیە. بڕۆن و خۆتان بە پەروەردگاری دونیا بسپێرن و مەهێڵن گوندەکەی ئێمەیش دووچاری غەم و کەسەر بێت!

بە بیستنی ئەو قسانە، ناڵە لە دڵی پەنابەرانەوە بەرز دەبۆوە. ژنان شیوەنیان دەکرد و لە سینگی خۆیان دەدا و پیاوان ناباوەڕانە چاویان لە قەشە بڕیبوو. خەڵکی لیکوڤریسی زەندەقچوو لەو جەستە وشکهەڵاتووەیان دەنۆڕی کە لەنێوجەرگەی گۆڕەپانی گوندەکەیاندا کەوتبوو، وردە وردە کەوتنە ورتە ورت:

- بڕۆن! لێرە بڕۆن! بڕۆن!

پیرەمێردێك نەڕاندی:

- زووبکەن بچن بۆرەك بێنن و بەسەر لاشەی ئەم ژنە پەتاگرتووەیەیدا بدەن تا هەوا پیس نەبێت!

بەڵام باوە فۆتیس هاتە پێشەوە:

- برایان مەترسن. ئەمە ڕاست نییە. باوەڕ بە قسەی ئەم قەشەیە مەکەن. ئێمە هەڵگری هیچ جۆرە نەخۆشییەك نین. ئێمە تەنها برسیمانە و ئەم ژنەیش لە برسا مردووە. سوێند دەخۆم!

ئەوسا ڕووی بۆ لای باوە گریگۆریس وەرچەرخاند و نەڕاندی:

- ئەی قەشەی زگ تێری ورگن. ئومێدوارم خودایەك کە لە سەرەوە دەمانبینێت، لێت ببورێت. چونکە من لەم گوناهەت نابوورم و ئەم تاوانە هەمیشە بەسەر ویژدانتەوە قورسایی دەکات.

گوندنشینە پیرەکە هاواری کرد:

- لێرە بڕۆن. بڕۆن خوداتان لەگەڵ بێت! من مناڵ و نەوەم هەن. بەدبەختیی بۆ ماڵەکانی ئێمە مەهێنن!

ترس باڵی بەسەر گوندنشینەکانا کێشا. دڵەکان وەکی بەرد ڕەق هەڵاتبوون و هەمووان دەستیان ڕادەوەشاند و هاواریان دەکرد:

- بڕۆن! بڕۆن!

باوە گریگۆریس باسکی خاچئاسا ڕاگرت و گوتی:

– دەنگی خەڵك دەنگی خودایە! بۆ هەر کوێیەك پێتان خۆشە بڕۆن!

باوە فۆتیس هاواری کرد:

– ئومێدەوارم سزای گوناهتان بدرێن. باشە دەڕۆین. ڕۆڵەکانم هەستن و شەهامەتتان هەبێ! ئەمانە ئێمەیان ناوێت. بۆیە ئێمەیش نامانەوێن! ئەرزی خودا زۆرە و بۆ جێگایەکی دوورتر دەڕۆین.

ژنان بێ بڕست هەستان و بارەکانی خۆیان لەکۆڵ نان. پیاوان کۆڵەپشت و شمەکەکانیان هەڵگرتن و ئالاهەڵگر پێش خەڵکەکە کەوت. مانۆلیۆس لەکاتێکدا کە دەگریا، دانەوێوە، یارمەتی پیرەمێردێکی تەمەن سەدساڵەیدا تا هەستێ و توورەکەی ئێسکوپروسکی باووباپیری بکاتە کۆڵ:

– باوەگەورە، نائومێد مەبن و پشت بەخودا ببەستن...

پیرەمێرد سەرێکی لەقاند و مڕاندی:

– چما گەرەکتە پشت بە خەڵکی خودا بببەستین؟ مەگەر بەچاوی خۆت نابینیت. دەك نەفرەتی خودا لەهەموویان بێت!

ڕێك لەو ساتەدا كە دەیانویست بجولێن، باوە فۆتیس وچانێكی دوودڵانەیدا. سەرنجێكی لە هاوسەفەرانی لەڕولاواز و بێ بڕستیدا و لەكاتێكدا كە دڵی گوشرابوو، گوتی:

– برایانی لیكوڤریسی. من ئەگەر خۆم بەتەنیا بام، ئەگەر جگە لە گیانی خۆم چ بەرپرسیارێتییەكم بەرامبەر خودا نەبا، ئەوا نەدەچوومە ژێر ڕەزالەتی سواڵ و مردنم لە دەست پانكردنەوە بە باشتر دەزانی. بەڵام چ بكەم كە بەزەییم بەم ژنانە و منداڵەكانیانا دێتەوە. ئاخر بڕست و توانایان لێبڕاوە و بە زوویی هەموویان لە برساندا دەمرن. من لەپێناوی ئەواندا، پێ بە غرور و عیززەتی نەفسمدا دەنێم و خۆم ناچار دەكەم سواڵ بكەم. ئەی مەسحییەكان وەرن و خێرێكمان پێبكەن. ئێمە پەردەكولله ڕادەخەین تا هەریەكێك لە ئێوە هەرچییەك دەتوانێت تێیبكات. لەتێك نان، شووشەیەك شیر بۆ منداڵەكانمان و مشتێك زەیتوون ... ئاخر ئێمە برسیمانە!

دوو پیاو پەردەکوللەیەکیان ڕایەڵکرد و لەپێشی خەڵکەکەوە کەوتنە ڕێ و قەشە لەکاتێکدا کە خاچی دەکێشا، گوتی:

- با بڕۆین بە ئومێدی خودا. ڕۆڵەکانم ئازابن و بجووڵێن! ئێمە هەمدیس شەرابی بەدبەختیی دەنۆشین. پەروەردگار خۆی دەمانپارێزێت. ئێمە خۆمان سووك دەکەین، پشت بەخودا دەبەستین و لە دەرگای ماڵەکانی گوند دەدەین و دەڵێین: خێرێك بکەن! هەرچییەکتان لێ زیادە و دەتانەوێت بیخەنە بەردەم سەگەکانتان، ئەوا بیدەنە ئێمە! ... حەوسەڵەتان هەبێ ڕۆڵەکانم، ئازابن! دواجار ئەوە مەسیحە کە سەردەکەوێت.

ئەوسا ڕووی کردە باوە گریگۆریس و درێژەی بە قسەکانیدا:

- .... باوە گریگۆریس، ئێمە ڕۆژێك چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە. مەبەستم لە ڕۆژی قیامەتە! لەو ڕۆژەدا من و تۆ پێکەوە لەحزووری خودادا ڕادەوەستین و ئەو خۆی لەنێوان ئێمەدا داوەریی دەکات.

کاترینا یەکەمین کەسێک بوو خێری کرد. ئەو شاڵەی کە تازەکیی کڕیبووی، لە شانی کردەوە و خستییە نێو پەردەکوللەکەوە و پاشان لەگیرفانەکانیدا کەوتە گەڕان، ئاوێنەیەکی گچکە و شووشەیەك عەتریشی خستە نێو پەردەکوللەکەوە و بە لالانەوەوە گوتی:

– ئیدی برایان هیچی ترم نییە. بمبوورن، ئیتر هیچی دیم نییە ...

کۆستانتیس دوای وچانێك بیری کەوتەوە کە ئەو یەکێکە لە حەوارییەکانی عیسا و لەم ڕووەوە بۆ قاوەخانەکەی ڕۆیشت و بە پاکەتێك شەکر، قوتوویەك قاوە، بوتڵێك کۆنیاك، چەند فنجانێك و قاڵبێك سابونەوە گەڕایەوە و هەمووی نایە نێو پەردەکوللەکەوە:

– ئەم دیارییە ناچیزانە وەربگرن و سەفەرێکی خۆش!

پەنابەران لە دەرگای هەر ماڵێکیان دەدا، لە درزی دەرگاکەوە دەستێك بە پەلە شتێکی دەنایە نێو پەردەکوللەکەوە و لە ترسی ئەوەی کە نەبا پەتا بێتە ناو ماڵەکەیەوە، گورج دەرگاکەی دادەخستەوە. بەڵام کاتێك

له دەرگای ماڵی لاداسی پیریاندا، دەرگا نەکرایەوە و چرای ماڵەکەیش کوژایەوە.

یاناکۆس کە لەگەڵ سێ هاوڕێکەیدا پەنابەرانیان هاوڕێیی دەکرد، بە توندی لە دەرگاکەیدا و هاواری کرد:

– پیرەمێرد، ئەمانە مەسیحیین و برسی. هەموو کەسێك لەتێك نانی پێداون، تۆیش شتێك بدە!

بەڵام هاوارێکی ناقۆڵا لەودیو دەرگاکەوە بەرزبۆوە:

– خۆ خێر بەزۆر وەرناگرن.. هەرکەس خۆی بیەوێت خێر دەکا.

یاناکۆس مشتی گرێ کردووی هەڵبڕی و نەڕاندی:

– هەی پیرەمێردی ناڕەسەنی کافر، ڕۆژێك خۆم حیسابت بۆ دەکەم!

میکیلیس پێشنیاری کرد:

– با هەموو بچینە بەردەرگای خودان پاترپارکاس!

پاشان ڕووی کردە سێ یاوەرەکەی و درێژەی بەقسەکەیدا:

– ... با زوو بڕۆین تا باوکم نوستووە. هەرچیمان بوێت لە ئەمبارەکەی دەیبەین.

مانۆلیۆس بە گاڵتەجارییەوە گوتی:

– ئەدی ئەگەر پیرەمێرد تێگەیشت و دۆودۆشاوی تێکەڵ کرد، چی؟

– بە دۆزەخ با تێبگات. کە ژەهرەکەی ڕشت ئیدی ئارام دەبێتەوە. زووکەن با بڕۆین!

هەرچواریان بە پێکەنینەوە کەوتنە ڕاکردن، وەك بڵێی بۆ تالانکردنی سەروسامانی دوژمن هەڵمەت بەرن.

کەمێك دواتر کاترینای بێوەژن بەرەو ماڵەکەی ڕۆیشت و گەرچی شانی لە حەژمەت سەرما دەلەرزی، بەڵام شادومان بوو کە ژنێکی تر شاڵەکە لەخۆیەوە دەپێچێ تا گەرمی بێتەوە. کوتوپڕ دەنگی قروسکەیەکی لە دواوە هاتەگوێ و هەناسەیەکی گەرمی لەسەر پشت ملی ڕووتی هەست پێکرد و یەکسەر دوو دەست چنگی بە ملیدا کرد:

– هەی دەڵەسەگی هەرزە، من ئەو شاڵەم بە خوێنی دڵ بۆ کڕیبووی، کەچی تۆی قەحپە بەخشیت؟ هەر ئێستا دەتخنکێنم!

کۆلان ئارام و چۆڵ. ترس باڵی بەسەر بێوەژندا کێشا. هەناسەی پیاوەکە شەراباویی و بەچاوانی هەڕەشەکەر و لەهەمانکاتدا پەرۆشانەی، لێی دەنۆڕی:

– پانایۆتیس ڕێك وەکی دەعبای بێ شاخ و کلکت لێهاتووە، توخودا ڕوحم بکە. ئیدی چ چاوەڕوانییەکت لەمن نەبێت!

– هەی قەحپە بۆچی پێتگوتم یەهوزا؟ ئەم قسەیەت وەك خەنجەر دڵمی شەقار کرد و ئەوساش چاوەڕێیت ڕوحمت پێبکەم؟ ئەدی تۆ ڕوحمت پێ کردم؟ دەهێڵیت ئەمشەو بێمە ماڵەوە بۆ لات؟

دەلەرزی و چاوەڕێی وەڵام بوو. کەمێك دواتر دووبارە بە پاڕانەوەوە گوتی:

– کاترینا تۆ تەنها ئومێدی منیت ... لێگەڕێ بێمە ماڵەوە!

بێوەژن هەستی کرد هەوەسی هاوئامێزیی لەگەڵ ئەو پیاوە هەڵایساو، تکاکار، بێ تاو و مەستەدا، بوونی کۆنترۆڵ کردووە و ئیدی لەسەرخۆ وەڵامیدایەوە:

– باشە! وەرە.

ئەوسا عیشوەگەرانە کەوتە ڕێ و پانایۆتیسیش بێدەنگ و پەنهانی و لۆژ لۆژ دوایکەوت.

پەنابەران گەیشتنە ماڵی خودان. چوار کەس بە زەمیلەی پڕ لە ئازووخەوە چاوەڕێیان دەکرد. یاناکۆس هاواری کرد:

– برایان، ئەم هەمووە لە پەردەکوللەکەدا جێی نابێتەوە. چوار کەسی بەهێز بێن و هەڵیگرن!

میکیلیس گوتی:

– بەخت یاوەرتان بێ و بمانبەخشن! خودان پاتریارکاسیش ببەخشن!

هاواری شادومانی لە هەر لایەکەوە بەرزبۆوە:

– خودا بیبەخشێت!

پەنابەران زوو بەزوو دەستیان بۆ نێو زەمیلەکان برد و کەوتنە خواردن. پیاوە بەهێزە ئاڵا بەدەستەکە گوتی:

– هاوڕێیان، ئێمە پێویستمان بەچی بوو؟ پاروویەك نان! بفەرموون ئەمە نان!

وایگوت و لەنێو زەمیلەکەدا پارچە نانێکی گەورەی دەرهێنا.

مانۆلیۆس لەکاتێکدا کە لە حەوشە دەهاتە دەرەوە، گوتی:

- هێشتا پیرەمێرد لە پرخەی خەودایە.

یاناکۆس گوتی:

- دەپرخێنێ و خەون دەبینێ کە خەریکە دەچێتە بەهەشتەوە. هەڵبەت لەجێی چوار فریشتە چوار زەمیلە لە پێشەوە دەڕۆن و ڕێگەی بۆ دەکەنەوە.

هەمووان لە قووڵایی دڵەوە پێکەنین و هەستیانکرد قورسایی سەر شانیان سووك بووە.

دواجار پەنابەران لە گوند چوونە دەرەوە. شەو داوێنی شین و بۆنخۆشی خۆی ڕاخستبوو. سەگەکان لەپاڵ دوایین ماڵەکانی گوندەوە ڕاوەستابوون و دوای کەمێك وەڕین و ئەنجامدانی ئەرکی خۆ، بۆ گوند گەڕانەوە. کێوی ساراکینا بە هەیبەتی مۆن و خەرەندە بێ شومارەکانییەوە لەبەرامبەر پەنابەراندا قەدی ڕاستکردبۆوە. مانۆلیۆس گوتی:

- با بڕۆین خوداحافیزیی له قه‌شه بکه‌ین. ئه‌و قه‌شه نییه، به‌ڵکو خودی حه‌زره‌تی موسایه که خه‌ریکه گه‌له‌که‌ی به بیاباندا ده‌ئاژوێ.

ئیدی پێیان هه‌ڵگرت و خۆیان گه‌یانده باوه فۆتیس. مانۆلیۆس ده‌ستی ماچکرد و گوتی:

- باوکه، پێموایه خه‌ڵکی ئاواییه‌که‌ی ئێمه گوناهیان کرد. تۆ خۆت شه‌فاعه‌تمان بۆ بکه تا گرفتاری نه‌فره‌تی خودا نه‌بین.

قه‌شه به میهره‌بانی ده‌سته لاوازه‌که‌ی به‌سه‌ر سه‌ری مانۆلیۆسدا هێنا و گوتی:

- کوڕه‌که‌م ناوت چییه؟

- مانۆلیۆس.

- مانۆلیۆس، من له خه‌ڵکی ئاواییه‌که‌ی ئێوه دڵگیر نیم. ئه‌وانه خه‌ڵکانێکی ساده‌دڵ و خۆش باوه‌ڕن و پێڕه‌ویی له پێشه‌واکه‌یان ده‌که‌ن. بۆیه کاره‌کانیان شایانی گچکه‌ترین ڕه‌خنه نییه. به‌ڵام پێشه‌واکه‌یان که‌سێکی ناڕه‌سه‌ن و هیچه. خودایا تۆ خۆت بمبه‌خشه!

بۆ ساتێك بیریکرده‌وه و گوتی:

- ... قەزاوەتەکەم بێ ڕوحمانەیە. نا .. ئەو خەراپ نییە. باشترە بڵێم دڵڕەقە و ئیدی بەدبەختی نەرمی دەکات.

ئەوسا ڕووی کردە میکیلیس کە دەستی گرتبوو، لێی پرسی:

- کوڕەکەم تۆ کێیت؟

- ئەو میکیلیس، خودانی جحێڵی گوندەکەمانە.

- میکیلیس بە بابت بێژە کە خودا ئەو چوار زەمیلە ئازووخەیەی لای خۆی دەنووسێ و لەودونیا هەمان نرخی چوار زەمیلەکەی دەداتەوە. بە بابت بێژە ئەم چوار زەمیلەیە وەك ئەو پێنج نانەی کە بە عیسایاندا، چەند بەرابەر دەبێت.

یاناکۆس و کوستانتیسیش نزیکی بوونەوە:

- من یاناکۆس چەرچی گوناهبارم و ئەمەش کۆستانتیسی قاوەچییە. باوە دۆعاش بۆ ئێمە بکە!

باوکە فۆتیس دەستە ئێسکنەکەی لەسەر سەریان دانا و دۆعای بۆ کردن:

– ڕۆڵەکانم بۆماڵەکانتان بگەڕێنەوە و خودا ئاگای لێتان بێت!

ئەوسا تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. شەوێك بوو تا بڵێی تاریك و هێمن. گەڵای درەختان لە جووڵە کەوتبوون. ئاسمان پڕ لە ئەستێرە و گەوەی گەورەی ساراکینا بە ژوور سەریانەوە سێبەری هەڵدابوو.

یاناکۆس گوتی:

– باوکە، ئەم کێوە پڕ لە ئەشکەوتە و بیستوومە لەکۆندا مەسیحییەکان لەناویاندا ژیاون. لە ئەشکەوتێکیاندا هێشتا ئەیکۆنی حەزرەتی مەریەم و لەخاچدانی عیسا کە لەسەر گاشەبەردەکان هەڵکۆڵراون، دەبینرێن. ڕەنگبێ ئەوێ کڵێسایان بووبێت.

کۆستانتیس گوتی:

– لەوێ ئاویش هەیە. ئاوێك کە هەم لە زستان وهەم لە هاوینیشدا بەژێر بەردەکانا خوڕەی دێت. کەمێك کە لەکێوەکە ژوور دەکەون، دەنگی خوڕەخوڕی ئاو دەژنەڤن. ئەوێ پڕە لە کەو. کڵێسای ئەلیاسی پێخەمبەریش هەر لەو سەرەوەیە.

مانۆلیۆس گوتی:

– ئەمشەو دەتوانن لەناو ئەشکەوتەکاندا بحەوێنەوە. کێوەکە پڕە لە درەخت و تەلانی دڕك. ئاگر بکەنەوە و بۆ خۆتان چێشت لێنێن. گەر بینیتان جێگەکەتان گونجاوە، ئەوا ماوەیەك بمێننەوە تا ماندوویی لە جەستەتان دەچێتەدەر. ئەلیاسی پێخەمبەر خاوەنی ئەم کێوەیە و ئەو ستەملێکراوانی خۆش دەوێت.

باوکە فۆتیس سەری هەڵبڕی و ماوەیەك لە کێوەکە ڕاما و چوار هاوەڵەکە خرۆشاو دیقەتیان دەدا. بیر و خایلە، شەپۆلاویی ڕوخساری دەردمەندی وی تەی دەکرد و لە ڕوانینییدا کارەساتێکی نهێنیئامێز و کپ ڕەنگیدەدایەوە، ئیدی کوتوپڕ بڕیاری خۆیدا. ئەوسا خاچی کێشا و گوتی:

– مانۆلیۆس، ئەمە پەروەردگارە کە لە زوبانی تۆوە دەدوێت. ئێستا کە ئادەمیزادەکان لە خۆیانمان دەتارێنن، باشترە پەنا بۆ ئەشکەوتەکان ببەین و لەگەڵ ئاژەلاندا بژین. خودا خۆی پشتوپەنامانە!

پاشان ئینجیلەکەی هەڵبڕی، کێوەکەی بەرەکەتدا و بە ورتەورت گوتی:

– ئەی بوونەوەرانی پەروەردگاری بەتوانا، ئەی گابەردە مەزنەکان، تۆ ئەی ئاوێك کە بێ کۆتایی لەنێوان گاشەبەردەکانەوە هەڵدەقووڵێیت تا پەڕەسێلکە و هەڵۆکان تینوێتییان لێت بشکێنن. تۆیش ئەی ئاگر کە لەژێر پێستی داردا چاوەڕوانیت تا مرۆڤەکان لە خەو بێدارت بکەنەوە و بەکارت بێنن. ئێمە سڵاو بۆ هەمووتان دەنێرین. ئێمە لەنێو مرۆڤەکاندا ڕاونراین. ئەی پەڕەسێلکەکان، شەهێنەکان، ئەی گیانەوەرانی دڕەندەی میهرەبان، ئێوە قەبوڵمانکەن! ئێمە ئێسکی باووباپیرانمان لەگەڵ خۆماندا بە ئەشیای کار و تۆوی بەشەرییەتەوە هێناون. خودایا، ئومێدەوارم تۆوی ئادەمیان لەنێو ئەم بەرەهوتەدا بتروکێ و خەڵکەکەمان لێرە ڕەگ داکوتن!

ئەوسا ڕووی کردە پەنابەرە چاوەڕێکانی و هاواری کرد:

– هەمووان بەدوامدا بێن!

هاوکات ڕووی کردە چوار هاوەڵەکە و گوتی:

– کوڕەکانم، مەسیح زیندووبۆتەوە. ئومێدەوارم بەختەوەر بین!

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە:

– بەڵێ. بەڕاستی مەسیح زیندووبۆتەوە.

لەکاتێکدا کە پاڵیان بەیەکدییەوە دابوو، کەوتنە تەماشای پەنابەرانێك کە بە کوێرەڕێکانی کوێستاندا هەڵدەگژان. قەشە لە پێشەوە هەنگاوی دەنا و ئاڵاهەڵگر و پیاوانی ئەیکۆن بەدەست و پیرەمێردی کۆڵەباری ئێسکوپروسك بە پشت لە دوایەوە دەڕۆیشتن و ئەودواش بە ڕیز ژنانی منداڵ لە باوەش و پیاوان لە ڕیزێکدا دەجوولان.

3

ماوەی یەك هەفتە ڕاڤەی ئازارەکانی مەسیح و زیندووبوونەوەی شکۆداری وی قسەوباسی کۆڕی تایبەتی و گشتیی تەواوی ماڵەکانی گوند بوو. ماڵەکان هەر هەمووی پڕ لە شەکرلەمەی جێژنی زیندووبوونەوە و هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ ببوون. باغەکان پڕ لە گوڵ و شادومانیی تەنانەت ڕێگای بەرەو کوختە ناچیزەکانی گوندیش کردبۆوە. جۆش و خرۆشی ڕێوڕەسمەکە بۆ یەك هەفتەی تەواو، حیساب و کیتاب و بەرژەوەندیی ماددی شاردبۆوە و ژیان بە ڕەهابوون لە کۆتی هەژاریی، سووکەڵەتر ببوو. بەڵام ڕۆژی پاش کۆتایی ڕێوڕەسمەکە ڕۆژێك بوو لە نەوینی ولاخێك دەچوو لەژێر باری قورسی میحنەتدا. چونکە بەیانی زوو، یاناکۆس چووە گەوڕی تاریکی گوێدرێژە ئازیزەکەیەوە کە خەریکی خەون بینین بوو. گەوڕەکە گەرم و شێدار و بۆنی ڕیخ ئەو ناوەی

تەنیبوو. ڕەنگبێ دونیاش لە بەرایی خەڵیقەتدا هەمان بۆنی لێهاتبێت.

ئاژەڵەکە چاوانی بە ئارامی هەڵبڕی، سەری وەرگێڕا، تەماشای خاوەنەکەی کرد و ناسییەوە. ئەو یاناکۆس، هاوسەفەری هەموو ڕۆژێکی بوو کە باری قورسی لێدەنا، بە گوندەکانا دەیگەڕان و هەمدیس بۆماڵۆچکەکەی خۆی، واتە هەمان ئەم گەوڕە گچکە هەمیشەییەی دەیگەڕاندەوە، دەمودەست ئاوی سازگار و کا و یۆنجەی بۆ دەهێنا. پاشان دەمی دەلەقاند و سەرمەستانە دەکەوتە زەڕین.

یاناکۆس نزیکی بۆوە و یاڵی ڕەش و بریقەدار، زگی توکن و گەردنی گەرمی نەوازش کرد، ئەوسا دەستێکی لە گوێچکە درێژە ڕەحەتیی شێوەکەیدا و بە دەستەکەی تریشی لمۆزی گرت، بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و گوتی:

- یوسفۆکەکەم، - ئەمە ناوێك بوو کە لەترسی ئەوەی نەبا بە گوێی ئاغا بگات، تەنها لە چۆڵەوانییدا بە زوبانیدا دەهات - جێژن کۆتایی هات و یادەوەریی مەسیح ژیایەوە. ڕۆژانێکی خۆشمان گوزەراند. تۆ نابێ

گلەیی بکەیت. من لەو ڕۆژانەدا ئازووخەکەتم دوو بەرابەر کردووە، بۆ ئەوەی ئیشتیات کراوەتر بکەم ئالفی تازەم بۆ ڕنیوویت و وەك دیاریی جێژنی زیندووبوونەوەیش ملوانکەیەکم لە مورووی شین کردە گەردنت تا لە چاوی پیس بەدوور بیت. بۆ دڵنیایی یەك دەنك سیریشم وەك نیشانەی قوربانی پێدا هەڵواسی. ئاخر یوسفۆکەکەم چونکە تۆ زۆر جوانیت و چاوی خەڵکیش پیسە، دەترسم بتکەن بەچاوەوە، ئیدی ئەو کات نازانم بێ تۆ چ بکەم؟ بیرت نەچێ ئێمە هەردووکمان تەنیاین و من جگە لە تۆ کەسی ترم لەم دونیایەدا نییە. نە منداڵم هەیە و ژنەکەیشم هێند نۆکی کاڵی خوارد تا بۆ خۆی تیاچوو. هەر بۆیە جگە لە تۆ یوسفۆك، کەسی ترم بۆ نەماوەتەوە.

ئەمڕۆ هەواڵێکی خۆشم بۆ هێناویت کە لە خۆشحاڵیدا باڵ دەگریت. دەبێ بیستبێتت کە ساڵی ئایندە لەپێناو وەیادهێنانەوەی ئازارەکانی مەسیحدا پێویستیان بە گوێدرێژ هەیە و منیش داوام لە ڕیش سپییان کرد مۆڵەت بدەن تۆ ڕۆڵی گوێدرێژەکەی عیسا ببینیت.

مەسیح کە بۆ شاری ئۆرشەلیم دێت لەسەر پشتت دادەنیشێت. بیری لێبکەوە چ شانازییەکت پێ دەبڕێت! جەرگەکەم، مەسیح دەبێت و حەوارییەکان و تۆ! تۆ لە پێشی پێشەوەی هەمووانەوە دەبیت. فەرزەندی خودا لەسەر پشتت دادەنیشێ و ژێر پێت پڕ دەبێ لە پەلك و گەڵا و ڕێحان.

کاتێ کە دەمرم، ئەگەر خودا قەبوڵی کرد یاناکۆسی بەدبەختیش بچێتە بەهەشت، ئەوا لای دەرگای بەهەشتەوە ڕادەوەستم و دەستی دەرکەوانەکەی بەهەشت ماچ دەکەم و پێی دەڵێم:" پەترۆس، تکات لێدەکەم ڕوخست بفەرموون گوێدرێژەکەیشم بێتە ژوورێ، چونکە من بەتەنها ئامادە نیم بچمە بەهەشت." ئەوکات پەترۆس پێدەکەنێ و نەوازشتت دەکا و دەڵێ:" یاناکۆس داواکەت قەبوڵ کرا. دەی بچۆ سەر پشتی و پێکەوە وەرنە بەهەشت!" یوسفۆکەکەم نیگەران مەبە و دڵنیابە ڕۆژێکی ئاوها دێت. بەڵام قەیدیناکا، حاڵی حازر ناچارین کار بکەین تا بتوانین نانێك بخۆین. کەواتە وەرە تا کورتانەکەت لێنێم و دو توورەکە کەلوپەلت لەسەر

دانێم، هەمدیس بکەوینە ڕێ و بەکرە و دەزوو و دەرزی و شانە و عەتر و قوماش و حەکایەتنامەی قەدیسان بفرۆشین. یوسفۆکەکەم یارمەتیم بدە تا کاسپییەکەمان بە برەو بێت. خۆت دەزانیت ئێمە شەریك و هاوڕێی یەکدین و هەرچییەکمان دەستکەوێت شەرافەتمەندانە لەنێوان خۆمانا دابەشی دەکەین. واتە گەنم بۆ من و کا بۆ تۆ. خۆ ئەگەر کاسپییەکەمان باش بێت، ئەوا لای پانایۆتیسی کەتە کورتانێکی باش و حیسابی و ڕەشمەیەکت بە مەنگۆڵەی سوورەوە بۆ بەکرد دەدەم تا ئیدی پشتت زامدار نەبێت. باشە ئیتر بجووڵێ با بکەوینە ڕێ. ئەها بینیت؟ خەریك بوو بڵێم خاچیش بکێشە! بەڵام خۆ تۆ مەسیحیی نیت. بەڵکو کەریت. زووکە دەست و قاچت ڕاکێشە تا ماندوویی لە جەست بچێتە دەر. میزەکەیشت بکە و ئیدی وەرە تا جەواڵەکان بنێمە سەر پشتت، ئاخر وا ئیدی ڕۆژ بۆتەوە و دەبێ بەئومێدی حەق بکەوینە ڕێ!

ئەوسا بارەکەی لە گوێدرێژەکەی نا، دار و شەیپوورە گچکەکەی تایبەت بە بانگکردنی مشتەری بەدەستەوە

گرت، دەرگای گەوڕەکەی کردەوە، خاچی کێشا و ئیدی هەردووکیان ئاسوودە و تازە نەفەس یەکەمین گەشتی دوای پشووی جێژنی زیندووبوونەوەیان دەستپێکرد. بەیانییەکی دڵگیر بوو. هەتاو، سووکەڵە و شاد لە ئەرز و گوند و ماڵ و بەردچنی جاددەکان دەکەوت. هەموو شتێك پێکەنینی لەسەر لێو بوو. یاناکۆس هەستی بە برسێتیی دەکرد و لە کۆڵەپشتەکەی نانێکی گەورە و مشتێك زەیتون و چەند پیازێکی دەرهێنا و شادومان کەوتە خواردن.

دەرگای ماڵی بێوەژنی دراوسێ کرابۆوە و کاترینا بە دامەنی هەڵکراو و یەخەی ئاوەڵاوە، سەتڵێکی پڕ لەئاوی بەدەستەوە و خەریکی شتنی بەردەرگای ماڵەکەی بوو. پێوپووزە سفت و گۆشتنەکەی بەدەرەوە و مەمکانی لەودیو جلکەکەیەوە وەکی دوو بەچکە ئاسکی سرك هاروهاجییان دەکرد.

یاناکۆس بەخۆی گوت: " بنۆڕە بەم بەیانییە چاوم بە چ نەگبەتییەك دەکەوێت!"

ئەوسا بە دارەکەی لە بەر زگی گوێدرێژەی سرەواند تا هەرچی زووترە لەوێ تێپەڕن. بەڵام بێوەژنی گەنج بە بینینی وی، قەدی ڕاست کردەوە، پاڵی بە دەرگای ماڵەکەیەوە دایەوە و گوتی:

– یاناکۆس بەخت یاوەرت بێت! دەزانیت من هەمیشە ستایشت دەکەم؟ نازانم تۆ چۆن دەتوانیت وەك گورگ بە تەنها بژیت و هەمیشەیش پێبکەنیت؟ دەی من ناتوانم. یاناکۆس باوەڕبکە، من ناتوام ئاوهایی بژیم. چونکە هەمیشە خەونی ناخۆش دەبینم...

یاناکۆس بۆ گۆڕینی بابەتەکە گوتی:

– چ شتێکت پێویست نییە؟ ئاوێنەیەك، شووشەیەك عەتر، کاترینا هیچت ناوێت؟

ڕێك لەو کاتەدا مەڕێك بە باعەباعەوە لەبەر دەرگای حەوشەدا وەدیارکەوت. پەتێکی سووری بە ملەوە و گووانی پڕ لە شیر بوون. بێوەژن هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– دەیەوێت بیدۆشم. گووانی پڕ لە شیرە و ئازاری دەدا. ئاخر ئەم بەستەزمانەیش هەر مێیە!

ئەوسا دانەوێوە، بە میهرەبانیی نەوازشی کرد و درێژەی بە قسەکەیدا:

– ... هەر ئێستا، هەر ئێستا. هێند لاساریی مەکە. یەکەمجار دەبێ بەردەرگاکە بشۆم. دەزانی ڕۆژانە چەند کەس بە پێوپلە پیسەکانیانەوە لێرەوە ڕەت دەبن؟

بەدەم بردنی مەڕەکە بۆ ژوورەوە، ڕووی کردە یاناکۆس و دووبارە هەناسەی هەڵکێشایەوە:

– ... بەڵی دراوسێ. باسی ئەوەم بۆ دەکردیت کە هەمیشە خەوی ترسناك دەبینم. بۆ نموونە هەر ئەمشەو بەرەبەیان خەونم بینی مانۆلیۆس خەریکە مانگ قاش قاش دەکا و دەمداتێ تا بیخۆم. یاناکۆس، تۆ کە دونیات بینیوە و سەفەرت زۆر کردووە و بیستوومە تا ئەزمیر ڕۆیشتوویت، ئاخۆ دەزانیت ئەم خەونەم بۆ لێکبدەیتەوە؟

یاناکۆس نارازییانە وەڵامیدایەوە:

– بەسە کاترینا! تو خودا دەستە چەورەکەت بە پیاواندا مەسرە! وادەزانیت دوێنێ عەسر نەمبینیت چاوت لە مانۆلیۆس دادەگرت؟ ئێستا ئیدی بەم کوڕە

بێگوناهەوە گرتووتە؟ ئەدی بۆ ڕوحمی پێناکەیت؟ ئاخر ئەو داماوە دەسگیرانی هەیە، لێگەڕێ! نازانیت ئەگەر پانایۆتیس بزانێت دەیکوژێت. کاترینا وەرەوە سەر ڕێ. ڕەفتارت بگۆڕە! مەگەر خودان پاتریارکاس قسانی لەگەڵ نەکردوویت؟ مەگەر پێی نەگوتوویت کە ڕیش سپییان بڕیاریانداوە لە ڕێوڕەسمی تەمسیلەکەی جێژنی زیندووبوونەوەی ساڵی ئاییندەدا ڕۆڵی مادلینی گوناهبار ببینیت؟

کاترینا بۆ نمایشکردنی یەخە کراوەکەی، کەوتە بەستنی دوگمەکانی و گوتی:

– یاناکۆس گیان، من ئێستایش هەر مادلینم. چ پێویست ناکا ئەو پیرەمێردە بوودەڵەیە پێم بڵێت. پیرەمێرد دەڵێ لەبەرئەوەی قژم ئاڵتوونییە دەتوانم ڕۆڵی مادلین ببینم ...

یاناکۆس قسەکانی بڕی و گوتی:

– کاترینا ئەمە مەسەلەیەکی ترە. من خۆم باش لەم شتانە تێناگەم و بۆیە ناتوانم بۆت ڕاڤە بکەم .. تەنها دەزانم کە تۆ ئیتر بە پانایۆتیسەوە پێوەند نیت. بەڵکو

پێوەند بە خودایت و دەبێ لەمەولا بە عەتر پێوپلی بشۆیت و بە پرچت بۆی وشك بکەیتەوە. تێدەگەیت؟

– هەی گێلی خودا چ جیاوازییەکی هەیە! بنۆڕە! هەر پیاوێك، تەنانەت ئەم پانایۆتیسە ناقولایەیەیش لە ساتگەلی تایبەتیدا دەبێتە فریشتە. یەك فریشتەی ڕێك و حیسابی کە هەڵبەتە گۆشت و پێست و ئێسکی هەیە و تەنها ئەوەیە قسان ناکات. بەڵام دوای ئەو لەحزە تایبەتییانە دووبارە دێتەوە سەر ئەرز و دەبێتەوە بە یاناکۆس یا پانایۆتیس و یاخۆ هەمان ئەم خودان پاتریارکاسە پیرەی خۆمان. ئێستا حاڵی بوویت؟

– خودا بمباتەوە گەر لە چ شتێك حاڵی بووبم... بە قەولی خودان پاتریارکاس لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێم!

بێوەژن بە تووڕەیی سەتڵە ئاوەکەی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرت و هێند توند لەبەر دەرگاکە ڕشتی کە پێی یاناکۆس و تەنانەت گوێی یوسفۆکیش تەڕ بوون و ناچار بوو بیانلەقێنێ. ئەوسا بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– لەبەرئەوەی پیاویت هەی یاناکۆسی داماو! ڕێك هەر لەبەر ئەمەیە ناتوانیت حاڵ بیت. بڕۆ خوات لەگەڵ و

بەخت یاوەرت بێت. ئومێدەوارم لانی کەم لەمەیان حاڵی بیت!

یاناکۆس بە دارەکەی بە ئارامیی بە یاڵی کەرەکەیدا کێشا، کەرەکە پێی هەڵگرت. ئەمیش خۆشحاڵ لەوەی کە لە دەستی بێوەژن قوتاری ببوو، کەوتە دوای و هەروا بەدەم ڕۆیشتنەوە بەخۆی دەگوت:" یەکەم جار با بچین بۆ ماڵی قەشە بزانم چ ڕاسپاردەی هەیە یان نا؟ گەر یەکەم جار بۆ لای ئەو نەچین ئەوا وەك تورك دەیکاتە هەرا و دەڵێ: یەکەم من، پاشان ڕیش سپییان. من نوێنەری خودام لە لیکوڤریسی! کەواتە با یەکەمجار بچین بۆ لای گورگی گەورە تا گێچەڵمان پێنەکا!" لەهەمانکاتدا سەری وەرگێڕا و کاترینای بینی کە نیوەڕووت سەرگەرمی شتنی بەردەرگاکە بوو. پاشان بەخۆی گوت:" ئەی هەرزە، بنۆڕە خودا چ جەستەیەکی بەو بەخشیوە تا بتوانێت پیاوانی پێ فریو بدات. ئەی مانۆلیۆسی نەگبەت، ئەگەر بکەویتە داوی، ئەوا وای بە ڕۆژ و ڕۆژگارت!"

*

لەهەمان ئەوکاتەی کە یاناکۆس لەگەڵ خۆیدا دەدوا و بەڕێگەوە بوو. باوە گریگۆریس بە جبە ڕەنگ گوڵ گەزنەییەکەیەوە، پشتوێنی مەخمەلی ڕەش و سەرو پێوپل ڕووت، بێ تاو و هەوسار پچڕاو وەکی سەگێکی ئاویی لە حەوشەی ماڵەکەیدا هات و چۆی دەکرد و دەنکی تەسبیحە ڕەشە کارەباییەکەی دیاری ئەسقەفی، لەنێو پەنجەکانیدا دەهێنا و دەبرد.

ماریۆری بە دابی هەموو ڕۆژ، شەرمنانە سینی بەرچایی باوکی هێنا کە بریتی بوو لە قاوە، پسکیت و پەنیر، سەعاتێك دواتر دوو هێلکەی کولاّ و و پەرداخێك بادەی کۆن کە قەشە بۆ ورگە نازدارەکەی خۆی ئەمباری کردبوو، پاش ئەوە ئیدی قەشە دەکەوتە عیبادەت.

ماریۆری دوای ئەوەی سینییەکەی لەسەر سەکۆیەکی بەردین لەژێر کەپری مێوەکەدا دانا، کەوتە ئاودانی گوڵ و گیای باخچەکە. وی ڕەنگی پەڕیو و شیناییەك دەوری چاوانی ڕەشی بایامی و لێوانی وشکی دابوو کە

ئامادەی بۆ بێخەویی دەگەیاند. دایکی لەتاق جحێڵییدا بە نەخۆشی کوشندەی سیل گیانی لەدەستداو و ماریۆرییش بە دەست هەمان نەخۆشییەوە دەینالآند. هەر کاتێ باوکی تەماشای دەکرد، هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و بەخۆی دەگوت:" باشترە هەرچی زووترە شوو بکا و نەوەیەکم بۆ بخاتەوە. ئیدی دوای ئەوە هەرچی خودا دەیەوێ با ڕووبدا! میکیلیس گەنجێکی دلێر و بەخۆیە و نەوەی خانەوادەیەکی خانەدان و خواپێداوە."

دوای ئەوەی لە ئاودانی گوڵەکان بۆوە، ماریۆری خەریکبوو دەچووە ژوورەوە، قەشە بە قووتدانی دوا پارووی بەرچایی، بانگی کرد:

– ئارام بگرە، بۆ کوێ دەڕۆیت؟ دەمەوێ قسانت لەگەڵ بکەم.

قەشە ئیدی نەیدەتوانی تووڕەیی خۆی بخواتەوە و گەرەکی بوو بیڕێژێتە دەرێ. ماریۆری پاڵی بە تاکی دەرگاکەوە دایەوە و باسکی خاچئاسا لێکنان و چاوەڕێ بوو. ئەو دەیزانی باوکی گەرەکییەتی سەبارەت بە چیی

و کێ بدوێ و لەمبارەیەوە لە ترسا هەڵدەلەرزی. ئاخر ڕێك دوو دەقیقە لەوەوبەر بوو کە پانایۆتیس ماڵەکەیانی جێهێشتبوو، کەم و زۆر گوێی لە قسەکانی باوکی و پانایۆتیس ببوو. گوێی لەوە ببوو کە باوکی لەکاتی بەڕێکردنی کابرای گەچخۆردا پێی گوتبوو:" زۆر شتێکی باشت کرد منت لەو مەسەلەیە ئاگادار کرد... تۆ ئەرکی خۆت بەجێگەیاند. من خۆم ئاقڵی دەکەم!"

ماریۆری سەری نەوی کرد، گوتی:

– باوکە گوێقوڵاخی فەرمانتانم!

– گوێت لێبوو پانایۆتیس چی گوت؟

– نا، من خەریك بووم قاوەم لێدەنا.

– لەبارەی میکیلیسەوە دەدوا. تۆ دەبێ شانازی بە دەسگیرانەکەتەوە بکەیت!

ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لاجانگەکانی ئاوسان. هەرکە ویستی قسەکانی دەست پێبکات لە دەرگای ماڵیان درا. ماریۆری ڕاچڵەکی، بەڵام زوو بەزوو ئارامبۆوە. خودا ڕوحمی پێکرد کە لە هەرای باوکی ڕزگاری ببوو. بۆیە بەپەلە بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و

کردییەوە. قەشە لە هەمان ئەوکاتەی کە ئەودوای قاوەکەی هەڵدەقوڕاند، مڕاندی:

– ئەوە کێیە؟

– باوکە منم، یاناکۆس. مەسیح هەمدیس زیندووبۆتەوە. من دەڕۆم بۆ دێوەرەیی و گوتم یەکەمجار بێم داوای دۆعای خێر بکەم و پاشان بزانم ڕاسپاردەیەك، نامەیەك، کارێکتان نییە تا بۆتان ئەنجام بدەم؟

قەشە هاواری کرد:

– وەرە ژوورەوە و دەرگاکەیش داخە.

یاناکۆس لە فیکرەوە چوو:" ئەمڕۆ لەو ڕۆژانەیە کە قەشە وەزعی باش نییە. هەتیو مەگەر گلاراوت بوو کە ئاوها دەستت خستە نێو دەمی گورگەوە!" وایگوت و زوو بەزوو دانەوییەوە تا دەستی قەشە ماچکات. بەڵام قەشە لەخۆی دوور خستەوە و گوتی:

– ئەی ناڕەسەن، هەی سووك و چرووك! من پرسیار دەکەم و تۆیش وەڵام دەدەیتەوە. تێگەیشتیت؟ بڵێ بزانم ئەو هەواڵانەی لەبارەی تۆوە بیستوومن ڕاستن؟

بیستوومه تۆیش لەگەڵ ئەواندا نەك هەر هاوکار بوویت بگرە بڵێسەی ئاگرت لەوانیتر بەلرفەتر بووە! ئاوها خۆت بە ناحاڵی پیشان مەدە. من هەموو بەزمەکە هەر لە ئەوەڵییەوە تا ئاخیری دەزانم. ئەی ناڕەسەنینە، ئەی کافرینە، ئەی دزینە!

- باوکە ...

- قوزەڵقورتی باوکە! پێتوایە بەم فرتوفێڵانەت دەتوانی دزیم لێبکەیت و ماڵم کاول بکەیت؟ پاشان بێیت و خۆت بکەیتە مشکی تۆپیو و دەستم ماچکەیت؟ ئەی تەڵەکەبازی دوو ڕوو! حەیفێك ڕۆڵی پەترۆسی حەواریم پێداویت! ئاوها ئەرکی ئایینی خۆت جێبەجێ دەکەیت؟ هەی دزی چەپەڵ!

یاناکۆس دەستەپاچە لەژێر لێوەوە گوتی:

- من؟ ... من؟

- بەڵێ تۆ! تۆ و ئەو برادەرە ناڕەسەنانەت کۆستانتیس و مانۆلیۆس! ئێوە هەرسێکتان میکیلیسی بەستەزمانیشتان بەلاڕێدا بردووە. کەڵکی خەراپتان لە دڵی نەرم و میهرەبانی وی بینیوە و زەمیلە بەزەمیلە

ماڵەکەتان تالآن کردووە ... ئەی دزانی ناڕەسەن! خودایا بمبەخشە کە خەڵکانێکی ئاوهام بۆ بینینی ڕۆڵی حەوارییەکان هەڵبژاردوون!

یاناکۆس جورئەتی دایە خۆ و ڕەتیدایەوە:

– بەڵام باوکە، خۆ لە ئەمبارەکەی تۆمان نەبردووە!

– ئەدی پێتوایە لە ئەمباری سواڵکەرێکی هیچ و پووچی وەك خۆتت بردووە؟ هەڵبەت کە لە ئەمبارەکەی منتان بردووە! میکیلیس هاوسەرگیریی لەگەڵ ماریۆریدا کردووە و ئیدی ئەمباری هەردوو ماڵەکە یەکێکە. ئێستا بینیت لە ئەمبارەکەی من دزی کراوە؟ تەواوی پەنیر، نان، ڕۆن، شەراب، قەند و شەکر و زەیتوونێك کە زەمیلە زەمیلە تالآن کراوە هەمووی لە ئەمبارەکەی من بووە. ئینجا ئێوە ئەو هەمووەشتان بۆ چ کەسانێك بردوون؟ بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی تاعون لێدراو! میکیلیس بە بوونی هاوڕێیانێکی هەستسزی وەك ئێوە، بە زوویی سەروەتەکەی بەسەر سواڵکەرانی برسی و خوێڕیدا دابەش دەکا و عاقیبەتیش ڕاخەری ژێر کیژەکەی من دەبێتە حەسیرێکی خاڵی!

ئەوسا ڕووی کردە ماریۆری کە لە حەیوەت ترس سەری بەژێرەوە ناو و بێ جووڵە وەستابوو، هاواری کرد:

- ... گوێت لێیە ماریۆری؟ تەححا لەم ڕیسواییە! کاتێ ئەو هەتیوە هێند ئەقڵی سووك بێت ئیدی نازانم چ ڕێگەیەکت پیشان بدەم. دەبێ بەر لە هەر بڕیارێك باش بیربکرێتەوە ...

فرمێسك لە برژانگی درێژی کیژەکەوە بەسەر گۆنا ژاکاوەکانیدا ڕژایە خوار، وی متەقی لەخۆی بڕیبوو.

- .... ماریۆری گوێت لێیە؟

کیژەکە سەری بە نیشانەی سەلماندن و گوێڕایەڵیی لەقاند و ملی لەنێو بەرۆکیدا ڕۆبرد. لەهەمانکاتدا گوێدرێژەکە کە بەدەرگایماڵەکەوە بەسترابۆوە، کەوتە زەڕین. یاناکۆس خافڵگیرانە گوتی:

- باوکە بمبوورە. من دەبێ بڕۆم. ئەگەر وەرگرتنی ماڵ لە دەوڵەمەندان و بەخشینی بە هەژار و داماوان گوناه بێت، ئەوا خودا بۆ خۆی بمانبوورێت!

قەشە سەری هەڵبڕی و هاواری کرد:

- خودا له زاری منه‌وه ده‌په‌یڤێت، تۆ حه‌قی ئه‌وه‌ت نییه ڕاسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ خودادا بدوێیت. قسه‌کانی وی ده‌بێ له زاری منه‌وه بژنه‌ڤیت. منیش پێتده‌ڵێم که تۆ و کوستانتیس و مانۆلیۆس هه‌رسێکتان دزن. من ئه‌م مه‌سه‌له‌یه له‌گه‌ڵ ڕیش سپییاندا باس ده‌که‌م تا بڕیاری پێویستتان به‌رامبه‌ر وه‌رگیرێت ... ئه‌م تاعونزه‌دانه هه‌ر له ڕێوه گوندیان تاعوناویی کرد!

یاناکۆس له‌هه‌مانکاتدا که به‌ره‌و لای ده‌رگاکه ده‌گه‌ڕایه‌وه، گوتی:

- باوکه پێویستمان به‌دۆعای خێرتان هه‌یه.

قه‌شه له تووڕه‌ییدا خوێنی هاتبووه کوڵ، بێ ئه‌وه‌ی وه‌ڵامی بداته‌وه، ته‌ماشای کیژه‌که‌ی کرد و گوتی:

- پێڵاو و کڵاو و گۆچانه‌که‌م بۆ بێنه. ده‌مه‌وێ بچمه لای خودان و ڕیش سپییان.

پاشان چووه ژوورێ تا به په‌له هێلکه‌کانی بخوات. هاوکات ماریۆری خێرا به‌ره‌و لای ده‌رگای حه‌وشه ڕۆیشت و خۆی گه‌یانده یاناکۆس که خه‌ریکی

کردنەوەی ڕەشمەی گوێدرێژەکە بوو. بە ئەسپایی پێیگوت:

– یاناکۆس، تکات لێدەکەم ئەو شتەم بۆ بکڕە کە ژنانی شار لە دەموچاویانی دەدەن تا سووروسپی بنوێنن، بەجۆرێك کە کەس نەزانێت بۆم بێنە. پارەکەشی....

یاناکۆس وەڵامی دایەوە:

– دڵنیابە ماریۆری بۆت دێنم. خۆم دەزانم چیت گەرەکە.

قەشە بەدەمی پڕەوە، لەژوورەوە هاواری کرد:

– یاناکۆس هەمدیس لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دەدوێین!

یاناکۆس لەکاتێکدا کە دەرگاکەی توند داخست، گوتی:

– ئەی قەشەی لەعنەتی! جەنابی ناموبارەکی نوێنەری خودایە .. کەواتە وای بەحاڵی هەژاران! بێگومان هەموومان تیکە تیکە دەخوات .. ئەوسا زەردەخەنەیەکی هاتێ، سەری خوراند و گوتی:

– جێی سوپاسگوزاریشە کە دوای مردن دەمانخوات!... وایگوت و نەقیزەیەکی هێوری لە گوێدرێژەکەیدا و ئەوسا بە نەوایەکی میهرەبانانە گوتی:

– .... یوسفۆکەکەم با بڕۆین! کوڕەکەم! ئەم قەشە لەعنەتییە دوای خستین. بەڵام ئازیزم نیگەران مەبە و لێگەڕێ هەرچی گەرەکە بیڵێ. گرینگ ئەوەیە تۆ کەیفخۆش بیت. با بڕۆین. سەرێك لە قاوەخانەکە دەدەین و ڕاسپاردە وەردەگرین و ئیدی دەکەوینە ڕێ. بە ئێمە دەڵێ دز! ئەی موفتەخۆر! تۆ بڕۆ بەخۆتا ڕابگە!

قاوەخانەکە جمەی دەهات لەخەڵك و هاتوبات باڵی کێشابوو. تەواوی گوندنشینان کۆببوونەوە و لەبارەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە قسەوباسیان دەکرد کە شەوی پێشوو بەچاوی خۆیان بینیبوویان. لە هاتنی پەنابەرانەوە بیگرە تا قسە ئاگرینەکانی قەشەی ئینجیل بەدەست و کۆڵەپشتی پڕ لە ئێسکوپروسکی باپیران و مردنی ئەو ژنەی کە بۆرەکیان ڕشت بە جەستەیدا تا گوند لە بەڵای پەتا بەدوور بێ، هەندێکیان لایەنی باوە گریگۆریسیان دەگرت کە هەمووانی لە بیماری پەتا

قوتار کردبوو، هەندێکی تریش بەزەییان بە ژنان و منالانی برسیدا دەهاتەوە و کۆمەڵێکی تریش سوێندیان دەخوارد کە نیوەشەو لەسەر چیای ساراکینا بڵێسەی ئاگریان بینیوە.

پانایۆتیس هاتە قاوەخانە و چاوانی زەقی بەملاولادا دەگێڕا. پاشان چوو لە قوژبنێکدا دانیشت و بە مۆنیی ڕووی کردە قاوەچی:

– ئادەی قاوەیەکی بێ شەکر!

کۆستانتیس ڕووی تێکرد و گوتی:

– هاوسێ وەزعت باش نییە! مەگەر دوێشەو نەنوستوویت؟

سەڕاج برۆ سوور و ئەستوورەکەی گرژ کرد، پشتی تێکرد و هەمدیس گوتی:

– قاوەیەکی بێ شەکر!

لەم دەرفەتەدا پاتریارکاسی پیر بە گۆچانی درێژ بەدەست و کڵاوی ئاوریشمی بەسەر هاتە ژوورەوە و بە ئیشارەت وەڵامی سڵاوی گوندنشینانی دایەوە کە لەبەری هەستانە سەر پێ. دەنگی گیراو و بەری چاوانی

ئاوسا بوون. هێشتا خەواڵوو دیار بوو. زوبانی قورس و ئارەزووی قسەکردنی نەبوو. کۆستانتیس قاوە بێ شەکرەکەی بە پارچەیەك ڕەحەتەلقوم و پەرداخێك ئاوی ساردەوە لەبەردەمیدا دانا و بە نەوایەکی تانەدار گوتی:

– خەوێکی خۆش خودان!

خودان بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، ڕەحەتەلقومەکەی کرد بە نێو پەرداخە ئاوەکەدا و پاشان نایە زاری و قومێك ئاوی بەسەردا کرد. ئەوسا دەسەسڕێکی گەورەی لەگیرفانی دەرهێنا و هنگێکی وای کرد کە لە تەواوی قاوەخانەکەدا دەنگیدایەوە. کەمێك هەستی ئارامیی دایگرت و ئەوسا کەوتە هەڵقوڕاندنی قاوەکەی. هێور هێور ئاوساویی پشت چاوانی نیشتەوە و دەنگی کرایەوە. نێرگەلەیەکیان بۆ هێنا و دوای چەند مژێك خەو بەریدا. پاشان سەرنجێکی لە دەوروبەریدا و بە بینینی هاجینیکۆلیس، بە ئیشارەت بۆ لای خۆی بانگی کرد. مامۆستایش نێرگەلەکەی خۆی هەڵگرت و چووە نزیك مێزەکەی خودان و سڵاوی لێکرد. پاتریاکاسی پیرەمێرد پرسی:

- جەنابی مامۆستا هەواڵ چییە؟ دوێنێ شەو خەوم زۆر قورس بوو، گەرچی هەستمدەکرد هەراوزەنایەکی زۆر هەیە بەڵام بێدار نەبوومەوە. کاتێ خەریك بوو بۆ ئێرە دەهاتم، پچڕ پچڕ بیستم کە دوێشەو کۆمەڵێك غەریبە لێرەوە تێپەڕیون و یەکێکیشیان کە ژن بووە، مردووە و دوو قەشەیش لەیەك بەربوون ... بەکورتی حاڵی نەبووم چ بووە. لەعنەت لە شەیتان! بڵێ بزانم هەواڵ چییە؟

مامۆستا کە زۆر هەستی بەئارامیی نەدەکرد، دانەوێوە، کۆکەیەکی کرد و بە ئارامی کەوتە قسە، خۆشحاڵ بەوەی بابەتێکی دڵتەزێن دەگێڕێتەوە، قلافەتێکی خەمینی بەخۆوە گرت و خودانی پیری والێکرد تا بە دەمێکی داپچڕاوەوە گوێی بۆ ڕادێرێت. پانایۆتیسیش بە چاوانێکی زەق و دردۆنگانەوە سمێڵی دەکرۆژت و لە ڕوخساری وشکی خودانی دەنۆڕی و چاوەڕێی ئەوە بوو لەهەر لەحزەیەکدا بێت دۆودۆشاو تێکەلاوکات، گۆچانەکەی هەڵگرێ و بەرەو ماڵ بێتەوە.

بەڵام چاوەڕوانییەکەی بێهوودە و خودان تووڕە نەبوو. گەچخۆر وەك كەسێك كێچ کەوتبێتە کەوڵی بەردەوام جوڵەجووڵی بوو، لەژێر لێوەوە دەیگوت:" ئەم زەلامە ترسنۆکە لەترسی عاقیبەتەکەی، ناوێرێت هەموو مەسەلەکە بگێڕێتەوە. بەڵام خۆم هەموو شتێکی پێدەڵێم."

ئەوسا شێلگیرانە لەجێگەکەی هەستا و لەو مێزە گچکەیە نزیکبۆوە کە دوو ڕیش سپییەکەی لەسەر دانیشتبوون. پرسی:

- خودان ڕوخسەت دەفەرموویت؟ وابزانم ئەم بلیمەتە لە ترسا هەموو شتێکتان بۆ ناگێڕێتەوە. بەڵام من ناترسم و هەرکاتێ بەتەنێ بووین لە سیرەوە تا پیاز هەموویت بۆ دەگێڕمەوە.

خودان ڕووی کردە مامۆستا و گوتی:

- هاجینیکۆلیس، بێ زەحمەت چەند ساتێك جێمانبێڵە بزانم کاکی سەڕاج چ دەڵێت .... ئەوسا ڕووی کردە پانایۆتیس و گوتی:

- وەرە پێشێ و بەکورتی بیبڕەوە ... جەنابی مامۆستا مێشکی بردم.

پانایۆتیس لەکاتێکدا کە کەپووی خۆی دەگرت، گوتی:

- خۆت باش دەزانیت من کەسێکی چەنەباز نیم. بە دوو قسە پێت بڵێم کە مانۆلیۆس ئەقڵی کوڕەکەتی تێکداوە. واتە ئەو و ئەم زەلامە قاوەچییە و یاناکۆسی چەرچی لەگەڵ کوڕەکەتا هاوکار بوون و چوار قۆڵیی چوار زەمیلەی گەورەی پڕ لە خۆراکیان لە ئەمبارەکەت برد و بەو خەڵکە پەتا زەدەیەیان بەخشی. لەتەواوی ئەو ماوەیەشدا جەنابعالی نووستبوویت و پرخەپرخت ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت. ئەمە هەمووی و تەواو! ئیتر چ قسەی ترم نییە.

خودان هەستی کرد خوێن هورووژم بۆ مێشکی دەبات. هەمدیس دەوری چاوانی ئاوسا، دەنگی گیرا و ڕوخساری سوورهەڵگەڕا.

- بڕۆ ون بە! بەم بەیانییە دەتەوێ دەهریم بکەیت!

پاشان لوولەی نێرگەلەکەی نایە سەر ئەرزەکە، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، بەڵام کەسی

نەناسییەوە. قاوەخانەکە لە سەریدا دەخولایەوە. لەجێگاکەی هەستا. یەکەمجار هەنگاوێکی هەڵێنا و پاشان هەنگاوی دووەم و بە زەحمەت خۆی گەیاندە لای دەرگاکە. لە قاوەخانەکە چووە دەرێ و بە هانکە هانك رێگە سەرو ژوورکەکەی ماڵەوەی گرتەبەر. چەند گوندنشینێك، نیوە پێکەنیناوی و نیوە نارازیی، لە پانایۆتیسیان پرسی:

– هەی نارەسەنی چەپەڵ، ئەوە چیت بە گوێی خودادا چرپاند کە ئاوها وەزعی تێکچوو؟ مەگەر لەخودا ناترسیت؟ خۆ پیرەمێردی خرتۆڵ رەنگە لە حەژمەت گوشاری خوێن، سەکتە لێیدات.

بەڵام پانایۆتیس بێباك چووە دەرێ و دیارنەما.

دەنگی بەرزی بووقەکەی یاناکۆس دەنگیدایەوە. دێوەرە لە گۆرەپانەکە راوەستا و لەکاتێکدا کە وەك کەڵەباب سینگی دەردەپەراند، هاواری دەکرد:

– هێی خەڵکی بەشەرەف! من ئەوا بۆ دێوەرەریی بۆ شاران و گوندانی تر دەچم. ئەگەر راسپاردەیەکتان هەیە ئەوا هەستن و بیڵێن. هەر کەسێك نامەی هەیە، بمداتێ

تا بۆی بگەیەنمە شوێنی خۆی. ئەگەر باوك، دایك یان فەرزەندێکتان لە گوندەکانی ئەم دەوروبەرە هەیە و یاخۆ دەتانەوێت کەلوپەل بنێرن ئەوا وەرن بیهێنن. هەموو جۆرە ڕاسپاردە و داواکارییەك وەردەگیرێت. من ئەوا دەڕۆم و بە ئومێدی خودا یەکشەممەی داهاتوو دەگەڕێمەوە.

ژمارەیەکی بەرچاو خەڵك هەستانە سەرپێ، لە یاناکۆس نزیك بوونەوە و هەرکامیان بە شێنەیی ڕاسپاردەی خۆی پێدا و ئەویش لەکاتێکدا کە پاڵی بە گوێدرێژەکەیەوە دابوو، هەمووی لە زەینی خۆیدا یاداشت دەکردن. کاتێ هەمووان لەدەروبەری ڕەوینەوە، کۆستانتیسی قاوەچی چووە لای و هێور بەگوێیدا چرپاند:

– بۆ ماڵی پاتریارکاس مەڕۆ! نازانم ئەو یەهوزا ناپاکە چی بەگوێیدا چرپاند کە پیرەمێرد لەجێگای خۆی دەرپەڕی و لەکاتێکدا کە بەگۆچانەکەی هەڕەشەی دەکرد، شێتانە لێرە ڕۆیشت تا بە مشتەکۆڵە و لەقە بەربێتە میکیلیس.

یاناکۆس پرسی:

– لەبەر زەمیلەکان؟

– بەڵێ. پێموایە مەسەلەکە بەم ساکارییە کۆتایی نایەت و تووشی چورتمێك دەبین!

– من پێشتر تووشی چورتمی خۆم بووم و پریشکی رِقی قەشەم بەرکەوت! ... بەڵام گرینگ نییە! دەبێ لەم گوێ ببیستین و لەو گوێ لەبیری بکەین. دەبێ هێند ئارام بگرین تا دۆخەکە هێور دەبێتەوە. بەهەرحاڵ ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەستاوین.

کوستانتیس هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– دڵ لەدڵ مەدە. تەنها تۆ تووشی چورتم نەبوویت. منیش لە چورتم بێبەری نیم. ئەمرۆ خوشکەکەت شالاوی بۆ هێنام و دەیوست چاوم دەربێنێت. بەسەرمدا هاواری دەکرد و دەیگوت: هەی بەدبەخت، هەی شێت، هەی دز! هەموو شتێکم بیستووە. تۆ ئەمبارەکەی ئێمەت خاڵی کردووە و بەو کافرە پەتازەدانەت داوە! ئێمە خۆمان وا لەبرسا دەمرین، مناڵەکانت لە بێ بڕستیدا خەریکە لار دەبنەوە، ئەوسا تۆی دز و چەتە چوویت

هەرچی قاوە و قەند و سابون لەقاوەخانەکەتا هەبووە بەسەریاندا دابەشت کردووە؟

یاناکۆس بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– چ نمەك بەحەرامێك بەیانی شەبەق چووە ئەو هەواڵەی داوەتێ؟

– مەگەر جگە لە شەیتانە سوورە چ کەسێکی تر کاری وای لێدەوەشێتەوە؟ بیرتە دوێنێ عەسر بەردەوام شوێنپێی هەڵدەگرتین و لە هەموو جێگەیەك چاودێری دەکردین؟ دواجار چووە هەموو شتێکی بۆ هەموان گێڕاوەتەوە: بۆ قەشە، بۆ ژنەکەم، ئێستایش بۆ پاتریارکاس! لەوەی کە ئێمە بووینەتە حەواری مەسیح و خۆیشی بە یەهوزا، خەریکە لە حەژمەتا شەق دەبات.

یاناکۆس دڵی لە تاو زوڵمی خوشکەکەی دەرهەق بە قاوەچی داماو ژانی کردبوو، گوتی:

– ئارام بگرە کوستانتیسی بەستەزمان. ئارام بگرە و حەوسەڵەت هەبێ! یەکشەممە کە گەڕامەوە هەمدیس قسان دەکەین. بە هیوای دیدار!

ئەوسا هەچەی لە کەرەکەی کرد و بە زوویی لە پێچی کۆڵانەکەدا بزر بوو. کوستانتیس لە هەمانکاتدا کە تەماشای دوورکەوتنەوەی ئەوی دەکرد، بە ورتەورت گوتی:

– من کەسێکم بەخت بە پێشوازیمەوە هاتووە. وەزع بە دڵی خۆمە. نە منالم هەیە و ژنەکەیشم نەماوە و لە دەستی قوتارم بووە.

یاناکۆس یالی گوێدرێژەکەی نەوازش کرد و گوتی:

– یوسفۆکەکەم. ئێمە باش لە زوبانی یەکتر حاڵی دەبین و وەك دووبرا یەکدیمان خۆش گەرەکە. چما تا ئێستا بووە شەڕمان بووبێ؟ سوپاس بۆ خوا هەرگیز! هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ئێمە هەردووکمان خەڵکانێکی باشین – یان کەرگەلێکی باشین – چ جیاوازی هەیە؟ ئازارمان بە هیچ کەس نەگەیاندووە. بجووڵێ ئاژەڵ! هەچە! بەرەو لای ڕاست پێچکەوە. ئەمڕۆ دەبێ ڕێگەکەمان بگۆڕین. مەگەر گوێت لێنەبوو کوستانتیس گوتی چی؟ گوتی لەبەردەم ماڵی خودانەوە نەڕۆین. کەواتە یەکڕاست بەرەو ماڵی لاداسی پیر دەڕۆین کە زۆر

تۆی خۆش دەوێ و لە تاو بەخیلیی .... بجوڵێ تا لە شەڕی ئەم یەکەیش قوتارمان دەبێ و لە گوند دەچینە دەرێ. ئەوسا لە چنگی هەرچی ڕیش سپیی و قەشە هەیە ئاسوودە دەبین و خۆم و خۆت دەمێنینەوە ...

پاشان بەرەو لای ڕاست داگەڕا و بەرەو ماڵی پیرەمێردی پیسکە ڕۆیشت.

= ... تەنها دەمویست بەرلەوەی ئاواییم جێهێشتبا، مانۆلیۆسم بینیبا و ئاگادارم بکردبایەوە کە ئاگای لەو کاترینایە بکات! ئاخر ئەو دەبێت ئاگاداربێت گوناه نەکات. چونکە بڕیارە ببێتە مەسیح. ئۆف لە دەست ژنان! دەبینیت؟

لاداسی پیر بە جلکێکی شڕ، پێی پەتی بەڵام دڵخۆش بە ژیان، لەسەر سەکۆی حەوشە دانیشتبوو. پەنلوپ، هاوسەرە پیرەکەی بەرچایی شووەکەی کە بریتی بوو لە ئاردی نۆك، ئاردی جۆ، نانێکی جۆ، بڕێك زەیتوون و فنجانێك قاوە، لەسەر سەکۆکە دانابوو. لاداس لەهەمان کاتدا کە زەیتوونی دەخوارد و قاوەی دەنۆشی، لەگەڵ هاوسەرە پیرەکەیدا کە بێدەنگ و بێباك بەرامبەری

دانیشتبوو و گۆرەوی دەچنی، قسانی دەکرد. وی ژنێکی لەڕولاواز و جلکێکی شڕوپڕی لەبەردا و هەروەك شووەکەی پێی پەتی بوو. کەپووە زلەکەی لەنێو ڕوخسارە ئێسکنەکەیدا دەرپەڕیو و بە لەقلەقێکی پیری بێ پەڕوباڵ دەچوو. لە بەرایی هاوسەرییاندا بەرگریی بەرامبەر لاداس دەنواند و دەرەقەتی دەهات لەبەرئەوەی جوان و لە خێزانێکی خوداپێداو بوو، حەزی دەکرد لە ناز و نیعمەتدا بژی. بەڵام وردە وردە بەخت پشتی تێکرد، پەڕوباڵی وەری، تێکوپێك شکا و دەستی لە گلەوگازندە بەردا. هەنووکە ئیدی تەنها هەر گوێی دەگرت. هیچکات دڵی نەدەڕەنجا و گەر جاروبارێکیش ڕەنجابا ئەوا لەدڵی خۆیدا دەیهێشتەوە و نەیدەهێنایە سەر زوبان. لەو ڕۆژەوەی تاقە کیژەکەی مردبوو، ئیدی تەنانەت سەرنجی لە بۆڵەبۆڵەکانی پیرەمێردەکەی مێردی نەدەدا و گچکەترین کاردانەوەی پیشان نەدەدا. وەك مردوویەکی لێهاتبوو کە هێشتا دەخوات، دەنوێ و بێدار دەبێتەوە بەبێ ئەوەی بژی. ئەو ئیدی دەستی بە ئارامیی

ڕاگەیی‌بوو، دەستی ڕاگەیی‌بووەوە بێ نیازیی و هەیبەتی مەرگ.

لاداس شۆربای ئاردی جۆکەی هەڵدەقوڕاند و لە هاوسەرەکەی دەنۆڕی، ژنەیش بێباک، گۆرەوی دەچنی. لاداس لەبارەی نەخشەیەکی گەورەوە دەدوا کە سەرانسەری دوێنێ شەو خەوی لێزڕاندبوو، ئەگەر ئەو نەخشەیە سەری گرتبا ئەوا قاسەکەی پڕ لە گوارە، ئەنگوستیلە، ملوانکە و دراوی زێڕ دەبوو:

– پەنلوپ گوێ ڕادێرە! من تەواوی وردەکارییەکانی نەخشەکەم ئەزبەرە، بەڵام بەداخەوە کەسێك نییە نهێنییەکەمی لا باسکەم. جێبەجێ کردنی ئەم کارە گەورەیە دوو کەسی پێویستە. بەڵام پەنلوپ گیان، دونیا پیس بووە. هەمووان فێڵباز و کڵاوچی و ناپاکیان لێدەرچووە. ئاخر مرۆڤ دەتوانێ متمانە بە کێ بکات؟ هاجینیکۆلیس کە بە مانای وشە گێلەپیاوە تەنها ڕۆڵی خەڵکانی سەرڕاست و شەریف دەبینێ. بەڵام خۆت دەزانیت کە مامۆستا لە چارەڕەشێك زیاتر نییە. بۆیە دەکرێ چاوەڕوانی چی لێبکرێت؟ هەمدیس باشە کە

تەواو شێت نەبووە. گریگۆریسی برایشی کە کەسێکی شیاوە، بەڵام زۆر تەڵەکەباز و تەماعکارە و تەنها بیری لای گیرفانی خۆیەتی. بۆیە ئەویش بەکەڵك نایەت، چونکە منیش بیرم تەنها لای گیرفانی خۆمە ... پەنلوپە بێ نەواکەی خۆم، سەر دەلەقێنیت! ناشێ بتەوێ لەبارەی خودان پاتریارکاسەوە بدوێیت؟ دەك ئەولاتر چێت، ئەو هەر مرۆڤ نییە! هەموو قلافەتی بووەتە وورگ. ئەوانە نەوە دوای نەوە دەوڵەمەند بوون و ئەو خۆی هەرگیز کاری نەکردووە و مانای وشەی ئارەقەی نێوچەوان نازانێت. دەڵێن جۆرە مێشوولەیەکی زل هەیە پێی دەڵێن شامێشوولە. ئەم جۆرە مێشوولەیە شەو و ڕۆژ بێکار دادەنیشێ تا سوپایەك لە مێشوولەی کۆیلە خزمەتی بکەن و خواردنی بۆ ببەن. ئەگەر ڕۆژێك ئەو کۆیلانە خواردنی بۆ نەبەن ئەوا لە برسانا دەمرێت. ئەم کابرایەش ڕێك وەك شامێشوولە وایە و ڕۆژێك لە زۆرخۆرییدا دەترەکێت. بۆیە ئەویش بەکاری من نایەت. ئەگەر مەبەستت لە کاپتن تۆفانە ئەوا دەبێ دەست لەویش بشۆردرێت. ئەویش کەسی شیاو نییە و بریتییە

لەیەك بەرمیلی بزۆز عارەق. نا، دەبێ لەخەیاڵی هاوکارێکی شیاو و حیسابییدا بم ... بەڵام ئاخر کێ؟ تۆ چ کەسێکت پێ شك دێت؟

بەڵام پەنلوپ هەروا گۆرەوی دەچنی و وەکی مردووان هیچی نەدەژنەفت. بۆ ساتێك سەری هەڵبڕی. نیگای چاوانێکی بێ نوور، مردوو و چۆڵ لە هەست، لە پێست و ئێسکی لاداسەوە تێپەڕی، چووە حەوشە و لەوێوە بۆ ئەودیو دیوار، بۆ کۆڵان، گوند، بیابان و کێوی ساراکینای دوورەدەست کشا و هەمدیس دوورتر ڕۆیشت، لەزەریا تێپەڕی و چووە فەزایەکی بێ کۆتایی، پیرۆزەیی، تەمومژاویی و چۆڵەوە. بەڵام زوو بەزوو سەری داخست و دەستی بەکاری خۆی کردەوە، تا قەرەبووی زەمەنی لەدەستچوو بکاتەوە.

لەهەمان کاتدا دەنگی بوقەکەی یاناکۆس گەییە گوێ. لاداسی پیر لەجێگاکەی ڕاچڵەکی، چاوە چرچەکانی درەوشانەوە و هاواری کرد:

– خۆیەتی! خودا ناردی! ئەوە هەمان ئەو کەسەیە کە بەدوایدا دەگەڕام. پەنلوپ وانییە؟ ئەو هەموو مەرجە

پێویستەکانی تێدایە. خووی بە دێوەرەیی لە شار و دێهاتەکانا گرتووە. کەمێك درۆزن و گرانجانە و بۆ ساختە و کەڵەك و جۆرکردنی مامەڵە کەسێکی گونجاوە. هەڵبەت بە کەڵکی کاری گەورە نایەت و تەنها بۆ وردەواڵەفرۆشیی باشە. بەڵام بەهەرحاڵ بەکەڵکی من دێت. کۆکردنەوە و هەمدیس کۆکردنەوە لەو و لە چنگ دەرهێنانیش لە من!

ئەوسا شادومان و سەرمەست دەستی بەیەکدا هێنا تا شەکەتیی لە جەستە بکاتە دەر. هەرکە هەستی کرد گوێدرێژەکەی دێوەرە لەبەر ماڵەکەیدا ڕاوەستاوە، ڕایکرد و دەرگاکەی کردەوە:

– سڵاو یاناکۆس. خۆشهاتیت! خودا تۆی ناردووە. زووکە گوێدرێژەکەت بە دەرگاکەوە ببەستەوە و وەرە ژووریٚ گەرەکمە قسانت لەگەڵدا بکەم.

یاناکۆس لەهەمانکاتدا کە گوێدرێژەکەی بە دەرگاکەوە دەبەستەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی:

– ئەم ڕێوییە پیرە چ خەونێکی پێوە بینووم؟ خودا بە هاوارم ڕابگات!

وایگوت و چووە ژوورێ. لاداس گوتی:

- دەرگاکە داخە تا کەس گوێی لەدەنگمان نەبێت. دەمەوێ مەسەلەیەکی گرینگت لەگەڵدا باس بکەم. وەرە دانیشە هەی یاناکۆسی لەعنەتی! پێدەچێ ڕێوی بەپیرتەوە هاتبێ، چونکە بەزوویی دەوڵەمەند دەبیت و ئیدی موحتاجی کەس نابیت و پێویست ناکا بۆ فرۆشتنی بەکرە و دەزوو دێوەرەیی بکەیت. تۆ ئیدی لە زێڕدا غەرق دەبیت. بەڵی یاناکۆسی داماو، لە زێڕدا! گوێت لێیە؟

یاناکۆس بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- هێند ماتڵ مەبە پیرەمێرد. ئاشکراتر بدوێ. بڵێ بزانم مەسەلە چییە؟

- جوان گوێچەکەت بکەوە! تەماشاکە چ دەڵێم! ئەو تاعونزەدانەی کە بێرەدا تێپەڕین بەر لە ئێستا دەوڵەمەند بوون و لەوکاتەوەی تورك ئاوارەی کردوون، برسی و بێ پەنا بوون. جوان گوێ بگرە! ئەوانە بەبێ شك لەکاتی ڕاکردنا هەرچی زێڕ، بازنگ و ئەنگوستیلە و

دراویان هەبووە لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە ... یاناکۆس ئێستا لە مەبەستەکەم حاڵی بوویت؟

- هێشتا نا، حاڵی نەبووم! من کەسێکی دەبەنگم. کەواتە هەمدیس ڕوونتری بکەوە!

- یاناکۆس گیان. ئەو پێشنیارەی گەرەکمە بۆ تۆی بکەم ئیلهامێکە ئیلاهی! دوێنێ شەو خۆم بینیم لەسەر کێوی ساراکینا ئاگریان کردبۆوە و ئەمەش ئەوە نیشان دەدا کە ئەوانە چوونەتە ئەشکەوتەکانەوە. تۆ دەبێ لەگەڵ گوێدرێژەکەتا بچیت بۆ ئەوێ و کاتێ نزیکیان بوویتەوە بوق لێدەیت تا هەمووان لەدەوروبەرت کۆببنەوە. ئەوسا بە هەموویان دەڵێیت:" برایان، ئێوە خەریکن لەبرسێتییدا تیادەچن. ڕەحم بە مناڵەکانتان بکەن! من دوێنێ شەو بۆ ساتێکیش خەو نەچووە چاوانم و هەر هەمووی بیرم دەکردەوە و بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕام بۆ یارمەتیدانی ئەنگۆ و لەوەی کە خودی خۆتان دەتوانن لە چ ڕێگەیەکەوە یارمەتی خۆتان بدەن! تا دواجار ڕێگەچارەم دۆزییەوە. ئێوە زێڕ و خشڵێك کە لە پەلاماری تورك ڕزگارتان کردووە و

لەگەڵ خۆتانا هێناوتانە، بیدەنە من. منیش لەبری ئەوە هەرچییەك پێویستی ژیانتان بێت، لە گەنم و جۆ و زەیتی زەیتوونەوە بیگرە تا شەراب و شتی تر بۆ ئێوەی دێنم. هەڵبەت لەم کارەدا زەرەریش دەکەم بەڵام چش! ئێوە گریکیی و مەسیحیین و قیروسیا لە زەرەرا!" ئێستا حاڵی بوویت هەی کەللەپووت؟

یاناکۆس خۆی بەناحاڵی پیشاندا:

– وردە وردە خەریکم تێدەگەم ... بەڵام هێشتا ...

هەر بەڕاستییش هێشتا نەیدەزانی کە ئەم بیرۆکەیەی لاداس ئیلهامی خودایە یان شەیتان!

لاداس تێهەڵچۆوە:

– گوتم ئەمە ئیلهامێکی ئیلاهییە. بەڵام هیچ شتێك بەکەس مەڵێ. هیچ کەسێك نابێت سووسەی ئەم مەسەلەیە بکات! کەواتە زووکە و دەست بەکاربە! تا تۆیش لە ژیانتا شتێك بەشتێك بکەیت ... دەزانیت ... من کاتێ دەبینم کەسێك بەو تەمەنەی تۆوە زستان و هاوین ئاوارەی بیابانەکانە بەزەییم پێیدا دێتەوە ... مەگەر تۆ تەمەنت چەندە؟

- پەنجا.

تەنها دوو ساڵی لە تەمەنی خۆی کەم کردبۆوە.

- یاناکۆس دەبینیت؟ هێشتا ئەووەڵی عومرتە و نابێ ئەو عومرە بێهودە بەهەدەر بدەیت! تۆ دەبێ خانوویەکی جوان بۆ خۆت ڕۆبنێت، ژنێکی گونجاو بێنیت - وا بزانم حەزت لە کیژەکەی قەشەیشە - وەك هەمووان مناڵت هەبێت، کۆمەکی هاوڕێیان و هاوڵاتیانی خۆت بکەیت. کاتێ بە کۆڵانەکانا دەڕۆیت هەمووان لەبەرت هەستنە سەرپێ و بۆت بنوشتێنەوە. بەکورتی یاناکۆسی ئازیز دەرگایەکی نوێ لە ژیانتا بەڕووتا دەکرێتەوە. ژیانێکی نەجیبزادانە و ئیدی هەژاریی کۆتایی دێت. ئاخر مەگەر چەند ساڵی تر ئێمە زیندووین. بۆچ وەکو خەڵکانی حیسابیی نەژین؟ کەواتە زووکە و بکەوە خۆت! من خێری تۆم گەرەکە. نابێ لێگەڕێین خەڵکانی تر لەسەر شانی ئێمە بەرز ببنەوە! من لەم قەشەیە دەترسم.

یاناکۆس حەپەساو مابوو:

– له خودا دەترسم! لاداس من له خودا دەترسم! ئایا ئەوە ئینسافه کە ئێمەیش برا ڕاونراوەکانی خۆمان تالآنکەین؟

– کەللەپووت ئێمه ناخوازین تالآنیان بکەین. ڕێك بەپێچەوانەوە، بەڵکو دەمانەوێ یارمەتییان بدەین و له مەرگ ڕزگاریان بکەین ... ئەدی مەگەر نابێ ئەو داماوانه خۆراك بخۆن تا به زیندوویی بمێنن؟ ئەوانه برای ئێمەن. منیش دڵم هەیه و خەفەت بۆ بەدبەختییان دەخۆم .. ئێمه دەمانەوێت لەگەڵ ئەوانەدا سەودا و مامەڵه بکەین. خۆ نامانەوێ دزیی بکەین! هەڵبەت قازانجی خۆیشمان لەبەرچاو دەگرین. تۆ خۆت دەزانیت ئێمه بازرگانین، ئێمەیش حەقمان هەیه بژین و خۆ قازانجیش شتێکی ناپەسەند نییه... وەره پێشەوه یەك پاروو نان و زەیتوون بخۆ! ئێمه گەرەکمانه پێکەوه ببینه هاوڕێ و شەریك و دەبێ هەموو شتێك لەنێوان خۆماندا دابەشکەین. وەره بنی فنجانەکەم هێشتا نەختێك قاوەی تێدا ماوە، وەره ئەمه تۆ بیخۆرەوە!

- برسیم نییه. گێژ بووم. ڕێگەم بدە لەسەر قەنەپەکە دانیشم تا بەشکم قسەکانت هەزمکەم ... تۆ دیمەنێکی تازەت لەبەر چاوانمدا کردەوە. کەوتە بهێڵە بەر لەهەر بڕیارێك باش بیربکەمەوە و هەمووشتێك هەڵبسەنگێنم!

- کێشەکە لێرەدایە کاتمان کەمە. هیچ بواری بیرکردنەوەی تێدا نەماوە! دەی بەرەو ساراکینا بکەوە ڕێ. نابێ کات بەهەدەر بدەین. گوتم من لەم قەشە موفتەخۆرە دەترسم.

یاناکۆس لەسەر قەنەپەکە دانیشت. ئانیشکی خستە سەر ئەژنۆی، سەری نایە نێوان هەر دوو دەستییەوە و ماوەیەکی درێژ بە بێدەنگیی مایەوە. سەری داخ و لاجانگەکانی بەتوندی لێیان دەدا. زەینی پەشۆکابوو. گوارەگەلێکی زۆری دەبینین کە لە گوێکان دەبوونەوە. ملوانکەگەلێك کە لە مل دادەکەنران، ئەنگوستیلەگەلێك کە لە پەنجەکان دەردەهاتن و دراوگەلێك کە لە پریاسکەی سەر بەستراوەوە دەڕژانە دەرێ و هەمووی و هەمووی لەو سنووقەدا کەڵەکە دەبوون کە هێشتا لە ماڵەوە و پڕ بوو لە پارچە جلکی ژنە کۆچکردووەکەی.

ئەوسا خانوویەکی گەورە لە بەرامبەر چاوانیدا، لە دڵی ئەرزەوە دەهاتە دەرێ و سەری لە ئاسمان دەسوو. شتێکی بەشکۆتر لە خانوو. کۆشکێکی گەورە بە باغ و باغچەی فراوان و بانیژەیەکی گەورەوە. کۆشکێك کە خەڵکەکەی لەسەر دۆشەکی پەڕی قو دەنوون و ژنانی جوان خۆیانی تێدا دەڕازێننەوە ... دەمودەست هەستیکرد بەیانی یەکشەممەی ڕوحبەخشە. خۆر دەدرەوشێتەوە و ناقوسی کڵێسا ڕێوڕەسمی نوێژ بەگوێدا دەدات. یاناکۆس چاوی بە یاناکۆسێکی تر دەکەوت کە بە پانتۆڵێکی ماهوتیی گرانبەها و کڵاوێکی ئاوریشمی ئەشرافیانە و گۆچان بەدەست وەکی خودانانی بەشکۆ و سەنگین بۆ کڵێسا دەچێت. گوندنشینان لەبەری هەڵدەسنە سەرپێ و بۆی دەنوشتێنەوە. پاشان خودان یاناکۆسی بینی لە حەوشەی کۆشکەکەی دانیشتووە و لەگەڵ کۆستانتیسی قاوەچییدا، کە لەبەردەمیدا دەست لەسەر سینگ ڕاوەستاوە، وتووێژ دەکات. خودان یاناکۆس لەبەر باخەڵیدا پریاسکەیەکی پڕ لە زێڕ دەردێنێ و دەڵێت:"

وەرە کۆستانتیسی داماو، وەرە ئەم پریاسکە زێڕە بگرە تا بەشکم زەدەخەنە لەسەر لێوت بنیشێت. ئاھ کە تۆ چەند لەدەست ئەم خوشکە قەرەجەی من زوخاوت چەشت. من ئەم پارەیەت وەك دیاری دەدەمێ!" ئەوسا مانۆلیۆس بانگدەکا و دەڵێ:" مانۆلیۆس تۆیش وەرە پێشێ! ڕانە مەڕێکم کڕیوە. لەگەڵ خۆتدا بیبە. ئیدی پێویست نییە کار بۆ ئەو پاتریارکاسە ناڕەسەنە بکەیت..." یاناکۆس هەستی بە سەرەسووڕە دەکرد و کڵێسای گوند لەبەرچاوانیدا وەدیار دەکەوت. لە بورجی ناقوسەکە کاتژمێرێکی گەورەی دیواری وەك ئەوەی کە لە ئەزمیر بینیبووی، دەکەوتە بەرچاو. لە دەوراندەوری کاتژمێرەکەدا و بە پیتی درشتی زێڕین نووسرابوو:" دیاری یاناکۆس پاپادوپۆلس، خودانی گەورە و دەست و دڵ کراوە." لەگەڵ سەرەسووڕەی دووەمدا کاتژمێرەکە لەبەرچاوانیدا نەما و لەجێگەی ئەو، کورتانێکی مەخمەلینی بە زێڕ چنراوی نەرم و جوان دووراو وەدیارکەوت. هەڵیگرت، بۆ گەوڕەکەی برد و گوتی:" یوسفۆکەکەم، ئەمەش ئەو کورتانەیە کە بڕیار

بوو بۆت بکڕم. جوان تەماشای بکە! تەنانەت شایش کورتانێکی ئاوهای نییە. ئیدی ڕۆژانی داماویی ئێمە کۆتایی هات و هەنووکە هەرچیت حەز لێیە بیخۆ و هەرچیت پێخۆشە بیخۆرەوە! لەمەودوا لە ڕۆژانی یەکشەممەدا و دوای نوێژ، بەم کورتانەوە لە گۆڕەپانی گوند پیاسە دەکەیت و هەمووان بۆ ڕێزلێنانت سەرت بۆ دادەنەوێنن. ڕێك وەك خودانێکی حیسابی!

یاناکۆس لە ئاوها خایلەیەك پێکەنین گرتی، سەرە گڕگرتووەکەی جوولاند، لە خەونەکە هاتەدەرێ و چاوی بە پیرێژنەکە کەوت کە ئەویش هەروا لە دونیای وەنەوزدا سەرقاڵی چنین بوو. لاداسی پیریش بەدیقەتەوە تەماشای دەکرد و چاوەڕێی وەڵام بوو.

– پیرەمێرد، نیوە بەنیوە قایلییت؟

لاداس دەستە درێژ و ئێسکنەکەی ڕایەڵ کرد و گوتی:

– وەرە دەستت بێنە. قاییلم! نیوە بەنیوە. ئەمە واتە یك مامەڵەی شەریفانە. تۆ گشت شەوێك هەموو ئەو خشڵ و زێڕوزوانە بێنە بۆ من کە لە ڕۆژدا دەستت دەکەون و منیش لەبری ئەوە گەنم، زەیتی زەیتوون و

شەرابت دەدەمێ. کاتێ تەواوی زێڕوزیوەکانیانمان وەرگرت، ئەوسا دەکەوینە حیساب و کیتابی خۆمان. تۆیش خۆت هەموو کڕین و فرۆشتنەکان لای خۆت بنووسە تا قەت گومانی ئەوە نەکەیت کە خوانەخواستە گەرەکمە فریوت بدەم. من تەنانەت بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە چەند متمانەم پێتە و قەت نیازم نییە گزییت لێبکەم، ئەوا هەر لە ئێستاوە سێ لیرەی ئاڵتوونت وەکی پێشەکی دەدەمێ ...

ئەوسا لەبەر باخەڵیدا پریاسکەیەکی گچکەی دەرهێنا کە بە وردی سەرەکەی بە پەت بەستبوو. کردییەوە و دەستی بۆ ناوی ڕۆبرد و سێ دراوی دەرهێنا و بە وردی ژماردی. یاناکۆس بە حیرسەوە دراوەکانی وەرگرتن و چاوانی درەوشانەوە. لاداسی پیر درێژەی بە قسەکانیدا:

– ... تا تۆ دەڕۆیت و دەگەڕێیتەوە، منیش وەسڵی وەرگرتنی ئەم سێ لیرەیە ئامادە دەکەم ... خۆشحاڵیت؟... ئێستا بڕوات بە قسەکانم کرد؟ دەی من لەخۆمەوە قسە ناکەم. ئەمانە زێڕن. کەواتە زووکە بڕۆ! نابێ کات بەفیڕۆ بدەین! بڕۆ بە ئەمانی خودا!

یاناکۆسی بەرەو لای دەرگای حەوشە برد، ئەڵقەڕێزی دەرگاکەی کردەوە و بردییە دەرەوە و لە ترسی ئەوەی کە نەبا ژێوان بێتەوە، بە پەلە دەرگاکەی لەمدیوەوە داخست:

– بڕۆ لە ئەمانی خودادا بیت!

ئەوسا دەستی بەیەکدا هێنا، ڕووی کردە هاوسەرەکەی و لەکاتێکدا کە پەنجەی دەنایە سەر لێوی، گوتی:

– پەنلوپ گیانی ئازیز، دەنگت لێوە نەیەت! بینیت ئەمجارەیش مۆفەق بووم؟ بینیت فیکرم چەند باش کاری کرد؟ دواجار دەمی لە قولاپە ئاڵتوونەییەکەم گیری کرد و بە تەڵەکەوە بوو. سێ دراوم چاند، هەزاران دراو درەو دەکەم ... ئێستا تۆیش هەستە و بڕۆ قاسەکە ئامادە بکە! تکات لێدەکەم بڕۆ!

بەڵام پەنلوپ لەجێگاکەی نەبزووا و هەروا لەسەر چنینی خۆی بەردەوام بوو. ئەو لە بەیەکدائالانی شیشی چنینەکە و دەستەکانی خۆی، بێ ئەوەی بیبینێت دەنۆڕی. ئەو نەك هەر پێ ئێسکنەکانی لاداس بەڵکە

خودی ئێسکی درێژ و وشکەوەبوو و نیوە پووچی ئەوی لەو گۆرەوییەدا بەرجەستە دەکرد کە دەیچنی.

لەم کاتەدا گوێدرێژەکەی یاناکۆس لە جاددە هەڵیدەتیزان و یاناکۆسیش خەیاڵپلاوانە لەدوایەوە دەڕۆیشت. بارێکی زۆر قورس لەسەر دڵی قورسایی دەکرد و هاوکات بوونی بارێکی زۆر سووکەڵەتر و دڵنشینتری لەگیرفانی ڕاستی هێلەکەکەیدا هەست پێدەکرد.

یاناکۆس هەروەك مەیخۆران هەنگاوی دەنا. گا لە بەردێکەوە بازی بۆ بەردێکی دەدا، گا دەوەستا و لە خایلەیەکی قووڵدا ڕۆ دەچوو، گوێدرێژەکە بە وەرچەرخانی سەری تەماشای دەکرد و لە چاوەڕوانیی ویدا ڕادەوەستا. دواجار بە دەنگێکی هێور گوتی:

– یوسفۆکەکەم زووکە! نە دەبێ کەس بمانبینێ و نە دەبێ ئێمەیش کەس ببینین! بجووڵێ، بۆچی وەستاویت؟ لەم لایەوە بڕۆ. ئێمە دەبێ ڕێگەکەمان بگۆڕین، چونکە ئێستا ئیدی کارمان سەخت و ئاڵۆزە.

گوێدرێژەکە واقوڕماوانە سەری دەلەقاند. نەیدەزانی بۆچ بە ڕێگا هەمیشەییەکەی جارانیاندا ناڕۆن و چ شتێك لە خاوەنەکەی ڕوویداوە و بۆچ مرۆڤەکان هێند حەپ و حۆلن؟

- ... ئێمە نابێ لووتمان بە لووتی هیچ کەسێکەوە ببێ، تەنانەت مانۆلیۆسیش. من ئیدی دەبێ سەرم لە ئاخوڕی خۆمدا بێ و بەس! بە من چی کە مانۆلیۆس حەزدەکا لەگەڵ کاتریناادا بنوێ ... زووکە یوسفۆکەکەم، بجوڵێ!

بەڵام ڕێك لە دوایەمین پێچی جاددەیەك کە گوندی بە بیابانەوە دەبەستەوە، لووتی بوو بە لووتی مانۆلیۆس و دوو گوندنشینی ترەوە کە لەگەڵ میرئاخوری شمشێر بە کەمەر و تەربوشی سوور بەسەردا، چواردەستە کاپتن تۆفانیان دەبرد. یاناکۆس گوێدرێژەکەی هێنایە لاوە تا ڕێگەیان بکات، خۆیشی نزیکیان بۆوە و چاوی بە کاپتنی بەدبەختی بێهۆش کەوت کە خاولییەکی سپیی و خوێناوی بەسەرییەوە بەسترابوو. پرسی:

- هێی هاوڕێیان! چ بەسەر ئەم داماوەدا هاتووە؟ مانۆلیۆس بڵێ بزانم چ بووە؟

- لە پێپلیکانەکانیماڵی ئاغا کەوتووە و سەری شکاوە... ئەگەر پوورە مادلینامت بینی پێی بڵێ بێت و برینپێچەکەی سەری بگۆڕێت ... ئاخر پوورم بەرلەوەی ببێتە مردوو شۆر، مامان بووە و ئەم کارانە بەڵەدە.

- هەی بەدبەخت. حەتمەن هێندەی گایەکی خواردووە!

میراخور سەری وەرگەڕاند و بەپێکەنینەوە گوتی:

- نایەوێ تۆی ڕۆمی مەلعون خەفەتی بۆ بخۆیت. سەری شکاوە خۆی چاك دەبێتەوە. خەڵکانی کۆسە حەوت ڕۆحیان هەیە.

یاناکۆس ڕووی کردە مانۆلیۆس و گوتی:

- مانۆلیۆس ویستم قسانت لەگەڵدا بکەم.

- منیش دەمویست قسانت لەگەڵدا بکەم. بەڵام ئارام بگرە یەکەمجار کاپتن لەسەر تەختەنوێنەکەی بخەوێنین و پاشان! بەدوای ئێمەدا وەرە و لەبەردەرگا چاوەڕێمبە. من زوو دەگەڕێمەوە.

هەمووان بە هەنگاوی قورس کەوتنەڕێ و بە هەر جووڵەیەك کاپتن لە حەژمەت ئازار دەیناڵاند. کاتێ هەمووان چوونە ماڵی کاپتن، یاناکۆس لەگەڵ گوێدرێژەکەیدا لەژێر سێبەری دارزەیتوونێکدا چاوەڕێی دەکرد و بەخۆی دەگوت:" دوێشەومان سەخت دووگیان بوو! ببینین ئەمڕۆ چ دەزێنێ. خودا بۆ خۆی ڕوحم بکات!"

ئەوسا کیسە تووتنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. سیگارێکی پێچایەوە، پاڵی بەدار زەیتونەکەوەدا و بۆ گوزەراندنی کات سیگارێکی داگیرساند. لە قسەکردن لەگەڵ مانۆلیۆسدا ژێوان ببۆوە، چونکە کاتی گرانبەهای خۆی بەهەدەر دەدا. لە خەیاڵی ئەوەدابوو کە کارە گرینگەکەی گەرەکی بە دەستوبرد و وردبینی هەیە. ئەوسا دەستی بۆ نێو گیرفانی هێلەکەکەی برد، دەستی بە لیرەکاندا هێنا و زەردەخەنەیەکی هاتێ:" خودا شوکور خەون نابینم. چەندین جار خەونم بینیوە دەستەکانم پڕن لە دراوی زێڕ و بۆ بەیانی گێلۆکانە ژێر سەرینەکەمیان بۆ گەڕاوم تا بیاندۆزمەوە. بەڵام

ئەمجارەیان ئیدی خودا لای لێکردمەوە..." هەمدیس دراوەکانی لەدەستەکانیدا گوشی و هەستی بەئارامیی کرد. دواجار مانۆلیۆس لە ماڵ هاتە دەرەوە، ئارەقەی نێوچەوانی سڕی، چاوی بە یاناکۆس کەوت، بەرەو لای ڕۆیشت و گوتی:

- عەجەب قورس بوو! ڕۆحی دەرهێناین!

- من ئەمڕۆ ئیشم زۆرە. تەنها دەمویست دوو وشە بڵێم و بڕۆم. مانۆلیۆس گوێ ڕادێرە! یەکەمجار لێگەڕێ ئامۆژگارییەکت بکەم. ئەمڕۆ پێ مەخەرە ماڵی خودانەوە. لەوکاتەوەی لە مەسەلەی زەمیلەکان ئاگادار بووە دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردووە و بە گۆچان بەربووەتە کوڕەکەی تا تۆڵەی لێبکاتەوە. کەواتە ئاگات لەخۆت بێ! لەخۆڕا شانی خۆت ئارداویی مەکە!

- بەڵام منیش هێندەی میکیلیس خەتابارم و شایستەی سزام.

- منیش خەتابارم بەڵام خۆم پیشان نادەم. ڕەنگە بڵێیت ئەم کارەم شەرافەتمەندانە نییە. هەڵبەتە حەقی خۆتە، بەڵام بەهەرحاڵ باشترە شانم ئارداویی نەبێ. بۆ

کوێ دەڕۆیت؟ ئارام بگرە هێشتا قسەکانم تەواو نەبووە. کاترینا گەرەکییەتی بتخاتە داوەوە. دەڵێ هەموو شەوێك خەونت پێوە دەبینێت. دوێنێ شەویش لە گۆڕەپانەکەدا چاوی لێدادەگرتیت. مانۆلیۆس بەهەرحاڵ ئاگاداری خۆتبە؟ ئەم بێوەژنە بە مانای تەواوی وشە جانەوەرێکە بۆ خۆی و دەتوانێت تەنانەت ئەسقەفەکانیش بەلاڕێدا بەرێت... بیر لە جێژنی زیندووبوونەوە و ئەو ئەرکە بکەوە کە لەسەر شانتە ... لە گوناه خۆت بەدوور بگرە!

مانۆلیۆس سوور هەڵگەڕا و سەری داخست. ئاخر ئەویش دوێنێ شەو خەونی بەو بێوەژنەوە بینیبوو. هەڵبەت بەتەواوی خەونەکەی بیرنەمابوو، بەڵام کاتێ لە خەو وەئاگابیۆوە، هەستی بە لەش قورسیی کردبوو.

– مەسیح خۆی یارمەتیم بدات.

– بەو مەرجەی کاتی هەبێت. مانۆلیۆس تۆ خۆت دەبێ یارمەتی خۆت بدەیت تا خودایش یارمەتیت بدات ... دەی با لەوە گەڕێین. من کارم زۆرە. ئەلعان نۆرەی تۆیە، بڵێ بزانم کاری چیت پێمە؟

مانۆلیۆس دوودڵ بوو. نەیدەزانی چۆن مەسەلەکە باس بکات  کە هاوڕێکەی زویر نەبێ:

– بمبوورە ئەم قسانە دەکەم. بەڵام دەبێ بزانیت کە ئێمە هەرچوارمان لەمەودوا یەك ئامانجی پیرۆزمان هەیە و ئەگەر یەکێك لە ئێمە ڕێگەی هەڵەی گرتە بەر ئەوا ئەوانی تر پێویستە لەسەریان ئەو کەسە بهێننەوە سەر ڕێگای ڕاست. چونکە ئەگەر یەکێك لە ئێمە مل بۆ زیللەت بدات، ئەوا سێ کەسەکەی تریشی پێوە سووك دەبن. هەر لەبەر ئەمە ڕوخسەت دەدەمە خۆم تا بە تۆ....

یاناکۆس بەرەو لای دارزەیتونەکە ڕۆیشت و لەهەمانکاتدا کە جڵەوی گوێدرێژەکەی دەکردەوە، گوتی:

– مانۆلیۆس بۆچی قسە ناکەیت. من پێمگوتیت پەلەمە ...

مانۆلیۆس بە میهرەبانی دەستی یاناکۆسی گرت و بە نەرمونیانییەوە گوتی:

- تۆ ئەمڕۆیش وەك جاران درێژە بە دێوەرەیی خۆت لە ئاواییەکانا بدە و چتەکانت بفرۆشە. بە مەسیح سوێندت دەدەم کە ئامۆژگارییەکانی دوێنێی قەشە لەبیر نەکەیت.

یاناکۆس بە نەوایەکی گرژ پرسی:

- مەگەر قەشە چ ئامۆژگارییەکی کرد؟

- یاناکۆس تکا دەکەم! قسەکانم خراپ لێك مەدەرەوە. قەشە ئامۆژگاری کردیت گرانجانیی نەکەیت و ....

یاناکۆس ئیدی نەیتوانی خۆی بگرێ و بە جووڵەیەکی توند ڕەشمەی گوێدرێژەکەی لە دارزەیتوونەکە کردەوە و لە دەستی خۆیەوە پێچا:

- بەسە! ئیتر بەسە! حەزرەتی قەشە پێیوایە ئەم کارە ساددەیە! پێتوایە ئەگەر من ئامۆژگاری ئەو بکەم کە پشتوێنەکەی توندتر ببەستێ و هێند زۆرخۆریی نەکات و کەمێك بە هەژاران ڕابگا و هێند سرێش و ئارد و دەرمان بەسەر یەکدا نەکا و لەجێی دەرمانی ئازار دەرخواردی ئەم خەڵکە داماوەی نەدا، پێتوایە بەقسەم دەکات؟ مەگەر ئەم قەشە تەڵەکەبازە ساڵی ڕابردوو سێ ڕۆژی تەواو، لاشەی مانتۆدیس، ئەو پیرەمێردە

نەگبەتەی نەهێشتەوە تا بۆنی کرد، بەبیانووی وەرگرتنی خەرجیی کفن و دفن لە خانەوادەکەی؟ مەگەر هەمان بونیادەم ڕەزەکەی ئیرۆنیمۆسی داماوی بەهۆی قەرزارییەوە نەخستە مەزاتەوە؟ مەگەر هەمان چەند ڕۆژ بەر لەجێژنی ڕابوونەوە، نرخی تازەی غوسڵ، گرێبەستی مارەکردن و کفن و دفنی بەدەرگای کلێساوە هەڵنەواسی و مەرجی نەکرد کە ئەگەر پارە نەدەین غوسڵ و مارە و کفن و دفن ناکات؟ ئەوکات ئەو ورچە زلە ورگنە ئامۆژگاری منی هەژار دەکا کە ....

مانۆلیۆس قسەکانی پێ بڕی و گوتی:

– لەبارەی قەشەوە کفر مەکە! هەرکەسێك بەرپرسیاری ڕۆحی خۆیەتی. تۆیش بیر لە ڕۆحی خۆت بکەوە. ئێمە دەبێ ئەمساڵ خۆمان پاقژ بکەینەوە. بیرت نەچێ کە تۆ دەبێ ڕۆڵی پەترۆسی حەواری ببینیت. کاتێ مرۆڤ دەیەوێت ڕێوڕەسمی قوربانییکردن بەجێبێنێ، ئیدی مەگەر جگە لە پاقژبوونەوە چ ڕێگەچارەیەکی تری هەیە؟ دەبێت ڕۆژوو بگیرێت، دەم بۆ گۆشت نەبرێت، ڕۆن نەخورێت، جنێو نەدرێت، تووڕە نەبین ... بەڵێ

یاناکۆس دەبێ ئێمە هەر لە ئێستاوە ئەم هەموو چتە لەبەرچاو بگرین.

یاناکۆس لەگەڵ ئەوەشدا کە هەستی دەکرد حەق بە مانۆلیۆسە بەڵام زۆر تووڕە ببوو. گەرچی وازی لە قەشە هێنا، بەڵام بە مانۆلیۆسەوە گرتی و لەژێر لێوەوە بە ورتەورتەوە گوتی:

- مانۆلیۆس، بیرت نەچێت خودی تۆ دەبێ ڕۆڵی مەسیح ببینیت، نە ڕۆڵی حەوارییەکانی مەسیح! کەواتە ئایا ئەوە شتێکی ڕاستە کە دەستت بەر ژن بکەوێت؟ ئاشکرایە نەخێر! بەڵام جەنابعالی تۆ دەتەوێ ژن بێنیت. وا نییە؟ پێویست ناکا لەخۆڕا سوورهەڵگەڕێیت! ئەدی مەگەر ناتەوێ ژن بێنیت؟ ئای، عەمرمان نەمێنێ. قەدیس بوون کارێکی هەروا سانا نییە ...

مانۆلیۆس بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە سەری داخست و یاناکۆسیش تا دەهات تووڕەییەکەی زیاتر دەبوو، هەمدیس لە قسە تێهەڵچۆوە:

- تۆ مەگەر ناتەوێت ژن بێنیت؟ هەرکاتێ تەماشای لێنێو دەکەیت لیك بە لچ و لێوتا چۆڕاوگە دەبەستێ و

شەیتان بەوجۆرەی کە خۆت حەزت لێیە، هەموو شەوێك دەیهێنێتە خەونت. منیش خۆیشم ڕۆژگارێك لە تەمەنی تۆدا بووم و شەیتانم باش دەناسی. .. ئەو کیژەکە دێنێتە خەونت. تۆ گوناه دەکەیت و بۆ بەیانیش دەوری چاوانت شین هەڵدەگەڕێت. کاتێ ڕۆڵی مەسیح بەسەر خاچەوە دەبینیت، تازە زاوایت! بەرەو سەر داری خاچت دەبەن، بەڵام خەیاڵت لە شوێنێکی ترە چونکە دەزانیت هەموو ئەو شتانە تەمسیلە و ئەوەی کە لەخاچ دەدرێت کەسێکی ترە. ئەوسا بەسەر خاچەوە هاواردەکەیت:" باوکە، باوکە دەسبەردارم مەبە!" بەڵام بەردەوام لەو خەیاڵەدایت کە هەرچی زووتر بۆماڵەوە بگەڕێیتەوە و لێنێو بە تەشتێکی گەورە ئاوی گەرم و جلکی پاك و جوانەوە پێشوازیت بکا و هەردووکتان پێکەوە بۆ جێگەی نووستن بڕۆن .. کەواتە تۆیش ئیدی دەمت داخە و دەرسی ئەخلاقم دامەدە!

مانۆلیۆس سەر بەژێر، گوێی ڕادێراو و هەڵدەلەرزی، بەخۆی دەگوت:" ڕاست دەکات. من درۆزنم. درۆزن، درۆزن!"

یاناکۆس دڵخۆش بەهەڵلەرزینی مانۆلیۆس، شەیتانانە لەسەری ڕۆیشت:

– .... کەواتە بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ یەعنی من درۆ دەکەم؟

مانۆلیۆس شەرمەزار وەڵامی دایەوە:

– بەڵام یاناکۆس، دوێنێ ...

بەڵام یاناکۆس مۆڵەتی نەدا قسەکانی تەواو بکا و لەهەمان کاتدا کە ڕەشمەی گوێدرێژەکەی ڕادەکێشا، گوتی:

– مانۆلیۆس، دوێنێ دوێنێ بوو، دوێنێ جێژن بوو. تێدەگەیت؟ دوێنێ ئێمە دەمانخوارد و دەمانخواردەوە، تەنانەت گوێدرێژەکەیشم لە گەوڕەکەیدا بۆ خۆی دەلەوەڕا. گوێ لە بەرژەوەندی ماددی خەوێنرابوو. بەڵام ئەمڕۆ چی؟ بنۆڕە! گوێدرێژەکەم چووەتە ژێر بار، زگی ئێمە خاڵییە، جێژنی زیندووبوونەوە تێپەڕی و ئیدی کاتی کار و کاسپییە. کار و کاسپی و سەڕاجییش ڕۆڵە گیان واتە گزی و فزی و ماڵی خەڵکی خواردن و پارە پەیداکردن! ئەگەر پێچەوانەی ئەمە با ئەوا ئیدی قەت

پێویستی بە کاسپیی نەدەکرد! هێندە بەس بوو کە منیش بۆ کێوی ئاتووس بڕۆم و ببمە قەشە. ئێستا حاڵی بوویت؟

بۆ ساتێك بێدەنگ مایەوە و بەو هۆیەی ئەوەی کە لەدڵیدا بوو هێنابوویيە سەر زار، هەستی بە ئارامی دەکرد، گوتی:

- .... مانۆلیۆس خوداحافیز، ئومێدەوارم ئەوەی گوتم نەبێتە بڵقی ئاو!

هێشتا تووڕەییەکەی بەتەواوی نەنیشتبۆوە، لەهەمانکاتدا کە نەقیزەی لە گوێدرێژەکەی دەدا، هەمدیس لای بۆ هاوڕێکەی کردەوە و گوتی:

- .... مانۆلیۆس، مرۆڤی کاسپ پێویست دەکا گزی بکا و مرۆڤی چاکەکاریش پێویستە بەلای دزییدا نەچێت. کەواتە نابێ ئەمە هەردووکیان وەك یەك تەماشا بکرێین ... بەڵێ مانۆلیۆس گیان! بە ئومێدی هاوسەرگیریت. پیرۆزبایی قووڵی منیش قەبوڵ بفەرموو! بجوڵێ یوسفۆکەکەم ... زووکە بکەوە ڕێ!

مانۆلیۆس تەنێ مایەوە. خۆر هەڵکشابوو. هەمووان، هەر لە ئادەمیزاد و گاوە بیگرە تا سەگ و گوێدرێژ، کاری ڕۆژانەیان دەستپێکردبۆوە. لاداسی پیر چاویلکەی کردبووە چاو و بە وردی و زەردەخەنە لەسەر لێو وەسڵی سێ لیرە قەرزەکەی یاناکۆسی دەنووسی. ڕێك لەهەمان کاتدا، قەشەیش کە لەدووی پاتریارکاسی پیر بوو، لەنیوەی ڕێدا بۆ خوێندنی دۆعا لەسەر نوێنی کاپتن کە گیانی دەدا، بانگ کرا و ناچار ڕێی خۆی گۆڕی و بۆ لای چوو. کاپتن تۆفانیش لەسەر تەختەنوێنەکەی کەوتبوو، دەینالاند و جنێوی بە مادلینای پیر دەدا کە هەوڵی دەدا پەڕۆکەی سەری بۆ بگۆڕێت.

لێنێو لەودیو مەکینەی درومانەوە دانیشتبوو و دوایین پارچە جلکەکانی بووکێنی خۆی دەدووری و هاوکاتیش گۆرانی دەچڕی. دڵی شادومان و لە سینەیدا دانەدەسکا و سەمائامێز لە گۆشەیەوە بۆ گۆشەیەکی تر هەڵدەبەزییەوە. گا دڵی دەگەییە گەرووی و هەمدیس بۆ نێو سینگی دەگەڕایەوە و لەم لا بۆ لاکەی دی دەپەڕی و ختووکەی دەدا. دەنگی هاوار هاوار لە ژووری خودانەوە

دەگەییە گویێ. خودان هاواری بەسەر کوڕەکەیدا دەکرد و کوڕەیش وەڵامی دەدایەوە. هەردووکیان لەمسەری هۆدەکەوە بۆ ئەوسەری هۆدەکە دەپەڕین و ئەرزی هۆدەکەیان هێنابووە لەرە. بەڵام لێنێو هەروا دەیدووری و دەیدووری و بە شەڕی نێوان باوك و کوڕ پێدەکەنی. ئیدی ترسی لە هاوارەکانی خودان نەبوو. ئاخر هێور هێور لەژێر دەسەڵاتی وی دەهاتە دەرەوە و زنجیری کۆیلایەتیی دەپچڕاند. بە زوویی لەگەڵ مانۆلیۆسەکەی خۆیدا بۆ چیا دەڕۆیشت و بە گەلەکەوە دەپەیوەست. لەگەڵ ئەوەشدا کە پاتریارکاس ئەوی وەك فەرزەندی خۆی خۆشدەویست و مێردی بۆ دۆزیبۆوە و دەیوست شەکێرتێکی باشیشی بداتێ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا چارەی نەدەویست و ئامادە نەبوو قلافەتی ببینێت. دەمەقاڵەی باوك و کوڕ بەرزتر دەبۆوە و ئیدی وتووێژەکان ئاشکرا دەبیستران:

– تا من زیندوو بم، فەرمانڕەوای ماڵەکە منم نەك تۆ!

له حەژمەت تووڕەیی هێند لاڵ ببوو کە لێنیۆ نەیدەتوانی لەودوای قسەکانی حاڵی ببێت. بەڵام دوای تاوێك هەمدیس مرۆۋ دەیتوانی لە قسەکان حاڵی بێت.

- تۆ نابێ لەگەڵ مانۆلیۆسدا زۆر تۆخی بکەیتەوە. بیرت نەچێ کە ئەو خزمەتکاری ئێمەیە و تۆ خودانزادەیت. کەواتە ڕێزی خۆت بگرە!

لێنیۆ لەژێر لێوەوە گوتی:

- هەی پیرەمێردی ناڕەسەن! شەرم لە سەرە سپییەکەی ناکات، کاترینای قەحپە بۆ ئێرە دێنێ، لەگەڵیدا دەنوێ، ئەوجا قسەی ناشیرین بە مانۆلیۆس دەڵێ و دەترسێ کوڕە ئازیزە مرواریییەکەی بەلاڕێدا بەرێت ... ئای! خۆزیا هەرچی زووتر لێرە دەڕۆیشتم و ئیتر دەنگە شوومەکەیم نەدەژنەفت...

ئیتر نەیتوانی لە ژووری ژێرزەمینەکەدا ئارام بگرێت، بۆیە دەمودەست لەجێگاکەی هەستا، چووە حەوشە تا هەوایەکی تازە هەڵمژێ. هەمدیس لەژێر لێوەوە گوتی:

– ... هەی پیرەمێردی ناجسن! خۆزیا هەرچی زووتر بارگە و بنەی دەپێچایەوە و دەمرد.

ئەوسا چووە حەوشە، لە بیرەکە ئاوی دەرهێنا تا ئاوێك بەدەموچاویدا بکات. وی کورتەباڵا و قەڵەو بوو، بە لێوی گۆشتنەوە، چاوانی گەورە و ئەهریمەنانە، گەرچی کەپووە هەڵۆئاساکەی هەر بە ڕاستی لە کەپووی خودان دەچوو، بەڵام گەنمڕەنگ و جوان و تا بڵێی سەرنجڕاکێش بوو. عەسران بەزۆری لەودیو دەرگای حەوشەوە ڕادەوەستا و هەرکاتێك پیاوێك بە بەر ماڵەکەیاندا تێپەڕیبا، دەکەوتە ملەقووتێ و شێلگیر و پەیجۆر و هەوەسبازانە تەماشای دەکرد. ڕێك هەروەکی ئاژەڵێکی برسی کە گورژم دەخواتەوە تا خۆی هەڵبداتە سەر نێچیرەکەی، بەڵام لەناکاوێکڕا بەزەیی بە نێچیرە داماوەکەیدا دێتەوە، بۆیە مۆڵەتی پێدەدات تا بە سلامەتیی دەرچێ و ئیدی نائارامانە لە بۆسەی نێچیری دواییدا دادەنیشێت ... شکارێکی بێ ڕوحمانە، بەبێ جووڵە و لە بێدەنگییەکی تەواودا. شکارێکی بێ ڕوحمانە و لەهەمان کاتدا بە بەزەییانە کە هەموو ڕۆژێك

عەسر لەبەردەرگای حەوشە ڕوویدەدا و هەر کە شەو دادەهات، کفت و ماندوو دەهاتەوە ژوورەوە.

هەر لەو کاتەدا کە سەتڵەکەی لە چاڵاوەکە دەردەهێنا، دەیویست ڕوخسارە گڕ گرتووەکەی بەنێو ئاوەکەدا بکات، دەرگای ماڵەوە کرایەوە و مانۆلیۆس هاتە حەوشە. قەدی ڕاست کردەوە و هاواری کرد:

– سڵاو مانۆلیۆس!

ویستی بەرەو لای ڕاکات، بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت و تەنێ بە نیگایەکی ئاگرین سوکنایی هات و هەمدیس بازوو، گەردن، سینگ، کەمەر و پێوپلی ئەوی هەڵسەنگاند، وەك بڵێی بیەوێ زۆرانی لەگەڵ بگرێ و ڕادەی بەرگری وی بۆ بە ئەرزدا کەوتن و لەخۆڵدا گەوزین بپێوێت.

مانۆلیۆس شەکەت و نیگەران دەینواند. هەرکە چاوی بە لێنێو کەوت، ترسێك بە تەواوی مانا باڵی بەسەریدا کێشا و دڵی وەتەپە کەوت. چونکە لەو لەحزەیەدا ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵیدا نەبوو. ئاخر وی لەکاتی تێپەڕبوونی بەبەردەم ماڵی خوداندا گوێی لە

دەنگی هاوار هاوار بووە و بڕیاریداوە میکیلیس لەو لەحزە تۆفانییەدا بەتەنێ جێنەهێڵێت. ئیدی بێ ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی لێنێو بداتەوە بەهەنگاوی گەورە حەوشەکەی تەی کرد، دارەکەی لە قوژبنێکدا هەڵپەسێرا و بەرەو ئەو پێپلیکانە بەردینە چوو کە دەچۆوە سەر ژووری خودان. بەڵام لێنێو کە ئامادەنەبوو بە ئاسانی لە چنگی هەڵبێت، هاواری کرد:

– هێی! ئێمەیش لێرەین، جەناب!

مانۆلیۆس لەبەرخۆیەوە وەڵامیدایەوە:

– لێنیو سڵاو. بمبوورە، ئیشم زۆرە و دەبێ خودان ببینم.

لێنێو نائومێدانە گوتی:

– بابە وەلیکە! چ ئیشێکت بەم پیرەمێردە ناقۆڵایە هەیە؟ وا لەگەڵ کوڕە مرواریيەکەیدا هەڵایەتی. ئەوان دوایی خۆیان پێکدێنەوە. وەرە ئەو قوماشە ببینە کە دووریومە!

ئەوسا دەستی مانۆلیۆسی گرت، دەستی بە جەستەیدا هێنا، بۆنی کرد و بەدەوریدا سووڕایەوە. بۆ ساتێك

خۆی بە شانییەوە گرت، بەڵام زوو بەزوو کشایەوە. ڕوخساری سوورهەڵگەڕاو و هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو. وەك بڵێی ڕاویننابێ. دواجار بۆ ژوورەوەی ڕاکێشا و گوتی:

– مانۆلیۆس ئەدی کەنگێ زەماوەند بکەین؟ پیرەمێرد دەیەوێت هەرچی زووتر ئیشەکە کۆتایی بێت.

مانۆلیۆس کە هەوڵیدەدا ڕێگەیەك بۆ هەڵاتن بدۆزێتەوە، وەڵامیدایەوە:

– هەرکاتێ خودا ویستی!

لێنیۆ بەحاڵەتێکی جیددی گوتی:

– منیش هەر ملکەچی خودام، بەڵام پێی بڵێ با پەلە بکات. ئاخر وا خەریکە مانگی مایس نزیك دەبێتەوە و ئیدی لەو مانگەدا ناکرێت زەماوەند بکرێت. ئەوسا دەبێ چاوەڕێی وەرزی درەو یان خەرمان کوتین بین و کاتمان بەهەدەر لێ دەڕوات.

– نا لێنیۆ! هێند پەلە مەکە. ئێمە بەم تەمەنەمانەوە هێشتا کاتمان زۆر بەدەستەوەیە. بەهەرحاڵ من

دەبێ یەکەم جار کارەکانم یەکلایی بکەمەوە، پاشان ئەگەر خودا ویستی ....

لێنێو بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- کام کار؟ مەگەر جگە لە ڕاگەییشتن بە مەڕەکان چ کارێکی ترت هەیە؟

مانۆلیۆس لەهەمانکاتدا کە هێور هێور بەرەو پێپلیکانە بەردینەکە دەڕۆیشت، وەڵامیدایەوە:

- هەمە. بەڵێ کارم هەیە ...
- کاری چی؟ کارت لەگەڵ کێدا هەیە؟ بۆچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئاخر سبەینێ دوو سبەی من دەبمە ژنت و دەبێ بزانم کاری چیت هەیە؟
- یەکەم جار دەبێ خودان ببینم و پاشان ... یەکەم جار دەبێ لەگەڵ خوداندا قسان بکەم. لێنێو بهێڵە بڕۆم!
- مانۆلیۆس لە نێو چاوانم بنۆڕە! نا، تەماشای ئەرزەکە مەکە، بەڵکو تەماشای من بکە! بڵێ بزانم چ ڕوویداوە؟ چیت بەسەر هاتووە؟ تەواوێك لاواز

بوویت ... ئاخ مانۆلیۆسەکەم! چ بەڵایەکیان بەسەردا هێناویت؟

خەمین و تووڕە تەماشای مانۆلیۆسی دەکرد و دڵی وەتەپە کەوتبوو. لەناکاوڕا هەستیکرد پەی بەنهێنییەکەی بردووە و هاواری کرد:

– ئێی تێگەیشتم. بە چاوەوە بوویت، داوا لە پوورە مادلینا دەکەم تا بەو گوڵانەی ڕۆژی هەینی پیرۆز لە دەوروبەری مەرقەدی موتەهەر چنیونی، چاوانی پیست لەسەر بەتاڵکاتەوە. بەڵێ مانۆلیۆس گیان، ئەو دوعاگەلێك دەخوێنێ و فووت پێدا دەکا تا لە چاوی پیس بەدوور بیت. ئێستا وەرە با بچین جلکەکانمت پیشان بدەم.

مانۆلیۆس هەناسەی لێنێوی لەسەر جەستەی خۆی هەست پێدەکرد و بۆنی تیژی ئارەقەی جەستەی، کەپووی نەوازشت دەکرد. کاتێ مەمکی سفت و بەرزی کیژەکە بەر دەستی دەکەوت، خوێنی دەکەوتە قوڵپ و لەوەدابوو لە دەمارەکانییەوە بۆ دەرەوە فیچقە بکا!

لێنێو بە نەوایەکی یەکلاکەرەوانە گوتی:

– هەر ئێستا دەچم بەدوای پوورە مادلینیادا. ناهێڵم بەم ئاسانییە لەدەست بچێت. لەجێگەی خۆت نەجوڵێیت تا دەگەڕێمەوە.

ئەوسا هاتە ژوورەکەی. جلکێکی جوانی پۆشی، دەسماڵێکی لە پرچییەوە پێچا، چەند هێلکەیەکی سوور، کەمێك قاوە و شەکر و بوتڵێك شەرابی خستە زەمیلەیەکەوە تا وەك هەقدەست بۆ مادلینیای بەرێت. بەڵام کاتێ ژوورەکەی جێهێشت و سەری بەرەو لای پێپلیکانە بەردینەکە وەرگێڕا، مانۆلیۆسی بینی دوودڵ لەودیو دەرگای ژوورەکەی خودانەوە ڕاوەستاوە. ئەوسا هەر لەو خوارەوە هاواری کرد:

– هەر ئێستا دێمەوە. نەڕۆیت تا دێمەوە!

ئیدی دەنگی هاوار نەدەهات. ڕەنگبێ میکیلیس ڕۆیشتبێت. مانۆلیۆس جگە لە دەنگی هاتوچۆی هەنگاوگەلی قورسی خودان و جنێوە کپەکانی چیتری نەدەبیست، ئەوسا دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورێ. خودانی پیر بە بینینی وی دەستی هەڵبڕی و بەرەو لای شاڵاوی برد و نەڕاندی:

– هەمووی خەتای تۆیە کە مێشکی تولّفەکەی منت تێکداوە. تۆ هانتداوە بێ مۆڵەتی من سەروەت و سامانەکەم بەسەر ئەو خوێڕیانەدا دابەش بکات. من خودانی ئەم ئاواییەم. ئەگەر پێمگوترابا خۆم قاییل دەبووم.

دەماری لاجانگە و مل و دەستی شین هەڵگەڕابوون. قۆپچەی کراسەکەی کردبۆوە و سینگی ڕووت کردبوو. سینگی لەژێر گوشاری هەناسەبڕکێدا هەڵاوساو و لەوەدابوو بترەکێ. خۆی بەسەر قەنەپەکەدا دا، سەری خستە نێو دەستانی و کۆکەیەکی توند گرتی. مانۆلیۆس پاڵی بە دیوارەکەوەدا و لە خودان وردبۆوە کە دەکۆکی. غەم باڵی بەسەریدا کێشا و بەخۆی دەگوت:" دڵی ئینسان وەك دەعبایەکی دڕندەیە ... ئەی مەسیح، تەنانەت تۆیش نەتتوانی بۆ خۆتی ماڵیی بکەیت." هەر لەو کاتەدا پیرەمێرد هەموو گوڕی کۆکردەوە، لەجێگەکەی دەرپەڕی، یەخەی مانۆلیۆسی گرت و لەکاتێکدا کە تفی بەسەریدا دەپرژاند، هاواری کرد:

- خەتای تۆیە! هەمووی خەتای تۆیە. لە شاخەوە هێنامیتە خوارەوە تا لێنێو کە وەکی کچی خۆم خۆشمدەویێت، بتدەمێ. لە تەواوی ماوەی جەژناندا لای خۆم گلمدەدایتەوە بەبێ ئەوەی ئەوە بخەمە پێش چاوم کە نۆکەرمیت و تەنانەت لە ڕۆژانی جێژنی زیندووبوونەوەدا لەسەر سفرە لە تەنیشت خۆمەوە دامدەنیشاندیت، ئەوا ئێستایش تۆی نمەك حەرام پاداشتت دامەوە! کوڕەکەمت بەلاڕێدا برد و کاتێ کە لە خەودا بووم ئەمبارەکەمت تالأن کرد! هەی دز! هەی دز! تۆ نێوانی ئێمەت تێکدا. ئەمڕۆ میکیلیس بۆ یەکەمین جار لە تەواوی تەمەنیدا ڕووبەڕووم ڕاوەستا و بێ شەرمانە گوتی:" من ئیتر بوومەتە پیاو و هەر شتێکم پێخۆش بێت ئەوە دەکەم!" دەبینیت ئەو بێ شەرمە چ دەڵێ؟ بەڵێ، ناڕەسەنە بووەتە خاوەنی ڕای خۆی و گەرەکییەتی دڵی هەرچییەکی گەرەکبێ ئەوە بکا! کاتێ گوتم:" هەی ناڕەسەن، لە بابت ناترسیت؟" کەچی هەتیوەی بەرەلا وەلامیدامەوە:" من تەنها لە

خودا دەترسم و تەواو!" گوێت لێیە؟ ئیتر وجووی کەس نازانێت! مانۆلیۆس هەموو ئەم شتانەیش لەبن سەری تۆدان! ئای خۆزیا هەمان کات کە بۆ ڕێوڕەسمی جێژنی زیندووبوونەوە دەهاتیت قاچت دەشکا و بەم ڕۆژە نەدەگەییشتیت! بۆچی لاڵ بوویت؟ بۆچی چاوانت گچکە کردوونەتەوە و دیقەتم دەدەیت؟ هەی لەعنەتی تا دەهری نەبووم.... بدویێ!

مانۆلیۆس بە ئارامی گوتی:

– خودان، هاتووم ڕوخسەتت لێوەربگرم کە بۆ شاخ بگەڕێمەوە.

پیرەمێرد چاوی زەق کردەوە، لێوی گەست و بە لاڵەپەتێ گوتی:

– چیت گوت؟ بۆ شاخ بگەڕێیتەوە؟ گەر دەوێریت جارێکی تر دووبارەی بکەوە!

– خودان، گووتم هاتووم ڕوخسەت وەربگرم بگەڕێمەوە شاخ!

هەمدیس دەمارەکانی ملی خودان هەڵاوسان:

- ئەدی زەماوەندەکە چۆن؟ ئەدی کەنگێ هاوسەرگیریی دەکەیت؟ مانگی مایس؟ مانگی جووتبوونی کەران؟ نا .. نا، دەبێ لەهەمان مانگی نیساندا بکەیت. من بۆ هەمان کار گوتم بۆ ئێرە بێیت و لێرە منم کە فەرمان دەردەکەم!
- خودان ... کەمێك کاتم بدەرێ.
- بۆچی؟ بۆچ دەتەوێ ماتڵ بیت؟ مەگەر چ بووە؟
- خودان ئاخر من هێشتا ئامادەییم نییە.
- ئامادەییت نییە؟ مەبەستت چییە؟
- خودان خۆیشم نازانم ... تەنها هەست دەکەم کە ئامادە نیم. ڕۆحم ....
- هەی داماو کام رۆح؟ مەگەر عەقڵ لەسەرتا نەماوە؟ لەگەڵ مندا لەبارەی ڕۆحەوە دەدوێ. ڕۆحم! ڕۆحم! مەگەر تۆیش ڕۆحت هەیە؟
- خودان چۆن بیڵێم؟ بانگێکی دەروونی ....
- بەسە!

مانۆلیۆس دەستی برد تا دەرگاگە بکاتەوە بەڵام پیرەمێرد ڕێگەی نەدا و نەڕاندی:

- بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ڕاوەستە!

لەکاتێکدا کە بە ژوورەکەدا دەسووڕایەوە، بە مێزەکەیدا کێشا. ئێش بەدەستی گەییشت. لێوی گەست و تێهەڵچۆوە:

- ... ئێوە هەردووکتان گەرەکتانە بمکوژن! خەریکم لەتاو هەردووکتان دەهری دەبم! لەعنەت لەئێوە! کوڕەکەم دەڵێ ئیتر لێمناترسێ و تەنها لە خودا دەترسێ و خزمەتکارەکەیشم لەبارەی ڕۆحەوە دەدوێ. بڕۆ دەرەوە. خێرا! نامەوێ قلافەتی شومت ببینم! یان دەبێ هەر لەم مانگەدا ژن بێنیت، یاخۆ دەبێ لەم ماڵە بڕۆیت. دەرت دەکەمە دەرەوە! مێردێکی باشتر بۆ لێنێو دەدۆزمەوە. بڕۆ دەرەوە!

مانۆلیۆس دەرگاکەی کردەوە، بە پەلە پێپلیکانەکانی بڕی و تەماشایەکی حەوشەکەی کرد. هێشتا لێنێو نەگەڕابۆوە. ئەوسا دارەکەی هەڵگرت و بە پەلە ڕێی چیای گرتەبەر.

کاتێ گەییشتە چاڵاوەکەی قەدیس ڤاسیلی، ڕاوەستا و هەناسەی نوێ کردەوە. چاڵاوەکە لە گوندەوە بوو،

کەوتبووە نێو قامیشەڵانێکی بەرزەوە و جێناوبانگی ناوچەکە بوو. بەردی سپیی مەڕمەڕی دەوراندەورەکەی دەدرەوشایەوە و لە دێر زەمانەوە جێگە گوریسی سەتڵ بەسەرییەوە، چاڵگەلی قووڵی لەسەر جێهێشتبوو. عەسران کیژانی گوند بۆ بردنی ئاوی سازگار دەهاتنە ئەوێندەر و وا بڵاوببۆوە کە ئەو ئاوە تایبەتمەندییەکی موجیزەئاسای هەیە و زۆر لە نەخۆشی وەك بەردی گورچیلە، جگەر و ئازاری دڵ هەتوان دەکات. هەموو ساڵێك لە ڕۆژی جێژندا، ئیپیپانی قەشە دەهات و ئەو چاڵاوەی بەرەکەت دەدا. هەر لە کۆنەوە لەو باوەڕەدا بوون کاتێ قەدیس ڤاسیلی یەکەمین شەوی ساڵی تازە دیاری بۆ منداڵان دێنێ و بەرلەوەی گەشتەکەی خۆی دەست پێبکات، بە گوێ ئەو چاڵاوەدا تێدەپەڕێ و لە ئاوەکەی دەخواتەوە. هەر لەبەر ئەمە ناوی ئەو قەدیسەیان لەو چاڵاوە ناوە و هۆکاری تایبەتمەندیی موجیزەئاسای ئاوەکەیش هەر ئەمە بووە.

خۆر بە سایپیتەی ئاسمانەوە نووساو و تیشکی خۆی وەکی تاڤگە بە سەر ئەرزدا دەپرژاند. گژوگیا بە ڕەنگی

سەوز دەرهاتبوون و لاسکی جوان سەریان بەرەو ئاسمان بەرزکردبۆوە و لە هەتاویان دەخواردەوە. لە گەڵا بە گەڵای دارزەیتوونەکانەوە ڕووناکیی دەچۆڕا. هەڵمێکی تەنك و تەمومژاویی، کێوی دوورەدەستی ساراکینای پۆشیبوو. ئەشکەوتەکان پەڵەی ڕەش بوون بەسەر پەیکەرەکەیەوە و کڵێسای گچکەی ئەلیاس پێخەمبەر لەنێو شەپۆلەکانی ڕووناکییدا بزر ببوو.

مانۆلیۆس گوریسەکەی گرت، ئاوی لە چاڵاوەکە هەڵگۆزا، سەری بۆ نێو سەتڵەکە ڕۆبرد و لە ئاوەکەی خواردەوە. ئەوسا قۆپچەکانی کراسەکەی کردنەوە، دەستێکی تەڕی بە سینگیدا هێنا و لە چیای ساراکینای نۆڕی. تارمایی باوە فۆتیس، بە ڕوخسارە خەمین و دەروێش ئاساکەیەوە لەبەرچاوانیدا وەدیارکەوت. ڕوخساری باوە فۆتیس ڕێك هەروەك خۆر یەکپارچە نوور بوو. مانۆلیۆس بەبێ جووڵە و بێ ئەوەی بیر لە شتێکی تر بکاتەوە مەحوی ڕوانین بوو. ماوەیەکی درێژ لە دەروێشی نوورانی نۆڕی و وەکی نەمامێکی تازە ڕسکاو لە ڕووناکیی وی خواردەوە تا دواجار ئازارێکی

توندی له دەست و پێ و دڵیدا هەستپێکرد. وەك بڵێی بەسەر ڕووناکییەوە لەخاچ درابێت. چەند مانگێك دواتر کاتێك ئەو ساتەوەختانەی گوێ چاڵاوەکەی بیرکەوتەوە، هەستیکرد ئەو ڕۆژە شادترین تاڤ ژیانی بووە، هەڵبەت شادومانیی به مانا ڕۆژانەییەکەی نا، بەڵکو شادومانییەکی جاویدانی وەك شادومانی لەخاچدان.

کاتێك له جێگاکەی هەستا تا بەرەو پشتیری مەڕەکانی کێوی پاقیژە بڕوات، خۆر له ساتەوەختی ئاوابووندا بوو، لەبەرخۆیەوە گوتی:

– هەنووکه دەبوو خەوتبام. چ زوو شەو داهات ...

ماندوویی له جەستە دەرکرد، پشوێنی بەست و گۆچانەکەی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرت تا به پەله بەرەو لای ڕەوە مەڕ و نیکۆلیۆسی شاگردی ڕەشداگەڕاو و قژ لوولی هاودەمانی خەڵوەتی چیای بڕوات. بەڵام ڕێك هەر لەو کاتەدا دەنگێکی له دواوە و لەنێو قامیشەڵانەکەدا ژنەفت. دەنگێکی دڵنەواز، هەم گاڵتەجاڕانه دەینواند و هەم لێوڕێژ له خولیا.

- هێی مانۆلیۆس، مەگەر لێمدەترسیت کە هەرکاتێ بمەوێ نزیکت ببمەوە، ڕادەکەیت؟ ڕاوەستە ئیشم پێتە.

مانۆلیۆس سەری وەرگێڕا. ئەوە کاترینا بوو کە گۆزە لەسەر شان لەنێو قامیشەڵانەکەوە هاتە دەرێ. کوڕەی شوان بۆ ساتێکی کورت لەو گەردنە بلوورینە، لەو باسکە ڕووتە وەستایانە خوڵقێنراو و لێوە سوورە خەندانەی نۆڕی، بەڵام هەر زوو سەری دانەواند و پرسی:

- چیت لێمدەوێ؟

بێوەژن گۆزەکەی لەسەر بەردی گوێ چاڵاوەکە دانا، ئەوسا بە گلەوگازندە و ورووژانەوە گوتی:

- مانۆلیۆس بۆچی هەمیشە تاقیبم دەکەیت؟ بۆچی شەوانە دێیتە خەونم و خەوی خۆشم لێ دەزڕێنیت؟ بنۆڕە! هەر ئەمڕۆ بەرەبەیان خەونم بینی تۆ مانگت گرتبوو بەدەستەوە و وەك سێو قاشت دەکرد و دەتدامێ تا بیخۆم ... مانۆلیۆس بۆچی بوویتەتە دوژمنی گیانم؟ بۆچی ئازارم

دەدەیت؟ بەوەدا کە خەونت پێوە دەبینم مانای وایە تۆیش بیرم لێ دەکەیتەوە.

مانۆلیۆس چاوی لە عەردەکە هەڵنەدەبڕی. هەستی دەکرد خەریکە ئەفسوونی هەناسەی سوتێنەری بێوەژن دەبێت. لاجانگەکانی داغ ببوون، بەڵام خامۆش لەجێگای خۆیدا ڕاوەستابوو. بێوەژن بە نەوایەکی گەرم و ئارام بەڵام شادومان گوتی:

- مانۆلیۆس بۆچی سوورهەڵگەڕاویت؟ کەواتە مەزەندەکەی من ڕاستە بەوەی تۆیش بیر لەمن دەکەیتەوە! دەی منیش بیر لەتۆ دەکەمەوە. بەڵێ منیش ... کاتێ دێیتە نێو خەیاڵمەوە ئیدی شەرم دامدەگرێت. چونکە هەستدەکەم ڕووتم و تۆ تەماشام دەکەیت. هەست دەکەم ڕووتم و براکەم تەماشام دەکات ....

مانۆلیۆس بێ ئەوەی چاو لەسەر ئەرزەکە هەڵبڕێ، گوتی:

- منیش بیر لەتۆ دەکەمەوە. بەڵێ بیرت لێدەکەمەوە و بەزەییم پێتدا دێتەوە. من لە تەواوی هەفتەی پیرۆزدا بیرم لەتۆ دەکردەوە. کاترینا بمبوورە!

کاترینا لەگوێ چاڵاوەکە دانیشت. هەستی ماندووییەکی خۆش باڵی بەسەردا کێشا و ئیدی توانای بەپێوە ڕاوەستانی نەما. ئەویش تاس بردبوویەوە. بۆ نێو چاڵاوەکە دانەوێوە، خۆی لە ئاوە ڕەشە تۆخەکەیدا تەماشا دەکرد و ڕابردوو بەخێرایی بەبەردەم چاوانیدا تێدەپەڕی. وی کیژی قەشەی یەکێك لە گوندە دوورەکان بوو کە لە هەرزەکاریدا هەتیو کەوتبوو. بۆ یەکەمین جار لە ڕێوڕەسمی مەزەبی کڵێسای پاقیژەی مۆرت بە مێردەکەی ئاشنا ببوو. پیاوێکی تا ڕادەیەك پیر و زۆر لەم بەتەمەن تر بوو. بەڵام موڵکدارێکی دەوڵەمەند و ئەمیش کیژە هەژارێك ببوو. لە ڕاستیدا ئەوی کڕیوو و لەگەڵ خۆیدا بۆ لیکۆڤریسی هێنابوو. گەرچی زۆر پەرۆش ببوو تا منداڵی لێی ببێت، بەڵام بەرلەوەی بەو ئارەزووەی بگات، مرد و ئیدی کاترینا کە لە بیست ساڵییدا بێوەژن کەوت خەو لە چاوانی تۆرا. گەنجانی

ئاواییش خەویان لێزڕا و نیوەشەوان بە دەوری ماڵ و حەوشەکەیدا پیاسەیان دەکرد، شیعری عاشقانەیان بۆ دەخوێندەوە و هەناسەی ئاژەڵانەیان هەڵدەکێشا. ئەمیش لە ژوورەکەی خۆیدا هەناسەی هەڵدەکێشا. یەك دوو ساڵێك ئاوا تێپەڕی تا ئیدی سەرەنجام شەوێکی شەممە توانای لەدەستدا و دوای تێفکرین و بێنەوبەردەیەکی زۆر، دەرگای حەوشەی کردەوە و گەنجێك کە لەنزیکی ماڵەکەیەوە پیاسەی دەکرد، هێنایە ژوورەوە و سپێدە بەرلەوەی خەڵك لە خەو هەستن، ڕۆیشت. ئیدی سەراپای بوونی غەرقی لەزەت بوو، بیری دەکردەوە کە بۆچ دەبێ بە وێرانکردنی ژیانە کورتەکەی، خۆی لە تاوانێکی گەورەوە بگلێنێ؟ ئیدی شەوی دواتر هەمدیس دەرگای بۆ گەنجەکە کردەوە.

سەرەنجام لەجێگاکەی هەستا و گوتی:

- مانۆلیۆس بۆچی بەزەییت بە مندا دێتەوە؟
- مەپرسە بۆ! چونکە نازانم. تەنها ئەوە دەزانم کە بەزەییم پێتادێتەوە.
- چیت لێم دەوێت؟

مانۆلیۆس ترساو و لەکاتێکدا وای دەواند دەیەوێت بڕوات، وەڵامیدایەوە:

– هیچ! هیچم ناوێت!

بێوەژن بە نەوایەکی لەرزان هاواری کرد:

– مەڕۆ! مەڕۆ!

مانۆلیۆس بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، لەجێگای خۆیدا ڕاوەستا. هەمدیس بێدەنگیی باڵی کێشا. بەڵام دواجار کاترینا گوتی:

– مانۆلیۆس، من بەچاوی فریشتە لە تۆ دەنۆڕم. فریشتەیەك کە دەیەوێت ڕۆحم داگیرکا.

– لێگەڕێ بڕۆم. من هیچم ناوێت! تەنها دەمەوێ بڕۆم.

کاترینا نائومێد بەڵام وەك هەمیشە گاڵتەجاڕانە گوتی:

– پەلەتە؟ دەتەوێ زووتر بۆ چیا بگەڕێیتەوە شیر و گۆشت بخۆیت تا هێزت تێبێتەوە؟ بەڵێ دەبێ بڕۆیت مانۆلیۆس چونکە دەتەوێ ژن بێنیت! لێنێویش گاڵتە نییە!

– بەڵام من ژن ناهێنم!

خۆی لە بیستنی دەنگی خۆی ترسا. چی؟ ئەوە یەکەمین جار بوو کە خەیاڵێکی ئاوها بە زەینیدا دەهات. بەڵام درێژەی بە قسەکەیدا:

– .... ژن ناهێنم. قەت ژن ناهێنم. دەخوازم بمرم.

هەستی بە سووکەڵەیی کرد، ئەوسا ڕووی وەرگێڕا و بێ ئەوەی ترسێك لە دڵیدا هەبێ، لە ژنەی نۆڕی. وەك بڵێی بارێکی قورس لەسەر شانی داگیرابێت.

– دەبێ بڕۆم! خواحافیز!

کاترینا هەروا خەمین، لە دوورکەوتنەوەی وی دەنۆڕی و هاواری کرد:

– مانۆلیۆس ... ئیتر بیرم لێمەکەرەوە! ئیتر مەیەرە خەونم! ئیتر ئازارم مەدە! من بە لاڕێدا ڕۆیشتووم! وازم لێبێنە!

مانۆلیۆس لە فیکرەوە چوو: " خوشکەکەم بەزەییم پێتدا دێتەوە! بەڵام نامەوێ وێران بیت!" بەبێ ئەوەی ڕوو وەربگێڕێت و وەڵام بداتەوە، بە کوێرە ڕێگەکەی دامێندا، ڕێی چیای گرتەبەر.

## 4

یەکەمین تیشکی خۆر کەوتە نەوازش کردنی گەوەی شاخی ساراکینا. کڵێسای ئەلیاس پێخەمبەر سوور دەچۆوە. کەو دەیقاسپاند. چیا لەوەدابوو سەراپا ڕووناك بێتەوە و لێرەو لەوێ، درەختانی شێفەلەتە، دارهەرمێی کێویی دڕکاویی و داربەڕووی پەلك شکاو لەژێر گوشاری با دا وەدیار دەکەوتن. بێگومان ئەوێ ڕۆژگارێك مەسکەنی ئادەمیان بووە، هێشتا دیواری نیوە وێران، لەتە گۆزەی قوڕین و دارمیوەی ڕوێنراو دەبینران کە بەهۆی ڕەها کردنیانەوە، خۆڕسك دەڕوان. کۆڵانەکان لەژێر گژوگیای خۆڕسك و وردەبەرددا بزر و دیواری خشتی خانووەکان لەگەڵ خاکدا یەکسان ببوون. دڕکوداڵ درەختەکانی پۆشیبوو. گورگ و ڕێوی و کەروێشکەکان کە لەترسی ئادەمیان ئەوێیان جێهێشتبوو، هەمدیس گەڕابوونەوە سەرزەمینەکەی خۆیان و جارێکی تر ئەرز، درەخت و جانەوەران لە

شەڕانگێزیی ئەم ئاژەڵە  بۆژۆکەرە دوو پێیە ڕزگاریان ببوو.

بەڵام هەمدیس سەروکەللەی ئاژەڵی دووپێی جێگە بەخۆنەگر، قووت ببۆوە و گیانەوەرانی وەحشی ناچار پەنایان بۆ قەڵەشی نێوان گابەردەکان بردبۆوە و لەوێدا لە بۆسەدا دانیشتبوون. لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا پیاوان، ژنان و منالآن لە ئەشکەوتەکان دەهاتنە دەرەوە. پێڕێکیان بەکاوەخۆ لەدووی گوڵمەریەمی کێوی لە گوێ سەرچاوە و درزی بەردەکان دەگەڕان و پێڕێکی تر بە دروستکردنی ئاگردانی بەردین، ئاگریان دەکردەوە و لە ئاوایی بڕ بەرەکەتی لیکوڤریسی، لە باخی زەیتوون، هەنجیر و ترێ کە سەرانسەری یاڵ و نشێوەکانی دەورانداوەری ئاوایی تەنیبوو، لە گەلەی لەکاتی لەوەڕینی کوێستانی سەرسەوزی ئەولاتر و کێوی تاریکی سەر لە فەلەکداوی ئاسۆی دوورەدەستیان دەنۆڕی.

باوکە فۆتیس دوای کێشانی خاچ، هاواری کرد:

– ڕۆڵەکانم، بەلوتفی خودا شەوێکی ترمان ڕۆژ کردەوە. ئەمڕۆ کارمان زۆرە و وەرن با پێکەوە لەبەر قاپی پەروەردگاردا نزا بکەین و داوای لێبکەین کە عینایەتی خۆیمان پێ عەتا بفەرموێت.

خەڵکانی پیر خۆیان گەیاندە دامێنی ئەو گابەردەی کە باوە فۆتیس لەسەری ڕاوەستابوو. ژنان و منداڵانیش بە پەلە ڕۆیشتن و پیاوان، نیگەران و ڕاماو، بە هەنگاوی قورس لەدوای ئەوانەوە دەهاتن. گەرچی وا چاوەڕێ دەکرا ئەم خەڵکە شڕپۆش و پێ پەتیی و شەکەت و بێ دیفاعە، بەو ڕوخسارە ئێسکنەیانەوە کە لەنێو بەردەڵان و درەختانی بێ بەری کوێستاندا بەدژواری دەژیان، زەلیل و بێ چارە بکەونە شین و ڕۆڕۆ، بەڵام کوتوپڕ سینگە ئێسکنەکانیان بووە چەشمەی ئومێد و ئیرادە و سروودی ڕزگاریی ئیمپراتۆری قڕتێکەوتووی بێزانس، لە دڵی چیادا دەنگیدایەوە:

– ئەی پەروەردگار، خۆت بمانپارێزە و بەسەر بەربەرە وەحشییەکانا سەرمانخە!

قەشە بە جووڵەی دەست، سروودی هاوزێدانی ڕابەرایەتی دەکرد و هاوارە دوژمن تۆقێنەرەکەی لەودیو دەنگی ئەوانیترەوە دەگەییە گوێ. سەروکەللەی شۆڕ هەمدیس قیت دەبوونەوە و ژنان مەمکیان دەنایە زاری ساواکانیان. دەستەیەك بە هێنانی داری زیاتر بۆ بڵێسەدارکردنی ئاگردانەکان کەوتنەخۆ و دەستەیەکی تر مەنجەڵەکانیان نایە سەر. باوە فوتیس خرۆشا:

– ڕۆڵەکانم. بە ئومێدی خودا ئێمە لە قەدپاڵی هەمان ئەم کێوەدا ڕەگ دادەکوتین. ئێستا ئێمە سێ مانگە بەڕێوەین. لە ژن و منداڵەکانمان جگە لە پێست و ئێسك چ شتێکی تر نەماوە و پیاوانمان لە نەنگیی سواڵکردن، وەڕس بوون ... ئاخر ئینسانیش وەکی درەخت ئاتاجی بە ئەرز هەیە. کەواتە ئێمە لێرە دەمێنینەوە و ڕەگ دادەکوتین! من دوێشەو خەونم بە قەدیس ژۆرژی سەروەری ئاواییەکەمانەوە بەهەمان بیچمێك کە لەسەر ئاڵاکەمان نەخشێنراوە، بینی. واتە قۆز، قژ خورماییەکی ڕووناك و شادومان وەکی بەهار. ئەو بە سواری ئەسپێکی سپییەوە و شازادە خانمێك کە لە چەنگاڵی

دێوی چەشمە قووتاری کردبوو، لە پاشکۆی نابوو. شازادەخانم گۆزەیەکی زێڕینی بەدەستەوە و جامی قەدیس ژۆرژی پڕ دەکرد .... ڕۆڵەکانم، دەزانن ئەو شازادە خانمە کێیە؟ ئەو ڕۆحی نەژادی گریکییە .. ئەو ڕۆحی هەموو ئێمەیە! قەدیس ژۆرژ لە ڕاستیدا ئێمەی لەپاشکۆی ئەسپەکەی ناوە تا بۆ ئەم کوێستانە بێ ئاو و ئاڵفەمان بێنێت. ئەو دەستی بەرەو لای من ڕایەڵ کرد و تۆوی ئاواییەکی گچکە بە تەواوی ماڵ، کڵێسا و قوتابخانەوەی نایە نێو لەپی دەستم و گوتی: ئەم تۆوە بچێنە!

ورتەورتێك وەك وژەی با بەنێو قامیشەڵانێکدا لە پیاوانەوە بەرزبۆوە و لە هەمانکاتدا کە باوە فۆتیس لەپی دەستی کردبۆوە، بەشێك لەژنان وایان هاتبووە بەرچاو کە لەنێو ئەو لەپی دەستەدا ئاواییەك وەك هێلکە کە لەدڵی خۆرەوە بترووکێت، لە وەدیارکەوتندایە.

قەشە باسکی بەرەو لای کێوەکە کردەوە و تێهەڵچۆوە:

– ... هەر لێرەدا، لەگوێ ئەم گابەردانەدا، لەنێو ئەم ئەشکەوتانەدا، لەنێوان ئەم جۆگەلانەدا و لەژێر هەمان

ئەم درەختە خۆڕسکانەدا، ئێمە تۆوێك دەوەشێنین کە قەدیس ژۆرژ بە منی سپاردووە. ڕۆڵەکانم ئازابن! بکەونە خۆ و لەگەڵمدا وەرن! ئێمە ڕۆژێکی گەورەمان دەستپێکردووە. ئێمە هەر ئەوڕۆ ئاواییەکەمان دەچێنین. هەستە ئەی پاناگۆسی پیر هەستە! کۆڵەپشتەکەت هەڵگرە تا هەموومان پێکەوە بڕۆین.

پیرەمێردی تەمەن سەد ساڵە، سەرە لەرزۆکەکەی هەڵبڕی و لەکاتێکدا کە چاوانی لەودیو پێڵووە بێ برژانگەکانییەوە دەدرەوشایەوە، گوتی:

– من تا ئەوڕۆ سێ جاران بە چاوی خۆم ڕۆنان و وێران بوونی گوندەکەی خۆم بینیوە. جاری یەکەم پەتای تاعون نابووتی کردین، جاری دووەم بوومەلەرزە و ئەمجارەیش تورك ئاگریان تێبەرداین. بەڵام هەموو جارێك کەسێك هەبووە کە تۆوی ئاوایی لە هەمان شوێن یاخۆ کەمێك دوورتر وەشاندۆتەوە. هەر جارە و قەشەیەك ئەرزی بەرەکەت داوەتەوە و ئێمەیش زوو بەزوو خانووەکانی خۆمان ڕۆناوەتەوە و ئەرزەکانمان کێڵاون، گەنجەکانمان ژنیان هێناون و ساڵمان بە

خۆشیی و شادومانیی بەڕێکردووە! ئەرز گەنمی داوە. لە وەجاخی ماڵەکانەوە دوکەڵ بەرزبۆتەوە. ساواکان هاواریان کردووە و ئاوایی سەرلەنوێ شکۆفەی کردووە، کەواتە با هەمووان ئازایەتیمان هەبێت، چونکە ئەمجارەیش هەمدیس ئاواییەکەمان دەڕوێتەوە!

پیاوان زەردەخەنە لەسەرلێو هاواریان دەکرد:

- ئافەرین باوکە پاناگۆس! باوە گەورە تۆ لە مردنیش بەهێزتریت!

باوە فۆتیس جبەکەی بەشانیدا دا. لاسکی پونگەیەکی کێویی و گەڵای دارزەیتوونێکی لێکئاڵاند تا بەوە لە ئاوی ناو کولەکەکە ئاو بەسەر ئەو شتەدا بپرژێنێ کە دەیویست بەرەکەتی بدا. ئەوسا شەش منالّ کە پێشتر بۆ سروودی مەزەبی ڕایهێنابوون، بۆ لای خۆی بانگ کردن.

تەواوی خەڵکەکە لەودیو پێشەوای خۆیانەوە ڕاوەستان، پیاوان لای ڕاست و ژنانیش لای چەپ و لەهەمان کاتدا کە خۆر، بەتین و ڕێك بە ژوور سەریانەوە

جووڵەی نەمرانە و ڕۆژانەی خۆی دەستپێدەکرد، باوە فۆتیس بانگیدا:

– ڕۆڵەکانم، ئێمە ئێستا بەناوی خودا و نیشتیمانەوە، سەرلەنوێ گوندە وێران کراوەکەمان دەڕوێنینەوە. ڕەگی ئێمە نافەوتێ. برایانم، نازانم چۆن گوزارشت لە هەستم بکەم! منیش وەك هەموو ئێوە کاتێ شاهیدی ڕوداوگەلی خۆش دەبم، دڵخۆش دەبم. بەڵام کاتێ گرفت و ناهەمواریی دێنە ڕێم، ئەوا زیاتر خۆشحاڵ دەبم، چونکە لە ساتەوەختگەلی ئاوهاییدا بەخۆم دەبێژم:" باوە فۆتیس، کاتی ئەوە هاتووە پیشانی بدەیت ئاخۆ کەسێکی شایستەیت، یاخۆ ترسنۆك و خوێڕی!"

هەمووان پێکەنین. قسەکانی قەشە هەتوانێك بوو بۆ زامی دڵان و بووە هۆی ئەوەی کە جەوهەری بەرخۆدان لە جەستەی یەکبەیەکی خەڵکەکەدا بخاتە جمە و هەمووان بە بینینی زارگەلی برسی و گابەرد و درەختانی بێ بەر، قۆڵی لێهەڵماڵن! قەشە لاسکی پونگەکەی بۆ ناو کولەکەی وشکی پڕ لە ئاو ڕۆبرد و هاواری کرد:

- کوڕەکانم. لەگەڵمدا وەرن! دەمەوێت سنووری ئاواییەکەمان دیاری بکەین. هەمووان بەناوی خودا بەدوای مندا!

ئالاهەڵگری کەتە ئالاکەی قەدیس ژۆرژی هەڵگرت. پیاوان پاچ و بێڵ و خاکەنازیان بەدەستەوە گرت. پیرەمێردان ئەیکۆنەکانیان هەڵبڕین و باوەگەورەی تەمەن سەدساڵە بە کۆڵەپشتی پڕ لە ئێسکوپروسکەوە پێشیان کەوت. چەند سەگێك کە لەگەڵ ڕەوەکەدا هاتبوون، بە وەڕینەوە دووی خەڵکەکە کەوتن و هاتوباتێکی وا کەوتەوە کە ئیدی کەس گوێی لە دەنگی ئەو شەیپوورە نەبوو کە لە دامێنی کێوەکەوە فووی پێدا دەکرا.

قەشە لاسکی پونگەکەی بە ئاوەکەدا ڕۆ برد و شێلگیرانە بەسەر بەرد، چقڵ و درەختاندا دەیهێنا و بەرەکەتی دەدان و بەو تەرزە سنوورەکانی گوندەکەی دیاری دەکرد. ئەوە یەکەمین جار بوو کە بناخەی گوندێکی نوێی دادەڕشت و بەرەکەتی دەدا. دڵی لە خۆشیدا وەتەپە دەکەوت و نزای تەبەڕوك و تەقەدوس لە لێوییەوە دەڕژا:

- خودایا، پەروەردگارا! من بە ئاوی تەبەڕوك سنووری ئاوایی نوێ دەکێشم. دە با قەت پێی تورکی نەگاتێ. تاعون ڕێی تێنەکەوێ و بوومەلەرزە وێرانی نەکات! ئێمە بۆ ئەم گوندە چوار دەروازە دروستدەکەین و خۆت چوار فریشتەی پاسەوانیان بۆ دانێ.

ڕاوەستا، بە ئاوی تەبەروکەوە لەسەر گابەردێکی گەورە خاچی کێشا و ڕووی لە خەڵکانی ئاوایی ئایندە کرد:

- ئێرە خۆرهەڵاتی ئاواییە و ئێمە دەروازەی مەسیح لە هەمان ئەم شوێنەدا ڕۆدەنێین.

ئەوسا باسکی خۆی ڕووە و ئاسمان ڕایەڵ کرد و گوتی:

- ... خودایا، ئەمە دەروازەی تۆیە. دەروازەیەك کە هەر جارێك بتەوێت وەڵامی بانگی ئێمە بدەیتەوە و لە ساتەوەختەکانی خەتەردا بۆ سەر ئەرز دابەزیت و بێیتە ئاواییەکەمانەوە، ئەوا بەو دەروازەیەدا گوزەر دەکەیت. ئەی پەروەردگار! بزانە کە ئێمە ئینسانین، ڕۆحمان هەیە، دەنگمان هەیە و هاوار

دەکەین. ئەگەر بینیت زوبان درێژیی دەکەین، ئەوا لێمان مەڕەنجە. چونکە هەروەك گوتم ئێمە ئینسانین و دڵمان بە ڕەنج و بەڵا دێتە سۆ. زەمانێك دێت کە ئیدی توانای خۆڕاگریی لەدەست دەدەین و دڵمان بە خۆهەڵکێشان سوکنایی دێت. ژیان سەختە و ئەگەر تۆ نەبووایت ئەوا ئێمە هەموومان بە ژن و پیاوەوە دەستی یەکترمان دەگرت و خۆمان لەم خەرەندەوە بۆ خوارەوە هەڵدەدێرا تا لەدەست ئەم هەموو عەزابە قووتارمان با. بەڵام تۆ هەیت، تۆ مایەی شادومانی و سەبووریی ئێمەیت، تۆ مەزهەری تۆڵەی ئێمەیت. ئای خودایا، ئەم دەروازەیە، دەروازەی تۆیە!

پاشان هەمووان بەرەو باشوور کەوتنە ڕێ و جارێکی تر هێڵێکی نوێ لە هەوادا کێشرا. قەشە دەیچڕی و دەنگی لەگەڵ دەنگی دڵنشین و چەهچەهەی مناڵاندا یەکانگیر دەبوو تا سەرئەنجام بەرامبەر گابەردێکی قووڵ و پڕ لە ئاوی سازگار ڕاوەستا:

– دەروازەی مەریەمی پاقیژە، پشتیوانی نەسلی ئادەمیان لێرەدا ڕۆدەنێین. نیشانی بکەن!

پاشان دەستی هەڵبڕی و درێژەی بە قسەکانیدا:

– .... ئەی دایکی پاقیژە، ئەی گوڵی سووری نەمریی. ئەی گوڵەشیلانی پڕ غونچە کە بە دەوری قەدی داربەڕووی نێرەوە ئالاویت. ئەی خاوەن شکۆ. ئێمە هەموو ئینسانی شەرافەتمەند و ستەم لێکراوین، گوێ لە نزاکانمان ڕادێرە! تۆ خۆت دایکیت و دەزانیت کە برسێتیی و ئاه و مەرگ چین. تۆ ژنیت و لە مانای ئارامگرتن و عیشق حاڵییت. ئەی خاتوونی بەشکۆ تێمانبگە و ئارامگرتن و عیشقێك کە پێداویستیی ژیانە بە ژنەکانمان عەتا بفەرمووە تا بتوانن بەبێ گلەوگازندە و شیکایەت دەرەقەتی مێرداریی و منداڵ و گرفتارییەکانی ژیانی ڕۆژانە بێن. بە پیاوانیشمان گوڕێك عەتا بفەرمووە کە بتوانن ئومێدەوارانە تا ئەو ڕۆژەی کە زیندوون بۆ فەرزەندان و نەوە و ژیانی خۆیان هەوڵ و تەقەلا بدەن. ئەی خاتوونی خاوەن شکۆ، بە پیرەمێردان و پیرێژنانیشمان کۆتاییەکی ئاوێتە بە بەختەوەریی و

ئیمان عەتا بفەرمووە! ئەم دەروازەیە دەروازەی تۆیە. کەواتە تۆیش لەم دەروازەیەوە وەرە ژووریّ!

هاوکات گوێدرێژێك لەژێر بارێکی زۆر قورسدا هاتە لای حەشاماتەکەوە و ڕاوەستا. بەڵام کەس سەرنجی لە ئامادەبوونی نەدا. ئیدی سەرسوڕماو و حەپەساو چاوانی گەورە و پڕ تووکی خۆی بۆ لای یاناکۆسی هاوڕێی وەرگەڕاند کە ئەویش بە هەناسەبڕکێ، شەلاڵ لە ئارەقە و دەم بەجنێو بە زەمین و زەمان، دەگەییشتە جێ.

یاناکۆس ڕاوەستا و بە بیستنی دوایین ڕستەکانی قەشە هەروەکو یوسفۆك، حەپەسا. قەشە گوتبووی:" ئەم دەروازەیە، دەروازەی تۆیە !" ئەدی کام دەروازە؟ ناشێ بیەوێت ئاوایی ڕۆبنێت؟ بەڵام چۆن و بەچی؟ بە هەوا؟ ئاخر ئەوان وا لەبرسا دەمرن، ئەوسایش قسە لەبارەی ڕۆنانی ئاواییەوە دەکەن! ناتوانن خۆیان بەپێوە ڕاگرن کەچی ئەوسا سروودی جەنگیی دەڵێن کە:" پەروەردگارا بەسەر بەربەرە دڕەندەکانا سەرمانخە!" پێدەچێ چتاقیان شێت بووبن!

ئەوسا گوێدرێژەکەی بە دارهەرمێیەکی کێوییەوە بەستەوە و بێ ئەوەی چ کەسێك سەرنج لە ئامادەبوونی بدات، بە چاوانێکی زەق و گوێی کراوەوە، حەپەساو لەوەی کە ئاخۆ پێبکەنێ یان بگری بەدوای حەشاماتەکەدا کەوتە ڕێ. قەشە ئاوی تەبەڕوکی دەپرژاند و هێند بە دڵنیاییەوە سنوورەکانی ئاوایی ڕەسم دەکرد وەك بڵێی هەر ئەلعان کۆڵان، ماڵ و کڵێساکەی دەبینێ!

کە گەیشتنە بەری خۆرئاوا و ڕووبەڕووی دەروازەی مەسیح، قەشە بۆ جاری سێیەم ڕاوەستا و گابەردێکی گەورەی نیشاندا کە لەژێر گوشاری ڕەگی دارهەرمێیەکی کێویی شکۆفەکردوودا، شەقار ببوو. گوتی:

– لێرەشدا دەروازەی قەدیس ژۆرژی کرێکار ڕۆدەنێین. ئەویش وەك ئێمەی مەردومانی خاکیی فەنایی، بۆ چاندنی گەنم پشتی دەچەمانەوە، گەلەی مەڕ و بزن و گای دەلەوەڕاند، درەختی قەڵەم و موتوربە دەکرد. ناوبانگی ئەو تەنها بەخاتری ئازایەتیی نەبوو، بەڵکو بەهۆی عیشقیشی بوو بۆ کارەکەی. ئەی قەدیسی

گەورەی ئاوایی، ئێمە ئیمانمان بەتۆ هەیە! بە بزن و پەزەکانمان بەرەکەت عەتا بفەرمووە تا بۆ توندوتۆڵبوونی ئێسکی منداڵەکانمان شیر بدەن، بۆ بەهێزکردنی جەستەی خۆمان لە بەرگەگرتنی بەڵای ڕۆحیی، گۆشت بەرهەمبهێنن و بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرما و سەهۆڵبەندان، خوری بدەن. تۆ خۆت دۆعا بۆ تەواوی ئەو ئاژەڵانەی کە لەگەڵ ئینساندا هاوڕێن و خزمەت بەو دەکەن وەك گا، گوێدرێژ، سەگ، مامر و کەروێشك بکە. لە ئەرز بنۆڕە و ئەویش بەرەکەت بدە! ئێمە تۆوەکەمان لەدڵی ئەودا دەوەشێنین و تۆ لەکاتی پێویستا باران ببارێنە. لە پێوەندی زەمین، ئینسان و قەدیساندا لەشکرێك لەژێر فەرماندەی پەروەردگاردا دادەمەزرێ و ئەو خۆی ڕێگاکە دەکاتەوە. ئەی قەدیس ژۆرژ، ئێرە ئاوایی تۆیە و ئەمەیش دەروازەی تۆ! ئێمە بۆیە تاقی دەروازەکەی بەبەرزییەوە ڕۆدەنێین، بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت بە ئەسپەوە پیایدا تێپەڕیت. کەواتە وەرە ژووریٚ!

ياناكۆس واقوڕماو و به دەمی داپچڕاوەوه له دەوراندەوری خۆی دەنۆڕی، بەڵام لەو چۆڵەوانییەدا جگه له گابەرد و دڕك و تەڵانی زەعتەر چ شتێکی تری نەدەبینی. دوو قژقڕەی ناڕازی، ترساو و به قاژەقاژ له دامێنی درەختەکەی نزیکەوه فڕین. ياناكۆس لەکاتێکدا که له پیاوانی سمێڵ به بناگوێ گەییو و ژنانی پرچ هۆنراو و سمت زلی دەنۆڕی، لەخۆی دەپرسی:" ئەرێ ئەمانه چ جۆره خەڵکانێکن؟ ئینسانن! جنۆکه و پەریین یا خۆ قەدیسن؟"

قەشه بۆ جاری سێیەم لەبەر دەروازەی مەریەمی پاقیژه و لەپای دیوارێکی ڕوخاوی پۆشراو به گژوگیادا ڕاوەستا، سێ جار به ئاو بەرەکەتیدا، هەناسەیەکی هەڵکێشا، ڕووی کرده هاوڕێکانی و به نەوایەکی لەرزۆك گوتی:

- برایانی من! ئێمه لێرەدا دەروازەی کوستانتیس پالۆگۆك ڕۆدەنێین. ڕۆڵەکانم. ئیمانم هەیه که ڕۆژێك لەڕۆژان له هەمان دەروازەوه تەتەرێك شەلاڵ له ئارەقه

دێتە ژووریّ و موژدەی ڕزگارکردنی کوستانتینییەمان بۆ دێنێت!

هاواری خۆشیی حەشاماتی خرۆشاو بەرزبۆوە و هەمووان لە باکووریان نۆڕی. وەك بڵێی تەتەرێكی باڵ لێڕوواو بە پەلە لەنێو تەپوتۆزەوە بێتە دەرێ. قەشە هاواری كرد:

– پاناگۆسی پیر، وەرە پێشەوە و كۆڵەپشتی ئێسكوپروسكەكان بهێنە نزیك دەروازەی پالۆلۆگ!

ئەوسا ڕووی كردە پیاوانێك كە پاچ و بێڵ بەدەست ڕاوەستابوون:

– ... ئێرە هەڵكەنن!

پیاوان بە خێرایی چاڵێكی گەورەیان بە قووڵایی دوو مەتر هەڵكەند. باپیرەگەورە چووە نێو چاڵەكەوە. كۆڵەپشتەكەی كردەوە و لەنێویدا یەكە یەكە ئێسكەكانی كەللەسەر، قاچ، باسك و پەراسووی دەرهێنان و بێ ئەوەی هیچ بێژێ، بە وەسوەسەیەكی زۆرەوە لە بنی چاڵەكەدا هەڵیچنین. باوە فۆتیس ئەودوای ئاوە تەبەروكەكەی بەسەر ئێسكەكاندا ڕشت. پاشان پەلكی

تایبەت بە پڕاندنی ئاوە پیرۆزەکەی بۆ نێو چاڵەکە هەڵدا و هاواری کرد:

– ئەی باووباپیران! ئارامگرتن بکەنە پیشە و مەڕەونەوە. ساتی زیندووبوونەوە بەڕێوەیە. وی زوو بەزوو دێت و ئێوە پەیامەکەی دەژنەڤن!

یاناکۆس فرمێسکەکانی سڕین. قەهر گەرووی گرتبوو.

قەشە ڕووی کردە پیرەمێرد و گوتی:

– ... پاناگۆس وەرە دەرێ. پیرەمێرد وەرە دەرێ تا چاڵەکە پڕبکەنەوە!

دوو جحێڵ دەستیان ڕایەڵ کرد تا یارمەتی بدەن. بەڵام ئەو وەڵامی دایەوە:

– ڕۆڵەکانم، لێگەڕێن با هەر لێرەدا بمێنم. لێرەدا هەست بە ئارامیی دەکەم. چ پێویستییەك بە منی بێ توانا نییە! من نە دەتوانم کار بکەم و نەدەشتوانم ببمە خاوەنی نەوە. کەواتە ئیدی بەکەڵکی چ دێم؟ لێمگەڕێن!

قەشە فەرماندەرانە گوتی:

– پیرەمێرد، هێشتا کاتی مەرگت نەهاتووە. هێند پەلە مەکە!

پیاوەی بەتەمەن، بە پاڕانەوەوە گوتی:

– باوە، بهێڵە هەر لێرەدا بمێنمەوە! لێرەدا هەست بە ئارامیی دەکەم. لە کۆنەوە گوتوویانە بۆ توندوتۆڵ ڕاگرتنی بونیادی ئاوایی دەبێ کەسێك لەژێریدا بنێژرێت. ئەدی چ شانازیی و ئارەزوویەکی لەمە گەورەتر هەیە؟ خۆڵم بەسەرداکەن!

قەشە وەڵامیدایەوە:

– نەخێر، شتی وانابێ! خودا خۆی گیانی بەتۆ داوە و هەر خۆیشی لێت وەردەگرێتەوە. پاناگۆس ئێمە مافی ئەوەمان نییە گیانی تۆ بکێشین! مناڵینە بیهێننە دەرێ!

دوو جحێڵ دانەوینەوە، دەستیان ڕایەڵ کرد تا دەستی بگرن. بەڵام ئەو لەسەر دەم لەسەر ئێسکەکان ڕاکشا و هاواری کرد:

– لێمگەڕێن. لێمگەڕێن! ئێرەم باشە!

یاناکۆس خرۆشابوو، بەسەر چاڵەکەدا دانەوییەوە. پیرەمێرد ڕووی بەرەو ڕووناکی وەرگێڕا، دەستی لەسەر سینگی بەشێوەی خاچ دانا و بە شادومانییەوە گوتی:

– جێگەی من ئێرەیە!

غەمی یاناکۆس تەقییەوە و ئیدی کوڵی گریانی بەربوو. قەشە ڕووی بەرەو لای وەرگێڕا و دوای ئەوەی کە ناسییەوە، هاواری کرد:

– منداڵینە بچنە ئەولاوە! ... ئەم پیاوە شەریفە لە لیکۆڤریسییەوە هاتووە بۆ بینینی ئێمە تا لەم هەلومەرجە نالەبارەدا گوڕ بداتە دڵمان. کەواتە سڵاوی لێبکەن! ئەو یەکێکە لەو چوار کەسەی کە دوێنێ عەسر زەمیلە ئازوخەیان بۆ هێناین و بە لوتفی ئەوان توانیمان خواردن بخۆین!

هەروا کە وروژاو دەستی یاناکۆسی دەگوشی، کوتوپڕ ناوەکەی بیرکەوتەوە:

– یاناکۆس خۆشهاتیت! لەبەر خاتری تۆ و هاوڕێکانت، دەك خودا لیکۆڤریسی نەسووتێنێت.

یاناکۆس کە ئیدی توانای بەرگریی نەبوو، بە کوڵ دەگریا. قەشە لەباوەشی خۆیدا گوشی و پرسی:

– کوڕەکەم بۆچ دەگریت؟

– باوە من گوناهم کرد ... گوناه!

– لێرەوە وەرە!

ئەوسا باسکی گرت و هێنایە لاوە.

- بۆچ دەگریت؟ چ بووە؟ کوڕەکەم بڵێ. بڵێ بزانم دەردەکەت چییە؟

هەروا لە هەمانکاتدا کە دەستانی لە دوو لاوە کراوە بوون و ئاوایە خەیاڵییەکەی پیشاندەدا، درێژەی بە قسەکانیدا:

- ... تۆ یەکێك لە پیاوچاکانی ئاواییەکەی ئێمە دەبیت!

یاناکۆس بە ژنەفتنی ئەم قسانە لەرز دایگرت و کەوتە سەرئەژنۆ. قەشە کە لەبەردەمیدا ڕاوەستابوو، بە نیگەرانییەوە پرسی:

- پێویستت بەچییە؟ دووچاری چ گوناهێك بوویت مەگری!

- باوە من گوناهبارم و بۆ ئەوەی باری شانم سووك بێت ددان بەهەموو شتێکدا دەنێم.

وایگوت و بە پەلە و زوو بەزوو، بە هەناسەبڕکێوە ددانی بە بەسەرهاتەکەی خۆیدا نا و بەسەرهاتی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ لاداسی پیردا کردبووی و ئەو سێ

لیرەیەی کە وەك پیشەکیی وەریگرتبوو، گێڕایەوە ... قەشە بێدەنگ دەیژنەفت و هیچی نەدەگوت. یاناکۆس دوای تەواوبوونی قسەکانی، بە نیگەرانییەوە لێی دەنۆڕی.

– باوە، بیر لە چ دەکەیتەوە؟

– کوڕەکەم، لە فیکری ئەوەدام کە ئینسان دەعبایەکی سەیرە ... و خودایش چەند گەورەیە! مەگری.

یاناکۆس وەك بڵێی دڵی تێکەڵ بێ، تفی لەسەر ئەرزەکە ڕۆکرد و بە چرپە گوتی:

– بەدتر لە دڕندە ... ڕێك وەك کرمی ناو ڕیخ. بوونەوەرێکی بێ نرخ و بێ شەرەف ... باوە دەستم تێوە مەدە. ئەرێ دڵت لێم تێکەڵ نایەت؟

قەشە بە ئارامی دەستی کێشایەوە، نیگای لە ئەرزەکە بڕی و هەناسەیەکی هەڵکێشا. یاناکۆس کە حەپەساو لەسەر بەردێك دانیشتبوو، دەسبەجێ لەجێگەکەی ڕاپەڕی، دەستی بە گیرفانی هێلەکەیدا کرد و سێ لیرەکەی دەرهێنا:

– باوه، تکا دەکەم ئەم سێ لیرەیە وەربگرە، چەند مەڕێك بۆ گوند و ساوا شیرەخۆرەکان بکڕە و ئەگەر پێت باشە ئەوا دەست بخە سەر سەرم و پاقژم بکەوە ...

قەشە لە جێگەی خۆی نەجوولا.

– ... ئەگەر ئەم لیرانە وەرنەگریت ئەوا ڕۆحم ڕزگار نابێت ... تۆ خۆت گوتت ئینسان دەعبایەکی دڕندەیە. کەواتە وەرە و ئەم دەعبا دڕندەیە ماڵیی بکە. ئاخر یەك ڕستەی دڵگەرمهێن بەسە تا ئەم دەعبا دڕندەیە ماڵیی بێت. هەنووکە ڕزگاریی ڕۆحم لەنێو لەپی گوفتاری تۆدایە ...

قەشە خۆی نایە نێو ئامێزی یاناکۆسەوە و کوڵی گریانی بەربوو:

– باوکە، بۆ من دەگریت؟

باوە فۆتیس لەهەمانکاتدا کە فرمێسکەکانی دەسڕی، وەڵامیدایەوە:

– بۆ تۆ ... بۆ خۆم و بۆ هەموو مەردوم دەگریم ...

ئەوسا چاوانی یاناکۆسی ماچ کرد. دەستی نایە سەر قژە لوولەکەی و گوتی:

– ... یاناکۆس تۆ بەخشراویت. پەترۆسی حەواریش سێ جار نکوڵی لە مەسیح کرد و هەرسێ جارەکەش فرمێسکەکانی ڕزگاریان کرد. بەڵێ کوڕەکەم، فرمێسك بونیادەم دەشواتەوە ... من ئەم دیارییە ناپاکەی تۆ وەردەگرم، چونکە گوناهەکەت دەبێتە سەبەبی تێربوونی زگی ساوا شیرەخۆرەکانی ئێمە. سڵاوت لێ بێت!

یاناکۆس بەسەر پێی قەشەدا کەوت تا ماچی بکا، بەڵام قەشە بە پەلە دانەوییەوە و لەسەر ئەزەکە بەرزی کردەوە:

– نا! نا! خەڵك تەماشامان دەکەن. خەریکن بەرەو لامان دێن!

هاوارهاواری هەراسان دەگەییە گوێ:

– باوکە! باوکە!

باوە فۆتیس بە نیگەرانییەوە پرسی:

– ڕۆڵەکانم چ بووە؟

– باوە، باوکە پاناگۆس گیانی سپارد! ویستمان لە چاڵەکە بیهێنینە دەرەوە بەڵام بینیمان مردووە!

قەشە خاچی کێشا:

- خودا لێی خۆش بێت. عاقیبەت بە خێر بوو. ئێمە گوندەکەمان لەسەر گۆڕەکەی وی ڕۆدەنێین. ڕۆڵەکانم خۆزیا خودا بەختەوەرییەکی ئاوهایشی نسیبی ئێمە دەکرد! ... هەر ئێستا تەقدیسی دەکەم!

ئەوسا ڕووی بەرەو لای یاناکۆس وەرگێڕا و گوتی:

- ئێستا کوڕەکەم تۆ بڕۆ. بڕۆ خودات لەگەڵ بێ و مەسیح یار و یاوەرت بێت!

یاناکۆس نوشتایەوە، دەستی قەشەی ماچ کرد و لەکاتێکدا کە لە شادومانیدا لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە، بەرەو لای گوێدرێژەکەی چوو. شادومان و سوکەڵە لەبەردێکەوە بازی بۆ سەر بەردێکی تر دەدا و هەستی بە ئارامیی دەکرد:

- لاداسی پیر با بچێت بۆ دۆزەخ! دراوە ئاڵتوونەکانیشی بە دۆزەخ! من دەخوازم بفڕم!

پاشان گوێدرێژەکەی کە بە ئارامیی لەژێر سێبەری دارهەرمێ کێوییەکەدا چاوەڕێی دەکرد، نەوازش کرد و لەهەمان کاتدا کە ڕەشمەکەی دەکردەوە، بە شادومانییەوە گوتی:

- یوسفۆکەکەم با بڕۆین! سوپاس بۆ خودا کاسپییەکەمان باش و قازانجێکی زۆرمان کرد!

پاشان ڕووی وەرگێڕا و تەماشای بەردی ڕەقوتەق، ئەشکەوتی تاریك و ئەو مەردوومە لەڕولاوازەی کرد کە نزیك دەروازەی پالۆلۆگی ئاییندە، بەدەوری گۆڕەکەی باوەگەورەدا خاچیان دەکێشا و نوێژی مردوویان دەکرد:

- خودا بناغەی ئاواییەکەتان توندوتۆڵ بکا! منیش سێ لیرەی خۆم بۆ ڕۆنانی پێشکێش کرد ...

وایگوت و بە گۆرانی گوتنەوە ڕێگای لیکوڤریسی گرتەبەر:

- ... بەڵێ، ئینسان دەعبایەکی سەیرە! هەر کارێك دڵی بیەوێت دەیکا و دڵی هەر ڕێگایەکی بوێ دەیگرێتە بەر. دەرگای بەهەشت و دۆزەخ بە پاڵ یەکەوەن و ئینسان هەرکامێکیانی بوێ لێوەی دەچێتە ژوورەوە. هەڵبەتە شەیتان تەنها لە دەرگای دۆزەخەوە تێدەپەڕێ و فریشتەش لە دەرگای بەهەشتەوە! بەڵام ئینسان لەهەرکامێکیانەوە خۆی بیەوێت دەچێتە ژوورەوە.

ئەوسا قاقایەکی لێدا و هاواری کرد:

– ... سڵاو لەتۆ ئەی ئینسانی سەیرو سەمەر!

پاشان کەوتە چڕینی گۆرانییەك کە دەمێك بوو بیری چووبۆوە و هەنووکە لەناکاوێکڕا بیری کەوتبۆوە:

– ... من کوڕی بروسکەم و نەوەی هەورەگرمە، هەر کاتێك بمەوێت بروسکەم، یاخۆ دەبمە هەورەگرمە. گەر خۆم بمەوێ بەفر دەبارێنم.

کاتێك گەیشتە دامێنی کێوەکە، ڕاوەستا و بەخۆی گوت:" برسیمە، دەبێ شتێك بخۆم. یوسفۆکەکەشم هەر برسێتی. بڕۆم ئاڵفی بۆ بڕنم تا بەخیلیی نەبا. ئێمە دەبێ وەك دوو برا پێکەوە خواردن بخۆین."

بڕێك ئاڵف و دڕکی لە بیابان ڕنی، پاشان لە پەرژینی کێڵگەیەکەوە ئاودیو بوو، هەندێك گەڵای کەلەرمی ڕنی و بۆ گوێدرێژەکەی هێنا:

– یوسفۆکەکەم وەرە، وەرە نۆشی گیانتیکە! منیش خواردنی خۆم دەخۆم.

کۆڵەپشتەکەی کردەوە و لەناویدا نان و زەیتوون و پیازی دەرهێنا و ئارام و کەروێشکئاسا کەوتە

خواردن:" چ نانێکی بەتامە! وەك بڵێی یەکەمین جار بێ بیخۆم. نان نییە. بەڵکو شیرینییە. چەند بەتامە! هەم باش هەرس دەبێ، هەمیش تا مۆخی ئێسك ڕۆدەچێ!"

مەتارەکەی، کە بە چەقۆ وێنەی هەڵۆیەکی دووسەری لەسەر هەڵکۆڵیبوو، هەڵگرت، سەری بۆ دواوە کێشایەوە، دەمی مەتارەکەی لە زاری نا و قومێکی خواردەوە:" وەك بڵێی یەکەمین جاربێ ئەم شەرابە بخۆمەوە. هاتمەوە سەر خۆم! خودایا سوپاس کە مێو و ترێت خولقاندووە. سڵاو لە تۆیش ئەی ئینسان کە شەرابت لە ترێ گرتووە! ... کەمێکی تر بخۆمەوە تا حاڵم بێتەوە سەر خۆی!"

ئەمجارەیش مەتارەکەی بە دەمییەوە نا و چاوانی لێکنا، دەنگێکی دڵنەوازی هاتە گوێ:

– بەخۆشی یاناکۆس!

یاناکۆس چاوی کردەوە، کاترینای بینی کە کۆڵوانە لەکۆڵ لەبەرامبەریدا ڕاوەستاوە و مەڕەکەی لەلاوە بوو کە قردێلەیەکی سووری بە ملییەوە گرێدابوو.

- کاترینا، ئەوە تۆ لێرە چ دەکەیت؟ مەڕەکەت بۆ کوێ دەبەیت؟ دەتەوێت بیفرۆشیت؟

بێوەژن پێکەنی:

- بەڵێ.

- وەرە دانیشە پاروویەك نان و شەراب بخۆ. لەڕاستیدا باوە فۆتیس گەرەکییەتی مەڕ بکڕێت تا شیر بۆ ساواکان دابینکات ... خودا ئیلهامی بۆ ناردوویت کە بێیت.

بێوەژن دانیشت و ئارەقەی ڕوخسارە سوورهەڵگەڕاو و لاملە سپییەکەی سڕی. چاوانی لە شادومانیدا پرشنگیان دەدا:

- یاناکۆس، هەمدیس هاوین هات و هەوا گەرم بوو.

یاناکۆس پارووییەك نان و زەیتوونی بۆ ڕاگرت:

- بخۆ! پیازیشت دەوێ؟

بێوەژن نان و زەیتوونەکەی وەرگرت:

- نا، پیاز ناخۆم.

یاناکۆس پێکەنی:

- هەی نارەسەن! دەترسیت دەمت بۆنی لێبێت؟

کاترینا خەمینانە وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ هاوسێ. ئاخر ئێمەی ژنان دەبێ هەمیشە بۆنی عەترمان لێبێ ...

وایگوت و نان و زەیتوونەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا و گوتی:

- ... بمبوورە یاناکۆس، برسیم نییە.

یاناکۆس بە ورتەورتەوە گوتی:

- ئەوە تۆیت کە دەبێ لە من ببووریت کاترینا. من زۆر گێلم.

بێوەژن بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە تەڵە گیایەکی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرتەوە و لاسکەکەی لەنێوان ددانەکانی خۆیدا دانا. هەردووکیان بێدەنگ مانەوە. یاناکۆس کۆڵەپشتەکەی کۆکردەوە. ئەویش لە خواردن ببۆوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگییە قورسە بشکێنێت، پرسی:

- کاترینا لە کۆڵوانەکەتا چ هەیە؟

- چەند پارچە جلکێکی مناڵان.

- دەتەوێت بۆ ئەوانەی ببەیت؟

- بەڵێ.

- ئەدی مەڕەکە بۆچی دەبەیت؟

– گەرەکمە بیکەمە دیاری تا ساواکان شیریان هەبێت...

یاناکۆس سەری لەژێرەوەنا و بێوەژن بۆ سەرنجدان لە قسەکانی خۆی، گوتی:

– ... هاوسێ ببینە، من خۆم منداڵم نییە و پێموایە هەموو منداڵانی دونیا منداڵی خۆمن.

غەم گەرووی یاناکۆسی گوشی:

– کاترینا، حەزدەکەم پێوپلت ماچ بکەم.

– پێریێ ئەو پیرەمێردە پۆخڵە – پاتریارکاس دەڵێم – بە دوامدا ناردی تا بڕیاری ڕیش سپییانم پێبڵێ. ئەوانە بڕیاریانداوە کە من ساڵی ئاینده ڕۆڵی مادلین ببینم. من شەرمەزار بووم، چونکە دەزانم ئەو چۆن ژنێك بووە. گوتم سەیرکە کارم بەکوێ گەییشتووە کە دەبێ ببمە مادلینی ئاوایی ... کاتێ هەواڵەکەم بیست زۆر شەرمەزار بووم. بەلاَم یاناکۆس هەنووکە ئیتر شەرمەزار نیم، چونکە ئەگەر ڕێکەوتی مەسیح بکەم ئەوا شووشەی عەترەکەم دەشکێنم تا بە عەتر پێوپلی بشۆم و بە پرچم بۆی وشك بکەمەوە. بەڵێ دڵنیابە ئەم کارە دەکەم و بۆ

ئەوەی لەپاڵ مەریەمی پاقیژەدا بم شەرمەزار نیم و ئەویش لەوەی کە من لە تەنیشتییەوە بم شەرمەزار نابێت. یاناکۆس تێدەگەیت چ دەڵێم؟

یاناکۆس بەچاوانێکی فرمێسك تێزاوەوە وەڵامیدایەوە:

– بەڵێ کاترینا، بەڵێ تێدەگەم ... من لەمڕۆ بەیانییەوە تێدەگەم ...

دوای بێدەنگییەکی کورت تێهەڵچۆوە:

– کاترینا، من لە تۆ گوناهبارترم و هەر لەبەر ئەوەشە تێدەگەم. من تا ئەمڕۆ دزییم دەکرد، درۆم دەکرد، هەڵبەت تەنها لەهەمان سنوورێکدا کە کاسپێکی دێوەرە دزیی دەکا و درۆ دەکا .. ئەمڕۆ بەیانی بوومە تاوانبارێکی ڕاستەقینە... بەڵام ئێستا ..

ئیدی بێدەنگ بوو. دڵی بەتوندی لێیدەدا. مەتارەکەی هەڵگرت و هەمدیس لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو:

– ... کاترینا بە سلامەتی تۆ! من تۆم ڕەنجان. بمبوورە .... من گێلم و ئیشەکانیشم هەر گێلۆکانەن ...

قومێکی لێدا و دەمی مەتارەکەی سڕی:

– .... کاترینا تۆیش بخۆرەوە. بخۆرەوە تا باوەڕت پێبکەم کە لەمن بووراویت.

بێوەژن سەری هەڵبڕی و سپێتیی لاملی خۆی بۆ یاناکۆس وەدیارخست:

– یاناکۆس بە سلامەتیت! ...

پاش ئەوەی لێوی سڕی، گوتی:

– ... من ئیدی دەبێ بڕۆم. بنۆڕە مەڕەکەم چەند دڵتەنگ و خەمینە و چ ناڵەناڵێکیێتی! ئاخر هێشتا داماوە نەمدۆشیوە تا ئەوان بیدۆشن.

– کاترینا خەفەتی بۆ ناخۆیت؟ دەزانم چەندێك خۆشت دەوێت!

– تۆ ئەگەر گوێدرێژەکەت بەوان بدابا خەفەتت بۆی نەدەخوارد؟

یاناکۆس بە ترسەوە وەلامیدایەوە:

– هاوسێ هەر باسی مەکە. دڵم لە حەژمەتا دەوەستا!

– یاناکۆس دڵی منیش دەوەستێت. خوداحافییز!

بەلام بەرلەوەی بڕوات، بۆ ساتێك دوو دڵ مایەوە و دواجار پرسی:

– مانۆلیۆس دەبینیت؟

– یەکەمجار دەبێ بۆ گوندەکان بڕۆم. کاتێ گەڕامەوە لەخەیاڵمدایە سەرێکی لێ بدەم ... ئەدی بۆ؟ پەیامت بۆی هەیە؟

بێوەژن لەکاتێکدا کۆڵوانەکەی بەکۆڵەوە و پەتی ملی مەڕەکەی بە زۆر ڕادەکێشا، وەڵامیدایەوە:

– نا، ئیشم نەبوو.

وایگوت و ڕێی دامێنی کێوی ساراکینای گرتەبەر.

*

لەهەمان کاتدا کە مانۆلیۆس خەریك بوو بە داوێنی کێوی پاقیژەدا هەڵدەزنا، سەگەکانی پاسەمەڕ هەر کە بۆنی ئاشنای ویان کرد، بەدەم کلك لەقاندنەوە بۆ پیشوازیی چوون. نیکۆلیۆسی ڕەشداگەڕاویش بە گوێی قووتییەوە، چاپووکانە لە بەردێکەوە بازی بۆ سەر بەردێکی تر دەدا و لەگەڵ سەگەکاندا دەهات. کوڕەی شوان بەهۆی ئاوێتەبوونی بە بزن و مەڕ و ژیان لە

کوێستاندا، کێویی دەینواند. بەدەگمەن قسانی دەکرد و نەوای قسەکانی لە باعەباعی مەڕ دەچوو. قژە لوولەکەی زبر و لوول و پیس و دەتگوت قۆچی پێچاوپێچە. تازەکیی تەمەنی ببووە پانزە ساڵان و وەکی بەران چاوقاییمانە دیقەتی مەڕەکانی دەدا.

کاتێ هاتنە نێو کوڵبەکەوە، نیکۆلیۆس نان و پەنیر و گۆشتی برژاوی لەسەر سەکۆکە دانا و گوتی:

– مانۆلیۆس بخۆ.

– نیکۆلیۆس گیان برسیم نییە! خۆت بیخۆ!

– بۆچی برسیت نییە؟

– هەروا!

– لەخوارەوە ئازاریاندایت؟

– بەڵێ.

– ئەدی بۆچی چوویت؟

مانۆلیۆس بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، لەسەر دۆشەکە کاییەکەی ڕاکشا و چاوانی لێکنان. نیکۆلیۆس ڕاستی دەکرد. ئەدی بۆچی چوو بوو؟ تا ئەو کاتە، بەرەبەیانیانی هەموو یەکشەممەیەك لە چیاوە بەرەوخوار

دەبۆوە، لە ڕێوڕەسمی نوێژدا بەشداری دەکرد و دوای خواردنی نانی بەرەکەتدراو، زوو بەزوو شادومان و سەرحاڵ بۆ چیا دەگەڕایەوە. ئاخر لە دەشت جگە لە نیگەرانی چ شتێکی تری پێنەبڕدرا، بە بینینی ژنان ناڕەحەت دەبوو. لە قاوەخانەیش بە یاری کاغەزێن، بۆنی تووتن، بادە و هەوای پیس و قورس، هەستی بە تەنگەنەفەسی دەکرد و هەمیشە هەوڵیدەدا هەرچی زووترە بۆ چیا بگەڕێتەوە و هەوای پاك هەڵمژێت. بەڵام هەنووکە ... لێنێوی کەوتە یاد بە نەوای قسەی تانەئامێز، دەنگی گەرم، چاوانی ئەهریمەنانە و بەتایبەتی مەمکە خڕەکانی کە گەرەکیان بوو لەودیو سوخمە سوورەکەیەوە دەرپەڕنە دەرەوە.

هەستا و لەسەر دۆشەکەکە دانیشت. گەرمای بوو. کراسە بە ئارەقە تەڕەکەی داکەند و بەخۆی گوت:" دەبێ حەوسەڵەم هەبێ. دەبێ بە پاقژیی بمێنم. دەبێ خۆم لە نزیکبوونەوە لەژنان بپارێزم. دەبێ بە کاروبارەکانم ڕاگەم. من ئیدی ئەو کەسەی جارانم نیم. بەڵکو من مەسیحم!"

ئەیکۆنەکانی مەسیحی بە هەمان ئەو تەرزەی کە بۆ یەکەمین جار لە میحرابی کڵێسا بینیبوونی، هێنانە پێش چاو. مەسیح کراسێکی دەڵب و شینی لەبەردا و پێوپلە ڕووتەکەی هێند سووکەڵە لەسەر ئەرز بوون کە تەنانەت گژوگیای ژێریشی نەنووشتانبوونەوە. وی باریك ئەندام و تەنك و سووکەڵە بوو وەکی تەم. لە دەست و پێ و سینگە ڕووتەکەیەوە دەزوولەگەلی باریك لە خوێن دەهاتەخوارەوە.. ژنێکی جاحێڵ بە قژی درێژ و زێڕینەوە بەرەو پێش ڕایکردبوو تا دەست لە جەستەیەوە بدات. بەڵام ئەو فەرماندەرانە دەستی هەڵبڕیبوو تا نەهێڵێ ژنەکەی لێ نزیك بێتەوە. ڕستێك وشە، وەکی پەت لەپاڵ دەمیدا نووسرابوو کە مانۆلیۆس گەرچی توانیبووی بیخوێنێتەوە بەڵام بە دروستیی لە مانای هیچکام لە وشەکان حاڵی نەببوو. لە قەشەی پیری پرسی بوو:" باوە، ئەرێ مەسیح چ دەڵێ؟"

– دەڵێت: ئەی ژن دەستم تێوە مەدە!

– ئەم ژنە کێیە؟

– مادلین.

" ئەی ژن دەستم تێوە مەدە! ..." مانۆلیۆس چاوانی لێکنان و زوو بەزوو کاترینا لەبەرامبەر چاوانیدا وەدیارکەوت. ژنەکە بە یەك جووڵەی سەر، سەرپۆشە ڕەشەکەی لابرد. زوڵفە خورمایی ڕەنگەکەی بەسەر شان و تا سەر ئەژنۆیدا کەوت و ڕووتیی خۆی پێداپۆشی. بەڵام لەناکاوڕا شنەیەك هەڵیکرد، قژی ژاکان و مەمکە ڕووتەکانی وەدیارخست...

مانۆلیۆس لەجێگەکەی ڕاپەڕی و هاواری کرد:

- یارمەتی!

نیکۆلیۆس تا ئەوکاتە هەر دەیخوارد و تێر نەببوو، لای کردەوە و بە دەمی پڕەوە گوتی:

- خودان خەونت دەبینی؟ دوات کەوتبوون؟ منیش خەون دەبینم دوام کەوتوون. بەڵام ئەوانە هەمووی خەون و خەیاڵن و حەقیقەتیان نییە! گوێ مەدەرێ و بنوورەوە!

- نیکۆلیۆس ئاگر بکەرەوە. سەرمامە ...

بەڵام کوڕەکە کە ئامادەنەبوو دەست لە نان و گۆشتەکە هەڵگرێ، گوتی:

- بەڵام من وا خەریکم لە گەرمادا تەنگەنەفەس دەبم!

مانۆلیۆس ددانەچۆقەی پێکەوتبوو، دووبارەی کردەوە:

- سەرمامە ...

نیکۆلیۆس بێزار لە جێگەکەی هەستا و لە هەمان کاتدا کە پارووەکەی دەجوو، کەمێك داری لە قوژبنێکی ژوورەکەدا هەڵگرت و بە دیقەت لە ئاگردانەکەدا لەسەر یەك داینان و ئاگری کردەوە. ئەوسا چووە نزیك مانۆلیۆس و لەکاتێکدا کە لێی ورد دەبۆوە، سەری لەقاند و گوتی:

- خودان، بوویت بە چاوەوە!

وایگوت و هەمدیس بەرەو لای سەکۆکە گەڕایەوە و درێژەی بە نان خواردنەکەیدا.

مانۆلیۆس بۆ قوژبنی کوڵبەکە خۆی کێش کرد، خۆی لە پەتۆیەکەوە پێچا و لەبەر ئاگرەکەدا کروشکەی کرد و لە کڵپەی ئاگرەکەی دەنۆڕی کە دارەکانی مەحو دەکردن. لێنێو، مادلین و مەسیح سەمائامێزانە بەنێو بڵێسەکانا تێدەپەڕین و بەیەك دەگەیشتن. لەیەکدی جوێ دەبوونەوە و هەمدیس یەکانگیری یەکدی دەبوونەوە ...

گا ژنەکان لەگەڵ دوکەڵەکەدا دیارنەدەمان و ئیدی مانۆلیۆس جگە لە مەسیح کە بە ژوور بڵێسەیەکەوە لەخاچدرابوو، چ شتێکی تری نەدەبینی. ئەو ئاشکرا مەسیحی بە ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیو و کەوتوو بەدەمدا و دەستانێکی داکوتراو بە تەختەدا دەبینی ... کڵپەکە سەمای دەکرد. مەسیح زیندوو دەبۆوە، لەنێو خۆڵەمێشەکەدا وەدیاردەکەوت، باریك و شەپۆلاویی دەبۆوە و ئیدی لەگەڵ دوکەڵەکەدا لە هەوادا دیارنەدەما.

مانۆلیۆس لە شوێنپێ هەڵگرتنی سێبەرەکان شەکەت بوو، سەری نایە سەر ئەژنۆی و خەوی لێکەوت. خەوێکی قورس، قووڵ و پیس وەکی ئاوێکی وەستاو و بۆگرتوو. بەدرێژایی شەو هەوڵیدا تا بەڵکو بەنێو ئەو زۆنگاوەدا تێپەڕێت، بەڵام قەوزە و ماری ئاویی خۆیان لە جەستەیەوە دەئالآند و ئەمیش هاواری بۆ یارمەتیی دەکرد. سپێدەی سەحەر شەپۆلی قژی زێڕین وەك گێژەڵووکەیەکی توند لێی ئالآ و لەگەڵ خۆیدا بردی. جارێکی تر هاواری کرد:" یارمەتی! یارمەتی!" بەڵام

لەخەو وەئاگا نەبۆوە و خۆی دەم بە ناڵە لە گوێ ڕووبارەکە بینییەوە.

نیکۆلیۆس دوو سێ جار لە هاوارە نائومێدانەکانی وی وەئاگابۆوە و هەر جارێکیش دەم بەپێکەنین لەبەرخۆیەوە دەیگوت:

– داماوە خەون دەبینێ ڕاوی دەنێن!

دواجار مانۆلیۆس چاوانی کردنەوە و لەودیو کلاوڕۆژنەی پشتیرەکەوە ئاسمانی شینی بینی. خاچی کێشا و بە ورتەورت گوتی:

– سوپاس بۆ خودا، شەو تەواو و ڕزگارم بوو!

هەستیدەکرد باسك و قاچیان بڕیوەتەوە. چاوانی دەبرژانەوە و جەستەی کەوتبووە لەرزین. ئاگرەکە کوژابۆوە. ویستی کەمێك شیری گەرم بخواتەوە بەڵام نیکۆلیۆس گەلەکەی لە پشتیرەکە بردبوو. نەیدەوێرا لە جێگاکەی بەرزبێتەوە. لە دەورراندەوری خۆی نۆڕی. وەك بڵێی یەکەمین جار بێت کەلوپەلەکانی کوختەکە ببینێ. تەشتی دار، زەمیلە، کەوچکی گەورەی دار کە خۆی وەستایانە تاشیبوونی و هەڵکۆڵینی لەسەر کردبوون و

به دیوارەکەوە هەڵیواسیبوون. ئاخر ئەو هەر لەهەمان تاڤ جحێڵییەوە هەر پارچە تەختەیەکی گونجاوی پەیدا کردبا، هەڵیدەگرت و بە چەقۆ وێنەی دارسەروویەك و تەیرێکی لەسەر دەکێشا. پاشان کەوتە هەڵکۆڵینی ڕوخساری ژن و ئەسپ سوار و کاتێکیش چووە دەیر، ئەیکۆنی قەدیسانی هەڵدەکۆڵین.

ڕۆژێکیان قەشەیەك کە ڕێی کەوتبووە پشتیری مەڕەکان، پێی گوتبوو:" تۆ نەدەبوو ببیتە شوان، بەڵکو دەبا ببوویتایەتە قەشە، ئەوسا ئێمە دارمان دەدایتێ و تۆیش ئەیکۆنت لێ دروست دەکردن."

تیشکی خۆر لە دەریچەی کوختەکەوە دەهاتە ژوورەوە و چوارگۆشەیەکی ڕووناکی لەسەر ئەرزەکە دروست دەکرد. مانۆلیۆس خۆی گەیاندە پەڵە ڕووناکەکە و لەسەری دانیشت. کە وردە وردە گەرما ڕۆچووە جەستەیەوە، خەونەکانی شەوی پێشووی لە یادەوەریدا ژیانەوە و بە بیرکەوتنەوەی شەپۆلی قژی زێڕین، لەرز دایگرت:" ئەی مەسیح، ڕێگە مەدە وەسوەسەی شەیتانیی لە پەلوپۆم بخا!"

کەمێك ئارامی گرت و ئاگری کردەوە. لە پەقرەجێکی داریندا کەمێك شیری دەرهێنا، گەرمی کردەوە و خواردییەوە و کاتێ هەستیکرد وەزعی باشتر بووە، لە کوختەکە هاتە دەرەوە و لەسەر سەکۆیەك لەپاڵ دەرگاکەدا دانیشت. خۆر بەرز دەبۆوە. دونیا لەخەو وەئاگادەبۆوە و چیا پێدەکەنی. دەنگی فیکەی مانۆلیۆس لە دوورەوەڕا دەبیسترا کە مەڕەکانی دەلەوەڕاند. مانۆلیۆس بەخۆی گوت:" سوپاس بۆ خودا کە وەزعم باشتر بووە. دوێنێ شەو وەسوەسە هاتبووە وێزەم. سوپاس بۆ خودا، خۆر وەدیارکەوت!" هەروا کە لەدەوروبەری دەنۆڕی چاوی پەلکە دارێکی درەختی سەنبوقە کەوت. دڵی لە شادومانیدا وەتەپە کەوت. دارەکەی هەڵگرت، لەسەر ئەژنۆی داینا و کەوتە نەوازش کردنی. دارەکە ئەستوور بوو بە ئەستووریی سەری بونیادەم. ڕەگەکانی بە ئاشکرا دەبینران و وەك دەماری مرۆڤ دەینواند. مانۆلیۆس هەستی بە برژانەوەی سەر پەنجەکانی دەکرد. بە پەلە لە جێگەکەی هەستا. چووە نێو کوختەکەوە، مشارە گچکەکەی بە مقەستێکی تیژ و

بڕبەنێکەوە هەڵگرت، خاچی کێشا، دانەوییەوە، پارچە دارەکەی ماچکرد و ئیدی کەوتە کار.

خۆر گەییبووە نێوەڕاستی ئاسمان. مانۆلیۆس هەروا بەسەر دارەکەوە چەمابۆوە. هەڵکۆڵینکاریی دەکرد و ماندوویی لە یاد بردبوو. ئاسمان ساماڵ و پاك، وەسوەسەکان ڕەوییبوونەوە. لێنێوی لێدوور کەوتبۆوە. زۆر دوور، چووبووە ئەودیو خۆر و ئەویتریش واتە بێوەژن خزیبووە تاریکترین قوژبنی کوختەکەوە و لە قلافەتی جاڵجاڵۆکەیەکدا وەدیار کەوتبوو.

مانۆلیۆس بەسەر کوتە دارەکەدا نەوییبۆوە، دەیتاشی و خودی خۆی تێدا دەبینی. یەکپارچە ببووە چاو و بە نیگەرانییەوە دارەکەی دەنرخاند. لە قووڵایی بوونیدا ڕوخسارێکی ئارام، خامۆش، خەمین و پاقژی دەبینی و هەوڵی دەدا تا ئەو گۆنا بەقوڵداچووانە، ئەو چاوە خەمینانە، ئەو نێوچەوانە بەرزە تەڕ بە خوێنە، ئەو برینەی نێوان دەم و لاجانگەکان کە لە ئەیکۆنەکاندا نابینرێ و تەنها ئەو توانای بینینی هەبوو، لەسەر ئەو کوتە دارە هەڵکۆڵێت.

ئارەقە لەنێوچەوانییەوە دەڕژا. مقەستەکە دەستی خوێناویی کردبوو، پارچە دارەکەیش خوێناویی ببوو. بەڵام هەروا پەرۆشانە کاری دەکرد و پەلەی بوو تا بەرلەوەی وێنە پیرۆزەکە لە زەینی هەڵبێت، ئەم لەسەر کوتە دارەکەی بنەخشێنێت. لەنیوەی کارەکەیدا بوو کە قلافەتی دوو ژن بە کوێرە ڕێکەی چیاوە وەدیارکەوتن. یەکێکیان جاحێڵ و ئەویتریان پیرێژنێکی لەچك بەسەر. کاتێ ژنە گەنجەکەیان چاوی بە مانۆلیۆس کەوت، ڕووی کردە پیرێژن و پەنجەی لەسەر زاری دانا. هەردووکیان ئارام و بێدەنگ هاتنە پێش. دەیانویست مانۆلیۆس خافڵگیر بکەن و بزانن ئەوە چییە کە ئاوها پێوەی سەرقاڵە. لە پڕێکدا پێی پیرێژن ترازا و بەردێك لە ژێر پێدا غلۆر بۆوە بەڵام مانۆلیۆس هەروا بەسەر کوتە دارەکەدا نەیبۆوە و هیچی نەدەژنەفت. دواجار ژنە گەنجەکە حەوسەڵەی لێبڕا. بە هەنگاوی گەورە خۆی گەیاندێ. دەستی نایە سەر شانی و هاواری کرد:

– هێی! مانۆلیۆس!

مانۆلیۆس لەجێگاکەی ڕاچڵەکی، وێنەی پیرۆز لە زەینی هەڵات، هەراسان پاڵی بەدیوارەکەوەدا و سەری هەڵبڕی.

– ... مانۆلیۆس چ بووە؟ بۆچی ئاوها تەماشام دەکەیت؟ مەگەر تارماییت بینیوە. باش تەماشام بکە هەی گێلی خودا! من لێنێوم، دەسگیرانەکەت! ئەمەش پوورە مادلینایە و هاتووە تا چاوی پیست لەسەر بەتاڵ بکاتەوە.

پیرێژن کە ڕێگای چیا هەناسەی لەبەر بڕیبوو، گوتی:

– کوڕەکەم. ڕۆحی پیس وەزعی تێکداویت.

مانۆلیۆس دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك بە حەپەساویی تەماشای کردن، کوتە دارە هەڵکۆڵکراوەکەی بە هەڵاوگێڕاوی گرت و پرسی:

– چیتان دەوێت؟

پیرێژن ویستی وەڵام بداتەوە، بەڵام لێنێو پێش کەوت و گوتی:

– پوورە مادلینا، جێمان بێڵە. بڕۆ گژوگیایەك کە بۆ کارەکەت پێویستە بیڕنە. دەمەوێ قسانی لەگەڵدا بکەم.

پیریژن بە قرخەقرخ دوورکەوتەوە. لێنێو لەسەر سەکۆکە دانیشت، خۆی بە دەسگیرانەکەیەوە لکاند و دەستی لەنێو دەستی خۆینا و بە میهرەبانیی گوتی:

– مانۆلیۆس، تەماشای چاوانمکە! ئیدی منت ناوێت؟

مانۆلیۆس بە ئارامیی وەڵامیدایەوە:

– چۆن، خۆشم دەوێیت.

– کەواتە ئەدی کەنگێ زەماوەند بکەین؟

مانۆلیۆس بێدەنگ بوو. لەو ساتەدا مەسەلەی زەماوەند زۆر لە زەینییەوە دوور بوو!

لێنێو کەوتەوە قسان:

– ... بۆچ وەڵام نادەیتەوە. خودان هەموو شتێکی پێگوتم.

مانۆلیۆس لە جێگەکەی هەستا:

– حەزم نەدەکرد تۆ بۆ ئێرە بێیت.

لێنێو لەتووڕەییدا سوورهەڵگەڕا، هاواری کرد:

– دەشیا ڕوخسەتم لێخواستبایت! خۆ تۆ هێشتا مێردم نیت و ئازادم.

ئەویش لەجێگەکەی هەستا، ڕوو بە ڕووی مانۆلیۆس ڕاوەستا و لەکاتێکدا کە دەستی بەرامبەری ڕایەڵ کرد، فەرماندەرانە گوتی:

– مەڕۆ!

مانۆلیۆس پاڵی بەدیوارەکەوە دایەوە و چاوەڕێ بوو. لێنیۆ ورد تەماشای دەکرد. توڕەیی و عیشق لە ناخیڕا هاتوباتێکیان نابۆوە. دواجار بە خەمەوە گوتی:

– ... ڕاستە دایکم کارەکەر بووە، بەڵام باوکم بۆ خۆی خودانە. من خۆم نادەمە دەست سەرشۆڕیی. شەکێرتی تەواوم هەیە و جحێڵیشم. کەواتە دەتوانم لەتۆ باشتر بدۆزمەوە!

مانۆلیۆس دارە هەڵکۆڵراوەکەی وا بەخۆیەوە گوشی کە سینگی هاتە ئێش.

– خوداحافیز لێنیۆ!

هەستی کرد دڵی ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەبێت. زۆر زوو لەو قسانەی بە زوبانیدا هاتبوو ژێوان بۆوە، ترس باڵی بەسەریدا کێشا و لەهەمان کاتدا کە سەری داگرتبوو، گوتی:

– لێنێو، بهێڵە بەر لە هەر بڕیارێك چەند ڕۆژێك لێرە بەتەنێ بم. ئەگەر خۆشت دەوێم چەند ڕۆژێك كاتم بدەرێ.

– كەسی ترت خۆش دەوێت؟ ڕاست بڵێ و دڵنیابە دەڕۆم.

– نا لێنێو نا. سوێند دەخۆم!

– باشە! كەواتە هەركاتێ بڕیارتدا ئاگادارم بكە. من چاوەڕێتم. بەڵام ئەوەش بزانە هەمان شێوە كە دەتوانم بەدرێژایی تەمەنت خۆشم بوێیت بە هەمان شێوەیش دەتوانم سەرانسەری عومرم ڕقم لێتبێت. ئەمە ئیدی بەتۆوە پەیوەستە. پەیوەستە بە بەڵێ یان نا گوتنی تۆوە. هەڵبژاردنەكە لای خۆتە!

پاشان ڕووی بەرەو لای پیرێژن وەرگێڕا و گوتی:

– مادلینا وەرە. وەرە با بڕۆین!

هەردووكیان كوێرەڕێی سەرەوخواركەی كوێستانیان گرتەبەر. لێنێو بە تووڕەیی لەپێشەوە دەڕۆیشت و ئاوڕی لەدواوە نەدایەوە. خوێنی خانەدانزادەیی و غرورئامێزانەی باوكی لە دەمارەكانیدا هاتبووە كوڵ.

مانۆلیۆس لەسەر سەکۆکە دانیشت و لە دارەکەی نێو دەستی ڕووانی. ئیدی ئارەزووی هەڵکۆڵینی نەما، بڵێسە دامرکابۆوە و ئەیکۆنی پیرۆز لە زەینیدا ڕەوی بۆوە! ئاخر چیدی وێنەیەك لە قووڵایی دڵیدا نەمابوو تا بیهێنێتە سەر دارەکە. بۆ نێو کوختەکە گەڕایەوە. دەستەسرێکی گەورەی ڕاخست، پارچەدارەکەی بە پارێز و ئارام وەك ئەوەی پەنگرێك لەژێر خۆڵەمێشدا بشارێتەوە تا نەکوژێتەوە، لەنێویدا دانا. خەریك بوو لە تەنیاییدا دەخنکا. ئەوسا گۆچانەکەی هەڵگرت و بۆ بینینی نیکۆلیۆس و مەڕەکانی چوو.

*

خۆر ڕووناکی بەسەر کوێستاندا دەپرژاند. ڕۆحلەبەرێك بەئاسمانەوە نەدەبینرا. سێبەرەکان لە ترسا بۆ ژێر درەختەکان خزیبوون. مەلەکان، بە خامۆشیی لەنێوان پەلك و گەڵای درەختاندا لە چاوەڕێی دابەزینی گەرمادا دانیشتبوون.

نیکۆلیۆس کوتوپڕ هەستیکرد لێوڕێژ بووە لە هێز و گوڕ. لە دەوراندەوری خۆی نۆڕی تا بەشکم کەسێك بدۆزێتەوە و هێزی خۆی تاقیبکاتەوە. بەڵام هەموو جێگایەك چۆڵ. نە پیاوێك دیار بوو تا زۆرانی لەتەکدا بگرێ و نە ژنێك کە بیدا بە ئەرزدا. مەڕەکان ئارام و خامۆش لەژێر سێبەری داربەڕووەکاندا ستاریان گرتبوو، بەڵام لەناکاو سەروکەڵلەی بەرانی گەورەی قۆچ پێچاوپێچی کوڵکن و چڵکن بە گەردنی ئەستوور و زەنگۆڵەی پێشەنگیی لە ملدا، وەدیارکەوت. هەمان ئەو بەرانەی کە نیکۆلیۆس بە کوڵکن بانگی دەکرد. بەرانەکە چاوقاییمانە تەماشای مەڕەکانی دەکرد کە لەژێر درەختەکاندا نوستبوون. قورس و بە ویقار دەڕۆیشت. بۆنی نێرێکی تر فەزای پڕ کرد و ئیدی کوتوپڕ نیکۆلیۆس شێتانە شاڵاوی بۆ برد و بەدار کەوتە گیانی.

بەرانەکە لەخۆباییانە ڕووی وەرگێڕا، بەڵام حەریفەکەی بە شایانی خۆی نەزانی، چونکە نە قۆچی هەبوو، نە کوڵك بەڵکو تەنێ لەسەر دوو قاچ دەڕۆیشت و یەك کەڵلە بەس بوو تا تەختی ئەزرەکەی بکات. ئیدی بێ ئەوەی

گوێی بداتێ بەرەو لای پەزەکانی ڕۆیشت. بەڵام نیکۆلیۆس وازی لێنەهێنا. بەدوو دەست قۆچی وی گرت و ویستی سواری پشتی بێ کە ئیدی ئاژەڵەکە کەللەیی بوو. سەری ڕاوەشاند و نیکۆلیۆسی بە پشتا لەسەر ئەرزەکە خست. نیکۆلیۆس بریندار و خوێناویی لە جێگاکەی هەستا و هاواری کرد:

– هەی ئاژەڵی ناڕەسەن. ئێستا پیشانت دەدەم!

ئەوسا سەری ڕۆبردە نێو شانی. بەرانەکەیش گوڕی خواردەوە و هەردووکیان کەللەی خۆیان بە یەکدیدادا. نیکۆلیۆس بە گورزی لێدانەکە سەرەسووڕەی پێکەوت و چیا بە دەوری سەریدا سووڕایەوە، بەڵام زوو بەزوو لە جێگای خۆی دەرپەڕی، دارێکی هەڵگرت و بەهیوای شکاندنی قۆچی بەرانەکە، شێتانە بەسەریدا دەکێشا. لەهەمانکاتدا مانۆلیۆس لە ڕێگەوە گەییشت. دوو پەنجەی خستە زاری و فیکەی کێشا. گەرچی نیکۆلیۆس ڕووی وەرگێڕا و ئەوی بینی، بەڵام لەبەرئەوەی ئامادەی هێرش ببوو، بۆیە ئیدی شاڵاوی بۆ بەرانەکە برد. مانۆلیۆس بەردێکی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرت و تێیگرت.

– هێی نیکۆلیۆس، بۆچی بەو بەرانەوە گرتووتە؟ وەرە ئێرە!

نیکۆلیۆس نەڕاندی و جنێو لەسەر زار و شەلاڵ لە ئارەقە بەرەو لای مانۆلیۆس ڕۆیشت و هەردووکیان لەپاڵ یەکدا لەسەر گابەردێك دانیشتن. شوانەی جحێڵ وەك بەرانێك هەناسەی دەدا و دەپیڕماند. جار ناجار فیکەی دەکێشا، یان بەردێکی دەهاویشت تا باری شانی سووك بێ، بەڵام لە حەژمەت ئەو بەڵایەی کە بەرانەکە بەسەریدا هێنابوو، هەدادانی نەبوو.

مانۆلیۆس چاوی لە ئاسمان بڕی بوو. ئەویش هەوڵی دەدا دەستی بە ئارامیی ڕابگا و ئومێدی هەبوو تا هەمدیس شێوەی ئەو ئەیکۆنە بنێتەوە نێو دڵی کە کاری هەڵکۆڵینەکەی دەست پێکردبوو. بەیانی ئەو ڕۆژەی کەوتەوە بیر و ئەو شۆر و حاڵ لێهاتنەی کە تێی ڕژابوو! هەموو شتێکی بە بیرچوونەوە سپاردبوو. هیچ غەمێکی نەبوو جگە لەو کوتە دارەی نێو دەستی هیچی تری نەدەبینی کە ناکاو دەنگی ژنێك بەلێوی سوورەوە ڕستی خایلەی پچڕیبوو. ڕووی کردە شوانەکە و گوتی:

– نیکۆلیۆس، شمشاڵەکەت لەبەر پشتوێن دەرکە و بۆم بژەنە! وەزعم باش نییە. کەمێك شمشاڵ بژەنە تا ئارام ببمەوە.

کوڕە شوان پێکەنی:

– مانۆلیۆس منیش جار بەجار وام لێدێ. منیش زۆر جاران لە حەژمەت غەم خەریکم دیق دەکەم. شمشاڵیش ئارامم ناکاتەوە. هەر بۆیە بەرەو شەڕی بەران دەچم.

– نیکۆلیۆس تۆ بۆچی خەفەت دەخۆیت؟ تۆ کە هێشتا سمێڵت گووگرە نەبووە!

کوڕە چاوقاییمانە وەڵامیدایەوە:

– خودا بە نەفرەتم بکا خۆیشم نازانم. تەنها ئەوە دەزانم هەرکاتێك زۆر تەنیا دەبم ئیدی هەستی تەمبەڵیی دامدەگرێت.

ئەوسا شمشاڵەکەی دەرهێنا و پەنجە ڕەش داگەڕاوەگانی نایە سەر کونەکانی.

مانۆلیۆس پرسی:

– نیکۆلیۆس گەرەکتە ئاوازێکی تایبەت بژەنیت؟

– نا .. هەرچی خۆی هات دەیژەنم.

ئەوسا لێوی نایە سەر شمشاڵەکە و کەوتە ژەنین.

داوێنی چیا پۆشرابوو بە گەلەی مەڕ و بزن و سەدای زەنگۆڵە لەکێوەکەدا دەنگیدەدایەوە. چیا قورس جێگۆڕکێی دەکرد و دونیا نەرم نەرم بە نەوایەکی دڵنشین دەبزووا، کوتوپڕ شەپۆلەکان خرۆشان و ئاو تاڤگەئاسا خۆی لە بەردەکانەوە دەئالان. بەڵام هێور هێور تافەتاڤ ئاو و دەنگی زەنگۆڵە و دەنگدانەوەکانیان لە چیاکاندا خامۆش بوو. نا، خامۆش نەبوو، بەڵکو بە پێکەنینی خرۆشیی بزوێن و شادیی وروژێن گۆڕا ... زەریایەك لە سروودی شادیی بەخش! کەنارێکی پۆشراو بە سەدەف و ژنگەلێك کە پێدەکەنین، خۆیان دەشت، خۆیان بە شەپۆلەکان دەسپاردن و هەمدیس بە پێکەنین و قریوە و هاوارەوە دەگەڕانەوە. کەنار پڕ بوو لە قاقای پێکەنین.. مانۆلیۆس شپرزە گوێی بۆ پێکەنین و قریوەی ژنانێك ڕادەدێرا کە بەسەر شەپۆلی کەفچڕێنی زەریاوە هەڵبەز و دابەزیان دەکرد، دیارنەدەمان و هەمدیس سەریان لەنێو شەپۆلەکانەوە دەهێنایەوە دەر. بەڵام لەناکاوێکڕا هەموو شتێك هێوربۆوە. زەریا لە جووڵە

وەستا و کاترینا بێ ئەوەی لێو هەڵبێنێتەوە، بە ڕووتیی لە ئاوەکە هاتە دەرەوە.

مانۆلیۆس لە جێگاکەی هەستا و هاواری کرد:

– بەسە! ئیتر بەسە!

بەڵام نیکۆلیۆس سەری بەو لایەکی تر وەرچەرخاند و درێژەی بە ژەنیندا. ئەویش ئاوازەکە بەخۆیەوە گرێیداو و نەیدەتوانی لێو لەسەر شمشاڵەکە هەڵگرێت.

مانۆلیۆس جارێکی دی هاواری کرد:

– گوتم بەسە!

نیکۆلیۆس سەری شمشاڵەکەی بە سەر ئەژنۆی سڕی و گوتی:

– گەیشتبوومە باشترین بەشی ئاوازەکە!

فرمێسک بە گۆناکانی مانۆلیۆسدا ڕژایە خوار. شوانەی جاحێڵ گوتی:

– مانۆلیۆس چیتە؟ ئەوە دەگریت؟ نەفرەت لە شەیتان! ناڕەحەت بوویت؟ بەڵام ئەمە تەنێ شمشاڵە و ئەم هەمووەی کە دەیژنەفیت تەنێ فریوی بایە و بەس!

مانۆلیۆس ویستی بڕوات بەڵام قاچی لەدووی نەدەهات.

– وەزعم باش نییە. تەواوێك وەزعم باش نییە!

کوڕە شوان پێکەنی:

– دەنگی ئاوت ژنەفت؟

– کام ئاو؟

– کاتێ دەمژەند خۆم گوێم لێبوو. چ ئاوێکی فراوان! ئاخر تینووم بوو ...

زوو بەزوو لەجێگەکەی ڕاپەڕی. بۆ ژێر داربەڕوویەکی سەوز چوو کە لەوێ کۆڵەپشتەکەی هەڵواسیوو و لەناویدا مەتارەکەی کە وێنەی بزنێکی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، دەرهێنا. مەتارەکە دیاری مانۆلیۆس بوو. مانۆلیۆس لەدڵی خۆیدا گوتی:" بچم بنووم. لەرز بەریداوم." ئەوجا ڕووی کردە نیکۆلیۆس:

– تۆ لەهەمان شوێندا بمێنەوە و چاودێری گەلەکە بکە. من بۆ پشتیرەکە دەگەڕێمەوە پەنیر دروستکەم.

نیکۆلیۆس لێو و سینگە تەڕەکەی سڕی:

- دارم ئامادە كردووە. تۆ تەنها شیرەكە بكوڵێنە تا من دێم!

بە چاو دووی مانۆلیۆس كەوت كە لەتری دەدا. لەبەرئەوەی بەزەیی پێیدا دەهاتەوە، بانگی كرد:

- ئەگەر وەزعت باش نییە، ئەوا لە پەنیرەكە گەڕێ. كاتی خۆم گەڕامەوە دەیكەم. تۆ بڕۆ بنوو!

- بۆچی پێتوایە وەزعم باش نییە؟

- خودان چونكە قاچت دەلەرزێ. ڕەنگیشت وەك لیمۆ زەرد هەڵگەڕاوە!

كاتێ مانۆلیۆسی بینی كە بە هەلاَنگاوتنەوە لەودیو تەلاَنەكانەوە دیارنامێنێ، دڵسۆزانە گوتی:" هەی داماو! هەمان چەند دەقیقە لەمەوبەر لێنێوم بینی دەچوو بۆ لای. خودا لەوەلاتری بەرێت! شیرەی گیانی ئەم داماوە دەمژێ!" بەردێكی لەسەر ئەرزەكە هەڵگرت. بە تووڕەیی هەڵیدا و هاواری كرد:" خودا قڕ بخاتە نەسلی ڕەگەزی مێوە. نەفرەت لەهەرچی ژن هەیە!"

لەهەمانكاتدا بەرانی گەورە لەبەرامبەریدا وەدیاركەوتەوە. وەك بڵێی بیەوێت بیوروژێنێت.

ئاژەڵەکە سەرو لمۆزی باریکی داگرت و تووڕە شاڵاوی بۆ نیکۆلیۆس هێنا. کاتێ مانۆلیۆس گەییشتە پشتیرەکە، ویستی بۆ پەنیر دروستکردن ئاگر بکاتەوە بەڵام هێزی ئەوەی لەخۆدا ڕانەبینی. ئەوسا لەسەر سەکۆکە لەبەر هەتاودا دانیشت تا گەرمی بێتەوە. بەڵام خۆر لە ساتی ئاوابووندا و ئەمیش دەلەرزی. هێندەی نەخایاند دەنگدانەوەی دەنگی زەنگۆڵەی گەلەکە و فیکەی نیکۆلیۆس گەییە گوێ. کوڕە شوان بەردێکی هاویشت و گەلەکەی بەرەو پشتیرەکە ئیخدا.

ئەندێشەی مانۆلیۆس باڵی گرت و بەرەو ئاوایی فڕی. بە ژوور ماڵەکان، قاوەخانە و مەیداندا دەورێکی لێدا، ڕێگە بەرەو ژوورکەکەی بڕی و خۆی بە ماڵی قەشەدا کرد. ڕیش سپییانی ئاوایی سەرگەرمی دابەشکردنی ڕۆڵەکانی پەترۆسی قەدیس و یەهوزا و مەسیح بوون ... باوە فۆتیسی بینی کە لە پاڵ مەسیحییانی ئاوارەدا تووڕە و دڵ بریندار لەگەڵ قەشەیەکی تردا بێنە و بەردەیەتی و ژنێك کە لەدوای هاوارێك گیانی سپاردبوو.. قسەکانی یاناکۆسی بە نەوایەکی توند و

گاڵتەجاڕییانە و لەهەمانکاتدا پڕ حەقیقەت، لە گوێیدا دەزرنگایەوە:" تۆ لاف لێدەدەیت. تۆ ڕۆڵی مەسیح دەبینیت و ئەوکات دەتەوێ ژن بێنی و خۆت ئاڵوودە بکەیت؟ هەی درۆزن! هەی تەڵەکەباز!" سێبەرەکە چووە ژوورەکەی خودان، پاتریارکاسی پیری بینی و لێنێو کە بەر لەوە دەرگای حەوشەی لەسەری داخستبوو و بە سەرگۆی مەمکە خڕەکانی خۆی لێداو و بە کەشم و نەشمەوە پرسیبووی:" ئای مانۆلیۆس گیان، کەنگێ زەماوەند بکەین. کەنگێ؟ کەنگێ؟" ئیدی ئەوسا ... ئەوسا بەرەو چیا کەوتبووە ڕێ و بۆ ساتێك بۆ پشوو لەگوێ چاڵاوەکە دانیشتبوو .. دڵی گیرا و بەخۆی گوت:" بەزەییم پێیدا دێتەوە. خەفەتی بۆ دەخۆم. ئەو کەوتۆتە سەر ڕێیەکی خەراپ و تیادەچێت ..."

کاترینا، بە سەرپۆشە ڕەشەکەیەوە، بە گەردنە سپی وەك مەرمەڕەکەیەوە، بەو لێوە گۆشتنە قاوەیی و وەك ڕەنگی گوێزەیەوە، لەبەر چاوانیدا وەدیارکەوت و هاواری نائومێدانەی جارێکی تر ڕۆچووە گیانی مانۆلیۆس:" مەڕۆ، مانۆلیۆس، مەڕۆ!" وەك بڵێی تەنێ

ئەو دەیتوانی ڕزگاری بکا ... کوتوپڕ لە مانای خەونەکەی کاترینا حاڵی بوو ... بەڵێ، بێوەژنەکە ڕاستی دەکرد. تەنها ئەو دەیتوانی ڕزگاری بکا. ئەوە خودا بوو کە ئەمی بردبووە نێو خەونی ئەو ژنەوە تا مانگی قاشکردوو بنێتە زارییەوە. هەنووکە لە مانای خەونەکە دەگەییشت و لە شادومانییدا هەڵدەلەرزی. مانگی ڕووناکی بەخش، جیلوەی کەلامی خودا بوو... ئەویش دابەشکەری ئەو خوانە ئاسمانییە بوو. بەڵێ، ئەو دەبوو مادلینی گوناهباری ڕزگار کردبا:

– من دەبێ بە هەر تەرزێك بووە ئەو ببینم! دەبێ هەرچی زووترە بیبینم! هەر ساتێك تێپەڕێت بۆی هەیە زیاتر بە گوناه ئاڵوودە بێت. بەڵێ ... دەبێ بیبینم ... دەبێ. ئەمە ئەرکی منە.

تارماییەکە چووە کۆڵانێکی باریکەوە کە ماڵی کاترینای لێبوو. دەرگاکەی هیلالیی شێوە و سەوز ڕەنگ و تەقولبابەکەی خڕ ... بەردەرگاکە لە پاقیژەییدا بریقەی دەدایەوە. ئەو هەرگیز پێی لە بەردەرگاکە زیاتر نەبردبووە ئەودیوەوە، بەڵام ڕۆژێکی یەکشەممەی

بیرکەوتەوە کە دەرگاکە کرابۆوە و ئەم توانیبووی نیوەنیگایەك بگرێتە حەوشە گچکە بەردڕێژ و پاکوتەمیزەکە و ئینجانەکانی ڕێحان بەدەوری سەکۆی حەوشە و مێخەکە سوورەکانی گوێ بیرەئاوەکە ببینێ.

تارماییەکە هەروا بە ڕێگا شاخاوییەکەدا سەرەوخوار دەبۆوە، دەگەییشتە ئاوایی، دەچووە کۆڵانێکی باریکەوە و بە بەردەم دەرگایەکی گسکدراودا تێدەپەڕی و لێکدا لێکدا دووبارەی دەکردەوە:" من بە هەر تەرزێك بووە دەبێ ئەو ببینم! دەبێ هەرچی زووترە بیبینم! ... ئەمە ئەرکی منە."

بەتەرزێکی سەرسوڕهێن هەستی بەشادومانیی دەکرد. ئیدی بۆی دەرکەوتبوو بۆچی بەو ڕادەیە گەرەکی بە دیداری وی هەیە. بۆی دەرکەوتبوو کە نەك خودی ئەو، بەڵکو خودا خۆی ئارەزووی دیداری ئەوانی هەیە و بەم جۆرە هەستی بە بارسووکیی دەکرد. هەنووکە تێدەگەییشت بۆچی ڕۆژ و شەو لە پەرۆشیی دیداری بێوەژندا دەسووتێت. تا ئەو کاتە گومانی دەکرد ئەمە خواستی شەیتانە و شەرمنانە لەبەرامبەر ئەوەدا کە

وەسوەسەی دەکرد، بەرگرییی دەنواند. بەڵام ئێستا ... بە ئارامیی لە جێگاکەی هەستا. ئیدی هەستی بە سەرما نەدەکرد. ئەژنۆکانی نەدەلەرزین. ئەوسا ئاگرەکەی کردەوە و پەقرەجی پڕ لە شیری نایە سەر:

– بنۆڕە خودا بە چ ڕێگەیەك زەینی مرۆڤ ڕووناك دەکاتەوە! ئەمجارە خواستی ئیلاهی لەشێوەی خەوندا ڕێی بۆ نێو نوێنەکەی بێوەژن کردۆتەوە...

نیکۆلیۆس گەیشتبووە نزیك پشتیرەکە. دەنگدانەوەی باعەباعی مەڕگەلێك کە بۆ پشتیرەکە دەگەڕانەوە، فەزای لێپڕ و خۆر شەکەت لە پیاسەی ڕۆژانە، هێور هێور ئاوا دەبوو ...

مانۆلیۆس بە دەنگێکی گەرم و شادومان لە پاڵ دەرگای کوختەکەوە بانگی کرد:

– سڵاو نیکۆلیۆس! مەڕەکان بدۆشە و وەرە سفرە ڕاخە. من برسیمە!

سەراپای ڕۆژ لە خەفەتدا دەمی بۆ خواردن نەبردبوو، ئێستایش کە غەم ڕێی گەرووی بەردابوو، هەستی بە برسێتیی دەکرد.

نیکۆلیۆس بە حەپەساویی تەماشای کرد و پێکەنی:

– خودان، زیندوو بوویتەتەوە! ناشێ هەواڵێکی خۆشت بیستبێ؟

– گوتم برسیمە. خێراکە! من خۆم یارمەتیت دەدەم.

ئیدی هەردووکیان ڕۆیشتن سەتڵە مسەکانیان هەڵگرت، لەپاڵ یەکدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتن و کەوتنە دۆشینی مەڕەکان. ئاژەڵەکان یەک لە دوای یەک باری خۆیان دادەگرت و خۆشحاڵ دەڕۆیشتن و کاتێک کە دوو شوانی لێزان شیرەکەیان دەدۆشین، هێند لەزەتیان دەبرد وەک بڵێی دەمی گەرمی بەرخێک گوانیان بمژێت.

کاتێ کاری شیر دۆشین تەواو بوو، نیکۆلیۆس سفرەی لەسەر سەکۆیەک لەدەرەوەی پشتیرەکە ڕاخست. هەردووکیان خاچیان کێشا و وەکی دوو برسی شالاویان بۆ نان و گۆشت و پەنیری سپی برد. نیکۆلیۆس لەتەواوی ماوەی خواردنەکەدا بیری لە کوڵکن و لێنێو دەکردەوە و خوێن لە دەمارەکانیدا دەکولا. بەران و کیژەی گۆشتن لە زەینیدا ئاوێتە دەبوون و دەبوونە یەک. گا لێنێو بە پێکەنینەوە سوار پشتی بەران دەبوو و گا

بەرانەکەی بە سەر پشتی لێنێوەوە دەبینی. لەهەمانکاتدا بەردێکی لە سەر ئەرزەکە هەڵگرت تا بیهاوێژێت، لەژێر لێوەوە گوتی:

– بڕۆ بە دۆزەخ ... بڕۆ بە دۆزەخ!

مانۆلیۆس پرسی:

– نیکۆلیۆس چ بووە. چ دەڵێیت؟ بەرد دەگریتە کێ؟

کوڕە شوان هەمدیس لە قاقای پێکەنینیدا:

– شەیتان لەدەروبەرمدا پیاسە دەکا. بەردی تێدەگرم.

– مەگەر تا ئێستا شەیتانت بینیوە؟

– هەڵبەتە بینیومە!

– شێوەی چۆنە؟

– ئەمە ئیتر پێوەندی بەخۆمەوە هەیە.

ئەوسا لە جێگەکەی هەستا و سەرە گڕگرتووەکەی بەنێو سەتڵە ئاوەکەدا ڕۆبرد. مانۆلیۆسیش کە دەستی لەخواردن کێشابۆوە، لەجێگەکەی هەستا:

– نیکۆلیۆس، من دەبێ بۆ ئاوایی بڕۆم. خوداحافیز.

ڕوخساری نیکۆلیۆس لە سەرسوڕماندا سوورهەڵگەڕا:

- هەمدیس ئاوایی؟ بۆچ دەڕۆیت؟ خودان وەك بڵێی شەیتان لە دەوروبەری تۆیشدا پیاسە بکات.

- نا نیکۆلیۆس، شەیتان نییە. خودایە!

ئاوێکی بە قژیدا کرد، ئاوێنە خڕە گچکەکەی هەڵگرت و سەری شانە کرد. پاشان بۆ نێو کوختەکە چوو، جلکەکانی ڕۆژی یەکشەممەی پۆشی، ئاوێنە و شانە و دەستەسڕێکی خستە نێو شاڵەکەیەوە، بێ ئەوەی بزانێت بە کاری چیی دێن و بۆچی دەیانشارێتەوە.

نیکۆلیۆس کە بە ناخۆشحاڵییەوە لە خۆ ڕازاندنەوەی مانۆلیۆسی دەنۆڕی، گوتی:

- گوتم شەیتان لەدەوروبەرتا پیاسە دەکات ...

- منیش گوتم شەیتان نییە. خودایە!

بەرلەوەی بکەوێتە ڕێ، خاچی کێشا. نیکۆلیۆس لە تووڕەییدا تفێکی کرد و لەژێر لێوەوە گوتی:" هەمدیس دەیەوێ بۆ لای لێنێو بچێت، نەفرەت لەهەردووکیان بێت!

## 5

تاریك داهاتبوو. مەلەكانی شەو، چ عاشق و چ برسی، دەنگی بەسۆی خۆیان لێهەڵدەبڕی و یەكەمین ئەستێرەكان، واتە گەورەترینەكانیان بە ساپیتەی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە.

مانۆلیۆس هەروا كە بە كوێرە ڕێیەكەدا دەهاتە خوارەوە، بەخۆی دەگوت:" دەبێ ئارام بگرم تا دونیا تاریكتر دەبێت، بۆ ئەوەی كەس لە ئاوایی نەمبینێت!" وایدەگوت و هەوڵیدەدا وشە و قاڵبی ئەو گوفتارە بدۆزێتەوە كە دەبوو بەكاری بەرێت تا كەلامی خودا لەدڵی كاتریندا بچێنێ:" لە دەرگا دەدەم، ئەو دەرگاكە بەڕوومدا دەكاتەوە ... بە بینینم دەحەپەسێت. پاشان دەرگاكە دادەخا و پێكەوە دەچینە ژووری ..." مانۆلیۆس بەر لەوە حەوشەی ماڵەكەی بێوەژنی بینیوە و نەترساوە، گوڵە ڕێحان و مێخەك و بیرە ئاوەكەیشی بینیون ... بەڵام ئەی ژوورەوە چۆن؟ ترس باڵی بە

سەراپای بوونیدا کێشا. لەجێگای خۆیدا ڕاوەستا و لە فیکرەوە چوو:" بێگومان لە ژوورەکەدا تەختەنوێنیش هەیە ..."

زەینی لە کار وەستا. ئیدی نەیدەزانی چ بەو ژنە بێژێ. تەنانەت نەیدەزانی چۆن بۆی ڕاڤە بکات کە بۆچی لە کاتێکی ئاوهای شەودا بۆ ئاوایی هاتووە و لەدەرگای ماڵی ئەمی داوە. بێگومان بێوەژن بە سوورهەڵگەڕان و زوبان گیرانی وی دەکەوێتە پێکەنین و دەڵێ:" مانۆلیۆس گیان، خۆیشت نازانیت بۆچی هاتوویت؟ ناشێ تۆیش خەونت بینیبێ؟ مانۆلیۆس گیان ئا با بزانم، شەیتان بووە هۆی ئەوەی ئەم خەونە ببینیت یان مەریەمی مەجدەلیە؟ دەشێ ئەو دووانەیش هەردووکیان وایان لێکردبیت خەون ببینیت؟ هەڵبەتە جار بەجار ئەم شتە ڕوودەدا. باشە! کەواتە هاتوویت بۆ لام تا یەکەمجار لەبارەی خودا و بەهەشتەوە قسان بکەیت، پاشان بەبێ ئەوەی خۆت و منی داماو بەخۆمان بزانین هێور هێور بۆ سەر تەختەنوێنەکە دەچین و یەکتر لە ئامێز دەگرین... مەگەر جگە لەمە چ شتێکی تر هەیە؟ تۆ پیاویت و من

ژن. خودا بەو تەرزەی خوڵقاندووین. ئایا ئەوە گوناهی ئێمەیە کە هەر کاتێ لە پاڵ یەکدا ڕادەوەستین سەرەسوڕەمان پێ دەکەوێ، ئەقڵ لەسەرماندا نامێنێ، دەست و پێوپلمان بۆ یەکتر واڵا دەکەین تا یەکانگیری یەکدی بین؟"

خوێن بۆ سەری مانۆلیۆس هەڵگڕا و قسە شەرم ورووژێنەکانی بێوەژن کە هاوکات نزیکی ماڵەکەی دەبۆوە، لە گوێچکەیدا دەزرنگایەوە. بۆنی ئەو بنێشت و مێخەکە کە لە هەناسەیەوە هەڵدەسا و بۆنی شێداری جەستەی کە بە بۆنی ئارەقە و گوڵاو ئامێتە ببوو، بە سەریدا دەچوو. کوتوپڕ هەستی بە شەکەتیی کرد. ئەژنۆکانی نوشتانەوە، لەسەر گابەردێك ڕاوەستا و هەراسان لەخۆی پرسی:" چ کەسێك لە ناوەمڕا لەگەڵمدا قسانی دەکرد. ئەوە کێ بوو پێدەکەنی؟ ئەوە ئەژنۆی کێ بوو بەر ئەژنۆم کەوت و نووشتانییەوە؟" ئاخر ئەو هەر بەڕاستی دەنگی قسە و پێکەنینی بێوەژنی لە ناخی خۆیدا ژنەفتبوو، هێشتایش لە بۆنی جەستەیدا

دەسووتا. ئیدی چاوانی بەرەو ئاسمان ڕاگرت و هاواری کرد:" خودایە تۆ خۆت فریامکەوە!"

بەڵام ئەو شەوە، ئاسمان بەلایەوە زۆر بەرز و دوور و بێدەنگ بوو. ئاسمان لەو شەوەدا نە دۆست بوو، نە دوژمن و تا بڵێی بێباك! ترس شالاّوی بۆ هێنا. ئەستێرەکان دیقەتیان دەدا. دڵی لە حەژمەت سەرما بەستبووی. شەوانی زستانیش گا چاوانی زەق و زەردی گورگێکی ڕق ئەستووری لەودیو پەلك و گەلاّی درەختەکانەوە دەبینی کە نزیك پشتیری مەڕەکان لە بۆسەدا خۆی نابۆوە. ئەو شەوە ئەستێرەکانی ئاسمان ڕێك هەمان حاڵەتی چاوانی ئەو گورگەیان هەبوو. بەڵام جارێکی تر سایەی بێوەژن بە شیرینیی هەنگوین لە زەینیدا شێوەی گرت و کوتوپڕ ئەو توندوتیژیی و دڵڕەقییە سەبوورییان دایەوە. ژنەکە بێ ئەوەی قسان بکا یاخۆ پێبکەنێ، لەسەر تەختەنوێنە پانوپۆڕەکەی ڕاکشابوو، تلی دەدا و وەکی کۆتر دەیگمان و سەرمەستانە دەینالاّند.

مانۆلیۆس گوێی خۆی گرت تا هیچ نەژنەفێ. زەینی ئالۆز و دەماری ملی دەرپەڕیبوو. جارێکی تر شەپۆلێك خوێن شالاوی بۆ مێشکی هێنا. لاجانگەکانی لەژێر گوشاری شالاوی خوێندا کوڵی دەدا. پێڵووەکانی قورس، ڕوخساری دەسووتا و دەبرژایەوە. وەك بڵێی هەزاران مێروولە، چەناگە و نێوچەوانی بگەزن و هەڵیپاچن. لەشی نیشتە سەر ئارەقەیەکی سارد. دەستێکی بە ڕوخساریدا هێنا و لەناکاوڕا لە جێگەی خۆی ڕاچڵەکی. ویستی هاواربکا:" خودایە!" بەڵام دەنگ لە گەروویدا بەستبووی. جارێکی تر دەستی بە گۆنا، لێو و چەناگەی خۆیدا هێنایەوە. تەواوی ڕوخساری ئاوساو و لچ و لێوی بە شێوەیەك بە یەکدییەوە لکابوون کە دەمی بۆ نەدەکرایەوە. نائومێدانە دەستی بە ڕوخساریدا دەهێنا و لەخۆی دەپرسی:" چ بەلایەکم بەسەر هاتووە؟ بۆچی وام لێهاتووە؟ چۆن بزانم؟" ڕوخساری تا ملی ئاوسابوو. فرمێسك لە چاوانییەوە دەڕژا و بە گۆنایدا دەتکایە خوار:" دەبێ خۆم ببینم! دەبێ ڕوخسارم ببینم! دەبێ بزانم چیم

بەسەر هاتووە؟" ئاوێنە گچکەکەی لەبەرباخەڵی دەرهێنا، دانەوێوە و بە چەند چیلکەوچوێڵێك ئاگری کردەوە و لەبەر ڕووناکییەکەیدا لە ڕوخساری خۆی نۆڕی .. هاوارێکی بەسۆی لێ بەرزبۆوە، ڕوخساری پۆشراوبوو بە برینی کێماویی و چاوانی بە دوو مرواری گچکەی ڕەش دەچوون. کەپووی لەژێر ئاوساویی گۆناکانیدا بزر و لە دەمیشی تەنها کونیچك مابۆوە. ئیدی ڕوخساری نائینسانی و تا بڵێی قێزەوەن دەینواند. وەك بڵێی گۆشتێك هێنرابێ و وەکی دەموچاو لەسەر ڕوخساری دانرابێ:" خودایا، ناشێ گەڕ بووبم؟" لە ترسا بەسەر ئەرزەکەدا کەوت. هەمدیس خۆی لە ئاوێنەکەدا تەماشا کردەوە، بەڵام زوو بەزوو بە نەفرەتەوە ڕووی وەرگەڕاند. ئایا ئەوەی دەیبینی ڕوخساری ئادەمیزاد بوو یاخۆ شەیتان؟ لە جێگەکەی ڕاپەڕی و بەخۆی گوت:" ئیدی ناتوانم بچم بۆ لای .. چۆن بەم قڵافەتەوە بۆ دیداری بچم؟ چۆناوچۆنی قسانی لەتەکدا بکەم؟ من خۆم زەندەقم لە ڕوخسارم چووە چ جای ئەو! دەبێ بگەڕێمەوە!" وایگوت و ئیدی زوو بەزوو بە شێوەیەك

وەك بڵێی دوای کەوتبن بە پەلە و بێ ئەوەی بۆ ساتێك ڕاوەستێت بە کوێدا هاتبوو هەر بەوێشدا گەڕایەوە. کە گەیشتە کوختەکە بێ خشپە چووە ژوورێ تا نەبا نیکۆلیۆس بێداربێتەوە و چراکە داگیرسێنێ و بیبینێ. لە فیکرەوە چوو:" ڕەنگە خودا بیەوێ و تا سبەینێ باش ببم!" کەمێك هەستی بە ئارامیی کرد. لەسەر حەسیرەکەی دانیشت، خاچی کێشا و داوای لەخودا کرد ڕوحمی پێبکات:" خودایا، من مردنم هەزاران جار لە سووکیی و چرووکی پێباشترە .. خودایا، ئەم گۆشتە چییە کە بە ڕوخسارمەوە لکاندووتە؟ لایانبە و کارێك بکە ڕوخسارم تا سبەینێ بەیانی وەك ڕوخساری ئینسانیانەی پێشوومی لێبێتەوە." پەنای بۆ خودا برد و کەمێك ئارامی گرت، چاوانی لێکنا و لە خەوندا بینی کە ژنێکی ڕەشپۆش بەسەریدا چەماوەتەوە، هێور و میهرەبان ڕوخساری نەوازش دەکا. بێگومان ئەوە مەریەمی پاقیژە بووە. هەستیکرد ڕوخساری کراوەتر و سووکەڵەتر بووە. دەستی بۆ پێشەوە ڕایەڵ کرد، دەستە موجیزەگەرەکەی گرت و ویستی ماچی بکات بەڵام

لەناکاوێکڕا دەنگی پێکەنینێکی گاڵتەئامێز بەرزبۆوە و ڕووپۆشی ڕەشی ژنەکە کەوتە خوار. مانۆلیۆس هاوارێکی بەسۆی کرد و لە خەو وەئاگابۆوە. ئەو ژنە مەریەمی پیرۆز نەبوو. بەڵکو کاترینا بووە.

نیکۆلیۆس لەوسەری کوختەکەوە لەخەو وەئاگابۆوە، خۆی بەسەر ئانیشکەوە گرت و خودانی بینی ڕووەو دیوار نوستووە. زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەی هاتێ و گوتی:

- هێی مانۆلیۆس، ئەدی بۆچی گەڕایتەوە؟ وا زوو ئیشەکەت تەواو بوو؟

مانۆلیۆس سەری وەرنەگێڕا. دەستێکی بە ڕوخساریدا هێنا و نائومێدیی باڵی بەسەردا کێشا. ڕوخساری هەروا ئاوساو و برینەکانی دەمیان کردبۆوە و پەنجەکانی تەڕ ببوون. شلەمەنییەکی خەست و لینج بە دەستیدا دەهاتە خوارەوە:" تیاچووم ... تیاچووم ...گەڕییم گرتووە!" لەسەر دەم نووست و سەری بەنێو باڵشتەکەدا ڕۆبرد. بەڵام نیکۆلیۆس پێچەقێنیی دەکرد:

- خودان خۆش بوو؟ کارەکانت جێبەجێ کردن؟ هێی خودانی داماو، دیارە زۆر ماندوو بوویت؟ باشە، کەواتە بنوو!

یەکەمین تیشکی خۆر لە کلاوڕۆژنەکەوە خۆی بەنێو کوختەکەدا دەکرد. نیکۆلیۆس لە جێگاکەی هەستا تا مەڕەکان بەرەو لەوەڕ بەرێت. ڕێك لەو ساتەدا کە دەیویست کوختەکە جێبێڵێ، ڕووی بەرەو لای مانۆلیۆس وەرگێڕا و گوتی:

- مانۆلیۆس تا شەو بە ئومێدی دیدار!

مانۆلیۆس بۆ تاوێك خافڵگیر بوو، ڕووی وەرگەڕاند تا وەڵام بداتەوە کە ئیدی نیکۆلیۆس ڕوخساری بینی و زەندەقچوو لە کوختەکە دەرپەڕییە دەرەوە:

- ئەی مەریەمی پیرۆز! جنۆکە هاتووە!

چاوانی مانۆلیۆس گچکە ببوونەوە. ڕوخساری لەهەر لایەکەوە شەقار و جەڕاعەتی پێدا دەهاتە خوارەوە. هەوڵیدەدا قسان بکا و دڵنەوایی نیکۆلیۆس بکا بەڵام نەیدەتوانی تەنانەت یەك وشەیش گۆ بکا، ئیدی بە دەست ئاماژەی کرد ئارام بێتەوە. نیکۆلیۆس سەری

لەنێو دەرگاکەدا و جەستەیشی لە دەرەوە تا لەکاتی پێویستدا بتوانێت هەڵبێ و بە چاوانێکی زەقەوە تەماشای مانۆلیۆسی دەکرد. بەڵام وردە وردە ئارام بۆوە و تەپەی دڵی ئاسایی بۆوە:

- توخودا مانۆلیۆس، بڵێ بزانم ئەمە خۆتیت؟ ئەگەر خۆتیت ئەوا خاچ بکێشە تا دڵنیا بم!

دوای ئەوەی مانۆلیۆس خاچی کێشا، نیکۆلیۆس جورئەتی پەیداکرد و هاتە نێو کوختەکە و بێ ئەوەی زۆر نزیکی بێتەوە، دڵسۆزانە پرسی:

- مانۆلیۆسی بەسەزمان، ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟ هەبێ و نەبێ شەیتان خۆی بەسەردا داویت و ئەم ڕوخسارەی پێوە لکاندوویت. خودا خۆی ڕوحم بە من بکات! بێگومان ئەوە ئیشی خودی شەیتانە! وەختی خۆی هەمان بەڵا بەسەر باوەگەورەی منیشدا هاتووە.

مانۆلیۆس سەری لەقاند و ڕووی کردە دیوارەکە تا هاوڕێکەی نەترسێت. بە ئاماژە داوای لێکرد کوختەکە جێبێڵێ. نیکۆلیۆس شەرمەزارانە دووبارەی کردەوە:

- تا شەو بە ئومێدی دیدار.

وایگوت و زوو بەزوو وەك بڵێی شەیتان ڕاوی بنێت بە هەڵەداوان دوورکەوتەوە. کاتێ مانۆلیۆس تەنیا بوو، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و لە جێگەکەی ڕاپەڕی. هەستی کرد وەزعی باشە و هیچ جێگایەکی جەستەی نائێشێت. ئیدی نەدەلەرزی و سەری سوڕمابوو لەوەی کە لە قووڵایی بوونیدا هەستی بە سووکەڵەییەکی قووڵ دەکرد. ئاوێنە گچکەکەی بەدەستەوە گرت. چووە نزیك کلاوڕۆژنەی کوختەکە و خۆی تێدا تەماشا کرد. ڕوخساری ئاوساو و پێستەکەی پڕ لە چڵك و قڵیش. شلەمەنییەکی زەرد و لینج بەنێو قڵیشەکاندا دەهاتە خوارێ و لەنێوان سمێل و ڕیشیدا دەمەیی. گۆشتی ڕوخساری ڕێك وەك گۆشتی دوکانی قەسابێك سوور بوو. خاچی کێشا و بەخۆی گوت:" ئەی مەسیح، ئەگەر شەیتان جادووی لێکردووم، ئەوا خۆت پووچەڵی بکەوە، خۆ ئەگەر لەخودایشەوەیە ئەوا بێگومان حیکمەتێکی تێدایە. من باش دەزانم خودا خەراپەی منی ناوێ و دەبێ نهێنییەك لەم نەگبەتییەدا

حەشاردرابێت. کەواتە هێند ئارام دەگرم تا خودا خۆی دەستی موحیبەت بە ڕوخسارمدا دێنێ!" ئەوسا هەستی بە ئارامیی کرد. ئاگری کردەوە، مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگردانەکە دانا و ئەو شیرەی تێکرد کە دوێنێ شەو دۆشراو بوو، لەبەرئەوەی هەستی بە برسێتیی دەکرد، کاسەیەك شیری هەڵگرت تا بیخواتەوە، بەڵام نەیتوانی دەمی بکاتەوە. ئیدی قامیشی خستە نێو شیرەکە و بە ئیشتیای تەواو کەوتە هەڵمژتنی. کە تێر بوو ئەوسا لە کوختەکە چووە دەرێ و لەسەر سەکۆ بەردینەکە دانیشت.

خۆر مەلەکانی لەخەو بێداركردبوونەوە و سەرە گچکەکانیان لێوڕێژ ببوو لە جریوە! خۆر خۆیشی بەئارامیی سەری لە گەوەی چیاکەوە هێنابووە دەرێ و بە تەپۆڵکە و دەشت و دامێنەکانا ڕادەگەییشت. ئەوسا هێور هێور سەری بۆ نێو ماڵەکانی ئاوایی دەکێشا و بێوەژنی خافڵگیر دەکرد و دەخزییە نێو ئەگریجەیەوە، بێوەژن هێشتا لە نوێنەکەیدا و تێر خەو نەببوو. ماریۆریشی لەکاتی ئاودانی گوڵەکاندا خافڵگیر دەکرد و

ماچی لامله پاقیژەکەی دەکرد. تەواوی ژنانی ئاوایی خافڵگیری نەوازشی خۆر ببوون. وەك بڵێی ئەوە دەستی نەوازشی مێردەکانیان بێ کە بەسەریاندا دەهێنرا. مانۆلیۆسیش بوونی خۆری لە تەنیشت خۆیەوە هەست پێدەکرد. هەردوو دەستی بۆ سەرەوە هەڵبڕین، بەخێرهاتنی لێکرد و بە حەپەساوییەوە لەخۆی پرسی:" نازانم بۆچ هەست بە شادومانیی و سوکەڵەیی دەکەم؟ هیچ تێناگەم!"

لە هەمانکاتدا کە جەراعەتە تووەوەکانی لەبەرامبەر گەرمای خۆردا بە دەسەسرێك دەسڕی و دەسەسرەکەی لەبەر خۆردا ڕادەگرت تا وشك بێتەوە، دووبارەی دەکردەوە:" نازانم ... هیچ تێناگەم!" کاتێ کە لە دەیر دەژیا، ڕۆژێکیان باوە ماناسیسی قەشەی پیر، لەبارەی زاهیدێکەوە قسانی بۆ کرد کە پێستی جەستەی قڵیشاوە و کرمی لێ هاتۆتە دەرەوە. کاتێك کرمێك لە قڵیشی پێستییەوە کەوتۆتە سەر ئەرزەکە، دانەویوەتەوە و بەوپەڕی پارێزەوە کرمەکەی هەڵگرتۆتەوە و هەمدیس لەسەر برینەکان دایناوەتەوە و گوتوویەتی:" هێند لە

گۆشتەکەم بخۆ تا ڕۆحم وەدیاردەکەوێت .." لەو ڕۆژەوە بەدوا مانۆلیۆس هیچکات ئەو داستانەی بەبیردا نەهاتبۆوە، بەڵام ئێستا کە وەیادی هاتبۆوە، پەندی متمانە و ئومێدی لێ وەردەگرت! لە جێگاکەی هەستا، چووە نێو کوختەکە و ئەو دەسەسڕەی نایە بن هەنگڵی کە دارە هەڵکۆڵراوەکەی تێوە پێچابوو، بە بڕبەنگ و مقەستەوە هاتە دەرێ و لەبەر هەتاودا دانیشت. جارێکی تر هەستیکرد ئەیکۆنی پیرۆز لەدڵیدا زیندووبۆتەوە. بەئاشکرا تەواوی وردەکارییەکانی ئەیکۆنەکەی دەبینی. ئیدی نیگای ڕۆحی بڕییە وێنە خەیاڵییەکە و داتاشینی دارەکەی دەستپێکرد تا ئەیکۆنی پیرۆزی لەسەر هەڵکۆڵێت.

زەمەن بەخێرایی تێدەپەڕی. خۆر بە ساپیتەی ئاسماندا دەهات و ڕێگەی دابەزینی دەگرتەبەر. تەڵاشی دار دەڕژایە سەر ئەرز. دارەکە تا دەهات تەنك و تەنكتر دەبۆوە و ڕوخساری ئارام، خەمین و شەلاڵ لە حەوسەڵەی مەسیحی ئاشکراتر دەکرد. هەوڵیدەدا تا بەڵکو بتوانێت دەمی حەزرەت وەدیار بخات، بەڵام لێوی

بەردەوام دەجوولا و شێوەگۆڕکێی دەکرد و ئیدی مانۆلیۆس نەیدەتوانی کاری دەمەکەی بگەیەنێتە پایان. لێوەکان گا بە پێکەنین دەکرانەوە، گا بە نیشانەی گریان چرچییان دەخستە گۆشەکانیانەوە و گا سەخت لەسەر یەك جووت دەبوون تا بەبێ هاوار گوزارشت لە عەزاب بکەن...

که شەو داهات، کاتێ نیکۆلیۆس گەلەکەی گەڕانەوە، مانۆلیۆسی بینی کە هێشتا هەر لەسەر سەکۆکە دانیشتووە و ڕوخساری مەسیح دادەتاشێ. کاری ڕوخسارەکە تەواو ببوو، تەنها کارێك کە مابووی کلۆر کردنی ئەودیو ڕوخسارەکە، ڕێك بە ئەندازەی جێگەی سەرێك بوو تا بتوانێت لە ڕێوڕەسمی تەمسیلەکەدا وەك دەموچاوێکی مەسیح کەڵکی لێوەربگرێت ...

نیکۆلیۆس ئیستێکی کرد، نیوە سەرنجێکی لە ڕوخساری خودالدا، زوو بەزوو ڕووی وەرگێڕا و توانای تەماشاکردنی ڕوخساری وی نەبوو. ئاخر تەواوی ڕوخسار و مووی ڕیشی لەژێر جەراعەتێکی زەردی

مەییودا، بزر ببوو. وەك بڵێی شەیتان ئەیکۆنەکانی مەسیحی لەسەر ئەژنۆی دانابێ. بۆیە گوتی:

– پێویست ناکا یارمەتیم بدەیت. خۆم بەتەنها مەڕەکان دەدۆشم.

مانۆلیۆس سەری هەڵبڕی و چاوانی نووقاند. گەرچی لەپەلوپۆ کەوتبوو، بەڵام ئارامیی دایگرتبوو. دارە داتاشراوەکەی لەنێو دەستیدا دەگوشی و هەستی بە شادومانیی دەکرد. ئاخر توانیبووی وێنەکەی ناخی لەسەر ئەو دارە بەرجەستە بکات. ئەوەی کە لەسەر دارەکە دایتاشی بوو، ئیدی نەدەلەرزی، شەپۆلی نەدەدا، لە فەزادا نەدەڕەوایەوە و هەرگیز لە ئەندێشەی هەڵنەدەهات. لەوەی کە توانیبووی رۆحی خۆی لە دارەکەدا بشەمزێنێ، هەستی بە باڵ سووکی دەکرد. ئاخر ئەو توانیبووی زاری مەسیح بە هەمان شێوەی دەردمەند و بگۆڕ لە حاڵەتگەلی جۆراوجۆردا هەڵبکۆڵێت. بە ئارامی دارەکەی لەنێو دەستیدا دەسووڕانەوە و تەماشای دەمی مەسیحی دەکرد، لێوی لە بەرامبەردا پێدەکەنی، لای ڕاستەوە دەگریا، لای

چەپەوە پتەویی و غروری دەنواند ... مانۆلیۆس چاوانی لێکنان و بە میهرەبانی، بە سۆز و بە سەرپەنجەکانی کەوتە نەوازشکردنی. ڕێك هەروەکی مەریەم کە فەرزەندە ئاسمانییەکەی نەوازش دەکا، جارێکی تر بە پارێزی تەواوەوە دەسەرەکەی لە دارە داتاشراوەکەوە پێچا و وەکی ساوایەکی شیرەخۆرە لە ئامێزی خۆی نا.

نیکۆلیۆس، دوای ئەوەی مەڕەکانی دۆشین، بۆ کوختەکە گەڕایەوە و بێ ئەوەی تەماشای مانۆلیۆس بکات، شێوی ئامادە کرد. لێوڕێژ لەهەستی چالاکییەکی ناوەکیی و لە گوزارشت بەدەر، لە دڵی خۆیدا گوتی:" داماوە بەم قلافەتەوە گەرەکییەتی ژنیش بێنێ! بێگومان لێنێو بە بینینی دەکەوێتە زریکە، دوو پێی هەیە، دووانی تریش قەرد دەکا و هەڵدێ!" ئەوسا نزیکی دەرگاکە بۆوە و پرسی:

– مانۆلیۆس شێو دەخۆیت؟ دەتوانیت دەمت بکەیتەوە؟

مانۆلیۆس لەجێگەکەی هەستا. بیری چوو بوو فراوین بکا و هەستی بە برسێتیی دەکرد. وەك بەیانی کاسەیەکی پڕ لە شیر کرد و بە قامیش کەوتە خواردنەوەی و کاتێ کاسەکە بەتاڵ بوو، جارێکی تر تێیکردەوە.

تاریك داهاتبوو، بەڵام ئەوان چرایان پێ نەکرد تا نیکۆلیۆس ڕوخساری ئاوساوی مانۆلیۆس نەبینێ و ئازار نەچێژێ. نەیدەزانی بۆچی ئەو هەستی بە شادومانی دەکرد! کاتێ شێوی خوارد، ڕۆیشت لەنزیك ئاگرەکەوە دانیشت، بە دارێك گەشانییەوە، بە شادومانی کەوتە قسان:

- بەڵێ، خەریك بووم باسی باوە گەورەمم بۆ دەکردیت
- هەمان ئەوەی کە ئەم بەیانییە لە بارەیەوە دووام -
کاتێ بە ڕادەی پێویست خەڵکی کوشت، دزیی کرد و هەموو تاوانێك کە ئەقڵ مەزەندەی نەکا، ئەنجامدا، ئیدی ڕۆیشت و بووە قەشە. مەگەر خۆت نەتبیستووە کە شەیتانیش کاتێ پیر بوو، بووە قەشە؟ دەی باوەگەورەی خوالێخۆش بووی منیش هەمان ئەم کارەی شەیتانی

کرد و ڕۆیشت لە دەیری قەدیس پانتلەمون – هەمان ئەو دەیرەی کە تۆ زەمانێك لێی دەژیایت – خۆی گۆشەگیر کرد ... بەڵام دەزانیت دوای ئەوە چ ڕوویدا؟ لە نزیك دەیرەکە ئاواییەك هەبوو کە پڕ بوو لە ژن ... دەك خودا ژن بە نەفرەتکا کە لە هەموو جێگایەك هەن!

کاتێ قسان گەییشتە ئێرە، نیکۆلیۆس تفێکی لەنێو خۆڵەمێشی ئاگرەکە کرد و ڕووی بۆ لای مانۆلیۆس وەرگێڕا:

– مانۆلیۆس گوێت لێیە؟

کاتێك مانۆلیۆس سەری بە ئاماژەی بەڵێ جووڵاند، نیکۆلیۆس تێهەڵچۆوە:

– ... بەڵێ، ڕۆژێکیان کە شەیتان هاتبووە جەستەیەوە، بەخۆی گوت:" من پێویستم بە ژنە! من ژنم گەرەکە! دەچمە ئاوایی و هێند دەگەڕێم تا بۆ خۆم ژنێك دەدۆزمەوە! مێرددار بێ یان بێوەژن، پیر بێ یان گەنج چ گرنگ نییە، تەنها هێندە بەسە کە ژن بێت!" شەوی هەمان ڕۆژ کاتێ قەشەکانی تر نوستن، باوەگەورەم لە دیواری دەیرەوە بازیدا و وەکو با بەرەو ئاوایی ڕایکرد.

دەیویست وەك بروسکە بڕوات، کاری خۆی تەواوکا و بێ ئەوەی کەس سووسەی چ شتێك بکا، بۆ دەیر بگەڕێتەوە. تێگەیشتیت؟ هەر بۆیە جبەکەی هەڵکرد، هەر وەکی بەرانی مەست کە لە دوورەوە چاوی بە پەز کەوتبێت دەیباعاند و ڕایدەکرد ... بەڵام خودا بەزەیی پێیدا هاتەوە و ڕێك لە ساتی خۆکردنی بە ئاواییدا، دووچاری گەڕیی کرد. تەواوی جەستەی پڕ بوو لە دومەڵی هێندەی فستقێك چوزانم هێندەی گوێزێك گەورە. ڕێك هێندەی هەڵوژە پاییزەیەکی گەنیو. تێدەگەیت چ دەڵێم؟ هەموو جێگایەکی جەستەی بۆنی لێدەهات ... خودا لێیخۆش بێت، داماوە لە ترسا بەخۆی گوت:" ئێستا کوێوە بچم؟ کام ژن دەوێرێت دەستم تێوە بدات؟ باشترە بگەڕێمەوە!"

مانۆلیۆس گوێی ڕادەدێرا و هەڵدەلەرزی. بە ئانیشك بە لاکەلەکەی نیکۆلیۆسیدا کێشا و داوای لێکرد بەردەوام بێت. بەڵام نیکۆلیۆس بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەمانە هەمووی ئەفسانەن کە ژنان بۆ خەواندنی منداڵەکانی خۆیان دەیگێڕنەوە. منیش ئەوم لە دایکە

ڕەحمەتییە داماوەکەمەوە ژنەفتووە. ئەو خۆیشی کاتێك بۆ منی دەگێڕایەوە پێدەکەنی. هەر بەڕاستی قەشەیەکی سەیر و نموونەیی بوو! وا نییە؟ بەهەرحاڵ باپیرەی ڕۆیشتوو گەڕایەوە، لە دیوارەوە بازی بۆ نێو دەیرەکەدا و خۆی لە هۆدەکەیدا حەشاردا ... سبەینێی ئەو ڕۆژە قەشەکان ئەویان بینی کە وەکی مشك ئاوسابوو.

مانۆلیۆس هەمدیس بە ئانیشك لە هاونشینەکەی خۆیدا و نیکۆلیۆسیش بەردەوام بوو:

– گەرەکتە بزانیت چی بەسەر هات؟ ئەدی لەکوێوە بزانم؟ من ئەو کات منداڵ بووم و ئەم شتانە جێگە سەرنجم نەبوون. ئەو داماوە ئێستا لەژێر خۆڵدا ڕزیوە و ئیدی لە شەڕی ژنان قوتاری بووە!

دوای گۆکردنی دوایین ڕستە، پێکەنی. کەمێك دواتر باوێشکێکیدا و گوتی:

– زۆر خەوم دێت. دەچمە دەرەوە بنووم، لێرە لە گەرمادا دەخنکێم! ...

لەڕاستیدا گەرمای نەبوو، بەڵام دەترسا لە کوختەکەدا و لەنزیك مانۆلیۆسەوە بنوێت:

– ... جێی تۆیشم داخستووە. بنوو ... سبەینێ وەزعت باش دەبێ!

ئەوسا بەتانییەکەی لەدەرەوەی کوختەکە ڕاخست، بەردێکی کردە سەرین و نایە ژێر سەری، چاوانی لێکنان. بیری لە لێنێو دەکردەوە و لەوەدا بوو بە خەیاڵی وییەوە بوروژێت، کە پێڵووەکانی قورس بوون. ئیدی تلێکیدا و خەوی لێکەوت.

مانۆلیۆس چەند پەلکێکی باریکی لەناو ئاگرەکە نا. لە تەنیا مانەوە لەتاریکیدا، ترس دایدەگرت. لە لرفەی سەمائاسای ئاگرەکەی دەنۆڕی و گوێی بۆ دەنگەکانی دەرەوەی کوختەکە هەڵخستبوو. گوێی ڕادێرابوو بۆ ناڵەی پەپووەکان و دەنگی مێرووی ورد کە خۆڵیان دەکرۆژت، بۆ زیکەی بەسۆی مشکگەلێك کە لە دارەڕای ساپیتەکەدا ڕاوڕاوێنیان دەکرد و بۆ ئاوازی نزم بەڵام بەردەوامی ناخی خۆی کە تەنها لە شەودا، ئەویش لەکاتێکدا کە ئارامی باڵیی دەکێشا، دەیژنەڤت. لە جێگاکەی هەستا و لە دەرگای کوختەکەوە لە ئەستێرەکان وردبۆوە، شیرەڕێ بەئارامیی دەخلیسکا.

جۆپیتەر بە تەواوی توانای دەدرەوشایەوە. ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە ئارام بەڵام شادومان دەدرەوشایەوە. مانۆلیۆس بۆ نێو کوختەکە گەڕایەوە و هەمدیس لەبەر ئاگرەکەدا دانیشت. هەستی دەکرد شادومان و کەیفحاڵە. وەك بڵێی ساپیتەی ئاسمان دابەزیبێ و ئەوی لەئامێز گرتبێ ... لەناکاوێکڕا قسەکانی نیکۆلیۆسی بیرکەوتەوە، دڵی وەتەپە کەوت. بەخۆی گوت:" ئەی مەسیح، ئایا ئەوە موجیزە بووە؟ ئایا لەو لەحزەیەدا منیش وەك ئەو ڕاهیبە پیرە بەرەو خەرەند ڕامدەکرد تا خۆم هەڵدێرم کە تۆ فریام کەوتیت و دەستت گرتم؟" دەستی بە ڕوخساریدا هێنا بەڵام وەزعی نەگۆڕا و نەترسا. دەستی لە گۆنا ئاوساو و قڵیشبردووەکەیەوەدا، پاشان هاتەوە سەرخۆ و لەهەمان کاتدا کە دەستی بە برینەکانیدا دەهێنا، لە دڵی خۆیدا گوتی:" کێ چوزانێ؟ کێ چوزانی؟ ... ڕەنگە بۆ ڕزگار بوونم قەرزاری هەمان ئەم برینانە بم!" هەمدیس هێوربۆوە و پاڵی بەدیوارەکەوە دا. تینی ئاگرەکە خەوهێن بوو. جارجار کاتێ بەڕەنگاری تاریکیی دەبۆوە، ڕۆدەچوو لە خەوندا

و ڕێگەی خۆی دەدۆزییەوە. ئەو شەوەیش لە فیکرەوە چوو:" ڕەنگە خودا بێتە خەونم و ڕێگەی ڕاستم پیشان بدات!" ئەوسا ئارام لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا، چاوی لێکنا و هەر زوو خەوی لێکەوت. کاتێ چاوی کردەوە ئاگرەکە کوژابۆوە، لە سەرمای بەرەبەیاندا دەلەرزی و کەڵەشێر دەیخوێند. گەرچی بیری نەدەکەوتەوە چ خەونێکی بینیبێ، بەڵام هەستی بە ئارامی دەکرد. خاچی کێشا و لێوی جووڵاند. لە ئازاردا بەخۆیەوە جەڕا بەڵام توانی وشەگەلێك گۆکات:" سوپاس خودایە!" لە جێگاکەی هەستا، لە کوختەکە چووە دەرێ و وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی، لەسەر سەکۆ بەردینەکە دانیشت.

خۆر، سوور و خڕ سەری لە ئاسۆ هێنابووە دەر و شادومان لە قەڵەمڕۆی خۆی، ڕێك بەو تەرزەی کە خۆرئاوابوونی ڕۆژی پێشوو جێیهێشتبوو، دەنۆڕی. لە دەشتی بەپیت، لە کێوی سەوز و لە تەڕوتازەیی کێوی پاقیژە، لە بەرزاییە پڕ لە گاشەبەردەکانی ساراکینا، لە چۆمی ویدومانا، لەو ئاوێنە گرد و درەخشانە و لە

ئاوایی میهرەبانی لیکوڤریسی، لە خەڵکەکەی کە وەکی مێرووله بە کۆڵانە تەنگەبەرەکانیدا دەهاتن و دەچوون.

مانۆلیۆس جارێکی تر سوپاسی خودای کرد و بە دەسەسرِ کەوتە وشککردنەوەی دومەڵەکانی ڕوخساری.

*

مانۆلیۆس لەدامێنی کێوەکەدا، گا لەگەڵ کوتە دارێکدا خەریك دەبوو تا شێوەیەکی ئینسانی پێبدا، گا بە خودا و شەیتانەوە خۆی سەرقاڵ دەکرد و گا بە لێنیۆ یاخۆ بێوەژنەکەوە! بەمجۆرە لەگەڵ خۆیدا لە کێشمەکێشدا بوو... هاوکاتیش باوە فۆتیس کاروبارەکانی لە دامێنی کێوی ساراکینادا ڕێکدەخست. ئەو ئەرکیی بە هەرکەسێك سپاردبوو. دەستەیەك بێڵیان لێدەدا تا پارچەیەك ئەزری گچکەی بۆ کشتوکاڵ گونجاو بکێڵن و تۆوی بکەن، گروپێکی تر خانوویان ڕۆدەنا و گروپێکی تر بۆ ڕاوی کەروێشك و کەو دەچوون تا خۆراکی پەنابەران دابینکەن. قەشە بە سێ لیرەکەی یاناکۆس

سێ مەڕی کڕی و جگە لەوەش مەڕەکەی بێوەژنیان هەبوو، ئیدی شیری ساواکان دابین ببوو ... ئەم خۆیشی بەنیاز بوو کە بە ئەیکۆنە موجیزەهێنەکانی قەدیس ژۆرژەوە بۆ ئاوایی و دەیرەکانی دەوروبەر بڕوا و داوای خێر بکا. هەمیشە بەخۆی دەگوت:" ئێمە گرێکستانین، مەسیحیین و نەژادمان نەمرە و ناکرێ تیابچین!"

لەبناری کێودا و لە گوندی لیکوڤریسیش، ناخودا تۆفان هەروا لەسەر تەختەنوێنەکەی دەینالآند و ئێسکە شکاوەکانی یەکیان نەدەگرتەوە. ئاغا بەزەیی پێیدا دەهاتەوە و بەردەوام مەیتەرەکەی بە مەرهەمی تازە و زەیتی شیفابەخشەوە بەرەو لای دەنارد و جوابی بۆ دەنارد کە هەرچی زووترە چاك بێتەوە و سەردانی بکا تا پێکەوە بکەونەوە بادەنۆشیی.

پاتریارکاسی پیریش زۆر وەزعی باش نەبوو. بەردەوام دەکۆکی و تەنگەنەفەس دەبوو. کوتوپڕ لە حەژمەت کۆکەکۆك، ڕەش دادەگەڕا و ساتێك دوای ئەوە دادەنیشت و شێلگیرانە دەیخوارد و کەمێك دواتر دەڕشایەوە، بەڵام هەمدیس دەیخوارد ... لێکدا لێکدا

بەدوای کاتریندادا دەینارد تا بێت و بیشێلێت، بەڵام بێوەژن گاڵتەجاڕانە جوابی بۆ دەناردەوە کە خۆیشی نەخۆشە و پێویستی بە شێلانە.

قەشەیش نیگەرانی ماریۆری، کیژە تاقانەکەی بوو. تووانەوەی ڕۆژانەی بە چاوانی خۆی دەبینی و دەیویست هەرچی زووترە لە میکیلیسی مارە بکا و تا درەنگ نەبووە نەوەی بۆ بێنێ. ئەمە گەورەترین ئارەزووی ئەو بوو. قەشە نەوەی دەویست. نەوەیەك کە ناوی بەزیندوویی بهێڵێتەوە. ئاخر ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەمە تەنها ڕێگەیەکە بۆ زاڵ بوون بەسەر مەرگدا.

پانایۆتیسی گەچخۆریش ڕۆژگاری باش نەدەچووە پێش. سێ شەو بوو بێوەژن دەرگای بەڕوودا نەدەکردەوە. ئیدی ئەوی نەدەویست و خەیاڵێکی نوێی لە سەردا بوو. ئەو تۆبەی کرد بوو. زوربەی جاران دەڕۆیشت بۆ کڵێسا و مۆمی دادەگیرساند! ... پانایۆتیسی کەتەیش بۆ فەرامۆشکردنی غەم هەموو شەوێك دەیخواردەوە، بە سەرخۆشیی بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە، بە کوتەك بەر دەبووە ژن و دوو کیژەکەی و

پاشان دەچوو لە حەوشە لەسەر ئەرزەکە دەنووست و دەیپرخاند. لە کۆڵانەکانی گونددا، لەکاتی سەرخۆشیدا منالان سەریان دەخستە سەری و بە یەهوزا یەهوزا توورەیان دەکرد. ئەویش شاڵاوی بۆ دەبردن تا بیانگرێت، بەڵام لە حەژمەت سەرخۆشیی دەکەوت و تەختی ئەرزەکە دەبوو.

لاداسی پیریش هەموو ڕۆژێك بەیانی، هەمان قسەی هەمیشەیی بۆ هاوسەرەکەی کە بێ دەنگ گۆرەوی دەچنی، بێ ئەوەی گوێی بۆ ڕادێرێ، دووبارە دەکردەوە:

– پەنلوپ گیان درەنگی کرد، ئەم یاناکۆسە گێلە درەنگی کردووە و هێشتا وەسڵی سێ لیرەکەی ئیمزا نەکردووە. هێشتا هیچ شتێك، تەنانەت یەك چنگ گوارەشی نەهێناوە ... پەنلۆپ تۆ دەڵێیت چی؟ ئایا ڕێی تێدەچێ ژنێك، ئەگەر هەرچەندێك هەژاریش بێت ئاڵتونی نەبێت؟ نا، شتی وا نابێت! خودا ڕێگە نادات بێ ئاڵتون بێت ... دەبینیت یاناکۆس بە زێڕ و زیوەوە دەگەڕێتەوە. پەنلوپ گیان .. لە خۆڕا مەزەندەی خەراپ مەکە!

دەنگێك بەگوێی لاداسی پیر گەییشت. گومانی کرد لە دەرگای حەوشە دەدەن و دەنگی زەڕینی گوێدرێژی هاتە بەر گوێ. بە پێی پەتی بەرەو دەرگاکە ڕایکرد، کردییەوە و لە سەرانسەری کۆڵانی نۆڕی، بەڵام چ ئەسەرێك لە یاناکۆس نەبوو.

یاناکۆسی دێوەرە لە ئاواییەکانی دەوروبەردا سەرگەرمی گەشتی ڕۆژانەی بوو. شانە و ئاوێنەی گچکە، حەکایەتی قەدیسان و قوماشی دەفرۆشت و لە بری ئەوە گەنم، خوری، مریشك و هێلکەی وەردەگرت، لەبەرئەوەی خەیاڵیشی لە جێگایەکی تر بوو بۆیە هەم دروست دەیکێشا و هەم ڕێك ئەندازەشی دەگرت. ئاخر ڕۆژێکیان لە زانایەکی موسوڵمانیان پرسی بوو:" مرۆۃ کەنگێ دەتوانێ خۆی لە گوناه بەدوور بگرێت؟" ئەویش وەڵامیدابوونەوە:" کاتێ لە ساتی سەودا و مامەڵەدا خەیاڵی لای مەسەلەیەکی گرینگتر بێت ... " دەی خەیاڵی یاناکۆسیش لای مەسەلەیەکی گرینگتر بوو. گا بیری لە کاپتن تۆفان و هاوارە پڕ لە بەسۆکانی دەکردەوە و گا بیری لای خوشکە زوبان درێژەکەی بوو کە ببووە

بەڵا بۆ گیانی کوستانتیسی داماو و گایش بیری لە مانۆلیۆس دەکردەوە کە بێگومان بۆ چیا گەڕابۆوە و هەوڵی دەدا تا مەسیح و لێنێو پێکەوە یەکانگیرکا ... بەڵام ئەم هەموو شتە زۆر بە خێرا بە زەینیدا گوزەریان دەکرد و تەنها شتێك کە نەیدەتوانی گوێی لێ بخەوێنێ باوە فۆتیس و کوێستانی وشك و برینگ و ژیانی ئینسانگەلێك بوو کە لەنێو گابەردەکاندا دەژیان و تەنانەت مردنیش توانای جیاکردنەوەیانی لە بەردەکان نەبوو.

یاناکۆس دوای تەواوبوونی کاری ڕۆژانە دواجار بەرەو لیکوڤریسی گەڕایەوە. گوێدرێژی گچکە بە پەرۆشیی تەواوەوە هەڵیدەتیزان و لەوەی کە بەزوویی بۆ ئاخوڕی پڕ لە ئاڵف و تەشتی پڕ لە ئاوی پاك دەگەڕێتەوە، لەپێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە. دڵی هەروەك دڵی ئادەمیزاد وەتەپە کەوتبوو. کلکی ڕەپ دەکرد و دەیویست بزەڕێ، بەڵام خاوەنەکەی کلکی دادەگرت و دەیگوت:

- یوسفۆکەکەم هێند پەلە مەکە! یەکەم جار دەبێ بچین بۆ چیا بۆ لای مانۆلیۆس!

ئاخر پێشتر لەگەڵ مانۆلیۆسدا تێکیداو و وشەگەلی ناشیرینی پێگوتبوو، هەنووکەیش ژێوان و دەیویست مەعزەرەتی بۆ بێنێتەوە:" گەرچی من لەسەر حەق بووم، بەڵام نەدەبوو ئاوها لەگەڵی دووابام. وی کوڕێکی زۆر دلۆڤانە و زوو دڵی دەیەشێت. کەچی منی گێل بە تیرەوە بۆ شەڕی چووبووم." بیری لە باوە گریگۆریس، لاداسی پیر، میکیلیس و بێوەژن دەکردەوە. بەڵام هەمدیس مانۆلیۆسی کەوتەوە یاد:" من خراپەم بەرامبەری کردووە، خەراپی زۆرم بەرامبەری کردووە. بیرم چووبۆوە کە ئێمە ئەو چوار کەسە دەبێ بەدرێژایی ساڵ پشتوپەنای یەکدی بین، ئەویش نەك لەپێناوی پارەدا، بەڵکو لەپێناوی فیردەوسدا!" یەکەمجار لە هاوگونجاندنی پارە و فیردەوس پێکەنی بەڵام پاشان بیری کردەوە کە:" نەفرەت لە شەیتان! ئەدی پارە و فیردەوس هەردووکیان یەکێك نین!" هەڵبەت کە نە، چونکە گەر ئاوها بێ ئەوا باش و خراپ دەبنە یەکێك!"

مانۆلیۆس لە دوورەوە یاناکۆسی بینی کە بە سواری گوێدرێژەکەوە بە کێوەکەدا سەردەکەوت. لەجێگەی خۆیدا واقیوڕما و بەخۆی گوت:" مانۆلیۆس عەزابت دەستی پێکرد. دەبێ باش بەرگری بنوێنیت!" ئەوسا لەجێگەکەی هەستا. بۆ ساتێك بڕیاریدا بچێتە نێو کوختەکە و لە تاریکترین کونجیدا هەڵکورمێت. ئاخر شەرمی دەکرد بەو وەزعە بێزەوەرەوە ببینرێت. بەیانی ئەو ڕۆژە کاتێ خۆی لە ئاوێنەدا تەماشا کردبوو، بەخۆی گوتبوو:" تەنێ ئیبلیس ڕوخسارێکی ئاوها ترسناکی هەیە و بەس!" پێدەچوو هەنووکە ئاوساوییەکەی دەمی کەمێك نیشتبێتەوە و بتوانێت قسان بکات.

یاناکۆس بە گۆرانی چڕینەوە ڕێگە سەرەوژوورەکەی دەبڕی و لەوەی کە دەچوو مانۆلیۆس ئاشت بکاتەوە و باری شانی سووك بکات، هەستی بە شادومانیی دەکرد.

مانۆلیۆس لەژێر ڕووناکی بەتینی نیوەڕۆدا لە جێگای خۆیدا ڕاوەستاو و هەڵدەلەرزی. لێوە لە ئازاردا کلۆمدراوەکەی مەسیحی کەوتەوە بیر، ئیدی بە توندی

لێوی لەسەر یەکنا و لەفیکرەوە چوو:" پێوەی ڕادێم. یەکەم جاری زەحمەتە، بەڵام وردە وردە ... خودایا ... خۆت یارمەتیم بدە!"

دەنگی گۆرانییەکە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە کە لەناکاوێکڕا یاناکۆس هەڵزنییە سەر گابەردێك و بەدەنگی شاد و شکۆمەندی شەیپورەکەی، هاتنی خۆی بە هاوڕێکەی ڕاگەیاند.

مانۆلیۆس بەخۆی گوت:" هەر ئێستا دەگات و بەم قلافەتەوە دەمبینێت! ئەی دڵ دەرەقەت بێ!"

یاناکۆس شادومانانە هاواری کرد:

– هێی مانۆلیۆس! وەرە بۆ پێشوازیم!

مانۆلیۆسیش بە تەواوی هێزی وەڵامی دایەوە:

– وا هاتم!

یاناکۆس سەری هەڵبڕی و باسکی کردەوە. بەڵام هەر کە چاوی بە ڕوخساری مانۆلیۆس کەوت، بە سەرسوڕمانەوە لەجێگەی خۆیدا تاسا. نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکا کە دەیبینی. چاوانی هەڵگلۆفت. چەند

هەنگاوێك چووە پێشتر و بە باشی دیقەتیدا و ئەوسا هاواری کرد:

- مانۆلیۆس! چ بەڵایەکت بەسەر هاتووە مانۆلیۆس؟

مانۆلیۆس ویستی لە ئامێزی بگرێت، بەڵام یاناکۆس زەندەقچووانە کشایەوە. مانۆلیۆس بە ئارامی گوتی:

- یاناکۆس، ئەگەر توانای بینینمت نییە، ئەوا بگەڕێوە!

وایگوت و خۆیشی بەرەو کوختەکە کەوتەڕێ تا یاناکۆس لەوە زیاتر عەزاب نەدا. بەڵام یاناکۆس گوێدرێژەکەی بەستەوە و بەدوایدا ڕۆیشت. مانۆلیۆس کە تەپەی پێی هاوڕێکەی بیست، بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە دووبارەی کردەوە:

- یاناکۆس، ئەگەر ناتوانیت بەرگە بگریت، ئەوا بڕۆ!

- دەتوانم، دەتوانم ... مەڕۆ!

مانۆلیۆس چووە کوختەکە، کلاوڕۆژنەکەی داخست و خزییە تاریکترین قوژبینییەوە و لەدڵی خۆیدا گوتی: " سوپاس بۆ خودا کە باش بەرگەم گرت!"

یاناکۆس لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا، کڵاوەکەی لەسەری داگرت، ئارەقەی نێوچەوانی سڕی و بێدەنگ بوو. بەڵام کەمێك دواتر نیگای بڕییە ئەرزەکە، پرسی:

- مانۆلیۆس، چیت بەسەر هاتووە؟

- هیچ!

- چۆن هیچ؟ شەیتان چۆکی لەسەر ڕوخسارت داداوە! مانۆلیۆس ئەمە ڕوخساری تۆ نییە، بەڵکو ڕوخساری شەیتانە!

مانۆلیۆس بە ئارامیی وەڵامیدایەوە:

- چۆن، ئەمە هەمان ڕوخساری خۆمە و هیچکاتێك تا ئەم ئەندازەیە واقیعیی نەبووم!

لەکاتێکدا کە ڕوخسارە کێماوییەکەی دەسڕی، درێژەی بە قسەکانیدا:

- ... هیچکاتێك! هیچکاتێك!

یاناکۆس هەوڵیدەدا ترسەکەی کۆنترۆڵ بکات، هاواری کرد:

– گوتم شەیتان چۆکی لەسەر ڕوخسارت داداوە! کاتێك تەماشات دەکەم دەترسم ... وەرە سواری گوێدرێژەکە بە تا پێکەوە بۆ ئاوایی بگەڕێینەوە.

– بەڵام من لێرە زۆر ئاسوودەم!

– دەچینە لای باوە گریگۆریس تا بکەوێتە نزا و ئەم جادووەی شەیتان بەتاڵ بکاتەوە.

– نا یاناکۆس نا. ئەگەر چاکەی منت دەوێت لەم بارەیەوە هیچ شتێك بەکەس مەڵێ!

– باشە مانۆلیۆس. من جگە لە قەشە، هیچ شتێك بە کەس ناڵێم. خۆ ئەگەر شەرم دەکەیت بۆ ئاوایی بێیت، ئەوا ئەو بۆ ئێرە دێنم تا دۆعات بۆ بکات.

مانۆلیۆس بە توندی لەجێگەکەی هەستا و هاواری کرد:

– نا، نا! دەبێ ئەم نەخۆشییە بە ڕوخسارمەوە بێت! بەڵێ یاناکۆس دەبێ بەوێوە بێت!

یاناکۆس هاواری کرد:

– تێناگەم! بۆچ دەبێ بەوێوە بێت؟

- ياناكۆس بۆ ئەوەی ڕزگار بم. من بەبێ ئەم بیمارییە ڕزگار نابم ... ئاوها تەماشام مەکە. ناتوانم بۆت ڕاڤە بکەم.

- ئەمە نهێنییە؟

مانۆلیۆس لەکاتێکدا کە بەئارامیی دانیشت، وەڵامیدایەوە:

- نهێنییەك کە تەنێ خودا دەیزانێت. خودا و من ... ئاخر ئێمە پەیمانمان بەیەکدی داوە.

ياناکۆس بە پارێزەوە پرسی:

- ئەدی ئەگەر شەیتان بێ چۆنە؟

- بەڵێ ياناکۆس وتووێژەکەی تۆ ڕاستە. لەڕاستیدا ئەمە شەیتانە کە بە لوتفی خودا منی دۆزیوەتەوە، خۆ ئەگەر نەهاتبا ئەوا تیادەچووم ...

ياناکۆس نائومێدانە گوتی:

- تێناگەم. هیچ تێناگەم!

- منیش یەکەم جار تێنەدەگەییشتم ... بەڵام دواتر حاڵی بووم. منی نائومێد ئێستا هەست بەئارامیی دەکەم. لەڕاستیدا نە تەنێ هەست بەئارامیی دەکەم

بەڵکو دەست بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕم و سوپاسی خودا دەکەم.

یاناکۆس کوتوپڕ هەستی ڕێزی بەرامبەر وی تێدا وروژا، چپەدۆ گوتی:

- کەواتە تۆ قەدیسیت!

مانۆلیۆس ناقاییلانە وەڵامی دایەوە:

- نا! من گوناهبارم! گوناهبارێکی گەورە و خودایش بەخشندەیە ...

هەردووکیان بێدەنگ بوون. دەنگی زەنگۆڵەکانی گەلەکە و وەڕینی سەگان دەبیسترا. خۆر هێور هێور ئاوا دەبوو، سێبەری شینی تۆخی بۆ نێو کوختەکە دەنارد. گوێدرێژەکە لە نەگەڕانەوەی هاوڕێکەی شەکەت ببوو، ئیدی بە زەڕەزەڕ بانگی دەکردەوە.

یاناکۆس پرسی:

- دەتوانیت خواردن بخۆیت؟

- بەڵێ، بە قامیش شیر دەخۆم.

- ئازارت هەیە؟

– نا ئازارم نییه ... زۆر باشه یاناکۆس، ئیدی بەسە. خوداحافیز! بەڵێن بدە هیچ بەکەس ناڵێیت .. من دەبێ بە تەنێ بمێنمەوە ... تێدەگەیت؟ تەنێ دەمێنمەوە و بەرخۆدان دەنوێنم ...

– لەگەڵ شەیتان؟

– لەگەڵ شەیتان.

– ئەدی ئەگەر بردییەوە چۆن؟

– مەترسە. نایباتەوە. خودام لەگەڵە.

– تۆ قەدیسیت! تۆ پێویستت بە چ کەسێك نییە ... خوداحافیز! بەڵام بزانە کە هەمدیس دێمەوە.

– یاناکۆس ئەگەر گوڕی بەرگەگرتنت هەبێت باشە!

– هەمە! هەمە! خوداحافیز!

کوتوپڕ خایلەیەك بەزەینی یاناکۆسدا هات و ویستی دەستی مانۆلیۆس بگرێ و ماچی بکات، بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت و کوختەکەی جێهێشت. گوێدرێژەکە بە بینینی وی شادومانانە کلکی لەقاند و یاناکۆس بێ ئەوەی ئاوڕ لە دواوە بداتەوە، ڕێگە سەرەو لێژەکەی گرتەبەر و بەخۆی گوت:" دونیا هەمووی نهێنییە.

نهێنییەکی گەورە! ناتوانرێت باش لە خەراپ جیابکرێتەوە ... چونکە لە ڕوخساردا هەردووکیان یەك شتن."

کازیوەی ڕۆژی دوایی، مانۆلیۆس، نیکۆلیۆسی بە لێدانی سەرپەنجەی پێکانی بێدارکردەوە کە لەسەر پشت لەدەرەوەی کوختەکە نوستبوو. گوتی:

– هەستە نیکۆلیۆس! دەبێ پەیامم بۆ ببەیت!

کوڕە شوان کوتوپڕ لە خەو ڕاپەڕی، سەرە هێلکەییەکەی هەڵبڕی و پێڵووەکانی کە بە خەو قورس ببوون، کردنەوە. سپێتیی چاوانی لە تاریکوڕوونی بەیاندا دەدرەوشایەوە و لەکاتێکدا کە باوێشکی دەدا، مڕاندی:

– چیت دەوێ؟

– هەستە بڕۆ ئاوێك بەدەست و دەموچاوتا بکە تا خەو بەرت بدات. ئەوکات پێتدەڵێم ... زووکە هەستە!

کوڕەکە هەستا و باوێشکێکی گەورەیدا، بازوو، ڕان و پێوپلی پۆشراو بوو بە تووکی ڕەش و درەوشاوە و بۆنی پونگە و سابرێنی لێدەهات.

مانۆلیۆس گوتی:

– نیکۆلیۆس، خاچ بکێشە! ئەگەر تا ئێستا خاچت نەکێشاوە ئەوا دەبێ ئەمڕۆ بیکێشیت!

نیکۆلیۆس جارێکی تر بە تەقاندنی جومگەی ئێسکەکانی، شەکەتیی لە جەستە دەرکرد و پرسی:

– خودان خاچکێشان بە چ دەردێك دەخوات؟

ئاخر ئەو لە کوێستان لەنێو گەلەدا گەورە ببوو، هەرگیز هەستی بە پێداویستی خاچکێشان و ڕۆیشتن بۆ کڵێسای نەکردبوو، هەر بۆیە حەقیقەتی ئەوەی نەدەزانی. ئارەزوویەك جگە لەوەی کە لەشساخ بێت، لەکاتی خۆیدا ژن بێنێ، ببێتە خاوەنی منداڵ و مەڕ و وەکی داربەڕوو بەهێز و بەخۆ بێت، چ ئارەزوویەکی تری نەبوو. لەو باوەڕەدابوو خاچ کێشان و ئەیکۆنی قەدیسان تەنێ بۆ دەشت نشینان باشە و بەس!

مانۆلیۆس لەبەر دەرگای کوختەکەدا دانیشت تا نیکۆلیۆس دەست و دەموچاوی بشوا و خەو بەری بدات. ئەو بەدرێژایی شەو چاوی لێکنەنابوو، خودا و شەیتان لە بوونیدا کەوتبوونە زۆران و سەرەنجام ئەوە

خودا بوو که بەسەر شەیتاندا سەرکەوتبوو. مانۆلیۆس دوای وەرگرتنی بڕیارێکی گرینگ، چووبووە گیانی نیکۆلیۆس و بێداری کردبۆوە.

نیکۆلیۆس لەکاتێکدا کە بە پەنجە قژی دادەهێنا، پرسی:

– باشە خودان، من بێدار بوومەوە و ئامادەم. بڵێ بزانم ئیشی چیت پێمە؟

مانۆلیۆس بە نەوایەکی ئارام گوتی:

– نیکۆلیۆس باش گوێ ڕادێرە. ئەگەر دەترسیت تەماشام بکەیت ئەوا سەرت وەرگێڕە، بەڵام گوێت لای من بێت.

نیکۆلیۆس ڕووی کردە لایەکی تر و گوتی:

– گوێم لێتە.

– دەچیت بۆ ئاوایی بۆ ماڵی خودانی گەورە. تا ئەو کاتە دونیا ڕووناك بۆتەوە و دەرگای حەوشە کراوەتەوە. دەچیتە حەوشە، بەلای چەپدا لا دەکەیتەوە و بەرەو ژووری دروومانەکە دەڕۆیت. هەمان شوێن کە لێنێوی دەسگیرانمی لێدەژی..

چاوانی نیکۆلیۆس دره‌وشانه‌وه و ڕوی کرده مانۆلیۆس.

– لێنیۆ؟

– به‌ڵێ. که لێنیۆت په‌یدا کرد، له زوبانی منه‌وه پێی بڵێ ... باش گوێ ڕادێره نیکۆلیۆس، بزانه چ ده‌ڵێم. وشه‌کانم باش بخه‌ره زه‌ینته‌وه! پێی بڵێ مانۆلیۆس سڵاوی هه‌یه و گوتی بێت بۆ چیا، چونکه ده‌یه‌وێ قسانت له‌گه‌ڵ بکا. هێنده و به‌س! ئه‌وه‌ی پێبڵێ و زوو بگه‌ڕێوه ... تێگه‌یشتیت؟

– به‌ڵێ تێگه‌یشتم. ئه‌مه چ شتێکی زه‌حمه‌ت نییه..هه‌ر ئێستا ده‌ڕۆم.

ئیدی به‌بێ چ ماتڵ بوونێك ڕووی کرده ئاوایی و ویستی ڕابکا، مانۆلیۆس قۆڵی گرت:

– ئارام بگره هه‌ی بزنه کێویی. هێشتا قسه‌کانم ته‌واو نه‌بوون! ئه‌گه‌ر پرسی وه‌زعی چۆنه ئه‌وا پێی بڵێ باشه. نه‌ك بڵێی نه‌خۆشه. تێگه‌یشتیت؟

– دڵنیابه خودان هیچ خه‌مت نه‌بێ. پێی ده‌ڵێم وه‌زعت باشه و زوو ده‌گه‌ڕێمه‌وه.

- کەواتە بڕۆ بزانم چ دەکەیت!

ئیدی نیکۆلیۆس باڵی گرتەوە و لە چاوان بزر بوو.

لێنێو دوای ئەوەی لە خەو هەستا، کولاتەی نەعنا و ئارەقی نەیشەکەری دروست کرد و سەر و پێوپل ڕووت و بە بڵمەبڵمەوە بە پێپلیکانەی بەردینی خانووەکەی خوداندا سەرکەوت.

خودانی پیر لەسەر تەختەنوێنەکەی دانیشتبوو، لە پەنجەرەوە لە سەربانی خانووەکانی ئاوایی دەنۆڕی و یەك بەیەکی گوندنشینەکانی لە زەینی خۆیدا بەرجەستە دەکردن. لە دەرگای یەك بەیەکی ماڵەکانی دەدا، دەچووە ژوورێ، بە خولقێکی خۆشەوە لەگەڵ هەر یەکێکیاندا قسانی دەکرد و بەمجۆرە سەری لە هەموو شوێنێك دەدا. ئەوسا سوار بەسەر باڵی خەیاڵەوە بۆ چیا دەڕۆیشت و بەتێپەڕین بەنێو گەلە و ڕانەمەڕدا دەگەیشتە مانۆلیۆس و بەتووڕەیی تێیدەخوڕی:" دەبینی هەتیوەی هەرزە لەگەڵمدا دەمەدەمێ دەکات و لەبارەی ڕۆحییەوە قسان دەکا ... دەڵێ ڕۆحی هێشتا ئامادەیی نییە! ... هەی هەتیوەی گێل! ئەگەر تا کۆتایی مانگی نیسان لێنێو

نەهێنیت ئەوا دەرت دەکەم تا بگەڕێیتەوە بۆ ئەو دەیرەی لێیبوویت و بۆ خۆت وەك خەسیوان بژیت! بڕۆ بە دۆزەخ هەی نمەك بەحەرام! تۆ میکیلیسی کوڕمت فریودا. بەڵێ تۆ! کار گەییوەتە جێگەیەك کە کوڕەکەم بەزەیی بەهەژاراندا دێتەوە و دەڵێ ئەوانیش وەك ئێمە مەردومن! ... ئەم قسانە تەنها بە دەردی کڵێسا و مەوعیزەکانی ڕۆژی یەکشەممەی قەشە دەخوا! مرۆڤ دەبێ شێت بێ و مۆخی کەری خواردبێ کە بەو قسانە هەڵبخەڵەتێ!

دەرگا کرایەوە و لێنێو، بە فنجانی کولاتەوە هاتە ژوورێ. پیرەمێرد دەستوبرد بەخۆیدا هاتەوە، شوانە و کوڕەکەی بە فەرامۆشی سپاردن و لەودیو پێڵووە نیوە داخراوەکەیەوە لە کیژە زرینگ و دڵڕفێنەکەی، کە بە لارولەنجەوە هەڵدەسووڕا، دەنۆڕی و بە مەمکە هەوەس وروژێن و نێوقەدە باریکەکەی و ئەژنۆ پتەوەکانی سەرسام دەبوو ... لەدڵی خۆیدا گوتی:" هەی کیژەی بەناز! حەیفێك کە کچمیت! دایکت بە گەنجی ڕێك هەروەك تۆ بوو ... خودا ڕوحمی پێبکا، شەوێکیان ...." وایگوت و هەناسەیەکی هەڵکێشا.

لێنێو بە دەنگە دڵنەوازەکەی پرسی:

- خودان ئەمڕۆ وەزعت چۆنە؟ بۆچی هەناسە هەڵدەکێشیت؟

- لێنێو گیان چۆن هەناسە هەڵنەکێشم؟ ڕۆحم لەتاو ئەم کوڕە نارەسەنە و مانۆلیۆس گەییوەتە سەر کەپووم. دواجار ئەو دووانە دەمکوژن ... بیستوومە پێری چوویت بۆ چیا و بینیوتە. باشە بڵێ بزانم ئەم گێلە چی گوت؟

لێنێویش هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەسەر لێواری خوارەوەی تەختەنوێنەکەی پیرەمێرد دانیشت:

- گوتی چی؟ ڕێك وەك خەڵکانی جنۆکە دەست لێوەشێنراو شتی هەڵیت و پڵیت! خۆیشی نەیدەزانی چ دەڵێ. لەبری ئەوەی وەك پیاوێك تەماشام بکات، یان تەماشای ئەرزەکەی دەکرد، یاخۆ لە ئاسمانی دەنۆڕی و ڕووی لێم وەردەگێڕا ... نازانم چ بکەم خودان! پێتوانییە باشتر بێت کە ئەو بۆ لای باوە گریگۆریس بنێریت تا بە دۆعا و نوشتە، جادووەکەی پووچەڵ بکاتەوە؟ پێمەکەنە خودان. وەزعی مانۆلیۆس هیچ باش نییە!

پیرەمێردی هەرزە کە شاهیدی دردۆنگیی و سوورهەڵگەڕانی لێنێو بوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– هەی کیژەی نارەسەن! کەواتە خۆشت دەوێ؟

ئەوسا بە مڵچە مڵچەوە کەوتە خواردنەوەی کولاتەکەی.

لێنێو وەڵامیدایەوە:

– خودان مەبەستت چییە؟ ئەمە مێردێکە کە خۆت بۆت هەڵبژاردووم. ئەگەر هەر پیاوێکی ترت بۆ هەڵبژاردبام هەمدیس بارودۆخەکە هەر بەم جۆرە دەبوو. بە باوەڕی من هەموو پیاوەکان لەیەك دەچن.

پیرەمێرد چاوێکی داگرت و گوتی:

– تەنانەت پیرەمێردەکانیش؟

لێنێو ڕوخساری گرژ کرد و یەکلاکەرەوانە وەڵامیدایەوە:

– ئاه، نا! تەنها گەنجەکان!

پیرەمێرد پێچەقێنیی کرد:

– بۆ نموونە تا چ تەمەنێك؟

لێنێو وەك بڵێی پێشتر بیری لەم مەسەلەیە کردبێتەوە، بۆیە ئامادە وەڵام گوتی:

– تا تەمەنێك کە بتوانێت منداڵ دروست بکات!

– خودای من! تەححا کە کیژێکی زرنگیت! لە منی وەرگرە، تۆ زۆر تێگەیشتوویت، چونکە باش دەزانیت چیت دەوێت.

کیژەی جاحێڵ زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەی هاتێ، لەجێگەکەی هەستا. فنجانە بەتاڵەکەی هەڵگرت و بەرەو لای دەرگاکە چوو. پیرەمێرد پرسی:

– ئەمڕۆ چەندی نیسانە؟

لێنێو بە پەنجەکانی کەوتە ژماردن:

– یەکشەممە، دووشەممە، سێ شەممە ... بیست و حەوتە خودان!

– زۆر باشە، سێ ڕۆژی تریش ئارام دەگرین تا حەزرەتی مانۆلیۆس وەڵاممان بداتەوە، خۆ ئەگەر ئەم شێتوشبرە پاروویەکی ئاوها چەوری ڕەتکردەوە، ئەوا هیچ ناڕەحەت مەبە، چونکە خۆم زوو بەزوو مێردێکی باشترت بۆ دەدۆزمەوە. مێردێکی واقیعی کە لە دووی

ڕۆح و ئەم شتە قۆڕانە نەبێ و ماڵەکەت بۆ پڕکات لە منداڵ. بڕۆ هیچ خەمت نەبێ! منیش دەبێ بچم بۆ کڵێسا و پیاسەیەکیش بە ئاواییدا بکەم ... جلکەکانم بۆ بێنە!

لێنێو لەهەمانکاتدا کە بە پێپلیکانەکاندا دەهاتە خوار، لەژێر لێوەوە پێکەنی و بە ورتەورت گوتی:

– هەی پیرەمێردەی هەرزە! خەریک بوو بە چاو دەیخواردم! ئەگەر باوکم نەبا ئەوا کارێکم دەکرد مارەم بکا ... خۆ گەر نەیشیتوانیبا منداڵ دروستکا خۆ دونیا ژێرەو ژوور نەدەبوو، خەڵکانی تر ئەم کارەیان بۆ ڕادەپەڕاند. لەعنەتی خودا لە شەیتان کە هەموو شتێکی خەراپ کرد. بەڵام هەر جێگای سوپاسگوزارییە کە مانۆلیۆسیش کوڕێکی خەراپ نییە.

ڕێك لەهەمان لەحزەدا، نیکۆلیۆس لەبەر دەرگا گەورەکەی حەوشە وەدیارکەوت. جەستەی لە تاو گەرما بۆدڕی سابرێنی لێدەهات. سابرێنێکی سەرخۆش و مەست و لەهەمانکاتدا فریشتەئاسا! لێنێو بە بینینی وی ئیستێکی کرد و لەرز دایگرت:" ئەمە کێیە؟ ناشێ

نیکۆلیۆس، شاگردی شوانە بێ! چ سەیر خەتیداوە! سمێڵیشی گوگرە بووە!" بانگی کرد:

– نیکۆلیۆس ئەوە تۆیت؟ چیت دەوێ؟

شوانەی گەنج بە دەنگە زیقن و کەڵەشێر ئاساکەی وەڵامیدایەوە:

– بەڵێ، خۆمم، نیکۆلیۆس.

– گوێی شەیتان کەڕ بێ، بۆ خۆت بوویتەتە پیاو! باشە بڵێ بزانم چیت دەوێ؟

– مانۆلیۆس بەیانی زوو ناردمی تا دوو وشە قسەت لەگەڵ بکەم ... بۆ ئەوە هاتووم بۆ ئێرە.

لەنێو بە دڵێکی وەخورپە کەوتوو نزیکی بۆوە:

– مانۆلیۆس تۆی ناردووە؟ باشە ئێستا بۆچی هاوار دەکەیت؟ خۆ ئێرە شاخ نییە. هێواش تر بدوێ! پەیامەکەی چییە؟

– سڵاوی هەیە و گوتی بچیت بۆ لای بۆ شاخ. ئیشی پێتە.

– هەر ئەوەندە؟ باشە بڵێ دێم ... ئارام بگرە، ڕامەکە! ئەدی وەزعی چۆنە؟

نیکۆلیۆس لەکاتێکدا کە بە پەلە دووردەکەوتەوە و ڕایدەکرد، هاواری کرد:

– باشە، باشە!

ڕایکرد و بۆنە توندەکەی لەدوای خۆیەوە جێهێڵا. دەتگوت سابرێنێك لەوێوە تێپەڕیوە.

میکیلیس بەجلکی ڕۆژی یەکشەممە، ڕیش تەراشکراو، قژی شانەکراوەوە لە حەوشە ڕاوەستاو و لەوەدابوو تا بۆ گوێڕادێران لە ئینجیل بۆ کڵێسا بڕوات و لەوێوە سەرێکیش لە ماریۆری دەسگیرانی بدات. لێنێو بۆ ساتێك بۆ تەماشاکردنی ڕاوەستا و لەدڵی خۆیدا گوتی:" بێگومان باوکم لە گەنجییدا لەم چووە. وەك بڵێی خودی قەدیس ژۆرژ بێت!" میکیلیس لەهەمان کاتدا کە شەپقەکەی دەنایە سەر، گوتی:

– سڵاو لێنێو! دەچم بۆ کڵێسا.

لەنێو تانەئامێز وەڵامیدایەوە:

– خودان خودا پشتوپەنات بێت! بەڵام بیرتبێ یەکڕاست بۆ کڵێسا بچیت. ئاگاداربە ڕێگەکەت ون نەکەیت!

میکیلیس کە شاهیدی هاتنی تەتەر بوو، گوتی:

– من دڵنیام کە تۆ ڕێی خۆت ون ناکەیت و یەك ڕاست بەرەو لای مانۆلیۆس دەچیت ... کەواتە ئەدی ئەم کڕوزانەوەیت لەچییە؟

لێنیۆ بە نەوایەکی ڕەق وەڵامیدایەوە:

– کوا کڕوزاومەتەوە؟ کێ دەڵێ کڕوزاومەتەوە؟ ڕاستە خودا پێیخۆش نییە ناشکوریی بکەین بەڵام خۆ ئێمەی کارەکەرانیش ئینسانین! دەزانیت خودان، ئەگەر مانۆلیۆسیش جلکی بە قەشەنگی جلکەکانی تۆ پۆشیبا ئەوا سەراپا دەبووە ئاغا.

میکیلیس لەکاتێکدا پێی لە دەرگای حەوشە دەنایە دەرەوە، وەڵامیدایەوە:

– تۆ ڕاست دەکەیت لێنیۆ، ڕاست دەکەیت! ئێمەی مرۆڤ تەنها بە جلکەکانمان لەیەکتر جیادەکرێینەوە ...

لەو کاتەدا ناقوسی کڵێسا کەوتە زرینگە.

– ... لێنیۆ .. باشە من دەڕۆم! لە چیاوە بە هەواڵی خۆشەوە بگەڕێیتەوە!

کیژەکە کە نەیدەتوانی جڵەوی زوبانی خۆی بگرێ، گوتی:

– تۆیش لای کیژی قەشەوە، بە هەواڵی خۆشەوە وەرەوە!

بۆنی مەستەکی و بوخوور لەفەزای کڵێسادا پۆنگی خواردبۆوە. ئەیکۆنی قەدیسان لەسەر تابلۆ درێژەکان دەدرەوشانەوە. تەواوی دیوارەکان تا ژێر گومبەز، پۆشراو بوون بە وێنەی قەدیس و فریشتەگەلی باڵ ڕەنگین. ئینسان لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا بۆ ئەو کڵێسا بێزانسییە هەستی دەکرد چووەتە نێو بەهەشتێکی پڕ لە مەلی ڕەنگاوڕەنگ و گوڵی بە گەورەیی یەك ئینسانەوە. بەهەشتێکی پڕ لە فریشتەگەل کە وەك مێشهەنگی ورد لە گوڵێکەوە دەفڕینە سەر گوڵێکی تر. لەژێر ساپیتەی گومبەزی کڵێسایشدا وێنەی مەسیح هەبوو کە هەڕەشەئامێزانە دیقەتی مەردومی دەدا.

لەکڵێسادا ئیمانداران وەك مێشهەنگ بەنێویەکدا تێکچڕژا بوون. بەشێکیان لەبەر ئەیکۆنەکاندا چۆکیان

داداو و پاشان هەمدیس دەچوونەوە نێو حەشاماتەکە، بەشێکی تریش لە ڕیزی پیاوانە و ژنانە، بە وردیی گوێیان لە نەغمە مەزەبییەکان ڕادێرابوو. ڕیش سپییانی ئاوایی لەسەر قەنەپەی پێشەوە، لەنێوان سینی و شەمەدانیگەلی زیویندا دانیشتبوون. ئەو ڕۆژە کەس نەیدەزانی ئاخۆ پارترپاکاسی پیر دێت یان نا؟ بەڵام هەمووان دەیانزانی کە ناخودا تۆفان لەجێگەدا کەوتووە و ئازار جەڕاندوویەتی. ئەو کەسانەی لەسەر قەنەپەکانی پێشەوە دانیشتبوون، یەکێکیان مامۆستایەکی چاویلکە لەچاوی یەخە سپی بوو، یەکێکی تریان لاداسی پیر کە هەروەك هەمیشە لە گۆشەی قەنەپەیێکدا کروشکەی کردبوو، لەژێر لێوەوە ناشکوریی دەکرد و لەدەست زەمانە بۆڵەبۆڵی پێکەوتبوو. ئاخر دوێنێ شەو، یاناکۆس دوای گەڕانەوەی لە دێوەرەیی چووبووە لای و هەواڵی ناخۆشی بۆ بردبوو. پێی گوتبوو شرپۆشان لە هەمان ئەو سێ مانگەی کە ئاوارەی چیا و بیابان بوون، تەواوی ئەنگوستیلە و خشڵەکانی خۆیان فرۆشتووە و جگە لە پەنجەی خۆیان چ شتێکی تریان بۆ نەماوەتەوە.

ئیدی ئەویش چ ئیشی بە قامکی بێ ئەنگوستیلە و گوێی بێ گوارە هەبوو؟ هەر بۆیە بۆ چارەنووسی خۆی دەینالاند و لەگەڵ خۆیدا کەوتبووە ورتەورت:" من مرۆڤێکی بێ بەختم. ئەگەر ئەو گوندە وێران بووە نزیکی لیکوڤریسی با، ئەوا لەکاتی خۆیدا بە هەموو شتێك رادەگەیشتم. بەڵام ئیدی بۆ من چ فەرق دەکات کە ئاواییەکەیان وێران بووبێ یان نا؟ تف لەم بەختە ڕەشە! گوو بەگۆڕی باوکی هەموویان!"

ئیمانداران خۆیان بە کڵێسادا دەکرد، چەند دراوێکیان لەسەر سینییەك دادەنا، مۆمێکیان دادەگیرساند، خاچیان دەکێشا و بەرەو لای ئەیکۆنەکان دەچوون. بەڵام خایلەی لاداسی پیر لە جێگایەکی تر و هەروا لە فیکرەوە دەچوو:" ... هەمدیس مایەی سوپاسگوزارییە کە یاناکۆسە گێل وەسڵی سێ لیرەکەی ئیمزا کرد! ... ئەگەر من لەجێی ئەو بام ..." بەڵام ڕستی بیرکردنەوەی پچڕا. ئاخر، هاوکات شتێکی قورس لەلایەوە لەسەر قەنەپەکە کەوت و تەپەی هات. لاداسی پیر بە بێزارییەوە لای کردەوە و پاتریارکاسی پیری بینی کە بە ڕەنگ و

ڕوخسارێکی پەڕیو، گۆنای داکەوتوو، چاوانی تاریك و لێوی وشك و زەردەوە لە پاڵیدا دانیشتووە. سڵاوی لێکرد و لەفیکرەوە چوو:" نازانم چۆن ئەم بەرازە ناتەقێ!" ئەوجا بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– ئومێدەوارم هەرچی زووتر تەندروستیتان باش بێ!

وایگوت و ئینجا هەمدیس کەوتەوە نێو خایلەی بەدبەختییەکانی خۆی.

میکیلیسیش هاتە کلێسا. ئەو بەر لەوە چووبووە لای ماریۆری کە جوابی بۆ ناردبوو تەنیایە و جگە لە دایەی پیر کەسی تر لەماڵەوە نییە، هەر بۆیە دواکەوتبوو. ماریۆری کە لەودیو دەرگای حەوشەوە چاوەڕوانی بوو، بە بینینی گوتبووی:

– میکیلیس درەنگ کەوتیت!

کیژەکە خۆی ڕازاندبۆوە و جوانترین جلکی پۆشیبوو. ملوانکەی ئاڵتوونیی دروستکراو لە دراوگەلی ڕۆمی کە یادگاری دایکی بوو کردبووە مل و کەمێك سووراو کە شەوی پێشوو یاناکۆس بە نهێنی بۆی هێنابوو، لە ڕوخساری دابوو. بەڵام چاوە شەکەت بە گریانەکەی

گچکە ببوونەوە و بازنەیەکی شین دەوراندورەکەی پۆشی بوو. دەستەسرێکی گچکەشی بەدەستەوە بوو کە جارناجار دەمی پێدەسڕی.

میکیلیس بە نیگەرانی لە دەسگیرانەکەی پرسیبوو:

– ماریۆری گیان، بۆچی ناردت بەدوامدا؟ بۆچ خەمینیت؟

ماریۆری چاو لەسەر زەوی، وەڵامیدابۆوە:

– بابم پەلەیەتی و سوورە لەسەر ئەوەی زووتر زەماوەند بکەین.

– ئەدی مەگەر بڕیار نەبوو جێژنی نۆێل زەماوەند بکەین! ئاخر هێشتا ساڵێك نییە دایکم مردووە و ناتوانین زەماوەند بکەین ...

کیژەی جاحێڵ بە دەنگێکی تاساو دووبارەی کردبۆوە:

– بەڵام باوکم پەلەیەتی و هەموو ڕۆژێك دەکەوێتە بۆڵەبۆڵ. شەوانەیش لەجێگەکەی هەڵدەسێ و حەجمینی نییە. خەو بێت و نەیماوە.

– بەڵام ئاخر بۆچی؟ مەبەستی چییە؟ بۆچ پەلەیەتی؟

ماریۆری بە نەوایەکی لەرزان وەڵامیدابۆوە:

– نازانم میکیلیس ... نازانم ..

هەڵبەتە باش دەیزانی بۆچی باوکی پەلەیەتی تا هەرچی زووترە ئەو دوانە پێکەوە زەماوەند بکەن، بەڵام نەیدەتوانی ئەوە بە میکیلیس بێژێ. ئەویش لە قووڵایی بوونیدا هەستیدەکرد کە باوکە پیرەکەی ڕاست دەکا و دەبێ پەلە بکەن.

میکیلیس گوتبووی:

– باوکم دایکمی خۆش نەدەویست، چونکە دایکم لەو بەتەمەنتر بوو. دایکم پیر و بە بڕو بیانوو ببوو، باوکم بەدەستییەوە زەلالەتی بوو. هەر بۆیە کاتێ دایکم مرد باوکم هیچ نارەحەت نەبوو. بەڵام باوکم حەز ناکات دابونەریت ژێرپێ نرێ و زەماوەند بکرێ، چونکە هێشتا ساڵێك نییە دایکم مردووە. ئاخر باوکم خودانی ئاواییە، دەیەوێ لە مەسەلەی ڕێزگرتنی نەریتی دێرین سەرمەشقی خەڵکانی تر بێت. تێدەگەیت ماریۆری گیان؟

– بەڵێ تێدەگەم ... تێدەگەم .. هەمدیس دەڵێم باوکم پەلەیەتی و بەردەوام تانە دەدا ... من ئیدی لە وزەمدا نەماوە!

ویستبووی بکۆکێ، بەڵام دەسەسڕەکەی بە دەمییەوە گوشیو و بەری بە کۆکینەکەی گرتبوو. دەستە ناسکەکەی لەنێو دەستی میکیلیسدا لەرزی بوو. شەڵاڵی ئارەقە ببوو. میکیلیس لە ڕوخساری لاوازی ڕوانیوو و ترس دایگرتبوو. هەر بەڕاستی ماریۆری خەریك بوو دەتوایەوە و دەبووە ئاو. ئێسکەکانی لەژێر پێستە ناسکەکەیدا دەرپەڕیبوون و گۆشت بە جەستەیەوە نەمابوو. ئەوسا دەستی کیژەکەی بە سینگیی خۆیەوە گوشیو و چپەدۆ گوتبووی:

– ماریۆری نازدار! ... ئازیزی من!

لەکاتی لێکجوێبوونەوەدا بەشێوەیەکی ئاگادارانە دەستی گرتبوو وەك ئەوەی چنگێك لمی لەدەستدا بێ و کیژەکەیش وەك بڵێی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێبکات، هەوڵیدابوو بەر بە فرمێسکەکانی بگرێت:

– میکیلیس گیان بڕۆ، بڕۆ بۆ کڵێسا! منیش هەر ئێستا دێم. خەریکە درەنگ دەبێ. خودا خۆی ئاگای لێمانبێ!

ئەوسا سەری وی بۆ ماوەیەك لەسەر سینگی خۆی گوشیو و لەکاتێکدا کە تەواوی جەستەی لەرزی بوو، لەژێر لێوەوە گوتبووی:

- خودا خۆی ئاگادارمان بێ!

ئیدی زوو بەزوو ڕایکردبووە ژوورەوە تا نیوە بێهۆش پەنا بۆ ئامێزی دایەنە پیرەکەی بەرێت. میکیلیسیش ئارام لە دەرگای دەرەوە چووبووە دەرێ و بە پەلە و خەمین ڕێی کلێسای گرتبووە بەر.

بە هاتنی وی فەزای کلێسا ڕووناك بۆوە. چووە لای باوکی و لەلایەوە ڕاوەستا. پیرەمێرد لەخۆباییانە لە کوڕەکەی نۆڕی و لەدڵی خۆیدا گوتی:" منیش زەمانێك وەك ئەو بووم ... چ ڕۆژانێك بوو ... ئەمان! ئەمان لەم ژیانە سەگە کە وەك خەو و خەیاڵ تێدەپەڕێ!"

لەهەمان کاتدا لێنێو پرچی شانە دەکرد، کەمێك گوڵاوی بە قژ و گەردنیدا پژاند، سەرپۆشێکی زەردی مەنگۆڵە سووری بەسەریدا دا کە وەك دیاری جێژنی ڕابوونەوە لە خودانی وەرگرتبوو، ئەوسا بە کۆڵانە

باریکەکانی ئاواییدا تێپەڕی و بەرەو کێوی پاقیژە بەڕێکەوت.

ڕێوڕەسمی مەزەبی گەییبووە کۆتایی. گوندنشینان بە جلك و ڕۆحی ڕۆژانی یەکشەممەوە لە گۆڕەپانی گونددا دەهاتن و دەچوون و وتووێژیان دەکرد. بەشێکیشیان لە قاوەخانەکەی کۆستانتیس کۆببوونەوە تا قاوەیەك بخۆنەوە و قسان بکەن و پێبکەنن.

ئاغا وەك هەمیشە لەسەر بانیژەکە دانیشتووە و سەبیل دەکێشێت. لەلای ڕاستییەوە میراخور شەیپوور بەدەست ڕاوەستاوە و لەلای چەپ یوسفۆك بنێشت دەجوێ و ئارەقی بۆ تێدەکات. ئاغای پیر، بەچاوانێکی نیوەکراوە و ڕیپۆقاوییەوە، لە گوندنشینان دەنۆڕێ کە لە گۆڕەپانەکە پیاسە دەکەن، وی لە شوانێك دەچێ کە بەسەر گاشەبەردێکەوە، نیگەران و دڵسۆزانە چاودێری گەلەکەی بکات. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە خۆی ئینسانە و ئەوانیتریش مەڕن. خۆی گۆشتخۆرە و ئەوانیتریش ئاڵفخۆر. بۆیە دەبێ بلەوەڕێن تا خوری و گۆشتی بۆ بەرهەم بێنن.

لێنیو ڕێگه سەرەوژوورکەکەی چیای دەبڕی و دڵی وەتەپە کەوتبوو. پێشبینی دەکرد مانۆلیۆس پێشنیار بکات کە هەفتەی ئاینده زەماوەند بکەن، تاڤ نیگەرانی و پشێوییان کۆتایی بێ و ژیانی ڕاستەقینە و نوێیان دەست پێبکات. ڕۆژانە ماڵداریی بکا و چێشت لێنێ و شەوانەیش بە هاوئامێزیی بگوزەرێنن. پاش نۆ مانگیش، ئیدی نۆرەی ڕاژەنینی لانکی ساواکەیان بێت!... بەمجۆرە دەبووە کەیبانووی ماڵ و دایك و ئیدی کارەکەری کەس نەدەبوو.

ئەو مانۆلیۆسی خۆشدەویست. ئاخر وی گەنجێکی لەبەردڵان، زەحمەتکێش و بۆشناخ بوو، بە ڕیشی خورمایی، بە چاوانی شین و ڕوخساری میهرەبانییەوە ڕێك لە مەسیح دەچوو. دڵی هەڵدەفڕی و بەرلەخۆی ڕێگە سەرەوژوورکەکەی دەبڕی و دوای گەییشتن بە جێمەقسەد، بە دەوراندەوری پشتیری مەڕەکانا دەهات و وەکی کەوێکی ماڵیی و پەڕوباڵ ڕەنگین، بە پێوپلی سوورەوە لەسەر شانی مانۆلیۆس دادەنیشت و عاشقانە دەنووکی لەسەر و ملی دەدا... کیژەکە هەروا کە

دەچووە پێشێ، بەخۆی دەگوت:" ئەلعان لەسەر گاشەبەردی ئەوسەری ڕێگەکە لە چاوەڕوانییمدا دانیشتووە و دڵی ئەویش دەبێ ڕێك وەك دڵی من وەتەپە کەوتبێت!"

لەڕاستیدا مانۆلیۆس لەسەر گاشەبەردی ئەوسەری ڕێگەکە دانیشتبوو، بەڵام لێکدا لێکدا بە دەسەسڕ، ڕوخساری ئاوساو و قڵیش بردوو و کێماوییەکەی دەسڕی و لەدڵی خۆیدا دەیگوت:" لێنێوی بەسەزمان، بەزەییم پێیدا دێتەوە! بەڵام چارە چییە؟ .... من دەبێ لە شەڕی وەسوەسەکانی ئیبلیس قووتارم بێ، ڕۆح و جەستەم پاقژ بکەمەوە تا بتوانم ببمە کەسێکی شایستە.." پاشان گوێی ڕادێرا و دەنگی هەنگاوی خێرا و نەرمی لێنێوی ژنەفت و بۆنی گوڵاوەکەی گەییشتێ و پەڕەکانی کەپووی کەوتنە لەرە. وی بۆنی گوڵاوی کیژەکەی بە باشی دەناسییەوە:" وا هات! هات! گەییشت!"

کیژەی سەرپۆشی زەرد بەسەر وەدیارکەوت، لێنێو بۆ ساتێك ئیستێکی کرد، دەستی لەسەر نێوچەوانی کردە

چەتر و لە دەسگیرانە سەربەژێر و چاوەڕوانەکەی نۆڕی و بە هەنگاوی هێور لێی نزیکبۆوە.

مانۆلیۆس سەری هەڵبڕی، لە جێگەکەی هەستا و جووڵەی لەخۆی بڕی.

لێنیۆ دانەوییەوە و واینواند ئەوی نەبینیوە تا ناچاری بکات وەکی هەمیشە بۆ پێشوازیی بکەوێتە خۆ و بە ڕووالەت بۆ سەرکەوتن بە سەرەوژوورەکەدا دەست بنێتە نێوقەدی ... بەلام مانۆلیۆس لەجێگەکەی نەجوولا. لێنیۆ بڕستی لێبڕا و بانگی کرد:

- مانۆلیۆس!

بەلام مانۆلیۆس وەلامی نەدایەوە و هەروا بێدەنگ و بێ جووڵە لەسەر گاشەبەردەکە ڕاوەستابوو. لێنیۆ بە ئەودوای ڕێگەکەدا ڕایکرد و کە نزیکی گاشەبەردەکە بۆوە، سەری هەڵبڕی و هەناسەیەکی هەڵکێشا:

- ئەی مەریەمی پاقیژە!

وایگوت و تەختی ئەرزەکە بوو. مانۆلیۆس لەسەر بەردەکە هاتەخوارەوە تا هەڵیسێنێتەوە. بەلام لێنیۆ لەکاتێکدا کە بەدەستێك ڕوخساری خۆی پۆشیبوو، بە

دەستەکەی تری پاڵی بە مانۆلیۆسەوە نا و بەدەنگێکی بەسۆ هاواری کرد:

- بڕۆ! بڕۆ! بڕۆ!

مانۆلیۆس بە نەوایەکی نیگەران گوتی:

- لێنیۆ جارێکی تریش تەماشام بکە. بمبینە تا ڕقت لێمبێتەوە و لە دەستم قوتارت بێت!

- نا، نا! بڕۆ!

مانۆلیۆس بۆ سەر گاشەبەردەکە گەڕایەوە و هەر لەوێدا دانیشت. هەردووکیان بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوون تا ئیدی لێنیۆ هاواری کرد:

- چ بووە؟ توخودا بڵێ چ بەڵایەکت بەسەر هاتووە؟

مانۆلیۆس بە ئارامیی وەڵامیدایەوە:

- گەڕییم گرتووە ...

لێنیۆ لەرز دایگرت و لەکاتێکدا کە ڕووی بەرەو گوند وەرگێڕا، گوتی:

- من دەگەڕێمەوە ... کەواتە بۆ ئەمە گوتت وەرە بۆ ئێرە؟

- بەڵێ، بۆ ئەمە. ئاخۆ ئامادەیت شووم پێبکەیت؟ دەزانم ئامادەنیت. ئایا ئامادەیت منالی گەڕت ببێت؟ هەڵبەت نا، کەواتە بڕۆ!

جارێکی تر بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشا و جگە لالانەوەی نائومێدانەی لێنێو چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا. دواجار مانۆلیۆس گوتی:

- لێنێو خوداحافیز!

وایگوت و بەرەو پشتیرەکە گەڕایەوە. لێنێو بێ ئەوەی چ وەڵامێك بداتەوە بە چمکی سەرپۆشە زەردەکەی چاوانی سڕی و تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. نەیدەزانی چی بەسەر دێ و ڕێگەی لێبزر ببوو. مانۆلیۆس لەبەر چاوانیدا نەماو و ئیدی دونیای وەك بیابانێکی چۆڵ دەبینی.

خۆر گەییبووە ناوەڕاستی ئاسمان. جگە لە دەنگی زەنگۆڵەی مەڕەکان کە لەژێر سێبەری داربەڕووە گەورەکەدا ڕاکشابوون چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا. بۆ ساتێکی کورت نەوای خەمینی شمشاڵێك بێدەنگی

کوێستانی شکاند. لێنێو کە زەندەقچوو هەڵدەلەرزی، گوتی:

– گەڕیی ... گەڕیی ...

بەڵێ، لەگەڵ ئەوەدا کە لەو نیوەڕۆیەدا گەرمایەك بوو مرۆڤی دەسووتاند، کەچی ئەو وەك شەقشەقە دەلەرزی...

کاتێ کە هاتەوە سەرخۆی، نەیدەزانی چەندێکە بێ هۆش لەسەر بەردەکان کەوتووە و وا دەهاتە پێش چاو سەدەگەلێك تێپەڕیبێ ... بەڵام لەڕاستیدا لە چەند دەقیقەیەك زیاتر تێنەپەڕی بوو، چونکە کاتێ لە جێگەکەی هەستا هێشتا خۆر بێجووڵە لەنێوەڕاستی ئاسماندا بوو.

جارێکی تر نەوای هەم خۆش و هەم خەمینی شمشاڵەکە گەییە گوێی. دەنگەکە لە بانگی ئینسانێك دەچوو کە لە بیاباندا جێهێڵرا بێ و تواناى لەدەست دابێت. بێ ئیرادە و بێ ئەوەی خۆی بیەوێت بەرەو سەرچاوەی نەوای شمشاڵەکە چوو. پێیوابوو گوێی لەناوی خۆیەتی و کەسێك بانگی دەکات. ئیدی بە

هەناسەبڕکێوە بەرەو پیری چوو. ئەویش لە بیابان و لەنێوان گاشەبەردەکانا تەنها ماو و ئیدی حەوسەڵەی لەبەر بڕابوو .. بێ ئیرادە و گەمارۆدراو دەچووە پێشێ و نەغمەی شمشاڵەکەیش هەر جارێك بەرزترو بەشکۆتر دەبوو.

کوتوپڕ بە بەرزایی گاشەبەردێکەوە، لە دامێنی دۆڵەکەدا، چاوی بە داربەڕوویەکی سەوزی پیر کەوت کە لەژێر سێبەرەکەیدا مەڕی ڕاکشاو لە خاکدا خۆیان فێنك دەکردەوە. تەنها دوو مەڕی ڕاوەستاو سەریان بە یەکدییەوە ناو و لەگەڵ یەکدیدا دەجەنگین. شوانێکی جحێڵ و نیوەڕووتیش لەلایانەوە گوژمی دەخواردەوە و وەکی ئەوان هەڵدەبەزییەوە، هاوکات گا شمشاڵی دەژەند و گا بە هاواری وەحشییانەی دەستی بەیەکدا دەدا و وەك مەڕەکان دەیباعاند و هەمدیس شمشاڵەکەی دەنایەوە سەر لێو و ئاوازێکی خۆشتری لێهەڵدەگۆزا.

لێنێو هێور و ئەفسون دەچووە پێشێ. شوانەکە پشتی لێی و نزیك بوونەوەی ئەوی نەدەبینی . لێنێو کە زۆر نزیك ببۆوە، هەموو شتێکی بە ڕۆشنیی دەبینی. بەرانی

تووکن بە قۆچە پێچاوپێچەکەیەوە، سەری کردبووە سەر پەزێکی سپی و لێکدا لێکدا خۆی هەڵدەدایە سەر پشتی، بەڵام پەزەکە هەر جارێك و لە دەستی دەیقووچاند و ئیدی هەمدیس بەران هەوڵەکەی دەستپێدەکردەوە و تووڕە دوو پەلی ناقۆڵای خۆی بۆ پێشەوە دەهاویشت و هەمدیس پەزەکەی دەگرت و بە نەڕەیەکی کپ و لە هەمان کاتدا تکاکارانە خۆی هەڵدەدایە سەری .. شوانەیش بە سەماکردن و هەڵبەز و دابەز لەگەڵ بەرانەکەدا دەپاڕایەوە و بە هاوارە توندەکانی، بەرانەکەی هان دەدا:

– کوڵکن زووکە! نەفرەتیی زووکە! زووکە بپەڕە سەری!

وایدەگوت و هەمدیس دەستوبرد دەکەوتەوە ژەنینی شمشاڵەکەی.

لێنێو کە ئیدی گەییشتبووە سەر کوڕە شوان، لە شەکەتییدا کەوتبووە هەناسەبڕکێ و مەمکی ئازاری دەدا.

دواجار پەزەکە لەحەژمەت شەکەتیی تواناى بەرگەگرتنی لەدەستدا و ئیدی بەرانی کەتە و بەخۆ پەڕییە سەر پشتی و تەواوی بوونی وی خستە ژێر خۆیەوە. بەران پشتە ملی پەزی دەلێسایەوە و گازی لێدەگرت. کوڵکەکانی شەلاڵ بوون لە ئارەقە و بۆنی نێرینەیی لەهەوادا پۆنگی خواردبۆوە. نیکۆلیۆس شمشاڵەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا، ئەودوای جلکەکانی لەبەری داکەند و ڕووت و ئارەقەکردوو کەوتە سەما و لاسایی کردنەوەی جووڵەی بەرانەکە.

دەمارەکانی ملی لێنێو هەڵاوسان و چاوانی تاریك داهاتن. نیکۆلیۆس لەمیانەی سەمادا لەناکاوێکڕا لێنێوی بینی. زوو بە زوو قەڵەمبازێکی بۆدا و لەپاڵ بەران و پەزەکەدا پاڵی خست. لێنێو خۆی بەدەستەوەدا و گچکەترین بەرگریی نەنواند.

# 6

– ئاغا دەزانیت حاڵی ناخودا تۆفان زۆر خەراپە؟ لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەرچیمان پێکرا کردمان و بەتەواوی برینەکەیمان تیمار کرد، بەڵام ئێسکەکانی کەللەسەری یەکناگرنەوە. باوە گریگۆریس چووەتە لای و دۆعای بەتاڵکردنەوەی سیحر و جادووی بەسەردا خوێندووە. ژنە قەرەجێك فاڵی بۆ گرتۆتەوە. تەنانەت لای قەدیس پانتلەییمونی شەفابەخش مۆمیان بۆ داگیرساندووە، گۆشتی پشیلە کە دەڵێن حەوت رۆحی هەیە، دەرخواردیانداوە و بە کورتی هەرکارێك کە بەبیرتا بێت بۆیان کردووە، بەڵام هەمووی بێ هودە بووە! وەك بڵێی نە خودا و نە شەیتان، هیچکامیان نەیانەوێ ئەم ناخودا دەعجانە چاك بێتەوە.

مادلینای پیر دوای گێڕانەوەی هەموو ئەوە، گازی لە زوبانە هەڵەوەڕەکەی گرت و تێهەڵچۆوە:

- گوێی شەیتان کەڕ. ئەمڕۆ میکیلیسی کوڕی خودان پاتریارکاس ویستی بچێت بۆ لای و وەسێتنامەکەی بۆ بنووسێت. منیش دەچم بۆ لای باوە گریگۆریس تا بڕوات دۆعای بەر لە مەرگی بەسەردا بخوێنێت. ناخوداکەمان وا خەریکە لەنگەر بەرز دەکاتەوە و خۆی بۆ سەفەر ئامادە دەکات. هەمان چەند دەقیقە لەمەوبەر کە ویستم لەلای بێمەوە، بانگی کردم و گوتی:" پوورە مادلینا، لوتف بکە، بڕۆ لای ئاغا و بڵێ ناخودا تۆفان سڵاوی هەیە و دەڵێ بە زوویی چارۆکە بەرزدەکاتەوە و دەڕوات و ئیدی بە خودات دەسپێرێت." من پوورە مادلینام و بۆ ئەمە هاتووم بۆ لات ئاغا!

ئاغا لە بانیژەکە دانیشتبوو، بە چاوانی ئاوساو، گۆنای داکەوتوو، پێوپلی ڕووتەوە وەنەوزی دەدا و بێ ئەوەی قژی داهێنابێ، یان دەست و دەموچاوی شتبێ،

قاوەی دەخواردەوە تا خەو بەری بدا. وەك بڵێی گوێ بۆ دەنگی باران ڕادێرێ، قسەکانی مادلینای پیری دەژنەفت. دواجار کاتێ پیرێژن لە قسەکردن وەستا، ئاغا بە باوێشکدان و بێ حەوسەڵە پرسی:

- مێشکی ئیش دەکات؟
- ڕێك وەك کاتژمێر ئیش دەکات ئاغا!

ئاغا دوای بێدەنگییەکی کورت، باوێشکێکی تریدا و پرسی:

- ترساوە؟
- نا ئاغا، مەگەر ئەو نەفرەتییە دەزانێت ترس چییە! لەبارەی خوداوە بۆی بدوێی پێدەکەنێ، لەبارەی شەیتانەوە بۆی بدوێیت هەمدیس پێدەکەنێ. ئاغا... کاپتن تۆفان تەواو ئەقڵی لەدەستداوە.
- ئارەق دەخواتەوە؟
- بەڵێ، بەڵام زۆر نا ...
- زۆر باشە! پێی بڵێ کاتێ خەو بەریدام، دێم تا خوداحافیزیی لێبکەم. پێی بڵێ میراخوڕەکەیشم لەگەڵ خۆم دێنم تا شەپیووری بۆ بژەنێت.

یوسفۆکەکەیشم لەگەڵ خۆم دەبەم تا گۆرانی ئامان ئامانی بۆ بیژێت کە ئەو لە هەر گۆرانییەکی تر زیاتر حەزی لێدەکات. خۆی دەزانێت کام گۆرانی دەڵێم. برۆ هەرچییەکم پێگوتیت پێی بڵێ! من ئێستا قاوە دەخۆمەوە. پاشان دەبێ سەبیل بکێشم و چۆرێك عارەق بخۆمەوە. پاش ئەوە دەبێ یوسفۆکەکەم پێوپلم بشێلێت تا لە خەو بێدار ببمەوە. ئەوکات بۆ سەردانی دێم ... باش گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم! پێی بڵێ دەستم نەبڕێ و بەر لەوەی بگەمە لای نەمرێت! پێی بڵێ چاوەڕێم بێت! دەی برۆ!

ڕەنگی ڕوخساری کاپتن وەك لیمۆ زەرد هەڵگەڕابوو. جگە لە پێست و ئێسك شتێکی تری پێوە نەمابوو. شاڵێکی پانی جەڕاعەتاوی و سوور بە خوێنی وشکەوەبوو، لەسەرییەوە پێچرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئارام و بێ ترس پاڵی بەدیوارەکەوە دابۆوە و چاوانی وردی لە چاوانی مەیموونێك دەچوون کە ڕۆژێك لەڕۆژان لە ( ئۆدیسا ) بینی بووی، بەردەوام دادەخران

و دەکرانەوە و تەژی لە پەرۆشیی ژیان، دەدرەوشانەوە. لەلایەوە، لەسەر مێزێکی گچکە بوتڵێك عارەق، سەبیل و پەیکەرێکی گچکەی شاژنە ڤیکتۆریا دانرابوو. ڕۆژێکیان کە لە بەندەرێك ئەو پەیکەرەی بینی بوو، لەدڵی خۆیدا گوتبووی:" عەجەب بەشکۆ و ناوازەیە! بنۆڕە چ قلافەت و سینگێکی بەرجەستەی هەیە! چووە بەدڵمدا....." لەوە بەدوا ئەو پەیکەرەی لە خۆی جویّ نەدەکردەوە و هەمیشە بە پێکەنینەوە دەیگوت:" ئەمە ژنمە و چش ئەگەر سمێڵی لە سمێڵی من ئەستوورتر بێت!" بە نیگا، بە کون و قوژبنی ماڵەکەدا دەگەڕا. لە دیوارە چڵکنەکانی دەنۆڕی، لە دارەڕای پۆشراو بە داوی جاڵجاڵۆکە، لە ڕەفەی بەتاڵ، لە سنووقە گەورەکە کە پڕ بوو لە خرتکەوپرتکە و کەوش و پارچە ئاسن، لە گۆزە ئاوێك کە لە قەڵەشی دیوارەکەدا دانراو و لە قەڕابە عارەقەکەی قوژبنی ژوورەکەی دەنۆڕی و لەسەر هەر کامیان، بۆ خوداحافیزیی وچانێکی دەدا. قەیرێك لە وێنەیەکی کۆن و زەرد هەڵگەڕاوی هەڵواسراو بە دیوارەکەی

بەرامبەر تەختەنوێنەکەیەوە وردبۆوە. وێنەکە وێنەی کەشتییە ئازیزە غەرق بووەکەی بوو. تەواوی چارۆکەکانی هەڵدرابوون. ئالأی گرێکلاند بە ژوور بەشی دواوەی کەشتییەکەوە دەشەکایەوە و پەرییەکی زەریایی بە سینگومەمکی ڕووتەوە لە بەشی پێشەوەیدا دەبینرا. ئەم خۆیشی لەسەر قەڵەمڕۆی کەشتییەکە ڕاوەستابوو. ئەو کات تەمەنی سی ساڵان بوو ... لەگەڵ خەیاڵدا چووە نێو کەشتییەکە. کەشتی لەنگەری بەرزکردەوە، لە قاڵبە چڵکنەکەی هاتە دەرێ و بەرەو زەریا ڕۆیشت. تەم زەریای پۆشیو و ناخودا تۆفان لەودیوییەوە بەزەحمەت دورگەکان، تورکانی تەربوش سوور و ژنانی پەری ئاسا و دوکانۆچکەی مەی فرۆشیی گوێ بەندەرەکەی کە بە دوکەڵی جگەرە و سەبیل و کەبابی بەرخ و ماسی ڕەشهەڵگەڕا بوون، بۆ جیادەکرایەوە. زەینی شپرزە بوو. یادەوەریگەلی خۆش و ناخۆش ئاوێتەی یەکدی ببوون. ئیدی بریندار بوونی خۆی وەیاد نەدەهێنایەوە کە کاتێك خۆبەخشانە لە شەڕی ساڵی 1897 دا بەشدار ببوو تا

ئازووخه و چەك بۆ گریێکلاند بار بکات. سەردەمانێك عاشقی ژنه تورکێك ببوو، بەڵام یادی نەبوو له کوێ و ئەو ژنه تورکه کێ بوو ... له کوستەنتینییه بوو یاخۆ ئەزمیر، له ئاوالی بوو یاخۆ ئەسکەندەریه؟ ناوی کەلسوم بوو یاخۆ مەرزییه؟ هەموو شتێك له یادەوەرییدا سڕدرابۆوه. تەمێکی چڕ دونیای پۆشیو و هەموو شتێکی کردبووه دوکەڵ. تەنها یەك ڕووداو ڕۆشن و پرشنگدار لەنێو ئەم تەم و دوکەڵەوه سەری هێنابووه دەرێ و ئەوەیش ڕوداوی جێژنی قەدیس ژۆرژ له مانگی نیسان و له شاری باتوم بوو. لەو ڕۆژەدا وی لەگەڵ سێ هاوڕێیدا، بۆ باخێکی پڕ له گوڵی سووری درشت چووبوون و لەکاتێکدا که دەسەسڕی سپییان به سەریانەوه پێچابوو، دەیانخوارد و دەیانخواردەوه و گۆرانییان دەگوت. دونیا هەتاو و بۆنی خۆشی زەریا دەگەییه کەپوو. هیچ ژنێکیان لەنێواندا نەبوو. هەموویان بۆشناخ بوون و لەگەڵ یەکدیدا هاوڕێ. قژی یەکێکیان زەرد و قژی سیانەکەی تر ڕەش. ئەو ڕۆژه ڕۆژی لەدایکبوونی یەکێکیان بوو

بەناوی ژۆرژ. لەمیانەی خواردن و خواردنەوە و گۆرانی گوتنیان، بارانێکی ورد و هێور دایکرد. گەڵای ئەستووری درەختەکان لەژێر بارینی باراندا خشەیان دەهات و خڕکە بەردەکان دەشۆرانەوە. لە ئەرزیشەوە وەکی زەریا بۆنێکی خۆش پەخش دەبوو. سێ ئەرمەنی بە ماندۆلین و تەپڵەوە هاتن، لەژێر تەلانی گوڵی سووردا دانیشتن و کەوتنە چرپینی گۆرانی ئامان ئامان. چ پەرۆشییەك! چ تەڕوتازەییەك! دڵی ژیانیش وەك دڵی مەلێکی عاشق وەتەپە کەوتبوو... ناخودا تۆفان زەینی خۆی گوشی، بەڵام چ یادەوەرییەکی ڕۆشنی تری نەکەوتەوە بیر. تەواوی تەمەنی وەك دوکەڵ لەبەریەك هەڵوەشابوو. تەنها هەمان ئەو ئاهەنگە گچکەیەی شاری باتووم و ئەو بارانە وردەی وەیاد دەهاتەوە. هەر بۆیە بەخۆی گوت:" یانی چی؟ ئاخۆ تەواوی ژیانی من تەنها ئەمە بوو؟ بارینی باران، سێ هاوڕێ و چەند گوڵێکی سوور؟ مەگەر دەشێ چ چتێکی تر لە ژیانی مندا نەبێت؟ خۆ من پێموابوو دونیام بە ساخیی قووت داوە!" دەستی بەرەو لای مێزە گچکەکە

ڕایەڵ کرد تا پەرداخە عارەقەکە هەڵگرێ، لەوکاتەدا دەرگا کرایەوە و ئاغا هاتە ژوورێ. ئاغا جلکی ڕەسمیی لەبەردا، پانتۆڵەکەی لە ماهووتی سوور، دەمانچەیەکی زیوینی کردبوو بە لاقەدیدا. سمێڵی بۆیاخ کردبوو. دەسەسرێکی ئاوریشمینی نابووە بن باڵی و پاتاوەکانی لەپێدابوو. پێدەچوو بۆ مەراسیمی عەرووسی هاتبێ. لەدوایەوە یوسفۆك باریك ئەندام بە گۆنای سپیی ئاوساو، خومار و بنێشت لە دەمدا، هاوڕێ لەگەڵ میراخوری شەیپور بەدەستی مۆن و چاوزەقدا هاتنە ژوورەوە. ئاغا کە زۆر کەیفخۆش دەهاتە بەرچاو، گوتی:

- ناخودا تۆفان سەفەرێکی خۆش. ئومێدەوارم بای گونجاو هەڵبکا! بیستوومە باری سەفەرت بەستووە و نیازی ڕۆیشتنت هەیە!
- ئاغا چارۆکەکانم بەرزکردونەتەوە و بای گونجاویش هەڵیکردووە. دیدار بە قیامەت!

ئاغا لەکاتێکدا کە پێدەکەنی و لەسەر سنووقەکە دادەنیشت، گوتی:

- هەی لەعنەتی بۆ کوێ دەچیت؟ حەیف نییە دونیا بەجێبێڵیت؟ بمێنەوە و مەڕۆ! عارەقی بۆنخۆشیان بۆ هێناوم. عارەقی شاتوو! بمێنەوە تا ئەو عارەقە پێکەوە بخۆینەوە، پاش ئەوە بڕۆ!
- نا ئاغا. خوداحافیز. ئیدی کارم تەواو بووە. لەنگەرم ڕاکێشاوە و سوکانەکەیشم گرتووە. خۆت بە تەنیا بیخۆرەوە.
- بەڵام هەی لەعنەتی گەرەکتە بۆ کوێ بڕۆیت؟ ئەرێ خۆت دەزانیت بۆ کوێ دەچیت؟
- بۆ دۆزەخ! چوزانم بۆ کوێ دەڕۆم؟ بۆ هەر کوێیەك بێ دەڕۆم!
- هەی ڕۆمی ناجسن، لە نەزەری مەزەبەکەتانەوە بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ناخودا بێباکانە وەڵامیدایەوە:

- ئاه! ئەگەر بمەوێت باوەڕ بە قسەی مەزەبەکەم بکەم ئەوا دەبێ یەکڕاست بۆ دۆزەخ بڕۆم!

ئاغا پێکەنی:

- بەڵام من ئەگەر باوەڕ بە قسەی مەزەبەکەم بێنم ئەوا یەکراست بەرەو بەهەشت دەڕۆم. بەهەشتی پڕ لە گۆشتی برژاو و پەری و یوسفۆکەکان! بەڵام هەی لەعنەتی، دونیا جگە لە خەو و خەیاڵ و عارەق چ شتێکی تر نییە. یوسفۆکەکەم وایە؟ ژیان واتە عارەق خواردنەوە و خۆ سەرخۆش کردن! بەڵام بانومای مێشکی ئێمە لە هەر لایەکەوە با هەڵبکات، دەسووڕێتەوە. تۆ دەبیتە ڕۆمی و منیش بە ئاغای تورك ... بەڵام باشترە واز لەم قسانە بێنین و چ شتێك لەمبارەیەوە نەڵێین، چی بێ لەتۆ نهێنی بێ منیش دڵم بەم قسانە تەنگ دەبێ!

ئەوسا ڕووی کردە یوسفۆکی ئاوساو و گوتی:

- یوسفۆکەکەم هەستە. هەستە و پێکێك لەو قەڕابەی عارەقەم بۆ تێکە تا بیخۆینەوە.

لەم کاتەدا مادلینای پیر هاتە ژوورێ و سەری لە گوێی ناخودا نزیك خستەوە:

- عەرەق مەخۆرەوە! ئێستا قەشە دێت تا ڕێوڕەسمی خوانی ڕەببانیت بۆ ئەنجام بدات.

- هەی پیرێژنی خەڵەفاو قەشە کێیە؟ لمۆزت داخە و بڕۆ ئەو قەڕابەیە هەڵگرە و عارەقمان بۆ تێکە!

پیرێژن بە بۆڵەبۆڵ و بەدەستانێکی لەرزۆکەوە جامەکانی پڕ کردن. ئاغا لەجێگەکەی هەستا، نزیکی تەختەنوێنەکەی ناخودا بۆوە و جامەکەی لەوی ئەودا:

- ناخودا ئومێدی سەفەرێکی خۆشت بۆ دەخوازم.

- هەروا بۆ تۆیش ئاغا!

هەردووکیان لە قووڵایی دڵەوە پێکەنین.

ئاغا سمێڵی سڕی و گوتی:

- خۆت ببینە ناخودا کە ئێمە چۆن بووینە هاوڕێ؟ زۆر بەم هاوڕێیەتییەمان خۆشحاڵین و هەمیشەیش هەر خۆشحاڵ بووین!

ناخودا کە هەستی دەکرد خەریکە سەرەسووڕەی پێدەکەوێ و دڵی لە لێدان دەکەوێ، گوتی:

- ئاغا قەشە دەیەوێ ڕێوڕەسمی خوانی ڕەبانییم بۆ ئەنجام بدات. دیدارمان بە قیامەت!

- بەڵام کەمێك ئارام بگرە. بۆ کوێ دەڕۆیت؟ هێندە پەلە کەمە! من یوسفۆکەکەمم هێناوە تا گۆرانی

ئەمان ئەمانمان بۆ بێژێ کە تۆ زۆرت حەز لێیەتی.
هەی لەعنەتی تا گوێت لێی نەبێ نابێ بڕۆیت! وەرە یوسفۆکە گیان بۆی بێژە. هەر بژیت!

یوسفۆك بنێشتەکەی لە زاری دەرهێنا و وەك هەمیشە بە ئەژنۆیەوە نووساند. ئەوسا بە بێ مەیلی گۆنای لەسەر لەپی دەستی ڕاستی دانا و زاری کردەوە تا بیلێ. بەڵام ئاغا بە ئامارەی دەست بەری پێگرت و گوتی:

– ئارام بگرە یوسفۆك، با یەکەم جار شەیپوور لێبدرێ، پاشان بیلێ!

وایگوت و ئینجا لای بۆ میراخور کردەوە و فەرماندەرانە گوتی:

– دەرگاکە بکەوە. لەنێوان دوو تاکی دەرگاکەدا ڕاوەستە و ئاوازێکی جەنگیی بژەنە!

میراخوڕ دەرگاکەی کردەوە، شەیپوورەکەی بۆ دەمی برد و کەوتە ژەنین.

تاوێکی پێچوو ئاغا فەرمانیدا:

– بەسە! یوسفۆك دەی ئێستا تۆ گۆرانییەکەت بلێ!

دەنگی ساف و حەز بزوێن لە ژوورەکەدا شەپۆلی دەدا. ناخودا گوێی ڕادەدێرا و سینگی پڕ لە حەز و حەسرەت دەبوو:" دونیا جگە لە خەو و خەیاڵ چ شتێکی تر نییە. ئەمان ئەمان!"

تا ئەو کاتە ناخودا بەو قووڵییە هەستی نەکردبوو کە تا چ ئەندازەیەك دونیا و خەیاڵ یەکێکن. بەڵام بێگومان ئەو نوستبوو و خەوی دەبینی کە ناخودایە، بۆ بەندەرەکانی دەریای سپی و زەریای ڕەش ڕۆیشتووە، لە جەنگی ساڵی نەوەد و حەوتدا بەشداری کردووە، گرێکییە و مەسیحیی و لە حاڵی مەرگدا ... بەڵام نەدەمرد، چونکە لە خەو ڕادەپەڕی و هەمدیس بەیانییەکی تر دەهات ...

بەئارامی دەستی ڕایەڵ کرد و گوتی:

– سوپاس ئاغای ئازیزم. تەنها تۆ هەستت بە ئازارەکانی من کرد. یوسفۆك، خوداحافیزیی لەتۆیش دەکەم. ئومێدەوارم دەمە گچکە جوانەکەت هەرگیز نەڕزێ و لەخاکدا ببێتە یاقووت.

ئاغا دڵ پڕ لە قەهر ، فرمێسکی چاوانی سڕی و گوتی:

– ئارامبە پیرەمێرد! سەفەرێکی خۆش!

ئەوسا دانەوییەوە، کاپتنی ماچ کرد و هەمدیس فرمێسك زایە چاوانی.

– دەزانیت ئاغا! نەمدەزانی ئەوەندە خۆشم دەوێیت. خوداحافیز!

لە نیوەڕێی گەڕانەوەدا، ئاغا ڕووی کردە میراخور و گوتی:

– هەمدیس ئاوازێکی جەنگیی بژەنە تا ناخودا گوێی لێبێ و دڵی هێزی تێبێ ... وەکی تر خەڵکەکەیش دەیژنەڤن و بۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن دێن. ئاخر یەکێك لە کۆڵەگەکانی ئاوایی خەریکە دەڕووخێت.

ئێرە و ئەوێی ئاسمان بە هەورێکی هاوینە پۆشرا و کەمێك باران باری. ئاغا گوتی:

– ... زووتر بێن بەڕێوە مناڵینە. جلکی نوێم لەبەردایە.

وایگوت و ئیدی هەرسێکیان پێیان هەڵگرت.

میکیلیسیس کاغەز و مەرەکەب بەدەست کەوتەخۆ و بەوان گەییشت و پرسی:

– ئەرێ وەزعی ناخودا چۆن بوو؟

ئاغا وەڵامیدایەوە:

– باشە ڕۆڵە. لە هیچ ناترسێ و وەزعی لەئێمەی زیندووان باشترە. بەڵام زوو بگەرە لای!

مادلینای پیر دەرگاکەی کردبۆوە و چاوەڕێی قەشەی دەکرد. بەڵام لەبری وی میکیلیسی بینی کە بەهەناسەبڕکێوە دەهات.

– کوڕە خێراکە. کاپتن هێشتا خۆی بەدەستەوە نادات. ڕۆحی هێشتا بە جەستەیەوە چەسپیوە. وەك بڵێی حەوت ڕۆحی هەبێت ... وەرە ژوورەوە!

میکیلیس هاتە ژوورێ و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست.

ناخودا بێ بڕست چاوانی لێکنابوو. هەمدیس خوێن لە برینەکانی سەرییەوە دەهاتەخوارێ و بەسەر گۆنا و نوێنەکەیدا دەڕژا. پیرێژن نزیکی بۆوە و ڕوخساری بۆ سڕی. ئەوسا دانەوی و بەگوێیدا چرپاندی:

– ناخودا ئازابە! میکیلیس بە قەڵەم و مەرەکەبەوە هاتووە.

ناخودا به زەحمەت سەرە شکاوەکەی هەڵبڕی و چاوانی کردنەوە:

- بەخێربێیت خودانی گەنج!

هەمدیس چاوانی لێکنایەوە و خەوی لێکەوت. میکیلیس لەسەر سنووقەکە دانیشت، کاغەزەکەی لەپاڵ خۆیەوە دانا و چاوەڕێی کرد. پیرێژن لەکاتێکدا کە فرمێسکی چاو و ئاوی کەپووی خۆی دەسڕی، بە چرپە گوتی:

- داماوە پیاوێکی باش بوو. تەنانەت ئەو کاتانەیش کە وەك هاجینیکۆلیسی لێدەهات هەر پیاوێکی باش بوو! ڕێك وەکو مێردە ڕەحمەتییەکەی خۆم ...

ئیدی بۆ سەبووریدانەوەی خۆی کەوتە گێڕانەوەی بەدبەختییەکانی. میکیلیس سیگارێکی پێچایەوە و دایگیرساند. ئەویش هەستی بە بەدبەختیی دەکرد، بەڵام لای کەس نەیدەدرکاند. قسەکانی پیرێژنی دەژنەڤت، بەڵام خەیاڵی لە جێگایەکی تر بوو. لەو نزیکانەوە قروسکەی سەگێگ دەگەییە گوێ.

پیرێژن بە تووڕەیی لەجێگەکەی هەستا و گوتی:

– هەی سەگەی نەفرەتی! ئەوە دیارە ئیزرائیلی بینیوە بۆیە ئاوها دەقروسکێنیّ!

پاشان دەرگاکەی کردەوە. دانەوییەوە، بەردێکی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرت، تێی گرت و بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە. ناخودا چاوی کردەوە و پرسی:

– میکیلیس لەکوێی؟ نزیکتر بەرەوە. ناتوانم بەدەنگی بەرز بدوێم. کاغەزەکە بێنە و بنووسە!

میکیلیس گوتی:

– ناخودا خۆت ماندوو مەکە. چ پەلەپەلی ناوێت.

– گوتم بنووسە و دڵنەوایی بۆ ڕۆژێکی تر هەڵگرە. من حەوت ڕۆحم هەیە کە شەشیان ڕۆیشتوون و تەنها یەکێکیان ماوە. ئەم یەکەشیان گەییوەتە سەر کەپووم و ئامادەی فڕینە. کەواتە زووکە تا زیندووم بنووسە.

میکیلیس نزیکی بۆوە. کاغەزەکەی کردەوە. قەڵەمەکەی لە مەرەکەبەکەدا سووڕاند و گوتی:

– گوێم لاتە ناخودا!

– یەکەم بنووسە کە هۆش و گۆشم لای خۆمە و مەسیحییەکی ئەرتەدۆکسم. ناوی بابم تیۆدوریس

کاپانتای بووە و خۆم نە منداڵم هەیە نە نەوە و نە سەگ و سوپاس بۆ خودا هەرگیز ژنم نەهێناوە. پارەی زۆرم هەبووە، بەڵام هەموویم خواردووە. ئەرزی زۆرم هەبووە بەڵام هەموویم فرۆشتوون و خواردوومن. هەڵبەت گەر ڕاستییت دەوێ نەمخواردوون بەڵکو نۆشیومن. ئیدی چ جیاوازییەکیان نییە! کەشتییەکیشم هەبوو وێنەکەی وا بەدیوارەکەوە. کەشتییەکەم لە زەریای ترابوزان تێکوپێك شکا و غەرق بوو. ئەلعان تەواوی دارایی من ئەم شتانەیە....

وایگوت و بە ئاماژەی دەستماڵەکەی پیشاندا:

– ... هەموو ئەمانە بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەم تا هەمیشە یادم بکەنەوە. مادلینا وەرە ئێرە و هەرچی دەبینیت بیڵێ تا یادم بێت چیم هەیە. ئەگەر هەرچیەکم بیر چوو ئەوا بۆ تۆ. ئێستا بنووسە میکیلیس. ئامادەیت؟

– بەڵی ئاخودا ئامادەم.

– ئەو قەڕابە عارەقەی سووچی ژوورەکە دەدەمە ئاغا تا بەیادی منەوە بخواتەوە. ددانێکی ئاڵتوونم لەدەمدایە

دەیدەمە کاترینا تا گوارەیەکی بۆ خۆی لێدروست بکات. سەبیلە کلك کارەبییەکە بۆ قاوەخانەکەی کوستانتیس دەکەمە دیاری تا هەرکاتێ موسافیرێکی غەریب لێرەوە تێپەڕی دایگیرسێنێ و غەمی غەریبیی خۆی پێ بە با دات. دە کیلۆیەك جۆم هەیە دەیکەمە وەقفی گوێدرێژەکەی یاناکۆس تا لە شەوی ڕێوڕەسمی تەمسیلەکەدا و کاتێ مەسیح سواری پشتی دەبێت و دەیەوێت بچێتە ئۆرشەلیم، بۆ خۆی بیخوات. چەند دراوێکی زیوم لەگیرفاندا ماوە بیدەنە باوە گریگۆریس، ئەگینا بەخاکم ناسپێرێ و جەنازەکەم بۆگەن دەکات. لەنێو ئەو سندووقەدا کە لەسەری دانیشتوویت، چەند پارچەیەك، جلکی کۆنە، کڵاو و کراسی چنراو، چەکمەی زەریاوانیی، فانۆسێکی زەریایی، تەوەرنمایەك و بڕێك خرتکەوپرتکە هەیە پێشکێشی ئەو بەستەزمانانەی چیای ساراکینای دەکەم. جگە لەوانە، هەرچی تر لە چرا و جام، قاپ و قاوە و شەکر و پیاز و ڕۆن و زەیتوون و پەنیرم هەیە هەر هەمووی بدەنە ئەوان. هەمان ئەم جلکەی بەریشم بدەنە ئەوان ... بەڵێ هەر هەمووی بەو

خەڵکە داماوە بێ پشتوپەنایە بدەن. بەزەییم پیایاندا دێتەوە ... هەموویت نووسی؟

– ئاوها بەخێرایی نا ناخودا! هێواشتر بڵێ تا بە نووسینی هەموویدا ڕاگەم.

– ناچارم خێرا بدوێم تا وەسێتنامەکەم لەکاتی خۆیدا تەواو بێت. خێراتر بنووسە. کتێبێکی حەکایەتەکانی هەزار و یەك شەوەم هەیە، ڕۆژانی یەکشەممە کاتێ هەمووان بۆ کڵێسا دەچوون، من دەمخوێندەوە، ئەم کتێبە دەدەمە کوستانتیسی قاوەچی تا ڕۆژانی یەکشەممە کە خەڵکی لە کڵێساوە بۆ قاوەخانەکەی دەچن، بە دەنگی بەرز بۆ یەکتری بخوێننەوە و کەمەکێك مێشکیان بکرێتەوە. قەبوڵمە ئینجیل کتێبێکی گەورەیە، بەڵام حەکایەتەکانی هەزار و یەك شەوە هیچیان لەو کەمتر نییە. میکیلیس نووسیت؟

– نووسیم ناخودا. بڵێ، بەڵام زۆر گوشار بۆ خۆت مەهێنە.

– مادلینا، چاو بەهەموو شوێنێکدا بگێڕە و ببینە چ شتێکی بەنرخم بیر نەچووە؟

– ئەدی پێڵاوەکانت!

– پف! ئەوانە ئیدی زۆر کۆن بوون و بە کەڵکی فڕێدان دێن. بەڵام نا! ئەوانەش دەبەخشمە لاداسی سواڵکەرسیفەت. چونکە هەرکاتێ بۆماڵیان دەچووم دەمبینی پێی پەتییە. لێگەڕێن پێڵاوەکانم بۆ ئەو دەعبا پیسکەیە بێ تا لەپێی بکا و سەرمای نەبێت! ئاخر مەرگی وی بۆ دونیا دەبێتە کارەساتێکی گەورە. مادلینا سەیرکە بزانە چ شتێك ماوە؟

– وێنە!

– ئاه! ئەوە لەگەڵ خۆمدا دەبەم. هەرئاوها بیگرنە چوارچێوە و شووشە و بینێنە نێو گۆڕەکەم، پەرداخی عارەقەکەشم لەگەڵ خۆمدا دەبەم. ئەو پەرداخە زۆر خزمەتی کردووم و نابێ بەتەنیا جێیبێڵم. ئۆف! بەڕاست خۆ ئەم پەیکەرە گەچییەیش ماوە! ئەمەش بدەنە گەچخۆر! لێگەڕێن با شاژنی ئینگلیستانیش بخوات!

– هێشتا گرینگترین شت ماوە. مەبەستم خانووەکەیە!

– خانووەکە بۆ مادلینای پیر جێدێڵم کە وەك خوشکێك ئاگای لێم بووە. ئاخر من زۆر ئازارم داوە. جنێوم

پێداوە، دارکاریم کردووە. بمبەخشە ئەی مادلینای میهرەبان، مەگری! هەی ناشیرین ناشێ لە خۆشحاڵییدا بگریت؟

ویستی پێبکەنێت بەڵام نەیتوانی. ئازار دەیجەڕان و هەمدیس خوێن بە ڕوخساریدا دەهاتە خوارەوە:

– ... هەموو سەروەتەکەم ئەمە بوو. دەی کاغەزەکە بێنە و بمدەرێ تا ئیمزای بکەم.

میکیلیس کاغەزەکەی دایێ. پیرێژن لە جێگەکەی بەرزی کردەوە. میکیلیس دەستی گرت و ئەویش لەپای کاغەزەکەدا نووسی: ناخودا یاکۆمیس کاپتنای فرزەندی تیۆدۆریس.

دەنگی وێرد و دۆعا لە دەرەوە دەگەییە گوێ. مادلینای پیر لەکاتێکدا کە ڕایدەکرد تا دەرگاکە بکاتەوە، هاواری کرد:

– ئەوەیش قەشە ...

ناخودا بە چرپە گوتی:

– ئەمەیش عەزابێکی تر ... بەڵام چار چییە. وەرە ژووری و ڕزگارمانکە!

یەکەمجار زێوانی پیری کڵێسا مۆم بەدەست هاتە ژووریێ و بەدوای ئەویشدا باوە گریگۆریس. جبەی ڕێوڕەسمی لەبەردا و جامی پیرۆزی تەناولقوربانی بەدەستەوە کە ڕووپۆشێکی چوارگۆشەی مەخمەلی سووری چنراوی پێدادرابوو. لەکاتی هاتنەژوورەوەیدا بە نەوایەکی فەرماندەرانە و پڕ شکۆ گوتی:

– پەروەردگار دێتە ژوورەوە. ئێمە بە تەنیا جێبێڵن!

مادلینای پیر و میکیلیس خاچیان کێشا. دەستی قەشەیان ماچ کرد و چوونە دەرەوە. زێوانی کڵێسایش مۆم بەدەست چووە دەرەوە و هەرسێکیان لەودیو دەرگاوە چاوەڕێ بوون.

قەشە لە ناخودا نزیك بۆوە و گوتی:

– ناخودا تۆفان، هەنووکە ساتی ڕاوەستانە لەبەردەم بارەگای خودادا. ددان بە گوناهەکانتا بنێ و ڕۆحت پاقژ بکەوە! گوێم لێتە!

ناخودا بە نەوایەك بە نیشانەی شەکەتیی وەڵامیدایەوە:

– باوه چاوەڕێیت گوناهەکانمت بۆ باس بکەم؟ وا دەزانیت هەموویم لەبیرە؟ خودا خۆی هەمویانی تۆمار کردوون و هێندە بەسە کە ئیرادە بنوێنیّ تا بیانسڕێتەوە. من لەم دونیایەدا تەنها یەك دیاریی بۆ دەبەم. بەڵی تەنها یەکێك و پێموایە لەو دونیا شتێکی وەك ئەوە نەبێت.

قەشە بە گرژیی تەواو گوێی ڕادێراو و قسەکانی ناخودا بەسەختی ئازاریان دەدا. ناخودا درێژەی بە قیرسیچمەیی خۆیدا:

– ... بەڵیّ، گەرەکمە تەنها یەك شتی بۆ ببەم.

قەشە بڕۆی گرژ کرد:

– چ شتێك؟

– ئیسفەنجێك.

قەشە هاواری کرد:

– ئەریّ شەرم ناکەیت؟ تەنانەت لەم دوایین لەحزەیەشدا ناترسیت هەی کافر؟

ناخودا بەخوێن ساردیی تەواوەوە گوتی:

– ئێمە هەموو مێشوولەگەلێکین کە دەنکە گەنمێك یان مێشێکی مردوومان زیاتر لە بەشی خۆمان خواردووە. ئەمەش چ گرینگییەکی هەیە؟ ئایا ئەمە گوناهێکی گەورەیە؟ خودایا تۆ خۆت ئەو گوناهانە بسڕەوە!

قەشە بە نەوایەکی جیددی گوتی:

– ناخودا، تۆ دەبێت لەخودا بترسیت! هەی نەگبەت تۆ لەبەر قاپی خودادا ڕاوەستاویت. هەر ئەلعان لەوەدایە دەرگاکە بکرێتەوە و لەگەڵ خودادا ڕووبەڕوو بیتەوە! ئەرێ ناترسیت؟

ناخودا گوێی خۆی گرت:

– باوە ئیدی من هیلاك بووم. ئاغا هاتبوو بۆ ئێرە و پێکەوە قسەمان کرد. میکیلیسیش هەر لێرە بوو وەسێتنامەی بۆ نووسیم. کاتێ خەریك بووم وەسێتم دەکرد کوتوپڕ تۆم کەوتەوە بیر و هەرچی پارەی نەخدم هەبوو بەتۆم بەخشی تا بەخاکم بسپێریت و وەك زۆر کەسی تر لەسەر ئەرز نەمێنم و بۆگەن نەکەم. ئەلعان هاتویت و دەتەوێت بمترسێنیت؟ ... ئیدی لە وزەمدا نەماوە و لەوەدام بڕۆم. دەی خوداحافیز و شەوباش!

ئەوسا ڕووی کردە دیوارەکە و چاوانی لێکنان. بەزەحمەت هەناسەی دەدا و لەوەدا بوو ڕۆحی دەرچێت.

قەشە مەخمەلە سوورەکەی لەنێو جامەکە نا و گوتی:

- ناتوانم تۆ بە خوێن و جەستەی مەسیح بەرەکەت بدەم. خودا خۆی دەتبەخشێت!

ناخودا قرخەقرخ گوتی:

- شەوباش!

دوو سێ جار پەلی کوتا و تەنگەنەفەس بوو. تەختەنوێنکەی شەلاڵی خوێن ببوو. قەشە خاچی کێشا و جارێکی تریش گوتی:

- مەگەر خودا بۆ خۆی لێت ببورێ. چونکە من مافی کارێکی لەو جۆرەم نییە.

پاشان دەرگاکەی کردەوە و مادلینای پیری بانگ کرد کە لە کفن و دفنکردنی مردواندا بەلەد بوو.

بەیانی ڕۆژی دوایی کاتێك کاپتنیان بۆ بەخاکسپاردن برد، بارانێکی خۆش دەباری. ڕێك وەك ئەو ڕۆژەی جێژنی قەدیس ژۆرژ کە ئەو خۆی لە باتوم لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەسەر بەردی گەورەی نێو باخێك

بەخۆشحاڵییەوە دانیشتبوو. هەورێکی تەنك ئاسمانی پۆشیبوو. نەوای خەمینی ناقوسی کڵێسا دەگەییە گوێ و فەزای گۆڕستانە گچکەکەی تەژی لە بۆنی گوڵە بەیبوون کردبوو. تەواوی گوندنشینان بۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن هاتبوون و لەپێشەوەی هەموویان مادلینای پیر بە پرچی ژاکاو و چاو بەگریان هەنگاوی دەنا. یاناکۆسیش کە لەبارەی وەسێتەکەی ناخوداوە سەبارەت بە گوێدرێژەکەی هەواڵی هەبوو، دەیویست ئەویش لە ناشتنەکەی کاپتندا ئامادەبێت، بەڵام باوە گریگۆریس بە بەدخوڵقی ڕێی بەوە نەدابوو.

یاناکۆس ناڕازیی لە وەڵامی قەشەدا گوتبووی:

– مەگەر کەرەکەی منیش مەخلوقی خودا نییە؟

قەشەیش تووڕە وەڵامیدابۆوە:

– کەر خاوەن ڕۆحێکی جاوید نییە!

وایگوتبوو و ئیدی یاناکۆسی لەنێو جەمعی مردوونێژەرانەوە ڕاونابوو. بەڵام یاناکۆس لاسارانە لە دوای جەنازەکەوە هاتبوو.

کاتێك ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن کۆتایی هات و هەرکەسێك مشتێك خۆڵی بەسەر گۆڕەکەدا کرد، هەمووان بەرەو قاوەخانەکە کەوتنە ڕێ تا بۆ تازیە دانیشن. هەر کە لە دەوری گۆڕەکە بڵاوەیان لێکرد، یاناکۆس، میکیلیس و کوستانتیسی بردە لاوە تا نهێنییەکیان بۆ بدرکێنێ کە گینگڵی پێوە دەدا:

– هاوڕێیان، گەرەکمە نهێنییەکتان پێبڵێم کە نابێ هیچ کەس پێیبزانێت. چونکە هێشتا کەس چ شتێك لەبارەیەوە نازانێت. دەموچاوی مانۆلیۆس دووچاری نەخۆشییەکی ترسناك بووە. گۆشتی زیادەی دەرداوە! ڕێك وەکی هەشت پێیەکی زەریایی! وەك بڵێی دەموچاوێکی شەیتانی بە ڕوخسارییەوە نوسابێ ... نازانم ئەوە چ نەخۆشییەکە؟ بڵێی مانۆلیۆس لە قەدیسان بێ و نیشانەکانی تەقەدوسی ئاشکرابووبێ؟ چونکە بیستوومە ئەو نەخۆشییە تایبەت بە قەدیس و زاهیدانە...

کوستانتیس گوتی:

– ڕێك ئەوەیە ... کەواتە مانۆلیۆس لە قەدیسانە و ئێمە ئەو هەموو سالانە سەرنجمان نەداوە!

میکیلیس تاساو بەو هەواڵە، گوتی:

– کوستانتیس وا زوو قەزاوەت مەکە! کەمێك ئارام بگرە و لێگەڕێ باش بیربکەینەوە. ڕەنگە باشتر بێ دکتۆری لێ ئاگادار بکەین ...

یاناکۆس گوتی:

– پێشنیار دەکەم سێ قۆڵی عەسری ڕۆژی یەك شەممە بۆ بینینی بچین بۆ چیا ... هەروا دیارییەکیشی بۆ دەبەین.

وایگوت و لەژێر جلکەکەیدا کتێبێکی گچکە و ئاڵتوون ڕەنگیی دەرهێنا و درێژەی بە قسەکانیدا:

– ... ئەم ئینجیلە دوێنێ عەسر باوە فۆتیس بە کریستۆفیسی پیردا بۆی ناردم و گوتبووی کە ئێمە چوار کەسی ( نان گەیەنەر ) بیخوێنینەوە. ئەو بەهۆی زەمیلە ئازووخەکانەوە، ناوی ئێمەی ناوە نان گەیەنەران.

سێ هاوڕێکە بەسەر گۆڕی باووباپیرانیاندا تێدەپەڕین کە پۆشراو بوو بە گوڵە بەیبوون. ئەرزی تەڕی دوای باران بۆنێکی خۆشی هەبوو. بۆ ساتێك ئێستێکیان کرد و بۆنی شێی گەرمی ئەرزیان هەڵدەمژت. میکیلیس بە هەناسەهەڵکێشانەوە دەسگیرانەکەی بیرکەوتەوە، ڕەنگ زەرد و لاواز و بازنەیەکی شین بەدەوری چاوانیدا و دەسەسرێك کە بۆ بەرگرتن لە کۆکە بەدەمییەوە دەیگرت. ڕابردوویەکی دووری بیرکەوتەوە کە لەگەڵ باوکیدا بۆ هەمان گۆڕستان هاتبوو تا شاهیدی هەڵدانەوەی گۆڕی کیژێکی جحێڵ بێ. بەرلەوە ئەو کیژە جحێڵە جوان و چاو گەورە و پرچ ئاڵتونییەی لە ماڵی خۆیان بینیبوو... ئەو ڕۆژە لەلای باوکییەوە، لەگوێ گۆڕەکەدا چاوەڕێی دیداری دووبارەی بوو. گۆڕ هەڵکەنەکە خۆڵی لە گۆڕەکە دەردەهێنا، ئەملاولاکەی بنکۆڵ دەکرد و بەدوای ئێسکەکانی کیژەکەدا دەگەڕا. باوکی کیژەیش لەوێ بوو، سنووق بەدەست لەسەر گۆڕەکە دانەویبۆوە تا ئێسکەکانی کیژەکەی تێبکات. لەناکاوێکڕا گۆڕهەڵکەن هەردوو دەستی بەنێو خۆڵەکەدا ڕۆبرد و کەللەسەرێکی

خۆڵاویی دەرهێنا .. ئیدی میکیلیسی منداڵ کوڵی گریانی بەربوو ... ئاخۆ ئەو ئێسکە هەمان سەری جوانی کیژە پرچ زێڕینەکە بوو؟ ئەدی چاوانی جوانی کوێوە چووبوون؟ ئەدی چ بەسەر لێوە پێکەنین لەسەر نەخشبووکەیدا هاتبوو؟

لەو ڕۆژەوە بیست ساڵ تێدەپەڕیی، لەو ڕۆژەوە هەرگیز ڕووی نەدابوو پێ بنێتە گۆڕستان و ئەو کیژە جوانە و کەللەسەرەکەی نەکەوتبێتەوە یاد.

یاناکۆس پرسی:

– میکیلیس بۆچی هەناسە هەڵدەکێشیت؟

میکیلیس دەرگای گچکەی گۆڕستانەکەی کە خاچێکی ئاسنین بە ژووریەوە بوو، گوشی و تەنها گوتی:

– با بڕۆین.

هەرسێکیان بێ ئەوەی چ قسەیەك بکەن، بەرەو گوند بوونەوە، کوتوپڕ دەنگی هەنگاوی قورسیان لەدوای خۆیانەوە هاتەگوێ. سەریان وەرگێڕا و کۆستانتیس گوتی:

- پانایۆتیسە ورچە! ئاخر ئەم دەعبا بێ شاخ و کلکەیش بۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکە هاتبوو.

یاناکۆس گوتی:

- وابزانم زانیویەتی ناخودا بەشە میراتی ئەویشی داناوە. هەڵبەت دەڕوات تا پەیکەری گەچیی شاژنی ئینگلیستان وەربگرێ و بیخوات ...

میکیلیس پێشنیاری کرد:

- با ئارام بگرین تا پێمان دەگات و دڵی خۆش دەبێ.

ئەوسا لەجێگای خۆیان وەستان. بەڵام پانایۆتیس بێ ئەوەی سڵاویان لێبکات هەنگاوەکانی خێراتر کرد تا پێشیان بکەوێت. لەهەمان ئەو ڕۆژەوە کە ڕیش سپییان ئەویان بەهۆی سووری ڕەنگی ڕیشییەوە بۆ بینینی ڕۆڵی یەهوزا هەڵبژاردبوو، ئیدی ئامادە نەبوو قڵافەتی کەسانێك ببینێت کە بۆ بینینی ڕۆڵی حەوارییەکانی مەسیح هەڵبژێردرابوون. زۆر جاران بەخۆی دەگوت:" تەماشای ئەمانە! بەم گەڵ و گیپاڵەوە دەیانەوێ ڕۆڵی حەوارییەکانی مەسیح ببینن! من بەم قڵافەتە ناقۆڵایەی خۆشمەوە لەوان باشترم، چونکە هەم لەڕووی ژیانی

خانەوادەیی و هەم لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لەوان زیاتر ڕەنج دەدەم. من کاتێك بە تەنیام دەگریم، بەڵام ئەوان تەنیٚ لەبەردەم خەڵکانی تردا دەگرین ... من لە مانای عیشق دەگەم، هەر بۆیە بوومەتە گاڵتەجاڕی خەڵك و لاسایی گریانەکەم دەکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوان کاتیٚ عاشق دەبن، شادومان و دەم بەپێکەنینن ... ڕقم لە هەموویانە. هەموویان بە دۆزەخ! یەکێك گوێدرێژی هەیە، یەکێك قاوەخانەی هەیە و یەکێکیش باوکی دەوڵەمەندە، هەم پارەی هەیە و هەم دەسگیرانێك بەناوی ماریۆری. بەڵام من چیم هەیە؟ هیچ! هەندێك جار بەسەرمدا دێت ئاگر لە ژیانم بەردەم. ژن و کچەکانم وەدەرنێم و ئەو ژنەیش بکوژم کە خۆشم دەوێت ... هەنووکە یەهوزا کێیە؟ من یان ئەم مفتەخۆرانە؟

یاناکۆس بانگی کرد:

– هێی پانایۆتیس مەگەر لە ئێمە بێزاریت؟

گەچخۆر بە تووڕەییەوە گوتی:

– سڵاو حەوارییە قەڵبەکان! ئەدی مەسیحە درۆیینەکەتان کوا؟

کۆستانتیس گوتی:

- ئەدی هێشتا ئەم مەسەلەیەت بۆ قووت نەچووە؟ هەی کەلەپووت ئاخۆ هێشتا تێنەگەیشتوویت کە ئەمانە هەمووی یارین؟

کورتان درۆ وەڵامی دایەوە:

- یاری بێ یان ڕاستی ... جیاوازی نییە. بەهەرحاڵ ئێوە خەنجەرتان بە دڵمدا ڕۆبرد. ژنەکەم بە یەهوزا بانگم دەکات، منالان لە کۆلان سەر دەنێنە سەرم. ژنان کاتێك چاویان پێمدەکەوێت، دەترسن و ڕوو وەردەگێڕن. ئەمانە هەمووی خەتای ئێوەی لەعنەتییە! دەترسم دواجار ببمە یەهوزا. ئومێدەوارم سزای ئەم کارەتان وەربگرن!

میکیلیس گوتی:

- ناڕەحەت مەبە. ئێمە هەموومان خۆشمان دەوێیت. هەر دوێنێ بوو ناخودا تۆفان بەر لە مردنی، تۆی کەوتەوە بیر و بەشە میراتی بۆ دانایت.

– گەچی بۆ داناوم تا بیخۆم! گوتوویەتی ئەمەش بۆ ئەو تا شاژنی ئینگلیستانیش بخوات. ئومێدەوارم لە ئاگری دۆزەخدا بیکەن بە شیشەوە!

میکیلیس گوتی:

– خۆت گوناهبار مەکە! هێشتا جەستەی ئەو داماوە سارد نەبۆتەوە. نەعلەتەکەت بگەڕێنەوە!

پانایۆتیس جارێکی تر تووڕە بوو، ڕوخسارە ئاولاوییەکەی سوورهەڵگەڕا:

– ئومێدەوارم لە ئاگری دۆزەخدا بە شیشەوەی بکەن! ئێوەیش وازم لێبێنن و لێگەڕێن بە دەردی خۆم بمرم!

وایگوت و زوو بەزوو بە جنێودانەوە هەنگاوەکانی خێراتر کردن و دوورکەوتەوە.

یاناکۆس گوتی:

– لەکام لاوە دەست بۆ ژیژك ببەیت دڕکێك بە دەستا ناچێ؟ باشترە هەر هیچ قسەی لەگەڵدا نەکەین.

میکیلیس دڵڕەنجاو گوتی:

– قوولایی دڵی بریندار بووە.

کوستانتیس گوتی:

- خواردنەوە و ئەو بێوەژنە وەزعەکەیان خەراپتر کردووە. بە ڕۆیشتنەکەیدا دیارە هەمدیس دەیەوێ ژن و کچەکانی فەلاقە بکات. هەمیشە هەڕەشە دەکات لە ماڵەکەی بیانکاتە دەرەوە.

یاناکۆس گوتی:

- یەهوزا بۆ ئەسڵی خۆی گەڕاوەتەوە و دەیەوێ کاری خۆی ئەنجام بدات. عاقیبەتی ئەم کارەیش خۆش نابێ و لەم ڕووەوە من نیگەرانی مانۆلیۆسم!

میکیلیس بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- نیگەرانی مانۆلیۆسیست؟

- پێموایە بێوەژن زۆر دەوری مانۆلیۆسی داوە. هەمان یەك دوو ڕۆژێك لەمەوبەر بوو کە لەسەر چالاوەکە بینیم لەگەڵ مانۆلیۆسدا قسانی دەکرد. پاتایۆتیسیش پێیزانیوە و شێت بووە. ئەلعان هەرکاتێ سەرخۆش دەبێ، هاواردەکات:" دەیکوژم! من ئەو چەپەڵە دەکوژم!" ئیدی وا خەریکی تیژکردنی نەشتەرەکەیەتی.

میکیلیس گوتی:

– چۆنه هەر ئەمشەو بۆ دیدەنی مانۆلیۆس بچین؟ یاناکۆس زۆر دردۆنگت کردم.

– بەڵێ، هەر ئێستا دەڕۆین. دەترسم پانایۆتیس بەر لە ئێمە بڕوات. وابزانم بەرەو کێوی پاقیژە دەڕۆیشت.

کۆستانتیسیش گوتی:

– با ڕێگەی چیا بگرینە بەر. نابێ کاری ئەمڕۆ بخەینە سبەینێ!

ئیدی ڕێگەی شاخیان گرتەبەر. بە پەلە دەڕۆیشتن، بێ ئەوەی قسەیەك لەگەڵ یەکتریدا بکەن. گوایە بەڵایەك لە چاوەڕوانیاندا بوو. لەنیوەی ڕێ پانایۆتیسیان بینی کە لە دامێنی کێوەکەدا لەسەر گاشەبەردێك دانیشتبوو، خەیاڵاویی سەری لەنێو هەرتك دەستی نابوو. زۆر لەسەرخۆ و بی دەنگ لە پشتییەوە تێپەڕین.

باران خۆشی کردبۆوە. هەورەکان ڕەویبوونەوە و ئاسمان شینێکی تەنك وەدیارکەوتبوو. خۆر کە هێشتا شۆڕنەببۆوە، بەهاتنەدەرەوەی لەودیوی هەورەوە، دەم بەپێکەنین دەینواند.

دەنگی دڵنەوازی زەنگۆڵە و نەوای ڕۆحبەخشی شمشاڵ لە چیادا دەنگی دەدایەوە. سێ هاوڕێکە بەلای مەڕەکاندا تێپەڕین. نیکۆلیۆس بە بینینیان شمشاڵەکەی لەسەر لێوی هەڵگرت.

میکیلیس بانگی کرد و گوتی:

– هێی نیکۆلیۆس، مانۆلیۆس لە کوختەکەیە؟

– نا لەوێ نییە. واتە من نەمبینیوە. خۆتان بڕۆن بزانن بەڵکو لەوێ بێت!

– وەزعی چۆنە؟

شوانەی جحێڵ هەستا و بەقاقای پێکەنینەوە وەڵامیدایەوە:

– وەك جاڵجاڵۆکەیەك کە خرابێتە سەر ئاگر دەسووتێ و گۆرانی دەڵێ.

یاناکۆس گوتی:

– پێدەچێ بزنەکێویی دڵی زۆر خۆش بێت! وەرن با بڕۆین.

میکیلیس بە پێکەنینەوە گوتی:

– ویستم نهێنییەکتان پێبڵێم. دوێنێ عەسر لێنێو چوو بوو بۆ لای باوکم. ئەو کیژە شەیتانێکە بەتەواوی مانا. نازانم لەکوێوە زانیویەتی مانۆلیۆس نەخۆش کەوتووە، هەر بۆیە بە باوکمی گوتووە کە ئیدی ئامادە نییە ببێتە ژنی وی. کاتێ باوکم لێی پرسیوە بۆچی؟ مەگەر کەسێکی ترت خۆش دەوێ؟ گوتوویەتی: بەڵێ، نیکۆلیۆسم خۆش دەوێ. باوکم گوتویەتی: بەڵێ؟ حاڵی نەبووم! ئەو هەتیوە شوانە دەڵێیت کە هێشتا سمێڵی گووگرە نەبووە و دەمی بۆنی شیری خاوی لێدێت! ئاخر کیژە گیان ئەو منالە بە کەڵکی چی تۆ دێت؟ مەگەر دەتوانێ منالت بۆ دروست کات؟ لێنێو هاواری کردووە:" هەڵبەت دەتوانێت. باشیش دەتوانێت. من ئەوم خۆش دەوێ. دڵنیابە دەتوانێ." دواجار هێند خۆی نازدار کردۆتەوە و بە دەوری پیرەمێرددا هاتووە کە ئیدی باوکم پێی گوتووە:" زۆر باشە. شووی پێ بکە. ئومێدەوارم لەبەریدا بحەسێیتەوە!"

یاناکۆس گوتی:

– بمبووره خودان. ئەم زوبان درێژە دەبێت ببێتە ژنی سابرێنێك.

کۆستانتیس ژنەکەی خۆی کەوتەوە یاد و گوتی:

– سوپاس بۆ خودا کە مانۆلیۆس قوتاری بوو لەدەستی!

گەییشتنە کوختەکە. تەماشای ناوەوەیان کرد. دەوروبەری پشتیرەکەیش گەڕان و پاشان چوونە سەر گاشەبەردێکی گەورە و بانگیان لێکرد. چ وەڵامێك نەبوو. یاناکۆس بە ورتەورت گوتی:

– خودایە! ناشێ کوشتبێتیان؟

میکیلیس گوتی:

– ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟

یاناکۆس کە لە قسەکەی خۆی ترس دایگرت، وەڵامیدایەوە:

– نازانم!

ڕێی گەڕانەوەیان گرتەبەر. خۆر شۆڕببۆوە و لەوەدابوو ئاوا بێت. ئێرە و ئەوێی نزمایی و بەرزایی کێوەکە پۆشراو بوو بە سێبەرگەلی ورد و گەورە. لەنیوەی ڕێ

ئاراستەی ڕێڕۆیشتنیان گۆڕی و بەرەو کڵێسا کۆن و گچکە و چۆڵ و فەرامۆشکراوەکەی نێوان گاشەبەردە گەورەکانی چیا کەوتنە ڕێ. گوندنشینانی ئیماندار تەنها یەك جار لە ساڵدا و ئەویش لە ڕۆژی هەشتی نۆڤەمبەردا بەبۆنەی جێژنی فریشتانی نزیکەوە بۆ ئەوێ دەچوون و مۆمیان دادەگیرساند تا نیگارە ڕەنگ بواردووەکانی سەر دیوارەکان وەدیارکەون و باڵە ڕەش و سوورەکانی قەدیس میشیل لەژێر ڕووناکی مۆمەکەدا گیانیان وەبەردا بێتەوە. دەمە و ئێوارە ئەوێ جێدەهێڵن و لەگەڵ خامۆش بوونی مۆمەکاندا، باڵەکانی میشیل دووبارە بۆ یەك ساڵی تەواو بێ جووڵە دەمێننەوە.

چوونە کڵێسا. بۆنی خاکی تەڕی گۆڕ دەگەییە کەپوو. ئەودوای مۆمێکی گەورە کە لەبەردەم مەسیحدابوو، دەسووتا. تەماشایەکی میحرابەکەیان کرد. هیچکەسیان نەبینی. یاناکۆس گوتی:

– بێگومان لێرە بووە! ئەم مۆمەیش دەبێ ئەو دایگیرساندبێ ... بەڵام نازانرێ کوێوە چووە.

میکیلیس بە چرپە گوتی:

- خودا ئاگای لێی بێ!

وایگوت و خاچی کێشا.

هەر بەڕاستی مانۆلیۆس لەوێوە تێپەڕی بوو. بە داگیرساندنی مۆم تەواوی ڕۆژەکە لە تاریك و ڕوونی کڵێسادا لەبەردەم ئەیکۆنەکەی مەسیحدا کەوتبووە سەر چۆك و لە تەماشاکردنی ویدا مەحف ببوو. گەرچی ئەو زۆر حەزی کردبوو لەگەڵ مەسیحدا قسان بکات بەڵام جورئەتی نەکردبوو. لە ڕاستیدا نەیزانیبوو چۆناوچۆنی مەبەستی خۆی بخاتە ڕوو .. مەسیحیش لەنێو چوارچێوەکەی خۆیدا لێی ڕوانیوو و ویستبووی قسانی لەگەڵدا بکا بەڵام ترسابوو لەخۆی بتارێنێ. ئیدی ئەویش بێدەنگیی هەڵبژاردبوو.

بەم جۆرە هەردووکیان تەواوی ڕۆژ وەکی عاشقانی نائارام و فریوخواردوو، بێدەنگیی باڵی بەسەردا کێشابوون. دواجار کەمێك پێش لە گەیشتنی سێ هاوڕێکەی، دەستی مەسیحی ماچ کردبوو، ڕێگەی ئاوایی گرتبووە بەر. هەرچی ویستبوو بە مەسیحی گوتبوو، ئیدی چ قسەیەکی نەگوتراو نەمابوو. دڵی

خۆش و بەدەم ڕۆیشتنەوە لە فیکرەوە چوو بوو:" ئەوەی ویستم بیڵێم گوتم و پێکەوە ڕێککەوتین. ئەو دۆعای بۆ کردم و ئێستایش دەبێ بڕۆم!" شادومان و سووکەڵە ڕێگەی دابەزینی گرتبووە بەر. ڕوخساری بە دەسەسرێکی گەورە بەستبوو، جگە لە دوو چاو چ شتێکی تر لە ڕوخساریدا نەدەبینرا. کاتێ هاتە نێو گوند، شەو داهاتبوو. پەلەی بوو، لە چۆڵترین کۆڵانەوە دەڕۆیشت. ڕێکەوتی کەسی نەکرد. هەموو شوێنێك چۆڵ و دوایین پێچی تێپەڕاند و شێلگیرانە لە دەرگای ماڵی کاترینایدا. دوای ساتێك، هاوکات دەنگی پێڵاو و دەنگی دڵنەوازی بێوەژنی لە حەوشە ژنەڤت:

– کێیە؟

مانۆلیۆس بە دڵێکی لەرزیوەوە وەڵامیدایەوە:

– بیکەرەوە!

– تۆ کێیت؟

– خۆمم. مانۆلیۆس.

زوو بەزوو دەرگا کرایەوە و بێوەژن، پەرۆشانە دەستی بۆ ڕایەڵ کرد:

– مانۆلیۆس تۆیت؟ ڕێگەت بزر کردووە؟ وەرە ژووری!

مانۆلیۆس چووە ژووری و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. ترس باڵی بەسەردا کێشابوو، ئیستێکی کرد و لە دوو ئینجانەی گوڵە مێخەك و بەردی گەورە و سپی بەردچنی حەوشەکە وردبۆوە کە لەتاریکوڕوونی شەودا دەدرەوشانەوە. هەڵدەلەرزی. بێوەژن پرسی:

– بۆچی دەموچاوت بەستووە. ترسایت بتبینن؟ شەرم دەکەیت؟ وەرە، بچینە ژوورەوە. مانۆلیۆس مەترسە. خۆ ناتخۆم!

بەلاّم مانۆلیۆس هەروا بێ جووڵە و بێدەنگ لە حەوشە ڕاوەستاو و تەماشای ڕوخساری جوان، دەستی سپی و سینگی نیوە ڕووتی بێوەژنی دەکرد.

ژنەکە گوتی:

– مانۆلیۆس، من شەو و ڕۆژ بیر لەتۆ دەکەمەوە. خەو چییە نەمماوە. خۆ ئەگەر چەند ساتێکیش بنووم ئەوا خەون بەتۆوە دەبینم ... شەو و ڕۆژ هاواری تۆ دەکەم و دەڵێم وەرە! وەرە! تا دواجار ئەمشەو هاتیت. مانۆلیۆس دەك بەخێر بێیت!

مانۆلیۆس بەئارامیی گوتی:

– کاترینا، من هاتووم تا بڵێم کە ئیدی بیر لە من مەکەوە! ئیدی من بانگ مەکە. خوشکێ هاتووم تا قلافەتم ببینی و لێم بترسیت!

ژنەکە هاواری کرد:

– مانۆلیۆس من لە قلافەتی تۆ بترسم؟ تۆ لەم دونیایەدا تاکە ئومێدی منیت. تۆ بێ ئەوەی خۆت بزانیت و بێ ئەوەی من ویستبێتم تاقە ڕزگارکەری منیت... مانۆلیۆس هیچ مەترسە. من بەجەستەم قسان لەگەڵ تۆدا ناکەم، بەڵکو بە ڕۆحم قسانت لەگەڵ دەکەم. مانۆلیۆس ئاخر منیش ڕۆحم هەیە.

– چرای ژوورەکە داگیرسێنە. وەرە بڕۆین تا ڕوخساری خۆمت پیشاندەم.

بێوەژن بە میهرەبانی دەستی گرت:

– باشە. با بڕۆین!

هەردووکیان چوونە ژوورێ. تەختەنوێنی هەوەس وروژێن و گەورەی بێوەژن فەزای ژوورەکەی پۆشیبوو. ئەیکۆنەکانی مەریەمی پاقیژە بەسەر دیواری ژوور

تەختەنوێنەکەوە هەڵواسراو و چرایەکی شووشەیی و پەمەیی لەبەرامبەریدا دەسووتا. چرایەکی سێ فتیلەیی تر ژوورەکەی ڕووناک کردبۆوە.

مانۆلیۆس نزیکی چراکە بۆوە و گوتی:

– کاترینا، ئازابە وەرە نزیکەوە و تەماشام بکە!

ئەوسا ئارام ئارام دەسەسڕەکەی لەدەموچاوی کردەوە. یەکەمجار لێوی هەڵاوساو و قڵیشاو و شینبۆوەی وەدیارکەوت و پاشان گۆنای قڵیشاو و دومەڵاویی بە کێم و زون، دواجاریش نێوچەوانی قڵیشاو و سووری وەك گۆشتی کاڵ، وەدیارکەوت. چاوانی بێوەژن زەق بوونەوە و ورد ورد تەماشای دەکرد، ئیدی کوتوپڕ دەستی لەبەرامبەریدا ڕاگرت، خۆی فڕێدایە ئامێزی مانۆلیۆسەوە و بە گریانەوە هاواری کرد:

– مانۆلیۆس، ئەی عیشقی من مانۆلیۆس!

مانۆلیۆس بە ئارامیی بێوەژنی لەخۆی دوورخستەوە و هاواری کرد:

– ببینە! تەماشام بکە! مەگری. مەودام لێوەرگرە و تەماشام بکە!

بێوەژن کە ئامادە نەبوو لە ئامێزی بێتە دەرێ، هاواری کرد:

- عیشقی من .. ئەی عیشقی من!

- ڕقت لێم نەبۆوە؟

- منالەکەم ... چۆن دەتوانم ڕقم لێتبێتەوە؟

- خوشکێ دەبێ ڕقت لێم بێتەوە! دەبێ ڕقت لێمبێتەوە تا هەم تۆ لە دەستی من قوتار بیت و هەم منیش لە دەستی تۆ!

- بەڵام مانۆلیۆس، من نامەوێ لە دەستی تۆ قوتارم بێت. چونکە ئیدی وێران دەبم!

مانۆلیۆس نائومێدانە لەسەر قەنەپەی پاڵ تەختەنوێنەکە دانیشت و بە پاڕانەوەوە گوتی:

- کاترینا یارمەتیم بدە. کۆمەکم بکە تا ڕزگارت بکەم. منیش هەمیشە بیر لەتۆ دەکەمەوە. منیش ناتوانم خۆم لەدەستی تۆ ڕزگارکەم. یارمەتیم بدە تا ڕۆحم لە پۆخڵیی پاك بکەمەوە.

بێوەژن بە ڕەنگ و ڕوویەکی پەڕیوەوە، پاڵی بەدیوارەکەوەدا و لە مانۆلیۆس وردبۆوە. دڵی وەك دڵی

ژنێك وەتەپە کەوتبوو کە هاواری منداڵەکەی لە کاتی غەرق بووندا دەژنەڤێ:

– باوانەکەم، دەتوانم چیت بۆ بکەم؟ بڵێ ئەز چیم پێدەکرێت؟

مانۆلیۆس بێدەنگیی دایگرت و بێوەژن پرسی:

– دەتەوێت خۆم بکوژم؟ دەتەوێت خۆم بکوژم تا لە دەستی من ڕزگارت بێ؟

مانۆلیۆس بە ترسەوە هاواری کرد:

– نا، نا! بەو جۆرە ڕۆحت ڕێ بزر دەکا و منیش ئەمەم ناوێت.

دوای بێدەنگییەکی کەم، گوتی:

– ... خوشکەکەم دەمەوێ ڕزگارت بکەم. چونکە ڕزگار بوونی خۆیشم پێوەندی بە ڕزگاربوونی تۆوە هەیە. لە ڕاستیدا ڕزگاربوونی ڕۆحی تۆ ڕزگاربوونی ڕۆحی منە!

کاترینا شادومانانە هاواری کرد:

– مانۆلیۆس ڕۆحی من بە ڕۆحی تۆوە پەیوەستە؟ کەواتە وەرە بیبە و بۆ هەر کوێیەکت گەرەکە بیبە. بیر لە

مەسیح بکەوە کە ئەویش بەهەمان شێوە چارەنووسی ڕۆحی مادلینی لەنێو لەپی دەستدا بوو.

لەناکاوێکڕا هەستێکی ئارامیی باڵی بەسەر مانۆلیۆسدا کێشا:

– خوشکەکەم، من شەو و ڕۆژ بیر لە مەسیح دەکەمەوە.

– کەواتە مانۆلیۆسەکەی خۆم، تۆیش ڕێگەکەی وی بگرە بەر! ئەو چی بۆ ڕزگارکردنی ڕۆحی مەریەمی مەگدەلیە کرد؟ دەزانیت چی کرد؟ من نازانم. هەر کارێك بە باش دەزانیت لەگەڵمدا بیکە!

مانۆلیۆس لە جێگەکەی هەستا و گوتی:

– خوشکەکەم من دەڕۆم. قسەکانت سوکنایییان پێدام.

– مانۆلیۆسەکەم، تۆیش قسەیەکت کرد کە سوکنایی پێدام. ئاخر تۆ منت بە خوشکەکەم بانگ کرد!

مانۆلیۆس ڕوخساری بە دەسەسڕەکە پێچاو تەنها چاوانی بە دەرەوە هێشتنەوە:

– خوداحافیز خوشکەکەم. هەمدیس دێمەوە.

بێوەژن دەستی گرت و پێکەوە چوونە حەوشە. کاترینا لە تاریکییەکەدا چەپکێك گوڵەمێخەکی چنی و بە مانۆلیۆسیدا، گوتی:

- مانۆلیۆس ئەمە بگرە! ئومێدەوارم مەسیح هەمیشە یار و یاوەرت بێ.

پاشان دەرگاکەی کردەوە و تەماشایەکی دەرەوەی کرد. کۆڵان چۆڵ بوو:

- من ئیدی دەرگای ماڵەکەم بەڕووی هیچ کەسێکدا ناکەمەوە و تەنها چاوەڕێی گەڕانەوەی تۆ دەکەم. خودا پشت و پەنات بێ!

مانۆلیۆس لە ئاستانەی دەرگاکە تێپەڕی و لە تاریکایی شەودا دیارنەما.

7

مانگی مایس هات و سەرما خستی. گەنم لە دەغڵەکاندا شین دەبوون و زەیتون پێدەگەیی. بەرسیلەی سەوز بە دارمێوەکانەوە شۆڕببوونەوە و دارهەنجیرەکان میوە سەوزە پڕ شیرەکانی خۆیان هەنگویناویی دەکرد. دانیشتوانی لیکوڤریسی بۆ سلامەتی خۆیان سیریان دەخوارد و ئاوایی بۆنی سیری گرتبوو. پاتریارکاسی پیر زۆرخۆریی دەستپێکردبۆوە، هێندەی فیلێکی دەخوارد. بەو هۆیەوە فشاری خوێنی بەرزببۆوە، ئیدی هەر چەند ڕۆژ جارێك ئەنتۆنیۆسی سەرتاش کەڵەشاخێکی لێدەگرت تا نەبا خوێن لە مێشکیدا بمەیێت. لاداسی پیریش لە خەڵوەتی خۆیدا سیری دەخوارد و تا کەپوو لە حیساب و کیتابی گۆزەی زەیتی زەیتوون، بەرمیلە شەراب و فەردە گەنمی دەغڵەکەیدا نوقوم و بە قەردی قەردارەکانیدا دەچۆوە بەوەی چۆناوچۆنی قەردەکانیان لێوەرگرێتەوە، لەو سێ

لیرەیەش خافڵ نەبوو کە دابوویە یاناکۆس و لە خەیاڵی هەڕاجکردنی گوێدرێژەکەیدا بوو.

دەسگیرانەکان هەروا لە چاوەڕوانییدا دانیشتبوون. ئاخر نەیاندەتوانی لە مانگی مایسدا هاوسەرگیریی بکەن. مانگی حوزەیرانیش وەرزی درەو و نەدەکرا کێڵگەکان فەرامۆش بکرێن و ئیدی کەس خەیاڵی لای عیشق و عاشقیی نەدەما. مانگی دواتر، وادەی خەرمان کوتین و مانگی ئابیش مانگی ترێ ڕنین. کەوات دەبووا تا ناوەڕاستی سیپتێمبەر و هاتنی جێژنی خاچ ئارامیان گرتبا، چونکە لەوکاتەدا هەموو کارەکان کۆتاییان دەهات. دانەوێڵە ئەمبارکراو و ئیدی قەشە دەیتوانی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی کیژ و کوڕانی گەنج ڕێکخا و ئەوانیش دەسبەتاڵ لەکار و گرفتاریی، نانی گەنم و زەیتی زەیتونیان دەخوارد و شەرابیان دەخواردەوە و منداڵیان دروست دەکرد.

باوە گریگۆریس زۆر نیگەران بوو. ماریۆری کچی هێشتا نەگوێزرابۆوە و میکیلیس گومڕا ببوو. ئاخر ئەو هەرگیز کەسێکی کامڵ نەبووە. هەر بۆیە مانۆلیۆس و

هاوڕێکانی تری بە بەد کەڵك وەرگرتن لە لاوازی ئیرادەی، بە لاڕێیاندا بردووە و بە دزیی باوکییەوە، ئارد و زەیتی زەیتوونی بەسەر هەژاراندا دابەشکردووە و بە گوێدرێژە نەفرەتییەکەی یاناکۆس کە خودا تەفروتونایکا، بەردەوام خەریکی ئازووخە بردنن بۆ پەنابەران. باوە گریگۆریس زوربەی جاران لەگەڵ خۆیدا بە چرپە دەڵێت:" ئەم هەستسزە زوو بەزوو دارونەداری بە با دەدا و نازانم چ بەسەر کیژەکەمدا دێت؟"

لە هەمووی خەراپتر، قەشە دۆزەخیەکەی ساراکینا بوو کە هەموو یەك شەممەیەك لە ئەشکەوتێکدا ڕێوڕەسمی نوێژی ساز دەدا و مەوعیزەی دەدا، بەشێکیش لە مەڕەکانی گەلەکەی باوە گریگۆریس وردە وردە نمەك بە حەرامانە دەڕۆیشتن و گوێیان بۆ قسە هەڵیت و پلێتەکانی ڕادەدێرا. باوە گریگۆریس زوربەی جار بەخۆی دەگوت:" ئاوایی ڕێك وەك پوورەی هەنگە و جێگەی دوو شاژنی تێدا نابێتەوە. یەکێك لە شاژنەکان دەبێ هەنگەکانی خۆی ببات و لە جێگەیەکی تر پوورە ڕۆبنێ. ساراکینایش پوورەی منە!"

بەڵام مانگی مایسی کێوی ساراکینا مانگی برسێتیی و هەژاریی بوو. تەڵانە گوڵ سەریان لەنێو بەردەکانەوە هێنابووە دەرێ و مارمێلکەی سەوز خۆیان لەبەر هەتاوی بەهاردا هەڵخستبوو... نە دارزەیتونێك هەبوو، نە ڕەز و نە باغێك لەمیانا بوو. هەرچی هەبوو بەرد و گاشەبەردی زەبەلاح بوو. ئێرە و ئەوێی کێو تاکە تاکە درەختێکی قەفکردووی ژێر گوشاری با، میوەی تورت و هەڵچروسکاو و پڕ لەناوك خۆی نمایش کردبوو. زەیتوونی خۆ ڕسکاو، ڕووەك و هەرمێی کێویی پڕ لە دڕکوداڵییش بەرچاو دەکەوتن.

ڕۆژی یەك شەممە بوو، ئەشکەوتەکە لەبەر ڕوناکیی خۆردا نیگارە ڕەنگ بواردووەکانی خۆی نمایش دەکرد. بەشێك لە ئەیکۆنی قەدیسان بەهۆی شێ و تێپەڕبوونی زەمەنەوە ڕیشیان نەماو و بەشێکیشیان پێ یان سینگیان لەبەین چووبوو. لە ئەیکۆنە گەورەکانی لەخاچدان جگە لە ڕوخسارێکی ڕەنگ سەوزی مەسیح بە پارچەیەك خاچ و دوو پێی بێ ڕەنگ و دەزوولەیەکی باریك خوێنی سەرییەوە، چ شتێکی تر نەمابوو.

کازێوە، ژنان و پیاوان، یەکەمجار چووبوونە نێو ئەشکەوتەکە و دوای خوێندنی سروودی مەزەبی، هاتبوونە دەرەوە و لەبەر هەتاودا خۆیان هەڵخستبوو. باوە فۆتیس لەنێوانایندا ڕاوەستابوو. ئەو هەموو یەك شەمووانێك دوای ڕێوڕەسمی نوێژ لەگەڵ یەك بەیەکی هاوڕێکانیدا، بە ڕوویەکی خۆشەوە ئەحواڵپرسیی دەکرد، ئەوسا دەکەوتە مەوعیزەدان و دڵنەوایی کردنیان. مەوعیزەکەی ئارام و قورس بە کەلامی خودا دەستی پێدەکرد، پاشان تاوی دەسەند و نەوای قسەکان توند دەبوو. گوتەکانی تاڤگەئاسا بەسەر گاشەبەردەکانا دەڕژا و دزەی دەکردە ڕۆحی مەردوومەوە.

ئەو یەك شەممەیە بۆ دڵنەوایی کردنی هەمووان، باوکە فۆتیس شادومانانە گوتی:

- ڕۆڵەکانم، ئێمە هێشتا زیندووین و دەستمان لە بەرخۆدان هەڵنەگرتووە. کەواتە سڵاو لە ئێوە!

گا بە پەند و حیکمەت لەتەکیان دەدوا، گا دەکەوتە گێڕانەوەی ژیانی خۆی و ئەوەی بەسەریدا هاتبوو، گایش فاڵگرەوەئاسا ئینجیلی دەکردەوە و چەند

ڕستەیەکی بۆ دەخوێندنەوە و پاشان دەچووە سەر بابەتە سەرەکییەکە. لەو جۆرە ساتانەدا ئاسمان لە بەرامبەر چاوانی واقوڕماوی پەنابەراندا دەمی دەکردەوە و ئیدی ئەوان بە لەبیرکردنی برسێتییان، باڵیان دەگرتەوە و بەرەو قووڵایی ئاسمان دەفڕین:

- ڕۆڵەکانم. والاترینی حەقیقەتەکان، ئەفسانەن. ئەمڕۆ دەمەوێ لەبارەی یەکێکیانەوە بۆتان بدوێم. ئێوە ئەی ئەو ژنانەی کە دەگرین، وەرنە پێشەوە، چونکە ڕووی قسەم لەئێوەیە. نزیکتر ببنەوە!

ژنان بە منداڵەکانیانەوە هاتنە پێشێ و بە دەوری قەشەدا بازنەیەکیان دروست کرد. پیاوان و پیرەمێردانی گۆچان بەدەست لەدوای ئەوانەوە ڕاوەستان و بە دیقەت گوێیان ڕادێرا.

- ... لە ڕۆژگارانی کۆندا، ڕۆژێکیان دوو ڕاوچی ڕۆیشتنە سەر کێوێك و تەپکەیان نایەوە. بەیانی ڕۆژی دوایی کە بۆ سەر تەپکەکە چوون دەزانن چیان بینی؟ بینییان تەپکەکە پڕ لە کۆترە شینکە بووە. مەلانی داماوی بە تەپکەوەبوو، هەرچییان کردبوو تا بەنێو کونە

وردەکانی تۆڕەکەدا دەرچن، نەیانتوانیبوو. ناچار نائومێدانە ئارامیان گرتبوو، بە ترسەوە لە چاوەڕوانی چارەنووسیانا کروشکەیان کردبوو. یەکێك لە دوو ڕاوچییەکە گوتبووی:" خۆ ئەم مەلە لەعنەتییانە تەنها پێست و ئێسکن، مەگەر دەتوانرێ لە بازاڕ بفرۆشرین؟" ڕاوچییەکەی تریان گوتبووی:" باشترە چەند ڕۆژێك ئاوو دانیان بدەینێ تا قەڵەو دەبن ..." هەربۆیە ئاو و دانێکی زۆریان دابوونێ. جگە لە یەکێکیان، تەواوی کۆترەکانی تر بە ئیشتیایەکی زۆرەوە ئاو و دانیان خواردبوو، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قەڵەوتر دەبوون. ئەو کۆترەی کە ئاو و دانی نەدەخوارد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر و بەردەوام هەوڵی دەدا تا بە تۆڕەکەدا دەرچێت. دواجار ڕاوچییەکان هاتن تا کۆترەکان بۆ فرۆشتن بۆ بازاڕ ببەن. کۆترەی لاواز توانیبووی بەزەحمەت بەنێو تۆڕەکەدا بێتە دەرێ و بەرەو ئاسمان بفڕێت ... ڕۆڵەکانم، دەزانن بۆچی من ئەم حەکایەتەم بۆ گێڕانەوە؟ کەسێك دەتوانێت پێمبڵێ بۆ؟ ئەی پیرەمێردانی

ڕەعییەت، ئەنگۆ چ دەڵێن؟ کەمێك بیربکەنەوە و مێشکتان بگوشن!

بەڵام پیرەمێردان بێدەنگ بوون. دواجار پیاوە کەتە ئاڵاهەڵگرەکە هەستا و گوتی:

– باوکە، وا بزانم مەبەستی تۆ لەم حەکایەتە ئاماژەیە بە نەهاتەساڵیی ئێمە و دەتەوێ بڵێیت برسێتیی ئێمە دەگەیەنێتە ئازادیی. ئێمەیش لە هەمان ئەو کۆترە دەچین کە لە خواردن خۆی بەدوور دەگرت. من ئاوا حاڵی بووم و بمبەخشە ئەگەر ئەقڵم هەر ئەوەندە بڕ بکات!

قەشە گوتی:

– دەك خودا دەست بەباڵتەوە بگرێت لۆکاس، تۆ لە بنی هەمانەکەتدا! ڕۆڵەکانم، ئێستا خۆم ئەودوایتان بۆ ڕاڤە دەکەم. ئێمە لە گوندە ئاوا و پڕ بەرەکەتەکەمان، زۆرخۆریمان دەکرد و یەك پارچە ببووینە گۆشت. لە ئاسایش و ئەمنییەتدا دەژیاین و جەستەمان توانیبووی ڕۆحمان تێکوپێك بشکێنێت. هەموو کارەکانمان بەدڵی خۆمان بەڕێوە دەچوون و دونیامان سەرانسەر دادوەرانە

دەبینی. نە کەس برسی بوو، نە کەس سەرما و ئیدی چ شتێك لەوە باشتر نەبوو ... بەڵام خودا ڕوحمی پێکردین و پەتایەکی بەناوی تورکەوە بۆ نازڵ کردین. تورکان ماڵیان وێران کردین و ئاوارەی بیابانیان کردین. ئێمە بووینە قوربانیی زوڵم و ناعەدالەتیمان بەچاوی خۆمان بینی. برسیی بووین، سەرمامان بوو تا تێگەیشتین کە سەرما و برسێتییش هەن. ئێمە زۆر شتی ترمان بینینین، بینیمان کە خەڵکانێکی زۆر بێ گرینگیدان بە برسییان و ئەوانەی کە لە سەرمادا دەلەرزن، وەکی بەراز دەخۆن و لەبەر ئاگردا قون بەرز ناکەنەوە. ئەوانە هاوڕەگەزانی ڕووت و برسیی خۆیان دەبینن و پێدەکەنن... بەڵێ، ئێمە هەموو شتێکمان بە ئاشکرا بینی و چارەڕەشیی چاوانمانی کردەوە. برسێتیی باڵەکانمانی کردەوە و توانیمان لە تۆڕی ناعەدالەتی ژیانی خۆشگوزەران و پڕ لە نیعمەت هەڵبێین و هەنووکە دەبێ لەپیناوی ژیانی نوێ و شەرافەتمەندانەمان سوپاسی خودا بکەین!

هیچ کەس قسەی نەدەکرد. پیرەمێردان سەریان دەلەقاند و ژنان بە ئارامیی دەیانلاواندەوە. تەنها گەنجان لە قەشەیان دەنۆڕی و بوونیان پڕ لە شەهامەت و ئامادەیی دەبوو. هەمدیس ئالاهەڵگر هاواری کرد:

- باوکە دەمخۆش! خودا ڕوحمی پێکردین و هەروەك چۆن ئەسپ سواری لێزان قامچی لە ئەسپە تەمبەڵەکەی دەدا، ئەویش بەدبەختی بۆ نازیڵ کردین ... بەدبەختی لە ڕەگی غیرەتی داین و دڵمانی کردەوە و ئازادی کردین... بەڵام هەنووکە چۆناوچۆنی دەبێ بەسەر بەدبەختییدا زاڵ بین؟ باوکە ئەوەمان پێ بڵێ! ئەگەر نەتوانین بەسەر بەدبەختییدا زاڵ بین ئەوا زایە دەبین!

وایگوت و یادەوەریی مردنی ئیورگیسی فەرزەندی گچکەی، فرمێسکی لە چاوانی هێنا.

قەشە وەڵامیدایەوە:

- لۆکاس مەترسە .. ئێمە بەسەر بەدبەختییدا زاڵ دەبین. دەبینیت چۆن جڵەوی دەکەین و دەیخەینە خزمەتی خۆمانەوە. چەکی ئێمە کارە و سەبر و عیشق! باوەڕم پێ بکە هەرکاتێك پێڵوو لێکدەنێم، خانووی

بەردین، بورجی ناقوسی کڵێسا، قوتابخانەی دوو نهۆمیی بە حەوشەی فراوانی پڕ لە منداڵانی ورد و باغ و باغات و ڕەز و دەغڵ دەبینم ... ئێمە ئیشی خۆمان دەست پێکردووە. ئەرزمان لەنێوان گاشەبەردەکانا چاندووە، ئاومان بە جۆگەکانا هێناوە. درەختە کێوییەکانمان قەڵەم کردوون و تەنانەت ڕۆنانی خانوومان دەست پێکردووە .. هێشتا دوو سێ پیاوچاکی خەڵکی گوندی لیکوڤریسی کە بەڕاستی ناوی خۆیان بەخۆیانەیەوە، ئێمەیان لەبیر نەکردووە. گا پیاوێکی شەریف سێ دراوی زێڕ واتە تەواوی سەروەتەکەی بە ئێمە دەدا. گا یەکێکی تریان زەمیلەیەك ئازوخەمان بۆ دەنێرێت. گا ژنێکی گوناهبار تاقە مەڕەکەی خۆیمان بۆ دەکاتە دیاری ... گوناهبارێکی تر کە خودا ڕۆحی ببەخشێت، لەکاتی گیانداندا وەسیەت دەکا سنووقە پڕ لە کەلوپەلەکانی خۆیمان بداتێ. ڕۆڵەکانم ئێمە ڕەگ دادەکوتین. ئێمە بە ئەرزەوە وابەستە دەبین و دڵنیابن کە ژمارەمان زۆر دەبێت!

کوڕێکی گەنجی ڕەنگ پەڕیو کە شاڵێکی دڕاوی بە نێوقەدییەوە بەستبوو، بە نەوایەکی توندوتیژ، هاواری کرد:

– باوکە، واتە هەموو شتێك هەمدیس وەك یەکەمجاری لێدێتەوە؟ هیچ شتێك ناگۆڕێت؟ دیارە لە یادتانە کە لە ئاواییەکەی ئێمەدا تەنها خەڵکانی دەوڵەمەند نەدەژیان، بەڵکو هەژاریشی لێبوون. خودی دایکی من لە برسانا مرد. ئەویش کاتێك کە ئاوایی پڕ لە زەیتی زەیتوون و شەراب و تەنووری هاوسێکانیش گەرم! کەچی دڵی دایکم هەمیشە لەحەیوەت بۆنی نانی تازە لەخۆدەچوو... ئایا هەمان ئەو وەزعەی پێشوو دەگەڕێتەوە؟ ئایا هەمدیس دەوڵەمەند و هەژار دروست دەبنەوە؟

باوە فۆتیس سەری داخست، بۆ ماوەیەك لە فیکرەوە چوو، دواجار وەڵامیدایەوە:

– پەترۆس، تۆ کوڕێکی سەرڕاست و بە شەهامەتیت و من ستایشی ئەم جۆرە کەسانە دەکەم. خودی منیش شەو و ڕۆژ هەمان پرسیار لە قاپی خودا

دەکەم و داوای لێدەکەم بۆم روونکاتەوە. ئەز هەمیشە هاوار دەکەم:" ئەی پەروەردگار، ئێمە گەرەکمانە گوندەکەمان لەسەر بناخەیەکی تازە ڕۆنێینەوە. گەرەکمانە چ خەبەرێك لە ناعەدالەتیی نەبێت! یان با هەمووومان برسی و سەرمامان بێ، یاخۆ با خواردن و پۆشاك بۆ هەمووان فەراهەم بێ. خودایا، ئایا بۆی هەیە دادوەریی باڵ بەسەر دونیادا بکێشێ؟"

هەمان گەنج هەمدیس بە هەمان نەوای زبر، پرسی:

- ئەدی وەڵامی خودا چ بوو؟
- ئارامتربە. تەنگەتاوم مەکە! مێشکی گچکەی من تەنها بەئەندازەی خۆم دەتوانێ نوور لە خودا هەڵگۆزێت. بەدبەختیی جارێکی تر ئێمەی هەموو یەکسان کردووە و بە لوتفی خودا هەموومان داماو بووین. ئیدی نە تەنووری کەس گەرمە و نە کەسیش بەهۆی شاردنەوەی نانەوە لە هاوسێکەی، گوناه دەکات. ڕۆڵەکانم، ئەوەی کە ئەنجامدانی بەر لەمە دژوار دەینواند، هەنووکە سادە دێتە پێش

چاو. هەنووکە ڕۆح لە شەڕی جەستە قووتاری بووە و دەتوانێ بە باڵەکانی بفڕێت.

ئەوسا ڕووی کردە پیرەمێردان کە سەراپا گوێیان بۆ ڕادێراو و خۆیان بە گۆچانەکانیانەوە گرتبوو، لێکدا لێکدایش سەریان دەلەقاند:

– کاریلاوس، سێ مانگ لەمەوبەر کێ دەیوێرا داوات لێبکا کە ڕەز و باغە زەیتوونەکانت بەسەر هەژاراندا دابەش بکەیت؟ چما تۆ شتێکی ئەوات قەبوڵ دەکرد؟

– خودا خۆی لە گوناهەکانم خۆش بێت. هەرگیز ئامادە نەبووم! ئایا خودی تۆ ئامادەبوویت کە دەست و پێ و دڵی خۆت بەسەر هاوسێکانتا دابەش بکەیت؟ باخی زەیتوون و ڕەزەکانم بۆ منیش هەمان حوکمیان هەبوو.

– ئەدی تۆ حەزرەتی خاوەن شکۆ پاڤلیس، ئایا ئامادە بوویت دەرگای قاسەکەت بکەیتەوە و دراوە زێڕەکانت بەسەر هەژاراندا دابەشکەیت؟

پیرەمێردێك كە لەبەردەم قەشەدا ڕاوەستابوو، بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، برۆی گرژ كرد و بە یادی قاسەكانی كەوتە هەناسە هەڵكێشان.

باوە فۆتیس هەڵایساوانە هاواری كرد:

- ئەو كەسەی كە ئەرز و درەختی هەن خۆیشی دەبێتە خاك و درەخت و ڕۆحی والای لەدەست دەدات. كەسێك كە قاسەی هەیە، خۆیشی دەبێتە قاسە، تۆیش پاڤلیسی بەسەزمان، جگە لە یەك قاسە چ شتێكی تر نەبوویت. كاریلاوسی بەدبەخت، تۆیش بەر لە مردن ببوویتە خۆڵ، بەڵام بە لوتفی خودا ئێمە هەموومان ڕزگارمان بوو! ئێوەیش ئەی دەوڵەمەندان، لە مانای برسێتیی و ڕووتیی و ڕەنجی هەژاریی گەییشتن.

پاڤلیس بە هەناسە هەڵكێشانەوە گوتی:

- هەنووكە ئیدی هەموو شتێك هی هەمووانە و ماڵی من و ماڵی تۆ نییە. ئیدی چ خەبەرێك لە پەرژین و كلیل و قوفڵ و قاسە نابێ. هەمووان دەبێ بە ئەندازەی توانای خۆیان كار بكەن. یەكێك بۆ

ڕاوەماسی بۆ ویدومانا بچێت، یەکێك بۆ ڕاو، یەکێك ئەرز بکێڵێ و ئەویتریش بۆ شوانیی. مەگەر ئێمە هەمووومان برای یەکدی نین؟ مەگەر هەمووان ئەندامی یەك خێزان نین و یەك خودامان نییە؟

ئەوسا بازووانی کردنەوە و تێهەڵچۆوە:

– ... ڕۆنانی ڕۆحی نوێ گەلێك دژوارە! بەڵام برایان ئێوە دەتوانن بە کار، سەرڕاستیی، عیشق و ئیمان بە خودا، لەم ڕێگایەدا یارمەتیم بدەن! ئەدی مەگەر مەسیحییانی ئەوەڵین چۆن دەژیان. ئەوان هەموویان لە سەردابی قووڵدا کە لەژێر ئەرزدا ڕۆیان نابوو، کۆدەبوونەوە تا بتوانن بناخەیەکی نوێ لێبدەن. ئەم ئەشکەوت و کونانەی کە تیایدا دەژین، لە ڕاستیدا هەمان ئەو سەردابانەن! ئێمەیش مەسیحمان وەك هاوڕێی خۆمان لەگەڵدایە. ئێمە زوڵممان ئەزموون کردووە و دەبێ عەدالەت بەرقەرارکەین! پەترۆس مەترسە، کوڕەکەم ڕابردوو فەرامۆشکە و تارماییەکەی لەخۆت بپروێنە! ئێمە هەمووومان دونیایەکی نوێ ڕۆدەنێین!

هەموو ئامادەبووان وروژاو لە جێگاکانی خۆیان هەستان و دەوری قەشەیاندا.

قەشە جارێکی تر هاواری کرد:

= هەموو پێکەوە! هەموو پێکەوە! ئەمە پەیمانێکی نوێیە، پەیمانێك کە دەمانگەیەنێتە بەختەوەریی!

ژن و مێرد بە هەڵبڕینی دەستیان، پەیمانیان بەست:

– هەموو پێکەوە!

کاریلاوسی پیر بە گریانەوە خاچی کێشا و گوتی:

– هەژاریی دڵی منی ڕووناك کردەوە. خودایا، ئیدی سەروەتەکەمم بۆ مەگەڕێنەوە، چونکە هەمدیس دەبمەوە بە کەسێکی نارەسەن!

پەترۆس پێکەنی و هاواری کرد:

– کاریلاوسی پیر مەترسە! بۆ ئێمەی دانێ. چونکە ئیتر ناهێڵین دەوڵەمەند بیت.

قەشە جبەکەی داکەند، قەدی کرد و بە زێوانە پیرە گچکەکەی سپارد و گوتی:

– ڕۆڵەکانم، ئەمڕۆ یەك شەممەیە. بڕۆن بحەوێنەوە! سبەینێ هەمدیس دەست بەکار دەکەینەوە. گەنجان

پەراوە لەسەر قۆچەقانی بکەن. پیاوان لەدەوری یەك کۆببنەوە و گفتوگۆ بکەن و ژنانیش دڵنەوایی یەکترا منیش بۆ سەر چیای ئەوبەر دەچم، چونکە هاوڕێیانی میهرەبانمان بە زەمیلە ئازووخەوە چاوەڕێم دەکەن. کەواتە تا شەو خوداتان لەگەڵ بێ.

بە گوتنی ئەم ڕستەیە گۆچانەکەی هەڵگرت و بەڕێکەوت.

*

سێ حەوارییەکە، واتە پەترۆس، ژاك و یۆحەننا بە دەوری مانۆلیۆسدا دانیشتبوون و ئینجیلێکی گچکەیان کردبۆوە، کە بەیانی ئەو ڕۆژە یاناکۆس لەگەڵ خۆیدا هێنابووی و خۆیان بۆ خوێندنەوەی ئامادە دەکرد.

ئەوان ئیدی بە دەموچاوە هەڵاوساوەکەی مانۆلیۆس ڕاهاتبوون و بەبێ ترس و نەفرەت تەماشایان دەکرد. یاناکۆس، بە دزیی مانۆلیۆسەوە، چووبووە لای باوە

فۆتیس و داوای لێکردبوو کە بۆ بینینی هاوڕێکەی بێت، تا بەشکم ئەو قەشە سەفەردیدە و ساردی و گەرمای ڕۆژگار چەشتووە، کە تەواوی بیمارییەکانی جەستە و ڕۆح بەڵەد بوو، بتوانێت دەوایەك بۆ دەردەکەی مانۆلیۆس بدۆزێتەوە. ڕەنگبێ مانۆلیۆس پێویستی بە داوودەرمانی گیایی نەبێ و نەخۆشییەکەی ڕەگی لە جێگایەکی تردا هەبێ! خۆ ئەگەر ڕۆحێکی چەپەڵ بووبێتە هۆی نەخۆشییەکەی مانۆلیۆس، ئەوا قەشە دەتوانێ ئەو ڕۆحە لە جەستەی وەدەرنێ.

هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەو ڕۆژە هەرسێکیان بۆ چیا چووبوون و هەر یەکێکیان دیارییەکی بۆ مانۆلیۆس بردبوو. یاناکۆس ئینجیلێکی گچکە، کوستانتیس پاکەتێك ڕەحەتەلقوم و میکیلیس ئەیکۆنێکی گچکەی لەخاچدانی مەسیح کە یادگاری دێرینی دایکی بوو. لەسەر ئەیکۆنەکە و بەدەوری مەسیحدا، نەخشی سەدان پەڕەسێلکە دەکەوتنە بەرچاو. پەڕەسێلکەکان کە دیاربوو فریشتە نەبوون، هەموویان لەسەر تەختە ئاسۆییەکەی خاچ و بە سەرییەوە نیشتبوون، وەك بڵێی

بە دەنووکیان سروود بچڕن... خاچەکە سەراپا پۆشراو بوو بە گوڵی وردی پەمەیی و لە داربایامێکی چڕۆ کردوو دەچوو. مەسیح لەنێو گوڵ و مەلەکاندا زەردەخەنەی دەهاتێ و مادلینی گوناهبار تاقوتەنیا لەبەر خاچدا ڕاوەستاو و بە پرچی ژاکاوی خوێنی ڕژاوی مەسیحی دەسڕی.

مانۆلیۆس دەست و دەموچاو شۆراو و جلکی یەك شەممووانی لەبەردا، لەسەر سەکۆی پاڵ کوختەکە دانیشتبوو، چاوەڕێی هاوڕێکانی دەکرد. پەیکەری پیرۆزی مەسیح کە خۆی هەڵیکۆڵیبوو، بە دەستەوە و لە دەمی وی دەنۆڕی. گا ڕوبەڕوو تەماشای ڕوخساری مەسیحی دەکرد و گا ئەوی بە چەپ یان ڕاستدا وەردەگێڕا تا هاوکات بە چاوانێکی فرمێسك تێزاوەوە، لەگەڵ زاری ئازارچەشە و زەردەخەنەی خودادا، دەمودۆ بکات.

مانۆلیۆس دیارییەکانی وەرگرتن. ئینجیلەکەی ماچ کرد و بۆ ماوەیەك لە ئەیکۆنی لەخاچدانی عیسای نۆڕی و دواجار بە چرپە گوتی:

- ئەمە لەخاچدان نییە، بەڵکو بەهارە!

لەکاتێکدا کە لە ژنە پرچ ژاکاوەکەی بەر خاچەکەی دەنۆڕی، هەناسەیەکی هەڵکێشا و لێوی بە بە پێی عیساوە نوساند، بەڵام کوتوپڕ ڕەنگی بزڕکاو زوو بەزوو سەری هێنایەوە دوا. چونکە هەستی دەکرد ماچی پرچی ئاڵتوونین و بناگوێی ژنە گوناهبارەکەی کردووە.

یاناکۆس ئەیکۆنەکەی لە مانۆلیۆس وەرگرت و گوتی:

- مانۆلیۆس وەرە. ئینجیلەکە بگرە و بیخوێنەوە.

- کوێی بخوێنمەوە؟

- بیکەرەوە. هەر کوێیەکت بەدەستەوە هات ئەوێ بخوێنەرەوە! ئەگەر تێنەگەیشتین ئەوا هێند وتووێژی لەبارەوە دەکەین تا تێدەگەین ...

مانۆلیۆس ئینجیلەکەی وەرگرت. سەری دانەواند، ماچی کرد و کردییەوە:

- بەناوی باوك و کوڕ و ڕوحلقودس!

ئیدی لەسەرخۆ و بڕگەبڕگە کەوتە خوێندنەوە:

- (... عیسا بە بینینی جەماعەت چووە سەر کێوەکە و دوای ئەوەی دانیشت، موریدەکانی ڕۆیشتن بۆ

لای و ئەویش کەوتە مەوعیزەدانیان و گوتی:"
خۆش بەحاڵی ئەوانەی کە ڕۆحی هەژاریان هەیە...
چونکە مەلەکوتی ئاسمان هی خۆیانە.)
یاناکۆس بە شادومانییەوە گوتی:
- ئەمە ئیدی ئاسان بوو. سوپاس بۆ خودا من لە هەمووی حاڵی بووم. ئەی تۆ کوستانتیس؟
کوستانتیس دردۆنگانە پرسی:
- ( ئەوانەی ڕۆحی هەژاریان هەیە ) یانی چی؟
یاناکۆس وەڵامیدایەوە:
- واتە نەخوێنەواران، واتە کەسانێك کە بۆ قوتابخانەگەلی گەورە نەچوون تا ڕۆحی خۆیان دەوڵەمەند بکەن.
مانۆلیۆس لە وەڵامی قسەکانی ویدا گوتی:
- نا، یاناکۆس مەبەست لە نەخوێنەواران نییە، چونکە بۆی هەیە یەکێکی وەکو باوە فۆتیس خوێنەوار بێ و بچێتە بەهەشت و یەکێکی وەکو لاداسی پیریش نەخوێنەوار بێ و نەچێتە بەهەشت... میکیلیس تۆ چ دەڵێیت؟

- من پێموایە مەبەست لە ( ئەوانەی کە ڕۆحی هەژاریان هەیە ) خەڵکانی سەرڕاست بێ. کەسانێك کە ڕۆحیان پاقژ و سادەیە. موو لە ماست دەرناکێشن و بە ئیمانێکی پاقژەوە باوەڕیان بەخودا هەیە ... پێموایە واتای ڕستەکە ئەوە بێت. خۆ دەشتوانین پرسیار لە باوە فۆتیس بکەین ...

یاناکۆس نائارامانە گوتی:

- ئەوە تەواو. ئەودوای بخوێنەوە!

مانۆلیۆس کەوتەوە خوێندنەوە:

- ( خۆش بەحاڵی میحنەت بینیوان، چونکە شەهامەتیان پێ عەتا دەبەخشرێت.)

یاناکۆس سەری خوراند و گوتی:

- مەسەلەکە ئاڵۆز بوو. ئەدی " عەتایان پێدەبەخشرێت " یانی چی؟

کوستانتیس بۆی ڕوون کردەوە:

- واتە دڵنەوایی دەکرێن ... بەڵام نازانم کێ دڵنەواییان دەکات و ئەوانەیش کێن کە دڵنەوایی دەکرێن؟

مانۆلیۆس گوتی:

- من کەم وزۆرێك تێگەیشتم. میحنەت بینیوان واتە کەسانێك کە بەدبەختن و ڕەنج دەدەن. ئەوان نابێ نیگەران بن. چونکە خودا دڵنەواییان دەکات.

یاناکۆس کە دەیویست هەرچی زووترە خوێندنەوەی ئینجیلەکە دەستپێبکرێتەوە، گوتی:

- ئەمەشیان هەر لە باوە فۆتیس دەپرسین. باشە دوایی؟

- (خۆش بەحاڵی سەبووران. ئاخر ئەوان دەبنە میراتگری ئەرز.)

یاناکۆس هاواری کرد:

- ئەمە ئیدی وەك ئاو خواردنەوە هاسانە. واتە خەڵکانی باش و میهرەبان و ئارام دواجار سەردەکەون و زەمین دەبێتە هی خۆیان. کەسانێك کە نەك بە چنگ بەڵکو بە عیشق دونیا ڕزگاردەکەن. بمرێ جەنگ! ئێمە هەموو لەگەڵ یەکتریدا براین!

کۆستانتیس کە بە زەحمەت دەیتوانی باوەڕ بەو مەزەندەیە بێنێ، گوتی:

- لەگەڵ تورکیشدا هەر براین؟

یاناکۆس مەست بە پەرۆشیی، وەڵامیدایەوە:

- لەگەڵ تورکیشدا هەر براین! لەگەڵ ئاغا، لەگەڵ یوسفۆك و لەگەڵ میراخوریشدا!

کوستانتیس نادڵنیا پرسی:

- تەنانەت لەگەڵ ئەوانەشدا براین کە خەڵکی گوندەکەی باوە فۆتیسیان قەتڵوعام کرد و گوندەکەیان سووتاندن؟

یاناکۆس جارێکی تر سەری خوراند و وەڵامیدایەوە:

- ئەمە ئیتر نازانم ... لە باوە فوتیس دەپرسین .. باشە، ئەودوای بخوێنەوە!

- ( خۆش بەحاڵی تینووانی عەدالەت. چونکە ئەوان تێراو دەبن.)

هەمووان بە یەك دەنگ گوتیان:

- ئاه! خۆزیا ئێمەیش تێراوی عەدالەت دەبووین!

یاناکۆس خرۆشاو لەجێگەکەی هەستا و گوتی:

- ( خۆش بەحاڵی تینووانی عەدالەت!) هاوڕێیان ئەوە مەبەست لە ئێمەیە! ڕووی دەمی مەسیح لە

ئێمەی چوار تینووی عەدالەتە ... هاوڕێیان دڵم باڵی دەرکردووە. وەك بڵێی مەسیح ڕووی کردبێتە من و لەگەڵ مندا قسان بکا. مناڵینە ئازابن! مانۆلیۆس بەردەوامبە!

- ( خۆش بەحاڵی بەخشندەکان، چونکە بەخشش نسیبیان دەبێ.)

یاناکۆس جارێکی تر نیوە هەستانێك هەستا و هاواری کرد:

- گوێڕادێرە ئەی پاتریارکاسی پیری ورگن! ڕووی قسە لە تۆیە کە وەختێك لە کۆڵان دەمانبینیت ئیدی سلاومان لێناکەیت، لەبەرئەوەی ئێمە چوار زەمیلە خۆراکمان بە هەژاران بەخشیوە! تۆیش گوێ ڕادێرە باوە گریگۆریس! تۆیەك کە دڵڕەقانە برسییەکانت لە ئاوایی کردە دەرەوە تا سفرەکەت هەمیشە ڕەنگین بمێنی و ورگت ئەوەندە پڕ بێت کە بترەکێیت و بۆگەنت دونیا قانگ بدات! تۆیش ئەی لاداسی پیری پیسکە، تۆیش گوێ بگرە. تۆ کە ئامادەنیت تەنانەت یەك پەرداخ ئاو بە فریشتەکەی

پاسەوانی خۆت بدەیت! سڵاو لە تۆیش ئەی میکیلیس کە هەر هیچ نەچوویتەتەوە سەر بابت! تۆ بە چوار زەمیلە ئازوخەوە بۆ مەلەکوتی ئاسمان دەچیت. چونکە ئازووخەکان هەمووی هی تۆ بوون، نەك ئێمە ... هەمدیس بخوێنە!

– ( خۆش بەحاڵی ئەوانەی کە خاوەن دڵێکی پاقژن، چونکە خودا چاو دەکەن.)

کوستانتیس گوتی:

– گەرچی لە هەمووی حاڵی نەبووم، بەڵام لە واتای گشتیی تێگەیشتم. تەنها تێگەیشتنی ( چاو دەکەن) م بۆ کێشەیە. ( چاو دەکەن ) چییە؟

یاناکۆس وەڵامیدایەوە:

– هەی گێلە، واتە پەروەردگار دەبینن. ئەوانەی خاوەن دڵێکی پاقژن پەروەردگار دەبینن. بەو سانایییە!

کوستانتیس سەرسوڕماوانە پرسی:

- یاناکۆس تۆ ئەم شتانە لە کوێوە فێربوویت؟ ئومێدەوارم لاف ئەوە لێنەدەیت کە هێندەی حەزرەتی سلێمان دەزانیت!

یاناکۆس وەڵامیدایەوە:

- ئاخر من بە ئەقڵم تێناگەم، بەڵکو بە دڵم کە سلێمانە تێدەگەم. بەردەوامبە!

- ( خۆش لە بەختەوەریی ئێوە کاتێك کە سووکایەتییتان پێدەکرێ، ئازارتان دەدەن و لەبەر من بە هەر شێوەیەك بێ دڵتان دەیەشێنن. لە بارودۆخێکی ئاوهادا شادومان و خەنیی بن، چونکە پاداشتێکی مەزن لە ئاسمان چاوەڕێتان دەکا و بزانن کە پێغەمبەرانێك بەر لە ئێوە هەبوون کە بە هەمان شێوە ئازار دراون.)

یاناکۆس گوتی:

- مانۆلیۆس، تکا دەکەم جارێکی تر ئەم بڕگەیە ئارامتر بخوێنەوە. خودا بمبوورێ، چونکە بە مەزەندەم کەمێك قورس بوو.

مانۆلیۆس جارێکی تر ئەو بەشەی خوێندەوە. پاشان گوتی:

- پێموایە ڕۆشنە. مەبەست لەوەیە کە دواجار نەجیبزادان، ڕیش سپییان و درۆزنان و ماستاوچییانی ئاوایی، ڕۆژێك ئێمە هەر چوارمان بە تۆمەتی ڕاست بێژیی لە ئاوایی وەدەر دەنێن. شاهیدانی درۆیینە هان دەدەن تا شایەتیمان لە دژ بدەن. تەنانەت بۆیشی هەیە بەردبارانمان بکەن تا لەناومان بەرن. ئەدی مەگەر پێغەمبەران ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس نەبوونەتەوە؟ بەڵام برایان ئێمە دەبێ زۆر خۆشحاڵ بین کە گیانمان لە پێناوی مەسیحدا بکەینە قوربانی. چونکە مەسیحیش گیانی خۆی لە پێناوی ئێمەدا کردە قوربانی! بەهەرحاڵ واتای ڕستەکە ئەمە بوو.

چاوانی یاناکۆس لە شادومانیدا درەوشانەوە:

- مانۆلیۆس ڕاست دەکەیت، من باوە گریگۆریس دەبینم کە وەکی کاییفی جوولەکە لە پێش هەمووانەوە بەرەو ڕوومان دێت، دەنگی لاداسی پیر

دەبییەم کە لە دوایەوە هاوار دەکا:" مردن بۆ ئەوانە! بیانکوژن! ئەوانە گەرەکیانە قاسەکانمان بشکێنن و دراوە زێڕەکانمان تەخشان و پەخشان دەکەن!" دەنگی خودان پاتریارکاس دەبییەم — بمبەخشە میکیلیس — کە وەك پیلاتۆس دەڵێت:" من دەستی خۆم لەم بەزمە دەشۆم و دەخاڵەتی تێدا ناکەم. بیانکوژن!" وا دەڵێ و دڵی زۆر خۆشە، چونکە ئێمە ژیانی ئەومان دابوو بەیەکدا و لێنەگەڕابووین تا بە خەیاڵی ئاسوودە ئێسکی بزەڵەکانی بکڕێنێتەوە و نوقورچ لە کەفەڵی کارەکەرەکانی بگرێ و بە بیانووی سەرماخوردەگییەوە داوا لە کاترینای قەشەنگ بکا بیشێلێت. بەڵێ ئەی دزانی سەر زل، ئەی ستەمکارانی دڵڕەق و ئەی ماستاوچییان، عەدل شتێکی خودایی بووە و دەبێ و هەمیشەیش هەروا دەمێنێ.

لە هەمانکاتدا کە یاناکۆس گەییبووە ئەوپەڕی تووڕەیی و پەنجەی هەڕەشەی بەرەو ئاوایی هەڵبڕیبوو،

باوە فۆتیسی لەبەردەم خۆیدا بینی. کوتوپڕ هەناسەی گیرا و لاڵەپەتێ گوتی:

– بمبەخشە. خەریك بووین ئینجیلمان دەخوێندەوە و خرۆشابووین!

هیچکام لە چوار هاوڕێکە کە نوقمی خوێندنەوەی ئینجیل ببوون، گوێیان لە تەپەی پێی قەشە نەببوو. قەشە کە لەسەر نووکی پێ نزیکیان ببۆوە بەزەردەخەنەوە گوێی لە قسەکانیان ببوو. کاتێك کە بینیبوویان، ئەوسا هاتە پێشەوە و گوتی:

– سلاو ڕۆڵەکانم! ئومێدەوارم هەمیشە لەگەڵ خودادا بن!

هەمووان بە خۆشحاڵیی تەواو هەستان تا لەسەر سەکۆکەکە جێگەی بکەنەوە. بەلام قەشە بە بینینی ڕوخساری مانۆلیۆس، ڕاچڵەکی و پرسی:

– کوڕەکەم چ بووە؟ چیت بەسەر هاتووە؟

مانۆلیۆس سەری داخست و وەلامیدایەوە:

– باوکە خودا تەمبێی کردووم. تەماشام مەکە و ڕووت بەرەو ئینجیلەکە وەرگێڕە و بۆمانی ڕاڤەکە.

چاوەڕێ بووین بێیت و ڕووناکمان بکەیتەوە. ئاخر ئێمە نەخوێنەوارین و سەرمان لە هیچ دەرناچێت.

کوستانتیس گوتی:

- مێشکی ئێمە وەك تەختە وایە، باوکە تۆ دایتاشە!
- من یارمەتی ئێوە بدەم؟ تەواوی زانایانی دونیا دەبێ داوای ڕوخسەتتان لێ بکەن و بێن گوێ ڕادێرن تا ئەو بەستەزمانانە لە مانای قسەکانی مەسیح حاڵیی بن. یاناکۆس تۆ ڕاست دەکەیت. ئینجیل شتێك نییە بتوانرێ بە ئەقڵ تێی بگەین. ئەقڵ لە زۆر شت حاڵی نابێت. ئینجیل دەبێ بە دڵ بخوێنرێتەوە. چونکە دڵ تێدەگا. یاناکۆس ڕۆژێکی یەك شەممە بۆ کڵێسا ژێر زەمینییەکەی خۆمان وەرە تا قسەکانی پەروەردگارمان بۆ ڕاڤە بکەیت ... پێمەکەنە، بە ڕاستمە!

ئەوسا ڕووی کردە مانۆلیۆس و گوتی:

- کوڕەکەم، تەواوی نەخۆشییەکان لە ڕۆحەوە پەیدا دەبن، چونکە ڕۆح بەسەر جەستەوە حاکمە. بۆیە ڕۆحی تۆ نەخۆشە و دەبێ هەتوان بکرێ تا

جەستەت بە پەیڕەوی کردن لەڕۆح خۆ بەخۆ چاکبێتەوە! با لەمە گەڕێین. باشترە کەمێك پێکەوە قسان بکەین .. باشە بڵێن بزانم بۆچی داواتان لێکردم بۆ ئێرە بێم؟ دەتوانم چیتان بۆ بکەم؟ من لە خزمەتتانام ... دوای ئەوەش مانۆلیۆس گەرەکمە لەگەڵ تۆدا بدوێم.

میکیلیس گوتی:

– باوکە، لەڕاستیدا ئێمە بۆ نەخۆشییەکەی مانۆلیۆس داوامان لێکردیت بۆ ئێرە بێیت. گوتمان نەبادا شەیتان بە ڕوخساری مانۆلیۆسەوە لکابێ، بێگومان تۆیش دۆعای دەفعی شەیتان دەزانیت.

یاناکۆس هاتە نێو وتووێژەکەوە:

– وێڕای ئەوە، خودی منیش زۆر پرسیاری بێ وەلامم هەن. مەگەر هەموو شتێك بە ئیرادەی خودا نییە؟ ئەدی کەواتە بۆچی بەلایەکی وەك ئەوەی کە بۆ مانۆلیۆس نازیڵ بووە، بۆ نموونە بۆ باوە گریگۆریس یاخۆ بۆ لاداسی پیر نازیڵ نابێ؟ ئەمە ئیدی چ عەدالەتێکە؟ من لە هیچی تێناگەم ....

ئەوسا ڕووی کردە مانۆلیۆس و لەسەری ڕۆیشت:

- بۆچی هاوار ناکەیت؟ بۆچی هاوار بەسەر خودادا ناکەیت و لێی ناپرسیت؟ دانیشتوویت و دەستت لەسەر دەست داناوە و دەڵێیت:" خودا تەمبێی کردووم!"؟ مەگەر چیت کردووە کە دەبێ تەمبێ بکرێیت؟ لە جێگەی خۆت ڕابە! خۆ تۆ مەڕ نیت بەڵکو ئینسانیت! ڕاڤەت لە خودا بوێ! ئینسان واتە مەخلۆقێکی زیندوو کە ڕادەپەڕێ و ڕاڤەی دەوێت!

باوکە فۆتیس هەستا، دەستی ڕایەڵ کرد و لەسەر زاری یاناکۆس داینا:

- یاناکۆس پرسیارەکانت بێ ئەندازەن! دەنگت بەرز کردۆتەوە و گەرەکتە خودا لە ئاسمانەوە بهێنیتە خوارێ؟

یاناکۆس هەراسان و شەرمەزار وەڵامیدایەوە:

- باوکە ئاخر من تەنها گەرەکمە تێبگەم!

قەشە زەندەقچووانە گوتی:

- یاناکۆس گەرەکتە پەی بە نهێنییەکانی خودا ببەیت؟ باشە ... ئینسان لەبەرامبەر گەورەیی

خودادا لە کوێرە کرمێکی خاکی زیاتر نییە، ئیدی چۆناوچۆنی دەتوانێ پەی بە نهێنییەکانی بەرێت؟ منیش کاتێ جاحێڵ بووم، وەکی تۆ هاوارم دەکرد و داوای ڕاڤەم لە خودا دەکرد، ئاخر لە هیچ حاڵی نەدەبووم، تا ڕۆژێکیان ڕاهیبێکی پیر کە لەسەر کێوی ئاتوس دەرسی پێدەدام، حەکایەتێکی بۆ گێڕامەوە. خودا لێی خۆش بێت هەمیشە بۆ ڕاڤەی خایلەکانی، حەکایەتی دەگێڕایەوە! ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئاواییەك هەبوو لە بیابان و دوور لە ئاو و ئاوەدانی کە هەموو خەڵکەکەی کوێر بوون. ڕۆژێکیان پادشایەکی گەورە بە سواری فیلێکی زلەوە، بە سوپاکانییەوە بەوێدا تێپەڕی. کوێرەکان لە هەواڵەکە وەئاگا بوون و حەزیان کرد بڕۆن فیلەکە کە گەلێك وەسفیان بیستبوو، لە نزیکەوە دەست لێبدەن و بزانن چ دەعبایەکە. بۆیە ژمارەیەك لە خۆمان گوتەنی ڕیش سپییان کەوتنە ڕێ و کاتێ گەیشتنە خزمەتی پادشا، کەوتنە سەر ئەژنۆ و ڕوخسەتیان خواست تا دەست لە فیلەکەوە بدەن.

یەکێکیان دەستی بە کەپووی فیلەکەدا هێنا، یەکێکیان بە پێوپلی و سێیەمیان بەملاولاکەی. بۆ یەکێك لە کوێرەکان قولاپیان هەڵخست تا بتوانێت دەست بە گوێیدا بێنێ. یەکێکی تریان لەسەر پشتی ئاژەڵەکە دانا و ڕێگەیاندا دەورەیەك لێبدا. وەلحاڵ کوێرەکان شاد و خۆشحاڵ بۆ گوند گەڕانەوە و کاتێ خەڵکەکە لێیان کۆبوونەوە و نائارامانە لە چاوەڕوانیی وەسفکردنی ئاژەڵە سەیرەکەدا دانیشتن، یەکەمیان گوتی:" فیل لوولەیەکی گەورەیە کە لەخۆوە بەرزدەبێتەوە و وەك گەرداو خوول دەخوا و هەر کێ بگرێ حیسابی ڕۆیشتووە." دووەمیان گوتی:" فیل کۆڵەگەیەکی پڕ لە خورییە." سێیەمیان گوتی:" فیل دیوارێکە وەك دیواری قەڵا، بەو جیاوازییەی کە ئەمیان کوڵکنە." چوارەمیان کە دەستی بە گوێچەی فیلەکەدا هێنابوو، ناڕازییانە گوتی:" فیل هەر هیچ لە دیوار ناچێ، بەڵکو وەك فەرشێکی ئەستوور و وردچنراو وایە کە وەختێك دەستی تێوە دەدەیت

دەجووڵێتەوە." دواجار دووایین نەفەریان گوتی:" ئەم قسە قۆڕانە چییە دەیکەن، فیل شاخێکە گەورە کە جێگۆڕکێ دەکات."

هەر چواریان بە وەڵامی کوێرەکان پێکەنین و یاناکۆس گوتی:

- باوکە ڕاست دەکەیت، ئێمە کوێرین! بمبوورە! ئێمە دەخزێینە دەوروبەری پەنجە گچکەی پێی خودا و دەڵێین خودا بێ ڕوحمە. دڵی لە بەردە. بۆچی؟ چونکە ناتوانین بەرزتر لەوە ببینین.

میکیلیس لەسەری ڕۆیشت:

- ئێمە نابێ پرسیار بکەین. بێگومان خودا بیانووی بە دەستەوە بووە کە ئەم بەڵایەی بەسەر مانۆلیۆسدا هێناوە. کاتێ ئێمە کوێر بین ئیدی لەکوێ دەتوانین پەی بە بیانووەکانی خودا ببەین!

مانۆلیۆس سەری هەڵبڕی و گوتی:

- باوکە، ئێمە هەر چوارمان ئەمساڵ بە شێوەیەکی زۆر پتەو پێکەوە یەکانگیر بووین و لەم ڕووەوە باش وایە کە تۆ بە ئامادەبوونی ئەوان گوێ بۆ

ددان پیانانەکانم ڕادێریت تا پێکەوە بزانین خودا لەبەر کام لە گوناهەکانم سزام دەدا و دەوای دەردەکەم چییە؟ چونکە پێموایە تا کاتێك کە شەیتان بە ڕوخسارمەوە لکابێ، مانای وایە هێشتا ژێوان نەبوومەتەوە و خودا نایەوێم.

قەشە گوتی:

- کوڕەکەم ڕاست دەکەیت. مەسیحییانی ئەووەڵینیش هەر ئاوهایان دەکرد. واتە لە حزووری هاوڕێکانیاندا ددانیان بە گوناهەکانیاندا دەنا و هەموو پێکەوە هەوڵیان دەدا ڕێگەیەك بۆ ڕزگار بوونیان بدۆزنەوە. کەواتە بەناوی خودا دەست پێبکە و ئێمەیش گوێمان لێتە. ئەوە لەبیر مەکە کە ئێمە هەموومان گوناهبارین. ئەلعان خودا بە ژوور سەرمانەوەیە و گوێ بۆ قسەکانی تۆ ڕادەدێرێت.

مانۆلیۆس ماوەیەکی درێژ لە فیکرەوە چوو، بەتەواوی بەڕابردوویدا هاتەوە. تاڤی منداڵیی و هەتیویی خۆی کەوتەوە یاد. یادی جنێوەکانی پوورە مادلینا و ئەو کوتەکانەی کە لێیدابوو. ئینجا یادی تاڤی

خۆش و ئارامی دەیر و گۆشەگیرییەك کە لە ژوورە گچکەکەیدا کێشابووی و حەکایەتەکانی باوە ماناسیسی پیر کە بە ئاوازی کەلامی زبر بەڵام میهرەبانی خۆی لەبارەی زاهیدەکانی تیبابیت* و حەوارییەکنی زەریاچەی ناسرە و عیسای لەخاچدراوەوە بۆی دەدوا. چەند بەختەوەر بوو ئەو زەمانەی کە مەلەکوتی ئاسمانی لەسەر ئەرز دەبینی! بەڵام لەناکاو بەیانییەکیان خودان پاتریارکاس و دەستوپێوەندەکەی هاتن و حەوشەی دەیریان پڕ لە هێستر و بالیفی سوور و قریوەی شادومانیی کرد.

مانۆلیۆس سەری هەڵبڕی:

- باوکە نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم ... بەسەراپای دەورانی ژیانمدا تێپەڕیم. باوکە، یارمەتیم بدە. هەرچیت دەوێ بپرسە! ئێوەیش هەروا برایان، ئێوەیش بپرسن!

باوکە فۆتیس گوتی:

---

* Thebade یا میسری دێرین، یەکەمین مەسیحیانی خۆگۆشەگیر کردوو بۆ بیابانی تیبابید کۆچیان دەکرد. و.ف

– مانۆلیۆس بەدوای دەسپێکدا مەگەڕێ. چونکە چ دەسپێك و کۆتاییەك لەمیانا نییە. زارت بکەوە و هەرچیت بە زەیندا دێ بیڵێ، دەبینیت کە چۆن وشەکان دەبنە دەنکە گێلاس. تا خۆت یەکێك لێدەکەیتەوە، دە دەنکە گێلاس لە خۆیانەوە دەکەونە خوارەوە .. مانۆلیۆس چاوانت لێکنێ چ دەبینیت؟ لە کوێیت؟ دەسبەجێ و بەبێ بیرکردنەوە وەڵام بدەوە!

– لە ماڵی باوە گریگۆریس! ڕیش سپییانی گوند کۆبوونەتەوە و بڕیارگەلێکیان داوە. ئەوان بۆ ڕێوڕەسمی تەمسیلی ئازارەکانی مەسیح کە لە هەفتەی پیرۆزی ساڵی داهاتوودا لەبەردەم خانی کڵێسادا نمایش دەکرێت، بۆ هەر یەکێك لە ئێمە ڕۆڵێکیان دیاری کردووە. باوە گریگۆریس لێم نزیك دەبێتەوە. دەست بە قژمدا دێنێ، دۆعام بۆ دەکا و دەڵێ:" مانۆلیۆس، خودا تۆی هەڵبژاردووە تا خاچەکە لە کوڵ نێیت .." وا دەڵێ و ئیدی دڵم دەبێت بە هەزار کەرتەوە.

ئەوسا چاوانی کردنەوە. پێڵووی تروکاند و هاوڕێکانی کەوتنەوە بیر.

– بەڵێ، ڕێك لە هەمان لەحزەدا دڵم وەکی ئەو شووشە عەترەی کە مەریەمی گوناهبار شکاندی تا پێوپلی مەسیحی پێ بشوات، بووە هەزار پارچەوە... کاتێ هێشتا منداڵ بووم، هێزی خەیاڵم زۆر زۆر بوو. شەرحی حاڵی قەدیسانم دەخوێندەوە و بە قووڵیی دەوروژام و دەمویست خۆیشم ببمە قەدیس. کاتێ چوومە دەیر، تەنها یەك خەیاڵم لە کەللەدا بوو ئەویش ئەوە بوو ببمە زاهید و منیش لە تیبایید بژیم. چ نەخۆم، چ نەخۆمەوە و موجیزە بنوێنم. بەڵێ برایان، من لە هەمان دەورانەوە دۆزەخیی بووم. شەیتان ئاگری لە دڵم بەردەدا و دەیسووتاندم. من بە خۆویستییەکی تەواوەوە ئارەزووم دەکرد موجیزە بنوێنم و خودا خۆیشی بمبەخشێت! کاتێ لە ماڵی باوە گریگۆریس هاتمە دەرەوە، لاجانگەکانم تەپوکوتیان پێکەوت. هەستم دەکرد ئاوایی گچکە بۆتەوە و جێگەی منی تێدا

نابێتەوە. ئیدی خزمەتکاری خودان پاترپارکاس نیم. ئیدی نەخوێنەوار و نزم و ناچیزە نیم. ئاخر خودا منی بۆ پەیامێکی بەرز هەڵبژاردووە و دەبێ بەشێوەی مەسیحی پیرۆز بژیم و لەو بچم.

کۆستانتیس بە چرپە چرپ گوتی:

– مانۆلیۆس چ خۆپەرست و ترسێنەریت. ئەویش تۆیەك کە هێند میهرەبان و خۆنەویستیت!

قەشە گوتی:

– کۆستانتیس کوڕەکەم، دڵی مانۆلیۆس لێوڕێژ بووە. بهێڵە یەکەمجار بەتاڵی بکاتەوە پاشان قەزاوەت بکە.

مانۆلیۆس درێژەی بە قسەکانیدا:

– برایان بمبوورن. شەیتان ڕۆحی داگیرکردبووم. گەرچی لەوەی دەیڵێم شەرمەزارم، بەڵام چونکە دەبێ ددان بە گوناهەکانمدا بنێم، بۆیە ناتوانم چ شتێك بە نەگوتراوی جێبێڵم. ئاخر خودا قسەکانم دەژنەڤێ.

قەشە گوتی:

- مانۆلیۆس گیان بڵێ. بڵێ و شەرم مەکە. دڵی ئینسان وەك چاڵێکی پڕ لە مار و بۆق و بەرازە. کەواتە بەتاڵیکەوە تا سووکەڵە بیت!

مانۆلیۆس جورئەتی هێنایەوە بەرخۆ:

- وەك تاوس بە نازەوە دەڕۆیشتم. لەخۆباییانە دەهاتم و دەچووم و هەمیشە بەخۆم دەگوت:" مانۆلیۆس خودا تۆی هەڵبژاردووە، بەڵێ تۆ!" بەڵام یاناکۆسی میهرەبان، ڕۆژێکیان بە لوتفی تۆ ....

دەستی یاناکۆسی گرت و ویستی ماچی بکا، بەڵام یاناکۆس بە سەرسوڕمانەوە دەستی کێشایەوە:

- مانۆلیۆس چ بووە؟ دەتەوێت دەستی من ماچکەیت؟

- بەڵێ یاناکۆس دەستی تۆ! چونکە تۆ چاوی منت کردەوە ... بە لوتفی تۆ بوو تێگەیشتم کە من کەسێکی ڕیاکار و درۆزنم. بیرت دێتەوە ئەو ڕۆژەی لە نزیك ماڵی ناخودا تۆفانەوە ڕێکەوتی منت کرد چیت گوت؟ گوتت:" هەی درۆزن! هەی درۆزن، تۆ لاڤ ئەوە لێدەدەیت لە مەسیح دەچیت و ئەوسایش

گەرەکتە ژت بێنیت؟ ... دوای ڕێوڕەسمی لەخاچدانیش لێنێو ئاوی گەرمت بۆ دێنێت تا بتشوات. جلکی تازەت بۆ دێنێت تا خۆت بگۆڕیت و پاشان لەگەڵیدا بنوویت. ئەویش ڕێوڕەسمی لەخاچدان!" یاناکۆس من قەرزارباری تۆم!

یاناکۆس خۆی فڕێدایە نێو ئامێزییەوە، هاواری کرد:

– مانۆلیۆس بمبوورە.. نازانیت ئەو ڕۆژە شەیتان تا چ ئەندازەیەك داگیری کردبووم ... منیش ڕۆژێك لەبەردەم تۆدا ددان بەگوناهەکانمدا دەنێم و تۆیش بە بیستنی قسەکانم لەرز داتدەگریێ. باوە فۆتیس ئاگای لێیە ...

باوە فۆتیس یاناکۆسی دانیشاندەوە و گوتی:

– برایان، مۆڵەت بفەرموون مانۆلیۆس خۆی بەتاڵ بکاتەوە و سوکنایی بێت. مانۆلیۆس بەردەوامبە. هەست ناکەیت کەمێك سووکەڵەتر بوویت؟

– چۆن باوە، هەرچەند بدوێم سووکەڵەتر دەبم ... نازانم چ نهێنییەکی گەورە لە ددان پیاناندا هەیە کە

مرۆڤ سووکەڵە دەکات! من ئیدی ترسم ڕەویوەتەوە و ددان بە هەموو شتێکدا دەنێم. هەموو شتێك!

قەشە بۆ ئەوەی کەمەکێك لە گوڕی خۆی بۆ مانۆلیۆس بگوێزێتەوە، دەستی نایە سەر شانی و گوتی:

– کوڕەکەم ئێمە سەراپا گوێین. قسە بکە!

– لە هەمان ساتەوەختەوە کە یاناکۆس دەمامکی لەسەر دڵم لادا، هاتمەوە سەر خۆ و بە بینینی خەرەندەکەی بەردەمم، ئیستێکم کرد و بەخۆم گوت:( مانۆلیۆس شەرم ناکەیت؟ پێتوایە لە خاچدان گاڵتەیە؟ گەرەکتە دەستی خودا و خەڵقی خودا ببڕیت؟ تۆ لێنێوت خۆش دەوێت، گەرەکتە لەگەڵیدا بنوویت و لە هەمان کاتیشدا جێی مەسیح بگریتەوە؟ هەی درۆزنی ڕووقایم! هەی ڕیاکار دەبێ یەکێکیان هەڵبژێریت!) هاوکات هەڵبژاردنی خۆم کرد و بڕیارمدا ژن نەهێنم، دەست بۆ ژن نەبەم و بە پاکیی بمێنمەوە!

جارێکی تر یاناکۆس خۆنەویستانە هاواری کرد:

– مانۆلیۆس من پێشتر نەمگوت تۆ لە قەدیسانیت!

مانۆلیۆس گوتی:

– ئارام بگرە! ڕێگە بدە بیگێڕمەوە تا ببینیت چۆناوچۆنی ترس داتدەگرێت! من هێشتا لەبارەی گەورەترین گوناهمەوە قسانم نەکردووە. دواجار بڕیارمدا گرێبەستەکەم لەگەڵ لێنێودا هەڵوەشێنمەوە. لەپێناوی هەمان مەسەلەدا دەمەدەمێم لەگەڵ خودااندا کرد و ڕێگەی گەڕانەوەی چیام گرتەبەر تا بتوانم لە گۆشەگیرییمدا لە وەسوەسە ڕزگارم بێت. پێموابوو لە هەوای پاقژی کوێستاندا دەتوانم خۆم بۆ مەسیح تەرخانکەم. بەڵام لە نێوان ڕێگەی چیا و گوێ چاڵاوەکەی ( قەدیس ڤاسیلی ) دا وەسوەسە بۆسەی بۆ نابوومەوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا. بە دەسەسڕەکەی کێمی لە ڕوخساری سڕی و بێدەنگ مایەوە. دەستی دەلەرزی. قەشە گوتی:

– مانۆلیۆس ئازابە. من لە تۆ گوناهبارترم. ڕۆژێك لە ڕۆژان منیش لەبەردەم ئێوەدا ددان بە گوناهەکانی خۆمدا دەنێم و دەبینن کە لە حەژمەتا مووی سەرتان ڕاست دەبێتەوە. من دەستم بە خوێنی ئینسان سوور

بووە. بەڵێ، شەیتان بەسەر منیشدا زاڵ بووە. ڕۆژێکیان کاتێ گەنج بووم و بەگوڕ، بۆ ئاوایی ڕۆیشتم تا بەشداری لە جێژنی زیندووبوونەوەدا بکەم. بەرخێکیشم بەکۆڵەوە بوو تا لەگەڵ هاوڕێکانمدا بیبرژێنین. نیوەڕۆ بوو، درەختەکان بە شکۆفە پۆشرا بوون و ئەرز بۆنی عەتری لێدەهات. تەواوی خەڵکی لەسەر چیمەنەکان ڕاکشابوون و بەرخیان دەبرژاند. یەکەمجار جگەر و دڵ و گورچیلەکەیمان برژاند و خواردمان و شەرابمان بەسەردا کرد، تا ئەو کاتەی بەرخەکە دەبرژێت. کاتێ بەرخەکە باش برژا، هێنایان و لە چیمەنەکە دایاننا. من ئەوکات کێردێکی درێژم هەبوو، باش تیژم کردبۆوە تا بەرخەکەی پێ کوت کوتکەم. ڕێك لە هەمان لەحزەدا شەیتان ڕۆحی داگیر کردم و لەکاتێکدا کە قاقا پێدەکەنیم، هاوارم کرد:( خۆزیا هەر ئێستا قەشەیەکم چنگ دەکەوت و ڕیخۆڵەییم دەردەکێشا!) بڕواتان بێ ئەوە شەیتان بوو کە لە زاری منەوە قسانی دەکرد. چونکە خۆم قەشەزادەم و ڕێزم لە قەشەکان دەنا و هەر کاتێك

یەکێکیانم لە کۆڵان بینیبا، ڕام دەکرد تا دەستی ماچ بکەم. ئاخر بەبێ بیرکردنەوە و تەنها بۆ ئەوەی گاڵتەیەك بکەم ئەو ڕستەیە لە زارم هاتبووەدەر. هەمووومان بادەمان خواردبۆوە و من کەمێك خەیاڵ بووم. پیاوێکی مەست کە لە تەنیشت گروپەکەی ئێمەوە سفرەی ڕاخستبوو بە قسەکانم پێکەنی و گوتی:" هێی ڕۆڵە، ڕێك قەشەیەك لەدواتەوە دانیشتووە. گەر پیاویت قسەی خۆت بەرە سەر!" سەرم وەرگێڕا و بینیم قەشەیەك لە دوامەوە دانیشتووە. ئیدی خۆم بە سەریدا دا و سەریم بڕی.

باوە فۆتیس خاچی کێشا و بێدەنگ بوو. چوار هاوڕێکەیش هەر بێدەنگ بوون. هەموویان دەترسان. هەر کامیان سەری داخستبوو، ڕۆ چوو بوو بەخۆیدا و هەڵدەلەرزی. ئەرێ ئەم هەموو تاوان و دزێویی و ڕیسواییە لە قووڵایی ڕۆحدا هەیە؟ ئیدی چ ئینسانێکی شەرافەتمەند دەمێنێت کە جورئەتی تاوانی نەبێت؟ ئارەزووگەلی بە هیچ تێر نەبووی ئینسانیی، سەراپای تەمەن خەفەکراو، لە ناوەوەڕا دەمێنێتەوە و خوێن

ژەهراویی دەکات. ئینسان خۆی جڵەوی دەکات، ئەوانی تر فریو دەدا تا شەرافەتمەند و خۆپاریز و بەبێ لە گوناهەوە گلان، دونیا جێبێڵێت. بەڵام ئاخۆ دەتوانرێ خودایش فریو بدرێت؟

دواجار میکیلیس بێدەنگیی شکاند و بە نەوایەکی کپ و تاساو گوتی:

– باوکە ئەز لە تۆ خەراپترم. کاتێ باوکم نەخۆش دەکەوێت، شەیتانانە خۆشحاڵ دەبم و شەیتانەکەی ناخم حاڵی لێدێت. چونکە ئیتر ناتوانم حەوسەڵەی بابم هەبێ. ئەو بەربەستی ژیانم بووە و دۆعا دەکەم کە هەرچی زووترە بمرێت. من ئارەزووی مردنی پیاوێك دەکەم کە خۆشیمدەوێت و ژیانم هی ئەوە. من نازانم ڕۆحی مرۆڤی تاوانبار چۆناوچۆنییە، بەڵام دەزانم ڕۆحی مرۆڤی شەرافەتمەند دۆزەخە. دۆزەخێك کە شەیتانەکان تیایدا لانەیان چێ کردووە! ئێمە بە خەڵکانێك دەڵێین شەریف و مەسیحییانی ئیماندار کە شەیتانەکەی نێو ناخی خۆیان دەشارنەوە و ڕوخسەت نادەن کە بە هەپرونکردنی کۆت و پێوەندەکانی خۆی،

هانیان بۆ دزیی و مرۆڤکوژیی بدات. بۆیە ئێمە هەمووومان لە ناوەوەی خۆماندا – خودایە بمبەخشە – گوناهبار و دز و مرۆڤکوژین!

یاناکۆس بە کوڵ دەگریا. ئەویش چووبۆوە نێو خۆی و قووڵ زەندەقی چووبوو. بەڵام قەشە دەستی ڕایەڵ کرد و گوتی:

– ڕۆڵەکانم، نۆرەی ددان پیانانی هەمووومان دێت. ئێمرۆ نۆرەی مانۆلیۆسە. کەواتە دەریچەی دڵی خۆتان داخەن، تا ئەو دەریچەی دڵی خۆی بکاتەوە. ڕێگە بدەن ئەو ددان پیانانەکانی تەواوکات ... باشە مانۆلیۆس بەردەوامبە! خۆت گوێت لێبوو کە ئێمە هەردووکمان لە تۆ خەراپترین، هەم منی قەشە و هەم ئەو، میکیلیسی میهرەبان و دەست و دڵ کراوە کە مایەی شانازیی گوندنشینانە.

مانۆلیۆس فرمێسکی چاوانی سڕی. دڵنەوایی خۆی کرد و هەمدیس کەوتەوە ددانپیانانەکەی:

– برایان، وەسوەسە لەگوێ چاڵاوەکەدا دانیشتبوو و زەردەخەنەی بۆ دەکردم. کاترینا دەڵێم. هەمان

بێوەژنی گوناهبار. لێوی سوور کردبوو، چاڵێکم لەنێوان مەمکەکانیدا دەبینی. خوێن هورووژمی بۆ مێشکم برد و گێژ بووم. ئەو دەپاڕایەوە و من حەزم دەکرد لە ئامێزی بگرم. بەڵام لە خەڵکی دەترسام. لە خودایش دەترسام. بۆیە ڕامکرد ... بەڵێ ڕامکرد، بەڵام خەیاڵی ئەویشم لەگەڵ خۆمدا برد. شەو و ڕۆژ بیرم لێ دەکردەوە، بەڵام بە خۆ فریودان وام دەنواند کە بیر لە مەسیح دەکەمەوە. چ فریوێك! ئاخر من تەنها بیرم لەو دەکردەوە. شەوێ لە وزەمدا نەما، دەموچاوم شت، قژم شانە کرد و کوێرە ڕێکەی ئاواییم گرتەبەر و بەرەو ماڵی بێوەژن کەوتمە ڕێ. بەخۆم دەگوت دەڕۆم ڕۆحم قوتار دەکەم. دەڕۆم قسانی لەگەڵ دەکەم و بۆ خودا دەیگەڕێنمەوە ... بەڵام هەموو ئەوە درۆ بوو. درۆ! چونکە دەمویست لەگەڵیدا بنووم. ئەوسا ....

هەمدیس بێدەنگ بوو. بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا. هەمووان بە دڵسۆزیی تەماشایان دەکرد. ئەویش لە بەردەمیانا دەبووە ئاو. چڵك لە برینەکانی

ڕوخساره قڵیشاوەکەی دەهاتە دەرێ و لەنێو ڕیش و سمێڵیدا دەمەیی.

قەشە دەستی ئەوی لەنێو دەستی خۆی نا، نەوازشی کرد و گوتی:

– ئەوسا ڕزگارت بوو ... تێگەیشتم مانۆلیۆس. باش تێگەیشتم. خودا بۆ قوتارکردنی تۆ ڕێگەیەکی قەدبڕی لێداوە... برایان، موجیزەیەکی گەورە ڕوویداوە! بنۆڕن ڕزگاریی لە چ ڕێگەگەلێکەوە بۆ لامان دێ کە ناچێتە ئەقڵەوە؟ بەڵێ، ئەوسا مانۆلیۆس، ڕوخسەت بدە کە من قسەکانت تەواو بکەم. ئەوسا هەستت بە شەکەتیی کرد، هەستت کرد ڕوخسارت خەریکە دەئاوسێ و چینێکی قێزەوەن دەیپۆشێ، کوتوپڕ هەستت بە برین کرد و چڵك لە ... بەڵام مانۆلیۆس ئەمە شەیتان نییە کە لەسەر ڕوخساری تۆ نیشتووە، بەڵکو خودایە کە ئەم دەمامکە گۆشتییەی بۆ ڕزگارکردنی تۆ بە ڕوخسارتەوە لکاندووە. لەڕاستیدا خودا ڕوحمی پێکردوویت.

کۆستانتیس بە چرپە گوتی:

- من هیچ تێنەگەیشتم. هەر هیچ تێنەگەیشتم.

دووانەکەی تریش گوتیان:

- ئێمەیش تێنەگەیشتین. ئێمەیش هیچ تێنەگەیشتین.

مانۆلیۆس بێدەنگ هەناسەی هەڵدەکێشا. باوکە فۆتیس بۆ دڵنەوایی کردنی، دەستی نەوازش کرد:

- مانۆلیۆس، تۆ بەرەو هەڵدێر دەڕۆیشتیت. تۆ تەنانەت گەیشتبوویتە سەر لێواری هەڵدێر. بەڵام کاتێك خودا دەمامکی نایە سەر ڕوخسارت، لە جێگەی خۆتا ڕاوەستایت. تۆ دەتویست بە چوونە نێو نوێنی بێوەژنەوە خۆت دووچاری لەعنەتی خودا بکەیت. بەڵام ئیدی بەم قلافەتەوە نەتدەتوانی بۆ دیداری بڕۆیت، چونکە ئەو ئامادە نەبوو ڕێگەت بۆ نێو نوێنەکەی پێبدات. ئیدی شەرم دایگرتیت، لەنیوەی ڕێگەدا گەڕایتەوە و بەمجۆرە لە لەعنەتی خودا ڕزگارت بوو.

مانۆلیۆس ڕوخساری لەنێو دەسەسڕە گەورەکەدا حەشار دابوو. هیچی نەدەگوت و ئەوە نەبێ جار جار کوڵی گریان قوڵپی پێدەدا، دەنگیان دەبیست

دەیگوت:" خودایا سوپاس بۆ تۆ!" وای دەگوت و هەمدیس بێدەنگ دەبۆوە.

سێ هاوڕێ زەندەقچووەکە، سەریان لە ژێرەوە ناو و هەڵدەلەرزین. ئاخر ئەوان بۆیان دەرکەوتبوو کە خودا لە هەمان ئەو نزیکانەوە وەك شێرێك لە بۆسەدا دانیشتووە و گا دەنگی هەناسە و نەعرەتەی دەگەییشتە گوێیان و تەنانەت بریسکەی چاوانیان لە تاریکییدا دەبینی.

قەشە بە پەی بردن بە خایلەکانیان گوتی:

– ڕۆڵەکانم، لە بوونی خودی خۆیشماندا چاوێك شەو و ڕۆژ چاودێریمان دەکا و گوێیەك هەیە دەنگمان دەژنەڤێ. ئەمەش واتە خودا!

میکیلیس هاواری کرد:

– بۆچ خودا مۆڵەت دەدا ئێمە زیندوو بین و لەسەر ئەرز نامانباتەوە تا هەناسەی خوڵقێنەرانەی وی لە بوونماندا پاك بێتەوە؟

قەشە وەڵامیدایەوە:

– چونکە میکیلیسی ئازیز کاری خودا وەك کاری گۆزەگەرانە و سەروکاری لەگەڵ گڵدا هەیە!

یاناکۆس نائارامانە گوتی:

– باوکە قسەی جوان دەکەیت، بەڵام ئاخر ئێمە نەخۆشێکمان هەیە. ئەرێ ناتوانیت دەست بنێیتە سەر سەری، وێردێك بخوێنیت و ئێمەیش لەبەر قاپی خودادا دۆعا بکەین تا ڕوحمی پێبکات؟

– مانۆلیۆس گەرەکی بە وێرد و دۆعای ڕامالینی تەڵسەم و جادوو نییە. بە دۆعای خەڵکانی تریش باش نابێت. ڕێگای ڕزگاریی وی هێور و بەردەوام و شەو و ڕۆژییە. ڕۆڵەکانم ئێوە هێشتا کرمی ئاوریشمتان نەبینیوە کە چۆناوچۆنیی زستانان لە قۆزاخەکەیدا ڕۆدەچێ و خۆی بەند دەکات، شێوە دەگۆڕێ و جووڵە لە خۆی دەبڕێت. لە کاتێکدا کە ژیانی بە ئارامیی و لە تاریکییدا بەردەوامە و لەودیو ڕوخساری ناشیرینی قۆزاخەکەیەوە، پەپوولەیەکی نەرم و نیان بە چاوانێکی درەوشاوە و باڵی جوانەوە دەخولقێت! ئیدی دواجار لە بەیانیی بەهارێکدا قۆزاخەکە درز تێدەبا و دەفڕێت!

ڕزگارییش بە هەمان شێوە لە تاریکییدا لە ناوەوەی ئێمەدا لەکاردایە ... مانۆلیۆس ئازابە و درێژە بە ڕێگەکەت بدە! ئاخر لەودیو ئەم ڕوخسارە دزێوەوە ڕزگاریی هەیە. متمانەت هەبێت!

مانۆلیۆس تکاکارانە لە قەشەی دەنۆڕی و پرسی:

– تا کەنگێ چاوەڕێ بم باوکە؟

– مانۆلیۆس مەگەر پەلەتە؟

مانۆلیۆس بە شەرمەزارییەوە گوتی:

– نا، هەر کاتێك خودا بیەوێ! هەرکاتێ خودا بیەوێ!

– خودا هەرگیز پەلەی نییە. وی خوێنساردە و ئایندە وەك ڕابردوو ڕووناك دەبینێت. ئەو کاری لەگەڵ ئەبەدییەتدا هەیە، کەچی مەخلۆقە فانییەکانی نازانن چی لە پێشە، ئیدی دەترسن و پەلەپڕوزکێیانە. لێگەڕێ خودا لە بێدەنگییدا و بەو تەرزەی دەیەوێ کاری خۆی ئەنجام بدات. هەرگیز سەر هەڵمەبڕە و هیچ شتێکی لێ مەپرسە، چونکە پرسیارەکانت بە گوناه ئالوودەن!

خۆر گەییبووە نێوەڕاستی ئاسمان و ڕووناکی خۆی تنۆك تنۆك بەسەر پێنج هاوڕێ لە دەوری یەك دانیشتووەکەدا دەڕشت. پێنج سەری نزیك یەکتر بە ڕوانینی لێوڕێژ لە عیشقیان!

لە نشێوێکی تری کێوەکەوە ئاوازی شمشاڵەکەی نیکۆلیۆس، شاد و گوێنەواز دەگەییە گوێ. میکیلیس زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

– ئەوە نیکۆلیۆسە ... ئەویش بۆ سوکنایی ئازارەکانی شمشاڵ دەژەنێ!

هەموان سەراپا ببوونە گوێ. نەغمەی شوانێك لەو هەوا هەڵپڕوکێنەرەدا، مرۆڤی حاڵ لێدەهێنا و دەیخستە سەما. پەپوولەیەکی سپیی، بە خاڵی نارنجیی سەر باڵەکانییەوە، بۆ ساتێك بە ژوور پێنج هاوڕێکەوە هەڵفڕی و بەسەر قژی باوە فۆتیسەوە نیشتەوە و هەروا باڵی لێکدەدا، دەمی بەنێو قژە ماشوبرنجییەکەی ویدا ڕۆدەبرد. وەك بڵێی بەسەر تەلانێك دڕکەوە نیشتبێتەوە، کوتوپڕ لە جێگەکەی

دەرپەڕی، فڕینی خۆی دەستپێکردەوە و لەنێو هەتاودا بزر بوو.

ساتگەلێك دواتر، مانۆلیۆس هاتەگۆ:

– باوکە، برایان، بمبەخشن و خودایش ئێوە ببەخشێت! من هێند سووکەڵە بووم کە پێدەچێ بارێکی قورس لەسەر کۆڵم لابرابێت. باوکە بە لوتفی تۆ چاوانم کرانەوە و ئیدی سەری تەسلیمبوونم دانەواند. من ئێستا نەخۆشییەکەی خۆم وەکی خاچێك دەبینم کە دەبێ لەکۆڵی بگرم و بەسەر یاڵەکەدا سەرکەوم. دەشزانم دوای لەخاچدان، ژیانەوە دێت. بەڵام ئاخۆ هێزی لەکۆڵ گرتنی خاچم هەیە؟ هاوڕێیان یارمەتیم بدەن تا لە پێ نەکەوم!

قەشە هاواری کرد:

– دەبێ هەمووان لەگەڵ یەکدیدا بین! من ئەمڕۆ لەسەر ترۆپکی چیا لەگەڵ ڕەعیەتەکەمدا دەدوام. ئێمەیش دەبێ بە یاڵەکەدا هەڵگژێین و خاچی قورسمان لەکۆڵ نێین. ئێمەیش دەخزێین و ناڵەمان پێدەکەوێت. ئێمەیش بێ تاوین ... من بە هاوڕێکانم گوت: دەبێ

هەمووان پێکڤە بین! ئەمەش تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی ئێمەیە.

یاناکۆس پرسی:

– ئەدی چارەی دەرد و نەخۆشیی و گوناه چ دەبێ؟

– هەموو کرمەکان دەبنە پەپوولە ...

لەبەرئەوەی بیری کەوتەوە کە لەکاتی هاتنیدا هەر چوار هاوڕێکە ئینجیلیان دەخوێندەوە، بۆیە گوتی:

– .... خۆش بە حاڵی میحنەت چەشتووان. چونکە شەهامەتیان پێ عەتا دەفەرموێت!

کۆستانتیس لە شادومانییدا بازێکیدا، دەیویست قەشە وشە قورسەکانیان بۆ لێکبداتەوە:

– باوکە مەبەست لە ( شەهامەتیان پێ عەتا دەفەرموێت ) چییە؟

– واتە دڵنەوایی دەکرێن و دەوایەك بۆ شیفای ئازارەکانی خۆیان پەیدا دەکەن. خۆش بە حاڵی ئەوانەی کە ڕەنج دەدەن، چونکە ڕەحمەتی بێپایانی خودا نەسیبیان دەبێ. بەجۆرێك کە ڕەنج نەدیوان هەرگیز لە نیعمەتێکی ئاوها شادومانانە و چالاکییەك

بەرخوردار نابن. ڕەنج یەکێك لە نیعمەتە دەگمەنەکانی خودایە. مانۆلیۆس گیان گوێت لێیە؟

بەلاّم مانۆلیۆس بێ بڕست پاڵی بە میکیلیسەوە دابۆوە، بە لێکنانی چاوانی لە خەودا ڕۆچوو بوو. هاوڕێکانی لە جێگەکەی بەرزیان کردەوە، لەسەر حەسیرەکەی خەواندیان و بە ئەسپایی کوختەکەیان جێهێشت و ڕۆیشتن.

قەشە گوتی:

– ڕۆڵەکانم، لوتفی خودا لە شێوەی خەودا ئەوی لەخۆ گرت. با بڕۆین و بە کەرەمی خودای بسپێرین!

هەمووان، یەك لەدوای یەك پێیان نایە باریکە ڕێکەوە و بێدەنگ ڕێگەی دابەزینیان گرتەبەر. قەشە بە قژە شەپۆلاویە ماشوبرنجییەکەیەوە لە پێشەوە دەڕۆیشت.

*

دەوروبەری عەسر مانۆلیۆس چاوانی کردنەوە و لە ڕەشایی فەزادا پیاوێکی لەسەر جێگاکەی خۆی بینی

کە بەدخووانە و بە چاوانێکی خوێنینەوە، ورد ورد لێی دەنۆڕی. وی پانایۆتیسی کەتە بوو کە لە هەناسەیەوە بۆنی کەسکونی شەراب دەگەییە کەپوو.

مانۆلیۆس بەزەردەخەنەوە گوتی:

- پانایۆتیس براکەم، خۆشهاتیت!

بەڵام پانایۆتیس وەڵامی نەدایەوە و هەروا بێ جووڵە دیقەتی لێی دەدا. سەرە زل و قژە سوورەکەی بەر سەری مانۆلیۆس دەکەوت و لە نێوان لچولێوە شۆڕەکەیەوە، ددانە ناقۆڵا و ناشیرینەکانی وەدیار دەکەوتن. مانۆلیۆس لەرز دایگرت و پێی وابوو خەوێکی ناخۆش دەبینێت.

- چیت دەوێ؟

پانایۆتیس بە زەحمەت دەمی کردەوە و بە دەنگێکی تاساو، ئاڵوودە بە مەستیی و لاڵ و پات وەڵامیدایەوە:

- یەك سەعاتە بە سەرتەوە دانەویمەتەوە و تەماشات دەکەم.

- چیت لێمدەوێت براکەم، بۆچی ئاوها تەماشام دەکەیت؟

پانایۆتیس بە نەوایەکی تووڕە و لە هەمانکاتیشدا گلەیی ئامێز مڕاندی:

– هەرکارێك بکەم ناتوانم جۆرێکی تر تەماشات بکەم!

دوای بێدەنگییەکی کورت گوتی:

– ئەی گەنج دواجار تۆ من دەکوژیت!

مانۆلیۆس بە سەرسوڕمانەوە نیوە هەستانێك هەستا و پرسی:

– من؟ من؟ مەگەر من چیم لێکردوویت؟

– خراپترین کارێك کە لە پیاوێك بووەشێتەوە! نەفرەتت لێبێ! بەشی منی نەگبەت لەم دونیایەدا دڵخۆشییەکی گچکە بوو کە تۆ ئەویشت لێ زەوت کردم. ئیدی حەوسەڵەم نەما و هاتووم دیارییەکت بدەمێ. چاوەڕێ بووم تا وەخەبەر بێیت. وەرە ئەمە دیارییەکەت!

وایگوت و دەستی بۆ ژێر جلکەکەی برد. کێردێکی دەرکێشا، لەسەر حەسیرەکە داینا و نەڕاندی:

– برا، برا بمکوژە و ئەو کارە تەواو بکە کە دەستت پێکردووە. بمکوژە و پاداشتەکەی بۆ خۆت بکرە!

مانۆلیۆس هاواری کرد:

- پانایۆتیس! براکەم مەگەر من چیم لێکردوویت؟ ئەم قسانە چین دەیانکەیت؟ من و کوشتنی تۆ؟

ویستی دەستی بگرێت، بەڵام پانایۆتیس بە تووڕەیی لە خۆی دوور خستەوە و نەڕاندی:

- دەستم تێوە مەدە. قسە خێرخوایەکانیشت بۆ خۆت گل بدەرەوە. وەزعم بەم قسانە تێکدەچێت. گوتم بمکوژە و ئەو کارە تەواو بکە کە دەستت پێکردووە. ئەم ژیانە ئیتر بە کەڵکی چ دێت؟ بمکوژە!

چاوانی مانۆلیۆس پڕ لە فرمێسک بوون و بە چرپە گوتی:

- پانایۆتیس من چیم بەرامبەر کردوویت؟ براکەم من چیم بەرامبەر کردوویت؟

- من خەڵکانێکم هەن کە لە هەموو شوێنێك بەدوای کاتریناوەن. پیرێژنێکم بەکرێ گرتووە کە شەو و ڕۆژ چاودێریی ماڵەکەی دەکات. ئەو دوێنێ شەو تۆی بینیوە بە دزییەوە چوویتەتە ماڵی کاترینا و سەعات و نیوێك لەلای ماویتەوە. کاترینا ئیدی دەرگای ماڵەکەیم

لێناکاتەوە و نایەوێ قلافەتم ببینێت. هاوسێکەی دەڵێ شەو و ڕۆژ لە ماڵەوەیەوە و بەردەوام دەگری. باشە لە پێناوی کێدا دەگری؟ بۆ خەریکە دەتوێتەوە؟ عیشقی کێ بووەتە هۆکاری ئەوەی دەرگا بە ڕوومدا نەکاتەوە؟ عیشقی تۆی ناشیرین و بریناوی کە مرۆڤ بە بینینت دڵی تێکەڵ دێت. کاتێ بیستم نەخۆش کەوتوویت، خۆشحاڵ بووم و بەخۆم گوت:( باش بوو لە دەستی ئەم نالەبارە خۆ بە قەدیس زانە ئاسوودە بووم! کاتێ کاترینا سەروفەساڵی دەبینێ وەزعی تێکدەچێ و ئیدی هەم ئەو لە دەستی ڕزگاری دەبێ و هەم منیش!"... بەڵام تۆ بە هەمان سەروفەساڵی دزێوەوە بۆ بینینی ڕۆیشتوویت و سەعات و نیوێك لەلای ماویتەوە. خودایا، نازانم چۆن ئەفسوونت کردووە کە لەبری ئەوەی زەندەقی لە قلافەتت بچێ، کەچی جگە لەتۆ بیر لە کەسی تر نەکاتەوە و بەردەوام سینگ بکوتێ و ناوی تۆی گەڕوگولی بەدبەختی بە زوباندا بێت! هەموو ڕۆژێك فەلاقەی ژن و کیژەکانم دەکەم تا بەڵکو دڵم ئاو بخواتەوە و ئارام بگرم! دوکانەکەیشم

داخستووە، بەردەوام عارەق دەخۆمەوە و دەسووڕێمەوە. منالآنی کۆڵان دوام دەکەون و بە ناوێك بانگم دەکەن کە وەکی کێرد بە دڵمدا ڕۆدەچێ ... دەزانیت چ ناوێك؟ هەڵبەت کە دەزانیت! لەعنەت لەو ڕۆژەی ئەو قەشە نارەسەنە بۆ ماڵەکەی کێش کردم و ڕۆژگاری ڕەش کردم. ئیدی لە وزەمدا نەماوە. وەرە تۆ و ئەم کێردە! مانۆلیۆس هەستە! پیاوەتی بنوێنە و بمکوژە. لێت دەپاڕێمەوە بمکوژە و ئاسودەم بکە!

مانۆلیۆس سەری لەنێوان دەستیدا گرت. ئیدی نەیدەتوانی بەدەنگی بەرز نەگری. لە خۆی دەپرسی:" دەتوانم چ بکەم؟ چۆن دەتوانم ئەم ڕۆحە سەرکەشە گرفتارە بە کۆتی عیشق، کە خۆی نایەوێ ڕزگار بێ، ڕزگارکەم؟"

پانایۆتیس بە تووڕەیی هاواری کرد:

– گریان بەسە هەی باللولی گاڵتەجاڕ! گوتم کێردەکە هەڵگرە و مەترسە. باش تیژم کردۆتەوە. ئەمەش ملی من. وەرە بیبڕە!

وایگوت و ملە گا ئاساکەی بەرەو لای مانۆلیۆس درێژ کرد.

مانۆلیۆس پرسی:

- بۆچ تۆ من نامکوژیت؟

پانایۆتیس نائومێدانە وەڵامیدایەوە:

- کوشتنی تۆ بۆ من چ کەڵکێکی هەیە؟ هەم بەدبەختر دەبم و هەمیش کاترینا بۆ هەمیشە لەدەست دەدەم. تەنها ڕێگە ئەوەیە کە تۆ من بکوژیت تا بتوانم تۆیش لەگەڵ خۆمدا بۆ دۆزەخ بەرم.

وایگوت و کوڵی گریانی بەربوو، فرمێسك بەچاوانیدا دەهاتە خوارێ. هەروا کە ملی بۆ لای مانۆلیۆس دەبردە پێش، وەکو گوێرەکە دەیمرخاند.

مانۆلیۆس کوتوپڕ خۆی بەسەر پانایۆتیسدا دا و بێ ئەوەی بواری خۆ کێشانەوەی بدات، لە ئامێزی گرت و بە گریانەوە هەوڵیدا دڵنەوایی بکات:

- بمبەخشە پانایۆتیس، براکەم بمبەخشە. من ئیتر ئەو نابینم و هەرگیز پێ ناخەمە ماڵەکەی. ئەوە منم کە دەمرم و تۆ لە دەستم ڕزگارت دەبێ. سوێند

دەخۆم دەمرم. مەگەر حاڵ و ڕۆژم نابینیت؟
خەریکم دەگەنم. براکەم دەمرم. دەمرم. مەگری!
بەڵام پانایۆتیس کە هەروا دەیناڵاند، کوتوپڕ و بە توندیی دەستانی مانۆلیۆسی لە ملی خۆی کردەوە، ئەوسا هەستا و بە هەڵانگاوتنەوە بەرەو دەرگای کوخەتەکە ڕۆیشت و ساتی دوایی بەر لەوەی پێ بنێتە ئەودیو دەرگاکە، تەختی ئەرزەکە بوو.
مانۆلیۆس کەوتە خۆ تا بەرزی بکاتەوە، بەڵام پانایۆتیس بەخێرایی هەستا و بە سەرسمدانەوە پێی نایە سەرەو خوارکەی کوێرە ڕێگەی ئاوایی.
ڕێك لە هەمان لەحزەدا نیکۆلیۆس بە گەلەکەیەوە گەییشت. پانایۆتیس بەرەو ڕەوەکە هێرشی برد و کەوتە بەرد گرتنە مەڕەکان و مەڕەکان هەراسان بەملاولادا پەرتەوازە بوون.
نیکۆلیۆس بەتووڕەیی هاواری کرد:
– هێی کابرا چیت لەو مەڕانە گەرەکە؟
بەڵام پانایۆتیس هەروا جنێوی دەدا و بەردی دەهاویشت. شوانەی جاحێڵ ناچار دوو سەگەکانی،

که بە زوبانی شۆڕەوە لەدوای گەلەکەوە دەهاتن، هاندا تا هێرشی بۆ بەرن. سەگەکان هێرشیان بۆ پانایۆتیس برد و ئەو کە پشتی بە گابەردێکی گەورەوە دابۆوە، بە خڕکە بەرد بەرگری لەخۆی دەکرد. سەگەکان بە وەڕینەوە خۆیان بۆ هەڵدەدا. ئەویش لای خۆیەوە کەوتبووە وەڕین و لەگەڵیاندا دەجەنگی. ئەژنۆی سست ببوو. لێکدا لێکدا بە ئەرزەکەدا دەکەوت و هەمدیس هەڵدەسایەوە و سەگە تووڕەکان پەلاماریان دەدایەوە. یەکێك لە سەگەکان کەڵبەی لە ڕانیدا ڕۆبردبوو و بەری نەدەدا. ئەویتریشیان گازی لە چەناگەی دەگرت و ڕیشی خوێناویی کردبوو. نیکۆلیۆس وروژاو سەگەکانی بۆ هێرش هان دەدا.

مانۆلیۆس بە بیستنی هاوار هاوار و وەڕینی سەگەکان لە جێگەکەی هەستا و بۆ یارمەتی پانۆیۆتیس کەوتە خۆ. نیکۆلیۆس کە شادومان و خەندان تەماشای دەکرد، گوتی:

– خودان، ڕێگە بدە هەلاهەلایکەن!

بەڵام دواجار مانۆلیۆس توانی بە هاوار و بە دارێك سەگەکان دوورخاتەوە و کاتێك ویستی بۆ کۆمەك کردنی پانایۆتیس بچێت، ئەو تێی قووچاند و بە جنێودانەوە سەرەو لێژایی داوێنی کێوەکەی گرتەبەر. نیکۆلیۆس چووە سەر گاشەبەردێکی گەورە و لەکاتێکدا کە هەر دوو دەستی لەسەر دەمی قەف کردبوو، هاواری کرد:

– یەهوزا! یەهوزا!

هاوارەکە لە کێوەکەدا دەنگیدایەوە.

مانۆلیۆس هاواری کرد:

– بێدەنگبە! گوناهە!

نیکۆلیۆس لەکاتێکدا کە بەردێکی گەورەی هەڵدەدا جارێکی تر هاواری کرد:

– یەهوزا!

شەو دەشتی پۆشیبوو، بە ئارامیی بە دامێنەکانا هەڵدەزنا و تاریکایی دونیای دادەگرت. سەگەکان لەبەر پێی نیکۆلیۆسدا درێژ ببوون و بە هەناسە بڕکێوە برینەکانیان دەلێسایەوە. بەرانی گەورەی کوڵکن لەبەردەم پشتیرەکەدا ڕاوەستاو و بە بەزرینگە هێنانی

زەنگۆڵە، پەزەکانی بەرەو پشتیرەکە بانگێشت دەکرد. مانۆلیۆس بۆ نێو کوختەکە گەڕایەوە، کێردەکەی لەژێر دۆشەکەکەیدا حەشاردا، ئەیکۆنی مەسیحی لەخاچدراوی بە ژوور نوێنەکەیەوە بە دیوارەکەوە هەڵواسی و لە دڵی خۆیدا گوتی:" خودایا، دەستت لەسەر دڵی دانێ و دەوای بکە. ئەویش ڕەنج دەکێشێت. تۆ بەتوانایت! کەواتە ڕەنجی بڕەوێنەوە و دڵنەوایی بکە."

8

چەند ڕۆژێك تێپەڕی. ئەرز و خۆر پێكڤە خەریكی پێگەیاندنی گەنم بوون و گوڵەگەنم سفت دەبوو. دەشت بە گوڵاڵە سوورە سوورهەڵدەگەڕا. مەلەكان بە كۆكۆدنەوەی خوری و كا و گڵ، هێلانەیان چێ دەكرد. مێیەكانیان پەڕ و باڵیان كردبۆوە و هێلكەیان دادەنا، نێرەكانیشیان بۆ هاندانی مێیەكان لەسەر پەلكەكانی ئەو نزیكانە دەیانخوێند. جار بەجار تاوەبارانێكی ناكاو ئەرزی فێنك دەكردەوە، بەڵام خۆر زوو بەزوو وەدیاردەكەوت و هەوری بڵاوە پێدەكرد و لە خزمەتی مەل و ئینساندا دادەنیشت.

پاتریاركیسی پیر دەیخوارد و دەیخواردەوە. گا لەگەڵ لێنێودا دەیكردە هەرا كە لە خۆشیی شووكردنی بە شوانەی جاحێڵ، هەمیشە دەچوو بۆ چیا و كاروباری ماڵەكەی پشتگوی خستبوو، گا لەگەڵ میكیلیسدا قڕەی

دەهات کە وەکی پیرەمێردانی بێئیش سەری ڕۆدەبردە نێو کتێبان و دەمەدەمێی دەکرد:

– کتێب بۆ قەشە و مامۆستایانی قوتابخانە باشە. خودانزادانی جحێڵ دەبێ باش بخۆن، شەرابی باش بخۆنەوە و لەگەڵ ژنی خەڵکیدا عەشقبازیی بکەن. میکیلیس تۆ خەریکە حەیای خێزانەکەمان دەبەیت!

خودان دەیبینی کە کوڕەکەی جار جار بۆ بینینی دەسگیرانەکەی، بۆ ماڵیان دەڕوات، بەڵام کە دەگەڕێتەوە خەمین و بێدەنگە. ئەوکات نائومێدانە سەری دەلەقاند و بە خۆی دەگوت:" باوکم سوار ماینەکەی دەبوو، بەرەو ئاوایی دوڵبەرەکانی دەچوو. ئەگەر بە ڕێکەوت مێردی ژنەکە بەسەردا هاتبا، ئەوا ڕێگەی دەگۆڕی و چاوەڕێ دەبوو تا باوکم بڕوات. خودی منیش شەوان بە نهێنیی دەچووم بۆ لای دوڵبەرەکانم و ڕامدەبوارد. بەڵام پێموانییە کوڕەکەم جگە لە دەست گرتنی دەسگیرانەکەی، چ شتێکی تری پێبکرێ. هەر بۆیە ئەو کیژە بەستەزمانە ڕۆژ بە ڕۆژ

زیاتر دەژاکێت. بنەی پاتریارکاس خەریکە نغرۆ دەبێ و قڕی تێدەکەوێت!"

لاداسی پیریش جار جار ڕێگەی بە یاناکۆس دەگرت و دەیگوت:" یاناکۆس، سێ لیرەکەم بە سوورەکەیەوە بدەرەوە ئەگینا دەست بەسەر گوێدرێژەکەتا دەگرم و دەیفرۆشم. ئاخر منیش هەژارم، ناشێ بتەوێ بمخەیتە سوالّ؟"

باوە گریگۆریس بێ ئیش ببوو. دەمێك بوو نە کەس ژنی دەهێنا، نە کەس منداڵی غوسڵ دەدا و نە کەسیش لە خەیاڵی ئەوەدا بوو بمرێت. گۆڕهەڵکەن لەگوێ قەبرسانەکەدا دەستی لەسەر نێوچەوانی دەکردە چەتر و ورد لە ئاوایی دەنۆڕی تا بەشکم تابووتێك بە ڕێگاوە ببینێ یاخۆ دەنگی شین و ڕۆڕۆیەك ببییەت. بەلاّم هیچ دیار نەبوو:" تەنانەت شەیتانیش کەس نانێرێت تا منالّەکانم لە برساندا زایە نەبن؟"

بێوەژنیش دەرگای ماڵەکەی بەڕووی کەسدا نەدەکردەوە. پانایۆتیس، مەست و بێهۆش، بەدەوری ماڵەکەیدا دەسووڕایەوە و بە هەڕەشە لێکردنەوە

لەدەرگای دەدا. جحێڵانی ئاوایی، کەوتبوونە ژێر زەبری هەوەس و ئارەزووی سەرکوت کراوەوە و لەبەرئەوەی چ ڕێگەیەکیان بۆ تێرکردنی هەوەسیان نەدەبینییەوە، بۆیە ئیدی دەوروخولی ژنانی داوێنپاکیان دەدا. مێردگەلێك کە ژنی جوانیان هەبوون، لەژێر لێوەوە دەیانگوت:" لەعنەت لەم بێوەژنە! لەوەتەی لێچۆتەوە ناوێرین لە ماڵ دوورکەوینەوە. خەڵکانی خوێڕی شەو و ڕۆژ لەبەر پەنجەرەکانمانا پیاسە دەکەن و شەرەفی ئاوایی کەوتۆتە مەترسییەوە!"

لەکاتی خۆرابووندا، گوندنشینان شەکەت لە کاری زەوی و ئاوکێشان و ئاودێری باغ و سەوزەواتەکانیان بۆ قاوەخانەکەی کۆستانتیس دەچوون. نێرگەلەیان دەکێشا، بێ کەیف و بێ خوڵق گفتوگۆیان دەکرد یاخۆ بێدەنگی دایدەگرتن. گێلۆکەیەکی نوکتەچییش نەبوو تا سەر بکەنە سەری و خۆیان سەرگەرمکەن. تەنانەت قەلەباچکە و مەلی توکایەکیش نەبوو تا بە گوێڕادێران بۆ دەنگی، کات بگوزەرێنن. ڕۆژەکان هەمووی وەك یەك

تێدەپەڕین. خەڵکی لیکوڤریسی هەموو ئاقڵ ببوون و تەنانەت ئیتر پانایۆتیسی مەستیش نەدەبووە هۆی سەرگەرمییان، چونکە بەو بەدخوڵقیەوەی، ئەگەر سەریان بکردبا سەری، ئەوا بەردی دەهاویشت. شەوێکیان مامۆستا کە بۆ خۆی لە قاوەخانەکە دانیشتبوو، بەردێك عەینەکەکەی پێکاو و بەر نێوانی بڕۆی کەوت.

ئاغایش هەرکاتێك تاقەتی هەبا ئەوا گوندنشینانی لەژێر دارچناری گۆڕەپانەکەدا کۆدەکردنەوە و سەمای پێدەکردن. بەڵام ئاخۆ دەکرێ بە زۆر و بەبێ چ هۆیەك سەما بکرێت؟ هەمووان دڵ مردوو، شانێکیان بادەدا و ئەوسا لە دەرفەتی گونجاودا خۆیان دەدزییەوە، هەمدیس دەچوونەوە لای نێرگەلە و قاوەخانەکەیان تا گفتوگۆی تەمبەڵانە و ویتەویتاسای خۆیان دەست پێبکەنەوە. ئەگەر کەسێك مەست بووایە، یان پای شکابا یاخۆ دزێکی لە باغی ماڵەکەی گرتبا، یەکەمجار هەراوزەنایەکی گەورە دروست دەبوو، بەڵام زوو بەزوو

ئەو بڵێسەیە دەکوژایەوە و هەمدیس بێدەنگییە قورسەکە باڵی بەسەر گونددا دەکێشایەوە.

بەڵام بەیانی ڕۆژێکیان، کوتوپڕ هەواڵێك زار بە زار و دەرگا بە دەرگا هات و تۆوی ترسی وەشاند. سەبای ساڵحان یوسفۆکەکەی ئاغایان بە سەری هەڵتلێشاوەوە لە نوێنەکەیدا بینیبۆوە.

مارتا، کارەکەرە پیرەکەی ئاغا، بەرەبەیان لە ماڵ چووە دەرەوە، بە ترسەوە ڕۆیشت بۆ لای مادلینای هاوڕێی منداڵیی خۆی و هەرکە دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، هاواری کرد:

- ئاوایی تیاچوو! مادلینای میهرەبانم، ئاوایی تیاچوو! یوسفۆکی ئاغایان کوشت!
- مارتا کێ کوشتوویەتی؟ هەورەبروسکە ئاوایی دەسوتێنێت. کێ توانیویەتی کارێکی ئاوها بکات؟
- دوێ شەو کەس نەهاتووە بۆ ماڵمان و جگە لە ئاغا و یوسفۆك و میراخور و من کەسی تر لە ماڵەوە نەبووە! بە مەسیحییەکان بڵێ ئاگایان لەخۆیان بێ و هەرکەس دەتوانێ، با بڕوا و خۆی قوتارکات! من

گومانم لە هەندێك کەس هەیە، بەڵام چونکە دڵنیا نیم هیچ ناڵێم!

وایگوت و ئەوسا شەلەشەل بۆ ماڵی ئاغا گەڕایەوە و توند دەرگاکەی بەدوای خۆیدا داخست.

مادلینای پیر، لەچکە ڕەشەکەی بەسەریدا دا، خۆی بە ماڵ بە ماڵی ئاواییدا کرد و بە خۆشحاڵییەکی شاراوەوە تۆوی ترسی چاند. پیاوان کاری خۆیان جێهێشت و لە قاوەخانەکە کۆبوونەوە تا مەسەلەکە تاوتوێ بکەن و جارناجاریش بە نهێنی سەریان هەڵدەبڕی و نیوەسەرنجێکی بانیژەی ماڵی ئاغایان دەدا. تەواوی دەرگا و پەنجەرەکان داخرابوون. جارناجار لە ناو ماڵەکەوە دەنگی لوورەلوورێکی وەحشییانە، یان دەنگی تەقەی دەمانچە یاخۆ دەنگێکی وەك دەنگی هاڕەی شکان دەگەییە گوێ و ئیدی هەمدیس بێدەنگیی باڵی دەکێشایەوە.

ڕیش سپییان و پیرەمێردان بۆ ماڵی باوە گریگۆریس ڕۆیشتن. هەمووان زەندەقیان چووبوو. دڵی

پاترياركاسی پیر بە توندیی لێیدەدا و زوبانی زیاد لە ئاسایی دەیگرت:

– ئەگەر بكوژەكە نەدۆزینەوە هەمووومان تیادەچین! ئاغا هەمووومان دەگرێ و ئەگەر سەرخۆش بێت ڕەنگە لە دارمان بدا.

لاداسی پیر بە هەناسە هەڵكێشانەوە گوتی:

– بە قەد تاوانەكە غەرامەمان دەكا.

مامۆستا گوتی:

– دەرگای كڵێسا و دەرگای قوتابخانە دادەخا و هەستی نەتەوایەتیمان بریندار دەكات.

باوە گریگۆریس لە حەوشە دەهات و دەچوو، بە دردۆنگیی تەزبیحەكەی لەدەستیدا دەهێناودەبرد:" خودا ڕۆحی خەڵكی ئەم ئاواییەی بە من سپاردووە و ئەمری كردووە:( پەزەكانم ببە و بیانلەوەڕێنە! ) بۆیە هەرچۆنێ بووە دەبێ بكوژەكە پەیداكەین!"

یەك بەیەكی گوندنشینانی هێنایە بەرچاوی خۆی و هەوڵیدا مەزەندە بكا كامیان توانیویەتی ئەو منداڵە توركە نەفرەتییە بكوژێت. بەڵام هەرچەندە زیاتر بیری

دەکردەوە کەمتر دەگەییە ئەنجام. هەڵبەت دڵنیابوو کە بکوژەکە مەسیحییە، چونکە لە گوندەکەدا لە سێ تورک زیاتری لێ نەبوون: ئاغا و میراخور و خودی یوسفۆك. ئەوانی تر هەمووی مەسیحیی بوون. کەواتە بێ شك بکوژەکە مەسیحییە. بەمجۆرە ڕۆژگارێکی ڕەش لەچاوەڕێی ئاواییدا بوو.

کۆستانتیس بە هەناسەبڕکێوە گەیشت و گوتی:

– مارتای پشتکۆم دەڵێ ئاغا دەمانچە بەدەست بە ماڵەکەدا دەگەڕێ، چاوی بە هەرچی بکەوێت، لە چوارپایەوە بیگرە تا بەرمیلی شەراب و مەنجەڵ، تەقەی لێدەکا و پاشان خۆی بەسەر جەنازەکەی یوسفۆکدا دەدا و دەلورێنێت.

هەمدیس دەرگا کرایەوە و یاناکۆس هاتە ژوورەوە:

– میراخور هاتۆتە بانیژە و شەیپوور لێدەدا.

تەتەرێکی تر گەیشت و گوتی:

– ئاغا جاڕچی بۆ ئاوایی هەناردووە و هەر ئێستا لە گۆڕەپانەکە دەنەڕێنێ ...

– چ دەڵێ؟

- باوکە ناوی چەند کەسم گوێ لێبوو، بەڵام هێند خەیاڵم پەرت بوو یادم چۆتەوە کێ بوون.

پاتریارکاسی پیر کە دەمارەکانی ملی هێند ئاوسا بوون لەوەدا بوو بتەقن، لەژێر لێوەوە مڕاندی:

- دەك خوا بتباتەوە!

باوکە گریگۆریس گوتی:

- یەکێك بچێت هەواڵی نوێ بێنێت! یاناکۆس تۆ بڕۆ!

بەڵام لەهەمان کاتدا دەنگی جاڕچییان هاتەگوێ کە لە ماڵەکە نزیك دەبۆوە. هەمووان بەرەو لای دەرگاکە ڕایان کرد و کردییانەوە. دەرگای ماڵەکانی تر بە ترس و لەرزەوە کەلا کران. جاڕچی لە نێوان دوو کۆڵاندا ڕادەوەستا، کۆکەیەکی دەکرد تا قوڕگی پاککاتەوە. بە گۆچانەکەی بە بەردچنی کۆڵانەکەیدا دەکێشا، سەری هەڵدەبڕی و بە نەوایەکی وەك نەوای یەکڕیتمی نوحەخوێنان دەنگی لێ هەڵدەبڕی.

- هێی خەڵکی لیکوڤریسی! هێی ڕەعییەت! گوێتان بکەنەوە و باش گوێ ڕادێرن! بە فەرمانی ئاغا، باوکە گریگۆریس، ڕیش سپییان: پاتریارکاس،

لاداس، مامۆستای گوند، هاجینیکۆلیۆس و پانایۆتیسی کورتاندرووی ناسراو بە گەچخۆر و یەهوزا، دەبێ بەبێ ماتڵ بوون بۆ ماڵی ئاغا بڕۆن. ڕەعییەتەکانی تریش دەبێ هەر یەکە و بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە و کەس مافی ئەوەی نییە بۆ قاوەخانەکە بچێت. کەس نابێ لە کۆڵانەکان ببینرێت! هەمووان بۆ ماڵی خۆیان بچنەوە و چاوەڕێ بن ... هێی خەڵکی لیکوڤریسی، هێی ڕەعییەت، من ئەوەی پێویست بوو گوتم. ئاگاداربن!

کۆستانتیس چووە ژێر باڵی پاتریارکاسی پیر کە خەریك بوو دەکەوت و لەسەر قەنەپەیەك داینیشاند. ماریۆری کەوتەخۆ تا باوەشێنی بکات. لاداس کە ڕەنگی وەك لیمۆ زەرد هەڵگەڕابوو، دەمی داپچڕی و پاڵی بەدیوارەکەوەدا. یاناکۆس بەزەیی پێیدا هاتەوە و چوو بۆ لای:

– هەی ڕیش سپیی غیرەتت هەبێ! من دەتوانم هیچت بۆ بکەم؟

لاداس بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد و ئاوی دەمی قووتدایەوە:

– تۆ کێیت. یاناکۆس ئەوە تۆیت؟

– هەڵبەتە خۆمم. یاناکۆسی دێوەرە. پرسیم دەتوانم هیچت بۆ بکەم؟

چاوانی لاداسی پیر ژیانیان تێهاتەوە:

– هەی نەگبەت سێ لیرەکەم بدەرەوە ئەگینا لە قوڕە ڕەشەت هەڵدەکێشم!

قەشە چووبووە ژوورەوە، خاچە زیوینەکەی لە مل کرد کە لە دیوێکیدا وێنەی مەسیحی لەسەر هەڵکۆڵراو و لە دیوەکەی تریشیدا زیندووبوونەوەی، گۆچانە درێژە کەمە کارەباییەکەی بەدەستەوە گرت، لەبەردەم ئەیکۆنی مەسیحدا خاچی کێشا و بە چرپە گوتی:

– ئەی پەروەردگار، ساتەوەختێکی دژوارە! یارمەتیم بدە! یارمەتی مەسیحییان بدە. دەستت بۆ ئاوایی ڕایەڵکە و مەهێڵە تیا بچین!

ئەوسا لەبەردەم ئەیکۆنەکەدا کڕنۆشی برد و لەڕوخساری ئارام و میهرەبانی مەسیح وردبۆوە:

- خودایا، مەهێڵە تیابچین!

جارێکی دی خاچی کێشا و بۆ حەوشە گەڕایەوە و بە نەوایەکی ئارام و پتەو گوتی:

- با بڕۆین برایان! پاتریارکاس با بڕۆین! ئەوەت بیر نەچێت کە تۆ خودانیت! خودان بوون بەوە نییە مرۆڤ لە خەڵکانی تر زیاتر بخوا و بخواتەوە، بەڵکو دەبێ لە ساتەوەختی مەترسییدا بۆ بەرگریی کردن، پێش هەمووان بکەوێت. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە وەك خودانێکی واقیعی بیت. پێشکەوە! لاداس تۆیش حەیای ئاوایی مەبە! غیرەت بدەرە بەر خۆت! لە حزووری ئاغادا مەکەوەرە نووکەنووك و پیاوبە! ئێمە بێ گوناهین و ئەگەر پێویست بێ ئەوا لەپێناو ڕزگارکردنی ئاواییدا گیان بەخت دەکەین! منیش پێموایە ئەم دونیایە جوانە، بەڵام ئەودونیا جوانتر دەبینم. ئێمە ئێستا لەبەر دەروازەکەیدا ڕاوەستاوین، ئەودیومان ئەرزە و بەردەممان ئاسمانە. هەرچی خودا بیەوێت ئەوە ڕوودەدات. هاجینیکۆلیس، چ شتێکم نییە بەتۆی بێژم. تۆ سالانێکە دەربارەی قارەمانانی گرێکلاند و شەهیدانی

مەسیحییەت دەرس بە منالان دەڵێیتەوە. ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە خۆت بە وەبیرهێنانەوەی ئەوانە بێیتە مەیدان. نەبادا قوتابییەکانت بتبینن ڕەنگت پەڕیوە و هەڵدەلەرزیت! تۆیش وەك قارەمان و شەهیدێك ڕووبەڕووی مەرگ ببەوە! برایان هەمووان ئامادەن؟

پاتریارکاس کە بە زەحمەت لە جێگەکەی هەستا، وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ ئامادەین. باوکە مەترسە، ڕاستە جەستە دەترسێت، بەڵام ڕۆحیش شەرم و حەیای خۆی هەیە! ئابڕووی ئاوایی نابەم.

باوکە گریگۆریس یەکە بەیەکە لە هاوڕێکانی نۆڕین و گوتی:

- قایشەکەی لاداس کراوەتەوە و خەریکە پانتۆڵەکەی دادەکەوێ. یاناکۆس گیان قایشەکەی بۆ توندکە تا ئاغا گاڵتەمان پێنەکات...

یاناکۆس چووە نزیکی لاداسی پیر تا قایشەکەی بۆ توندکاتەوە، لاداس وەك منالٚ خۆی بەرزکردەوە. قەشە تێهەڵچۆوە:

- یاناکۆس دەمیشی بۆ بسڕە، لیك بە دەموفلّقیدا هاتۆتە خوارەوە ... ماریۆری ... خوداحافییز کچم!

هاجینیکولیس گوتی:

- بەناوی خودا و گریّکلاند با بڕۆین! ئیّمە سەرگەورەکانی ئاوایین و خەڵکی چاویان لیّمانە!

بەرلەوەی پیّ بنیّنە ئەودیو دەرگای حەوشە، هەمووان خاچیان کیّشا. قەشە یەکەمین کەسیّك بوو چووە دەرەوە و لەدوای ئەوەوە سیّ ڕیش سپییەکە کەوتنە ڕیّ. یاناکۆس و کوستانتیسیش لەدوای ئەوانەوە بەڕیّکەوتن.

یاناکۆس لە کوستانتیسی پرسی:

- ئاغا بۆچی داوای پانایۆتیسی کردووە؟ مەگەر ئاخۆ ئەویش ڕیش سپییە؟
- گوایە دویّشەو بە مەستیی لە دەوروبەری ماڵی ئاغادا هاتووە و چووە و هەڕەشەی کردووە ..
- بەڵام ئەو چ پیّوەندییەکی بە یوسفۆکەوە هەیە؟ پانایۆتیس مەراقی بیّوەژنەی هەیە!

- یاناکۆس من چوزانم؟ ئاغا ئەقڵی لەدەست داوە و خۆیشی نازانێ چ دەکات. مارتا گوتی هەڕەشەی کردووە سواری ماینەکەی دەبێ و هەر کەسێ ببینێت سەری دەبڕێت. خودا خۆی بمانپارێزێت.

دەرگاکان بە دزییەوە کەلا دەکران و خەڵکەکە، لە ڕیش سپییان ورد دەبوونەوە کە بەرەو ماڵی ئاغا دەڕۆیشتن، ئەوسا وەك ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن خاچیان دەکێشا.

پیرەمێردێك گوتی:

- هەرچی ئەم ڕیش سپییانە تا ئێستا خواردوویانە دەبێ پارەکەی بدەن، تا پاك لە پاك بین.

ڕیش سپییان هێور و بێ پەلەپەل دەچوونە پێش وەك بڵێی ماڵئاوایی لە هەموو شتێك بکەن. باوە گریگۆریس جار ناجار سەری بۆ دەرگایەکی نیوە کراوە وەردەگێڕا یان تەماشای پەنجەرەیەکی سەرەوەی دەکرد و دەیگوت:

- مەسیحییەکان مەترسن، خودا گەورەیە!

لاداسی داماو خۆی بە باسکی پاتریارکاسەوە گرتبوو و دەلالایەوە:

- خودان گیان لام بمێنەوە و ئاگات لێم بێت!

خودان سەری بۆ دانەواند و پرسی:

- مەگەر دەترسیت؟
- بەڵێ دەترسم!
- منیش دەترسم، بەڵام ئەرکەکە دەخوازێت وا بنوێنم ناترسم.

پیرەمێردی پیسکە بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە سەری لەقاند.

کاتێ بە بەردەم ماڵی بێوەژندا تێپەڕین، دەرگاکەی کردەوە. حەزی دەکرد هاوار بکا و بڵێ:" غیرەت بدەنە بەر خۆتان ئاغایان، غیرەت!" بەڵام نەیوێرا.

هیچ کام لە ڕیش سپییان لایان نەکردەوە تا تەماشای بکەن، بەڵکو هەنگاوەکانیان خێراتر کرد تا هەرچی زووترە لەو کۆڵانە باریکە تێپەڕن، گوایە بۆنێکی ناخۆش بۆژۆیان دەکا.

تەنها ياناكۆس و كوستانتيس ڕاوەستان.

كوستانتيس گوتی:

– سلاو كاترينا، مەگەر دەنگی جاڕچییت نەژنەڤت؟ بڕۆ ژوورەوە!

ياناكۆس بە ئەسپايی گوتی:

– پانايۆتيست نەبينيوە؟ ئاغا ئەويشی داوا كردووە.

– هاوسێ دەمێكە ئەو نابينم. بەڵام هەر لەم دەوروبەرەيە. چونكە چەند ساتێك لەمەوبەر دەنگيم ژنەڤت كە هاواری دەكرد و جنێوی بە ميراخوڕ دەدا كە دەيبرد.

كوستانتيس گوتی:

– بڕۆ ژوورەوە و دەرگاكە باش بەدوای خۆتا داخە!

پياوان هەروا بەرەو پێشەوە دەچوون و كاتێ گەيشتنە گۆڕەپانەكە، ميكيليس بە ڕاكردن پێيان گەييشتەوە و بەرەو لای باوكی چوو. پيرەمێرد گوتی:

– خوداحافييز ميكيليسی ئازيز.

كوڕە دەستی باوكی ماچ كرد و گوتی:

– باوكە ئازابە!

باوکە گریگۆریس لای کردەوە و گوتی:

– میکیلیس بۆ ماڵەوە بگەڕێوە. یاناکۆس تۆ و کوستانتیسیش بۆ ماڵەوە بگەڕێنەوە. ئێمە بۆ بێشەی شێر دەڕۆین، بەڵام مەترسن چونکە خودامان لەگەڵە!

دەرگای ماڵی ئاغا لەسەر پشت بوو. قەشە گوتی:

– پەنا بە خودا!

وایگوت و پێی ڕاستی نایە ئەمدیو دەرگاکە. سیپانەکەی تریش بەدوایدا ڕۆیشتن. لاداسی پیر سەرسمێکیدا، بەڵام خودان گرتییەوە.

گژوگیا نێوان بەردچنی حەوشەکەی پۆشیبوو. ماییینەکەی ئاغا سەری لە نێو ئاخوڕ هێنایە دەرێ و حیلاندی. سەگێکی کوڵکن کە لەسەر تۆپەڵێك ڕیخ ڕاکشابوو، سەری هەڵبڕی و بە تووڕەیی وەڕی، بەڵام نەیوێرا لەجێگەی خۆی هەستێ.

میراخوڕ خێڵ و زەردهەڵگەڕاو و چەناگە لەرزیو وەدیار کەوت. ئەو ڕۆژە دەرفەتی نەبوو سمێڵی بۆیاخ بکات، بۆیە چەند تەڵە موویەکی سپی لێرە و لەوێی سمێڵیدا

دەبینرا. بە دابی ڕۆژانی جەژن جلکی میراخوڕیی پۆشیو و شمشێرێکی درێژ و دەم پانی بە بەر پشتوێنە سوورەکەیدا کردبوو. بە بینینی ڕیش سپییان بڕۆی گرژ کرد و لوورەلوور گوتی:

– هەی کافرینە پێڵاوەکانتان داکەنن! ئاغا چاوەڕێیە.

مارتای پشتکۆم هات و یارمەتی ڕیش سپییانی لە داکەندنی پێڵاوەکانیاندا دا. ئەوسا پێڵاوەکانی لەپاڵ دەرگاکەدا بە جوانیی ڕیز کردن و لەژێر لێوەوە گوتی:

– غیرەتتان هەبێ ئاغایان، غیرەت!

هەمووان لەکاتێکدا کە پاڵیان بەیەکدییەوە دابوو، بە پێپلیکانەیەکی باریکی داریندا سەرکەوتن و چوونە دیوەخان کە تەواوی ڕۆژ پەنجەرەکانی داخرابوون، گەرچی هیچ نەدەبینرا، بەڵام هەستیان دەکرد ئاژەڵێکی دڕەندە بە چاوانێکی زیت لە قوژبینێکدا لە بۆسەدایە و لەوەدایە شاڵاویان بۆ بێنێ .

لاداسی پیر وەك شۆڕەبی هەڵدەلەرزی، باسکی خودان پاترپارکاسی دەگوشی. باوکە گریگۆریس یەکەمجار هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا و پاشان هەنگاوێکی تر و بە

چاو بە دوای شوێنی دانیشتنی ئاغادا گەڕا. ژوورەکە بە بۆنی عارەق و تووتن و هەناسە قانگ درابوو. کوتوپڕ دەنگی هاوارێکی ناساز و گرمەئاسا لە سووچی ڕاستی ژوورەکەوە هەستا:

– هەی کافرەکان!

هەر چوار ڕیش سپیی هاوکات سەریان وەرگێڕا و ئاغایان بینی کە لەسەر باڵشتێك شانی داداوە و پاڵی بەدیوارەکەوە داوەتەوە. دەمانچەیەکی گەورە و زیوین لەبەر پشتوێنەکەیدا دەدرەوشێتەوە و بوتڵە عارەقەکەی بەردەمی شەوقی بە ڕووناکییەکە دەدایەوە.

قەشە بە خوێنساردیی گوتی:

– بەڵێ ئاغا، گوێ بە فەرمانی تۆین!

جارێکی دی ئاغا مڕاندی:

– کافرەکان! میراخوڕ وەرە ئێرە!

میراخوڕ لەبەر دەرگاکەبوو، ڕایکرد و لەبەردەم ئاغادا گوێ قوڵاغی فەرمان ڕاوەستا.

– شمشێرەکەت ئامادەکە و چاوەڕێی فەرمان بە!

قەشە هەمدیس گوتی:

- ئاغا ...

بەڵام ئاغا مۆڵەتی نەدا قسەکەی تەواوکا، هاواری کرد:

- کافرینە! یەکێك لە ئێوە خەنجەری بە دڵمدا ڕۆبردووە و یوسفۆکەکەمی ....

دەنگی لە گەروویدا شکا و قەهر بەری پێگرت. پاشان بە تووڕەیی چاوانی سڕین، پەرداخەکەی پڕ لە عارەق کرد، بە یەك بین هەمووی خواردەوە و ئەوسا بە هەناسە هەڵکێشانەوە پەرداخە بەتاڵەکەی بە دیوارەکەدا کێشا و بوو بە هەزار پارچەوە. دووبارە هاواری کردەوە:

- کێ یوسفۆکەکەی کوشتووم؟ لێرە هەمووان کافرن. بۆیە دەبێ ئەوە ئیشی کافرێك بێ ...پانایۆتیسی دڕندەی مەیخۆر تۆ ئەوت کوشتووە؟

ناڵەیەکی کپ لە سووچێکی ژوورەکە و لەودیو ڕیش سپییانەوە بەرزبۆوە. هەمووان ڕوویان وەرگێڕا و لە تاریکاییەکەدا پانایۆتیسیان بینی کە لەسەر پشت بە زنجیرێك بەدیوارەکەوە بەسترابۆوە. پێدەچوو زۆری لێدرابێ، چونکە مامۆستا کە لەدوای ئەوانیترەوە

ڕاوەستابوو، دەزووولەی خوێنی بەنێوچەوان و ملییەوە دەبینی.

ئاغا هەمدیس ڕووی کردە ڕیش سپییان و نەڕاندی:

- هەمووتان لە زیندان توند دەکەم و هەر ڕۆژەی یەکێکتان بە دارچناری گۆڕەپانەکەوە لەدار دەدەم تا ئەوکاتەی خۆتان بکوژەکە پەیدا دەکەن. ئەم کارە لە ئێوەی ڕیش سپییانەوە دەست پێدەکەم و پاشان نۆرەی ئەوانی تریش دێت. هەر ڕۆژەی پیاوێکتان لەدار دەدەم و پاشان نۆرەی ژنانیش دێت. ئەگەر بکوژەکەم تەسلیم نەکەن ئەوا تەواوی خەڵکەکە لەدارد دەدەم. گوێت لێیە ئەی قەشەی ڕیش بزنیی؟ ڕەعیەت گوێتان لێیە؟ مەگەر یوسفۆکەکەی من چی کردبوو؟ ئاخۆ قەت خراپەی بەرامبەر هیچ کەسێك لێوەشابۆوە؟ تەنانەت یەك قسەی ناشیرینیشی لە زار هاتبووە دەرەوە؟ ئەو هەمیشە لە بانیژەکە دادەنیشت، بنێشتی دەجوی و گۆرانی خۆی دەگوت. هیچ کاتێك ئێوەی کافرانی ئازار دابوو؟ ئاخر بۆچی کوشتتان؟

جارێکی تر باوکه گریگۆریس کەوتە قسە:

- ئاغا بەخودا قەسەم ....
- کڕبە کافر! مووەکانی ڕیشت تاڵ تاڵ هەڵدەکێشم. من بەرازێکی بۆگەنی وەك تۆ لە دار دەدەم. چوار مێخەت دەکێشم. مەگەر یوسفۆکەکەی من چی لە ئەنگۆ کردبوو؟

وایگوت و کوڵی گریانی بەربوو.

خودان پاتریارکاس شەرمەزار لەوەی کە تەنها قەشە کەوتۆتە بەر زەبری هەڕەشە، گوتی:

- ئاغا دەزانیت من هەمیشە بەرامبەر بەتۆ وەفادار بووم ...
- ئەو قەپۆزە پیسەت داخە! گوریس بەرگەی ئەو قلافەتە ورچەت ناگرێ. خۆم کێردێکی ژەنگاویی هەڵدەگرم و یەك هەفتەی تەواو کوت کوتت دەکەم. من دەزانم تۆی کافری پیس ئەوت نەکوشتووە، بەڵام ناتوانم ببینم ئێوە زیندوو بن و یوسفۆکەکەی منیش لە ژوورەکەی پاڵمانەوە لە خوێنی خۆیدا

گەوزیبێ. سەراپای ئاوایی ئاگر تێبەردەدەم و هەموو شتێك وێران دەكەم ...

ئەوجا وەك دێوانەیەك لە تووڕەییدا هەڵبەزییەوە و لەسەری ڕۆیشت:

- .... پاتریاركاس ئەوە كێ لەدوای تۆوەیە. ئا وەرە پێشێ تا بتبینم!

لاداس بە لاڵە پەتێ و لەرزۆك و كڕنۆش بردنەوە هاتە پێشێ:

- منم ئاغا .... گیان!

ڕوخساری ئاغا سوورهەڵگەڕابوو:

- ئاه! پرسەیەكی شاهانە بۆ یوسفۆكەكەم دەگرم. لە ئەستەموڵەوە مەلا دێنم تا بەسەر جەنازەكەیدا بلاوێننەوە. لە ئەزمیرەوە ڕادەسپێرم مۆم بێنن و تابووتێك لە دارسەرووی بۆ بەكرد دەدەم .. هەڵبەتە ئەم كارانە پارەیەكی زۆری گەرەكە و ناچار دەبێ قاسەكەی تۆ ... ئەی پیسكەی دزێو بكەمەوە و هەرچی پارەت هەیە بیبەم ... ئەم هەموو دراوە ئاڵتوونەی كە ساڵەهای ساڵە لەسەر یەك كەڵەكەیان

دەکەیت، بۆ یوسفۆکەکەم نەبێ ئەدی بە کەڵکی چی تر دێ؟

لاداسی پیر کە ئەوەی بیست تەختی ئەرزەکە بوو. گوتی:

- ئاغا بەزەیی! بمکوژە! من بەرگەی ئەم بەدبەختییە ناگرم ...

بەڵام ئاغا بەبێ ئەوەی گوێی بداتێ، ڕووی بۆ لای هاجینیکۆلیس وەرگێڕا:

- بەڵام تۆ ئەی کاکی مامۆستا کە منداڵانی ڕۆمیی لە دەوری خۆت کۆدەکەیتەوە تا چاو و گوێیان بکەیتەوە. زمانت دەبڕم و دەیخەمە بەردەمی سەگەکەم. ئاخر چۆن دەبێ ئێوەی لەعنەتیی زیندوو بن و یوسفۆکەکەی من مردوو! نا، ئەمە مەحاڵە. خەریکم دیق دەکەم. هێی میراخور، قامچییەکەم بۆ بێنە!

میراخور ڕایکرد و قامچییە هەڵواسراوەکەی بە دیوارەکەوە لێکردەوە و دایە دەستی ئاغا. ئاغا گوتی:

- یەکێك لە پەنجەرەکان بکەوە تا قەپۆزیان ببینم!

وایگوت و شێتانە قامچییەکەی هەڵسوڕاند. ڕوخساری لاوازی لەبەر ڕووناکییەکەدا کە لە دەرەوە دەدرەوشایەوە وەدیارکەوت. عەزابی بەسۆی ئەو چەند سەعاتە پیری کردبوو، لەکاتێکدا کە سمێڵە ماشوبرنجییەکەی دەجووی و دەیلووراند، قامچییەکەی لە دەموچاویان دەسرەواند. لاداس یەکسەر کەوت و ئیدی لەقە و بۆکسی بەسەردا باری. ئاغا دڵڕەقانە و هەر جارێك و توندتر قامچی دەوەشاند و گا بە گریان و گا بە قاقای پێکەنینەوە درێژەی بەکاری خۆی دەدا. گۆنای پاتریارکاسی پیر بە فرمێسك پۆشرابوو، بەڵام لێوی کلۆمداو و و زاری هەڵنەدەهێنایەوە. مامۆستا پاڵی بە دیوارەکەوەدا و سەری بەرز کردبۆوە و خوێن بە لاجانگە و چەناگەیدا دەهاتە خوارەوە. قەشەیش لەنێو هاوڕێکانیدا ڕاوەستاو و بە باسکی بەخاچ بووەوە لەسەر سینگ، بە چرپە دەیگوت:

- خودایا، خودایا مەهێڵە لەپێ بکەوم!

ئاغا دەمی کەف کردبوو، بەسەر هەمووواندا قەڵەمبازی دەدا و شێتانە بەر قامچی دەدان. کاتێ دەستی ماندوو بوو، قامچییەکەی بۆ سووچێك فڕێدا و نەڕاندی:

– زیندان! ئەمڕۆ زیندان و سبەی لەداردان!

وایگوت و بەرەو لای پانایۆتیس چوو، تفێکی کردە ڕوخساری و دووبارەی کردەوە:

– زیندان! بۆ لەداردانیش بەم گەچخۆرە دەست پێدەکەین!

ئەوسا ڕوویکردە میراخوڕ و بە دەنگێکی کپ گوتی:

– بڕۆ یوسفۆکەکەم بێنە!

میراخوڕ دەرگایەکی کردەوە و پاش کەمێك دەنگی ڕاکێشانی تەختەنوێنێکی ئاسنین هاتەگوێ کە جەنازەی مناڵە جوانە تورکە خوێناوییەکەی لەسەر ڕاکشابوو:

ئاغا خۆی بە جەنازەکەدا دا و کەوتە ماچکردن و هاوکات جنێودان.

میراخوڕ، پانایۆتیسی لە زنجیرەکە کردەوە، قامچییەکەی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرت و لە هەوادا سووڕاندی:

- بچنە زیندان هەی کافرانی زندیق!
وایگوت و ئیدی هەر پێنجیانی بە پیلیکانەکەدا ڕاونا.

*

ترس باڵی بەسەر ئاواییدا کێشابوو. کۆڵانەکان چۆڵ و دوکانەکان داخرابوون. ڕەعییەت لە ژێرزەمینی ماڵەکانیاندا خۆیان شاردبۆوە و بە ترسەوە گوێیان بۆ بێدەنگیی دەرەوە ڕادێرابوو. جارناجار سێبەرێك دەرگا بەدەرگا دەگەڕا و بە نهێنیی هەواڵی دەهێنا:" ڕیش سپییان هێشتا لە ماڵی ئاغا نەهاتوونەتەوە ... دەنگی تەقوتۆق و ناڵە و هاوار دێ ..." یەکێکی تریش هەواڵی دەهێنا:" ڕیش سپییانیان زیندانیی کردوون ... میراخوڕ گوریس و قاڵبێك سابونی هێناوە و لەژێر دارچنارەکەدا دایناوە ..." یەکێکی تریش هەواڵی دەهێنا:" ئاغا هەڕەشەی کردووە، ئەگەر بکوژەکە نەدۆزرێتەوە ئەوا ئاوایی ئاگر تێبەر دەدا و هەموو شتێك دەسووتێنێت!"

ژنان منداڵەکانیان بە ئامێزەوە دەگوشی و دەیاننالاند:
– تیاچووین! ڕەنج بەخەسار چووین!
پیاوانیش چاوبەژێر ڕەعییەت بوونی خۆیان بە لەعنەت دەکرد.
تەنها خاتوو پەنلوپ لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیدا، لەژێر کەپری مێوەکەدا دانیشتبوو، بە خەیاڵێکی ئاسوودە و بێ ترس گۆرەوی دەچنی. کاتێ بیستی شووەکەیان گلداوەتەوە و ئاغا هەڕەشەی کردووە لەژێر دارچنارەکەدا لەداری دەدا و ئاوایی لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکا، بە خوێنساردییەکی تەواوەوە سەری لەقاند و گوتی:" ئەمەش تێدەپەڕێت!" وایگوت و ئیدی کەوتەوە چنینی گۆرەوی شووەکەی.
یاناکۆس لە گەوڕەکە خۆی شاردبۆوە و لەگەڵ گوێدرێژەکەیدا قسانی دەکرد:
– یوسفۆکەکەم ئەدی ڕای تۆ چییە؟ وەزع هیچ یاش نییە و تا بێ خراپتریش دەبێ ... دەڵێن ئاغا دەیەوێ ئاگر لە ئاوایی بەردا و تۆی یوسفۆکەکەی منیش بسووتێنێت. چ دەڵێی؟ باشتر نییە هەر ئەمشەو ڕاکەین.

ئێمە کە مناڵ و سەگ و ئەم جۆرە شتانەمان نین تا ناچار بین بمێنینەوە! مەگەر ئەوەی کە بڵێین گونجاو نییە لەم هەلومەرجە ترسناکەدا ئاوایی جێبێڵین! یوسفۆکەکەم تۆ چ دەڵێیت؟ من جگە لەتۆ کەسم نییە تا قسانی لەگەڵدا بکەم. هەر بۆیە ئازارەکانم بۆ تۆ باس دەکەم. یوسفۆکەکەم باشە ... ئەدی ڕای تۆ چییە؟

بەڵام گوێدرێژەکە، سەر تا بناگوێی نابووە ئاخوڕەکەوە و کا و یۆنجەی دەخوارد و لە ژنەڤتنی دەنگی خاوەنەکەی کە دەتگوت خوڕەی ئاوە، لەزەتی دەبرد، لەبەرئەوەی وایدەزانی یاناکۆس هەروەك هەمیشە قسەی خۆشی بۆ دەکا، بۆیە کلکی دەلەقاند.

لەگەڵ خۆراوابووندا، دەرگای ماڵەکان وردە وردە کەلا بوون و سەرەکان لەنێویانەوە هاتنەدەرێ. یەکەمین کەسێك دەرگای ماڵەکەی کردەوە میکیلیس بوو کە بە پەلە بە ئەسپەکەی، خۆی گەیاندە ماڵی قەشە تا دڵنەوایی دەسگیرانەکەی بکات. کۆستانتیسیش بۆ قاوەخانەکە ڕۆیشت تا بیکاتەوە، بەڵام ڕێك لەو ساتەدا کە دەیوسیت کلیلەکە بە قوفڵەکەیدا ڕۆبەرێت، چاوی بە

چوارپایەیەك لەژێر دارچنارەکەی نێوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا کەوت و لە دوورەوە نەیتوانی بە تەواوی جیاوەیکات کە ئاخۆ چی لەسەرە. ئەوسا نزیکتر بۆوە تا باشتر ببینێ، ئیدی تەنها بە بینینی گوریس و سابونەکە ڕاچڵەکی و کلیلەکەی نایەوە بەر پشتوێنەکەی و بەپاڵ دیوارەکەدا بۆ ماڵەوە گەڕایەوە.

ئاسایی لە ئاوها سەعاتێکدا کە تاریکی دەکرد و هەوا خۆش دەبوو، ئاغا لەگەڵ یوسفۆکەکەیدا لە بانیژەکە دادەنیشت. مناڵەی تورك عارەقی بۆ تێدەکرد و سەبیلەکەی بۆ دادەگیرساند. بەڵام ئەلعان تەواوی دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵەکە داخرابوون و بانیژەکەیش چۆڵ! ئاغا دەینالآند و گۆرانی دونیا لە خەو و خەیاڵ زیاتر نییەی بە درۆیەکی شاخدار دەزانی و جەنازەکەی یوسفۆکی لەئامێزیدا دەگوشی و بەخۆی دەگوت:" نا، دونیا خەو و خەیاڵ نییە. بەڵکو حەقیقەتە! هەی نەفرەت لەم دونیایە!" وایدەگوت و هۆن هۆن دەگریا.

میرئاخوڕیش هاتوچۆی دەکرد و لێکدا لێکدا فرمێسکی چاوە خێلەکانی دەسڕی و لەترسی ئەوەی

نەبا ئاغا گوێی لە دەنگی بێت، لەژێر لێوەوە دەینالآند:" ئۆف یوسفۆکەکەم! ..." ئەوسا قامچییەکەی هەڵدەگرت، بۆ ژێر زەمینەکە دەڕۆیشت و نەڕە نەڕ دەکەوتە گیانی زیندانییەکان. کە کەمێك ئارامی دەگرت، هەمدیس دەهاتەوە سەرەوە و بەدەوری تەختەنوێنە ئاسنینەکەدا دەسووڕایەوە. تەنانەت جارێکیان کە ئاغا لە حەژمەت غەم و مەستی بەسەر جەنازەکەوە لەهۆش خۆی چووبوو، دانەوییەوە، شێلگیرانە ماچێکی دەمی منالە جوانە تورکەکەی کرد و بە تووڕەیی لێوە ڕەنگ پەڕیوەکەی، کە هێشتا بۆنی بنێشتی لێدەهات، گەست و خۆیشی تەختی ئەرزەکە بوو....

لە زینداندا، باوکە گریگۆریس لەجێگەکەی هەستا، بە ئانیشك بە لاکەلەکەی پانایۆتیسی گوندەیدا کێشا و گوتی:

– هەی یەهوزای لەعنەتی، ناشێ تۆ یوسفۆکت کوشتبێت؟ ددانی پێدانی هەی بەدبەخت. ددانی پێدانێ تا هەم ئێمە ڕزگار بکەیت و هەم ئاواییش ... ئەوکات من دۆعات بۆ دەکەم و هەموو گوناهەکانت دەبەخشرێن.

گەچخۆر لەکاتێکدا کە خوێنەکەی سەری دەسڕی، نەڕاندی:

– دەك گوو بە گۆڕی ئێوە و ئاواییش! ئومێدەوارم کە هەم خۆم و هەم ئێوەیش هەموو لە ئاگردا بسووتێین تا دڵم ئاو بخواتەوە!

پاتریارکاس هەناسەی تەنگ ببوو، پاڵی بەدیوارەکەوەدا و لەژێر لێوەوە گوتی:

– تۆ ئەوت کوشتووە. تۆ ئەی یەهوزای پیاوکوژ!

کورتاندروو هەمدیس نەڕاندی:

– هەی نارەسەن! من چاوم لەدووی ئەو بوو؟

بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، بەڵام هەمدیس خوێنی کەوتەوە کوڵ و هاواری کرد:

– خودی ئێوە هەی چەپەڵینە خەتابارن! تۆ ئەی قەشەی ڕیش بزنیی، ئێوە هەی ڕیش سپییان و تۆ ئەی جەنابی مامۆستا! هەموو ئێوە و ئەو بێوەژنە دەم درێژە خەتابارە کە ئیدی دەرگای ماڵەکەی بە ڕوومدا ناکاتەوە!

دوای ساتێك هەمدیس وروژا:

– ئێوە ویستتان من یەهوزا بم، دەی منیش بوومە ئەو!

قەشە بە نەوایەکی گونجاوتر گوتی:

- پانایۆتیس، ددانی پێدانێ کە تۆ ئەوت کوشتووە تا مەسیح بتبەخشێت! تا ئێستا ڕزگاریی گیانی ئاوایی لەدەستی مندا بوو بەڵام لە ئێستا بەدواوە لە دەستی تۆدایە. پانایۆتیس هەستە، هەستە و ددانی پێدانێ تا هەمووان قوتاریان بێت.

گەچخۆر قاقایەکی گاڵتەجاڕیانەی لێدا و گوتی:

- هەی بە لەعنەتینە! ئێستا لە مەبەستان حاڵی بووم! ئای خۆزیا من کوشتبام تا هەمووتانم بۆ دۆزەخ ناردبا و ئیدی خۆیشم لەگەڵ ئێوەدا هاتبام! بەڵام حەیف کە یەکێکی تر پێشدەستیی کرد! بەڵام باشە، دەستی خۆش بێت، چ جیاوازییەکی هەیە؟ بەهەرحاڵ مەبەستەکە پێکراوە و خودان و قەشە و سووخۆر و مامۆستا، هەموویان پێکەوە کەوتوونەتە تەڵەکەوە.

لاداسی پیر سەری هەڵبڕی. دەموچاوە لەڕەکەی ئاوسا بوو:

- پانایۆتیس گیان وەرە و ئیعتیرافکە! گەر ئیعتیراف بکەیت ئەوا سێ لیرەی زێڕت دەدەمێ. ئەو سێ لیرەیەی

که یاناکۆس قەردارمە. گوێدرێژەکەی دەفرۆشم و پارەکەی دەدەمە تۆ ... گوێت لێیە؟

پانایۆتیس پێنج پەنجەی دەستی خۆی والاّ کرد و بۆ لاداسی ڕایەڵ کرد:

– وەرە ئەم پێنج لیرەیە بگرە هەی پیسکەی نەگبەت!

هەر لەو کاتەدا دەرگای زیندان کرایەوە و ئاغا هاتە ژوورێ:

– هەی کافرانی زندیق. لە سبەینێوە دەکەومەوە لەداردان. گوریس و سابون و چوارپایە لەژێر دارچنارەکەدا ئامادەن. سبەینێ چوارشەممەیە و لە بێقیمەترینتانەوە، واتە لە پانایۆتیسی گەچخۆرەوە دەست پێدەکەم! پێنج شەممە نۆرەی تۆی چەپەڵی نەگریسە. هەینی نۆرەی خاوەنشکۆ جەنابی مامۆستایە! شەممە نۆرەی پاتریارکاسی هەرزەیە! بەلاّم یەکشەممە کە وادەی ڕێوڕەسمی نوێژی ئێوەیە، نۆرەی قەشەی سەگبابتانە. بە هەمووی دەکاتە پێنج مل و منیش پێنج گوریسی گرێدراو ئامادە دەکەم. ئێوە دەستەی یەکەمی لەداردراوانن.

دوای ئێوە پێنج نەفەری تر بە هەڕەمەکیی دەگرم و لەداریان دەدەم و پاش ئەوان هەمدیس پێنج نەفەری تر و تا دوایی ... تا ئەو کاتەی بکوژەکە دەدۆزرێتەوە. من یوسفۆکەکەم بە خاك ناسپێرم. ڕادەسپێرم بیبەنە ژێردارچنارەکە و چاوانی بە کراوەیی بهێڵنەوە تا گیان کێشانتان ببینێ و ڕۆحی شادومان بێ.

وایگوت و چووە دەرەوە، بە تووڕەییەوە دەرگاکەی داخست و بە میرئاخوڕی گوت کە قامچی بەدەست چاوەڕوانی فەرمان بوو:

– ڕۆڵە بێچارەکەی من، ئەدی تۆیش دەگریت؟ فرمێسکەکانت بسڕە! کافران نابێ فرمێسکی ئێمە ببینن. بڕۆ یاناکۆسی دێوەرە بدۆزەوە و پێیبڵێ بچێتە شار و بڕێك عەتری باش، مۆم، بخوور، پارچەیەك میسك و نوقڵ و شیرینی بکڕێ و سبەینێ زوو بۆ ئێرەی بێنێ بۆ من ... پێیبڵێ چەند مەتر گوریسی ئەستووریش بکڕێ چونکە ئەم قەشە چەپەڵ و پاتریارکاسە ورچە، زۆر سووکەڵە نین ... ڕاکە با بتبینم!

میراخوڕ لە دەرگای ماڵی یاناکۆسی دا. بەڵام بێهودە بوو، چونکە یاناکۆس بەر لەو دابوویە شاخ و پەلەی بوو هەرچی زووترە مانۆلیۆس ببینێ و لەو ڕووداوانە ئاگاداری بکا و پێیبڵێ ئەگەر نایەوێت بگیرێت ئەوا پێ نەخاتەوە ئاوایی.

*

دوای ئەوەی مانۆلیۆس شیری مەڕەکانی دۆشین و پەقرەجە پڕ لە شیرەکەی خستە سەر تەباخەکە، نیکۆلیۆس بە گۆرانی گوتنەوە سەرگەرمی تێکدانی شیرەکە بوو. مانۆلیۆس شادومانی و لەش سووکیی نیکۆلیۆسی ستایش دەکرد، گوتی:

- چ بووە نیکۆلیۆسی ناڕەسەن؟ هەمیشە گۆرانی دەڵێیت، وەك کارژۆڵە هەڵقون قەڵقونتە و جێگە بەخۆت ناگریت؟

- خودان مانۆلیۆس، بیرت چۆتەوە کە من پازدەساڵەم؟ ئەدی چۆن چاوەڕێیت جێگە بەخۆم بگرم؟

شێرەکە لەکوڵ کەوتبوو. مانۆلیۆس لەبەر ئاگرەکەدا دانیشتبوو و ئینجیلە گچکەکەی دەخوێندەوە. ئینجیل ببووە تەنها مایەی شادومانیی وی. لە مانای زوربەی وشەکان حاڵی نەدەبوو، بەڵام پەی بە واتاکانیان دەبرد. ئەوسا مانای کەلامی خودا لە زەینیدا ڕۆدەنیشت و وەکی ئاوی سازگاری کانی بە دەمارەکانیدا دەهات و ناخی فێنك دەکردەوە.

هەستیدەکرد باڵی لێ ڕوواوە. لەشی سووك ببوو. هەمیشە هەستیدەکرد بۆ یەکەمین جار دیداری مەسیحی کردووە. لەڕاستیدا ئەو بۆ یەکەمین جار مەسیحی بینیبوو کە لێی دەنۆڕێ، بەگوێی خۆی گوێی لێببوو کە ئارام و ئەفسوونگەرانە گوتبووی:" دوام کەوە!" ئیدی لەو کاتەوە لێوڕێژ لە بەختەوەریی و بە بێدەنگیی، گا لە چەمەنزارە سەوزەکانی جەلیلەدا، گا بەسەر زیخی کەناری زەریاچەی ناسری و گا لە سەرزەمینە بەردەڵانەکانی یەهودیەدا شوێنپێی مەسیحی هەڵدەگرت... شەوانەیش لەژێی دارزەیتوونەکاندا ڕادەکشا و لەودیو گەڵا زیوینەکانەوە، لە لەرەی

ئەستێرەکانی دەنۆڕی. کاتێ لەگەڵ مەسیحدا بوو، ئاسمانی قووڵ و شین دەبینی، هەوای پێ پاك و سووك و ئەرزی پێ بۆندار بوو! ڕۆژێکیان لەگەڵ مەسیحدا بۆ بەشداریی کردن لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی بۆ گوندێك بەناوی کانا ڕۆیشت. مەسیح وەکی تازە زاوایەکی گەنج هاتە ماڵەوە. خەڵکی ماڵەکە بەبینینی وی شەلاڵ بوون لە شادومانی و خۆشحاڵیی و ڕەنگیان وەك ڕەنگی تازە بووکان سوور هەڵگەڕا. بووك و زاوا هەستان و بە سوێند پەیمانیان بەیەکدیدا. میوانەکان لەسەر کورسییەکان دانیشتن و کەوتنە خواردن و خواردنەوە. مەسیحیش جامەکەی هەڵبڕی و بەسلامەتی بووك و زاوا خواردییەوە و دۆعای بۆ کردن. هەڵبەت زۆر قسانی نەکرد، بەلام بووك و زاوا پەییان بەوە برد کە هاوسەرگیریی ڕازێکی گەورەیە و پیاو و ژنیش دوو کۆڵەگەی پارێزەری ئەرزن و لێناگەڕێن بنەوێ ... جێژنی پڕ خرۆش بەردەوام بوو. شەراب بەرەو تەواوبوون دەچوو. دایکی مەسیح ڕووی کردە کوڕەکەی و گوتی:" ڕۆڵە ئەوان ئیدی شەرابیان نەماوە ..." هێزێکی هێشتا دەست لێنەدراو سینگی

مەسیحی هێنایە لەرزە. ڕۆیشت تا بۆ یەکەمین جار دەستانی هەڵبڕێ و فەرمان بە سروشت بدا کە ڕێگەی خۆی بگۆڕێت. ڕێك وەك هەڵۆیەکی تازە باڵ گرتوو، کە لەکاتی یەکەمین فڕینیدا شەرمنانە باڵەکانی دەکاتەوە، لەجێگەکەی هەستا و چووە دەرەوە. لە حەوشە بەسەر شەش دەفری بەردینی پڕ لە ئاودا نووشتایەوە و لە هەریەکێکیاندا لە ڕوخساری خۆی نۆڕی، ئیدی ئاو دەبووە شەراب. ئەوسا ڕووی کردە مانۆلیۆس کە هاوڕێیی دەکرد و زەردەخەی هاتێ.

هەمدیس ڕۆژێکی تری هێنایەوە یاد کە دونیا زۆر گەرم و هەزاران کەس لە کەناری زەریاچەدا کۆببوونەوە. مەسیح لە بەلەمێکدا دانیشتبوو، ئەویش لەپاڵیدا و کەلامی خودای وەکی تۆوی گەنم دەڕژاندە دڵییەوە ... مەسیح هاتبوو تا دونیا تۆو بکا ... مانۆلیۆسیش هەستیدەکرد دڵی بۆتە ئەرزێکی بەپیت و تۆوی تێدا دەڕوێت، پێدەگا، تۆو دەبێتە گوڵەگەنم و لەسەر ڕووی نان خاچێکی گەورە و قووڵ دەنەخشێ.

هەمدیسان ڕۆژێکی تری هێنایەوە یاد کە لەنێو دەغڵێکدا پیاسەیان دەکرد. کات نیوەڕۆ و هەردووکیان برسییان بوو. مەسیح دەستی ڕایەڵ کرد و گوڵەگەنمێکی لێکردەوە. قوتابییەکانیشی هەریەکەیان گوڵەگەنمێکیان لێکردەوە. ئەمیش چاوی لەوان کرد، هەمووان گوڵەگەنمەکانی خۆیان پرواند و یەك بەیەك خواردیان. خودایە ئەو گەنمانە چ تازە و شیرین و پڕ شیر بوون و چۆناوچۆنی تینوویێتیی ڕۆح و گیانیانی دەشکاند! بە ژوور سەریانەوە پەڕەسێلکەکان دەیانخوێند و ئەوانیش وەکی قوتابییەکانی مەسیح دوای دەکەوتن. لەژێر پێشایاندا گوڵە بیابانییە ناچیزەکان جلکێکی بەشکۆتر لە جلکەکەی سولێمان پێخەمبەریان دەپۆشی.

زاهیدێکی یەهودی بۆ ماڵەکەی خۆی داوەتی کردن. مانۆلیۆس لەبەردەرگا ڕاوەستاو و تەماشای زاهیدەکەی دەکرد کە بە چ موحیبەتێکی نەفرەتاوییەوە لە ماڵە بەشکۆکەیدا پێشوازیی لە مەسیح دەکرد! ئاخر ئەو پێوپلی مەسیحی نەشتبوو، عەتری نەکردبوو بە قژیدا و

ماچی ئاشتییانەی گۆنای نەکردبوو ... لەناکاویکرا و لەکاتێکدا لە بێدەنگییدا سەرگەرمی خواردن بوون، بۆنی عەتر لە هەوادا پۆنگی خواردەوە. ژنێك بە پرچی زێڕین و سینگی ڕووتەوە هاتە ژووریٚ. جامێکی پڕ لە عەتری گرانبەهای بەدەستەوە بوو. مانۆلیۆس بەبینینی ترس دایگرت ... ئەدی ئەو کیٚ بوو؟ ئەوی لە جێگایەك بینیبوو بەڵام نەیدەزانی لەکویٚ؟ ژنەکە لەبەردەم مەسیحدا سوژدەی برد. جامەکەی شکاند و عەترەکەی ناوی بەسەر پێوپلی مەولادا ڕشت ... پاشان بەگریانەوە پێوپلی ئەوی بە پرچی ژاکاوی خۆی وشك کردەوە ... مەسیح بەسەر ژنەکەدا دانەوییەوە، دەستی نایە سەر پرچە زێڕینەکەی و بە نەوایەکی زۆر دڵنشین گوتی:" خوشکەکەم، تەواوی گوناهەکانت بەخشران. چونکە توانای خۆشویستن لە تۆدا گەلێك بەرزە ..."

مانۆلیۆس ئینجیلەکەی داخست. دڵی بەتوندی وەتەپە کەوتبوو. تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. ئاگر هەروا داگیرساو و سێبەرێکی شین فەزای کوختەکەی

پۆشیبوو. نیکۆلیۆس بەگۆرانی گوتنەوە هاتوچۆی دەکرد و شێوی ئامادەدە کرد.

دڵی مانۆلیۆس پڕ لە عیشق و موحیبەت وشادومانیی ببوو. ئیدی توانای خۆڕاگریی لەبەردەم پێداویستیی دابەشکردنی شادومانیی خۆی لەگەڵ خەڵکانیتردا نەبوو. حەزێکی ئاگرین بۆ مەوعیزەی کەلامی خودا بۆ بەرد، مەڕ و مرۆڤەکان باڵی بەسەر بوونیدا کێشابوو. ئەوسا هاواری کرد:

– هێی نیکۆلیۆس، لە شێوەکە گەڕێ و وەرە ئێرە لە لامەوە دانیشە. تۆیش دەبێ کەلامی خودا ببییەیت تا ببیتە ئینسان. تۆ حاڵی حازر لە گیانەوەرێکی دڕندە زیاتر نیت!

شوانە ئاوڕی دایەوە. تەماشایەکی مانۆلیۆسی کرد و بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– مانۆلیۆس من وەزعم زۆر باشە! وازم لێبێنە ... ناشێ بتەوێ وەزعم تێکبدەیت؟

– گەرەکمە کەمێك ئینجیلیت بۆ بخوێنمەوە تا ببینیت چەندێك شیرینە ...

- هەرکاتێ نەخۆش کەوتم بۆم بخوێنەوە! حاڵی حازر وەزعم باشە. گوتم شێو ئامادەیە ... و سفرەم ڕاخستووە. وەرە شێوەکەت بخۆ.

- برسیم نییە. خۆت بە تەنها بیخۆ..

وایگوت و هەمدیس ئینجیلەکەی کردەوە، بەسەر ئاگرەکەدا نەوییەوە و کەوتەوە خوێندنەوە:" هەرکاتێ کەسێك بیەوێ لەگەڵ مندا بێت، دەبێ خۆی فەرامۆش بکات، خاچ هەڵگرێ و لەگەڵم بێت. چونکە کەسێك کە لەبیری ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆیدا بێت لەدەستی دەدا. ئەو کەسەیشی گیانی لەڕێگای مندا بدا، ئەوا خۆی ڕزگار دەکات. ئەدی بۆ ئەو کەسانەی ڕۆحی خۆیان لەدەست دەدەن دەکرێ دونیا چ نرخێکی هەبێ؟"

مانۆلیۆس واتای قسەکانی بە باشی پەی پێدەبرد. ئینجیل و چاوانی لێکنان: لە تایەکدا ڕۆحی دانا و لە تاکەی تریشدا هەموو دونیا و ڕووانی کە تاکەی ڕۆح قورسترە. ئەدی بۆچی لە مەرگ بترسین؟ بۆچ دەبێ لەبەرامبەر دەسەڵاتداراندا سەر نەوی بکرێ؟ بۆچ دەبێ خەیاڵی لەدەستدانی ژیانی زەمینیی ترس وروژێنەر

بێت؟ ڕۆحی تۆ جاویدە، کەواتە لە چ دەترسیت؟ تەنها لە خەیاڵی ڕۆحی خۆتا بە!

یاناکۆس ماوەیەکی زۆر لەبەر دەرگای کوختەکە ڕاوەستا و تەماشای دەکرد. هیچکام لەدوو شوانەکە ئاگایان لە ئامادەیی وی نەبوو. نیکۆلیۆس پشت لە دەرگا سەری نابووە نێو دەفرەکەی و لێکدا لێکدا تێیدەکردەوە و دەیخوارد تا گیانی وەبەردا بێتەوە. ئاخر لێنێو هەر ئەمشەو دەهات بۆ لای و دەبوو هێزی تەواوی بۆ عیشقبازیی هەبێت! بەڵام مانۆلیۆس چاوانی لێکنابوون، خەیاڵی لای بەختەوەریی جاویدانی بوو.

یاناکۆس لەدڵی خۆیدا گوتی:" لە بەهەشت دانیشتووە و ئەگەر بانگی نەکەم قەت ناگەڕێتەوە!"

ئەوسا پێی نایە ئەودیو کوختەکە و بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– هێی مانۆلیۆس، سلاو، ئەرێ وەزعت چۆنە؟

مانۆلیۆس هەراسان ڕاچڵەکی و چاوانی بە زەحمەت کردنەوە:

– تۆ کێیت؟

– مانۆلیۆس هێشتا هیچ نەبووە دەنگم ناناسیتەوە؟ خۆمم، یاناکۆس.

– یاناکۆس گیان بمبوورە. خەیاڵم پەرت و نەمناسیتەوە. باشە بڵێ چ بووە کە ئاوها لەم کاتەدا سەروکەللەت پەیدابووە؟

– مانۆلیۆس هەواڵێکی ناخۆشم پێیە! تۆ لە بەهەشتی خۆتا دانیشتوویت و منیش، داوای لێبوردن دەکەم، لە دۆزەخەوە هەواڵم هێناوە ...

– لە ئاواییەوە؟

– بەڵێ، لە ئاواییەوە! ئەمڕۆ بەیانی لاشەی یوسفۆکێیان دۆزیوەتەوە. ئاغا شێت بووە و باوکە گریگۆریس، ڕیش سپییان و پانایۆتیسیان دەسگیر و زیندانیی کردوون. ئاغا بەنیازە لە سبەینێوە، هەر ڕۆژەی یەکێکیان لەدار بدات. هەر لە ئێستایشەوە گوریسیان بە پەلکەکانی دارچنارەکەوە گرێداوە. یەکەمجار نۆرەی پانایۆتیسی بەستەزمانە ... ئاغا دەڵێ دوای ئەو پێنج کەسە نۆرەی خەڵکانی ترە و تا بکوژەکە پەیدا نەکرێت، یەکە بە یەکە لە داریان دەدات. لە هەموو

شوێنێك گریان و شیوەنە. دەرگای هەموو ماڵەكان داخراون. ئیدی تیاچووین! هاتووم تا تۆیش ئاگادار بكەم و بڵێم نەكەیت پێ بنێیتە ئاوایی. لێرە جێگات ئەمینە.

چاوانی مانۆلیۆس درەوشانەوە و لەدڵی خۆیدا گوتی:" ئێستا كاتی ئەوەیە بیسەلمێنیت ڕۆحت جاویدە!" وایگوت و هەروا گوێی بۆ قسەی وروژێنەر و نائومێدانەی هاوڕێكەی ڕادێرابوو. هەمدیس لەدڵی خۆیدا دووبارەی كردەوە:" ئێستا كاتییەتی! ئێستا كاتییەتی! ئەگەر دەرفەت لەدەست بدەیت ئیدی چ هەواڵێك لە ڕزگاریی نابێت!" وایگوت و هەوڵیدا تا شادومانیی ناخی بە نهێنیی بهێڵێتەوە.

– یاناكۆس ... نانت خواردووە؟

– نا مانۆلیۆس، برسیم نییە.

– منیش برسیم نەبوو. بەڵام ئێستا ئیشتییام كرایەوە. وەرە با پێكەوە بخۆین و قسان بكەین. تۆ ئەمشەو لێرە دەمێنیتەوە و سبەی بەیانیی ڕێگەچارەیەك دەدۆزینەوە.

یاناكۆس بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- مانۆلیۆس چۆن دەتوانیت ئاوها بە کەماڵی ئیسراحەت قسان بکەیت؟ مەگەر تێنەگەیشتیت؟ گوتم ئاوایی لە خەتەردایە.

- مەترسە. من بکوژەکە دەناسم و ئاوایی لە خەتەر ڕزگاری دەبێ.

یاناکۆس بە چاوانێکی زەقەوە پرسی:

- تۆ بکوژەکە دەناسیت؟ لەکوێوە دەزانیت بکوژەکە کێیە؟

مانۆلیۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ و وەڵامیدایەوە:

- هێند پەلەت نەبێ. بۆچی ئەوەندە نائارامیت؟ سبەینێ لەهەموو شتێك حاڵی دەبیت. ئارام بگرە. وەرە با شیو بکەین، دەمودۆیەك بکەین و پاشان بنووین. بە ئومێدی خودا سبەینێ هەموو شتێك هەموار دەبێت.

یاناکۆس ڕووی بۆ لای نیکۆلیۆس وەرگەڕاند:

- هێی نیکۆلیۆس، بچۆ ئەولاتر. ئێمەیش برسیمانە!

ئیدی هەرسێکیان لەسەر ئەرزەکە دانیشتن، خاچیان کێشا و بەسەر دەفرەکانی خۆیانا نەوینەوە. یاناکۆس هەرجارێك و سەری هەڵدەبڕی و لە مانۆلیۆس ورد

دەبۆوە. لەنێو ئەو ڕوخسارە پەنماوەدا، دوو چاوی بەقووڵداچوو لە گۆشتی زیادەدا، پڕ لە شادومانیی و ئارامیی دەدرەوشانەوە:" من تێناگەم ... هیچ تێناگەم!" وایدەگوت و لەو بێدەنگییە قورسە بۆژۆ ببوو:

– مانۆلیۆس لەگەڵ تەنیاییدا چۆنیت؟

مانۆلیۆس ئینجیلەکەی پیشاندا و وەڵامیدایەوە:

– تەنیا نیم. مەسیحم لەگەڵە.

– ئەدی لەگەڵ نەخۆشییەکەدا؟

مانۆلیۆس حەپەسا:

– کام نەخۆشیی؟ ئا، بەڵێ، هێشتا باش نەبووە. پێدەچێ هێشتا گوناهبار بم و فیکرم ئاڵوودە بێ. خودا بۆ خۆی ڕوحم بکات!

نیکۆلیۆس دەمی سڕی و گوتی:

– تەنها جێتاندێڵم. ئەمشەو مانگەشەوە و خەوم نایەت. دەچم پیاسەیەك بکەم.

وایگوت و گۆچانەکەی هەڵگرت و بەفیکەلێدانەوە چووە دەرێ.

مانۆلیۆس گوتی:

- یاناکۆس باشترە بنووین، چونکە سبەی بەیانی دەبێ زوو لە خەو هەستین. من لە شاخ پەیم بە نیعمەتی خەو برد و فێر بووم کە خودا لەگەڵ مرۆڤی نوستوودا زیاتر دەئاخڤێ وەك لەگەڵ مرۆڤی بێداردا!

پەتۆیەکی گەورەی لەدەرەوەی کوختەکە ڕاخست تا هەوای فێنك لێیدا، لەسەری ڕاکشان. بۆنی پونگە هەوای لێپڕ ببوو، چپەچپی شەوان تێکەڵ ببوو بە بێدەنگیی و مانگ گەیشتبووە نێوەڕاستی ئاسمان.

یاناکۆس خەوی نەدەهات، گوتی:

- بیرم لە پانایۆتیسی بەستەزمان دەکردەوە.

مانۆلیۆس بە هێواشیی گوتی:

- منیش زیاتر لەوانی تر بیر خەیاڵم لای ئەوە.

- منیش هەروا، بەڵام ئاخر بۆ؟

- چونکە ئەوەی بۆتە نابووتیی وی عیشقی بێ ئەندازەیەتی. ئەو ڕۆحێکی بەهێز بەڵام دۆزەخیی هەیە و کەوتۆتە داوی عیشقێکی سووتێنەرەوە. تووڕە و نابینا سەر بە هەر لایەکدا دەکێشێ تا ڕزگاری بێ، بەڵام ئەفسووس کە هەرچی زیاتر هەوڵ دەدا، زیاتر لە بەندی

عیشقدا گرفتار دەبێ ... توندوتیژیی دەنوێنێ و خۆی مەست دەکات، جنێو دەدا تا سووکەڵە بێ، بەڵام هەردەم قورستر دەبێ و زیاتر ڕۆدەچێ ... خۆزیا ئەو هەمووە عاشق نەدەبوو...

وایگوت و زوو قسەکەی خۆی ڕاست کردەوە:

– نا، ڕێك بە پێچەوانەوە، خۆزیا زیاتر گرفتاری عیشق دەبوو تا بەڵکو ڕزگاریی بدۆزیبایەوە!

یاناکۆس دەیویست وتووێژەکە درێژەی هەبێ، گوتی:

– من ئامادەم سەرم بە بارمتە دابنێم کە ئەو یوسفۆکی نەکوشتووە. مانۆلیۆس تکا دەکەم بڵێ، ئایا پانایۆتیسی گوندە یوسفۆکی کوشتووە یان نا؟ تا خەیاڵم ئاسوودە بێ!

– یاناکۆس بنوو! نا ئەو نەیکوشتووە.

یاناکۆس چاوانی لێکنا و گوتی:

– سوپاس بۆ خودا!

مانۆلیۆس چاوانی لێکنان. دەیویست هەرچی زووترە تەنیا بێت. چەند ڕۆژێك دەبوو هەمیشە حەزی دەکرد چاوانی لێکنێ. ئەم کارەی لە تەواوی ڕۆژدا دەکرد و

پێیوابوو بەم کارە ئاشکراتر ڕۆحی خۆی دەبینێت.
زوربەی جار حەکایەتێکی دەکەوتەوە یاد کە قەشەی پیر، باوکە مانسیس بۆی گێڕابۆوە: ڕۆژێکیان زاهیدێك بۆ دیدەنی کردنی بۆ دێر هاتبوو، تەواوی ڕۆژەکەی لەگەڵیدا بردبووە سەر. زاهید جار ناجارێك چاوانی کردبۆوە و پاشان یەکسەر لێکینابوونەوە. قەشە پێی گوتبوو:" باوکە چاوانت بکەوە و بنۆڕە لە مەخلۆقە نایابەکانی خودا!" زاهید وەڵامیدابۆوە:" ئەز چاوانم لێکدەنێم تا خودی خودا ببینم!"

مانۆلیۆسیش بەهەمان شێوە دەیویست چاوانی لێکنێ تا مەسیح ببینێ و دەنگی ببییەت. ڕستەیەکی لە ئینجیل دەخوێندەوە، ئەوسا بە چاوانێکی لێکنراو هەنگاوی دەنا و بەئاشکرا مەسیحی دەبینی کە لەفێنکایی شەودا بەجلکێکی سپییەوە، لە پێشی قوتابییەکانییەوە دەڕوات. ئەویش، واتە مانۆلیۆس، هێور و لە دوایین ڕیز، لەدوای ئەوانەوە هەنگاو دەنێ و لەژێر لێوەوە بەخۆی دەڵێ:" سبەینێ ڕۆژێکی زەحمەتمان لەپێشە. ڕۆژێکی زەحمەت و گرینگ. ئەی

مەسیح یارمەتیم بدە، خۆت یارمەتیم بدە!" بە هەناسە هەڵکێشانەوە ڕستەکەی دووبارە دەکردەوە. چونکە شەو بوو، داوای یارمەتی لە مەسیح دەکرد و ئیدی سەرەنجام مەسیح دەهات ... لەکاتی هەڵاتنی خۆردا، لە خەو خەبەری بۆوە و خاچی کێشا. ئەو خەونەی کە بینی بووی وەکی ئەستێرەی بەیان لەزەینیدا دەدرەوشایەوە. خەونی بینبوو کە بە پەلە بە گوێ زەریاچەیەکی لاجوەردئاسادا تێدەپەڕێ. قامیش و پەلکی داربییەکانی وەلادەنا و دەچوە پێشێ. بەڵام هەرچەندێك زیاتر بچووبایە پێشێ، قامیش و پەلکی داربییەکان زیاتر دەبوونە پیاو و ژن و سەرەنجام هەزاران مرۆڤ لەدوایەوە دەهاتن. ئەوسا با هەڵیدەکرد و خەڵکەکە هاواریان دەکرد:" بیکوژن! بیکوژن! دەیەوێ ڕابکات!" بەڵام دەستێك دەکەوتە سەر شانی و ڕایدەگرت و دەنگێك لێیدەپرسی:" ئایا ئیمانت هەیە؟" ئەو وەڵامی دەدایەوە:" خودایا ئیمانم هەیە!" ئیدی کوتوپڕ باکە دەیخست و تەواوی ژن و پیاوەکان هەمدیس دەبوونەوە بە قامیش و بی. پاشان دارچنارێکی پڕ لە پەڕەسێلکە

لەبەردەمیدا وەدیار دەکەوێ. درەختەکە گۆرانی دەڵێ و جەستەیەکی هەڵواسراو بە پەلکەکەیەوە دەلەرێتەوە. لەجێگەی خۆی ڕادەچڵەکێ تا ڕاکات. بەڵام جارێکی تر دەنگەکە دێتەوە گوێی:" ڕامەوەستە. بۆ پێشەوە بڕۆ!"

مانۆلیۆس هاواردەکا و لە خەوەکەی ڕادەچڵەکێ:" ڕامەوەستە، بۆ پێشەوە بڕۆ!" دەنگەکە دەنگی خودا بوو:" بڕۆ پێش!"

بە یەك گوڕم لەجێگەکەی هەستا، دەست و دەموچاوی شت، قژی شانە کرد، جلکەکانی جێژنی پۆشی، ئینجیلەکەی نایە ژێر جلکەکەی، یاناکۆسی تەکاندا و شادومانانە هاواری کرد:

– هێی یاناکۆس، وەئاگابەوە هەی تەمبەڵ!

یاناکۆس چاوانی کردنەوە، مانۆلیۆسی لەبەردەم خۆیدا بینی و بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– مانۆلیۆس جلکی زاواییت پۆشیوە؟ چاوانت پرشنگ دەدەن! خەونی خۆشت بینیوە؟

مانۆلیۆس گوتی:

- با بڕۆین. نابێ کات بەهەدەر بدەین. بیر لە پانایۆتیس و ئەو ترسە بکەرەوە کە کەوتۆتە دڵی ئاوایی!

## 9

چ دڵگیره ڕابوون له سپێدەی هاویندا، ئەویش کاتێك که ئینسان بڕیارێکی گەورەی دابێت! مانۆلیۆس سووکەڵه و باڵ گرتوو، بێ ئەوەی پێی له ئەرز بدات، له چیا دادەبەزی و پێوابوو فریشتەکان باڵیان لەژێر پایدا ڕاخستووه و له گاشه بەردێکەوه بۆ سەر گاشەبەردێکی تری دەبەن. پێدەچوو گەواڵەیەك هەور بێت که به نەرمه شنەیەك دەچووه پێش. یاناکۆس به هەناسەبڕکێوه بەدوایدا دەهات، بەڵام نەیدەتوانی پێی بگاتەوه، ئەوسا ناچار هاواری دەکرد:

– مانۆلیۆس چ بووه. مەگەر باڵت دەرداوه. ئارام بگره تا پێت بگەمەوه!

بەڵام مانۆلیۆس هەستیدەکرد باڵی دەرداوه و نەیدەتوانی خۆی جڵەوکات. ئاخر چۆن دەکرا به باڵەکان بگوترێت:" ئارام بگرن تا یاناکۆسیش دەگات!"

– حەزدەکەم هێور تر بڕۆم، بەڵام ناتوانم. دەبێ هەرچی زووتره بگەم!

ئەمە هەمان ئەو باڵانە بوون کە کاتێ چاوانی لێکدەنان و وەدووی مەسیح دەکەوت تا تۆوی کەلامی وی لەدڵی زەمینی قاقڕ و تەنانەت بەردەکانیشدا بچێنێ، ئەویان بۆ ناسریە و یەهودیە دەبرد! سووکەڵەباڵ پێی دەنایە ئەو گوندانەوە کە لەوێ یارانی وەفاداری مەسیح چاوەڕێیان دەکرد. گوندگەلێکی وەك کەفەرنحوم، کانا، مەگدالا، ناسیرە و لەوێوە بە یەك قەڵەمباز تا ساماری و پاشان خۆشترین کاتەکانی لە دەوروبەری ئۆرشەلیم واتە بەیت هانی، بەیت سیدە، گریکۆ و ئامایۆش دەگوزەراند ...

ئەو ڕۆژە ئەو بەهەمان شێوە دەفڕی. وەك بڵێی خەریك بێ مەسیح بەرەو ئاوایی لیکوڤریسی هاوڕێیی بکات. هەستیدەکرد زیاتر و زیاتر سووکەڵەتر دەبێ و ڕوخساری دەبرژایەوە. وەك بڵێی برینە پەنماوەکانی یەکە یەکە لەسەر گۆنا و لێوی هەڵبکەنرێن. هەستیدەکرد خەریکە ڕوخساری ئازاد دەبێ، دەپشکوێ و وەکی کرۆکی قامیش نەرم دەبێ. لە سەرسوڕمانا لەجێی خۆیدا ڕاوەستا، دڵی وەتەپە کەوت. بەهەرتك چاوی خۆی بینی کە دەستێك بە ڕوخساریدا دەهێنرێت

و نەوازشی دەكات. دەستێكی نەمر وەك شنەی سەحەری كوێستان! گەرچی دڵنیابوو بەڵام زاتی نەدەكرد دەست بۆ ڕوخساری بەرێ و ئیدی لەرزە لەرز لە دڵی خۆیدا گوتی:" موجیزە! موجیزە!"

یاناكۆس لەپێكەوتوو گەییشت. سەری هەڵبڕی، تەماشای كرد و هاواری كرد:

– مانۆلیۆس! ئەی مانۆلیۆسی ئازیزم!

وایگوت و خۆی فڕێدایە ئامێزی.

مانۆلیۆس دەستی بەڕوخساریدا هێنا و پەنجەكانی بە هەموو لایەكیدا گێڕا. گۆشتە ناقۆڵاكەی وەك مۆم تووابۆوە، ئاوساویی ڕوخساری نیشتبۆوە. برینەكان نەمابوون. ڕوخساری مرۆڤانەی خۆی وەرگرتبۆوە. خاچی كێشا و بە چرپە گوتی:" خودایا سوپاس! خودایا سوپاس! ئیدی گوناهەكانم بەخشران..."

یاناكۆس بەگریانەوە هاواری كرد:

– مانۆلیۆس گیان، لێگەڕێ دەستت ماچكەم ... تۆ بەسەر وەسوەسە شەیتانییەكاندا زاڵ بوویت. ڕۆحت

پاقژبۆوە و ئیدی چ ئاسەوارێکی شەیتان بەڕوخسارتەوە نەماوە.

ئەوسا ماوەیەکی زۆر بە دەستە زبرەکانی، ڕوخساری هاوڕێکەی لە بێدەنگیدا نەوازش کرد.

مانۆلیۆس گوتی:

– بابڕۆین! نابێ کات بە هەدەر بدەین!

خۆر وەدیار کەوتبوو. قووقەی کەڵەشێر و وەڕەی سەگ لە دەشتەوە دەبیسترا و دواجار لەنێو تەمێکی تەنکەوە، خانووەکانی ئاوایی وەدیارکەوتن.

مانۆلیۆس ڕووی کردە هاوڕێکەی و گوتی:

– یاناکۆس، کاتێ گەیشتینە ئاوایی، هەر کارێ کە دەیکەم و هەر قسەیەك دەیڵێم نابێ بەدرۆم بخەیتەوە. بزانە کە من لەخۆمەوە قسان ناکەم. بەڵکو ئەوە مەسیحە فەرمانم پێدەکا و من جگە لە جێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی وی چ کارێکی دی ناکەم. یاناکۆسی میهرەبانم حاڵی بوویت؟

یاناکۆس هەستیدەکرد قسەکانی هاوڕێکەی بۆنی ماڵئاواییان لێدێ، بۆیە بە نیگەرانییەوە پرسی:

- مەگەر دەتەوێت چ بکەیت. دەتەوێت چ بڵێیت؟

- گوتم هەمان کارێك دەکەم کە مەسیح فەرمان دەدا! هەڵبەت خۆیشم هێشتا بەتەواوەتی نازانم، بەڵام بەبێ شك گوێڕایەڵی فەرمایشتی مەسیحم! تۆیش خەیاڵت ئاسوودە بێت یاناکۆس کە جگە لەوە چ شتێکی تر نییە! ئەوەیش بە میکیلیس و کوستانتیس بێژە نەبا بیکەنە هاتوبات!

یاناکۆس بە ترسەوە ئیستێکی کرد و هەمدیس پرسی:

- بەڵام مەگەر گەرەکتە چ بکەیت. گەرەکتە چ بڵێیت؟

- دوێنێشەو مەسیح هاتە خەونم و گوتی:" مەوەستە. بۆ پێشەوە بڕۆ!" کەواتە یاناکۆس تۆیش ڕامەوەستە. بۆ پێشەوە بڕۆ و متمانەت پێم هەبێ! مەگەر بەچاوی خۆت مەحفبوونی ئاسەواری شەیتانت لە ڕوخسارمدا نەبینی؟ پێتوایە عیللەتی ئەوە چییە؟ عیللەتی ئەوەیە کە من فەرمایشتی مەسیحم بە گیانم کڕی و سپێدەی بەیان کەوتمە ڕێ. ئەویش نەك بە زۆر، بەڵکو بە سەما و شادومانیی. ئەوسا تۆ هاوارت بەسەردا دەکردم ئارام

بگرم! ياناكۆس ئاخر چۆن دەتوانم ئارام بگرم؟ ئەويش كاتێك كە مەسيح خەريكە بەهەنگاوی گەورە لە پێشمەوە دەڕوات؟

بەڵام ياناكۆس سەری لەقاند و گوتی:

– مانۆليۆسی ئازيز، متمانەم پێت هەيە. بە چاوی خۆم موجيزەم بينی و بە پەنجەكانم دەستم تێوەدا. بەڵام متمانەم بە خۆم نييە. ئەگەر بچيتە ژێر كارێك كە لە سەروو توانای ئينسانييێكی ئاساييەوە بێت ئەوا ناڕەزايەتيی دەنوێنم ... مانۆليۆس، بە هاواركێشانەوە ناڕەزايەتيی دەنوێنم! من بەشەرم و ئەگەر ببينم خەريكە شتێكی خەراپت لێ ڕوودەدات ئەوا ناهێڵم و بەرەبەرەكانی دەنوێنم!

– ئەدی ئەگەر فەرمانی خودا بێ چيی؟

– ناڕەزايەتيی دەنوێنم و خودا خۆيشی لێم دەبووريت!

– با لەوە گەڕێين. باشترە چ قسەيەك لەمبارەيەوە نەكەين. وەرە با بڕۆين!

وایگوت و پێیان هەڵگرت. لە نزیکی گوندەوە سەروکەڵلەی کوستانتیس کە بە ڕاکردن دەهات، پەیدا بوو. وی بەبینینی مانۆلیۆس و یاناکۆس هاواری کرد:

- برایان ئەوە لە کوێوە دێن؟ بگەڕێنەوە! من خەریکم بوو دەهاتم تا پێتان بڵێم لە چیا دامەبەزن. ئەمڕۆ لە ئاوایی کارەسات ڕوودەدات.

مانۆلیۆس پرسی:

- پانایۆتیس؟

- بەڵێ. گوریسەکە بەسەر پەلکەکانی دارچنارەکەوە چاوەڕێی دەکات. ئەمڕۆ بەیانی میراخوڕ بە شەیپوورەوە هات و بە تەواوی پیاوان و ژنانی ڕاگەیاند کە لە دەوری دارچنارەکەی گۆڕەپانی ئاوایی کۆببنەوە و شاهیدی لەسێدارەدانی پانایۆتیس بن. ئاغا دەیەوێت زەندەقمان بەرێت.

یاناکۆس لە ترسا گەڕایەوە دواوە:

- با بگەڕێینەوە! کوستانتیس تۆیش لەگەڵماندا وەرە!

- من ژن و منداڵم هەن و ناتوانم بە تەنیا جێیان بهێڵم. بەڵام ئێوە هەردووکتان لەبەر خاتری خودا بگەڕێنەوە!

مانۆلیۆس هەروا کە بەرەو پێشەوە دەچوو، گوتی:

– ئێمە هەردووکمان دەبێ ڕێك لەبەر خاتری خودا بەرەو پێشەوە بچین. یاناکۆس، مەترسە و وەرە! کەسێك لە پێش ئێمەوەیە و ئامارژەمان بۆ دەکات. ئەدی نایبینیت؟ مەسیح دەڵێم! دەی وەرە با بڕۆین!

هەر لەو کاتەدا کوستانتیس سەرنجی لە ڕوخساری ڕۆشن و بێ خەوشی مانۆلیۆسدا و هاواری کرد:

– مانۆلیۆس، ئەرێ چۆناوچۆنی ئەو موجیزەیە ڕوویدا؟

مانۆلیۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ و وەڵامیدایەوە:

– ڕێك هەروەك موجیزەکانی تر! واتە زۆر سادە و ئارام و بێ ئەوەی چاوەڕێی بکەیت ... بەڵام برایان با کات بەهەدەر نەدەین. دەی با بڕۆین!

وایگوت و باسکی کوستانتیسی گرت و هەردووکیان بە هەنگاوی گەورە کەوتنە ڕێ. یاناکۆسیش بەورتەورتەوە بەدوایانا پێی هەڵگرت.

مانۆلیۆس گوتی:

– کوستانتیس مەترسە، ئاوایی ڕزگاری دەبێت. من بکوژەکە دەناسم هەر بۆیە پەلەمە.

کوستانتیس شادومانانە ئیستێکی کرد و پرسی:

– ئەدی بکوژەکە کێیە؟ بڵێ بزانم کێیە؟ خودا ئەوی لە خەوندا پیشانتدا؟ بڵێ کێیە؟

مانۆلیۆس بە میهرەبانیی بەڵام فەرماندەرانە وەڵامیدایەوە:

– هیچ مەپرسە، مەوەستە و وەرە!

هەرسێکیان بە پەلە کەوتنەوە ڕێ. پاش کەمێك و ڕێك ئەوکاتەی چوونە نێو گوندەوە، دەنگی ناخۆش و ناسازی شەیپوورەکەی میراخور گەییە گوێ. دەرگاکان یەك لەدوای یەك دەکرانەوە و ژنان و پیاوان بەڕوخساری حەپەساوەوە دەهاتنە دەرێ و بە خاچ کێشانەوە بەرەو گۆڕەپانەکە ڕایان دەکرد.

یاناکۆس هاواری کرد:

– برایان ئازا بن. خودا گەورەیە!

پیرەمێردێك کە دەستی کوڕەزاکەی لەدەستدا و ڕایدەکرد، نەڕاندی:

– عارەبانەکەت ڕاکێشە گێلە! ئەگەر خودا گەورەیە دەی با گەورەیی خۆی بنوێنێ و بکوژەکە بخاتە ڕوو.

کریستۆفیسی پیر کە بە ڕاکردن تێدەپەڕی، هاواری کرد:

– خەریکن لاشەی یوسفۆك بە عەتر و عەنبەر و مۆمەوە دەهێننە ژێر دارچنارەکە. ئاغا لەوکاتەوەی بێوە کەوتووە، ئەقڵی لەدەست داوە.

مەسیحییەکان گرووپ گرووپ بەرەو گۆڕەپانەکە ڕایان دەکرد. میکیلیس لە دوورەوە مانۆلیۆس و دوو هاوڕێکەی بینی و بە پەلە بۆ دیداریان کەوتەخۆ. گەرچی ڕەنگ پەڕیو و شپرزە بوو، بەڵام بە بینینی ڕوخساری مانۆلیۆس هاوارێکی شادومانانەی کێشا و لە ئامێزی گرت:

– مانۆلیۆس گیان، سوپاس بۆ خودا کە چاك بوویتەتەوە!

مانۆلیۆس پرسی:

– پانایۆتیس لەکوێیە؟

- هەر ئێستا دەیهێنن. هێند لێیدراوە کە ئیدی پرزەی لێبڕاوە!

بەرەو گۆڕەپانەکە کەوتنە ڕێ. خۆر کەمێك هەڵکشابوو. هەوا لە هەوای بەهەشت دەچوو. شنەیەکی خۆش دەهات و گەڵای نۆبەرە و سەوزی ناسکی دارچنارە پیرەکەی دەلەرزاند. نوورێکی دڵگیر فەزای گوندی پۆشیبوو. پیرەمێردانی ئاوایی سەریان بەرزکردبۆوە و بە ترسەوە لە دارچنارەکەیان دەنۆڕی. بەر لەوە چەندین جار کاتێ سەریان لە خەو هەڵبڕیبوو، لاشەی مەسیحیگەلێکی هەڵواسراو، کە غیرەتیان کردبوو قسان لەبارەی ئازادییەوە بکەن، بە یەکێك لە پەلکەکانی دارچنارەکەوە بینیبوو.

دەنگی زیقنی میراخوڕ دەنگیدایەوە.

- هەی کافرینە لاکەون!

میراخوڕ لە پێشەوە دەڕۆیشت و بە قلافەتە زلەکەیەوە بەنێو خەڵکەکەدا ڕێگەی دەکردەوە. لە دوایەوە دوو حەماڵ جەستەی یوسفۆکیان بەسەر تەختەنوێنە ئاسنینە گچکەکەیەوە دەهێنا. ئاغا سەراپای جەنازەکەی

به گوڵەباخ و یاسەمین پۆشیبوو. تەنها ڕوخساری ڕەنگ پەڕیو و قژە لوولەکەی دەبینران. جگە لەوەیش ئاغا فەرمانیدابوو گۆزەیەکی گچکەی پڕ لە بنێشت لای نەعشەکەیەوە دانێن تا بتوانێت لەو دونیاش هەر بنێشت بجوێ ... لەدوایانەوە پانایۆتیس بە دەستانی لە دواوە بەستراو، سەر شکاو و دەموچاو ئاوساو بە لێدانی قامچی، قرخەقرخ دەهاتە پێش. تەنها چاوانی بوو کە ڕوناکی ژیانیان تێدا ماو و بە ڕقەوە لە گوندنشینانی دەنۆڕی.

یەکێك لەنێو خەڵکەکەوە هاواری کرد:

– هەی نارەسەن، ڕوحم بە ژن و منداڵانیش ناکەیت؟ ئیعتیرافکە!

پانایۆتیس بە تووڕەیی ڕاوەستا:

– ئەدی کێ ڕوحمی بە من کرد؟

تا بەر دارچنارەکە ڕۆیشت، پاڵی پێوەدایەوە و هەوڵیدا ئارەقەی تەوێڵی بە لاشانی بسڕێت.

حەماڵەکان یوسفۆکیان لەژێر سێبەری دارچنارەکەدا دانا. پاشان دوو مۆمی گەورەیان لای پێیەوە داگیرساند

و مشتێك مەستەكییان ڕۆكردە نێو مەقەڵییەكی پڕ لە ئاگرەوە.

مانۆلیۆس و هاوڕێكانی لەنێو خەڵكەكەدا ڕێگەیەكیان كردەوە و لە ڕیزی یەكەم، لە نزیك جەنازەكەوە ڕاوەستان. پانایۆتیس سەری وەرگێڕا و ئەوانی بینی و خوێن بەری چاوانی گرت. هەوڵی دەدا تا كۆتەكەی دەستی هەپروون بە هەپروون بكا، نەڕەنەڕ هەنگاوێكی بۆ پێشەوە نا:

– مانۆلیۆس لەعنەت لە تۆ!

بەڵام بەهۆی لاوازیی بێئەندازەیەوە، پاڵی بە دارچنارەكەوە دایەوە.

مانۆلیۆس گوتی:

– براكەم ئازابە و متمانەت بەخودا هەبێ!

پانایۆتیس دەمی كردەوە تا وەڵام بداتەوە بەڵام ڕێك لەو كاتەدا هاوارێكی سەیر لای ماڵی ئاغاوە بەرزبۆوە و وەكی گوللە دەم بەدەم فەزای كون كرد:

– ئاغا هات!

ئاغا لە ماڵ هاتە دەرێ. شەرواڵێکی لە ماهوتی گوڵچنراو بە مەلیلەی زیوینڕەنگ لەبەردابوو. دەمانچەیەکی زیوین و خەنجەرێکی دەسك ڕەشی بەبەر پشتوێنەوە کردبوو. چاوانی لە حەژمەت گریان ئاوسا بوون و سەری ڕووت بوو. قورس و هێور دەهاتە پێشێ و ئاگای لەخۆ بوو نەکەوێ. ئاخر تەواوی مەسیحییەکان چاویان تێبڕیوو و نەدەبوو بهێڵێ وا تێبگەن سەرخۆشە، غەم بڕستی لێبڕیو و نەیدەتوانی ڕێك و پتەو هەنگاو هەڵێنێ. سمێڵ و بڕۆی بۆیاخ کردبوو، جار ناجار بە دەستی ڕاست موویەکی لە سمێڵی هەڵدەکێشا و بۆ دووری فڕێ دەدا. وەکی گایەکی تووڕە لەژێر دوو چاوە سوورەکەیەوە لە خەڵکەکەی دەنۆڕی. عەتری لە قژ و بن باڵی داو و هەوای دەوروبەری بۆنی ئاژەڵی دڕەندەی لێدەهات.

لە ترسی گریان سەری بۆ لای جەنازەکەی یوسف وەرنەدەچەرخاند و لەژێر دارچنارەکەدا ڕاوەستا. میراخور چنگی بە پانایۆتیسدا کرد و بۆ بەر پێی ئاغا

کێشی کرد. ئەوسا پێی لەسەر جەستەی بێ جووڵەی داناو گوێ قوڵاغی فەرمان ڕاوەستا.

ئاغا دەستی هەڵبڕی و بە نەوایەکی هیشك و مردوو گوتی:

– ئەی کافرانی زندیق! هەر ڕۆژەی یەکێکتان لەدار دەدەم تا ئەوکاتەی بکوژەکە دەدۆزنەوە. تەواوی ئاوایی لەدار دەدەم! یوسفۆکەکەی من لە تایەکدا و تەواوی دونیا لە تاکەی تردا! ئەی کافران هەمووتان لەدار دەدەم!

ئاگری تووڕەیی ئاغا نێڵەی دەکرد و وەکی ئەسپ قاچی بە ئەرزدا دەکێشا. ورد لە ژنان و پیاوانی دەنۆڕی و پەلەی بوو هەرچی زووترە هەمووان بهێنێتە بەر تیغی چەقۆ. لە دەم و قژی سەر و تووکی بن باڵییەوە هەڵم هەڵدەسا. دانەوێوە و بە بۆکس و پێ لەقە بەر بووە پانایۆتیس. ئاوێکی زەرد بە لالغاوەیدا چۆڕاوگەی بەستبوو:

– هەی کافری چەپەڵ. هەی نارەسەن. تۆ ئەوت کوشتووە؟ تۆی تاوانبار و شەڕانگێز یوسفۆکەکەی منت کوشتووە؟

پانایۆتیس بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە دەیناڵاند. ئاغا شەلاڵ لە ئارەقە لە پەلوپۆ کەوت و بە میراخوری گوت:

– لەداری بدە!

هەر لەو کاتەدا دەنگێك بەرز بۆوە:

– دەست بکێشەوە. دەست بکێشەوە. من بکوژەکە دەناسم!

میراخوڕ ملی پانایۆتیسی بەردا. هاواری شادومانیی لە حەشاماتەکەوە بەرزبۆوە. هەمووان هەوڵیان دەدا بزانن ئەوە دەنگی کێ بوو. ئاغا لای کردەوە و گوتی:

– ئەوە کێ بوو قسەی کرد؟ هەر کێ بوو با بێتە پێشێ!

مانۆلیۆس بە ئارامیی هاتە پێشێ و لەبەردەم ئاغادا ڕاوەستا. میراخوڕ قەڵەمبازێکیدا و گوێی قوڵاغ کرد. چەناگەی دەلەرزی و ڕەنگیی بە وێنەی زەردیی گۆگرد

پەڕی بوو. ئاغا بازووی مانۆلیۆسی گرت و لەکاتێکدا کە شێتانە ڕایدەوەشاند، تێخوڕی:

– تۆی هیچ لەباردا نەبوو، بکوژەکە دەناسیت؟

– بەڵێ دەیناسم.

– باشە کێیە؟

– خۆم!

شەپۆلێك لە شادومانیی باڵی بەسەر خەڵکەکەدا کێشا. ژنان خاچیان کێشا و ڕوخسارەکان کرانەوە. ئاخر ئیدی گوند ڕزگاری دەبوو!

ئاغا قامچی هەڵسوڕاند و هاواری کرد:

– ئەی کافران بێدەنگ بن!

یاناکۆس دەستی ڕاوەشاند و هاواری کرد:" ڕاست نییە! ڕاست نییە!"

کوستاتیس و میکیلیسیش بە دەنگە دەنگ هەوڵیان دەدا خۆیان بگەیەننە ئاغا، بەڵام خەڵکەکە خۆیان بەسەریاندا دا و بێدەنگیان کردن:

– بێدەنگ بن! فزە نەکەن! خۆیەتی! قسە نەکەن. لێگەڕێن تا ئەم بەڵایەمان لەکۆڵ بێتەوە!

میراخوڕ بە پێکەنینەوە خۆی بەسەر مانۆلیۆسدا دا و ویستی پەتەکە بکاتە ملی، بەڵام ئاغا پاڵێکی پێوە نا، بۆ لای مانۆلیۆس ڕۆیشت و لەکاتێکدا کە دیقەتیی دەدا، تێیخوڕی:

– بکوژەکە تۆیت ئەی کافری چەپەڵ؟

– بەڵێ منم!

– تۆ ئەوت کوشتووە؟

– گوتم من بکوژەکەم. من لەدار بدە و واز لە پانایۆتیس بێنە. ئەو بێ گوناهە.

پانایۆتیس بە چاوانێکی زەق لە مانۆلیۆسی دەنۆڕی. دەمی لێکدا لێکدا دەکرایەوە و دادەخرا و سەرسوڕمان لەجووڵەی خستبوو. نەیدەتوانی بدوێت ... ئاخۆ هەر بەڕاست مانۆلیۆس بکوژەکە بوو؟ لەدڵی خۆیدا گوتی:" نا! نا! ناشێ ئەم نارەسەنە بیەوێت لەپێناوی ڕزگارکردنی گیانی مندا خۆی بە کوشت بدات؟" لەکاتێکدا کە بە توندی پەلی دەکوتا، هاواری کرد:

– قاییل نابم!

میراخور قامچییەکەی هەڵگرت و هاواری کرد:

– قەپۆزت داخە ئەی کافری مەلعوون!

ئاغا مەستیی بەریدابوو، لە مانۆلیۆسی دەنۆڕی و هەوڵی دەدا لە مەسەلەکە حاڵی بێت:

– هەی لەعنەتیی بۆ ئەوت کوشت؟ مەگەر چی لێکردبوویت؟

– هیچ ئاغا. ئەو هیچی لیٚ نەکردبووم. شەیتان هانیدام بیکوژم. شەوێکیان دەنگێکم لە خەونمدا ژنەڤت و گوتی:" بڕۆ بیکوژە!" منیش نیوەشەو لە چیاوە دابەزیم و کوشتم. زیاتر لەوە هیچ شتێکی تر مەپرسە و لەدارم بدە!

میراخوڕ گوریس بەدەست هاتە پێشێ و دەستی مانۆلیۆسی گرت. ڕێك هەر لەو کاتەدا هاوارێکی نائومێدانە لەنێو ژنەکانەوە بەرزبۆوە:

– ئاغا ئەو بێ گوناهە! گویٚ لە قسەکانی مەگرە! ئەو بێ گوناهە! بێ گوناه، بێ گوناه!

ژنانێك کە لەدەوروبەری کاتریناادا بوون، خۆیان بەسەریدا دا تا دەمی داخەن:

– ئەی سۆزانیی کڕبە!

بەڵام بێوەژن هاواری کرد:

- ئەو خەریکە لەپێناوی ئاواییدا خۆی بە کوشت دەدا. مەگەر ئێوە ڕوحمتان نییە؟

ژنان بە ئەرزیاندا دا و بە لەقە تێی بەربوون. بەڵام وی بە دەست و پەل کوتانەوە هەروا هاواری دەکرد:

- مانۆلیۆسی من! مانۆلیۆسەکەم!

سێ هاوڕێکە دواجار توانیان ڕێگەیەك بکەنەوە و خۆیان بگەیەننە ئاغا:

- ئەو بێ گوناهە! بێ گوناه!

میکیلیس گوتی:

- ئاغا، سەرم بە بارمتە دادەنێم کە ئەو بکوژ نییە... ئەو شوانی ئێمەیە و پیاوێکی پیرۆزە. حەقت بەسەرییەوە نەبێ!

ئاغا تیامابوو. دەنگی هاوار لەهەر لایەکەوە دەگەییە گوێی، جەنازەی یوسفۆك لەبەردەمیدا و لەوەی کە نەیدەزانی چ بکات تووڕە ببوو. بە زەینێکی شپرزە تەماشای مانۆلیۆسی دەکرد و لەخۆی دەپرسی:" ئاخۆ ئەو بکوژەکەیە؟ ناشێ شێت یاخۆ قەدیس بێ؟ نەفرەت

لە شەیتان! تێناگەم." ئیدی دواجار لە تووڕەییدا تەقییەوە، ڕووی کردە میراخوڕ، بە پەنجە مانۆلیۆسی پیشاندا و نەڕاندی:

– بیبەرە زیندان تا سبەینێ خۆم بڕیار دەدەم!

ئەوسا ڕووی کردە ئامادەبووان و هاواری کرد:

– لەعنەت لە ئێوەی ئەی کافران! لێرە مەمێنن و ئیدی نامەوێ سەروفەساڵتان ببینم!

خەڵکەکە هەراسان بەڵام شادومان بڵاوەیان لێکرد. هاوسێکان لەدەوری یەکتری کۆدەبوونەوە تا لە مەسەلەکان بدوێن و لەوەی کە بکوژەکە دۆزرایەوە سوپاسی خودا بکەن. یەکێك پرسی:

– پێتان وایە ئەوە کاری مانۆلیۆس بێ؟ ئەو قەدیسە؟

یەکێکی تر وەڵامیدایەوە:

– هاوسێ زۆر بۆی دامەچۆ. چ جیاوازییەکی هەیە گەر ئەو بکوژەکە بێ یان یەکێکی تر. هەر ئەوەندە بەسە خۆی ددانی پییێدا نا! دەی با لە داری بدەن و ئێمە بە سلامەتی، گیان لەم مەهلەکەیە بەدەر ببەین. گرینگ

ئەمەیە و ئیدی شتەکانی تر زیادەن! خودا خۆی بیبەخشێت!

– بەڵام نازانم بۆچی ئەو خۆی تاوانبار دەکات. بێگومان ئەو بکوژەکە نییە. تەنانەت ئەگەر بکوژەکەیش بێت ...

– بابە مەگەر مانۆلیۆس ناناسیت؟ کوڕێکی زۆر شەریف بەڵام سادە دڵە. ئەو خۆی تاوانبار کردووە تا ئاوایی ڕزگاری بێت ... گوێت لێیە؟ ئەو دەیەوێ خۆی بکاتە قوربانیی بۆ ئەوانیتر ... ئەگەر کەمێك ئەقڵی با هەڵبەت وای نەدەکرد. کەواتە دەبێ لێیگەڕێن تا چی پێ خۆشە ئەوە بکات. ئەو خۆ کەس چاوەڕێی نییە.

سێ هاوڕێکە لە ماڵی میکیلیس کۆببوونەوە. یاناکۆس لەکاتێکدا کە بەسەری خۆیدا دەکێشا، گوتی:

– هەمووی خەتای منی گەمژەیە! نەدەبوو لێگەڕابام لەچیا هاتبایە خوارەوە. هیچ نەدەبوو مەسەلەکەم بۆ باس کردبا، بەڵام مەگەر دەمتوانی پێشبینیی بکەم کە ئاوهایی دەکەوێتەوە؟

میکیلیس بە چرپە گوتی:

– ئەو قەدیسە ... و دەیەوێ خۆی بکاتە قوربانی تا ئاوایی ڕزگاری بێت ...

کوستانتیس نائومێدانە هاواری کرد:

– دەبێ مانۆلیۆس ڕزگارکەین. دەبێ ڕزگاریکەین! دەبێ!

میکیلیس گوتی:

– من ئەگەر توانای مانۆلیۆسم هەبا ئەوا ئامادە نەبووم قەبوڵی بکەم کە چ کەسێك بۆ ڕزگار بوونم بێت ... بروسکەی چاوانیتان بینی؟ چ ڕوخسارێکی نوورانیی و پتەوی هەبوو! ئەو هەر ئەو کاتە چووبووە بەهەشت! ئیدی بۆچ دەبێ دووبارە بۆ سەر ئەرزی بگەڕێنینەوە! ئای خۆزیا خۆیشمانی لەگەڵ دەبووین.

یاناکۆس وروژاو گوتی:

– بەڵام ئێمەیش دەتوانین لەگەڵیدا بین. وەرن با هەر ئێستا سێ قۆڵی بچینە لای ئاغا و پێی بڵێین کە ئێمە هەرسێکمان شەوانە چووینە ماڵەکەی و یوسفۆکمان کوشت. کەواتە دەبێ ئێمە هەر چوارمان بە

دارچنارەکەوە لەدار بدات! ئەوکات هەرچوارمان دەچینە بەهەشت.

میکیلیس سەری بادا:

- یاناکۆس گیان من ناوێرم! مەگەر دەتوانم ماریۆری بە تەنیا جێبێڵم؟

کوستانتیس گوتی:

- منیش خاوەن ژن و منداڵم و ناتوانم.

یاناکۆسیش لە فیکرەوە چوو:" ئەدی مەگەر من دەتوانم گوێدرێژەکەم بە تەنها جێبێڵم؟" بەڵام ئەو قسەیەی نەهێنایە سەر زار.

لەتەواوی ئەو ماوەیەدا چوار ڕیش سپییەکە لە زینداندا پاڵ بەدیوارەوە لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون. هیچ دەنگێك نەدەهاتە گوێ. ڕوناکی کزی چرایەك لە کلاوڕۆژنەی ساپیتەکەوە بۆ ناوەوە دەهات. پاتریارکاسی پیر بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

- برسیمە ...

باوە گریگۆریس گوتی:

– ئێمە هەموومان برسی و تینووین. بەڵام بەخۆڕاگرییەوە بەرگە دەگرین. خودا لەم بێشەی شێرەدا لەگەڵماندایە. متمانەتان هەبێت!

مامۆستا گوتی:

– ئەلعان دەبێ خەریکی لەداردانی پانایۆتیسی داماو بن. سبەینێش نۆرەی ئێمەیە. کەواتە وەرن با پیاو بین و بەسەر برسێتیی و تینوێتیی و ترسدا زاڵ بین ...

ئەوسا ڕووی کردە کەسەکەی لایەوە و گوتی:

– لاداس ئازابە! ئێستا لە قسەکەی من حاڵی بوویت؟ بیرت دێ چەند جارم پێگوتیت پارەپەرستیی کەڵکی نییە و ناتوانیت هیچکام لە سندووقە پڕ لە زێڕەکانت لەگەڵ خۆتا بۆ نێو گۆڕ ببەیت؟ وەرە و یەك کاری باش ئەنجام بدە، تا کاتێك کە لە حزووری خودادا ئامادە دەبیت، ئەم کارە شەفاعەتت بۆ بکا! ڕات چییە؟ بزانە ئەگەر بە قسەم نەکەیت ئەوا ژێوان دەبیتەوە!

لاداس هەناسەیەکی هەڵکێشا. سەری کە لە سەری مریشکی ئاوەڕووتکراو دەچوو، بەرەو لای مامۆستا

وەرگێڕا و بێ ئەوەی وەڵامێك بداتەوە بە نەفرەتەوە دیقەتیدا.

باوە گریگۆریس لەسەر قسەكانی مامۆستا ڕۆیشت:

- سبەینێ نۆرەی تۆیە لاداس! تۆ دەبێ لە حزووری خودادا ئامادە بیت و ددان بە گوناهەكانتا بنێیت. كارە باش و خراپەكانی خۆت بهێنەوە یاد و تا درەنگ نەبووە داوای لێبوردن لە خودا بكە.

لاداس پێدەچوو ویژدانی ئازاری بدا، بە ورتە ورت گوتی:

- من نە خراپەم بەرامبەر بە هیچ كەسێك كردووە و نە چاكە. چ كەسێكیشیم نەكوشتووە. من بێ گوناهم!

پاتریاركاس بە دەنگی بەرز گوتی:

- لاداس تۆ خراپەت بەرامبەر كەس نەكردووە؟ مادام وای لێهات و ئێستا كە لەوەداین بچینە حزووری خودا، ئەوا با هەموو شتەكان بڵێم. من ئیدی ناتوانم بە بێدەنگیی دانیشم! هەی ناڕەسەن تۆ خراپییت بەرامبەر كەس نەكردووە؟ باشە ئەدی كێ خانووەكەی ( ئانەزینا ) ی بێوەژنی فرۆشت؟ كێ ڕەز و كێڵگەكەی ( ئانێستێس

) ی هەڵلوشییی؟ ئەی ئەو هەتیوانەی کە ئاوارەی کۆلانەکان بوون؟ کێ (ئارژێرۆلا) ی کچتی کوشت؟ تۆ خۆت ئەوت کوشت. لە ڕەزیلی خۆتدا کوشتت! ئەلعان بڕۆ و لە حزووری خودادا سزای خۆت وەربگرە!

تووڕەیی باڵی بەسەر لاداسدا کێشا، وروژاو لە جێگاکەی دەرپەڕی و قروسکە قروسك گوتی:

– تۆ پووش لە چاوی خەڵکیدا دەبینیت، بەلام یەك گونییەی گەورە لە چاوی خۆتا نابینیت؟ هێند چاوقاییمیت تۆمەت دەدەیتە پاڵ خەڵکانی تر؟ هەی بەدبەخت، منیش گەر بمەوێت کارە پۆخڵەکانت بژمێرم ئەوا تا سبەی لێنابمەوە. ئەدی بەڕاست تۆی بەرازی پۆخڵ بۆچی بۆ ئەم دونیایە هاتوویت. هەمیشە وەکی دێو دەخۆیت و وەکی گا دەخۆیتەوە. ئەم گوندە و گوندەکانی تریشت پڕ لە نەوەی حەرام کردوون. یەك تەمەن بە تەمبەڵیی و خۆخۆشویستن گوزەراندووتە و بە بەرتیل و مامەحەمەیی دڵی تورکت بۆ لای خۆت ڕاکێشاوە و هاوکاریت کردوون ... خودانەکان، ئەسقەفەکان، قەشەکان و تورکان هەر هەموویيت وەکی

ئەنگوستیلە کردوونەتە پەنجەت ... ئەدی مەگەر خۆت دیقی مەرگت بە ژنە نازدارەکەت نەکرد؟ ژنەی داماو لە حەژمەت بەرەڵایی تۆ دیقی مەرگی کرد. تۆ بوویتە باعیسی مەرگی وی!

پاتریارکاس ڕاپەڕی و ویستی چنگ بنێتە بینی، بەڵام ئەوانی تر لێنەگەڕان و لەیەکتریان جیاکردنەوە.

لاداس لە تووڕەییدا دەسووتا. سەراپای تەمەن هەمیشە بەرگەی گرتبوو، خۆی بە کوێریی و کەڕیی و ناحاڵیی پیشاندابوو. درۆی کردبوو، کڕنوشی بردبوو تا پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانا باش بێت. بەڵام هەنووکە کە لەبەر قاپی مەرگدا ڕاوەستابوو، ئیدی نەیدەتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ و دەیویست خۆی بەتاڵکاتەوە. دەیویست هەموان ڕیسوا بکا و تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە پێیانوابوو لەو باشترن. لەوەدابوو ئەوەی لە بن بەڕەدا بوو بیهێنێتە سەر بەڕە. لەهیچ شتێك نەدەترسا، ئاخر ئیتر پێویستی بە هیچ نەبوو! بۆیە ڕووی کردە قەشە و گوتی:

- ئەدی تۆ ئەی کەڵەکچی! تۆیەك کە چاوەڕێیت گوێ بۆ ددان پیانانەکانم ڕادێریت. تۆ خۆت لەبەرامبەر خودادا چ وەڵامێکت هەیە؟ تۆ کە وەکی تاوس لەنێو ئاواییدا خەرامان دێیت و دەچیت، وەکی بەراز دەخۆیت و خۆ ئەگەر هەژارێك لە دەرگای ماڵەکەت بدا ئەوا بە زگی تا قوڕقوڕاگە تێر و نەوای چەور و نەرمت دەڵێیت:" خودا بتبوورێت برا، من خۆیشم برسیم." ئەوەیش ڕێك لەکاتێکدا کە ڕۆن لە ڕیشتەوە دەتکێت هەی پیرە سەگ! وای لە حاڵی داماوێك کە بمرێ و پارەی کفن و دفنی نەبێت. هێند لاشەکەی لەسەر ئەرز دەهێڵیتەوە تا بۆن دەکا! هەمیشە دەستت درێژە و مەسیحت خستۆتە هەڕاجەوە، بۆ تەبەڕوك نرخێکت داناوە، بۆ غوسڵ نرخێك و بۆ عەرووسیش نرخێك! تۆ وەکی سووخۆران نرخت بۆ چوونە بەهەشت داناوە و بە دەرگای بەهەشتتەوە کردووە:" ڕەعییەت پارە بدەن. پارە بدەن تا بتوانن بچنە بەهەشت!" ئەلعانیش ئەم پارە پەرستە دەیەوێ گوێ لە ددان پیانانەکانی لاداسی پیر ڕادێرێت. ددان پیانانی پیرەمێردێکی سەرڕاست کە

تەواوی عومر برسێتیی چەشتووە و یەك پەرداخ شەرابی ئیسراحەت بە گەروویدا نەچووە. هەمیشە شڕپۆش و پێ پەتیی بووە و زگی وەکی زگی زاهیدان بەتاڵ بووە... وا باشترە من گوێ لە ددان پیانانەکانی تۆ ڕادێرم ئەی خۆپەرستی بێفەڕ!

باوە گریگۆریس سەری داخستبوو، بە ڕواڵەت بە خۆنەویستییەوە گوێی ڕادەدێرا. بەڵام لە ناوەوە خوێنی هاتبووە کوڵ. حەزی دەکرد خۆی بەسەر ئەو ئەو ملە ئێسکنەدا بدا، بایدا و ڕستە گوتراوەکانی لە گەرووە لەعنەتییەکەیدا بتاسێنێت. تەححا ئەو پیاوە ناچیزەیە چۆن توانیویەتی ئەو هەموو ژەهرە لە دەروونی خۆیدا کەڵەکە بکات! ساڵانێك لە مێشکی خۆیدا بیهێڵێتەوە و بە یەکجار و لەیەك شوێندا هەموو ئەو شتانەی کە قورساییان خستۆتە سەر دڵی، بڕشێنێتەوە!

بەهەرحاڵ هەناسەیەکی لە دڵەوە دەرکێشا و گوتی:

– بەردەوامبە. لاداس گیان بەردەوامبە! مەسیح لە منی گوناهباری داماو زیاتر ڕەنجی کێشا و مۆڵەتیدا جنێوی پێبدەن، تۆمەتیان دایە پاڵی و بەر قامچییاندا و لە

خاچیاندا. بێ کەمترین گلەوگازندە! ئەوکات دەتەوێ من گلەیی بکەم؟ لاداس گیان بەردەوامبە!

لاداسی پیر کە نەچووببووە ژێر کاریگەریی قسەکانییەوە، دەمی کردەوە تا قسان بکا، بەڵام مامۆستا کەوتە ناوبژیوانی و گوتی:

– عەیبە برایان! لە چەند سەعاتێك زیاتر تەمەنمان نەماوە، لەبری ئەوەی ڕۆحمان بەئاراستەی خودا بەرین، کەچی بە حەقارەتەکانی ئەرزەوە نووساوین .. لاداس بەسە، تۆ کە هەرچیت لەدڵدا بوو ڕشتت. ئیدی بەسە! ئێوەیش برایان، وەڵامی مەدەنەوە. گوناهەکانی ئینسان زنجیرەیەکی بێ کۆتاییە!

لاداسی پیر بە تەوسەوە گوتی:

– ئەی مامۆستای داماو. دەتوانم چ بە تۆ بێژم؟ بە ئەقڵی تۆ جیاوازی نییە لەنێوان جلکی چڵکن و پاقژدا. تۆ بە مێشکە گچکەکەت کە هێندەی مێشکی پاسارییەکە نە دەتوانی چاکەی گەورە بکەیت و نە خەراپەی گەورە! دەشێ حەزت کردبێ چاکەی زۆر بکەیت! بەڵام هەی داماو لە قەرەی نەهاتوویت! ئاخر تۆ فرۆشیارێکی بێ

نەوا بوویت کە جگە لە تەختەڕەش، قەڵەم، وێنەچەسپ، لاستیك و دەفتەرچەی هەرزان چ شتێکی ترت نەفرۆشتووە ... مەگەر لە یەك مامۆستای قوتابخانە زیاتر بوویت؟ هەڵبەتە قسەی پڕوپووچت فرۆشتووە کە تەنها بە کەڵکی خۆت هاتوون ... تۆیش بڕۆ عارەبانەکەت ڕاکێشە!

لاداس پەلەی بوو تا هەرچی زووتر ئەوەی کە لە دڵیدایە و بیڵێ و دامرکێتەوە. ئەوسا ڕووی کردە دوو کەسەکەی تر و بە چاوانێکی پرشنگدار و دەنگێکی تیژی زیقن گوتی:

- ئەمە چ قلافەتێکە بە خۆتانەوە گرتووە؟ هەر تفێك لەسەرەوە هەڵدرێ بەر دەموچاوی خۆتان دەکەوێ. خەتای خۆتانە. خۆتان ویستتان!

باوکە گریگۆریس چاوێکی لە پاترپارکاس داگرت کە وەڵام نەداتەوە، خودانی پیریش خۆی خواردەوە و هیچی نەگوت، کوتوپڕ مامۆستا لە جێگەکەی ڕاپەڕی، دەنگی نزیکبوونەوەی هەنگاوگەلێکی ژنەڤتبوو:

- خەریکن دێن ...

دڵی لەلێدان کەوت. باوکە گریگۆریس ڕووی کردە لاداسی پیر، دەستی بۆ بەرەکەتدانی هەڵبڕی و بەشکۆیانە گوتی:

- خودا بتبەخشێت سەرەڕای هەموو ئەو قسانەی کە لەزارت دەرپەڕین، هەموو ناپاکییەکانی ڕۆحت بۆ دەرەوە ڕشت بێ ئەوەی بتەوێت ددان بە گوناهەکانتا بنێیت. خودا لە هەموو ئەو خەراپەکارییانە بتبەخشێت کە سەراپای عومرت کردووتن! هەستە لاداس ئیدی نۆرەی تۆیە!

لاداس ی پیر لەرز دایگرت و تەختی عەردەکە بوو.

یەکەمجار دەنگی هاوار و جنێو و لەقەپێداکێشان بیسترا. پاشان دەرگای زیندان کرایەوە و میراخوڕ بە گوشارێکی توند پانایۆتیس و مانۆلیۆسی تووڕ هەڵدایە زیندانەکەوە. هەردووکیان بەر دیوارەکە کەوتن و دەمودەست دەرگای زیندان داخرا.

پاتریارکاس گوتی:

- مانۆلیۆس ئەوە تۆ لێرە چ دەکەیت؟ تۆیان بۆچی بۆ ئێرە هێناوە؟

مامۆستا گوتی:

– ئەی پانایۆتیسی نەفرەتی ئەدی تۆ هێشتا زیندوویت؟ لەداریان نەدایت؟ باشە سوپاس بۆ خودا!

پانایۆتیس خۆی کۆکردەوە و نەڕاندی:

– بێدەنگ بە!

لاداس سەری هەڵبڕی. دیقەتی پانایۆتیسیدا و دەستی ڕایەڵ کرد تا لەمسیکات:

– ئەوە مەلعون هێشتا ماویت؟ ئەی لەداریان نەدایت؟ ئاغا بڕیارەکەی گۆڕیوە؟ وەڵامدەوە! بڕیارەکەی گۆڕیوە؟

وایگوت و لەکاتێکدا کە دڵی بەتوندی لێیدەدا هەروا پرسیارەکەی دووبارە دەکردەوە، بەڵام چ وەڵامێکی نەبیست. باوکە گریگۆریس گوتی:

– مانۆلیۆس ڕاکشێ و هیلاکیی خۆت دەرکە!

خودان فەرماندەرانە گوتی:

– مانۆلیۆس قسان بکە و زیاتر لەمە ئەزییەتمان مەدە. چما بکوژەکە دۆزراوەتەوە؟

– بەڵێ.

چوار ڕیش سپییەکە بەرەو لای کەوتنە خۆ و بەیەك دەنگ پرسییان:

– کێیە؟

– من!

– تۆ!

هەرچواریان کە چاویان لێی بڕیبوو، بە حەپەساویی کشانەوە. ماوەیەکی درێژ کەس هیچی نەگوت تا دواجار خودان کە بە باشیی ڕابردووی مانۆلیۆسی دەزانی، ناڕازییانە گوتی:

– نابێ. شتی وا نابێ. نا، نا! نەفرەت لە شەیتان!

مامۆستا گوتی:

– منیش باوەڕ ناکەم. بۆچ دەبێ تۆ ئەوت کوشتبێ؟ ئاخر مەگەر پیاوکوشتن لە تۆ دەوەشێتەوە؟ نا تۆ ناتوانیت شتی وا بکەیت!

تەنیا باوکە گریگۆریس بوو کە تەماشای مانۆلیۆسی دەکرد و هیچی نەدەگوت.

پاتریارکاس پرسی:

– مانۆلیۆس بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟

مانۆلیۆس ئارەقەی ڕوخساری سڕی و گوتی:

– خودان گەرەکتە چ بڵێم؟ من بکوژەکەم و چ قسەیەکی ترم نییە. مەگەر ئەمە بەس نییە؟

لاداس هاواری کرد:

– با بەسە. کوڕەکەم بەسە. بکوژەکە دۆزراوەتەوە و ئیدی ئێمە ڕزگارمان بوو. دواجار خودایەك هەیە!

مانۆلیۆس خۆی بۆ ژێر پرشنگی کلاوڕۆژنەی ساپیتەی زیندانەکە کشاند، ئینجیلەکەی لەژێر جلکەکەیدا دەرهێنا و خواوەکیلی کردییەوە و کەوتە خوێندنەوە. ئیدی ئەو لە ئادەمیان دوور کەوتبۆوە، لەگەڵ قوتابییەکانی مەسیحدا بۆ گوێ زەریاچەی ناسیرە دەڕۆیشت و لەگەڵ مەسیحدا لە بەلەمەکەدا دانیشتبوو. بەلەمەکە بەنێو زەریاچەکەدا دەچووە پێش، بایەکی توند هەڵیکرد. مەسیح ماندوو لە مەوعیزە لەبەشی پێشەوەی بەلەمەکەدا و لەسەر تۆڕەکانی ماسیگریی خەوی لێ کەوتبوو. هەر لەو کاتەدا بای باکوور لەلای چیاکانی گلادەوە هەڵیکرد و زەریاچە خرۆشا. شەپۆلەکان خۆیان بە پەیکەری بەلەمەکەدا دەکێشا و قوتابییەکانی مەسیح

که لەترسدا هەڵدەلەرزین، گوتیان:" تیاچووین. نابووت بووین! دەبێ مەولا خەبەر بکەینەوە!" بەڵام کەس جورئەتی شلوێکردنی ئەو خەونە مەلەکوتییەی نەبوو. پەترۆس نزیکی مەسیح بۆوە، بەسەریدا دانەویۆوە و لەبەر پرشنگی ڕووناکییدا، ڕوخساری ئەوی شادومان و ئارام و خەندان بینی. قوتابییەکان بەیەکترەوە لکابوون و بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد:" خەبەری کەوە! خەبەری کەوە!" پەترۆس جورئەتیدایە بەر خۆ، دەستی ڕایەڵ کرد و بە هێوریی لەسەر شانی مەسیح داینا:" ئەی مەسیح هەستە وا خەریکین غەرق دەبین!" مەسیح چاوانی کردنەوە، تەماشای قوتابییە هەڵلەرزیوەکانی خۆی کرد و بە قەهرەوە گوتی:" ئەم هەموو ماوەیە لەنێو ئێوەدا بووم و هێشتا ئیمانتان نەهێناوە؟" ئەوسا هەناسەیەکی هەڵکێشا، لەجێگەکەی هەستا، دەستی هەڵبڕی و فەرمانی بە با دا:" بێدەنگ بە!" وایگوت و دەستی بەرەو لای زەریاچەی هەوسار پچڕاو دانەواند و فەرماندەرانە گوتی:" ئارام بگرە!" ئیدی باکە خستی،

شەپۆلەکان نیشتنەوە، ئاسمان کرایەوە و دونیا نویێ بۆوە.

مانۆلیس سەری لەقاند و تەماشایەکی پێنج هاوزیندانییەکەی خۆی کرد. چاوە شینەکانی وەکی ئاوی زەریاچەی ناسیرە ئارام بوون و لە شادومانییدا پرشنگیان دەدا.

لاداس کە هەمدیس گیانی وەبەردا هاتبۆوە، پیاسەی دەکرد و دەستی بەیەکتردا دەهێنا:

– سوپاس بۆ خودا کە بکوژەکە دۆزراوەتەوە و ئێمە ڕزگارمان بوو. مانۆلیۆسی داماو، بەزەییم پێتدا دێتەوە. بەڵام بەهەرحاڵ باش بوو. تۆ هەژار و بێ پلەوپایە و گەنج و هێشتا تامی ژیانت نەچەشتووە. بۆیە هیچ گرینگ نییە بمریت! بەختی من بوو کە تۆ ئیعتیرافت کرد و ڕزگارم بوو!

ڕاوەستا. تەماشایەکی هاوڕێکانی کرد، لچی هەڵقورتاند و لە فیکرەوە چوو: " ئێستا چۆن مەسەلەکان بهێنمەوە شوێنی خۆیان؟ ئێستا کە خەتەری مەرگ هەڵگیراوە، چۆناوچۆنی لەگەڵ ئەم قەشە نارەسەن و ئەم

پاتریارکاسە لەعنەتییەدا کە پێمگوت بەرازی پیس، ئاشت ببمەوە؟ مامۆستا هیچ گرینگ نییە بەڵام لەگەڵ ئەم دوو نەفەرەدا چ بکەم؟ زۆر پێم لێ هەڵبڕی و ئێستایش دەبێ باجەکەی بدەم. بەهەرحاڵ ئەوەی نەدەبوو ڕوویدا، ڕوویدا و ئەمەش کە بەختم هێنای و ڕزگارم بوو، بۆخۆی زۆر زۆرە!"

پاتریارکاس بە سەرسوڕماویی تەماشای مانۆلیۆسی دەکرد کە قووڵ ڕۆچووبووە نێو ئینجیلەکەوە. دوای تاوێك بەگوێی قەشەدا کە لەلایەوە دانیشتبوو، چرپاند:

– باوکە بیرۆکەیەکم بۆ هاتووە!

باوکە گریگۆریس کە لە مەبەستەکەی حاڵی ببوو، کۆکەیەکی کرد و گوتی:

– خودان زۆر پەیجۆریی مەکە. بهێڵە ئەوەی خودا ویستی هەمان ئەو چتە ڕووبدات!

– بەڵام ئەدی ئەگەر بێ گوناه بێ چۆن؟ ئەگەر لەپێناو ڕزگارکردنی ئاواییدا ئەم کارەی کردبێ چۆن؟ لێگەڕێین خۆی وەك بکوژ بناسێنێت؟ ئەمە تاوانە؟ تۆ گوناهی ئەم کارە دەخەیتە ملی کێ؟

– خودا بەخشندەیە و دەمبەخشێت.

– خودا ڕەنگە تۆ ببەخشێت، بەڵام ئەی خەڵك چۆن؟

قەشە لەخۆباییانە وەڵامیدایەوە:

– کاتێ لەگەڵ خودای خۆمدا ڕاستگۆ بم ئیدی بۆ لە خەڵك بترسم؟

– مەبەستت چییە؟

مامۆستا کە بۆ گوێ ڕادێران نزیکیان ببۆوە، هاتە نێو وتووێژەکەوە:

– نابێ قورس وەربگیرێت و دەبێ کارەکان بە خودا بسپێردرێت ... وێڕای ئەمەش بیرمان نەچێت کە مانۆلیۆس بەم کارە ڕۆحی خۆی ڕزگار دەکات. ئەدی حیسابی ئەمە ناکەن؟

قەشە دەستی هەڵبڕی و گوتی:

– کرۆکی مەسەلەکە ئەمەیە ... گەرچی ئەو ژیانی تێپەڕ لەدەست دەدا، بەڵام لەبری ئەوە دەگاتە ژیانی نەمریی ... ڕێك وەك ئەوەی لیرەیەکی مس بدەیت و یەك ملیۆن لیرەی زێڕ وەربگریت ... خەیاڵتان ئاسوودە بێت. مانۆلیۆس خۆی دەزانێت چ دەکات.

ماموستا بە زەردەخەنەیەکی پڕ مانا لە مانۆلیۆسی دەنۆڕی، مەتەڵەکەی هەڵێنا:

– لەڕاستیدا دەبێ بگوترێ کە ئەو کەسێکی زرینگە!

مانۆلیۆس نیگای ڕۆبردبووە نێو ئینجیلەکە و ڕوخساری پرشنگی دەدا. لەم کاتەدا میراخوڕ هاتە ژوورەوە، هەڵیکوتایە سەری و یەخەی گرت:

– بکەوە ڕێ ببینم هەی کافر. ئاغا دەیەوێ بتبینێت.

مانۆلیۆس بەرلەوەی بجوڵێت خاچی کێشا و چرپاندی:

– خودایا بەئومێدی تۆ!

ئاغا چوارمشقی دانیشتبوو، سەبیلە کلك درێژەکەی دەکێشا. یوسفۆکیش لەپاڵیدا بوو. کات نیوەڕۆ و گەرما بۆژۆکەر. یوسفۆك کەم کەم بۆنی دەکرد. مارتای پشتکۆم بێ خشپە هاتە ژوورێ و بە ئەسپایی چەپکە گوڵێکی لە یاسەمین و مێخەك لە پای نەعشەکە دانا کە لەوەدا بوو بۆنی دەکرد، لەبەرئەوەی مارتا توانای بەرگەگرتنی بۆنی ناخۆشی نەبوو، بۆیە بە پەلە چووە دەرەوە.

ئاغا تا بڵێی غەمبار و ڕۆچوو لەنێو خایلەکانیدا، مژی لە سەبیلەکەی دەدا. شەکەت و ئارامتر دەینواند. لە بەیانییەوە بەخۆی دەگوت:" قەدەر وابوو!" ئیدی ئەم باوەڕەش سەبووری دەدایەوە. باری بەرپرسیاریەتییەکەی خستبووە سەر شانی خودا و سوکنایی هاتبۆوە. مەگەر دەکرێ ڕەخنە لە خودا بگیرێت؟ خودا خۆی ویستوویەتی و ئەنجامی داوە. هەرچی خواستی خودایش بێ ئەوە ڕوودەدات. دەبێ سەری بۆ نەوی بکرێ و پێی ڕازی بین! ئەوە خواستی خودا بوو کە ئەو، واتە ئاغای گوندی لیکوڤریسی یوسفۆکی لە ئەزمیر بینی و ئەوە قەدەر بوو کە بکوژرێ و بکوژەکەیش دەستنیشان کرابوو... کەواتە ئەوەی ڕوویدا بوو حوکمی پەروەردگار بووە و دۆزینەوەی بکوژەکە هیچ لە چارەنووسی ناگۆڕێ.

ئاغا هاتنە ژوورەوەی مانۆلیۆسی بۆ ژوورەکە بینی. سەبیلەکەی لەسەر دۆشەکەکە دانا. باسکی لێکنا و بە ئارامیی گوتی:

– مانۆلیۆس گوێ ڕادێرە بزانە چ دەڵێم.

وایگوت و ڕووی کردە میراخوڕ:

– ئیشم بەتۆ نییە. بڕۆ لەودیو دەرگاوە چاوەڕێ بە!

وایگوت و هەمدیس ڕووی بۆ لای مانۆلیۆس وەرگێڕا و چاوی بڕییە چاوانی:

– خەونم بینیوە کە تۆ یوسفۆکەکەی منت نەکوشتووە، بێدەنگبە کافر بهێڵە با قسە بکەم– تەنها بۆ ڕزگارکردنی ئاوایی تاوانەکەت خستۆتە ئەستۆی خۆت. تۆ یان شێتیت یاخۆ قەدیس ... ئەمەش بەخۆتەوە پەیوەستە... بەڵام بەهەر حاڵ ئاسوودەخەیاڵ بە کە بە ئارەزووی دڵی خۆت دەگەیت و لەدارت دەدەم. بەڵام دەمەوێ بزانم ئایا تۆی لەعنەتی یوسفۆکەکەمت کوشتووە یان نا؟

مانۆلیۆس بەزەیی بە ئاغادا هاتەوە. ئاخر ئەو هەرگیز کەسێکی هێند خەمین نەبینیبوو. ئاغا ئیدی ئاژەڵێکی دڕندە و دڕ نەبوو، بەڵکو ئازار کردبوویە ئینسان. مانۆلیۆس بۆ ساتێك دوودڵ بوو، بەڵام زۆر زوو بەخۆیدا هاتەوە و سەری هەڵبڕی:

– ئاغا شەیتان هانی بۆ ئەو کارەدام. قەدەر وابوو کە من ئەو بکوژم.

ئاغا پاڵی بەدیوارەکەوە دایەوە، چاوانی لێکنا و لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەڵڵا، ئەڵڵا! دونیا جگە لە خەو و خەیاڵ چ شتێکی تر نییە! من هەتیو کەوتم!

پاشان چاوی کردەوە، دەستی بەیەکدا دا و میراخوڕ هاتە ژوورەوە.

– بیبەن و مەغریب لەداری بدەن!

*

لەو ماوەیەدا هەر سێ هاوڕێکەی مانۆلیۆس، واتە میکیلیس، کوستانتیس و یاناکۆس لە دەرگای یەکە بەیەکەی ماڵەکانی ئاواییان دەدا و گوندنشینانیان سوێند دەدا ڕێگە نەدەن بێ گوناهێك ببێتە قوربانی. یاناکۆس هاواری دەکرد:

– مانۆلیۆس بێ گوناهە! بێ گوناهە! ئەو تاوانەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی تا خەڵکی گوند ڕزگارکات ...

پیرەمێردێك لەوەڵامدا گوتی:

– ئێستا کەمێك بۆمان ڕوون بکەنەوە بزانین چیتان گەرەکە؟ ئامانجتان لەوە چییە کە ئێمە بچینە لای ئاغا و بۆی بسەلمێنین مانۆلیۆس بێ گوناهە؟ کە چ ببێت؟ کە ئاغا پێنج پێنج لەدارمان بدا و هەمووان بکوژێت؟ واتە لەبری یەك کەسی بێ گوناه هەزارەها بێ گوناه بکوژێت؟ ئایا ئەم کارە ڕاستە؟ ئایا ئەمە لە بەرژەوەندیی ئێمەیە؟ بەهەرحاڵ مانۆلیۆس خۆی بەدەستەوە داوە، کەواتە لێگەڕێن خۆی بکاتە قوربانی ئێمە. دواتر ئێمە وێنەی دەکێشین، لەسەر مەزارەکەی مۆم دادەگیرسێنین و ڕێك وەکی قەدیسان ستایشی دەکەین. بەڵام دەبێ یەکەمجار ئەو بمرێت ...

باوکی خێزانێك لە میکیلیسی پرسی:

– خودانی گەنج ... بڵێ بزانم تۆ خۆت منداڵت هەیە؟

– نا.

- کەواتە لەخۆڕا خۆت لەم مەسەلەیە هەڵمەقورتێنە و لێمان گەڕێ.

پیرێژنێك کە نەوەکەی لەسەر ڕانی هەڵدەپەڕاند، ڕووی کردە یاناکۆس و گوتی:

- یاناکۆس، بۆچی لەخۆتەوە چەنەبازیی دەکەیت. من هەزار مانۆلیۆس بە تەڵێك مووی نەوەکەم ناگۆڕمەوە.

یاناکۆس فرمێسکی چاوی سڕی و لەژێر لێوەوە گوتی:

- ئەمانە هەموو گیانەوەرانی دڕندەن، گورگن، ڕێوین!

میکیلیس گوتی:

- نا، گیانەوەری دڕندە نین. یاناکۆس گیان. مەردومن. وەرە با بڕۆین و لەخۆڕا کاتمان بەفیڕۆ نەدەین. هەرچی خودا بیەوێت ئەوە ڕوودەدات.

یاناکۆس نائومێدانە گوتی:

- تۆیش لەبیری باوکتدایت، چونکە ئەمە تاقە ڕێگەی ڕزگاربوونی ئەوە ...

میکیلیس بە فرمێسکەوە ڕووی وەرگێڕا و یاناکۆس شەرمەزارانە لەسەری ڕۆیشت:

– .... میکیلیس بمبەخشە. خۆیشم نازانم چ دەڵێم.
کاتێ نزیکی گۆڕەپانەکە بوونەوە، کاترینایان بینی کە بە جوانترین جلکییەوە وەکی بەلەمێکی چارۆکەهەڵدراو دەهاتە پێش. یاناکۆس پرسی:
– کاترینا، ئەوە بەم هەموو نازەوە بۆ کوێ دەڕۆیت؟ کۆڵانت پڕ لە بۆنی عەتر کردووە ...
بێوەژن بە هەڵڕشتنی فرمێسکەوە وەڵامیدایەوە:
– ئێوەی ترسنۆکان هیچتان لەدەست نایەت! من لێناگەڕێم بەو ئاسانییە بمرێت و وا دەچمە لای ئاغا.
کۆستانتیس بە سەرسوڕمانەوە پرسی:
– بۆ لای ئاغا؟ چ کارێکت بە ئاغا هەیە؟ هەمدیس گەرەکتە بچیت لەگەڵیدا بنوویت؟ فیلەکەت خەیاڵی هیندستان لە کەللەی داوە؟
یاناکۆس گوتی:
– کاترینا ترس مێشکی تۆیشی لەکار خستووە؟ باشە، هەر کارێکت لەدەست دێ بیکە ... خودا پشتوپەنات بێ!

کوستانتیس که له بەد زوبانیی خۆی ژێوان بوو، گوتی:

– بەڵام کاترینا گیان، ئاغا زۆر توورەیە و دەتکوژێت. بۆ ماڵەکەت بگەڕێوە!

– ئەم ژیانە بەکەڵکی چ دێت؟ تەنها ئارەزووم ئەوەیە مانۆلیۆس ڕزگارکەم!

وایگوت و ئیدی وەك بەلەمێکی چارۆکەهەڵداو بەنێوەڕاستیاندا تێپەڕی و ڕۆیشت. کاتێك که بە سەری بەرزەوە خۆی بە ماڵی ئاغادا دەکرد، گوتی:

– ئەو له هەموو ئێمە باشترە ...

هەوا گەرم و قورس. له دیوەخانەکەوە بۆنی تیژی گوڵەباخ و جەستەی بۆنکردوو دەهات ... ئاغا سەری نابووە سەر تەختەنوێنە گچکە ئاسنییەکەی یوسفۆك و بەدەم خەوەوە زەردەخەنەی دەهاتێ. ڕەنگبێ خەونی بینیبێ که هەموو ئەوەی ڕوویداوە له مۆتەکەیەك زیاتر نەبووە، چونکە هەر که له خەو هەڵدەسێ له بانیژەکە

دادەنیشێ و یوسفۆکیش لە لایەوە سەرقاڵی پڕکردنی جام دەبێ...

ئەو دوو کۆترەی لە بانیژەکە نیشتبوونەوە بە گمەگمەوە دەنووکیان لەیەکدی دەدا و ئاغا لە خەونیدا دەیبیستن و زەردەخەنەی دەهاتێ. لە حەوشە، بەلوعەی ئاو کرابۆوە و ئاو لەبەری دەڕۆیشت. سەگەکە لەسەر بەردچنەکە ڕاکشاو و بە زوبانی شۆڕەوە هانکەهانکی بوو. پشیلەیەکی قەڵەو و زل و ڕەش لەبەر سێبەردا چیچکەی کردبوو، چاوانی سەوز و نەوازشگەر و لەهەمانکاتدا نیگەرانی دەبریسکانەوە. کاترینا بەپەلە حەوشەکەی بڕی تا میراخوڕ و وەڕەی سەگەکە خافڵگیری نەکەن. بەڵام چ خەبەرێك لە میراخور نەبوو، سەگەیش بە نیشانەی ئاشنایی کلکی لەقاند. بێوەژن هەناسەی لەگەروودا بەند کردبوو تا ئەو بۆنە سەیر و دڵتێکدەرە نەیرشێنێتەوە. هەوا نە خۆش بوو نە خەراپ... کاترینا کون و قوژبنی ماڵەکە بەڵەد بوو. ئاخر شەوانێکی زۆر مارتا بە دزییەوە دەرگای بۆ کردبۆوە، ئەمەش کاتێك بوو کە ئاغا هێشتا تەنیا بوو. پێش

سەفەری ئاغا بۆ ئەزمیر و ئاشنابوونی بە یوسفۆك لە گەڕەکی تورکان، کاتێك لە چایخانەیەك لەسەر کورسییەکی سەدەف دانیشتبوو و گۆرانی ئامان ئامانی دەچڕی. ئاغا بە بینینی مناڵەی جوانکیلە هەناسەی لەبەر هەڵگیراو و ئیدی لەو ساتەوە کاترینای لە دڵدا ڕەویبۆوە. چەندین جار میراخوڕ بێوەژنەکەی وەیادهێنابۆوە، بەڵام هەموو جارێك ئاغا پێکەنیبوو. ڕۆژێکیشیان پێیگوتبوو:" هەی میراخوڕی نەفرەتی، ڕۆژێکیان پاشایەك هاوڕێکەی خۆی بۆ مەی خواردنەوە داوەت دەکات. یەك دەفر زەیتوون و یەك پیاڵە کافیاری ڕەش لەسەر سفرەکە دەبێ، بەڵام میوانەکە تەنیا کافیار دەخوا و دەم بۆ زەیتوونکە نابات. پاشا پێیدەڵێ: جەناب کەمێك زەیتوونیش بخۆ. میوانەکە وەڵامی دەداتەوە: خاوەن شکۆ خۆ کافیاریش چ عەیبی نییە!" میراخوڕ تێگەیشتیت؟ خۆ یوسفۆکەکەی منیش خەراپ نییە. میراخوڕ ئاوی دەمی قووتدابۆوە و ئیدی لەو ڕۆژەوە هەرگیز لەبارەی بێوەژنەکەوە لێوی بۆ قسە هەڵنەهێنابۆوە.

کاترینا حەوشەکەی بڕی، هاتە ژووریٚ و لەجێگەی خۆیدا وشك هەڵگەڕا. ئاوێنە گەورەکە، قەنەپە و چوارپایەی پۆشراو بە فەرش، مەقەڵی گەورەی مس و مێزەکان، هەموو شتێك ورد وخاش ببوو. ئاغا هەموو شتێکی ماڵەکەی کردبووە نیشانەی گوللە. بێوەژن هەڵدەلەرزی و بەخۆی دەگوت:" پانایۆتیسیش لە ماڵەکەی مندا هەمان ئەم کارانەی دەکرد."

دەنگێکی ژنەڤت و زوو بەزوو لەودیو قەنەپە شکاو و بەسەر یەکدا کەوتووەکانەوە خۆی حەشاردا. میراخوڕ لەبەر دەروازەکەدا وەدیارکەوت. گۆنا و چاوانی بەقووڵداچوو، لیك بەلالغاوەیدا دەهاتە خوارەوە و تەواوێك لە تارمایی دەچوو. کەمێك ڕاوەستا و لە دەوراندەوری خۆی نۆڕی، بەڵام هیچی نەبینی. هەناسەیەکی هەڵکێشا، لۆژ لۆژ بۆ حەوشە گەڕایەوە، لەپاڵ سەگەکەدا لێی ڕاکشا و کەوتە تەماشاکردن.

بێوەژن خاچی کێشا و لەدڵی خۆیدا گوتی:" ئەی مەسیح، تەنیا تۆ لە دڵی ژنان ئاگاداریت و لە گوناهەکانیان دەبووریت. داڵدەم بدە!" کاترینا حەمامی

کردبوو، ژێرکراسی گۆڕی بوو، جوانترین جلکی پۆشیو و گولاوی لە پرچی دابوو ... هەمدیس بەخۆی گوت:" ئەی مەسیح من ئامادەم!"

– کاترینا ئەوە لێرە چ دەکەیت. زوو بگەڕێوە بۆ ماڵەکەت هەی داماو!

ئەوە مارتا بوو کە بەقژی بژ، ڕوخسارێکی شەکەت و چەپکەگوڵێك لەبن باڵیدا، خەریك بوو بە پێپلیکانەکانا سەردەکەوت.

– مارتا گیان، دەمەوێ ئاغا ببینم ...

– چیت گوت؟ هێشتا بەدەنی یوسفۆك سارد نەبۆتەوە... بڕۆ ئەگینا پارچە پارچەت دەکات.

– مارتا، گوتم دەمەوێ ئاغا ببینم. هەواڵێکی گرنگم پێیە. من بکوژەکە دەناسم!

پیرێژن زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەی هاتێ و گوتی:

– مانۆلیۆسە!

– نا، یەکێکی ترە ... کاتێك بزانیت ئەوا لە ترسا لەرز داتدەگرێ!

کارەکەری پیر، گوڵەکانی لەسەر پێپلیکانەکە دانان، چووە نزیك بێوەژن، لەسەر نووکی پێ خۆی هەڵبڕی و بەئەسپایی پرسی:

– بکوژەکە کێیە؟ کێ؟

چاوانی درەوشانەوە و لەسەری ڕۆیشت:

– ... کەواتە تۆیش گومانت لەوە؟ منیش هەروا! منیش لەو بەگومانم.

بێوەژن بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– مەبەستت کێیە؟

پیرێژن ورد دیقەتیدا، سەری لەقاند، گوڵەکانی هەڵگرت و گوتی:

– هیچ کەس! من هیچم نەگوت ... دەڕۆم گوڵەکان لەسەر ئەو لەعنەتییە دادەنێم کە خەریکە بۆن دەکات..

لە نەفرەتدا تفی لە عەردەکە کرد و نارەسەنانە گوتی:

– ... تۆیش هەروەکو من خاشاکیت جوانکیلەکەم! ئەگەرچی تۆ بەخۆتا ڕادەگەیت، بەڵام ئێمە هەردووکمان لە یەك قوماشین!

دەنگێکی سەیر بەگوێی گەییشت و هاوارێکی تووڕە دەنگیدایەوە:

– ئەرێ لەو خوارەوە چ باسە هەی مارتای نەفرەتی؟ لەگەڵ کێدا چەنەبازیی دەکەیت؟ بێدەنگبە هەی پشتکۆم!

پیرێژن خۆی گرمۆڵە کرد، بەڵام کاترینا ئازایانە بەرەو لای پێپلیکانەکان ڕۆیشت و گوتی:

– ئاغا منم، کاترینا!

– بڕۆ دەرەوە هەی زوبان درێژ!

بەڵام بێوەژن خێرا و لەسەر نووکی پێ بەپێپلیکانەکانا سەرکەوت. پیرێژن هاواری کرد:

– ئەوە ناترسیت هەی دەڵەسەگ؟

کاترینا شانی هەڵتەکاند، هەروا چووە سەرێ و هەرکە خۆی لەبەرامبەر ئاغادا بینی، بەسەر پێیدا کەوت:

– بمبوورە ئاغا، بمبوورە!

ئاغا کە لە حەژمەت تووڕەیی شێت ببوو، لەقەیەکی وای تێسرەواند کە بە پشتا کەوت، ئەوسا هەڵیکوتایە سەری تا لە پێپلیکانەکان بیخاتە خوارەوە، بەڵام بێوەژن

خۆی بە شیشەکانی پێپلیکانەکەوە چەسپاند و هاواری دەکرد:

– ئاغا گوێ ڕادێرە! من ئیدی ناتوانم ئەم نهێنییە لەدڵمدا بهێڵمەوە، هەر بۆیە هاتووم تا بەسەر پێتا بکەوم و بڵێم: من ئەوم کوشتووە!

ئاغا نەڕاندی:

– تۆ هەی گەندوگوو؟ تۆ ئەی قەحپەی پۆخڵ؟

وایگوت و ڕووی بۆ لای دیوارەکە وەرچەرخان و بەدوای شمشێرەکەیدا دەگەڕا.

– بەڵێ ئاغا من ئەوم کوشتووە. منی لەعنەتی! لەپێناوی عیشق و بەخالەت ... من بەخیل بووم ... لەهەمان ئەو ڕۆژەوەی کە ئەو پێی ناوەتە ئێرە، تۆ ئیدی چاوت بە مندا هەڵنەدەهات. ئیدی مارتات بەدواما نەدەنارد... شەو و ڕۆژ دەگریام ... هێند لەودیو دەرگاوە چاوەڕوانیم کێشا کە ئیدی سەرما ڕۆچووە گیانمەوە. بەڵام هیچ هەواڵێك نەبوو .. تۆ ئیدی یوسفۆکەکەی خۆت هەبوو و منیش هیچ .... چوومە لای جادووگەر و شەو هاتم دەرگای ماڵەکەتم جادوو کرد و

چاوەڕێ بووم ... بەڵام تۆ یوسفۆکەکەی خۆت هەبوو منت فەرامۆش کردبوو ... دواجار لەحەژمەت زەبری عیشق و حەسادەت شێت بووم و نیوەشەو چەقۆیەکم هەڵگرت و ....

خۆی گەیاندە ئاغا و خۆیدا بەسەر پێوپلیدا و لەئامێزی گرت. لەکاتێکدا کە هاواری بەسۆی دەکرد، گوتی:

– ... ئاغا! ئاغای من! بمکوژە! ئیدی ئەم ژیانە بە کەڵکی من نایەت. بمکوژە!

نیگای ئاغا بەسەر دیوارەکانی ژوورەکەدا تێدەپەڕی و بێهوودە لە دووی بینینەوەی شمشێرەکە بوو.ماڵەکە لەژێر پێیدا دەسووڕایەوە، چاوانی تاریك و ئیدی هیچ شتێکی نەدەبینی.

بێوەژن کێردێکی لە بەربەرۆکی کراسەکەی دەرکێشا و لەکاتێکدا کە گەردنی ئامادە ڕاگرتبوو، گوتی:

– وەرە! ئەم کێردە ...

چاوانی ئاغا بوبووە خوێن. سەری وەرگێڕا و لە نەعشەکەی یوسفۆکی نۆڕی کە ڕەنگ پەڕیو و بە

چاوانێکی کراوەوە لەسەر تەختەنوێنەکە کەوتبوو. مێشەکەرانەی ڕەش و وەنەوشەیی لەسەر لێوانی نیشتبوونەوە و لە دەم و کەپوویدا هاتوچۆیان دەکرد.

ئاغا سەری وەرگێڕا و بێوەژنی لەبەر پێی خۆیدا بینی. کوتوپڕ هەڵیکوتایە سەری، کێردەکەی لێ وەرگرت، دەستی هەڵبڕی و بە یەك زەربە کێردەکەی تا دەسك بە دڵیدا ڕۆبرد و پاشان بە لەقە لە پێپلیکانەکانەوە فڕێیدایە خوارەوە.

## 10

ئاغا بە بینینی خوێنی بێوەژن شێت ببوو، هەموو شتێکی بە ڕەنگی سوور دەبینی. شەپۆلێك خوێن هورووژمی بۆ مێشکی دەبرد و حەزێکی دێرینەی بۆ قەتڵوعامکردنی ژنان و پیاوانێك کە دوڵبەرەکەیان کوشتبوو، تیایدا گیانی دەگرت. هێشتا کێردەکەی بەدەستەوە و دەستی تا ئانیشك شەلاڵ بوو لە خوێن. میراخوڕی بانگ کرد:

– بڕۆ مانۆلیۆس ببەرە ژێر دارچنارەکە. شەیپووریش بژەنە تا هەموو کافران بۆ تەماشاکردن کۆببنەوە. یوسفۆکەکەیشم ببە تا شاهێدی زەماوەند بێت ... ئەم تاوانبارە چ بکوژەکە بێت یان نەبێت لەدار بدە! قامچییەکەم بێنە تا خۆم بێمە خوارەوە و ئێسکی وردکەم. دەمەوێ دڵم ئاو بخواتەوە. ڕەنگە هەر ئەمشەو هەر پێنجیان لەدار بدەم. چ خەتاباربن یان نا! هەموویان

تا دواین کەس لە دار دەدەم. چۆن دەبێ ئەم کافرانە زیندوو بن و یوسفۆکەکەی منیش مردوو. زووکە بڕۆ!

چاوانی ئاغا هەمدیس پڕ لە فرمێسك بوون، پاڵی بە تەختەنوێنە ئاسنینەکەوە دایەوە، چاوی لێکنا و کەوتە سەبیل کێشان. دەشت و کێو و ئاواییەکان بە زەینیدا تێپەڕ دەبوون. سەفەر لە لیکوڤریسییەوە بۆ ئەزمیر گا بە عارەبانە و وڵاخ و گا بەماشێنی جەهەنەمیی دیاریی فەرەنگیانی نەفرەتی! تا ئیدی کوتوپڕ موجیزە ڕوویدا! کۆشکەکان، بازاڕەکان، مزگەوتەکان، حەشاماتی خەڵك، نەغمەی مۆسیقا، باغی پڕ لە گوڵ و زەریا لەبەر چاوانی دیارنەمان و تەنها یەك چایخانە بەسەر شەپۆلی کەفچڕێنەوە وەدیارکەوت. دەرگاکانی چایخانەکە کرابوونەوە. هەوا گەرم و خۆر لەکاتی ئاوابووندا. ئاغا تورکەکان، تەراشکراو و حەمامکردوو بە سمێڵی ڕەشەوە بەدەوری یەکتردا لەسەر حەسیر دانیشتبوون و نێرگەلەیان دەکێشا. ئاغای لیکۆڤریسییش هاتە چایخانەکە و چاوی بە یوسفۆك کەوت کە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو و گۆرانی ( دونیا خەو و

خەیاڵە... ئەمان ئەمان ) ی دەگوت! لەناکاوێکڕا هەموو شتێك، لە چایخانەکەوە بیگرە تا ئاغایانی تورك و حەسیر و نێرگەلەکان دیارنەمان و لە تەواوی ئەزمیر جگە لە خۆی و یوسفۆك چ کەسێك نەمانەوە. ئەم کەوتبووە سەر ئەژنۆ و دەپاڕایەوە و یوسفۆکیش بە ناز و عیشوەوە بنێشتی دەجوو.

میراخوڕ بە قامچییەکەوە گەڕایەوە و لەسەر ئەژنۆی ئاغا داینا، ئاغا پێڵووی قورسی کردەوە و لە قامچییەکەی نۆڕی، بەڵام لە جێگەی خۆی نەجووڵا. نەیدەویست گوێ زەریا و پاڵ یوسفۆك جێبێڵێت. ئیدی هەمدیس چاوی لێکنایەوە و بۆ ئەزمیر گەڕایەوە.

دەنگی شەیپووری میراخوڕ لە دەرەوە دەبیسترا. خۆر ئاواببوو، بەڵام گەرما هێشتا تاوی نەشکابوو. گەڵای درەختان نەدەلەرینەوە. ئاوایی بێدەنگ و بێ بەرگری بەرامبەر خۆر کروشکەی کردبوو و وەنەوزی دەدا. لەگەڵ دەنگی شەیپوورەکەدا دەرگاکان یەك لەدوای یەك دەکرانەوە و گوندنشینان لای دارچنارەکەوە کۆبوونەوە. هەندێکیان شەکەت و بێدەنگ بوون و هەندێکی تریشیان

وروژاو لەگەڵ یەکتریدا قسەوباسیان دەکرد:" ئاخۆ مانۆلیۆس ئەوی کوشتووە. ئاخۆ ئەو تاوانبارە!"
گوندنشینێك سەری لەقاند و گوتی:
– دەبێ لە ئاوی مەنگ بسەلمینەوە! من قەت متمانەم بە مانۆلیۆس نەبووە. ڕۆژێك لەگەڵ بێوەژندا و ڕۆژێکی تر لەگەڵ یوسفۆك ... چ قێزەوەنە!
زێوانی پیری کڵێسا بە هەناسەبڕکێوە گەییشت. شادومانانە هەواڵێکی تازە و سەرسوڕهێنی لەگەڵ خۆی هێنابوو:
– کە بە بەر دەرگای ماڵی ئاغادا تێدەپەڕیم، نزیك بوومەوە و بینیم مارتا لە نێوەڕاستی حەوشەدا ڕاوەستاوە و بە شیوەنەوە بەسەر و سینگی خۆیدا دەکێشێت. لێیمپرسی: پیرێژن چ بووە؟ گوتی: بێوەژنی کوشت. گوتم: کێ کوشتی؟ گوتی: ئاغا وەك مەڕ سەری بڕی و لە پێپلیکانەکانەوە هەڵیدایە خوارەوە! بڕۆ بە مەسیحییەکان بڵێ بێن و تەرمی ئەو مەسیحییە بەستەزمانە ببەن و بینێژن!
پیاوێکی خوڵق تووڕە بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– ئێمە بینێژین؟ با بڕوا بۆ خۆی لە دۆزەخدا بسووتێ!
خۆر ئاوا دەبوو. مەلە گچکەکان بە دەوری دارچنارەکەدا هەڵدەفڕین و دەیانویست لەسەری بنیشنەوە، بەڵام بەبینینی حەشاماتی خەڵکەکە، هەراسان و شپرزە بەهەر لایەکدا دەفڕین و چاوەڕێ بوون تا خەڵکەکە بڵاوەی لێبکەن و ئەوسا بۆ هێلانەکانیان بگەڕێنەوە.
لەناکاوێکڕا دەرگا قورسەکەی ماڵی ئاغا بەیەکدا درا. هەموو سەرەکان بە ئاراستەی ماڵی ئاغا وەرچەرخان و دەنگی هەناسەهەڵکێشانی مەردوم بەرزبۆوە. مانۆلیۆس ئارام و زەردەخەنە لەسەر لێو لەبەر دەرگا وەدیارکەوت. دەستی لە دواوە بەسترابۆوە و خوێن لە ڕوخسار و قۆڵییەوە دەچۆڕا! وچانێکیدا. گوایە دەیویست ماڵئاوایی لە گوندنشینەکان بکات. بەڵام میراخوڕ بەدوایدا دەهات، بە ڕوخسارێکی سورهەڵگەڕاو بە تووڕەیی، قامچی لە جەستەی دەسرەواند. مانۆلیۆس بێدەنگ لە ئاستانەی دەرگا تێپەڕی. دوو پیاو بە

تەختەنوێنە ئاسنینەکەی یوسفۆکەوە کە پۆشراو بوو بە گوڵ، هاتنە دەرەوە.

مانۆلیۆس بە ئارامیی دەهاتە پێش. نیگایەکی نەرمی گرتە ڕوخساری خەڵکەکەی دەوروبەر و پاشان لە ماڵەکان، درەخت و گوڵەگەنمی زێڕینی ڕسکاو و سەر نەوی نۆڕی و لە دڵی خۆیدا گوتی:" سوپاس بۆ خودا! بەروبوومی ئەمساڵ باشە و هەژاران خۆراکیان دەبێت!"

لەناکاوێکڕا لەژێر دارچنارەکەدا چاوی بە سێ هاوڕێکەی کەوت کە تەماشایان دەکرد و دەگریان. زەردەخەنەی بۆ کردن و بە ئاماژەی سەر، ماڵئاوایی لێکردن. ئەوسا بۆ ساتێك ڕاوەستا، سەیرێکی خەڵکەکەی کرد و هاواری کرد:

– هەی خەڵکی بەشەرەف، من دەڕۆم. خودا ئاگادارتان بێ!

پاشان ڕووی کردە سێ هاوڕێکەی و گوتی:

– ... میکیلیس، یاناکۆس، کوستانتیس، براکانم، من دەڕۆم. خودا ئاگادارتان بێ!

سێ هاوڕێکە بەیەك دەنگ و خەمین هاواریان کرد:

- بەڵام ئاخر تۆ بێگوناهیت!

یاناکۆس ڕووی کردە گوندنشینە حەپەساوەکان و هاواری کرد:

- مەگەر ئێوە دڵتان نییە؟ دەبێ لەبەردەمیدا بەچۆکدا بێن هەی نمەك بە حەرامینە! ئەو لەپێناوی ئێمەدا دەیەوێ بمرێ، لەپێناوی ڕزگارکردنی ئاواییدا! تێناگەن؟ برایان ئەو خەریکە وەك مەسیح گوناهەکانی ئێمە لەکۆڵ دەگرێت.

بەڵام بواری نەدۆزییەوە ڕستەکەی تەواوکات. میراخوڕ دوو جار قامچی لەملی سرەواند. ئاغا لەبەر دەرگا وەدیارکەوت و هەوا بۆنی هەناسەی ئەوی گرت. بێدەنگییەکی قووڵ باڵی کێشا. حەشاماتەکە کشانەوە و ڕێگایان کردەوە. ئاغا بە هەنگاوی قورس و گرژ دەچووە پێش و چاوی لەسەر ئەرز بوو. کاتێ گەییشتە لای دارچنارەکە، ڕاوەستا و بێ ئەوەی سەر بەرەو لای مانۆلیۆس وەرچەرخێنێ، بەسەر بەمیراخوڕدا خوڕی:

- لەداری بدە!

دەعبای وەحشی دەستوبرد پەڕییە سەر مانۆلیۆس و ملی گرت. لە ناکاوێکڕا هاوارێکی بەسۆ بەڵام شادومانانە بەرزبۆوە.

– ئاغا! ئاغا!

ئەوە مارتای پیرێژنی پشتکۆم بوو کە بەهەناسەبڕکێوە بۆ پێشەوە ڕایدەکرد و بوخچەیەکی لەبن هەنگڵدا بوو. میراخوڕ ڕەنگی پێنەما. ئەو گوریسەی خەریك بوو گرێی دەدا، بەریدا و پاڵی بەدرەختەکەوە دایەوە. چەناگەی دەلەرزی. پیرێژنی پشتکۆم لەبەردەم ئاغادا کەوتە سەر ئەرز و بە شین و ڕۆڕۆوە گوتی:

– ببینە ئاغا! ببینە!

لەهەمان کاتدا بوخچەکەی کردەوە و کراس و پانتۆڵ و دەرپێی ژێرەوە و جووتێك پاتەی شەلاڵ بەخوێنی بەرامبەر چاوانی ئاغا ڕاگرت. ئاغا نوشتایەوە و هاواری کرد:

– هەی پیرێژنی نارەسەن، ئەمانە جلکی کێن؟

– جلکی میراخوڕن.. میراخوڕ!

ئاغا بەرەو لای میراخوڕ گەڕایەوە کە لە ترسا لەبەر دارچنارەکەدا کەوتبوو. نەفەس لە سینگی ئامادەبووواندا گیرا. ئاغا بە قەڵەمبازێك خۆی گەیاندە میراخوڕ، لقەیەکی توندی لە سەریدا و لوورە لوور گوتی:

– حوسەین موختار!

میراخور خۆی گرمۆڵە کرد، دەموچاوی لەنێو دەستە زلە تووکنەکانیدا شاردەوە و وەك گوێرەکەیەك نرکاندی.

– ئاغا بمبوورە!

سێ هاوڕێکەی مانۆلیۆس لەنزیك یەکدییەوە ڕۆیشتن. دڵیان بەتوندی لێیدەدا. خەڵکەکە کەوتنە جووڵە و بەدەوری ئاغا و میراخوڕ و مارتای پیرێژندا ئەڵقەیان بەست. یاناکۆس خۆی گەیاندە دوای مانۆلیۆس، دەستی کردەوە و ماچی کرد.

ئاغا سەری هەڵبڕی. تەماشای گوندنشینانی کرد و کاتێ بروسکەی شادومانیی لە چاوانیاندا بینی، قامچییەکەی هەڵسوڕاند و لوورەلوور گوتی:

– هەی کافرینە ون بن! بڕۆن ئەگینا پێستی هەر هەمووتان دەگرووم!

وایگوت و ئیدی بە قامچییەکەوە کەوتە گیانی ژن و پیاوان. گۆڕەپانەکە بەخێرایی لە خەڵکیی بەتاڵ بۆوە و گوندنشینان بە پەلە بەرەو ماڵەکانیان هەڵهاتن. چەند کەسێك کە لەوانیتر بەغیرەت تر بوون، لە سووچ و پەنای ماڵەکانا خۆیان شاردەوە و بۆ بینینی ئەودوای بەزمەکە خۆیان لە بۆسەنا. سێ هاوڕێکەیش مانۆلیۆسیان لەگەڵ خۆیانا کێش کرد و لەوسەری گۆڕەپانەکەوە، لە جێگەیەکەوە کە بە باشیی دەیانتوانی لێوەی ببینن، خۆیان بەدیوارەکەوە پەنادا. ئاغا نەڕاندی:

– کەواتە ئەوە ئیشی سەگێکی گلاوی وەك تۆ بووە؟

وایگوت و خۆی بە میراخوردا دا. لەقەی لێدەدا و تفی لێدەکرد. خەنجەرەکەی دەردەکێشا و هەمدیس دەینایەوە کێلان. دەنووشتایەوە، بەردی هەڵدەگرت و بە دەموچاویدا دەکێشا. ئەقڵی لەدەست داو و نەیدەزانی چ مەرگێك بۆ میراخوڕ هەڵبژێرێت.

مارتای کۆم دەجووڵا و بە شادومانی سەمای دەکرد. جلکەکانی بڵاو دەکردنەوە، کۆی دەکردنەوە. هەمدیس

بڵاوی دەکردنەوە و لە هەوادا ڕایدەوەشاندن تا پەڵە خوێنەکان بەباشیی ببینرێن و دووبارەی دەکردەوە:

– من نیوەشەو تەپەی پێی ئەوم هاتەگوێ کە بە پێپلیکانەکانا سەردەکەوت ... دەنگی هاوارێکی تاساوم ژنەڤت. دەنگێك ڕێك وەك قریشکەی مەلێك کە سەری ببڕن. ئاغا ... مەگەر منی بەستەزمان دەمویرا چ بڵێم. بەڵام دواجار جلکەکانیم دۆزییەوە.

وایگوت و هەمدیس جلکەکانی لەسەر ئەرزەکە ڕاگرت و پەڵە خوێنەکانی پیشاندا ... ئاغا کە لە دووبارەکردنەوەکانی پیرێژن بۆژۆ ببوو، بە یەك لەقە بۆ سووچێك فڕێیدا. پیرێژن هاوارێکی بەسۆی کرد، شەلە شەل خۆی گەیاندە ماڵەوە و لەبەردەرگا کروشکەی کرد و لەهەمان حاڵدا کە بە چاوە تیژەکانی خۆی، دیقەتی ئاغا و میراخوڕی دەدا، لەژێر لێوەوە گوتی:

– هەی کافری چەپەڵینە! ئەودوای ئیدی پێوەندی بەخۆتانەوە هەیە! من ئەوەی بەدوایدا دەگەڕام دۆزیمەوە و سەرکەوتم!

ئاغا لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو. میراخوڕی ڕوو بە ڕوو بەرامبەر خۆی دانا و ماوەیەکی درێژ، بێ جووڵە بەهەمان شێوە مابوونەوە.

خۆر ئاوابوو، مەلەکان بە خاڵی بوونی گۆڕەپانەکە لە خەڵکی، جورئەتیان کەوتە بەر و بۆ هێلانەکانیان گەڕانەوە. گوندنشینە بێ باکەکان، ئەوانەی کە خۆیان لە پەناوپەسێری گۆڕەپانەکەدا، هەناسە لەخۆبڕیو، حەشاردابوو، هەستیان دەکرد بەزوویی شاهیدی دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر دەبن.

مانۆلیۆس چیپەدۆ گوتی:

– بەزەییم بەم میراخورە داماوەدا دێتەوە!

یاناکۆس گوتی:

– خوداش بەزەیی پێیدا نایەتەوە! تۆ ئیتر بێدەنگ بە!

کوتوپڕ ئاغا وەك شێر لەجێگاکەی هەستا و نەڕاندی:

– هەستە سەگباب!

میراخور هەستا. ئاغا شمشێرەکەی لەبەرپشتوێن دەرکێشا و بەسێ زەربە لووت و هەردوو گوێی بڕی. ئەوسا لەسەر ئەرزەکە هەڵیگرتنەوە و بۆ گۆشەیەکی

تووڕهەڵدان. میراخور نە دەجووڵا، نە هاواری دەکرد، بەڵکو وەك درەختێك کە لە پەلك و گەڵاکانی بدەن، خۆڕاگر ڕاوەستابوو. خوێنی دەڕژایە سەر زەوی و بۆ بەرپێی فیچقەی دەکرد. ئاغا قامچییەکەی هەڵدەسووڕاند و دەینەڕاند:

- ون بە!

میراخور لۆژ لۆژ بەدەوری درەختەکەدا دەسووڕایەوە.

ئاغا هەمدیس نەڕاندییەوە:

- ڕاوەستە!

میراخور ڕاوەستا. ئاغا خۆی کەوتە وێزەی. پانتۆڵەکەی داکێشایە خوارەوە، بە یەك زەربەی شمشێرەکە زەکەری بڕی و خستییە سەر نەعشەکەی یوسفۆك و نێو گوڵە یاسەمینەکان. میراخوڕ نەڕەیەکی ترسناکی کرد و لە ئەرزەکەدا گەوزا. ئاغا پشت ملی گرت، بۆ سەر چوارپایەکە ڕایکێشا، پەتەکەی نایە ملی، بە یەك لەقە چوارپایەکەی هەڵگێڕایەوە و ئیدی میراخوڕ خوێناویی و بریندار کەوتە لەرینەوە.

ئاغا بە دەستانی خوێناییەوە ئارەقەی نێوچەوانی سڕی و ڕوخساری خوێناویی بوو. هەمدیس لەجێگەکەی دانیشتەوە و وەکی گا هێند بۆڕاندی و هەناسەبڕکێی پێکەوت تا ئیدی باری شانی سووك بوو. ئەوسا ئارام لە جێگەکەی هەستا و بێ ئەوەی تەماشای کابرای لەداردراو و یوسفۆك بکات و بەو خەیاڵەی کە کەس نایبینێت، شەلەشەل و لۆژەلۆژ بەرەو ماڵ بۆوە. کە چووە ماڵەوە بە لەقەیەکی توند دەرگاکەی داخست و پێی هەڵخلیسکا و بە دەنگێکی ترسناك تەختی عەردە بەردڕیژکراوەکەی حەوشە بوو.

*

لەهەمان کاتدا پاتریارکاسی پیر لە هاوزیندانییەکانی پرسی:

– ئەرێ لە سەرەوە چ باسە؟

هاوزیندانییەکانی لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون و پاڵیان بەدیوارەوە دابوو، چاویان لە دەرگا بڕیبوو.

دواجار لاداسی پیر کە دەیویست بە چەنەچەن بەدگۆییەکانی قەرەبوو بکاتەوە، گوتی:

– عەرزی ئاغای خۆمی بکەم کە ئەلعان مانۆلیۆس – خودا لێی خۆش بێت – بە حەق یان بە ناحەق خەریکە بە پەتەکەوە دەشەکێتەوە، ئەوە زۆریش گرینگ نییە چونکە گرینگ ئەوە بوو ئێمە قوتارمان بێ کە شوکور بووین! چەند دەقیقەی تر میراخوڕ دێتە گیانمان، لەقەیەك لە هەر یەکێکمان دەدا و دەنەڕێنێ: گۆڕتان ونکەن هەی کافرانی نەفرەتیی! ئەوسا ئێمەیش هەمدیس ڕوناکیی ڕۆژ دەبینینەوە و بەلای کاروکاسپیمانەوە دەچین. هەموو ئەو قسانەی لێرە کردوومانن و بیستوومانن بە هەوادا دەڕۆن! خودان وایە؟ باوکە گریگۆریس وایە؟

باوکە گریگۆریس لەدڵی خۆیدا گوتی:" بە دۆزەخ هەی پیری چەپەڵ." بەڵام وەبیری خۆی هێنایەوە کە وی مەسیحییە و قەشە! بۆیە میهرەبان و نەرم گوتی:

– لاداس هیوادارم هەموومان ڕزگارمان بێت! ئەوکات هەموو شتێك لەبیر خۆمان دەبەینەوە. ئێمە هەموومان

ئینسانین و ساتەوەختگەلی سەختمان تێپەڕاندوون و ئەگەر زیادەڕۆییمان لە قسەکانمانا کردبێ ئەوا دەبێ گوێی نەدەینێ. من لای خۆمەوە لەبیرم کردووە.

پاتریارکاسی پیر ناقاییلانە گوتی:

- بەڵام من هەرگیز بیرم ناچێتەوە کە پێت گوتم بەرازی چەپەڵ!

لەم قسەیە زۆر نیگەران ببوو، چونکە هەستی دەکرد کە ئێجگار پڕ بە پێستی خۆیەتی.

لاداسی پیر خۆی نادان کرد و پرسی:

- ئەرێ من چتی وام گوتووە؟ ئەگەر گوتوومە ئەوا داوای لێبووردن دەکەم. بێگومان لە حەژمەت ترس مێشکم لەکار وەستاوە و قسەی هەڵیت و پڵیتم کردووە. من عالیجەناب قەت مەبەستم نەبووە چاوقایمییەکی ئاوهام لێبووەشێتەوە!

پانایۆتیس سەرە زلە بریندارەکەی هەڵبڕی و هاواری کرد:

- بڕۆن بە دۆزەخ ئەی بێ غیرەت و ناڕەسەنینە! ئێوە هەمووتان لەیەکدی دەترسن، لە یەکتری بێزارن. بەڵام

ئامادە نین ددانی پێدانێن. ئێوەی موفتەخۆران بۆ تالانکردنی خەڵك پشتی یەکتری دەگرن! بەڵام منی هەژار لە ئێوە ناترسم. ئێوە لە ئەسقەف و قەشەتانەوە بیگرە تا ڕیش سپی و خودان و مامۆستاتان، هەر هەموو لەیەك قوماشن و قێزم لێتان دێتەوە!

مامۆستا ویستی ناوبژیوانیی بکا کە دەرگاکە کرایەوە و مارتای پیر وەدیارکەوت. چاوە وردەکانی لە تاریکایی فەزای زیندانا دەبریسکانەوە و ڕووناکی دەپرژاند.

خودانی پیر لەجێگەکەی هەستا و هاواری کرد:

– مارتا گیان ئەرێ لەدەرەوە چ باسە؟

پیرێژن زەردەخەنەیەکی شەیتانانەی هاتێ و دەستی سواڵی ڕایەڵ کرد:

– ئەگەر دەستم پڕ لە دراوی زێڕ نەکەن یەك وشە ناڵێم!

لاداسی پیر بە لاواندنەوەوە گوتی:

– هەی جادووگەری پیر، بەزەییت بەئێمەدا نایەتەوە؟ دەتەوێ خوێنی ئێمەی خەڵکانی هەژار بمژیت؟

باوکە گریگۆریس گوتی:

– یەکەم جار بڵێ هەواڵی خۆشت هێناوە یان نا؟ تا دواتر بزانین چۆن دەبێ!

– باوکە، گوتم یەك وشە ناڵێم. مەگەر ئێوە دوای خوێندنەوەی دۆعای مەسیح دەستتان پان ناکەنەوە؟ ئەدی بۆچ ناتانەوێ منیش هەمان کار بکەم؟ زووکەن دەست بە گیرفانتانا بکەن ئەی خاوەن شکۆیانی ئازیز! من خێری ئێوەم دەوێت!

پاتریارکاس یەکەمین کەسێك بوو دەستی کرد بەگیرفانیدا و یەك لیرەی زێری لێدەرهێنا. پاشان ڕووی کردە قەشە و گوتی:

– باوکە زووکە. لای خۆی ناوت عالیجەنابی قەشەیە. ڕەزیلیی مەکە. لاداس تۆیش کە بەمنت گوت بەرازی چەپەڵ! تۆیش پریاسکەکەت بکەوە. پیرەمێرد خەراپ نییە کە بۆ بەرگرتن لە سەکتە کەمێك خوێن بدەیت. ئاغای مامۆستا گەرچی پارەدار نیت بەڵام تۆیش شتێك بەم پیرێژنە بدە. خێرا! بێگومان بە هەواڵی خۆشەوە هاتووە کە ئاوها چاوانی پرشنگ دەدەن!

قەشە و مامۆستا پریاسکەکانیان کردەوە. بەڵام لاداسی پیر بە هەناسەهەڵکێشانەوە گوتی:

– مارتا گیان ئامادەیت ئەو پارەیەت قەرزاری بم؟ ئیمزاشی دەکەم!

– بەڵێ! .. واتە ژیانی تۆ هەی کەمتیاری پیر یەك دراوی زێڕ ناهێنێت؟ زووکە سەری پریاسکەکەت بکەوە و ئاگاداربە دڵت نەوەستێ! ئاخر کەمێك شەهامەتت هەبێت!

ئەوسا ڕووی کردە پانایۆتیس و بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەوە گوتی:

– لەتۆ هەی گەچخۆری بەدبەخت فلسێکیشم ناوێت. دەزانم کاترینا هیچی پێنەهێشتوویت!

پانایۆتیس بە قروسکەقروسك گوتی:

– هەی قەپۆزت بەبڕین چێ ئەی کەمتیاری پیر! ڕاوەستە تا کۆمییەکەت بپێوم و کورتانێکت بۆ بدوورم کە ئیدی پشتت بریندار نەبێ ئەی زوبان درێژ!

– خولْقی خۆت تێك مەدە ئەی گەچخۆری داماو! هەواڵێکی خۆشم بۆ تۆیش پێیە. لەڕاستیدا لە ئاگری دۆزەخ قووتارت بوو، بەڵام کاترینا بۆ ئەو دونیا چوو!

چاوانی پانایۆتیس زەق بوونەوە. ویستی قسان بکا بەڵام قوڕگی بەسترا. پیرێژن تێهەڵچۆوە:

– ... بەڵێ، هەر ئێستا ئاغا ئەوی کوشت. بە کێرد دڵی ونجڕ ونجڕ کرد.

پانایۆتیس خۆی بە ئەرزەکەدا دا. سەری بە دیوارەکەدا کێشا و وەك دەعبایەکی دڕندە نەعرەتەی دەکێشا و هاواری کاترینای دەکرد.

پیرێژنی پشتکۆم لەبەر دەرگا ڕاوەستاو و بۆ بزوواندنی وی دەیگوت:

– چ پێویستی بەوە بوو خۆی جوان بکا؟ بۆچ ئەوەندە هەرزەیی دەکرد؟ بۆچ دەبێ بۆ لای ئاغا هاتبا؟ باش بوو مرد. ئاغا تا دەسك کێردەکەی بە دڵیدا ڕۆبرد و لە پلیکانەکانەوە فڕێیدایە خوارەوە!

بەڵام پانایۆتیس گوێی نەدەگرت. لەسەر ڕوو کەوتبووە سەر ئەرزەکە و بەشێوەیك گازی لە دەستەکانی خۆی

دەگرت کە خوێنیان لێوە دەهات و هەروا بە هاوارهاوارەوە کاترینای بانگ دەکرد.

پاترياركاس دوای وەرگرتنی پارە لە ڕیش سپییەکانی تر، هەمووی خستە دەستی مارتای ناقۆڵاوە و ئەویش زاری کردەوە و کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە. لێکدا لێکدا خۆی نازك دەکردەوە، پێدەکەنی، دەڕەقسی و بە قاقای پێکەنین و تانەئامێز لاسایی جووڵەی ئاغا و میراخوری دەکردەوە. باوکە گریگۆریس خاچی کێشا و گوتی:

– بابڕۆین! خودایە سوپاست دەکەین! کاتێ بۆ ئێرە هاتین هەموومان خەڵکانی ئاسایی و فانیی بووین و هەنووکەیش بە هالەی قارەمانان و شەهیدانی ڕێی مەسیحەوە دەچینە دەرێ!

خودانیش بە نۆرەی خۆی گوتی:

– بابڕۆین! شوکر خودا بەخێری تێپەڕاند!

لاداسی پیر لەژێر لێوەوە مڕاندی:

– ئەم بەزمە لیرەیەکی زێڕ لەسەر من کەوت. بەڵام کاتێ دەچمە دەرێ قەرەبووی دەکەمەوە. یەکەمجار لە

یاناکۆسی هەرزەوە دەست پێدەکەم و گوێدرێژەکەی لەبن دەست دەردێنم!

ڕێك کاتێك دەیانویست پێ لە دەرگای زیندان ببەنە دەرێ، باوکە گریگۆریس ڕووی کردە هاوڕێکانی و گوتی:

- برایان، سبەینێ بە نهێنیی نوێژی سوپاسگوزاری ڕێکدەخەین. ئێمە هەموومان وەك ئینسانی مەسیحی ئیماندار هەڵسوکەوتمان کرد. سوپاس بۆ خودا کە لەم ئەزموونە وەحشەتناکە سەربەرز هاتینەدەرێ!

مامۆستا گوتی:

- منیش پەخشانێك دەربارەی شەهادەت و قارەمانیی گرێکییان دەدەمە قوتابییەکانم.

باوکە گریگۆریس لەپێشەوەی هەمووان، سەرفەراز و خەرامان، وەك تەگەی پێشەنگی گەلە چووە دەرێ. پاتریارکاسی پیری ناقۆڵا و چڵکن لەدوایەوە و مامۆستا لە قارەمانیی و لەوەی کە حەیای بنەبابانی نەبردووە، بەخۆیدا دەنازی و لەدوایانەوە دەڕۆیشت و دوایین کەس

لاداسی پیر بوو کە بەنەخوێنی پچڕاوی پانتۆڵەکەی بەدەستەوە گرتبوو.

پیرێژنی پشتکۆم لەبەر دەرگای زینداندا کلیل بەدەست چاوەڕێ بوو، هاواری کرد:

– زووکە هەی گەچخۆری بەدبەخت، تۆیش وەکو ئاغا بێوە بوویت. بڕۆ دڵنەوایی یەکدی بکەن!

کورتاندروو لوورەیەکی کرد:

– بهێڵە جارێ با ئەم کەرانە بڕۆن ... من خۆم بەتەنیا دەڕۆم!

لەکاتێکدا مشتی هێنابۆوە یەك، لەجێگەکەی هەستا و گوتی:

– ... ئەسقەفەکان، قەشەکان، خودانەکان، ڕیش سپییان، مامۆستاکان هەر هەموویان بێ شەرەفن!

قەشە ئیدی نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێت، سەری بەرەو لای کورتاندروو وەرچەرخاند و گوتی:

– یەهوزا!

پانایۆتیس تاویدایە خۆ تا ڕیشی بگرێت، بەڵام قەشە دوای جنێوەکەی، دەسبەجێ و بە پەلە بە پێپلیکانەکانا

سەرکەوت، بە حەوشەکەدا هات و لەگەڵ سێ هاوڕێکەیدا کە لۆژ لۆژ لەگەڵیدا دەهاتن، لەدەرگاکەوە ئاودیو بوون.

*

شەو داهاتبوو. کۆڵانەکان چۆڵ. گوندنشینان بۆ ماڵەکانیان گەڕابوونەوە، شێویان دەکرد و دەیانخواردەوە، تا بە جامێکی زیاتر زەماوەند بۆ ئەنجامی خۆشی ڕووداوەکە بگێڕن. هەمووان دەربارەی مانۆلیۆس، میراخوڕ، ئاغا، یوسفۆك و مارتای پیر گفتوگۆیان دەکرد. هاتوبات لە تەواوی ماڵەکانەوە دەهاتە گوێ و گوند هەمدیس گیانی وەبەردا هاتبۆوە. هەنووکە ئیدی پیرەمێردان بابەتێکیان بۆ حەکایەت، بەدگۆیان بابەتێکیان بۆ وتی وتی و منداڵان ڕووداوێکیان بۆ لەیادەوەریدا تۆمارکردن هەبوو. پاتریارکاسی پیر حەمامکردوو و دەست بەخۆداهێناو لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتبوو. لێنێو کەیفخۆش و شادومان وەکی چەپکەگوڵ دەهات و دەچوو. بۆ ئاغاکەی

مریشکێکی کوڵاو و شۆربایەکی بە هێلکە و ئاوی لیمۆوە لێنابوو تا گیانی وەبەردا بێتەوە. میکیلیس بەرامبەر باوکی دانیشتبوو و بە سەرسوڕمانەوە دیقەتی نانخواردنی شێلگیرانەی دەدا. پیرەمێرد پارووی زلی دەکرد تا گوڕی لە دەستچووی بۆ بگەڕێتەوە و هاوکاتیش بە گۆنای ئارەقە کردووەوە قسانی دەکرد، پێدەکەنی و پارووی دەگلان. میکیلیس لە دڵی خۆیدا گوتی:" ئەمە باوکی منە! ئەم پیاوە باوکی منە!"

خودان بە دەمی پڕەوە گوتی:

– میکیلیس باش ڕزگارمان بوو! ئێستا کە لە نزیکەوە مردنم بینی لە مانای ژیان دەگەم ... کوڕەکەم نابێ کات بەهەدەر بدرێ. دەبێ بخورێ و بخورێتەوە و لەزەت ببرێت تا نائومێد نەبین .. بیری لێبکەوە! ئەگەر ڕزگارم نەبووایە ئێستا ئەم مریشکە بە کەڵکی چ دەهات؟

میکیلیس هەروا بێدەنگ لە باوکی دەنۆڕی و بەخۆی دەگوت:" ئەم پیاوە باوکی منە ... ئەمە باوکی منە ..."

باوکە گریگۆریسیش لە حەوشەی ماڵەکەیدا، لەژێر کەپری پڕ لە بۆڵە ترێدا دانیشتبوو و نانی دەخوارد.

شنەی فێنکی هاوین نەرم هەڵیکردبوو. ڕێحان و یاسەمین عەتریان دەپژاند. پشیلەکە خۆی لە پێوپلی خاوەنەکەی هەڵدەسووی و دەیمرخاند. ماریۆری گۆزەی شەراب بەدەست ڕاوەستاو و لەکاتێکدا فرمێسکی شادومانیی بەگۆنا ڕەنگ پەڕیوەکەیدا دەهاتە خوارەوە، جامەکەی بابی پڕ دەکردەوە. قەشەی خاوەن شکۆ لەهەمانکاتدا کە دەینۆشی و دەیخوارد فوویەکی بە قوڕگیدا کرد و گوتی:

– تەنانەت یەك لەحزەیش نەترسام، ڕێك وەك پێشەوایەك ڕەفتارم کرد. پێشەوای شایستەی خودا لە لیکوڤریسی! بێ باك لەگەڵ ئاغادا دەدوام و بەرگرییم لە مەسیحیییەت دەکرد. لە زیندانیشدا پتەو و خۆڕاگر ڕووبەڕووی مەرگ بوومەوە ... ماریۆری کچەکەم تۆ دەبێ شانازی بە باوکتەوە بکەیت ...

لاداسی پیریش پێ پەتیی و بێ پشتوێن لە حەوشەی ماڵەکەیدا لەسەر قەنەپە دانیشتبوو، نانی جۆی دەگلاند و جارناجار گازی لە دەنکە زەیتوونێك دەگرت و هاوکاتیش لەبارەی ئەوەوە کە گوتبووی و بیستبووی و

ئەوەی کە ئەو ڕووداوە چەند لەسەری کەوتبوو، قسانی بۆ پەنلوپ دەکرد ... قسە کە گەییشتە ئێرە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و تووڕە بوو. چووە ژوورەوە، قاسەکەی کردەوە. دەفتەری حیساب و کیتابەکانی دەرهێنا، چووە بەر چراکە، بە تف پەنجەی تەڕ کرد و کەوتە پەڕە هەڵدانەوە، دەیویست حیسابی قەرزارەکانی تەماشا بکا و ببینێت ئاخۆ چەند قەرزی لای خەڵکە و ساتی دانەوە و کاتی سووی هەرکامیان کەنگێیە. کە لە تاوتوێ کردنی قەرزەکان بۆوە ئەوسا زەردەخەنەیەکی بە نیشانەی خەنیی بوون هاتێ و گوتی:" پەنلوپ گیان، سبەینێ زوو حیسابەکانم یەکلایی دەکەم. من تا بەردەم مەرگ چوومە پێشێ و ئێستایش کە قوتارم بووە ئیدی دەسبلاویی تەواو! ئەگەر من قەردارت بووم ئەوا تۆ بمخۆ و ئەگەر تۆیش قەردارم بوویت ئەوا دەتخۆم! تا عومریش باقی بێت دەبێت مرۆڤ بجوڵێت! پەنلوپ گیان پێت چۆنە؟

بەڵام پەنلوپ بێ باك خەریکی چنین بوو. گوایە ئەویش لەگەڵ مەرگدا ڕووبەڕوو ببۆوە و پەلەی بوو هەرچی زووە

چنینی گۆڕەوییەکان تەواو بکات. ئەو لە دیارنەمانی مێردەکەی چ نیگەرانییەکی پیشان نەداو و هەنووکەیش بۆ گەڕانەوەی و هاتوچۆی بەو قلاًفەتەوە کە پانتۆڵەکەی بە دەست گرتبوو، بەردەوام سەری دەخوراند و بێ وچان قسانی دەکرد، چ کاردانەوەیەکی خۆشحالاًنەی پیشان نەدەدا.

ئەو شەوە، وتوویژ لە ماڵەکانی گونددا درێژەی کێشا و چراکان تا نیوەشەو هەڵکرابوون. پاشان یەك لەدوای یەك کوژێنرانەوە و گوند خەوی لێکەوت.

*

دوای ئازادیی ڕیش سپییان، میکیلیس لە هاوڕێکانی جیابۆوە تا هەرچی زووتر بۆ دیداری باوکی بچێ. کوستانتیس ڕووی کردە دوو هاوڕێکەی تری و گوتی:

– با بچینە ماڵی خۆمان و بە شانازیی زیندووبوونەوەی مانۆلیۆسەوە ئاهەنگ بگێڕین.

هاوسەرەکەی کوستانتیس کە یەکێك لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی گوزەراندبوو، بە بینینی میوانەکان ڕووی گرژ نەکرد و ئاگری کردەوە و شیوی لێنا. ئەوسا سفرەی ڕاخست، شەرابی هێنا و ئاوی ساردی لە بیرەکە هەڵگۆزا.

کوستانتیس هێور بە گوێی یاناکۆسدا چرپاندی:

– خوشکەکەت کاتێ کەیفی بێ لە ماڵدارییدا وێنەی نییە. کاتێکیش سەرحاڵ نەبێت هەمدیس هەر وێنەی نییە. خۆشبەختانە ئەمشەو بەخت یارمانە ...

ئەوسا بەدەنگێکی بەرز لەسەری ڕۆیشت:

– ... برایان بەخێربێن!

میوانان وەڵامیاندایەوە:

– بە سلامەتی تۆ!

هەرسێکیان برسییان بوو، زۆر زوو کەوتنە خواردن و خواردنەوە. کەیبانووی ماڵیش لە دوایانەوە ڕاوەستاو و خزمەتی دەکرد.

یاناکۆس و کوستانتیس پەرداخەکانیان هەڵبڕی، لە پەرداخەکەی مانۆلیۆسیاندا و لەکاتێکدا کە بە میهرەبانیی تەماشایان دەکرد، بە یەك دەنگ گوتیان:

– مەسیح هەمدیس زیندووبۆتەوە!

بەڵام مانۆلیۆس قسانی نەدەکرد، پێنەدەکەنی و لە خەیاڵاتی خۆیدا ڕۆچوو بوو. هەڵبەت لەوەی کە بە زیندوویی ماو و لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەیخوارد و دەیخواردەوە و شنەی ڕۆحبەخشی شەوانەی لەسەر نێوچەوانە بە ئارەقە تەڕبووەکەی هەستپێدەکرد، خۆشحاڵ بوو ... بەڵام کاتێك بیری دەکردەوە کە دەبوو ئەمشەو لە دونیایەکی تر بێت، غەمی بزرکردنی ئارامیی ئەو دونیایە لەسەر ڕوخساری دەواری هەڵدەدا.

یاناکۆس گوتی:

– مانۆلیۆس خوڵقی خۆت تێك مەدە! ڕاستە هەوای بەهەشت خۆشە، بەڵام هەوای ئەرزیش خەراپ نییە .. وایگوت و بەپێکەنینەوە لەسەری ڕۆیشت:

– ... لە بەهەشت هەموو شوێنێك بەدوای کوستانتیس و یاناکۆسدا دەگەڕێیت بەڵام نایاندۆزیتەوە. چونکە

کوستانتیس گیان ئێمە هەردووکمان، گەر وەزع هەروا بڕوات ئەوا یەکڕاست دەچینە دۆزەخ. هەڵبەت بنی دۆزەخ نا، بەڵکو سەرەوەی!

هەرسێکیان پێکەنین و پەرداخەکانی خۆیان پڕکردەوە.

کوستانتیس بۆ ئەوەی ژنەکەی گوێی لێنەبێ، بە ئەسپایی گوتی:

– بەزەییم بەو بێوەژنە داماوەدا هاتەوە. حەیف! زۆر جوان بوو!

یاناکۆس گوتی:

– کێ چوزانێت؟ ڕەنگە هەر ئێستا کە ئێمە خەریکین قسان دەکەین، کاترینا لەگەڵ مەریەمی مەگدەلییەدا لە بەهەشت بێ و هەردووکیان قۆڵ لەقۆڵی یەکتردا بەنێو چەمەنزارە ئەبەدییەکانی بەهەشتدا پیاسە بکەن و لەو سەرەوە، لەم دونیایەی ژێرەوە بنۆڕن و پێبکەنن.

کوستانتیس گوتی:

– ڕەنگیشە یاناکۆس گیان ئەفسووس بۆ ئەم دونیایە بخۆن! مانۆلیۆس تۆ چ دەڵێیت؟

- من ئیرەیی پێدەبەم. بەزەییم پێیدا نایەتەوە بەڵکو ئیرەیی پێدەبەم. بۆچ دەبێ بەزەییم پێیدا بێتەوە. بێگومان ئەو ئێستا لە بەهەشتدا لەگەڵ فریشتەکاندایە و نە ئەفسووس بۆ ئەم دونیایە دەخوا و نە پێی پێدەکەنێ. ئەو ئیدی ئەم دونیایەی بە تەواوەتی لەبیرکردووە و دونیای لەلاپەڕەی ویژدانی سڕدراوەتەوە. ڕێك وەك هەمان ئەو گەڕییەی کە لە ڕوخساری من سڕدرایەوە بێ ئەوەی ئاسەوارێك لەخۆی جێبێڵێت.

هاوسەرەکەی کوستانتیس بە بیستنی ئەو قسانە لای کردەوە، لە مانۆلیۆسی نۆڕی و تازەکیی سەرنجیدابوو ڕوخساری وی کە بیستبووی ئاوساوە و گەڕ بووە، کەچی لە سافییدا دەدرەوشایەوە. ویستی لەبارەی ئەو موجیزەیەوە بپرسێت، بەڵام لەبەرئەوەی پیاوەکان قووڵ سەرگەرمی گفتوگۆ بوون و ئەو خوڵقی خۆش بوو، نەیویست گفتوگۆکەیان ببڕێ و تەنها بە ژنەفتنی ناوی بێوەژن سەراپا بووە گوێچکە و بێ ئەوەی لێو هەڵبێنێتەوە، خۆی دەخواردەوە.

کوستانتیس پرسی:

- مانۆلیۆس ئەی سەبارەت بە میراخوڕی بەسەزمان چۆن؟ گەرچی وەك سەگ هار بوو بەڵام بەزەییم بەویشدا دێتەوە.

- کێ چوزانێت، ڕەنگە ئەگەر مەسیحیی بووایە و تۆبەی کردبا، ئەوا خودا دەستی ڕەحمەتی بنابایە سەری و لەپێناو عیشقی بێ ئەندازەیدا بەخشیبای!

یاناکۆس گوتی:

- مانۆلیۆس تۆ وا قسە دەکەیت کە مرۆڤ پێیوابێ ڕۆیشتن بۆ بەهەشت وەك ڕۆیشتن بۆ ئاش هاسانە!

- بەهەشت بۆ گوناهباران دروست کراوە ...

کوستانتیس سەری کەمێك گەرم ببوو، گوتی:

- کەواتە بەسلامەتی میراخوڕ. بە سلامەتی ئاغا کە ئەو داماوەیش زیاد لە ئەندازە عاشق بوو، بە سلامەتی یوسفۆك کە بێگوناه بووە قوربانیی! ئاخر ئەو بەسەزمانە چ گوناهێکی کردبوو؟ مەگەر جگە لە بنێشت جوین و گۆرانی ئەمان ئامان گوتن چ شتێکی تری دەکرد؟

یاناکۆس بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– ئینجا ئەگەر چ کارێکی تریشی کردبێ خۆ زەرەری بۆ کەس نەبوو!

کوستانتیس بە ئاماژە داوای لێکرد بێدەنگ بێ و بە نیگەرانیی لەژنەکەی دەنۆڕی کە لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستاو و وایدەنواند تەماشای ئەستێرەکان دەکات. یاناکۆس تێگەیشت و بێدەنگ بوو.

کوستانتیس گوتی:

– با بخۆینەوە لە چاوی هەمووان جگە لە لاداسی پیر و باوکە گریگۆریس، چونکە ئەم دوو کەسە هەر بەڕاستیی دەعبای دڕندەن.

بەڵام یاناکۆس نیوەمەست هاواری کرد:

– بۆچ بە سلامەتی ئاغا نەخۆینەوە؟ کوستانتیس تەحجا کە شەرابێکی خۆشت هەیە. من بە سلامەتی ئەو دوو کەسە دەخۆمەوە..

وایگوت و پەرداخەکەی پڕ کرد و تێهەڵچۆوە:

– ... بە سلامەتی باوکە گریگۆریس و برژاندنی لە ئاگری دۆزەخدا!

وایگوت و بە یەك قوم پەرداخەکەی فڕ کرد.

– ... چ گوناهبارێکی تر ماوه له سڵامەتی بخۆینەوه؟

شەراب دڵی کردبوونەوه و لێوڕێژی کردبوو له ئەوین. هاوڕێیان ئامێزیان به یەکدیدا دەکرد و پێدەکەنین.

یاناکۆس هاواری کرد:

– پانایۆتیسه زلمان بیرچوو!

– با به سڵامەتی ئەو یەهوزایه بخۆینەوه! به سڵامەتی ژاکی حەواری!

کوستانتیس وەڵامیدایەوه:

– بەسڵامەتی پەترۆسی حەواری!

هەردووکیان پەرداخەکانیان فڕکرد. خاتوو کوستانتیس ئاوڕیدایەوه و بینی خەریکن هەموو شەرابەکەی دەخۆنەوه، بۆیه هەڵشاخا و به گرژی گوتی:

– کوستانتیس، خەریکیت زیادەڕۆیی دەکەیت!

کوستانتیس خۆی کۆکردەوه:

– باشه! خانم تووڕه مەبه! بڕۆ گۆزەیەك ئاوی سارد بێنه تا دڵمان بێتەوه سەر خۆی.

ژنەکە بۆ چالآوەکە چوو. کوستانتیس پەنجەی نایە سەر لێوی و بە ئەسپایی گوتی:

– ئاگاداربن تووڕە نەبێت.

یاناکۆس گوتی:

– باشترە ئێمە بڕۆین و ئەگەرنا ئەمشەو حیسابت بۆ دەکا.

– نا، پێی ناوێ بڕۆن. تەنها نابێ هەراهەرا بکەین! با بە سلامەتی وی ئاو بخۆینەوە، دەشێ هەڵبخەڵەتێ. یاناکۆس تۆ ژنان ناناسیت.

ژنەکە بە گۆزە ئاوەوە گەڕایەوە. پەرداخە بەتاڵەکانی هەڵگرت و پڕی کردن لە ئاوی سارد. سێ هاوڕێکە پەرداخەکانی خۆیان هەڵبڕی و یاناکۆس گوتی:

– خوشکێ گیان، بە سلامەتی تۆ! خودا هەمان شێوە کە ئەمشەو جگەری ئێمەت فێنك کردەوە، ئاوها جگەری تۆیش فێنك بکاتەوە! لە دونیادا خوشکێکی باشتر لەتۆ و هاوسەرێکی باشتر لەتۆ بوونی نییە. کوستانتیس لەهەر شوێنێك دادەنیشێت ستایشت دەکات.

کوستاتیس شەرمنانە گوتی:

– خانم، بەسلامەتی تۆ! من چوون بۆ دۆزەخ لەگەڵ تۆدا لە ڕۆیشتن بۆ بەهەشت بەباشتر دەزانم!

که وایگوت چاوێکی لەهاوڕێکانی داگرت. مانۆلیۆسیش بەنۆرەی خۆی گوتی:

– بەسلامەتی خاتوو کوستانتیس. خانم بمانبوورە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەورەیە و گوندەکەمان ڕزگاری بوو. خودا خۆی قەرەبووی ئەم زەحمەتەت بۆ دەکاتەوە کە بۆ ئێمەت کێشا.

هەرسێکیان ئاوەکەیان خواردەوە. ئاوەکە دڵیانی فێنك کردەوە و کوڵی ئاگری دەرونیانی دامرکانەوە. کوستانتیس کیسە تووتنەکەی دەرهێنا، سیگارێکی پێچایەوە، کیسەکەی بە هاوڕێکانیدا و هەمووان لەجێگاکانیان هەستان، چوونە حەوشە و لەسەر قەنەپە دانیشتن و ژنەیش بە بۆڵەبۆڵەوە کەوتە کۆکرنەوەی مێزەکە.

هەوا خۆش بوو. بۆنی گەنم لە دەشتەکەوە دەهات. شەو بۆنی دارهەنجیرەکەی حەوشەی لێدەهات.

تەپەی پێیەك لەو دیوماڵەكەوە هات و كەسێك ڕاوەستا و لە دەرگا درا. كوستانتیس بە نیگەرانیی لەجێگەكەی هەستا:

– كێیە؟

– كوستانتیس بیكەرەوە! منم، میكیلیس.

كوستانتیس بەخۆشحاڵیی دەرگای كردەوە و میكیلیس لەنێو تاریكییەوە هاتە دەرێ.

– پیرەمێرد باش خواردی و خواردییەوە، كاتێ كەوتە وەنەوزدان، ئیدی لە ماڵ هاتمە دەرەوە.

وایگوت و ئەویش لەسەر قەنەپەكە دانیشت. گەرمای دڵگیری بێدەنگیی، بوونی وی لەخۆیەوە پێچاو و دڵی نەدەهات ئەو بێدەنگییە بشكێنێت. بۆیە بێدەنگ مایەوە.

مانۆلیۆس سەری نابووە سەر دیوارەكە و لە ئەستێرەكانی دەنۆڕی و دڵی لە نووریاندا ڕووناك ببۆوە. نەرم نەرم دەنگی لە قووڵایی بێدەنگییەوە بەرزبۆوە:

– مرۆڤ دەبێ مل بۆ ویستی خودا بدات. خودا نەیویست من ئەمشەو بمرم و لەئێوەی برایانم جوێ ببمەوە. بێگومان بۆ ئەم كارەی بیانووی هەیە. ئاخر

هێشتا ئەرکی ئێمە لەسەر ئەرز تەواو نەبووە و دەبێ سەخت تێبکۆشین تا ڕزگارمان بێت. لەبەرئەمە برایان من ئەمشەو بڕیارێکی گرنگم داوە!

ئەوسا بێدەنگ بوو، هەمدیس سەری بەرەو شیرەڕێ هەڵبڕی. یاناکۆس و کوستانتیس هێور هێور دەهاتنەوە سەرخۆ و شەرابێك کە یەکەمینجار سەریانی گەرم کردبوو، هەنووکە بە تەواوی بە جەستەیاندا دەهات و هەموو بوونیانی گەرم دادەهێنا. میکیلیس دەستی بەئەژنۆی مانۆلیۆسدا هێنا تا تێیبگەیەنێ کە ئەو خۆیشی هەمان هەستی هەیە!

ئەوان تەنیا و لە دونیا دابڕاو بوون. شنەیەکی هێور هەڵیکردبوو. ئەستێرەکان بە ساپیتەی ئاسمانەوە شۆڕ ببوونەوە، بە دژواری ڕوخساری چوار هاوڕێکەی ڕوناك دەکردەوە و ئەوانیش بە زەحمەت یەکتریان لە تاریکایی شەودا بۆ جوێ دەکرایەوە.

مانۆلیۆس گوڕیدایە خۆ و ڕستی قسەکانی بەدەستەوە گرتەوە:

– ئەو زەمانەی لەدێر قوتابیی بووم و هێشتا خودان پاتریارکاس منی بۆ دونیای دەرەوە کێش نەکردبوو، قەشەی پیر، باوکە ماناسیس کە ئەگەر زیندووە ئەوا خودا ئاگای لێی بێ و ئەگەر مردوویشە ئەوا ڕەوانی شاد بێ، حەکایەتێکی لەبارەی یەکێك لە هاوڕێ قەشەکانی خۆیەوە بۆ گێڕامەوە. سالآنێك بوو ئەو حەکایەتەم بیرچووبۆوە، تەنها خودا دەیزانێت بۆچی ئەمشەو وەبیرم هاتەوە و بۆ ساتێك لە زەینم دوور ناکەوێتەوە ..

کوتوپڕ بێدەنگ بوو. هاوڕێکانیشی هەر بێدەنگ و ئەو لە تاریکییدا ڕوخساریانی نەدەبینی:

– خەوتان دێ؟

کوستانتیس بە بیستنی ئەو ڕستەیە ڕاچڵەکی، گوتی:

– مانۆلیۆس پرسیارێکی سەیر دەکەیت؟

یاناکۆسیش گوتی:

– مانۆلیۆس ئێمە هەرگیز ئاوها بێدار نەبووین. تکا دەکەم بەردەوامبە!

- زۆر باشە! دەمویست لەبارەی قەشەیەکەوە بدوێم کە هاوڕێی باوکە ماناسیس بوو، گەورەترین خەونێك لەژیانیدا هاتبووە دی ئەوە بوو خودا ڕوخسەتی دابوویە بچێ ماچی بەرقاپی مەرقەدی پاقژی مەسیح بکا و سوژدەی بۆ بەرێت. ئەو گوند بەگوند گەڕاو و سەدەقەی کۆکردبۆوە. دواجار دوای تێپەڕبوونی سالأن و کاتێك کە ئیدی پیر ببوو توانیبووی سی لیرە بۆ سەفەرەکەی کۆکاتەوە. ئیدی تۆبەی کرد و بە ئیجازەی بەرپرسەکانی ڕێگەی گرتەبەر ... بەڵام هێشتا لە دەیر نەچووبووە دەرێ، چاوی بە شرپۆشێکی لاواز و ڕەنگ پەڕیو و غەمگین کەوت کە خەریکی ئاڵف چنین بوو. شرپۆش هەر کە دەنگی بەرکەوتنی گۆچانەکەی قەشەی بە بەردەکاندا بیست، سەری هەڵبڕی و پرسی:" باوکە ئەوە بۆ کوێ دەڕۆیت؟" قەشە وەڵامیدایەوە:" بۆ دیدەنی مەرقەدی پاقژ دەڕۆم برا؟ گەرەکمە سێ جار بەدەوریدا بسوڕێمەوە و سوژدە بەرم."

- چەند پارەت پێیە؟

- سی لیرە.

= لەبەر ئەوەی ژن و مناڵەکانی من وا خەریکن لەبرسا دەمرن، ئەوا ئەو سی لیرەیە بدە بە من، سێ جار بە دەورمدا بسووڕێرەوە و سوژدەم بۆ بەرە!

قەشە پریاسکەی پارەکەی لە بەرپشتوێنەکەی دەرکێشا و دای بە شڕپۆش، سێ جار بەدەوریدا سوڕایەوە و لەبەردەمیدا سوژدەی بۆ برد و ئەوسا بۆ دەیر گەڕایەوە.

مانۆلیۆس سەری داخست و بێدەنگ بوو. سێ هاوڕێکە بەدڵ گوێیان بۆ قسەکانی ڕادێرا بوو، ئەوانیش هەر بێدەنگ بوون. قسەکان تا قووڵایی بوونیان ڕۆچوو. دواجار مانۆلیۆس سەری هەڵبڕی و گوتی:

– ... پاشان حاڵی بووم ئەو قەشەیەی بۆ دەرگا ماچکردنی مەرقەدی پاقژ کەوتبووە ڕێ، خودی باوکە ماناسیس بووە کە خۆنەویستانە لەناوهێنانی خۆی، خۆی بواردبوو. ئەمشەویش دوای تێپەڕبوونی ساڵانێك، تازەکیی تێدەگەم ئەو شڕپۆشە کێ بووە کە قەشە لەکاتی دەرچوونیدا لەدەیر ڕێکەوتی کردووە!

دەنگی دەلەرزی. سێ هاوڕێکە نزیکی بوونەوە و بە دردۆنگییەوە لێیان پرسی:

- کێ بووە؟

مانۆلیۆس بۆ ساتێك دوودڵ بوو، ئەوسا هێور و وەکی میوەیەکی گەییو کە شەوانە دەکەوێتە باغێکەوە، ناوێك لە لێوییەوە بەربۆوە:

- مەسیح!

هەر سێ هاوڕێکە ڕاچڵەکین. وەك بڵێیت لەناکاوێکڕا مەسیحیان ئاوارە و بێ پشت و پەنا، شڕپۆش و خەمین و ڕاکردوو لەخەڵکیی، بەپێوپلی شەکەت و خوێناویی لە ڕێگەیەکی دوورەوە و لەمیانەی تاریکیی شەوەوە هاتوو، لەنێوان خۆیانا بینیبێ. هەمووان هەراسان بەڵام خەنی، ئامادەیی نەبینراوی وییان هەست پێدەکرد. ماوەیەك واقوڕماو و بێدەنگ لەجێگای خۆیانا مانەوە. نەیاندەزانی چ بڵێن؟ لە کام لا بنۆڕن؟ گەرچی هیچ کەسێکیان نەدەبینی، بەڵام تارماییەکی خەیاڵیی مرۆڤئاسا لە بەرچاویاندا بەتەرزێکی واقیعیی و کە بکرێ دەستی لێوە بدەیت، خۆی دەنواند.

دواجار ياناكۆس زاری هەڵێنایەوە و وەکی کەسێك کە لەنێو تاریکییەوە دەنگی لەدەرگادانی ژنەڤتبێ، گوتی:

- کێیە؟ ... کێ لەوێیە؟

وایگوت و دەستی بەرەو لای دەرگاکە ڕایەڵ کرد.

گەڵاکانی دارهەنجیرەکە دەلەرینەوە. شەو لێوڕێژ ببوو لە بۆنی لاولاو. بۆنی گەنم و هەنجیری گەییو دەگەیینە کەپوو. چوار هاوڕێ بە تەواوی بوونیان ئامادەیی نەبینراوی ئەویان هەست پێدەکرد.

هەر چوار هاوڕێکە تاڤ منداڵیی خۆیانیان کەوتەوە یاد. دەورانێك کە هێشتا پاقژ و بێ ڕتووش بوون، هەمان گوڕی نەبینراو بوونیانی داگیر دەکرد و پێنجشەممەگەلی پیرۆز لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نوێژدا، گیرۆدەی هەمان ڕەنگ هەڵبزڕکان دەبوون.

میکیلیس ویستی مانۆلیۆس لەئامێز بگرێت، بەڵام خۆی گرت و تەنها گوتی:

- مانۆلیۆس، ئەو ساتەی دەست بەستراو، بەڵام خەنی و ئارام لە ماڵی ئاغا هاتیتە دەرەوە تا لەپێناوی خەڵکدا

بۆ پێشوازیی مەرگ بڕۆیت، هەستم کرد نوورێکی سەیر و هەناسەیەکی تازە لە بوونتەوە دەچۆڕێت. وەك بڵێی بەرز و باریك بووبیت و یەك پارچە بووبیتە بڵێسە! ڕێك لەهەمان لەحزەدا بڕیارمدا بۆ هەر کوێ بڕۆیت لەدووت بێم و هەر فەرمانێك بدەیت جێبەجێی کەم!

بۆ ساتێك دردۆنگ و بێدەنگ مایەوە، بەڵام هەر زوو بەنەوایەکی شێلگیرانە و هێور لەسەری ڕۆیشت:

– ... من ئیدی دڵنیام کە دڵبەستەییم لە باوکم زۆر زیاترە کە جگە لە خواردن و خواردنەوە و وەنەوزدان چ کارێکی تری نییە. بۆیە دەبێ گوێڕایەڵی تۆ بم نەك ئەو!

یاناکۆس و کوستانتیس ویستیان قسان بکەن بەڵام قەهر ڕێی گەروویانی بەستبوو، دەگریان. هاوسەرەکەی کوستانتیس لەبەر دەرگا وەدیارکەوت و کاتێ دەنگی گریانیانی بیست سەری لەقاند و هەمدیس بۆ ژوورەوە گەڕایەوە. مانۆلیۆس دەستی میکیلیسی لەنێو دەستی خۆینا و گوشی:

– براکەم، تۆ لەمن باشتر و پاکتر و لە مەسیحەوە نزیکتریت. وەسوەسەکانی شەیتان تۆ شپرزە ناکا و

دڵنیاتر و هاسانتر له من، ڕێگەی ڕاست دەدۆزیتەوە! ئامانجێك كە من بۆ وەدەسخستنی، سالآنێك هەوڵ و بەرخۆدانم بۆدا و پێی نەگەیشتم، تۆ بە ئارامیی و بێ ئەوەی خۆت بتارێنیت پێی دەگەیت. لەخۆبوردوویی تۆ زۆر زیاترە لە هی ئێمە، چونكە تۆ خودان زادەیت و خاوەن ماڵ و ژیان. باوكت خودانە و دەوڵەمەند. تۆ خاوەن ناو و ناوبانگیت، بەڵام من خاوەنی هیچ نیم. چونكە هیچ شتێكم نییە كە لەڕێی خودادا بیكەمە قوربانیی، عەزابیش ناكێشم ... منی ناچیزەی بێ قەوارە ڕێك وەك باوكە ماناسیس نەخشەی زۆرم بۆ خۆم كێشابوو. پشتیری مەڕەكان بۆ من گچكە ببوو. ئاوایی بۆم گچكە ببوو. حەزم دەكرد بە كەشتییەكی گەورە هێند دونیا بگەڕێم تا دواجار ڕێگای ڕزگارییم دەدۆزمەوە. من بیرم دەكردەوە كە مەرقەدی پاقژ زۆر دوورە و لەم سەرزەمینەی كە خودا منی تیادا خەڵق كردووە، بێزار بووم ... بەڵام ئێستا تێدەگەم مەسیح لەهەموو شوێنێكە، مەسیح لەدڵی ئێمەدایە. لەهەمان ئاوایی پڕ بەرەكەتی خۆمان كە نموونەی ئاغا، لاداسی پیر و باوكە

گریگۆریس لە ناز و نیعمەتدا بەسەر دەبەن، مەسیحیش، هەژار و برسی و بێ ماڵ و حاڵ. مەسیحی داماو لەگەڵ منداڵە برسییەکانیدا کە لە دەرگای هەر ماڵ و دڵێك دەدات، بۆ ماڵ و دڵێکی تر حەواڵەی دەکەن ...

لەجێگەکەی هەستا و لەکاتێکدا چاوانی لە تاریکایی شەودا دەدرەوشانەوە، هاواری کرد:

– ... بەڵام برایان، ئێمە بۆ پێشوازی مەسیح دەڕۆین و دەرگای ماڵ و دڵی خۆمانی بۆ دەخەینە سەر پشت. من تا ئەلعان ئەوم نەبینیوە و دەنگیم نەژنەفتووە، بەڵام لەمەولا هەم دەنگی دەبییەم و هەم خۆیشی دەبینم! دوێنێ عەسر کە یاناکۆس بۆ چیا هات و منی لە خەڵوەتی خۆمدا دۆزییەوە، دەنگی مەسیحم بیست کە ناوی منی بە زاردا هات. لە هەمان ئەو ڕۆژەوە لە چیا هاتوومەتە خوارێ، یەکەمجار پێموابوو ئەو منی بۆ مردن بانگ کردووە، بەڵام دواتر حاڵی بووم مەبەستی لە مردنی من نەبووە و ئێستا دەزانم بۆچی بانگی کردووم. هەر بۆیە بڕیاری خۆم داوە.

دەنگێك لە تاریکییدا بەرزبۆوە. وەك بڵێی کوستانتیس بێ کە پرسی:

- بڕیاری چی؟

مانۆلیۆس بۆ ماوەیەکی کورت لە فیکرەوە چوو، ئەوسا وەڵامیدایەوە:

- بڕیاری چی؟ چۆن دەتوانم ئەوە لە قاڵبی وشەدا داڕێژم؟ من توانای داڕشتنی ئەوەم نییە و گەر خودا بیەوێت ئەوا بە ڕەفتار و کردار دەیخەمە ڕوو. برایان، بڕیارمداوە تەرزی ژیانم بە گشتی بگۆڕم، لە ڕابردوو دابڕێم و هەمیشە هاوڕێی مەسیح بم. مژدەی وی بدەم و لە هەموو شوێنێك لە پێشی پێشەوە جاڕ بدەم و هاوار بکەم. هەڵبەت نازانم چ دەڵێم و گرنگیش نییە بزانم، چونکە مەسیح خۆی وشەی پێویست دەنێتە سەر زارم. بەڵی برایان، بڕیارمداوە ئاوها بم!

ئەوسا بێدەنگ بوو. بۆ ماوەیەکی کورت جگە لە خشەخشی پەنهانی گەڵای دارهەنجیرەکە، هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا. بەڵام زۆر زوو شاڵاوی پرسیار دەستی پێکرد.

یاناکۆس پرسی:

- ئەی چاری ئێمە چییە؟ چاری من و گوێدرێژەکەم و کارو کاسپیم؟

کوستانتیس پرسی:

- ئەدی من چ لە ژن و منداڵ و قاوەخانەکەم بکەم؟

میکیلیس گوتی:

- من هیچ پرسیارێکم نییە! چونکە بەر لەوەی بۆ ئێرە بێم بڕیاری خۆم دابوو. بڕیارمداوە ماڵی بابم جێبێڵم.

مانۆلیۆس هەروا بێدەنگ بوو. لەژێر ڕووناکی کەمڕەنگی ئەستێراندا دوو ڕوخساری پەنهانی دەبینین کە لەنزیك ڕوخسارییەوە چاوەڕێی وەڵام بوون. ئاخر دەبوو چ وەڵامێك بداتەوە. مەگەر ئەو دەیتوانی لەبری ئەو دووانە بڕیار بدا و ژیانیان ئاڵوگۆڕ بکات؟ هەرکەس بەرپرسیاری باشیی و خەراپیی ژیانی خۆیەتی و خۆی دەبێ ڕێگەی ڕزگاریی بدۆزێتەوە. ئەوسا بێدەنگیی شکاند و گوتی:

- برایان، بڕیاری مرۆڤی سەرڕاست وەك میوەی درەختە. میوە دەبێ بە ئارامیی، حەوسەڵە و بە یارمەتی

هەتاو و با و باران بڕسکێ و خۆی لە درەختەکە بکەوێتە خوارەوە! هەر بۆیە ئێوەیش بە حەوسەڵە بن و تەنها پرسیار لەخۆتان بکەن. زەمەنی بەختەوەریی ئێوەیش بە زوویی دێت. ئەوسا ئیدی هیچ کەس ناپرسێ و ئارام و بەبێ ئازار، ژن و منداڵ و باوك و دایك و کار و کاسپیی خۆیان رەها دەکەن و مووروو بە ئەڵماسی درشت دەگۆڕن. واتە ڕوو دەکەنە مەسیح.

یاناکۆس گوتی:

– مانۆلیۆس تۆ ڕێگەمان پیشان بدە، من یەك بەخۆم لەگەڵ تۆدا دەبم.

مانۆلیۆس دەستی هاوڕێ بێ تاوەکەی گوشی و وەڵامیدایەوە:

– یاناکۆس پەلە مەکە، بهێڵە یەکەم جار من بە تەنیا بە دەرد و عەزاب ئاشنابم.

کوستانتیس دەستی وا ڕایەڵ کە گوایە دەیەوێ نەهێڵێ بڕوات:

– تۆ ناڕۆیت و بەتەنیا جێمان ناهێڵیت؟

– کوستانتیس بۆ کوێ بڕۆم؟ مەگەر بیرتچۆوە باوکە ماناسیس مەرقەدی پیرۆزی لە کوێ دۆزییەوە؟ هەر کەسێك لە هەر کوێی دونیادا بەرخۆدان بنوێنێ و ڕەنج بکێشێت، لەڕاستیدا ئەو کەسە بۆ تەواوی دونیا بەرخۆدانی نواندووە و ڕەنجی کێشاوە. من هەمیشە لەگەڵ ئێوەدا دەبم. لە لیکوڤریسی، لە چیا، لەسەر هەمان ئەم ئەرزە. من تۆوی خۆم لێرە دەوەشێنم و درەوی دەکەم. ئەمە فەرمانی خودایە کە من لێرە بکەومە بەرخۆدان. هەر کڵۆ گڵێکی ئەم خاکە خودی مەرقەدی پاڤژە!

هاوسەرەکەی کوستانتیس جارێکی تر لەبەر دەرگا وەدیارکەوت و لەژێر لێوەوە مڕاندی. مانۆلیۆس لەجێگەکەی هەستا و لە ئەستێرەکانی نۆڕی:

– ... هاوڕێیان، نیوەشەوە و من دەبێ بۆ چیا بگەڕێمەوە. کەواتە بە ئومێدی دیدار!

یاناکۆس گوتی:

– ئێمەیش دەڕۆین ... وا بزانم خوشکەکەم خەوی دێت!

خاتوو کوستانتیس جارێکی تریش مڕاندی:

– لەنیوەی شەویش تێپەڕیوە!

هەر سێ هاوڕێ شەوباشیان لە خاتوو کوستانتیس کرد و هەوڵیاندا بە قسەی خۆش دڵی بدەنەوە. بەزەییان بە کوستانتیسدا دەهاتەوە لەوەی دەڕۆن و ئەو بە تەنیا لەنێو چەنگاڵی ژنەکەیدا جێدێڵن.

کوستانتیس لەکاتێکدا کە بەڕێی دەکردن، گوتی:

– شەوباش منالینە. خودا ئاگای لێتان بێ!

کە دەرگاکە داخرا، یاناکۆس بە چرپە گوتی:

– هێی کوستانتیسی داماو! ئیرەییت پێنابەم ...

ئاوایی لە ئارامییەکی دڵڕفێنی شەوێکی بەهارییدا نوستبوو. سەگێك لەدوورەوە دەوەڕی و ئەستێرەکان شمشێرئاسا بەژوور سەری سێ هاوڕێکەوە دەدرەوشانەوە. تا نیوەی ڕێگە هەرسێکیان پێکەوە بوون بێ ئەوەی ورتەیان لەدەم بێتە دەر. ئاخر ئیدی چ قسەیەك بۆ گوتن نەماو و هەموو شتێك گوترابوو.

مانۆلیۆس تەنها و بە پەلە کوێرە ڕێکەی کوێستانی گرتەبەر. وەك بڵێی لەسەر باڵی فریشتان دانیشتبێ.

# 11

هاوکات کە خەڵك، گرفتار بە هەواوهەوەسی دەروونیی، دەجەنگان، دەیانکوشت و دەکوژران تا بەدوای ڕێگەی بەهەشتدا بگەڕێن، گەنم هێور و دڵنیا دەڕسکا و سونبولی پڕ ناوك لە چاوەڕێی درەودا سەری بەرەو ئەرز دادەنەواند.

ڕۆژێکیان هەر لە سپێدەوە، کیژانی گەنج بۆ خۆپاراستن لە تیشکی خۆر، سەرپۆشێکی سپییان لەسەریان بەست و داس بەدەست ڕێی دەشتیان گرتەبەر. ئیدی هەمووان ئەو چارەکە سەعات نسکۆیەیان لەبیرکردبوو کە بەسەر ئاواییدا هاتبوو. بە چرپە لەبارەی بێوەژنەوە دەدوان و پێدەکەنین، بە وەبیرهێنانەوەی بەیانییەکی پێنجشەممە سوورهەڵدەگەڕان و هەڵدەلەرزین کە میراخوڕ نیوەڕووت و لەتوپەت، بە زوبانی شینی دەرپەڕیوەوە، بە درەختەکەوە هەڵواسرا

بوو. بەیانی ئەو ڕۆژە با هەڵیدەکرد و سەرسوڕهێنەرانە جەستەی وی دەشەکانەوە و هێنابوویە خشەخش .

بەڵام کاتێك مانۆلیۆسیان دەکەوتەوە یاد ڕوخساریان سوورهەڵدەگەڕا. چونکە کاتێ ئاغا خەڵکەکەی بڵاوە پێکرد، دایکان بە ڕاکردن لە گۆڕەپانەکە گەڕانەوە، گێڕایانەوە کە چۆن مانۆلیۆس، لەخۆبایی و سەنگین بە ڕوخسارێکی شەنگ و قژی زێڕینەوە وەکی فریشتان لەبەر دەرگا وەدیارکەوت، لەوەڵامی خەڵکانێکی بەدزوباندا کە دەیانگوت ڕوخساری پۆشراوە بە گەڕیی، گوتیان ئەوە درۆی ڕووتە! بەڵکو ڕوخساری وەك خۆر درەوشاوەتەوە.

کیژانی گەنج چوونە کێڵگە و داسەکان چاپووکانە کەوتنە کار. لاسکەکانیان بە مشت دەگرت و دەیانبڕین و بە چەپکە گوڵەگەنم کۆڵەباریان دروست دەکرد... هەمووان قسەی خۆشیان دەکرد و پێدەکەنین و لەبارەی کوڕانی گەنجی ئاواییەوە سەری قسەیان دادەمەزراند. یەکێکیان بە کۆم بانگ دەکرد، یەکێك بە شەل و

ئەویتریش بە لاڵ! عەیبارترینیان ڕێك ئەو كەسە بوو كە ئەمان سوێیان بۆی ببۆوە.

ژنەكەی پانایۆتیسیش لەگەڵ پلاژیا و كریسولای كیژیدا دەچوون تا كێڵگە گچكەكەیان درەو بكەن. ئەو ژنە داماوە وەك قامیشی نێرگەلەی لێهاتبوو. تێكوپێك شكاوتر لە تەمەنی دەینواند و لێو بەبار. وەك بێوەژنان لەچكێكی ڕەشی لەسەری دەبەست و شەكەت و لێو كلۆمدراو لە پێش كیژەكانییەوە هەنگاوی دەنا. ئەدی بۆچ هاتبووە دونیاوە؟ چ گوناهێكی كردبوو كە خودای گەورە ئاوها بە شایستەی عەزابی زانیبوو؟ مێردەكەی چ تاوانێكی كردبوو كە ئاوها كەوتبووە ئەو حاڵ و ڕۆژەوە و مەینۆش و دەسبلاو، ببووە گاڵتەجاڕی خەڵكیی؟ وی كە بەر لە ژنهێنانی پیاوێكی خاوەن عیزەتی نەفس، كەمدوو، زەحمەتكێش و شەرمن بوو، كاتێك بەبەر ماڵی هاوسەرەكەی ئایندەیدا تێدەپەڕی، تەنانەت زاتی نەدەكرد سەر هەڵبڕێ و تەماشای بكات، چونكە ژنەكە لە خێزانێكی خوداپێداو و ئەمیش پیاوێكی هەژار! تا ئەوەی ڕۆژێكیان خوالێخوشبووی خەزووری ئایندەی

بانگی دەکا و پێیدەڵێ:" پانایۆتیس بەدڵمدا چوویت. تۆ هەژاریت بەڵام زەحمەتکێش و شەریفیت. دەزانم کیژەکەمت خۆش دەوێت. کەواتە بیهێنە و منیش دۆعا بۆ بەختەوەریتان دەکەم!" ئیدی پانایۆتیس هێنابووی و ژیانیان بەخۆشیی تێدەپەڕی تا ئەو ڕۆژەی کە بێوەژنی نەعلەتیی لەبەردەمیدا قووتبۆوە. ژنە لەژێر لێوەوە کەوتە ورتەورت:" لەعنەت لەو دەڵە گورگە بێ کە ئاوها ڕەنج بەخەساری کردم! خودایە! ئەگەر گوێ لە قسەی ژنانی داوێنپاك دەگریت، ئەوا گوێ لە منیش ڕادێرە و ئەو ژنە بەرەڵایە بخەرە ئاگری دۆزەخەوە و لەگەڵ یەهوزادا لێی بپرسەوە!" بەڵام هەر کە ناوی یەهوزای بە زوباندا هات لەرز دایگرت، گوایە نەفرەتەکەی بەو مانایە بوو کە خودا تەنانەت لە ئاگری دۆزەخیشدا مێردەکەی لە بێوەژن جیانەکاتەوە. شپرزە لەجێگەی خۆیدا ڕاوەستا. دوو کیژی گەنمڕەنگی شۆخی گۆشتن بە گۆنا و سەر لێو توکن و جەستەی شەڵاڵ لە بۆنی ئارەقە، قسەی هەڵیتوپڵیت گۆ و دەم بە حیلکە حیلك لەدوایەوە بوون.

کریسولا، کیژە گچکەترەکەیان گوتی:

– هەمدیس دایکم وشك هەڵگەڕا. وەك بڵێی هەمدیس خەیاڵ لێیدابێتەوە!

پلاژیاش وەڵامیدایەوە:

– گرەو دەکەم هەمدیس بێوەژنی کەوتۆتەوە بیر!

وایگوت و ئیدی هەردووکیان لە قاقای پێکەنینیاندا.

لاداسی پیر بەپێی پەتی و پشتی کۆماوە و خەیاڵاویی تێدەپەڕی، بە پێکەنینەوە لای کردەوە و بینی سێ ژن داس بەدەست دەچنە کێڵگەکەی خۆیانەوە. لاداس لێیان چووە پێشێ و لە دایکەکەیانی پرسی:

– ئەمە کێڵگەی ئێوەیە. کێڵگەی ترتان نییە؟

ژنەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وەڵامیدایەوە:

– بابە لاداس ئەمە تەنها کێڵگەیەکە ماومانە. ئەوانیترمان فرۆشت!

لاداسی پیر نیگایەکی کڕیارانەی لە کێڵگەکەدا، بڕی بەروبوومەکەی خەملاند و لەکاتێکدا کە سەری بادەدا بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت. هێشتا جنێوەکانی پانایۆتیس وەکو وڕەی دووپشك لە گوێیدا دەزرنگایەوە. هەر ڕۆژێك وەبیری خۆی دەهێنانەوە و هەر جارێکیش بەڵێنی

بەخۆی دەدا کە تاقە ڕەزە بۆماوەکەی لەبن دەستی دەربێنێ:" هەی بێ چاوڕوو، وەرە با پیشانت بدەم لاداس کێیە؟!"

هەروا پیاسەی دەکرد. لەبەردەم هەر کێڵگەیەکدا ڕادەوەستا و بە خێرایی بەروبوومەکەی دەخەملاند. هەموو ساڵێك، لە وەرزی درەودا دەچووە کێڵگە و ڕەزەکان و پاشان دەچووە گیانی دارزەیتونەکان! مێشکی وەك ئامێری ژمێریاریی بڕی نزیکەیی بەروبوومی گەنم، شەراب و زەیتی زەیتوونی حیساب دەکرد و بەو جۆرەیش بڕی دارایی هەر ئاواییەکی دەخەملاند و تاووتوێی ئەوەی دەکرد کە دەتوانێت چ بڕە پارەیەك بە قەرز بدات و دەبێ سووی قەرزەکە چەند بێ!

هەموو ساڵێك ئاوها تێدەپەڕی، بەڵام ئەو ساڵە لاداس بە ئیشتیایەکی زیاترەوە دەچووە وێژەی کێڵگەکان. لەهەمان ئەو ڕۆژەوە کە لە چەنگاڵی مەرگ دەرچوو بوو، خۆی بۆ ئەوە نابۆوە تا هەرچی زیاتر کێڵگە و ڕەز و باغی زەیتوون هەڵلوشێ و بەر لە مردنی قاسەکانی پڕ لە

دراوی زێڕ بکات. هاوکاتیش پشتوێنەکەی توندتر دەبەست تا تا کەمتر بخوات. ئەو ئیدی پێشخواردن و زەیتوونی لە خواردنی خۆی لابردبوو، بڕیاریدابوو جگە لە ئاو کە بە دیارییەکی خوداوەندی دەزانی، چیدیکە نەخواتەوە. لەمبارەیەوە بەهاوسەرەکەی گوتبوو:" پەنلوپ گیان، ئێمە دەرفەتی زۆرمان بەدەستەوە نەماوە و بۆی هەیە لە هەر ڕۆژێکدا بمرین، کەواتە دەبێ پەلە بکەین! تۆ ڕات چییە؟"

- هەی لاداسی نەفرەتیی، گەرەکتە هەموو چتێك هەڵلوشیت؟ ئەم هەمووە بەکەڵکی چیت دێن؟ مەگەر جگە لە کفنێك دەتوانیت چی تر لەگەڵ خۆتا ببەیت؟ لێگەڕێ با هەژارانیش کەمێك بخۆن!

زەمینداری پیر بەتووڕەیی لای کردەوە و چاوی بە خودان پاتریارکاسی قەڵەو و سوورکەلە کەوت. خودان کلاوێکی حەسیریی لەسەرنابوو کە لەژێریدا دەسەسڕێکی سپی پشتملی داپۆشیبوو تا لە تیشکی خۆر بیپارێزێ و خوێن گوشار بۆ مێشکی نەبات. ئەویش بۆ کێڵگەکانی خۆی دەچوو تا چاودێری کاری

کیژانی درەوکار بکات. ئامادەیی وی دەبووە هۆی ئەوەی کە هەم داسەکان لەکار نەووەستن و هەم بتوانێت سمتی بەرجەستە و مەمکی ئارەقەکردووی کیژان کە لە یەخەکانیانەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، تەماشا بکات. جارناجارێك قسەیەکی خۆشی دەردەپەڕاند تا هەم ئەوان بجوولێنێ و هەم خۆیشی.

لاداس تەماشای دەکرد، لە تووڕەییدا خەریك بوو لێکدەبۆوە، بەڵام هیچی نەدەبێژا. خودان بە بینینی ڕوخساری ئێسکنی پیرەمێردی پیسکە و پانتۆڵە هەلاهەلاکەی کە لە نێوقەدییەوە شۆڕ ببۆوە، قاقایەکی لێدا و بۆ ئەوەی تووڕەتری بکات، گوتی:

- وابزانم هەرچی ئەو گەچخۆرە ورچە زلە لە زیندانا پێیگوتیت ڕاست بێت!

لاداس ناڵەناڵ وەڵامیدایەوە:

- منیش کە باشم بە جەنابعالی کرد! ناشێ بیرت چووبێتەوە؟

- مەبەستت لە " بەرازی پۆخڵەکە " یە؟ دەبێ بزانیت ئەی لاداسی ئازیز کە هەرچی زیاتر بیر لە قسەکانت

دەکەمەوە زیاتر دەگەمە ئەو ئاکامەی کە تۆی ناڕەسەن ڕاست دەکەیت! باوەڕ بکە لەهەمان ئەو لەحزەیەوە کە لە زیندان هاتوومەتە دەرەوە ئیشتیام وەك ئیشتیای گای لێهاتووە. هەمیشە دەخۆم و دەخۆمەوە. هەمووان بەدەستمەوە بۆڕۆ بوون. ئیدی لێنێو و نیکۆلیۆس و باخەوانەکەم فریای سەری مریشك و مەڕ بڕین و پەنیر دروستکردن ناکەون ... بوومەتە کەسێك تێرخواردنم بۆ نییە! خۆ ئەگەر بەڕێکەوت تێر ببم، لە دەرمانەکەی باوکە گریگۆریس - کە ئەویش خەریکە دەتەقێت - دەخۆم تا بڕشێمەوە، گەدەم جێگەی بێتەوە و بتوانم هەمدیس بخۆم، لاداس گیان ئێستا حاڵی بوویت؟

لاداس تفێکی لەسەر ئەرزەکە ڕۆکرد و وەڵامیدایەوە:

- تێگەیشتم. کرم و ماروو مێروو لە خاکەوە سەریان هێناوەتە دەرێ تا قەڵەو بوون و ئاوسان و تەقینی تۆ تەماشاکەن و بە یەکتری بڵێن:" تەححا کە سات و کاتێکی بەشکۆمان دەبێت!" تۆ هەمیشە خۆت پڕ دەکەیت و منیش خۆم بەتاڵ. ڕۆژێکیش ئیزرائیل هەردووکمان بۆ دۆزەخ دەبات!

وایگوت و هەمدیس تفێکی تری لە ئەرزەکە کرد و دوور کەوتەوە.

*

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە ڕەعییەت و کیژەکانیان لە بیاباندا سەرگەرمی درەو بوون، ئاغا دەرگایماڵەکەی لەسەر خۆی داخستبوو، گا مەست و بێهۆش دەکەوت و هەڵدەسایەوە و لە دیوەخانەکەدا پیاسەی دەکرد و گا لەسەر باڵشتێك دادەنیشت و بە سەعات بێ ئەوەی بخوات یاخۆ بخواتەوە، سەبیلی دەکێشا و بیری لە دونیای بێ وەفا دەکردەوە و هێند لە بازنەی دوکەڵەکەیدا دەتوایەوە تا ئیدی مەحف و دیار نەدەما.

بەڵام دواجار بەیانییەکیان لە خەو هەستا، جلکی لەبەرکرد و کارەکەرە پشت کۆمەکەی بانگ کرد:

– هێی پیرێژن! بڕۆ ماینەکەم بۆ زین بکە. بڕێك نان و گۆشت و بوتڵێك عارەق بنێرە جەواڵەکەم. دەمەوێ بڕۆم بۆ شار، لەوێوە بەو ماشێنە نەعلەتییانە بۆ ئەزمیر

دەڕۆم. باش ئاگات لە ماڵەکە بێت. هیچ کەسێك مافی نییە لە نەبوونی مندا بێتە ماڵەوە! گوێت لێیە؟ ئەگەرنا ئەوا گوێ و لووتی تۆیش دەبڕم. کۆمییەکەشت دەبڕم!

– بەسەرچاو ئاغا، سەفەر خۆش و بە سەلامەت!

بەڵام لە دڵەوە بە ئاغا پێدەکەنی و بەخۆی دەگوت:" چەپەڵە گەرەکییەتی بۆ ئەزمیر بڕوا و یوسفۆکێکی تر بێنێ!"

کە شەو داهات ئاغا بەسوار ماییەنەوە وەکی دز لە ئاوایی چووە دەرێ و هەروا کە دەڕۆیشت بە نێوچەوانی خۆیدا دەکێشا و بەخۆی دەگوت:" تەحەا کە گێل بووم! بۆچی تا ئێستا بیرم لەمە نەکردبۆوە؟"

*

دوای چەند ڕۆژ، کاری درەو تەواو بوو. گوندنشینان گەنمە درەوکراوەکانی خۆیان کردە خەرمان و دوای خەرمان کوتین و شەن کردن، ئیدی هێور هێور بۆ ماڵەکانی خۆیان بردەوە. پانایۆتیس تەواوی گەنمەکەی

خۆی بۆ ئاش برد و لەوێوە فەردە ئاردەکانی بۆ ماڵەوە هەڵگرتن و فەرمانی بە ژن و دوو کیژەکەی دا تا ئاردەکە بکەنە هەویر و بیکەنە نان. ئینجا دەمانچەکەی بەدەستەوە گرت، لە حەوشە ڕاوەستا و کەوتە تەقە بە ئاسماندا کردن. هەمووان لە ڕۆیشتنی ئاغا ئاگادار بوون و پانایۆتیس کە ئیدی ترسی لە کەس نەبوو، بەرەو لای دەمانچەکەی ڕۆیشت کە لەژێر ساپیتەکەدا شاردبوویەوە و بە تەقەکردن بەسەر ژن و کیژەکانیدا هاواری دەکرد:

– بۆ دەرەوە! بچنە دەرەوە! گۆڕتان ونکەن! دەمەوێت بە تەنیا بم!

ژنانی دەرودراوسێ کەوتنە نێوانەوە و بەسەر پێیدا کەوتن. ژن و دوو کیژەکەی دەگریان. بەڵام پانایۆتیس تا دەهات تووڕەتر و هاواری دەکرد:

– بۆ دەرەوە! بچنە دەرەوە!

دواجار پرچی هەرسێکیانی گرت، لە ماڵەکە کردنییە دەرەوە، دەرگاکەی توند داخست، قەرابەی عارەق و سوسیسێك کە پێشتر لایدابوو، هێنایە حەوشە و لەسەر

ئەرزەکە داینان. نانی گەرمیشی هێنا و بۆ خۆی لەژێر دارزەیتوونەکەدا ڕاکشا. دەیخوارد و دەیخواردەوە و هەرجار ناجارێك دەمانچەکەی دەردەهێنا و فیشەکێکی دەتەقاند. ئەوسا نیوە ڕووت لەسەر پشت نووست و مشتی بەرەو ئاسمان ڕایەڵ کرد:

– وەرە، ئەمەش بۆ تۆ هەی چەپەڵ!

وایدەگوت و هەمدیس دەکەوتەوە خواردن و خوادنەوە.

چەند شەو و ڕۆژ دەروجیران بەردەوام دەنگیان دەژنەڤت کە گا دەینالاند و تەقەی دەکرد و گا گۆرانی دەچڕی. بەلام هەرچی کات دەچووە پێش دەنگی تاساوتر دەبوو. ڕۆژێکیان هاوسێکان لە کونی دەرگاوە تەماشایان کرد و بینییان پانایۆتیس ڕووت و لەسەر پشت لەسەر ئەرزەکە پاڵکەوتووە، مووە خەنەیی ڕەنگەکەی ڕیشی تێکەڵی ڕشانەوە بووە و مشتی وێکهاتوو ئاراستەی ئاسمان دەکا و دەنەڕێنێ:" وەرە ئەمەش بۆ تۆ هەی چەپەڵ!"

بەیانی ڕۆژی دوایی، جارێکی تر دەنگی تەقە و لاوانەیەکی کپیان ژنەڤت و دوای ئەوە ئیدی بێدەنگیی و

بێدەنگیی. ژنان لەبەردەم ماڵەکەیدا کۆبوونەوە و لەکونی دەرگاوە تەماشایان دەکرد. پانایۆتیس لەسەر زگ و لەنێو ڕشانەوەکەیدا گەوزابوو.

ئانتۆنیسی سەرتاش گوتی:

– دەبێ دەرگاکە بشکێنین. ئەگەر مردبێ ئەوا بۆن دەکا و خەڵکەکە نەخۆش دەکەون.

زێوانی کڵێسا گوتی:

– یەکەم جار دەبێ لە باوە گریگۆریس بپرسین.

وایگوت و بە پەلە دوورکەوتەوە.

باوکە گریگۆریس کە هێشتا چزووی جنێوەکانی گەچخۆر بە جەستەیدا دەچزا، گوتی:

– دەرگاکە بشکێنن! ڕۆحی وی دەبێ تەسلیمی شەیتان بووبێت. بەبێ من بینێژن، چونکە من ڕێوڕەسمی ناشتنی بۆ ناکەم!

هاوسەر و کیژەکانی پانایۆتیس بە پەلە گەییشتن، خەڵکەکە دەرگاکەیان شکاند و کورتاندروویان لەنێو

گەندوگوودا دەرکێشا. وەکی مردوو ڕەنگ پەڕیو و تا بڵێی لەڕولاواز! وەك بڵێی لەسەر وردە شووشە گەوزیبێ، چونکە تەواوی جەستەی زامدار بوو، بەڵام هێشتا هەناسەی دەدا. ژنەکەی بەهەمان شێوەی کە ئەسپ دەشۆرێت، شووەکەی شت. کیژەکانی ئاویان لە چاڵاوەکە هەڵگۆزا و بەسەر سەر و جەستەیدا ڕشتیان. پانایۆتیس کەمێك هاتەوە سەر خۆی، چاوانی کردنەوە و کاتێ هاوسەر و کیژەکانی ناسینەوە، هەمدیس تووڕەیی هوروژمی بۆ هێنا و هاواری کرد:

– بۆ دەرەوە! بۆ دەرەوە!

بە زەحمەت لەجێگەکەی هەستا و کووڕ بەدوای دەمانچەکەیدا دەگەڕا بەڵام هەمدیس بێ بڕست لەجێگەکەیدا کەوتەوە. چواردەستە هەڵیانگرت و بۆ ژوورەوەیان برد و لەسەر حەسیرێك پاڵیان خست. ئانتۆنیس ویستی کەڵەشاخێکی لێبگرێ بەڵام ژنانی دراوسێ ڕێگەیان نەدا:

– هەی ناڕەسەن گەرەکتە خوێنی لێ بگریت؟ مەگەر شێت بوویت؟ ئەدی نابینیت ڕەنگی وەك گەچ سپی

هەڵگەڕاوە؟ باشترە بچین پوورە مادلینا بێنین تا بە دۆعا و وێرد شەیتان لە جەستەی وەدەرنێ.

کوڕەمنداڵێك وەك با بەدوای پیرێژنی جادووگەردا ڕۆیشت.

یەكێك لەژنانی دراوسێ پێشنیاری كرد تا پیرێژن دەگات، ئاوی لیمۆی بەبێ شەكر بدەنێ و یەكێكی تر ڕایسپارد خشتی گەرم لەسەر زگی دانێن. پیرێژنێك پێی باش بوو هەركام لەژنەكان سێ جار تفی لێبكا تا شەیتان لە جەستەی هەڵبێت.

بەڵام بەرلەوەی هیچ شتێك بكەن، مادلینای پیر، گورج و كەیفخۆش گەییشت. سێ كیسەی گچكەی پێبوو، یەكێك سپی و پڕ لە جۆرەها گیای بۆنداری كێویی. كیسەیەكی تر ڕەش و پڕ لەتۆزی جۆراوجۆر و شووشەی پڕ لە دارمان و سێیەمیشیان بەڕەنگی شین، پڕ بوو لە وردە شووشەی سەوز، كەمێك قەتران، پارچەیەكی گەورە خاچی پیرۆز، گوڵی چنراو لە ڕێوڕەسمی هەینی پیرۆز و پارچەیەكی گچكە لە ئێسكی شەمشەمەكوێرە. پیرێژن بەسەر پانایۆتیسدا

دانەوییەوە، بە وردی دیقەتیدا، سەری لەقاند و ژنەکەی کورتاندرووی بردە لاوە و هێور بە گوێیدا چرپاند:

= هەی کیژەی داماو، بەم هەموو بەدبەختییەتەوە بەزەییم پێتدا دێتەوە... کچەکەم ئەم مەخلوقە مرۆڤ نییە، بەڵکو دێوە و ئەگەر دەبینیت کە ئاوها ئارام کەوتووە ئەوە لەبەرئەوەیە تین و توانای نییە، بەڵام هەر کە گیانی وەبەردا هاتەوە ئەوا هەمدیس وەکو پێشوو و تەنانەت خراپتریش لەوەی پێشووی لێدێتەوە. مێردە ڕەحمەتییەکەی منیش ڕێك وەك ئەم بوو کە سوپاس بۆ خودا گەییە دۆزەخ! ... تەنها ویستم دوو وشەی مەحرەمانەت لەگەڵ بکەم. دەبێ سوێند بخۆیت کە لای خۆت دەمێنێتەوە. تەنانەت خوداش نابێ لێت ببیستێ!

ژنەی داماو کە لەرز دایگرتبوو، گوتی:

– سوێند دەخۆم!

پیرێژن کیسە گچکە ڕەشەکەی پیشاندا و گوتی:

– بنۆڕە! من لەم کیسەیەدا تۆزێکم پێیە کە موجیزە دەنوێنێت. ئەگەر نەخۆشەکەت کەمێکی لێبخوات ئەوا بەڵێنت دەدەمێ لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ئارام و بێ ئازار

لەکۆڵت دەبێتەوە و دەڕوات. ئەی کیژەی داماو ڕات چییە؟ هەم تۆ لە دەستی دەحەوێیتەوە و هەم ئەویش لە شەڕی گوناهەکانی ڕزگاری دەبێ!

ژنەی بەسەزمان هاواری کرد:

– بۆ خاتری خودا ئیتر ئەم قسانە مەکە!

پیرێژن شانی هەڵتەکاند و گوتی:

– زۆر باشە! من بۆ خۆتم بوو ... ئێستا کە ناتەوێت قسەم نییە ...

وایگوت و ئیدی بەتووڕەیی کیسە گچکە ڕەشەکەی ئاخنییە بەر مەمکییەوە و کیسە سپییە پڕ لە گیا بۆنخۆشە کێوییەکانی دەرکێشا و دەست بەکار بوو. یەکەمجار چەند گیایەکی تێکەڵ کرد، کوڵاندی و پاشان ڕژاندییە گەرووی نەخۆشەکەوە. ئەوسا لەو پیوسوزەی کە لەبەردەم ئەیکۆنەکەی مەریەمی پاقیژەدا دەسووتا کەمێك زەیتی دەرهێنا و تێکەڵی بیبەری کرد و جەستەی کورتاندرووی پێشێلا و کاتێ قسە لەبارەی خشتی گەرمەوە هاتە پێشێ، فەرمانیدا خشتی گەرم لەسەر زگی دانێن. پاشان لە کیسە گچکە شینەکە کەمێك قەترانی

دەرهێنا، تواندییەوە و پێیەوە لەبەر دەرگای ماڵەکەدا خاچی کێشا و دواجار هەمووانی لە ژوورەکە کردە دەرەوە، دەرگاکەی داخست و لە پانایۆتیس نزیك بۆوە. سێ جار تفی لێکرد. قامکە کراوەکانی بە ئاماژەی نەفرەت لەبەر ڕوخساری گەچخۆردا جووڵاند و گوتی:

– هەی یەهوزا، هیوادارم ئیزراییل گیانت بکێشێت!

ئەوسا دەرگاکەی کردەوە، زەردەخەنەیەکی هاتێ و لەسەری ڕۆیشت:

– ... لێیگەڕێن. وێردێکم بەسەردا خوێندووە کە تا سێ ڕۆژی تر لە جێگەکەی هەستێت.

وەك حەقدەست نانی وشکی حەوشەکەی بە بەرماوەی سوسیسەوە کە هێشتا بە دارزەیتوونەکەوە هەڵواسرابوو، هەڵگرت، خاچی کێشا و هەروا کە دەچووە دەرەوە، بە چرپە گوتی:

= پیاوان گیانەوەرانی بێ ڕوحمن! ئەگەر بە دەستی من با ئەوا هەموویانم لەناو دەبرد و بۆ دۆزەخم ڕەوانە دەکردن!

ڕێك لەو ساتەدا کە کلیلی خستە نێو قوفڵی دەرگای ماڵەکەی، یاناکۆسی بینی کە بە پەلە و خەمین بە گوێدرێژەکەیەوە بە کۆڵاندا تێدەپەڕی:

- هێی یاناکۆس! ئا یەك دەقیقە ئارام بگرە. بزانم چ بەسەر خوشکەزا گێلۆکەکەمدا هاتووە. بۆچی ڕوحمی پێناکەیت. هێند شتی پڕوپووچت ئاخنیوەتە گوێیەوە کە ئیدی داوێتییە کێو و وەك لەدونیا خۆدابڕیوان هەمیشە هەر خەریکی خوێندنەوەی ئینجیلە... ئاخر ئینجیل خوێندنەوەیش بوو بە کار؟ لەبری ئەوەی منداڵ بۆ لێنێو بخاتەوە کەچی ئینجیل دەخوێنێتەوە؟

یاناکۆس بەتووڕەیی وەڵامیدایەوە:

- پیرێژن ئەمە هەموو چاوەڕوانییەکەی تۆیە لەو؟ تەنانەت یەك کەسیش قاییل نەبوو بچێت پێوپلی ماچ بکات! وا باشترە هەموو ئێوەی مەیموونانی پیر بچن خۆتان لەدار بدەن!

پیرێژن کە لە دەرگاکە ئاودیو ببوو، کوتوپڕ دەرپەڕییە دەرەوە و هاواری کرد:

- هەی نارەسەن! دواجار ڕۆژێك نەخۆش دەكەویت و دەكەویتە ژێر چنگم. ئەوسا من دەزانم و تۆ!

وایگوت و بە گاڵتەجارییەوە دەرگای داخست.

یاناكۆس حەوسەڵەی دەمەدەمێی نەبوو لەگەڵ پیرێژندا و خەیاڵی لای ساراكینا بوو. ئاخر لەوێوە دەهات و دڵی سەخت گیرابوو. گەرچی پەنابەران چەند كوڵبەیەكیان ڕۆنابوو، بەڵام داریان بۆ پۆشینی میچەكانیان نەبوو. منداڵان ڕەنگپەڕیو و لاواز لەبەر ئەشكەوتەكاندا دانیشتبوون و تاقەتی یاری كردنیان نەبوو. نیگایان قۆچاخ و ڕاماو و ڕێك وەك پیرەمێردان، لە دوورایی دەشتی بەپیت و كیژانی سەرپۆشی سپی بە سەری درەوكەریان دەنۆڕی. چەند ژنێك ئاڵفیان دەچنی و ئەوانیتر ئاگریان دەكردەوە، بەڵام ڕۆن و نان و زەیتوونیان نەبوو، جگە لە ئاڵف هیچی تریان نەدەخوارد. پیاوان بۆ كار بۆ گوندەكانی ناوچەكە ڕۆیشتبوون و باوكە فۆتیس بە كتێبی ئینجیل و توورەكەیەكەوە وەكی سواڵكەران دەگەڕا و سەدەقەی كۆدەكردەوە.

یاناکۆس لە پیرەمێردێکی پرسی بوو کە لە قەڵەشی گابەردێکدا ئاوی هەڵگۆزیبوو تا زەوییە کێڵراو بەڵام بێ بەرەکەی ئاو بدات:

– باپیرەگەورە چۆنیت. ئاوایی لەچیدایە؟

– سوپاس بۆ خودا هێشتا زیندووین.

– منداڵان بوونەتە قامیش!

– خەمی ئەوانت نەبێ. هەمدیس قەڵەو دەبنەوە. هەڵبەت بۆی هەیە چەند کەسێکیان بمرن بەڵام چ باك. پیاوانمان هەمدیس منداڵ دروست دەکەنەوە. نەسلی مرۆڤ جاویدە. ببینم بزانم تۆ خۆت منداڵت هەیە؟

– نا.

– نا؟ کەواتە چاوەڕێی چیت؟ سوپاس بۆ خودا کە لێرە تا چاو برکا ژنمان هەن. وەرە منداڵ دروستکە و تۆیش ئاو بڕژێنە ئاسیاوەکەمانەوە!

پەنابەرانی ئەولاتر یاناکۆسیان ناسیبۆوە و هاتبوونە پێشێ و سڵاویان لێکردبوو. ژنان دەوری گوێدرێژەکەیان داو و شێلگیرانە لە زەمیلە پڕەکانیان ڕوانیبوو ... کیژێکی گەنج دەستی ڕایەڵ کردبوو،

قردێلەیەکی سووری هەڵگرتبوو، دوای تەماشاکردن و نەوازشکردنی بە سەرپەنجەکانی، هەناسەیەکی هەڵکێشاو و هەمدیس لە زەمیلەکەی نابۆوە ... ژنێکی گەنج، گەنمڕەنگ و کورتەباڵا، بەڵام قەڵەو، شانەیەکی ئێسکی سپی هەڵگرتبوو، چووبوو بەدڵیدا و لە تەماشاکردنی تێر نەببوو. چاوانی بەحیرسەوە لە شانەکەوە بۆ یاناکۆس و لە یاناکۆسەوە بۆ شانەکە گواستبۆوە و هێندەی نەبردبوو وەك بڵێی خەون ببینێ، شانەکەی هەڵگرتبوو، بێ ئەوەی کەسێك ئاگای لێبێ بەڕاکردن چووبووە بەر ئەشکەوتەکە و کەوتبووە شانەکردنی قژی.

یاناکۆس لەکاتی وتوویژ لەگەڵ پیاواندا جارناجار لەژێر چاوەوە سەرنجی ژنەکانی دەداو بینیبووی کە بە چ پەرۆشییەك دەوری گوێدرێژەکەیان داوە و چ شێلگیرانە دەست بە زەمیلەکاندا ڕۆدەبەن، پاش تاوێك بە حەسرەتەوە دەستە خاڵییەکانیان دەهێننەوە دەرێ. ئەمیش کە زۆر وروژابوو، بروسکەیەك لە شادومانیی لە چاوانیدا پرشنگیدا و دوای ئەوەی شەیپورەکەی لەبەر

پشتوێنەکەی کردەوە، فووی پێداکرد، دوو دەستی بە دەوری دەمیدا داناو هاواری کرد:

– شانە، قردێلە، ئاوێنە، دەزوو، سوژن، دەرزی، بەکرە، قوماش ... خانمان وەرن هەڵبژێرن و بیبەن! پارەم ناوێت، نرخەکەیم لەودونیا بدەنێ!

ژنانی پەرۆش یەکەمجار دەیانویست شاڵاو بەرن و زەمیلەکان بەتاڵ بکەن، بەڵام جڵەوی خۆیان گرت و یەکێکیان گوتبووی:

– گاڵتە دەکا. دەستمان دەبڕێ. هیچ هەڵمەگرن!

بەڵام ئەو ژنە گەنمڕەنگە قەڵەوەی کە شانە سپییە ئێسکەکەی هەڵگرت و بە سینگی خۆیەوە نوساند و دەیویست ڕابکات، گوتبووی:

– نا، باوەڕبکەن گاڵتە ناکات.

کیژە گەنجەکەیش دەستی بەزەمیلەکەدا ڕۆبردبوو، قردێلەیەکی سووری هەڵگرتبوو:

– منیش ئەمە دەبەم.

ئیدی وەك بزن لە بەردێکەوە بازیدابوو بۆ سەر بەردێکی دی و هەڵهاتبوو.

یاناکۆس بەبینینی ئەو دیمەنە چووبووە سەر گابەردێك و بە پێکەنینەوە هاواری کردبوو:

– خانمان بجوڵێن! مەترسن، هەرچیتان گەرەکە بیبەن، بە ڕاستمە! پارەم لێتان ناوێت. دڵنیام لەودونیا پارەکەی دەدەن!

ئیدی دەستوبرد ژنەکان هوروژمیان بۆ زەمیلەکان بردبوو. چ هەڵبژاردنێك لەمیانا نەبوو. هەرچییان بەدەستەوە هاتبوو بردبوویان و شاد و خەنی ڕایانکردبوو. لەچاوتروکانێکدا هەردوو زەمیلەکە بەتاڵ ببوون.

پیرەمێردێکی گچکە گوتی:

– یاناکۆس ببینم، تۆ دێوانەیت یان قەدیس؟

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامیدابۆوە:

– من دێوەرەم و هەرچیم هەیە خودا بە نرخی خۆی بۆم دەگەڕێنێتەوە.

– بیستوومە بنەبابانمان پارەیان بە وەعدەی ئەودونیا بە قەرز دەدا، بەڵام ئەوان باوەڕیان بەم کارەی خۆیان هەبوو.

یاناکۆسیش لەکاتێکدا کە ڕەشمەی گوێدرێژەکەی ڕادەکێشا، گوتی:

– منیش باوەڕم هەیە. خوداحافیز!

یاناکۆس لە داوێنی کێوی ساراکینا و کەمێک بەرلەوەی پووره مادلینا ببینێت نیکۆلیۆسی بینیبوو کە بەرخ لەسەر شان بەرەو ئاوایی دەڕۆیشت. بانگی کردبوو، لێی پرسیبوو:

– هێی نیکۆلیۆس، وەزعی مانۆلیۆس چۆنە؟

نیکۆلیۆس بە پێکەنینەوە وەڵامیدابۆوە:

– داماوە هەر ئینجیل دەخوێنێتەوە و بیردەکاتەوە ... ئەوە خەریکم بەرخ بۆ خودان دەبەم و گەرەکمە ژن بێنم.

ئەوسا بەدەوری خۆیدا سووڕابۆوە و بەرخ بەسەر شان و لەو تۆزوخۆڵەدا کەوتبووە سەما، لەکاتێکدا کە ڕوخساری بەخۆر سووتاو و ددانی لەژێر هەتاودا دەبریسکانەوە، هاواری کردبوو:

– هاوڕێ دەمەوێ لەگەڵ لێنێودا هاوسەرگیریی بکەم! بڵێ بزانم ناوی لێنێوت بیستووە؟

ئەوسا بە قاقای پێکەنینەوە تێهەڵچووبۆوە:

- ... یاناکۆس ئەم پەندەت گوێ لێبووە؟
- بڵێ هەی نارەسەن، وەك بڵێی زۆر کەیفخۆش بیت!
- ئەوەی خەوە قیسمەتی ئاوە!

وایگوتبوو ئیدی پێکەنینی شادومانانە و تاقگەئاسای کوڕەشوان هەمدیس فەزای شەق کردبوو.

*

لەڕاستیدا مانۆلیۆس شەو و ڕۆژ ئینجیلی دەخوێندەوە. قووڵ ڕادەما و لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا جیدالێکی بێ کۆتایی دەست پێکردبوو. یەکەمجار ئارەقەی دەڕشت و ڕەنجی دەبرد تا بەڵکو سەری لە مەتنی وشەکان دەربچێ و واتای قووڵیان هەڵگۆزێت. هەر وشەیەك بایامێك بوو کە دەبووا بە دژواری توێکڵە ڕەقەکەی درز تێببا و ناوکە شیرینەکەی دەرکێشێت. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گوڕی عیشقی وشەکان نەرمتر دەبوون و بە هەناسەی گەرمی، خۆبەخۆ دەپشکوتن. ئیدی کوتوپڕ هەموو شتێك هاسان دەینواند. ئاخر مەسیح بۆیە بۆ سەر ئەرز دابەزیبوو تا کەلامی خودا بەگوێی خۆنەویستان و

نەخوێنەواران بگەیەنێ. لەوبەدوا مانۆلیۆس بەبێ چ لەرزەلەرزێك هەنگاو بەهەنگاو جێگەپێی مەسیحی هەڵدەگرت، لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەییەوە لە بەیتلەحم و جێگەیەك کە شوانان – مانۆلیۆس خۆی ببووە یەکێك لەوان – بەدەوری ئاخوڕەکەدا سروودی هوسانایان دەچڕی، تا ڕۆژی شکۆدار و هەتاویی زیندووبوونەوە کە مەسیح لە مەزارەکەی دێتە دەرێ و خۆی بەدڵی مانۆلیۆسدا دەکات.

جارێکی تر ئەو کوتە دارەی کە وێنەی مەسیحی لەسەر هەڵکۆڵیبوو، بەدەستەوە گرت و کەوتە بنکۆڵ کردنی پشتەکەی تا بتوانێت قاڵبی ڕوخساری خۆی لەسەر دەربهێنێت. لەمیانەی هەڵکۆڵیندا تاق قوتابێتیی خۆی لە دەیر هاتەوە یاد و جێژنێکی زیندووبوونەوە کە یەکێك لە زاهیدانی خەڵکی کوستانتیینییە بۆ بەسەربردنی ڕۆژانی جێژن بۆ ئەوێندەر هاتبوو. ئەو لە ڕۆژی شەممەی پیرۆزدا بە یەك باوەش کتێبی ئەستووری بەرگ زێڕینەوە چووە سەر مینبەر و دوو سەعات بە زوبانێکی زانستیی سەیر بۆ قەشە و عەوامی

دەوروبەر، لەبارەی نهێنیی زیندووبوونەوەوە دووا ... تا ئەو ڕۆژە قەشەکانی دەیر، زیندووبوونەوەیان وەك بابەتێکی ساکار، ڕۆشن و سروشتی دەبینی و هەرگیز لەبارەیەوە بیریان نەکردبۆوە، زیندووبوونەوەی مەسیحیان بەهەمان ئەندازە سروشتی دەزانی وەك خۆرهەڵاتن، پاشان شەو و تاریك داهاتن! کەچی کوتوپڕ ئەو زاهیدە بە کتێبە ئەستوورەکانییەوە و بەو زانیارییە والایەی خۆیەوە شیرازەی بیریانی تێکوپێکدا ... کاتێ بۆ حوجرە گەڕابوونەوە، باوکە ماناسیس ڕووی کردبووە مانۆلیۆس و گوتبووی:

– کوڕەکەم، خودا بمبەخشێت! چونکە ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار لە تەواوی تەمەنمدا لە زیندووبوونەوەی مەسیح حاڵی نەبووم!

مانۆلیۆس هەر جارێك و تەختەکەی لەسەر ڕوخساری خۆی دادەنا و تەواوبوونی ئەزموون دەکرد. جارێکیان کاتێك وێنەکەی بە ڕوخسارەوە بوو، نیکۆلیۆس بە پێکەنینەوە خافڵگیری کرد:

- هەی مانۆلیۆسی نارەسەن! ناشێ منالیت کەوتبێتە یاد کە وا خەریکیت یاری بووك بووکێنە دەکەیت. وەزعت باش نییە؟

مانۆلیۆس لە وەلامدا تەنها گوتی:

- یاری ناکەم.

چەند رۆژێك دەبوو نیکۆلیۆس هەمیشە دەوروخولی مانۆلیۆسی دەدا و دەیویست قسانی لەگەڵ بکات، بەلام وشەکان لە گەروویدا دەتاسان. ئەو رۆژە نیکۆلیۆس ئیدی بڕیاری خۆی دابوو، هەر بۆیە نزیکی مانۆلیۆس بۆوە و لەلایەوە دانیشت. دانەوییەوە و سەرنجێکی لە وێنە هەڵکۆڵراوەکەدا، بەلام خەیاڵی لە جێگایەکی تر بوو. دواجار بە کلاوەی ئەژنۆی، بە توندی بە مانۆلیۆسدا کێشا وەك بڵێی لە چیاکەی بەرامبەرەوە بانگی بکا، هاواری کرد:

- مانۆلیۆس! هێی مانۆلیۆس!

- نیکۆلیۆس قسان بکە، گوێم لێتە. بۆچی هاوار دەکەیت. خۆ کەڕ نیم. هێور بدوێ!

- دەمویست شتێك بڵێم. بەڵام بەڵێن بدە كە ناڕەحەت نابیت!

- ناڕەحەت نابم. قسان بكە. ئەژنۆیشت لابە چونكە پێم ئازاری هەیە.

نیكۆلیۆس لەهەمان كاتدا كە دارەكەی دەستی لە مشتیدا دەگوشی و خۆی ئامادە دەكرد تا لەكاتی هێرشی مانۆلیۆسدا ئەمیش هێرش بەرێت، هاواری كرد:

- گەرەكمە لەگەڵ لێنێودا هاوسەرگیریی بكەم!

مانۆلیۆس بە زەردەخەنەوە گوتی:

- دەزانم.

- دەزانیت؟ دەزانیت و كەچی شاڵاوم بۆ ناهێنیت و بمخكێنیت؟ بەڵام ئەگەر من بام ئەوا سوێند بەو نانەی كە دەیخۆم، دەمكوشتیت.

- بەڵام من دۆعا دەكەم كە هەردووكتان بەختەوەر و سلامەت بن. ساڵانێكی درێژ بە بەختەوەری بژین. مناڵ بخەنەوە و پیاوانێكی شایستە پەروەردە بكەن!

نیكۆلیۆس دوای بێدەنگییەكی درێژ، بە چرپە گوتی:

- ئەمە ئیدی لە تێگەیشتنی من بەدەرە ... کەواتە ناتەوێت بمکوژیت؟

مانۆلیۆس شوانە گەنجەکەی لەئامێز گرت و کوڕەیش هەروا نیگەران گوتی:

- هەر بەڕاست ... نامکوژیت؟

- نا نیکۆلیۆس گیان، ناتکوژم.

نیکۆلیۆس کوتوپڕ لەجێگەکەی هەستا و بە ترسەوە تەماشایەکی مانۆلیۆسی کرد کە کاری هەڵکۆڵینەکەی دەست پێکردبۆوە. لەبەرخۆیەوە گوتی:

- وەزعی باش نییە! داماوە مێشکی ئیش ناکات! وا باشترە هەرچی زووترە بڕۆم.

پاشان هەروا کە لەبەردێکەوە بازی بۆ سەر بەردێکی تر دەدا، پەنجەی بە زاریدا کرد، بە فیکە سەگەکانی بانگ کرد و مەڕەکان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و هەمدیس خۆی لەنێو ئاژەڵە ئاشناکانیدا بینییەوە. ئاخر هەم ئەوان ئەمیان دەناسی و هەم ئەمیش ئەوان و ئیدی بەوجۆرە ئارامیی دایگرت.

مانۆلیۆس بۆ ساتێك لێنێوی بە دەموچاوی گۆشتن و گۆنای تووکن و پەرۆش وەکی نیکۆلیۆس، لەپێش چاویدا بەرجەستە کرد و تەختە هەڵکۆڵراوەکەی لەسەر ئەژنۆی دانا. پاشان ساتێکی درێژ لە فیکرەوە چوو، دواجار بە چرپە گوتی:

– ئومێدەوارم بەختەوەر بن، ئەوان ڕێگەیەکیان گرتۆتە بەر کە خودا بۆ بەشەری بڕیارداوە. بەڵام من هەوڵ دەدەم ڕێگەیەکی تر هەڵبژێرم. من لە ژن و مناڵ و چێژی دونیایی تێدەپەڕێنم تا ئەرزی ژێر پێم بهێنمە لەرزە ... بەڵام نازانم ئایا مافی ئەم کارەم هەیە؟ مەسیح مافی ئەوەی هەبوو چونکە خودا بوو، بەڵام ئایا بۆ ئینسان، لافلێدانێکی گەورە نییە بڵێت ڕێگەی خودا دەگرێتە بەر؟

وەڵامەکەی نەدەزانی. هەڵبەت لە ساتەکانی نەشوەدا، هیچ کاتێك پرسیاری لەخۆی نەدەکرد و دڵنیا دەچووە پێش و هەرگیز بە ئەندازەی ڕۆژێك کە بەدەستی بەستراوەوە دەچووە پای سێدارە هەستی دڵنیایی و بەختەوەریی داینەگرتبوو. بەڵام لە هەلومەرجی ئاساییدا

که گیان و ڕۆحی به وەجد نەهاتبێ، هەمیشه لەخۆی دەپرسی، لێکیدەدایەوە و دردۆنگیی دایدەگرت.

چەند ڕۆژ بەر لەوە، چوو بوو بۆ کێوی ساراکینا تا باوکه فۆتیس ببینێ و داوای یارمەتی بکات. دەشیا ئەویش به هەمان دوودڵیی و دردۆنگیدا تێپەڕیبێ و بتوانێت یارمەتی بدات. بەڵام باوکه فۆتیس بۆ سواڵ بۆ ئاواییەکانی ئەو دەوروبەره چووبوو، ئیدی ئەمیش ناچار بۆ خەڵوەتی خۆی گەڕابۆوه و پەنای بۆ ئینجیل بردبوو. ئاخر تەنێ ئینجیل دەیتوانی وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی بێ.

مانۆلیۆس ئینجیله گچکەکەی که وەك بڵێی دەرگایەك له گەرمایەکی سوتێنەردا بەڕووی زەریادا بخاته سەرپشت، کردەوه و هەمدیس له مەتنی پیرۆزیدا ڕۆچوو تا گیانی فێنك بکاتەوه. کوتوپڕ تەواوی پرسیاره عەزابهێنەکانی فەرامۆش کرد و ئیدی هیچی لەخۆی نەدەپرسی، ئاخر تەواوی وەڵامەکان لەدڵیدا بوون. لەجێگەکەی هەستا، دوایین دەسکاریی پێویستی لەسەر نیگاره تەختەییەکەی مەسیح ئەنجامدا و ئەوسا لەسەر

ڕوخساری خۆی داینا. نیگارەکە ڕێك ببووە قاڵبی ڕوخساری. بەخۆی گوت:" سوپاس بۆ خودا تەواو بوو!" وایگوت و ماچی کرد. پاشان چووە کوڵبەکە و بەدیوارەکەوە و لەپاڵ ئەیکۆنی دێرینی پڕ لە پەڕەسێلکەی لەخاچدانا هەڵیواسی.

*

ئەو ساڵە، ئیدی کاترینای بێوەژن بۆ زیارەت نەدەچوو... هەموو ساڵێك لە ڕۆژێکی ئاوادا، کاتێك کە لە خەو وەئاگا دەبۆوە، زەیتی داردێمشتی لە پرچەکانی دەساوی و توێکڵە گوێزی بە ددانیدا دەهێنا و ملوانکەیەکی لە مووررووی شین بۆ خۆ بەدوور گرتن لە چاوی پیس لە مل دەکرد و ڕێی شاخاویی کڵێسای ئەلیاس پێخەمبەری دەگرتەبەر. هەمیشە بە تەنها دەڕۆیشت و چ کەسێك ئامادە نەبوو لە ئامادەیی خەڵکانی تردا لێی نزیك بێتەوە. ئەمیش وەك ژنانی تر لەبەردەم ئەیکۆنی ئەلیاس پێخەمبەردا سوژدەی دەبرد و

پێخەمبەری مۆنیش تەنها بە نیگایەکی توورە تەماشای دەکرد، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی لەچوارچێوە زیوینەکەی بێتە دەرێ. بێوەژن ئەمەی دەزانی و بەبێ ترس لێوە سوورەکەی لەسەر ڕوخساری وی دادەنا ... بەڵام ئەو ڕۆژە ئەو لەوێ نەبوو، بەڵکو لەژێر خاکدا ڕاکشاو و پرچ و لێو و گۆنا و گەردنی لەنێو چووبوون و تەنها ددانی وەکی بەردی سپی کەنار زەریا دەدرەوشایەوە.

پانایۆتیسیش ئەو ساڵە بۆ زیارەت نەچوو. ئەو هەروا لە نوێنەکەیدا و وەك کەسانێك کە جنۆکە دەستی لێوەشاندبێ لێکدا لێکدا جنێوی دەدا و کوفری دەکرد. بەڵام دوو کیژەکەی بە نهێنیی لە ماڵ هاتنە دەرێ و کوێرە ڕێگەی چیایان گرتەبەر. بۆنی ئارەقەی نیشتوو لەسەر تۆپەڵە تووکی ڕەشی بەر لێو و بن باڵیان دەهات. لە گیانەوارانێکی مێ دەچوون کە لەکاتی عیشقبازییدا لە بێشەکانیان بێنەدەرێ و وەحشی و شێلگیرانە بەدوای تاکی خۆدا بەملاولایاندا بگەڕێن. ئەگەر گامێش بان ئەوا بە غەمباری دەکەوتنە بۆڕە بۆڕ، ئەگەر شێری مێ بان ئەوا بە نەعرەتەیان شەوی دارستانیان دەهێنایە لەرزە و

ئەگەر پشیلەی مێیش بان ئەوا لە خاکدا خۆیان دەگەوزان و لەسەر سەربانەکان دەیانمیاواند. بەڵام ئیدی ژن بوون. هەرکاتێك چاویان بە کوڕێك دەکەوت سەریان دادەخست و کە لێی تێپەڕ دەبوون ئەوسا بە پێکەنینەوە گاڵتەیان پێدەکرد:" بنۆڕە داماوە پشتی کۆمیی دەرداوە! پێوپلیت بینی؟ تەححا چ قلافەتێکی هەیە!" ڕقیان بەرامبەر ئەو کوڕە لەوەوە لەدڵیانا بنجی دادەکوتی، کە بۆچی کاتێك چاوی پێیان کەوتووە شالاوی بۆ نەهێناون و لەسەر خڕکە بەردەکانی کوێرە ڕێگەکەدا تەختی ئەرزەکەی نەکردوون.

ئانتۆنیسی سەرتاشیش بەرەو کلێسای سەر چیا دەڕۆیشت. لەبەر زۆری مشتەری فریا نەکەوتبوو تەراش بکا و ڕیشی تۆپەڵ ببوو. وی زۆر ئەلیاس پێخەمبەری خۆش دەویست، چونکە تەواوی خەڵکی بەر لە ڕۆیشتن بۆ زیارەت، بۆ لای ئەو دەڕۆیشتن و سەر و ڕیشی خۆیان چاك دەکرد. بەشێکیشیان دوای گەڕانەوە لە زیارەت ئازاری سینگیان دەگرت و سەرمایان دەبوو، ئیدی بۆ بەیانی یەکسەر بەدوایاندا دەنارد تا کەڵەشاخیان

لێبگرێ. دەی ئەمەش سەرچاوەی داهاتی وی بوو. هەڵبەت ددانیشی باش دەکێشا، بەڵام ددانی خەڵکە ناجنسەکە هێند ساخ بوون کە دەیانتوانی بادامیشی پێبشکێنن. خۆ ئەگەر ددانیشیان لەق بووایە — کە مەعلوم نەبوو لە چ کوڕی باشێکەوە فێر بوون — ئەوا پەتێکیان پێوە دەبەست، بە یەک ڕاکێشانی توند ددانەکەیان دەردەکێشا، ئینجا پەرداخێکی گەورە عارەقیان بە شوێنەکەیدا دەکرد و ئەوسا هەمدیس بادام شکاندنیان دەست پێدەکردەوە.

سێ هاوڕێی چیرۆکەکەی ئێمەیش هێور لەدوای خەڵکەکەوە دەڕۆیشتن و ئاسوودەخەیاڵ وتووێژیان دەکرد. لە بەراییدا یاناکۆس و میکیلیس پێ بەپێی باوکە گریگۆریس دەڕۆیشتن. یەکێکیان لەبەرئەوەی کە جارناجارێ دەستێک بە سەر و گوێلاکی گوێدرێژەکەیدا بێنێ کە ماریۆری بە سەر پشتەوە بوو، تێیبگەیەنێ لە پاڵیایەتی و جێگەی نیگەرانیی نییە، ئەویتریان بۆ

ئەوەی لەنزیك ماریۆرییەکەی خۆیەوە بێ و بە ئاڵوگۆڕ کردنی نیگاگەلێك بە ئاماژەی خواستی کپ، تامی بەختەوەریی ئایندەی خۆی بچێژێت. میکیلیس، میهرەبانیی، خۆپارێزیی و نەجابەتی دەسگیرانەکەی ستایش دەکرد و ماریۆریش لە تەماشای ڕوخساری خەنی، پاقژ و بیننی قژی ڕەش، شکۆ و غروری وی لەزەتی دەبرد. بەوجۆرە ئەو دوو دڵخوازە لەژێر ڕووناکیی نەوازشگەری ئاوابوونی خۆر و لەنێو حەشاماتی زیارەتکارانێك کە ڕێ سەربەرەو ژوورکەکەیان دەبڕی، خۆیان تەنیا دەبینی و بیریان لە بەختەوەریی ئایندەیان دەکردەوە.

ماریۆری دیقەتی لە ئایندە دەدا و خۆی دەبینی شیر دەداتە ساواکەی. کاتێك چاوی بە گەوەی چیاکە کەوت، دەستی بۆ دۆعا هەڵبڕی:

– ئەی ئەلیاسی پیرۆز، دۆعاکەم قەبوڵکە و کوڕێکیش بە من ببەخشە!

کەمێك دوورتر کوستانتیس لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا لەگەڵ خەڵکەکەدا دەهات. هاوسەرەکەی بە

سواری هێسترێکەوە و دوو منداڵەکەی لەسەر تێڕەکە دانیشاندبوون و کوستانتیس بەپێی پیادە و بێدەنگ لەدوایانەوە دەهات. ئەو ئیدی چ قسەیەکی نەبوو بیڵێ و دەیشیتوانی چ بڵێ؟ ئاخر ئەو دووانە گا مەحکەم و گا بە هاتوبات کەوتبوونە وتووێژ، هەڵبەت هێشتا هەر جارجار ژنەکەی دەتەقییەوە و بیانووی دەگرت، بەڵام ئەم ئیدی چەکی داناو و بە قەولی خۆی پەنای بۆ بێدەنگیی مەلەکوت بردبوو.

بەڵام پاش بڕینی بەشێك لە ڕێگەکە، هەر سێ هاوڕێکە وردە وردە لەوانی تر مەودایان گرت و ئاسوودە لە غەم و سووکەڵە، لەدوای خەڵکەکەوە دەهاتن.

کوستانتیس پرسی:

– مانۆلیۆس لەکوێیە؟ مەگەر لەگەڵ ئێوەدا نەبوو؟ ئەدی ئەو بۆ زیارەت نایەت؟

میکیلیس وەڵامیدایەوە:

– دوێنی عەسر چوومە پشتیرەکە، بەڵام نەمبینی. هەواڵیم لە نیکۆلیۆس پرسی، گوتی:" خودان ئەمڕۆ بۆ زیارەتی کلێسای ئەلیاس پێخەمبەر ڕۆیشت. یەك گۆزە

زەیتی چرا و یەك باوەش تەرخی داردێمشتیشی برد، بەڵام هێشتا نەگەڕاوەتەوە. خودان وەزعی مانۆلیۆس هیچ باش نییە و مێشکی کار ناکا. پێمگوت لێنیۆم لەچنگی دەرهێناوە، کەچی نەیکوشتم. ئەمڕۆ ئینجیل و گۆرانی دەڵێ و سبەینێش دەکەوێتە بەردەفڕکێ! بزانە وا دەبێ یان نا!"

هەر سێ هاوڕێکە پێکەنین و یاناکۆس گوتی:

– لەوەی مانۆلیۆس وەك جاران نییە گومانم نییە. من خۆم شاهیدی ڕوداوێکم کە نازانم باوەڕ دەکەن یان نا؟ هەڵبەت دوور نییە لەو ساتانەدا خەونم بینیبێ ... بەهەرحاڵ شەوێکیان لای بووم و ئەو لەسەر قەنەپەکە دانیشتبوو و سەری بە دیوارەکەوە دادابوو، لە ڕوخساریدا نوورێکی سەیر، ڕێك وەك هالەیەك کە لەدەوری سەری ئەیکۆنی قەدیسانە، بینی ... باوەڕ دەکەن؟

میکیلیس گوتی:

– من باوەڕ دەکەم.

کوستانتیس گوتی:

– منیش باوەڕ دەکەم.

هەرسێکیان بێدەنگ بوون. کڵێسای گچکە بە دیوارە تازەسپیکراوەکانییەوە لەنێو گابەردە زلەکانا وەدیارکەوت. لە ئەیکۆنەکانیشدا ئەلیاس بە قلآفەتێکی تووڕە کە گابەردە زلەکان وەکی دوو باڵ لەخۆیان گرتبوو، دەبینرا. گابەردە گەورەکانی ئەو تاقە لوتکەیە هەر بەڕاستی لە باڵگەلێك دەچوون کە بیانەوێ کڵێساکە بەرەو ئاسمان ببەن.

لەپاڵ کڵێساکەدا داروپەردووی کوختێك دەبینرا کە ڕۆژگارێك ڕاهیبێکی پیرۆزی تێدا دەژیا و سەکۆیەك کە لەسەری دادەنیشت. گەرچی سەکۆکە داڕوخاوە بەڵام هێشتا لەجێگای خۆیدا و گوریسێکی چڵکن کە ڕۆژانێك پشتوێنی ڕاهیب بووە، خاچێکی ئاسنینیش لەپاڵ کێلی گۆڕێکدا کە ناوی ڕاهیبی لەسەر هەڵکۆڵراوە، بەڵام سڕدراوەتەوە، دەبینرا.

زێوانی پیر، سپێدەی بەیان بۆ چیا هەڵگژابوو تا کڵێساکە ڕێکوپێك بکا و بە پەلکی داردێمشت بیڕازێنێتەوە و پیوسۆزەکان هەڵایسێنێ. بەڵام هەرکە دەرگاکەی کردبۆوە لە جێگەی خۆیدا وشك هەڵگەڕاو و لە سەرسوڕماندا هاواری کردبوو:" پەنا بەخودا! پەنا بەخودا!" وایگوتبوو و پەیتا پەیتایش خاچی کێشابوو. ئاخر کڵێساکە لە پاکوتەمیزییدا ئارنگی دابۆوە و هەموو شوێنێك گسك درابوو. مۆمدانە گەورەکان بریسکەیان لێهێنرابوون و پیوسۆزەکان پڕ لە زەیت. دەوری چوارچێوەی ئەیکۆنەکانیش بە پەلکی داردێمشت ڕازێنرابوونەوە و بۆنی دوکەڵی مەستەکی، بەسەر ئاگرەوە لە فەزای کڵێسادا پۆنگی خواردبۆوە. زێوان ئارەقەی نێوچەوانی سڕی، بەڵام غیرەتی نەکرد بچێتە ژوورەوە. دەترسا نەبادا فریشتەیەك لەودیو میحرابەکەوە خۆی حەشاردابێ. ئاخر ئەو ڕۆژێکیان کاتێ ویستبووی کڵێسای ئاوایی ڕێکوپێك بکا چاوی بە حەزەرتی میکاییل کەوتبوو کە لەلای چەپی سەکۆی وێرد خوێندنەوە، هێور باڵی لێکداو و ئەمیش لەترسا

لەهۆش خۆی چووبوو. ئیدی لەوە بەدوا نەیدەویست چاوی بە فریشتە بکەوێ و ترسی لە موجیزە هەبوو.

لەبەردەرگا دانیشت. جارناجار لای دەکردەوە و بە ترسەوە لە میحرابی کڵێساکەی دەنۆڕی. بەڵام کات تێدەپەڕی و هیچ فریشتەیەك وەدیارنەکەوت. هێور هێور ئارام بۆوە و هەستی بە برسێتیی کرد. کۆڵەپشتەکەی کردەوە، کوتێك نان و کەمێك پەنیری دەرهێنا، بەڵام قەهر گەرووی تەنیو و پارووەکە نەدەچووە خوارەوە. مەتارەی شەرابەکەی هەڵگرت، قومێکی خواردەوە، گیانێکی تازەی تێگەڕا و گەرووی کرایەوە و هێور کەوتە خواردن. دوای ئەوەی هێزی تێهاتەوە، جورئەتیدایە خۆی، خاچی کێشا و ئازایانە لە دەرگاکەوە هاتە ژوورەوە، لەبەردەم ئەیکۆنەکەدا سەری دانەواند و سوژدەی برد. ئەوسا لەرزە لەرز پەردەی ئەیکۆنەکەی لابرد و لە سەکۆی وێردخوێنانی نۆڕی. هیچ کەس لەوێ نەبوو! ئەوسا بە چرپە گوتی:

– سوپاس بۆ خودا! هاتووە کڵێسای ڕێکوپێك کردووە و ڕۆیشتووە. ئیدی من ئەوەم لەکۆڵ بۆوە!

بۆ کات بەڕێکردن دەستی کرد بە گسکدان، بە شتنی بەردچن، سڕینی مۆمدانەکان و ڕیزکردنی سینە زیوینەکان لەسەر سەکۆی تایبەت. زێوانی کڵێسا، ئەلیاس پێخەمبەری خۆشدەویست چونکە ژیانی بە قەرزارباری وی دەزانی. زەمانێك باوکی ڕەحمەتی نەزری کردبوو کە ئەگەر ئەلیاس پێخەمبەر سلامەتی کوڕە نەخۆشە تاقانەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەوا کڵێسا وێرانەکەی ڕۆدەنێتەوە. کوڕەکە کە هەمان زێوانی پیر بوو، چاك ببۆوە و ئیدی باوکی بەڵێنەکەی بردبووە سەر.

زێوانی پیر ڕابردووی کەوتەوە یاد و هەناسەی هەڵکێشا. لەدایکبوونی هاوکات بوو بە پێشبینییگەلی گەورە. ئەو حەفتاوپێنج ساڵ لەوەوبەر لە نیوەڕۆیەکی هەینی پیرۆز، ڕێك ئەو سەعاتەی کە عیسایان لەخاچدابوو، هاتبووە دونیا. مامانەکەی هەر یەکسەر دوای لەدایکبوونی گوتبووی ئەم منداڵە دەبێتە ئەسقەف و ئیدی لەو ڕۆژەوە بەدوا باوکی، کە پیاوێکی ئیماندار و بەتوانا بوو، تەواوی هەوڵی خۆی بۆ خوێنەوار کردن و مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ کوڕە

تاقانەکەی خستبووە کار، هەموو شتێك بە گوێرەی خواست دەچووە پێشێ، ئەسقەڤ ئایندە کە کوڕێکی ئاقڵ و داوێنپاك بوو، بەباشیی دەرسی دەخوێند. تا سەرەنجام خوێندنی ئامادەیی بە تێکڕای ( زۆر باشە ) تەواو کرد و لەوەدابوو تا بۆ زانکۆی چالمی بڕوات... ڕۆژێکیان عەسر ئیبلیس لە کۆلانێکی چۆڵدا لەبەرامبەریدا قووت ببۆوە. ئیبلیس ناوی کریاکولا و کیژێکی دوانزە ساڵانە و گەنم ڕەنگی مەمك خڕ و سێ خاڵی جوان بەبەر لێوییەوە بوو. ئەسقەڤ ئایندە دین و دڵی لەدەستدا و بێقەرار دووی کیژە کەوت. ئاخر وی شێتوشەیدای سێ خاڵی نەخشینی کیژەکە ببوو. باوکەی داماو بە گریانەوە دەپاڕایەوە تا لەڕێی خودا وەرنەگەڕێت، بەڵام بێهودە بوو، ئەسقەڤ ئایندە دەیگوت ئەگەر ئەو کیژە نەهێنێت ئەوا خۆی دەکوژێت و ئیدی دواجار هێنای ...

زێوان زۆرجار بۆ دڵدانەوەی خۆی دەیگوت:

– سوپاس بۆ خودا، بەهەرحاڵ لەڕێی خودا لامنەدا!

بەمجۆرە ڕۆژانی تەمەنی بە ئەنجامدانی ئەرکی پێسپێردراو و یادەوەریگەلی ڕابردوو تێدەپەڕی. خۆر ئاوا دەبوو. زێوانی پیر لەبەر دەرگای کڵێسادا دانیشت و دڵخۆش لە حەشاماتی زیارەتکارانی دەنۆڕی کە بە ڕێگە سەربەرەوژوورکەکەدا سەردەکەوتن. پێیوابوو هاوڕێیان بۆ پیرۆزبایی جێژنی وی، بۆ دیداری دێن. کەمێك دواتر کە دەنگی زەڕینی گوێدرێژەکانی ژنەفت لەجێگەی خۆی هەستا و گوریسی ناقوسەکەی بەدەستەوە گرت و زەنگی کڵێسای هێنایە زرینگە. باوکە گریگۆریس بە سوار هێسترێکەوە لەپێش خەڵکەکەوە دەهات. زێوان بۆ پێشوازی وی کەوتەخۆ تا ڕەشمەی هێسترەکە بگرێ و بەخێری بێنێ. قەشە بەر لەوەی پێ بنێتە سەر زەوی، پرسی:

– هەموو شوێنێکت گسکدا و تۆزوخۆڵی سەر مۆمدانەکانت سڕی؟

زێوانی ئەسقەف بە شەرمەوە وەڵامیدایەوە:

– باوکە هەموو شتێك تەواوە!

بەڵام زاتی نەکرد لەبارەی ئەو موجیزەیەوە بدوێ کە ڕوویدابوو، پێی باش بوو خۆی شایستە پیشان بدات.

– سینییەکانت بەپێی دەستور ڕیز کردوون؟ گوتمان سێ سینی دانێیت، یەکێك بۆ قەشە، یەکێك بۆ ئەلیاس پێخەمبەر و سێیەمیش بۆ مۆم!

زێوان بە دەنگێکی گوێڕایەڵانەی هەمیشەیی وەڵامیدایەوە:

– باوکە هەموو شتێك تەواوە.

تەواوی زیارەتکارانی کڵێسا گەیشتن و دەهاتنە ژوورێ. هەرکامێکیان گوڵەگەنم و ترێی لەسەر سەکۆکە دادەنا. ئەوسا پریاسکەی پارەکەی لەبەر باخەڵی دەردەهێنا و هەرکەس بەپێی توانای خۆی، پارەی لەسینی قەشە یان ئەلیاس پێخەمبەر دادەنا. دواجار مۆمیشیان دەکڕی و بە ڕێزەوە لەبەردەم پێخەمبەری بەشکۆدا سوژدەیان دەبرد. ئەیکۆنەکان، نیگاری پێخەمبەریان بە سواری گالیسکەیەکی ئاگرینەوە پیشان دەدا کە چوار ئەسپی سوور ڕایاندەکێشا و بە گوێ خەرەندێکدا تێدەپەڕی. پێخەمبەر جبەیەکی ئەرخەوانیی

لەبەردا و لە سەرییەوە کڵپەی ئاگر دەردەپەڕی. گالیسکە گەیشتبووە گەوەی کێوەکە تا بۆ ئاسمان بفڕێ و ڕاهیبێکی کەوتوو بەترسەوە لە دوورکەوتنەوەی دەنۆڕی.

ژنێکی تەمەن مامناوەندی کە ئەیۆنەکان سەرنجیان ڕاکێشابوو، بە چرپە گوتی:

– ئەمە خۆرە، خۆری دونیا ڕووناك کەرەوە!

ژنێکی تر گوتی:

– ماریویۆرا بۆچ کوفر دەکەیت، ئەمە ئەلیاس پێخەمبەرە!

ژنی سێیەم گوتی:

– چ جیاوازی هەیە. زووتر سوژدە ببەن چونکە دەبێ بچینە دەرێ!

خۆر ئاواببوو. ئەستێرەکان هێشتا وەدیارنەکەوتبوون. ڕووناکی نائومێدانە بەرگریی دەنواند و بەدوای پەناگەیەکدا لەسەر گەوەکە دەگەڕا. بەڵام شەو شوێنپێی

ڕووناکیی، له دڵی ئەرزەوە، بەرد بە بەرد تا دوایەمین سەنگەری، واتە کڵێسای سپی ئەلیاس پێخەمبەر، هەڵدەگرت تا دواجار ڕووناکی بڕستی لێبڕا و کوتوپڕ بۆ نێو ئاسمان پەڕی و ڕەوییەوە.

لەم کاتەدا پەنابەرانی چیای ساراکینا، شڕپۆش و بێ بڕست بە گۆنای لە برسێتییدا بەقووڵداچووەوە، گەییشتن. باوکە فۆتیس بە عەسای ئاسنینی قەشانەیەوە، لەپێش خەڵکەکەوە دەهات و هەمووان خۆیان بە کڵێسادا کرد. بەڵام لەبەرئەوەی چ شتێکیان شك نەدەبرد بیخەنە سەر سینییەکان، بۆیە بەدەستی بەتاڵ بەرەو لای پێخەمبەر چوون و سوژدەیان بۆ برد و دانیشتن. باوکە فۆتیس لەکاتێکدا کە لە ئەیکۆنەکانی دەنۆڕی، لەبەرخۆیەوە گوتی:

– بمانبوورە ئەی پێخەمبەری بەشکۆ! تۆیش وەك ئێمە هەژار و شڕپۆش بوویت و جگە لە بڵێسەی ئاگرەکەت هیچت شك نەدەبرد. ئێمە پەنابەرانی ساراکینا پریشکێك لە بڵێسەکەت هەڵدەگرین. سڵاو لەتۆ بێت ئەی هاوڕێ!

جارێکی تریش سوژدەیان بۆ برد، پاشان لە کڵێسا هاتنە دەرێ و دوور لە خەڵکە بەتوانا تێرەکەی لیکوڤریسی، لەنێو گابەردەکانا دیارنەمان. سێ هاوڕێکە بۆ بەخێرهێنایان بۆ لایان کەوتنەخۆ و دەستی باوکە فوتیسیان ماچ کرد. میکیلیس بە شەرمەوە گوتی:

– باوکە، پریاسکەی خەڵکی ئاواییەکەی ئێمە پڕە لە دراو. بیانبوورە!

باوکە فوتیس بە تووڕەییەوە وەڵامیدایەوە:

– مەگەر خودا بیانبووریت. چونکە من نایانبوورم!

ئیدی هیچی تری نەگوت، بەڵام چاوانی درەوشەی بڵێسەی تێدابوو، ئاخر ئەو بەیانییە بە کۆڵەپشتی بەتاڵەوە لە سواڵ گەڕابۆوە و نیگای تووڕەی بە دەشتی بەپیتی درەوکراو، ڕێك لە ئەلیاس پێخەمبەر دەچوو کە بە گالیسکە ئاگرینەکەیەوە غاری دەدا.

پاش کەمێك گوتی:

– .... دەی با ئەرز بۆ ئەوان بێ بەڵکو خودایش بەهەشت نسیبی ئێمە بکات!

زیارەتکاران ڕاخەری ڕەنگاوڕەنگیان بە دەوراندەوری کڵێسادا ڕاخستبوو. هەموو جۆرە خۆراکێك دەبینرا و شەویلاگەکان کەوتبوونە کار. شەراب خوڕ خوڕ لە مەتارەکانەوە دەڕژایە گەرووە و خەڵوەتگای پێخەمبەری بەهەیبەت لێوڕێژ لە هاوار و پێکەنین و قریوە ببوو.

چەند چرایەك لێرەو لەوێ لەنێوان گابەردەکانا داگیرسێنران و ڕوخساری سوورهەڵگەڕاو، لاملی سپی کیژانی جحێڵ و سمێڵی ئەستووری پیاوانی وەدیار دەخست. چرایەکی گەورەی سێ بڵێسەیی بە دیواری کڵێساوە هەڵواسراو و گۆنای ئاوساو و غەبغەبە سێ لاکەی خودان پاتریارکاس و ڕیشی زبری سپی و ددانی تیژی پیرەمێردێکی ڕووناك دەکردەوە کە لەلایەوە خەریکی خواردن بوو. ئەو دوو پیاوە بەدەسەڵاتەی ئاوایی لەپاڵ یەکدا دانیشتبوون و هەرجار ناجارێك دەستە لاواز بەڵام چالاکەکانی ماریۆری لەبەر تیشکی ڕووناکییەکەدا وەدیاردەکەوت کە گۆشتی برژاوی بۆ ئەو دوو پیرەمێردە چەنەبازە دادەنا.

ئەوسا چراکان یەك لەدوای یەك کوژانەوە و سێبەرەکان خزانە ئەودیو گابەردەکانی نزرگا پیرۆزەکەوە. ئیدی هیچ شتێك نەدەبینرا. تەنها دەنگی پێکەنین و هاواری پچڕ پچڕ دەبیسترا. هێندەی نەبرد بێدەنگییەکی وەهامێز باڵی کێشا. خەڵکەکە وەك دووپشك لەنێوان گابەردەکانا تێکچڕژان و جێژنی پێخەمبەری خوڵق ئاگرین بەشێوەی خۆی بەڕێوەبرا.

ڕۆژ بۆوە و خۆر وەکو پێخەمبەر، بەسواری گالیسکەی ئاگرینەوە بۆ ئاسمان هەڵگژا. هەمووان بە باوێشکدان و کۆکەکۆك لەخەو ڕابوون، چاوانیان هەڵگلۆفتن و قاوەیان خواردەوە تا خەو بەریان بدا. ناقوسی زیوین بە دەنگدانەوەی توند و شادومان هاتە زرینگە و تاڤگەئاسا لە دامێنی کێوەکەوە ڕژا و بۆ دەشت بەرەو خوار بۆوە.

مانۆلیۆس بەدارعەساکەیەوە دەست بەخۆدا هێناو و شادومان لەنێو گابەردەکانەوە وەدیارکەوت. تەماشایەکی دەوروبەری کرد و هاوڕێکانی بینین کە بە بەرزایی گابەردێکەوە ڕاوەستابوون و بە نیگەرانی لە ئاسۆی کۆساری شوێنی لەدایکبوونی وییان دەنۆڕی. بە

خۆشحاڵیی بەسەر چەند کەسێکدا کە هێشتا لەخەو هەڵنەسابوون، بازیدا و چووە نزیك هاوڕێکانی و بە نیگا لە ئامێزی گرتن. سێ هاوڕێکە ئاوڕیان بۆ دایەوە و قریوەیەکیان کرد. یاناکۆس گوتی:

– تەواوی شەو چاوەڕێت بووم. بۆچ نەهاتیت؟ خۆت گوتت ...

مانۆلیۆس قسەکەی بڕی و پرسی:

– هەموو شتێك ئامادەیە؟

سێ هاوڕێکە بە سەرسوڕمانەوە پرسییان:

– ئامادە؟ چ شتێك؟ بۆچی؟

مانۆلیۆس بە پێکەنینەوە وەڵامیدانەوە:

– بۆ ڕۆحگەلێك کە دەبێ هەستنە سەرپێ، بۆ پشتگەلێك کە پێشوازی لە قامچی بکەن و بۆ زارگەلێك کە هاوار بکەن!

یاناکۆس باسکی هاوڕێکەی گوشی و پرسی:

– چ خەیاڵێکت لەبن سەردایە؟ تۆ خۆت دەزانیت کە ئێمە بۆ ژیان و مەرگ یەکمان گرتووە!

- خۆم هیچ خەیاڵێکم لە بن سەردا نییە، بەڵام ڕەنگە خودا لەسەریدا بێت. بەهەرحاڵ دەبێ ئامادە بین!

پاشان تەماشایەکی دەوراندەوری خۆی کرد و تێهەڵچۆوە:

- ... من ئەم شوێنە و ئەم پێخەمبەرەم خۆش دەوێ کە بە یەك ئاماژە گالیسکە ئاگرینەکەی ئەرزی جێهێشت. ئەم گوندنشینانەیشم خۆش دەوێن بە هەمان ئەو شێوەیەی کە هەن، واتە پاکوتەمیز و ئاڵووالا و خاوەن چاوانی پرشنگدار و ئامادەی هەلایسان و ژێرەوژوورکردن. باشە، هەمووان ئامادەین.

ڕێك لەو کاتەدا نەوای گرمەئاسای باوکە گریگۆریس لە ناو کڵێساوە دەنگیدایەوە. نوێژ دەستی پێکردبوو. هاوڕێکان بێدەنگ بوون.

زیارەتکاران چوونە کڵێسا گچکەکە. ئەوانەی نەیانتوانی جێگەیەك بۆ دانیشتن پەیدابکەن لەسەر گابەردەکان ڕاوەستان. وێرد بەخرۆش و بەسۆز، وەك دەنگدانەوەی دووری ڕۆحگەلی بەرەبابانێك کە هێشتا

**توانای ئەفراندنی وێردیان بۆ ستایشی پەروەردگاری خۆیان هەبوو، لەودیو دەرگا و پەنجەرەی گچکەی کڵێساکەوە، دزەی بۆ دەرەوە دەکرد.**

**کە نوێژ کۆتایی هات، حەشاماتی خەڵکەکە لە کڵێسا چوونە دەرێ. مامۆستای گوند کە کەمێك ڕەنگپەڕیو دەینواند، بۆ سەر گابەردێك هەڵگژا و بە قوڕگێکی گیراو، کەوتە ستایش کردنی ئەلیاس پێغەمبەر. ئەوسا دەستوبرد و ناشیانە بەڵام بێ باك، کەوتە پیاهەڵدانی نەژادی گرێکی و ئەلیاسی لەگەڵ ئاپۆڵۆن و ڕووناکی و ڕۆحی نەمری گرێکلاندا کە لەگەڵ تاریکیی و بەربەرییەتدا کەوتبووە زۆران، بەراورد کرد. پاشان، یەکەمجار خۆپارێزانە کەوتە وێزەی تورك، پاشان کوتوپڕ جڵەوی شل کرد و بەو هەستەی کە ترسی ناوێت، کەوتە چڕینی سروودی نەتەوەیی.**

**زیارەتکاران، یەکەمجار سەریان سوڕما، بەڵام وردە وردە خوێنیان کەوتە قوڵپ و ئەوانیش پڕ شۆر و گا یەك دەنگ و گا ناساز، سروودی نەتەوەییان چڕی:"**

ئازادی، من تۆ لە درەوشانەوەی سەرسوڕهێنەری شمشێردا دەناسم ..."

لەناکاوێکڕا ئەلیاس پێخەمبەر بووە جەنگاوەر. جەنگاوەری پاتاو لەپێ و تفەنگ بە شان و فیشەکبەند بە کەمەری چیا!

مانۆلیۆس بەرەو لای سێ هاوڕێکەی دانەوی:

– ئامادەن؟

هەرسێکیان وەڵامیاندایەوە:

– ئامادەین. بەناوی خودا بکەوە ڕێ!

بە تەواوی نەیاندەزانی بۆچی مانۆلیۆس پرسی ئامادەن؟ بەڵام هەستیان دەکرد بەدڵ و گیان ئامادەن.

مامۆستا قسەکانی گەیاندە کۆتایی و وروژاو لە گابەردەکە هاتە خوارەوە. چاوانی پاتریارکاسی پیر پڕ لە فرمێسك ببوون. باوکە گریگۆریس دەستی بۆ بەرەکەتدانی ڕەعییەتەکەی هەڵبڕی. ئاخر ڕەعییەتەکەی ئەرکی خۆیان بەرامبەر خودا ئەنجامداو و ئیدی مافی ئەوەیان هەبوو بکەونە دەم لەوەڕان.

هەر لەوکاتەدا مانۆلیۆس چووە پێشێ، دانەوییەوە، دەستی باوکە گریگۆریسی ماچ کرد و ڕوخسەتی قسەکردنی وەرگرت. گوندنشینان بەبینینی مانۆلیۆس وەخرۆش کەوتن. ڕۆحی ڕۆژانی یەك شەممە لە جەستەیاندا و بیریان کەوتەوە کە ئەو گەنجە موو خورماییە هەمان ئەو کەسەیە ویستی گیانی لەپێناوی ڕزگارکردنی خەڵکدا بکاتە قوربانی. قریوەی شادومانیی و درووود بەرزبۆوە.

باوکە گریگۆریس برۆی گرژ کرد، دانەوییەوە و لە مانۆلیۆسی پرسی:

– دەتەوێ چییان پێبڵێی؟ مەگەر دەتوانیت قسان بکەیت؟ گەرەکتە لەبارەی چییەوە بپەیڤیت؟

– لەبارەی مەسیحەوە.

قەشە ڕاچڵەکی و بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– لەبارەی مەسیحەوە؟ بەڵام ئەوە ئەرکی منە!

مانۆلیۆس پێچەقێنیی کرد:

– مەسیح خۆی فەرمانی پێداوم بدوێم.

باوکە گریگۆریس بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی:

- ناشێ هەر ئەویش بابەتی نوتقەکەتی پێدابیت؟
- نا، بەڵام هەرکاتێ زار هەڵبێنمەوە ئەوا قسەکانی ئەو دەبێژم.

میکیلیس هەنگاوێکی بۆ پێشەوەنا:

- باوکە، مانۆلیۆس دەیەوێ قسە بۆ خەڵك بکا و ئێمەیش هەموو تکا دەکەین ئەو مۆڵەتەی بدەیت. کاتێ ئاوایی کەوتە خەتەرەوە هەمان مانۆلیس بوو هاتە پێش و گیانی بۆ ڕزگارکردنی هەمووان پێشکەش کرد. کەواتە دەبێ مافی قسەکردنی هەبێت.

پاترياركاسی پیریش بە نۆرەی خۆی گوتی:

- باوکە گریگۆریس مۆڵەتی بدەرێ. مانۆلیۆس کوڕێکی باشە!

قەشە ناڕازییانە گوتی:

- بەڵام ئەو دەیەوێ لەبارەی بابەتێکەوە بدوێ کە هیچی لێنازانێت.

ياناكۆس گوتی:

- گرینگ نییە! خاوەن شکۆ تۆ هەموو شتێك دەزانیت و بۆمان ڕاڤە دەکەیت.

کوستانتیس هاواری کرد:

- دەبێ قسان بکا! دەبێ قسان بکا!

گوندنشینانیش غیرەتیان هاتە بەر و دیمیترۆسی قەساب، ئانتۆنیسی سەرتاش و کریستۆفیسی پیر لەکاتێکدا کە چەپڵەیان لێدەدا، هاواریان دەکرد:

- دەبێ قسان بکا! دەبێ قسان بکا!

باوکە گریگۆریس نارەحەت شانی هەڵتەکاند:

- زۆر باشە... با وابێ! ئاژاوە مەنێنەوە!

ئەوسا دەستێکی هاکەزایی بەسەری مانۆلیۆسدا هێنا و گوتی:

- ... خودا خۆی یارمەتیت بدا! بدوێ!

وایگوت و دەستانی خاچئاسا لێکنان و چاوەڕێ بوو.

مانۆلیۆس چەند هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا و چووە نێو ئامادەبووانەوە. یاناکۆس و کوستانتیس بەردێکی گەورەیان هێنایە نزیکی و ئەویش چووە سەری. ژن و پیاو لەدەوری کۆبوونەوە. باوکە فۆتیس بە

ڕەعییەتەکەیەوە هاتنە پێشێ و بە ئاماژەی سەر سڵاوێکی ساردی لە باوکە گریگۆریس کرد. بەڵام ئەمیان وای پیشاندا نەیبینیوە. مانۆلیۆس ڕووی کردە خۆرهەڵات، خاچی کێشا و گوتی:

- برایان، ئەمڕۆ دەمەوێ لەگەڵ ئێوەدا لەبارەی مەسیحەوە بدوێم. بمبوورن کە نەخوێنەوارم و ناتوانم قسەی جوان بکەم. بەڵام دوێنێ عەسر کاتێك خۆرئاوا دەبوو، مەسیح ڕێك وەك کەسێکی ئاسایی، بە ئارامیی هات و لەلامەوە لەسەر سەکۆکە دانیشت. پێوپلی خۆڵاویی بوو. لەو پێنج زامەوە کە بزمار لەسەر جەستەی جێیهێشتبوو، خوێن دەچۆڕا. بە قەهرەوە لێی پرسیم:" خۆشت دەوێم؟" گوتم:" ئەی مەسیحی میهرەبان، ئەمرکە تا گیانم بکەمە قوربانت." سەری لەقاند و بەبێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە زەردەخەنەی هاتێ. ماوەیەك هەردووکمان بەو جۆرەماینەوە. من ترسا بووم و زوبان لە دەممدا نەمابوو، بەڵام دواجار جورئەتمدایە بەر خۆ و پرسیم:" ئەی مەسیح،

هیلاکیت و پێوپلت خۆڵاویی و خوێناوییە. لە کوێوە هاتوویت؟" گوتی:" سەرم لە ئاواییەکانی ئەم ناوچەیەدا، بە لیکوڤریسییدا تێپەڕیم. مناڵەکانی من برسیین. کۆڵەپشتەکەم بردبوو تا سواڵ بکەم. بەڵام وا دەبینیت شەکەت و بە کۆڵەپشتی بەتاڵەوە هاتوومەتەوە." هەمدیس کەمێك بێدەنگ مایەوە و هەردووکمان لە ئاوابوونی خۆرمان دەنۆڕی. بەڵام لەناکاوێکڕا تووڕەیی دایگرت و کەوتە گلەیی و گوتی:" تۆ لاڤ ئەوە لێدەدەیت خۆشت دەوێم، کەچی دەستەوئەژنۆ و بێکار دانیشتوویت؟ تۆ باش دەخۆیت، باش دەخۆیتەوە و بە خەیاڵی ئاسوودە وشەکانم دەخوێنیتەوە، کاتێ خاچکێشانمت دەکەوێتەوە یاد فرمێسك دەڕێژیت و پاشانیش دەچیتە نێو جێگەکەت و دەنوویت. ئاخۆ هەر بەڕاست شەرم ناکەیت؟ ئەمەیە مانای خۆشویستن؟ تۆ بەمە دەڵێیت عیشق؟ ڕابە!" من لەجێگەی خۆم ڕاپەڕیم، کەوتم بەسەر پێوپلیدا و هاوارم کرد:" بمبوورە،

ئەی مەسیح بمبوورە! فەرمان بدە تا بە گیان جێبەجێی بکەم!" مەسیح گوتی:" دارعەساکەت هەڵگرە و بچۆرە نێو خەڵکیی. هیچ مەترسە و قسەیان لەگەڵ بکە." پێیمگوت:" ئەی مەسیح من دەتوانم چ بڵێم؟ من نەخوێنەوار و هەژار و ترسنۆکم. کاتێ چاوم بەخەڵکی دەکەوێ لەترسا رادەکەم، ئەوسا تۆیش گەرەکتە قسەیان بۆ بکەم؟ ئاخر من چیم هەیە پێیانی بێژم؟" مەسیح گوتی:" پێیان بڵێ من برسیمە، لە دەرگای ماڵەکانتان دەدەم، دەست پان دەکەمەوە و هاوار دەکەم ئەی مەسیحییەکان کۆمەك بکەن و سەدەقە بدەن!"

باوکە گریگۆریس خەریك بوو دەتەقییەوە، پاتریارکاسی پیر بە باوێشکدانەوە سووسەی دەوراندەوری خۆی دەکرد تا بەڵکو ڕێگەیەك بدۆزێتەوە و بڕوات شتێك بخوات. ئاخر ئیدی برسێتیی زۆری بۆ هێنابوو. لاداسی پیر نزیکی قەشە بۆوە و لەژێر لێوەوە گوتی:

- ئەم قسانە عاقیبەتی باش نابێت. بێدەنگیکە!

بەڵام گوندنشینان بە زاری کراوە و واقوڕمانەوە گوێیان ڕادێراو و وردە وردە تاویان دەسەند. هەستێکی قووڵی وەك ترس بوونیانی لەخۆدەگرت. وەك بڵێی مەسیح ببینن کە پێ پەتیی و ئاوارە لەدەرگای ماڵەکانیان دەدا و داوای خێر دەکات، بەڵام ئەوان دەست دەنێن بە ڕوویەوە و لەودیو دەرگاوە دەڵێن: " خوا بتداتێ!" ئەدی مەگەر هەمان چەند ڕۆژێك لەوەوبەر نەبوو کە باوکە فۆتیس بەپێی پەتی و توورەکەی بەتاڵەوە بە گوندەکەیاندا تێپەڕی بوو؟ مەگەر دەستیان بە ڕوویەوە نەنابوو؟

مانۆلیۆس نەفەسی تازە کردەوە. ئارەقە لەنێوچەوانییەوە دەچۆڕا. یەك یەك لە زیارەتکارانی دەنۆڕی. زیارەتکاران قووڵ کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ڕوخساری خەمین، عەزابدیدە و لەهەمانکاتدا ڕەسەنییەوە. پیرێژنێك خاچی کێشا و بە ژنێك کە لەپاڵیدا دانیشتبوو، گوت:

- خودا خۆی گوناهەکانم ببەخشێت! نازانم ئەم کوڕە، شوانی پاتریارکاسی پیر و خوشکەزای مادلینایە

یان زوبانم لاڵ خودی مەسیحە کە لەپێناوی گوناهەکانی ئێمەدا بۆ سەر ئەرز هاتووە؟ تۆ چ دەڵێیت؟

- پێرسەفۆن وسبە، وسبە هەمدیس دەیەوێ قسان بکات.

مانۆلیۆس دەستی بەرەو خەڵکەکە ڕایەڵ کرد و هاواری کرد:

- ئەی پیاوان و ژنانی لیکوڤریسی، برایان و خوشکانم! من بە خواستی خۆم بۆ ئێرە نەهاتووم، ئاخر کابرایەکی هەژاری وەك من ناوێرێت بۆ ئێوە بدوێ و جێگە و ڕێگە پیشانی دەوڵەمەندان و ڕیش سپییانی گەورەتر لەخۆی بدات! نا! من بەخواستی خۆم بۆ ئێرە نەهاتووم، بەڵکو مەسیح منی هەناردووە! من جگە لە دووبارەکردنەوەی قسەکانی وی چ شتێکی دی ناڵێم. مەسیح هاواردەکا:( برسیمە. ئەی مەسیحییان خێر بکەن!) هەرکەسێك بەزەیی بە هەژارێکدا دێتەوە، ئەوا قەرد بە خودا بدات. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر یەکێك لەئێمە بۆ

دیدەنی برا پەنابەرەکانمان، کە نە خۆراکیان هەیە، نە جلك و نە جێگەیەك بۆ نووستن، بۆ ساراکینا چوو بوو. ئەو دارونەداری خۆی بردبوو بۆ ئەوێ و هاواری کردبوو:" برایانم وەرن، وەرن هەرچیم هەیە بەسەر خۆتانا دابەشی بکەن. من ئەم هەمووە بە دیاری نادەم، پارەیشم ناوێت. بەڵکو بە قەرز دەیدەمە ئەنگۆ تا خودا خۆی لەودونیا نرخەکەیم بداتەوە!"

لاداسی پیر ئیدی نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ. تەنگەنەفەس ببوو. قەیرێك دەبوو کە لێکدا لێکدا ئاماژەی بۆ باوکە گریگۆریس دەکرد تا مانۆلیۆس بێدەنگ بکات، بەڵام بێهودە بوو. دواجار بڕیاریدا خۆی شتێك بکات. ئیدی نارازییانە هاواری کرد:

– کاکی مانۆلیۆس پێشنیار دەکا سەروەت وسامانێك کە شەرافەتمەندانە و بە ئارەقەی نێوچەوان پەیدامان کردووە دابەشکەین و نرخەکەی لەودونیا وەرگرین! گوێ بگرە هەی کوڕەی کەللەپووت، تۆ ڕەنگە لە مەبەستی مەسیح حاڵیی نەبووبیت. بەڵام

بزانە کە شەپازللەیەکی نەقد باشترە لە حەڵوای قەرز!

یاناکۆس هاواری کرد:

- ڕێگە بدە قسەکانی بکات پیرەمێرد! مەگەر نەتبیستووە لەلایەن کێوە هاتووە؟ ئەوە مەسیحە لە زاری ئەوەوە دەئاخڤێت.

لاداسی پیر بەتووڕەیی وەڵامیدایەوە:

- یاناکۆس تۆ چۆن جورئەت دەکەیت دەنگ بەرزبکەیتەوە؟ ئارام بگرە بزانە چۆن حیسابم لەگەڵتا یەکلایی دەکەمەوە؟

مامۆستا بۆ ناوبژیوانیی گوتی:

- مانۆلیۆس، قسەکانت بەتەواوی ڕاستن، بەڵام شیاوی جێبەجێکردن نین. تۆ دەتەوێت ئاو لە دەسکەواندا بکوتیت. خۆ ئێمە خودا نین، بەڵکو ئینسانین و کارەکانیشمان دەبێ لە سنوور و ئەندازەی ئینساندا بێت.

مانۆلیۆس وەڵامیدایەوە:

- کاکی مامۆستا منیش گەرەکمە هەمان شت بکەم. چەند کەس لەوانەی ئەمڕۆ بۆ زیارەت هاتوون مەسیحیین؟ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بەودونیا هەیە مەسیحیین. دەزانن باوەڕ بەودونیا یانی چی؟ واتە تەواوی کارەکانمان لەودونیا قەزاوەتیان لەسەر دەکرێت. خراپەکاران سزا دەدرێن و چاکەکارانیش پاداشت دەکرێن. ئەوی لەم دونیا تێپەڕەدا چاکە لەگەڵ خەڵکییدا بکات، ژیانێکی جاوید دەدۆزێتەوە. لاداس، هێشتا پێتوایە کە شەپازللەیەکی نەقد لە حەڵوای قەرز باشترە؟

پیرەمێردی پیسکە نەڕاندی و بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی:

- هەر بەڕاستیی کەللەپووتیت!

چەند کەسێك لە گوندنشینانی ئیماندار پرسییان:

- ئێمە دواجار حاڵی نەبووین کە دەبێ چ بکەین؟ بڵێ بزانین مەسیح ڕێك چ فەرمانێکی بەتۆ داوە؟ گەر دەتەوێ باش تێبگەین ئەوا ڕۆشنتر قسان بکە تا بزانین پێمان هەڵدەسووڕێت یان نا؟

پیرەمێردێك هاواری کرد:

- مەڵێ هەموو شتێکمان دابەشکەین، چونکە ئەمە کاری کردە نییە و پاساوێکی ئەوتۆیشی نییە.

مانۆلیۆس وەڵامیدایەوە:

- درەو تەواو بووە و سوپاس بۆ خودا کە ئەمساڵ بەروبووم باشە. ماوەیەکی تریش ترێ ڕنین دەست پێدەکات و دوای ئەویش زەیتوون. گوێ لە بانگی مەسیح ڕادێرن کە دڵی من ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەکات. ئەو هاوار دەکا:" ئەی خەڵکی بەشەرەفی لیکوڤریسی، برایانی ڕاونراو لە هێلانەکانی خۆیان هاتوونەتە بەر دەرگاکانی ئێوە. زستان نزیك بۆتەوە و ئیدی ئەوان لە برسا، لە سەرما و لە قەهردا دەمرن ..." خودا لاپەڕەی دەفتەری خەڵکی لیکوڤریسی یەکە یەکە هەڵداوەتەوە و بڕ و کاتی خێرێکی تێدا تۆماردەکات کە دەیدەنە هەژاران. بۆ نموونە دەنووسێت:" ئاناستازیۆس لاداسی فەرزەندی میکاییل لە فلان ڕۆژ و لە فلان مانگدا

ئەمەندەی هەبوو، ئەمەندە سەدەقەیدا کە ڕۆژی قیامەت لەگەڵ سووەکەیدا دەیدرێتەوە ...."

لاداسی پیر هەمدیس زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەی هاتێ و گوتی:

– کەرەکە مەمرە بەهارە ....

مانۆلیۆس بەردەوام بوو:

– کاکی مامۆستا، پێوانەی بەشەریی کە تۆ ئاماژەت پێدا بەو مانایەیە کە هەر خاوەن موڵکێك یەك دەیەی بەروبوومەکەی، بەو جۆرەی کە گوتمان بە قەرد بداتە خودا. ئێمە دەبێ یەك دوو ساڵ یارمەتی برایانی پەنابەری ساراکینا بدەین تا کەمێك لەسەر پێی خۆیان ڕادەوەستن. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە، ئێمە دەرفەتمان نییە بڕێکی بەرچاو لە زەوییەکانمان بکێڵین و ئەمەیش تاوانێکی گەورەیە. با ئەو زەوییە زیادانە بخەینە بەردەستی پەنابەرانەوە و نیوە بەنیوە ببینە شەریکیان تا هەم ئاوایی بەشی خۆی ببات و هەم برسییانیش شتێك بۆ خواردن شك ببەن. وای بەحاڵی ئەو

گوندنشینەی لیکوڤریسی کە خۆی تێر دەخوات و غەمی منالانی ساراکینای نییە. هەر کەسێك لەودیو دەرگای ماڵەکانمانەوە بمرێت ئەوا دەبێتە قوڕسێك بە ملمانەوە تا زیاتر لە ئاگری دۆزەخدا بسوتێین. ژمارەی دانیشتوانی لیکوڤریسی چەند کەسە؟ دوو هەزار کەس؟ بەرامبەر مردنی هەر برسییەکی کێوی ساراکینا، دوو هەزار جەستە دەکەوێتە ملمان و دەبێ بە ملوانکەیەکی ئاوهاوە لە حزووری خودادا ئامادە بین!

گوندنشینان لەرز دایگرتن، چەند کەسێك خۆنەویستانە دەستیان بۆ ملی خۆیان برد و دەستیان پێدا هێنا. هەستیارترەکانیان دوو هەزار کەسی خەڵکی لیکوڤریسی دەبینی کە هەرکامیان، دە، پازدە و بیست جەستەی وەك دەنکە تەسبیح بە ملەوەیە و بەرەو قیامەت دەفڕن و فریشتەگەلێك کە لە دوایانەوە دەڕۆن، لەحەژمەت بۆنی ناخۆشیان، کەپوویان دەگرن.

ئانتۆنیسی سەرتاش کە جگە لە پارچەیەك ئەرز و ڕەزێکی گچکە هیچی تری نەبوو، هاواری کرد:

- قاییلم! مانۆلیۆس دەفتەرێك بێنە و ناوەکان بنووسە: بنووسە من، ئەنتۆنیس یانیدیس کوڕی تراسی پۆلس، سەرتاشی لیکوڤریسی بەڵێن دەدەم کە یەك دەیەی بەروبوومەکەم وەك قەرد بەخودا بدەمە برایانی ساراکینا. مانۆلیۆس بنووسە. من ئیمانم هەیە کە خودا لە دەفتەرەکەی خۆیدا تۆماری دەکات!

دەستگەلی تریش بەرزبوونەوە و دەنگگەلی دی گەیینە گوێ:

- منیش! منیش دەیدەم! مانۆلیۆس بینووسە!

چاوانێکی زۆر پڕ لە فرمێسك ببوون. گروپێکی تر ترس و دڵنیگەرانی خۆیان ئاشکرا کرد و دەستەیەکیش بە تووڕەیی لە مانۆلیۆسیان دەنۆڕی. پاتریارکاس ڕایکردبوو و لەودیو گابەردێکەوە لەسەر سفرە دانیشتبوو. لەسەر سفرەکە چەند توێکڵە لیمۆ و بڕێك گۆشتی برژاوی بەراز دەبینرا و لەهەمانکاتدا کە شێلگیرانە دەیخوارد، بەدەم خۆیەوە دەیگوت:" ئیدی

حیسابی ئەم مانۆلیۆسە نەگبەتە ڕۆیشت و بەم زووانە بەر تەماتە دەدرێت!"

لەم کاتەدا باوکە گریگۆریس کە ئەگەر دەستت لە بڕۆی بدابا، ئەوا لەحەژمەت تووڕەیی دەتەقییەوە، دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد:

– هێی خەڵکینە، فریوی ئەم فێڵبازە مەخۆن و ئاگاداربن! دونیا چوار کۆڵەگەی سەرەکی هەیە، ئیمان، نیشتیمان، شەرەف و چوارەمیش موڵکییەت. دەست بۆ دارایی خۆتان مەبەن! خودا سەروەتی بەگوێرەی یاساگەلێکی نهێنیی کە تەنها خۆی لێی ئاگادارە، دابەش دەکات. دادوەریی ئەو جیاوازی لەگەڵ دادوەریی بەشەردا هەیە. خودا تاقمێکی دەوڵەمەند و تاقێمکیشی هەژار خەڵق کردوون و وای بە حاڵی کەسێك بیەوێت زوڵمی ئیلاهیی بەیەکدا بدات! کەسێکی ئاوها پێچەوانەی ئیرادەی خودا هەڵسوکەوت دەکات. مانۆلیۆس، من هەڵە بووم ڕوخسەتی قسەکردنم دایت، وەرە خوارێ و بڕۆ بەلای مەڕەکانتەوە! ئەوە کارێکە کە خودا بۆ

تۆی هەڵبژاردووە و ئیدی بیر لە چ پلەوپایەیەکی بەرزتر لەوە مەکەرەوە! ئەوەی گوتت پێچەوانەی ئیرادەی خودایە. ئەوە خودایە کە بڕیار دەدا و هەرچی لە دونیادا ڕوودەدات بەئیرادەی ئەوە.

باوکە گریگۆریس وروژاو ڕووی کردە باوکە فۆتیس کە لەسەرەتای نوتقەکەوە سەری لەژێرەوە نابوو، هاواری کرد:

– هێی باوکە فۆتیس، تا بەر لەهاتنی تۆ وەزعی ئاواییەکەمان ئاسایی و هەموو شتێك ڕێکوپێك بوو! بەڵام لەو ڕۆژەوەی تۆ و جەماعەتەکەت بۆ ئێرە هاتوون، ئیدی ئارامیی لەدەست چووە. لە هەموو شوێنێك گلەیی هەیە و شکایەت و ڕیسوایی و دزیی. هەژاران شەرمیان ناوەتە لاوە و خەوی خۆشیان لە دەوڵەمەندان تاڵ کردووە. ئاگادارت دەکەمەوە وریای خۆتبە. ئاغا بەزوویی دەگەڕێتەوە و ڕیش سپییان داوای لێدەکەن لێرە وەدەرتنێ تا هەمدیس ئاشتیی و ئارامییمان بۆ بگەڕێتەوە. بڕۆن بۆ جێگایەکی تر و دوعای خێرتان لەگەڵ بێ،

هەڵبەت بەمەرجێك بڕۆن و ئیدی سەروفەساڵتان نەبینین! ئیتر خوێنی خۆتان لەسەر خۆتان!

باوکە فۆتیس سەری هەڵبڕی و بەئارامیی گوتی:

– باوکە تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵێ ئەوەی لەم دونیایەدا ڕوودەدات ئیرادەی خودای لەسەرە. مانۆلیۆس ئەوەی لە دڵیدا بوو هێنایە سەر زوبان. ئەمەش ئیرادەی خودای لەسەر بوو. چەند کەسێك لەخەڵکی لیکوڤریسی بەزەییان پێماندا هاتەوە و چاوگەلێك پڕ لە فرمێسك بوون و دەرگای چەند ئەمبارێك بە ڕووماندا کرایەوە، ئەمەش ئیرادەی خودای لەسەر بوو. ئەگەر بە گوتەی ئێوە، ئێمە هاتووین تا نەزم و ئارامیی ئاواییەکەتان بەیەکدابدەین، ئەمەش هەر ئیرادەی خودای لەسەرە، چونکە ئاو کە بێجووڵە مایەوە بۆن دەکا و ڕۆحیش ئەگەر ماوەیەك لە ئارامییدا بێ، دەڕزێ. ئیرادەی خودا وابوو کە ئێمە با بین، تۆفان بەرپاکەین و ئاوەکان نوێ بکەینەوە...

ئەوسا لای بۆ خەڵکی لیکوڤریسی کردەوە و تێهەڵچۆوە:

– ... برایانم، ئێمەیش بەر لەمە لە ئارامیی و خۆشگوزەرانیدا دەژیاین. بەڵام ئەورۆ کەوتووینەتە سواڵ. من بەم ناوچەیەدا گەڕاوم، لە دەرگای یەك بەیەکی ماڵەکانیم داوە، بەڵام بەدەستی بەتاڵ گەڕاومەتەوە. مەرگ بۆ من چ گرینگییەکی نییە. بۆ پیرەمێردەکانیشمان چ گرینگ نییە، چونکە تەمەنی خۆیان ژیاون. بەڵام بەزەییم بە منالاّندا دێتەوە. هەر ڕۆژێك و ژمارەیەکیان لەبرسانا دەمرن و زیندووەکانیش هێند لەڕ و بێ بڕستن کە ناتوانن بەپێوە خۆیان ڕابگرن. لە چییان کەمە؟ لە پارووپەك نان، لە دڵۆپێك زەیت و جلکێکی شڕ بۆ لەبەرکردن! ئەگەر ئەوان ئەو شتە ناچیزانەیان هەبێ کە ئێوە لەبەردەم سەگەکانتانا دایدەنێن یاخۆ دەیکەنە زبڵدانەکانتانەوە، نامرن. من لەپێناوی ئەم منالاّنەدایە سواڵ دەکەم و هاوار دەکێشم ئەی مەسیحییەکان خێر بکەن!

ئەوسا بێدەنگ بوو. سەری داخست. ڕوخساری ببووە ئاو و چاوانی گەورەتر دەیاننواند. دەستەکانی خاچئاسا لەسەر سینگی دەدرەوشانەوە و ئێسکەکانی لەژێر پێستە تەنکەکەیەوە دەبینران.

هەمووان کوڵی گریانیان بەربوو. ماریۆرییش بە دزی ئەوانیترەوە دەگریا. نۆبووك ملوانکە ئاڵتوونەکەی لە ملی کردەوە و وەك بڵێی دزیبێتی، بە شەرمەوە شاردییەوە. بەزەیی لە سینگی گۆشتنی دیمیترۆس، ئەو قەشە دێرینەدا بێدار بۆوە و هاواری کرد:

- من گوێرەکەیەکی قەڵەوم هەیە کە نیازم وابوو ڕۆژی یەکشەممە سەری ببڕم، بەڵام بۆ ساراکینای دەبەم و گۆشتەکەی بەسەر پەنابەراندا دابەش دەکەم. شەرم دەکەم ئێمە هەموومان تێر دەخۆین و براکانیشمان لەبرسا دەمرن!

ئەنتۆنیسی سەرتاش خرۆشابوو، گوتی:

- منیش ڕۆژی شەممە بۆ ساراکینا دەڕۆم و قژی هەموویان بە خۆڕایی دەتاشم. ددانی ڕزیویان بە خۆڕایی دەکێشم.

مامۆستا که کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە، جورئەتیدایە خۆ و هاواری کرد:

- منیش کتێبی ئەلفوبێ و تەختەڕەش و قەڵەم و نەخشەی گرێکلاند و هەرێمگەلی دابڕکراو لە نیشتیمان دەخەمە بەردەستی خەڵکەکەی چیای ساراکینا.

لاداسی پیر لە حەژمەت تووڕەیی تفی کردە ئەرزەکە و لەژێر لێوەوە گوتی:

- بڕۆن بە دۆزەخ!

باوکە گریگۆریس لەژێر چاوەوە لە براکەی نۆڕی، بەڵام هیچی نەگوت.

مانۆلیۆس لەسەر بەردەکە هاتە خوارەوە، چووە نزیك باوکە فۆتیس، دەستی ماچ کرد و بە دەنگی بەرز گوتی:

- باوکە نابێ نائومێد بین. مەسیح نەمردووە و هێشتا بەسەر ئەرزدا هەنگاو دەنێ. چەند دڵێك ئەویان بینیوە و دەرگای خۆیان بەڕوویدا خستۆتە سەرپشت. ئازابە!

سێ هاوڕێکەیش نزیك بوونەوە، پاشان ئانتۆنیسی سەرتاش و دیمیترۆسی قەساب بە هاوڕێیی تاقمێك لە گوندنشینانی شەرمن و تیاماو دەوریاندان و مامۆستایش بە پەیڕەویی لەوان بە ڕووکەش شێلگیر بەڵام تا بڵێی لەرزۆك، نزیکیان بۆوە.

باوکە فۆتیس ڕووی تێکردن، خاچی کێشا و گوتی:

- ڕۆڵەکانم بابڕۆین! ئێمەیش بۆ خۆمان کڵێسایەکمان لە ئەشکەوتدا هەیە کە ڕۆژگارێك بەرەبابانمان نوێژیان لێکردووە. وەرن با بڕۆین و لەوێ لەبەرقاپی خودادا بپاڕێینەوە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەورەیە، چونکە دڵی ئینسان کەوتۆتە لەرزە ...

ئەوسا ڕووی کردە خەڵکەکە کە بڵاوەیان لێدەکرد و هەندێکیان کۆڵەپشتەکانی خۆیان دەکردەوە تا گۆشت و شەرابی لێدەربێنن. گوتی:

- ... خودا ئاگای لێتانبێ ئەی خەڵکی لیکوڤریسی. دەك نۆشی گیانتان بێ! باوکە گریگۆریس پێویستمان بە دۆعاکانتە!

قەشە نەڕاندی:

- من ئێوەی یاخییان بەنەفرەت دەکەم و لەعنەت لە هەر کەسێك بێ کە دوای چەتەیەکی وەك تۆ دەکەوێ!

قەشەی شڕپۆش و برسی، بە خوێنساردیی وەڵامیدایەوە:

- خودا کە خۆی تۆوی چاکە لە خراپە جیادەکاتەوە، ئەو خۆی داوەریی دەکات. ئێمە تەنها باوەڕمان بەو هەیە و بەس!

وایگوت و بە قامکە ئێسکنەکەی، ئاسمانی پیشانی باوە گریگۆریسدا.

## 12

باوکە فۆتیس و چوار هاوڕێکە، لەبەردەم ئەشکەوتێکدا کە وەك کڵێسا بەکاردەهێنرا، لەسەر سەکۆی بەردین دانیشتبوون کە لەکۆندا پەنابەران و مەسیحییانی ڕاکردوو لە ستەمی دوژمنانی مەسیح لەو چیایەدا دایانتاشیبوون. دونیا شەو و چیا بۆنی نەعنا و پونگەی دەشتی لێدەهات. سێبەرێکی شین و تەنك لەسەر ئەرز خۆی هەڵدەخست. جگە لە دەنگی ناو بەناوی مەلێکی شەوگەڕی خۆ ماتداو لە بۆسەی مێروو یا مشك و هێلکەشەیتانۆکەیەك و ناڵەی خەمینی مەلێکی عاشق چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا. ئەستێرەکان نزمتر لە شەوانی دی لەنێوان ئاسمان و ئەرزدا هەڵواسرابوون.

پێنج هاوڕێکە، ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوون، سەراپای ئەو ڕۆژە لە ئەشکەوتێکەوە بۆ ئەشکەوتێکی

دی چووبوون و لەگەڵ برایانی دەردەداری خۆیانا دووابوون و سەریان سوڕمابوو لەوەی چۆن مرۆڤ دەتوانێ لەو چاڵە تاریکانەدا بژی. باوکە فۆتیس ماندوو نەدەبوو، بەڵکو میهرەبان و چاکەکار، حیکمەت و گوڕی دڵی دەدایە هەمووان و هەمیشە داوای لە مەسیح دەکرد تا بۆ چیای ساراکینا و گوندی لیکوڤریسی بڕوا و بە بەراوردکردنیان قەزاوەتی خۆی بدا.

ئەوسا، شەکەت و دڵمردوو لەسەر سەکۆ بەردینەکان دادەنیشتن و لە شەویان دەنۆڕی. هەمووان سەریان سوڕمابوو، هەستیان دەکرد لە دونیا ڕاونراون و بە پەنابردن بۆ ئەوێ، پیلان دەچنن. بەڵام چ پیلانێك؟ خۆشیان نەیاندەزانی. ئاخر چ بەو پێنج ڕۆحە ساکارە دەکرا؟ دەیانتوانی کام سیستێم نغرۆ بکەن و چ دونیایەکی نوێی لەسەر ڕۆنێن؟

دواجار یاناکۆس بۆ حەشاردانی خرۆشی خۆی گوتی:

– چ شەوێکی جوانە؟

کوتوپڕ هەمووان لەجێگەی خۆیان هەستان. بێدەنگییەکی قورس، خەونێك بوو کە بەدەنگی یاناکۆس جوولەی تێکەوت و ڕەوییەوە.

کوستانتیس جورئەتی دایە بەرخۆ و گوتی:

– باوکە، بە زوویی چوار مانگ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ کە ڕیش سپییانی ئاوایی ئەو ڕۆڵانەیان بەسەردا دەبەش کردین کە دەبێ لە ڕۆژی تەمسیلی ئازارەکانی مەسیح لەبەر خانی کڵێسادا، هەرکام لە ئێمە بیبینین. تا ئێستا گرفتاریی تر ئێمەی لە خەیاڵی ڕێوڕەسمەکە دابڕیو و لە ئامانجەکەمان دووری خستبووینەوە. بەڵام ئیدی ئێستا کاتی ئەوەیە ئامادە بین .... بەڵام چۆن؟ دەبێ چ بکەین؟ تۆ بە قەداسەتێك کە هەتە دەبێ بزانیت ئێمە چ بکەین!

باوکە فۆتیس ماوەیەکی درێژ بێدەنگ مایەوە، گوایە بیرو خایلەی بۆ دوور ڕۆییو و گەڕانەوەی کاتی دەویست. بەڵام دواجار بە هاوڕێیانی خۆیەوە پێوەست بۆوە و بە زەردەخەنەوە وەڵامیدایەوە:

- دەبێ چ بکرێت؟ هەمان ئەو شتەی کە تا ئێستا کردووتانە. لەمە زیاتر چ کارێکی تر نییە! باشتر لەمە ناتوانن خۆتان ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بکەن و هەمان ڕێگە ئێوە دەگەیەنێتە موسیبەتەکان و لەخاچدان.

میکیلیس ناقاییلانە گوتی:

- باوکە مەگەر ئێمە چ کارێکمان کردووە؟ ئێمە کە هیچ کارێك ناکەین!

قەشە بە میهرەبانیی دەستی بەسەر خودانی جحێڵدا هێنا و گوتی:

- میکیلیس زەمیلە ئازووخەکانت بیرچۆتەوە؟ ئەدی تۆ یاناکۆس، بیرتچۆتەوە کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئەوەی لە باری گوێدرێژەکە هەتبوو بە ڕوویەکی خۆشەوە بەسەر هەژاراندا دابەشت کرد؟ تۆیش کوستانتیس کە کاروکاسپی خۆت واز لێهێناوە و هاتوویتەتە یەکەم ڕیزی بەرخۆدانەوە دژی ناعەدالەتیی. تۆی سادە دڵ کە تا دوێنێ چایچییەکی ناچیزە بوویت، ئەمڕۆ بەهۆی ئیمانتەوە ئامادەیت هەرکاتێك پێویستبێ خۆت بکەیتە قوربانی!

مانۆلیۆسیش کە گوناهی خەڵکی گرتە ئەستۆ و مەرگی قەبوڵ کرد تا ئاوایی ڕزگار بکات! تەنانەت هەمان پانایۆتیسە زلە! مەگەر ئەو داماوە جگە لە خۆئامادەکردن بۆ بینینی ڕۆڵی دژواری یەهوزا چ کارێکی تر دەکات؟ ئێوە هەمووتان ڕۆڵەکانم خۆتان ئامادە دەکەن. خۆتان ئامادە دەکەن بێ ئەوەی خۆتان پێ بزانن و ڕێگەی ڕاستیش ئەمەیە.

جارێکی تر هەمووان بێدەنگ بوونەوە. مانۆلیۆس هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاوی بڕییە ئەستێرەیەکی گەورە و خەندان کە لە ئاسماندا سەمای دەکرد. کوڕەشوان بە باشیی ئەو ئەستێرەیەی دەناسی و خۆشیدەویست. کاتێ گەنجتر بوو چەندین جار فریوی ئەو ئەستێرەیەی خواردبوو، بە گومانی ئەوەی ئەستێرەی سەحەرە، مەڕەکانی لە پشتیر هێنابوونە دەرێ. بەڵام دواتر تێگەییشت کە ئەوە ئەستێرەی مشتەرییە و بەخۆی گوتبوو:" ڕاست دەکەن ئەو ئەستێرەیەیان ناوناوە ئەستێرەی فریودەر." ئیدی هەنووکە وەك هاوڕێیەکی دێرین لێی دەنۆڕی.

کوستانتیس سەری داخست. غەمێکی قووڵ باڵی بەسەریدا کێشابوو. ئەو تەنێ کەسێ بوو کە هیچ کارێکی نەکردبوو. هیچ! تەنانەت لە یەهوزایش دواکەوتبوو.

یاناکۆسیش نائومێدانە سەری دەلەقاند و بەخۆی دەگوت:" تۆ چ کارێکت نەکردووە. پارەدان و بەخشینی دیاریی گرنگ نین. گەر بتوانیبا یوسفۆکەکەتت بدابا ئەوسا دەتتوانی بڵێیت قوربانیت داوە. یاناکۆس ئەوە کارێکە کە چاوەنۆڕم لێت بیکەیت! ئایا دەتوانیت یاناکۆس؟ هەر کارێکی تر جگە لەوە بێهوودەیە!"

لەتەواوی ئەو ماوەیەدا باوکە فۆتیس خەیاڵی فڕیو و تا دەهات دوورتر دەکەوتەوە. بۆ جێگە ئاشنا دێرینەکان دەفڕی و هەمدیس بۆ چیای ڕووتەنی ساراکینا دەگەڕایەوە.

دونیا شەو و قەشە بە زەحمەت لەبەر پرشنگی تریفەی ئەستێراندا ڕوخساری هەر چوار هاوڕێ

ئازیزەکەی بۆ جویّ دەکرایەوە کە لەسەر بەردەکان دانیشتبوون.

دەنگی باوکە فۆتیس بێدەنگیی شکاند. ئارام و خۆڕاگر و میهرەبان گوتی:

– ڕۆڵەکانم، هەندیّ جار پێموایە ڕۆحی مرۆڤ وەکی گوڵەشەوبۆیە کە بەڕۆژ دادەخریّ و شەویش ئازایانە دەکرێتەوە. منیش ئەمشەو هەست دەکەم ڕۆحم لەپاڵ ئێوەدا گەرەکییەتی بکرێتەوە. بیرتانە ماوەیەك لەمەوبەر لەسەر چیا بەڵێنم پێدان کە ڕۆژێك حەکایەتی ژیانمتان بۆ بگێڕمەوە؟ ئاخر ئازار دەچێژم لەوەی بێ ئەوەی بزانن کێم، دادێنەوە و دەستم ماچ دەکەن!

مانۆلیۆس کەوتبووە ژێر کاریگەریی قسەکانییەوە و گوتی:

– باوکە، ڕۆحی ئێمەیش ئەمشەو کراوەتەوە و گوێمان لێتە.

ئیدی باوکە فۆتیس بەکاوەخۆ کەوتە گێڕانەوەی حەکایەتی ژیانی خۆی:

- لەگویّ زەریای مەڕمەڕەدا، بەرامبەر کوستەنتینییە گوندێکی سەوز و جوان هەیە بە ناوی ئارتاکی. من لەو گوندە هاتوومەتە دونیاوە. بابم قەشە و وەکی زاهیدانێك کە وێنەکانیان لەسەر دیواری کڵێسا دێرینەکان کێشراوە، گرژومۆن بوو. ئەو پیاوێکی سەختگیر، توندوتیژ و کەمدۆ بوو. باپیرەیشم هەر قەشە و هەردووکیان گەرەکیان بوو منیش ببمە قەشە. بەلام من نەمدەویست. حەزم لە سەفەر و بازرگانیی بوو. دەمویست گەنجینەی پڕ لە ئاڵتوونم هەبن، تفەنگ بکڕم، خەڵکی چەکدار بکەم و ئارتاکی لەدەستی تورکان ئازادکەم. من هەر لە منداڵییەوە چەتوون و هاروهاج بووم و خەیاڵپلاو.

لە باوکم دەترسام. لە سەراپای ژیانمدا ئەو تەنها کەسێك بوو لێی دەترسام. بەردەوام بۆ قوتابخانە دەچووم و باشترین قوتابی بووم. هەڵبەت نەك لەبەر حەز و خولیام بۆ خوێندن بەڵکو لەبەر ترس! کاتێ قوتابخانەم تەواو کرد، دایکە داماوەکەم کە ژنێکی پیرۆز بوو، جلك و ئەیکۆنی مەسیح و برێك نان و

فستق و هەنجیر و کشمیشی لە جانتایەك نا و ڕەوانەی کوستانتینییەی کردم تا بۆ قوتابخانەی ئیلاهییات بڕۆم. بەڵام مەگەر من حەوسەڵە و حەزم بۆ خوێندنی ئیلاهییات هەبوو؟ ئاخر سەرکێش بووم و وەکی شەیتان شارەکان دەگەڕام. چاوانم شەیدای جوانییەکان ببوون، تەنها خەیاڵێك کە لەسەرمدا بوو ئەوە بوو کە چۆناوچۆنی سەرزەمینە پیرۆزەکەم لە چەنگاڵی تورك ئازادکەم ... تا ئیدی جەنگی نەفرەتی ساڵی نەوەد و حەوت هەڵایسا. من کە سەراپا هەژابووم، هاوارم دەکرد: ئیدی کاتی ڕاونانی تورکە بەرەو ئەوسەری دونیا! سەرەنجام توانیم بە نهێنیی سوار کەشتی بم و لە کەناری گرێکلاند دابەزم. ڕێك هەروەکی شۆڕشگێڕان فیشەکبەندم بەست، تفەنگم نایە شان و بەرەو شەڕی تورك چووم ...

ئەوسا هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە نەوایەکی تاڵ تێهەڵچۆوە:

– ڕۆڵەکانم، شەڕ شەڕی دەنکە گڵ بوو لەگەڵ ئاسن! لەعنەت لە حکومەت کە میللەتی نابووت کرد!

هەمدیس لە بیرەوەرییەکانیدا ڕۆچوو، بەڵام زۆر زوو بە تەکاندانی دەستی، شورەیی نەتەوەیی لەخۆی تەکاند و گوتی:

– ... با بگەڕێینەوە لای کارە گەلۆرانەکانی خۆم! گرێکلاند نەمرە. دەتوانێت کاری گەلۆرانە بکا و دەرفەتی قەرەبووکردنەوەی هەیە. بەڵام من چی کە لە کرمێکی خاکیی زیاتر چ شتێکی تر نیم؟ هەنووکە خڵتەی ڕابرووردومتان بۆ دەگێڕمەوە: ڕۆژێکیان کە بە پاتاوی هەلاهەلا، زگی بەتاڵ، قلافەتێکی جێگەی بەزەیی و تێشکاو لە بەندەرگەی (پیرا) دا بەدوای بەلەمێکدا دەگەڕام تا بۆ ئەرتاکییم بباتەوە، لەناکاوێکڕا چاوم بەچەند خێزانێکی ڕاونراو لە قۆلۆ کەوت کە لە بەلەمێك دادەبەزین. لەبەرئەوەی من قەشەزادەبووم، بۆیە نەمدەتوانی یەهودییەك ببینم و ئەوە وەیادی خۆم نەهێنمەوە کە ئەوە یەهودییان بوون مەسیحیان لەخاچداوە، بۆیە هەمیشە بە بینینیان وەزعم تێکدەچوو. کەچی ئەو ڕۆژە لەجێگەی خۆمدا وەستام و کەوتمە تەماشاکردنیان. ئەوان خاوەن

کەپووی درێژی هەڵۆیی، ڕیشی خەنەیی، چاوانی هەڵاوساو و موزیی. جبەی سەوزی درێژیان لەبەردا و بە هەراهەراوە بەیەکترییاندا دەکێشا تا هەرکامیان بتوانێت زووتر دابەزێت. لەو کاتەدا کوتوپڕ هاوارێکی بەسۆ گەییە گوێ و کیژێکی جحێڵ کەوتە زەریاوە. هیچ کەسێك بۆ ڕزگارکردنی خۆی هەڵنەدایە ئاوەوە. من ددانم بەخۆدا نەگرت و بەخۆم گوت:" گەرچی یەهودییە بەڵام بەهەرحاڵ ئینسانە و ڕۆحی هەیە!" وامگوت و بەجلکەوە خۆم هەڵدایە زەریاوە، پرچی کیژەکەم گرت و گەیاندمە کەنار. ژنەکان بۆ پێشەوە ڕایانکرد و کەوتنە شێلانی تا وەئاگا بێتەوە. منیش لەبەر هەتاودا ڕاوەستام تا خۆم هیشك بکەمەوە و لە هەمانکاتیشدا تەماشای کیژەکەم دەکرد. پرچ خەنەیی، کەپووی چەماوە و ڕوخساری کونجکونج، بەڵام کاتێ چاوە گەورە سەوزە ئاوییەکانی کردنەوە و لێی نۆڕیم و پێیان گوت کە من ڕزگارم کردووە، ئیدی لەرز دایگرتم. وەك بڵێی ئەوە من بووم کەوتبوومە زەریای سەوزباوەوە و خەریك بووم دەخنکام.

ئەوسا سەری هەڵبڕی و دوای کەمێك بێدەنگیی لەسەری ڕۆیشت:

– .... دونیا هەمووی نهێنییە. مەشیئەتی خودا لە زەینی ناچیزەی بەشەردا هێند ئاڵۆزکاو و سەروسوڕهێن خۆ دەنوێنێ، بەختەوەریی و داماویی هێند ناچاوەڕوانکراو بەسەروەختی مرۆڤ دێن کە هەرگیز ناتوانین تێبگەین کام ڕێگە دەچێتەوە سەر دۆزەخ و کامیان دەچێتەوە سەر بەهەشت! خۆم هەستم دەکرد بە ڕزگارکردنی گیانی ئینسانێك کارێکی چاکەم کردووە، بەڵام لەڕاستیدا لەهەمان لەحزەوە ڕێگەی دۆزەخم گرتبووە بەر.

من تا ئەو کاتە هەرگیز لەژن نزیك نەببوومەوە. ئێوە لەمن گەنجترن و شەرم دەکەم لەبەردەمتانا لەبارەی گوناهە شەهوانییەکانی خۆمەوە دەدوێم. بەڵام بە یەك وشە بڵێم لەگەڵ ئەو کیژەدا لە گوناهەوە گلام و ئیدی لەوڕۆژەوە بەدوا دونیا لەبەرچاوانمدا گۆڕا و لە ئاو و شەراب و نان و شەو و ڕۆژدا چێژێکی نوێم دۆزییەوە. خودا لەبەرچاوانمدا بارگەوبنەی پێچایەوە و لەگەڵ

ئەویشدا، باوك و دایك و زوهد و ئومێدیشم بە فەرامۆشیی سپاردن. یەكێك لە هاونیشتیمانییەكانم كە گەواهی ئەو هەڵخلیسكانەم بوو، بابمی لە مەسەلەكە ئاگاداركردەوە و باوكیشم زوو بەزوو پەیامی نارد كە ئەگەر لەو ژنە جوولەكەیە نزیك ببمەوە ئەوا بەنەفرەتم دەكا و ئیدی مافی ئەوەم نییە بۆ لای من بچمەوە! من و كیژەی جوو پەیامەكەمان دەخوێندەوە و لە پێكەنینا دەكەوتین بە پشتا.

ڕۆژێكیان – كە بەر لە ئێستا ڕووداوەكەیم بۆ گێڕاونەتەوە – من و ئەو كیژە بۆ بەشداری كردن لە جێژنی زیندووبووونەوەی مەسیحدا بۆ گوندێك ڕۆیشتین كە لەوێ هاوڕێیانێكی هاوبەشمان هەبوون. هەمووان لەنێو باخێكدا دەمانخوارد و دەمانخواردەوە. من كێردێكم بەدەستەوە و دەمویست بەرخێكی برژاوی پێ لەتكەم، بە گاڵتەوە هاوارم كرد:" ئەگەر یەك قەشەم بەردەست كەوێت هەر ئێستا هەلا هەلای دەكەم!" كەسێك لە تاقمەكەی پاڵمانەوە گوتی:" یەكێك لەدواتەوە دانیشتووە." من ئاوڕمدایەوە و بە بینینی

قەشەکەی دوامەوە شالاوم بۆ برد و سەریم بڕی. بەڵام بۆچی؟ چونکە نەمدەویست لەبەر چاوی کیژەی جوولەکەدا فشەکەر و ترسنۆك وەدیارکەوم. کەوتمە زیندانەوە. کیژەی یەهودی هەموو ڕۆژێك بۆ سەردانم دەهات. جلکەکانمی دەشت، خواردن و سیگاری بۆ دەهێنام و بە گریانەوە لەودیو شیشەکانی زیندانەوە ڕوخسارمی نەوازشت دەکرد. هەموو ڕۆژێك دەگریا و دەبووە ئاو ... تا ئەوەی ڕۆژێکیان نەهات، سبەینێ و ڕۆژەکانی دوای ئەویش نەهات ... خەونم بینی مەریەمی پاقیژە سەراپا ڕەشپۆش لە دوورەوە بەرەو لام دێ و هەرچی نزیکتریش دەبێتەوە گەورەتر دەبێت. لێوی دەجوولا و شتێکی بەچرپە دەگوت بەڵام هێشتا تەواو نێزیك نەببۆوە تا بزانم چ دەڵێ. ورد گوێم بۆ دەنگی ڕادێرابوو کە تا دەهات بەرزتر دەبۆوە. کاتێك مەریەمی پیرۆز بەتەواوی نزیکم بۆوە، گوێم لێی بوو دەیگوت:" ئەو خەریکە دەمرێت ... خەریکە دەمرێت... ئەو مرد ! ئەو خەریکە دەمرێت ... خەریکە

دەمرێت ... ئەو مردا!" ئیدی یەکەندەردوو لە خەو ڕابووم و لەهۆی نەهاتنەکەی حاڵی بووم.

ئەو شەوە لە شەوە تاریکەکان و باران دەباری. خۆم گەیاندە حەوشە. وا شپرزە ببووم کە نەمدەزانی چ بکەم. پەیم بە ڕادە و سنووری توانای مرۆڤ برد. دڵنیابووم دەتوانم لە دیوارەکانی زیندانەوە بچمە ئەودیوەوە و ڕاکەم. دەتوانم بێ ئەوەی ببینرێم لەبەردەمی پاسەوانەکانەوە تێپەڕم و ئەگەر بیشمبینن و تەقەیشم لێبکەن، چرووك دەکات. دەردی عیشق ئەقڵی تێکدابووم. ماوەگەلێك لەوەوبەر کون و قوژبنی زیندانەکەم پشکنیو و دێوارێکم دەستنیشان کردبوو کە مەجنونی نائومێد بتوانێت لێیەوە هەڵبێت. دواجار لە تاریکایی شەودا، گەیشتمە دیواری دەستنیشانکراو و وەکی پشیلە پێم لەنێوان درزی بەردەکاندا دانا و پیایدا هەڵزنیم. ئەگەر ڕۆژ بووایە ئەوا بێگومان دەترسام، بەڵام گوتم دونیا شەوە و پەیم بە ڕادە و سنووری توانای بەشەر نەدەبرد. کاتێ لەدیوارەکە هاتمە خوارەوە باران بەلێزمە دەباری. هیچکەس ئاگای

له هه‌ڵهاتنم نه‌بوو، منیش باڵم گرته‌وه و دوور ده‌که‌وتمه‌وه. سپێده‌ی به‌یان گه‌یشتمه ماڵی کیژه جووه‌که. له ده‌رگامدا به‌ڵام مه‌گه‌ر له‌و تۆفانه‌دا گوێی له ده‌نگی ده‌رگا ده‌بوو؟ ناچار به دیواره‌که‌دا هه‌ڵگژام، به حه‌وشه‌که‌دا هاتم و وه‌کی دز به پێپلیکانه‌کاندا سه‌رکه‌وتم، ده‌رگای ژووره‌که‌م کرده‌وه و هێور بانگیم کرد. به‌ڵام چ وه‌ڵامێکم نه‌ژنه‌ڤت. شقارته‌یه‌کم داگیرساند و بینیم کیژه‌ی جووله‌که بێجووڵه له‌سه‌ر ته‌خته‌نوێنه‌که که‌وتووه. ڕه‌نگی وه‌ك چه‌رچه‌ف سپی هه‌ڵگه‌ڕاوه. ده‌می که‌چ و که‌ف به لالێوییه‌وه و چاوه ترسناکه‌کانی ده‌رپه‌ڕیبوون .. ئه‌و بڕستی دووریی منی له‌ده‌ستداو و خۆی ژه‌هرخوارد کردبوو.

یه‌که‌نده‌ردوو له‌جێگه‌که‌ی هه‌ستا و وه‌ك که‌سێك که به‌دوای ڕێگه‌ی هه‌ڵهاتندا بگه‌ڕێت، له‌ملاولای خۆی ڕووانی، پاشان وه‌ك که‌سێك سه‌رانسه‌ری دونیا گه‌ڕابێت، تێشکاو و ماندوو له‌جێگه‌که‌یدا دانیشت و بێده‌نگ بوو.

هه‌ر چوار هاوڕێکه به‌یه‌ك ده‌نگ پرسییان:

– باوکە، دوایی چ بوو؟

– هیچ!

مانۆلیۆس پرسی:

– دوایی چیت بەسەر هات و چۆن بۆ ڕێگەی خودا گەڕایتەوە؟

– ڕۆحی مرۆڤ هەمووی نهێنییە! عیشق ببووە هۆی ئەوەی لەڕێی خودا لابدەم بەڵام عەزاب – کە بوونی نیعمەتە – منی بۆ سەر ڕێگەی خودا گەڕاندەوە. چووم بۆ کێوی ئاتووس. یەکەمجار تەنیاییم بۆ باش و ڕۆحم کەمێك حەوایەوە، بەڵام گۆشەگیریم وردە وردە پڕ لە یادەوەریی ژنانی جوولەکە بە فرمێسك و شادومانییەکانیانەوە دەبوو. نەمتوانی تاقەت بگرم و ناچار لای زاهیدەکەم بۆ ددانپیانان دانیشتم. ئەو دۆعای بۆ کردم و ئەوێم جێهێشت و ئاوارە بووم. دواجار گەیشتمە گوندێکی گچکە و بانگێك لە ناوەوەڕا پێی گوتم کە هەر لەوێ بمێنمەوە. ئیدی لەوێ گیرسامەوە، ژنم هێنا و بوومە قەشە. بەخۆم دەگوت ئیدی دەورانی بەدبەختییم کۆتایی هاتووە، ئاخر

بەئەندازەی پێویست بەدبەختیم کێشابوو. بەڵام نەخۆشیی هات، ژن و منداڵەکانم مردن و هەمدیس تەنیا کەوتمەوە. جارێکی تر تێشکاو و لاواز لەبەردەم خودادا ڕاوەستام. پاشان گرێکییەکان هاتن و پاش ئەوانیش تورك ... ئیدی پاشماوەی حەکایەتەکە خۆتان دەیزانن. خودایە سوپاس بۆ تۆ!

چوار هاوڕێکە سەریان دانەواند و دەستی قەشەیان ماچ کرد.

باوکە فۆتیس هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەژێر لێوەوە گوتی:

- .... ئیدی ماندوو بووم. من عومری خۆم کردووە. چ ڕەنجێك نییە نەمکێشابێ و چ غەمێك نەماوە نەمخواردبێ. شەهدی دونیا لە زەهرێکی کوشندە زیاتر چ شتێکی تر نییە! زۆرجاران بەخۆم دەڵێم:" خودایە! ئەگەر ئەم ئومێدە بالایە، واتە مەلەکوتی ئاسمان نەبایە، ئەوا ژیان دەبووە چ دۆزەخێك!"

هەمدیس بێدەنگیی باڵی کێشا. کەمێك دواتر باوکە فۆتیس لەجێگەکەی هەستا، تەماشایەکی خۆرهەڵاتی کرد و خاچی کێشا. ئیدی خەریك بوو ڕۆژ دەبۆوە.

*

پاترپارکاسی پیر لە چاوەڕێی ژنەڤتنی تەپەی پێی کوڕەکەیدا، تەواوی شەو لەسەر تەختەنوێنەکەی دانیشت و هەرجارێك کە دەنگی پێیەکی لە کۆڵانەوە دەژنەڤت، لەجێگەکەی هەڵدەستا و لە پەنجەرەکەوە دادەنەوییەوە. بەڵام هیچ کەس نەبوو. یەك دوو سیگاری دەکێشا و هەمدیس قورس بەسەر تەختەنوێنەکەیدا دەکەوت. دواجار بەرەبەیان خەوی لێکەوت و لە خەونیدا بینی وا شەهێنێك دێتە نێو کولانەی مریشکەکان و کەڵەبابێکی سپی دەگرێ کە زۆری خۆش دەویست و بۆ زاووزێ هێشتبوویەوە. شەهێنەکە کەڵەشێرەکەی لەنێو چەنگاڵەکانی خۆیدا دەگرت و بۆ ئاسمانی دەبرد و کەڵەشێرەکەیش

سەرخۆشانە لە قوقەی سپێدانی دەدا ... خودان هەراسان لە خەو ڕاپەڕی و پشتی کەوتە لەرزین و بۆ دەفعی بەڵا خاچی کێشا.

ئەوسا دوو دەستی بەیەکدا دا و لێنێوی بانگ کرد. کیژەی خزمەتکار خەواڵوو، نیوە ڕووت و پرچ ژاکاو هاتە ژووریٚ. برژانگەکانی بەردەوام بەسەر چاوە پرشنگدارەکانیدا دەتروکان و مەمکی بەرجەستەی بەهۆی بەخەواڵوویی ڕۆیشتنەوە دەیانویست لەودیو کراسە سپییەکەیەوە بێنە دەریٚ.

خودان پرسی:

– میکیلیس هاتەوە؟ دویٚ شەو لەکویٚ بووە؟ لەکویٚ خەوتووە؟

– هێشتا نەهاتۆتەوە خودان. چووم سەرم لەژوورەکەیدا، لەویٚ نەبوو.

وایگوت و لەگەڵ زەردەخەنەیەکی تانەئامێزدا لەسەری ڕۆیشت:

– ... خۆ کاترینا مردووە! خودا دەزانیٚ ئێستا گەنجەکان شەو لەکویٚ بەسەر دەبەن!

– هەرکاتێ هاتەوە بڵێ دەمەوێ بیبینم ... هێی! ڕاوەستە بزانم، دوێنێ لە زیارەتەکە چیت لێهات؟

لێنێو سوور هەڵگەڕا، پێکەنی و وەڵامی نەدایەوە.

– هەی دەمەوەر! ناتوانیت چەند ڕۆژێکی تریش ددان بەخۆتا بگریت؟ یەك شەممەی داهاتوو شوو دەکەیت و مەسەلەکە کۆتایی دێت ... ئەوسا ئیتر هێور دەبیتەوە و نیکۆلیۆس هێوریی لەدەست دەدا. لە مەبەستەکەم تێدەگەیت؟ بۆچی چاوانت خومار دەکەیت؟ هەی دێوانە حەواست لەکوێیە؟

لێنێو پێکەنی و بە ئاماژە گوتی:

– لە شاخ!

ڕاستیدەکرد، چونکە حەواسی لە شاخ و ژێر دارگوێزە سەوزە گەورەکە بوو. لە ساراکیناوە دەگەڕایەوە، ئارەقەکردوو و سوورهەڵگەڕاو نیکۆلیۆسی بینیبوو، ئیدی نیکۆلیۆس بە بیستنی تەپەی پێی وی وەك بەران مڕاندبووی و بێ ئەوەی چ قسەیەك بکات، پشت ملی گرتبوو، بە ئەرزیدا دابوو ... بەرانی گەورەیش نێزیك ببۆوە و بە بۆنی جەستەی

ئاشنا وەك ئەو مراندبووی و لمۆزی لێسابۆوە ... لێنێو بە بیستنی دەنگی ناقۆلای خودان ڕاپەڕی:

– حەواست لەکوێیە هەی کیژەی دەمشڕ؟ مەگەر نابیستیت لەگەڵتدا دەدوێم! هێشتا حەواست لە چیایە؟

لێنێو زەینی لەکێوەکە هەڵکەند و بەخۆیدا هاتەوە:

– خودان گوێم لێتە! ببوورە، ئاگام لێنەبوو چیت گوت!

– گوتم یەك قاوەی پڕ شەکرم بۆ بێنە. سەرم گێژ دەخوا و وەزعم باش نییە ... ڕەنگە بەهۆی برسێتیی زۆرەوە بێت ..

لێنێو لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بە پێپلیکانەکانا هاتەخوارەوە. دەنگی بەرزی پاپووجەکانی لە ڕاڕەوەکە دەنگی دەدایەوە. خودان چاوانی لێکنان و ئەو خەونەی وەبیرهاتەوە کە بینیبووی:" خەون بینین بە شەهێنەوە چ مانایەکی هەیە؟ تێناگەم. خودا خۆی ماڵەکەم بپارێزێت!"

خۆر هەڵکشاو و دەنگی هەراوزەنای مەردووم، مەڕ و گوێدرێژان لە کۆڵانەکانی ئاواییدا دەنگی دەدایەوە. خەڵك و ئاژەڵان لەژێر گاسنی ژیاندا سڵاویان لەڕۆژ دەکرد. لێنیۆ قاوەکەی هێنا. خودان لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشت و کەوتە هەڵقوڕاندنی قاوە ئەفسووناوییەکەی. کە حەواسی هاتەوە جێی خۆی سیگارێکی داگیرساند و لە دەرگای حەوشەی نۆڕی. جارناجار سمێڵی بادەدا و لە دڵەوە سووکە ناڵەیەکی بۆ دەکرد. قسەکانی دوێنێ شەوی باوکە گریگۆریس هەژاندبووی و هێشتا وەزعی نەهاتبۆوە سەر خۆی. قەشە پێی گوتبوو:" هەمان کات کە تۆ مڵەمڵچ گۆشتی برژاوی بەرازت دەجوویی، مانۆلیۆس خەریك بوو خەڵکی دەوروژاند. ئەو دەیگوت مەسیح فەرمانی بەهەمووان داوە کە یەك لە دەی بەروبوومی خۆیان بدەنە پەنابەرانی ساراکینا و چەند گێلۆکەیەکیش باوەڕیان بەقسەکانی هێنابوو. ئەو باوکە فۆتیسە تەڵەکەبازە خۆبە زاهیدزانەیش خۆی خستۆتە شەڕەکەوە. هەنووکە ئاوایی بەسەر دوو بەرەدا دابەش

بووە. یەکێکیان بەرەی خەڵکانی خوێڕی، یەکێکیش بەرەی خەڵکانی بەڕێز. لە هەمووی خراپتر ئەوەیە میکیلیسی کوڕت یەکەمین کەسێك بوو کە بە ئۆردووی خوێڕییەکانەوە پەیوەست. ئەم مانۆلیۆسە ناچیزە زاهیدنوێنەیش زۆر شووڵی لێهەڵکێشاوە. بە پێشەوابازێتی، کوڕەکەتی لەخشتە بردووە و هێناویەتییە نێو دەستە و داییرەکەی خۆی و ئەو شەیتانە پیرە ڕیش بزنییەیش دەرسیان دادەدا. مەگەر خودا خۆی ڕوحم بکا و کارەکان چاك بکات ئەگینا حیسابی هەموومان تەواوە!" خودانی پیر وەڵامی دابۆوە:" من خۆم دەبێ دەست بەکار بم. ئەگەر خودا بیەوێت خۆی بەهەر کارێکی گچکەدا ڕابگات ئەوا ئیدی کاتی نابێت دونیا بەڕێوەبەرێت. من خۆم هەمدیس نەزم بۆ لیکوڤریسی دەگەڕێنمەوە و گەنجە جڵەو پچڕاوەکانی ئاقڵ دەکەم. بەر لە هەموویان یەکەمجار کوڕە گێلەکەی خۆم و پاشانیش مانۆلیۆسی هیچوپووچ کە تەنها بەکەڵکی شوانیی دێت و هیچی تر!"

دەرگای حەوشە کرایەوە و میکیلیس بە ئەسپایی هاتە ژوورەوە. پیرەمێرد لەجێگەکەی هەستا، لە پەنجەرەکەوە دانەوییەوە و بانگی کرد:

- سڵاو ڕۆڵە! ئەرێ باش نووستوویت؟ دەکرێ لوتف بفەرموویت و سەرێکمان لێبدەیت تا ئێمەیش کەمێك بتبینین؟

کوڕەی گەنج بەخۆی گوت:" ئاگاداربە میکیلیس. بەهەرحاڵ باوکتە و نابێ بیڕەنجێنیت!" بۆیە وەڵامیدایەوە:

- واهاتم باوکە!

بە پێپلیکانە بەردینەکاندا چووە سەرێ و سڵاوی لە پیرەمێرد کرد. باوك لای بۆ نەکردەوە و هەوڵیدا تووڕە خۆی بنوێنێت. تا ئەو ساتە لە تاو کوڕەکەی زۆر تووڕە بوو، بەڵام کاتێ ئەوی بینی کە وەك تاقە جحێڵیی خۆی لەهەمان ماڵدا، دوای شەوگەڕیی، بەپێدزکێ دێتەوە ماڵەوە و چوار پلیکانە بە یەکێك دەبڕێ، تووڕەییەکەی نیشتەوە و بەخۆی گوت:" منیش لەجحێڵییدا وەك ئەو بووم. هەڵبەتە شەوگەڕییەکانی

من بۆ ڕابواردن بوو، لەکاتێکدا ئەو کاتی خۆی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە قسەکردن لەبارەی خوداوە بەهەدەر دەدات. گوایە ئەمەیش بۆ خۆی جۆرێك ڕابواردن و کات بەسەر بردنە!" لەگەڵ ئەمەشدا هەروا پشتی لە کوڕەکەی و هەوڵی دەدا تووڕە بنوێنێت. بەڵام لەبەرئەوەی تووڕەیی بۆ نەدەهات ئیدی تەقییەوە و یەکەندەردوو ڕووی وەرچەرخاند و گوتی:

- هەمدیس هەواڵی خۆشم لەبارەتەوە بیستووە! بڵێ بزانم ئەم بەزمە چییە ناوتەتەوە؟ شەرم ناکەیت؟ هیچ بیر لە پلەوپایەی خۆت ناکەیتەوە؟ بیرت چۆتەوە کوڕی کێ و نەوەی کێیت؟

بە خۆشنوودییەوە سەرنجیدا کە لەگەڵ قسەکردنیدا تووڕەییەکەی زیاتر دەبێت. ئەوسا بە هاواری بەرز تێهەڵچۆوە:

- .... ئیتر بۆت نییە مانۆلیۆس ببینیت!

میکیلیس بۆ وەڵامەکەی پەلەی نەکرد و لێکدا لێکدا بەخۆی دەگوت:" باوکتە. ئارامبە! توانایی پیاو بەوە

نییه زوو هەڵچێ. بەڵکو بە ئارام گرتنێتی. ددان بەخۆتا بگرە!"

پیرەمێرد کەوتەوە قسە:

– بۆچ وەڵام نادەیتەوە؟ تەواوی دوێنێ شەو لەکوێ سووڕاویتەوە؟ لە ساراکینا بوویت، وایە؟ ئەویش لەگەڵ ئەو قەشە سواڵکەرە و مانۆلیۆسی دێوانە و نۆکەرمان؟ چ هاوڕێیانێکی گونجاو! پیرۆزبێت! ئیدی کارت گەییوەتە ئێرە هەی داماو!

کوڕەکە بەشکۆوە وەڵامیدایەوە:

– باوکە، بە کەسانێك کە مەقامیان لەئێمە بەرزترە، جنێو مەدە ...

خودان تەقییەوە و لەجێگەکەی ڕاپەڕی:

– چیت گوت؟ وەك بڵێی ئەقڵت بەتەواوی لەدەست دابێت هەی گێلە! بەرزتر لە ئێمە؟ واتە ئەو قەشە سواڵکەرە و ئەو هەتیوە نۆکەرە لە ئێمە بەرزترن؟

– هەمان ئەو قەشە بە قەولی ئێوە سواڵکەرە، پیاوێکە پیرۆز. ئێمەی پاتریارکراسگەلی خودان، تەنانەت

شایستەی ئەوەیش نین، قەیتانی پیلاوەکانی بۆ ببەستین!

خوێن بۆ ڕوخساری پیرەمێرد هورووژمی هێنا و سیگارەکەی تووڕ هەڵدا. میکیلیس دڵڕەقانە، بەڵام هەروا سەنگین لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– ... بەڵام سەبارەت بە مانۆلیۆس. تۆ خۆت چاك دەزانیت کاتێ ئێوەی ڕیش سپییان، باوکە گریگۆریس و ئاغای مامۆستا لە زیندندا لەترسا وەك گەڵای پاییزان دەلەرزین و تەنیا لە خەیاڵی گیانی خۆتانا بوون کە دەبوو بەگوێرەی وەزیفە لە خەیاڵی گیانی خەڵکانی ئاواییدا بن، هەمان ئەم مانۆلیۆسە نۆکەرە هاتە پێشەوە، خۆی وەك بکوژی کوڕەی تورك ناساند و ئامادە بوو لەداری بدەن تا خەڵکی ئاوایی ڕزگاریان بێت. بڵێ بزانم لەو ساتەوەختە قەیراناوییانەدا کێ پێشەوای ڕاستەقینەی خەڵکی بوو؟ تۆی خودان پاترپارکاس یاخۆ باوکە گریگۆریسی خۆ بەقەدیس زان؟ هیچکامتان! بەڵکو ئەوە مانۆلیۆس بوو وەك کە پێشەوایەك هاتە نێو گۆڕەپانی جەنگ.

پیرەمێرد بە پشتا لەسەر تەختەنوێنەکە کەوت، باسکەکانی کردنەوە و چەند جارێك دەمی داخست و کردەوە. هەستیدەکرد خەریکە دەخنکێت.

میکیلیس شەرمەزار لە لەبیرکردنی ئەو ئامۆژگارییانەی بەخۆی دابوون، بێدەنگ بوو. ئاخر بۆ ئەوەی خۆی بیەوێت سوکایەتیی بەباوکی کردبوو. ئەوسا لە پیرەمێرد نزیك بۆوە و باڵشتەکەی ڕێکخست:

- باوکە هیچت پێویست نییە؟ دەتەوێت بە لێنێو بڵێم ئاولیمۆت بۆ دروستکات؟

پیرەمێرد سەرسوڕماو لە ڕوخساری کوڕەکەی ڕووانی و لەژێر لێوەوە گوتی:

- ڕێك وەك دایکت وایت! بەڵێ ڕێك وەك ئەو ناوەوەت تاڵە و دەرەوەت شیرین!

چاوانی میکیلیس چەند جارێك نووقان و کرانەوە. فەزای نێوان ئەو و باوك تا دەهات قورستر دەبوو. کوتوپڕ ڕوخساری ڕەنگ پەڕیو، لاواز، دڵشکاو و خۆنەویستانە بەڵام بەشکۆی دایکی لەبەرامبەر چاوانیدا وەدیارکەوت و لەژێرلێوەوە گوتی:" دایکە!"

وایگوت و کوتوپڕ هەوا شەپۆلاویی بوو، ڕوناکی لەرزی و ئەو ڕوخسارە پیرۆزە دیارنەما. باوك پرسی:

– بیر لەچ دەکەیتەوە؟

– لە دایکم ... کە تۆ زۆر ئەزیەتتدا!

پیرەمێرد بە قەهرەوە گوتی:

– من پیاوم و دەبێ ژنانیش ئەزییەت بدەم. ژنان خۆیان ئەمەیان دەوێت. تۆ تێناگەیت چونکە هێشتا دەمت بۆنی شیری دایکتی لێدێت.

– خودا بکا ئەم بۆنی شیرەی کە دەیڵێیت هەرگیز لە دەمم نەڕوات!

هەمدیس تارمایی دایك کەوتە نێوان ئەو دووانەوە. تارماییەکە تووڕە بوو، قسەکانی کوڕەکەی دەسەلماند و دەستی بە ئاماژەی بەرەکەتدان نابووە سەر سەری. وەك ئەوەی بڵێ:" کوڕەکەم سەرت بەرز ڕاگرە و تۆ وەك من مەترسە! من لەو دەترسام. ئەوەی من جورئەتی گوتنیم نەبوو تۆ بیڵێ و تۆڵەی منی لێبکەوە! هەمیشە دۆعات بۆ دەکەم!" ڕق لە بوونی کوڕەکەدا لرفەی دەهات. پاڵی بە پەنجەرەکەوە دادا و چاوەڕێ بوو.

پیرەمێردیش لە جێگەکەی هەستا و بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت:

- گوێ ڕادێرە!

کوڕەکە چاوی لە چاوی باوکی بڕی و گوتی:

- گوێم لێتە!

- من بڕیاری خۆم داوە. هەنووکە نۆرەی تۆیە بڕیار بدەیت. تۆ دەبێ لەنێوان من و مانۆلیۆسدا یەکێکمان هەڵبژێریت. خێراکە! یان دەبێ پێوەندی لەگەڵ مانۆلیۆس و دارودەستەکەیدا ببڕیت یاخۆ دەبێ لەماڵی من بڕۆیت!

- لەماڵی تۆ دەڕۆم.

چاوانی پیرەمێرد دەرپەڕین:

- کەواتە تۆ فەزلی نۆکەرەکەمان بەسەر باوکتا دەدەیت؟

- نا، من فەزلی مانۆلیۆس بەسەر تۆدا نادەم! مانۆلیۆس لە مەسەلەکەدا نییە! من مەسیحم هەڵبژاردرووە. تۆ بەبێ سەرنجدان لە هەموو لایەنەکانی

وەڵامەکە، پرسیارێکی ئاوهات کرد و منیش ناچار وەڵامێکی ئاوهام دایەوە.

پیرەمێرد لە هاتوچۆ کەوت و هەمدیس لەبەرامبەر کوڕەکەیدا ڕاوەستا و گلەیی ئامێزانە گوتی:

– تۆ بۆچی لەگەڵمدا خەراپیت؟

– لەگەڵ تۆدا خەراپ نیم. تۆ ناچارت کردم هەڵبژێرم و منیش ئەوەم هەڵبژارد. بۆیە ئەوە گوناهی من نییە.

خودانی پیر هەمدیس قورس بەسەر تەختەنوێنەکەدا کەوت و سەری بە هەردوو دەست گرت. وەزعی تێکچوو بوو:

– بڕۆ دەرەوە. بڕۆ ئیدی نامەوێت بتبینم!

کوڕەکە ڕووی وەرگێڕا، بەبینینی وەزعی باوکی دڵی نەرم ببوو. بەڵام بانگێکی ناوەکیی بەردەوام دەیگوت بڕۆ! چووە نزیکی باوکی، کەوتە سەر ئەژنۆ و گوتی:

– باشە باوکە دەڕۆم، بەڵام تکات لێدەکەم دۆعام بۆ بکە!

– نا، ناتوانم.

میکیلیس لەجێگاکەی هەستا و بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت، باوکی هەوڵی دەدا هاوارکات: کوڕەکەم! بەڵام غرور ڕێگەی نەدەدا. کوڕە دەرگاکەی کردەوە و هەمدیس ڕووی بەرەو لای باوکی وەرگێڕایەوە:

- باوکە خواحافیز!

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك کە لێنێو ئیدی گوێی لە هاوارهاواری خودان نەبوو، بە هێواشیی بەسەر پێپلیکانەکانا سەرکەوت، گوێی بە کونی دەرگاکەوە نا. دەنگی پرخەپرخێکی توند کە ناو بەناو بە هەناسە و ناڵە و جیرەجیڕی تەختەنوێنەکە دەبڕدرا، دەگەییە گوێ. لێنێو لەبەرخۆیەوە گوتی:" پیرەمێرد دوای ئەو هەموو دەمەدەمێیە خەوی لێکەوتووە و وا ئێستایش خەونی ناخۆش دەبینێت. نیوەڕۆیش بەهەمان ئیشتیای گائاسایەوە لە خەو وەئاگادێتەوە. باشترە بڕۆم و مریشکێکی بۆ سەرببڕم ... ئیدی دەرەقەتی ئەم ورگە نایەم کە تێربوونی بۆ نییە! نازانم بۆچی قەت پڕ نابێت، خەندەقی بەڵایە!" ئەوسا دووبارە بە پێپلیکانەکانا هاتەوە خوارێ و بەرەو کولانەی

مریشکەکان چوو تا مریشکێك بۆ سەربڕین هەڵبژێرێت. کەڵەشێرە سپییە پۆپنە سوورەکە بە ملێکی بەرزەوە نازوکەشمی دەکرد و مریشکەکان بەدەوریدا دەنووکیان لە ئەرزەکە دەدا و دەیانگاراند. لێنێو چاوەڕێی کرد تا مریشکێك فس بداتەوە، کەڵەشێرەکە بەسەریدا بتسێ و پاشان کە هاتە خوارەوە سینگ دەرپەڕێنێ و باڵێکی بەسەر مریشکەکەدا بکێشی و بکەوێتە قووقاندن. لێنێو سالانێك بوو بەبینینی دیمەنێکی ئاوهایی حاڵی لێدەهات، ورد لێی دەنۆڕی و ڕوخساری سوور هەڵدەگەڕا. هەستیدەکرد حەز دەکات خۆیشی فس بداتەوە و قورسایی سەرخۆشکەری پیاوێك بەسەر خۆیەوە ئەزموون بکات. بەلام چ پیاوێك؟ کاتێ کە هێشتا زۆر گەنج بوو نەیدەتوانی پیاوێکی دیاریکراو لای خۆی بەرجەستە بکات، پاشان مانۆلیۆسی هەڵبژارد و دوای ئەویش نیکۆلیۆس کە چەندین هەفتە دەبوو مێشکی پێوەی سەرقاڵ ببوو.

لێنێو به نیگایەك پیره مریشکێکی هەڵبژارد و ڕێك لەکاتێکدا دەیویست پڕی پیابکات و بیگرێ، مریشکەکه لەژێر پێی کەڵەشێرەکەدا فسی دایەوه و کەڵەشێر به به باڵی کراوەوه پەڕییه سەری. لێنێو زوبانی بەسەر لێوه وشکەکانیدا هێنا. ئاگر کەوتبووه گیانی. کاری ئەو دووانەیش له چاوتروکانێکدا کۆتایی هات، ئیدی بەزەیی به مریشکەکەدا هاتەوه و مریشکێکی تری هەڵبژارد.

نزیکی نیوەڕۆ گۆشتاوەکەی ئامادەکرد، سفرەی ڕاخست و له چاوەڕێی هاتنەخوارەوەی خوداندا دانیشت. بەڵام خودان نەهات:" خەندەقی بەڵا درەنگی کرد؟ ناشێ تەقیبێ؟" خەمی لێهات و هەمدیس بەخۆی گوت:" خودایه، کارێ بکه تا عەسری یەکشەممه و بەیانیی دووشەممه به زیندوویی بمێنێ ئەگینا هاوسەرگیرییەکەی ئێمه قۆرتی تێدەکەوێ؟ ئیتر ناتوانم ئارام بگرم!"

هەمدیس به پێپلیکانەکانا چووه سەرێ، دەرگاکەی تا نیوه کردەوه و تەماشایەکی ژوورەوەی کرد. خودان

کەوتبوو بەسەر تەختەنوێنەکەدا و چاوانی بڕیبوونە میچەکە. نە دەجووڵا و نە دەیناڵاند. بە ترسەوە چووە ژوورێ و گوتی:

– خودان، وەرە خوارێ گۆشتاوەکە ئامادەیە!

پیرەمێرد لای بۆ کردەوە و وەڵامیدایەوە:

– برسیم نییە. وەزعم باش نییە لێنێو گیان! بڕۆ خەبەر بە باوکە گریگۆریس بدە!

لێنێو کوڵی گریانی بەربوو. خودان لەجێگەکەی هەستا و دانیشت. ڕەنگی پەڕیو و دەزوولەی خوێن بە ڕوخسارییەوە دەبینرا.

– بێدەنگبە کەللەپووت! مەترسە نامرم. تەنها دەمەوێ لەگەڵ قەشەدا بدوێم. میکیلیس لەخوارەوەیە؟

– نا، چووە ژوورەکەی، جلەکانی ڕۆژانەی پۆشی، بوخچەیەکی هەڵگرت و لە ماڵ چووە دەرەوە.

– هیچی نەگوت؟

– نا، قسەی نەکرد!

– یەکێك بچێتە چیا بە مانۆلیۆسی ناچیزە بێژێ بە زوویی بۆ ئێرە بێت. گەرەکمە بەر لە مەغریب بیبینم... تێدەگەیت؟ بڕۆ بزانم چ دەکەیت!

– هیچ ناخۆیت؟

پیرەمێرد بۆ ساتێك دوودڵ بوو:

– چیت لێناوە؟

– مریشك، چونکە دەزانم زۆر حەزت لێیەتی؟

– زۆر باشە، گۆشتاوەکەی پڕ لە ئاوی لیمۆ بکە، ئێستا دێمە خوارەوە.

لێنێو مەست لە پێپلیکانەکان هاتە خوارێ و بەخۆی گوت:" بێگومان تا ڕۆژی دووشەممە بە زیندوویی دەمێنێت. بەڵام نابێ لێگەڕێم بەهەمان حاڵەوە بمێنێتەوە. دەبێ ئەنتۆنیس بانگکەم کەڵەشاخێکی لێبگرێ تا نەبا بەر لەوادەی زەماوەندەکە بمرێت."

هەر لەو ماوەیەدا میکیلیس بوخچە لەبن هەنگڵ ڕێی چیای گرتبووە بەر و بۆ لای مانۆلیۆس دەچوو، بەڵام

ئەوی لە پشتیری مەڕەکان نەبینی و ناچار لەسەر سەکۆی بەر کوختەکە دانیشت. دەمەو نیوەڕۆ بوو، سێبەرەکان کورت و کورتر دەبوونەوە و کڵێسای ئەلیاس پێخەمبەر لەژێر تیشکی ڕووناکییەکەدا کە ڕاستەوخۆ لە گەوەی کێوەکەی بەرامبەری دەدا، دیار نەمابوو.

میکیلیس چاوانی لێکنان. گەرچی زۆر شەکەت و ماندوو بوو، بەڵام خۆشحاڵ بوو. لە نەخۆشێك دەچوو کە تازەکیی لەجێگە هەستابێ. لەبەرخۆیەوە گوتی:" ڕابردوو هەرچی بوو تێپەڕی و هەموو شتێك سەرلەنوێ دەستپێدەکات. خودایە تۆ خۆت ڕێگات پیشاندام. هەنووکە کۆمەکم بکە تا کۆتایی پێیدا بڕۆم. دەزانم لەکۆتایی ڕێگەکەدا تۆ چاوەڕێم دەکەیت." ئەوسا بوخچەکەی کردەوە و ئینجیلە ئەستوورەکەی یادەوەری دایکی کە بەرگێکی لە چەرمی بەراز تێگیراو و کاری زیوکاریی لەسەر کرابوو، دەرهێنا و قوفڵەکەی کردەوە.

بەرلەوە گەڵای داردێمشتێکی خستبووە نێوان دوو لاپەڕەیەوە و کتێبەکەی لەهەمان شوێندا کردەوە، دانەوییەوە و خوێندییەوە:( ئەگەر کەسێك بەرەو لای من بێت بەڵام پشت لە باوك، دایك، هاوسەر، منداڵ، برا، خوشك و تەنانەت ژیانی خۆی نەکات ئەوا ئەو کەسە پێڕەوکەری من نییە ...) ڕۆژانێکی زۆر ئەم قسەیەی مەسیحی دەخوێندەوە و هەوڵیدەدا لە ماناکەی تێبگات. یەکەمین جار ئەو قسەیەی پێ قورس و بەدەر لە توانای ئینسانیی بوو، لەخۆی دەپرسی:" ئاخۆ بۆ ئارامیی هەستی مرۆڤایەتیی، ڕێگەیەکی هەموارتر و ئاسانتر نییە؟ ئایا بەڕاستیی ڕێگای ڕزگاریی خاوەن بەهایەکی ئاوها گەورەیە؟ بۆچ دەبێ باوك و دایك تا ئەم ڕادەیە ببنە ڕێگر؟ باشە ناتوانین هەم ئەوانمان خۆش بوێ و هەم بەرەو لای خودایش بڕۆین؟ بۆچ دەبێ بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئاسمان قووڵترین ڕەگەکانی وابەستەییمان ڕیشەکێش کەین؟"

میکیلیس ئەم پرسیارانەی لە زەینی خۆیدا دەهێناو دەبرد، وەڵامێکی دەست نەدەکەوت، بەڵام وردە وردە

هەستی دەکرد کە دڵی سووکەڵەتر دەبێ و ڕەگەکانی سستتر! تا دواجار عەسری دوو ڕۆژ بەرلەوە کوتوپڕ لەنێوان ئەرز و ئاسماندا گیری کردبوو.

کەمێك بەر لە نیوەڕۆ مانۆلیۆس کە مەڕەکانی بە نیکۆلیۆس سپاردبوو، هات و بە بینینی ناکاوی هاوڕێکەی سەری سوڕما.

میکیلیس گوتی:

– ئەز ماڵی بابم جێهێشت. پیرەمێرد گوتی هەڵبژێرم و منیش ڕێگەی خودام هەڵبژارد. سڵاو مانۆلیۆس! بە بینینیت خۆشحاڵم!

مانۆلیۆس خەیاڵاویی گوتی:

– میکیلیسی ئازیز، تەی کردنی ئەم ڕێگەیە دژوارە. بۆ دەوڵەمەندان دژوارە. بەهەرحاڵ خۆشهاتیت!

پاشان سفرەی ڕاخست و هەردووکیان جگە لە کەمێك نان هیچی دیکەیان نەخوارد. میکیلیس ئەوەی کە لەنێوان خۆی و باوکیدا ڕوویدا بوو، گێڕایەوە و گوتی:

– مانۆلیۆس ئیدی ناتوانم دەرەقەت بێم. من ژیانێکی خۆشگوزەرانم هەبوو. دونیاکەم پڕ لە درۆ و

ناعەدالەتیی و ڕێگەم پڕ لە خواروخێچیی. نا، ئیدی نەمدەتوانی بەرگە بگرم و شەرمم دەکرد.

– میکیلیس خۆشهاتیت! ڕێگە تازەکە بەردەلانە و پڕە لە نشێو و بەرزایی. سەرەتا بۆی هەیە پێوپلی مرۆڤ بریندار بێت، بەلام پاشان هەست دەکات بالی دەرکردووە. هەست دەکات فریشتەکان چوونەتە ژێر بالی و بەرەو ئاسمانی دەبەن ...

ئەوسا لە جێگەکەی هەستا، دارعەساکەی هەلگرت و تێهەلچۆوە:

– ... باوکت پەیامی ناردووە کە هەرچی زووترە بڕۆم بۆ لای و دەشزانم چی دەوێت! بەئومێدی دیدار، تا خۆرابوون!

– خودا ئاگادارت بێ!

لێنێو بە قۆلی هەلکراو و ڕوخساری سوورهەلگەڕاوەوە لە حەوشە لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو، ئەو دەفرە مسینانەی کە خودان بە لوتف و بۆ خۆنوێنیی وەك

شەکێرت پێیدابوو، دەسڕین و هاوکاتیش گۆرانی دەگوت و گۆرانییەکەی فیکەئاسا تا کێوەکان دەگەییشت. نیکۆلیۆسیش لەژێر دارگوێزە سەوزە گەورەکەدا ڕاوەستاو و گوێی لە ئاوایی ڕادێرابوو. ئەویش بە ڕوخسارێکی ئاگرین و بە شمشاڵەکەیەوە بۆی دەسەندەوە، هەردوو نەغمەکە بە ژوور سەربانەکانی ئاواییەوە لێکدەئالآن. پیرێژنان بۆڵەبۆڵیان دەکرد، نۆبووکان زەردەخەنەیان دەهاتێ و کیژانی گەنج هەناسەیان هەڵدەکێشا.

کاتێ مانۆلیۆس هاتە کۆڵان دەنگی گۆرانییەکەی لێنیۆی ژنەفت. زەردەخەی هاتێ و بەخۆی گوت:" ئەم لێنیۆە گچکەیە هەر بەڕاستی هاروهاجە، ڕێك وەك ئاژەڵێکی گچکەی کێویی! بەڵام کوڕەکە ماڵیی دەکا."

لێنیۆ بە بینینی دەسگیرانی پێشووی کە هاتبووە حەوشە، لەجێگەکە هەستا.

مانۆلیۆس گوتی:

– سڵاو لێنیۆ! دەبینم خەریکیت خۆت بۆ ڕێوڕەسمی شووکردن ئامادە دەکەیت!

لێنێو بە نەغمەیەکی تانەدار وەڵامیدایەوە:

– ڕۆژێکیش نۆرەی تۆ دێت. هیوادارم کیژێکی باش ڕاوتکات. ئێستا زووکە خودان چاوەڕێتە. ئەی مانۆلیۆسی داماو، من ئەگەر لەجێی تۆ بام دەچووم لە کونە مشکدا خۆم دەشاردەوە.

وایگوت و شادومان کەوتەوە گۆرانیی تا دەسگیرانەکەی پێشووی تێبگەیەنێ کە دڵی لێی هەڵکەنراوە و باشتر لەوی دۆزیوەتەوە تا لە بەخیلیدا کوێرایی دابێت!

پاترياركاسی پیر سیگار لەدوای سیگاری دەپێچایەوە و دەیکێشا و ئەو مریشکەی خواردبووی هەرسی دەکرد و چاوەڕێی مانۆلیۆس بوو. جبەی درێژی خودانیی لەبەردا و پێی پەتی. ڕوخساری لەحەژمەت گەرما وەك باینجان مۆر هەڵگەڕاو و دەمارەکانی ملی دەرپەڕیبوون. بەردەوام دەهات و دەڕۆیشت و وەك بەرازی ئاویی دەیمرخاند. جارناجار لە حەژمەت شەکەتیی لەسەر تەختەنوێنەکە دەکەوت و یەك لەسەر یەك دەیگوت:" خەتای خۆمە .. خەتای

خۆمە ... بەزەییم پێیدا هاتەوە و لە دەیر هێنامە دەرەوە تا بیکەمە ئینسان. ئای خۆزیا لێگەڕابام لەهەمان جێگەدا وەك خەسیوگەلانی حەرامزادە ژیابا. خۆم بەدەستی خۆم ماڵی خۆم وێران کرد .. نەفرەت لە شەیتان! لاداسی پیسکە ڕاستیدەکرد! چەند جار پێی گوتم: تووڕەبە تا هەم لێت بترسن و هەم ڕێزت بگرن. گەر باش بیت ئەوا جگە لە سەر ئێشە چ شتێکی ترت بەنسیب نابێت. کەچی من گاڵتەم پێی دەهات. ئەمەش ئەنجامەکەی کە تا قوڕقوڕاگە لە بەدبەختییدا ڕۆچووم."

لەناکاو گۆرانییەکەی لێنێو ڕکی هەستان و هەمدیس بەخۆی گوت:" ئەی دەم درێژی پیس! هەرچی زووتر عەرووسی بکات باشترە. ئەگینا ئاوایی دەهێنێتە سەر خۆی!" پاشان بەرەو لای پەنجەرەکە چوو تا بێدەنگیی بکات. لەو کاتەدا دەرگا کرایەوە و مانۆلیۆس وەدیار کەوت.

پیرەمێرد لەجێگەکەی هەستا و لەکاتێکدا چاوانی لە حەژمەت تووڕەیی دەبریسکانەوە، نەڕاندی:

– وەرە ژوورەوە!

ئەوسا دەرگاکەی لەدوای مانۆلیۆسەوە داخست، توند بەدیوارەکەوەی نووساند و هاواری کرد:

– هەی ناڕەسەن ... پاداشتی چاکەکانی من ئەمە بوو؟ من تۆم هێنایە ماڵەکەم تا ئاگری تێبەردەیت؟ بەر لەهاتنی تۆ بۆ ئاوایی هەموو شتێك ڕێکوپێك و تەواو بوو. هەم ماڵەکەی من لە ئارامیدا و هەم ئاواییش! ئەوسا ئیدی تۆی پێخەمبەری درۆیینە هاتیت و هەموو شتێکت ژێرەوژوور کرد ... بە چ حەقێك پێت کردە کەوشی منەوە و بە بیانووی ڕزگارکردنی خەڵك خۆت هێنایە پێش؟ بۆچی لووت دەژەنیتە کارێك کە چ پێوەندییەکی بەتۆوە نییە؟ بۆچی وەزعەکە دەترشێنیت؟ دەتەوێ بڵێم بۆچی؟ بۆئەوەی خۆت بکەیتە قەدیس و خەڵکانی سافیلکە فریو بدەیت تا ناوت بکەوێتە سەر زاران. تۆ ڕۆژی زیارەتی ئەلیاس پێخەمبەر بۆ چیا چوویت تا خەڵکی هان بدەیت شۆڕش بکەن؟

مانۆلیۆس بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

– شۆڕش؟

– ئەدی چی؟ مەگەر ئەو نوتقە بێ شەرمانەیەی پێرێت لەسەر چیا جگە لە هاندان بۆ شۆڕش چ شتێکی تر بوو؟ بە قەولی تۆ ئێمە دەبێ سەرانە بدەینە ئەو سواڵکەرە هیچوپووچانە و هەمووان پێکەوە یەکسان و برا بین و ئەمەیش واتە هەموومان ببینە سواڵکەر. بۆچ دەبێ ئێمە کێڵگەکانی خۆمان بدەینە ئەوان؟ ئەم کێڵگانە لە باوکەوە بۆ کوڕ هی خۆمان بوون و بەشێکن لە جەستەمان. ئەوسا بەقەولی تۆ ئێمە دەبێ پارچەیەك لە جەستەمان لێکەینەوە و بیدەینە ئەوان تا قەڵەو بن. هەی بە لەعنەت بیت!

یەخەی مانۆلیۆسی گرت، ڕایدەوەشاند و لەکاتێکدا کە لەحەژمەت تووڕەیی خوێنی هاتبووە کوڵ، تێهەڵچۆوە:

= ... هەی چەتە، گەرەکتە وەزعی ئێرەیش وەك ڕوسیای لێبێت؟ واتە هەموان لەتوپەت کەن؟ لێکبەربن و خودان و نۆکەر بەبێ ئیمیتیاز لە یەك شوێندا بژین؟ تۆ گەرەکتە ئەسپێیەك کە – خودایە تۆبە – بە

گەورەیی شێری لێهاتووە هەڵبدەیتە سەر تەختەنوێنەکەم تا خوێنم بمژێت؟

بە یادی ئەسپێکە لەرز دایگرت و درێژەی بەقسەکانیدا:

- ... نازانم ئەمەم بە تۆی کەللەپووت گوتووە یان نا، کە جارێکیان ورگ هەڵگەڕایەوە و جێگەی سەری گرتەوە تا فەرمانڕەوایی بەسەر جەستەدا بکات. ئیدی هێند پیسایی لە لووت و دەم و چاو و گوێوە هاتە دەرەوە کە ئیدی کەسەکە مرد. تۆیش هەوڵ مەدە نەزمی خودا بەیەکدا بدەیت. لێگەڕێ ورگ لەجێی خۆیدا بێ و لەجێگەی خۆیدا فەرمانڕەوایی بەسەر جەستەدا بکات. لێرە سەرەکە منم!

وەك دڕندەیەك لە دیلییدا، دەهات و دەچوو، مشتی بەدیوارەکەدا دەکێشا و تفی دەکرد:

- ... ئەگەر بەتۆ بێت ئەوا دەبێت دەوڵەمەندان لەبەین بچن. بەڵام هەی کەللەپووت ئەگەر دەوڵەمەندان نەبن ئەدی کێ سەدەقە بداتە هەژاران؟ هیچ بیرت کردۆتەوە کە پوورە مادلینات دەبێ بۆ کار ڕوو بکاتە کوێ؟ ئەی

خودی تۆ ئاغای نەجیب زادە! ئیدی هیچ کەسێك تۆ بەنۆکەریی ڕادەگرێت؟ ئاخر ئێوەی سواڵکەران کە یەك بست ئەرزتان نییە بە چ حەقێك هاواری یەکسانیی دەکەن؟ بۆ ئەوەی ئێمە سەروەتەکەی خۆمان برایانە لەگەڵ ئێوەدا دابەشکەین؟ بۆئەوەی نیوەی سەروەتەکەمان لە چنگمان دەربێنن؟ کێ ئەم شتە قۆڕانەی ئاخنیوەتە کەللەی پووتتەوە؟

- مەسیح.

- هەی گێلە! کام مەسیح، داماو؟ مەسیحی ئێوە یا مەسیحی من؟ ئەوەی تۆ دەیڵێیت مەسیحی من نییە، چونکە مەسیحی ئێوە سواڵکەر، ئەسپێیاوی، برسی و یاخییە و قسەگەلێك دەخەنە پاڵی کە بەرژەوەندیتان تامین بکا و پاشانیش ئەوتان کردۆتە پێشەنگی کڵێسا و هاوار دەکەن:" ئێمە هەموومان فەرزەندی یەك باوکین. مردن بۆ ئیرس و میرات! دەبێ سەروەتەکان دابەش بکرێن! ئێمە هەموومان براین! کەواتە کەبابەکەتان بێنن تا پێکەوە بیخۆین!" بەڵام ئەوە بزانە ئێوە قەت دەم لەم کەبابە نادەن!

سیگارەکەی لەگەڵ تفەکەیدا لە پەنجەرەکەوە تووڕدایە دەرەوە، لە مانۆلیۆس نزیك بۆوە، هەمدیس یەخەی گرتەوە و هاواری کرد:

– ... تۆ ئیتر لای من ئیش ناکەیت. تێگەیشتیت؟ دەبێ هەر ئەمشەو بڕۆیت! بڕۆ لای سواڵکەرانی هاوشانی خۆت و پێکەوە ئەسپێ و نەخۆشی و مەلەکوتی ئەعلاتان دابەشکەن!

کە قسەکان گەیشتنە ئێرە، باوکە گریگۆریس بە شکۆیەکی ئەسقەفییانەوە هاتە ژوورەوە:

– عالیجەناب ببوورە درەنگ کەوتم. وەزعی ماریۆری باش نییە.

وایگوت و بەبینینی مانۆلیۆس ڕووی گرژ کرد. پاتریارکاسی پیر گوتی:

– باوکە، دونیا هەڵگەڕاوەتەوە و جەنابی مانۆلیۆس وەك سەرنج دەفەرموویت ئاڵای شۆڕشیان گرتووە بەدەستەوە و گەرەکیانە دونیا ئاگر تێبەردەن. کوڕە گێلەکەی خۆیشم یاخی بووە و هەمان ئەم بەیانییە گوتی:" من لەم ماڵە دەڕۆم و تۆی پیرەمێرد جێدێڵم.

من مەسیحم هەڵبژاردووە." وەك بڵێی ڕێگەکەی من پێچەوانەی ڕێگەی مەسیح بێت! هەی نەفرەتتان لێبێت! باوکە باش بوو هاتیت. ئێمە دەبێت هەمدیس نەزم بەرقەرارکەینەوە.

باوکە گریگۆریس مانۆلیۆسی بە پەنجە پیشاندا و گوتی:

- هەمووی خەتای ئەمەیە! ئەم ئاگری لە ئاوایی بەرداوە! ئەم مێشکی خەڵکی پڕ لە شتی پڕوپووچ کردووە! هەتیو ئەو شتە قۆڕانە چ بوو کە ڕۆژی زیارەتەکە لەسەر چیا گوتت؟

- من تەنیا قسەکانی مەسیحم دووبارە دەکردنەوە. دەمگوت سەدەقە بدەن هەژاران. هەر کەسێ دوو کراسی هەیە با یەکێکیان بداتە ئەوانەی ڕووت و ڕەجاڵن. ئێمە هەموومان براین. جگە لەوە چ شتێکی ترم نەگوتووە!

باوکە گریگۆریس کوڵی دەدا، بەڵام لەبەرئەوەی بەشایستەی نەدەزانی لەگەڵ دەمی لەدەمی نۆکەرێك گیر بێ، بۆیە ڕووی بۆ لای خودان وەرگەڕاند و گوتی:

- ئەم کەسە بۆ کۆمەڵگەکەمان خەتەرە. دەبێ هەرچی زووترە دەری بکەیت و لە ئاوایی ڕاوینێین تا نەخۆشییەکەی بۆ خەڵکانی تر نەگوێزرێتەوە. هەمان ئەم کەسە مێشکی کوڕەکەی تۆی تێکداوە. ئەو بەم فریوکارییانە بە زوویی دزە دەکاتە دڵی خەڵکەوە و ڕامان دەماڵێت. دەبێ بڕوات. ئەمە شوان نییە. مەڕیش نییە. بەڵکو گورگە!

مانۆلیۆس هەنگاوێکی بەرەو لای دوو ڕیش سپییەکە هەڵێنا، دەستی بۆ سینگی برد، سەری نەوی کرد و گوتی:

- خودان خواحافیز. جەنابی قەشە خواحافیز. من ڕۆیشتم!

قەشە دەستی هەڵبڕی و گوتی:

- نەفرەتی خودات لێبێت!

- ئەمە نەفرەتی ئێوەیە نەك خودا. هەمان ئێوەی قەشەکان بوون کە مەسیحتان لەخاچدا و ئەگەر جارێکی تر بشگەڕێتەوە هەمدیس لەخاچی دەدەنەوە. خواحافیز!

ئەوسا هێور بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت، کردییەوە، ئاوڕی دایەوە و گوتی:

– خوداحافیز!

ئەوسا نەرم بە پێپلیکانەکانا هاتەخوارەوە. ئەمجارەیش هەستی دەکرد لەسەر باڵی فریشتان دانیشتووە.

## 13

کاتێ مانۆلیۆس ڕێگەی چیای گرتبووە بەر، دونیا تاریك داهاتبوو. هەورێکی چڕ ئاسمانی پۆشیو و بایەکی نیوەگەرم لە خۆرهەڵاتەوە دەهات و چەند نمەیەك باران بەر ئەرزی سوتێنەر و مانۆلیۆس دەکەوت و خەنیی دەکرد. ئەویش وەك دەشت و دامێنەکان تینووی بوو، هەستی دەکرد لەگەڵ خاك و بەردا یەکانگیر بووە. هەروا کە بە ڕێگە سەرەو ژوورکەکەدا هەڵدەزنا، بەخۆی گوت:" بەڕاستی دونیا موجیزەیە! کاتێ چاو دەکەمەوە، چیاکان دەبینم و هەور و بارینی باران، کاتێکیش چاو لێکدەنێم خوڵقێنەری چیا و هەور و باران دەبینم. ڕەحمەت لە پەروەردگار کە چ لە ڕوناکیدا، چ لە تاریکیدا، لە هەموو جێگەیەك ئاگای لێمانە!" ئیدی خودان و قەشەکانی لەیادی خۆی بردنەوە و لە وابەستیگەلی بێهوودە ڕزگاری ببوو. ئاخر ئیدی ئەو قۆناخی شادومانی و

نیگەرانییە ناچیزەکانی تێپەڕاندبوون و گەییبووە ئەوسەری شادومانیی و غەم، واتە ئارامیی تەواوەتی.

سپێدەی ڕۆژی دواتر دەبوو ماڵئاوایی لە چیایەك بكات كە زۆری خۆشدەویست، چونكە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو سەرڕاستیی و خزمەتە ڕاستگۆیانەدا، خودان دەری کردبوو. دەبوو كۆڵەپشتی بەستبا، دارعەساکەی بەدەستەوە گرتبا و وەك ڕێبوارێكی تەنیا ڕێگەیەكی نەناسراوی گرتبایە بەر .. بەڵام قیروسیا. ئەو لەگەڵ فریشتانا بوو.

باران و توند و توندتر دەباری. دەنگی هەورەگرمە لە دوورەوە دەهات. ئەم گوڕی زیاتری دەدایە هەنگاوەکانی. بایەك كە لە دوایەوە هەڵیکردبوو ئەوی بۆ پێشەوە دەبرد و دەبووە هۆی ئەوەی شادومانانە هەست بەوە بكات كە بایش وەك مرۆڤ دەست و سینگ و هەناسەی هەیە.

لە دوورەوە چاوی بە ڕوناکییەك كەوت كە لەودیو کلاوڕۆژنەی پشتیرێکەوە دەدرەوشایەوە و بەخۆی گوت:" نیکۆلیۆس مەڕەکانی دۆشیون، شێویشی

کردووه و ئەلعان دەبێ نوستبێ. کەواتە ئەوە میکیلیسە کە چاوەڕوانی دەکێشێت." دڵی وەتەپە کەوت و لەبەرخۆیەوە گوتی:" ئەو ناتوانێ دەرەقەت بێ، چونکە لە ناز و نیعمەتدا گەورە بووە، بە خواردنی خۆش، نوێنی نەرم و ئاسایشت ڕاهاتووە. باشترە بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە و ئارام بگرێت. بۆ ئەو هێشتا وادەی دیاریکراو نەهاتووە. هەرچیی بێت هێشتا سەروەت بەسەر ڕۆحییەوە قورسایی دەکا و لێناگەڕێت ئازادانە و ئاسوودە بۆ پێشەوە بڕوات. ماریۆرییشی هەیە و بیەوێ و نەیەوێ بە دونیاوە دەیبەستێتەوە ..." قسە پڕ لە پتەویی و یەکلاکەرەوەکەی مەسیحی بیرکەوتەوە کە:" تێپەڕینی وشتر بە کونە دەرزییدا لە چوونەژوورەوەی دەوڵەمەندان بۆ مەلەکوتی خودا هاسانترە."

میکیلیس لەبەر ئاگردانەکەدا دانیشتبوو و لە ئاگرەکەی دەنۆڕی. مانۆلیۆس شادومانانە ئارەقەی نێوچەوانی سڕی و گوتی:

- سڵاو خودانی گەنجی کوێستان. سبەینێ من ماڵئاوایی لەم کوختە ئازیزە دەکەم. چونکە بابت دەری کردم.

ئەویش لەبەر ئاگرەکەدا لەپاڵ میکیلیسدا دانیشت و لەوپەڕی ئارامییدا کەوتە گێڕانەوەی دیدارەکەی لەگەڵ خودانی پیر و ئەو قسانەی کە ژنەفتبووی و نەفرەتەکەی قەشە. دواجار گوتی:

- هەموو شتێك بەو جۆرە تێپەڕی کە دەبوو تێپەڕێ و خۆیشم هەر چاوەڕێی ئەوەم دەکرد. من گلەیی لە باوکت ناکەم. ئەو هەم دەبوو دەرم بکا و هەم قەشەیش دەبوو بەنەفرەتمکات! من دەبێ بڕۆم.

میکیلیس نیگەران و بە میهرەبانیی دەستی هاوڕێکەی گوشی:

- دەتەوێت بۆ کوێ بڕۆیت؟

- شەو ڕێنوێنمە. ئێمە زۆر جاران خودا لە خەوندا دەبینین و خۆی ڕانومایيمان دەکات. من هێشتا بڕیارم نەداوە و ئەمە ئەوە کە بڕیار دەدا. با بزانم چ دەبێ. هەر هیچ بەخەیاڵمدا نایەت!

- بیرت دێ ئەو شەوە لە حەوشەی ماڵی کوستانتیس چیم پێگوتیت؟ گوتم مانۆلیۆس بۆ هەر کوێیەك بڕۆیت منیش لەگەڵت دێم و ئەمشەویش هەر هەمان قسە دووبارە دەکەمەوە.

- ئارامبە میکیلیسی ئازیز، پەلە مەکە. شەو درێژە و کات زۆر. با بزانین سبەینێ چۆن دەبێ .

هەردووکیان شەکەت بوون و زوو نووستن. تاوەبارانێکی توند بەڵام چالاکیی بەخش داڕژا و لەگەڵ بایەکی توند، پەیامی ئەزەلی و شادومانیی ورووژێنی دیاریی ئاسمانی بۆ ئەرز، لە کلاوڕۆژنەی کوختەکەوە بۆ ناوەوە دەهێنا. ئاڵفی وشکی کۆساران بۆنیان دەپژاند و با بۆنی شیلەی دارکاجەکانی لە دوورەوە دەهێنا. دڵی ئەرز کرابۆوە و عەتری دەپرژاند. دڵی مانۆلیۆسیش وەك دەنکە گڵ کەوتبووە سەر پشت تا بۆ پێشوازی تەڕوبڕیی باران بڕوات.

داخۆ ئەمە وەڵامی خودا بوو؟ ئایا ئەوە خودا بوو کە وەك بارانێکی نیوە گەرم لەسەر دڵی دەنیشت؟

مانۆلیۆس باوەشی بۆ خودا کردبۆوە و بەتەواوی بوونییەوە هەستی بە بەختەوەریی دەکرد.

مەلانی شەویش لەژێر گابەردەکانا و لەنێو قەدی درەختەکانا نیشتبوون و لەسەر باڵە تەڕەکانی خۆیان پێشوازییان لە خودا دەکرد.

میکیلیس گوێی لای خوڕەی باران و بۆنی خاکی تەڕیی هەڵدەمژت. ماریۆری کەوتەوە یاد. دوایین جار بەبێ ئارایشت خافڵگیری کردبوو. ڕەنگپەڕیو و ناشیرین دەینواند. دەمی بە دەسەسڕێك پێچاو و بەردەوام دەکۆکی. ئیدی دەسەسڕی سووری بەکاردەهێنا تا کەس ڕەنگی خوێنی سینگی نەبینێت. وی بە دەسگیرانەکەی گوتبوو:" میکیلیسی ئازیزم، من دەبێ بڕۆم بۆ شار! باوکم دەیەوێ بۆ سەر دختۆرم بەرێت، چونکە وەزعم باش نییە ..."

میکیلیس بۆنی خاکی درزبردووی هەڵدەمژت و دڵی دەلەرزی:" دڵم هێشتا وابەستەی خاکە. بەڵێ، هێشتا بە خاکەوە پێوەستم .."

دواجار نەرم نەرم خەو هەردووکیانی ڕفاند ... کاتێك لە خەو وەئاگا بوونەوە سپێدەیدابوو، چیاش لێوڕێژ لە تەڕوبڕیی. هەوری سپی لە ئاسماندا جێگۆڕکێیان دەکرد و دڵۆپی لەرزان بەسەر پەلکی درەختەکانەوە ئارنگی دەهات.

مانۆلیۆس ئەیکۆنی لەخاچدانی عیسا، کە پەڕەسێلکەکان چواردەوریان گرتووە و میکیلیس بەدیاریی پێیدابوو، لەدیوارەکە کردەوە، لەگەڵ ڕوخساری مەسیحدا کە خۆی هەڵیکۆڵیبوو، هەڵگرتن و لەگەڵ جلکەکانیدا ئاخنینییە بوخچەیەکەوە و لەسەر سەکۆکە داینان.

میکیلیس بێدەنگ تەماشای دەکرد. هەردووکیان دانیشتن و بێ ئەوەی قسان بکەن کەوتنە خواردنەوەی شیر. ئەوسا مانۆلیۆس هەستا، ماوەیەکی درێژ لە پشتیرەکە، لە سەکۆ بەردینەکە و گابەردەکانی ئەو دەوروبەری نۆڕی. ماڵئاوایی لێکردن و دارەکەی هەڵگرت. میکیلیسیش هەستا و گوتی:

– کەواتە بڕیاری خۆت داوە مانۆلیۆس؟ دەتەوێت بڕۆیت؟ بەڵام بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– خوداحافیز میکیلیس.

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– بۆ ساراکینا. دەڕۆم تا لە برسێتییەکەیاندا بەشدار بم.

– ناتەوێت منیش لەگەڵت بێم؟

– هێشتا نا. ئارام بگرە. تۆ هەم باوکت هەیە و هەم دەسگیران. بەڵام من کەسم نییە بۆیە بۆم هاسانترە.

– بەڵام ( هەر کەسێك پشت لە باوك و دایك و ژن و منداڵانی خۆی نەکات شایستەی ئەوە نییە ببێتە قوتابی من ...)

– میکیلیس دەزانم. بەڵام ئەدی مەگەر ئەرز و باوك و هاوسەر هێشتا لەدڵی تۆدا ڕەگیان نییە؟ کەواتە دەبێ ئارام بیت تا ساتی دیاریکراوی خۆی دێت. پەلە مەکە. وادەی گونجاو وەکی کەو، بێدەنگ دێت.

– من ناگەڕێمەوە لای باوکم!

- زۆر باشە مەگەڕێرەوە. هەر لێرە لەنێوان ساراکینا و لیکۆڤریسیدا بە تا وادەی گونجاو وەك ئەو کەوەی کە قسەمان لەبارەیەوە کرد، دەگات.

پاشان دەستی بۆ لای میکیلیس ڕایەڵ کرد. میکیلیس لەباوەشی گرت و گوتی:

- مانۆلیۆس سوێند دەخۆم زۆر زوو بێم بۆ لات. کەواتە بەئومێدی دیدار!

مانۆلیۆس بوخچەکەی نایە ژێر باڵی چەپی، خاچی کێشا و کەوتە ڕێ. هەمدیس فریشتەکان نایانە سەر باڵەکانی خۆیان و لە بەردێکەوە بۆ سەر بەردێکی تر باڵیان پێگرت. کڵێسای ئەلیاس پێخەمبەر نزیك و نزیکتر دەبۆوە. کڵێساکە وەك پاسەوانێکی خۆڕاگر و پتەو بە بەرزایی کێوەکەوە و لەنێوان گابەردەکانا ڕاوەستاو و بە یەکەمین تیشکی خۆر، سورهەڵدەگەڕا. مانۆلیۆس سڵاوی کرد، دارەکەی ڕاوەشاند و وەك شەهێنێك کە چاوی بە هێلانەکەی خۆی کەوتبێ، شادومانانە هاواری کرد.

*

پاتریارکاسی پیر کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەکەی بوو، دوای تێپەڕینی سێ ڕۆژ، یەکەمجار چەند کەسێك لە خزمانی نارد بەدوایدا و پاشان مامۆستا و دواجاریش یاناکۆسی بانگ کرد:

– یاناکۆس دەستم داوێنت! کوڕەکەم بۆ بگەڕێنەوە. تۆیش بڕۆ قسانی لەگەڵدا بکە. ئێوە هەردووکتان لە پێڕێکن و وەك یەك بیردەکەنەوە! بەشکم گوێ لە قسەی تۆ بگرێ.

یاناکۆس سەری لەقاند و وەڵامیدایەوە:

= خودان، بەمجۆرە وەزعەکە بەڕێوە ناچێت، پێموایە منیش دەبێ بدەمە کێو. یەکێکی تر بنێرە.

پانایۆتیسە زلە چووە لای پاتریارکاس و گوتی:

– خودان لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە بیستوومە کە مانۆلیۆس چووە بۆ کێوی ساراکینا و لەوێ نیشتەجێ بووە و پەنابەرانی لەدەوری خۆی کۆکردوونەتەوە و نوتقیان بۆ دەدات، هانیان دەدا و بەبێ ئەملاولا دەڵێ برسییان ماڨ ئەوەیان هەیەماڵی

ئەوانە تالآن بکەن کە برسیی نین. خودان دڵنیابە کاتێ برسێتیی گوشاریان بۆ بێنێ ئەوا وەکی گورگی هار شالآو بۆ ئاوایی دێنن.

بۆ ساتێك بێدەنگ بوو. وەك بڵێی دوو دڵ بێت لەوەی درێژە بە قسەکانی بدات، بەڵام دواجار هەناسەیەکی هەڵکێشا، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، سەری نایە پەنا گوێی پیرەمێرد و گوتی:

– خودان گومان کەوتۆتە دڵم!

– هەی لەعنەتی قسە بکە! گوێم لێتە. دەزانم تۆ کەست خۆش ناوێ و هەر لەبەر ئەمەشە هەمیشە گوێت هەڵخستووە. قسەکەت بکە!

– مانۆلیۆس بەڵشەویکە!

خودان سەری خوراند و پرسی:

– بەڵشەویك؟ بەڵشەویك یانی چی؟

– واتە هەرچی دڵت حەزی پێیەتی دەتوانیت بیبەیت بیخۆیت و هەر چتێکت پێویستە دەتوانیت بیدزیت! ئەمانە پێڕێك چەتەن کە ئەمڕۆژانە لە هەموو شوێنێکی دونیادا بڵاو بوونەتەوە.

– تۆ پێتوایە؟

– من دڵنیام! ئەم چەتانە لە تەواوی وڵات و ئاوایییەکانی دونیادا خەڵکی خۆیان هەن. بۆ بیابان بڕۆیت هەن، بۆ دورگەگەلی لاکەوتە بڕۆیت هەن. پشت هەر گابەردێك بگەڕێیت خەڵکیان هەن. مانۆلیۆسیشیان بۆ لیکوڤریسی هەناردووە.

– سەیرە. پانایۆتیس ئەم قسانە چین؟ تۆ خەریکیت خوڵقم تێکدەدەیت! تەواوێك گێژ بووم. ئاشکراتر قسان بکە!

– گێژیشیی هەیە. نازانی ئەم شەیتانانە چەندە تەڵەکەباز و دەغەلن؟ نابینیت چۆن مانۆلیۆس ڕۆڵی قەدیسان دەبینێت؟ ئەو دەڵێ گوایە حەزی لە گۆشت نییە، درۆ ناکا و بەلای ژناندا ناچێت. ماوەیەکە ئینجیلێکی گچکەی بەدەستەوە گرتووە و هەر کەسێك دەبینێت ئینجیلەکە دەکاتەوە و پەڕە پەڕەی دەکا و بۆ فریودانی عەوام وا دەنوێنێت گوایە خەریکی خوێندنەوەیەتی! دەزانیت سەبارەت بە لەداردانەکەی چیم بیستووە؟ دەی گوێ بگرە با بۆت بگێڕمەوە، هەر

بەڕاستی بونیام شاخی لێدەڕوێت. ئەو لەگەڵ مارتای پیرێژندا ڕێککەوتووە کە پیرێژن لە دووایین ساتدا جلکە خوێناوییەکانی میرئاخور کە بەرلەوە دۆزیبوویەوە، بخاتە ڕوو. بۆچی؟ بۆ ئەوەی بۆ هەمووانی وەدیارخات کە مانۆلیۆس ئامادەیە گیانی خۆی بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی ئاوایی بکاتە قوربانی، بۆ ئەوەی خۆشەویست بێ و خەڵکی خۆشیان بوێت. تا ئەو کاتەی لە مۆسکۆوە دەستوور دەگات کە خەڵك لەدژی خودان و ڕیش سپییان بهەژێنێ و هەمووان سەر ببڕێت!

پاتریارکاسی پیر بەسەر کورسییەکەدا کەوت، سەری لەنێوان هەردوو دەستیدا گرت و بە چرپە گوتی:

– خودایە خۆت بمبەخشە، ئاخر زەمانە!

کوتوپڕ لە جێگەکەی هەستا، چاوە ئاوساوەکانی کردنەوە و بە دەمێکی خوارەوە گوتی:

– چی بەسەر کوڕەکەمدا دێت؟

– خودان، مانۆلیۆس ئەویشی بە لاڕێدا بردووە و مێشکی تێکداوە. کوڕەکەی تۆ بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت بووەتە بەڵشەویك. نەتبینی چۆن ماڵەکەی

جێهێشتیت و بۆ چیا بۆ لای مانۆلیۆس ڕۆیشت؟ یاناکۆسیش بەم زووانە دەڕوات. کوستانتیسیش ماڵ و منداڵی جێدێڵێ و دەڕوات ... خودان ئەمە یەك نەخۆشی درمە. پاشانیش ئەنتۆنیسی سەرتاش تووش دەبێ و دووایی‌یش دیمیترۆسی قەساب. ئەم نەخۆشییە تەنانەت کاکی مامۆستایش دەیگرێت.

- هەی نەفرەتی ئەم قسانە چین؟ بووەتە ئاخر زەمان... هەر ئێستا دەچم بۆ لای باوکە گریگۆریس. ئێمە دەبێت هەمدیس نەزم بەرقەرار بکەینەوە ...

- گومانم نییە کە هەر مۆسکۆ باوکە فۆتیس و داروودەستە شڕپۆشەکەی یەکڕاست بۆ لیکوڤریسی ڕەوانە کردوون. ئەوەی کە دەڵێن تورك ماڵوێرانیان کردوون و بوونەتە قوربانیی نیشتیمان، درۆیە. باوەڕ بکە مۆسکۆ ئەوانەی ڕەوانە کردوون! یانی مانۆلیۆس پەیامی هەناردووە کە لە لیکوڤریسی نان و خەڵکی دەوڵەمەند زۆرن و زوو وەرن تالانیانکەن! ئاوایی جگە لە خودانێکی دەستوپێ سپی چ کەسێکی تری نییە و زۆر بە ئاسانی دەرەقەتی دێن! هەر لەبەر ئەمەیە

مانۆلیۆس و باوکە فۆتیس بوونەتە هاوڕێیانی گیانی بەگیانیی یەکتر. نەتبینی چۆن چاویان لەیەك دادەگرت؟ ئەوانە ڕێك وەك دەڵاڵەکانی بازاڕ سەوداو مامڵەیان پێکەوە هەیە و باش لەزوبانی یەکتری حاڵی دەبن. بینیت کاتێ مانۆلیۆست وەدەرنا چۆن بە کەماڵی ئیسراحەت ڕۆیشت؟ پێتوایە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ دەی یەکسەر بەرەو ساراکینا ڕۆیشتووە. هەموو شتێك وەك ڕۆژ ڕۆشنە.

خودان کە بەردەوام درێژایی و پانیی ژوورەکەی دەپێوا، کوتوپڕ لە شوێنی خۆیدا ڕاوەستا. ئیدی بڕیاری خۆی دابوو:

- بڕۆ بە باوکە گریگۆریس بڵێ کە دەبێ هەر ئەمشەو ببینم! هەر ئەمشەو!

- باوکە گریگۆریس ئەم عەسرە لەگەڵ کچەکەیدا بۆ شار ڕۆیشتن و سبەینێ دەگەڕێنەوە. کیژەکەی بردووە بۆ سەر دختۆر چونکە نەخۆشییەکی خراپی گرتووە، هەر کە دەکۆکێ خوێن لە سینگییەوە دێتە دەرێ.

خودان بەتووڕەیی هاواریکرد:

- هەی مردووشۆری چەتە! ئەمڕۆ هاتوویت تا تەنها هەواڵی ناخۆش بگەیەنیت؟

- خودان من هەرچیم بیستووە گوتم. گەر دەتەوێ باوەڕ بکە خۆ گەر ناشتەوێت مەیکە. خۆت سەرپشك بە! ببوورە هیلاکم کردیت. من دەڕۆم.

پیرەمێرد لەدڵی خۆیدا گوتی:" بڕۆ بە دۆزەخ هەی یەهوزا!" ئینجا بەدەنگی بەرز هاواری کرد:

- خواحافیز پانایۆتیس. بیرت بێ هەرچییەکت بیست ...

- بێ خەم بە خودان. ئێمە لە خزمەتتداین!

ئەوسا بە هەنگاوی قورس وەکی ورچ، ژوورەکەی جێهێشت. ڕوخسارە پڕ ئاوڵەکەی لە شادومانیدا دەدرەوشایەوە. خودان پاتریارکاس لەسەر تەختەنوێنەکە کەوت و بیری لە قسە تاڵ و ناخۆشەکانی پانایۆتیس دەکردەوە:" لەعنەت لە شەیتان! خەتەر لە بێخی گوێماندایە کەچی نە ئەم قەشە زرینگە، نە کاکی مامۆستای خوێنەوار و نە خودی منیش هیچکاممان سەرنجمان نەداوە. خودا

چاوی هەموومانی کوێر کردووە! من سیخوڕێکی ئاوهام بەکرێ گرتووە کەچی ئاگری ماڵ هەڵلوشەر خەریکە لە ماڵی خۆم بەردەبێت! ئەی خودانی گێل و مەسخەرە! بنۆڕە کار بەکوێ گەییوە کە ئەم ورچە وەحشییە دەبێت چاوی ئێمە بکاتەوە! دەبێ مانۆلیۆسی ناڕەسەن لەم ناوچەیە دوور بخەینەوە! دەبی سواڵکەرانی ساراکینا، ئەم بەڵشەویکە پیسانە بڵاوە پێبکەین. دەبێ ئاوایی گسك لێ بدەین تا دووبارە شەرافەت و دادوەریی بەرقەرار بێت! سبەینێ کە قەشە گەڕایەوە کارەکان ڕێکدەخەین."

کەمێك ئارامی گرت. چاوانی لێکنان تا بنوێت، بەڵام مەگەر دەیتوانی؟ ئاخر لێنێو لە حەوشە گۆرانی دەچڕی و وەکی کۆتر دەیگماند، نائارامانە بەملاولادا دەڕۆیشت. بەردەوام دەرگای حەوشەی دەکردەوە، پیاسەیەکی بەکۆڵاندا دەکرد و چاوەڕێی هاوڕێکانی دەکرد تا بێن و شەکێرتەکەی ببینن. وی بۆ پیشاندانی شەکێرتەکەی، لێزانانە لەنێو ڕاڕەوە درێژ و تەسکەکەی ماڵەکەدا ڕایخستبوون و لە پاڵیشیاندا تاجی

بووکێنیی، نوقڵ و شیرینی و مۆمی گەورەی ڕیز کردبوون.

تا چەند سەعاتی تر نیکۆلیۆس لە چیاوە دەگەییشت، جلکە تازەکانی کە دیاری خودان بوو، دەپۆشی و دەستماڵی ئاوریشمی سووری لێنیۆی لە سەرییەوە دەپێچا. ڕێوڕەسمی هاوسەرگیرییەکەیان سبەینێی ئەو ڕۆژە واتە یەکشەمە ڕێکدەخرا و پاشان نیکۆلیۆسی هاوسەری گەنجی بە سواری هێسترەوە کە ڕووپۆشێکی سوور بە پشتیدا درابوو، بۆ ماڵە تازەکەی، واتە بۆ چیای دەبرد.

پیرەمێرد بە پشتا لەسەر تەختەنوێنەکەی ڕاکشاو و گۆرانییەکەی لێنیۆ، هاتنی هاوڕێکانی و دەنگی ستایش و پێکەنینیانی دەژنەفت ... ژنهێنانەکەی خۆی کەوتەوە بیر. زەمانێك کە بیست و دوو ساڵە، بەهێز، خۆبەزلزان و چالاك و وەك قەدیس ژۆرژ قۆز، بەسواری ئەسپێکی سپییەوە بۆ ئاوایی بووکێ ڕۆیشت. بووکێ کە بە نەریتی باو بە تۆڕێکی سپی ڕوخساری پۆشیبوو، لەبەر دەرگای ماڵە بابی

وەدیارکەوت و ئەمیش نائارامانە هاواری کرد:" ئەو هەورە لەبەر خۆردا ڕامالن!" وایگوتبوو ئیدی بووکێ بەگریانەوە لەسەر پەنجەی پا خۆی بەرزکردبۆوە، پەچەی لە ڕوخساری کیژەکە لادابوو. پاتریارکاس وەبیری خۆی هێنایەوە کە هەر لەگەڵ وەدیارکەوتنی ڕوخساری بووکێدا، تەواوی هەمڕایان بە دایك و باوك و تەنانەت بە ئەسپ و هێستر و هەر شتێك کە بەر چاوی دەکەوت، هێند لەبەرچاویدا کەوتنە ورشە کە وەك بڵێیت هەر بە ڕاستیی خۆر هەڵهاتبێ.

لەو کاتەوە سالانێك تێپەڕ بوون، خۆر ئاوا ببوو، قەدیس ژۆرژ قەڵەو و پیر ببوو. بەلام هێشتا خوێن بە دەمارەکانیدا دەگەڕا. کارەکەرێکی هەبوو بەناوی گاریفالیا کە کیژێکی نەشمیلانە و شۆخ بوو. مەمك خڕ، قەدو بالا ڕێك و پاژنەی پێی لە جوانیدا دەتگووت سێوە. شەوێکیان بە ئەسپایی و بێدەنگ تا نەبا ژنەکەی کە دووچاری گەندەژنیی ببوو، لە خەو وەئاگا بێتەوە، لە پێپلیکانەکان هاتبووە خوارەوە و خۆی بە ژوورەکەی گاریفالیادا کردبوو، لە پاڵیدا ڕاکشابوو،

لێنێو بەری میوەی هەمان شەو بوو.. لێنێوێك كە وا ئێستا شووی دەكرد.

خودانی پیر زەردەخەنەیەكی هاتێ و قسەكانی پانایۆتیسی بیر خۆی بردەوە. تەنانەت ئەوەشی بیرچۆوە كە كوڕەكەی ماڵی جێهێشتووە. ڕابردوی مردوو و لەچاڵنراوی خۆی و خۆشگوزەرانییەكانی تاڤ گەنجێتیی وەیاد هێنانەوە. چ مریشك و قەل و كەروێشك و كەو و ماسی و بەراز و بەرخی برژاوی تام نەكردبوون! چ خواردنی جۆراوجۆر و مرەبا و شەربەت و شیرینییگەلی هەنگوینیی و گوێزیی، كافیار و شەرابگەلێكی نۆشی گیان نەكردبوون!:" سوپاس بۆ خودا باشترین ژیان ژیاوم!" وایگوت و چاوانی لێكنا و نووست.

باوكە گریگۆریس بەسواری هێسترە دێزەكەیەوە لەگەڵ ماریۆری كیژیدا كە ئەویش بەسواری گوێدرێژەكەی یاناكۆسەوە بوو، بۆ بینینی میكیلیس بۆ خەڵوەتگاكەی لە چیا دەڕۆیشتن. ئەم دیدارە ئارەزووی كیژەكە بوو:

- باوکە گیان حەزدەکەم بیبینم، چونکە نازانم ئەو شوێنەی بەنیازم بۆی بڕۆم، بە زیندوویی لێی دەگەڕێمەوە یان نا!

باوکی بە قەهرەوە وەڵامیدایەوە:

- کچەکەم ئەم قسانە مەکە. تۆ چاك دەبیتەوە. خودا گەورەیە! شەوی جێژنی نۆێلیش زەماوەند ساز دەکەین و خۆم لە عەرووسییەکەتا دەڕەقسم تا خۆشحاڵ بیت.

کیژەکە بەتکاوە گوتی:

- بەر لە ڕۆیشتن حەزدەکەم جارێکی تر بیبینم!
- باشە کچم. هەرچۆنت پێخۆشە. مەگەر من دەتوانم داوای تۆ ڕەت بکەمەوە؟

وایگوت و ئیدی ڕەشمەی هێسترەکەی بەرەو کوێرە ڕێگەکەی چیا وەرچەرخاند.

میکیلیس بەتەنێ لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو. نیکۆلیۆس جلکی زاوایی لەبەردا، قژە لوولەکەی لە دەسەسرێکی سوورەوە پێچابوو، دارەکەی نایە سەر

شانە پانەکەی و ڕووی کردە میکیلیس کە بێدەنگ بەڵام شادومان تەماشای دەکرد، هاواری کرد:

- شەوشاد خودان، من دەڕۆم ژن بێنم، لە زوبانی منەوە سڵاوم بە پەپووەکان بگەیەنە!

وایگوت و قاقای پێکەنینەکەی لە کێوەکەدا دەنگیدایەوە.

کاتێك کە بەلای گەلەکەدا تێدەپەڕی، پەنجەی نایە زاری و بە فیکەیەکی توند سڵاوی لە مەڕەکان کرد. بەرانی گەورە بە قۆچی نەوییەوە بەرەو لای هات و ورد لێی نۆڕی. نیکۆلیۆس کە نەیتوانی لەبەرامبەر هەوەسی شەڕە قۆچ کردن لەگەڵ بەرانەکەدا ددان بەخۆیدا بگرێت، بەرەو لای ڕۆیشت، قۆچەکانی گرت و کەوتە زۆران و کاتێك هیلاك بوو، هاواری کرد:

- ئیتر بەسە ئەی قۆچداری گەورە! تۆ بڕۆ بە پەزەکانی خۆت ڕابگە. من دەچمە سەروەختی لێنێو! تا بەیانی دووشەممە بەهیوای دیدار! کوڵکن دۆعام بۆ بکە!

لەکاتێکدا کە لە شادومانیدا لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە، بە پەلە لە چیا دابەزی.

میکیلیس بە ژنەڤتنی دەنگێك لەسەر سەکۆکە هەستا و چاوی بە باوکە گریگۆریس کەوت کە لەگەڵ کیژەکەیدا نزیك دەبوونەوە. دڵی لەنیگەرانیدا وەتەپە کەوت و بەخۆی گوت:" بۆ کوێ دەڕۆن؟ بۆچی بۆ ئێرە هاتوون؟ ناشێ شتێکی خەراپ ڕوویدابێت؟" وایگوت و بەرەو پیریان کەوتەخۆ.

قەشە گوتی:

- سڵاو میکیلیسی ئازیز! لەم خەڵوەتگایەدا بە بینینت خۆشحاڵین. خەریك بووین بۆ شار دەچووین و ماریۆری نەیدەویست بێ خواحافیزیی لێکردنت، بڕوات. کەمێك نەخۆشە و دەڕۆین بزانین چییەتی!

کیژەی گەنجیش بەنۆرەی خۆی بەدەنگێکی خەمین گوتی:

- سڵاو میکیلیس!

وایگوت و ڕوخساری بە بینینی دوڵبەرەکەی سوور هەڵگەڕا. میکیلیس یارمەتیدان تا دابەزن و ئەوسا هەرسێکیان لەسەر سەکۆکە دانیشتن. خۆر هێشتا لە ناوەڕاستی ئاسماندا و دەشت لەژێر تیشکی شەپۆلەکانی هەتاودا دەدرەوشایەوە. دوو قڕقڕە قاژە قاژ بەژوور سەریانەوە تێپەڕین. قەشە بە بینییان برۆی گرژ کرد بەڵام هیچی نەگوت. کیژ و کوڕەی گەنج ئاگایان لەوە نەبوو. میکیلیس قامکی باریکی دەسگیرانەکەی کە ئەنگوستیلەی زێڕینی دەسگیرانیی تێدا دەدرەوشایەوە، لەنێو دەستی خۆیدا گرت و قەشە لەکاتێکدا بەرەو لای کوختەکە دەڕۆیشت تا بە تەنیا جێیان بێڵێ، گوتی:

– با بڕۆم تەماشایەکی کۆشکەکەت بکەم!

میکیلیس بەنیگەرانییەوە پرسی:

– ماریۆری گیان وەزعت باش نییە؟ ئازیزم خودا گەورەیە. داوای یارمەتی لەو بکە تا چاك بیتەوە. شتێکی ئەوتۆ نییە. ئازایەتیت هەبێت! مانگەکان زۆر زوو تێدەپەڕن و نۆێل نزیك دەبێتەوە.

دوای چەند ساتێك بێدەنگی، کیژەکە گوتی:

- لەگەڵ باوکتا هەراتان بوو؟
- ماریۆری گیان لەبارەی باوکمەوە مەدوێ، ئەوە شتێکی زۆر بەسۆیە! من تۆم خۆشدەوێ و نامەوێ لەدەستت بدەم. دەزانیت تۆ تەنیا کەسێکیت کە منت بە دونیاوە بەستۆتەوە؟
- ئەدی ئەگەر بمرم چ دەکەیت؟

میکیلیس قامکی نایە سەر زاری و گوتی:

- بێدەنگبە!

ماریۆری لەپی دەستی ماچ کرد و بە گریانەوە گوتی:

- ئەی عیشقی من ...

باوکە گریگۆریس لەبەردەرگای کوختەکە وەدیار کەوت و گوتی:

- ماریۆری توو خودا بجووڵێ. دەبێ بەر لەوەی شەو دابێت بگەینە شار!

ئەوسا لای بۆ میکیلیس کردەوە و گوتی:

- میکیلیس گیان دەمویست لەگەڵتا بدوێم، بەڵام دایدەنێین بۆ کاتێك کە دەگەڕێمەوە. کەنگێ بۆ لای باوکت دەگەڕێیتەوە؟

- باوکە هەرکاتێك خودا ویستی.

وایگوت و دانەوییەوە تا دەستی قەشە ماچ بکات. بەڵام قەشە نیگایەکی وشکی ئاراستە کرد و گوتی:

- خودا ناو بەناو چاوی لای یەك ئاماژەی دڵی بەندەکەی خۆیەتی.

ویستی شتی زیاتر لەمبارەیەوە بڵێ، بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت.

میکیلیس گوتی:

- بە ئومێدی دیدار. خودا ئاگای لێتان بێ!

وایگوت و بۆ ساتێك دەستە ئێسکنەکەی ماریۆری لەنێو دەستی خۆیدا گرت و بە هێوریی گوتی:

- ماریۆری گیان تاقە دەرووم تۆیت!

سەری وەرگێڕا تا فرمێسکەکانی بشارێتەوە. ئەوسا چووە سەر بەرزایی گابەردێك، لە نشێو بوونەوەیانی نۆڕی و گوتی:" بەڵێ، دڵم هێشتا بەم دونیایەوە

بەستراوە ..." پیاسەیەکی بەچیادا کرد و کەمێك بە ئاراستەی دەشت بەرەوخوار بۆوە. ترێ ڕنین دەستی پێکردبوو. کیژانی ترێڕن بە گۆرانی گوتنەوە بۆڵە ترێی گەییویان دەڕنی و دەیاننایە بەرچنەی گەورەوە. ترێ دەستی سوور کردبوون و بە حەسرەتەوە لەو کوڕانەیان دەنۆڕی کە بەرچنەکانیان دەهێنا. هەندێکیان هەناسەیان هەڵدەکێشا، هەندێکی تریشیان بە دەست و سەر ئاماژەیان بۆ یەکدی دەکرد و هەمووان دڵیان بە گۆرانی سپاردبوو.

میکیلیس لەجێگەی خۆیدا ڕاوەستا. کوڕانیش بە دەنگە زیقنەکانیانەوە وەڵامی کیژەکانیان دەدایەوە. غەم لە قوولەپێیەوە تا تەوقی سەری باڵی بەسەردا کێشا. هەموو ساڵێك لە وەرزی ترێڕنیندا هەمان ئەم گۆرانییانەی دەژنەفت. هەستی دەکرد ڕەوڕەوەی ژیانی هەمیشە یەکسان دەسووڕێتەوە و وەرزەکان یەك لەدوای یەك دێن، یەکەمجار وەزری ترێڕنین، دوای ئەوە وەرزی زەیتوون و پاشان لەدایك بوونی مەسیح... ئەوسا نۆرەی دارچواله دەهات و پاشانیش وەرزی

گەنم و پاشان درەو ... وەك بڵێی خۆیشی لەگەڵ ڕۆژ و شەودا بە ڕەوڕەوەکەوە بەسترابێتەوە و گا لەگەڵ خۆر و گا لەگەڵ باراندا سەرەو خواری بێ، لەگەڵ مەسیحدا ساوا، گەورە و پاشان دەبووە پیاو و ئازایانە تۆوی کەلامی خودای دەوەشاند. ئیدی ئەوسا لەخاچ دەدرا، پاشان لەگەڵ هەڵگڕانیدا بۆ ئاسمان، هەمدیس زیندوو دەبۆوە و ساڵی دواتر هەمدیس لەخاچ دەدرایەوە! سەرە سووڕەی پێکەوت و گێژ بوو. خۆی بە گابەردێکەوە گرت، وەك بڵێی بیەوێت ڕەوڕەوەیەك لە ڕەوڕەوەکەی بووەستێنێت ... پاشان لەسەر ئەرزەکە گەوزا و بێ ئەوەی خۆی بیەوێت کوڵی گریانی بەربوو.

بەیانی ڕۆژی دواتر پاتریارکاس لە جێگەکەی هەستا. تەواوی شەو خەو لەچاوانی نەکەوتبوو، هەرکە چاوی لێکنا، دێوەزمە هاتبووە وێزەی، خوێن بۆ مێشکی هورووژمی هێناو و دڵی وەتەپە کەوتبوو. پەیامی بۆ کوڕەکەی هەناردبوو تا بۆ زەماوەندەکەی لێنێو بێت. بەڵام ئەو وەڵامیدابۆوە:" بۆ ڕێوڕەسمی پرسە ئامادەم بێم، بەڵام بۆ ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی نا!" ئیدی ئەم

وەڵامە وەك خەنجەر بە دڵیدا ڕۆچووبوو. بەردەوام فرمێسکی هەڵدەڕشت و بەخۆی دەگوت:" مەگەر من چیم لێکردبوو؟ من کە جگە لەو چ کەسێکی ترم خۆش ناوێت، کەواتە بۆچ لەخۆیم دەتارێنیّ؟ مەگەر من چیم لێکردووە؟"

بیری لە ڕابردوو و دەورانی گەنجێتیی خۆی کردەوە و باوکی بە تاقی پیریی خۆی بەراورد کرد. باوکێك کە هەمیشە مۆن و ڕو گرژ بوو، قەت نەدەدوا، قامچی لە دەستی نەدەبۆوە، هەمیشە لە خزمەتکارەکانی دەدا و بەردی دەگرتە ئەو کیژە گەنجانەی کە بۆ بردنی ئاو بۆ کانییەکە دەهاتن تا گۆزەکانیان بشکێنیّ. هێندەی دێوێکی دەخوارد و دەخواردەوە. هەرگیز نەخۆش نەدەکەوت، لە پیریی‌دا ددانی دەردەهات و هەمووانی واقوڕماو دەکرد. تا دواجار ڕۆژێکیان خۆی لە کێوەوە هەڵدێرا و مرد. خودان پاتریارکاس هێشتا هەر بە وەبیرهێنانەوەی مردنی باوکی لەرز دایدەگرێت. کاتێك پێیان گوت:" باوکت خۆی کوشت!" هێند بە تووڕەیی پێکەنیبوو کە ئاوایی لەریبۆوە، هێند پێکەنیبوو تا

هێور ببۆوه، چونکه هەستی کردبوو به هەڵدێرانی ئەو گابەرده زله، له پلیشانەوه ڕزگاری بووه و ئیدی دەتوانێت هەناسەیەکی ئاسووده هەڵمژێت، هەر بۆیه نەیتوانی بوو شادومانیی خۆی وەشارێت ... خودانی پیر به وەیادهێنانەوەی ئەو ڕووداوه، لەرز دایگرت:" ناشێ منیش بۆ میکیلیس بووبێتمه هەمان گابەرد که خەریکه دەیپلیشێنمەوه و لێناگەڕێم هەناسه بدات؟ ناشێ سزا لەم دونیایەدا ڕاست بێت؟ ناشێ میکیلیسیش بۆ مردنم قاقا لێبدا؟" چاوانی دەرپەڕیبوون و هەروا له فیکرەوه چووبوو:" لەگەڵ ئەوەشدا من باوکم خۆش دەویست ... بەڵام ئاخۆ میکیلیس منی خۆش دەوێت؟ هیچ حاڵی نابم، ئایا چارەنووس وایه که هەمیشه دواجار کوڕ، ڕق بەرامبەر پیاوێك که ژیانی پێبەخشیوه له دڵ بگرێت؟ بەڵام ئاخر بۆچی؟ من که هیچ تێناگەم! بۆچی؟" پاتریارکاسی پیر لەگەڵ خاپلەکانیدا کەوتبووه زۆران، هەناسەی هەڵدەکێشا و هەرجارێك که لەسەر تەختەنوێنەکه دەگەوزا ژوورەکه دەکەوته لەره.

دەمەو عەسر، کاتێ تەواوی دەرگاکانی نهۆمی خوارەوە بەڕووی میوانان‌دا کرانەوە، باوکە گریگۆریس هات و ساز و گۆرانی دەستی پێکرد. پیرەمێرد لەجێگەکەی هەستا، دەموچاوی شت و لەکاتێکدا کە هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو جلکەکانی پۆشین، سمێڵ و برۆی بۆیاخ کرد، گوڵاوی بە قژیدا پڕژاند و بۆ ڕێوڕەسمی شووکردنی کیژەکەی بە کوڕە شوان، هاتە خوارەوە. بووک و زاوا جوانترین جلکەکانی خۆیان لەبەر کردبوون و بۆنی ئەسپێکیان لێدەهات لە زەریاوە هاتبێتە دەرەوە. وا پێدەچوو کە ئەگەر ئەو دووە، تاقە بوونەوەرانی دونیا بان ئەوا دەیانتوانی لەماوەیەکی کورتدا هەمدیس دونیا پڕ لە خەڵك بکەنەوە.

خودانی پیر دانیشت. چونکە ئەو شاهیدی عەروسییەکە بوو، دەبوو تاجەکان بگۆڕێتەوە*. باوکە گریگۆریس ڕێوڕەسمەکەی بەر لە هاتنی وی

---

* لە مەزەبی ئەرتەدۆکسیدا ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی بەزۆریی لە ماڵی بووکێ بەڕێوەدەبرێ و شاهید کە دەکرێ باوەپیارە بێت لە تەواوی ڕێوڕەسمەکەدا هاریکاری قەشە دەکا، لەوانە ئەوە کە دەبێ تاجی سەری بووك و زاوا لەگەڵ یەکدیدا بگۆڕێتەوە. و.ف

دەستپێکردبوو. زێوانی کڵێسا بخوردانە زیوینەکەی ڕادەوەشاند. میوانان دەوری بووك و زاوایان دابوو. کچانی گچکە هەرکامیان سینییەکی پڕ لە نوقوڵیان بەدەستەوە و چاوەڕێ بوون. باوکە گریگۆریس پەلەی بوو. وی سەرحاڵ نەبوو، بەردەوام خەیاڵی لای کیژەکەی بوو. پزیشکەکان بەیانی هەمان ئەو ڕۆژە کە فەحسیان کردبوو، سەریان لەقاندبوو. ئیدی بۆیە توند و نیوەناچڵ دۆعای دەخوێند. بووك و زاوایش پەلەیان بوو تا هەرچی زووترە پێکەوە بەتەنها بمێننەوە و سەریان لەو هەموو ڕێوڕەسم و تەشریفاتە دەرنەدەچوو بۆ ئەو کارەی کە دەیانویست ئەنجامی بدەن. پاتریارکاسی پیریش خوازیاری تەواو بوونی هەرچی زوتری ڕێوڕەسمەکە بوو، گەرچی قاچی دەلەرزی بەڵام لەبەر عەیبە ددانی بەخۆیدا دەگرت و ئیدی دواجار بەر لە تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە گوتی:

– هاوڕێیان ئەمڕۆ، ڕۆژی جێژنی هاوسەرگیریی لێنێو و نیکۆلیۆسە. هەمووان بەخێربێن! هەرچیتان حەز لێیە بیخۆن، بخۆنەوە و بەخۆشی بیبەنە سەر. سوپاس بۆ

خودا تا بخۆن بەرخ هەیە و تا بخۆنەوە شەراب هەس! ترێ ڕنین دەستی پێکردووە و کوپەڵەکان هەمدیس لێوانلێو لە شەراب دەبنەوە. کەواتە هەتا زگتان شوێنی تێدا دەبێتەوە، بخۆنەوە!

ئەوسا ڕووی لە بووك و زاوا کرد و تێهەڵچۆوە:

– ... ڕۆڵەکانم، بەختەوەر بن و بە یەکەوە پیروخەڕۆ بن. ببنە خاوەن مناڵی زۆر و نەوەی فراوان و نەسلی خۆتان بە نەمریی بهێڵنەوە. ئومێدەوارم مردن نەتوانێت دەستی بگاتە نەسلی ئێوە. گەرچی ئێمە دەکێڵێن و مەرگ درەوی دەکا، بەڵام دەبێ بزانرێت کە چۆن سەردەکەوین. تێدەگەیت چ دەڵێم نیکۆلیۆس. ئاگات لە تۆوی خۆت بێ و تا دەتوانیت بکێڵە!

ببوورن هاوڕێیان، من ئیدی دەبێ بڕۆم بنووم. وەزعم زۆر باش نییە. تا بەیانی بەخۆشی بەرنە سەر و تا ئەو شوێنەی دەتوانن بخۆن و بخۆنەوە!

پاشان دەستی ڕاستی هەڵبڕی و ماڵئاوایی لە ئامادەبووان کرد. کیژێکی گچکە ڕایکرد و دەرگاکەی بۆ کردەوە. خودان لەبەر دەرگا ڕاوەستاو ڕووی کردە

باوکە گریگۆریس کە خەریکی چاککردنی جبەکەی بوو، گوتی:

– باوکە، کاتێ پارووپەکت خوارد وەرە سەرەوە تا کەمێك پێکەوە قسان بکەین.

بەڵام قەشە زوو بەزوو بەرەو لای ڕۆیشت و وەڵامیدایەوە:

– ئارام بگرە خودان منیش لەگەڵت دێم ... هاوڕێیان خوداحافیز. عەرووسیی پیرۆز.

دوو ڕیش سپییەکە ئاهەنگەکەیان جێهشێت و ئیدی ئامادەبووان بە خەیاڵی ئاسوودە لە دەوری مێزەکان کۆبوونەوە. دوو پێشەواکەی ئاوایی چوونە نهۆمی سەرەوە و دەرگایان لەسەر خۆیان داخست. لەخوارەوە ئاهەنگەکە گەییبووە لوتکە. گۆشت و شەراب دەچووە جەستەوە و لەگەڵ گۆرانی و سەما و پێکەنین و شۆری عاشقانەدا دەهاتە دەرەوە. بەڵام لە سەرەوە دوو ڕیش سپییەکە لەنێو نیگەرانیدا ڕۆچووبوون.

پاتریارکاسی پیر چووبووە نێو جێگەکەی و بەردەوام لەبارەی بەڵشەویکەکانەوە دەدوا. ئەو لە زەینیدا

ئەوانی وەك دەعباگەلێك كە لەناوقەد بەرەو ژووریان مرۆڤ و لە ناوقەد بەرەو خواریان ئاژەڵی دڕندە و لە باكوورەوە هورووژمیان هێناوە، بەرجەستە دەكرد. پێیوابوو بە بەركەوتنی پێوپلە ئاسنینەكانیان بە بەردەكاندا، پریشكی ئاگر دێتە دەرێ و ئاوایی دەسوتێنێت. مانۆلیۆسی نیوە بونیام و نیوە دەعبای لە پێشەوەی هێرشبەراندا دەبینی. ئەویش لە كاتێكدا كە دەمی بڵێسەی لێ دەهاتە دەرەوە، بە ئاماژەی دەست لیكوڤریسی پیشان دەدا.

باوكە گریگۆریس گوتی:

– باوكە فۆتیسیش لەگەڵ ویدایە. باوكە فۆتیس سەركردەی هەموویانە.

– باوكە، تەنها باوكە فۆتیس نا، بەڵكو هەموو شڕپۆشەكانی ساراكینا لەگەڵ ویدان و دەیانەوێت هێرش بۆ گوندەكەی ئێمە بێنن. باوكە من بۆ هەمان ئەم مەسەلەیە دەمویست تۆ ببینم. ئێمە دەبێ بكەوینە وتووێژ دەربارەی ئەوەی كە چۆناوچۆنی نەزم بەرقەرار بكەینەوە.

باوکە گریگۆریس گا خەیاڵی لای قسەکانی خودان و خوێنی دەکەوتە کوڵ و گا ماریۆری دەکەوتەوە بیر، چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکرد و گوێی پڕ لە هاژوهوژ و ئیدی قسەکانی خودانی نەدەژنەفت.

وتووێژەکەیان تا نیوەی شەو درێژەی کێشا و هەردوو ڕیش سپی شەکەت بوون. ئیدی ئارەزووی قسەکردنیان نەماو و وەکی دوو پەیکەری گەچیین لە یەکدییان دەنۆڕی. باوکە گریگۆریس لەدڵی خۆیدا گوتی:" خۆزیا زوبانت گانگرینی دەگرت و بێدەنگ دەبوویت!" خودانیش بەخۆی دەگوت:" نازانم ئەم بەرازە کەی گۆڕی خۆی ون دەکات. ئیدی ڕۆحم گەیووەتە سەر کەپووم!"

باوکە گریگۆریس هەمدیس ماریۆری کەوتەوە بیر. کیژەکەی لە ژوورێکی تەنگ و تاریك کە تەنها پەنجەرەیەکی گچکەی ڕووەو حەوشە تێدابوو، لە نەخۆشخانە جێهێشتبوو. دکتۆرەکان گوتبوویان:" ئەم کیژە دەبێ بۆ ماوەیەکی لەژێر چاودێری پزیشکییدا بێت." ئەمیش بە ترسەوە پرسیبووی:" جێگەی

نیگەرانییە؟" وەڵامیان دابۆوە:" باوکە، هەم جێی نیگەرانییە و هەم جێگەی ئومێدیشە. بەهەرحاڵ لە خوێنی کیژەکەتا شەڕێکی سەخت هەڵایساوە کە دەبێ بزانین کام لایان دەیباتەوە." ئەمیش بە پاڕانەوەوە پرسی بووی:" توخودا ڕاستییم پێبڵێن!" وەڵامیان دابۆوە:" گوتمان مانگێکی تر بگەڕێوە تا بزانین چ دەبێ." ئەمیش گوتبووی:" من لەبەر قاپی خودادا دۆعا دەکەم." ئەوانیش گوتبوویان:" هەر کارێکتان پێدەکرێ بیکەن، ئێمەیش هەرچیمان لەتوانادا بێت دەیکەین. باوکە خواحافیز. بڕۆن لە ئەمانی خودادا بن!" وایانگوتبوو ئیدی پەلەیان بوو کە هەرچی زووترە بەڕێی بکەن تا بتوانن بە نەخۆشەکانی تردا ڕابگەن.

قەشە کوتوپڕ لە جێگەکەی هەستا، دەستی بەرەو لای پاتریارکاسی پیر ڕایەڵ کرد و بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

– شەوباش خودان، سبەی هەمدیس پێکەوە قسان دەکەین.

– باوکە کەمێکی تر ئارام بگرە. بۆچی هێند پەلەتە؟ بمبوورە بیرمچوو لە وەزعی ماریۆری بپرسم. دکتۆرەکان چیان گوت؟

– پێدەچێ هیچی ئەوتۆی نەبێ. زوعفی تاڤ جحێڵییە. گوتیان دەبێ زووتر شوو بکات.

بۆ گۆڕینی بابەتەکە پرسی:

– ... ئەدی میکیلیس چ دەکا؟ خودان من بۆی زۆر نیگەرانم.

پیرەمێرد بە قەهرەوە وەڵامی دایەوە:

– نیگەران مەبە. خەریکی کوڕێنیی کردنە و هەموو شتێك بەزوویی ڕێکوڕاست دەبێتەوە. کە لە شەڕی مانۆلیۆس ڕزگارمان بوو شتەکان ئاراستەی خۆیان وەردەگرنەوە ... شەو باش باوکە!

وایگوت و ڕووی بەلای دیوارەکەدا وەرچەرخاند. دەنگی پێی قەشەی دەژنەفت کە بە هەنگاوی قورس لە پێپلیکانەکان دەچووە خوارێ. لەژێر لێوەوە گوتی:" پیرەمێرد نیگەرانی کوڕەکەی منە! سەیرە! هەی نەگبەت منیش نیگەرانی ماریۆرییم! ئەگەر بڕیاربێ

کوڕەکەم کیژە سیلاوییەکەی تۆ بێنێ و تەواوی خێزانەکە نەخۆش بکەون ئەوا باشترە کیژەکەت بمرێ و هەمووان لە ئەماندا بین. خودا دەزانێ چەند بەزەییم بەو کیژە دڵپاکەدا دێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ مردنی باشترە!

لەتەواوی ئەو ماوەیەدا کە ڕیش سپییانی لیکوڤریسی بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕان بۆ قووتار بوون لە شەڕی مانۆلیۆس، ئەو و باوکە فۆتیس بەدوای ڕێگە چارەیەکدا دەگەڕان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زستان و برسێتیی و مەرگ.

باوکە فۆتیس دەیگوت:

– تەنها کار دەتوانێت ڕزگارمان بکات. کار و عیشق!

هەردووکیان پێکەوە، پیاوان و ژنانی کارایان بە چەند دەستەیەکەوە دابەش کردن و بۆ هەر دەستەیەك لێپرسراویان دانا تا بۆ کارکردن بەرەو گوندەکانی ئەو دەوروبەرە بڕۆن. پیرەمێردان و پیرێژنانیش لە چیا

مانەوە تا ئاگایان لە منداڵان بێت. باوکە فۆتیس کەمێك لەگەڵ کرێکارەکاندا دەڕۆیشت و دواجار دەیگوت:

– ڕۆڵەکانم خودا ئاگای لێتان بێ! کار بکەن و هەرچی دەتوانن لە گەنم، زەیتی زەیتوون، شەراب و جلك ئەمبارکەن و بەردەوام بیر لە خێزانەکانتان بکەنەوە! لە هەنگان بنۆڕن، بنۆڕن چۆن لە پوورە دێنە دەرێ، بە هەر لایەکدا دەفڕن و بە هەنگوینەوە بۆ پوورەکانی خۆیان و لای فەرزەندەکانیان دەێنەوە! ڕۆڵەکانم ئێوەیش دەبێ بە هەمان شێوە ڕەفتار بکەن. بڕۆن و خودا پشت و پەناتان بێت!

مانۆلیۆسیش بەزۆریی لەگەڵیان دەڕۆیشت، دڵی دەدانەوە، هانی دەدان و ئەوەی لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرە، پێویستییەکانیان و دەرگا گەلێك کە دەبوو لێیبدەن، پێی دەگوتن. کاری بۆ پەیدا دەکردن و ئیدی دواجار خۆی بۆ ساراکینا دەگەڕایەوە، یارمەتی باوکە فۆتیسی لە ڕاگەییشتن بە منالاندا دەدا و لەسەر تەختەڕەشەکانی دیاری هاجینیکۆلیسی مامۆستا، ئەلفوبێی فێر دەکردن.

که دەبووە شەو هەردووکیان لەسەر سەکۆ بەردینەکەی بەردەم کڵێسا دادەنیشتن و دەکەوتنە قسەوباس.

شەوێکیان باوکە فۆتیس بە مانۆلیۆسی گوت:

- مانۆلیۆسی ئازیز، خودا لە وردترین دەنکە لم، لە بێ بۆنترین گوڵ، تەنانەت لە ناچیزەترین ڕۆحدا، هەیە و ئامادەیە. ئێمە دەبێ ئەوەی لە تواناماندایە بیخەینە کار تا گوندەکەمان، ئەم پوورە گچکەیە بە کاریگەری عیشقی ئیلاهیی ببوژێتەوە و ببێتە نموونەی ئارەزووی خواستی بەشەری! بزانە کە هەر کارێکی خێر تەنانەت لە دوورترین بیاباندا، لای خەڵکی دونیا دوور نامێنێتەوە.

مانۆلیۆس سەری هەڵبڕی و لە باوکە فۆتیسی نۆڕی. ڕوخساری بی خوێن و تەنکی قەشە وەك بڵێی لە تاریکایی شەودا ئارنگ بدا، دەستەکانی وەك دوو مەشخەڵی هەڵایساو بەرەو ئاسمان دەشەکینەوە.

مانۆلیۆس وروژاو لەوەی کە دەیبینی، گوتی:

– هەر پیاوێك بە تەنیا دەتوانێت دونیایەك ڕزگار بكات. باوكە، كاتێك ئەم خەیاڵە لێم دەدات لەرز دامدەگرێت. لەرز لەم هەموو بەرپرسیارییە؟ لەرز لەوەی كە بەر لە مردن دەبێ چ بكەین و كام ڕێگە بگرینە بەر؟

وایگوت و بێدەنگ بوو. شەو گەییبووە نیوە. پیرێژنان ئاگریان كردبۆوە، شێویان لێدەنا و منالآنی برسی لە دەوریان كۆببوونەوە و چاوەڕێیان دەكرد. مانۆلیۆس بە سەرپەنجەكانی، بە ئەژنۆی باوكە فۆتیسیدا كێشا و قەشە بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە لە فیكرەوە چوو. دواجار مانۆلیۆس پرسی:

– باوكە، چۆن دەتوانرێت خودا خۆش بویسترێت؟

– كوڕەكەم، بە خۆشویستنی ئینسانەكان.

– ئەدی چۆن دەتوانرێت ئینسانەكان خۆش بویسترێن؟

– بە بەرخۆدان بۆ ڕاكێشانیان بەرەو ڕێگای ڕاست.

– ئەدی ڕێگەی ڕاست كامەیە؟

– ڕێگەیك كە بەرەو سەرەوە دەڕوات.

# 14

سبەینێی ئەو ڕۆژە لای نیوەڕۆ ئاغا لە ئەزمیرەوە گەڕایەوە. ئەو بە تەنیا نەگەڕابۆوە بەڵکو کوڕە جوانکیلەیەکی بە سواری ئەسپە شێیەکەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابۆوە. کوڕەکە خاوەن دەموچاوێکی مۆن و کێوییانە و بەهێز دەینواند. ئەو بنێشتی نەدەجوو بەڵام بەردەوام برسی و هەمیشە دەیخوارد و دەیخواردەوە. ئەو گۆرانی (دونیا خەو و خەیاڵە، ئەمان ئەمان) ی نەدەگوت بەڵام هەرارهەرای زۆر دەکرد، جنێوی دەدا، بیانووی دەگرت و ئەمری بەسەر ئاغادا دەکرد. ئاغایش پەرۆشانە دەچوو بەپیرییەوە و بە چاو نەوازشی دەکرد. وی ناوی برایم و بە برایمۆك بانگیان دەکرد. تەمەنی پازدە ساڵ و تووکێکی زۆر لەبەری لێویدا ڕووابوو.

ئاغا ئەوی لە گەڕەکێکی بەدناو کە چرایەکی سوور بە دەرگای هەر ماڵێکییەوە هەڵواسراوە، بە داوەوە کردبوو.

کوڕەکە وردەواڵە فرۆش بوو، بستە، قرژاڵی سوورەوەکراو، گوڵەیاس و شتی لەمجۆرەی لەنێو سەبەتەیەك ناو و دەیفرۆشت. کە دەبووە عەسر پیاوان لە پیر و گەنج، جوولەکە و موسوڵمان و مەسیحیی بەو چوخمەیەدا دەهاتن و دەچوون و ساتگەلێکیان لە بێخەبەریی دەگوزەراند. ژنان لەبەردەرگای ماڵەکانیان ڕادەوەستان و بە میکیاژی تۆخ و دزێو، نیوەڕووت، زەردەخەنە لەسەر لێو و جووڵەی وروژێنەر، خۆیان نمایش دەکرد.

ئاغا کاتێ براییمی بینی، بەدڵیدا چوو، نزیکی بۆوە و پێشنیاری خۆی بۆ کرد. براییم کەوتە چەنە و دواجار مامەڵەکەیان جۆر بوو. ئاغا ئەسپە شێیەکی بە دەستێك جلکی نایابەوە، کاتژمێرێکی زیونی زنجیردار، شووشەیەك عەتر، کیسەیەکی گچکە گوڵە مێخەك و دارچینی بۆ کڕی. یەکەمجار بۆ حەمامی برد و ئەمری کرد جوان سەر و لەشی بشۆن و لە ئاوی حەمامەکەدا زەیتی بۆنخۆشی لێدەن. ئەوسا بۆ سەرتاشی برد، قژی بۆ تاشی و عەتری لە سەر و ڕووی پڕژاند. پاشان بە

یەکێك لە هاوڕێ دێرینەکانی خۆی کە موسوڵمانێکی گەندەڵ بوو سپارد، تا چاو و گوێی بکاتەوە و دەرسی پێویستی دابدا.

کاتێك برایمۆك باش دەرس درا و ئامادە بوو، ئیدی ئاغا بۆ قەڵەمڕۆی خۆی هێنایەوە.

مارتا یەکەمجار بە بۆڵەبۆڵ پێشوازیی کردن، بەڵام کاتێك لە برایمۆك وردبۆوە، بە گاڵتەجاڕییەوە لەدڵی خۆیدا گوتی:" ئەم حەرامزادەیەی دەیبینم تا کەمتر لە دوو مانگی تر شیلەی ئاغا دەردەکێشێت ..."

ئاغا هەرکە لە حەوشە لە ئەسپەکەی دابەزی، پرسی:

- مارتای لەعنەتی هەواڵ چییە؟ کەس نەمردووە؟ کەس هاوسەرگیریی نەکردووە؟ وەزعی درەو و ترێ ڕنین چۆن بوو؟ پاتریارکاس و باوکە گریگۆریس هێشتا زیندوون؟ ڕۆمییەکان لێکبەرنەبوون و چاوی یەکدییان دەرنەهێناوە؟ سەیرە! هەر دەڵێی ساڵانێکە لێرە نەبووم!

ئەوسا ڕووی کردە برایمۆك و تێهەڵچۆوە:

- .. ئەم پیرێژنە ناوی مارتایە، کارەکەری ئێمەیە. ژنێکی باشە، کەیبانوویەکی باشیشە. هەم سەرڕاستە و

هەم نهێنیی پارێز ... کەمێك کۆمە، بەڵام پێی ڕادێیت. هەرکارێکت پێخۆشە دەتوانیت لەگەڵیدا بیکەیت، دەتوانیت دارکاری بکەیت، سواری بیت و بیکوژیت. هی خۆتە!

برایمۆك لەژێر لێوەوە مڕاندی. چنگی بە کۆمییەکەی پیرێژندا کرد و قاقای لێدا:

– ئەم وشترە بەکەڵکی چ دێت؟ پیرۆزی خۆت بێت!

وایگوت و چووە ژوورەوە تا لە شوێنی ژیانی خۆیدا نیشتەجێ بێت.

ئاغا گوتی:

– مارتا لەدڵی مەگرە، ئەلعان ئەو وەك جوانووە ئەسپێك جووتە دەهاوێژێت و قەپاڵ دەگرێت، کێوییە. تۆ نابێ هیچی پێبڵێیت. منیش هیچ ناڵێم. دەبێ حەوسەڵەت هەبێ مارتا گیان. حەوسەڵەت هەبێ تا ماڵیی دەبێ.

برایمۆك پیاسەیەکی بە ماڵەکەدا کرد و هەمدیس گەڕایەوە حەوشە و لە ئاغای پرسی:

- لەم ئاواییەدا ژنی جوانیش هەن؟ دەبێ ڕۆژێك هەموویان بهێنیت سەمام بۆ بکەن تا لەنێوانیاندا یەکێکیان بۆ خۆم هەڵبژێرم.

ئاغا ڕاچڵەکی و وەڵامی دایەوە:

- ئاه، نە، هەرکارێکت دەوێ بیکە بەڵام ئەمەیان نا! لێرە هەموویان ڕۆمیین و نامەوێت سەرئێشە دروست بێت. خەریکی ئیشی خۆتبە!

جوانووە ئەسپی کێویی بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

- خۆی دەبێ ئەوان خەریکی ئیشی من بن ... هێی پشت کۆم، فراوین بێنە برسیمە!

ئاغا هەناسەیەکی هەڵکێشا و یوسفۆکی کەوتەوە یاد. ئاخر یوسفۆك دەمی هەبوو بەڵام قسەی نەدەکرد. دەتگوت:" بیڵێ!" دەیگوت ... دەتگوت:" سەبیل داگیرسێنە!" دایدەگیرساند، دەتگوت:" وەرە بنوو!" دەنووست... بەڵام ئەمەیان بەمانای وشە شەیتانە، بەڵام حەرامزادەیە ئێسکی سووکە!

ئاغا گوتی:

- باشه برایمۆك گیان. کەمێك ئارامت هەبێ هەموو شتێك بەدڵی خۆت دەبێ ... مارتا بجووڵێ مریشکێکمان بۆ سەر ببڕە!

سەعاتێك دواتر ئاغا و کوڕەکە دوای خواردنی فراوینی تەواو، هاتنە ژووری و دەرگایان لەسەر خۆیان داخست. کاتی عەسر ئاغا شەکەت بەڵام خەنی و بە چاوانێکی ئاوساوەوە هاتە دەرێ و مارتای بانگ کرد:

- بڕۆ، لە زمانی منەوە بە پاترپارکاس بێژە کە بێ زەحمەت تا ئێرە بێت، دەمەوێ قسانی لەگەڵدا بکەم. برایمۆك دەڵێ دەیەوێت سەمای ژنانی ئاوایی ببینێت. ناتوانم ئەو ئارەزووەی ڕەت بکەمەوە. زووکە خۆت بگۆڕە و بڕۆ!

مارتا خۆی گەیاندە ماڵی پاترپارکاس. دەرگای گەورەی حەوشە کرابۆوە و سەگەکان لێیەوە دەهاتنە ژووری و دەچوونە دەرەوە. کارەکەرەکان سینی و قاپی خواردنیان کۆدەکردنەوە و دەیانشتن و ماڵەکەیان گسك دەدا.... لێنێو لەگەڵ شووەکەیدا ڕۆیشتبوو تا

لەکوختەکەی مانۆلیۆسدا نیشتەجێ ببن و ماڵەکەی بە پووره مادلینا سپاردبوو، ئیدی لەوە بەدوا ئەو بوو کە سەرپەرشتی کارەکەرەکانی دەکرد و هەموو شتێکی ماڵەکەی لە ئەستۆ دەگرت، توورەکەیەکی پێبوو کە هەرچی بە دەستەوە هاتبا، گا بە نهێنیی و گا بە ئاشکرا تێیدەکرد و هەندێك جاریش بە پێپلیکانەکانا سەردەکەوت و سەرێکی لە خودان دەدا.

ئەو ڕۆژە خودان وەزعی باش نەبوو. نیوە ئیفلیج لە خەو ڕاپەڕی بوو. نە دەیتوانی باسکی ڕاستی بجوڵێنێ و و نە پێی ڕاستی و دەمیشی نیوە ئیفلیج ببوو. هەرجارێك کە مادلینا دەیبینی، دەیگوت:

– هیچ نییە خودان هیچ نییە! نیگەران مەبە. خۆم دەتشێلم و چاك دەبێت. دەبێ سەرمات بووبێ ...

بەڵام پیرەمێرد چاوی بڕیبووە پەنجەرەکە و ئاو بە لالغاوەیدا دەهاتە خوارەوە.

مادلینا چاوی بە مارتای پیر کەوت کە هاتە ماڵەوە. بە پەلە بەرەو پیری چوو تا نەهێڵێ بۆ هەر کوێیەکی

ماڵەکەی پێخۆش بێت، بڕوات. هێند ئیرەیی پێدەبرد کە تەنانەت حەزی بە بینینی قلافەتیشی نەبوو:

– مارتا چ بووە؟ هەمدیس چ بەڵایەك بەسەر ئاواییدا هاتووە؟ ئاغا گەڕاوەتەوە؟ قسە بکە بزانم چ بووە؟ تۆ کە زەندەقت بردووم؟

– ئارام بگرە هەی پیرێژنی دەمدرێژ! دەمەوێ خودان ببینم. هەر دەبێ بیبینم!

– لەخۆڕا پێچەقیچنیی مەکە! ناتوانیت بیبینیت! چونکە وەزعی باش نییە و ئیفلیج بووە. بە دوای کوڕەکەیدا ناردوویەتی. سەکتە لێیداوە و بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرێت. ئاو بە دەم و فڵقیدا دێتە خوارێ و قسەی هەڵیت و پڵیت دەکات. ناتوانیت بیبینیت!

– هەی پیرێژنی خەڵەفاو لێگەڕێ بە چاوی خۆم بیبینم ئەگینا ئاغا باوەڕ ناکات.

– نا، ناهێڵم بچیت بۆ لای!

– چۆن ... دەڕۆم!

ئیدی دەستیان لەیەك کردەوە. ژنانی کارەکەر کەوتنە خۆ و لە یەکدییان کردنەوە. پیرێژنی پشت کۆم دواجار

توانی خۆی بگەیەنێتە پلیکانەکان و وەکی جاڵجاڵۆکە کە لەسەر داوەکانی خۆی جێگۆڕکی دەکات، بە پەلە سەرکەوتە سەرێ، دەرگای ژوورەکەی خودانی کردەوە و چووە ژوورێ. خودانی پیر تەماشایەکی کرد بەڵام نەجووڵا. پیرێژنی گچکە گوتی:

– خودان من مارتام. ئاغا سلاوی هەیە و داوا دەکات سەرێکی لێبدەیت. دەیەوێت قسانت لەگەڵ بکات.

خودان سەری بەرەو لای پیرێژن وەرگێڕا، لێوی جووڵاند تا شتێك بڵێ بەڵام قسەکەی بێ واتا بوو. مارتا نزیکی تەختەنوێنەکە بووەوە کە لەو کاتەدا پوورە مادلینا بە تووڕەیی هاتە ژوورەوە. مارتا ئەوی وەلانا و سەری بەرەو لای پیرەمێرد دانەواند:

– چیت گوت خودان؟

پیرەمێرد لێوی جووڵاند. مادلینا ڕووی کردە پیرێژنی پشت کۆم و گوتی:

– دەڵێت بڕۆ بۆ دۆزەخ!

بەڵام پیرێژن پێچەقێنیی کرد و پرسی:

– خودان چ بە ئاغا بێژم؟

پیرەمێرد جارێکی دی لێوی جووڵاند و مادلینا هەمدیس ڕووی کردە پیرێژن:

– دەڵێت ئەویش بچێت بۆ دۆزەخ!

پیرێژنی پشتکۆم سەری لەقاند، نزیکی تەختەنوێنەکە بۆوە، سەری بەرەو لای نەخۆشەکە دانەواند و گوتی:

– خودان، ئاغا پەڵپێکی تری لە ئاوایی گرتووە. جەنابی مناڵێکی تازەی لە ئەزمیرەوە هێناوەتەوە و دەیەوێت ئاوایی ئاگر تێبەردات. پێدەچێ کوڕەی بێ شەرم هەوەسی هەستابێ و دەیەوێت هەموو کچانی ئاوایی لەژێر دارچنارەکەی گۆڕەپانی گونددا کۆببنەوە و سەمای بۆ بکەن تا هەرکامێکیانی ویست بۆ خۆی هەڵیبژێرێت ... خودان دەبوو کاتێکی تر نەخۆش کەوتبایت!

چاوانی پیرەمێرد گرد بوونەوە، خوێن زایە ڕوخساری و بە هەموو توانای هاواری کرد:

– هەرگیز!

وایگوت و ئیدی بێهۆش بەسەر تەختەنوێنەکەدا کەوت.

پووره مادلینا بە ناڵەناڵەوە گوتی:

– خەریکیت دەیکوژیت. بڕۆ وونبە!

ئەوسا کۆمییەکەی مارتای گرت و لە ژوورەکە کردییە دەرەوە. ئینجا بۆ گوێ تەختەنوێنەکەی خودان گەڕایەوە و بە کافور کەوتە شێلانی. نەخۆشەکە کەمێك ئارام بۆوە و چاوی کردەوە:

– بە باوکە گریگۆریس بڵێ دەمەوێ بیبینم!

وایگوت و زوو بەزوو چاوی لێکنا. لە هەمان کاتدا دەرگاکە کرایەوە، میکیلیس پێی نایە ئەمدیوەوە و لەکاتێکدا کە بەرەو تەختەنوێنەکە دەچوو، بە پیرێژنی گوت:

– بچۆ دەرەوە!

پیرێژن داوودەرمانەکانی کۆکردنەوە و ژوورەکەی جێهێشت. میکیلیس بەچاوانێکی فرمێسکاوی، بێ جووڵە لە باوکی دەنۆڕی. ڕوخساری کەف ولیکاویی خودانی پیر وەك ڕوخساری مردوو ڕەنگپەڕیو. غەبغەبە گۆشتنەکەی چرچ و بەسەر ملیدا کەوتبوو، لێوە ئیفلیجەکەی شۆڕ.

پیرەمێرد چاوی کردەوە. کوڕەکەی بینی، زەردەخەنەی هاتێ، دەستی چەپی بەرەو لای بردە پێشەوە و بە چرپە گوتی:

- ئاه، تۆ لێرەیت!

میکیلیس دانەوییەوە و دەستی ماچ کرد. پیرەمێرد دیقەتی لە کوڕەکەیدا. نیگایەکی نائومێدانەی هەبوو کە ماڵئاوایی تێیدا شەپۆلی دەدا. بە دەنگێکی لاواز گوتی:

- دیدار بە قیامەت!

وایگوت و هەموو توانای خۆی گرد کردەوە تا بتوانێت بەڕەوانیی قسان بکات:

- کوڕەکەم، من دەڕۆم. ئیدی سفرەی خوانم قەد کردووە و خەریکم بەزیای دەکەم. کارم تەواو. ئەگەر خراپییەکم بەرامبەر کردوویت ئەوا بمبوورە. باوك هەمیشە فەرزەندی خۆی خۆش دەوێ و ئەمە عیشقە کە زۆرجاران وشەی گونجاوی بۆ نادۆزرێتەوە. من تەنها یەك داوام لەتۆ هەیە ...

- بلێ باوکە!

- ماریۆری ...

بێدەنگ بوو. ئارەقە بە نێوچەوانیدا زەنگۆڵەی بەستبوو. کوڕەکە بەسەریدا دانەوییەوە و بە دەستەسڕ ئارەقەکەی بۆ سڕی.

– ... گوایە ماریۆری تووشی نەخۆشییەکی خەتەرناك بووە. ئەگەر مەزەندەم ڕاست بێت ئەوا نابێت تۆ ئەو بێنیت. چونکە خوێنمان ئاڵودە دەکات ... گوێت لێیە؟

– گوێم لێیە باوکە!

– تکاکەم جێبەجێ دەکەیت؟

میکیلیس بێدەنگ بوو.

– ئەمە تەنها داوایەکە لە تۆم هەیە. قەبوڵی دەکەیت؟ ئەگەر دەتەوێت بە خەیاڵێکی ئاسوودە بمرم ئەوا قەبوڵی بکە!

پیرەمێرد بۆ چەند چرکەیەك لە کوڕەکەی وردبۆوە. سەرەنجام کوڕەکە وەڵامیدایەوە:

– بەڵێ.

پیرەمێرد چاوی لێکنا و بە چرپە گوتی:

– جگە لەمە داوای ترم نییە!

میکیلیس بەرەو لای پەنجەرەکە چوو. شەو دادەهات. گوندنشینان شەکەت لە ترێ ڕنین دەهاتنەوە. کیژانی جحێڵ گۆزە لەسەر شان و بە چرپە چرپەوە تێدەپەڕین.

لاداسی پیر کووڕ و پێ پەتی و دەستی سوور بە شیلەی ترێ لە کۆڵانەوە تێدەپەڕی. خودانی پیر تەکانێکیدا و هەناسەیەکی هەڵکێشا. میکیلیس لای بۆ کردەوە و باوکی بە ئیشارەت داوای لێکرد نزیکتر بێتەوە:

– مەڕۆ. ئارام بگرە!

– ناڕۆم باوکە، بنوو.

دەنگی گۆرانی چڕینی کیژێك لە دەرەوە و لەلای چالاوی قەدیس ڤاسیلییەوە دەگەییە گوێ. گۆرانییەکە عاشقانە و بەسۆز دەینواند و لە دڵێکەوە هەڵدەسا کە تامی ماچ و ئامێزگیریی نەچەشتبوو. میکیلیس دەسگیرانەکەی کەوتەوە بیر. ئەمیش دەیویست بە هاوارەوە گۆرانییەکەی خۆی ئامێتەی گۆرانیی کیژەکە بکات. کوتوپڕ چاوی بە باوکە گریگۆریس کەوت کە بە

ڕیشە دوو پەلکەکەیەوە ئەسقەف ئاسا بەرەوماڵیان دەهات.

میکیلیس بۆ ئەوەی باوکی وەئاگا نەهێنێتەوە لەسەر نووکی پێ لە ژوورەکە چووە دەرێ و لە ڕاڕەوەکە لە چاوەڕوانیی قەشەدا ڕاوەستا. کاتێ قەشە بە هەنگاوی قورس و قڵافەتێکی بەشکۆ لە پێپلیکانەکان دەهاتە سەرەوە، پرسی:

– باوکە پزیشکەکان چییان گوت؟

– کوڕەکەم شتێکی ئەوتۆ نەبوو. تا مانگێکی تر بەتەواوەتی چاك دەبێتەوە.

وایگوت و لەنێو دەرگا کراوەکەوە تەماشایەکی ژوورەوەی کرد و گوتی:

– ... لەوە دەچێ نەخۆش بێت؟ پەیامی ناردبوو بۆ سەردانی بێم.

– وەزعی باش نییە باوکە. بڕۆ ژوورەوە. نابێ وەئاگای بێنینەوە.

بەڵام خودان نەنووستبوو، دوای ژنەفتنی وتووێژی بەچرپەی نێوانیان، بە ئەسپایی گوتی:

- سڵاو باوکە.

- خودان چ بووە. هیچ نییە. شەهامەتت هەبێت!

- ڕاست دەکەیت باوکە. هیچ نییە. تەنها خەریکە دەمرم. وەرە لەبەردەمما دانیشە گەرەکمە لەگەڵتا بدوێم. میکیلیس تۆیش وەرە پێشتر.

پاشان ورد و لەسەرخۆ کەوتە گێڕانەوەی بەزمی پەیامەکەی ئاغا و ئەوەی کە یوسفۆکی تازە، هەوەسی تەماشاکردنی سەمای کیژانی ئاوایی هەستاوە و دەیەوێت یەکێکیان لێهەڵبژێرێت.

باوکە گریگۆریس لە جێگەکەی ڕاپەڕی و هاواری کرد:

- هەرگیز! مردنیان باشترە.

میکیلیس کە کەمتر لە قەشە نارەحەتتر نەببوو، گوتی:

- هەموومان مردنمان باشترە.

پیرەمێرد کە ئیدی گیانی دەدا، گوتی:

- بە ئەرکی خۆتان هەستن. من ئیتر لە پاڵتانا نابم. میکیلیس جێی من دەگرێتەوە.

خودان چاوی لێکنا و لەهەمان کاتدا دەستی بۆ لای باوکە گریگۆریس ڕایەڵ کرد:

– ... ئەمشەو بۆ ئەنجامدانی ڕێو ڕەسمی مەرگ وەرە بۆ ئێرە.

قەشە بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و کاتێك بینی میکیلیسیش بەدوایدا دێت، گوتی:

– میکیلیس تۆ لە تەختەنوێنەکەی دوور مەکەوە. وەزعی باش نییە. خودا خۆی ئاگای لێی بێت!

پاش تاوێك بێدەنگیی گوتی:

– من هەر لێرەوە یەکڕاست بۆ بینینی ئاغا دەڕۆم تا قسەی لەگەڵدا بکەم. خودا لەم نەنگە ڕزگارمان بکات!

میکیلیس بۆ لای باوکی گەڕایەوە و کاتێ ڕوخساری چرچ، لێوی کەج، گۆنای بەقووڵاچوو و قژی سپی پۆشراو بەئارەقەی وی بینی، لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەم مرۆڤە باوکی منە؟ هەمان خودان پاتریارکاسی بەهێز و جوان وەك قەدیس ژۆرژ؟ بە پیادەیش لە سوارە دەچوو. بێ حیساب دەیخوارد و دەینۆشی و لە خانم و کارەکەرەوە تا ڕاهیبە و گۆشەگیرانی فریو دەدان و ماڵی ئەموئەوی پڕ لە مناڵانی زۆڵ دەکرد.

سەعاتەکان تێدەپەڕین. ئاوایی لە شیرینە خەودا بوو. قەشە بۆ بیستنی ددانپیانانی خودانی پیر گەڕایەوە، گوناهەکانی بەخشین، لەسەر نوێنەکەی دۆعای خوێند و هەمدیس میکیلیس تەنیا لەگەڵ جەستەی قورس و بێ هەستی باوکیدا مایەوە ... سپێدەی بەیان دەنگی قروسکەی سەگێك بەرزبۆوە. میکیلیس لەجێگەکەی ڕاچڵەکی، هەستا و بەرەو لای پەنجەرەکە چوو. ئاسمان ڕووناك دەبۆوە. درەخت و مەل و ئاو هێشتا لە خەودا بوون. ئارامییەکی قووڵ کە تەنیا بە قروسکەی سەگەکە دەشکا، باڵی کێشابوو. پاتریارکاسی پیر بە ژنەفتنی قروسکەی سەگەکە چاوی کردەوە و ئیزراییلی باڵ ڕەشی بەژوور تەختەنوێنەکەیەوە بینی. ئیدی هاوارێکی کپی لێهەستا و بەبێ چ کەمترین بەرگرییەك خۆی بەدەستییەوەدا.

دەرگای ژوورەکە کرایەوە، باوکە گریگۆریس هاتە ژوورێ، چووە نزیك تەختەنوێنەکە و دەستی نایە سەر دڵی پیرەمێرد. دڵی لەلێدان کەوتبوو. ئەوسا ڕووی کردە میکیلیس و تووڕە بەڵام بەدەنگێکی گیراو گوتی:

- تۆ ئەوت کوشت. بەڵێ تۆ!

میکیلیس سەری هەڵبڕی، چاوی بڕییە چاوی قەشە، بەڵام چ وەڵامێکی نەدایەوە.

یەکێك لەو کۆڵەگانەی کە پارێزگارییان لە لیکوڤریسی دەکرد، داڕوخا. هاواری: (پاتریارکاسی پیر وەفاتی کرد!) ماڵ بە ماڵ دەڕۆیشت و ئاوایی ڕادەچڵەکاند. ئاغا کە تازەکی لە خەو هەستاو و بە چاوانێکی نیوە لێکنراوەوە لەبانیژە دانیشتبوو، هەوڵیدەدا ڕوداوەکانی شەوی پێشوو و ئەو خەونانەی کە بینیبوونی، بەیاد بێنێتەوە. کاتێ هەواڵی مردنی خودانی لە مارتا بیست، ڕاچڵەکی و بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

- مرد؟ کۆڵەگەکە ڕووخاو ئاوایی لەق بوو؟ واتە خەونەکەم ئەوەندە قورس بوو چ دەنگێکم نەبیست؟ نەفرەت لە شەیتان!

پیرێژن گوتی:

– کاتێ دوێشەو دەنگی قروسکەی سەگەکانم ژنەفت بەخۆم گوت بێشك ئیزرایل هاتووە تا ڕۆح لە کەسێك بسەنێت هەر بۆیە ئاوها لە ترسا دەقروسکێنن!

ئاغا لە کاتێکدا قاوەکەی هەڵدەقوڕاند، گوتی:

– پیاوێکی باش بوو. بێگومان دەچێتە بەهەشت، چونکە باش دەیخوارد، باش دەژیا و کەمێکیش خۆشگوزەران بوو. بەڵام حەیفێك داماوە موسوڵمان نەبوو تا بێتە بەهەشتەکەی ئێمەوە و دەستی بە پڵاوخواردن ڕابگات. هەی پاتریارکاسی بەدبەخت، دەبوو کارێك بکەیت بێیتە بەهەشتەکەی ئێمە، هەڵبەت ئێستا بۆ شتێکی ئاوها زۆر درەنگە!

براییمۆك بە قژی بژ و چاوانی خەواڵوو پەیدابوو. ڕستی بیری ئاغا بە بینینی خاڵە نەخشینەکەی ژێر ملی پچڕا. ئاغا پەرۆشانە دەستی ڕایەڵ کرد و قژی بژ و خاڵەکەی گەردنی نەوازش کرد. کوڕەکە نائومێدانە دەستی ئاغای وەلانا و پرسی:

– ئەدی کەنگێ ژنەکان دەڕەقسن؟

– توخودا ئەوەندە پەلە مەکە! دڵنیابە ئارەزووەکەت دەهێنمە دی. بەڵام نابێ کارێ بکەین ئاگر لە ئاوایی بەر بێت .. دوێنێ شەو قەشە بۆ سەردانم هات و گوتی:" ئاغا! نەنگێکی ئاوام لێ داوا مەکە کە ئاگر لە ئاوایی بەر ببێ. کەمێك ئارام بگرە تا خۆمان ڕێگەچارەیەکی بۆ دەدۆزینەوە ..." هەر بۆیە برایمۆك گیان کەمێك سەبرت هەبێ، ڕۆژی جێژن کیژەکان بێ ئەوەی ناچاریان بکەین، خۆیان دەرەقسن و تۆیش دەیانبینیت ...

هەروا کە دەدوا هەڵشاخا و هاواری کرد:

– ... باشە من تۆم بۆ ئێرە هێناوە تا ژنت بۆ بێنم؟

لەو ماوەیەدا، جەنازەی پاتریارکاسیان هێنایە حەوشە، دەرگای ماڵ خرایە سەر پشت و گوندنشینان بەپەلە دەهاتن تا دوایین ماڵئاوایی لێبکەن. گوندنشینان خەراپیەکانی وییان بیر خۆ بردبۆوە، تەنها بیریان لە باشییەکانی دەکردەوە و تەنانەت پانایۆتیسە زلە لەکاتی ماچکردنی جەنازەکەدا نەیتوانی بەر لە فرمێسکەکانی بگرێ و لەکاتێکدا کە لێوە

ئەستوورەکانی لەسەر نێوچەوانی بە سەهۆڵبووی دانا، بەچرپە گوتی:" بمبوورە خودان هیوادارم خودا لە تۆیش ببوورێت!" لاداسی پیریش هات و بە نیگا تیژەکەی کەوتە پشکنینی کون و قوژبنی ماڵی خودان و لە زەینی خۆدا بۆ تەماشای ڕیزی بەشکۆی ڕەز و کیڵگە و باغی زەیتوون و میوەکانی خودان دانیشت، ئەوسا بە هەناسە هەڵکێشانەوە بەخۆی گوت:" حەیف بۆ ئەم هەموو سەروەتە. میکیلیس هەمووی بە با دەدا. دەبێ چاو و گوێم بکەمەوە. ئای خۆزیا لە قەشە نەدەترسام!"

پوورە مادلینا دەیویست بکەوێتە گریان و شیوەن، لەچکەکەی لە سەری کردبۆوە و قژی ژاکاندبوو، بەڵام میکیلیس بە ئاماژەیەکی فەرماندەرانە بەری پێگرت و گوتی:

– ناڵە و هاوار مەکە!

لەکاتی بەخاکسپاردندا، مامۆستا نوتقیدا و بەر لە پێشەکی کەوتە باسکردنی مێژووی گرێکلاندی دێرین. پاشان ئاماژەیدا بە پێشەوایانی گەورەی وەك میلیتیاد و تیمیستوکل. کەوتە گێڕانەوەی شەڕەکانی میدیکس.

پاشان ئاماژەی بە ئەسکەندەری گەورە و وەدیارکەوتنی مەسیحدا. دوایی چمکێکی لە ئیمپراتۆری بێزانس بەیان کرد و بە دوورودرێژی باسی کڵێسای قەدیس سوفی، هێرشی تورکان و بولغارییەکانی کرد و بە گێڕانەوەی ڕزگارکردنی کوستانتینییە بە ترۆپکی خرۆشان گەییشت، ئارەقەی کردەوە و هۆن هۆن کوڵی گریانی بەربوو. کاتێك کەوتە ژێر کاریگەری هەستی نیشتیمان پەروەرییانەوە، هاواری کرد:" کوستانتینییە دوای چەند ساڵ بێ یان چەند سەدە، دووبارە هەر دەبێتەوە بەهی خۆمان!" وایگوت و ئیدی قریوەی شادومانیی لە حەشاماتی ئامادەبووانەوە بەرزبۆوە. ئەوسا ئارەقەی لە ڕوخساری سڕی و بە ئاماژەوە باسی کۆیلایەتی گرێکییان و شۆڕشی 1821 و بە خۆدزینەوەیەکی ئازایانە گەڕایەوە لای گۆڕەکەی بەردەمی و خودان پاتریارکاس.

مامۆستا کە لەسەفەری درێژ و گوزەری بەنێو سەدەکانا شەکەت ببوو، بە بێدەنگییەکی کورت هەناسەی نوێ کردەوە و شووشەی ئارەقەکردووی چاویلکەکەی سڕی.

پاشان هاتە سەر ستایشکردنی مەرحوم و بە هاوار گوتی:

– خوالێخۆش بوو ژۆرژ پاتریارکاسیش لە نەسلی گرێکییانی دێرین بوو. وی نەسلی ئیمپراتۆرانی گەورەی بێزانس و فەرزەندی شایستەی قارەمانانی شۆڕشی 1821 بوو! ئەم خودانە شەریفە پاشکۆنامەی جاویدانیی ڕەگەزی گرێکییە واتە بەرخۆدانی ئینسان لەپێناوی ئازادییدا! لە کاتی خەتەردا یەکەمین کەسێك بوو کە سینگی دەکردە قەڵغانی گوللە و هەمیشە ئامادەی گیانفیدایی بوو. ژۆرژ پاتریارکاسیش وەکی ئەسکەندەری گەورە مەشخەڵی هەڵایساوی بیرمەندیی بڵێسەدار ڕادەگرت و مۆڵەتی نەدەدا بەربەرەکان پشکۆی نەژادی گرێکیی لە دڵی ئاسیادا بکوژێننەوە. ئەگەر ژۆرژ پاتریارکاس فەرزەندێکی شایستەی وەك میکیلیسی لەدوای خۆی جێنەهێشتبا تا سونەتی قارەمانانەی بەرەبابان پەیڕەو بکات ئەوا ئێمە دوچاری بەڵایەکی وا دەبووین کە قەرەبوو نەدەکرایەوە ...

گوندنشینان بۆ چەند ساتێك باوەڕیان بە قسەکانی مامۆستا کرد. بۆ یەکەمین جار پێیان وابوو پاڵەوانێکیان لەدەستداوە و ئیدی کوڵی گریانیان بەربوو .. میکیلیس بێ جووڵە لە گوێ گۆڕەکە ڕاوەستاو و لە داچوونی تابووتەکەی بۆ دڵی خاك دەنۆڕی. ئەو هێشتا بیری لە قسەکانی قەشە دەکردەوە کە گوتبووی:" تۆ ئەوت کوشت! تۆ!..."

دواجار یاناکۆس و کوستانتیس چوونە ژێر باڵی و هەرسێکیان بێدەنگ بۆ ماڵی کوڕەی باب مردوو گەڕانەوە. لە ماڵیشەوە سەدای قسە سەرسوڕهێنەکانی قەشە هێشتا لە گوێیدا دەزرنگایەوە:" تۆ ئەوت کوشت! تۆ!"

کە دەرگای گەورەی ماڵەکەیان لەسەر خۆیان داخست، میکیلیس چووە حەوشە، چووە ئەو جێگەیەی ڕێك بەیانی جەنازەکەی باوکی لێبوو، بە ئەرزەکەدا کەوت و ماچی کرد. ئەوسا بە یەك گوڕ هەستا و باسکی کردەوە. وەك بڵێی بیەوێت سەما بکات. هەستی شادومانییەکی نائینسانی و لە وەسف بەدەر کە لە قووڵایی دڵیدا ڕەگی

هەبوو، قووڵترین گۆشەی بوونی لەخۆ گرت. گەرچی وەك هەر ئینسانێك بە ڕوواڵەت بۆ مردنی باوكی دەگریا و چاوانی فرمێسكاویی بوون، بەڵام لە ناوەوەڕا و لە قووڵایی بوونیدا هەستی بە شادومانی و ڕەهایی دەكرد. دوای ماوەیەك مادلینای بانگ كرد و گوتی:

- سێ فنجان قاوەمان بۆ بێنە و پاشان دەسبەجێ بڕۆ كەڵەبابە سپییەكە سەر ببڕە و فراوینمان بۆ ئامادە بكە!

هاوڕێكانی سەرسوڕماو و نیگەران تەماشایان دەكرد. چاوانی میكیلیس سوور بەڵام نەوای قسەكردنی ڕاشكاو و شادومانانە بوو. سەری بەهەموو كون و قوژبنێكی ماڵەكەدا دەكرد. گوایە یەكەمین جار بوو ماڵەكەی دەبینی. چووە ئەمبارەكان، سەری كوپەڵەكانی هەڵدایەوە، بە تەنەكەكانیدا كێشا تا لە پڕییان دڵنیا بێ و دەرگای سنووقەكانی كردنەوە ... پاشان لەسەر مێزی فەراوین دانیشت، یاناكۆسی لای ڕاست و كوستانتیسی لای چەپی خۆیەوە دانیشاند. جامی شەرابەكانی پڕ كرد. جامەكەی خۆی هەڵگرت و گوتی:

- ئەوەی کاکی مامۆستا لە گۆڕستان لەبارەی باوکمەوە گوتی درۆ بوو. باوکی من قارەمان نەبوو، هەرگیز سینگی خۆی نەکردبووە قەڵغانی گوللە. ئەو هەرگیز بڕیارێکی ئازایانەی نەداوە و کەسێك بووە عەیشونۆش ویست وخۆشگوزەران .. بەڵام قسەکانی کاکی مامۆستا لەبارەی نەژادی گرێکییەوە هەمووی ڕاست بوو. هەر گرێکییەك هەژار بێت یان نەخوێنەوار هەمدیس دەبێ خۆی ئاغای خۆی بێت و بەرپرسیارییەکی گەورەی لە ئەستۆیە. هەر گرێکییەك گەر بۆ جارێکیش بێت ئەگەر لە ژیانیدا بڕیارێکی ئازایانە نەدا ئەوا خیانەتی لە نەژادی خۆی کردووە. کە قسەکانی کاکی مامۆستام ژنەفت سەرنجمدا ئەگەر منیش بە ڕێگەی باوکمدا کە هاسانترین ڕێگەیە بڕۆم ئەوا ڕووبەڕووی خەتەرێکی گەورە دەبمەوە. لە هەمان شوێندا پەیم بە ئەرکی خۆم برد و هەنووکە دەمەوێ هەمان ئەو ڕێگەیە بگرمە بەر کە نەژادی ئێمە هەزارانساڵە گرتوویانەتە بەر.

یاناکۆس کە خرۆشاو گوێی ڕادێرابوو، پرسی:

- میکیلیس کام ڕێگە؟

- ڕێگەی بەرەو ژوورکە! هەر بۆ ئەمەیشە دەمەوێ داوا لە ئێوە دوو هاوڕێی هاوبیرم بکەم کە شتێك هەیە بۆم بکەن. ئێمە هەرسێکمان بۆ چیای ساراکینا بۆ لای مانۆلیۆس و باوکە فۆتیس دەڕۆین. من لە تەواوی شەودا کە بەدیار باوکمەوە بووم لێکدا لێکدا گینگڵم دەدا، بەڵام نەگەیشتمە چ ئەنجامێك. بەڵام ئەمڕۆ لە گۆڕستان بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆمدا. ئەمشەو کاتێ هەر پێنجمان لەچیا لەدەوری یەك کۆبووینەوە، بڕیارەکەمتان پێدەڵێم و داواتان لێدەکەم یارمەتیم بدەن.

*

خۆرئاوا ببوو. باوکە فۆتیس و مانۆلیۆس لەبەر ئەشکەوتەکە دانیشتبوون و وتووێژیان دەکرد. ئەو دووە گوندەکانی ناوچەکەیان لەپێوە دابوو تا کار بۆ یارانی خۆیان بدۆزنەوە و ئیدی دوای ڕێپێوانێکی دووروودرێژ لەژێر هەتاوی سوتێنەر و تەپوتۆزی بیاباندا، شەکەت و ماندوو گەڕابوونەوە. لەکاتی گەڕانەوەشیاندا

کریستۆفیسی پیریان بینیبوو، لەوەوە هەواڵی مردن و بەخاکسپاردنی خودان پاتریارکاسیان بیستبوو. پیری هێسترڤان گوتبووی:" دواجار کارخانەی حەرامزادەسازیی وەستا و ژنانێکی زۆر بێوەژن کەوتن! خۆتان خۆش بن جوانکیلەکان!" کاتێکیش لێیان پرسیبوو:" بابا کریتۆفیس خودان بە چی مرد؟" وەڵامیدابوونەوە:" وەك بیستوومە لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی کیژەکەیدا دوو بەچکە بەرازی بە یەکەوە خواردوون و ویستوویەتی قەلێکی سوورەوەکراویش لووشدات کە ئیدی قۆڵی ڕاستی ئیفلیج بووە. ئیدی لەسەر تەختەنوێنەکەی خەواندوویانە و ڕۆژی دوایی جەنازە وشکهەڵگەڕاوەکەیان بینیوەتەوە. کاکی مامۆستا لە گۆڕستان نوتقێکی ڕێك و حیسابیدا و جەنازەکەیشی گوڵباران کرد. هەڵبەتە من یەك وشە لە قسەکانی نەگەیشتم، بەڵام لەبەرئەوەی کە هەمووان دەگریان، بۆیە منیش کەمێك فرمێسکم بۆ ڕشت و وەك ئەوانیدی مشتێك خۆڵم بەسەر گۆڕەکەیدا کرد. پێموایە ئینتەلای کردووە و بەچکەبەرازەکان دووایین خواردنی بوون.

دەبێ بۆ ئارامیی ورگی دۆعا بکەین!" بەر لەجێهێشتنی ئەوان و دوای چرکەیەك دوودڵیی، بە قاقای پێکەنینەوە تێهەڵچووبۆە:" باوکە فۆتیس، بیستوومە دەرگای بەهەشت زۆر تەنگە و خەڵکانی قەڵەو ناتوانن لێوەی ڕەتبن. خۆشبەختانە ئێمە هەرسێکمان لەڕ و لاوازین و بەو دەرگایەدا دەچین. کەواتە بژی هەژاریی!" وایگوت و ئیدی ڕێی خۆی گرتبووە بەر. هەنووکەیش باوکە فۆتیس لەبەر ئەشکەوتەکە بە مانۆلیۆسی گوت:

– گەرچی باوکە کریستۆفیس کەسێکی قسە ڕەقە، بەڵام ڕاست دەکات. خەڵکانی سەروەتمەند کێشەیە بتوانن ڕزگار بن. سەروەتمەند تەنانەت گەر باشیش بێت چونکە ئامادە نییە دارایی خۆی بەسەر خەڵکانێکی هەژار کە نان نییە بیخۆن، دابەشکات و هەمیشە پابەندی نەریتی ناپەسەندە، بۆیە توانای ڕزگار بوونی نییە. دەوڵەمەند ئازایەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ واقیعدا نییە. دەبێ بزانین میکیلیس چ دەکات. من چاوەڕێی ئەوەم!

مانۆلیۆس گوتی:

– من متمانەم بە میکیلیس هەیە.

– خودا لێتی ببیستێت! بەڵام من لە ژیاندا ئەم شتانەم زۆر بینیون!

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە سێ هاوڕێکە گەییشتن. قەشە و مانۆلیۆس هەستان و پێکەوە گوتیان:

– میکیلیس خۆت خۆش بیت. خودا ڕوحمی پێبکات!

ئەوسا هەر پێنجیان دانیشتن و بێدەنگ بوون تا دواجار میکیلیس کەوتە قسە:

– باوکە، برایان و یارانی من، باوکم مرد و من بۆ مردنەکەی گریام، چونکە بەشێك لە جەستەی بووم و دڵم بۆی ژانی کرد. بەڵام – خودایە بمبوورە – هەست دەکەم ئازاد بووم و وەك بڵێی بارێکی قورس لەسەر سینگم لاچووبێت. لەمڕۆ بەدواوە دەبی خۆم وەڵامگۆی کارەکانی خۆم بم و پێموایە بۆ ئەمە دوو ڕێگەم لەبەردەمدایە. یەکێکیان ئەو ڕێگەیەی کە باوکمی پێدا ڕۆییشت و ئەویتریشیان ڕێگەیەکی دژوارتر، واتە ڕێگەی مەسیح. ئەمڕۆ لە گۆڕستان ڕێگەی خۆم هەڵبژارد و ئەمشەویش بۆ

ئێرە هاتم تا لە بڕیارەکەی خۆم ئاگادارتان بکەم. داوا لە تۆ ئەی باوکی ڕۆحانی و ئێوە ئەی هاوڕێیان دەکەم، یارمەتیم بدەن.

ئەوسا بێدەنگ بوو، دەستی بە نیشانەی داوای یارمەتیی نایە سەر ئەژنۆی باوکە فۆتیس.

قەشە دەستی وی لەنێو دەستە ئێسکنەکانی خۆیدا گوشیی و گوتی:

– کوڕی خۆم، ئێمە هەموومان لەم هەلومەرجە دژوارەدا لە پاڵتاین. کەواتە متمانەت پێمان بێت و قسان بکە!

– باوکم هەزاران دۆنم ئەرز و بێشومار دارمیوەی لە باوکییەوە بە میرات بۆ مابۆوە و باپیرە گەورەم لە باوانییەوە! بنەبابانی من پشت بەپشت کەڵکیان لەم ئەرزو باغانە وەرگرتووە و جارناجارێك پارووییەکیان بەشی هەژاران داوە و خۆشنوود مردوون چونکە پێیان وابووە ئەرکی ئینسانی خۆیان بەجێهێناوە. منیش تا ڕۆژێك کە خودا بەهۆی مانۆلیۆس و باوکە فۆتیسەوە چاوانی

کردمەوە هەروا بیرم دەکردەوە. بەڵام خودا ڕێنوێنیی کردم و پەیم بە ڕاستییەکان برد و لە مانای ڕەنج و عەزاب حاڵیی بووم. ئەز ئەمڕۆ بڕیارمداوە کە سەروەتەکەم بەسەر هەژاراندا دابەشکەم و چ شتێ بۆ خۆم گل نەدەمەوە. باوکە، من تەواوی دارایی خۆم دەدەمە خەڵکی ساراکینا. وەرە و هەمووی وەربگرە!

چوار هاوڕێکە بە سەری نەوییەوە گوێیان ڕادێراو و کاتێکیش قسەکانی میکیلیس تەواو بوو، سەریان هەڵبڕی و ماوەیەکی درێژ بەهەمان شێوە مانەوە. کوتوپڕ بێدەنگیی شەو، بەقوڵپی گریانی باوکە فۆتیس شکا. یاناکۆس توانای لەدەستدا، لەجێگەکەی ڕاپەڕی، میکیلیسی بە باوەشی خۆیەوە گوشی و ویستی قسان بکات بەڵام هیچ بە زاریدا نەهات، ئیدی ناچار کەوتە پێکەنین و سەما و دواجار گوتی:

– منیش گوێدرێژەکەم دەبەخشمە خەڵکی ساراکینا. چ بکەم باوکە کە جگە لە گوێدرێژەکەم چ شتێکی تر شك نابەم. وەرە و ئەوەش لە من وەرگرە!

باوکە فۆتیس هەستا، هەرتك دەستی خستنە سەر سەرە نەوییەکەی میکیلیس و گوتی:

- کوڕی خۆم، من لە ژیاندا تاڵیی و تفتییەکی زۆرم چەشتووە، بەڵام هەنووکە هەموویم لەبیر کرد! میکیلیسی ئازیزم، ئومێدەوارم خودا پاداشتی خێرت بداتەوە. تۆ گیان و عیززەتی هەزاران پەنابەری ئەم چیایەت ڕزگار کرد. من تۆ تەقدیس دەکەم!

مانۆلیۆس دەگریا و هێشتا سەری بەرز نەکردبۆوە. ئاخر هەرگیز بەژیانی خۆی، تەنانەت ئەو ساتەیشی کە لە ماڵی ئاغا هاتە دەرێ و بەرەو لای دارچنارەکە دەچوو تا لەدار بدرێت، هێند هەستی بە شادومانیی نەکردبوو. ئەو بەڕوونی هەژموونی تۆوی کەلامی مەسیحیی بەسەر سەروەتگەلی دونیاییەوە دەبینی، تێپەڕین بە ڕێی خودادا زۆر هاسانە کاتێك مرۆڤ هیچی نەبێت، بەڵام کاتێك مرۆڤ خاوەنی هەموو شتێك بێت، کارێکی لەوجۆرە دژوار خۆی دەنوێنێت. ئیدی میکیلیس دەیویست سەروەتەکەی بکاتە قوربانی.

مانۆلیۆس شادومان و وروژاو و سەربەژێر دانیشتبوو و توانای قسەکردنی نەبوو ... بەڵام دواجار هەستا و میکیلیسی بەخۆیەوە گوشی و ماچی کرد.
کوستانتیس بەتەنیا تەماشای دەکرد، گوێی ڕادەدێرا و دڵی دەگوشرا:" من نە هیچم داوە و نە کارێکم کردووە. من لەپێناوی مەسیحدا نە دەستم لە منداڵەکانم هەڵگرت و نە لە ژنەکەم! من چ کارێکم نەکردووە .. هیچ!"

شەوێك بوو لە شەوە جوانەکان. هەیڤ ئارام و دەم بە پێکەنین بۆ سەرەوە هەڵدەگژا و شەهدی شیریی ڕەنگی خۆی بەسەر ساراکینادا دەپژاند.

میکیلیس بێدەنگ لە هەیڤ و ڕۆشناییە میهرەبانەکەی دەنۆڕی و بەخۆی دەگوت:" من چ کارێکی بەنرخم نەکردووە .. هیچ! ئەوەی کردوومە لە ڕووی بەخشندەییەوە نەبووە بەڵکو لەبەر ترس بووە. ناشێ من سەبەبکاری مردنی باوکم بم و لە گوناهێکی گەورەوە گلابم؟ دەبێ هەموو شتێکی خۆم بدەم تا ڕۆحم ئازاد بێت، فەرامۆش بکەم و بتوانم بنووم و

ئیدی ئەم ڕستە وەحشەتناکانەی:" تۆ ئەوت کوشت! تۆ!" نەژنەڤم.

سبەنێی ئەو ڕۆژە هەواڵی بەخشینی سەروەتەکەی میکیلیس بە خەڵکی ساراکینا، وەکی بۆمب گوندی هێنایە لەرزە. باوکە گریگۆریس بە سۆڵەوە، بەبێ پشتوێن و کڵاو و بە قژی بژەوە، هاتە کۆڵان و بەرەو ماڵی خودان ڕایکرد تا میکیلیس ببینێت. دەرگای ماڵ کرابۆوە، بە یەك گوژم چوار پلیکانەی بە یەکێك بڕی و میکیلیسی لەکاتێکدا کە لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو و سەرقاڵی نووسین بوو، خافڵگیر کرد. میکیلیس خەریك بوو نامەی بۆ ماریۆری دەنووسی و بە زەحمەت گوشاری بۆ زەینی دەهێنا تا بە یارمەتی وشەکان دەسگیرانەکەی تێبگەیەنێت کە هەم شێلگیرانە خۆشی دەوێ و هەم ناچاریشە دەسبەرداری بێت. لێکدا لێکدا دەینووسی، دەیکوژانەوە و هەمدیس دەینووسی، بەڵام ڕستەکانی بێئەندازە گرژ و زبر دەبینین. ئاخر مەگەر دەیتوانی ڕستەگەلێك بنووسێت کە هەم تەڕوبڕیی

عیشقی تێدابێ و هەم دەربڕی قەهری جودایی بێت؟"
ئاخر (هەمیشە) و (هەرگیز) تەواوێك لە یەکتری جوێ بوون و وی لە دووی وشەیەك بوو تا ئەو دووە لەخۆ بگرێت.

ڕێك هەر لەو کاتەدا بوو کە باوکە گریگۆریس بە هەناسە بڕکێوە، وەکی گێژەڵووکەیەکی ترسناك هاتە ژوورێ و هاواری کرد:

- میکیلیس ئەم ڕیسواییە تازەیە چییە ناوتەتەوە؟ بیستوومە تەواوی سەروەتەکەت بە سواڵکەرانی ساراکینا بەخشیوە. چ کارەساتێکە! ئەرێ ئەمە ناو دەنێیت چی؟

میکیلیس نامەکەی قەد کرد و بێ ئەوەی وەڵامی قەشە بداتەوە، خەمین لە چاوانی نۆڕی.

- ... کەواتە تۆ چ ڕێزێکت بۆ ناو و یادەوەریی باوکت نییە؟ ئەوت کوشت بەس نەبوو، ئێستایش دەتەوێت جەستەشی هەتك بکەیت و بەسەر پێ پەتیی و بێکاراندا دابەشی کەیت؟ مەگەر تۆ لە خودا ناترسیت؟

- باوکە ڕێك لەبەرئەوەی لە خودا دەترسم ئەم کارە دەکەم. مەسیح دەڵێت:" تەنها گوێڕایەڵیی لە فەرمانەکان بەس نییە. ئەگەر دەتەوێت بۆ مەلەکوتی ئاسمان بڕۆیت ئەوا دەبێت سەروەتی خۆت بفرۆشیت و بەسەر هەژاراندا دابەشیکەیت!" دەی منیش گوێڕایەڵی فەرمانەکەی مەسیح بووم و ئیدی نازانم بۆچ ڕەخنەم لێدەگریت؟"

باوکە گریگۆریس وەکی ئاژەڵێکی تووڕە دەڕۆیشت و گازی لە دەستی خۆی دەگرت.

- ... باوکە بۆچی وەڵامم نادەیتەوە. ئایا من گوێڕایەڵی فەرمانی مەسیح بووم یان نا؟ بڵێ یان نا؟ وەڵام بدەرەوە!

- تۆ بناخەی کۆمەڵگە هەڵدەتەکێنیت. ئەمە تەنها شتێکە دەیزانم. وەڵامەکەم ئەمەیە کە ئەڵقەی دەسگیرانی کیژەکەم بدەوە. من ئیدی نامەوێت کچ بدەمە تۆ. تۆ بە زوویی توورەکەی سواڵ لە کۆڵ دەنێیت و دەکەویتە کۆڵانەکانی ئاوایی.

میکیلیس لەسەرخۆ وەڵامیدایەوە:

- باوکە ئەمە گرینگ نییە. لەبری ئەوە ڕێگەی مەلەکوتی خودا دەدۆزمەوە. ئاخر مەگەر ئەم ژیانە چ بەهایەکی هەیە؟
- تۆ شێت بوویت. نازانیت چ دەڵێیت. تۆ گەلحۆیت!
- باوکە من مەسیحیم. ئەمە و هیچی تر نا!
- من دەچمە سەر مینبەر و تۆ و مانۆلیۆسی مامۆستات تەکفیر دەکەم. ئێوە هەردووکتان خایینن. تەنانەت باوکە فوتیسی دز فیترەتیش تەکفیر دەکەم. ئەو نایەوێت چاوانت بکەیتەوە. من نهێنیی ئەنگۆ دەزانم.

میکیلیسی جحێڵ پرسی:

- نهێنیی؟ نهێنیی چی؟
- ئێوە بەڵشەویکن! ئێوە لە مۆسکۆوە دەستوور وەردەگرن تا چوار کۆڵەگەکەی دونیا کە ئایین و نیشتیمان و خێزان و موڵکییەتە تێکوپێکدەن! مانۆلیۆسی دزیش سەرۆکتانە. باوکە فوتیسی ڕیش بزنیی دۆزەخییش دەستوورەکانی مۆسکۆی لە قاڵبی ئینجیلی نوێدا لەگەڵ خۆیدا هێناون!

- کەوتە مەسیحیش بەڵشەویک بووە؟
- بەڵێ، ئێوە بە ناشیرینکردنی ڕوخساری مەسیح، ئەویشتان بەڵشەویک کردووە. ئەمە لە کاتێکدا کە مەسیحەکەی ئێوە لە ڕاستیدا دژە مەسیحە.

میکیلیس کە ئیدی حەوسەڵەی لەدەستدابوو، قەدی ڕاست کردەوە:

- ئەوە ئێوە قەشەکان، ئەسقەف و موڵکدارانن کە بە ناشیرینکردنی مەسیح، پیرێکی سووخۆر، دوو ڕوو، ئاگری بن کا، دز و درۆزن و ترسنۆکی وەک لاداسی پیرتان لێ دروست کردووە کە لەسەر قاسە پڕ لە زێڕە ئینگلیزی و تورکییەکانی تلیساوە و بۆ پاراستنی سەروەت و گیانی خۆی سەودا و مامڵە لەگەڵ دونیادا دەکات!

قەشە تفی لە دیوارەکە کرد و نەڕاندی:

- کەوتە جەنابی میکیلیس شەڕمان لە دژ ڕادەگەیەنێت؟
- من شەڕ لە دژتان ڕاناگەیەنم. من بیر لە عەدالەت دەکەمەوە. بەڵام ئەگەر ئێوە شالاومان بۆ بێنن ئەوا

له دژتان دەجەنگین. مەسیحی ڕاستەقینە لەگەڵ ئێمەدایە و دەبینن ڕۆژێك ساراکینای ئەسپێیاویی بەسەر لیکوڤریسی دەوڵەمەندا سەردەکەوێت!

قەشە لە جێگەکەی ڕاپەڕی، وەك ئەوەی پەی بە نهێنییەك بردبێ بە نێوچەوانی خۆیدا کێشا و گوتی:

– سەیرە! کەواتە لەبەر ئەوەیە کە کێڵگە و خانووەکانی خۆت بەسەر پەنابەرانی ساراکینادا دابەش دەکەیت تا بتوانن جێگە پێی خۆیان لە ئاواییدا بکەنەوە و ئیدی ڕۆژێك ئێمە لێرە وەدەرنێن! بەڵام بزانە ئەوانە هەرگیز پێ ناخەنە ئەم ئاواییەوە و وەزعەکە بەو جۆرە نابێت کە بیری لێدەکەنەوە! گەر پێ بێننە پێشێ ئەوا ئێمە پاشەکشەیان پێدەکەین. باغی زەیتوون و میوە و کێڵگەکانی تۆ ئیدی ئاودێری ناکرێن و دەبنە ئەرزی وشك و بێ بەر. من دەست هەڵدەبڕم و سوێند دەخۆم کە ڕۆژی یەکشەممە لەسەر مینبەرەوە تەکفیرتان دەکەم!

وایگوت و به بەیەکدادانی دەرگاکە، ژوورەکەی جێهێشت!

میکیلیس لەبەر پەنجەرەکەوە تەماشای وی دەکرد کە بە خشاندنی سۆڵەکانی بە ئەرزەکەدا و لەکاتێکدا کە با خۆی بەژێر جبەکەیدا دەکرد، حەوشەکەی بڕی و کاتێك لە دەرگاکە دەچووە دەرێ، جبەکەی لەچوارچێوەی دەرگاکە گیرا و کشا. سەرەنجام قەشە لە پێچی کۆڵاندا دیار نەما و میکیلیس گوێی بۆ قروسکەی سەگەکان هەڵخست کە لە ترسی قەشە ڕایاندەکرد.

کەمێك دواتر هەمدیس لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتەوە و کەوتەوە نامە نووسین بۆ ماریۆری. ئیدی وشەکان بە هاسانی دەهاتنە زەینییەوە. بۆ دەسگیرانەکەی نووسی کە چۆن باوکی لەبەر پەیڕەویی کردن لە فەرمایشتەکانی مەسیح و ئەوەی کە موڵك و ماڵی بەسەر هەژاراندا دابەش کردووە، بەربۆتە جنێو پێدانی و ئەوەشی خستە سەر کاغەز کە ئەمیش چی وەڵام داوەتەوە... پاشان کەوتە باسکردنی عیشقی بێ

ئاڵووالآی خۆی. بۆ دەسگیرانەکەی نووسی کە شەو و ڕۆژ لە یادیدایە و ژیان بەبێ وی وشك و برینگ و بێ ڕۆحە. هەرچی زیاتری دەنووسی هەستی دەکرد عیشقی فەراوانتر دەبێ و نائاگا پەی بەوە برد کە دڵی پڕ بووە لە عیشقێکی تازە و لەوەوبەر نائاشنا. دەیبینی ژیان بەبێ ماریۆری چ واتایەکی نییە و ئیدی فرمێسك زایە چاوانی و گوتی:" نەمدەزانی تا ئەم ئەندازەیە خۆشم دەوێت ..."

لەهەمان کاتدا باوکە گریگۆریس چوو بۆ لای براکەی، مامۆستای گوند و لاداسی پیر و دەوڵەمەندانی تری ئاوایی، بارودۆخی نوێی بۆ باسکردن و لەو خەتەرە گەورەیەی ئاگادار کردنەوە کە خۆی بۆ لە بۆسە نابوون. ئاگاداری کردنەوە بەوەی دەبێ دوژمن نابووت بکرێت بەرلەوەی دزە بکاتە نێو ئاواییەوە. تەنها مامۆستا نارەزاییەکی شەرمنانەی نواند بەڵام ئەویش لەژێر کاردانەوەی توندی براکەیدا خۆی بەدەستەوەدا.

بڕیاردرا ئەو ڕۆژەی خەڵکی ساراکینا بۆ وەرگرتنی موڵکەکانی پاتریارکاس دێن، بە زۆر لە ئاوایی

بیانکەنە دەرەوە و یەکشەممەی داهاتوویش دوای ڕێوڕەسمی مەزەبیی باوکە گریگۆریس بچێتە سەر مینبەر و مانۆلیۆسی سەردەستەیان تەکفیرکا، خۆ ئەگەر تەمبێش نەبوون ئەوا هاوکارەکانی، واتا میکیلیس، یاناکۆس، کوستانتیس و ئەوانی تریش تەکفیر بکات.

کاتێك بەرنامەڕێژیی تەواو بوو، باوکە گریگۆریس بە پەلە بۆماڵەوە گەڕایەوە و بە نامەیەك کیژەکەی لە ڕووداوەکان تێگەیاند. باسی بەلاڕێداچونی دەسگیرانە گێلەکەی کرد و داوای لێکرد میهری ئەو کوڕە لە دڵی دەرکا و گوتی، کاتێك بە ئومێدی خودا چاك بۆوە و بۆ ئاوایی گەڕایەوە ئەوا مێردێکی ئیماندارتر و گونجاوتری بۆ پەیدا دەکا و خەنیی بوونی خۆی بۆ ئەوە دەربڕی کە میکیلیس بەر لە ژنهێنان دەمامکی لە ڕوخسار لابردووە و ناچیزەیی خۆی خستۆتە ڕوو.

ئەوسا پانایۆتیسە زلەی بانگ کرد و گوتی:

- پانایۆتیس زیاتر چاودێری دۆخەکە بکە. ناو بەناو بۆ چیای ساراکینا بڕۆ و گوێیەك هەڵخە و لە ڕەوتی

ڕووداوەکان ئاگادارم بکەوە. ئاخر ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە و مشتی تۆیش ئاسنینە. ڕەنگە بە زوویی پێویستمان پێت بێت.

- من ڕقم لە هەمووتانە، بەڵام زیاتر ڕقم لە مانۆلیۆسی نارەسەن و هاوڕێکانێتی کە لاف بینینی ڕۆڵی مەسیح و حەوارییەکان لێدەدەن. لەبەرئەمە ئامادەم لە خزمەت ئێوەدا بم. بەڵام بزانن کە خۆشییم بە ئێوەیش نایەت.

قەشە دەستی ڕایەڵ کرد تا پانایۆتیس ماچی بکات. بەڵام پانایۆتیس پشتی تێکرد، دەرگاکەی کردەوە و بەر لە ڕۆیشتن گوتی:

- من تا ئێستا دەستی کەسم ماچ نەکردووە و پێڵاوی کەسیشم نەلستۆتەوە!

بەیانی یەکشەممەی داهاتوو، خەڵکی ئاوایی لە کڵێسا کۆبوونەوە. هەمووان جلکی نوێیان پۆشیبوو. بەشێکیان نیگەران بوون و هەندێکی تریشیان شادومان دەیاننواند. نەخۆشەکانیش بۆ کڵێسا هاتبوون. تەنانەت منداڵنیشیان لەگەڵ خۆیاندا

هێنابوون تا بیئاخننە زەینیانەوە چ بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە لە مەسیح هەڵدەگەڕێنەوە!

کڵێسا لە پوورە هەنگێك دەچوو کە هەنگی گەورە بۆ تالانکردنی هەنگوینەکەی، دزەیان بۆ کردبێت. لاداسی پیر لای سەکۆی تایبەتی ریش سپییانەوە ڕاوەستابوو، خۆی بادەدا و بە شانازیی ئەو ڕۆژە بەشکۆیەوە ئەو پێڵاوانەی لەپێکردبوو کە لە کاتی ژنهێنانیدا لە شار کڕیبووی. ئەو پێڵاوانەی ساڵی لە جارێك زیاتر لەپێنەدەکرد ئەویش لە جێژنی زیندووبوونەوەدا. هێند بەپێی پەتی ڕۆیشتبوو، ئیدی پێکانی لە شێوەی خۆیان چووبوونە دەرێ، پێڵاو ئازاری دەدا و وەك قژقڕە هەڵدەقوونییەوە. هەمیشە لەکاتی دەرچوونیدا لە ماڵەوە، پێڵاوەکانی بەدەستەوە دەگرت، لە نزیك کڵێساوە لەپێی دەکرد و ئیدی دوای ڕێوڕەسمەکە هەمدیس لەپێی دادەکەندنەوە، دەینانەوە بن هەنگڵی و بە پێی پەتی بەرە ماڵ دەبۆوە.

پانایۆتیسیش دوای چەندین مانگ بۆ کڵێسا هاتبوو، ڕوخسارە پڕ ئاوڵەکەی لە شادومانیدا گەشابۆوە.

سیگارێکی نابووه پەنا گوێی تا دوای ژنەفتنی تەکفیر کردنی مانۆلیۆس، بیکێشێت.

پووره مادلینایش نیگەران و ڕەشپۆش هاتبوو تا بەشداری لە ڕێوڕەسمی تەکفیر و تڕۆکردنی برازاکەیدا بکات کە دەگوترا دژە مەسیحە و نەنگیی کارەکانی داوێنی خانەوادە بەڕێزەکەی ئەویشی لەکەدار کردووه. پیرێژن هەمیشە گوتبووی دەرس خوێندن دەبێتە بەدبەختیی برازاکەی و ئەلعانیش خۆشحاڵ بوو کە پێشبینییەکەی هاتبووه دی.

میکیلیس هاتە کڵێسا. وی جلکی پرسەی لەبەردا بوو، ڕەنگی پەڕیو و قژی بژ. شەوانێکی زۆر بوو خەو نەچووبووه چاوی، کاتێ دەمەوبەیانی خەوی لێکەوتبوو باوکی هاتبووه خەونی و بە نەفرەتی کردبوو. یاناکۆس و کوستانتیسیشی لەگەڵدا بوون و چەند هەنگاوێك دواتر ئانتۆنیسی سەرتاش و دیمیترۆسی قەساب بە قڵافەتی کەتەیەوه، ڕاوەستابوون.

دیمیترۆس بە سەرتاشی گوتبوو:

- من به شانازیی ئەم تەکفیرەوە بەرخێك بە عەرددا دەدەم، گۆشتەکەی بۆ ساراکینا دەبەم و لەوێ ئاهەنگ دەگێڕین. تۆیش وەرە و پارووپەك بخۆ!
- دەبێ بڕۆم قژی مانۆلیۆس چاککەم و روخساری جوان بکەم. من هەمیشە ئەشیای ئیشەکەمم پێیە.

مامۆستا لەلای مینبەرەوە ڕاوەستاو و دەموچاوی بەیەکدا دابوو، چونکە بێئەندازە ڕقی لەو ڕێوڕەسمە نا ئینسانییە دەبۆوە و پێیوابوو ئەو دەستپێشخەرییە نادادوەرانەیە لەڕاستیدا تۆڵە کردنەوەیەکی شەخسییە، ئەویش بە پاڵنەری دزێوی بەرژەوەندی خوازیی، بەڵام غیرەتی ئەوەی نەبوو سەر هەڵبڕێ و لێوی ناڕەزایەتیی هەڵبێنێتەوە. ئاخر ئەو هەر لە هەمان تاقی منداڵییەوە هەمیشە برا گەورەکەی دارکاریی کردبوو، لەبەر ئەمە لێی دەترسا و لە تەمەنی شەست ساڵیشدا هێشتا نەیتوانی بوو بەسەر ئەو ترسەیدا زاڵ بێت.

باوکە گریگۆریس بەڕوخسارێکی مۆن و ڕیشی سپیی دوو پەلکییەوە، وەکی پێغەمبەرێك هاتە ژوورەوە، بە

پەلە ڕێوڕەسمی مەزەبیی ڕاییکرد و ئینجا چووە سەر مینبەر. تەواوی گوندنشینان سەریان هەڵبڕی و زەندەقچوو لێیان نۆڕی و ناقوس هێنرایە زرینگە. پێدەچوو ڕۆحێك لە جەستە بێتە دەرەوە و بفڕێت.

باوکە گریگۆریس لەسەر مینبەرەوە بە ڕوانینێکی وشك لە ڕەعیەتەکەی نۆڕی و نەوای قسەی گرمەئاسای لەژێر تاقی کڵێسادا دەنگیدەدایەوە:

– ئەی مەسیحییان، برایان، کڵێسا پشتیرە و ئیمانداران مەڕەکانی ناوین. مەسیح شوانی ڕەوە و قەشە نوێنەری مەسیحە. کاتێك مەڕێك تووشی نەخۆشییەکی درم دەبێت ئەوا شوان بە ناچاریی لە پشتیر دەیهێنێتە دەرێ تا بەر لە گواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ مەڕەکانی تر بگرێت. پاشان مەڕی نەخۆش بۆ جێگەیەکی دوور و سەر خەرەندێك دەبا و بەرەڵای دەکات تا بۆ خۆی بمرێت. گەرچی شوان لەوەی یەکێك لە مەڕەکانی لەدەستدەدات، خەمینە، بەڵام ناچارە بەرامبەر ئەو تاقە مەڕە دڵڕەق بێت تا بتوانێت تەواوی مەڕەکانی تر ڕزگار بکات...

ئەلعان، ئەی مەسیحییان و برایانی من، یەکێك لە مەڕەکانی پشتیرەکەی ئێمە، واتە مانۆلیۆس، نەخۆش کەوتووە. وی لە دژی مەسیح قەدی ڕاست کردۆتەوە، ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بە کەللەیدا بماڵین. وی لە دژی نیشتیمان، ئایین، خێزان و موڵکداریی یاخیی بووە و ئالای خۆی، کە هەمان ئالای سوورە، بەرزکردۆتەوە تا ئێمە لە خوێندا بگەوزێنێت. وی لە مۆسکۆوە فەرمان وەردەگرێت. کەواتە ئیمان، نیشتیمان و شەرافەتی ئێمە لە خەتەردایە. مانۆلیۆس بەڵشەویکە و ئێمە دەبێ تەکفیری بکەین. واتە لە مەڕە ساخەکانی جیاکەینەوە و بەرەو خەرەندی شەیتانی پەلکێشکەین تا بتوانین سلامەتی خۆمان مسۆگەرکەین. من هەر ئێستا لە مینبەر دێمە خوارێ و ئەو لە پشتیرەکە دەکەمە دەرەوە.

پاشان لە مینبەر هاتە خوار. زێوانی کڵێسا بە دەفرێك ئاوی تەبەروکەوە بەرەو لای کەوتە خۆ. قەشە لەو ئاوە تەبەڕوکەی بە هەوادا پرژاند و گرمەئاسا هاواری کرد:

- لێره بڕۆ دەرەوە، هەی کافر بچۆ دەرەوە!

ئەوسا هەنگاوێکی بۆ پێشەوەنا و هەمدیس ئاوی تەبەروکی بە هەوادا پژاندەوە:

- لێره بڕۆ دەرەوە. بڕۆ دەرەوە هەی کافر!

بەو جۆرە تەواوی کڵێسای تەی کرد. وەك بڵێی مانۆلیۆس لە کڵێسا بێ و نوێنەری خودا بیەوێت لەوێ بیکاتە دەرەوە. قەشە تا دەرگای کڵێسا چووە پێشێ و ئاوی بە هەوادا پژاند. گوندنشینان زەندەقچوو لەسەر ڕێی لادەچوون. وەك بڵێی بترسن ئەو ڕۆحە پۆخڵەیان بەرکەوێت کە هەنگاو بەهەنگاو دەکشایە دواوە و دەڕۆیشت تا لە کڵێسا بچێتە دەرەوە.

کاتێك قەشە گەیشتە بەر دەرگا، هەمدیس بە توندی ئاوی بە هەوادا پژاند و ڕووی بەرەو لای گوندنشینان وەرگێڕا:

- ئەی مەسیحییان، برایان، هەموو پێکەوە سێ جار هاوار بکەن:" نەفرەت لە مانۆلیۆس!"

گرمەی ترسێنەری گوندنشینان کڵێسای هێنایە لەرزە و هەمووان سێ جار هاواریان کرد:

– نەفرەت لە مانۆلیۆس!

قەشە بۆ دووایین جار ئاوی بە هەوادا پژاند و هاواری کرد:

– لێرە بڕۆ دەرەوە، بڕۆ دەرەوە هەی کافر!

وایگوت و زوو بەزوو دەرگاکەی داخست. ئامادەبووان هەناسەیەکی ئارامییان هەڵکێشا. وەك بڵێی شەیتانیان ڕاونابێ و هەوا پاقژ بووبێتەوە.

قەشە گەڕایەوە، لە نێوەڕاستی کڵێسادا ڕاوەستا و هاواری کرد:

– برایان، ئەی مەسیحییان، لەمڕۆوە کەس لە مانۆلیۆس نزیك نەبێتەوە! کەس بۆ پێدانی پارووە نانێك و پەرداخە ئاوێك دەست بەرەو لای ڕایەڵ نەکات! نابێ هیچ کەس بۆ سلاو لێکردنی لێو هەڵبێنێتەوە! هەر کەسێك ئەوی بینی سێ جار تف لە عەردەکە بکا و بە ڕێگەیەکی تردا بڕوات! ئاخر ئەو لە مەسیح هەڵگەڕاوەتەوە و مەسیحیش ئەو لە خۆی دەتارێنێ. ئەو لە دژی ئایین، نیشتیمان، خێزان و موڵکداریی هەڵگەڕاوەتەوە کە ئەم

چوارەیش ئەو ئافەرۆز دەکەن. دوورکەوە! دوورکەوە! هەی شەیتانی مەلعون دوورکەوە و لە بڵێسەکانی دۆزەخدا بسووتێ! ئامین!

ئامادەبووان بە ئاماژەی شادومانیی و نەفرەت نەڕاندیان:

– ئامین!

نارەتەی پانایۆتیس گڕتر و گوێ کاسکەرتر لەوانی تر دەگەییە گوێ:

– ئامین!

لە هەمان کاتدا تاقە دەنگێك بە ئارامیی لە کڵێساوە بەرزبۆوە:

– باوکە، مانۆلیۆس بەتەنیا نییە. منیشی لەگەڵدام. منیش تەکفیر بکە! من میکیلیس پاتریارکاس!

زوو بەزوو دەنگێکی لەرزۆك گەییە گوێی ئامادەبووان:

– منیش هەروەها. من، یاناکۆسی دێوەرەی نامەبەر! منیش لەگەڵ ئەودام!

– منیش لەگەڵ ئەودام. من، کوستانتیسی چایچی!

فەزای کڵێسا گرژ بوو. گوندنشینان دەوراندەوری سێ هاوڕێکەیان چۆڵ کرد و بە تەنیا جێیانهێشتن. هاواری باوکە گریگۆریس کڵێسای هێنایە لەرزە:

– نۆرەی ئێوەی پەیام گەیەنەرانی شەیتانیش دێت! پەلە مەکەن! کڵێسا بە حەوسەڵە و بەخشندەیە و دەرفەتی تۆبە و پەژێوانیتان دەداتێ. تووڕەیی عیسا ئارامانە بە ژوور سەری مەردوومەوە چاوەڕوانیی دەکێشێت. سزای ئێوە بە بەخشندەیی پەروەردگار دەسپێرم!

یاناکۆس هاواری کرد:

– باوکە، خودا لەنێوان ئێمەدا داوەریی دەکا و ئێمە تەنها پشت بەو دەبەستین، نەك بە تۆ!

قەشە کە پریشکی ئاگر لە ڕوخساری دەباری، نەڕاندی:

– پەروەردگار لە زوبانی منەوە داوەریی ئێوە دەکات. من قەشەی لیکوڤریسی و دەنگی خودام!

میکیلیس گوتی:

- باوکە دەنگی خودا دڵی ئینسانەکانە و دڵی ئێمەیش پاکە!

وایگوت و ڕووی بەرەو لای دوو هاوڕێکەی وەرچەرخاند:

- با بڕۆین برایان. ئێمە دەبێ خۆڵی لیکوڤریسی لە پێوپلی خۆمان بپروێنین! خواتان لەگەڵ ئەی خەڵکی لیکوڤریسی!

هیچ دەنگێك نەدەهات. ژنان بە ترسەوە خاچیان کێشا، تفیان قووتدایەوە و بە چرپە گوتیان:

- خودایە ڕوحممان پێبکە!

میکیلیس هەمدیس گوتی:

- خواتان لەگەڵ ئەی خەڵکی لیکوڤریسی! مەسیحی ئێمە هەژار و ڕەنجدیدەیە. ئەو لە دەرگایماڵەکان دەدا کەچی کەس دەرگای بە ڕوودا ناکاتەوە. بەڵام مەسیحەکەی ئێوە دەوڵەمەندە و نێوانی لەگەڵ ئاغای تورکدا خۆشە. دەرگای ماڵەکەی خۆی بە ڕووی هەمووانا داخستووە و هەمیشە خەریکی خواردنە. مەسیحە قەڵەوەکەی ئێوە بە شەیپوورەوە

ڕایدەگەیەنێ:" دونیا بە هەمان ئەو تەرزەی کە هەیە باش و شەرافەتمەندانە و دلۆڤانە. من دونیام بەو وەزعەی کە هەیەتی خۆشدەوێ و هەر کەسێك قامکی بۆ تێکوپێکدانی نەزمی ئەو دونیایە هەڵبڕێ تەکفیری دەکەم!" بەڵام مەسیحی پێ پەتییان بە بینینی خەڵکی برسیی و عەزاب چەشتوو هاوار دەکات:" دونیا نادادپەروەرانە، نا شەرافەتمەندانە و بێ ڕوحمە و دەبێ بگۆڕدرێت!"

باوکە گریگۆریس جبەکەی هەڵکرد و بەرەو لای سێ هاوڕێکە هێرشی برد:

– هەی بەڵشەویکینە! لە ماڵی خودا بچنە دەرەوە! بۆ دەرەوە!

گوندنشینان جووڵەیان تێکەوت. لاداسی پیر لەسەر سەکۆکە بازیدایە خوارەوە. پانایۆتیس مشتی هێنایەوە یەك و هاوار لەهەموو لایەکەوە بەرزبۆوە:

– بۆ دەرەوە! بچنە دەرەوە! بۆ دەرەوە!

یاناکۆس ویستی هێرش بەرێت بەڵام میکیلیس قۆڵی گرت:

- وەرە با بڕۆین. خودا خۆی داوەریی دەکات.

وایگوت و لەگەڵ یاناکۆس و کوستانتیسدا لە کڵێسا چوونە دەرەوە. ئانتۆنیسی سەرتاش و دیمیترۆسی قەسابیش لە کڵێسا چوونە دەرەوە و بە مەودایەك لەدوای ئەوانەوە کەوتنە ڕێ. لەناکاوێکڕا هاوارێکی بەسۆ لەپشت سێ هاوڕێکەوە بەرزبۆوە:

- هێی کوستانتیسی کافر. گەرەکتە ژن و مناڵەکانت بەرەڵاکەیت و بڕۆیت؟

کوستانتیس ئاوڕی دایەوە و کاتێك چاوی بە هاوسەرەکەی کەوت کە بە پرچی ژاکاو بەرەو لای ڕادەکات، تووشی دوودڵیی بوو، بەڵام یاناکۆس بە زۆر ڕایکێشا و گوتی:

- وەرە بڕۆین. ئاوڕ لە دواوە مەدەرەوە.

# 15

باوکە گریگۆریس سەراپا پێکراو بە هەورەبروسکەیەك کە خۆی پێیکردبوو، بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە:" گوڕی قسانی قەشە دەبێ مەرگ خوڵقێنەر بێ و کاتێ کەسێکی تەکفیر کرد دەبێ بەزوویی بمرێت تا کۆمەڵگە لە شەڕی دوژمنەکانی ئاشتیی و دادپەروەریی ڕزگاری بێت!"

وی کەسانێکی بە زەینیدا هێنا کە ئەگەر توانای هەبا دەیکوشتن، یەکەمین کەسێك کە لە هەمووانی بە خەتەرناکتر دەزانی، مانۆلیۆس بوو. چونکە ئەو هیچ جێگەی ڕەخنە نەبوو، نە دزیی دەکرد، نە کوفری دەکرد، نە درۆی دەکرد و نە زینا... هەر بۆیە ئەو یەکەمین کەس بوو. دوای ئەو و تەنانەت هاو سینفی ئەو باوکە فۆتیس بوو، ئەو قەشە ناچیزەیەی پەنابەران کە هێند ڕقی لێی دەبۆوە کە ئەگەر بیتوانیبا ئەوا چاوی دەردەهێنا. ڕقی لە هەموو شتێکی ئەو بوو، لە ڕوخسارە ئێسکنەکەی، لە چاوانی پریشکداری، لە قسەی ئاگرینی، لە قەناعەتی،

له نەفس بەرزیی، له ژیانی بێ ئاڵووالاّ و خۆشەویستییەك کە لەنێو یارانی خۆیدا هەیبوو. ئای خۆزیا توانیبای بە ئەرزیدا کێشا با و بەر لەقەی دابا، ڕیشی هەڵپاچیبا و کەپووی بڕیبا! هەرچی زیاتر لەبارەی ئەو هاوپیشەیەیەوە بیری دەکردەوە کەللەیی دەبوو، بەجۆرێك کە ئیدی نەیدەتوانی بڕیار بدات کە ئەو یان مانۆلیۆس کامیان زووتر بکوژێت. دوای ئەو دووانە یاناکۆس و کوستانتیس هەبوون. ئەوانیش بە لاڕێدا چووبوون و بۆی هەبوو ببنە سەرمەشقی خەڵکانی تر. کەواتە باشتر بوو لە شەڕی ئەو دووانەیش ڕزگاری بێت. ئەدی میکیلیس! کە گەیشتە سەر ئەو کەمێك لە فیکرەوە چوو، لەبەرخۆیەوە گوتی:" سەبارەت بەمەیان دەبێ کەمێك بیر بکرێتەوە..." بەڵام بۆ لاداسی پیر، بێ دوودڵیی دەیکوشت، هەڵبەت نەك لەبەرئەوەی پیسکە و ناڕەسەن و ببووە هۆی بەدبەخت بوونی یەك کۆمەڵ هەتیو، بەڵکو لەبەرئەوەی لە زیندان جنێوی پێدابوو، ناتۆرەی یەسوعیی و بزنە پیری لێنابوو. یەکەمجار ئەم پێنج کەسەی دەکوشت و دوای ئەوە، ڕۆژانە هەر کەسێك

له بەرامبەریدا قەدی ڕاست کردبایەوە لەناوی دەبرد. چەند وردە حیسابێکیشی لەکۆنەوە لەگەڵ ئەسقەف گەورە و قەشەکانی شاردا هەبوو کە دەیتوانی یەکلاییان بکاتەوە و حەقیان لێبکاتەوە ... هەڵبەتە ئەمە هەموو خواستەکانی نەبوون، بەڵکو گەرەکی بوو ژمارەیەك لە هاوڕێیانی تاڤ قوتابخانەی کە ئازاریان دابوو، ئەگەر مابن تۆڵەیان لێبکاتەوە.

باوکە گریگۆریس بە هەناسە هەڵکێشانەوە بەخۆی گوت:" قەشە دەبوو دەسەڵاتێکی ئاوهای هەبایە ..." گوندنشینان پەرتەوازە ببوون. تاقمێك بۆ گۆڕەپانی ئاوایی ڕۆیشتبوون و تاقمێکی تر لەبەردەم کڵێسادا ڕاوەستابوون. هەمووان خرۆشاو و شادومان. یەك تۆز گۆڕانکاریی لە ژیانیاندا ڕوویدابوو. ئاخر ئەوان شاهیدی لەداردانی پیاوێك، مردنی خودانێکی قودرەتمەند، سەربڕینی تورکێك و ڕژانی خوێنی بێوەژنێك بوون و هەنووکەیش لە ڕێوڕەسمی تەکفیر دەهاتنەوە. پانایۆتیسە زلە سیگارێکی پێکردبوو، شادومان لەژێر دارچنارەکەدا ڕاکشاو و لە فیکرەوە چوو

بوو:" هەموو شتەکان بە گوێرەی حەز و ئارەزوو دەڕۆن و نەخشەکەم لەوەدایە سەر بگرێ. هەمووان نابووت دەکەم. لە مەسیحەوە بیگرە تا حەوارییەکانی! دەبێ هەموویان بچن بۆ دۆزەخ!" دوای ئەوەی دووایین مژی لە سیگارەکەیدا و دوکەڵەکەی لە کەپوویەوە هێنایە دەرێ، تفی ڕۆکردە سەر ئەرزەکە و هەستا تا بچێت بۆ کێوی ساراکینا و چاودێری وەزعەکەی ئەوێ بێت.

ئیدی زوو بەزوو ئەو کوێرە ڕێیەی گرتە بەر کە تەنها خۆی بەڵەدی بوو.

لە ڕێگە تووشی بوو بە پەنابەرێکی ساراکیناوە کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی دار و پەلك و گەڵای درەختان بوو:

- سڵاو پیرەمێرد. هەواڵ چییە؟
- کوڕەکەم هەواڵی خۆشم پێیە! ئەدی مەگەر نەتبیستووە کە ئەرزی کشتوکاڵیی و ڕەزیان پێمان داوە تا لە برسانا نەمرین. بە ئومێدی خودا لە سبەینێوە بۆ ترێ ڕنین بۆ لیکوڤریسی دەڕۆین.
- ئێوە بۆ ترێ ڕنین بۆ ئاوایی دەڕۆن؟

- هەڵبەت! ئێمەیش کچان و کوڕانی چاپووکمان هەن. خۆتان سبەینێ دەبینن!

پانایۆتیس ڕێگەی گرتەوە بەر و لە فیکرەوە چوو: "خۆشبەختانە پیرەمێرد لە وەزعەکە ئاگاداری کردم. دەبێ هەواڵەکە بە بزنە پیر بگەیەنم."

گەییشتە گابەردەکەی خۆی کە جێگەی چاودێریی وی بوو. لەوێوە دەیتوانی ئەوەی لە ئەشکەوتەکانا بەڕێوە دەچوو ببینێ، هەر بۆیە لەسەر زگ ڕاکشا و لەکاتێکدا کە دەستی نایە ژێر چەناگەی، بە چوارچاو کەوتە چاودێریی.

*

پێدەچوو باوکە فۆتیس کۆتایی بە ڕێوڕەسمی دۆعا هێنابێ، چونکە زۆر لە پیرەمێردان و پیرێژنان و منداڵان لەبەردەم ئەشکەوتێکدا کە وەك کڵێسا بەکاردەهێنرا دەوری ئەو و مانۆلیۆسیان داو ئەو دووانەش یەك لە دوای یەك قسانیان بۆ دەکردن. پانایۆتیس گوێی

هەڵخستبوو. بە زەحمەت قسەکانی دەژنەفت و تێیان دەگەییشت، بەڵام بەهەرحاڵ لە کاکڵەی قسەکانی مانۆلیۆس حاڵی بوو:" خۆ خودا تەکفیری نەکردووم. باوکە گریگۆریس تەکفیری کردووم و ئەم دووانە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە!"

کەمێك لەولاتر لرفەی ئاگرێکی بینی کە دیمیترۆسی کەتە بەرخێکی بە شیشدا کراوی لەسەر دەخولانەوە، بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو. یاناکۆسیش لایەوە ڕاوەستاو و ناو بەناو بە نوکی چەقۆ، گۆشتەکەی هەڵدەسەنگاند تا بزانێت ئاخۆ برژاوە یان نا. ئەو دووانە لەگەڵ یەکدیدا دەدوان و جار ناجار قاقا پێدەکەنین. کەمێك دوورتر ئانتۆنیسی سەرتاش کەفی لە ڕوخساری پیرەمێردێك دەدا تا ڕیشی بتاشێت. منالانیش دڵخۆش و دەم بەپێکەنین چاوەڕێیان دەکرد تا سەریان بتاشن. کوستانتیس بە یارمەتی دوو سێ پیرێژن کەوتبووە خۆ تا ئاویان بۆ بەرێت.

ڕوخساری پانایۆتیس سوورهەڵگەڕابوو:" سەیرە! خۆ ئەوانە لەخۆیان نادەن! وەك بڵێی ئاهەنگ بگێڕن...

هەی گریگۆریسی لەعنەتی! ئەدی کوا ئەو بروسکەیەی کە دەتگوت لێیاندەدات؟ کوا ئەو کڵپەی ئاگرانەی دۆزەخ کە باست دەکرد؟ ئەی هەش بەسەر!"

کەمێك خۆی خزاندە پێشتر، سەری لەودیو گابەردەکەوە هەڵبڕی و بەخۆی گوت:" میکیلیس لەکوێیە؟ بۆچی نایبینم! هەبێ و نەبێ چۆتە قوژبنێك و بۆ حاڵی خۆی دەگری. حیسابی تەواوە. باوکی مرد، سەروەتەکەی دابەش کرد. دەسگیرانییەکەی هەڵوەشایەوە. داماوە هەتیو کەوت، هەم بێ ژن و هەم بەبێ ڕاخەر!"

دەنگی پێکەنینی دەژنەفت. یەکێك لە پەنابەران ماندۆلینی هێنا و کۆکی کرد. یاناکۆس و دیمیترۆس بەرخەکەیان لەسەر ئاگرەکە داگرت و لەسەر بەردەکانیان دانا. حەشاماتی برسییان کەوتنەخۆ و بە دەوری بەرخەکەدا بازنەیەکیان دروستکرد ... بەشێکیان بە پەقرەجی کۆنەوە کەوتنە تەپڵ لێدان و تاقمێکی تر لە شادومانیدا کەوتنە پێ بە زەویدا کوتان. باوکە فۆتیس چووە پێشێ، خاچی کێشا،

بەرخەکەی بەرەکەتدا و وەك بڵێی نانی تەبەڕوك دابەش بکات، کوت کوتی کرد. دەنگی پێکەنین نەدەبڕا. ماندۆلینژەن سەرقاڵی ژەنین بوو. کوتوپڕ مانۆلیۆس هەستا و لەکاتێکدا کە بە نیگەرانیی لە دەوروبەری خۆی دەنۆڕی، هاواری کرد:

– میکیلیس! هێی میکیلیس!

چ وەڵامێك نەبیسترا. باوکە فۆتیس دەستی دەجووڵاند و هێند وروژاو قسانی دەکرد کە پانایۆتیس بە ڕۆشنی قسەکانی دەژنەفت:

– ڕۆڵەکانم، ڕۆژی شادومانییە! ئەوەی مەسیح پێشبینیی کردبوو ئەمڕۆ بووە حەقیقەت! ئەو دەیگوت:( خۆش بە بەختەوەریتان کاتێك کە مەردوم ڕقتان لێهەڵگرن، تەکفیرتان بکەن، جنێوتان پێبدەن و لەبەر من بە ناحەق بەدگۆییتان پێبکەن! ئەگەر وابوو ئەوا بکەونە شادی و سەما چونکە لە ئاسمانەکانا ئەجرێکی مەزنتان بۆ لەبەرچاو گیراوە!) بەڵێ ڕۆڵەکانم، ئەمە قسەی مەسیحە و ئەمڕۆ کە جنێومان پێدەدەن، تۆمەتمان دەدەنە پاڵ، لەبەر مەسیح ئێمە لەخۆیان

دەتارێنن و مانۆلیۆسی هاوڕێمان لەلایەن قەشەوە تەکفیر دەکرێت، سوپاسی خودا دەکەین، لەبەرئەوەی ئێمە ڕێگەی ڕاستمان هەڵبژاردووە. مەسیح لە پێشەوە دەڕوا و ئێمەیش لەدوایەوە. شادومانیی بکەن و پێ بکوتن، چونکە هاوڕێیانم مەسیح زیندووبۆتەوە.

ئەوسا پەرداخێك ئاوی هەڵقوڕاند و لە قسەکردن وەستا.

پانایۆتیس لەژێر لێوەوە مڕاندی:" هەی بە نەفرەتینە! ئەمانە ئینسان نین، بەڵکو جانەوەرن! ئاخر تەکفیریان کردوون، ناقوسی کڵێسایان بۆ بە زرینگە هێناون، لە کڵێسا کردوونیانەتە دەرەوە، بەڵام هەمدیس پێدەکەنن و لەوەی کە تەکفیرکراون بەخۆیاندا دەنازن ... بۆچ ئەوەندە خۆشحاڵن؟ ئەرێ ئەوە ئیبلیس دزەی کردۆتە پێستیانەوە یان مەسیح؟ کوێر بم ئەگەر سەر لە هیچ دەرکەم!"

وایگوت و سەری بەرزتر کردەوە تا باشتر بژنەفێ کە دەستێك وەك مەقاش پشت ملی گرت. بەتووڕەیی لای

کردەوە. ئەوە میکیلیس بوو کە بەسەریدا نەویبۆوە و بە میهرەبانیی زەردەخەنەی دەهاتێ:

– بۆچ لێرەدا سیخوڕیی دەکەیت پانایۆتیس؟ بۆچ نایەیت لەگەڵ ئێمەدا بەرخی برژاو بخۆیت؟ لەگەڵما وەرە ...

وایگوت و بەئارامیی دەستی کێشایەوە. بەڵام پانایۆتیس وەك ژیشکێك وشك هەڵگەڕا و هاواری کرد:

– نایەم. خواردنی ئێوە ناخۆم. ئێوە تەکفیر کراون و من لەگەڵ ئێوەدا قسە ناکەم. بە تەنیا جێم بێڵن. دەمەوێ بەتەنیا بم!

– پانایۆتیس شەرم ناکەیت؟ تۆ کە پیاو و مرۆڤێکی سەرڕاست و بەشەرەفیت بۆچی چوویتەتە پاڵ ئەو ناڕەسەن و مشەخۆرانە؟ ئەوان تۆیان ناردووە تا سیخوڕییمان بەسەرەوە بکەیت؟

– من لەپاڵ هیچ کەس نیم. ئەدی نابینی کە وەك ورچ بەتەنیا دەژیم؟ لە هەمووتان، چ ئەوانەی کە لەو سەرەوە دەژین و چ ئەوانەیش کە لە خوارەوەن، لە

هەمووتان بێزارم. ئیدی قسان مەکە و بێدەنگبە ئەگینا به قەپاڵ ونجڕ ونجڕت دەکەم!

میکیلیس لەلایەوە لەسەر ئەرزەکە دانیشت:

– پانایۆتیس گیان چیت لێ بەسەر هاتووە؟ چەند مانگێکە بەتەواوی گۆڕاویت. تۆ کەسێکی توندوتیژ بوویت بەڵام شەڕانگێز نەبوویت. کێ خەراپەی بەرامبەر کردوویت؟ خەتای کێیە؟ چ بووە؟

– زۆر شت. خۆت دەزانیت، ئیدی بۆچی دەپرسیت؟ خۆت باش دەزانیت چ بووە!

میکیلیس شەرمنانە پرسی:

– لەبەرئەوەی ڕۆڵی یەهوزایان پێداویت؟ بەڵام برا ئەمە تەنها تەمسیلە. تەمسیلێکی مەزەبی کە هیچ حەقیقەتێکی نییە .. مەگەر مانۆلیۆس لەڕاستیدا مەسیحە؟ مەگەر خودی من دەتوانم هەر بە ڕاستیی یەحیای غوسڵدەر، باشترین حەواری مەسیح بم؟ بۆچ ئاوها بیردەکەیتەوە؟ لەبەرئەوەی ڕیشت سوورە؟

پانایۆتیس کە خەریك بوو لە تووڕەییدا کەللەیی دەبوو، هاواری کرد:

– من ئەم ڕیشەم دەتاشم! بەڵێ من ئەم گەندوگووە دەتاشم!

میکیلیس بەپێکەنینەوە گوتی:

– زۆر باشە، کەواتە لەگەڵمدا وەرە و ڕیشت بتاشە. ئێمە لێرە سەرتاشیشمان هەیە. وەرە و خۆت ئاسوودەکە.

پانایۆتیس ڕاپەڕی:

– نا، من دەبێ خۆم ڕیشم بە ئاگر بسووتێنم، بینێرم بۆ دۆزەخ و خۆیشم بەدوایدا بڕۆم!

میکیلیس جارێکی تر بە میهرەبانییەوە گوتی:

– وەرە لای ئێمە پانایۆتیس تا ببینی کە چۆناوچۆنی هەمووان بە ئامێزی کراوەوە پێشوازیت لێدەکەن. ئەگەر تۆ بێیت ئێمە ئیدی چ شتێکمان لە بەختەوەری کەم نابێت.

بەڵام پانایۆتیس لەسەر گابەردەکە بازیدایە خوارەوە، ڕێگە بەرەو خوارکەکەی گرتەبەر و لەکاتێکدا کە بە دەستە زبرەکانی ئاماژەی بۆ ساراکینا و لیکوڤریسی

دەکرد، بەسەر میکیلیسدا کە خەمگین تەماشای دەکرد، هاواری کرد:

– هەمووتان بچن بۆ دۆزەخ! هەم ئێوە و هەم ئەوانیش!

ئەو شەوە میکیلیس لە ئەشکەوتەکەی مانۆلیۆسدا نووست. ئەو لەکاتی ڕۆژدا ئەو نوێن و جلکانەی کە توانیبووی لە ماڵی بابی بیهێنێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ چیا هێنابوونی، زوربەی زۆریانی بەسەر کەسانێکدا دابەش کرد کە پێویستیان پێی بوو، تەنها چەند پارچەیەکی بۆ خۆی گلدایەوە. لەمبارەیەوە بە باوکە فۆتیسی گوتبوو:

– باوکە، من لەمڕۆوە ئیدی بۆ لیکوڤریسی ناچمەوە و پەنام بۆ تۆ هێناوە. منیش دەمەوێ لەگەڵ ئێوەدا کار بکەم و بەرخۆدان بنوێنم تا یان سەردەکەوین یاخۆ دەبەزین. ئیدی ناتوانم بەرگەی هەوای دەشت بگرم.

– خۆشهاتیت کوڕەکەم. ئێمە پێکەوە هێند ئەم ڕێگە ناهەموارە تەی دەکەین تا دواجار دەگەینە خودا.

گەرچی تۆ لە ناز و نیعمەتدا گەورە بوویت بەڵام ڕۆحێکی گەورە و دڵێکی بەهێزت هەیە. تۆ لەم بەرخۆدانەدا لە هەموو ئێمە شایستەتریت. کەواتە خۆشهاتیت!

مانۆلیۆسیش گوتبووی:

– میکیلیس وەرە بۆ کۆشکەکەی من. کۆشکەکەی من هاوسێی ئەشکەوتی کڵێسایە. کڵێسایەك کە خاچی مەسیح و پەڕەسێلکەکانی لێیە کە دیاری خۆتە.

ئیدی میکیلیس کەلوپەلەکانی لەگەڵ ئینجیلە گەورە بەرگ زیوینەکەدا بۆ ئەوێ برد. لەنیوەشەودا خەونێکی ناخۆشی بینی، خەونی بە ماریۆرییەوە بینی کە لە بورجێکی بەرزدا زیندانییە و دوو سەگی ڕەشی گەورە چاودێری دەکەن. ئەم خۆی لەپاڵ دیوارەکەدا ڕاوەستاو و گۆرانی دەگوت تا بەشکم ماریوری گوێی لێبێت و خۆی پیشان بدات. لەناکاوێکڕا دەرگای ئاسنینی بورجەکە کرایەوە و ماریۆری بە جلکێکی پیرۆزەیی دامەن درێژ کە بەسەر ئەرزەکەدا دەخشا، هاتە دەرەوە. دەستەسڕێکی سپی بەدەستەوە و دەمی

پێدەسڕی. کوتوپڕ لە پای بورجەکەدا چاوی بە بەلەمێکی باریك و تابووتئاسا کەوت و ئیدی دەوراندەوری بورجەکە بووە زەریا. پاشان ماریۆری سوار بەلەمەکە بوو، لەکاتی ڕۆیشتنیدا ئاوڕی دایەوە، تەماشای کرد و دەستەسڕە پڕ لە پەڵە سوورەکەی بۆ ڕادەوەشاند. میکیلیس هاوارێکی کرد و لە خەو ڕابوو.

مانۆلیۆس کە لە هاوارەکەی میکیلیس وەئاگاببۆوە، پرسی:

– میکیلیس چ بووە؟

– مانۆلیۆس خەونێکی ناحۆشم بینی! خەون بە سەگی ڕەش، بە بەلەم و ماریۆرییەوە کە سەفەری دەکرد.

مانۆلیۆس لەرز دایگرت و بێدەنگ بوو. وژەی باڵی میکاییلی دەژنەفت.

ڕووناکی بۆ نێو ئەشکەوتەکە پرشنگیدەدا. ڕوخساری ئەو دوو پیاوەی نەوازش دەکرد و ئینجیلە بەرگ زیوینەکەی ڕووناك دەکردەوە کە لە قەڵەشی بەردێکدا دانرابوو.

مانۆلیۆس لە جێگەکەی ڕاپەڕی و گوتی:

– ئەمڕۆ کارمان زۆرە و دەبێ ڕایانپەڕێنین. پەیامم بۆ نزیکەی بیست کەسی ئێرە ناردووە تا بێن و ترێی ڕەزە بەخشیشەکانی تۆ بۆ خەڵکی ساراکینا بڕنن. میکیلیس گیان، تۆ خەڵکێکی زۆرت لە داماویی ڕزگار کرد!

– من لەوەی سەروەتەکەم بەخشیوە بە هیچ جۆرێك نائومێد نیم و پێموایە بۆ ڕزگار بوونم کارێکی گرینگم نەکردووە. تەنێ فیداکاریی بە بەهایە و من فیداکارییم نەنواندووە. یاناکۆس بە بەخشینی گوێدرێژەکەی لە من زیاتر فیداکاریی کردووە!

مانۆلیۆس قەیرێك بیری لە قسەی هاوڕێکەی کردەوە و دواجار گوتی:

– میکیلیس پێموایە قسەکەی تۆیە!

نزیکەی بیست پیاو و ژن لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرە گەڕابوونەوە و لەبەر ئەشکەوتەکەدا بە شادومانیی وتووێژیان دەکرد، هەر کە چاویان بە میکیلیس کەوت چوونە پێشێ و تەوقەیان لەگەڵ کرد:

– بە لوتفی تۆ ئێمە هەمدیس بووینەوە بە خاوەنی زەوی و باغ! خودا باوکت بە ڕەحمەت بکات!

بۆ ساتێك تارمایی باوك بە ڕوخساری گۆشتن و چاوانی ئاوساوەوە بەرامبەر چاوانی میکیلیس وەدیارکەوت و بە ئامازەی سەرزەنشت تەماشای دەکرد و لێوە شۆڕەکەی دەجوولان. وەك ئەوەی بڵێت:" بۆچی منت کوشت؟ بۆچی؟" بەڵام بەزەیی پێیدا دەهاتەوە.

میکیلیس سەر بەژێر وەڵامی دایەوە:

– من ئەم کارەم بۆ ئارامیی ڕۆحی باوکم کرد. خودا بە ڕەحمەتی بکات ...

بۆ قەیرێك دوو دڵ مایەوە، پاشان گوتی:

– ... ئەو خۆی وەسێتی کرد کە سەروەتەکەی بەسەر هەژاراندا دابەش بکەم ...

مانۆلیۆس ڕوی کردە هاوڕێکەی، چووە نزیکی و دەستی گوشی. بەڵام میکیلیس سەری بەرەو لایەکی تر وەرگێڕا تا نەبا شپرزەیی خۆی وەدیارخات.

لە هەمانکاتدا باوکە فۆتیس گەییشت و گوتی:

- ڕۆڵەکانم، خاچ بکێشن و بە پشتیوانیی خودا بۆ ڕنینی ترێی ڕەزەکانمان بڕۆن! مانۆلیۆس ڕێنماییتان دەکات. ڕۆڵەکانم، هەنووکە ئێمە خاوەن باغ و زەویین، خەریکین ڕەگ دادەکوتین و خەونەکانمان دێنە دی. ئێستایش کە بووینەتە خاوەن زەوی و درەخت، هەمووان پێکەوە سوودیان لێوەردەگرین. لەنێو ئێمەدا نە کەس سەروەتمەند دەبێ و نەکەس هەژار. ئێمە یەك خێزانین، یەکانگیر و دەبینە هاوڕێی یەکدی. ئومێدەوارم بتوانین بە هەموو خەڵکی پیشان بدەین کە چۆناوچۆنی دەبێ ژیان بکرێ و بە چ شێوەیەك دەتوانرێت دادوەریی لە دونیادا بچەسپێنرێت. ئێمە بە لوتفی پەروەردگار و مەریەمی پاقیژە ئەم ڕۆژە پیرۆز ڕادەگرین. مانۆلیۆس تۆ کە شوێنی ڕەزەکان پێدەزانیت، ئەوا خەڵکەکەمان ڕێنوێنیی بکە. من و میکیلیسیش دەچین بۆ شار تا سەنەدی موڵکەکانی خودان پاتریارکاس بە ناوی ئاواییەکەمانەوە تۆمارکەین.

پیاو و ژن خاچیان کێشا و مانۆلیۆس لەپێش خەڵکەکەوە کەوتە ڕێ. هەمووان شادومان بوون، گۆرانی ترێ ڕنانیان بە چرپە دەچڕیی و نائاگا بوون لەوەی کە لە لیکوڤریسی چ دەگوزەرێ.

ڕۆژێك بەر لەوە پانایۆتیسە زلە هەر کە گەییشتە ساراکینا، بە پەلە خۆی گەیاندە ماڵی باوکە گریگۆریس تا هەواڵەکەی پێبگەیەنێت:

– ئەوانە سبەینێ بۆ ترێ ڕنین دێن و ئیدی ئەوی تری خۆت دەیزانیت!

باوکە گریگۆریس کە سەرقاڵی خواردن بوو، چنگاڵەکەی دانا و هاواری کرد:

– من مۆڵەت نادەم ئەوانە بێنە ئاوایی. نا! ئەوانە ترێ ناڕنن! من مۆڵەت نادەم ئاواییەکەم داگیرکەن. هەر ئێستا دەڕۆم بۆ لای ئاغا!

وایگوت و ئیدی باشترین جبەی خۆی پۆشی، خاچە زیوینەکەی کردە ملی، گۆچانە گەورە کەمە

سەدەفییەکەی بە دەستەوە گرت و بە هەنگاوی پتەو بەرەو ماڵی ئاغا کەوتە ڕێ.

ئاغا تازەکیی لە فراوین ببۆوە و سەرقاڵی خواردنەوەی قاوە بوو. برایمۆك لە لایەوە دانیشتبوو سیگاری دەپێچایەوە. پشتی کردبووە ئاغا و پێدەچوو دەمەقاڵەیان بووبێ. ئاغای داماو قاوەکەی بە مۆنیی دەخواردەوە، پێدەچوو ژەهر بخواتەوە.

باوکە گریگۆریس هاتە ژوورەوە. سەری ڕێزی دانەواند و سڵاوی کرد. ئاغا تەناتەت زەحمەتی ئاوڕدانەوەشی بەخۆی نەدا. بە نەوایەکی شەکەت گوتی:

– بە دەنگتا دیارە قەشەیت. هەمدیس چ بەزمێکت ناوەتەوە. وەرە پێشێ تا بتبینم. دەست بدەرە کورسییەك و دانیشە!

ئەوسا دەستی بەیەکدا دا و بە هاتنی پیرێژنی پشتکۆم، فەرماندەرانە گوتی:

– قاوەیەك بۆ قەشە بێنە!

پاشان ڕووی کردە قەشە و تێهەڵچۆوە:

– ... دەی قسە بکە!

– ئاغا گیان، خۆتان دەزانن دونیا بەتاڵە موویەکەوە بەندە و ئەگەر ئەو تاڵە مووە بپسێت ئەوا دونیا دەکەوێ و کەرتوپەرت دەبێ.

– ئەمە هێسترەکەیشم دەیزانێت. بەردەوام بە!

– ئاغا گیان، نەفەرێك گەرەکییەتی ئەو تاڵە مووە بپسێنێت.

ئاغا ڕاچڵەکی، لەجێگەکەی هەستا، دەستی دایە شمشێرەکەی و هاواری کرد:

– ئەو کەسە کێیە؟ بڵێ تا سەری لە لەشی جیاکەمەوە. سوێند بە محەممەد جیای دەکەمەوە. تۆ تەنیا ناوەکەیم پێبڵێ تا ببینیت چ بەڵایەکی بەسەر دێنم!

– هەمان ئەو مۆسکۆییە دەڵێم.

دەستی ئاغا بە شمێرەکەیەوە شل بوو. ئاخر مەگەر دەیتوانی لیکوڤریسی، برایمۆکی ئازیز و ئەو هەموو شکۆیە ڕەها بکا و ئەو هەموو ڕێگەیە ببڕێت تا لەوسەری دونیا و لەنێو بەفردا سەری یەك نەفەری

مۆسکۆیی لە لەشی جیاکاتەوە؟ بۆیە شمشێرەکەی نایەوە کێلان و گوتی:

– ئەو لەعنەتییە لێرەوە دوورە. زۆر دوورە. ئەز چۆن دەتوانم تا ئەوێ بڕۆم؟ باشترە تۆیش گوێی خۆتی لێ بخەوێنیت. منیش تا دوایی عومرم بە ڕووی خۆمدا نایهێنم تا هەموو شتێك خۆ بەخۆ ڕێکوڕاست دەبێتەوە.

– بەڵام ئاغا گیان، هەر هیچ پێویست بەوە ناکا پێ لە لیکوڤریسی ببەیتە دەرەوە. ئەو مۆسکۆییە نوێنەرانی خۆی بۆ لیکوڤریسی ناردووە. ئەوە نوێنەرەکانی ئەون کە خەریکن پلان دادەڕێژن تا تاڵە مووەکە بپسێنن. من ئەمڕۆ لە کڵێسا وەك ئەرکی خۆم هەڵوێستم نواند. هەنووکە نۆرەی تۆیە بە ئەرکی خۆت هەستیت.

– ئەها بیرم کەوتەوە. پشتکۆم شتێکی لەو بارەیەوە پێگوتم، هەڵبەتە حاڵی نەبووم لەبارەی چییەوە دەدوا!

– من مانۆلیۆسی مۆسکۆییم تەکفیر کرد و ئەوم لە پشتیرەکەی مەسیح کردە دەرەوە.

– هەی لەعنەتی بۆ وات کرد؟ مانۆلیۆس کوڕێکی باشە. تەنها ئەوەیە کەمێك گێلۆکەیە. مەگەر هەر ئەو نەبوو ئامادە بوو لەداری بدەم و لەپێناوی ڕزگارکردنی خەڵکی ئاواییدا خۆی وەك بکوژ ناساند؟ قەشە ئەمە شتێکی هاسان نییە! هەر هیچ هاسان نییە.

– ئاغا ... ئەو کارەی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بوو. هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بە مانای وشە! ئەو دەیویست بەم کارە خەڵك فریو بدات!

ئاغا سەری خوراند و کەللەیی بوو:

– هەی بە نەفرەتینە! ئێوەی ڕۆمیی تەڵەکەباز قسەتان لەگەڵ کارتانا یەکێك نییە! بە منی بەشەرەف بڵێ کە لە مەبەستی تەواوی کارەکانی ئێوە دەگەم! هەستە ونبە و لەوە زیاتر گێژم مەکە! ئەمڕۆ هیچ وەزعم باش نییە ..

وایگوت و بە نیشاندانی براییمۆك تێهەڵچۆوە:

– .... ئەم بەچکە شەیتانەیش ....

براییمۆك بەبێدەنگیی سیگاری دەکێشا و لەکاتێکدا ددانی کە لە ددانی سەگ دەچوو، جیڕ دەکردەوە،

دوکەڵی سیگارەکەی بەرەو بنمیچەکە دەنارد. وی بە بیستنی ناوی خۆی بە تووڕەیی تەماشای ئاغای کرد و گوتی:

- شتەکە بە قەشە بڵێ، ئەگینا لێرە دەڕۆم و بۆ ئەزمیر دەگەڕێمەوە. من خەریکە لێرە شێت دەبم!

ویستی لەجێگەکەی هەستێت کە ئاغا شانی گرت و نەیهێشت:

- ڕاوەستە شەیتان. دانیشە. هەر ئێستا پێی دەڵێم...

پاشان ڕووی کردە باوکە گریگۆریس:

- .... قەشە ببینم بۆچی هاتبوویت؟ بڵێ چ داوایەکت هەیە؟ ڕەنگە بتوانین پێکبێین. هەڵبەتە کورت و ڕۆشن بیڵێ و شێر و ڕێوی مەهێنەرەوە. تێگەیشتیت؟ من حاڵ و حەواسێکی دروستم نییە. بڵێ، گوێم لێتە.

باوکە گریگۆریس چووە نزیکتر و گوتی:

- کاکڵەی قسەکان ئەوەیە کە کوڕە گێلەکەی خوالێخۆش بوو خودان پاتریارکاس تەواوی موڵك و

ماڵی خۆی بە سواڵکەرە برسییەکانی ساراکینا بەخشیوە.

– باشە ئەمە مافی خۆیەتی. ماڵی خۆیەتی و هەرکارێکی بوێت دەتوانێت بیکات.

– بەڵێ، بەڵام ئەو سواڵکەرە برسییانە هەمووی لە بەکرێگیراوانی مۆسکۆن و ئەو ئەوانی بۆ پساندنی تەڵە موومەکە بۆ ئێرە هەناردووە.

– هەی لەعنەتی ئەم قسە قۆڕانە چییە. ڕۆشنتر بدوێ. واتە هەموو ئەوانە لە بەکرێگیراوانی مۆسکۆن؟

– بەڵێ، هەموو! سەرۆکەکەشیان باوکە فۆتیس و مانۆلیۆسن. سبەینێ گەرەکیانە بێن و تریێی ڕەزەکانی خۆیان بڕنن ... دەزانیت ئەمە یانی چی؟ یانی کە جێ پێیان لەنێو ئاواییەکەی ئێمەدا، لەنێو ئاواییەکەی تۆدا ئاغا گیان کردەوە، ئیدی وردە وردە ئێمە دەکەنە دەرەوە و پاشانیش تەڵە موومەکە دەپسێت!

– باشە، ئێستا چیت لە من دەوێت؟

– دەمەوێ سبەینێ بێیت و کاتێك کە ئەوان هاتن وەدەریان بنێیت.

– ئاخر هەی قەشەی لەعەنەتی بەچ بیانوویەك؟ مەگەر ڕەزەکان هی خۆیان نین؟

– نا!

– چۆن نا هەی لەعنەتی؟ هەمدیس خەریکیت کەللەییم دەکەیت. مەگەر میکیلیس ڕەزەکانی بەوان نەبەخشیوە؟ مەگەر ئەو ڕەزانە نەبۆتە موڵکی خۆیان؟

– نا، عەرزم کردیت نا! ئێمە ڕایدەگەیەنین کە میکیلیس سپییە.

– سپی؟ سپی چییە؟ ڕۆشنتر بدوێ؟

– سپی واتە شێت. واتە کەسێك کە نازانێت چ دەکا، بۆیە بەڵێننامەکەیان بەتاڵە.

– بەڵام خۆ میکیلیس شێت نییە. من پێموایە زۆر ئاقڵە و چ عەیبێکی نییە.

– ئاغا گیان لەنێوان سلامەتی ئەقڵ و شێتییدا یەك پێ زیاتر نییە. کێ دەتوانێت بڵێ سنووری ئەقڵی ساخ و شێتیی لەکوێدایە؟ کەواتە ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین کە میکیلیس شێتە.

ئاغا سەری لەنێوان هەردوو دەستییدا گرت و کوتوپڕ لە قاقای پێکەنینیدا:

– ئێستا تێگەیشتم هەی ڕۆمی لەعنەتی! تۆ لە ڕێوی فێڵبازتریت! ئێوەمانان دونیا دەنێنە گیرفانتانەوە.

– ئاغا گیان ئێستا چ دەڵێیت؟

– باوکە گریگۆریس گوێ بگرە. باشترە ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکدی بدوێین. ئێمە لەگەڵ یەکدا مامەڵە دەکەین. من دێم خەڵکە داماوەکەی ساراکینا دەردەکەم، تۆیش لەبری ئەوە ... قەرزارم دەبیت!

قەشە لە مەبەستی ئاغا حاڵی ببوو، بۆیە ڕەنگێکی هێنا و برد. ئاغا تێهەڵچۆوە:

– ... لە مەبەستەکەم حاڵی بوویت؟ من تۆ ڕازی دەکەم، تۆیش من!

قەشە لاڵ و پات گوتی:

– بڵێ ئاغا، ئەگەر پێم بکرێت ...

– کارێکی زەحمەت نییە. ناڕەحەت مەبە! برایمۆك دەیەوێت بەهەر نرخێك بووە سەمای کیژانی ئێرە ببینێ تا لەنێوانیاندا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

- ئاغا ئەوە شتێکی هاسان نییە!

- هاسان بێت یان نا ئیتر ئەوە پێوەندی بە منەوە نییە. چارە نییە. باش لەم شەیتانە بنۆڕە. تەمەنی بۆتە پازدە ساڵ و ڕامکردنی شتێکی هاسان نییە! تۆ دەتوانیت ڕامی بکەیت؟ من بۆ خۆم ناتوانم. ئەم هەتیوە بە ساخیی من و تۆ قووت دەدا، تەنها کیژێکم پێویستە و باشترە مشوری یەکێکی بۆ بخۆین تا خۆ بەخۆ ڕام بێت. ئەلعان ڕێك حاڵەتی جوانووە ئەسپێکی سەرکێشی هەیە کە ئەگەر بتەوێت سواری بیت دەکەوێتە جووتە هاویشتن، بەڵام ئەگەر ڕامی بکەیت کلکیش نالەقێنێت.

برایيمۆك گوێی ڕادەدێرا و وەکی کەسێك کە ختووکەی بدەن دەخنییەوە.

قەشە گوتی:

- بەدبەختییەکە لەوەدایە بێوەژنەکەمان مردووە .....

- باشە قەشە یەکێکی تر پەیدا بکە ...

برایيمۆك هاتە نێو وتووێژەکەوە و گوتی:

– گەنج بێ و سەلار و بەبێ کۆمیی! ڕێك وەکی نانی سپیی تازە! گوێڕایەڵ وماڵیی نەبێت. حەز دەکەم بە زۆر بیهێنمە ژێر بار. دەخوازم بیخەمە گریان و لەزەت بەرم قەشە! حاڵی بوویت؟

قەشە لە فیکرەوە چوو:

– دەبێ کیژێکی بێکەس و کار و هەتیو پەیداکەم کە ئاژاوە نەکەوێتەوە. ئاغا من تەنها لە ئاژاوە دەترسم. ئەودوای گرینگ نییە. ئاغا کەمێك کاتم بدەرێ ...

براییمۆك ڕاپەڕی:

– کاتی بۆچی دەوێت؟

– چەند ڕۆژ کاتی بدەرێ تا ژنێکی پارووی تۆی حەرامزادە دەدۆزێتەوە. داماوە ڕاست دەکات! پێتوایە ژنیش وەك مریشك وایە کە هەرکاتێ حەز بکەیت دەست بە کولانەکەیاندا بکەیت و یەکێکیان لێ بێنیتە دەرێ؟ لەخۆتەوە قلافەت مەنوێنە، ئەگینا سوێند دەخۆم دەتخەسێنم تا هەموومان لە شەڕی تۆ ڕزگارمان بێت و خۆیشت لە شەڕی خۆت. حاڵی بوویت؟ کەواتە

زوبانی خۆت بگره و هەر بەڕاست خۆت بە مارتاوه بخلافێنه.

برایيمۆك تفی کرده دیوارەکە:

– پف! دڵم پێی تێکەڵدێ!

– باشه قەشه! گوێ لە قسەی ئەو مەگره. چەند ڕۆژت مۆڵەت دەدەمێ تا ژنێکی بۆ بدۆزیتەوه .... حاڵی بوویت؟ قەڵەو و سپیی و دەست لێنەدراو!

قەشه بە هەناسە هەڵکێشانەوه هەستا:

– بەسەرچاو ئاغا، سبەینێ کاتێ مۆسکۆییەکان هاتن، ئێوه ....

– زۆر باشه. بەڵام تۆیش ئەرکی خۆت ...

– هەوڵ دەدەم یەکێك بدۆزمەوه ... خودا خۆی لە گوناهم خۆش بێت ...

– قەشەی لەعنەتیی مەترسه. خودا دەتبەخشێت. خودا بەخشندەیه!

وایگوت و لە قاقای پێکەنینیدا!

قەشه دڵتەنگ و خەیالاویی لە ماڵی ئاغا هاتە دەرەوه. گەرچی ئەو بەڵێنەی دابووی بە دڵی خۆی نەبوو، بەڵام

چ چارەیەکی تری نەبوو. ئەگینا ئاوایی دەکەوتە چنگی باوکە فۆتیسەوە و وێران دەبوو. ئەگینا ئایین و نیشتیمان و شەرەف و موڵکداریی دەکەوتنە خەتەرەوە! ئەگینا تەڵە مووەکە دەپسا و دونیا دەبوو بە هەزار کەرتەوە!

کاتێك بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، گوندنشینە خاوەن زەوییەکانی بانگ کردن و گوتی:

– سبەینێ سواڵکەرە برسییەکانی ساراکینا دەڕژێنە ئێرە تا ترێی ڕەزە بەخشیشەکانی میکیلیسی گێلۆکە بڕنن... بەڵام ئێمە هەمووومان شایەتیی دەدەین – ئەگەر پێویستیش بکات سوێند دەخۆین – کە میکیلیس هەر لە تاڤ منداڵییەوە ئەقڵ و شعورێکی حیسابیی نەبووە. تێگەیشتن چ دەڵێم؟ ... ئەلعانیش قسەی هەڵیت و پڵیت دەکا، چونکە سپییە و مرۆڤێکی تەڵەکەبازی وەکی باوکە فۆتیس فریوی داوە و هانیداوە تا سەنەدەکان ئیمزا بکات. من خودا دەکەمە شاهید کە خۆم ڕێك لەبەر هەمان هۆ نیشانەی دەسگیرانیی کیژەکەمم لەگەڵیدا هەڵوەشاندۆتەوە ... هەر بۆیە

بەخشینی ڕەز و کێڵگە و باغ و خانووەکان، هەر هەمووی بەتاڵە، لەبەرئەوەیش کە پاترپارکاس چ میراتگرێکی تر نییە، بۆیە موڵکەکان بە ئێمە، واتە بەخەڵکی ئاوایی دەبڕێت. قایلن؟

گوندنشینان کە لەحەژمەت فێڵ و تەڵەکەی قەشە واقیان وڕمابوو، بە یەك دەنگ وەڵامیان دایەوە:

– قایلین!

– من ڕۆیشتم لەگەڵ ئاغادا قسانم کرد و هێند چەنەمدا تا ئامادە بوو مۆڵەت نەدا بەڵشەویکەکان بێنە ئاوایی. ئێوەیش هەم بە خەڵك و سەگ و تێلاکانتانەوە وەرن و یارمەتی ئاغا بدەن ... بەلام ئاگاداربن خوێن لە کەپووی کەس نەیەت! ئاخر مەسیحییان لەگەڵ هەمووان و تەنانەت لەگەڵ دوژمنانیشدا میهرەبانن.

ئەوسا ناردی بەدوای پانایۆتیسدا. پانایۆتیس دەمەدەمی خۆرابوون چوو بۆ لای بەلام ئیدی ئەو پانایۆتیسەی جاران نەبوو. ڕیش و بەشێك لە پێستی دەموچاوی خۆی سووتاندبوو، ملی پڕ ببوو لە دومەڵ. قژی سەریشی بە مقەستی خوری بڕین لە بێخەوە

هەڵپاچیبوو. قەشەی نیگەران، بە بینینی ڕوخساری وی، نەیتوانی جڵەوی پێکەنینی خۆی بگرێ:

– ئەی پانایۆتیسە داماوەکەم! کێ تۆی بەم ڕۆژە گەیاندووە؟

پانایۆتیس نەڕاندی:

– ئەمە ئیتر پێوەندی بەخۆمەوە هەیە. ئەگەر بتەوێ پەیجۆریی بکەیت لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستت پێمە، ئەوا دەڕۆم!

– پانایۆتیس نارەحەت مەبە. نەمویست نارەحەتت بکەم. بەهەرحاڵ گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم. سبەینێ دەبێ تێلاکەت هەڵگریت، ئەگەر مانۆلیۆس سواڵکەرەکانی هێنا ئەوا حیسابی بۆ بکەیت. ئەو تەکفیر کراوە، خوێنی حەلاڵە و ئیدی تۆ حیساب بە کەس نادەیت. تەنانەت دەشتوانی بیکوژیت. خودا خۆی لەگەڵتە.

– قەشە واز لە خودا بێنە و ئەو مەهێنەرە ناو ئەم تەڵەکەبازییانەوە. تۆ لە باوکە فۆتیس دەترسیت، منیش ڕقم لە مانۆلیۆسە، هەر ئەمەندە و بەس! کەواتە

ئیتر پای خودا و پێغەمبەر و مەریەمی پاقیژە مەهێنەرە پێشەوە! لە مەبەستم دەگەیت؟

ئەوسا بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و لە هەمانکاتدا سەری بۆ لای قەشە وەرگێڕا، بە زەردەخەنەیەکی شەیتانانە چاوێکی داگرت و گوتی:

– مردووشۆر گەڵوگیپاڵی هەردوو لامان بەرێت!

*

کاتێ پەنابەرانی ساراکینا بەسەرکردایەتی مانۆلیۆس، کە حەزیان دەکرد چ بەربەستێك نەیەتە ڕێگەیان، بە گۆرانیی چڕینەوە لە چیا دابەزینە خوارەوە، لەگەڵ گروپێك تێلا بەدەستا کە لە نزیك چالاوەکەی ڤاسیلییەوە کۆببوونەوە، بەرەنگاربوونەوە. مانۆلیۆس بە بینینیان لە جووڵە وەستا و ڕووی کردە هاوڕێکانی:

– هاوڕێیان، گومان دەکەم ئەمانە بیانەوێ ڕێگەمان پێبگرن ... باشترە ژنەکان لێرە لەهەمان شوێن ڕاوەستن و ئێمەی پیاوان بچینە پێشێ. خودا خۆی ئاگادارمان بێت! ئێمە شەڕخواز نین و ئەگەر بیانەوێ

گێچەڵ بنێنەوە ئەوا ئێمە شەڕ ناکەین. ئەوانە برای ئێمەن. ڕەنگە باشتر بێت بچینە لای ئاغا کە حاکمی ئاوایییە و لەو داوا بکەین کێشەکەمان بۆ چارەسەر بکات. ئاخر ڕەزەکان هی ئێمەن و ناتوانێت ئەو مافەمان پێڕەوا نەبینێ... بەناوی خودا با بڕۆین و بزانین چ دەبێت!

ژنان لەسەر گابەردەکان دانیشتن و پیاوان چوونە پێشێ. هێشتا سەد پێیەك نەڕۆیشتبوون، بەردێکیان تێگیرا و بە لاگوێی مانۆلیۆسدا گیڤەی کرد. پاشان بەردێکی تر و بەدوای ئەویشدا بەردی سێیەم هەڵدرا و ئیدی هێرش دەستی پێکرد، ئەو تاقمەی لای چاڵاوەکەوە وەستابوون کەوتنە جووڵە. پانایۆتیسە زلە وەکی حوکمدراوان بەکاری سەخت، لە پێشی پێشیانەوە بوو.

لوکاس، ئاڵاهەڵگری باڵابەرزی پەنابەران هاواری کرد:

– چ بکەین؟ ئارام بگرین تا یەکە یەکە لە پەلوپۆمان دەخەن؟ مناڵینە بجووڵێن، بەرد هەڵگرن تا ئێمەیش شاڵاو ببەین!

بەڵام مانۆلیۆس هاواری کرد:

– نا برایان! نابێ خوێنی هیچ کەس بڕێژرێت!

هەراوزەنای پیاوانی لیکوڤریسی بەرزبۆوە:

– بگەڕێنەوە! ناهێڵین لێرەوە تێپەڕبن!

مانۆلیۆس چووە پێشێ و دەستی ڕاوەشاند تا نیشانیان بدات کە دەیەوێت گفتوگۆ بکات:

– گوێ ڕادێرن برایان. گوێ ڕادێرن!

– کافر! دز! تاوانبار! بەڵشەویك!

ئیدی خەڵکەکە لەتووڕەییدا لالغاوەیان کەف دەچڕاند و شاڵاویان بۆ برد. بەڵام پانایۆتیسە زلە دەستانی کردەوە و هاواری کرد:

– هیچ کەس دەست بۆ ئەو نەبات! ئەو هی خۆمە و خۆم دەبێ پێستی بگرووم!

ئەوسا نەڕەیەکی کرد و هێرشی بۆ مانۆلیۆس برد. بەڵام پیاوانی ساراکینا دەوری سەرۆکەکەی خۆیاندا و لوکاس بەردێکی گەورەی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرت:

– هەرکەسێك دەست بۆ مانۆلیۆس بەرێت ئەوا سەری وەك کاڵەك قاش دەکەم.

لەم کاتەدا زێوانی کڵێسا و پەروەردەبووی دەستی قەشە، کەوتە هاندانی پانایۆتیس:

- ئەو کافرە، خێرا لێیدە! پانایۆتیس گیان بجووڵێ! بکوتە تا دەستت سەوز بێت!

لەوکاتەدا لەناکاوێکڕا مامۆستای گوند بە هەناسەبڕکێوە گەییشت و هاواری کرد:

- پەنا بەخودا! چ بووە؟ دەست هەڵگرن!

زێوان بە هەراهەراوە گوتی:

- دەیانەوێ ئاوایی داگیرکەن!

شڕپۆشان هاواریان دەکرد:

- ئێمە تەنها دەمانەوێ بەروبومی ڕەزەکانی خۆمان بڕنین. میکیلیس ئەو ڕەزانەی بە ئێمە بەخشیون.

لاداسی پیر کە خۆی لەپشت مامۆستاوە حەشاردابوو، لووراندی:

- لەبەرئەوەی میکیلیس سپییە بۆیە بەڵێننامەکە بەتاڵە!

- بەڵێ، بەڵێننامەکە بەتاڵە! هەی دزینە ون بن، خائینینە!

پانایۆتیس وەك گا سەری دەبردە پێشێ و شالاوی دەبرد. بەلام لوکاس بەردێکی گەورەی بەدەستەوە و بە هەموو هێزی تێیگرت. بەردەکە بەر ئەژنۆی پانایۆتیس کەوت. ئیدی بێتاو و لە حەژمەت ئازار هاوسەنگیی خۆی لەدەستدا، لۆکاس گەییشتە سەری و تێی بەربوو. بەلام پانایۆتیس دواجار توانی خۆی لەژێر دەستی دەربێنێ و پشتوێنەکەی بگرێت. هەر دوو نەیار نەڕەنەڕ لەسەر ئەرزەکە یەکتریان دەگەوزاند.

زێوان بەردێکی لەسەر ئەرزەکە هەلگرت، گرتییە مانۆلیۆس و نەڕاندی:

– هەی کافر! هەی بەلشەویك!

بەردەکە ڕێك بەر نێوان دوو برۆی مانۆلیۆس کەوت. خوێن فیچقەی کرد و بە ڕوخساریدا هاتە خوارەوە. خەلکی ساراکینایش هاواریان کرد:

– مانۆلیۆسیان کوشت!

وایانگوت و ئیدی شالاویان بۆ پیاوانی لیکوڤریسی برد.

پێکدادان بە نەڕە و جنێوەوە دەستی پێکرد. لاداسی پیر لە شەڕەکە ڕایکرد. مامۆستا ویستی ناوبژیوانیی بکات کە بەر لەقە و بۆکس درا. کوڕێکی گچکە بەرەو ئاوایی ڕایکرد و بە شادومانییەوە هاواری کرد:

– مانۆلیۆسیان کوشت! کافرەکەیان کوشت! بەڵشەویکەکەیان کوشت!

کوستانتیس تێلاکەی هەڵگرت، لە قاوەخانە هاتە دەرێ و لە منداڵەکەی پرسی:

– لەکوێ؟ لەکوێ؟

– لەلای چالاوەکەی قەدیس ڤاسیلییەوە.

کوستانتیس بەرەو لای چالاوەکە ڕایکرد. لە ڕێگە تووشی بوو بە تووشی یاناکۆسەوە و بێ ئەوەی لەگەڵ یەکتریدا بدوێن، زیاتر پێیان هەڵگرت.

لەلای چالاوەکەوە ئاخۆران باخۆرانێك بەرپا ببوو. خەڵکی لیکوڤریسی و ساراکینا لێکبەربوون و شەپۆل ئاسا لەسەر گابەردەکان یەکتریان دەگەوزاند. ژنانی ساراکینایش وەخرۆش هاتبوون و لەپاڵ پیاوەکانیاندا

دەجەنگێن. ژنانی ماسولکە بەهێز کە بە مشت ڕێك وەك پیاوان دەستیان دەوەشاند.

لەو کاتەدا دوو دەنگی هاوارئاسا بەرزبۆوە:

مانۆلیۆس کە لەسەر گابەردێك دانیشتبوو و برینەکەی سەری دەبەست، دەنگی هاوارەکانی ناسینەوە و وەڵامیدانەوە:

– من لێرەم برایان! نیگەران مەبن!

لەو کاتەدا لاداسی پیر کە ئەویش لەدەرەوەی شەڕەکە بوو، لەسەر گابەردێك دانیشتبوو، شادومانانە هاواری دەکرد:

– ئاغا هات! ئاغا هات!

دەنگی حیلەی مایینێك گەییە گوێ. پریشك لە بەردەکانی ڕێگەکەوە هەڵدەسا. ئاغا مەست و بێهۆش، بەغار هاتە پێشێ. دەمانچەی زیوین و شمشێرە گەورەکەی کردبوو بەلاقەدیدا و تەڕبووشە سوورەکەی بەسەرەوە بوو. کە گەییشتە نزیکی چاڵاوەکە بە تەرزێك ڕەشمەی ماییینەکەی ڕاکێشا کە ئاژەڵەکە لەسەر پای خۆی بەرزبۆوە و ئاغای ناچار کرد بۆ ئەوەی

هەڵنەدێڕێ، باوەش بە مليدا بكات. ئەوسا دەمانچەكەی لە بەر پشتوێنەكەی دەركێشا، تەقەیەكی بە ئاسماندا كرد و شێتانە هاواری كرد:

– هەی بێ دینینە!

لەچاوتروكانێكدا هەردوو لایەنەكە لەیەكتر جیا بوونەوە. خەڵكی ساراكینا لەلایەك و پیاوانی لیكوڤریسی لەلایەكی تر. هەمووان شەلاڵ لە خوڵ و خوێن. مامۆستایش بریندار و خوێناویی لەنێو گۆڕەپانی شەڕدا كەوتبوو، هەوڵیدەدا هەستێت تا سلاو لە ئاغا بكات.

ئاغا بە چاوانی خوێن تێزاو تەماشای پەنابەرانی ساراكینای دەكرد و هەمدیس هاواری كردەوە:

– هەی بێ دینینە چیتان لە ئاواییەكەی ئێمە دەوێت؟ زووكەن بڕۆن ون بن!

مانۆلیۆس هەنگاوێكی بۆ پێشەوە نا و گوتی:

– ئاغا، ئێمە هاتووین میوەی ڕەزەكانمان لە لیكوڤریسی بڕنین. ئەم ڕەزانە هی ئێمەن!

– گوتم بڕۆن ون بن هەی تەڵەکبازینە! لە کەنگێوە ئەم ڕەزانە بوونەتە هی ئێوە؟ بە چ حەقێك؟ ئێوەی سواڵکەران چۆن بوونەتە خاوەنیان؟

لاداسی پیر کە لەسەر گابەردێك دانیشتبوو، سەری بردە پێشێ و بە گاڵتەجاڕییەوە پێکەنی.

مانۆلیۆس وەڵامی دایەوە:

– میکیلیس بەناوی ئێمەوەی کردوون.

– هەی داماوینە! ئیمزای ئەو هەتیوە ناخوات. ئاخر ئەو هێشتا مناڵە.

لاداس قسەکەی ئاغای ڕاست کردەوە:

– مناڵ نییە ئاغا، بەڵکو گێلە.

ئاغا لوولەی دەمانچەکەی کردە لاداس و تێیخوڕی:

– چ فەرقی هەیە هەی ناپیاوی چەپەڵ؟ تۆ بێدەنگ بە!

لاداس بە پەلە لەودیو گابەردێکەوە خۆی حەشاردا و بە لالانەوەوە گوتی:

– بەزەیی بفەرموو ئاغا گیان! تۆ ڕاست دەکەیت منالە!

ئاغا دەمانچەکەی نایەوە بەر پشتوێنەکەی. بە قاقای پێکەنینەوە ڕووی کردە خەڵکی ساراکینا و پرسی:

– مانۆلیۆس کامتانە؟ دونیا هەورە و باش نابینم. مانۆلیۆس وەرە پێشەوە!

مانۆلیۆس نزیکی مایینەکە بۆوە:

– ئاغا من مانۆلیۆسم!

– مانۆلیس تۆ کوڕێکی باشیت! خەڵکی هەرچی دەڵێن کەیفی خۆیانە، بەڵام من دڵنیام کە تۆ کوڕێکی باشیت! وەرە پێشەوە کافر. وەرە و ڕاستگۆیانە بڵێ بەڵشەویك یانی چی؟ ماوەیەکە بەردەوام لەبارەی ئەم وشە لەعنەتییەوە قسانم لەگەڵدا دەکەن. بڵێ بزانم بەڵشەویك ئادەمە؟ ئاژەڵە؟ نەخۆشییە؟ بۆ نموونە وەك پەتا؟ من سەر لە هیچی دەرناکەم. مانۆلیۆس تۆ سەری لێ دەردەکەیت؟

– بەڵی ئاغا دەیزانم.

– کەواتە بە خودا سوێندت دەدەم بڵێ تا منیش حاڵی بم.

– ئاغا، مەسیحییانی سەرەتا ...

- هەی بێ دین لە مەسیحییانی سەرەتا گەڕێ. تۆ ئیدی ناتوانیت بەم قسانە سەرم لێبشوێنیت! عارەق بۆ تێکوپێکدانی زەینم بەسە ... تەنها بڵێ بەلشەویك یانی چی؟ من تەنها گەرەکمە ئەمە بزانم.

لاداسی پیر لاڵ و پات گوتی:

- ئاغا ڕێگە بدە من بیڵێم! بەلشەویك واتە کەسێك کە نایەوێت کۆمەڵ هەژار و دەوڵەمەندی هەبێت. دەڵێت هەمووان دەبێ هەژار بن. دەیەوێ ئاغا و ڕەعییەت بپێچێتەوە و هەمووی بکاتە ڕەعییەت. ئیدی کەس نەڵێت ئەمە ژنی منە و ئەوە ژنی تۆ. دەبێ هەمو شتێك هی هەموو کەس بێت!

ئاغا نەڕاندی:

- ئاغا و ڕەعییەت نەبێت؟ واتە نەزمی خودایی بەیەکدا بدرێت؟ سەیرە! کەواتە هەرچی دەربارەی تۆ دەیڵێن ڕاستە!

ئەوسا پێنج پەنجەی خۆی بە ئاماژەی لەعنەت لەبەرامبەر مانۆلیۆسدا کردەوە و لەسەری ڕۆیشت:

– ... لەعنەتیی ئەو چاوە کوێرانەت بکەوە، باش تەماشاکە و بنۆڕە بزانە هەر پێنج پەنجەکە یەکسانن؟ بنۆڕە هەندێك گەورەتر و هەندێکی تر گچکەتر. خودا ئەوانەی بەوجۆرە خوڵقاندوون. مرۆڤەکانیشی هەر بە گەورە و گچکە و ئاغا و نۆکەر خوڵقاندوون. ماسییەکانیش هەر گەورە و گچکەن و گەورەکان گچکەکان دەخۆن. خودا مەڕی دروست کردووە، گورگیشی دروست کردووە تا بیخوات. ئەمە نەزمی خوداییە و ئەلعان ئێوەی بەلشەویکان دەتانەوێت .... هەی نەفرەتتان لێبێت!

ئەوسا شمشێرەکەی لە کێلان دەرکێشا و بە سوار مایینەکەیەوە شاڵاوی بۆ پەنابەرانی ساراکینا برد. ژنان بە زریکەزریك بەرەو کێو هەڵاتن و پیاوانیش پاشەکشەیان کرد. تەنها مانۆلیۆس بێ جووڵە لە جێگەی خۆیدا مایەوە. ئاغا هاواری کرد:

– هەی کافر! ئەگەر سەرت لێ زیاد نییە ئەوا ڕاکە! یانی ناترسیت؟

– من جگە لە خودا لە کەس ناترسم!

ئاغا جارێکی تر لە قاقای پێکەنینیدا:

- هەی شێت و وێت! تەححا کە دەعبایەکی پێکەنیناویت! حەز دەکەیت بێیتە لام و ببیتە بالولی من؟ لە ئایینی ئێمەدا جیاوازی لەنێوان شێت و قەدیسدا نییە و هەردووکیان یەکێکن. تۆیش بەلای منەوە هەم دێوانەیت و هەم قەدیس! گێل مەبە، وەرە لام تا هەم خواردن، هەم عارەق، هەم جلکت بدەمێ و بتکەمە مرۆڤ ... نایەیت؟ بە دۆزەخ! بڕۆ ون بە! ئیدی ناتکوژم!

پاشان لای بۆ خەڵکانی تووڕەی لیکوڤریسی کردەوە و گوتی:

- ئێوەیش هەی کافرانی تەمبەڵی بێکارە کە نە دێوانەن و نە قەدیس، ئێوەیش بڕۆن لەبەرچاوما مەمێنن!

خەڵکی لیکوڤریسی هەراسان و لەهەمانکاتدا دڵخۆش بەرەو ئاوایی کەوتنە ڕێ. یاناکۆس و کوستانتیسیش مامۆستایان بەرزکردەوە، چوونە ژێر باڵی و شەلەشەل

بەرەو ماڵەکەی کێشیانکرد. مامۆستا لەنیوەی ڕێ گوتی:

– هەرچیم بەسەر بێت حەقی خۆمە! ئاخر من نە مەڕم و نە گورگ. من کەسێکی بێوەییم. گورگەکان قەپاڵم لێدەگرن و مەڕەکانیش پشقلم بەسەردا دەکەن. هاوڕێیان دەبینن؟ خۆم باش دەزانم ڕێگەکەم کامەیە وحەق بە کێیە، بەڵام شەهامەتم نییە. لە حەژمەت ترس بێدەنگ دەبم و سەر هەڵنابڕم ... ئەمەیش ئاکامەکەیەتی. لە هەردوو لاوە کوتەك دەخۆم و هەردوو لایش حەقیان بوو بمکوتن. بەڵێ حەقیان بوو، دەبوو کوتەك بخۆم!

پاشان لە دوو هاوڕێکەی نۆڕی و بە ستایشەوە پرسی:

– ئێوە ناترسن؟

یاناکۆس وەڵامیدایەوە:

– چۆن، ئێمەیش دەترسین، بەڵام وەك خەڵکانی ئازا خۆمان دەنوێنین ... نازانم چۆنت بۆ ڕوون بکەمەوە. من وەك خەڵکانی ئازا خۆم دەنوێنم بەڵام تەواوی

جەستەم لەترسا هەڵدەلەرزێت. هەڵبەت نازانم ئەوە چ نهێنییەکی تێدایە کە هەرچی زیاتر وەك خەڵکانی ئازا خۆم دەنوێنم زیاتر زەندەقم دەچێ. تێدەگەیت چ دەڵێم؟ باوەجوو خۆیشم بە تەواویی تێناگەم چ دەڵێم!

مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا کە لەحەژمەت ئازار خۆی دەجەڕاند، زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

– یاناکۆس گیان ئامادەم هەموو ئەو عیلمەی پێمە بیدەم بەمەرجێك وەك تۆ بم ... ئەدی تۆ کوستانتیس؟

– وەزعی من لە یاناکۆس خەراپترە. من نە ئازام، نە وەك خەڵکانی ئازا خۆم دەنوێنم. من، هەم دەترسم و دەلەرزم، هەم خوێن لە دەمارەکانمدا دەیبەستێت. بەڵام چ بکەم کە دڵبەستە بووم. ئەگەر بینیت ڕۆژێك پێ لەقەم لە هەموو شتێکدا و ڕێگەی مەسیحم هەڵبژارد بزانە کە ئەوە نە بەهۆی زوهدەوە بووە، نە بەخاتری ئیمان و نە لە ڕووی شەهامەتەوە، بەڵکو تەنها بە خاتری دڵبەستەیی بووە و بەس! هەڵبەتە بەهەرحاڵ ترس و لەرزم لەجێی خۆیدا دەمێنێ، بەڵام لە ڕێگەکەم ژێوان نابمەوە. تێگەیشتیت کاکی مامۆستا.

یاناکۆس گوتی:

– بەڵام مانۆلیۆس لە هەموو ئێمە باشترە. چونکە ئەو لاسایی خەڵکانی ئازا ناکاتەوە. ئەو بە ڕاستیی ئازایە!

## 16

بۆ سبەینێ میکیلیس، هەڵایساو بە تووڕەیی لە چیا دابەزی و لە ڕێگە بەخۆی گوت:" دەڕۆمە لای قەشە و ڕیشی هەڵدەپاچم. تەواوی ڕیشسپییانیش دەخەمە زەلکاوەوە. ناقوسی کڵێسا دەهێنمە زرینگە، هەموو خەڵکەکە کۆدەکەمەوە و قسانیان بۆ دەکەم."

گا لە تووڕەییدا دەسووتا، گا ئارام دەبۆوە و بەدووی ڕستەگەلی تاسێنەردا دەگەڕا. نەیدەزانی لەکوێوە دەستپێبکا ... سەرانسەری شەو چاوی لێکنەنابوو. سپێدە هەمدیس ڕۆحی باوکی هەستابووە پێ و بە گلەییەوە لێی ڕوانیو و لێوی جوڵاندبوو. هەمدیس دەنگی بابی ژنەفتبۆوە. دەنگێکی لاواز و وڕەئاسا کە لەودونیاوە دەهات:" بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟" هەر ئەوەندە و هیچی تر نا. ئەمیش هەراسان لەخەو ڕاپەڕیبوو، بە لەرزەوە دەستی دابووە دارەکەی و ڕێگەی ئاوایی گرتبووە بەر.

یەکڕاست بەرەو لای قەشە چوو. بە پاڵ دەرگای ماڵی کردەوە، هاتە ژوورێ و بە حەوشەدا هات. باوکە گریگۆریس لەپاڵ پەنجەرەکەدا، لەبەر ڕووناکی خۆردا دانیشتبوو، بەسەر نامەیەکدا نوشتابۆوە، نامەکەی دەخوێندەوە و دەگریا. قەشە بەبینینی میکیلیس، بەپەلە نامەکەی لەژێر جلکەکەیدا حەشاردا. بەڵام میکیلیس نووسینەکەی بینی و دەسخەتی نووسەرەکەی ناسییەوە و هەر لەبەر ئەمەیش کوتوپڕ تووڕەییەکەی نیشتەوە. هەستیدەکرد مەرگ لە هەوادا شەپۆل دەدا و ئیدی دڵی گیرا. قەشە ددانی بەخۆیدا گرت و چاوانی سڕین. تەماشای میکیلیسی کرد و بەگاڵتەجاڕییەوە پرسی:

– خودان ڕێگەت بزر کردووە؟ هەروا زوو لە ساراکینا تێر بوویت؟ ژیانکردن وەکی گۆشەگیران زەحمەتە. ئارام بگرە. بگەڕێوە ئاوایی و بە موڵکەکانتا ڕابگە ...

پاشان بە نیگەرانییەوە تێهەڵچۆوە:

– ... سەنەدەکەیشت ئیمزا کرد؟

– من ئیدی خاوەنی هیچ نیم. ئازادم .. ئازاد.

قەشە هەمدیس بە نیگەرانییەوە پرسی:

– سەنەدەکەت ئیمزا کرد؟

– بەڵێ.

قەشە بەتووڕەیی لە لێواری پەنجەرەکەیدا و نەڕاندی:

– تۆ شێتیت! شێت و وێت! هەی بەدبەخت تۆ ئیدی نابووت بوویت! لەمەودوا تۆ کۆیلەی ئەو قەشە تەڵەکەبازەیت. حەیف بۆ ئەو هەموو سەروەتەی کە باپیرانت کۆیان کردبۆوە!

دڵی میکیلیس لە تووڕەییدا کەوتە کوڵ و گوتی:

– من ئازادم! باوکە ئەوە تۆیت کە کۆیلەیت! حەیف بۆ ئەو جلکە ڕۆحانییەی پۆشیوتە!

قەشە بە قەهر و دڵتەنگییەوە گوتی:

– من لەپێناوی تۆ و کیژەکەمدا هەڵپەم بوو ... بەڵام ئیدی وا هەموو شتێك تەواو!

– چی نووسیوە؟

قەشە نامەکەی لەژێر جلکەکەی دەرهێنا و بۆ میکیلیسی ڕاگرت:

– بیخوێنەوە!

میکیلیس نامەکەی وەرگرت. نامەکە بە فرمێسکی چاو تەڕ ببوو – فرمێسکی قەشە یاخۆ کیژەکەی؟ نەیدەزانی – نامەکەی هێور و بە زەحمەت خوێندەوە و چاوانی پڕ لە فرمێسك بوون:( باوکە، وەزعم باش نییە. بمبوورە نارەحەتت دەکەم، بەڵام وەزعم هیچ باش نییە. ئەز ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەتوێمەوە و لەوەدام بمرم. دکتۆرەکان بەبەردەم تەختەنوێنەکەمدا تێدەپەڕن بێ ئەوەی تەنانەت تەماشایشم بکەن. ئیدی دەستیان لێشتووم و منیش لە بنمیچەکە کە بۆتە ئاسمانم، دەنۆڕم. چونکە بۆ من ئاسمانێکی تر بوونی نییە. باوکە ئەگەر کاتێ تۆ جێدێڵم دڵنیابام کە یەکێك هەیە دوای من پەرداخێك ئاو دەداتە دەستت ئەوا مەرگ بۆ من شتێکی ئاسایی و تەنانەت دڵگیریش دەبوو. من نیگەرانی تۆ و دەسگیرانەکەی جارانمم. ڕەنگە ئەو بە مەرگی من خەمبار نەبێت، بەڵام من هەرکاتێك بیری لێدەکەمەوە بۆی خەمین دەبم ... بۆچی؟ بۆچی؟ مەگەر من چ گوناهێکم کردبوو؟ منیش حەزم دەکرد ماڵ و ژیان و منداڵم هەبن... بەڵام ئەفسووس ...)

میکیلیس نەیتوانی لە خوێندنەوە بەردەوام بێت. نامەکەی لەسەر تاقی پەنجەرەکە دانا و بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت:

– من دەبێ بڕۆم.

– چیت لێم دەویست؟ بۆچی بۆ ئێرە هاتیت؟

– هیچم نەدەویست، هەروا هاتم؟ لێرەوە ڕەت دەبووم گوتم با سەرێکت لێبدەم. من دەتوانم چیم لەتۆ بوێت؟ خوداحافییز!

– خودا توندە و دڵڕەقانە مەردوم دەکوتێت ... ئاخر مەگەر من چیم لێ کردووە؟

میکیلیس کە گەیشتبووە نێوەڕاستی حەوشە، تووڕەیی لەخۆوەی پێچا و ئاوڕی دایەوە:

– باوکە، خودا دەبێ تۆیش بەم هەوا و هەوەسە حەقیرانەیەتەوە بکوتێت. هەڵبەت تۆ نەك کیژەکەت!

فرمێسك پانتایی ڕوخساری قەشەی پۆشی:

– ئەو خۆی دەزانێ لەکوێوە بکوتێ و کوتی ...

لەناکاوێکڕا تووڕەیی زۆری بۆ هێنا، بە یەك گوژم خۆی گەیاندە حەوشە و هاواری کرد:

- هەمووی خەتای ئێوەیە! خەتای مانۆلیۆس، خەتای ئەو قەشە ڕیش بزنییە ناڕەسەنە، خەتای تۆ! خەتای هەموو ئێوەی تەڵەکەباز و خیانەتکاران! ئێمە بەختەوەر بووین و ژیان هاوگونجاو لەگەڵ نەزمی ئیلاهییدا تێدەپەڕی. کیژەکەم چاك دەبۆوە، تۆ بەم کارانە باوکت نە دەکوشت و من دەمتوانی تا یەك ساڵی تر نەوەی خۆم لەئامێز بگرم ... بەڵام ئەو مانۆلیۆسە یەسوعییە تۆی بە لاڕێدا برد و ئەو قەشە درۆیینەیەش گەییشت و بووە هۆی ئەوەی باوکت لە خەفەتا بمرێت، بووە هۆی ئەوەی تۆ ماڵ و موڵکی بەهەدەر بدەیت و من بە ناچاریی دەسگیرانیی کیژەکەم لەگەڵ تۆدا هەڵوەشێنمەوە. ئەم ڕووداوە وەزعی کیژەکەمی خەراپتر کرد و ئیدی چ ئومێدێك بە چاکبوونەوەی نەما ... کەواتە بەرپرسیاری مەرگی ئەویش تۆیت، هەی لەعنەتیی! کیژەکەم پێشتر بە ئومێدی تۆ، لەگەڵ مەرگدا زۆرانی دەگرت، بەڵام ئەدی ئێستا چی؟

لە حەوشە دەهات و دەچوو، جنێوی دەدا، هەناسەی هەڵدەکێشا و دەگریا. تا جارێکی تر شێتگیر بۆوە و

لەکاتێکدا کە دەنگ بە زەحمەت لە گەرووییەوە دەهاتە دەرەوە، تێهەڵچۆوە:

– ... من دەبوو ڕامگەیاندبا کە تۆ گەلحۆیت و ئیمزات ناخوات. من تەواوی موڵکەکانی تۆم وەردەگرت و دەمخستنە سەر خەڵکی ئاوایی. دڵنیابە خەڵکی ساراکینا یەك دەنکە ترێ، یەك دەنك زەیتوون و گوڵەگەنمێك لێرە نابەن ... نا، بەو جۆرەی ئارەزوو دەکەیت بۆت ناچێتە سەر. نابووتت دەکەم! سوێند دەخۆم کە تۆڵەی مردنی باوکت و کیژەکەمت لێدەکەمەوە! دەبینیت. خۆت دەیبینیت! پێمەکەنە! بۆ دیداری ئەسقەف دەچم و شەهادەتنامەی خەڵکیی پیشان دەدەم. ئاغایش قاییل بووە. من هەمووتان لە قووڕە ڕەشە هەڵدەکێشم!

دڵی میکیلیس لەو هەموو ناڕەسەنییە کەوتە ژان:

– بەڵێ، هەموویان لەگەڵ تۆدا هاوڕان! تەنها خودا لەگەڵتا جودایە ... چۆن دەتوانیت مەرگی خەڵکی ساراکینا لە برسێتییدا ببینیت؟ ئەرێ لە خودا ناترسیت؟

- ئەگەر ماریۆری بمرێت لە هەمووان بەر دەبم. ئەگەر کیژەکەم بمرێت ئیدی نە لە خودا دەترسم و نە لەبەندەکانی خودا. جبەی قەشەییم بۆ دوور تووڕ هەڵدەدەم، تفەنگ بەدەستەوە دەگرم و هەمووتان دەکوژم. ئاخر بۆچ دەبێ خودا ماریۆری بمرێنێت؟ مەگەر ئەو توڵفە پاکژە چی کردووە؟ ئایا خودا بەندەیەکی لەو پاکتر، میهرەبانتر و ئارامتری لە دونیادا هەبووە؟ یەکەم کەس مانۆلیۆس، ئەو سەگە لەعنەتییە دەکوژم کە ژیانی منی وێران کرد. ئاغا ئەوی لەدار نەدا بەڵام من لەداری دەدەم! چەپەڵە لە هەموو شوێنێك وا خۆی دەنوێنێت کە لە قەدیس و قارەمانانە، لەکاتێکدا خۆی بە مۆسکۆ فرۆشتووە. هەی خایینی بێ دین، هەی بەڵشەویك!

لالغاوەی کەڤ کردبوو، مشتی هێنابۆوە یەك و دەیویست بە تەوقە سەری میکیلیسدا بماڵێت:

- ... بڕۆ دەرەوە. ئیتر نامەوێ بتبینم! بڕۆ ئەگینا سەرم بە دیواردا دەکێشم!

وایگوت و ئیدی لەناکاوێکڕا لەسەر بەردچنی حەوشەکە گەوزا. جگە لەو دوانە کەسی تر لە ماڵەوە

نەبوو. میکیلیس دانەوییەوە و تەواوی گوڕی خۆی کۆکردەوە تا توانی لەسەر ئەرزەکە بەرزی بکاتەوە، بۆ ژوورەوە بیبا و لەسەر قەنەپەیەك ڕایکشێنێت. ئەوسا چووە موبەق و پەرداخێکی پڕ کرد لە ئاو و بۆی برد. باوکە گریگۆریس پەرداخەکەی وەرگرت و ئاوەکەی بە ئارامیی خواردەوە. پاشان چاوی کردەوە و بە چرپە گوتی:

– میکیلیس، من ئیدی تیاچووم. دەستی خودا بۆ بە زەبر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەشیمان نیم و لەهیچکەسیش نابوورم. هیچ کەس! بڕۆ ئیتر نامەوێت بتبینم!

هەمدیس هاتەوە سەر خۆی. لەجێگەکەی هەستا. بە حەوشەکەدا تێپەڕی و دەرگای کردەوە:

– بڕۆ و ئیتر هیچ کاتێك پێ نەخەیتە ئەمماڵەوە!

وایگوت و دەرگاگەی بەسەریدا داخست.

میکیلیس سەرگەردان بە کۆڵان بە کۆڵانی گونددا دەگەڕا. وەك بڵێیت کوتوپڕ کەوتبێتە جێگەیەکی نائاشنا و دیمەنێکی خەیاڵییەوە، یەکەمین جار بێ

خانووەکان، دوکان و دارچنارەکە ببینێت، کە گەییشتە ماڵی باوکی قەیرێك بۆ تەماشاکردنی ڕاوەستا. وەك بڵێی هەوڵ بدات بە یادی بێنێتەوە... کاتێك ویستی بچێتە ژوورەوە ترس باڵی بەسەردا کێشا. لەنێو حەوشە و بەسەر گژوگیای خۆڕسکەوە جەستەیەکی زەبەلاحی بینی کە بە باسکی کراوەوە ڕێگەی لێگرتبوو... لەرز دایگرت و بە پەلە لە ماڵ دوور کەوتەوە. قسەکانی قەشە لەگوێیدا دەزرنگایەوە:" تۆ ئەوت کوشت، تۆ!" هەستیدەکرد زیندووەکان، مردووەکان و پەیکەرە ئێسکییەکان هەمووی سەریان کردۆتە سەری و دووی کەوتوون.

که گەیشتە کەناری گوند ڕاوەستا و لە خۆی پرسی:" بۆچی هاتبووم؟ ئەدی بۆچی ئیدی تووڕە نیم؟" وایگوت و کوتوپڕ تارمایی ماریۆری، ڕەنگ پەڕیو، بە چاوانێکی زەق و دەسەسڕی سوور بەدەمەوە لە بەرامبەریدا وەدیار کەوت. لەژێر لێوەوە بەخۆی گوت:" ئاوایی پڕ بووە لە تارمایی! دەبێ بڕۆم!"

دونیا تاریك دادەهات و خۆر ئاوا دەبوو. کوتوپڕ با هەڵیدەکرد و درەختەکانی دەهێنانە لەرزە. گەڵای زەرد دەوەرین و ئەرزیان وەك جەستەیەکی نەخۆش پڕ لە پەڵەی زەرد دەکرد. دوو سێ گوندنشین بەلایدا ڕەت بوون و بێ ئەوەی لای لێبکەنەوە لە پێچی کۆڵانەکاندا بزربوون. منداڵێك بە بینینی وی کەوتە گریان. پیرێژنێك دەرگای ماڵەکەی کردەوە، بە بینینی خاچی کێشا، زوو بەزوو دەرگای داخست و بە ئەسپایی بە مێردەکەی، کە لە حەوشە دەسووڕایەوە و لەدووی دوایین تیشکی خۆر بوو تا ئێسکە شەکەتەکانی خۆی گەرم دابێنێ، گوت:

– میکیلیسی خودانزادەی پێشوومان لە دەرەوە وەستاوە ... کە دەیبینیت بەزەییت پێیدا دێتەوە .. کەوتۆتە چ ڕۆژ و ڕۆژگارێکەوە! لاواز و ڕەنگ پەڕیو. چاوانی دەڵێی شووشەیە ..

پیرەمێرد سەری هەڵبڕی:

– حەقێتی! ماڵومڵکەکەی بەخشی، ئێستایش دەبێ سەرگەردانی کۆڵانەکان بێ ... پێیشی پەتیی بوو؟

– نا. هێشتا پێڵاوە کۆنەکانی لەپێدا بوو! هەی داماو. کەواتە ڕاست دەکەن ئەقڵی لەدەستداوە.

پیرەمێرد بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– ئیدی تۆو و بنەچەی پاتریارکاس فت! عاقیبەتیان ئەمە بوو! دەی دواجار خودایەکیش هەیە! ئافرەت گوێ بگرە، سبەی دوو سبەی ئەم کوڕە لە دەرگای ماڵەکەمان دەدا. هەرکاتێك هات ئەوا پارووبەك نانی بدەیێ تا منیش بڵێم خێرمان بە پاتریارکاسەکان کردووە...

وایگوت و بە شادومانیی خاچی کێشا و تێهەڵچۆوە:

– ... سوپاس خودایە!

دەنگی هەورەگرمە لە دوورەوە دەهات. بایەکی سارد کە مژدەی بارانی دەدا، هەڵیکرد. میکیلیس تەکانێکیدا و کوتوپڕ کەوتە سەر ئەوەی کە بۆ بینینی یاناکۆس بڕوات. ئیدی بۆ ئاوایی گەڕایەوە. باران کەوتبووە بارین. کۆڵانەکان چۆڵ بوون. کە گەییشتە ماڵی بێوەژن ڕاوەستا. دەرگای ماڵەکەی گوشاردا و کردییەوە. حەوشە چۆڵ و مێخەکە سوورەکان ژاکاو. چووە ژوورەوە. نوێن، کورسی و دۆلابی بێوەژنیان تالان

کردبوو. تەنانەت تەختەنوێن و پەنجەرەکانیشیان دەرکێشاو و بردبوویان. تەنها پەنجەرەیەك مابوو کە بە هەڵکردنی با تەقوهۆڕی پێدەکەوت. هەموو شوێنێکی ماڵەکە بە گەندوگووی ڕێبواران پیس ببوو.

میکیلیس لەژێر لێوەوە گوتی:" ئای کاترینای داماو! چ دڵێکت بەخشی و و خۆیشت هیچیت وەرنەگرت! ئەم ژوورە شاهیدی چ شەڕوشۆڕێك بوو! چ دونیایەکی پۆخڵ تێکەوتووین!"

مشکێکی گچکە بە هەراوزەنا و شێلگیرانە قامیشی دارەڕای میچی ژوورەکەی دەکرۆژت. وەك بڵێی خودا ئەم کارەی بەکرێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێ سپاردبێ.

میکیلیس ماڵەکەی جێهێشت، دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. بەرەو ماڵی یاناکۆس کەوتە ڕێ و بەدەم خۆیەوە دەیگوت:" ئەگەری چوونی کاترینا بۆ بەهەشت بەو هەموو گوناهەوە کە کردوویەتی چەند جار زیاترە لە چوونی باوکە گریگۆریس بەو هەموو شکۆیەیەوە ... وی بەبێ گومان ئێستا لە بەهەشتە و لەپاڵ مەریەمی مەگدەلیەدایە و خەریکە لەگەڵیدا

دەدویْ..." کاتێك کە بەم خەیاڵەوە کەمێك ئارامبۆوە، لەدەرگای ماڵی یاناکۆسیدا.

یاناکۆس لە سپێدەی ئەو ڕۆژەوە چووبووە گەوڕەکە تا ماڵئاوایی لە گوێدرێژەکەی بکات. گەرچی بەڵێنیدابوو بە خەڵکی ساراکینای ببەخشێت بەڵام مەغریبی ڕۆژی پێشتر یاداشتێکی لە لاداسی پیرەوە پێگەیشتبوو کە تێیدا نووسیبووی:" یان سێ لیرە زێڕەکەم دەدەیتەوە یاخۆ گوێدرێژەکەت. بەهەرحاڵ ئەگەر ناتەوێت بچیتە زیندان ئەوا دەبێ قەرزەکەی خۆت بدەیتەوە."

یاناکۆس یاڵی گەرم و درەوشاوەی گوێدرێژەکەی بەخۆیەوە دەگوشی، لەگەڵ ئاژەڵەکەدا دەدوا، بۆ چارەنووسی دەگریا و بە شیرینترین قسە نەوازشی دەکرد:

- یوسفۆکەکەم، مەردوم بەخیل و ناڕەسەنن. ئەوانە دەیانەوێ من و تۆ لەیەك جیاکەنەوە ... لەمەودوا کێ بەیانیی هەموو ڕۆژێك دێت و لەگەڵتا دەئاخڤێ، نەوازشت دەکا، ئاوت بۆ دێنێ و ئاخوڕەکەت پڕ لە کا دەکات. کێ دەچێتە دەشت یوسفۆکەکەم تا ئالفی تازەت

بۆ بڕنێ. من جگە لەتۆ چ کەسێکی ترم لەم دونیایەدا نەبوو. هەر بەڵایەکیان بەسەردا دەهێنام و هەر قسەیەکی ناخۆشم دەژنەفت چ پێم گرینگ نەبوو چونکە دەمزانی کاتێ بۆماڵەوە دەگەڕێمەوە ئەوا یوسفۆك بە چاوە پاکژەکانی تەماشام دەکا و کلك دەلەقێنێ و پاشان تۆ لە پێشەوە دەکەویتە ڕێ و منیش لەدواوە. ئێمە پێکەوە بۆ گوندەکانی تر دەڕۆیشتین، کەلوپەلمان دەفرۆشت، کەلوپەلمان دەکڕی و بە ئارەقەی نێوچەوان و شەرافەتمەندانە دەژیاین ... بەڵام هەنووکە ئەو کابرا پیسکەیە دەیەوێت لەیەکترمان جیاکاتەوە. چ بەسەر تۆدا دێت؟ چ بەسەر مندا دێت؟ بەهەرحاڵ هەرچی بوو تێپەڕی یوسفۆکەکەم! هەی نەفرەت لەم پیاوە ناڕەسەنە بە لیرە ئاڵتوونەکانی و ئەم قەدەرەوە کە ئێمەی بەرامبەر زوڵم بێ دیفاع کردووە ... ماڵئاوا یوسفۆکەکەم ...

وایدەگوت و بەسەر ئاژەڵەکەدا دادەنەییەوە، یاڵی گەرم و درەوشاوەی ماچ دەکرد، بە پەنجەی بە ئارامیی تووکی سپی زگ و یاڵی نەوازش دەکرد، کلکی ڕادەکێشا و فرمێسکی هەڵدەڕشت ... یوسفۆکیش سەرخۆش و

مەست بە نەوازشی خاوەنەکەی، لەخۆبایییانە سەری دەلەقاند، کلکی قیت دەکردەوە و بەئارامیی دەیمرخاند.

لە دەرگا درا و یاناکۆس بەترسەوە لەجێگەکەی هەستا. بەڵام کە چاوی بە میکیلیس کەوت دڵی هێور بۆوە و هەمدیس خرۆشایەوە:

– سڵاو میکیلیس.

چاوانی بە گریان ئاوسابوون. میکیلیس پرسی:

– یاناکۆس گیان چیت لێقەوماوە. دەگریاییت؟

یاناکۆس فرمێسکەکانی سڕی و بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

– وەك بڵێی هەمدیس منداڵ بووبێتمەوە. خەریك بووم ماڵئاواییم لە گوێدرێژەکەم دەکرد ... لاداسی پیر دەیەوێت گوێدرێژەکەم لێبسەنێت. ئومێدەوارم خودا خۆیمان لەکۆڵ بکاتەوە.

وایگوت و نامەکەی لاداسی پیشاندا. میکیلیس پرسی:

– چ شتێکت بۆ خواردن هەیە؟ زۆر برسیمە. لە بەیانی زووەوە لە چیاوە دابەزیوم و ئێستایش کە نزیکی

نیوەڕۆیە ... گوێ بگرە یاناکۆس، من هەر ئێستا بۆ بینینی لاداس دەڕۆم و پێی دەڵێم گوێدرێژەکە موڵکی خەڵکی ساراکینایە و ناتوانێت لێت زەوتکات.

یاناکۆس سەری لەقاند. ئەو بیستبووی کە باوکە گریگۆریس بە هاریکاریی ئاغا نامەی بۆ ئەسقەف ئەعزەم نووسیوە و تا ڕاگەیاندنی فەتوای ئەسقەف دەربارەی ئەوەی کە ئیمزای میکیلیس دەخوا یان نا، مۆڵەتی نەدەدا میکیلیس دەست بۆ میراتی باوکی بەرێت. تەواوی خەڵکی ئاوایی ئامادەبوون شەهادەت بدەن کە کوڕەکەی خودان پاتریارکاس ئەقڵی تەواو نییە.

دێوەرە کوتوپڕ هاواری کرد:

– ئەگەر گوێدرێژەکەم لێبسەنێ، ئەوە من یاناکۆس نیم گەرماڵەکەی ئاگر تێبەرنەدەم!

ئەوسا چووەماڵەوە، فراوینی ئامادە کرد و بە بڕێك نان، ترێ و پەنیرەوە هاتەوە حەوشە و لەپاڵ گەوڕەکەدا کەوتنە خواردن. گوێدرێژەکەیش لەنزیکیانەوە بە شادومانیی وێنجەی خۆی دەخوارد.

یاناکۆس بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

- چەند سێ کەسی بەختەوەرین! حەیف کە ئەو پیرەمێردە پیسکەیە گەرەکییەتی لە یەکترمان جیاکاتەوە...

میکیلیس بەدەم لێو سرپینەوە، گوتی:

- هەر ئێستا دەچمە گیانی.

- خودا پشت و پەنات بێ میکیلیس! هەر کارێکت پێدەکرێ درێخیی مەکە ...

لاداسی پیر و هاوسەرەکەی لەسەر ئەرزەکە لەودیو مێزە قاچ کوڵەکەوە چوارمشقی دانیشتبوون و نانیان دەخوارد. خاتوو پەنلوپ ئەو گۆرەوییەی کە خەریکی چنینی بوو لەسەر چوارپایەکەی پاڵ خۆیدا دانابوو، پارووە گچکەکانی وەك ئەوەی بیکاتە کونێکەوە، دەینانە زاری و بە ئارامیی و بە دڵێکی شەکەت، بێئەوەی قسان بکات، دەجوو. بەڵام مێردەکەی کەیفخۆش و هەر دەیپرست:

- پەنلوپ گیان، سوپاس بۆ خودا هەموو شتێك تەواوە! باوکە گریگۆریس هەر بەڕاستی ئیبلیسێکە بۆ

خۆی. لەگەڵ ئاغادا ڕێککەوتووە و نامەی بۆ ئەسقەفی ئەعزەم نووسیوە. ئەلعان دەبینیت کە زوو بەزوو هەموو موڵکەکانی خودان پاتریارکاس دەخەمە چنگی خۆم. هەڵبەت ڕاستە کە دەڵێن موڵکەکان بۆ هەموو ئاوایی دەبێت. بەڵام پەنلوپ گیان تۆ باوەڕ بەوە مەکە، چونکە من لەگەڵ قەشەدا ڕێککەوتووم و بڕیارە کاتێ هەڕاجکردنەکە کرا، من موڵکەکان بکڕم و بەشی ئەویش بدەم. ساختەچییە دەیویست خۆی ببێتە خاوەنی هەمووی و پێوابوو من لێدەگەڕێم! بەهەرحاڵ بڕیار درا قازانجەکە پێکەوە نیوەیی بکەین. تا چەند ڕۆژی تر دەبینە خاوەنی گوێدرێژەکەی یاناکۆسیش. پەنلوپ گیان من ئەو گوێدرێژە دەدەمە تۆ تا سواری بیت و سەر لە موڵکەکانمان بدەیت. گوێدرێژ زۆر ئارام و تێرە. خۆت دەبینیت! هێند نەرم و ڕاحەتە کە دەتوانیت وەك شاژنەکان لەسەری دانیشیت! پەنلوپ گیان ئێمە نە منداڵمان هەیە نە سەگ. کەواتە هیچ خەرجییمان نییە. ئێمە ڕێك وەك پادشایان دەژین! ئەگەر بمتوانیبا سەد ساڵ، دوو سەد ساڵی تر ژیابام ئەوا دڵنیابە دەبوومە

خاوەنی هەموو لیکوڤریسی. دەزانیت بۆ؟ چونکە خەڵکی ئێرە هەموویان خۆپەرست و گەلحۆن. هەر ساڵێك جلکی تازە و پێڵاوی تازە دەکڕن و لەوەش خەراپتر بەردەوام منداڵ دروست دەکەن کە هەمووی هەر خەرجییە و خەرجیی! پارە لەخۆیەوە تەواو دەبێ ... ئەوە لەکاتێکدا کە ئێمە ... بەسلامەتی تۆ پەنلوپ گیان!

پەرداخەکەی خۆی پڕ کرد لە ئاوی سازگار و بە یەك بین هەموو خواردەوە، ئەوسا بە زوبان تەقەی لە زاری هەستان و تێهەڵچۆوە:

– ... لەکوێ شەراب دەگاتە ئەم ئاوە سازگارەی خودا پێی بەخشیوین؟

میکیلیس بێ ئەوەی لە دەرگا بدات، هاتە ژوورەوە. لاداسی پیر بە بینینی وی ڕوخساری گرژ کرد و بەخۆی گوت:" وەك بڵێی هاتبێ کێشە بنێتەوە. بۆیە وا قلافەت دەنوێنێت. باشترە خۆمی لێ بکەم بە ئاشا!"

خاتوو پەنلوپ لە جێگەکەی هەستا، مێزەکەی کۆکردەوە، گۆرەوییە نیوە تەواوکراوەکەی هەڵگرت. لە قوژبنێکدا دانیشت و کەوتەوە چنین. میکیلیس گوتی:

– ئەی ڕیش سپیی بەڕێز، تۆ بەو هەموو زەوییە کشتوکاڵیی، ڕەز، باغی زەیتوون، خانوو و قاسەگەلی پڕ لە زێڕەی خۆتەوە دەتەوێت چ بکەیت؟ لەگەڵ خۆتا بۆ گۆڕەکەتیان دەبەیت؟ تۆیەك کە پێیەکت لە گویێ قەبرە کەچی هەر هەڵپەتە؟ بیستوومە دەتەوێت گوێدرێژەکەی یاناکۆسی داماویش لە دەستی دەربێنیت؟ ئەریێ لە خودا ناترسیت؟ شەرم لە بەندەکانی خودا ناکەیت؟

پیرەمێرد سەری خوراند و لەدڵی خۆیدا گوتی:" وەك بڵێی هەر بە ڕاستیی عەقڵی سووك بووبێ ئەگینا ئەو شتانەی بە خوداوە ڕایەڵ نەدەکرد. دەبێ بە میهرەبانیی لەگەڵیدا بدوێم چونکە بۆی هەیە دۆودۆشاو تێکەڵاو بکا و بەڵایەکم بەسەر بێنێ ..." ئیدی نەرمونیان و گلەیی ئامێز وەڵامیدایەوە:

– میکیلیس گیان چ بکەم؟ منیش وەکی هەموان دەست و باڵم بەستراوە و ...

– من بۆت دەنووسم کە سێ دراوی زێڕی تۆ قەردارم و لەژێریشیدا بۆت ئیمزا دەکەم ..

پیرەمێرد کۆکەکۆك گوتی:

- میکیلیس گیان توخودا لێم دڵگیر مەبە. بەڵام مەردوومی قسەی بەلاشگۆ دەڵێن ئیمزای تۆ ناخوات. هەڵبەتە من ئەو قسانە ناچنە ئەقڵمەوە. بەڵام دەزانیت مرۆڤ لە مەکینە دەچێت. هەر کە بورغوویەك شل بێتەوە ئیدی ...

میکیلیس ڕاپەڕی، ئەو کورسییەی کە لەسەری دانیشتبوو، کێشای بە ئەرزەکەدا و لەدڵی خۆدا گوتی:" خەریکن شێتم دەکەن ..." وایگوت و بە چاوانێکی خوێن گرتووەوە بەرەو لای لاداسی پیر چوو.

لاداس نزیکی دەرگاکە بۆوە، دەسکەکەی گرت، لە حەوشەی نۆڕی و بەخۆی گوت:" سوپاس بۆ خودا دەرگاکە کراوەتەوە، گەر بیەوێت پەنگێ بنێتەوە ئەوا خۆم دەگەیەنمە کۆڵان ..." ئەوسا بە لالانەوەوە گوتی:

- ئای خۆزیا پارەی نەخدت دەبوو ...

میکیلیس کە هەروا بەرەو لای دەچوو، نەڕاندی:

- دەڕۆمە ماڵەوە و ماڵەکەت بۆ دەگەڕێم هەی سووخۆری پیسکەی دەسبڕ!

پیرەمێرد گوتی:

– هەمان ئەمڕۆ ئاغا مۆری لە ماڵی باوکتدا ..

وایگوت و زووبەزوو گازی لە زوبانی گرت و بەخۆی گوت:" بۆچی وام پێگوت؟ هەر ئێستا شێت دەبێ و دونیا ژێرەو ژوور دەکا!"

میکیلیس بەجۆرێك سەری لەنێو دەستیدا گوشی کە تەقە لە کەللەسەرییەوە هات:

– خودایە، خەریکە شێت دەبم! پیرەمێرد ئاشکراتر بدوێ! منیان لە ماڵی باوکم کردۆتە دەرەوە؟ ئەمە ئیتر شتێکە ناچێتە ئەقڵەوە! من نەوت دەکەم بە ئاواییدا و ئاگری تێبەردەدەم. مەڕۆ هەی پیرەمێردەی پیس! بۆ کوێ دەڕۆیت؟ وەرە ئێرە هەی نارەسەن!

وایگوت و بەرەو لای دەرگاکە قەڵەمبازێکیدا. بەڵام پیرەمێرد خۆی گەیاندبووە دەرەوە و بەرەو حەوشەکە رایدەکرد کە میکیلیس پشت ملی گرت. پیرەمێرد کەوتە سەر ئەژنۆ و هاواری لێهەستا.

– ... کێ ئەو کارەی کردووە؟ قەشە؟ ئاغا؟ یان تۆ؟

– نا میکیلیس، کاری من نەبوو! لە پەنلوپ بپرسە ... دەڵێن ئەمڕۆ ئاغا لەگەڵ باوکە گریگۆریسدا چوونەتە

ماڵی ئێوه و بڕیاره ئەسقەفی گەورەیش لەگەڵ چەند پزیشکێکدا له شارەوه بێن.

میکیلیس حەپەساو لەخۆی پرسی:

– پزیشك؟

– میکیلیس لێمگەڕێ. تکات لێدەکەم هێنده مەمگوشه. هەموو شتێکت پێدەڵێم. مەمخنکێنه!

میکیلیس پێستی ملی پیرەمێردی گرت، له جێگەکەی بەرزی کردەوه و گوتی:

– قسه بکه هەی چەته! هەموو شتێك بڵێ! هەموو شتێك!

– پەنلوپ پەرداخێك ئاوم بدەرێ ... خەریکه دەخنکێم!

بەڵام خاتوو پەنلوپ هەروا گۆرەوی دەچنی و له جێگەی خۆی نەجووڵا. پەنلوپ زەردەخەنه لەسەر لێو گۆرەوی دەچنی و وەکی مردوو بێدەنگ بوو!

پیرەمێرد گوتی:

– لێگەڕێ دەرگای حەوشه داخەم.. دەروجیران گوێیان لێمان دەبێت!

وایگوت و بە یەك گوڕم خۆی گەیاندە ناوەڕاستی حەوشە و قیژە قیژ هاواری کرد:

– یارمەتی! یارمەتی! میکیلیس دەیەوێت بمخنکێنێت!

دەرگای ماڵەکان یەك لەدوای یەك دادەخران. لاداسی پیر هەروا ڕایدەکرد، هاواری دەکرد و تۆوی ترسی لە ئاواییدا دەچاند. کە گەییشتە مالی باوکە گریگۆریس، قەشە لەبەر دەرگا وەدیار کەوت. لاداس هاواری کرد:

– باوکە یارمەتی! میکیلیس فێکە لێداوە و دەیەوێت بمخنکێنێت! بهێڵە بێمە ماڵەوە!

بەڵام قەشە بە دوو دەست دەرگای حەوشەی داخست و گوتی:

– نا پیرەمێرد. بەردەوامبە ڕاکە و بەوپەڕی توانای خۆت بیکەرە هەرا و هاوار تا هەموو خەڵکی ئاوایی هاوارت بژنەڤن و تێبگەن مەسەلە چییە .. خێرا ڕاکە!

وایگوت و دەرگاکەی لەسەر داخست.

باران هەمدیس دایکردبۆوە. لاداس کە لە فێڵەکەی قەشە حاڵیی بوو، بەوپەڕی توانای ڕایدەکرد، لە پێچی

هەر کۆڵانێکدا ڕادەوەستا و دەیقیژاند. پارچە گوریسێکی لە ڕێگە دۆزیبۆوە و وەك مەدرەکی تاوان ڕایدەوەشاند:

– هێی خەڵکینە یارمەتیم بدەن. میکیلیس هاتبوو بەم گوریسە بمخنکێنێت. دەبەیەك نەوتیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

هەرکە دەرگای ماڵێك دەکرایەوە هەمدیس دەکەوتەوە ڕاکردن و کەمێك لەولاتر هاواری دەکردەوە:

– بە دەبەی نەوتەوە هاتووە تا ئاوایی ئاگر تێبەردا. یارمەتی! یارمەتی!

ئاوایی شڵەژا. چەند گوندنشینێك تفەنگە کۆنەکانیان دەرهێنا و پەنجە لەسەر پەلەپیتکە لەودیو دەرگای ماڵەکانیانەوە خۆیان نایەوە. ئاغا لەسەر بانیژەی ماڵەکەیەوە وەدیار کەوت و فەرماندەرانە گوتی:

– هەرچی زووتر دوو کەسی مل ئەستوور بڕۆن ئەو لەعنەتییە دەسگیرکەن. پانایۆتیسە زلە لەکوێیە؟

– گوێ لە فەرمانتانم ئاغا!

ئاغا گوریسێکی هەڵدایە خوارەوە:

- وەرە بیگرە! بڕۆ بیدۆزەوە و دەست بەستراو بۆ ئێرەی بێنن! باش گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم، پاناپۆتیس تۆ لەمڕۆوە میراخوری منیت. چونکە هەم بەهێزیت، هەم نارەسەن و هەم مێشك گچكە! کەواتە تەواوی مەرجە پێویستەکانت بۆ میرئاخوڕیی تێدایە. یەك دەقیقە ئارام بگرە تا تەڕبووشی ئەو میرائاخوڕە مەلعونەشت بۆ دێنم. لەمەودوا با هەر لە سەرتا بێت..

وایگوت و زوو بەزوو تەڕبووشەکەی میراخوری لەداردراوی لە بزماری سەر دیوارەکە کردەوە و بۆ پاتاپۆتیسی هەڵدا:

- ... بیگرە و بەخت یاوەرت بێت!

پاشان ڕووی کردە برایمۆك کە تەمبەڵانە لەسەر ئەرزەکە ڕاکشاو و دوکەڵی جگەرەی لە کونە کەپوویەوە دەهێنایە دەرێ، گوتی:

- وابزانم هەر بەڕاستی ئەو داماوەیان شێت کرد!

جوانووە ئەسپی بێ حەیا گوتی:

- ئەدی کەنگێ ژنم بۆ دێنیت؟ ئیتر وا خەریکە تێکدەچم!

پانایۆتیس دوای ئەوەی گوریس و تەڕبووشەکەی یەك لەدوای یەك بە حەواوە گرتنەوە، بەرەو ماڵی لاداسی پیر ڕایکرد. بەڵام میکیلیسی نەدۆزییەوە.

میکیلیس بە کۆڵانە چۆڵەکانی گونددا ڕایدەکرد. شەرمی لە گوندنشینەکان دەکرد و ژنان بە بینینی هاواریان دەکرد و دەرگای ماڵەکانیان دادەخست. کاتێ گەییشتە باریکە ڕێگەکەی چیا لە ڕاکردن وەستا. هەناسەی گیرابوو. ئیدی باران بەلێزمە نەدەباری، بەڵکو یەك ڕیتم دەباری. تەم کوێستان و ئاوی دەشتی پۆشیبوو. لەپاڵ گابەردێکدا دانیشت تا باران خۆشکاتەوە. لە بارانی دەنۆڕی و گوێی بۆ دەنگی خوڕەخوڕی ئاو ڕادەدێرا کە لە قەڵەشی بەردێکەوە دەڕژا و لەگەڵیدا بەرەو دەشت بەرەو خوار دەبۆوە. پێیوابوو لەگەڵ ئاودا لە شیوەکانەوە دەڕژێ و لەنیوەی ڕێ لەگەڵ باریکە ئاوەکانی تردا یەکانگیر دەبێ و گەورە و گەورەتر دەبێت، ئیدی دواجار وەك لافاوێکی ماڵ وێرانکەر ئاوایی بەژێرەوە دەکات. مردووان و زیندووان، تۆز و خۆڵاویی لە ئەرزەوە هەڵدەسن و باراناویی دەشت

جێدێڵن و بەرەو لای ئەو بە کێوەکەدا هەڵدەگژێن. لە پێشەوەی هەمووان مردوویەکی کەتە بە ورگی دەرپەڕیو، بەرمیل ئاسا و قەوزاویی دەبزووا. وی خودانی گوند و دیمەنەکە لە ڕۆژی قیامەت دەچوو. مەلایکەتەکان فوییان بە شەیپوورەکانیانا دەکرد و مرۆڤەکان وەکی کرم سەریان لەنێو قوڕ و چڵپاوەوە دەهێنایە دەرێ.

چەند ڕۆژ لەوەوبەر کتێبەکەی یۆحەنای خوێندبۆوە و زەینی پڕ ببوو لە مەلایکەت، لە شەیپوور، لە ژنانی سۆزانی دانیشتوو لەگوێ ئاو. زەریاگەلی خرۆشاو و سوارانی دانیشتوو لەسەر ئەسپی ڕەش، سوور و سپیی کە لە خوێناودا تلیان دەدا... بەخۆیدا هاتەوە و لە داکردنی بارانی نۆڕی و هەمدیس گوێی بۆ ئاو ڕادێرا. لاجانگەکانی لێیدەدا و کوتوپڕ هەستیکرد دونیا ژێرەو ژوور دەبێت. هەوا تاریك دەبوو و شەو دادەهات. باران هەروا شێلگیرانە دەباری، ئەرزی دەشۆردەوە و لەخۆیدا دەیتوانەوە. فرمێسك بەری چاوانی گرت و لەژێر لێوەوە گوتی:" خودایا، تەنها تۆ جاویدیت! ئەگەر تۆ نەبووایت ئەدی ئینسان خۆی بە چییەوە ڕادەگرت؟ هەموو شتێك

دەفەوتا و دەڕزا. هەموو شتێك لەناو دەچوو، شیدەبۆوە و نابووت دەبوو. تەنها تۆیت کە هەمیشە هەیت! بهێڵە پشتت پێوەدەم. خۆت ڕامگرە کە دردۆنگیی کەوتۆتە گیانم!"

*

چەند سەعاتێك بوو کە باوکە فۆتیس و مانۆلیۆس لە ئەشکەوتەکە چاوەڕێی میکیلیسیان دەکرد. کاتێك کە ئیدی تەواوێك نیگەران بوون، مانۆلیۆس گوتی:

– باوکە، ماوەیەکی زۆری گەرەکە تا ئێمە بتوانین حەقی خۆمان وەربگرین. ئاخۆ بەڕاستیی ماڵی دونیا ئەوە دەهێنێت ئێمە ئەو هەموو کاتەی بۆ بەهەدەر بدەین؟

چاوانی باوکە فۆتیس پرشنگیاندا و گوتی:

– بەڵێ مانۆلیۆس، دەهێنێت. منیش زەمانێك وەکی تۆ بیرم دەکردەوە و لەخۆم دەپرسی: بەرخۆدان لەپێناو ماڵی دونیادا چ بەهایەکی هەیە؟ دونیا بەکەڵکی چ دێت؟

من له ئاسمان دوورخراومەتەوە و دەبێ هەرچی زووترە بۆ سەرزەمینی ئەسڵیی خۆم بگەڕێمەوە. بەڵام لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمەندا حاڵی بووم کە هیچ کەسێك بەر لە ڕزگارکردنی ئەرز ڕێگەی خۆی بەرەو ئاسمان نادۆزێتەوە و کەس ناتوانێت ئەرز ڕزگار بکات بە خۆڕاگریی و بەرخۆدان و سازش نەکردن نەبێت. مرۆڤ تەنها لە ئەرزەوە دەتوانێت بەرەو ئاسمان باز بدات. باوکە گریگۆریسەکان، لاداسەکان، ئاغاکان و موڵکدارانی دەوڵەمەند، هەموو و هەموو هێزگەلی ئەهریمەنین و چارەنووس هانماندەدا لەگەڵیاندا بجەنگین. ئەگەر چەك دانێین ئەوا ئیدی نە لە دونیا جێگەیەکمان دەبێ و نە لە ئاسمان ...

– میکیلیس زۆر بەناز پەروەردەکراو و هەستیارە. ئەو ناتوانێت ....

– بەڵام ئێمە دەتوانین! ئارام بگرە تا بزانین ئەمشەو چ هەواڵگەلێکمان لە ئاواییەوە بۆ دێنێت. ئەگەر هەواڵەکان خۆش نەبوون ئەوا من سبەینێ بۆ دادوەریی، بۆ بینینی

ئەسقەڤ گەورە دەڕۆم. زستان لە ڕێیە و نابێ برسیی و بێ پشتوپەنا خافڵگیرمان بکات.

مانۆلیۆس بە چرپە گوتی:

– خۆزیا بمتوانیبا خۆم بۆ ڕزگارکردنی ئەم خەڵکە بکردایەتە قوربانی.

– جارێك گیانفیدایی زۆر ئاسانترە لەوەی کە قەترە قەترە خوێنی خۆت لە ڕێگەی بەرخۆداندا ببەخشیت. ئەگەر لە من بپرسن ڕێگەی بەهەشت کامەیانە، ئەوا ناهەموارترین ڕێگەیان پیشان دەدەم. مانۆلیۆس تۆیش ناهەموارترین ڕێگە هەڵبژێرە و ورەت هەبێت!

مانۆلیۆس بێدەنگ بوو. گەرچی دەیزانی قەشە ڕاست دەکا بەڵام پەلەی بوو. ئەو هەرگیز ئەو شادومانییە لە وەسف بەدەرەی بیرنەدەچۆوە کە کاتێك پێی نابووە سەر ڕێگەی قوربانیی کردنی گیانی، هەستی پێکردبوو. پرشنگی ئەوە بە قووڵایی بوونیدا، بەهەشتی وەدیار دەخست. بەرخۆدانی ڕۆژانە بەلایەوە بێ ڕەونەق و بە پەلەپرووزکێ بوو.

دوو هاوڕێ پەنایان بۆ بێدەنگیی برد و گوێیان بۆ بارینی باران و ڕژانی بەسەر بەردەکانا ڕادێرا. جار ناجار پزیسکێك، تاریکایی شەوی تەیدەکرد، ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوی هەردووکیانی ڕووناك دەکردەوە و هەمدیس زوو بەزوو هەموو شتێك لەتاریکییدا ڕۆدەچۆوە.

دواجار دەنگی هەنگاونانێکی پەلەیان بەسەر بەردچنی ڕێگەکەدا ژنەڤت. مانۆلیۆس دەرپەڕییە دەرەوە و هاواری کرد:

– میکیلس!

وایگوت و ئیدی دوو هاوڕێ لە تاریکیی شەودا یەکدییان لەئامێز گرت و هاتنە نێو ئەشکەوتەکە. باوکە فۆتیس گوتی:

– سلاو میکیلیس. لە لیکوڤریسییەوە چ هەواڵێکت هێناوە؟

– نوێترین هەواڵ ئەوەیە ئیمزای من ناخوات. ئاغا مۆری لە ماڵی بابم داوە. پزیشکان لە شارەوە دێن تا دێوانەیی من بسەلمێنن ... ماریۆرییش خەریکە

دەمرێت... ئەمە ئەو هەواڵانەیە کە هێناومن و سوپاس بۆ خودا جێگەی هیچ گلەو گازندەیەك نییە!

ئەوسا لەسەر ئەرزەکە دانیشت، پاڵی بە گابەردێکەوە دایەوە و دوای ساتێك بە گاڵتەوە گوتی:

- بەڵێ، جێی هیچ گلەوگازندەیەك نییە. چونکە بە دەستی پڕەوە گەڕاومەتەوە!

قەشە لەجێگەکەی هەستا:

- ئێمە هیچ شکایەتێکمان نییە. مرۆڤ دەبێ ڕەنج بدات، زوڵم ببینێت و توندوتۆڵ بەرخۆدان بنوێنێت. میکیلیس، ئێمە دانانیشین. من سبەینێ دەچمە شار و بەرخۆدان دەنوێنم.

میکیلیس سەری لەقاند:

- باوکە، هەرچی خودا دەیەوێت ئەوە بکە! من کە ئیتر هیچ کارێکم لەدەست نایە و چاوەڕوان دادەنیشم... کە لە خوارەوە بووم کوتوپڕ کەوتمە سەر ئەوەی لاداسی پیر بخنکێنم و ئاوایی بە نەوت ئاگر تێبەردەم. بەڵام زۆر زوو لەپێ کەوتم و خەمین و ترساو لەوێ هەڵاتم.

مانۆلیۆس دەستە گەرمەکانی میکیلیسی لە تاریکایی شەودا گوشین و گوتی:

- میکیلیسی ئازیز، لێگەڕێ من و باوکی ڕۆحانی بەرخۆدان بنوێنین!

باران خۆشی کردبۆوە. باوکە فۆتیس هەستا و گوتی:

- شەوباش! من دەڕۆم دەنووم و سبەینێ بەرنامە دادەنێم. من و مانۆلیۆس سپێدە دەکەوینە ڕێ.

وایگوت و زوو بەزوو لە تاریکییدا بزر بوو. میکیلیس بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

- ژیان چەندە دژوارە! مانۆلیۆس تکایەکم لێت هەیە، سبەینێ کە چوویت بۆ شار سەرێکیش لە ماریۆری بدە و سلاوی منی پێبگەیەنە. ئیدی هیچ داوایەکی ترم نییە.

وایگوت و لەسەر دۆشەکەکە ڕاکشا و چاوانی لێکنان تا هەمدیس باوکی بەرامبەر خۆی ببینێت.

سپێدەی ڕۆژی دوایی باوکە فۆتیس و مانۆلیۆس کەوتنە ڕێ. لە ڕێگە جگە لە کورتە دەمودۆ، چ قسانیان پێکەوە نەدەکرد. ئاسمان پۆشراو بە هەور. باران نەدەباری. بەڵام چونکە شەوی بەر لەوە بە لێزمە باریبوو، هەردووکیان بەپێی پەتیی بە قوڕ و لیتاودا دەڕۆیشتن و بە زەحمەت ڕێیان بۆ دەکرا. بەلای کێڵگەی سەوز و دێرین، بە باغی میوە و ڕەزەکانا تێدەپەڕین و گا دەگەییشتنە دەشتگەلی تەختانیی. بۆ ساتێك سووچی خۆرهەڵاتی ئاسمان دەکرایەوە و شینایییەکی شادومانانەی لێ وەدیارکەوت. دوو کۆڵەگەی مەڕمەڕینی دێرین بەسەر یاڵێکەوە دەدرەوشانەوە. مانۆلیۆس بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

– زەمانێك هەموو ئەم زەوییانە هی ئێمە بوون.

باوکە فۆتیس بۆ ساتێك بۆ تەماشاکردنی دوو کۆڵەگە بەردینە نیوە وێرانەکە وەستا و خاچی کێشا. وەك بڵێیت لەبەرامبەر کڵێسایەکی وێرانکراودا بێت.

هەردووکیان بێدەنگ بوون و کۆڵەپشتە شیتاڵەکانیان بەکۆڵەوە بوو. قەشە جلکی دڕاو و مانۆلیۆس جلکی

شوانکاریی ئەستوور و ناقۆڵای لەبەردا. بە نزیک هەر ئاواییەکدا تێدەپەڕین، سەگ پێیان دەوەڕین، خەڵکانێك سەریان لە دەرگاکانەوە دەهێنایە دەرێ و دووراودوور سڵاویان لێدەکردن و بەخێریان دەهێنان:" سڵاو! ئەوە لەکوێوە دێن. سەفەرێکی خۆش!" ئیدی زوو بەزوو دەرگاکان دادەخرانەوە و ئەو دوو باڵیۆزەی هەژاریی و چارەنووسسازەی پەنابەرانی ساراکینا هەمدیس تەنیا و بێ پشتوپەنا دەمانەوە.

لای نیوەڕۆ لەژێر درەختێکی سپیداری بە گەڵای زیوینەوە، لە ڕێگە ڕاوەستان تا نانێك بخۆن و پشوویەك بدەن. هەرکامیان لەسەر بەردێك دانیشت. بۆنی پونگە و نەعنا، بابونە و گوڵمەریەم شەپۆلی دەدا. خۆر بۆ ساتێك وەدیارکەوت و پەلکە زێڕینە هەر دوو سووچی ئاسمانی بەیەکدا دووری.

باوکە فۆتیس مەحفی جوانیی ئاسمان و زەوی ببوو، زەردەخەنەی دەهاتێ. ڕوخساری ڕەنگپەڕیو و بە شکۆی کرایەوە و گوتی:

- ڕۆژێکیان لە باوکە سۆپرۆنیۆس کە دوور لە دەیر و لە گۆشەگیریی خۆیدا لە چیا و لە گوێ خەرەندێکدا دەژیا، پرسیم:" باوکە، چۆناوچۆنی ڕێگەی ڕزگارییت دۆزییەوە؟" لە وەڵامدا پێیگوتم:" کوڕی خۆم، خۆیشم نازانم چۆن. ئەو شتە خۆ بەخۆ و بێ ئەوەی من ئاگام لێی بێت ڕوویدا ... بەیانی ڕژێکیان لەخەو هەستام و لە پەنجەرەوە لەودوای بارانی شەوی پێشووم نۆڕی. ئەمە و بەس!" گوتم:" باوکە، هەر ئەوەندە!" گوتی:" بەڵێ ڕۆڵە! ئیدی زیاتر لەوە چیدیکەت دەوێت. ئاخر من خودام لەودیو پەنجەرەوە بینیبوو ..." لەو ڕۆژەوە بەدوا هەر شەوێك باران ببارێت ئەوا من بۆ بەیانییەکەی لە خەو ڕادەپەڕم، لە ئەرزی شۆردراو بە باران دەنۆڕم و ئەو ڕاهیبە پیرۆزەم دەکەوێتەوە یاد. ئەو ئیدی دەبێ ڕۆحی خۆی تەسلیم بە خودا کردبێتەوە و لە بەهەشت بێت. دەشێ خودا بۆ شادومانکردنی دڵی وی لە شەوانی بەهەشتیشدا باران ببارێنێت.

لەگەڵ ئەو قسەیەدا کوتوپڕ ئاسمان ڕووناکبۆوە. دڵی مانۆلیۆس حاڵی لێهات و کەمێك دواتر گوتی:

– باوکە سوپاس، من تەنها لە ساتەوەختگەلی قەیراناویی و دەگمەندا بەدوای خودادا دەگەڕێم، بەڵام تۆ ئەوم لە ساتەوەختگەلی تێپەڕدا پیشان دەدەیت. من لە مەرگی توندوتیژدا بەدوایدا دەگەڕێم و تۆ ئەوم لە بەرخۆدانی ڕۆژانەدا پیشان دەدەیت. هەنووکە تێدەگەم بۆچ ئێمە بۆ شار دەچین و لەوێ لەگەڵ کێدا ڕووبەڕوو دەبینەوە.

– هەموو کەسێ ئەوە دەدۆزێتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێت. هەر بەو جۆرەی دەیڵێیت ئێمە بە دووی خودادا دەڕۆین و لەوێ دەیدۆزینەوە. خودایەك کە ئێمە لەوێ دەیدۆزینەوە ئەوە نییە کە ئەوان هەرگیز نەیانبینیوە کەچی وەسفی دەکەن. خودا پیرەمێردێکی بە گۆنای سوورەوە نییە کە بە ڕوخسارێکی ئاسوودەوە لەسەر تەختێکی مەخمەڵئاسا دانیشتووە و فەرمان دەردەکات، بەڵکو خودا هەمان ئەو بانگە کەمڕەنگەیە کە لە دەروونی ئێمەوە هەڵدەسێ و ئیدی بەرخۆدان دەستپێدەکا. ئێمە دوێنێ لەگەڵ باوکە گریگۆریس و لاداسی پیردا جەنگین، دەشێ ئەمڕۆیش لەگەڵ ئەسقەف

گەورە و دەبێ ببینین سبەینێ لەگەڵ چ کەسانێکی تردا... جامی ئارامییت سەری کردووە؟

هەمدیس بەڕێ کەوتنەوە و شەو گەییشتنە شار. لەدوورەوە گومبەز و دوو منارە کە پتەو و سووکەڵە سەریان بۆ ئاسمان کێشابوو، وەدیار کەوتن. ڕێك لە ساتێکدا کە لە بورج و قەڵا تێپەڕین و دەروازەی شاریان لەدوای خۆیانەوە جێهێشت، بانگی دڵانگیز و پڕ خرۆشی بانگدەر گەییە گوێیان.

سەربازانی تورك لەپاڵ دەروازەکەدا پاسەوانییان دەکرد. کۆڵانەکان پڕ بوون لە تورکانی نێرگەلەکێش و بەگ گەلێك کە لەسەر ئەژنۆ لەسەر حەسیر دانیشتبوون و گوێیان بۆ کوڕانی لووسکە ڕادێرابوو کە بە دەنگی کچانە گۆرانییان دەبێژا. ژنان بە پەچەی ئەستوورەوە عیشوەگەرانە دەهاتن و دەچوون و تورکی قەڵەوی پێ پەتیی بەدەنگی بەرز شەربەت و گەرمەکابەیان دەفرۆشت.

دوو موسافیری تازەکیی گەییشتوو، بەرەو میوانخانەی تایبەت بە مەسیحییەکان چوون. نهۆمی خوارەوە گەوڕی

گوێدرێژ و هێستر و نهۆمی یەکەم تەنها یەك ژووری گەورەی تێدابوو بە دوو ڕیز تەختەنوێنی حەسیرییەوە. باوکە فۆتیس خاوەنی میوانخانەکەی دەناسی. وی ناوی ئیراسیمۆس و خەڵکی سفالۆنی، لەو گورگە پیرانەی زەریا بوو کە لەتاف پیرییدا لە وشکاییدا لەنگەری گرتبوو. ئیدی لەگەڵ کیژێکی جوان و بەهێزی خەڵکی ئاناتۆلییدا هاوسەرگیریی کردبوو. ببووە خاوەنی چەندین منداڵ. ژنەکەی چێشتی لێدەنا و خۆیشی بە دونیا ڕایدەبوارد، بەزمی دەنایەوە و سەری دەخستە سەر هەمووان. سەری کەچەڵ و ورگی هێند زل بوو کە بە قەولی خۆی نەیدەتوانی تەماشابکا بزانێت پیاوە یان ژن. کە چاوی بە باوکە فۆتیس کەوت لەودیو پێشخوانەکەوە دەرپەڕییە دەرێ و شادومانانە بە پەلە بۆ دیداری چوو.

– چەند لەکاتی خۆیدا هاتیت. لەڕاستیدا ئیشم پێت بوو. دەزانیت، من لە گوناهێکی گەورەوە گلاوم. دوێنێ دێوەرەیەك، پریاسکە پڕە لە دراوە زێڕەکەی لێ جێما و

منیش بۆیم گەڕاندەوە. لە هەمان لەحزەوە ویژدانم ناڕەحەتە و هەستدەکەم گوناهم کردووە!

بەڵام باوکە فۆتیس کە خوڵقی باش نەبوو، گوتی:

– جەنابی ئیراسیمۆس، ئێمە دوو ڕۆژ لێرە دەمێنینەوە. تکات لێدەکەم خۆراك و تەنختەنوێنەکەمان پاك بێت ... پارەشمان پێ نییە. لەسەر حیسابەکەم بینووسە دواجار ڕۆژێك قەرزەکەم دەدەمەوە.

زەریاوانی پیر بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– باوکە مەگەر من پارەم لەتۆ دەوێت؟ ڕاستە تۆ پارەت نییە، بەڵام موڵکدارانێکی دەوڵەمەند کە بۆ ئێرە دێن پارەیان پێیە. من کرێکەی ئەوان دوو قات حسێب دەکەم و پارەکەی تۆیش لەوان دەسێنم و ئەوسایش هێشتا قازانجمە. ویڕای ئەوەش گەر لەمەولا پریاسکە پارەم دۆزییەوە، نایدەمەوە ... بەهەرحاڵ بەخێربێن! ئەمشەو شێو بەیەکەوە دەخۆین .. خۆ ئێوە مشتەری نین، بەڵکو میوانی منن ... هێی کروستالەنیا!

ژنێکی تەمەن مامناوەندی و بەخۆ، بە چاوانێکی گەورە و بە کل ڕێژراوەوە، پەقرەج بەدەست لە موبەقەوە هاتە دەرێ. ئیراسیمۆس فەرماندەرانە گوتی:

- دەستی قەشە ماچکە! من ئەمشەو لەگەڵ ئەو و هاوڕێکەیدا شیو دەکەم. تێدەگەیت مەبەستم چییە؟ واتە کوتێلێتی بەراز لێنێ!

خاتوو کروستالەنیا بە نازەوە هاتە پێشێ، دەستی قەشەی ماچ کرد و بەرەو موبەق گەڕایەوە. مێردەکەی مەستانە هاواری کرد:

- هێی ژنەکە ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟ خۆ کەس نایەوێ بتخوات. کەمێك ئارام بگرە تا باش بتبینێت!

ئەوسا چاوێکی لە باوکە فۆتیس داگرت و لە هاوسەرەکەی پرسی:

- بڵێ بزانم لە کیسەیەکدا چەند هەرمێ جێگەی دەبێتەوە؟

ژنەکە لە شەرمدا سوورهەڵگەڕا و وەڵامیدایەوە:

- ئەرێ بەم تەمەنەوە شەرم ناکەیت؟

وایگوت و بەپێکەنینەوە چووە موبەق. ئیراسیمۆس بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– سەیر چ جنسێکیان هەیە ئەم ژنانە! من نازانم لە کتێبی پیرۆزدا چ نووسراوە. بەڵام یەك شت دەزانم و ئەویش ئەوەیە کە خودا پیاوی دروست کردووە و شەیتانیش ژن. دەزانیت بۆ؟ من لەهەر کەسێکم پرسیوە کە لە یەك کیسەدا چەند هەرمێ جێگەی دەبێتەوە، نەیتوانیوە وەڵام بداتەوە. بەڵام ژنە شەیتانەکەی من بە ڕێکیی گوتی دوو هەرمێ! دەبینیت؟ ئەمەیش جینسی ژن!

*

سپێدەی ڕۆژی دوایی باوکە فۆتیس خاچی کێشا و بە جلکە کۆنەکەیەوە بەرەو قەڵەمڕۆی ئەسقەف بەڕێکەوت. ژنێکی گەنج و بەخۆ دەرگاکەی کردەوە و لەبەرئەوەی قەشەی بە دەستی خاڵییەوە بینی، ڕووی گرژ کرد و گوتی:

– ئێستا زۆر زووە و هێشتا ئەسقەف نوستووە.

باوکە فۆتیس لەسەر سەکۆی حەوشە دانیشت و چاوەڕێ بوو. دیدەنیکەرانی تر یەك لەدوای یەك دەگەییشتن و هەر یەکێکیان دیارییەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. یەکێك سەبەتەیەکی پڕ لە هێلکە، یەکێك کەروێشك، سێیەم پەنیر و یەکێکی تریش مریشك. ژنەی جاحێڵ بە ڕوویەکی خۆشەوە دیارییەکانی وەردەگرتن و بە هەریەکێکیان و بە ئەندازەی دیارییەکەی، کورسیی یاخۆ چوارپایەیەکی دەدایێ.

پیرەمێردێك لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەو ژنە برازای ئەسقەفە.

سەعاتێك دواتر، هەواڵی وەئاگا هاتنەوەی ئەسقەف زار بە زار بڵاوبۆوە و هۆکەش ئەوە بوو کە جیڕەجیڕی تەختەنوێنێك بیسترابوو. دەنگی کۆکەیەك و ئیدی خوڕەی ئاو ... پیرەمێردێکی گچکە گوتی:

– خەریکە هێلکە دەخوات تا دەنگی بکرێتەوە ...

هەمووان بەڕێزەوە سەریان هەڵبڕی و شەرمنانە لە پەنجەرەیەکی داخراویان نۆڕی. یەکەمجار دەنگی کۆکەیەکی بەرز هاتە گوێ، پاشان دەنگی ترسێنەری

هنگ کردن و پاشان بۆڵەبۆڵێکی کپ و دەنگی ڕژانی ئاو.

پیرەمێرد گوتی:

– خەریکە دەموچاوی دەشوات.

هەمووان لە بێدەنگییدا گوێیان بۆ دەنگی ئاو کە ئەسقەف دەست و دەموچاوی پێدەشت ڕادێرا. چارەکە سەعاتێك دواتر، دەنگی زرینگەی فنجان، دەفر، چەقۆ و چنگاڵ و جێگۆڕکێ پێکردنی کورسییەکان بیسترا:

– ئەوە خەریکە قاوەکەی دەخواتەوە.

نیو سەعات دواتر دەنگی بەسۆی گریان بیسترا:

– ئەوە خەریکە لە برازاکەی دەدات.

کەمێك دواتر دەنگی جیڕەجیڕی پێپلیکانەکان بەرزبۆوە و کەسێك بە دەنگی بەرز کەپووی خۆی گرت.

پیرەمێردە گچکەکە لەجێگەکەی دەرپەڕی و گوتی:

– وا ئەسقەف دێت.

هەمووان هەستان و چاویان بڕییە دەرگاکە. دەنگێکی کپ بەڵام گڕ زرنگایەوە:

– ئەنگیلیکی کێ زووتر لە هەمووان هاتووە؟ بڵێ با بێتە ژوورەوە!

دەرگا کرایەوە و کیژەی جحێڵ بە چاوانێك کە لە حەژمەت گریان سوور ببۆوە، وەدیارکەوت و باوکە فۆتیسی بانگ کرد. قەشە چووە پێشێ، خۆی کرد بە ژووردا و دەرگاکە لەدوایەوە داخرا.

ئەسقەف لەودیو مێزێکی خڕەوە دانیشتبوو. وی پیاوێك بوو کورتەبالا بە ملێکی ئەستوور و ڕیشێکی لولی کورت. باڵوکەیەکی وردی بە کەپووەوە بوو، لە کەرکەدەن دەچوو:

– گوێم لێتە. بەڵام قسەکانت کورت بکەرەوە. وابزانم پێشتر تۆم دیوە. تۆ هەمان قەشە پەنابەرەکە نیت؟ بدوێ!

باوکە فۆتیس کوتوپڕ بە خەیاڵیدا هات ژوورەکە جێبێڵێ و دەرگاکەکە لەدوای خۆیەوە بەیەکدا بدات. ئاخر ئاوها کەسێك نوێنەری مەسیح بوو؟ ئاوها کەسێك لەبارەی عیشق و دادوەرییەوە بۆ هاوڕەگەزەکانی دەدوا؟ ئایا دەبوو لە مەخلوقێکی وەك ئەوەوە چاوەڕێی

دادوەریی بکرێت؟ بەڵام یادی منالآنی ساراکینا و زستانێك کە بەڕێوە بوو، بووە هۆی ئەوەی ددان بەخۆیدا بگرێت. ئیدی زاری کردەوە تا قسان بکات کەچی ئەسقەف بە ئامارەی دەست مۆڵەتی پێنەدا:

– جارێکی تر کە بۆ ئێرە هاتیت پێڵاو لەپێ بکە!

– ئەز پێڵاوم نییە. کاتی خۆی هەمبوو، بەڵام ئیتر نیمە. خاوەن شکۆ بمبوورە، مەسیحیش هەر بەپێی پەتی ڕێی دەکرد.

ئەسقەف بڕۆی گرژ کرد و سەری بە ئامارەی هەڕەشە لێکردن بادا:

– باوکە گریگۆریس دەربارەی تۆ قسانی لەگەڵ کردووم. دەڵێن گوایە تۆ لاف ئەوە لێدەدەیت کە وەکی مەسیح دەژیت و دەتەوێت عەدالەت و یەکسانیی لە دونیادا بەرقەرارکەیت ... ئەدی شەرم ناکەیت؟ دەتەوێت هەژار و دەوڵەمەند نەبن؟ مادام وایە پێویستیش بە ئەسقەف ناکات ... لاسایی دەنوێنیت؟

خوێن بۆ ڕوخساری باوکە فۆتیس هەڵگڕا و مشتی هێنایەوە یەك، بەڵام هەمدیس ساراکینای کەوتەوە بیر و ئیدی لەسەر ئارامگرتن خۆی ڕاهێنا:

– تۆ لە قوتابخانەی ئیلاهیاتی چالکی خوێندووتە؟

– نەخێر خاوەن شکۆ.

– کەواتە بە چ حەقێك لەگەڵ مندا چەلەحانێ دەکەیت؟ من لەگەڵ قەشەیەکی وەك تۆدا قسەو باسم نییە. بۆ چ ئیشێك هاتوویت؟ زوو بیڵێ چونکە خەڵکی تریش چاوەڕێن. ئاگایشت لە قسەکانت بێت!

– من نەهاتووم داوای چ شتێکت لێبکەم. من بۆ دادوەریی هاتووم.

– خۆپەرستیی شەیتان لە ڕوخسارتا شەپۆل دەدا. سەر بۆ سەر ئەرز نەویکە و قسان بکە.

باوکە فۆتیس لە دەوراندەوری خۆی نۆڕی. لە پشت سەری ئەسقەفەوە تاقی کتێبگەلی بەرگ زێڕین دەبینرا و خاچێك کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. بەرامبەری وێنەیەکی گەورەتر لە وێنەی مەسیح، وێنەی ئەسقەف بوو بە جلکی ئەسقەفیی داوێن ئاڵتوونیی و تاجی زێڕین

بە سەر و گۆچانی بە خشڵ سواخدراو بە دەستەوە. باوکە فۆتیس هەروا بێدەنگ بوو. ئەسقەف بە تووڕەیی گوتی:

– باوکە یان قسان بکە یاخۆ بڕۆ. من کاتم بۆ بەهەدەردان نییە.

– منیش ئەی خاوەن شکۆ کاتم نییە و دەبێ بڕۆم. هاتبووم بۆ دادوەریی بەڵام تێگەییشتم کە دەبێ دادی خۆم لەو وەربگرم.

وایگوت و بە پەنجە ئاماژەی بۆ مەسیحی لەخاچدراو کرد.

ئەسقەف سەری وەرچەرخاند و پرسی:

– – لە کێ؟

– لە مەسیحی لەخاچدراو.

ئەسقەف لە حەژمەت تووڕەیی مشتی بە مێزەکەدا کێشا:

– باوکە گریگۆریس ڕاست دەکات. تۆ بەڵشەویکیت!

قەشە جارێکی تر وێنەکەی مەسیحی پیشاندا و گوتی:

- بەڵێ، ئەگەر ئەو بەڵشەویك بووبێت ئەوا منیش ئەوەم.

ئەسقەف هاواری کرد:

- ئانگلیکی!

برازای قەڵەو هاتە ژووریٚ و ئەسقەف تێهەڵچۆوە:

- ... باش تەماشای ئەم قەشەیە بکە! ئەگەر ئەمجارە هات ڕێگەی مەدە بێتە ژوورەوە!

باوکە فۆتیس بەخوێن ساردیی گوتی:

- خودا خۆی لەنێوان ئێمەدا دادوەریی دەکات. ئەو ڕۆژە ئێمە هەردووکمان پێ پەتیی لەحزووریدا ڕادەوەستین. کەواتە دیدارمان بۆ قیامەت!

پاشان دەرگاکەی کردەوە و ژوورەکەی جێهێشت.

چەند سەعاتێك بە بازاڕدا گەڕا. ماوەیەك لە حەوشەی مزگەوتێك ڕاوەستا. بەسەر پردێکی تاق شێوەدا پەڕییەوە و هەمدیس سەری لە کۆڵانەکان دایەوە. ڕوانینی بە هەموو شوێنێکدا دەگەڕا بەڵام هیچی نەدەبینی. زەینی ئیفلیج و چاوانی تاریك. خەیاڵی لای ئەسقەف و منداڵانی ساراکینا و زستانێك بوو کە بەڕێوە

بوو. لەناکاوێکڕا خۆی لەبەردەم میوانخانەکەی ئیراسیمۆسدا بینییەوە. چووە ژوورێ. مانۆلیۆس لەوێ نەبوو. ئیراسیمۆس بە دەنگی بەرز گوتی:

– مەلەکە فڕی! ئەویش بەیانی زوو بۆ پیاسە چووە دەرەوە.

باوکە فۆتیس دانیشت. لەپەلوپۆ کەوتبوو. هەستی دەکرد لەوسەری دونیا گەڕاوەتەوە. پاڵی بەدیوارەکەوە دا. چاوانی لێکنان و هەناسەی هەڵکێشا.

*

مانۆلیۆس لەسەر تەختەنوێنەکەی ماریۆری دانیشتبوو و تەماشای دەکرد. ماریۆری نوستبوو، ئەمیش بێ جووڵە چاوەڕێ بوو وەئاگابێتەوە ... بەردەوام لێی دەنۆڕی. دڵی ژانی دەکرد. کیژەکە ببووە ئاو و دەوراندەوری چاوانی شین. ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو. تەنێ پێست و ئێسکەکەی مابۆوە. ڕوخساری هێند لەڕولاواز ببوو کە پێدەچوو لەژێر خاکدا بژی و بۆ

ماوەیەکی کەم سەری لەخاك هێنابێتە دەرێ، گەمەی کردبێ، پێکەنیبێ، گریابێ، نیشانەکرابێ، بەڵام بەرلەوەی لێوی بۆ جامەکە بردبێ هەمدیس بەرەو خاك گەڕابێتەوە.

ماریۆری لەناکوێکڕا هەناسەی هەڵکێشا، چاوانی کردنەوە و مانۆلیۆسی لەبەردەم خۆیدا بینی:

- سڵاو مانۆلیۆس. ئەو تۆی ناردووە؟

- بەڵی ماریۆری، میکیلیس منی ناردووە.

- چ پەیامێکی بۆ ناردووم؟

- بەڵێ ماریۆری. گوتی سڵاوی بە تۆ بگەیەنم.

- هەر ئەوەندە؟

- بەڵێ. هەر ئەوەندە!

زەردەخەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوی ماریۆری نەخشی و بەخۆی گوت:" ئیدی جگە لەوە دەتوانم چاوەڕێی چ شتێکی تر بم؟ هەمان ئەو سڵاوەم بەسە ..."

ئەوسا ڕووی وەرگێڕا .. ویستی بگری، بەڵام ددانی بەخۆیدا گرت و فرمێسکەکانی تاساند. هەمدیس ڕووی کردەوە مانۆلیۆس:

- منیش پەیامێکم بۆی هەیە.

ئەوسا دەستی بۆ ژێر باڵشتەکەی برد و مقەستێکی لێدەرهێنا:

- یارمەتیم بدە هەستم.

مانۆلیۆس لە جێگەکەی بەرزی کردەوە. باڵشتەکەی نایە ژێر پشتی و پاڵی بە پشتی تەختەنوێنەکەوە پێدایەوە. ماریۆری سەرپۆشەکەی لەسەری داگرت، قردێلە ڕەشەکەی لە دوو پرچی هۆنراوی خۆی کردەوە و هەوڵیدا بە مقەست پرچە ڕەنگ گوێزییەکەی ببڕێت، بەڵام توانای بەسەردا نەشکا:

- من ناتوانم مانۆلیۆس، یارمەتیم بدە!

مانۆلیۆس بە ترسەوە پرسی:

- گەرەکتە قژت ببڕیت؟

ماریۆری فەرماندەرانە گوتی:

- بیبڕە!

مانۆلیۆس دوو پرچی گەرم و هێشتا زیندووی کیژە جحێڵەکەی بەدەستەوە گرت. دەستی دەلەرزی.

ماریۆری هەمدیس گوتی:

- بيبڕه!

مانۆليۆس يەكەمجار دەنگی بڕينی پرچێك و پاشان پرچەكەی تری بيست و لەرز دايگرت. وەك بڵێی گۆشتی لە جەستەيەك كردبێتەوە.

ماريۆری پرچەكانی بەدەستەوە گرتن و قەيرێك لێيان ڕاما. پاشان سەرە بێ پرچەكەی بە ئارامیی لەقاند و بێ ئەوەی خۆی بيەوێ كوڵی گريانی بەربوو. ئەوسا دانەوييەوە، فرمێسكی بە پرچەكەدا پژاند و بە ئارامیی و وردبينييەكی تەواو، وەك ساوايەكی مردوو لە سەرپۆشەكەيەوە پێچا و بۆ مانۆليۆسی ڕاگرت:

- ئەمە ببە، بيدەرە ئەو و بڵێ ماريۆری سڵاوی هەيە. هەر ئەوەندە!

## 17

باوکە فۆتیس بە هەمان ئەو کوێرە ڕێیەدا کە پێیدا هاتبوو دەگەڕایەوە و لەکاتێکدا کە پێوپلی لە قوڕو لیتەدا ڕۆچوو بوو، لێکدا لێکدا بەخۆی دەگوت:" هەموو شتێك باش بەڕێوە دەچێ، هەموو شتێك باش بەڕێوە دەچێ! سوپاس بۆ خودا هەموو شتێك باش بەڕێوە دەچێ!" مانۆلیۆسیش لە دوایەوە دەڕۆیشت و چاو لەسەر زەوی و لەرزۆك بیری لە سەرپۆشە سپییەکە و ئەو دوو پرچە دەکردەوە کە لە کۆڵەپشتەکەیدا هەڵیگرتبوو. وەك بڵێی تەرمێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت.

ئاسمان ڕوخساری تێکناو و دواجار تاوەبارانی یەك لەدوای یەك بووە لێزمە باران. باوکە فۆتیس لە هەمان کاتدا کە لێکدا لێکدا دەیگوت:" هەموو شتێك باش بەڕێوە دەچێ. هەموو شتێك باش بەڕێوە دەچێ." گوڕی دایە هەنگاوەکانی. ئەوە تەنها قسەیەك بوو کە دەیهێنایە سەر زار. ئەویش لە زەویی دەنۆڕیی و لەژێر باراندا

ڕایدەکرد. پۆلێك مەل بە ژوور سەرییەوە تێپەڕین بەڵام ئەم سەری هەڵنەبڕی. هێند ڕایانکرد تا دواجار نزیکی خۆراوابوون گەوەی کێوی ساراکینا وەدیارکەوت. ئەوسا لای بۆ مانۆلیۆس کردەوە و گوتی:

– مانۆلیۆس ئێمە بەرخۆدان دەنوێنین! لەلایەك ئەسقەفەکان، قەشەکان، ئەعیان و عەوام سەریان بەیەکەوە ناوە و لەلایەکی تر ئێمە و گروپێك پێ پەتیی و مەسیح! مەترسە ئێمە سەردەکەوین ...

وایدەگوت و هەروا کە پێ لە قوڕ و لیتەدا دەچووە پێش، قاقا پێکەنی و تێهەڵچۆوە:

– ... لێم دەپرسێ بۆچی پێڵاوم لەپێدا نییە! گرەو دەکەم کاییفیش هەمان پرسیاری لە مەسیح کردووە!

میکیلیس سەراپای شەو و ڕۆژەکەی پێشووی وەك ڕۆحێکی سەرگەردان گوزەراندبوو. ئیدی نەیدەوێرا بنوێت چونکە هەرکە چاوانی لێکدەنان باوکی دەبینی کە ڕووت و قووت و تووڕە تەماشای دەکرد و لە ترسا لەرز دایدەگرت:" ئەگەر چەند ڕۆژێك بە تەنێ بم ئەوا بێگومان شێت دەبم!" وایدەگوت و ناچار پەنای بۆ

ئینجیل دەبرد، بەڵام وشەکان لە زەینی هەڵدەهاتن و توانای ڕاڤەکردنی ماناکانیانی نەبوو. ئەوسا هەمدیس کتێبەکەی دادەخست و بە دەوری ئەشکەوتەکەدا دەسووڕایەوە.

نزیکی خۆراوابوون مامۆستا خافڵگیرانە بۆ دیداری هات تا گوایە بەقەولی خۆی یارمەتی بدات. یەکەمجار لەبارەی باوکییەوە لەگەڵیدا دووا. پاشان لەبارەی دەسگیرانەکەی و زستانێك کە دەهات و ئەوەی کە پەنابەرانی بێنەوای ساراکینا چۆناوچۆنی بەڕێی دەکەن... دواجاریش قسەکانی بەرەو مەسەلەگەلی گرینگتری وەك مەرگ، ژیان و ئەرکی ئینسانیی برد ... میکیلیس بەبێ مەیلیی وەڵامیدەدایەوە و پەلەی بوو تا هەرچی زووترە تەنیا بێتەوە، کوتوپڕ لە دیقەتدانەکانی مامۆستادا پەی بە مەبەستەکەی برد و خەمگین لە جێگەکەی دەرپەڕی:

– کاکی مامۆستا، هاتوویت بزانیت من شێتم یان نا؟

مامۆستا نکوڵیکەرانە و سوورهەڵگەڕاو وەڵامی دایەوە:

– میکیلیس گیان بۆچ وا بیر دەکەیتەوە؟

- تۆ کەسێکی شەرافەتمەند و بەویژدانیت. ڕاستییەکەی بڵێ ئاخۆ نەهاتوویت بزانیت کە ئایا برا قەشەکەت تاوانبار و ڕیاکارە یان نا؟ ئەی هاجینیکۆلیۆسی شەریف، ئەم پەیجۆرییە چ قازانجێکی بۆ تۆ هەیە؟

مامۆستا بێدەنگ و میکیلیس بە بەزەییەوە لێی دەنۆڕی.

- هەی ئینسانی داماوی شەریف! جورئەت ناکەیت وەڵام بدەیتەوە؟

- نا، جورئەت ناکەم ...

- ئەگەر لەتۆ بپرسن چی؟ حەقیقەت دەڵێیت؟

- بەڵێ، بەڵام خۆ لەمن ناپرسن.

- ئەدی ئەگەر نەپرسن تۆ حەقیقەت ناڵێیت؟

مامۆستا کۆکەیەکی کرد و دوای قەیرێك بە زەبوونیی وەڵامیدایەوە:

- نا!

گەرچی میکیلیس بەزەیی پێیدا دەهاتەوە بەڵام تووڕەییەکەی نەنیشتەوە. ئیدی هاواری کرد:

– ئەمە ئەو وانەیەیە کە بە منالانی دەڵێیت؟ تۆیت بەرپرسیاری نەوەی نوێ؟

مامۆستا پەژێوان لە جێگەکەی هەستا:

– ڕۆحم دەکەوێتە ڕێ، بەڵام جەستەم ...

– ئەگەر ڕۆح بەڕاستی بکەوێتە ڕێ ئیدی بیر لە جەستە ناکاتەوە. هەرچی بەڕاست بزانێت ئەوە دەکات...

تووڕەییەکەی میکیلیس بەو هۆیە بوو کە خۆی ڕێك وەك لێکچووی مامۆستا دەبینی و دەیویست بەو تەرزە خۆی زەلیل و سەرزەنشت بکات:

– ... بۆچی لەم دونیایەدا خەڵکانی شەڕانگێز هێند بەهێزن و خەڵکانی شەریفیش هێند لاواز، تۆ دەتوانیت کاکی مامۆستا هۆکەیم پێبڵێیت؟

– نا، ناتوانم.

دوای چەند ساتێك گوتی:

– میکیلس تۆ ڕاست دەکەیت. من شەرمەزارم، بەڵام چ بکەم کە براکەم لەمن بەهێزترە. واتە هەمیشە بەهێزتر بووە. کە منالٚ بووین لێی دەدام و هێشتا هەر

هەستدەکەم زات ناکەم لە بەرامبەریدا ڕاوەستم ... ڕەنگە ئەگەر ئەو نەبووایە ...

وایگوت و کەمێکی خایاند تا میکیلیس توانی ئەم پرسیارە لێو سووتێنەرە بهێنێتە سەر زوبان:

- هاجینیکۆلیۆس، هەرگیز بووە خایلەی تۆقێنەری کوشتنی وی لە کەللەت بدات؟

مامۆستا زەندەقچوو وەڵامی دایەوە:

- هەندێك جار ... بەڵێ، هەندێ جار ... هەڵبەت زۆر کەم و ئەویش لە خەوندا ...

بەڵام زوو بەزوو ژێوان بۆوە و بەهۆی هێنانەپێشەوەی باسوخواسێکی ئاوها دڵی لە میکیلیس ئێشا. ئیدی بەرەو دەرکی ئەشکەوتەکە چوو. دونیا تاریك و باران دەباری.

- من دەبێ بڕۆم. شەو شاد!

میکیلیس بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

- خۆشبەختانە دونیا تاریکە و چ کەسێك گەڕانەوەت لە ساراکیناوە نابینێت. هەر بۆیە براکەیشت پێنازانێ. خودات لەگەڵ!

مامۆستا لە بناری کێودا سێبەری دوو پیاوی بینی کە بەرەو ساراکینا دەهاتن. بە پەلە لەودیو گابەردێکەوە خۆی حەشاردا و کاتێك کە تێپەڕین ڕێگەی خۆی گرتەوە بەر و بە چرپە بەخۆی گوت:" میکیلیس ڕاست دەکات. براکەم پیاوێکی دڵڕەق و ڕیاکارە و و منیش کەسێکی شەریف بەڵام زەلیل ... بەڵام ئیدی ئەوە بەس نییە، دەبێ ئازایەتیی بنوێنم. دەبێ هەر ئەمشەو بڕۆم بۆ ماڵەکەی و ڕوو بەڕوو لەتەکیدا بدوێم. خودایا تۆ خۆت یارمەتیم بدە!

میکیلیس کە لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی باوکە فۆتیس و مانۆلیۆسدا ڕاوەستابوو، بە بینینیان گوڕی تێهاتەوە و لە تەنیایی چووە دەرێ. ئیدی دونیا لەبەر چاوانیدا شتێك بوو بەرگە دەگیرا و سێبەری مەرگ لە سەریدا ڕەوییەوە:

– بەخێربێنەوە. تەنیایی بۆڕۆی کردبووم.

باوکە فۆتیس گوتی:

- ئێمەیش سەفەر بۆژۆی کردبووین. بەڵام خودا یارمەتیدەرمان بوو.

وایگوت و بەرلەوەی دانیشێت، کاکڵەی ئەوە گێڕایەوە کە بەسەریان هاتبوو. میکیلیس گوتی:

- کەواتە جەنگیان ڕاگەیاند!

- بەڵێ، جەنگیان ڕاگەیاند. تا ئێستا شەڕی ئێمە لەگەڵ تورك و ئاغاکاندا بوو. لەمەودوا دەبێ لەگەڵ خۆمان و موڵکدارانی گەورەیشدا تێهەڵچین. هەڵبەتە مەسیحی پێ پەتیی لە تەکماندایە ..

ئەوسا ڕووی کردە مانۆلیۆس و بەردەوام بوو:

- .... مەسیح هەمیشە بەو جۆرەی کە تۆ لەسەر تەختە هەڵتکۆڵیوە، بەحەوسەڵە و ئارام نییە و هەمیشە گۆنای چەپی بۆ شەپازللە لێدان ڕایەڵ ناکا. ئەو هەندێك جاریش یاخی دەبێ و بە زۆرداران دەبێژێت:( ئاخۆ پێتانوایە من هاتووم ئاشتیی لەسەر ئەرز بەرقەرار بکەم؟ نا ... من هاتووم ئاگر بخەمەوە! من شمشێر بەدەست هاتووم!) دەزانن ئەم قسانە هی کێن؟ هی مەسیحن!

مانۆلیۆس، ئەمە ئەو ڕوخسارەیە کە لەمەودوا مەسیح دەیپۆشێت ...

چاوانی میکیلیس لە تاریکایی ئەشکەوتەکەدا لە دوو بڵێسەی سووتێنەر دەچوون.

– ... کوڕەکانم، من بەخۆمەوە دەنازم کە پێشەوایەکی ئاوهامان هەیە. هەڵبەت گەرچی ڕام بوون وەك مەڕ خۆشە، بەڵام کاتێ گورگ ملمان دەگرێ، ئەوسا باشترە ببینە شێر.

هەر لەو کاتەدا سێبەرێك لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکەدا وەدیارکەوت و هەرسێکیان هالەیەکیان لە ڕوخسارێك و دوو دەست بینی. میکیلیس بە ترسەوە هاواری کرد:

– تۆ کێیت؟

دەنگێك بە ئاماژەی تووڕەیی و قەهر، تاریکایی ئەو شەوە بارانییەی شەق کرد. ئەوە دەنگی یاناکۆس بوو:

– برایان منم. ئاواییە زەلیلەکەم جێهێشت و پەنام بۆ ئێوە هێناوە.

سێ هاوڕێکە دەسبەجێ هەستان، بۆ پێشوازیی چوون و بە یەك دەنگ گوتیان:

- سڵاو یاناکۆس!

مانۆلیۆس پرسی:

- یاناکۆس چ بووە؟ بۆچی بەم شەوە و لەم هەوا تۆفانییەدا هاتوویت؟

یاناکۆس دەستی باوە فۆتیسی بە دڵسۆزییەوە ماچ کرد و وەڵامی دایەوە:

- باوکە من قسەکانی چەند ساتێك لەمەوبەری تۆم ژنەفت و لەگەڵتا هاوڕام. گەرچی وەکی مەڕ تەسلیم بوون خۆشە، بەڵام کاتێ گورگ ملمان دەگرێت ئەوا باشترە ببینە شێر!

ئەوسا قژە بە باران تەڕەکەی وشك کردەوە، هەگبەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا و لەسەری دانیشت. لەبەرئەوەی کەس نەدەدوا، بۆیە خۆی سەری قسانی دامەزراند:

- ئەمشەو پانایۆتیسە زلە کە تازەکی بووەتە ژەندرمە، هاتە لام و بەگوێرەی مۆڵەتنامەیەك کە مۆر و ئیمزای ئاغای پێوە بوو، گوێدرێژەکەی بردم. دەیگوت من قەرداری لاداسی دزم ...

وایگوت و ئیدی نەیتوانی خۆی لەبەر هورووژمی فرمێسکدا ڕابگرێت. بەڵام زۆر زوو بەخۆیدا هاتەوە و خۆی کۆنترۆڵ کرد. لەجێگەکەی هەستا و هاواری کرد:

– شەوێك دەچمە ئاوایی و ماڵەکەی لاداسی نەفرەتیی ئاگر تێبەر دەدەم. سوێند بە مەسیح ئەم کارە دەکەم!

قەشە گوتی:

– هەمووان پێکەوە دەڕۆین. یاناکۆس پەلە مەکە! ئێمە هەموومان پێکەوە دەڕۆین!

یاناکۆس نائارامانە پرسی:

– هێشتا کاتی نەهاتووە؟

– خەریکە زوو بەزوو کاتی دێت. هەر بۆ ئەمە لە سبەینێ بەیانییەوە دەبێ ژن و پیاو خۆیان فێری بەکارهێنانی قۆچەقانی بکەن. ئێمە دەبێ خۆمان ئامادە بکەین ...

ئەوسا بەرەو دەرکی ئەشکەوتەکە ڕۆیشت و گوتی:

– .... ڕۆڵەکانم، ئیتر ئەمە بۆ ئەمشەو بەسە. ئەمڕۆ ئێمە بە ئەندازەی پێویست هەستمان بە شەڕانگێزیی کۆیلەکانی خودا کرد. ئیدی کاتی خەوە. خەو هەتوانی

دەردەکانە. دەبێ خۆمان بۆ برینەکانی سبەینێ ئامادەکەین ... یاناکۆس تۆ لەگەڵ مندا وەرە. گەرەکمە سەرپەنا ناچیزەکەمت لەگەڵ بەش بکەم ... خۆشهاتیت!

یاناکۆس هەگبەکەی هەڵگرت و لەدوای قەشەوە ڕۆیشت.

کاتێ دوو هاوڕێکە بەتەنیا مانەوە، میکیلیس پرسی:

– ئێ، چ بوو؟

مانۆلیۆس کۆڵەپشتەکەی کردەوە و سەرپۆشی کیژەکەی لێدەرهێنا:

– ماریۆرییش سلاوی بۆت هەبوو.

میکیلیس سەرپۆشەکەی وەرگرت، بە لەرزەوە گوشی و لەناوەوەی نۆڕی. ئەوسا ڕوخساری لە دوو چەپکە پرچەکەدا ڕۆ برد، ماچی کرد، کوڵی گریانی بەربوو، ماوەیەکی درێژ هەروا مایەوە و دواجار پرسی:

– گیان دەدا؟

مانۆلیۆس وەڵامی نەدایەوە.

مامۆستا بە زاڵ بوون بەسەر ترسەکەیدا بۆ دیداری باوکە گریگۆریسی برای ڕۆیشت. گاڵتەپێکردنەکانی میکیلیس، ئازایەتیی دابوویێ و بۆ یەکەمین جار کەوتبووە سەر ئەوەی کە لەبەرامبەر براکەیدا ڕاوەستێ و هێزی خۆی پیشاندات.

براکەی لەسەر مێزی نانخواردن ئاسوودە خەیاڵ سیگاری دەکێشا و ئەو هەموو خواردنەی لێی مابۆوە ئاماژەی بۆ خوانێکی بەشکۆ دەکرد. وی سێ ڕۆژی دژواری تێپەڕاندبوو. سێ شەممە ئاغا جوابی بۆ ناردبوو کە داواکارییەکانی جێبەجێ بوون و هەنووکە نۆرەی ئەوە کە مل بۆ داواکارییەکەی برایمۆك بدات. سێ ڕۆژ لە خایلەی ئەوەدا بوو تا کیژێکی گەنج بدۆزێتەوە و بێ ئەوەی کەس سووسەی چ شتێك بکا، کیژەکە بۆ ماڵی ئاغا بنێرێ. تا دواجار لەکاتی سیگار کێشاندا کیژەی جێگەمەبەستی دۆزییەوە و هەستیکرد باری شانی سووك بووە. ئیدی پەرداخەکەی پڕ لە شەراب کرد و لەژێر لێوەوە گوتی:" ئەمەش ڕێگەچارە! خودا خۆی ئیلهامی پێدام! کیژێکی زۆر گونجاوە. خۆیشی

دەیەوێت. کەواتە ئیدی هەرا ناکەوێتەوە. ئاغایش قاییل دەبێ و لایەنی ئێمە دەگرێت. باشە ..سوپاس بۆ خودا!" لەم خایلەیەدا بوو مامۆستا هاتە ژوورەوە.

قەشە بێ ئەوەی لەجێگەی خۆی هەستێت، گوتی:

– شەوباش هاجینیکیۆلیۆس. ئەوە لە کوێوە. چییە... سەراپا خۆڵاویی بوویت؟

مامۆستا ئازایانە وەڵامیدایەوە:

– لە ساراکینا بووم.

قەشە ڕاچڵەکی:

– بۆچی چوویت بۆ ئەو پوورەهەنگە نەعلەتییە؟ مەگەر نازانیت ساراکینا و لیکوڤریسی شمشێر لەیەك دەسوون؟

هاجینیکۆلیۆس دڵنەوایی خۆی دەکرد:" ئازایەتیی بنوێنە کاکی مامۆستا! دەبێ پیشانی بدەیت کە ڕۆڵەی ڕاستەقینەی ئەسکەندەری گەورەیت!" وەڵامیدایەوە:

– چووبووم میکیلیس ببینم. ویستم بزانم ئایا بەڕاستیی شێتە یان نا؟

ڕوخساری قەشە سوور هەڵگەڕا:

- دەتویست بزانیت؟ ئەدی ئەنجامەکەی چ بوو؟

- یەك سەعاتی تەواو لەبارەی هەموو شتێکەوە قسانم لەتەکدا کرد.

- ئێ؟

- میکیلیس تەواو ساخ و سەلیمە. ڕێك وەك من و تۆ!

هەمدیس قەشە لەجێگەی خۆی دەرپەڕی و هاواری کرد:

- کاکی مامۆستا سەر بنێ بەئیشی خۆتەوە! خۆت لە شتێك هەڵمەقورتێنە کە ئیشی من بێت. مەگەر من داوام لێکردبوویت بۆ بینینی میکیلیس بڕۆیت؟ بۆچی چوویت بۆ ئەوێ؟

مامۆستا بە چرپە گوتی:

- ویژدانم ناڕەحەت بوو .. گومانم هەبوو. ئاخر ڕاست نییە کە ...

- تۆ من فێر دەکەیت چی ڕاستە و چی ڕاست نییە؟ میکیلیس شێتە و ڕێك وایە!

مامۆستا بە جورئەتەوە وەڵامیدایەوە:

- نەخێر شێت نییە ..

– من دەڵێم شێتە! تۆ ناتوانیت لە سەری کەپووت دوورتر ببینیت. تۆ سبەینێ دەبینیت. بەڵام من گرینگیی بە سبەینێ نادەم. من بیر لە خەڵکی دەکەمەوە. من فەرمان بەسەر خەڵکدا دەدەم! ئێستا تێگەیشتیت کاکی مامۆستا؟

مامۆستا بێدەنگ بوو.

– ... کاتێ کەسێك دەبێتە قوربانی زوڵمێك و ئەو زوڵمە لە پێناو خێری خەڵکدایە، لەو حاڵەتەدا زوڵم دەبێتە عەدل. من چۆناوچۆنی دەتوانم ئەمە لە مێشکە گچکەکەی تۆدا جێگە بکەمەوە؟

ئەوسا دەستی نایە لاکەلەکەی، ڕووبەڕووی مامۆستای سەربەژێر ڕاوەستا و هەمدیس گوتی:

– ... ئەگەر لێیان پرسیت ئەوا ئەم وەڵامە دەدەیتەوە و ئەگەر نەتتوانی ئەوا زمان لە زارتا بگرە!

مامۆستا لە جێگەکەی هەستا:

– من بێدەنگ دەبم بەڵام دەڕوونم ...

قەشە بەگاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– دەروونت بۆ خۆت هەڵگرە چونکە بۆ من کەمترین گرینگیی نییە! بە دەروونت هەر هەڵەیەکت دەوێت بیکە بەڵام ئاگات لە ڕووالەتت بێت!

ئەوسا بە نەرمیی تێهەڵچۆوە:

– ... ئێمە برای یەکین هاجینیکۆلیۆس، دەبێ لەبەر چاوی هەمووان و دەربارەی هەموو شتێك هاوڕا بین و ئەوەیش ڕای منە! حاڵی بوویت؟

مامۆستا دەیویست هاواربکا:" تا کەنگێ ئەم گاڵتەجاڕییانە درێژەی دەبێت؟ ئاخر منیش دەبێ خاوەنی ڕای خۆم بم! من لەگەڵتا هاوڕا نیم و زوڵمم پێقەبوڵ ناکرێت. من لە گۆڕەپانی ئاوایی ڕادەوەستم و بە دەنگی بەرز ڕاستیی دەڵێم!" بەڵام قسەکانی لە دڵی خۆیدا تاساند و تەنها گوتی:

– شەوباش!

کاتێ قەشە تەنیا بوو، پەرداخە شەرابەکەی هەڵقوڕاند و لەبەرخۆیەوە گوتی:" بەزمێکی خۆشە! کاکی مامۆستاکەی ئێمەیش گەرەکییەتی ڕای خۆی دەرببڕێ!"

ئەوسا سفرەکەی قەد کرد، خاچی کێشا، سوپاسی خودای بۆ نیعمەتەکانی کرد و لەهەمان کاتدا کە دەچوو بنوێت، لەژێر لێوەوە گوتی:

– سبەی بەیانی زوو بە دوای مارتادا دەنێرم.

سپێدەی ڕۆژی دواتر، بەر لە خۆرهەڵاتن، مارتای پشتکۆم گەیبشتە ماڵی قەشە:" نازانم ئەم بزنە پیرە بەم بەیانیی زووە چی دەوێت؟ هەر ئێستا ئەو هەتیوە لەعنەتی نمەك بەحەرامە لە خەو هەڵدەسێ و وەکی ژنی دووگیان دەکەوێتە بیانووگرتن! منی داماو دەبێ زۆر ئاگاداری ئەم بزنە پیرە شەیتان سیفەتە بم. بێگومان ئەم ماستە بێ موو نییە. دەبێ زۆر وریا بم تا نەکەومە داوییەوە!"

هاتە ژوورەکەی. قەشە لەسەر قەنەپەیەك دانیشتبوو قاوەی دەخواردەوە. چاوانی لەبەر زۆرخەویی ئاوسا بوون. مارتا سەری دانەواند، دەستی قەشەی ماچ کرد، لە ژوورەکەدا لە چاوەڕوانیدا ڕاوەستا و دەستی وەك خاچ لەسەر سینگ دانا.

قەشە ئەوەی کە دەیویست بیلێ بەردەوام هەڵیدەسەنگان و نەیدەزانی چۆناوچۆنی مەبەستەکەی بخاتە ڕوو. بەڵام دواجار گەییشتە ئەوەی بکەوێتە قسان:

– مارتا گیان، تۆ بێگومان ڕۆژێك سەرفەرازانە دەچیتە بەهەشت. بەوەی کە ساڵانێکە خزمەتی تورکان دەکەیت کەچی هەرگیز ڕووت لە مەسیح وەرنەگێڕاوە، ئێمەی مەسیحییان هەمیشە لەکاتی دژوارییدا پەنامان بۆ تۆ هێناوە. هەر بۆ ئەمە بوو کە ئەمڕۆ ویستم بۆ ئێرە بێیت.

پشتکۆم لەفیکرەوە چوو:" شەیتان خەریکە تەڵە دەنێتەوە، پەنیرەکەی داناوە و دەرگای تەڵەکەی کردۆتەوە ... دەبێ ئاگادار بم پێوە نەبم!" وەڵامیدایەوە:

– باوکە کەلامی تۆ کەلامی خودایە و گوێ بە فەرمانتانم.

– خۆت دەزانیت براییمۆك بەدوای ژندا دەگەڕێ و سەگە پیسە دەیەوێ هەموو ژنانی ئاوایی لەبەردەمیدا بڕەقسن تا یەکێکیان لێهەڵبژێرێت. مردن لەم نەنگییە باشترە. مارتا گیان وایە؟

پیرێژنی پشت کۆم یەکلاکەرەوانە وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ، مردن باشترە!

- بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبێ خۆ لە دەرگیربوون لەگەڵ ئاغادا بەدوور بگیرێت. ئێمە دەبێت بەرژەوەندی کۆمەڵگەکەمان لەبەرچاو بێ و پێویستمان بە پشتیوانی ئاغا هەیە. ئاغا بەبێ پەردە گوتوویەتی ئەگەر مشووری ژنێك بۆ برایيمۆك نەخۆین ئەوا شەڕمان لەدژ هەڵدەگیرسێنێ و خۆیشت دەزانیت کە لە دۆخێکی وادا هەمووومان تیادەچین. نازانم چ بکەین؟ ژن بۆ برايیمۆك پەیدا بکەین یاخۆ لێگەڕێین کۆمەڵگەکەمان ببێتە قوربانی؟ مارتا گیان بەڕای تۆ کام ڕێگەیان باشە؟

پیرێژن بەو باوەڕەی کە قەشەیش هەر وەکی ئەو بیردەکاتەوە، وەڵامیدایەوە:

- لێگەڕێین کۆمەڵگەکەمان ببێتە قوربانیی.

- مارتا خوا نەکا! ئەوە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ کۆمەڵگەکەمان ببێتە قوربانیی؟ واتە مەسیحییەت تیا بچێت؟ نا مارتا کەمێك زیاتر بیر بکەرەوە!

- پێموایە باشترە مشوری ژنێکی بۆ بخۆین.

– ئافەرین کچەکە گیان. ئێستا تەواوە! دەیشزانم چ ژنێکی دەوێت؟ سەلار و سپیی و شەریف وەکی نانی تازە.

– سەلار و سپی و شەریف وەکی نانی تازە؟ ... هوم... باوکە چ بڵێم! من هیچ ژنێکی ئاوها شك نابەم.

– زیاتر بیر بکەرەوە ڕۆڵە. تۆ دەبێ یارمەتی من بدەیت...

– باوکە ئاخر هیچم لەدەست نایەت. من هەموو ژنەکانم هێناونەتەوە بەرچاوی خۆم. یەکێك سەلار و شەریفە بەڵام سپی نییە، یەکێك سپی و شەریفە بەڵام سەلار نییە...

– دەزانیت من بیرم بۆ کێ چووە؟ بۆ پلاژیا، کیژە گەورەکەی پانایۆتیس و هەر ئێستا پێتدەڵێم بۆچی ...

– بەڵام باوکە ئاخر ئەو سپی نییە! خەراپ نییە گەر بزانیت هەمووان بە ڕەشە لاسووتاو بانگی دەکەن.

– مارتا گیان ئەوە گرینگ نییە و بە هاسانیی چارەسەر دەبێت. من قوتوویەك پۆدرەت دەدەمێ کە

بەیانی و ئێوارە بیساویت لە دەموچاوی و ئیدی وەکی نانی تازە سپی دەبێتەوە ....

– باوکە کەواتە هەموو شتێك جۆر دەبێت.

– بەڵام تۆ پێتوایە ئەو قاییل بێت؟

– هەڵبەتە کە قاییل دەبێت. هەر یەك پارچە ئاگرە. کچەکە خۆیشی وەك براییمۆکە. تەنها جیاوازییان ئەوەیە کە براییمۆك پیاوە و ئەمیش دامەن پۆش. براییمۆك ژنی دەوێ و دەیلێت، پلاژیا مێردی دەوێ و نایلێت ... ئەلعان ببینە کاتێ ئەم دوو دەعبا وەحشییە دەکەونە یەك چ ئاگرێك بەرپا دەکەن! میچی خانووەکە دەهێننە خوارەوە!

پیرێژنی پشتکۆم پێکەنی و ئاوی کەپووی بە سەرقۆڵەکەی سڕی. قەشە بە دەنگێکی فەرماندەرانە گوتی:

– مارتا زۆر باشە. نابێ بیری خەراپ بکرێتەوە. باشترە تاقی بکەینەوە بزانین چ دەبێت. حاڵی حازر پانایۆتیس لە خزمەت ئاغادا کاردەکا و بۆیە ئەگەر پلاژیا بۆ بینینی باوکی بچێتە ئەوێ ئەوا چ کەسێك قسان ناکات.

ڕێکخستنی ئەم کارە بۆ تۆ. مارتا گیان تۆ لەم کارانەدا بەسەلیقەیت. کارێك بکە کە برایمۆك بیبینێت. هەڵبەت دەبێ یەکەم جار پۆدرەکەی بۆ بنێریت ..

ئەوسا لە جێگەکەی هەستا. دەرگای تاقێکی کردەوە و قوتوویەك پۆدرەی دەرهێنا، بۆ مارتای ڕایەڵ کرد و گوتی:

– ... وەرە ئەمەیش پۆدرەکە! بە کیژەکە بڵێ بۆ لێگرتنەوە لەگەڵ ئاردا تێکەڵاوی بکات.

پیرێژن بەو ئەرکەی کە قەشە پێی سپاردبوو، ترس دایگرت و گوتی:

– باوکە ئەمانە هەمووی تەواوە، بەڵام مەسەلە بنەڕەتەییەکەمان بیرچۆوە.

– مارتا گیان کام مەسەلە؟

– ئەگەر پانایۆتیس سووسە بکا چی؟ یەکەم جار من دەکوژێت، پاشان برایمۆك، پاشان جەنابعالیی و دواجارییش ئاوایی ئاگر تێبەر دەدا .. هیچ بیرت لەمە کردۆتەوە؟

قەشە سەری خوراند:

- ڕاست دەکەیت. منیش دەکوژێت ... ئەدی چ بکەین. ئەها، بیرێکم بۆ هات. داوا لە ئاغا دەکەم کە پانایۆتیس بە ئیش بۆ دەرەوەی ئاوایی بنێرێت.

- ئەدی ئەگەر زگی پڕ کرد چی؟

- زگی کێ؟

- دەبێ زگی کێ پڕ بکا؟ دیارە زگی پلاژیا!

- هەی لەعنەتی! هەمیشە نوقلانەی خەراپ لێدەدەیت! مەترسە! زگی پڕ نابێ ..

- لە کوێوە دەزانیت؟

قەشە کە ئیدی نەیدەزانی چ بڵێ، وەڵامی دایەوە:

- خودا خۆی گەورەیە.

پیرێژنی پشتکۆم گوتی:

- سەیرە! پێتوایە خودا دەخاڵەت لەم جۆرە کارانەشدا بکات؟

- ئیدی بەسە! بڕۆ لەگەڵ پوورە مادلینادا قسە بکە و گژوگیای بەرگرتن لە دووگیانبوونی لێبسەنە ...

پیرێژن لە فیکرەوە چوو:" دوورکەوە هەی شەیتان! نازانم پیاوی خودایە یان خودی شەیتانە!"

قەشە پرسی:

– بیرت لە چ دەکردەوە؟

– چ بڵێم باوکە. تۆ پیاوی خودایت و هەرچی خواستی خودا بێ تۆ ئەوە بکە!

– مارتا گیان خودا دەزانێت من هەرچی دەکەم بۆ ڕزگارکردنی مەسیحییەتە. خودا خۆیشی هەموو شتێك بەخێر و خۆشی کۆتایی پێدێنێت ... ڕۆڵە ئازایەتیت هەبێت! تۆ پاداشتی خۆت وەردەگریت ...

چاوانی پیرێژن درەوشانەوە و لەدڵی خۆیدا گوتی: "هەی بزنە پیر، لە ئەووەڵەوە دەتویست ئەمە بڵێیت!"

ئەوسا بە دەنگی بەرز گوتی:

– باشە. من لە خۆم دەبوورم و هەرچی لەتوانامدا بێ دەیخەمە کار. تۆیش هەروا بکە. خۆت دەزانیت کە من ژنێکی هەژارم ...

– دڵنیابە زەرەر ناکەیت .. بڕۆ، خودا ئاگای لێتبێت. هەمدیس قسان دەکەینەوە و یەکتر دەبینینەوە.

پیرێژن سەری نەوی کرد و دەستی قەشەی ماچ کرد:

– باوکە دۆعام بۆ بکە! من لە مەبەستی تۆ حاڵی بووم و تۆیش لە مەبەستی من. هەر ئەمڕۆ دەچم بۆ لای پلاژیا. کیژەی زوبان درێژ لە شادومانیدا دەفڕێت.

– خودات لەگەڵ بێت! بڕۆ و هەرچی زووتر هەواڵی خۆشم بۆ بێنە!

وایگوت و لەکاتێکدا کە وەك ئامازەی پشتیوانیی دەستی بە شان و کۆمییەکەی پیرێژندا دەهێنا، گوتی:

– ... بۆ تۆیش مارتا گیان کوڕێکی باش دەدۆزینەوە! هەڵبەت بۆ ئەمەیش مەبەستم هەیە و ئەویش ئەوەیە کە تۆ لەژێر چنگاڵی تورکان ڕزگارکەم!

پیرێژن وروژاو ئێستێکی کرد:

– باوکە، ئەم کارە خێرە لەبیر مەکە! خودا خۆی پاداشتت دەداتەوە.

وایگوت و لەکاتێکدا کە ئاوی کەپووی دەسڕی، ژوورەکەی جێهێشت.

قەشە دەرگاکەی لە دوایەوە داخست و لەژێر لێوەوە گوتی:" پیرێژنی دێوانە! باوەڕی کرد! ئەمان لەدەستی

ئەم ژنانە! خودایە خۆت لە شەڕی ئەم بوونەوەرانە بمانپارێزە!"

یەك دوو ڕۆژێکی بە نیگەرانیی تێپەڕاند تا دواجار سێیەم ڕۆژ دەرگا کرایەوە و پانایۆتیس، تەربووش بەسەر هاتە ژوورەوە. قەشە بە بینینی وی لەرز دایگرت و هەروا کە لە جێگەکەی هەڵدەستا، پرسی:

– ها ... پانایۆتیس چ بووە؟

– باوکە، ئاغا ناردوومی.

– چ دەڵێ؟

– قسەی سەیرو سەمەرە ... گوتی سڵاویت پێبگەیەنم و بڵێم کە براییمۆك وەکی بەرخ ڕام بووە.

## 18

لەناكاوێكڕا زستان هات و ڕوخساری دونیا بە یەكجار گۆڕا. باران شەستی دەكرد و بایەكی سارد هەڵیكردبوو. گەڵای سەوزی درەختان دەوەرییە سەر ئەرز، گێژەڵووكە لەسەر یەك كۆمەڵی دەكردن، شیدەبونەوە و لەگەڵ خاكدا ئاوێتە دەبوون. لە كێڵگەكانا، تۆوی تێرئاو هەڵدەئاوسان، ناوكیان دەكرد، لە زەمین و بەردەكانا پایان دەگرت تا لە بەهاردا سەر لەخاك بێننە دەرێ. مارمێلكەكان لەنێو كونەكانی خۆیاندا ئەڵقەیان خواردبوو، مێشهەنگەكان پەنایان بۆ پوورەكانی خۆیان دەبرد و شەمشەمەكوێرەكان وەك بۆڵەترێ بە بنمیچی خانووەكانەوە هەڵدەواسران. هەموو بوون لەنێو خۆیدا گردببۆوە و چاوەڕێی دەكرد.

گوندنشینان زوو بۆماڵەكانی خۆیان دەگەڕانەوە. ئاگریان دەكردەوە. لە ئەمبارەكانی خۆیان گەنم، زەیتی زەیتوون و شەرابێك كە لە هاویندا دابینیان كردبوو، دەردەهێنان و بەردەوام دەیانخوارد و دەیانخواردەوە.

ژنان لەژێر ڕووناکی چرای پیوسۆزدا تەشییان دەڕێسا، دەیانچنی، گەنمیان پاك دەکرد و بۆ گوزەراندنی کات ئەفسانە و حەکایەتی کۆنیان دەگێڕانەوە. نیکۆلیۆس مەڕەکانی بۆ پشتیرەکە هێنابوونەوە و لەپاڵ لێنیۆدا لەبەر ئاگردانەکەدا ڕاکشابوو. لێنیۆ خوری دەڕێسا و جلکی بۆ ساوایەك دەدووری کە بەڕێوە بوو لەدایك بێت. زگی زۆر بەرزببۆوە و نیکۆلیۆس وا تەماشای دەکرد کە وەك بڵێی ئەرزێکی دووگیان بێ بە باران.

لێنیۆ گوتی:

– ناوی بە یادی خودان پاتریارکاسی باوەگەورەیەوە، دەنێین ژۆرژ.

نیکۆلیۆس گوتی:

– نا، ناوی بە یادی کاریدمۆسی باوکمەوە دەنێین.

– نا، گوتم ناوی دەنێین ژۆرژ!

– قسە قسەی منە. ناوی دەنێین کاریدمۆس!

وایاندەگوت و ئیدی لەسەر تەختەنوێنەکە و لەبەر ئاگرەکەدا لێکدەئالان و یەکدییان لەئامێز دەگرت.

هەرجارێك هەوا خۆش با، باوکە گریگۆریس بە سواری هێسترێکەوە بۆ سەردانی ماریۆری دەڕۆیشت و هەر سەفەرێکیش خەمینتر و نائومێدتر دەگەڕایەوە. ڕوخساری بێ گیان و دڵیشی وەکی بەرد. جارێکیان لەکاتی گەڕانەوەیدا لە شار، پلاژیای بینی کە بە ڕوخسارێکی وەك گوڵی سوور، بە پێی پەتی بەسەر خۆڵدا دەڕۆیشت. ئیدی بەسەر خودادا هەڵشاخا و هاواری کرد:" بۆچی ئاوها نادادوەرانە سزام دەدەیت؟ ئەدی ئەمە چ عەدالەتێکە کە ماریۆری وەکی مۆمی سەر ئاگر دەکەیتە ئاو و کوڵمی سووریش دەدەیتە ئەم قەحپەیە؟"

براییمۆکیش لەبەر ئاگردانەکەدا دادەنیشت و لەڕ و بێدەنگ سەبیلەکەی ئاغای دادەگیرساند و بەردەوام عارەقی بۆ تێدەکرد ... ئاغایش لەژێر چاو و شەیتانانە تەماشای دەکرد و لێی دەپرسی:

– براییمۆك ڕات بەرامبەر ژیانی ئێرە چییە؟ گەرەکتە بۆ ئەزمیر بگەڕێیتەوە؟

- لیکوڤریسیش زۆر خەراپ نییە. من ئیدی لێرە ناجوڵێم.

- هەی داماو بینیت چۆن تووشی گوون ڕەشیی خۆت بوویت؟ من کە پێمگوتبوویت ئاگاداری ژنان بە! بەڵام خۆت ویستت و ئەویش زۆر بە پەلە! ئێستا دەبینیت بە چ ڕۆژێك گەیشتوویت؟

لاداسی پیر کە لە حەژمەت پیسکەیی، تا بڵێی ڕەتا بوو، هەموو ڕۆژێك بەر لە هەڵاتنی خۆر ژنەکەی دەخستە سەر پشتی گوێدرێژەکەی یاناکۆس و خۆیشی بە پێی پیادە سەری لە موڵکەکانی دەدا و لە ڕێگە پێی دەگوت:

- پەنلوپ گیان بینیت کە خودا دادوەرە؟ بینیت کە ئەویش سەری لە توێی کاردایە و دەخاڵەت دەکا! بینیت لە خۆڕایی دەترسایت و ئێمە لەبری سێ لیرەکەمان ئەم گوێدرێژە گچکەیەمان وەرگرت و هەنووکە تۆ لەو سەرەوە دونیا تەماشا دەکەیت؟ ... ئای گەر بمتوانیبا دوو سەد ساڵی تر ژیابام ئەوا دەمکردیتە شاژن.

*

گوندنشینان لەقاوەخانەکەی کوستانتیس کۆدەبوونەوە، کولاتەی مەریەم کێویلەیان دەخواردەوە، نێرگەلەیان دەکێشا، یاری کاغەزێنیان دەکرد و گەنجترینەکانیشیان تاوڵە. قاوەخانەکە بۆنی مەریەم کێویلە و توتنی دەدا. عەسری شەمموانیش مامۆستا بۆ ئەوێ دەڕۆیشت و لەبارەی ئازایەتیی بنەبابانییەوە قسانی دەکرد. وی لەکاتی نوتقەکەیدا وردە وردە خوێنی دەهاتە کوڵ، لە جێگەکەی هەڵدەستا، لەمسەری قاوەخانەکەوە و بەنێو نێرگەلەکێشاندا بۆ ئەوسەری قاوەخانەکە و بەنێو ئەوانەدا کە کاغەزێنیان دەکرد دەڕۆیشت و هاواری دەکرد:

– لەوێ، لای ڕاست پارسییەکان ڕیزیان دەبەست و لێرە لای چەپ گرێکییەکان ڕاوەستاون و من میلتیاد م! پارسییەکان چەند کەسن؟ ملیۆنێك. ئێمە چەند کەسین؟ دە هەزار. ئیدی جەنگ دەست پێدەکات!

---

[1] سەرکردەی گرێکییەکان لە شەڕی نێوان گرێك و ئێرانییەکاندا. و.ف

ماموستا خۆی بەسەر کورسییەکاندا دەخست و هەڵیدەگێڕانەوە. نێرگەلەکان دەکەوتنە بەر هەڕەشەی کەوتن و کوستانتیس لەمیانەی شەڕەکەدا بە پەلە دەکەوتە کۆکردنەوەیان. ماموستا شەلاڵ لە ئارەقە هاواری دەکرد:

– ئێمە خەراپ بەزاندوومانن و هەموویانمان لە ماراتنەوە هەڵداوەتە زەریا! بژی گرێکلاند!

یەکەمجار گوندنشینان پێی پێدەکەنین و گاڵتەیان پێی دەکرد، بەڵام وردە وردە ئەوانیش دەخرۆشان و دەهاتنە نێو گەمەکە. هیچ کەس ئامادە نەبوو بچێتە لای ڕاست و لەگەڵ پارسەکاندا بێت، بەڵکو هەمووان پشتی هاجینیکۆلیۆس (میلتیاد) یان دەگرت و لە کۆتایی شەڕەکەدا هاواریان دەکرد:

– ئافەرینت لێبێت ئەی کاپتن میلتیادی گەورە!

ئیدی هەرکامیان هەوڵیدەدا ماموستا لەچنگی ئەویتر دەربێنێ و کولاتەیەکی مەریەم کێویلەی بۆ بانگکات.

ڕۆژێك کە بەفر دەباری، یاناکۆس لە کێوەوە دابەزی. کۆلانەکانی گوند چۆڵ بوون. لەو دوکەڵەی دەنۆڕی کە لە

گوڵخەنی ماڵەکانەوە دەهاتە دەرێ و بە بۆنی خواردنی کەیبانووەکاندا پەی بە جۆری چێشتەکانیان دەبرد. یەکێك پەتاتەی سوور دەکردەوە، ئەویتر سوسیسی لەژێر خۆڵەمێشی گەرمدا دەپیشان و کەمێك دوورتر کەرەی قرچاویان بەسەر پڵاودا دەکرد... ئیدی بەخۆی گوت:" نارەسەنانە باش بەخۆیاندا ڕادەگەن. دەك یاخوا بەدەردیان بێ." کەمێك دوورتر بۆنی نانی تازە گەییە کەپووی:" بۆنی نانە ... نان!" دەمی وشك و لێوی بە یەکدییەوە نووساو و لە ترسی ئەوەی کە نەبا ئەژنۆی سست بێ، کەوتە خۆی.

دواجار گەییشتە ماڵی لاداسی پیر، یەك دووجار بە دەوری ماڵەکەدا هات، لە دیوار و پەنجەرە و باخچەی پشت ماڵەکەی ورد بۆوە و بەخۆی گوت:" خۆشبەختانە دیواری ئەم لایە لە هەموو ئەوانی تر نزمترە..." کوتوپڕ لەجێگەیدا تاسا و دڵی وەتەپە کەوت، ئاخر یوسفۆکە ئازیزەکەی کەوتبووە زەڕین. وەك بڵێی گوێدرێژەکە بۆنی خاوەنەکەی کردبێ. ئەوسا پاڵی بەدیوارەکەوەدا و وروژاو گوێی بۆ زەڕینی گوێدرێژەکە ڕادێرا. هەرگیز

لەژیانیدا دەنگێکی بە خۆشیی زەڕینی گوێدرێژەکەی نەژنەڤتبوو. ئەو گۆرانییانەی هاتنەوە یاد کە لەکاتی جحێڵییدا لەبەر پەنجەرەی کیژێکدا دەیچڕین کە خۆشی دەویست و پاشان بووە هاوسەری و ئەلعان لە ژیاندا نەمابوو. بەڵام ئەم دەنگەی کە هەنووکە دەیبیست دەنگێك بوو تژی لە عیشق و حەسرەت و غەم! یاناکۆس بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسکەوە لەژێر لێوەوە گوتی:" یوسفۆکەکەم ئارامبە. ڕزگارت دەکەم!"

کاتێك بۆ چیا گەڕایەوە شەو داهاتبوو. برسیی بوو، سەرما تەنگی پێهەڵچنیبوو.

سەری لە ئەشکەوتەکاندا. ژنان لە پەناوپەسێرەکانا تۆپەڵ ببوون و منالان بۆ گەرم بوونەوە، خۆیان بە باوەشیانەوە دەگوشی. بەبەردەم هەر ئەشکەوتێکدا کە تێدەپەڕی، قسەیەکی بە ئاماژەی دڵنەوایی بە زاردا دەهات:" هاوڕێیان ئازایەتیتان هەبێ و ددان بەخۆتانا بگرن! بەم زووانە ساتەوەختەکانی عەزاب تێدەپەڕێ!" پیاوان بێئەوەی وەڵام بدەنەوە، لەبەر خۆیانەوە

ورتەورتێکیان دەکرد و ژنان بە هەناسە هەڵکێشانەوە سەریان دەلەقاند.

- هێی ژنان، متمانەتان بە خودا هەبێت!

- ياناكۆس ئاخر تا كەنگێ؟

لەبەرئەوەی وەڵامی نەبوو، ئیدی بەرەو ئەشکەوتێکی تر دەچوو.

- ياناكۆس بۆ ليكوڤريسی ڕۆيشتبوويت؟ وەزعی هاوڕێيانمان چۆنە؟

- ئەو لەعنەتییانە خەراپ نايگوزەرێنن و ئاگردانەکانیان نێڵەی دێت. ترێکانی ئێمە دەڕنن و شەرابی ئێمە دەخۆنەوە، زەيتونەكانی ئێمە دەچنن و بە زەيتەكەی قەڵەو دەبن. بەڵام هیچ شتێك لەبەر چاوی خودادا ناشاردرێتەوە و ئەو دەيانبينێت.

- ئەدی کەنگێ نۆرەی ئێمە دێت؟

وەڵامی نەدەدايەوە و هەمديس بۆ ئەشکەوتێکی دی دەچوو.

سێ پياو لەنێو ئەشکەوتێکدا بۆ گەرمکردنەوەی خۆيان پاڵيان بە يەکدييەوە داو و لە تاريکايی شەودا

قسانیان دەکرد. یەکێکیان هەمان لوکاسی ئالاهەڵگری پەنابەران بوو. یەکێکیان گوتی:

– هیچ سەرنجتانداوە کە زگی منالان لە بێخۆراکییدا خەریکە دەئاوسێ. منالەکەی من ئیدی ناتوانێت بەپێوە خۆی ڕاگرێت.

دووەمیان گوتی:

– ئێمە تا ئێستا ئومێدمان بەخودا بوو، بەلام ...

لوکاس گوتی:

– ئەی ژۆرژی قەدیس، بە هاوارمان ڕابگە! یارمەتیمان بدە! ئێمە دەستی پاڕانەوە بەرەو لای تۆ ڕایەڵ دەکەین. وەرن با هێرش بۆ ئاوایی بەرین و تالانی بکەین... ئەوە کێیە هاتە نێو ئەشکەوتەکەوە؟

– خۆمم. یاناکۆس.

– سلاو برا! وەرە پالمان پێوەدە تا گەرمت بێتەوە!

– هیچ سەرمام نییە، خەریکم لە گەرمادا دەسووتێم. لە لیکوڤریسی بووم.

لوکاس پرسی:

– ئەدی کەنگێ دەست بەکاربین؟

یاناکۆس وەڵامیدایەوە:

– گەر بتانەوێ هەر ئەمشەو. مناڵینە ڕازین؟

سێ پیاوەکە بە یەك دەنگ گوتیان:

– بڕیار لای تۆیە. ئێمە ئامادەین. تا ئاسنەکە گەرمە دەبێ بکوترێت.

– زۆر باشە. هەر ئەمشەو دەڕۆین. دونیا وەك گۆڕ تاریکە، بەفریش دەبارێ و هەموو دەوڵەمەندان تا سنووری ئینتەلاکردن خواردوویانە و ترنجاونەتە ژێر لێفەکانیانەوە. کەواتە ڕووبەڕووی هیچ ڕۆح لەبەرێك نابینەوە ....

سێ پیاوەکە هەمدیس گوتیان:

– ئێمە ئامادەین و چاوەڕێی تۆ دەکەین بێیت و بڕۆین.

– زۆر باشە، شمەکەکانتان ئامادەکەن. لوکاس تۆیش چراکە بێنە.

– یاناکۆس هەموو شتێك ئامادەیە. خێراکە!

یاناکۆس بەرەو ئەشکەوتەکەی مانۆلیۆس کەوتە ڕێ و لەڕێگە لەبەردەم ئەشکەوتەکەی میکیلیسدا ڕاوەستا.

میکیلیس چەند پەلکەدارێکی ئاگر تێبەرداو و شتێکی لەنێو باسکەکانی خۆیدا دەگوشی و ورد لێی دەنۆڕی.

چەند ڕۆژێك دەبوو میکیلیس بێدەنگ و هەمیشە لە فیکرەوە دەچوو. وی ئەشکەوت بە ئەشکەوت دەڕۆیشت و بێ ئەوەی قسەیەك بکات، لە هاوڕێکانی دەنۆڕی..

یاناکۆس لەسەر نووکی پێ چووە پێشێ و لەسەر شانی میکیلیسەوە سەرێکی کێشا. میکیلیس منالێکی سێ سالانی لە ئامێز گرتبوو. منالێکی یەك پارچە ئێسك و زگ ئاوساو. پێوپلیی بە باریکیی قامیش و مووی درێژ لە چەناگەی ڕووابوو. یاناکۆس بۆ ئەوەی هاوڕێکەی نەترسێنێ، بە نەوایەکی ئارام گوتی:

- میکیلیس تەماشای مەکە!

میکیلیس بەگریانەوە ڕوی وەرگێڕا و بە چرپە گوتی:

- یاناکۆس بنۆڕە. خەریکە موو لە ڕوخساری دەڕوێت... تەمەنی سێ سالە و لە برساندا خەریکە ڕیشی دەردێت! لە ڕێگە دۆزیمەوە.

یاناکۆس هەمدیس گوتی:

- تەماشای مەکە!

– لەسەر ڕێگە هەڵمگرتەوە. ئیدی حەوسەڵەم نەماوە...
ئەوە تۆ چۆن بەرگە دەگریت؟

یاناکۆس باسکی گرت و گوتی:

– لەگەڵم وەرە.

– ئارام بگرە ... ئەدی نابینیت خەریکە دەمرێت!

منداڵەکە دەیویست بگری بەڵام توانای نەبوو. دەمی وەك ماسی لە ئاو دەرکێشراو داپچڕی بوو، کوتوپڕ دەستی ڕاپسکاند و لەنێو باسکی میکیلیسدا جووڵەی لێبڕا. یاناکۆس هەمدیس گوتی:

– لەسەر ئەرزەکە داینێ. سبەینێ بەخاکی دەسپێرن. وەرە با بڕۆین.

– یاناکۆس ئیتر حەوسەڵەم نەماوە ... تۆ چۆن بەرگە دەگریت؟

یاناکۆس بێئەوەی وەڵام بداتەوە، پەلی ڕاکێشا تا لەگەڵ خۆیدا بیبات. بەڵام چاوی بە مانۆلیۆس کەوت کە لە قوژبنێکی ئەشکەوتەکەدا کروشکەی کردبوو:

– مانۆلیۆس هەواڵ چییە؟

- هەواڵی ناخۆش یاناکۆس. پیاوانمان کە لە ئاوایییەکانی دەوروبەر کاردەکەن کەمێك نانیان هێنابوو بەڵام ئەوەندە کەم بوو هەر مەپرسە! چەند کەسمان ناردن بۆ لیکۆڤریسی، بەڵام لاداسی پیر گوتوویەتی:" تۆپینتان باشترە!" باوکە گریگۆریسیش گوتوویەتی:" ئەدی کەواتە بۆچی باوکە فۆتیس موجیزە نانوێنێت؟" هەڵبەت دیمیترۆسی قەساب کەمێك گۆشتی بۆمان هەناردووە و کوستانتیس هەرچی لە ئەمبار شك بردووە ناردوویەتی بەڵام هەمووی ناکاتە پارووی مناڵێك.

- باوکە فۆتیس لەکوێیە؟

- ئەوەتا، وادێت!

باوکە فۆتیس هاتە ئەشکەوتەکە و بێ ئەوەی هیچ بڵێ لەسەر ئەرزەکە دانیشت. لە ڕێوڕەسمی ناشتنی دوو مناڵ، دوو برا دەگەڕایەوە کە لە برسانا لە باوەشی یەکدیدا مردبوون. باوکیان تەرمی ڕۆڵەکانی لە تەشتی قاپشتندا داناو و لەبەرئەوەی قوماش نەبوو بە گەڵا دایپۆشیبوون. قەشەیش بە پارێزەوە هەردووکیانی لە تەشتەکە هێنابوونە دەرێ تا نەبا لەیەکتر جیا ببنەوە،

ئەوسا خستبوونییە سەر ئەرزەکە، دۆعای بەسەرا خوێندبوون و دواجار لە چاڵێکی گچکەدا بەخاکی سپاردبوون.

– وای بەحاڵی کەسێك کە کارەکانی خودا بە پێوانەی دڵی خۆی دەپێوێ! کەسێکی ئاوها ئیدی لەدەست چووە، چونکە بۆی هەیە هەڵگەڕێتەوە، کوفر بکا و بکەوێتە نکوڵی کردنی خودا ...

ویستی بێدەنگ بێت بەڵام قسە ڕێگەی بۆ سەر زاری کردەوە، گەرچی ترس باڵی بەسەردا کێشابوو بەڵام ئیدی حەوسەڵەی لێبڕا:

– خودایە بۆچی دەبێ مناڵەکانمان لە برسانا بمرن؟

یاناکۆس گوتی:

– باوکە، من لاڤ هەڵسەنگاندنی مەشیئەتی خودا لێ نادەم. بەڵام دەتوانم کاری خەڵکی بپێوم. من کاری خەڵکی لیکوڤریسی دەپێوم، داوەریی کارەکانیان دەکەم و مەحکومیان دەکەم. ئەمشەویش بڕیارمداوە بڕۆم و ئەوەی کە مل بۆ بەخشینی نادەن، بەزۆر لێیان بسەنم.

قەشە بۆ ساتێك لە فیکرەوە چوو، دوو برا لە ئامێزی یەکدیدا مردووەکەی بەیاد هێنانەوە:

– من گوناهی تۆ دەخەمە ئەستۆی خۆم و دۆعای خێری منت لەگەڵ بێت.

یاناکۆس بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– نا باوکە من خۆم گوناهی خۆم لە ئەستۆ دەگرم و نایخەمە ئەستۆی تۆ ..

ئەوسا لەجێگەکەی هەستا و تێهەڵچۆوە:

– جوامێران چاوەڕوانمن و دەبێ بڕۆم.

– بڕۆن لە ئەمانی خودادا بن! ئێمەیش لە ڕۆژی خۆیدا حەرەکەت دەکەین!

میکیلیس دواجار بێدەنگیی شکاند و گوتی:

– منیش لەگەڵتان دێم.

– میکیلیس تۆیش وەرە تا لەم بێدەنگییە بێیتە دەرێ!

پاشان دەستی گرت و هەردووکیان بۆ نێو تاریکایی شەو خزین. یاناکۆس مەستانە گوتی:

– با پێکەوە بڕۆین و لە بێدەنگیی بێینە دەرێ! ئێمە تا ئێستا ئاراممان گرتووە تا کلاوکوڕەکان خۆیان ببرژێنن

و بۆمان بکەونەخوارەوە. بەڵام خۆ گلاراویان نییە. ئاخر دەبێ بگیرێن، ناتوانرێت هەموو شتێك لە خودا داوا بکرێت. هەڵبەت دەزانم ئەو میهرەبانە بەڵام هێند ئیشی هەیە کە مەپرسە! ئێمە دەبێ خۆمان دەست بەکار بین. لە تۆ حەرەکەت و لە خودایش بەرەکەت! بۆچی گورگ هەمیشە قەڵەوە؟ چونکە خۆی بۆ شکار دەڕوات. هیچ کەس بەزەیی بە ئینساندا نایەتەوە. ئێمە دەبێ ئەمشەو خۆمان لە بیری خۆماندا بین .. هاوڕێیان بجولێن، با بکەوینە ڕێ!

هاوڕێکان کە لەدەوری ئاگرێکی کەم تین دانیشتبوون، بە بیستنی دەنگی یاناکۆس، پێکەوە هەستانە سەرپێ.

– ... با بڕۆین بە ئومێدی خودا. دۆعای باوکە فۆتیستان لەگەڵ بێت. هیچ کەس پێڵاو یان چەکمە لەپێ نەکات چونکە دەنگەکەی سەرنج ڕادەکێشێت ...

هەمووان پێکەنین، چونکە هیچکامیان پێڵاویان نەبوو، هەرکامیان پێوپلی لە پەڕۆیەکی کۆنەوە پێچابوو.

– ... لۆکاس چراکەت هەڵگرتووە؟

– ... هەڵبەت هەڵمگرتووە!

یاناکۆس بە بینینی چراکە پێکەنین گرتی:

– ئەوە دیاری ناخودا تۆفانی داماوە. بێگومان ئێستا لە دۆزەخەوە تەماشامان دەکا و خەریکە لە پێکەنینا ژان دەکا.

یاناکۆس و لوکاس پێشکەوتن و دوو کەسەکەی تریش لەدوای ئەوانەوە کەوتنە ڕێ. میکیلیس کە بە تەنیا ڕێی دەکرد، گوتی:

– منالّینە، ئێوە ئیشی خۆتان بکەن و هەقتان بەسەر منەوە نەبێت. من گەرەکمە پیاسەیەك بەئاواییدا بکەم.

شەو تا بلّێی تاریك. باران دەباری و ئاو وەك تاڤگە بە ژوور گابەردەکانا دەڕژایە خوار. جار ناجار نالّەی خەمین و دلّنشینی مەلی شەو لە قەلّەشی چیاوە بەرزدەبۆوە. وەك بلّێی تەنیایی زۆری بۆ هێنابێ و بەدوای تاکی خۆیدا بگەڕێ. لەناکاو لوورەیەك لە بەرزایی چیا و نزیك کلّێسای ئەلیاس پێخەمبەر گەییشتە گوێیان. هەر چوار هاوڕێ لە شوێنی خۆیاندا ڕاوەستان. یاناکۆس گوتی:

– لوورەی گورگە. ئەویش برسییەتی!

لوکاس گوتی:

- ڕەنگە ئەلیاس بێت.
یاناکۆس گوتی:
- هەر کێیەکیت بە هاوارمان ڕابگە! منالینە با بڕۆین پەزەکان چاوەڕێمانن.
وایگوت و هەمدیس کەوتنەوە ڕێ. لوکاس باسکی یاناکۆسی گرت:
- ئاخۆ بڕیارتداوە زەبر لە کوێ بدەین؟
- بەڵێ، بۆ ماڵی دەوڵەمەندترین، قێزەوەنترین و پیسکەترین کەسی ئاوایی، واتە لاداسی پیر دەچین و کۆڵەپشت و گونێکانمان پڕ دەکەین تا ئیدی ساراکینایییە داماوەکان لە برسا نەلوورێنن ..
دوای چەند چرکەیەك تێهەڵچۆوە:
- .... جاری دووەم دەچین نەوت دەدزین.
- نان و نەوت! یاناکۆس ڕاست دەکەیت. ئینسان بۆ ژیان و تۆڵە سەندنەوە پێویستی بەو دوانەیە. ژیان بەتەنیا بەس نییە.
کە گەییشتنە ئاوایی، یاناکۆس لەجێگەی خۆیدا ڕاوەستا و ڕووی کردە هاوڕێکانی:

- من له پێشەوه دەڕۆم چونکه ڕێگەکه بەڵەدم. ئێوەیش به مەودایەك دوور له یەکەوه له دوامەوه وەرن. یەکەمجار من به دیوارەکەدا سەردەکەوم.

چوونه کۆڵانه چۆڵەکانی گوند. کات نیوەشەو و خەڵکی تازەکیی چاوانیان چووبووه خەو.

کاتێك یاناکۆس گەییشته بەردەم ماڵی لاداسی پیر، بەخۆی گوت:" هیوادارم یوسفۆکەکەم هەست نەکا و نەکەوێته زەڕین. خوا بکا نووستبێ!"

چەسپاو به دیوارەکەوه چاوەڕێی دەکرد و کاتێك هاوڕێکانی گەییشتن، به ئەسپایی گوتی:

- بچینه دیوی پشتەوه و لەلای باغەکەوه بچینه ناوەوه. لەوێ دیوارەکه نزمتره. لوکاس چراکەم بدەرێ... هەمووان له دوامەوه وەرن. ئاگاداربن!

یەکێك له هاوڕێکان گوتی:

- سەگیان هەیه؟

- مرۆڤی پیسکه و سەگ؟ ئاخر سەگ خواردنی دەوێت...

پاشان ڕووی کرده لوکاس و گوتی:

– ... تۆ بەم قەد و بالآیەتەوە لە دەرەوە بمێنەوە و قولاپەکە بگرە تا ئێمە دەچینە باغەکەوە ... ئەگەر هەستت بە خەتەر کرد، وەکی پەپوو بخوێنە ... هەمووان ئامادەن؟

– ئامادەین!

لوکاسی بالآبەرز قولاپەکەی گرت، یاناکۆس بەسەر دیوارەکەدا هەڵگژا و خۆی هەڵدایە باغەکەوە. کەمێك دوای ئەو، دوانەکەی تریش بە توورەکە و مەشکەوە لە دیوارەکەوە خۆیان هەڵدایە باغەکەوە.

– لەدوامەوە وەرن. من ڕێگەکە دەزانم. ئاگاداربن!

لە باغەکە تێپەڕین. دەرگایەکی گچکە کە دەچۆوە نێو ماڵەکە، کرابۆوە. لێیەوە چوونە ژوورەوە. خاوەن ماڵ لە نهۆمی سەرەوە نوستبوو، لە پرخەی خەودا بوو.

یاناکۆس گوتی:

– خۆشبەختانە نوستووە.

ئەوسا چراکەی داگیرساند. دەرگای ئەمبارەکەی دۆزییەوە و کردییەوە. بۆنی زەیتی زەیتوون، شەراب، هەنجیری وشك و بەهێی گەنیو چوو بەسەریاندا. چراکە

ڕیزی کوپەڵە و بەرمیلەکانی ڕووناك کردبۆوە. یاناکۆس بە چرپە گوتی:

– منداڵینە بجووڵێن! زووکەن توورەکە و مەشکەکانتان پڕکەن!

یەکێکێکیان بەلوعەی بەرمیلێکی کردەوە و مەشکەکەی خۆی پڕ شەراب کرد. ئەویتر توورەکەکەی پڕ لە گەنم کرد. یاناکۆسیش مەشکە و توورەکەکەی خۆی پڕ لە زەیتی زەیتوون و گەنم کرد و لە هەمانکاتدا چاوی بە پەیژەیەك کەوت کە بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرا بوو:

– سوپاس بۆ خودا پەیژەیش هەیە! ئەگەر نەبووایە چۆن دەمانتوانی ئەم هەمووە بەسەر دیوارەکەدا سەرخەین؟ منداڵینە بکەونە ڕێ.

هەمووان بارەکانی خۆیان کردە کۆڵ. پەیژەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد. بەو ڕێگەیەدا کە هاتبوون گەڕانەوە و بارە قورس و گرانبەهاکانی خۆیان یەك لەدوای یەك لە دیوارەکەوە ئاودیو کرد. لوکاسیش لەودیو دیوارەوە بارەکانی وەردەگرت و لەسەر ئەرزەکە دایدەنان. پاشان هەمووان لەدوای یەك و بە یارمەتی ئەو لە دیوارەکەوە

خۆیان هەڵدا. یاناکۆس دوایین کەس بوو کە دەبوو خۆی هەڵبدا، بەڵام دڵی نەهات و دوای ساتێك بە هاوڕێکانی گوت:

– منداڵینە دەقیقەیەك ئارام بگرن تا سەرێك لە گوێدرێژەکەم بدەم. زوو دەگەڕێمەوە.

لوکاس گوتی:

– لە گوێدرێژەکەت گەڕێ. ئاخر هەر لەحزەیەك بۆی هەیە شتێك بقەومێ..

– بەدەست خۆم نییە. تەنها یەك دەقیقە. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

ئیدی هەمدیس بۆ نێو باغەکە گەڕایەوە. هاوڕێکان سەریان دەلەقاند، بەڵام هیچیان نەگوت و لە چاوەڕوانیی هاتنەوەیدا گوێیان هەڵخست تا نەبا کەسێك بەسەردا بێ یاخۆ دەرگایەك بکرێتەوە. لوکاس بە دوو کەسەکەی تری گوت:

– ئێوە هەردووکتان بکەونە ڕێ. باشترە لە یەکدی جوێ ببنەوە. من چاوەڕێی ئەو دەکەم.

دوای ئەوەی توورەکەکانی بە شانیاندا دا و بە ڕێی کردن، لە چاوەڕوانیی یاناکۆسدا ڕاوەستا، لەوکاتەدا زەڕینی گوێدرێژەکە بێدەنگیی شکاند:" هەی وڵاخی لەعنەتیی! ئەلعان هەمووان وەئاگا دێنەوە!"

پەنجەرەیەك کرایەوە و دەنگی لاداسی پیر گەییە گوێ:

– پەنلوپ نوستویت. هێی پەنلوپ، گوێدرێژەکەمان دەزەڕێت.

بەڵام چ وەڵامێکی نەژنەفت. گوێدرێژەکەیش ئارام بۆوە و تەنێ دەنگی خوڕەی لێزمەی باران دەبیسترا.

لوکاس سەری هەڵبڕی و سێبەرێکی لەسەر دیوارەکە بینی. بەپەلە چووە پێشێ و پێی یاناکۆسی گرت. یاناکۆس گوتی:

– زوو کە با ڕاکەین لوکاس! وا بزانم پیرەمێرد خەبەری بۆتەوە.

وایگوت و ئیدی زوو بەزوو مەشکەکانی خۆیاندا بە شاندا و بە هەموو گوڕی خۆیان هەڵاتن. لوکاس لەکاتی دەرچوونیاندا لە ئاوایی، پرسی:

– ئێستا دڵت ئاسوودە بوو؟

یاناکۆس بە هەناسە هەڵکێشانەوە وەڵامیدایەوە:

– بەڵێ. بە شەرەفم گەر بمتوانیبا بە پەیژەکەدا سەرم خستبا ئەوا ئەویشم لەگەڵ خۆم دەهێنا ...

وایگوت و بە نیگەرانییەوە پرسی:

– بە ڕاست میکیلیس لەکوێیە؟

– ڕەنگە پیاسەیەکی کردبێ و ڕۆیشتبێ. پەلە بکە!

ئیدی بێ ئەوەی هیچ شتێکی تر بڵێن، ڕێی خۆیان بەرەو چیا گرتە بەر.

باوکە فۆتیس و مانۆلیۆس بێدار دانیشتبوون و چاوەڕێ بوون. خەریك بوو کازیوەی دەدا و ئاسمانی خۆرهەڵات سپیی دەچۆوە. باران خۆشی کردبۆوە بەڵام هەورەکان هەروا هەڕەشەیان دەکرد.

کوتوپڕ هاوارهاواری شادومانیی و فیکەی یەك لەدوای یەك لە کوێرە ڕێیەکەوە گەییە گوێ. مانۆلیۆس لە ئەشکەوتەکە دەرپەڕییە دەرەوە:

– خۆتانن!

چوار پیاوەکە چرا بەدەست بە بارە قورسەکانی کۆڵیانەوە گەییشتن. ڕوخساریان پرشنگی دەدا. یاناکۆس کە بە مەشکەی شەرابەوە لە پێش هەموانەوە دەڕۆیشت، بە دەنگی بەرز گوتی:

– لاداسی پیر سلاوی لێدەکردن و بە گەرمی هەواڵیی دەپرسین. هەر بەڕاستیی پیاوێکی شەریف و دەست و دڵ کراوەیە! ئەم شەرابەیشی بۆ ئێوە هەناردووە تا بە سلامەتی وی بیخۆنەوە و گوتی هەرچەند هیچ نییە، بەلام دیاری شوان هەڵەکۆکیش بێت هەر باشە!

لوکاسیش مەشکە زەیتەکەی لەبەر پێی قەشەدا نایە سەر زەوی و گوتی:

– ئەمەیش زەیتی زەیتوون بۆ پاراوکردنی ڕیخۆڵە. لاداس دەیگوت ئەگەر هەمدیس ویستتان ئەوا شەرم مەکەن. ئاخر کوپەڵەکانی پڕن لە زەیتی زەیتوون.

دوو کەسەکەی تریش لەکاتێکدا کە توورەکە گەنمەکانی خۆیان لەسەر ئەرزەکە دادەنا، گوتیان:

– ئەمەیش گەنم بۆ منالانی داماو کە لاداسی پیر دەیگوت بەزەیی پێیاندا دێتەوە!

باوکە فۆتیس پێکەنی:

– دەستی خۆشبێ و خودا لە پاداشتی ئەوەدا سەد هێندەی بداتێ! ئەلعان بۆی دەنووسم کە دوێشەو چوار فریشتەی ڕەحمەت چوونەتە ماڵەکەی و ئەم دیارییە گرانبەهایانەیان ناوەتە سەر باڵەکانیان و بۆ ئێرە بۆ ئێمەیان هێناون. لەگەڵ نامەکەشدا وەسڵی وەرگرتنیشی بۆ دەنێرم تا لەو دونیا نرخەکەی وەربگرێت.

 یاناکۆس بە قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– باوکە بۆی بنووسە کە یەکێك لە فریشتەکان دەیویست تەواوی کوپەڵە و بەرمیلەکانی بەسەریەکدا بدا بەڵام ڕێك لەدوایین لەحزەدا بەزەیی جووڵا. هەڵبەتە نەك بەزەیی بەودا، بەڵکو بە شەراب و زەیتی زەیتوونەکەدا.

باوکە فۆتیس ڕووی کردە مانۆلیۆس و گوتی:

– مانۆلیۆس، بڕۆ پەرداخ بێنە تا شەراب بدەینە ئەم فریشتانە. ئێوەیش ئەی فریشتەکانم، باڵە تەڕ بە بارانەکانتان ڕاوەشێنن و بڕۆنە نێو ئەشکەوتەکەوە!

هەمووان چوونە نێو ئەشكەوتەكەوە، پەرداخەكانیان پڕ لە شەراب كرد و شادومانانە و بە نۆرە خواردیانەوە.

قەشە گوتی:

– بەسلامەتی لاداسی خێرەوومەند!

مانۆلیۆس گوتی:

– بە سلامەتی گورگەكان! چونكە ئەوان بوون كە بە لوورەلوورەكەیان بەسەر چیای ساراكیناوە، جورئەتیان پێبەخشین.

یاناكۆس پرسی:

– دواجار تێنەگەیشتم ئەدی میكیلیس چی لێهات؟

مانۆلیۆس وەلامیدایەوە:

– وی سەراپا قوڕاویی گەڕاوەتەوە و بەبێ ورتە چووە بنوێت.

كاتێك لاداسی پیر سەری لەسەر سەرین هەڵگرت و چووە باغەكە، هەر كە چاوی بە پەیژەكە كەوت بەدیوارەكەوە هەڵپەسێردراوە، بەخۆیدا هاتەوە و بە هاوسەرەكەی كە

لەپاڵ پەنجەرەکەدا دانیشتبوو و بە چاوە بێڕەنگەکانی لە دەرەوەی دەنۆڕی، گوت:

- هێی پەنلوپ، ئەوە تۆ ئەو پەیژەیەت بە دیوارەکەوە هەڵپەساردووە؟

خاتوو پەنلوپ بێ ئەوەی لا بکاتەوە، کەوتەوە چنینی گۆرەوی. پیرەمێرد پەیژەکەیدا بە کۆڵیدا و بۆ ئەمبارەکەی برد. ئەوسا چاوێکی بە ئەمبارەکەدا گێڕا و کاتێك کە هەموو کوپەڵە و بەرمیل و هەنجیر و بەهێکانی لەجێی خۆیاندا بینین، لەبەرخۆیەوە گوتی:

- سوپاس بۆ خودا کە دز بە پەیژەکەدا نەهاتۆتە ماڵەکە! ئەم داماوەی ژنم ئیدی عەقڵێکی تەواو و حیسابیی نییە. دەبێ ئاگاداری هەموو شتێك بم ئەگینا بۆی هەیە ڕۆژێك ماڵەکە ئاگر تێبەردات.

ئەوسا چووە گەوڕەکە. گوێدرێژەکەیش لە شوێنی خۆیدا بوو. چووە نزیکی و پێ لەقەیەکی لە قاچیدا:

- دوێشەو چ مەرگت بوو دەزەڕیت هەی ناکەس بەچە؟ بۆچی منت لە خەو ڕاپەڕاند؟

گوێدرێژەکە لای نەکردەوە. چاوە گەورەکانی حاڵەتێکی سەیریان هەبوو. خەونی بینیبوو کە خاوەنەکەی لە شەودا بۆ سەردانی هاتووە و وەك جاران مل و یاڵ و ژێر زگی یوسفۆکەکەی بە میهرەبانیی نەوازش کردووە و یوسفۆکیش بە قیتکردنی کلکی زەڕینێکی شادومانانە زەڕیوە، خاوەنەکەی بۆ هێورکردنەوەی، لمۆزی توند بەهەردوو دەست گرتووە و دوای ئەوەی ماچی گوێ و لاملی کردووە، لە پەنجەرەی گەورەکەوە بۆی دەرچووە.

گوێدرێژەکە بە ئارامیی سەری دانەواند، چاوانی لێکنا، ڕۆچووە نێو خەونە خۆشەکەیەوە و بەخۆی گوت:" ئای خۆزیا خەونەکەم دەهاتە دی!"

هاوکات هەواڵی موجیزە لە سەراپای ساراکینادا دەنگیدایەوە. موجیزەی ئەوەی کە چوار فریشتە لەکاتی شەودا گەنم و زەیتوون و شەرابیان بۆ برسییان هێناوە. سادەدڵترین پەنابەران باوەڕیان بەو هەواڵە کرد و

خاچیان کێشا و ئەوانەیشی کە زرینگتربوون بەزەردەخەنەی پڕ لە ماناوە لە یاناکۆس و لوکاسیان دەنۆڕی. ژنان خۆیاندا بەسەر گەنمەکەدا و بەدەم گۆرانیی ژێر لێوەوە کەوتنە بژارکردنی. وەك بڵێی منداڵێکی ئاسمانیی دەورانی دێرین لە بێشکەدا ڕاژەنن. کاتێك دەنکە گەنمێك دەکەوتە سەر ئەرزەکە، هەمووان دەستوبرد بۆ هەڵگرتنەوەی دادەنەوینەوە تا نەبا ئەو دەنکە خودایییە بە ئەرز پیس بێت. بەپەلە کەمێك لە گەنمەکەیان بە بەرد هاڕی و لەژێر خۆڵەمێشی هەڵایساودا نانیان کرد و بە زەیتی زەیتوون چەوریان کرد تا تامێکی خۆشتری هەبێت. پاشان وەکی نانی پیرۆز پارچەیەکیان بە هەر کەسێکدا. هەر لەگەڵ خواردنی نانەکەدا ئیدی هێز وەك خوانێکی خودایی دەڕژایە نێو مۆخی ئێسکەکانەوە، ژنان بە نۆشینی قومێك شەراب نەیاندەتوانی خۆیان لەبەر هوروژمی گریاندا ڕاگرن و هەرکامێکیان بەخۆی دەگوت: " خودایە، ڕۆح بۆ باڵ لێڕووان جگە لە پاروویەك نان و قومێك شەراب مەگەر گەرەکی بە چ شتێکی تر هەیە؟"

بۆ شەوێ دوو پیاو گەنمەکەیان برد بۆ باراش و ژنان لەکاتی بەڕێکردنیاندا لەترسی ئەوەی کە نەبا گەنمەکە نەبیننەوە، بە دڵەڕاوکێوە پرسییان:

– کەنگێ دەگەڕێنەوە؟

پیاوەکانیش بەپێکەنینەوە وەڵامیان دانەوە:

– سبەی زوو. هیچ مەترسن!

یاناکۆس بووە ئەمبارداری ساراکینا. هەموو بەیانییەك و بە وردییەکی تەواو و بە ئەندازەی پێویست، ئازووخەی بەسەر ژناندا دابەش دەکرد و هەمیشە ئامۆژگاری دەکردن:

– تا دەتوانن دەستبگرنەوە و پشتێنەکانتان تا کۆتایی زستان توندتر ببەستن. فریشتەکان دەبێ سەر لەجێگەی تر بدەن و ناتوانن هەموو ڕۆژێك ئازووخە بۆ ئێمە بێنن. تێگەییشتن؟

هەمان ئەو نەختە نان و زەیتەی کە دەچووە جەستەکانەوە ئاگری ژیانی هەمدیس کڵپە پێدەسەندەوە و هەڵاوسانی زگی منالانی دەنیشانەوە و ڕوخسارییانی سوور هەڵدەگەڕاند. مەمکی ژنان پڕ ببۆوە لە شیر و

ئیدی شیرەخۆرەکان بەدرێژایی شەو نەدەگریان. پیاوان هەمدیس کوڵکن ببوونەوە و هێز ڕژابۆوە بازوویان. بەردیان دەکێشا تا کاری ڕۆنانی خانووەکان کۆتایی پێبێنن. جار ناجار دەنگی پێکەنین و سوعبەت دەگەییە گوێ و تەنانەت هەندێك جار ژن و مێردێکی لێکئاڵاو لە قوژبنی ئەشکەوتێکی دووردا خافڵگیر دەکران.

ڕۆژێکیان باوکە فۆتیس بە مانۆلیۆسی گوت:

– هەر کە گەنم و زەیت بووە خوێنی جەستەمان و هێزمان تێهاتەوە ئیدی هێرش دەبەین. ئێمە کە ئیدی ناتوانین هەمیشە برسیی بین و دزیی بکەین. دەبێ بۆ ئاوایی بڕۆین و ئەرزە خەڵاتەکانی میکیلیس بە ئاشتیی بێت یان بە زۆر وەربگرینەوە. جگە لەم ڕێگەیە ڕێگەی ترمان لەبەردەمدا نییە و ناتوانین لەم کوێستانە وشك و قاقڕەدا بژین و ڕەگ داکوتین.

مانۆلیۆس گوتی:

- خەریکە ساتەوەختی قەڵەمکردنی مێو و بێڵکاریی پای دارزەیتوون و پەیینکردنی زەوییەکان نزیك دەبێتەوە. ئەگەر ئەوانە بە حاڵی خۆیانەوە ڕەها بکەین ئەوا ساڵی ئاینده بەر نادەن. باوکە کەواتە چاوەڕێی چیت؟

- چاوەڕێی فەرمانی بانگی ناخمم مانۆلیۆس. بانگێك کە من بۆ پێشەوە دەبات. من لە سەراپای ژیانی خۆمدا هەرگیز بەر لە ژنەفتنی ئەو بانگە هیچ بڕیارێکی گرینگم نەداوە. مانۆلیۆس ئەم بڕیارەیش زۆر گرینگە، چونکە بۆی هەیە بە بەهای ڕشتنی خوێن تەواو بێت.

- باوکە دەزانم، بەڵام مەگەر لەم دونیا هەوەسباز و پڕ لە زوڵمەدا دەتوانرێت بەبێ خوێنڕێژیی بەرگە بگیرێت؟ من بیرم دەکردەوە کاتێ خەڵکی لیکوڤریسی زگی هەڵاوساو و گۆنای قوپاو و پێوپلی ئێسکیی منداڵانی ساراکینا ببینن ئیدی بەزەییان دەجوڵێت. هەر بۆ ئەمەیش چەند منداڵێکم بۆ لیکوڤریسی نارد. دەزانیت چۆن پێشوازییان لەو منداڵانە کردووە؟ هەندێکیان بەدار لەو منالأنەیان داوە و هەندێکی تریشیان پارچە

نانێکیان بۆ فڕێداون، ڕێك وەك ئەوەی کە بۆ سەگی فڕێ دەدەن ... تەنها یەك کەس بەزەیی پێیاندا هاتۆتەوە و کاتێ لە بانیژەی ماڵەکەیەوە بینیونی کە دەنکە گەنم و توێکڵە پەتاتە و توێکڵە لیمۆ لەسەر ئەرزەکە کۆدەکەنەوە، هاواری کردووە: پەنا بەخودا، ئەرێ ئەوانە چ جۆرە مەخلوقێکن؟ مەیموونن یان ئادەمیزاد؟ پاشان لە بانیژەکە هاتۆتە خوارەوە، دەرگای ماڵەکەی کردۆتەوە و بۆ ژوورەوەی بردوون و بە مارتای گوتووە:" مارتا بیانبەرە سەر مێزەکە و خواردنیان بۆ بەرە تا ڕەنگی مرۆۋ بگرن!"

قەشە بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسك و بە تووڕەیی هاواری کرد:

– من ئەمەم نەدەزانی ... مانۆلیۆس نەمدەزانی!

– باوکە نەمگوت ناڕەحەت نەبیت. ئاخر دڵی تۆ بە ئەندازەی پێویست پڕ بووە لە ژەهری نامەردان و ئیدی پێویستت بەم هەواڵە بەسۆیانە نییە.

- مانۆلیۆس دەبوو پێت گوتبام و گیانم ئاگر تێبەردەیت. تا دڵی مرۆڤ لێوڕێژ نەبێت لە تووڕەیی و عیشق، چ شتێك لەم دونیایەدا ڕوونادات.

وایگوت و لەناکاوێکڕا بێدەنگ بوو، لەسەر بەردێك دانیشت، سەری لەژێرەوە نا و ماوەیەکی درێژ بەو تەرزە مایەوە. وەك بڵێی گوێی بۆ بانگێکی ناوەکی ڕادێرابێ. مانۆلیۆسیش بەرامبەری دانیشت و لە دوورایی دەشتەکەی نۆڕی. باران خۆشی کردبۆوە و زەوی ڕەش، پۆشراو بوو بە ئاو. شنەیەکی خۆش دەهات و شەپۆلی بە گەڵای گا زیوین و گا سەوزی دارزەیتوونەکان دەدا و ڕەزەکان یەکپارچە ڕەش دەچوونەوە. شەهێنێك بەبەرزایی کێوی ئەلیاس پێخەمبەرەوە هەستا و باڵە بێجووڵەکانی لە فراوانیی ئاسماندا واڵا کرد.

باوکە فۆتیس هەستا و گوتی:

- دڵم گیراوە و دەبێ لێرە بڕۆم.

مانۆلیۆس هیچی نەگوت. هەستی دەکرد قەشە جامی حەوسەڵەی لێی دەڕژێ و بڕیاردانی لە ئان و ساتدایە. ئیدی بەخۆی گوت:" باشترە قسانی لەگەڵدا نەکەم."

باوکە فۆتیس بە گابەردەکانا سەردەکەوت و بە چاپووکیی جحێڵێکی بیست ساڵان باریکە ڕێگەکەی کڵێسای سپی ئەلیاس پێخەمبەری گرتەبەر. گا لەودیو گابەردێکەوە دیار نەدەما و کەمێك دوورتر هەمدیس وەدیار دەکەوتەوە. ئارەقچنەکەی لەسەری لابردبوو، قژی لە بادا شەپۆلی دەدا.

مانۆلیۆس چاوەڕێی کرد تا قەشە گەیشتە گوێ کڵێساکە و ئەوسا پەلکی دارگوێزێکی هەڵگرت و کەوتە هەڵکۆڵینی ڕوخسارێکی نوێی مەسیح.

## 19

شەو داهاتبوو، قەشە هێشتا نەگەڕابۆوە. بایەکی سارد هەڵیکردبوو، ئاسمان پۆشراو بە هەور و لوورەی گورگ دڵی تاریکیی شەقار دەکرد. میکیلیس ڕوی کردە مانۆلیۆس کە ئارام لە قوژبنێکی ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوو. پێیگوت:

– ئەرێ با بڕۆین بزانین بەڵایەك بەسەر قەشەدا نەهاتووە!

ئەمە یەکەمین قسەیەك بوو کە دوای ماوەیەکی زۆر بەزاری میکیلیسدا دەهات. ئەو هەر ڕۆژێك زیاتر لە ڕۆژی پێشوو بەخۆیدا ڕۆدەچوو. گا هەناسەی هەڵدەکێشا و گا لە کڵێسای گەوەی کێوەکە ورد دەبۆوە و بەئارامی زەردەخەنی دەهاتێ، هەمیشە پرچەکانی ماریۆری پێ و بە سینگییەوە دەیگوشی. جار جار بەترسەوە لەشیرینە خەودا هاواری دەکرد و لەترسی

ئەوەی کە نەبا بزری کردبێ دەستی بۆ ژێر جلکەکەی دەبرد و پاشان هەوڵی دەدا نەنوێتەوە.

– ... با بڕۆین بزانین چ بەڵایەك بەسەر قەشەدا نەهاتووە!

شەو گەییشتبووە نیوە.

مانۆلیۆس وەڵامیدایەوە:

– هیچ بەڵایەکی بەسەر نایەت. هێند بە قەدوباڵایەکی ڕێکەوە بە ڕێگە سەرەو ژوورکەکەدا سەردەکەوت کە ئیدی چ گومانێکی بۆ نیگەرانیی نەهێشتەوە. کاتێ ڕێڕۆیشتنەکەیم دەبینی یەکەندەردوو هەستم دەکرد کە وی مەخلۆقێکی جاویدە.

میکیلیس قسەکانی هاوڕێکەی قەناعەتیان پێنەکردبوو، بە چرپە گوتی:

– ئاخر تاخیر بووە .. تاخیر بووە .. مەگەر چ دەکا؟

– لەگەڵ ئیلیاسدا قسان دەکات. خەریکن پێکەوە نەخشە دادەڕێژن و بڕیار دەدەن. نابێ هیچ کەس مەزاحیمیان بێت!

- بەڵام ئاخر چ دەخوات. چۆن دەنوێت؟ ئیمشەو مرۆۋ لە سەرمادا دەبێتە سەهۆڵ.

- ئەو نە دەخوا و نە دەنوێت. نایشبێتە سەهۆڵ. دڵنیابە هەر ئێستا پێویستی بە چ شتێك نییە. ڕێك وەك مردوو یاخۆ وەکی بوونەوەرێکی جاوید. نازانم چۆن بیڵێم ... تەنها دەزانم کە گەرەکی بە چ شتێك نییە.

لەو کاتەدا یاناکۆس تووڕە و بە بۆڵەبۆڵەوە هاتە ژوورێ. مانۆلیۆس پرسی:

- یاناکۆس چ بووە؟ وەزع خەراپە؟ ئەدی خەزنەدار ئازووخەی ساراکینا لە چیدایە؟

- لە قڕقڕەیان پرسی وەزعی مناڵەکانت چۆنە؟ گوتی: ڕۆژ بەڕۆژ ڕەشتر دەبن ... تەنها هەواڵ ئەوەیە کە خەریکە ئازووخە تەواو دەبێ و دەگەینە سفر. وابزانم دەبێ هەمدیس مەلە شکارییەکان کۆبکەینەوە و هێرش بۆ دەشت ببەین. ئەمجارە دەچینە گیانی باوکە گریگۆریس.

- کەمێك ئارام بگرە! دەبێ بچینە گیانی هەموو ئاوایی.

یاناکۆس شادومانانە لە جێگەکەی ڕاپەڕی، دەستی بەیەکدا دا و هاواری کرد:

- کەواتە وەختی هێرش هاتووە؟ باوکە فۆتیس گوتی؟

- هێشتا هیچی نەگوتووە، بەڵام پێموایە وادەی نزیکە. چونکە گوتی خەریکە جامی حەوسەڵەی لێوڕێژ دەبێت.

وایگوت و وتووێژەکەی خۆی لەگەڵ قەشەدا گێڕایەوە.

یاناکۆس وروژاو گوتی:

- خۆزیا کەمێکی تر ئارامی دەگرت ... من هێشتا ئامادە نیم.

دوو هاوڕێکە لە تاریکییدا لەڕوخساری وییان نۆڕی.

مانۆلیۆس پرسی:

- لە هیچت کەمە یاناکۆس؟

- بەڵێ، لە شتێکی گرینگ!

- چی؟

- نەوت! من بەڵێنم بەخودای خۆم دابوو کە ماڵی لاداسی پیر ئاگر تێبەر دەدەم.

میکیلیس گوتی:

- چەند دڵڕەقیت!

– نا، هەر زۆریش دادوەرم! تۆ پێتوایە گەر مەسیح ئەمڕۆ بۆ دونیا – بە هەمان ئەم وەزعەی ئێستایەوە – بگەڕێتەوە چی دەنێتە سەر شانی؟ خاچ؟ نا! بەڵکو یەك دەبە نەوت!

مانۆلیۆس لەرز دایگرت و پاڵی بەدیواری ئەشکەوتەکەوە دایەوە. یاناکۆس لێی پرسی:

– مانۆلیۆس تۆ ڕات چییە؟ بۆچ قسان ناکەیت؟

مانۆلیۆس بەترسەوە پرسی:

– لەکوێوە دەزانیت؟

– من شتی زۆر نازانم. چ کەسێکیش لەمبارەیەوە هیچی پێنەگوتووم. بەڵام دڵنیام ...

پاش کەمێك بێدەنگیی تێهەڵچۆوە:

– ... مناڵانی ساراکینا تا چەند ڕۆژی تر بەدارشەقەوە لە کۆڵانەکانی لیکوڤریسیدا دەکەونە سواڵ و زبڵدانەکان بۆ پەیداکردنی خۆڵ و خاشاك ژێرەوژوور دەکەن و دەبنە مایەی پێکەنینی دەوڵەمەندان. ئەو منالانە لە خەوندا، هاتنی مەسیح ڕێك بەو تەرزەی کە من گوتم دەخوازن و لە دڵەوە حەز دەکەن مەسیح بەو شێوەیە بە

هاواریانڕا ڕابگات. بەڵام کاتێك سەر لە خەو هەڵدەبڕن ئیدی بیر لە مەسیح ناکەنەوە. ئاخر ئەوانە منالْن و ناتوانرێ زیاتر لەوەیان لێڕاببینرێ. هەربۆیە هەمدیس دەچنەوە سۆراغی زبڵدانەکان ...

مانۆلیۆس کەوتبووە هەناسەبڕکێ و بێدەنگ گوێی ڕادەدێرا. دڵی بەتوندی لێیدەدا و سەراپا جەستەی دەلەرزی. ئاخر دوێنێ شەو مەسیحی بە هەمان قلافەت بینی بوو. ڕێك بە هەمان قەلافەت، بەڵام ئازایەتیی گێڕانەوەی ئەوەی نەبینیبۆوە. مەسیح پێ پەتیی لە کێوی قاقڕ و سوتێنەری ساراکیناوە دادەبەزێت. لەبری خاچ دەبەیەك نەوتی بەکۆڵەوەیە و تووڕە لە لیکوڤریسی دەنۆڕێت.

– یاناکۆس تۆ ڕاست دەکەیت. مەسیح لەبری خاچ دەبەیەك نەوتی بەکۆڵەوەیە.

– ئەلعان دەڕۆم بۆ سۆراغی مەلە شکارییەکان. نابێ کات بەهەدەر بدەین ...

کە گەییشتە دەم دەرگاکە، بەپێکەنینەوە گوتی:

– .... باوکە فۆتیس چرای نەوتیی هەیە. کەواتە دەبێ دەبەی نەوتیشی هەبێت. لوکاس لەگەڵ خۆم دەبەم. ئەو باشترین پەیژەیە. خواحافییز تا سبەینێ بەیانیی!

کە ڕۆژ بۆوە، مانۆلیۆس باوکە فوتیسی بینی لە چیای ساراکینا دادەبەزی. قەشە لەسەر گابەردەکان نوێژی دەکرد. عەباکەی وەکی دوو باڵی ڕەش لە هەوادا شەپۆلیان دەدا و بەر شانی دەکەوتن. وەك بڵێی خودی ئەلیاس پێخەمبەر بێت کە بەنێو هالەگەلێك لە نووردا هەنگاو دەنێ و تا دەهات نزیکتر دەبۆوە.

ژنانێك کە بۆ پڕکردنی گۆزەکانیان بۆ کانی چووبوون بە بینینی وی لە ترسدا هاواریان دەکرد:

– ئەلیاس پێخەمبەر خەریکە بە چیادا دێتە خوارێ.

پیاوان لە ئەشکەوتەکان دەرپەڕینە دەرەوە و بەدوای مانۆلیۆسدا بۆ پێشوازیی باوکە فۆتیس کەوتنەخۆ. هەمووان هەستیان دەکرد پەیامێکی گرینگی بۆ هێناون. یاناکۆس پرسی:

– چی بەدەستەوەیە؟

دێوەرە تەواوی شەو وەئاگا و پێڵووی چاوی دەبرژایەوە. وی هێشتا دەستی نەشتبوو، دەستی بۆنی نەوتی لێدەهات.

میکیلیسیش گوتی:

– ڕاستە. پێدەچێ شتێکی بەدەستەوە بێت. بەڵام ئەو شتە چییە؟

لوکاس کە لەپێش هەموانەوە دەڕۆیشت و ئەویش بۆنی نەوتی لێدەهات، هاواری کرد:

– ئەیکۆنە! ئەیکۆنە!

مانۆلیۆس لەبەرخۆیەوە بە چرپە گوتی:" ئەیکۆنەکەی ئەلیاس پێخەمبەری هێناوە. دەبێ ئەوە وەك بەختی باش لێك بدرێتەوە."

ئیدی ڕوخساری قەشە بە ئاشکرا دەبینرا. ڕوخسارێکی پتەو و غەمبار. پێدەچوو ئەو کەسانە نەبینێ کە بۆ پێشوازیی لێکردنی وەخۆکەوتبوون، پێدەچوو هاوارەکانیان نەژنەڤێ و خایلەی هێشتا لە تەنیایی سەرسوڕهێنەری گەوەی کێوەکە دانەبڕابێ.

مانۆلیۆس گوتی:

- هێی منالێنه! با لەسەر ڕێی لاچین. قسانی لەگەڵ نەکەین. هێشتا له وتووێژەکردن لەگەڵ خودادا نەبۆتەوە.

ئیدی هەمووان لەهەردوو بەری باریکە ڕێگەکەدا ڕیزیان بەست و ڕێگەیان بۆ کردەوە. قەشە بەپەلە دادەبەزی. بەردەکان لەژێر پێیدا دەترازان و ئەیکۆنە موجیزەگەرەکەی پێخەمبەری بە سینگی خۆیەوە دەگوشی. یاناکۆس بە لوکاسی هاوڕێی شەوانەی گوت:

- بۆنی بارووتی لێدێت ... جوان تەماشای بکە!

- خۆشبەختانە لەکاتی خۆیدا دەسبەرکار دەبین! ئیدی کاتی هاتووە! زوربەی خانووەکان دارن و دوو دەبە نەوتیان بەسە.

ژنانیش گەییشتنە جێ. ئاخر ئەوان هەمیشە وتووێژیان لەبارەی موجیزەی قەدیسان و خەونەکانی خۆیانەوە دەکرد و ئیدی بۆ بینینی قەشە ملەقووتێیان پێکەوتبوو. یەکێك ئەوی بە باڵی ڕەشەوە دەبینی و پێیوابوو خەریکە دەفڕێ، ئەویتر دەیگوت ئەوەی وەك باڵ وەدیاردەکەوێ عەباکەیەتی و پێچەقێنیی دەکرد کە

قژقرِەیەك بەسەر پشتییەوە نیشتۆتەوە و كوتە ئاگرێك بە دەنووكییەوەیەتی و دەیەوێ دەرخواردی قەشەی بدات. لەو كەینوبەینەدا بوو كە كوتوپڕ وتووێژەكان پچڕان، قەشە گەییشت و بێئەوەی لە ڕۆیشتن ڕاوەستێ، ڕوو لە پیاوان هاواری كرد:

– لەتەكمدا وەرن! ژنان ئێوەیش وەرن!

وایگوت و هەروا كە ئەیكۆنی پێخەمبەری لەبن هەنگڵدا بوو، بە پەلە بەنێو پیاوان و ژناندا تێپەڕی. هەمووان لەجێگەی خۆیاندا تاس بردبوونییەوە. وەك بڵێی مەلێكی شكارچیی بەنێویاندا تێپەڕێ و باڵە زبرەكەیانی بەركەوێ. كەمێك دواتر پیاو و ژن لەدوای یەكەوە و هەراسان بەدوای قەشەدا كەوتنە ڕێ. خۆر گەمەی بە گەواڵە هەورەكان دەكرد و وەكی گلۆڵەیەكی ئاگرین ڕووناكی دەپرژاند. بەڵام دەشت هێشتا لەژێر تاریكایی تەمێكی چڕدا پەلی دەكوتا. چەند پیرێژنێك كە لە ئەشكەوتەكانی خۆیاندا مابوون، هاتنە دەرێ و دەستیان لەسەر نێوچەوانیان كردە چەتر و لە هاتنەخوارەوەی پیاوان و ژنانیان دەنۆڕی.

کاتێك باوکە فۆتیس گەییشتە ئەشکەوتەکان، ڕاوەستا و ئەیکۆنەکەی لەسەر گابەردێك دانا. پیاو و ژن و منالّ دەوریاندا و ئەمیش بە ڕایەڵکردنی دەستی بەرەو ڕەعییەتەکەی، زاری بۆ قسان کردەوە. یەکەمجار قسەکان بە زەحمەت لە گەرووی دەهاتنە دەرەوە. وشەکان شانیان لەیەکدی دەدا، بەسەر یەکتریدا دەڕژان و لەبەرئەوەی هەرکامیان پەلەی بوو، بۆیە هیچکامیان نەیدەتوانی بێتە دەرێ. بەڵام هێور هێور گەرووی کرایەوە، ئاوای قسەکانی شێوەی گرت و وشەکان خۆیان ڕێکخست:

- پیاوان، گوێ بۆ قسەکانم ڕادێرن! ئێوەیش ژنان، منالّەکانتان لەباوەش بگرن تا ئەوانیش گوێیان لێمبێ! من بە گالیسگەیەکی ئاگرین هاتوومەتە خوارەوە و گەرەکمە ئێوەیش بۆ هەمان ئەو جێگەیە ببەم کە ئەو منی بۆ برد. من ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە کە ژنەفتم. ژیان ئاوێکی وەستاو نییە. خودا کۆیلایەتی و خۆبەدەستەوەدان بە پەسەندترین خەسڵەت نازانێت!

پیاوێکی شەریف ناتوانێت شاهیدی مەرگی منالّی خۆی لەبرسا بێ و بۆ هێنانەدی عەدل ڕانەپەڕێت!

من بە کێوەکەدا هەڵگژام تا لەگەڵ مەولای غەمگینی چیادا وتووێژ بکەم و دەوایەك بۆ ئەم دەردە بدۆزمەوە. هەنووکە ئیدی منالّەکانی ئێمە منالّی ئەون و ئەو وەلامگۆی ئەوانە، جگە لەمەیش ناتوانێت شتێکی تر بێت!

ئەوسا بە باسکی والاوە، ڕووی بۆ لای ئەیکۆنەکە وەرچەرخاند و تێهەڵچۆوە:

– ... ئەی پێخەمبەری ئاگرین، تۆ بەرپرسیاری جگەرگۆشەکانی ئێمەیت و من تا قەلّەمڕۆی تۆ سەرکەوتم بۆ ئەوەی ئەمەت پێبلێم. من وەك فەرمانبەرێك کە حیسابی سالانەی ڕەز و باخەکان دەداتە خودانی خۆی، منیش دەرد و ڕەنج و گلەوگازندەی ڕەوەکەم بە گوێی وەلی نیعمەتم دەگەیەنم!

ڕۆڵەکانم، من تەواوی شەو بەرامبەر ئەم پێخەمبەرە ڕاوەستام. وەزعی خۆمانم بۆ باس کرد و ئەوەی کە ئێمە کێین، لەکوێوە هاتووین و چۆن بوو ئێمە لەم کوێستانەی

ویدا بووینە پەنابەر. گەرچی ئەو هەمووی دەزانی، چونکە پێشتر بۆیم باس کردبوو، بەڵام بەسەرهاتەکە شایانی گێڕانەوە و وی بێ ئەوەی قسە بکات، گوێی بۆ ڕادەدێرام.

پاشان لەبارەی ڕەفتاری هاوسێ دەشت نشینەکان، واتە خەڵکی لیکوڤریسییەوە قسانم بۆ کرد و ئەوەی کە چۆن لە قەشەوە بیگرە تا ئەعیان و عەووام، ئێمەیان لەخۆیان تاراند، ڕووتیان کردینەوە و نەیانهێشت ئەو زەوییانە بکێڵین کە میکیلیس پێی بەخشین! هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە، خۆم بەتاڵ کردەوە و ئەویش بێ ئەوەی قسە بکات هەر گوێی ڕادەدێرا.

پاشان لەبارەی قوربانییەکانی قەومەکەیەوە لە برسێتیی، سەرما و نەخۆشیی قسانم کرد ... و پێمگوت:" ئەی گالیسکەوانی ئاگرین! بێ شەرمیی دەوڵەمەندان لە ئەندازە دەرچووە، ملی زاڵمان زۆر قەوی بووە و ئیدی ڕۆحمان گەییوەتە سەر کەپوو! کەواتە دەی ئەسپە ئاگرینەکانی خۆت لە گالیسکەکە ببەستە تا

پێکەوە بەرەو لیکوڤریسی بەرەوخوار ببینەوە!" ئەو بێ ئەوەی چ قسەیەك بكات هەر گوێی ڕادەدێرا.

ئەوسا تەقیمەوە و لە تووڕەییدا سوور هەڵگەڕام. من لەنێو چاوانیم دەنۆڕی و بەخۆم دەگوت:" ئاخۆ دڵی نالەرزێ؟ چۆن دەتوانێت بەرگەی ئەو هەموو ڕەنج و زوڵم و گەندەڵییە بگرێت؟ ئاخۆ چۆن لە نێو ئەیکۆنەکەیەوە دەرناپەڕێ؟ ئاخۆ بۆچی گالیسکە ئاگرینەکەی ناخاتە جووڵە و لەپاڵ خۆیدا دامنانیشێنێ تا پێکەوە بەرەو لیکوڤریسی غار بدەین؟"

نزیکی ئەیکۆنەکەی بوومەوە، بەسەر پێخەمبەردا دانەویمەوە و بە گوێیدا هاوارم کرد:" ئەلیاس، ئەی پێخەمبەری تیژڕۆ، ئەم قسەیەش بژنەوە، منداڵەکانی ئێمە چ شتێك شك نابەن بیخۆن. ئەوان ئیدی توانای ئەوەیان نییە لەسەر پێ خۆیان ڕاگرن. بەشێکیان گۆچانیان هەڵگرتووە، هەندێکی تریان دارشەقیان لەبن هەنگڵدایە و قژقڕە ئاسا بۆ سواڵ بۆ لیکوڤریسی دەڕۆن... تۆ ئەمەت دەزانی؟ تۆ ئەمەت دەزانی؟ تۆ ئەمەت ژنەفتبوو؟ ئاخۆ هیچ سەرت نەوی کرد تا لەم

سەرەوە ببینیت کە خەڵکی لیکوڤریسی چۆناوچۆنی پێشوازییان لێدەکەن؟" هەستم دەکرد جەستەی پێخەمبەر گەرم دادێ و گیانی تێدێ. ئیدی دڵگەرم بووم و هاوارم کرد:" ئایا قەت لەنێو گالیسکە ئاگرینەکەتەوە دانەویتەوە تا نیوە نیگایەك بگریتە دەشتەکەی ژێر پێت و ببینیت کە چۆن لیکوڤریسی پێشوازی لە منالّەکانی ئێمە دەکەن؟ هەندێکیان بە هەڕەشە لەخۆیانیان دەتارێنن و هەندێکی تریشیان کارەکە بە جێگەیەك دەگەیەنن کە لێیان دەدەن." هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو کە یەکەندەردوو بۆ دواوە پەڕیم و هەستم کرد ئەوە ئەیکۆنەکە بوو کە بۆ دواوە فڕێی دام. پێدەچوو چوار ئەسپە ئاگرینەکە گیانیان تێهاتبێ و لێوی پێخەمبەر دەجولاّ. لەناکاوێکڕا هاوارێکی بەرزم ژنەفت:" بابڕۆین!" وایگوت و بەیەك گوژم ئەیکۆنەکە هاتە نێو بازووانمەوە.

ئامادەبووان کەوتنە ورتەورت. ژنان لەبەرپێی ئەیکۆنی موجیزەنوێندا کەوتنە سەر ئەژنۆ و هاواری بەسۆ کێشان. پیاوان خرۆشان و دەهاتنە نزیکترەوە و لە

قەدیسی ئاگرین ورد دەبوونەوە کە لە گەوەی کێوی ساراکیناوە دابەزیبوو.

هاواری تووڕەیی لەهەر لایەکەوە بەرزبۆوە:

- کەنگێ؟ باوکە کەنگێ؟

یاناکۆس هاواری کرد:

- باوکە هەرچی زووتر باشتر! دەبێ تا هێشتا کەمێک نانمان بۆ گیان تێهاتن هەیە بجوولێین! ئازووخەکەمان خەریکە تەواو دەبێت!

مانۆلیۆس چووە نزیکی قەشە، دەستی ماچ کرد و گوتی:

- باوکە دەست هەڵبڕە و فەرمان بدە! ئێمە هەموومان ئامادەین!

باوکە فۆتیس بازووانی بەرەو ڕەوەکەی کردنەوە و هاواری کرد:

- سێ ڕۆژی تر. ڕۆڵەکانم سێ ڕۆی تر، واتە ڕێك شەوی نوئێل! لەو ڕۆژەدا ڕووناکیی لەدایك دەبێت. ئەو ڕۆژە لەدایکبوونی ئەلیاس پێخەمبەرە. ئەو ڕۆژە

ڕۆژێکی گەورەیە! خۆتان بۆ دابەزین بۆ لیکوڤریسی ئامادەکەن!

پیاوان ئەیکۆنەکەیان بەدەستەوە گرت، یەك لەدوای یەك لەبەردەمیدا سەریان نەوی کرد و ماچیان کرد. ڕەنگەکانی ئەیکۆنەکە گیانیان تێدەهات، پێخەمبەر دەجوولا و شاڵەکەی وەك ئاگرێك کە با لێیبدات بڵێسەی دەدا. ژنان لە دڵۆپە ئارەقەکانی سەر تەوێڵی پێخەمبەریان دەنۆڕی و منالان بە نزیك بوونەوەیان لێی، بە بینینی چاوانی ئاگرینی، دەگریان و شوێنەکەیان بۆ یەکێکی تر چۆڵ دەکرد.

باوکە فۆتیس بڕست پێنەماو بۆ ئەشکەوتەکەی خۆی ڕۆیشت تا بحەوێتەوە و بەو ئومێدەی خودا خەوی لێبخا و لەگەڵیدا بدوێت، چاوانی لێکنان. مانۆلیۆس ئەیکۆنەکەی پێخەمبەری ئاگرینی هەڵگرت، بۆ نێو ئەشکەوتەکەی برد و لە تاریکیدا لەپاڵ ئەیکۆنەکەی مەسیحدا کە بێشومار بولبول دەوریاندابوو، داینا.

*

ئیدی لەو ساتەوە ساراکینا خرۆشانی بەرەیەکی بەخۆوە گرت کە خۆی ئامادەی شەڕ بکات. ئەوانەی کە تێلایان نەبوو بۆ پەیداکردنی داری داربەڕوو، ڕێگەی کێوەکانیان گرتەبەر. ئەوانەی کە لە قۆچەقانییان دەزانی، ژنان و منالانیان فێر دەکرد. باوکە فۆتیس ئەو چەکانەی کە هەیبوون بەسەر ئازاترین پیاواندا دابەشی کردن، ماندوونەناسانە لەگەڵ یەکە بەیەکەیاندا دەدوا، هانی دەدان و ئامۆژگاری دەکردن.

لەکاتی خۆراوابووندا کوستانتیس لە ئاواییەوە هات و کە جموجوڵی پەنابەرانی بینی، حەپەسا. ژنان و پیاوان قۆڵیان لێ هەڵماڵیبوو. گروپێك بە قۆچەقانی ڕاهێنانیان دەکرد و هەندێکی تر تێلایان دادەتاشی. وەك بڵێی خۆیان ئامادەی نەبەرد دەکرد. مانۆلیۆسی بینی کە بەسەر پارچە داربەڕوویەکدا چەمیبۆوە و بە پەرۆشییەکی زۆرەوە ڕوخسارێکی نوێی مەسیحی لەسەر هەڵدەکۆڵی. پێدەچوو ئەمیش سەرقاڵی دروستکردنی چەك بێت و پەلەی بێت هەرچی زووە

خەڵکی پێ چەکدار بکات. نزیکی مانۆلیۆس بۆوە و غەمبارانە لەلایەوە دانیشت:

– مانۆلیۆس، ئەگەر کاتت هەیە سەر هەڵبڕە و گوێم بۆ ڕادێرە. هەواڵی ناخۆشم پێیە.

– کوستانتیس هەواڵە ناخۆشەکانیشت بەخێربێن. چیاکان بە ڕووداوی دڵتەزێن ڕاهاتوون. گوێم لێتە.

– ماریۆری مرد. دوێنێ نیوەڕۆ هەواڵەکە گەییشت.

مانۆلیۆس دارەکەی نایە سەر ئەرزەکە و وەك کەسێك کە بۆ یەکەمجار قسە لەبارەی مەرگەوە بژنەوێ، حەپەساو و زەندەقچوو پرسی:

– مرد؟

– بەڵێ، دوێنێ نیوەڕۆ زانیمان. باوکی هاوارێکی وای کرد کە ئاوایی لەرزی. پاشان سوار هێسترەکەی بوو و چوو بۆ شار، بەڵام کاتێك گەییشت ئیدی کچەکەیان سپاردبوو بەخاك و نەیتوانی بوو خۆی چاوانی کیژەکەی لێکنێ تا کەمێك سەبووری بێتەوە. ئەمڕۆ بەیانی بۆ ئاوایی گەڕایەوە، پیرەمێرد تەواوێك گۆڕاوە و هەر ناناسرێتەوە. لەحەژمەت خەم و خەفەت ئەقڵی

لەدەست داوە. کاتێ بینیم لە دەرگای ماڵەکان دەدا، هەم ترسام و هەم بەزەییشم پێیدا هاتەوە. پێ پەتیی و داماو ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و خەڵکی بۆ گوێڕادێران لە نوتقی کڵێسا بانگێشت دەکرد. زێوانیش زەنگی کڵێسای هێنابووە زرینگە. هەمووان دەستمان لە ئیش هەڵگرت و چووین بۆ کڵێسا. باوکە گریگۆریس لە حەوشەی کڵێسادا کۆیکردینەوە و خۆیشی چووە سەر دیوارێکی نزم. چەناگەی دەلەرزی و نەیدەتوانی بدوێ. بەڵام چاوە سوورەکانی پریشکیان لێدەبۆوە. دواجار خۆی کۆنترۆڵ کرد و بە دەنگێکی گرمەئاسا هاواری کرد:" ڕۆڵەکانم، من زیاتر لە دوو وشە لەگەڵتانا نادوێم، چونکە ئەگەر زیاتر بدوێم ئەوا دڵم ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەبێ ... ساراکینا ئێمە لەناو دەبات! ساراکینا نابووتمان دەکا! هەستنە سەر پێ! چەك هەڵگرن! من پێشتان دەکەوم. کوڕەکانم با شاڵاو بۆ دوژمن بەرین و ڕاوی نێین! پەنابەرەکانی ساراکینا ئاواییەکەی ئێمەیان بەچاوەوە کردووە و لەو ڕۆژەوەی پێیان ناوەتە ئێرە جگە لە بەدبەختیی و ماتەم چ شتێکی ترمان نەبینیوە. خەتاباری سەرەکیی ئەوەیش

مانۆلیۆسی کافره! ئەوە ئەو بوو کە ئەقڵی میکیلیسی دزی و بووە هۆی ئەوەی دەسگیرانیی ماریۆرییەکەی من لەگەڵ میکیلیسدا هەڵوەشێتەوە. ئەو بکوژی کیژەکەی منه!"

ویستی بەردەوام بێت بەڵام دووچاری سەرە سوورە بوو. ویستی خۆی بەدیوارەکەوە ڕاگرێ بەڵام ئیدی هیچ شوێنێکی نەدەبینی. بۆیە لەترێکیدا و کەوتە خوارەوە.

کوستانتیس لە قسەکردن وەستا. مانۆلیۆس چمکی ئەو شاڵەی کە بەسەرییەوە بەستبوو بە ددان گرت تا هاوار نەکا. لەبەرخۆیەوە گوتی:" ماریۆری مرد. ماریۆری مرد ..." بێئەوەی پەی بە واتای ئەوە بەرێت کە دەیگوت. ئیدی ڕوی کردە کوستانتیس و گێژوویژ پرسی:

– ئەدی چیی؟

– هاتم تا ئاگادارتکەم مانۆلیۆس کە ئاگاتان لەخۆتان بێت. نوتقەکەی قەشە ئاگری بەرداوەتە گیانی خەڵکی ئاوایی و خەریکن خۆیان بۆ هێرش کۆدەکەنەوە. هەمووان بەدوای بیانوودا دەگەڕان کە وا ئیدی پەیدایان

کرد. دەوڵەمەندان لەئێوە دەترسن چونکە دەڵێن ئێوە بەڵشەویکن. هەژارانیش ڕقیان لێتانە چونکە دەوڵەمەندان وەباریان هێناون. ئەوان کوێرانە هێرش دەهێنن و چەکداریشن. ئاگاتان لەخۆتان بێت!

– کوستانتیس خۆت بڕۆ و هەواڵەکە بە میکیلیس ڕاگەیەنە. من ناتوانم هەواڵێکی ئاوهای بدەمێ ... وردە وردە پێیبڵێ، چونکە ماوەیەکە وەك ڕۆحگەلی سەرگەردان، بێ مەبەست پیاسە دەکا و لێو هەڵناهێنێتەوە. تەماشات دەکا بەڵام خەیاڵی لە جێگایەکی ترە و وەڵامی پرسیارەکانت ناداتەوە .. شەوانە ناوێرێت بنوێت و لەترسی ئەوەی نەبا خەوی لێبکەوێت هەڵدەلەرزێت ... ڕۆژێکیان لێمپرسی:" لە چ دەترسیت میکیلیس؟" بە دژواری و لاڵە پەتێ وەڵامی دامەوە:" لە مردن مانۆلیۆس ... لە مردن .." کوستانتیس مەترسە، بڕۆ بیدۆزەوە. منیش دەچم بۆ لای باوکە فۆتیس.

میکیلیس ئینجیلە گەورەکەی داخست و گوتی:

- هەموو شتێك تەواو بوو. كوستانتيس گيان ئيدى پێويستم بەهيچ شتێك نييە. خودا پێشتر نيوەى لە بوونى منى بەخاك سپاردبوو وا ئێستايش نيوەكەى ترمى بۆ ژێر خاك برد. ئيدى خەيالْم ئاسوودە بوو.

كوستانتيس لە خوێنساردیى ميكيليس بەدواى بيستنى ئەو هەواڵە جەرگبڕەدا، ڕاچڵەكى. هەستى دەكرد لەوديو ئەو ڕوخسارە بێ ڕۆحەوە دونيايەك لە نغرۆ بووندايە. خودانزادەى گەنج هەمديس گوتى:

- ئەوەى نەدەبوو ڕووبدا ڕوويدا و هەموو شتێك تەواو بوو.

ئيدى ئەوسا پەتێكى لە قەڵەشى بەردێك ڕاكێشايە دەرێ، ئينجيلەكەى پێوە بەست و بە هەناسە هەڵكێشانەوە ڕووى كردە كوستانتيس.

- كوستانتيس ڕوو بكەينە كوێ؟ بەرەو ڕووى خەڵكى بۆنى گەنيو دێت بەسەرتا. بەرەو خودا؟ كە سەروەت بە لاداسى پير دەدا، بە زيندوويى دەيهێڵێتەوە و ماريۆرى دەبا؟ بەرەو خود كە كاتێك وەك كرم، جەستە دەدەينە بەر هەتاو و لەو باوەڕەداين بەختەوەرين كەچى پێى

ڕێبوارێك دەمانشێلیٚ؟ ... كوستانتیس تۆ لەم هەمووە سەر لە چ شتێك دەردەكەیت؟

بەڵام كوستانتیس ژن و منالی هەبوون و لەكوێوە دەیتوانی سەر لەو هەمووە دەربێنێ. ئیدی لەجێگەگەی هەستا و گوتی:

– دەبێ بڕۆم یاناكۆس بدۆزمەوە.

یاناكۆس لە ئەشكەوتی تایبەتی ئەمباری ئازوخە، سەرگەرمی كێشانە و تەرازووی ئارد و ئەودوای زەیتی زەیتوون بوو، زەخیرەی شەراب چەند ڕۆژ بەر لەوە تەواو ببوو:" تا دوو ڕۆژی تر و خۆ ئەگەر دەستی پێوە بگرین تا سێ ڕۆژی تر، واتە تا سێ شەممە ئازوخەمان هەیە. دوای ئەوە دەبێت بجەنگین تا بزانین چ دەبێت. ژیان ئازاری هەیە، بەڵام دەرمانیشی هەیە. بۆیە تا زیندووم و تا دەتوانم بڵێم زیندووم و یوسفۆكەكەم زیندووە، نابێت نائومێد ببم. دواجار ڕۆژێك چاومان بەچاوی یەكدی دەكەوێتەوە. تەنها شتێك دەوای نەبێت مردنە."

دەنگێگ لەدوایەوە گەییە گوێی:

– سڵاو یاناکۆس، لەکوێیت؟ بۆچی ئیدی بۆ ئاوایی نایەیت؟

سەری وەرچەرخاند و شادومانانە گوتی:

– سڵاو کوستانتیس، چۆن ... دێم، بەڵام تۆ نامبینیت. کاتێك دێم دونیا هێند تاریکە چاو چاو نابینێت.

بە پێکەنینەوە گێڕایەوە کە چۆن دووجار وەکی گورگ بۆ ئاوایی ڕۆیشتووە و لەسەر دیوارەکانەوە بازی داوە. دواجار تێهەڵچۆوە:

– بنۆڕە، تاڵانییەکانمان خەریکە تەواو دەبێت، بەڵام دەبەی نەوتەکەمان لەو قوژبنەدا چاوەڕێیە تا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.

کوستانتیس بە نیگەرانییەوە پرسی:

– چ ئەرکێك؟

– کوستانتیس ... ئەرکی سووتاندن. ئەدی مەگەر نەوت چ ئەرکێکی تری هەیە؟ ئەگەر هەیبا ئیدی خودا زەوی بەم تەرزە نەدەخوڵقاند ...

بۆ ساتێك لەفیكرەوە چوو ... ئەوسا بەنێوچەوانی خۆیدا كێشا و تێهەڵچۆوە:

- باش بوو هاتیت. خودا ناردووتی. ئامادەیت یارمەتیم بدەیت؟ ئەمڕۆ یەك شەممەیە. دوو سبەی سێ شەممە گوێدرێژەكەم لە ماڵی لاداس ببەرە دەرەوە. پێبڵێ پێویستم پێیەتی و كرێكەی دەدەیت. پیرەی پیسكە قاییل دەبێ و ئیدی تۆیش گوێدرێژەكەم بۆ ماڵی خۆتان دەبەیت. گوێت لێیە؟ نامەوێ یەك موو لە جەستەی گوێدرێژەكەم بسووتێت. ماڵەكەی تۆ بۆ ئەو ئەمینە.

كوستانتیس ڕاچڵەكی و هاواری كرد:

- گەرەكتە ماڵی لاداس بسووتێنیت؟

- ئەدی ئێمە لەبارەی چییەوە دەدواین؟ مەگەر ئەركی نەوت جگە لەمە شتێكی ترە؟ خودا خۆی دەزانێت چ دەكا.

- یاناكۆس باش بیرت لێكردۆتەوە؟ بۆی هەیە تووشی چورتمێك ببیت.

– کوستانتیس من بیری خۆم کردۆتەوە و کارەکەم تەواوە. تەنانەت بە ئەلیاس پێخەمبەر یان بە قەولی قەشە بە پێخەمبەری ئاگرینیشم گوتووە. ئەویش قایلە.

کوستانتیس سەری خوراند:

– تێناگەم.

– حەقی خۆتە تێنەگەیت، چونکە قاوەخانەت هەیە، ژن و منداڵت هەن، برسیت نییە، سەرت لە کەوڵی خۆتدایە... لەبەردەم هەر مەرد و نامەردێکدا سەر نەوی دەکەیت. کەواتە ئیدی پێویستت بە سەرهەڵبڕین نییە. بەڵام خەڵکانی ئاوارە لەبەردەم هەر کەسێکدا سەر نەوی ناکەن. کوستانتیس نهێنی مەسەلەکە لێرەدایە ... بەهەرحاڵ ئێمە بەئومێدی خودا سێ شەممە بەرەو ئاوایی دەکەوینە ڕێ!

کوستانتیس دوای بێدەنگییەکی کورت، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– یاناکۆس دڵم لەگەڵتانە. من و ئانتۆنیۆس و دیمیترۆسە زلە زۆر جاران لەبارەی ئەنگۆوە دەدوێین. بەڵام چ کارێکمان لەدەست دێت؟

– ئەمەیان ئیدی لە باوکە فوتیس بپرسە. من تەنها تکایەکم لە تۆ تەنها هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژی سێشەممە گوێدرێژەکەم بۆ ماڵی خۆتان ببەیت ... ئاگایشت لە زوبانت بێت. نەبا چ شتێك بە کەس بڵێیت!

یەك شەممە و دوو شەممە هاتن. نزیکی نیوەڕۆ بەفرێکی سووك کەوتە بارین. ترۆپکی چیا سپی و ئەلیاس پێخەمبەر جلکی سپی لەبەرکرد. بەفر درز و قەڵەشەکانی چیای پۆشی و قژقڕە برسییەکانی دەشت باڵیان لەیەکدا. ئاسمان سوورایییەکی مسینی بەخۆوە گرت.

مانۆلیۆس لە بەرایی ڕۆژەوە بەسەر پارچە داربەڕووەکەیدا نەویبۆوە و بەتەواوی بوونی، سەرگەرمی هەڵکۆڵین بوو. وی تەواوی ڕۆحی خۆی سپاردبووە کارەکەی و هەوڵی دەدا ڕوخساری مەسیح لە دڵی دارەکەوە هەڵبگۆزێت. ڕوخسارێکی پیرۆز ڕێك بەهەمان ئەو تەرزەی کە شەوی پێشوو هاتبووە خەونی – غەمگین و مۆن بە درزێکی قووڵ لە لاجانگەی ڕاستدا تا چەناگە و سمێڵی کە لێوی داپۆشیوو و برۆی کە لە

حەژمەت تووڕەیی و عەزاب گرژ ببوو – لە زەینیدا بێ جووڵە وەستا بوو. لە سپێدەی سەحەرەوە هەوڵی دەدا تا بەشکم ئەوەی کە لە خەوندا بینیبووی بدۆزێتەوە. بە پەلە هەڵکۆڵینکاریی دەکرد و تەڵاشە دارەکانی بە چەپ و ڕاستدا هەڵدەوەراندە سەر ئەرزەکە... تا دواجار بەر لە داهاتنی شەو ڕوخساری مەسیح لە ڕووناکی بێڕەنگی زستاندا وەدیارکەوت. وەك بڵێی کوتوپڕ لە خەونەکەی مانۆلیۆسەوە هاتبێتە دەرەوە و لەسەر دارەکە جێگیر بووبێ و ئیدی لە زەینی ویدا جێی نەبێت. لەهەمانکاتدا میکیلیس بە هەنگاوی هێور، بەڵام نائومێدانە هاتە ژوورەوە. پاشان تەماشایەکی دارە هەڵکۆڵراوەکەی کرد و کوتوپڕ هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕایەوە و هاواری کرد:

– ئەمە کێیە؟ ئەمە کە ئیدی جەنگە!

مانۆلیۆس ئارەقەی نێوچەوانی سڕی و وەڵامیدایەوە:

– نا ئەمە مەسیحە.

– بەڵام .... چ جیاوازیی لەنێوان ئەو جەنگدا هەیە؟

– هیچ!

شەو داهات. بەفر بێدەنگ کلوو کلوو دەباری. ئاسمان لەگەڵ ئەرزدا ببووە یەك و دەشتەکەی خوارەوە نەدەبینرا.

مانۆلیۆس چرای پیوسوزەکەی داگیرساند، ئەیکۆنە کۆنەکەی مەسیحی کە لەسەر پەلکی دارەقتا هەڵکۆڵیبوو هێنا و لەپاڵ ئەیکۆنە نوێیەکەدا داینا.

میکیلیس بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

– چ جیاوازییەك! ئایا ئەم دووانە هەردووکیان یەکێکن؟

– یەکێکن. هەڵبەت مەسیح بەر لەمە میهرەبان، ئارام و خەنی بوو، بەڵام ئەلعان تووڕەیە. میکیلیس تۆ دەتوانیت لەمە بگەیت؟

میکیلیس کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوسا وەڵامی دایەوە:

– پێشتر نەمدەتوانی. بەڵام ئێستا ئا ....

بەیانی ڕۆژی سێشەممە بەر لە ڕووناك بوونەوەی ئاسمان، تەواوی خەڵکی ساراکینا ئامادە لە جێگای

خۆیاندا ڕاوەستابوون. گەوەی چیا و ئەلیاس پێخەمبەر لەژێر سپێتیی بەفردا نوستبوون. پێخەمبەر بە یەکەمین تیشکی سووری سپێدە سەری لەخەو هەڵبڕی.

باوکە فۆتیس ڕەعیەتەکەی کۆکردەوە و گوتی:

– ڕۆڵەکانم، ئەمڕۆ ڕۆژی چارەنووسی ئێمەیە. ئێمە تا ئەو شوێنەی توانیمان کۆیلایەتییمان کرد، بەڵام ئیتر گەیشتووینەتە سەر لێواری هەڵدێر. ئەگەر هەمدیس کۆیلایەتیی بکەین ئەوا یەکەمجار منداڵەکانمان و دوای ئەوانیش پیاوان و ژنانمان بەرەو قووڵایی خەرەند هەڵدەدێرێن. ئێمە بەناچاریی دەبێ لەنێوان مردن و بەرخۆداندا یەکێکیان هەڵبژێرین کە ئیدی بەرخۆدانمان هەڵبژاردووە. ئاخۆ هەمووتان قایلن؟

– بەڵێ باوکە، هەمووان قاییلین!

– من لە ئەلیاس پێخەمبەر، لە هەمان ئەم پاسەوانەی کە بەژوور سەرمانەوە پاسەوانێتیی دەکات، پرسی، ئەویش قاییلە. ئەم بڕیارەی ئێمە لە ڕووی هەوا و هەوەسێکی کوێرانەوە نییە. ئێمە هەموومان بەچاوانێکی کراوەوە، بە زەینێکی ڕووناك و وەکی ئینسانگەلی ئازاد

ئەم کارە دەکەین. ئێمە بۆ وەرگرتنی مافی خۆمان دەڕۆین، ئێمە سواڵ ناکەین و لە دووی جێبەجێ کردنی دادوەرییین! ئێمە بۆ وەدەسهێنانی باغی میوە، زەویوزاری کشتوکاڵیی، ڕەز و باغی زەیتوون و ماڵەکانمان دەڕۆین و هێندەی یەك سەرە دەرزی چاومان لە ماڵی خەڵکانی ترەوە نییە. ئێمە دەمانەوێ زەویوزارەکانی خۆمان بکێڵین تا بە زیندوویی بمێنین. ئێمە تاڵانچی نین. ئێمە ستەمدیدەین. ئێمە بووینەتە قوربانی زوڵم و ئیدی لەمە زیاتر ناچینە ژێر باری ستەم.

ئێمە کارمان بەکاری کەسەوە نییە، بەڵام ئەگەر دەست لە ڕوومان هەڵبڕن ئەوا ئێمەیش دەست دەکەینەوە. ئەفسووس دادوەریی بەبێ بوونی چەك لەم دونیایەدا چ جێگەیەکی نییە. ئێمە دەبێ دادوەریی چەکدارکەین تا سەرکەوێت. ئەدی مەگەر زاڵمان چەکدار نین. ئەمڕۆ ئێمە پیشانی دەدەین کە حەقیش دەتوانێت بەرگریی لەخۆی بکات. مەسیح تەنها مەڕ نییە. بەڵکو شێریشە و ئەمڕۆ وەك شێرێك ڕێنوێنیمان دەکات. مانۆلیۆس ڕوخساری ئەوی هەڵکۆڵیوە. لێی بنۆڕن! ئەمە ئەو مەسیحەیە کە

ئەمڕۆ لە پێش ئێمەوە دەبێ و سەرکردایەتی کردنی ئێمە لە ئەستۆ دەگرێت!

ئەوسا ڕوخساری گرژ و مۆنی مەسیحی لەو فەزا بوولێڵەی بەیاندا بەژوور سەری خۆیەوە ڕاگرت و پیشانی ئامادەبووانیدا. مانۆلیۆس ڕێك لەدوایین لەحزەدا برینی نێوان لاجانگە و چەناگەی بە سوور ڕەنگ کردبوو، مەسیحی بە قلافەتی جەنگاوەرانی نەمری بەرەبابان کە هەمدیس پێیان دەنایەوە گۆڕەپانی جەنگ، هەڵگۆزیبوو.

– .... ئەو سەرکردەی ئێمەیە! دەستتان هەڵبڕن و سلاوی لێبکەن!

ئەوسا ڕووی کردە لوکاسی ئالاهەڵگر و تێهەڵچۆوە:

– ... لوکاس ئەم ئەیکۆنە پیرۆزە بەسەر ئالاکەتەوە ببەستە تا لە پێش ئێمەوە حەرەکەت بکا و ڕێگەمان بۆ بکاتەوە! ئێستا هەموان بۆ جێگەی خۆیان! ئیدی ڕۆژ بۆتەوە و کاتی ڕۆیشتنە! لوکاس لەپێشەوە و پیاوانی چەکدار لەدوای ئەوەوە. ژنان و منالانیش بە قۆچەقانییەکانیانەوە لەدوای ئەوانەوە بڕۆن!

خەڵکەکە نەزمێکی جەنگیی بەخۆوە گرت و هەمووان خاچیان کێشا. باوکە فۆتیس ئەیکۆنی ئەلیاس پێخەمبەری لەنێو بازووەکانیدا گرتبوو. مانۆلیۆس و پیاوان لە پێشەوە دەڕۆیشتن. یاناکۆس بە دەبە نەوتەوە لە دوای ئەوانەوە دەڕۆیشت و میکیلیس لەسەر گابەردەکان تەماشای دەکردن. ئاخر ئەو پێشتر بە باوکە فۆتیسی گوتبوو کە بڕستی نییە و ناتوانێت لەگەڵیان بچێ. ئەو لە شڕپۆشان کە بەزۆریی پێ پەتیی گەلێك بوون و تەنها بەشێکیان پاتاوی لە پێستی مەڕ یان پارچە گونییەیان لە پایانەوە پێچابوو، دەنۆڕی و تەماشای گۆنای ئێسکن، چەناگەی دەرپەڕیو و چاوە بەقووڵاچووەکانیانی دەکرد. هەمووان برسی بوون، سەرما دەیتەزاندن و ڕایاندەکرد تا گەرم ببنەوە ... ئەوانە ڕقیان لەکەس نەبوو و بەڵکو تەنها دەیانویست خۆیان گەرم بکەنەوە و لە برسا نەمرن.

یاناکۆس بۆ ساتێك دەبە نەوتەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا، دەستی بە شەختەبووی بەیەکدا هێنا و هاواری کرد:

- هێی مناڵینە! ئەری گۆرانی نەڵێین؟ مەگەر بە دەمی داخراوەوە بۆ زەماوەند دەچن؟ لەو گۆرانییانەی کە بە ڕێگەوە دەیڵێن. گۆرانی ئەمان ئەمان. یەك تەسنیف، بابە هەرچیتان پێخۆشە بیڵێن تا گەرم ببینەوە!

کوتوپڕ سینگەکان کرانەوە، دەمەکان کرانەوە و هەمووان بەدەنگێکی گڕ لەگەڵ باوکە فۆتیسدا سروودێکیان چڕی کە بەرەبابان لەکاتی ڕاونانی بەربەرەکانا دەیانچڕی:

- ئەی پەروەردگار، پشتی مەخلوقەکەت بگرە و بەسەر بەربەرەکانا سەرمانخە ...

## 20

لیکۆڤریسی لەوەدا بوو لە خەو ڕادەبوو. سەرما بەردیشی درز تێدەبرد. کێوەکان بە بەفر پۆشرابوون. گوندنشینان خزابوونە ژێر لێفەی خۆ و لە شیرینەخەوی سپێدانیاندا بوون. شەوی پێشوو هەر کامێکیان بەرازێکیان کوشتبوو، دوای ئەوەی کەوڵیان کردبوو، شتبوویان و ئامادە بە ژن و کچەکانی خۆیان سپاردبوو تا هەم سوسیس و سەروپێی لێ دروست بکەن و هەم دوای سوێرکردنی بیکەنە قاورمە. بۆیە ژنان و کچان بەر لە هەمووان لە خەو هەستابوون، قۆڵیان لێ هەڵکردبوو، ئاگریان لەژێر مەنجەڵەکاندا کردبۆوە، کەوتبوونە کوتینی بیبەر و داو و دەرمان و گرتنی ئاوی نارنج و لیمۆی ترش بۆ خۆشکردنی تامی سوسیس و سوێرکردنی گۆشت و چاککردنی سەروپێ. لەتەواوی ئەم ماوەیەدا بەرازی قەڵەو، شۆردراو و چاککراو، هەڵاوگێڕاو بە قولاپی موبەقەوە هەڵواسراو و ئامادە بوو.

شەوی ڕابردوو، ئاغا کە سەراپای ڕۆژ دەنگی نەڕەی ئەو بەرازانەی ژنەفتبوو کە سەردەبڕدران، بە مارتای گوتبوو:

- نەبا گۆشتی بەراز بێنیتەماڵەکەم و گوناهبارم بکەیت؟ ئێوە کافرگەلی چڵێس شەرم ناکەن گۆشتی بەراز دەخۆن، سوسیس سور دەکەنەوە و هەوا پیس دەکەن؟

ئاغا بۆ سوسیسی گۆشتی بەراز دەمرد و ئەوەی لە هەر خواردنێکی تر بۆ مەزەی عارەق لە زاردا خۆشتربوو. هەموو ساڵێك پیرێژنی پشتکۆم سوسیسی لەجێگای گۆشتی وشتر دەرخواردی ئاغا دەدا، ئاغایش ئەمەی دەزانی بەڵام بەڕووی خۆیدا نەدەهێنا، قامکی دەلستەوە و لەو باوەڕەدابوو لە فەرمایشتە ئایینەکانی خۆی سەرپێچی نەکردووە. ئەو تەنانەت لەقوڵایی بوونیدا نەیدەتوانی باوەڕ بکا کە ئەو خواردنە بەتامە بۆی هەیە گۆشتی بەراز بێت. ئەو هەموو ساڵێك لەم کاتەدا پیرێژنی پشتکۆمی بانگ دەکرد و فەرماندەرانە ئاگاداری دەکردەوە:

- مارتا، نەکەیت گۆشتی بەراز بۆ ماڵەکەم بێنیت و گوناهبارم بکەیت؟

ئەمەیش بەو مانایە بوو کە:" هەرچی سوسیست چنگ دەکەوێت بیکڕە، بۆم بێنە و بڵێ گۆشتی وشترە."

ئیدی پیرێژنی پشتکۆمیش بێئەوەی تەنانەت زەردەخەنە بێنێتە سەر لێو، وەڵامی دەدایەوە:

- خەمت نەبێت ئاغا. ئەمساڵ تا بتوانم سوسیسی وشترت بۆ دەکڕم. نیگەران مەبە! بۆ برایيمۆکیشی دەکڕم...

هاوکات پەنابەرانی برسیی، بە پەلە لە چیاوە دادەبەزین. یاناکۆس بۆ ساتێك لای کردەوە و گوتی:

- هاوڕێیان، قەشە ڕۆژێکی باشی هەڵبژاردووە. ئەمڕۆ بەرازی ئامادە بۆ برژاندن بە قولاپەکانەوە هەڵواسراون. ژنەکان ئاگریان کردۆتەوە و گەرەکیانە بۆ دەعوەتی ئێمە لێینێن. ئای خۆزیا لاداسی پیری چەپەڵیش بەرازێکی کوشتبا!

بەڵام هاوڕێیانی یاناکۆس کە بە سرووودە جەنگییەکە خرۆشابوون، وەڵامیان نەدایەوە. خەڵکەکە لە چیا هاتبوونە خوارێ و گەیشتبوونە دەشت. گوندی پۆشراو بە بەفر لەبەردەمیانا بوو. لە تەواوی ئاگردانەکانەوە دوکەڵ بەرزدەبۆوە. پەڕەی کەپووی برسییان دەکرایەوە و دادەخرا. بە حەز و لەزەتەوە بۆنی سەروپێ پوختەکراوەکانیان هەڵدەمژت. ژنان بە یادی ماڵە وێران بووەکانیان و ئەو ئیشانەی لە کاتی جێژندا دەیانکرد، هەناسەیان هەڵدەکێشا.

بەر لە گەیشتن بە چاڵاوی قەدیس ڤاسیلی، باوکە فۆتیس ڕاوەستا و ئاماژەی کرد کە دەیەوێ قسان بکات:

– ڕۆڵەکانم. باش ئاگاداربن! ئێمە یەکەمجار بۆ ماڵی پاترياركاسی پیر دەڕۆین و لەوێ جێگیر دەبین. ئەگەر دەرگاکە داخرابوو ئەوا دەیشکێنین چونکە ئەوێ ماڵی خۆمانە و ماف ئەوەمان هەیە بچینە ژوورەوە. دوای ئەوە بۆ باغی میوە، ڕەز، باغی زەیتوون و کێڵگەکانمان دەڕۆین و داگیریان دەکەین ... خوا بکا هێرشمان بۆ نەکەن. بەڵام ئەگەر هێرش بکەن ئەوا ئێمەیش دەست

دەکەینەوە. چونکە ئیدی جەنگ هەڵایساوە. ئێمە جگە لە ماڤی خۆمان چ شتێکی ترمان ناوێ و خودا خۆیشی دەمانبووڕێت! ئەلعان ئاوایی لە خەو وەئاگا بۆتەوە. پیاوانی ئاوایی دەبینم خەریکن لەدەوری یەك کۆدەبنەوە. زرینگەی زەنگی ناقوسی کڵێسام دێتە گوێ. هەمووان ئاگادار بن! بۆ پێشەوە!

زەنگی ناقوس بە توندی لێیدەدا و ئاوایی هێنابووە خرۆش. پانایۆتیسە زلە کە سووسەی کردبوو وا شتێك خەریکە ڕوودەدا، تەواوی شەو چاوی لێکنەناو و هەر لە سپێدەوە لە بانیژەی ماڵی ئاغاوە چاوی لە چیا بڕیبوو تا لە بوولێڵەی سپێدەدا سروودی هاتنەخوارەوەی پەنابەرانی هاتبووە گوێ و ئیدی زوو بەزوو چوار پلیکانەی بە یەکێك بڕیبوو، لە گۆڕەپانی ئاوایی تێپەڕیو و بە گەیاندنی خۆی بۆ کڵێسا، ناقوسەکەی هێنابووە زرینگە تا خەڵکی ئاگادار بکاتەوە.

هاوکاتیش پوورە مادلینا کە بۆ پڕکردنی گۆزەی ئاو بۆ چاڵاوی قەدیس ڤاسیلی چووبوو، بە بینینی پێ پەتییان، بە قیژەقیژ گەڕابۆوە و هاواری کردبوو:

- هاتن! کافرەکان هاتن! چەك هەڵگرن!

گوندنشینان بەدەنگی ناقوس لە خەو ڕاپەڕیبوون و بە ژنەفتنی هاوارە بەسۆکانی پوورە مادلینا لە نوێنەکانیان هاتنە دەرێ و لێفەکانیان بە شانیاندا دا، دەرگای ماڵەکانیان کردەوە و بەرەو کلێسا ڕایان کرد. ژنانیش دەستیان لەکاری چێشت لێنان هەڵگرت و لەبەر دەرگا یاخۆ لەودیو پەنجەرەکانەوە ڕاوەستان و بە هاوارهاوار لەو پیاوە قژ لوولانەی کە بە کۆڵانەکانا تێدەپەڕین، دەپرسی:

- چ بووە؟ بۆچی لە ناقوس دەدەن؟

بەڵام هیچ کەس وەڵامی نەدەدایەوە و هەمووان هەر ڕایان دەکرد.

دواجار باوکە گریگۆریس گەییشتە کلێسا و بە هەناسەبڕکێ و قژی بژەوە هاواری کرد:

- ڕۆڵەکانم چەك هەڵگرن. بەڵشەویکەکان شاڵاویان هێناوە و لە ساراکیناوە دابەزیون. نابێ ڕێگە بدەین بێنە گوند. بۆ ماڵەوە بگەڕێنەوە و چەکەکانتان بێنن! هەموان بەرەو چاڵاوی قەدیس ڤاسیلی دەڕۆین!

ئەوسا ڕووی کردە پانایۆتیس کە هێشتا شێتانە لە ناقوسەکەی دەدا و تێهەڵچۆوە:

- پانایۆتیس، بڕۆ ئاغا بدۆزەوە و بڵێ بە ماییینەکەوە بۆ چاڵاوی قەدیس ڤاسیلی بێت. بەڵشەویکەکان لە چیا دابەزیون!

مامۆستا بەبێ چاویلکە، بە هەناسەبڕکێ و لەتردانەوە گەییشت و شێتانە هاواری کرد:

- چەك هەڵنەگرن! من دەڕۆم لەگەڵیان دەدوێم و ئارامیان دەکەمەوە! ئەوانە برای ئێمەن. ئاوایی لەخاك و خوێن هەڵمەکێشن!

قەشە بەتووڕەیی هاواری کرد:

- ئاغای مامۆستا بڕۆ بەلای ئیشی خۆتەوە! باسی خۆبەدەستەوەدان مەکە. برایان کاتی یەکلاکردنەوەی حیسابە. مردن بۆ هەرچی و پەرچییان!

گوندنشینان وەخرۆش کەوتبوون، بەرەو ماڵەکانی خۆیان ڕایاندەکرد و پڕیان بە دار و تێلاوە بیگرە تا دەمانچە و داسدا دەکرد. هەندێکیان بەو کێردە خۆیان چەکدار دەکرد کە شەوی پێشوو بەرازیان پێ

سەربڕیبوو. ئەوسا هەمووان لەدەوری یەکدی کۆبوونەوە و بە پێشەوایەتی باوکە گریگۆریس بەرەو چاڵاوەکە کەوتنە ڕێ. پانایۆتیسە زلەیش بە پەلە خۆی گەیاندنێ، چووە لای باوکە گریگۆریسەوە، دەمانچەی لەبەر کەلەکەی دەرهێنا، فیشەکێکی بەئاسمانا تەقاند و گوتی:

– منالینە بابڕۆین کارێکیان پێبکەین با بەدەواری شڕی نەکردبێ!

ئاغا بە دەنگی گوللەکە لە خەو ڕاپەڕی، دارحەیزەرانەکەی بە ئەرزی ژوورەکەدا کێشا و مارتایش بە پەلە چووە لای.

– هەی لەعنەتی، دەنگی ئەو تەقەیە چ بوو؟

– ئاغا بەلشەویکەکان شالاویان بۆ ئاوایی هێناوە.

– کام بەلشەویك هەی پیری خەلەفاو؟ باش ڕوونی بکەوە تا ببینم! بەلشەویکەکانی ڕوسیا؟

– نا ئاغا، بەلشەویکەکانی ساراکینا. وابزانم تۆیش دەبێت بە مایینەکەتەوە بچیتە دیداریان ...

ئاغا بە قاقای پێکەنین قسەکانی پیرێژنی بڕی و چونکە خەوی دەهات ڕووی بۆ ئەو لایە وەرگێڕا کە برایمۆکی لێنوستبوو، گوتی:

– هەرکاتێ بەڵشەویکەکانی ڕوسیا هاتن خەبەرم بکەوە. ئێستایش بڕۆ گۆڕت ون کە!

کاتێ باوکە فۆتیس بینی خەڵکی لیکوڤریسی بە ڕوخساری مۆنەوە دێنە پێشێ، لە خەڵکەکە جوێبۆوە، تەنها و بێ چەك چووە پێشێ و ئەیکۆن بەدەست هاواری کرد:

– برایانم! دەمەوێت قسەیەکتان لەگەڵ بکەم. بە خودا سوێندتان دەدەم گوێم بۆ ڕادێرن! نابێ دەست بدەینە خوێنڕێژیی ...

هەردوولا لە شوێنی خۆیاندا ڕاوەستان و باوکە فۆتیس چەند هەنگاوێکی تر چووە پێشێ.

– ... باوکە گریگۆریس دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بدوێم، وەرە نزیکتر!

باوکە گریگۆریس لەکاتێکدا کە دەچووە پێشێ، گوتی:

- دەتەوێت چ بڵێیت هەی قەشەی چەپەڵ؟ ئەویش بە من!

دوو قەشەکە بەرامبەر یەك لەنێوان دوو بەرەکەدا ڕاوەستان. یەکێکیان کەتە، قەڵەو و لەشساخ وەك گا و ئەویتریش پێستی بە ئێسکییەوە نوساو و گۆنای قوپاو و پێ پەتیی وەك پیرە ئەسپێکی سەراپا برینداو و لەڕولاواز.

باوکە فۆتیس بە هاواری بەرز گوتی:

- باوکە. گوناهێکی گەورەیە مۆڵەت بدەین براکانمان لەگەڵ یەکدیدا بجەنگن، چونکە خوێنی ئەوان دەکەوێتە ئەستۆی من و تۆ ... باش گوێ بگرە! من تەنها یەك قسە دەکەم. ئێوەیش گوێ ڕادێرن! چەکەکانتان لەسەر ئەرز دانێن. مەجەنگن و ئارام بن! ئێمە ئەم دوو قەشەیە، واتە من و باوکە گریگۆریس وەك دوو قارەمان، بەبێ چەك زۆرانێك لەگەڵ یەکدیدا دەگرین و پەیمان دەدەین ئەگەر باوکە گریگۆریس منی خست و شانمی لە ئەرزدا ئەوا ئێمە هەموومان بەدەستی بەتاڵ و بەوپەڕی ئارامییەوە بۆ چیا بگەڕێینەوە، بەڵام ئەگەر من پشتی باوکە

گریگۆریسم لە ئەرزدا، ئەوا ئێمە ئەو موڵکەی کە میکیلیس پاتریارکاس پێیبەخشیوین، وەردەگرین. خودا خۆی لەنێوان ئێمە ئەم دوو کەسەدا داوەریی دەکات.

خەڵکی لیکوڤریسی بە بیستنی ئەو قسانە دڵخۆش بوون و بە ڕوانین لە ڕوخساری ئێسکنی لەڕ و دەستوپێی لاوازی باوکە فۆتیس بە گاڵتەپێکردنەوە گوتیان:

– باوکە گریگۆریس هێندە بەسە فوویەکی لێبکەیت تا بە ئەرزیدا بدەیت!

بەڵام پەنابەران نیگەران بوون و لوکاس هاواری کرد:

– نا باوکە، نا! بڵێ ئازاترینیان بێن و لەگەڵ مندا زۆران بگرێ تا ببینین کاممان دەیباتەوە. بە پانایۆتیسی کەتە بڵێ کە وادەزانێ قارەمانە و بە دەمانچە و تەڕبوشە تورکییەکەیەوە دەنازێت، گەر ناترسێت با بێت و لەگەڵ مندا زۆران بگرێت.

ئەوسا ئالاکەی بە کەسەکەی لایەوەدا و قۆڵی لێهەڵکرد.

پانایۆتیس هەڵایساو و دەمانچە بەدەست نارەتەی کێشا و بۆ پێشەوە کەوتەخۆ:

– وا هاتم هەی بەڵشەویکی خایین! ئەلعان ملت دەشکێنم هەی ناڕەسەن!

بەڵام باوکە گریگۆریس هاواری کرد:

– دەست مەکەنەوە! ئێمە هەردووکمان حیسابی خۆمان یەکلایی دەکەینەوە! منیش ئامادەم لەگەڵ تۆدا زۆران بگرم هەی قەشەی چەپەڵ! لەبەردەم خودادا بەڵێن دەدەین ئەگەر من پشتی تۆم لە ئەرزدا ئەوا گۆڕی خۆت ونکە و ئەگەر تۆ شانی منت لە ئەرزدا ئەوا موڵکە خەڵاتەکانی میکیلیسی گێلۆکە ببێتە هی خۆتان و لە خودایش داواکارم کە لە ئاسمانەوە دابەزێ و داوەریی لەنێوانماندا بکات.

باوکە فۆتیس خاچی کێشا و گوتی:

– بەناوی باوك، کوڕ و ڕوحلقودس!

وایگوت و ڕووی کردە یارانی و داوای لە پیرەمێردێك کرد تا ئەیکۆنەکەی ئەلیاس پێخەمبەری لێوەربگرێت. ئەوسا جبە شڕەکەی لەبەری داکەند، بە دیقەتەوە قەدی

کرد و لەسەر گابەردێك داینا. لەژێر عەباکەوە کراسێکی ڕەش و هەلاهەلای لەبەردا و پانتۆڵێکی پڕ لە پینە بەپێوپلی لاواز و بریندار کە لە دارێکی باریکی گرێ گرێ دەچوو.

باوکە گریگۆریس کە بە گەڵاو گەڵ، سینگی ئەستوور، بازووی ئەستوور و چاوانی پڕ لە نەفرەت ڕاوەستاو و وەك ئەسپێکی چەمووش پێی بە ئەرزدا دەکێشا تا هەرچی زووتر حەریفەکەی تەختی زەوی بکا، کوتوپڕ بە بینینی جەستەی لەڕ و جلکی شڕ و چاوانی بەقووڵاچووی باوکە فۆتیس لەرز دایگرت. وەك بڵێی ئەمە لێکچووی مەرگ بێ کە لەبەرامبەریدا قەدی ڕاست کردبێتەوە.

باوکە فۆتیس بە ئارامییەکی تەواوەوە گوتی:

– باوکە خاچ بکێشە! من ئامادەم.

باوکە گریگۆریس بە پەلە خاچی کێشا و بێ ئەوەی بجووڵێت، چاوەڕێ بوو. ئەوسا بەگاڵتەجاڕییەوە هاواری کرد:

– هەی کوللە وەرە پێشەوە ببینم!

– له زاری تۆوه جگه له جنێو و سووکایەتی هیچی تر نایەتە دەرەوە! ئایا بەهەمان زارەوە لەبەر قاپی خودادا دۆعا دەکەیت؟ بەهەمان دەستەوە جامی پیرۆز هەڵدەگریت؟

– هەمان دەستە کە ئێسکی کەسێکی هیچوپوچی وەك تۆ هەنجن دەکات!

وایگوت و ئیدی وەکی گا سەری داگرت، بەرەو نەیارەکەی شاڵاوی برد و سەراپا تووڕە، ویستی بە مشت بەسەری باوکە فۆتیسدا بکێشێت، بەڵام قەشە بە چاپووکیی شوێنی چۆڵ کرد و شتێکی نەمابوو کە باوکە گریگۆریس تەختی ئەرزەکە بێت، وی کە لەحەژمەت تووڕەیی شێتگیر ببوو هەمدیس خۆی بەسەر باوکە فۆتیسدا دا، قژی بە چنگ گرت و مشتێکی پێداکێشا. بەڵام باوکە فۆتیس ئەو هەلەی قۆستەوە و بە مشتی لاواز بەڵام وەکی پۆڵا یەکێکی لە زگی قەشەی ورگن دا کە لە حەژمەت ئازار جەڕا، چاوی تاریك داهات و ڕەنگی پەڕی. بەڵام دواجار توانی خۆی بەپێوە بگرێتەوە. ئەوسا نێوقەدی باوکە فۆتیسی گرت،

بەخۆیەوە چەسپاند و ملی بە ددان گرت تا بیتاسێنێت. هەردوو نەیار بەبێدەنگیی دەجەنگین و تەنها دەنگی گرمەئاسای باوکە گریگۆریس وەك دەعبایەکی دڕندە کە بیەوێت نێچیرەکەی ونجڕ ونجڕ بکا، دەگەییە گوێ.

هەناسە لە سینگی پەنابەراندا گیراو و هەراسان لە قەشەی خۆیان دەنۆڕی.

یاناکۆس نائومێدانە بە چرپە گوتی:

- کاری تەواوە. ئەم قەشە دۆزەخییە خەریکە دەیخنکێنێت!

مانۆلیۆس گوتی:

- یاناکۆس مەترسە. مەگەر خودا بەژوور سەرییەوە نابینیت؟

هێشتا مانۆلیۆس ڕستەکەی تەواو نەکردبوو کە باوکە فۆتیس بە دەستێك ڕیشی باوکە گریگۆریسی گرت و بە دەستەکەی دییش وا بە دەمیدا کێشا کە قەشەی لیکوڤریسی گۆد کرد و خوێن لەددانە شکاوەکانییەوە فیچقەی کرد. هەرلەوکاتەدا نێوقەدی گرت، وەك درەخت ڕایوەشاند و بە یەك پاڵی توند بە پشتدا خستی، ئەوسا

پەڕییە سەری و ویستی ئەژنۆی لەسەر سینگی حەریفی شکستخواردوو دانێت کە پانایۆتیس خۆی هەڵدایە سەری و بە توڕەیی تێیبەربوو. لوکاسیش لەگەڵ مانۆلیۆس و یاناکۆسدا شاڵاویان بۆ پانایۆتیس برد و ئیدی جەنگ هەڵایسا. بەرد و دار و تێڵا بەسەر سەری خەڵکدا دابەزی. تیغی چەقۆ و کێرد دەبریسکانەوە و گوللە جەستەی ئەم و ئەوی دەپێکا. یەکەمجار نەیاران جنێویان بەیەك دەدا، بەڵام کەمێك دواتر جگە لە دەنگی ناڵە و نارەتە چ دەنگێکی تر نەدەبیسترا.

کوستانتیس، ئەنتۆنیس و دیمیتریۆسیش تێڵا بەدەست گەییشتن و چوونە پاڵ ساراکینابیەکان.

یاناکۆس خۆی لە شەڕەکە کێشایەوە و هاواری کرد:

– کوستانتیس ئەو کارەی پێمگوتیت جێبەجێت کرد؟

کوستاتیس کە کارەکەی بیرچوبۆوە، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد و پرسی:

– کام کار؟

– گوێدرێژەکەم دەڵێم ...

- خەمت نەبێ ياناكۆس، گوێدرێژەكەت لە ماڵی خۆمانە.

ياناكۆس لەكاتێكدا كە بەرەو دەبە نەوتەكە ڕايدەكرد، هاواری كرد:

- دەی باشە وا من ڕۆيشتم!

لوكاس كە هاوكات بە تێڵا چەپ و ڕاستی دەكوتی، هاواری كرد:

- مناڵينە شالاو بەرن، خەريكين دێينەوە مايە!

خەڵكی ليكوڤريسی وردە وردە دەكشانە دواوە و خەريك بوو مەيدانيان چۆڵ دەكرد. زوربەيان ڕايانكرد و خۆيان لە ماڵەكانياندا دەشاردەوە... خەڵكی ساراكينايش باوكە فۆتيسيان بەرزكردەوە، لەگوێ چالاوەكە پاڵيانخست و برينەكانيان بۆ بەست. سەری قەشە شكاو و خوێن لێرە و لەوێيەوە دەڕۆيشت.

مانۆليۆس بەردەوام پێشڕەويی دەكرد و هاواری دەكرد:

- برايان جورئەتتان هەبێ!

ئەو یەکێك لە دوو دەمانچەکەی پانایۆتیسی لەچنگی دەرهێنابوو، هەروا کە خەڵکی هەراسانی لیکوڤریسی پاشەکشە پێدەکرد، گوللەیەکی بە ئاسماندا دەتەقاند.

بۆ ساتێك هاواری مامۆستا گەییە گوێ:

- برایان دەسهەڵگرن. یەکتر مەکوژن! ئێمە پێکدێین، ئێمە هەمووومان گرێکی و مەسیحیین!

بەڵام مامۆستا لەنێوان هەر دوو لای بەخوێنی سەری یەکدی تینوودا گیری خواردبوو، لەژێر دەست و پێدا پلیشێنرایەوە. کەسێك بەردێکی گەورەی تێگرت و مامۆستا بێهۆش کەوتە نێو چاڵێکەوە.

خەڵکی لیکوڤریسی بۆ گوندەکەیان کشانەوە. لۆکاسیش دەبە نەوتەکەی تری کە بە ژنانی دابوو، وەرگرت و بەرەو نزیکترین ماڵ ڕایکرد و دیوارەکانی نەوتاویی کرد:

- ژنان خێراکەن! بە دوامدا وەرن و هەموو شوێنێك ئاگر تێبەردەن!

لرفەی ئاگر لە بەرزایی دیوارەکان تێپەڕی و ژنان لەنێو ماڵەکاندا کەوتنە هاوار و فوغان.

باوکە گریگۆریسیان بەبێهۆشیی بۆ ماڵی پوورە مادلینا و نزیکی گۆڕەپانەکە برد، ئەو هەروا نیوەگیان لە حەوشی ماڵەکەدا تەختی ئەرز ببوو. پیرێژن داوودەرمانەکانی دەهێنا و برینەکانی بۆ هەتوان دەکرد.

مانۆلیۆس لەگەڵ دەستەیەکی چەند کەسییدا بۆ کۆڵان تاوی دابووە خۆی تا دواجار گەیشتنە ماڵی پارتیارکاسی پیر. دەرگای ماڵەکەیان شکاند، چوونە ژوورێ. مانۆلیۆس بانگی کرد:

– مناڵینە ئێمە لێرە دادەمەزرێین! دوو کەس بچن قەشە بێنن! ئەوانیتریش لەگەڵ مندا بێنە ژوورەوە! ئێرە ماڵی خۆمانە!

دوو کەس بەپەلە بەدوای باوکە فۆتیسدا چوون. ژنانی لیکوڤریسی لە کۆڵانەکان ڕایاندەکرد و بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە ئاویان دەبرد. گوند بەتەواوی شڵەژابوو، کوتوپڕ هاوارهاوار بە نیشانەی ترس گەییە گوێ:

– ماڵی لاداسی پیر دەسووتێت!

– کوپەڵەکانیان شکاندووە. زەیتی زەیتوونەکانیان ڕشتووە. بەرمیلەکانیان کون کون کردووە و هەموو ئەرزەکە بۆتە شەراب!

– لاداسی پیر و ژنەکەی لەکۆڵان دەگرین!

پانایۆتیس تەڕبووشەکەی بزر کردبوو. مانۆلیۆسیش دەمانچەیەکی لێگرتبوو، ئیدی کورتاندروو شێتووێت و شەلەشەل بە کۆڵانەکانا ڕایدەکرد و بەو دەمانچەیەی کە هێشتا بەدەستییەوە بوو، تەقەی دەکرد و لەدووی مانۆلیۆس بوو. بەڵام مانۆلیۆس لەپاڵ باوکە فۆتیسدا دانیشتبوو، ئەویان کە تازەکیی هێنابوو، لەسەر تەختەنوێنە نەرم و گەورەکەی پاتریارکاسی پیر پاڵیانخستبوو. ژنان برینەکانیان بۆ دەبەست. کاتێ قەشە چاوی کردەوە و هاوڕێیانی بەدەوری خۆیەوە بینی، زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

– ئەوانە بەڵێنی خۆیان شکاند و خودا سزایان دەدات. خۆشحاڵم پشتی باوکە گریگۆریسم لە زەویدا.

مانۆلۆیۆس پرسی:

– باوکە ئازارت هەیە؟

– بەڵی مانۆلیۆس. هەڵبەت ئازارم هەیە، بەڵام خۆشحاڵم. خودا داوەری خۆی کرد و ئێمە سەرکەوتین!

حەوشیماڵەکە پڕ لە قریوەی شادومانیی بوو. لوکاس و دوو کەس لە هاوڕێکانی، ماڵە ئاگر گرتووەکانیان تاڵان کردبوون – ئەویش ئەو کاتەی کە ژنانی گوند بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە چووبوون ئاو بێنن – ئەوان توانیبوویان سێ بەرازی چاککراو لە قولاپی موبەقەکان بکەنەوە و سەرکەوتووانە بۆ ماڵی پاترپارکاسی ببەن:

– ژنان ئاگر بکەنەوە! تا حەز بکەن داری جنراومان هەیە! بچنە ئەمبارەکە، ئارد بێنن و کولیچە و کەبابمان بۆ دروستکەن. هەمووان برسیمانە!

پیرێژنێك ناڕازییانە گوتی:

– ئێمە بەڕۆژووین و تەنانەت زەیتی زەیتوونیش حەرامە! مەگەر لەخودا ناترسن؟

– با بڕۆین لە قەشە بپرسین.

باوکە فۆتیس گوتی:

– من گوناهی ئێوە لە ئەستۆ دەگرم. بخۆن!

یاناکۆس سەراپا چەور و نەوتاویی گەییشت و بەدەنگی بەرز گوتی:

– منالێنە ویژدانم ئاسوودە بوو. ئیسراحەتم کرد. ئەو پیرە کەمتیارە بێوەژنان و منالآنی هەتیوی ئاوارەی کۆڵانانان کرد. وا منیش خۆیم ئاوارە کرد.

دەنگی دەرگای حەوشە بەرزبۆوە و کوستانتیس لەودیو دەرگاوە هاواری کرد:

– بیکەنەوە. بیکەنەوە! جەنابی مامۆستایان کوشت.

بە پەلە دەسکی دەرگاکەیان ڕاکێشا. کوستانتیس، دیمیترۆس و ئانتۆنیس بە تەرمەکەوە هاتنە ژووریَ. مێشکی مامۆستا پژا بوو، چەناگەی ورد ببوو، چاوانی بیَ جووڵە مابوو.

کوستانتیس گوتی:

– کەوتبووە چاڵێکەوە و هەمووان بە لەقە شێلابوویان.

پیاو و ژن لەسەر تەرمەکە نەوینەوە و ماچی نێوچەوانیان کرد*. مانۆلیۆس فرمێسکی لەچاوانی سڕی و گوتی:

---

* ماچکردنی نێوچەوانی کۆچکردوو بەشێکە لەرێوڕەسمی پرسەدارییی گرێکییەکان. و.ف

**- مامۆستا خۆی خستە نێوانمانەوە تا هەردوولامان پێکبێین. بەڵام ئێمە ئەومان کوشت ....**

**ئاغا لەسەر دۆشەکێکی نەرم ڕاکشابوو، سەبیلی دەکێشا، دیقەتی براییمۆکی دەدا و گوێی بۆ دەنگی تەقوتۆقەکە ڕادەدێرا. براییمۆك کە بەبۆنی بارووت، خوێن گرتبووی، ویستی لەجێگەی خۆی هەستێ، بچێتە کۆڵان و ئەویش بکەوێتە تەقەکردن، بەڵام ئاغا بەتوندی قاچی گرت و لەگەڵ لنگەفرتێشدا نەیهێشت لەجێگەی خۆی هەستێت:**

**- براییمۆك بێ ئەقڵ مەبە. لێگەڕێ با ڕۆمییەکان یەکتری بکوژن. ئەم نەژادە لەعنەتییە ناتوانرێت لەناوببرێت. دەزانیت لە کەنگێوە ئێمە لەگەڵیاندا دەجەنگین تا نەسلیان نابووت بکەین؟ بەڵام ئەنجام چ بووە؟ هیچ. ڕۆمییەك ڕیشەکێش دەکەیت دە دانەی تر شین دەبن. ئەگەر ئەوان بیانەوێ یەکتری نابووت بکەن ئیدی ناتوانرێت هیچ بکرێت. کەواتە من حەقم بەسەریانەوە نییە. مۆڵەت دەدەم باش چاوی یەکتر**

دەربێنن، ئەوسا سوار ماینەکەم دەبم و دەچم تا هەمدیس نەزم بەرقەرارکەمەوە. تێگەیشتیت؟ ئەمانە بۆیە بەتۆ دەڵێم تا گەر ڕۆژێك لە ئاواییەکی ڕۆمییدا بوویتە ئاغا، بزانیت چۆن لەگەڵیاندا ڕەفتار دەکەیت.

بەڵام برایمۆك خرۆشاو هاواری کرد:

– ڕێگە بدە منیش چەند کەسێکیان لێبکوژم. ئاخر پەنجەکانم بێزار بوون.

– هەی لەعنەتی زەحمەت بەخۆت مەدە! من گوتم ئەوان خۆیان خەریکن یەکتر دەکوژن. ئەگەر ئێمە دەخاڵەت بکەین و چەند کەسێکیان لێبکوژین ئەوا سەرئێشە بۆ دەوڵەتەکەمان دروست دەبێت، چونکە هەمدیس کەشتیگەلی فەڕەنسی ئەزمیر گەمارۆ دەدەن. ئەوکات ئیدی حیسابی ئێمە فت دەبێ! برایمۆك گیان لێرە شوێنمان زۆر باشە. هەوا ساردە و ناهێڵم بچیتە دەرێ. ئەلعان پیرێژن هەنگوین و گوێزمان بۆ دێنێ.

ئەوسا دەستی بەیەکدا دا و مارتای پیر هاتە ژوورەوە:

– مارتا چ بووە؟

– ئاغا ... خەریکن یەکتر دەکوژن. دوو قەشەکە یەکتریان بریندار کردووە و ڕیشی یەکیان هەڵپاچیوە. پانایۆتیس تەڕبووشەکەی بزر کردووە و ئەژنۆیەکیشی شکاوە. ماڵی لاداسیان ئاگر تێبەرداوە و زەیتی زەیتوون و شەراب لە کۆڵانەکانا ڕژاوە.

ئاغا قاقا پێکەنی:

– ئافەرین بۆ کافران! ئێستا هەمووان پێیانوایە من ئەوانم بەگژ یەکتریدا کردووە! بڕۆ گوێز و هەنگوینمان بۆ بێنە.

پاشان ڕووی کردە براییمۆك کە هەروا لە هەوڵدا بوو خۆی ڕەها بکا و بچێتە ناو ئاخۆران باخۆرانەکەوە. گوتی:

– هەی لەعنەتی بێ شعور! بێ ئەقڵ مەبە! خۆت مەخەرە نێو شەڕی ڕۆمییەکانەوە، ئەم نەژادە هەمیشە ئافات بووە. گوێبگرە بزانە باپیرەگەورەی خوالێخۆشبووم چی دەگوت، ئەوسا خۆت حاڵی دەبیت. ئەو دەیگوت، خودا هەموو شتێکی تەواو خوڵقاندووە، بەلام ڕۆژێکیان کە دەستی بەتاڵ بوو بە ئاگر و ڕیخ

ڕۆمییەکی دروست کرد، بەڵام هەر کە تەماشای مەخلۆقەکەی کرد، ژێوان بۆوە، چونکە خولقەندەی نارەسەن خاوەن چاوێك بوو کە پۆڵای کون دەکرد. خودا گوتی:( سەیرە! هەنووکە چ لەگەڵ ئەم مەخلۆقەدا بکەم؟ باشترە تورکێك دروستکەم تا ئەم ڕۆمییە لەناوبەرێ و هەمدیس ئارامیی بۆ دونیا بگەڕێتەوە.) ئیدی، هەنگوین و بارووتی بە دیقەتێکی زۆر ئاوێتەی یەکدی کردن و تورکی دروست کرد و زوو بەزوو لەیەکی بەردان. ئەو دووانە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە زۆرانیان دەگرت بێ ئەوەی هیچکامێکیان بەسەر ئەویتریاندا سەرکەوێت. بەڵام هەر کە بووە شەو ڕۆمی نارەسەن پێلەقەیەکی لە تورکەکەدا و خستی بەئەرزدا. خودا گوتی:( نەفرەت لە شەیتان، هەمدیس هاتینەوە سەر سفر. ئەم ڕۆمییانە دونیا دەخۆن. بەخۆڕایی کاتی خۆمم بەهەدەردا.... ئێستا چ بکەم؟) خودا تەواوی شەو نەنووست تا بەیانیی بە شادومانییەوە لەجێگەکەی هەستا و دەستی بەیەکدادا:( دۆزیمەوە! دۆزیمەوە!) ئیدی هەمدیس بە ئاگر و ڕیخ ڕۆمییەکی دروست کرد و ئەوی لەبەردەم

ڕۆمییەکەی یەکەمجاردا دانا تا بکەونە گیانی یەکتری. ئەمیان پێلەقەیەکی لەویاندا و ئەویشیان لەمیان. ئەمیان مشتەکۆڵەی بەویاندا کێشا و ئەمیشیان بەویاندا و ئیدی هەرکامێکیان ئەویتریانی فریو دەدا ... ئەوانە زۆرانیان لەگەڵ یەکتریدا دەگرت، بەئەرزەکەدا دەکەوتن، هەڵدەسانەوە و هەمدیس دەکەوتنەوە زۆران. هەمدیس دەکەوتنەوە سەر ئەرزەکە، هەڵدەسانەوە و هەمدیس لێکبەردەبوونەوە ... ئێستایش هەر خەریکن لەگەڵ یەکتریدا شەڕ دەکەن! برایپموۆك گیان هەر لەبەر ئەمەیە دونیا ئاشتی و ئارامیی بەخۆوە نابینێ!

مارتا بە هەنگوین و گوێزەوە گەڕایەوە و ئاغا فەرمانیدا:

– مارتا پەنجەرەکە بکەوە تا لەزەت لە دەنگی تەقوتۆق و هاوار هاواریان ببەم. جامەکەی منیش پڕکەوە! هەرکاتێ هەموو ئەوانەی دەبێ بکوژرێن، کوژران، ئەوکات وەرە و ئاگادارم بکە تا بچم نەزم بەرقەرارکەم.

*

لای عەسر دەنگی تەقوتۆق کەمبۆوە و شەڕەکە دامرکایەوە. گوندنشینان بۆ ماڵەکانیان گەڕانەوە، برینەکانیان شت، مەرهەمیان لێدان، کەڵەشاخیان لەخۆیان گرت و کولاّتەی مەریەم کێویلەیان خواردەوە. دوای ئەوە چراکانیان داگیرساندن و خۆیان پشکنی تا بزانن چ زەبرێکیان بەرکەوتووە. یەکێك گوێی هەڵکێشرابوو، یەکێك ددانی شکابوو، یەکێك قامکی قرتابوو، یەکێك چاوی هەڵتۆقیو و یەکێك پەراسووی شکابوو ... کەوتنە پشکنینی ماڵەکانی ئاوایی. زۆر لە پێرسینی پەنجەرەکان سوتا بوو، دەرگاکان شکابوون و سێ بەرازی کەوڵکراو دیار نەمابوون. ماڵەکەی لاداسی پیر هێشتا هەر دەسووتا. زەیتی زەیتوون و شەراب لەسەر ئەرزەکە ڕژاو و فەردە گەنم دیار نەمابوو ...

مادلینای پیر کە بۆ هەتوان کردن و بەستنی برینەکان و کەڵەشاخگرتن ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، بەردەوام دەیپرسی:

– چ بەڵایەك بەسەر پەنلوپ، ئەو ژنە پیرۆزەدا هاتبێ؟

تا دواجار وەڵامەکەی ژنەفت:

- ئەو قەرزاری ژنانی دەرودراوسێیە کە چوون لەنێو گڕو بڵێسەی ئاگرەکەدا هێناویانەتە دەرەوە! داماوە لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە بێئەوەی لەخەیاڵی ڕاکردندا بێ، گۆرەوی و میلەکانی چنینکاریی بەسینگەوە گوشیوە و بەردەوام هاواری کردووە:" مێردە پیسکەکەم نایەوێت ژنەکەی لەنێو ئاگرەکەدا ڕزگارکات؟"

- هەڵبەت مێردە پیسکەکەی، خۆی نایە نێو ئاگرەکە بەڵام نەك بۆ ڕزگارکردنی وی، بەڵکو بۆ دەرکێشانی قاسەی دراوە زێڕەکانی، کاتێ گەیاندییە کۆڵان لەسەری دانیشت و کوڵی گریانی بەربوو. کەمێك دواتر کاتێك پەنلوپیان لەنێو ئاگرەکەدا دەرکێشا و ئەویشیان لەسەر قاسەکە دانیشاند، کەوتەوە چنینی گۆرەویی. باوەڕ دەکەیت؟ تۆ ڕاست دەکەیت مادلینا بەڕاستی ئەم ژنە پیرۆزە!

مادلینای پیر جنێوی بەپیاوەکان دەدا و ماڵ بە ماڵ دەگەڕا، دەرگایەك کرایەوە و دەستێك کراسەکەی گرت:

- هێی مادلینا! تۆ مێردەکەی منت نەبینیوە؟ گوایە ئەو شەیتانە بە کۆڵانەکانا گەڕاوە دەسڕێژی کردووە و ئاوایی لە خاك و خوێن هەڵکێشاوە. دەڵێن قەشەی ساراکینایییەکانیشی کوشتووە. مادلینا گیان ئەم قسەیە ڕاستە؟

- کاریفالیا، من مێردەکەتم نەبینیوە، بەڵام تەڕبووشەکەیم لەنزیك چاڵاوی قەدیس ڤاسیلییەوە بینی کەوتبوو. ئاخر ئەی کاریفالیای داماو ئەو هەمیشە سەری لە شوێنێکە و تەڕبوشەکەیشی لەشوێنێکی تر.

- دەك خوایە دۆزەخ جێگەی بێت!

کارفالیا وایگوت و دەرگاکەی داخست.

پیرێژن کەوتە ڕاکردن. پەلەی بوو تا هەرچی زووە بە داودەرمان و مەرهەمەکانییەوە بچێتە لای باوکە گریگۆریس و برینەکانی ئەویش هەتوان بکا. قەشەیان بردبۆوە ماڵەوە. دوو سێ ژنی دراوسێ لە دەوری بوون و قاوە، شەربەتی لیمۆ و خواردنی وەك شۆربای نیسك و هێلکەماسی سوێر کە لەکاتی ڕۆژوودا حەرام نەبوو،

دەهێنان و دەرخواردیان دەدا تا گوڕی لەدەستچووی بۆ بگەڕێتەوە.

پیرێژنێکی شڕپۆش و هەمیشە برسیی دراوسێی قەشە کە کەپوویەکی زۆر گەورەی هەبوو، گوتی:

- هیچ نییە باوکە. تەنها ئەوەیە کە لەبەیانییەوە تا ئێستا هیچت نەخواردووە و برسیتە. هەموو نەخۆشییەکان لە برسێتییەوە پەیدا دەبن. بخۆ وەزعت باش دەبێت.

قەشە لە نوێنەکەیدا دانیشتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە باوکە فۆتیس ددانەکانی پێشەوەی ورد کردبوو، خواردنی دەخوارد. هێشتا کەمێك خوێن بە نێوچەوانیدا دەهاتە خوارەوە و چاوەڕێ بوو پوورە مادلینا بە داوودەرمانەکانییەوە بگات و هەموو شتێك ڕێکوڕاست بێتەوە و ئازارەکانی بنیشێتەوە ... بەڵام هێشتا لە تووڕەییدا قوڵپی دەدا. ئیدی بە نەوایەکی لاواز لە پیرێژنە گچکەکەی پرسی:

- پیرسافۆن گیان، کەس بینیویەتی کە ئەو قەشە نەفرەتییە بە ئەرزیدادام. توخودا ئەو کەپووە پیسەت

ببەرە ئەولاوە، هەر ئێستا گەنوگووەکەت بەسەر مندا دەڕژێت.

– ئەوە باوکە تۆ دەڵێیت چی؟ ئەو کوللەیە تۆی بە ئەرزدا دابێت؟ ئیدی قسەی وا مەکە. نا باوکە، هیچ کەس نەیبینیوە تۆ بەئەرزدا درابێتیت. هیچکەس!

بەڵام دڵی قەشە ئارامی نەدەگرت:" هەمووی خەتای ئەو مانۆلیۆسە کافرە مەلعونەیە! ئەو مێشکی میکیلیسی تێکدا. ئەو ماریۆری کوشت. ئەو ساراکینایییەکانی هێنانە ئاوایی. ئەو یاناکۆسی هاندا تا ئاگر لە ئاوایی بەردا ... ئەو بەرپرسیاری هەموو ئەم کارانەیە. ئەی خاینی خۆفرۆش! کەوڵت دەکەم!"

لەسەر تەختەنوێنەکەی جێگەی بەخۆی نەدەگرت. یەك قاپ هێلکەماسی سوێری خواردبوو، پەرداخێك شەرابی خواردبۆوە:" دەبێ هێزم تێبێتەوە ... سبەینێ دەچمە لای ئاغا و داوای لێدەکەم تیپێك ژندرمەی تورك بهێنێت، ئەم بەڵشەویکانە بکاتە دەرەوە و نەزم و یاسا بەرقەرار بکاتەوە."

دەرگا کرایەوە و قەشە سەری هەڵبڕی:

- بەخێربێیت مادلینا. وەرە پێشەوە دەمەوێت شتێکت بەگوێدا بچرپێنم ...

پیرێژن نزیکی بۆوە، سەری دانەواند و قەشە لەژێر لێوەوە گوتی:

- .... ژنانی دەرودراوسێ بکەرە دەرەوە، دەرگاکە داخە و مریشکێکم بۆ سەر ببڕە.

# 21

**سپێدەی ڕۆژی دواتر، ئاغا لە خەو وەئاگابۆوە و گوێی بۆ دەرەوە ڕادێرا. نە دەنگی تەقوتۆق دەهات و نە هاوارێك دەگەییە گوێ. هەموو جێگەیەك بێدەنگ. ئەو ئارامییە ئاغای نیگەران دەکرد:" ئەی کافرانی نەعلەتی! بەو خێراییە هیلاك بوون؟ ئەدی بۆچی یەکتری ناکوژن؟"**

**مارتای بانگ کرد و پرسی:**

**– مارتا چ بووە؟ ئەرێ ئەوە ئیتر یەکتر ناکوژن؟**

**– نا ئاغا، ئارام بوونەتەوە. بەڵام یاخییەکان ماڵی پاتریارکاسی پیریان داگیرکردووە و نایانەوێ چۆڵیکەن. دەڵێن ماڵ ماڵی خۆیانە. مامۆستای داماویشیان کوشتووە!**

**ئاغا بەخۆشحاڵیی هاواری لێهەستا:**

**– کوژرا؟ زۆر باشە، ئەمەیان شتێکی باشە! یەکێك کەم بۆوە! ئەی قەشەکان؟**

- ئەوانە حەوت ڕۆحیان هەیە. تەنها سەروکەللەیان شکاوە. بەڵام وەزعیان باشە و نامرن.

- ئەمەیان خەراپە! دەبێ چاوەڕێی لێکبەربوونی دوواییی بین. بڕۆ ماییینەکەم بۆ زینکە.

پیرێژنی پشتکۆم لەوەدابوو بڕوات، ئاغا بانگی کردەوە:

- هێی لەعنەتی. ئەوە برایییمۆك لەکوێیە؟ سەبای ساڵحان لەدەستم هەڵات.

- ئاغا ... پلاژیا هات و بردی. هێشتا تاریکوڕوون بوو کە ئەو دەڵەسەگە هات بەدوایدا.

- هەی چەپەڵ! هێشتا ئەو کچەتیوە تێر نەبووە؟ نازانم ئەم هەتیوە هەرزەیە چی لەودا بینیوە؟ داماوە هێشتا مناڵە و دۆ و دۆشاو لەیەکتر جیاناکاتەوە ... بڕۆ ماییینەکەم زینکە!

باوە فۆتیس شەوەکی لەخەو هەستا. هێشتا ئازار دەیجەڕاند بەڵام ددانی بەخۆیدا دەگرت و گلەوگازندەی نەدەکرد. مانۆلیۆسی بانگ کرد و گوتی:

– مانۆلیۆس نابێ کات بەهەدەر بدەین. پیاوەکان بە چەند دەستە دابەش بکە و بەرەو باغ و ڕەز و باغی زەیتوونەکانیان بنێرە. لە هەرکام لە موڵکەکانمان سەرپەنایەکی توندوتۆڵ ڕۆبنێن تا هیچ کەس نەتوانێت وەدەرمان بنێت. منیش بەچەند کەسێکەوە لێرە دەمێنمەوە. بڕۆن و خودا پشتوپەناتان بێت!

– باوکە هێشتا ئازارت هەیە؟

– ئازار چ گرینگییەکی هەیە؟ ئێمە کاری گرینگترمان هەیە. پێیناوێ نیگەرانی وەزعی من بیت. گومانی تێدا نییە ئاغا دێتە ناو بەزمەکەوە.

مانۆلیۆس بۆ حەوشە گەڕایەوە. جەستەی بێگیانی مامۆستا لەسەر بەردچنی حەوشە پاڵخراو و چاوانی بڕیبوونە ئاسمان، چونکە نەیانتوانیبوو لێکی بنێن. ژنان چەند پەلکی داردێمشتیان لەسەری دانابوو. چەند پیرێژنێك لەدەوری کۆببوونەوە و ئارام و بێئەوەی لەخۆیان بدەن، دەگریان. دایکێك بە یادی کوڕە تازەکی لەدەستچووەکەیەوە چڵێك ڕێحانی نابووە دەستی

نوقاوی مامۆستا. کوڕەکە لە قوتابییەکانی هاجینیکۆلیۆس و مامۆستا زۆری خۆش دەویست.

مانۆلیۆس پیاوەکانی کۆکردنەوە و بەسەر سێ دەستەدا دابەشی کردن. هەمووان تێلا و چەکەکانی خۆیان لەگەڵ بڕێك ئازووخە کە پێیان دەبرا هەڵگرت، دەرگایان کردەوە و چوونە دەرەوە. گرووپێك دەبوو باغی میوەکانی پاتریارکاس داگیر بکەن، گرووپێکی تر ڕەزەکانی و گرووپی سێیەم باغی زەیتوونەکانی. ئاوایی لە خەودا و کۆڵانەکان چۆڵ. لە ماڵی لاداسی پیرەوە هێشتا دوکەڵ بەرزدەبۆوە. بەفری دەشتەکەی ئەو دەورووبەرە توابۆوە، ئاسمان بێ هەور و گەوەی پۆشراو بە بەفری کێوی ئەلیاس پێغەمبەر لەژێر ڕووناکیی سپێدەدا دەدرەوشایەوە.

زێوانی کلێسا بە ژنەفتنی تەپەی پێ، پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوە و کاتێ چاوی بە پەنابەرانی ساراکینا کەوت کە بە کۆڵاندا تێدەپەڕن، لە پلانەکەیان حاڵیی بوو. زوو بەزوو خۆی گۆڕی و بە زەردەخەنەیەکی شەیتانانەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:" دەبێ بڕۆم خوێنی

ئەو کابرایە بهێنمە کوڵ! من دەبوو ببوومایەتە ئەسقەف و ئەویش زێوان. بەڵام گەمەی چارەنووس لێنەگەڕا."
وایگوت و ئیدی بە پەلە بە کۆڵاندا هات و بەرەوماڵی قەشە ڕۆیشت. جارناجار بە ئەسپایی دەرگای ماڵێك دەکرایەوە و زوو بەزوو دادەخرایەوە. کەڵەبابەکان دەیانقووقاند. کە گەییشتە ماڵی قەشە، دەرگاکەی کردەوە و چووە ژووریَ. باوکە گریگۆریس لەسەر تەختەنوێنەکەی دانیشتبوو، لە پەنجەرەوە لە هەڵاتنی خۆری دەنۆڕی. شەوی پێشوو مادلینای پیرێژن مەرهەمێکی زەردی خەستی لە برینەکەی نێوچەوانی داو و بە پەڕۆیەکی ڕەش بۆی بەستبوو. ڕیشی قەشە تەنك ببۆوە و چنگێك ڕیشی لای ڕاستی لەگەڵ نیوەی سمێڵی هەمان لادا هەڵپاچرابوو. قەشەی خاوەن شکۆ لە پشیلەیەکی شەڕانی دەچوو کە پێکراو و کوڵك هەڵپاچراو لە جەنگ گەڕابێتەوە.
هەڵبەت ئەو نە هەستی بە ئازار دەکرد و نە شەرم، تەنها یەك خایلەی لە کەللەدا بوو، ئەویش کوشتنی مانۆلیۆس بوو. ئاخر وی تەکفیرکردن و تاراندنی

مانۆلیۆسی لە ئاوایی پێ بەس نەبوو، بەڵکو قەستی بوو خوێنی بخواتەوە. غەریزەی نوستووی مرۆڤخۆریی یادگاری ئینسانەکانی پێشوو لە سروشتیدا بێدارببۆوە و حەزی دەکرد بیتوانیبا مانۆلیۆس بە ئەرزدا بدا، بە پێ لەقە بیشێلێ و بە ددان قوڕگی هەڵدڕێ و خوێنی بمژێت! گورگی لە دەورانی کۆنی بە یادگار بۆماوە، لە بوونیدا دەیلووراند، لاساریی دەکرد و عیشق بە هاوڕەگەز، چاکەکاریی، مەسیحییەت، ترس لە خودا، بەهەشت و دۆزەخ، هەموو و هەموو لە بوونیدا سڕدرابوونەوە و جگە لە دڕندەیی، چ شتێکی تر لە بوونیدا نەمابوو.

زێوان ئاوی دەمی قووتدایەوە و نزیکی قەشە بۆوە. بەدوای ڕستەیەکدا دەگەڕا تا لەژێر پۆشاکی دڵپاکیی و دڵسۆزیی هەرچی زیاتردا، قەشە بهەژێنێ. بۆیە بە نیفاقەوە گوتی:

- باوکە بمبوورە ... ڕاستیان گوتووە کە کەشتی گەورە دووچاری تۆفانی گەورە دەبێتەوە! باوکە تۆ

کەشتییەکی گەورەیت بۆیە شەپۆلەکان قامچی لە قلافەتت دەسرەوێنن ...

قەشە هاواری کرد:

– هەی یەهوزا مەکەوە مەسخەرەبازیی! من تۆ باش دەناسم. تۆ بە بێ شەرمیی تەواوەوە دەتویست ببیتە ئەسقەف، بەلام نەتتوانی. لە دەمی تۆوە جگە لە ژەهر هیچی تر ناڕژێت ... کەواتە ئەملاولای ناوێت ... بڵێ بزانم چ بووە؟

زێوان تووڕەیی خۆی خواردەوە و بە نوکەنوکەوە کەوتە ڕشتنی ژەهری خۆی:

– باوکە فۆتیس وەزعی باش بووە و ساخ و سەرحاڵە.

– چیتر ئەی یەهوزا؟ ژەهرەکەت هەمووی بڕێژە و ئاسوودەم کە!

– ئەمڕۆ بەیانی ساراکینابییەکان چوون تا موڵکەکانی پاتریارکاس داگیرکەن. بە چاوی خۆم بینیمن. ئێمە شەڕەکەمان دۆڕاند.

– هەی خاکی دونیا بە سەرت! چیتر؟

- هەموو ئاوایی باسی ئەوە دەکەن گوایە باوکە فۆتیس پشتی تۆی داوە لە ئەرز. چ ڕیسواییەك!

- وەرە پێشتر ببینم هەی پیرەمێردی قەشمەر!

بەڵام زێوان کە لەدەستە قورسەکەی قەشە دەترسا بۆ قوژبنێکی ژوورەکە کشایەوە و گوتی:

- لە هەموویشی خەراپتر ...

- لە هەمووی خەراپتر چی؟ قسە بکە! قسە بکە هەی ناڕەسەن! زووکە! ڕۆحمت هێناوەتە سەر کەپوو!

- لەهەموویشی خەراپتر ئەوەیە ... باوکە ئازایەتیت هەبێت! ئێمە هەموومان فانین و دەمرین ...

قەشە قوتووی ئاسنینی تووتنەکەی هەڵگرت و گرتییە زێوان. بەڵام زێوان سەری دانەواند و قوتووەکە بەر دەرگاکە کەوت، کەوتە سەر ئەرزەکە و تووتنەکە بە ئەرزی ژوورەکەدا بڵاوبۆوە:

- قسە بکە ئەگینا هەڵدەسم و لێدانێکی وا لێتدەدەم کە ..... لە هەمووی خەراپتر چی؟

- باوکە مەگەر نەتزانیوە؟ ئاه! چۆن دەتوانم بیڵێم؟ باوکە گوتنی زۆر زەحمەتە ... براکەت ...

قەشە کە ئیتر لە حەوسەڵەیدا نەمابوو، کوتوپڕ بەتانییەکەی سەر خۆی بۆ سووچێك فڕێدا، لەجێگەکەی ڕاپەڕی و شاڵاوی بۆ زێوان برد. زێوان تەنها فریای ئەوە کەوت لەودیو مێزێك و دوو کورسییەوە سەنگەر بگرێ و کاتێ هەستی بە ئەمنییەت کرد، بە لالانەوەوە نالاندی:

– براکەت کوژرا!

قەشە برینەکەی هەمدیس کولایەوە، هەڵایساو پرسی:

– کێ؟ کێ کوشتوویەتی؟

– نازانم باوکە. لەکوێوە بزانم؟ ئەویان بەسەری شکاوەوە لە چاڵێکدا دۆزیوەتەوە. گوایا بەردێکی گەورە مێشکی پژاندووە .. ئێستایش جەستەی لە حەوشەی ماڵی پاترپارکاس کەوتووە ...

– مەلعون تۆ گومانت بۆ کێ دەچێ؟ گومانت لەهیچ کەس نییە؟

– باوکە چ بڵێم؟ نا گومانم لە کەس نییە ... هەڵبەت ... مەبەستم ئەوەیە ...

– هەڵبەتە قسە نییە. باش بیر بکەوە. تۆ پیاوێکی ئاقڵیت و دەبێ بزانیت چ بووە ...

قەشە بە ئارامیی مێز و کورسییەکانی لابرد، چووە نزیك زێوان و دەستی نایە سەر شانی:

– تۆ دەزانیت چ بووە و هەر ئەوەیشە کە تۆ دەیزانیت. تۆ پێتوایە ...؟

– من زۆر لەوێ نەمامەوە. هەڵبەت وابزانم شتگەلێکم بینیون، بەڵام نامەوێ گوناهی هیچ کەسێك بێتە ئەستۆم..

– لە دۆزەخ مەترسە. من لەلاتەوەم. مەترسە ... منیش پێموایە ئیشی ئەو شەیتانە بێت ... تۆ ئەوت بینی! تۆ بەچاوی خۆت بینیت!

زێوانی داماو کڕ ببوو. لە قەشە دەترسا. ترسیشی لە دۆزەخ هەبوو و نەیدەزانی پەنا بۆ کام قەدیس بەرێت.

قەشە بەتوندی ڕایتەکاند:

– تۆ دەبێت شایەتیی بدەیت! تۆ دەبێت یارمەتیم بدەیت! تۆ خۆت دەزانیت چەندێك خاتری تۆم دەوێت. وەرە یارمەیتم بدە خۆم بگۆڕم. من دەبێ بچم بۆ لای ئاغا و تۆڵەی خوێنی براکەم وەربگرم ... کەواتە تۆ بەچاوی خۆت بینیوتە؟

- باوکە چیت عەرزکەم؟ ڕەنگە بینیبێتم. ڕەنگیشە نا!

قەشە بەتووڕەیی دەستی هەڵبڕی و زێوان خۆی گرمۆڵە کرد:

- تۆ بکوژەکەت بینیوە! بۆچی ڕاست ناڕۆیت؟ تۆ بینیوتە هەی نارەسەن!

زێوان سەری هەڵبڕی و کاتێ دەستە هەڕەشەئامێزەکەی قەشەی بەژوور سەری خۆیەوە بینی، هاواری کرد:

- باوکە ئەگەر دەتەوێ یادم بێتەوە ئەوا ڕوخسەت بدە حەواسم گردکەمەوە.

- زۆر باشە ڕوخسەت دەدەم.

زێوان لەفیکرەوە چوو: " گوتم بینومە، بەڵام نەمگوتووە کێ! کەواتە لە هیچ گوناهێکەوە ناگلێم." ئیدی بەو مەنتیقە ئارامیی خۆی وەدەست هێنایەوە:

- بەڵێ باوکە ئەوم بینی! ئێستا بیرم کەوتەوە. سوێند دەخۆم ئەوم بەچاوانی خۆم بینی، ئەویش کاتێك تۆ لەسەر ئەرزەکە کەوتبوویت و باوکە فۆتیس بە ئەژنۆ فشاری دەدایت تا ...

- زۆر باشە. بەسە. دەمت داخە! ئیدی لەسەر ئەوەیان مەڕۆ. وەرە یارمەتیم بدە خۆم بگۆڕم. جێی شوکرە کە تۆ ئەو دژە مەسیحەت بینیوە! خۆت نازانیت چ خزمەتێك بە مەسیحییەت دەکەیت...!

زێوان کە لەخۆشحاڵیدا لەپێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە، جلکەکانی قەشەی بێشەرمی لەبەرکرد، ئەرەقچنەکەی کردە سەری، چووە ژێر باڵی و بەرەو لای دەرگاکەی برد.

- بۆ ماڵی ئاغام بەرە. بەڵام هێورتر ئەی ناپاك! پاشان بڕۆ و پێیان بڵێ جەنازەکە بۆ کڵێسا ببەن.

ئاغا لەوەدابوو ئامادە دەبوو تا لەسەر پشتی مایینەکە دانیشێت، چاوی بە باوکە گریگۆریس کەوت و بە بینینی سەری خوێناوی و بەستراوی وی لە قاقای پێکەنینیدا:

- بنۆڕە چ ڕۆژێك تێکەوتوویت! ئەرێ ئەوە کێ وای لێکردوویت؟

قەشە باسکی بەرەو لای ئاغا ڕایەڵ کرد و هاواری کرد:

– ئاغا بگەرە هاوارمان! تۆڵەی ئێمە لەمانۆلیۆس بکەوە. ئەو چۆتە بنکڵێشەی ساراکینایییەکان بۆ هەڵایساندنی شۆڕش. ئەو ئاگری لە ئاوایی بەرداوە. ئەو سەری منی شکاندووە. ئەو براکەی من، مامۆستای گوندی کوشتووە! من شاهیدم هەیە! لە تۆ کە نوێنەری دەوڵەتی قودرەتمەندی تورکیایت لە لیکوڤریسی، داوا دەکەم تۆڵەی ئێمە لە مانۆلیۆس وەربگریت و عەدالەت بەرقەرار بکەیت. مانۆلیۆس بگرە و بە منی بسپێرە تا دادگایی بکەم. هەمو خەڵکی ئاوایی هاواری دەستگیر کردنی دەکەن.

– ئەم هاتوباتە چییە ناوتەتەوە هەی لەعنەتیی؟ گوێت کەڕ کردم! وەرە دانیشە بزانم. ئێستا مارتا قاوەت بۆ دێنێ تا بێیتەوە سەرخۆت. چ نەبووە. ئێوە هەمووتان ڕۆمیین. سەریشتان هەر ڕۆمییە و کاتێ بەر یەکتری دەکەوێت ئەوا وەك هێکلە دەشکێت. کەواتە جێی سوپاسگوزارییە!

قەشە جارێکی تر هاواری کرد:

- مانۆلیۆسم تەسلیمکە.

وایگوت و پاڵی بەدیوارەکەوە دایەوە تا نەکەوێت.

مارتا ڕایکرد، کورسییەکی بۆ هێنایە پێشەوە و لەسەری داینیشاند. ئاغا بە ئارامیی ئامادە دەبوو. فیشەکبەندەکەی بەستبوو. دەمانچە زیوینەکەی کردبوو بە لاقەدیدا و قامچییەکەشی بە شانیدا دابوو.

لەو کاتەدا دەرگاکە کرایەوە، پیرەمێردێکی گچکە، شڕپۆش و شپرزە، پێ پەتی و کووڕ، بە دەموچاوێکی سووتاو و برینداروەوە بەحەوشەدا هات و خۆی بەسەر پێوپلی ئاغادا دا.

- ئاغا ڕوحمم پێبکە!

ئاغا بە پێلەقە لەخۆی دوورخستەوە و گوتی:

- تۆ هەمان لاداسی پیر نیت؟ ئەمە چ قلافەتێکە هەتە؟
- ئەوانە هەموو شتێکیان سووتاندم. کوپەڵەکانیان شکاندم و بەرمیلەکانیان ڕشتم و قاسەکانمیان شکاند و جلەکانمیان سووتاند و دڵیان ونجڕ کردم.
- کێ وای لێکردوویت هەی نەگبەت؟
- مانۆلیۆس! مانۆلیۆسی بەڵشەویك!

قەشەیش بەنۆرەی خۆی هاواری کرد:

- ئاغا ئێمە شایەتمان هەیە! پانایۆتیس ئەوی بینیوە، زێوانی کڵێسا ئەوی بینیوە. من خۆیشم ئەوم بینیوە.

لاداسی پیر بە لالانەوەوە پاڕایەوە:

- ئاغا بیسووتێنە، بەهەمان ئەو تەرزەی کە ئەو منی سووتاند! لە گۆڕەپانەکە دار دانێن و ئەو چەتەیە بە قەتران بسووتێنن!

ئاغا سەری خوراند و تفی لە عەردەکە کرد:

- هەمدیس سەرئێشە، هەمدیس بەدبەختیی ... هەی ڕۆمییە لەعنەتییەکان!

لە حەوشەکە دەهات و دەچوو، قامچییەکەی دەهێنایە دەنگ و بەهەر زەربەیەکی قامچییەکە، تووڕەییەکەی زیاتر دەبوو. دواجار بە ڕوخسارێکی سوورهەڵگەڕاو هاواری کرد:

- سوێند بە محەممەد، یەکە یەکە هەمووتان .. هەر لە ڕیش سپیتانەوە تا بەڵشەویك، لەدار بدەم!

لەم کاتەدا دەرگای حەوشە کرایەوە و پانایۆتیس شەلەشەل و بەبێ تەڕبوش هاتە ژوورەوە. لە یەك دەمانچە زیاتری بە لاقەدەوە نەبوو. جلکەکانی دڕاو بوون و سەراپای خۆڵاوی و خوێناوی. ڕوخساری ئاوساو و لێرەو لەوێ شین هەڵگەڕابوو. ئاغا نەیتوانی خۆی لەبەر پێکەنیندا بگرێت:

– ئەدی ئەم دەعبا بێ قۆچ و کلکە کێیە؟ ناوت بنێم چی؟ ورچی بێ کوڵك، وشترەوان یاخۆ پانایۆتیس؟

پانایۆتیس نائومێدانە پاڵی بەدیوارەکەوە دادا و بێئەوەی وەڵام بداتەوە، لەبەرخۆیەوە مڕەمڕێکی کرد. ئەژنۆی دەئێشا و نەیدەتوانی بەپێوە خۆی ڕاگرێ. ئیدی وردە وردە بەلاداهات تا تەختی ئەرزەکە بوو. ئاغا لەو سێ کەسەی دەنۆڕی کە بەو بەرەبەیانە بۆ سەردانی هاتبوون، قەشە لەسەر کورسییەکە گرمۆڵە ببوو، دەینالاند، دیمرخاند، دەستی دەلەرزی و قاوەکەی بە جبەکەیدا دەڕشت. لاداسی پیر بە چاوانێکی سوورەوە وەك کەروێشکێکی نەخۆش لەبەر پێیدا کەوتبوو، هێور سەری دەلەقاند و بەردەوام وەك

بڵێیت کاوێژ بکا دەمی دادەخست و دەکردەوە. پانایۆتیسیش سەر و هەردوو پێی لەنێو تۆپەڵێك قوڕ و پەڕۆوە هاتبووە دەرەوە.

- تەماشایانکە! دەڵێی کەشتی لەقوڕاودا چەقیو و ئالآی بۆ سەر عەرد کەوتوون. تەماشای ئەم کۆڵۆنوێڵە بێ ڕوتبانە بکە! ئاوێنەی تەمام نومای ڕۆمییان! ئێوە حەوشەکەمتان بۆگەن کرد! هێی مارتا، بڕۆ ئیسفنجێك بێنە و ئێرە پاککەرەوە!

قەشە کە عەباکەی تۆزوخۆڵاویی بوو، سەری هەڵبڕی و گوتی:

- ئاغا بیرت نەچێ کە دەبێ وەڵامگۆی حکومەتەکەی خۆت بیت. ئێمە لێرە لەگەڵ یاخییەکی بەگرێگیراوی مۆسکۆدا دەرگیرین کە ئەرکی پێسپێردراوە ئاوایی وێران بکا ... تورکیا ژێرەوژوور بکا. ئەم مەسەلەیە هاسان وەرمەگرە و پێمەکەنە! دەبێ مشت بێنیتەوە یەك و بسرەوێنیت! کاتێ گورگ دەکەوێتە نێو ڕەوەوە چ دەکەن؟ دەیکوژن! تۆ مانۆلیۆس تەسلیمی ئێمە بکە

و ئیدی ئەویتری لەسەر خۆمانە و پێویست ناکات بێیتە نێو شەڕەکەوە. ئەلعان خەڵکی ئاوایی لەبەر پەنجەرەکەتا کۆدەبنەوە و ئەو تاوانبارەیان لێت دەوێت. دەنگی خەڵك هەمان دەنگی خودایە، کەواتە گوێ لە دەنگی خەڵك ڕادێرە. تۆ ئاغای ئاواییت و دادوەریی ئەرکی تۆیە!

ئاغا بە قووڵیی لەفیکرەوە چوو:" ڕۆمییەك کەم بێتەوە ئەمەیش بۆ خۆی دەسکەوتە. بەتایبەتی کە خۆم نایەمە نێو هەراکەوە ... دەبێ باش لێکیبدەمەوە..."

پانایۆتیسیش بەنۆرەی خۆی هاواری کرد:

- ئاغا بۆچ هێندە دەیهێنیت و دەیبەیت! من خۆم ئەوم بینی کە یەك بەردی گەورەی کێشا بەسەری ماملۆستادا و کوشتی. من بەم چاوانەی خۆم بینیم کە دەبە نەوتەکەی بە یاناکۆسدا و گوێم لێی بوو پێیگوت:" یاناکۆس بڕۆ هەموو جێگەیەك ئاگر تێبەردە و لە ماڵی ئاغاوە دەست پێبکە. بڕۆ ئەو

سەگە بسووتێنە تا ئاوایی لە شەڕی تورك ڕزگاری بێت!"

ئاغا لە تووڕەییدا هەڵایسا:

- هەی مەلعون! پانایۆتیس ئامادەیت سوێند بخۆیت؟ سوێند دەخۆیت؟

پانایۆتیس نیوە سەیرکردنێك لە قەشەی نۆڕی و کاتێ ئامارژەی ئەوی بینی، گوتی:

- ئاغا سوێند دەخۆم!

باوکە گریگۆریس لە هەمانکاتدا کە هەوڵی دەدا لەسەر کورسییەکە هەستێت، گوتی:

- ئەو بەڵشەویکە ئاغا. ئامانجی وێران کردنی تورکیایە و لە مۆسکۆوە کنە دەدرێت. ئەگەر ڕێگە بدەین بە زیندوویی بمێنێت ئەوا بەهێز دەبێ و دونیا ژێرەوژوور دەکا.

ئاغا کە کەمێك نیگەران ببوو، گوتی:

- هێند زیادی پێوە مەنێ قەشە!

دواجار قەشە لەجێگەکەی هەستا، هەموو توانای کۆکردەوە و چووە نزیك ئاغا:

- زۆری پێوە دەنێم؟ بیرتچۆتەوە ئەو کێ بووە و ئێستا بە کوێ گەییوە؟ شوانی بێ دەرەتانی خودان پاتریارکاس کە نە مەڕێکی هەبوو نە یەك بست ئەرز، کەچی ئێستا بەپشتیوانیی مۆسکۆ بووەتە خاوەنی هەموو شتێك. ئێستا بووەتە ڕەییس، خەڵك دەکوژێت، لەوسەری دونیاوە باوکە فۆتیس و دارودەستە بەڵشەویکەکەی دێنێ و لەپاڵ ئێمەدا ئاواییەك قووت دەکاتەوە، سوێند دەخوات ماڵی تۆ ئاگر تێبەردا و خۆیشت بکوژێت و لەگەڵ بەڵشەویکە مۆسکۆییەکاندا ئاوایی تاڵانکات ... ئاغا ئاگات لەخۆت بێت. گیانت لە مەترسیدایە. گورگ هاتۆتە پشتیرەکەتەوە. بیکوژە!

ئاغا بەڕاستی دووچاری سەرئێشە ببوو. ئەو تا ئەو کاتە مەسەلەکەی هاسان وەرگرتبوو. ئەوەی بە کێشەی ڕۆمییەکان خۆیان دەزانی و پێی باشتر بوو قاچ لەسەر قاچ دانیشێ تا ئەوان یەکتری قڕکەن. بەڵام ئێستا مەترسییەکە بەرەو تورکیا پەلی هاویشتبوو. ئەگەر لێگەڕێ ئەو کرمە گیان بگرێت ئەوا بۆ سەر وڵاتەکەی

دەبووە خەتەر... کەواتە قەشەی ڕیش بزنیی ڕاست دەکا. گورگ هاتۆتە نێو پشتیری مەڕەکانەوە و ئەگەر نەیکوژێ ئەوا خۆی بەدەستی ئەو دەکوژرێت!

- گەرچی کێشەی نێوان ئێوەی ڕۆمییەکان پێوەندیی بە منەوە نییە، بەڵام دەبینم مەسەلەکە تەنها ناکۆکیی نێوان ڕۆمییەکان خۆیان نییە و مەترسییەکە لەوە گەورەترە ... خێرا بڕۆن لەبەر چاوم مەمێنن! دەبێ بە تەنیا بیربکەمەوە تا بزانم دەبێ چ قوڕێك بەسەری خۆمدا بکەم ... زووکەن گۆڕتان ونکەن!

وایگوت و ئەوسا قامچییەکەی بەسەر سەریاندا سووڕاند و لە پشتییانی سرەواند. سێ میوانەکە حەپەساو، سەریان لەژێر قامچیدا نەوی کرد و لەکاتێکدا پەلەپەل بەر یەکتری دەکەوتن، بەرەو لای دەرگاکە تێیان قووچاند. ئاغا بە پێلەقەیەك دەرگاکەی بەدوایانا داخست و هاواری کرد:

- مارتا بوتڵێك عارەق بێنە، گەرەکمە بڕیارێکی گرینگ بدەم!

*

باوکە گریگۆریس و لاداس لەهەمان کاتدا کە بە کۆڵانەکانا ڕایاندەکرد، داوایان لە زێوان دەکرد ناقوسی کڵێسا بهێنێتە زرینگە. گوندنشینان ڕژانە گۆڕەپانەکە. بریندارەکانیش هاتن. ئەوان لەوەی کە نەیانتوانیبوو شڕپۆشان وەدەربنێن، تەواوی شەویان بە شەرمەزاریی گوزەراند و ئەلعانیش تووڕەو تۆڵەستێن دەیاننواند. قەشە کە گیانێکی تازەی تێهاتبۆوە، هاتە گۆڕەپانەکە و هاواری کرد:

– ڕۆڵەکانم. سوکایەتییمان پێکراوە. ئێمە دەبێ تۆڵەی خۆمان بکەینەوە! من لەگەڵ ئاغادا قسەم کرد و گەیشتووینەتە ئەنجام. کێ بەرپرسیاری بەدبەختییەکانی ئێمەیە؟ تەنها مانۆلیۆسی کافرە و بەس! هەنووکە کاتی ئەوە هاتووە سزای تاوانەکانی وەربگرێت. ئاغا ئەومان تەسلیم دەکات، ئێمەیش دادگایی و مەحکومی دەکەین و خوێنی دەخۆینەوە! هەمووان هەستنە سەرپێ! ئێوە دەبێ

لەبەردەم ماڵی ئاغادا کۆببنەوە، یەخەی خۆتان دادڕن و هاوارکەن:" مانۆلیۆس! مانۆلیۆس! مانۆلیۆس! مردن بۆ مانۆلیۆس!" ئەمە و تەواو! ئەودوای کارەکان بە من بسپێرن!

ئەوسا بە پەلە بەرەو کڵێسا ڕۆیشت، بەسەر جەنازەی براکەیدا دانەوی و دووایین ماچی نێوچەوانی کرد و لەکاتێکدا کە خەیاڵی لە شوێنێکی تر بوو، دۆعای لەسەر خوێند. گوندنشینان جەنازەکەیان هەڵگرت و بۆ گۆڕستانیان برد. قەشە کە خۆی بە گۆچانە درێژەکەیەوە گرتبوو، بەیادی تاڤ منداڵیی کەمێك گریا. بە پەلە مامۆستایان بەخاك سپارد و هەرکام لەگوندنشینان قومێك عارەقی بۆ ئارامیی ڕۆحی وی هەڵقوڕاند. پاشان هەموان بڵاوەیان لێکرد، چونکە بە پەلە بوون و خەیاڵیان لەشوێنێکی تر بوو.

نزیکی نیوەڕۆ، ئاغا مەست و بێهۆش بڕیارە گرینگەکەیدا و پانایۆتیس کە وەك سەگی دارکاری کراو لەپاڵ دەرگاکەدا کروشکەی کردبوو، بانگ کرد و گوتی:

- لەعنەتی وەرە پێشەوە! ئەرێ هێشتا دەتوانیت بڕۆیت؟
- ئەگەر مەسەلەکە مانۆلیۆس بێت، بەڵێ.
- سەرە بێ مێشکەکەت دەبینم بەڵام تەڕبوشەکەت نابینم. هەی وەحشی بێ دین تەڕبوشەکەت چ لێکردووە؟
- دوێنێ لەگوێ چاڵاوی قەدیس ڤاسیلیی دامنا و دەڵێن مادلینای پیر هەڵیگرتووە. هەر ئێستا یەکێک دەنێرم وەریبگرێ و بۆم بێنێت.
- تەڕبوشەکەت بکەرە سەر و ئەگەر بە تەنها ناتوانیت ئەوا دوو کەسی مل قەوی لەگەڵ خۆتا ببە و مانۆلیۆس بۆ ئێرە بێنن. بڕۆ ئیتر لەبەرچاوم مەمێنە!
- مردوو یان زیندوو بیهێنم؟
- زیندوو!

گەچخۆر ئیدی نەدەشەلی. لە شادومانیدا باڵی لێڕوا، بە هەڵەداوان دەڕۆیشت و دەستی لەیەکتر دەخشاند:"

مانۆلیۆسی نەگبەت ئیتر حیسابت فت! بژی پانایۆتیسی یەهوزا. دواجار کەوتیتە چنگمان!"

مانۆلیۆس و هاوڕێکانی لە باغە گەورەکەی پاتریارکاس نزیك زەریاچەی ویلدومانا دامەزرابوون و پەناگای خۆیان ڕۆنابوو. مانۆلیۆس پاسەوانانیشی دەستنیشان کردبوون و دەیویست لەگەڵ شەو داهاتندا بۆ ئاوایی بگەڕێتەوە، سەرو گوێلاکێکیش بشواو و لەگەڵ باوکە فۆتیسدا بدوێت، لەوکاتەدا زرینگەی ناقوسەکە دردۆنگی کرد.

کەمێك دوای نیوەڕۆ کۆستانتیس بە پەلە هاتە لای و هەواڵی ئاوایی هێنا:

- باوکە گریگۆریس هەمدیس ئاوایی وروژاندووە. بە سەری شکاوەوە ئاوایی دەگەڕێ و گوندنشینان بۆ ماڵی ئاغا کێشدەکا تا هاوارکەن:( مردن بۆ مانۆلیۆس! ئەو خەتابارە!) مانۆلیۆس ئەوان تۆیان دەوێت. گەرەکیانە دەسگیرتکەن و هەموو بەزمەکە

بەسەر تۆدا ساخ بکەنەوە. ئەوان دەیانەوێ تۆ وەك بەڵشەویك و پیاوکوژ و بەرپرسیاری ئاگر خستنەوە دادگایی بکەن. باشترە خۆت بشاریتەوە و بۆ چیا بگەڕێیتەوە. هەرچی زووتر بڕۆیت باشترە. گیانت لە مەترسیدایە. خەڵکەکە هەمووی هار بوون!

- جێگەی من لێرە لای براکانمە. ئەوان لە مەترسیدان. کوستانتیس من چۆن دەتوانم ڕاکەم؟ بە ڕاست ئەوانیتر چییان بەسەر هاتووە؟ بینیتن؟

- یاناکۆس هات گوێدرێژەکەی وەرگرتەوە و بردی. وا بزانم بۆ باغی زەیتوونی بردووە و هەر لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا دامەزراوە. وەزعی باوکە فۆتیس باشتر بووە. دەیگوت سبەینێ لەجێگە هەڵدەسێ و بۆ بینینی دەچێت. دەیگوت ئاغای تورك توندوتیژ و دڵڕەقە، بەڵام شەڕانگێز نییە. ئەو حەقی خۆمان دەداتێ. بەڵام مانۆلیۆس من نیگەرانی تۆم. چونکە قەشە سوێندی خواردووە حیسابیت بۆ بکا و ...

- چ باشتر كوستاتيس! لێگەڕێ با هەموو تاوانەكان بخەنە ئەستۆی من. كاتێ داخی دڵی خۆی بە من دەڕێژێ، ئیدی هێور دەبێتەوە و هەقی بەسەر هاوڕێكانمەوە نابێت. ئەمەش ڕێك ئەو شتەیە كە من گەرەكمە. من هەموو تاوانەكان دەخەمە ئەستۆی خۆم و دەڵێم دزیم كردووە، پیاوم كوشتووە، ئاواییم سوتاندووە و من بەڵشەویكم. هەرچی بڵێن قەبوڵمە بەو مەرجەی هەقیان بەسەر ئەوانیترەوە نەبێت ... من دەڕۆم و خۆم تەسلیمی ئاغا دەكەم.

چاوانی كوستانتیس لە حەپەساندا دەرپەڕیبوون. ڕوخساری مانۆلیۆس لەبەرچاویدا نوورانی و باڵای بە بەرزایی كۆڵەگەیەك دەچوو كە بەنێو پەلك و گەڵای درەختاندا هەڵكشابێت. كەمێك دواتر پێڵووی تروكاند و گوتی:

- مانۆلیۆس من لەو ئاستەدا نیم ئامۆژگاری تۆ بكەم. ڕۆحی من لە خۆم، لە خێزانەكەم و دەست بەرزبكەمەوە لە چەند هاوڕێیەك ئەولاوەتر ناچێت. لەكاتێكدا ڕۆحی تۆ بە فراوانی یەك میللەتە. ئەوەی

من به نزیك بوونەوە لێی، بە ترسەوە لێی دەنۆڕم تۆ بە ڕوویەکی گەشەوە بۆ پیشوازی لێکردنی دەکەویتە خۆ. ئەوەی من ناوی دەنێم ترس، تۆ بە ئومێد بانگی دەکەیت. تۆ ئیرادە و توانای ئەوەت هەیە پێ لەسەر جێگەپێی مەسیح دانێیت. کەواتە مانۆلیۆسی ئازیز ئەو شتە بکە کە خودا داوای لێکردوویت ....

مانۆلیۆس بەرەو دەرگای باغەکە ڕۆیشت:

– وەرە با بڕۆین.

کوستانتیس بە سەرێکی نەوییەوە لە دوایەوە دەڕۆیشت و بە گوێ چۆمەکەدا تێدەپەڕین.

ئاسمان شین و هەوای زستان وەك بلوور تەنك. ئاوی چۆمەکە بە ڕەنگێکی سەوزی تۆخ و قامیشەکانی کەنار و داربییەکانی لەخۆیدا ڕەنگ پێدەدایەوە. لەقلەقێك لەسەر یەك قاچ ڕاوەستاو و دەینۆڕی. دوو لەقلەقی تر بێدەنگ و باڵ بە باڵ لەکاتێکدا کە پێیەکانی خۆیان بەژێر زگیانەوە نووساندبوو، دەفڕین و برسییانە قووڵایی ئاوەکەیان دەپشکنی.

مانۆلیۆس ئارام لە چۆمەکە و دارە ڕووتوقووتەکانی ئەو دەوروبەرەی دەنۆڕی کە جەستەی خۆیان بە ڕووناکیی سپاردبوو. پاشان چاوی هەڵبڕی و لە کێوی ساراکینا و ئەو سێبەرە وەنەوشەییەی کە پۆشیبوویی و کڵێسای بە بەفر پۆشراوی ئەلیاس پێخەمبەر کە بە گەوەکەیەوە خۆی دەنواند، ورد بۆوە. ئەوسا تەماشای دەشت و کێڵگە و باغی زەیتوون و ڕەزەکانی کرد. دارەزگیلەکان پشکوتبوون و لیمۆ لەنێو پەلکی دارلیمۆکاندا ئارنگیان دەهات. دارچوالەیەك نزیکبوونەوەی وەرزی بەهاری هەستپێکردبوو، چرۆکانی سەریان لەژێر توێکڵەکەیەوە هێنابووە دەرێ و لەوەدابوو بپشکوێن.

مانۆلیۆس زەردەخەنەیەکی هاتێ:

– دونیا چەندە جوانە ...

کوستانتیس لەفیکرەوە چوو:" گا ڕۆحی مرۆڤ لەو جوانترە." بەڵام چ قسەیەکی نەهێنایە سەر زار.

ڕێگای ئاواییان گرتەبەر. ناقوس هەروا لێیدەدا و لە دوورەوە ژاوەژاوی شاراوەی مرۆڤەکان تێکەڵاوی حەپەی سەگ دەبوو، دوو سێ کەڵەباب دەیانقوقاند.

مانۆلیۆس گوتی:

– هەوا دەگۆڕێت. گوێ لە قووقەی کەڵەبابەکان ڕادێرە...

– بەڵام کوستانتیس لێوی لەسەر یەك ناو و دەترسا ئەگەر لێوی هەڵبێنێتەوە، ئەوا کوڵی گریانی بەردەبێ. بۆیە هەروا سەری لەژێرەوە ناو و وەدووی مانۆلیۆس کەوتبوو.

نزیك چاڵاوی قەدیس ڤاسیلی کوتوپڕ پانایۆتیس، تەڕبوش بەسەر لەگەڵ دوو زرتەزەلامی تێڵا بەدەستدا، لەنێو تەلانەکانەوە دەرپەڕین. کوستانتیس لەجێگەی خۆیدا وشك بوو، بەخۆی گوت:" بۆ دەسگیرکردنی وی هاتوون." ویستی ڕاکات بەڵام شەرمی کرد و هەڵلەرزیو لەجێگەی خۆیدا مایەوە.

پانایۆتیس بە ئیشارەت لە دوو یاوەرەکەی داواکرد لەجێگەی خۆیاندا ڕاوەستن و خۆیشی لەخۆباییانە و

لەکاتێکدا کە هەوڵیدەدا شەلەشەلییەکەی بشارێتەوە، هەنگاوی بۆ پێشەوە نا و گرژ و مۆن دەستە زلەکەی هەڵبڕی:

- کافر بۆ کوێ دەڕۆیت؟
- ناڕەحەت مەبە پانایۆتیس. خەریك بووم بۆ لای ئاغا دەچووم. بیستوومە بەدوامدا دەگەڕێ و گەرەکمە خۆمی تەسلیم بکەم.

پانایۆتیس لەجێگەی خۆیدا ڕاوەستا و دەستی شل بوو:

- ناترسیت؟ لە ئاغا ناترسیت؟ لە قەشەی ئاوایی ناترسیت؟ بۆ تۆ خۆت بە چی دەزانیت؟
- پانایۆتیس، ئەو کەسەی لەمەرگ نەترسێت ئیدی لە هیچ کەسێك ناترسێت، نهێنی مەسەلەکەیش لێرەدایە ... وەرە با بڕۆین!
- پێشکەوە تا نەتوانیت هەڵبێیت. منیش لەدواتەوە دێم ...

ئەوسا ڕووی کردە دوو یاوەرەکەی و گوتی:

- ... ئێوە بڕۆن! من خۆم دەیبەم. بچن بەلای کاری خۆتانەوە! کوستانتیسی بەڵشەویکی مەلعون تۆیش لەم ناوەدا مەمێنە!

کوستاتیس حەپەساو لە مانۆلیۆسی دەنۆڕی. مانۆلیۆس گوتی:

- کوستانتیس گیان بڕۆ، بڕۆ ماڵەوە بۆ لای منداڵەکانت و بەتەنێ جێمبێڵە.

پانایۆتیس و مانۆلیۆس بە تەنێ مانەوە و بێ ئەوەی لێو بۆ قسە هەڵبێننەوە، کەمێك لە ڕێگەکەیان بڕی. دواجار مانۆلیۆس بێدەنگیی شکاند و بە میهرەبانیی گوتی:

- پانایۆتیس، هێند لێم بێزاریت کە مردنم بۆ بە ئاوات دەخوازیت؟ مەگەر من چیم لێکردوویت؟

پانایۆتیس بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە:

- بەم زمانە لەتەکمدا مەدوێ. تۆ دڵی منت شکاند ... ڕوخساری بێوەژن بە زەردەخەنە شادومانانەکەی، لێوی سوور، ددانی سپیی و درەوشاوە، پرچی ئاڵتوونیی بە ڕەنگی هەنگوین و ناز و عیشوەکانی

شەوانەی، لە زەینیدا ژیایەوە و فرمێسك زایە چاوانی.
ئەوسا هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەناسەساردانە گوتی:

– ...مانۆلیۆس کاتێك تۆ کوژرایت منیش خۆم دەکوژم. من تەنیا بۆ کوشتنی تۆ زیندووم. دوای ئەوە ئیدی بۆچ بە زیندوویی بمێنم. ئەوسا بەیەك فیشەك خۆم دەگەیەنمە دۆزەخ.

خۆیان کرد بە ئاواییدا. ناقوس هەروا لێیدەدا. هەموو خەڵکی ئاوایی لە گۆڕەپانی گوند و لەبەردەم ماڵی ئاغادا کۆببوونەوە و ببووە هەرا.

مانۆلیۆس بۆ ساتێك ئێستێکی کرد و پرسی:

– ئەوە دەڵێن چی؟

– خۆت تێدەگەیت هەی کافر! زووکە بەڕێکەوە!

هاوارەکان ئاشکرا و ئاشکراتر دەبوون. مانۆلیۆس وشەکانی لەیەکتر جوێ دەکردنەوە، بزەیەکی تاڵی هاتێ، گوڕیدایە هەنگاوەکانی و لەبەرخۆیەوە گوتی:" هاتم ... هاوار مەکەن ... وا هاتم ..."

حەشاماتی تووڕە بە بینینی مانۆلیۆس، شاڵاویان بۆ برد، بەڵام پانایۆتیس بۆ دواوە ڕایماڵین و تێیخوڕین:

– هیچ کەس بۆی نییە دەستی بۆ بەرێت! ئەو هی خۆمە! کەمێك حەوسەڵەتان هەبێت!

خەڵکەکە هاواریان دەکرد:

– دز! تاوانبار! بەڵشەویك!

باوکە گریگۆریس وەك شێت بە پەلە هاتە پێشێ و هاواری کرد:

– بیکوژن! بمرێت کافر!

بەڵام دەرگای ماڵی ئاغا کرایەوە و پانایۆتیس بە لەقە مانۆلیۆسی بۆ ژوورەوە برد.

ئاغا چوار مشقی لە دیوەخان، لەسەر باڵشت دانیشتبوو، لە ئاگری مەقەڵییە مسینەکەی دەنۆڕی و مەی دەخواردەوە. هەوای ژوورەوە دڵگیر و بۆنی بادە و سوسیسی لێدەهات. ئاغا چاوانی لێکنابوون و کەیفخۆش دیاربوو. جار بەجار ئامادەبووان لە گۆڕەپانەکە هاواریان دەکرد:" مانۆلیۆس! مانۆلیۆسمان دەوێت! بمرێ مانۆلیۆس!" ئاغا بە زەردەخەنەوە لە

فیکرەوە دەچوو:" ئەرێ ئەمانە چ نەژادێکن، قژقرەکانیش چاوی یەکتر دەرناهێنن، بەڵام ئەم ڕۆمییانە نەك تەنها چاو، بەڵکو هەر بەڕێوە برۆ، لووت و ددانی یەکتریش دەردێنن! وا ئەمڕۆ بەهەر نرخێك بووە گەرەکیانە خوێنی ئەم مانۆلیۆسە داماوە بڕێژن .... مەگەر ئەو چی کردووە؟ ڕاستە ئەقڵی تەواو نییە، بەڵام خۆ زەرەری بۆ کەس نییە، کەچی ئەمانە دەیانەوێ کەوڵیکەن. ئەی نەگبەت! گەرەکتە سەرت بە فەتارەت بدەیت؟ باوکم جا من حەقم چییە؟ ئەگەر بمەوێت بەرگری لێبکەم ئەوا خۆم تووشی سەرئێشە دەکەم. گەرەکتانە ئەم داماوە کەوڵکەن؟ زۆر باشە وەرن کەوڵیکەن و بیخۆن. نۆشی گیانتان بێت! من چ حەقم بەمەوە نییە. من عارەقی خۆم دەخۆمەوە و سوسیسی وشتری خۆم دەخۆم .... برایمۆکی خۆم هەیە، قامچی خۆم و بە کورتی هەموو ئەوەی کە پێویستە هەمبێ، هەمە!"

دەنگی تەپەی پێ لە ڕاڕەوەکە دەنگیدایەوە، ئاغا سەی هەڵبڕی، دەرگا کرایەوە و پانایۆتیس هاتە

ژوورەوە، دەرگاکەی داخست و تا نێوقەد نەوییەوە، شەلەشەل هاتە پێشەوە و بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئاغا گرتم. لەنێو باغەکەدا لەگەڵ بیست کەس لە جەماعەتەکەیدا کە تا چەناگە چەکدار بوون، خۆیان لە بۆسە نابوو. دوو یاوەرەکەم لەترسا ڕایانکرد و منیش پێمگوتن:" گۆڕتان ونکەن هەی ترسنۆکینە!" ئیدی خۆم تەنها و دەمانچە بەدەست چوومە پێشێ و هاوارم کرد:" بڕۆن ون بن ئەی هیچوپووچینە! من پانایۆتیسم!" کە ناوی منیان بیست ئیدی وەکی کەروێشك تێیانقوچاند و جگە لە مانۆلیۆس کەسیان لەو ناوەدا نەمان. ڕاستت دەوێ ئەو ڕاینەکرد! منیش یەخەیم گرت و بۆ بەردەم ئێوەم هێنا!

لێوی ئاغا لەمیانی سمێڵە تازەکی بۆیاخ کردووەکەیدا بۆ پێکەنین کرایەوە:

- هەی ئافەرین شێرە کوڕ! گەرچی ئەگەر درۆ نەکەیت ڕۆمیی نیت، بەڵام قەیدیناکا ڕەنگە

ڕاستیش بکەیت. بەهەرحاڵ بیهێنە تا کەمێك سەرمان گەرم بێت!

پانایۆتیس چووە دەرەوە، باسکی مانۆلیۆسی گرت و بە پێ لەقەیەك هەڵیدایە ژوورەوە. مانۆلیۆس خۆی بەڕاوەستاویی لەبەرامبەر ئاغادا هێشتەوە و خوێنسارد دەستی خاچئاسا لەسەر سینگی داناو چاوەڕێ بوو.

ئاغا فەرماندەرانە گوتی:

– پانایۆتیس دەرگاکە داخە و لە دەرەوە چاوەڕێبە!

ئەوسا پەرداخەکەی پڕ کرد. بە یەك بین خواردییەوە، پارچەیەکی گەورە سوسیسی نایە دەمی، هێور کەوتە جوینی و بە چاوانێکی نیوە لێکنراوەوە لە مانۆلیۆس وردبۆوە:

– ئەی مانۆلیۆسی ناڕەسەن. ئەمە جاری دووەمە دەکەویتە چنگم و پێموانییە ئەمجارەیان بە ساخیی دەرچیت. زۆر تاوان دراونەتە پاڵت. گوایە دزییت کردووە، پیاوت کوشتووە، ئاواییت ئاگر تێبەرداوە ... ئاخۆ هەموو ئەمانە ڕاستن؟

- ڕاستن ئاغا.

ئاغا نێوچەوانی گرژ کرد و هاواری کرد:

- باش گوێ بگرە بزانەچ دەڵێم. وەك جاری پێشوو تەمسیل مەکە و مەکەوەرە لاساییکردنەوەی قەدیس و شەهیدان، چونکە ئەمجارەیان حیسابت تەواوە. ئاخر تۆ و دزیی؟ تۆ و پیاوکوژیی؟ تۆ و ئاگر تێبەردانی ئاوایی؟ قسەی هیچ! پێتوایە باوەڕت پێدەکەم؟

- لەگەڵ ئەوەشدا ئاغا من ئەو کارانەم کردوون. گەرچی وەك قەدیس خۆم دەنوێنم و ڕووکەشێکی سەربەژێرییم هەیە، بەڵام لە واقیعدا شەیتانێك لە بوونمدا هێلانەی چێ کردووە.

هاواری حەشاماتی خەڵك لە گۆڕەپانەکە دوو هێندە ببوو:

- مانۆلیۆس! مردن بۆ مانۆلیۆس!

- گوێت لێیە؟ ئەوانە تۆیان دەوێ و بە زیندوویی لەژێر چنگیان دەرناچیت. باش بیری لێبکەوە!

- ئاغا من بیری خۆم کردۆتەوە. منیان تەسلیمکە. من تەنها تکایەکم لە تۆ هەیە و ئەویش ئەوەیە کە مۆڵەت نەدەیت چ کەسێکی تر ئازار بدەن. ساراکینابییەکان حەقی خۆیان دەویست، بەڵام لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی بە زوبانی خۆیان بەدەستی بێنن بۆیە من هانمدان کە پەنا بۆ زەبروزەنگ بەرن. تەنها خەتاباری بەزمەکە منم و هەموو ئەوانیدی، خەڵکانی شەرافەتمەند و ئارام و زەحمەتکێشن.
- بەڵام دەڵێن ئەوانە بەڵشەویکن و گەرەکیانە تورکیا لەناو بەرن!
- باوەڕ مەکە ئاغا. ئەوانە خەڵکانێکی بێ پشتوپەنان کە تەنها خواستیان ئەوەیە بە زیندوویی بمێنن. ئەوانیش وەك خەڵکی دی پێویستیان بە ئەرز هەیە تا لەسەری نیشتەجێ بن و جگە لەمە هیچی دییان ناوێت.

ئاغا سەری لەنێو هەردوو دەستی خۆیدا گرت. ژوورەکە بەدەوری سەریدا دەسوڕایەوە:

- هەی ڕۆمییە نەعلەتییەکان، ئاخرییەکەی ئێوە شێتم دەکەن. گوێ لە قسەی ئەمیان دەگرم دەبینم ڕاست دەکا، گوێ لە قسەی ئەویتر دەگرم دەبینم ئەویش ڕاست دەکا. چ حاڵی نابم ... سوێند بەخودا ڕۆژێك چەقۆ لە ملی هەمووتان دەسووم تا ئیدی بحەوێمەوە.

هاوار هاوارەکەی دەرەوە تا دەهات بەرزتر دەبۆوە.

- مانۆلیۆس! بمرێ مانۆلیۆس!

ئاغا بە چرپە گوتی:

- کوێر بم ئەگەر بزانم چ بکەم ... بەزەییم بەتۆی داماودا دێتەوە، چونکە وەك پێشتر گوتم تۆ هەم ئەقڵت نوقستانە، هەم قەدیسیت، تۆ وەك مامرێك کە هێلکەکانی لەژێر باڵی دەنێ، گەرەکتە تەواوی بەڵاکانی دونیا لە ئەستۆ بگریت. بەزەییم پێتادێتەوە، بەڵام ئەگەر مل بۆ داوای ئەو خەڵکە نەدەم ئەوا ڕەنگە دووچاری دەردی سەری زیاتر ببم... من لەکوێوە بزانم تۆ بەڕاستی بەڵشەویك نیت؟ کێ ناڵێ هەمان ئەو قەشە شەیتان سیفەتە کە

خەریکە خەڵك هاندەدا، سبەینێ بۆ ئەزمیر بۆ لای پادشا ناڕوا و بە گێچەڵێك سەرم بە فەتارەت نادات. مانۆلیۆس تێدەگەیت؟ خۆت بخەرە شوێنی من. بە خودای خۆت سوێندت دەدەم ئەگەر لە شوێنی من بایت چیت دەکرد؟ باشتر نییە تۆیان تەسلیم بکەم و سەرپشکیان بکەم کە هەر بەڵایەکیان گەرەکە بەسەرت بێنن تا شەو و ڕۆژ گەردنم لەژێر مەقەسەڵەدا هەست پێنەکەم؟ بڵێ بزانم تۆ چیت دەکرد؟ ئایا حەق بە من نییە؟

– حەق بە تۆیە ئاغا. منیان تەسلیمکە.

– هەی نارەسەن. بەم خوێنساردییە قسان مەکە... خەریکیت کەللەییم دەکەیت! بڵێ بەڵشەویکیت تا تووڕە ببم و بێ ترس لە عەزابی ویژدان وەکی مەڕ تەسلیمی گورگەکانت بکەم ... لە مەبەستم تێدەگەیت؟ من تەنها ئارامیم دەوێ و بەس! بۆ گەیشتن بە ئارامییش ئامادەم هەمووتان نابووت بکەم و لە شەڕی تۆ و هەموو ئەوانی تر ڕزگارم ببێ... بەڵام ناتوانم بەرگەی مردنی کەسێکی

بێگوناه بگرم، ویژدانم ئازارم دەدا ... تێدەگەیت؟ هەر هێندە بڵێیت بەڵشەویکیت ئیدی هەموو کێشەکان کۆتاییان دێت.

– ئاغا من بەڵشەویکم ... ئێستا دڵنیابوویت؟ من بۆ دەوڵەتەکەم خەتەرم و گەر بمتوانیبا وێرانم دەکرد.

– بەردەوامبە هەی نەفرەتی! هێند بڵێ تا جامی تووڕەییم لێوڕێژ دەبێ.

– ئاغا ئەمە دونیایەکی گەندەڵە! خەڵکانی شەریف لە برسا دەمرن و خەڵکانی خەراپیش زیاد لە پێویست دەخۆن، دەخۆنەوە و حکومەت دەکەن بێئەوەی ئیمانیان هەبێ و خەڵکیان خۆش بوێ. بەڵام ئەم هەموو زوڵمە ناچێتە سەر! من کۆڵانەکان لەپێوە دەدەم، لە گۆڕەپانەکانا ڕادەوەستم، بۆ سەر سەربانەکان سەردەکەوم و هاوار دەکەم:" هەمووان هەستنە سەرپێ، ئەی برسییەکان، ئەی قوربانیانی زوڵم، ئەی خەڵکانی شەریف! وەرن هەمووان ببینە یەك تا ئاگر هەڵایسێنین و دونیا لە شەڕی زۆرداران، ئەفەندییان و ئاغایان ڕزگارکەین!

- مانۆلیۆس بەردەوامبە! بەردەوامبە! باش خەریکیت لە قەرەی کارەکە دێیت! هەست دەکەم خەریکە توورەیی باڵیم بەسەردا دەکێشێت!
- حەزم دەکرد توانای ئەوەم هەبا تا دونیام هەژاندبا و هەموو خەڵکییم هەر لە سپییەوە بیگرە تا ڕەش و زەرد سەراپا لەژێر ئالای بەرزی برسێتییدا چەکدار کردبا و تەواوی شارگەلی گوناهبار، کۆشکگەلی ستەم و حەرەمسەرا گەندەڵەکانی کوستەنتینییەم ئاگر تێبەردابا! بەڵام چ بکەم لە داماوێکی چارەڕەش زیاتر چ شتێکی تر نیم کە لە گوندێکی پەرت لە گوندەکانی ئاناتۆلی دەژیم و هاوارم لە لیکوڤریسی و ساراکینا زیاتر بڕناکات. هەر بۆیە بە خەڵکی لیکوڤریسی و ساراکینا دەڵێم:" هەستنە سەرپێ ئەی برایانی من! خۆتان چەکدارکەن! تا کەنگێ گەرەکتانە بە کۆیلایەتیی بژین؟ تا کەنگێ سەر نەوی بکەین و بە گریانەوە بڵێین ئاغا سەرمان ببڕە تا ببینە قەدیس! بۆ پێشەوە! یان مەرگ یاخۆ ئازادیی! هەرگیز حەقی ئێمە نادەن و دەبێ ئەو

حەقە بە شمشێر وەرگرین! هەمووان لەژێر یەك ئاڵادا لەدەوری یەك کۆببنەوە و شاڵاو بۆ ئەم ئاواییە دەوڵەمەند و گەندەڵە ببەن. هەر کەسێك بەرەوڕووتان بۆوە ئەوا بیکوژن و ماڵەکەی لاداسی پیری پیسکە ئاگر تێبەردەن! ماڵەکەی پاتریارکاس ماڵی ئەنگۆیە. داگیریکەن، تیایدا سەنگەر بگرن و کاتێ هەستتان کرد بە ئەندازەی پێویست بەهێز بوون ئەوا شۆڕش هەڵایسێنن، شاڵاو بۆ ئاغا بەرن، لە سەرزەمینی گرێکلاند وەدەرینێن، تا ئەو سەری دونیا ڕاوینێن و پاشان ...

بەڵام دەرفەتی نەبوو ڕستەکەی تەواوکات. ئاغا لالغاو کەفکردوو لە جێگەکەی دەرپەڕی. ملی مانۆلیۆسی گرت. تووڕە ڕایتەکاند و بۆ لای خۆی ڕایکێشا، دەرگاکەی کردەوە و بە لەقەیەك لە پێپلیکانەکانەوە خستییە خوارەوە، جارێکی دی گرتییەوە، بەسەر بەردچنی حەوشەکەدا ڕایکێشا و دەرگای ڕووە و گۆڕەپانەکەی کردەوە.

حەشاماتی گۆڕەپانەکە بەرەو لایان کەوتنە خۆ، بەڵام کوتوپڕ حەپەساو لە شوێنی خۆیاندا ڕاوەستان. ئاغا ڕەنگ پەڕیو و کەفچڕیو پشتملی مانۆلیۆسی گرتبوو، لەودیو ئەوانەوە پانایۆتیسە زلە بە دەموچاوێکی ئاوساو و شینهەڵگەڕاو پێدەکەنی و ئاماژەی بۆ خەڵکەکە دەکرد تا بێنە پێشێ، باوکە گریگۆریس یەکەمین کەسێك بوو هاتە پێشێ و ڕۆیشت تا مانۆلیۆس بگرێت.

ئاغا بە نەوایەکی گرژ و تاساو بانگی کرد:

- بیگرن! بیکوژن! ونجڕ ونجڕیکەن! گوو بە گۆڕی باوکی هەمووتان!

ئەوسا مانۆلیۆسی تووڕ هەڵدایە دەرەوە و بە توندی دەرگاکەی داخست.

قەشە پەڕییە سەر مانۆلیۆس و بە شانییەوە نووسا. پانایۆتیسیش شانەکەی تری گرت و خەڵکەکە بە لوورەلوور چواردەوریان گرت، بەسەریدا کەوتن، کەوتنە فەلاقەکردنی و بەرەو کڵێسا ڕایانکێشا.

شەو دادەهات. هەوری ڕەش ئاسمانی پۆشیوو و پزیسکی ئاسۆ، دوورایییەکانی ڕوناك دەکردەوە.

مانۆلیۆس و حەشاماتەکە لە دارچنارەکەیان تێپەڕاند. خەڵکە هەوسار پچڕاوەکە بێدەنگ ببوون، دەستیان بە مانۆلیۆسدا دەهێنا و بۆنیان دەکرد. زێوان بە هەڵەداوان هات. کلیلەکەی لەبەر باخەڵی دەرهێنا و هەر دوو تاکی دەرگای کڵێسای کردەوە. ئامادەبووان چوونە ژوورێ. سێ چرای زیوینی شوێنی ئەیکۆنەکان داگیرسابوون. یەکێك لەبەردەم ئەیکۆنەکەی مەسیحدا، یەکێکیان لەبەردەم مەریەمی پاقیژە و ئەویتریشیان لەبەردەم ئەیکۆنەکەی قەدیس ژان باپتیسدا. شەهید و مەلایکەتەکانی تر وێنەکێشراو بە دیوارەکەوە لە تاریکییدا ڕۆچووبوون و تەنها لەبەر تیشکی چرایەکدا کە بەرامبەر ئەیکۆنەکەی مەریەمی پاقیژە دانرابوو، بەسەر دەرگایەکی گچکەوە کە بۆ جێگای هاوسەرایان دەکرایەوە، دوو باڵی گەورە و دوو پێی سووری حەزرەتی میکاییل دەبینرا. کڵێسا بۆنی توندی مۆم و بخووری لێدەهات.

باوکە گریگۆریس قامکی بە پشتملی مانۆلیۆسدا ڕۆبرد، تا بەر پێی ئەیکۆنەکە ڕایکێشا و بە زۆر لەبەردەم میکاییلدا خستییە سەر ئەژنۆ. قەشە لە حەژمەت بێتاویی و شادومانیی تۆڵەسەندنەوە، شاگەشکە ببوو ... قسە لە گەروویدا دەئاڵۆزکاو لە شێوەی نارەتەیەکی زل و شاراوەدا دەهاتە دەرەوە.

پانایۆتیس بە لەقەیەك مانۆلیۆسی لەسەر ئەژنۆ دانیشتووی، تەختی ئەرزەکە کرد کە بە ڕوخسارێکی بێباك و بێدەنگ لە پێوپلە سوورەکانی میکاییلی دەنۆڕی. لاداسی پیریش بەنێو حەشاماتی ئامادەبوواندا ڕێگەی کردەوە. بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییانەوە بەرەو لای مانۆلیۆس ڕۆیشت و تفێکی لێکرد.

خەڵکەکە تا دەهات لە مانۆلیۆس نزیکتر دەبوونەوە، شێلگیرانە و نهێنیئامێز تەماشایان دەکرد و چاوەڕێی ساتی ئاماژەی دەستی باوکە گریگۆریس بوون. هەمووان لێوی خۆیان دەلستەوە، دەمیان وشك و زوبان

به مەڵاشوویانەوە نووسابوو. وەك بڵێی دووچاری تێنوویەتییەك بووبن تاقەت پڕووكێن.

باوكە گریگۆریس چووە جێگای هاوسەرایانەوە، شاڵە داوێن ئاڵتوونییەكەی كردە شان و بۆ لای ئەیكۆنەكان گەڕایەوە. ڕوخساری لەژێر ڕۆشنایی سێ چراكەدا بە شادومانییەكی دڕندانە پرشنگی دەدا. برینەكەی نێوچەوانی كولابۆوە و ئێرە و ئەوێی ڕیشی لە خوێندا سوور دەچۆوە.

ئاماژەی بۆ پانایۆتیس كرد، ئەویش ژێر باسكی مانۆلیۆسی گرت و لەبەر پێی قەشەدا داینا. خەڵكەكە نزیكتر بوونەوە تا باشتر ڕووداوەكە ببینن. قەشە بە نەوایەكی وشك و ڕێك وەك ئەوەی كە ڕێوڕەسمی مەزەبی بەجێبێنێت، گوتی:

– بە ناوی باوك، كوڕ و ڕوحلقودس!

ئامادەبووان خاچیان كێشا و گوتیان: ئامین!

– برایان .. كڕنۆش ببەن و هەمووان بپاڕێینەوە تا خودا بۆ كڵێسا بێت و بكەوێتە داوەریی. خودایا، ئێستا ئەم كافرە لەحزووری تۆدا دانیشتووە و

چاوەڕێیە تا شمشێر تەوقەسەری شەق بکات. ئەو دزی کردووە، ئاگری خستۆتەوە، پیاوی کوشتووە، خەڵکی بۆ یاخیی بوون هانداوە، خێزانەکانی ڕیسواکردوون، دەسگیرانییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە، ژنانی لە مێردەکانیان جیاکردۆتەوە و کوڕی لە باوك هەڵگەڕاندۆتەوە. ئەو گروپێکی شڕپۆش و یاساشکێنی هاندا تا لیکوڤریسی، ئەم ئاواییە نەزەر کردەیەی خۆت تالآن بکەن و بیسووتێنن... خودایا، مادامەکی ئەم بوونەوەرە زیندووە، ئەوا ئیمان و شەرافەت چ مانایەکیان نییە. مادامەکی ئەو زیندووە ئەوا بونیادی ئومێدەکانی ئێمە واتە مەسیحییەت و گرێکایەتیی لە مەترسیدان. ئەم فەرزەندی نەوەی شەیتانە، بەکرێگریراوی مۆسکۆیە و گەرەکیەتی ناوی تۆ لە پانتایی دونیادا مەحف بکاتەوە. خودایا ئێمە ئەمشەو لە ماڵی تۆ کۆبووینەتەوە تا داوای حەقی خۆمان بکەین. ئەی تاقە توانا، لە گومبەزەکەوە وەرە خوارێ. حوکمی

خۆت بچەسپێنە و کۆمەکمان لە دادگایی کردنێکی عادیلانەیدا بکە ...

ئەوسا تووڕە و دڵڕەقانە بە شانی مانۆلیۆسیدا کێشا و هاواری کرد:

- ... من کچەکەم و براکەم لەدەستداوە، کە خەتابار ئەوە! ئاساییش لە ئاواییدا نەما کە خەتابار ئەوە! ئەو دژە مەسیحەی بەکرێگیراوی مۆسکۆ هاتە لیکوڤریسی، ئەمە ئەو بوو کە دەرگاکانی بۆ خستە سەر پشت! دامێنەکانی کێوی ساراکینای پڕ کرد لە کونە زەردەواڵە و ئەمە ئەوە کە ئەوانی بۆ ئێرە کێشکرد! ئەی مەسیحییان، برایان، داوەریی لای ئێوەیە، دەنگی خەڵك هەمان دەنگی خودایە!

حەشاماتی ئامادەبووان قسەکانی قەشەیان دەژنەفت و تا دەهات زیاتر دەخرۆشان. سێ چراکەی کڵێسا چاوی درەوشاوە بە ڕق، ددانی لەسەر یەك گوشاردراو بە تووڕەیی و مشتی هێنراوەیەکی ڕووناك دەکردەوە. خەڵکەکە لە تاریکییدا دەجووڵان و نارەتەیان دەکێشا. پانایۆتیس بەرامبەر مانۆلیۆس دانیشتبوو، چاودێریی

دەکرد. وەك بڵێی بترسێ لە چنگی هەڵبێ و بە کەمترین جووڵەی مانۆلیۆس ئامادەی خۆ هەڵدانە سەری دەبوو. لاداسی پیریش لایەوە دانیشتبوو بە یادی ماڵ و سامانی لەدەستچووی دەگریا.

باوکە گریگۆریس بەسەر مانۆلیۆسدا نەوییەوە کە بەخوێنساردیی لەسەر پێپلیکانەکانی سەکۆی نوتقدان دانیشتبوو، هاواری کرد:

- کافر هەستە! پانایۆتیس هەڵیسێنە و ڕایگرە تا نەکەوێت! گوێت لێبوو چیت بەسەر ئاواییدا هێناوە؟ گوێت لێبوو چ تۆمەتگەلێکت درایە پاڵ؟ ئاخۆ چ قسەیەکت بۆ بەرگری لەخۆکردن هەیە؟

مانۆلیۆس بە ئارامیی وەڵامیدایەوە:

- نا چ قسەیەکم نییە.
- ددان بەوەدا دەنێیت دزییت کردووە، ئاگرت خستۆتەوە و پیاوت کوشتوە؟
- ددان بەوەدا دەنێم هەموو ئەوەی ڕوویداوە تەنها خەتای من بووە و کەسی تر نا!
- ددان بەوەدا دەنێیت بەڵشەویکیت؟

- ئەگەر بەڵشەویك بوون مانای ئەو باوەڕانە بێت کە من هەمە، بەڵێ باوکە، من بەڵشەویکم!

هاواری ئامادەبووان، کڵێسا و گومبەزی نیگاری یەگانە توانای هێنایە لەرزە. لاداسی پیر کوتوپڕ لە جێگەکەی هەستا و هاواری کرد:

- بیکوژن! ئیدی بۆچ دەبێ بە زیندوویی بمێنێت؟ پێویستمان بە چ بەڵگەیەکی تر هەیە؟ بیکوژن!

ئامادەبووان تووڕە مشتیان بەرزکردەوە و خرۆشان:

- بیکوژن! بیکوژن!

مانۆلیۆس دەستی پاتایۆتیسی لەخۆی دوور خستەوە و بە پێپلیکانەکانا هاتە خوارەوە. خەڵکەکە کشانەوە. ئەو لەکاتێکدا کە دەستی خاچئاسا لەسەر سینگی دانابوو، هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا و گوتی:

- بمکوژن ....

ئامادەبووان کاتێ بینیان مانۆلیۆس ئاوها ئارام و بێ بەرگری دێت و لەبەر پرشنگی ڕۆشنایی چراکاندا هالەیەکی زێڕین دەوراندەوری سەری داوە، ئیدی واقیان وڕما و خۆنەویستانە ڕێگەکەیان بەردا. ئاخر

ئەوان هێند حەپەسابوون لەوەی کە مانۆلیۆس بە سانایی دەیتوانی بەبێ ڕووبەڕووبونەوەی چ لەمپەرێك لە کڵێسا بچێتە دەرەوە. بەڵام ئەو لەنێوەڕاستی کڵێسا و لەژێر گومبەزی مەسیحدا ڕاوەستا، هەمدیس دەستانی ڕایەڵ کردن و تکاکارانە هاواری کرد:

– بمکوژن!

باوکە گریگۆریس لە پێپلیکانەکان هاتەخوارەوە و بە ئاماژە داوای لە پانایۆتیس کرد چاوی لێخافڵ نەکات. ئەوسا بە سەرێکی نەوییەوە هەمان ڕێگەکەی مانۆلیۆسی بڕی و لەکاتێکدا دەستانی دەکردنەوە و قامکی ئامادەی چنگ پێداکردن دەبوون، بە هاوارێکی تاساو گوتی:

– دەرگاکە داخەن! دەرگاکە داخەن! دەیەوێت ڕاکات!

ئەوسا زێوان بە پەلە گورزە کلیلەکەی سوڕاند و پاڵی بە دەرگاکەوە دایەوە.

هاواری بەسۆی قەشە لەناکاوێکڕا ئامادەبووانی لە حەپەساویی دەرهێنا و ترس لە ڕاکردنی نێچیرەکە باڵی بەسەر هەمووانا کێشا. ئیدی تەوقەکەی دەوری

مانۆلیۆسیان تەنگتر کردەوە و هەناسەبڕکێی پڕ لە کینەیان بەر ڕوخساری دەکەوت.

بۆ ساتێك ترس دزەی کردە دڵی مانۆلیۆسەوە. ئاوڕێکی بۆ لای دەرگا داخراوەکە دایەوە. ئەوسا لە ئەیکۆنە چوارچێوە زیوینەکانی نۆڕی، مەسیح بەگۆنا سوورەکانییەوە زەردەخەنەی دەهاتێ. مەریەمی پاقیژە دڵسۆزانە چاودێری کوڕەکەی دەکرد و قەدیس ژان ڕوو بەرەو بیابان نوتقی دەدا و حەکیمانە دەدوا ... مانۆلیۆس چاوی لەژێر گومبەزەکە بڕی، مەسیح لەنێو تاریکییدا تووڕە و دڵڕەقانە لە ئامادەبووانی دەنۆڕی. تەماشایەکی حەشاماتی خەڵکە تێکچڕژاوەکەی دەوروبەری کرد و بۆ ساتێك هەستیکرد دەمی چەقۆکان لە قووڵایی تاریکاییدا دەبریسکێنەوە.

لاداسی پیر هەمدیس بە هاوارێکی بەسۆ گوتی:

– بیکوژن! بیکوژن!

لەو ساتەدا، بە توندی لە دەرگای کڵێسا درا. هەموو سەرەکان ئاوڕیان بۆ دەرگاکە دایەوە و بێدەنگییەکی قووڵ باڵی کێشا. لەودیو دەرگاکەوە هاوار دەکرا:

- بیکەنەوە! بیکەنەوە!

کەسێك گوتی:

- ئەوە دەنگی باوکە فۆتیسە!

یەکێکی تر گوتی:

- دەنگی یاناکۆسیش دێت. ساراکینایییەکان هاتوون تا لێمانی بسەنن!

دەرگاکە لەژێر لێدانی توندد کەوتە لەرزە و دینگەکەی لە شوێنی خۆی جوولا. بووە هەرا و هاواری ژنان و پیاوان تێکەڵاوی یەکدی بوو. بە ئاشکرا هاواری باوکە فۆتیس دەبیسترا:

- بیکەنەوە هەی پیاوکوژینە! لە سزای خودا بترسن!

باوکە گریگۆریس دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد:

- بەناوی خودا! من بەرپرسیارییەتی ئەوە لە ئەستۆ دەگرم!

پانایۆتیس چەقۆکەی دەرکێشا، ئاوڕی بۆ لای قەشە دایەوە و گوتی:

- باوکە دۆعام بۆ بکە!

- پانایۆتیس دۆعات بۆ دەکەم!

بەڵام بەرلەوە خەڵکەکە خۆیان هەڵدابووە سەر مانۆلیۆس ... خوێن فیچقەی کرد، پژایە سەر ڕوخسارەکان و دوو سێ تنۆکی گەرم و سوێر کەوتە سەر لێوی باوکە گریگۆریس. مانۆلیۆس بە دەنگێکی تاساو و مەرگامێز گوتی:

– برایانم ....

بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێ و لەسەر بەردچنەکە تەخت بوو. هێشتا دەجووڵا، باسکی خاچئاسا لەیەك ببوونەوە و خوێن لە هەموو شوێنێکی جەستەیەوە دەڕژا. جەستەی لەژێر لێدانی چەقۆدا کون کون ببوو.

لیکوڤریسییەکان خوێن گرتبوونی، خۆیان هەڵدایە سەر جەستە هێشتا زیندووەکەی مانۆلیۆس و زۆریان کە هەستانەوە لێویان خوێناویی بوو. لاداسی پیر دەمە بێددانەکەی نا بە ملی مانۆلیۆسەوە و هەوڵیدەدا کوتێك گۆشتی لێ بپچڕێ. پانایۆتیس چەقۆکەی بە کاکۆڵە ڕەنگ خەنەییەکەی مانۆلیۆس سڕی، ڕوخسارە ئاوڵاوییەکەی خوێناویی کرد و هاواری کرد:

- مانۆلیۆس تۆ دڵی منت شکاند، منیش گیانم کێشایت. ئیدی پاك لەپاکین و دیدارمان بۆ قیامەت!

باوکە گریگۆریس دانەوییەوە، بڕێك خوێنی لە لەپی دەستیدا کۆکردەوە، بەرەو ڕووی ئامادەبوان پڕژاندی و هاواری کرد:

- خوێنەکەی لە ئەستۆی هەموومانە!

خەڵکەکە لەو دڵۆپە خوێنانەی بەرەو ڕوویان پڕژێنرا، لەرز دایگرتن.

لە دەرەوە هەروا هاوار دەکرا:

- بیکەنەوە! ئەی پیاوکوژینە بیکەنەوە!

باوکە گریگۆریس ئاماژەی بۆ زێوان کرد و کاتێ زێوان لۆژ لۆژ نزیکی بۆوە، پێی گوت:

- دەرگاکە بکەوە و زوو وەرە بەردەکان بشۆ. بیرت نەچێت ئەمشەو نیوەشەو جێژنی لەدایکبوونی مەسیحە ...

ئەوسا ڕووی کردە ڕەعییەتەکەی و گوتی:

– ... ئەی مەسیحییان، برایان، با بچینە دەرێ! ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێهێنا و خودامان لەگەڵە! لێگەڕێن باوکە فۆتیس بێت و بەخاکی بسپێرێ!

زێوان دەرگاکەی کردەوە. ڕوخساری نیگەران و زەندەقچووی پیاوان و ژنان لەنێو تاریکایی شەوەوە وەدیار کەوت و یاناکۆس بە قوڕگێکی پڕ گریانەوە پرسی:

– مانۆلیۆس لەکوێیە؟

باوکە گریگۆریس وەڵامیدایەوە:

– لە کڵێسایە. بڕۆن و ڕێگە بدەن ئێمە بچینە دەرێ!

باوکە فۆتیس هاواری کرد:

– ئەگەر کوشتبێتتان ئەوا خوێنەکەی لە ملی ئێوە و منالەکانتانە!

باوکە گریگۆریس هەمدیس گوتی:

– لە کڵێسایە. بچنە ژوورەوە!

یاناکۆس گرژ و تووڕە هاواری کرد:

– کوشتوویانە!

وایگوت و بۆ نێو کڵێسا ڕایکرد. باوکە فۆتیس، کوستانتیس، ئانتۆنیسی سەرتاش، دیمیترۆسی قەساب و چەند ژنێکیش بەدوایدا ڕایانکردە ژووری.

یاناکۆس بەرەو سەکۆی هاوسەرایان ڕایدەکرد کە پێی بەر تەرمەکەی مانۆلێۆس کەوت، بەسەریدا کەوت و هاوارە بەسۆکەی لە فەزادا دەنگیدایەوە:

– مانۆلیۆس!

یاناکۆس خوێناویی و بە گریانەوە هاوڕێکەی ماچ دەکرد و بۆنی دەکرد.

کەمێك بەر لە نیوەشەو ناقوس کەوتە زرینگە و مەسیحییانی بۆ ڕێوڕەسمی جێژنی لەدایکبوونی مەسیح بۆ کڵێسا داوەت دەکرد. ماڵەکان بە پرشنگی ڕووناکی چرا ڕووناك دەبوونەوە. دەرگاکان یەك لەدوای یەك دەکرانەوە و ئیمانداران لەکاتێکدا لە حەژمەت سەرما هەڵدەلەرزین، ڕێگەی کڵێسایان دەگرتەبەر. ئەو شەوە لە شەوە سارد و ئارام و بێ ئەستێرەکان بوو. تەنها

دەرگای ماڵی پاتریارکاس هەروا داخراو و ڕێبواران دەنگی بەرزی پیاوان و جار ناجار نەوای لاواز و شەرمنانەی ژنانیان دەژنەفت کە دەیانلاواندەوە.

مانۆلیۆسیان وەك مەلۆتکەیەك لە قوماشێکی ئاوریشمیی یادگاری دایکی میکیلیسدا قوماتە کرد، لەسەر تەختەنوێنەکەی پاتریارکاس ڕایانکشاند و هاوڕێکانی ڕەنگ پەڕیو و بێدەنگ ئێشکیان بەدیارییەوە دەگرت. یاناکۆس دەستی لە هاوار و لەخۆدان هەڵگرتبوو، سەری نابووە بەر پێی مانۆلیۆس و ئارام و بێدەنگ وەکی منالێکی خەمین دەگریا. کوستانتیسس بەدوای میکیلیسدا بۆ کێوی ساراکینا چووبوو. ژنان لە قوژبنێکدا کروشکەیان کردبوو، ڕووەو دیوار هێور هێور دەگریان. باوکە فۆتیس سەری لەژێرەوە ناو و لەبەر ڕوناکی چراکەدا لە ڕوخساری ئارام و ڕەنگپەڕیوی مانۆلیۆسی دەنۆڕی. یەکێك لە لێدانەکانی چەقۆکە لاجانگەی ڕاستی تا چەناگەی بڕیبوو. قەشە جارناجار دەستی دەبردە پێشێ، قژە خوێناوییەکەی مانۆلیۆسی دادەهێنا و هەمدیس

بەخۆیدا ڕۆدەچوو. کەمێك بەرلەوە مارتای پیر هەواڵی هێنابوو کە ئاغا لە ترسا، بە نهێنی پەیکێکی بۆ شار ڕەوانە کردووە و داوای کردووە تیپێك ژەندرمە بۆ لیکوڤریسی بنێرن بەو بیانووەی بەلشەویکەکان ڕژاونەتە ئاوایی و گیانی لە مەترسیدایە.

قەشە بەخۆی دەگوت:" ئەوانە بە تۆپ و تفەنگ و ئەسپەوە دێن. ئیدی ئێمە چۆن دەتوانین ڕووبەڕوویان بینەوە؟ بەدڵنیاییەوە تا دوایین کەس دەمانکوژن. دەبێ بڕۆین. دەبێ تەسلیمی چارەنووس بین ... تا کەی؟ خودایە تا کەی؟"

ئەوسا دەستی ڕایەڵ کرد، نائومێد و بە میهرەبانیی ڕوخساری مانۆلیۆسی نەوازش کرد:

- مانۆلیۆسە بێکەسەکەم. چ بێهودە گیانی خۆت کردە قوربانی! تۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە دەیاندایە پاڵ ئێمە، هەموویت خستنە ئەستۆی خۆت. تۆ هاوارت کرد:" ئەوە من بووم دزیم کرد، ئاواییم سووتاند و پیاوم کوشت!" بەو هیوایەی واز لە ئێمە بێنن تا لێرە ڕەگ داکوتین ... بەڵام بێهودە بوو...

باوکە فۆتیس نەوای ناقوسەکەی کە شادومانانە مژدەی لەدایك بوون و گەڕانەوەی مەسیحی بۆ جوانکردنی دونیا، دەدا، دەژنەفت و هەناسەی هەڵدەکێشا:" ئەی مەسیح، ئەمەیش بێهوودە بوو. نزیك بە دوو هەزار ساڵ تێدەپەڕێ و تۆ هێشتا هەر لەخاچ دەدەن. ئەدی کەنگێ تۆ لە خاچ نادەن و کاتێك تۆ دێیت ئیدی جاویدانە لەنێوماندا دەژیت؟

بەرەبەیان باوکە فۆتیس سەری بە میلە ئاسنینەکانی ئەو تەختەنوێنەوە دایەوە کە مانۆلیۆسی لەسەر پاڵخرابوو، بۆ ساتێك خەوی لێکەوت و لە خەوندا بینی کە بە دەوری درەختێکی سەوز و پڕ لە پەلك و گەڵادا بەدوای مەلێکی زەرد و گچکەی وەك کەناریدا ڕادەکات. وەدووکەوتنی مەلەکە کاتێك دەستی پێکردبوو کە هێشتا لە هەرزەکارێك زیاتر نەبوو. ساڵان تێپەڕین، گەورە بوو، بە تاڤ جاحێڵیی گەییشت، بووە پیاو، ئەوسا قژی سەر و مووی سمێڵی بەرەو سپێتیی چوو.

پێی نایە تاڤ پیریی و هەروا بە دووی ئەو مەلە زەردەدا ڕایدەکرد و مەلەکەیش بە خوێندنەوە، لەم پەلکەوە دەفڕییە سەر ئەو پەلك و بەردەوام لە دەستی هەڵدەهات ...

گەرچی خەونەکە لە ساتێك زیاتر نەبوو، بەڵام کاتێك لە خەو خەبەری بۆوە و چاوانی کردنەوە، هەستیکرد هەزاران ساڵ ژیاوە و هەزاران ساڵە بێ ماندووبوون لەدووی مەلە کەناری ئاسا پیرۆز و مەحاڵەکەیەوەیەتی. وەك بڵێی لە قووڵایی بوونیدا هەستیدەکرد ئەو مەلە زەردە – کە گا بە گاڵتەجاڕییەوە فیکەی دەکێشا و گا سەرمەستانە گۆرانی دەچڕی – کەناری نییە. ئیدی بەخۆی گوت:" هەرچییەك بێ تا ساتەوەختی مەرگ دووی دەکەوم!" ئەوسا لەجێگەکەی هەستا، بانگی هاوڕێکانی کرد و هەموویانی بە پیاو و ژنەوە لە حەوشە گەورەکەی پاتریارکاس کۆکردنەوە. تەواوی ئەوانەی لە کێڵگەکان، ڕەزەکان و باغەکانی زەیتووندا بڵاوببوونەوە، لە کاتی شەودا بۆ گوند گەڕابوونەوە و ڕژابوونە حەوشە. ئەوسا هاواری کرد:

- ڕۆڵەکانم، ئازایەتیتان هەبێت! ئەوەی گەرەکمە بەئەنگۆی بڵێم گەرچی بەسۆیە بەڵام تاوی بەرگەگرتنیمان هەیە، چونکە ئێمە هەمووومان بە ئازار ئاشناین. دوێنێ شەو درەنگانێك هەواڵیان هێنا کە ژەندرمەی تورك بۆ وەدەرنانی ئێمە دێنە ئێرە. کەواتە ئیدی هەرچی دەتوانن لەگەڵ خۆتانا هەڵیگرن تا زووتر لێرە بڕۆین. نابێ تورك تەنانەت یەك کەسیش نە لە لیکوڤریسی و نە لە ساراکینایان بەردەست کەوێت. لە ئێمەی گرێکییەکان جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ لە دونیادا نەماوە، چەند جوانیان گوتووە دوژمنان کە دەڵێن ئێمە خوێی دونیاین. کەواتە ئێمە ... برایانی من نابێ لەبەین بچین!

لوکاس کە ئاڵای قەدیس ژۆرژی بەرزکردبۆوە، هاواری کرد:

- باوکە خەمت نەبێ. ئێمە لەبەین ناچین. برایان بکەونە ڕێ. هەمووان بەدوای قەدیس ژۆرژدا! تا بزانین بەرەو کام ڕێگامان دەبات!

هەمووان لەماڵەکەی پاتریارکاس بڵاوبوونەوە و ئەوەی بەدەستیان هێنابوو لە تورەکەکانی خۆیاننان. باوکە فۆتیس دەرگای ئەمبارەکانی کردنەوە و ئازووخەی بەسەر تەواوی خەڵکەکەدا دابەش کرد. هەر کەسێك تا ئەو ئەندازەیەی دەیتوانی، خواردن و پۆشاکی هەڵگرت. ئەوسا دەرگایەکیان لە گرێژنە دەرکێشا، مانۆلیۆس یان لەسەر درێژکرد و چوار پیاو نایانە سەر شانیان. پیاوانی پیر ئەیکۆنەکانیان هەڵگرت. باوکە فۆتیس لەپێش خەڵکەکەوە بوو، هەمووان بەهەنگاوی خێرا بەرەو ساراکینا کەوتنە ڕێ. باوکە فۆتیس هاواری دەکرد:

– یەکەمجار بۆ ساراکینا دەڕۆین و مانۆلیۆس بەخاك دەسپێرین. پاشان ئێسکوپروسکی باووباپیرانمان لەخاك دەردەهێنین و هەمدیس درێژە بە ڕێگەی خۆمان دەدەین. ڕۆڵەکانم ئازاو بەحەوسەڵە بن! ئێمە جاویدین! هەربۆیە دەبێ هەمدیس درێژە بەڕێگەی خۆمان بدەین!

کاتێ گەیشتنە چاڵاوەکەی قەدیس ڤاسیلی، باوکە فۆتیس بۆ ساتێك ڕاوەستا و گوتی:

- برایان، ئەمڕۆ منداڵی ئاسمانیی بۆ سەر ئەرز دادەبەزێت. ئێمە وی لەگەڵ خۆماندا دەبەین، چونکە لەنێوان خۆماندا دایکانێکمان هەن شیری پێدەدەن. برایان جێژنی لەدایکبوونتان پیرۆز بێت!

یاناکۆس لەدوای خەڵکەکەوە دەڕۆیشت. شەوی پێشتر بەدوای گوێدرێژەکەیدا چووبوو، لەگەڵ خۆی هێنابووی و تا توانیبووی باری کردبوو، هەنووکەیش بێدەنگ و سەربەژێر لە پاڵییەوە دەڕۆیشت. جارناجار دونیا لەبەرچاویدا تاریك دادەهات، بەڵام کاتێك فرمێسکی چاوانی دەسڕی، هەمدیس سپێدەی زستانی لەلا جوان دەینواند. ئیدی ئارام و بە میهرەبانیی یاڵی گوێدرێژەکەی نەوازش دەکرد و گوێدرێژەکەیش بە لەقاندنی کلکی سەری وەردەگێڕا و سەرنجێکی مەنگی خاوەنەکەی دەدا ... ئەدی چ بەسەر خاوەنەکەیدا هاتبوو؟ بۆچی لەگەڵیدا نەدەدوا؟ بۆچ وەك هەمیشە زگ و یاڵ و گوێی نەوازش نەدەکرد؟

پەنابەران ڕێگە بەردەڵان و شاخاوییەکەی ساراکینایان گرتەبەر. مانۆلیۆس ڕاکشاو لەسەر

دەرگاکە، لەپێشەوە دەڕۆیشت و خەڵکەکەیش لەدوایەوە هەنگاویان دەنا. چ قسەیەك نەدەبیسترا. ئاسمان ساماڵ و کڵێسای ئەلیاس پێخەمبەر پرشنگی دەدا. چیا سووربارەکانی ئاسۆی دوورەدەستیش هەر پرشنگیان دەدا.

کوستانتیس لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا ڕاوەستاو و بێئارامانە چاوەڕێی دەکرد، بە پەلە بەرەو لای باوکە فۆتیس ڕایکرد:

– باوکە، میکیلیس نایەوێ لە ترۆپکی چیا بێتە خوارەوە. جلوبەرگ و ئینجیلە گەورەکە و پرچی ماریۆری لەگەڵ خۆیدا بۆ کوختە وێرانە تایبەتەکەی زاهیدان بردووە و دەڵێت ئێرەم باشە و ئیدی ناتوانم هیچ مەخلوقێك چ باش و چ خراپ ببینم. دەیەوێت ببێتە زاهید!

باوکە فۆتیس سەری لەقاند:

– کوستانتیس، دەشێ ئەو ڕاست بکات. باشترە خەلوەتەکەی لێ تێك نەدەین. ئاخر ئەو ڕێگەی خۆی هەڵبژاردووە. ئێمەیش دەبێ بە ڕێگەی خۆماندا بڕۆین!

– باوکە ئەدی ڕێگەی من کامەیە؟

قەشە دەستی دۆعای بەسەر هاوڕێ ئیماندارەکەیدا هێنا و وەڵامیدایەوە:

– کوستانتیس کاتێ مانۆلیۆسمان بەخاك سپارد ئەوکات بۆ لای منالەکانت بگەڕێوە!

مانۆلیۆسیان لەبەردەم ئەشکەوتی بەرەکەتدراودا دانا. قەشە شاڵەکەی نایە سەر شان و ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد. ئامادەبووانیش کەوتنە چڕینی سروود. یاناکۆس و کوستانتیس جارجار کوڵی گریانیان بەر دەبوو. دەنگ لە گەرووی باوکە فۆتیسدا دەشکا. خەڵکەکە بۆ ساتێك لە چڕینی سروود دەوەستان و هەمدیس تێهەڵدەچوونەوە.

هەمووان سەریان نەوی کردبوو، ماچی نێوچەوانی مانۆلیۆسیان کرد. گۆڕەکە ئامادە بوو. قەشە چووە لایەوە تا وێردی ماڵئاوایی بخوێنێت. بەڵام ڕێگەی گەرووی بەستراو و قسەی لێ نەدەهاتە دەرەوە. ئیدی کەوتە لاواندنەوە، ئەوسا پیرێژنێك بێ پەروا خۆی

بەسەر مانۆلیۆسدا دا و بە ڕنینی قژە سپییەکەی، ماڵئاوایی لێکرد:

– ناوی ئەم کوڕە لەسەر بەفر نووسرابوو
خۆر بەفری تواندەوە و
ئاو ناوی ئەوی لەگەڵ خۆیدا برد ..

کەمێك دواتر باوکە فۆتیس دەستی بە ئاماژەی ڕۆیشتن هەڵبڕی و بە چرپە گوتی:

– بەناوی خودا! هەمدیس هیجرەت دەست پێدەکاتەوە. ڕۆڵەکانم شەهامەتتان هەبێت!

وایگوت و ئیدی هەمووان پێیان نایە سەر ڕێگەی بێکۆتایی خۆرهەڵات.

تەواو